برای یەکجارخۆشەویست کاک سالەنەڵۆسی،بەدنیایەک سڵاو هیوادارم بەسەرهەمووتەنگ وچەڵەمەکاندا زاڵ بیت، براگیان دوایی ماوەیەک پەیوەندی هەڵاوەسران بەهۆی موشکیلەی تکنیکی،بێگومان جێگای خۆشحالی هەموولایەنگرانی سایتی پێشمەرگەکان بوو کە ئەو گرفتە تکنیکیە چارەسەرکرا، کاکەگیان ئەوە وەرگێراوەی کتاب تاریخ معاصرکرد(کتێبی مێژووی هاوچاخی کورد) لە537 لاپەڕە بەژمارە4 ) بۆ بەری کردی،کە لە سەرسایتی پێشمەرگەکان جێگای بۆ بکەیەوە،جارێکی دیکە بەگەرمی دەستت دەکوشم کتیبەکانی دیکەشت بۆ دەنێرم. ڕێکەوت2008/2/10ی زایینی شاری سیدنی ئوستەڕالیا. براتان حامیدڕەشیدی زەرزا.

# مێژووی هاوچاخی کورد..

---

ناوی کتێب: مێژووی هاوچاخی کورد

نووسەر :دیوید مک داول

وەرگێڕ ی فارسی : ئیبراهیم یونسی

وەرگێری کوردی: حامید ڕەشیدی زەرزا

تیراژ:1000

بابەت: مێژوویی

چاپ:

ژ-پ (518)وەزارەتی ڕۆشنبیری پێداوە.

مافی لەچاپ دانەوەی پاریزراوە بۆ وەرگێری کوردی.

- یادنامەی وەرگێڕی کوردی: 5
- پێشەکی: 5
- یادنامەی وەرگێڕی فارسی: 8
- خەریتەکانی کوردستانی گەورە- 24
- سەرچاوەکان 25
- سوپاسگوزاری 25
- پێشەکی 27
- پێشەکی 30
- پێناسی کوردی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی 30
- جەماوەری کوردستان 33
- خەڵک 38
- زبان 40
- دین 40
- جەماوەری کورد 43
- کتیبی ئەوەڵ 50
- کوردەکان لە سەردمی عەشیرەگەری 50
- وئەمپەڕاتووری 50
- کوردستان بەرلە سەدەی نۆزدەهەم 50
- چالدران وسنوورەکانی نوێ 54
- سەفەویەو کوردەکان: 56
- عوسمانی وکوردەکان 57
- کوردەکان لە کێشمە کێشمی نێوان عوسمانی و سەفەوی 60
- خانەدانەکانی ئەردەڵان وبابان 62
- کوردستانی عوسمانی، 70
- 1800 -1850 70
- ڕەگەکانی کزو لەڕی عوسمانی 70
- میرمحەمەدی ڕەواندزو لەناوچوونی خانەدانی سۆران 74
- بەدرخان بەگ و لەدەست دانی بۆتان 78
- کوردستانی عوسمانی، 82
- 1850-1914، 82
- سەرهەڵدانی شێخەکان: 83
- شێخ عەبەیدوڵلای نێهری 87
- سوارەنیزامی حەمیدیەو ئەرمەنیان 93
- قاجارەکان و کوردەکان 101

- بی هێزو توانایی قاجاریە 102
- بەشی کوردنشینی ئازەربایجان 109
- ئینقلابی مەشرڕوتیەت 113
- کوردەکانی کەرمانشا 114
- شۆڕشی نەتەوەخوازی و شەڕ، 125
- 1918-1908، 125
- ئەوڵین ئیسلاح خوازانی کورد 127
- هەنگاوەکانی سەرەتایی و ئاگاداری قەومی 129
- کوردستان وئینقلابی کوردەکانی جەوان 135
- بزوتنەوەی بارزان وبتلیس 140
- ئێران 142
- شەڕی دونیاگر 143
- کتێبی دووەم- توانەوەی کوردەکان 155
- خەریتەی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست 155
- دابەشکردنی کوردستانی عوسما نی 155
- وەدیهێنانی سنوورێکی لەشکرکێشی لەکوردستان 158
- کێ بەرکیی بریتانیاو تورکیەو ڕەکێشکردنی بیروبۆچوونی کوردەکان 161
- با بردنی هیوای کوردەکان 166
- مەعمووریەتی نۆئل 169
- کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەی تورک 170
- ڕێ بۆ لای سڤر 172
- لەسیڤر هەتا لۆزانی 1923 180
- کوردەکانی، بریتانیاو ئێڕاق 196
- وەدیهێنانی نەزم 196
- شێخ کەحموود-ی سولیمانیە 201
- وادەکانی کە بە وان وەفا نەکرا 210
- شێخ ئەحمەدی بارزان 228
- توانەوەی کوردەکانی تورکیە 236
- شۆڕشی کوچکری 237
- کوردەکان لەحکوومەتی مستەفا کەماڵ 246
- ئازادی 247
- شۆڕشی شێخ سەعید 249
- سەرکوتی کوردستان 252
- خۆڕاگری و بەربەرەکانیەکان: خۆبیوون(سەربەخۆیی)ئاگریداغ، ودرسیم 260
- ڕێگا بۆ لای درسیم 265
- کوردەکان لەحکوومەتی ڕەزا شا 274

- ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سەرداری عەشایەری شکاک(سمکۆ) 274
- کرمانشاه 284
- ملکەچ بوونی عەشایەر 285
- کتێبی سیوەم: ناسیۆنالیسم لەسەربنەمای نەتەوایەتی لەئێران. 292
- هۆز یان نەتەوە- کۆماری مەهاباد 292
- ڕیگا بۆ لای مەهاباد 293
- کۆمەڵەو ناسیونالیستەکانی نوێ 300
- کۆماری مەهاباد 305
- ئێران: پێک هێنانی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی 316
- گۆڕانکاری کۆمەڵایەی- ئابووری 323
- کتێبی چوارم: 332
- ناسیونالیسم لەسەر بنەمای نەتەوایەتی لەئێراق 332
- پاژی 13، 332
- لە دایک بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە حکوومەتی بنەماڵەی هاشمی 332
- شۆڕشی ساڵەکانی 1945-1943ی مەلامستەفا بارزانی 336
- هیواو جێگرانی وی 341
- لەدایک بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئیراق 342
- خەباتی کۆمەڵایەتی-ئابووری 345
- کوردەکان لەئێراقی ئینقلابی 352
- خەریک بوون بەناسیونالیستەکانی عەڕەب وکموونیستەکان 353
- ڕێگا بەرەو شۆڕش 359
- شۆڕشی ساڵەکانی 1963-1961 361
- دەوڵەتی بەعس، 1963 366
- کوردەکان لە حکوومەتی بەعس. 379
- بەعس و مەلامستەفا و گروپی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی 380
- موافیقەتنامەی ئاشتی ڕێکەوت 11ی 386
- مارسی 1970 و ناسەرکەوتنەکانی وی 386
- یاسای خودموختاری 1974 394
- شەڕی 1975-1974 396
- موافیقەتنامەی ئێران و ئێراق،مارسی 1975 398
- هەنگاوەکان لە دوایی شەڕی 1975-1974 399
- ڕیگا بۆ ڕەگەز برینەوە. 404
- عەلی عەسکەری 405
- خۆ بەخۆیی یەکان 408
- هەڕەشەیی دەرەکی 410
- وتوویژی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ بەغدا 411

- سەرەتای ڕەچەڵەک و تۆرەمەکوژی 416
- کوردەکانی سەروەدەوڵەت(جاشەکان 419
- عەمەلیاتی ئەنفالْ(جنۆساید) 423
- پەنابەرەکان 427
- ڕاپەڕین و حکوومەت 436
- پشێوی کەنداو(خەلیج) 438
- هەڵات هەڵاتی گشتی 442
- متمانەو ئاسایش وحەسانەوە 443
- دەوڵەتی هەڵبژاردەی کوردستان 451
- بیروڕای تورکیە 457
- دێموکڕاسی یان تایفەگری نوێ 458
- مەترسی لەبەرچاو 461
- کتێبی پێنجەم 467
- ناسیونالیسم لەسەربنەمای نەتەوایەتی لەتورکیە. 467
- زیندو کردنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەتورکیە 467
- زیندوو بوونەوەی شێخەکان و ئاغاکان 467
- موهاجیرەت و گۆڕانکاری کۆمەڵگا 475
- زیندو کردنەوەی هەستی نەتەوەیی 476
- پ.ک.ک. و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی 496
- گاردەکانی دێهاتی 501
- دژ کردەوەی پ.ک.ک 503
- هەنگاو هەڵێنانی بەرانبەری دەولەت 505
- بیروڕای نیونەتەوەیی 507
- ئۆلکەی سیاسی 508
- بیروڕای مەزەب 515
- ناسەرکەوتنی دۆزینەوەی ڕیگایەک بۆ پێکەوژیان 520
- دوا وتە: 532
- ڕوانینێک لە ڕابردوو، و چاوخشاندنێک لە داهاتوو: 532
- 10ی ئەوتی 1920: برگەکانی پەیوەندار بەکوردستان 537


## یادنامەی وەرگێڕی کوردی:

### پێشەکی:

هەتا مرۆڤ بە سەرمێژوودا نەچێتەخوار بۆی دەرناکەوێ ئەو حکومەتە داگیرکەرە نگریسانە چ دەعباو درندەیەکن،و چون و چەندە تێنوی هەڵمژینی خوێنی نەتەوەی کوردو بە تاسەی ڕەشکردنەوەی

پێناسی کوردین وگرتن و کوشتن و هەتڵەو هەڵوەدایی بڕینەوەی ڕەگەزو تۆرەمەو ڕەچڵەی گەلی کوردو خاپوور ویرانکردنی کوردستان بە شتێکی واجبات پیرۆز دەزانن و لە سەر خۆیان فەرز کردوە! ئەمەش لە بیر نەکەین، نەک تەنیا پاڵشاو حوکمڕانانی سەرەڕۆ و خوینمژ بەڵکوو تاک تاکی ئینسانەکانیان ئەو پەتایەیان لە جەندەک و ڕەگ و دەماراندا گوڕاوە بەو سادیسمە لە دایک بوونەو بەمە ژەکە فرچکیان گرتووە ودەمی گڕوگاڵیان کردوەو وەسەرپێ کەوتوون! لەمە سەیرتر نەک بڵێیت ئەم هزرە بۆچوونە چەپەڵ و گڵاوە تەنیا پەیوەند بە کۆگای نەزان وخەڕافاتی ومرۆفی ناحاڵی مێشک بەتاڵ ونەفام ویان کەسانی دەمارگرژ بێ! بەڵکوو هەتا زاناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان ونووسەرو ڕو سیاسەتمەدارکانیشیان فرچکەیان بەم شیوازەگرتوو تیداقاڵ بونەتەوە، بۆیە دەڵیم قاڵ بۆنەتەوە چونکە بە قەت پەڕە کایەک لێی پاشگەزنین،! و هیچ کام لەوانە ئەسپی چلێسی تەماحیان بۆ نابەستریێتەوە،خۆیان لەم سادیسمە بۆ ڕزگارنابیت! دیارە ئەگەر ئەم فکرە هی سەردەمی نەزانین بوایە،دەبوایە کە هەنۆکە سەدەی بیست و یەک دابەزیوە، ئیدی ئەو شتانە وەکوو چیرۆک و ئەفسانەیان لێهاتبوایە بەڵام دەبینین ئەمە ئاویتەی خوینیان بووە، بۆیە خێرۆکەکەی سەرهەڵدەداتەوە! گەلۆ ئاخۆ دەبێ چ هۆکاریک ئەوانی ئەوها لە سەرئەم بڕیارە یەکدەنگ و موکڕ کردبێت! ئەگەر بنەمایەکەی لە بیژینگ دەدەی لە ڕوانگای فکری ڕەنگە وای بۆ بچێت وئەوهای لێکدەیەوە و بڵێیت لە گوینە پڕوپاگەندەی مەلاکانی شێعە لە مەڕ مەزەب ئەوانیان سەبارەت بە کوردەکانی سوننە مەزهەب ئەوها توندوتیژ کردبێ و تین دابێت، ئەمە بەشێکی قەزییە!بەلام ئەدی لە مەڕ کوردەشیعەکان!

لە تورکیە هەرچەند زۆرایەتی لەکورد سوننەن، بەڵام هەر ئەو سوننانە لە کوشت و کوشتاری کوردان ڕووی هیتلەرو سەدامیان سپی کردۆتەوە،یا کوو سورییە!ئەوان لەو لا دانین و بە سیبەری تاکە تاکەی پیاو ژنەکانیاندا لە لە گۆشەو کەنارو قولینجکی ئەم دنیا پان و بەرینەدا بچینەخوارو لێبڕوانین کە دەبینین لەراست کورد هەموو گەورەوگچکەونەزان وزانا لە زاریەک تفیوون!

باجاڕی ئەوانە هەڵپەسێرین..ڕاپەڕینی شیخ مەحمودی نەمر بدەینە بەر زەڕەبینی لێکدانەوە ولێکۆڵینەوە: وەک میژوو بۆمان دەگێڕیتەوە ئەو کاتیش دین و مەزەب وشیخایەتی دەرویشایەتی وسۆفیاتی و سەیدایەتی مەلایەتی و فتوای خەزا لەدەم مەلاکان لە کوردستان دەوری هەبووە و هۆی ناسەرکەوتنی گەلی کوردیش لە ڕاسیتدا هەرئەم چەق وتەفە بووە. دەبینین لە حاڵیکدا کە شیخ مەحموود داوای چارەنووسی نەتەوەکەی دەکردو دەیەویست سەر لە بن نیری کۆیلەتی عەڕەب لادا،شیخەکانی کفری وکلار وهولیرو کەرکووک وەک نەخشبندی وشیخی تاڵەبانی لەگەلی نەبوون، هەرئەوانیش خەڵکی ئەم دەڤەرو شارانەیان لێدەنگدا کە ڕەگەڵی نەکەون تەنیا سلیمانە لەگەل بیروباوەری نەتەوەیی شیخ مەحموود دابوو! و ئینگلیزیەکان ڕەنگە بۆ قازانجی خۆیان بیانویستبوایە مافی کورد بچسپێنن بەڵام کەسێکی ئەوهایان نەدەدیتەوە کە کوردەکانی باشوور لە سەری هاودەنگ بن وبەسەرۆکی خۆی بزانن! هەریەک لەم شیخانە لە بنەوەدا لەگەڵ یەکێک لەحکوومەتی تورکیەو ئیراق بە وادەی پارەو دەسەڵات وکورسی دەسەڵات ساچابوون! دەجا داواکاریەکانی شیخ مەحمود لە کەمایەتی مابووە کە ئاخرەکەی بوو بە کوردستانێکی بێ کلکوو گوێ! کە ئینگلیزان ئەویشیان پی ڕەوانەدیت و دەریانپەڕاند و حکومەتەکەیان لێ ڕوخاند!

لەم کتیبەدا گەلێک دێڕۆک و ئەزموونی ئەوها وەبەرچاو دەکەوێت بەڵام بداخەوە لە سەدەی بیست ویەک و لە هەڵ و مەرجێکی ئەوها رەخساو سەرۆکان و گەورە پیاوانی کاتی کوردستانی باشوور، دوایی ئەوهەموو هەڵخلیسکانە هەنۆکەش هەرئەوانەی دوێنێن! وەک دەزانن مەسەلەی جیابوونەوەی

ئەو بەشەکوردستانە دوایی تیک تەپین و لە بەریەک هەڵتەکانی ئەمپەراتوریەکەی تورکیە لەشەڕی یەکی دونیاگر لەپەیمانی (سڤر) لەبیروبۆچون دابوو بەڵام یەکگرتوو نەبوونی کوردەکان هەرەسی پیهێنا، نەک بیروبۆچوون وکردەوەی ئینگلیستان!

هەنۆکەش بداخەوە لە کوردستانی باشوور هەرئەوتاس وحەمام لە گۆڕیدایە وئەوە بزوتنەوەی ئیسلامی کە بەرەو ڕەفسنجانی شاقەلی لەبەرخۆ ڕۆکردبوو لەگەڵ ئیسلامیکانی دیکە خەریکەن ئەوەندە مافەش بکەنە توز و بەبای داکەن! سەرۆکەکانی سیاسیش کە بە سەر پارەو قودرەت و دەسەڵاتدا کەوتوون و جانتایان پڕە و قەبارەیان بەرزبۆتەوە، زۆرگوێچکەیان بەمەسەلەی مافی کورد نابزوێ چونکە لە هەرکوێ بن هەتا باب ئەلبابیان دەبڕێتەوە بە دەبدەبەو کەوکەبە دەژین! وئەوانەی سەروەوانیشن، ئەوە میراتگری کورسی دەسەڵات و پۆستەکانن لەهەموو شتیکدا پشکەبەشن،دەمیان بۆ عافەرینی ئەم سەرۆکانە کردۆتەوەە خەڵکی دیکەش ئەوانەی بۆمب خۆرو گازهەڵمژ لە رەگ پیست کەوتوو جار بە جەهەنم! ئیدی دەنگی سەربەخۆیی کە پێشتر لە دوڵ وگەڵی دەرونانددا ئاوازەی دەداوە ئیکجارەکی کوت ومت بووە! جاریک گوێمان لێنەبوو کە ڕیبەرانی کوردبیژن ئیمە لەئیراق جیادەبینەوە ناتوانین لەگەل ئەوئینسان خۆرانە کە نازانن دیموکراسی بەری چ داریکە پیکەوبژین! لەحالێکدا دوایی دەست بەسەرداگرتنی ئامریکاوئینگلیز شتیک بەناوی حکوومەتی ئیراق نەمابوو دەم ودەزگاکانی بەئیکجاری لەبەریەک هەڵوشاوەو هەڵتەکابوون و هەرخم وبناخەی حکوومەت بەتەواوی تەفرو تونابوو، نە لە ئەرتەشی کوردخۆرو نەخەبەریک لە جەلادانی فەرمانڕەوا! کە بێگومان رۆژێکی ئەوها قەت لە مێژوو بۆ کورد هەڵناکەویتەوە، کە دەبوایە سەرۆکانی کورد کەلکیان لێورگربوایە،و داواکەیان بەسەربەخۆیی ئەو بەشەکوردستانە وەڕاست گەڕاندبوایە. نەک بە دودەست بەداوین ئامریکا وەنوسابان بۆ ئەوەی حکوومتی تەفروتوناکراوی عارەبیان بۆ زیندوکاتەوە و خۆشیان لە بەغدا ببن بە گەسکەقوڵەی عارەب وەکوو دەڵاڵ وناوبژیکەر ئەوماڵ ئەم ماڵ بکەن! لەڕاستیدا ئەم جەرەیانم وەک مەسەلەی خاچ پەرستان دێتەبەرچاو: بوتیک کە بۆخۆیان بەدەستی خۆیان لە کەرەسە دورستی دەکەن پاشان بۆ ئەم بوتە کڕنۆش دەبن و سەری نوازیش دینەخوار و داوای بەخشیشی لیدەکەن،! ڕەنگە نیازی ئەوان لە جەستەی بووتەکە ڕمزی پەرستنی خودا بیت، بەلام ئیمە ئەوە بە دەستی خۆمان جارێکی دیکە دوڵەتیکی داگیرکەری عارەبی لە بنیاترا لە لەت وپەتان دورست دەکین دوایش لارەمل و کز لە بەردەرگای ڕادەوەستین وداوای لیدەکین لوتف بفرمووی فیدراڵیمان پیشکیش کات!،یانی گورگی لەکۆزی خۆمان داوین!سەیرئەمەیە ئەوهەی ئیستا ئەوان داوای دەکەن بارزانی پتری لەڕیککەوتنامەی 1970لەگەل سەدام وەدەست هێنابوو!بەڵام چ چاوەروانی دەتوانرێ لە کەسانیک بکرێت کە کاتیک قاتڵی 180هەزارکەسی بیتاوانی کوردیان دەباوش دەگرت وسمیان دەڵستەوە. ئەوانە چلۆن مافی کوردمسوەگەر دەکەن! سەیرە! کاکە ئەگەر پەروەندەی ئەو سەرۆکانە لە پیش هەمواندامام جەلال بدەینە بەر لێکۆڵینەوە دەبینین ئەوەهەی ناوی ئابڕوی کەڕامەتی لە سەربێت تێیدا وەبەرچاو ناکاویت، ئەوانە سیاسەتمەدارانی چەرخی بیست ویەکی گەلی کورد لەکوردستانی باشوورن! بەڵام ئەم سیاسەتە جیا لە بەدبەختی چی بۆکوردبەدیاری هێناوە! هەتا ناوچە دابڕاوەکایانی لە کەرکووک بگرە هەتا خانەقین ومەندەڵی نەتوانیوە بگەڕێنێتەوە باوەشی کوردستان! دەجاحوکماتەکەی ئەوانیش هەمان کورستانی بێ کلک و ێیە! ئاخۆ دەکرێ فکر بکەینەوە جارێکی دیکە حکوموەتی ئیراق لەمە کزو لەڕو لاوازتربیت! ئەمانە دڕوی قونجلیسکن کە لە جەستەی کوردی بەشەکانی دیکەش ڕۆدەچن،ئەوانە پاریزگاردی کۆماری ئیسلامی وتورکیەی ئاتاتورکین! لەخۆرا نەبوو سێزدەمیلیون پارەیان لە تورکیە وەرگرت کە بۆخۆی

ئەوە سەگی بۆ دەڕشیتەوە! لە کۆماری نائیسلامیش هەرخودادەزانێ چەند! ئەوەحیزبەکانیان بەشەکوردستانەکانی دیکەیان بۆ لەحەساری پاوانخوازی کردون ودەرکەیان لەسەرگاڵەداون، جاروبارەش ئەگەر بینیان کەلاقیان دریژ کردون بەم سیاسەتە دوودەمە دەیانبڕنەوە یانی لە بەریەکیان دەترازێنن! ئەوانەنن ڕەمزی سیاسەتی سەرۆکانی کورد لە کوردستانی باشوور! لەڕاستیدا ئەوەی بەناوی هەریم وفیدراڵ وزرت وپرتیش ماوە ڕوکێشێکە وبەس دەنا بە حەقیقەت سفرەیەکە راخراوە ئەوە هەریەک لەو دوحیزبە کە دەبێ لەوەی واوە وەکوو دوو باندیان ناو دیر بکەین، دەستیان بەسەر ئەو پارچە کوردستانەداگرتوە کردویانە بە شانە زەرگەتەو ئەوە ئیرانی ئیسلامی وتورکییەی تورانیستی تیداشەرەخیوی دەکەن! بەم هۆیەوە هەستی نەتەوایەتیش لە ناوخەڵک هەتابڵێی لە کزی داوە بە جۆریک کە لە هێندیک شوێن گەیوەتە ڕادەی ژیرسفر! دەجا تەواوی دەستەودەیارەی ئەوحیزبانەش بەشوێن هەڵگرتن و لاساکردنەوەی ئەوان لە فرەمانبەر هەتا فەرماندەر کارتیکەری ئەو بازارە بوونە هەریەک لەگەڵ یەکێک لەداگیرکەرانی کوردستان بەلونێک سەینەوبەینە وپەیوەندی هەیە! هەریەک دەستەودەیارەی خۆی لە ئیدارەکانداجێ بۆ دەکاتەوە،بەپارەی نەوت ودەرئامەدی کوردستان خەریکی لە شەندەو ڕەندەدانەو تاقەت کردنی ئەو دۆلارانە لە بانکەکانی دەرەکین! ئەوەی بێ دەستەو دەیارەشە، یانی خەڵکی ناحیزبی وئاسایی ئەوە سەوزەڵەی بۆ دینارەک لێدەدەن!

هەنۆکە کوردستانێکی بەرهەڵلا بی خاوەن، وەک گۆشتی سەرچەپەر بە دەست داگیرکەرانە،بوونی بیداخی کوردی و حوکماتی کوردیش هەر جەستەی ڕەواڵەتییە،هەتا ئەوکاتە کە: عارەب لە ناوەندی هیزەکانیان بەفرۆکەو دەبابە و چەکی قورس خۆ پۆشتەدەکەن، ئیدی سەدامەکان لە جەستەی ئەودوو حیزبە سەرهەڵدەدەنەوە. ئەوەی لە دەرەکی راخەیاڵ هەڵیدەگرێ و بە گوڕ بۆ نیشتمان دەگەڕیتەوە بە دەیان ئاوات لەدڵدا کە دەگاتە کوردستان و ئەوتاس وحەمامە دەبینیت،ڕیسەکەی خاودەبیتەوە! هەتا گاڵتە بە مادەی 140 دەکەن بەدە جار چواردەی ناودەبەن!ئیدی ئەژنۆی دادەفیزێ وبەداخ و پەکوو بەتاڵ کردنی جانتای تاسەو ئارزەوکانی بە پەشیمانی دەگەڕێتەوە جگەلەوە هەر دوو چۆکی ئاخ و حەسەرەت لە باوش بگرێت چی پێنامێنێت!!

یادنامەی وەرگێڕی فارسی:

دونیایەک خەم وکول ودەغزو دەرد لەناخی دڵمدا کەڵەکە بووە،هەر ئەوەندە ماوە، وەکوونەنکم، دەستم وەبەرچەنەم بدەم و بڵیم: (ئاخ-ئای وای هەتا قرقرۆچکەم هاتوە!...)

لەهەرکوێڕا دەست پێبکەی تەوفیرناکات، دەڵێی کە بە قەولی بی سیوادان لە (نێوەڕاستی کتێب) گوتووتە-ئ لەنێوەڕاستی ئەم کتێبە! هەرکات بەم بابەتە گرنگە دەگەی،کەهەموو دەیبینن، سەرنجی نادەنێ: نێوەڕاستی ئەم کتێبە گەورەیە، دەڵێت (نەتەوەی کورد زەینی مێژوویان نییە)ئەم کتێبە تەژی لە چێرۆک و ڕووداوە، کە ئەم خاڵە بە ڕوونی نیشان دەدا...تەفاوەت ناکات،هەر لاپەرێکی ئەم کتێبە لێک بکەیەوە، دەڵێی لە نێوەڕاستت کردۆتەوە-دورست لە نێوەڕاست... بزوتنەوەی کورد هەرەسی هێناوە-سالی 1975

(لەسەرانسەری گەڵی چۆمان هەموو، پێکەوە،ڕێبەرەکانیان بەخائین دەزانین. لەم ڕۆژانەی دواییی مارس، بەرلە ئاوریل(دوایین مۆڵەتی ئاگربڕ)کە ڕۆژێکی چارەنووس سازبوو، ئەگەر یەکێک لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی حیزب، یان یەکێک لەکوڕەکانی بارزانی هەڵەی کردبوایە لە ڕێگای (حاجی ئۆمەران) و چۆمان دیترا بوایە،بێ سێ ودوو دەکوژرا.
ئەمە کاتێکە کە بە دوای ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایەری شاو سەدام بزوتنەوەی کورد،لە بەر یەک هەڵتەکا، و بارزانی بوو بە پەنابەری ئیران،لە حالێکدا پەنجاه هەزارپێشمەرگەی لەناوچەدا هەیە.
و دوو بارە (هیچ بەڵا وێکەوتوویەک، وەک ئەوانە جێگای ڕوحم و بەزیی پێداهاتن نەبوون:
چەند هۆبە لە دەوران دەوری شاری نەغەدە جێگا نوسینگەی ڕێبەرانی کورد بوو: ئیدریس، مەسعود، سامی، عەلی عەولا...مەسعود کە نەیدەویست ڕووی چارەڕەشی خۆی نیشان بدا، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکان خوی دوورەپەرێز ڕاگرتبوو...

(سامی لەدەم ودەزگای نوسینگە، تەنیا میزەکی گچکەی هەبوو، لە بن چادرێک، بە دوو کورسیلە،لە سەرمیزەکەی پووشەیەکی سووری نیوەکراوە-ئەویش بەتال. بەبینینی بیچمی (سەرۆک وەزیرانی) کوردستان، زەحمەت بوو باوەڕ بکەی کە ئەم مرۆڤە ڕەنگ و ڕوو پەڕیوەی ڕومەت تێک قوپاوە، کە لەبەردەمت بوو، چەند حەوتوو بەر لە ئێستا بەقورسایی و هێزێکی سێ هەزار شەڕکەری سوپای کوردستان-یەکێک لە باشترین ئەڕتەشەکانی (خاوەرمەیانە)ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ شای ئێران و سەر کۆمار سادات و کیسینجەر، بۆ وتویژ دانیشتبێت...
(سامی شتێکی بۆ گوتن پێ نەبوو، هەرئەوەند دەیتوانی بڵێت: کە بزوتنەوەی چەکدارانەی کورد دوایی پێهاتووە..و لە نەزەر بیروبۆچوونی سیاسی کاری ئەم دەستە لە ڕێبەرانی کورد تەواوبووە)
سەیرە! ئیدی بەئاخر گەیوە...عەجیب مێرێکی بەئینسافی...خوا بکات لە بیرنەکات!
لە سەرەتای مەی 1975 ڕۆژنامەکی ئێرانی وتوێژەکی لە گەڵ(بارزانی) پێکهێنا، لەم گفتووگۆیەدا، بارزانی ڕادەگەیەنێت: (شۆڕش بە ئاخرگەیوە، و هیچ کات هەڵناگیرسێتەوە.)
پێت سەیرە، لە خۆت پرسیاردەکەی(چلۆن؟ لەکوێ دەزانیێ؟...مەگەر پارێزەرو سەروەسیەتی خەڵکییە، کە ژیانی دوارۆژ ئەوها بۆ وەرەسەکەی دیاری دەکات؟ )دەدینی بارزانی بۆخۆی پەرسڤ دەداتەوە؟ چلۆن؟ بەمجۆرە کەبەڵینم دا ئەگەر ئامریکا لەگەل ئێمە بەتەواوی بێت کوردەکانی تورکییەشی بۆ سەرکوت بکەم. مەگەر بەوانەی قولم دا نەمهێنادی!-مەگەر تەرمی سولەیمان موعینی وئەوانی ترم تەحویلی شای ئێران نەکرد!؟ ...)
وتوێژەکە لەو هەل ومەرج دا-دەڵێن لێی زێدەکراوە،قسەکانیان باداون،بەلێ ..بەڵام جنێوەکانی بارزانی، هەموو دەناسینەوە، بە ڕەنگ و بۆن و دورستکردنیان ئاگادارین: (ئەوبیشرەفانە...)یانی ئەوانەی کە دەیانەویست بزوتنەوە ڕاگرن، دژایەتیان لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدان دەکرد..دەڵێن نا، بەهەرحاڵ قسەکانیان ڕەنگ کردوون-ساواکەو درۆو دەلەسە و تەقەلوب، شای ئیران و فریوو گزەوفێڵ...وپاشان، بارزانی ئەسیرودیلی چەنگی ئەوانە! چ چاوە نواڕیەکت هەیە؟ هەرئەوندە شتێک دژی مەسلەحەتی ئەوان بێژێ، سەربەنیستی دەکەن...بێگومان دڵی وانی ڕاگرتووە، خۆزیا لەبڕگەکانی دیکەش وایدەکرد، هەموو ڕۆژێ (نەوتی کورستانی) بەشەریکەیەکی ئامریکایی خەلات نەدەدکرد!...
و بەڵام... لەوکات ژەنەڕاڵ بارزانی، لە چاوپیکەوتنی تایبەتی خۆی لەگەڵ حوسین هەیکەل کە بێ حزوری شایەت وچاولێکەر بەڕیوەچوو توانی ئاخرین پەیامی خۆی بە خەڵکی دونیا ڕابگەیەنێت:

(ڕۆڵی من تەواو بووە... بەڵام دوایی هێنان بە ژیانی میللەتی کورد ئیمکانی نییە،...وڕێبەرانی دیکە لە داوێنی میللەتی کورد هەڵدەستنەوە.)
دەڵێی بەهەرحاڵ (الخیر فیَ ماواقع..دەی باشە،هەنۆکە کە ئیجازەیان داوە ڕێبەرێک لە داوێنی میللەت  قیت بێتەوە، بێگومان ئەم کەنداوە کە میللەت بیَ، بەقەولی هەستیار: (مرۆڤێکی وەک سەدەف،وەدەردەنێت) شۆڵی بزوتنەوە، بەئاخر دەگەیەنێت. بەڵام..کاتێک وەخۆ دێیەوە، دەبینی سەیرە،بۆخۆشت کوردی، مێژووت ون کردووە، ڕێگای  دیکەت گرتۆتە بەر! چ ئاگات لیَ نەبووە،کە بەمجۆرە ئاخافتنە ئەبەم سانایەش کە تۆ فکرت لێکردۆتەوە،وانەبووە-بەبەڵگە ودەلیلی زێدە: دەدینی کە نەتزانیوە، کە وێژەر بۆ خۆی (میللەتە) بنەماڵەکەشی باوکی میللەتە،ئەگەر میللەت هەبێت هەر ئەو دووانن، پێشەوایی ئەگەرهەبێت ئی ئەو دووانەیە،پاشمەنە: ڕەشایی لەشکر،بۆمب خۆرو گازخۆرو پاڵاوتراوەی بیوارو دەرکراوە و هەڵوەدایی وئاوارەیینە. بەڵیَ، دەبینی گیانی شادبیَ بارزانی ئەم  جارەش وەکووهەمێشە، هەمووشتی یەکجیَ نەگوتووە، پێشتریش کە هێشتا پێشەواییەکەی لە جێی خۆی بوو ڕۆژیَ هەوایەک وئاوازێکی دەخویند: ئەمرۆ بەڵێنامەی ئیمزادەکرد،سبەینیَ تەواوبوەکەی دەهێنا گۆڕ،دووسبەینەی دیکە تەوابووەکی دیکە-ای لێدەهات کە مرۆڤێکی وەک سەدام حوسین بەوهەهوو دەغڵی وگزەودۆزو کەڵەک، دوو لاپەرەقاقەزی سپی لە بەردەم دانێت وپێی بڵێت: (ئاغا، هەرچی دەتەویَ لەسەر ئەم دوولاپەڕەانەی بنووسە، کە تەکلیفمان مەعلووم بێت...)
بەڵام...دیسان...
بارزانی وەفات دەکات- ڕوحی شاد-ئەوڕێبەرانەی کە بۆخۆی پێشبینی کردبوو قەراربوو لە داوینی میللەت ڕابن، بەرپرسی و پێشوایی دەکات-سروشتییە لە بنەماڵەی خۆیەتی، چونکە حەسڵ و ڕەسەن ئەمەیە،کە بنەماڵەی ئەوە، کە دەبیَ ئەم ئەرکەی بەڕیوەبەرێت...وتۆ دەبینی کە دیسان هەمووشتی نەگوتووە، و ئەتۆ لەمێژوو،نەسیحەتت وەرنەگرتووە. میژووت ون کردبوو...
لەم ماوەیەدا کە هاتووتەپێش بەقەولی جاهیلان(باران باریووەو،قەڵشت پڕبوونەتەوە) کوڕەکانی دەگەڕێنەوە، بەهەرکەسێک کە بیهەویَ عەرزی خزمەتگوزاری دەکەن. روحی شادبیَ قەولی سەرکوتکردنی کوردەکانی تورکیە،دەدات، ئەوانیش بەڕێوەی دەبن، پەنابەرن، وەک مێوانی مزاحم بەقەولی مەعروف پاروی فلان خانەخویَ دەفرێنن، لە سیاسەتی ناوچەیی خۆتێوەردەدەن،لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەیی مامەلە دەکەن،بەربەرەکانی دەکەن(دژکاران) دەقوتن، هاوبیرانیان لەبن باڵی خۆ دەگرن..لێدەدەن، دەکوژن،-ڕەسالەتیان پێیە: لەگەڵ ئامریکان، لەگەڵ تورکیەن،لەگەڵ ئێراقن،خزمەتکارن، گویَ لە مستن،لە بیریان بردۆتەوە چیان کردوە،چ بەڵایان بەسەرخەڵکی هێناوە...خەڵکیش لەبیریان چووە...مێژووبزر بووە، فەقیرانە!
هێندە لە بیرچوونەوەی خەڵکیان لیَ یەقین بوو هەتا بە پێویستیان نەزانی بۆ خەلک مەسەلەکە شی کەنەوە،کە چ بوو چ کرا،بۆچ وای لێهات-لەحەق نەگوزەرێین بەم دیزە بە دەرخۆنەیە، دۆستی جێگە متمانەبوون بۆ جەنابی نیکسون، کیسینجەر، محەمەد ڕەزاشا،!
بەڵام تەنیا ئەوان نەبوون کە بە سەهو یان بە ئەنقەست مێژوویان ون کردووە. بەخۆت دەڵێی باشە ئیدی، عەشایەرن، نەخویندەوارن- بەوەرچەرخان بۆلای جەلالْ تالەبانی دەچی ،دەبینی سەیرە، ئەویش هۆشی مێژوویی نییە،زەین کوێرە،لەوی سەیرتر مێژووی نەخوێندوە...سیوادداره ، بەڵام بەخت ڕەشی کاتی کتێب خویندنەوەی نییە،کاتەکەی هەمووسەرفی کاروباری(میللەت) دەبێت-کتێب خوین نییە،(پیاوی کردەوەیە)

خانم بلانج ولیس کوک، کتێبێکی نووسیوە، بەناوی(ئایزنهاوێر لە ڕێژەی ڕێزەبەندی دەرچووە) کتێب لە مانادا لێکدانەوەی بەڵگە و سەندو دێکۆمەند، پەیوەند بەحکوومەتی ئایزنهاوێرە، کە ئیدی شتێکی نهێنی ومەحڕمانە بەحیساب نایەت، بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە بە ناوی(ئامریکا و بزوتنەوەکانی نەتەوەیی)بەفارسی وەرگێڕدراوەتەوەو بڵاوکراوەتەوە. لەم کتێبەداچاوم بەیەک دوو بابەت،کەوت وافکر دەکەم بۆئاگاداری جەنابی مام جەلال تاڵەبانی بۆ دووبارە گێڕانەوە دەبن. بەم جۆرە داوینی عەمەلیاتی ئیدارەی ناوەندی ئیستخباڕات (سیا)...بەرفرەوان بوو، و ئەم عەمەلیاتەشی وەبەرخۆی گرت: (...(چ)دژایەتی بە، بە دەسەڵات گەیینی هەرحیزب یان کەسێک لەدنیای ئازاد، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ،سەبارەت،بە داسەپانی کمونیست بیروبۆچوونی ئۆکەی هەبێت) (یانی کمونیست بێ، یان بووبێت.)

یانی ئەمە،کە ئاغای تاڵەبانی ئی وەکوو وی، حەقیان نییە، و ئیجازەیان پێنادرێ لە جێگایەک بەدەسەڵات بگەن،مەگین ئەمە بە قەڵەم یان بە قەدەم خزمەتێکیان کردبێ، و ئیسپاتیان کردبێت کە دەتوانن یەکێک لە خۆجێیی(تبعە)ی باشی دونیابن(ئەمە تازە پەیوەندی بەوچاخ بوو کە شتێک بەناوی یەکێەتی سۆڤیەت لەگۆڕێدا بوو)-پوختەی کەلام یانی ئەمە کە ئاغای تاڵەبانی و ئی وەک وی،ناتوانن بەرپرسی ناوچەی خودموختاربن.

ئاغای تاڵەبانی و دۆستانی وی نەک تەنیا شتێکیان نەخوێندۆتەوە بەڵکوو ڕاستیەکانیش نابینن، یان ئەگەردەیبینن،تێگەینێکی دورست لەوان بەدەست ناهێنن. (ئازادیخوازی) سەرمایەکانی ئامریکایان باوەڕکردوە-ئامریکا بەئازادیخوا دەزانن! ئەم کتێبەی کە لە وی باسم هێناگۆڕ، وسەرجەم پەیوەندی بە (ئازادیخوازی ئامریکا و ئینساندوستی وخۆبەختکردنی لەڕێگای ئازادی و مقام و شەڕەف وگەورەیی ئینسانەکانە) دەڵێ: کاتێک کودتای گواتمالا، سەرکەوت و(ئازادی)بۆ وڵات گەڕاوە، سەرکۆنسۆلگەری ئامریکا-پیوریفوی-ناسراو بە(چۆماخی گەورە)-دەست وجێ لستێکی دوورو درێژی کە تەژی لەناوی کمونیستەکانی ناسراو بەسەرهەنگ کاستیلو ئارماس (کودتاکەر) داو، گوتی: کە دەبێت لەماوەی 24ساعەت گوللەباران بکرێن.

دیقەت دەفەرمووی خۆبەختکردنی پێشوای دێموکراسی دونیا،لە ڕێگای زیندوکردنەوەی (حقوقی بەشر!...وپاشان دەدینی کە بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی 1967سازمانی لێبوردوی نێونەتەویی ژمارەی کوژراو، ون بووان، لە وڵاتی(ئازادی)ساڵەکانی 1966-1967(یانی لەماوەی ساڵێک)بەزێدەتر لەبیست هەزارکەس دەگات، دەبینی خەلە و خەرمانی گوندەییەکان ئاگردەدەن، زەویەکانیان لێ زەوت دەکەن،چونکە گۆیا ئی شەریکەی (یوناتید فروت)بووە، هەرخۆیی بووە...دەبینی کودتاکەش ئەم شەریکەیە، بەڕێوەی بردوە، ودەبینی دالس،وەزیری دەرەوەی ئامریکا،وئەوانی دی خروپتوون لە موچەوەرگری ئەم شەریکەن! دەبینی سەدان کەس لە ڕێبەرانی سیاسی وکرێکاری (ئیتحادیەکانی ناموونیست)لەزێدو نیشتمان کۆچ دەکەن،دەبینی زێدەتر لە/9000کەس گیراوە و ئەشکەنجەوجەزرەبە دەکرین، دەبینی بەقسەی خۆیان تازە ئەم مەسەلەیە، دوایی حەوتوویەک وەحشیگەری،ئیدی خودادەزانێ لەحەوتووەکانی دڕندەگەری چ بەسەری خەڵکی هەژار وبەدبەخت هاتووە!

ئەم کردەوە لە حکوومەتی کاستیلوئارماس،بەڕیوە دەچێت کە کودتاچییە: (ئایزیهاویر، بەدرۆ و بەجۆرێکی بێسابیقەداوای کرد کە کاستیلوئارماس(لەداکۆکی وخۆشەویستی وخەڵکەکەی بەرهەم وەدەگرێ)( لەحاڵیکدا بەگێڕانەوەی ئەم کتێبە کاتێک دێتەوە وڵات، تاقە کەسێک پێشوازی لە وی ناکات-بەپیی ڕاپۆرتی سەرینچاوی ئامریکایی). بەڵام لەسەرئەوەش ڕا،جان فوستردالس، وەزیری دەرەوی کاتی ئامریکا،دەڵێت: (هەنووکەو داهاتووی گوتمالا، لەدەست خەڵکی گوتمالا دایە)

ئاغای تاڵەبانی و دۆستانی ئەم شتانەیان نەخوێندۆتەوە، بەڵام زۆرشتیان دیون-لانی کەم دیتوویانە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا پەیتا پەیتا گوتوویەتی کە لە وێرانی ئاواییەکانی کوردستانی ئێڕاق بە دەستی سەدام، لەکەلک وەرگرتنی سەدام لە گازی شیمیایی دژی خەڵکی بێپەناوپەسیوی کورد ئاگادار نەبووە، هەرلەوحاڵدا ڕاپۆرتی چاپەمەنیەکانتان خوێندۆتەوە کە ئامریکاییەکان ئاخافتنی فرۆکەوانانی ئێڕاقیان کونتڕۆڵ دەکردن-و دیسان بینیتان بەچاوی خۆتان، کەلەشەڕی کەنداوی فارس، لە نەخشەی وەزارەتی بەرگری ئامریکا بڵاوبۆوە(هەموو گوندەکانی خاپووربووی کوردستان بەعەلامەتی تایبەت دیاری کرابوون)!- فکرناکەم ئاغای تاڵەبانی و دۆستانی کلکی کەڵەشێریان بەوبڵێندیە نەدیتبێت..پاشان دەبینی بارزانی لە سەدام داوا دەکات لە گرتنەوەی هەولێرو سولەیمانیە، یارمەتی بدات، دەبینی ڕۆژێک بەر لەوی،لەگەڵ داروەستەی (سیا) چاوپێکەوتنی هەبووە،دەبینی ئامریکا لە وەلام بە خۆتێهەڵقوتاندنی ئیراق لە باشوور، بۆ باکوورمووشەک دەهاوێژێ-لەبەرگری لە ئازادی خەڵکی هەولێر(ئەربیل)!

لەویارمەتیانەی کە لە کاتی شەڕی ئێران و ئێڕاق، بەئیڕاقی کرد، شتێک ناڵێم-ناڵێم کە نوێنەرەکەی بە سەدامی متمانەدا، کە شەڕی نادۆڕێنێت، وئەوی دڵگەرم کرد، و کەل وپەلی نیزامی پێ فرۆشت، وئاگاداری ماهوارەی لە بەردەست دانا. ئەم شتانە لەم کتێبە دەخوێننەوە- وزۆرشتی دیکە. تاڵەبانی ودۆستان و جامینخوازانی بەگشتی دیتیان کە چلۆن ئاغای بووشی باب،خەڵکی شێعەی هەژاری دنەدا،و لە ئاکامدا لە سەرچی بەرەڵلای کردن و هەزاران کەسی لێ بەکوشتن دا، ودووماهی چتۆ بەچەند بەستە شگڵات و بنێشت کەلە ئاسمان فڕێدرابوونە خوار،جەمسەری سەروبنی مەسەلەی تێککردنەوە، بە ڕدێنی خەڵکی بەدبەخت و بەڵا وێکەوتوو پێکەنی...

ئەمانە نیعمەتی (ئازاد دۆستی) ئامریکان،ئامریکاشمان دی، دەبینین: تروخیلوەکان، اتیستاکان، و...دمیرلەکان وچللرەکان،. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا دەبینێت کە دۆستەکەی، دەوڵەتی دێموکراتی تورکیە، مللەتێکی لە قسەکردن بەزبانی دایکی یاساخ کردوە، دەبینن کە نەتەوەیەکی بە ناوی کورد-بیست میلیون کەس-مافی ئەوەی نییە لە نیشتمانی باب وباپیری خۆی بێژێ کە کوردن، بەکوردی بۆ کوژراوەکانی خۆیان شین بگێرن، بە کوردی لە شایی خۆیاندا گۆرانی بچڕن،ئەگەر بکەن وبڵێن زیندانی دەکرێن، ئەشکەنجەوئیعدام.! ئامریکا باش دەزانێ کە لەم وڵاتەی کە بۆخۆی دیموکراسی تورکیە ناودەبات، هەرنەبێ ئەسلێک لە(دێموکراسی ئامریکایی)ناقس دەبێت، بەڵام خۆی لێ گیل دەکەن یانی نەیان دیوە: لەئامریکا (ڕەشەکان) هەرنەبێ ئەو مافەیان هەیە، کە خاوەنی چێشتخانە، لە سەردەرگای چێشتخانەکانیان بنووسن(هاتنەژووری سەگی ڕەش یاساخە) دەزانێ کە لە تورکیە-ئەم نمونەدێموکراسی خاوەرمیانە-کەسێک زات ناکات بڵێت ئەمن کوردم،یان هەتا خاوەنی چێشتخانە ئەم قوونووهونەری هەبێ کە لە سەردەرگای چێشتخانەکەی بنوسێ: (هاتنەژوربۆ کورد یاساخە)-بەپیی یاسای تورکیە وشەی کورد قەدەغەیە... لە سەرئەوەش را دۆستی دێموکراسی،خەفەقان دەگرێ، ودەنگی لێ دەرنائێت. تاڵەبانی دەبینێ کە ئەم دۆستەی ئامریکا، هەرچاخ هێرش دەکاتە کوردستانی ئێڕاق بۆ بەدواچوونی پ.ک.ک...لەگەڵ سەدام بەڵێننامە گرێدەدا، هەرکات کە ویستی واردی ئیڕاق بێت...ماڵ مالی ئەوە. خەڵکی کورد دەکوژێ،وتەنیا دژکردەوەی ئامریکای ئازادیخواە ئەمەیە: کە بڵێت: (بۆتورکیە مافی بەرگری لە خۆ کردن ڕەوایە) نابێ مەسەلەی لە بەریەک بکێشنەوە!(تاڵەبانی دەزانێ کە بۆ بەڕیوەبردنی ئەم مافی بەرگری لەخۆ، دەوڵەتی ئازادیخوازی ئامریکا، ئیتلاعاتی ماهوارەیی لە بارەی دنەی پ.ک.ک.لەبەردەستی تورکیە

دادەنێت..کە لە نەزەرئامریکا خەڵکی کورد مافی بەرگری لە خۆیان نییە، چونکە لەگەڵ دێموکراسی پەسەندی ئامریکا کەوتوونەتە بەریەک...

مافی بەرگری لە خۆت! زارۆک ڕاست دەڵێت-دیفاع شەرعییە، مافی خۆیەتی. دەڵێن: گورگ زاری خوێناوی بوو، یەکێک پرسیاری کرد: خودا،نەکا ئەرباب) گوتی: مەڕ لێی داوە! بەڵام نەیگوت: کە ئەو بەپێی بنەڕەتی بەرگری لەخۆی، زگی مەڕی دڕیوە!

ئاغای تاڵەبانی و دۆستانی زۆر شت نازانن، یان ئەگەردەبینن بە پێی ڕەسم وعادەت بەشێوازێکی کوردی سەرنجی نادەنێ، یان لە بیری دەبنەوە. ئەتۆ دەڵێی: ئەم هەموو ڕۆناکبیری کورد،کە ڕۆژنییە لە کوچەوکۆڵان و شەقام بەدەستی دارودەستەی پشت ئەستووربەحکوومەت(نۆکەرانی ئەلب ئەڕسەلانی تورکیش)تڕۆر نەکرین دەبینی؟ ئەم هەموو خەڵکەی کەلە بەندیخانەکاندا بە بێ ڕاگەیاندراوەی چ بەڵگەو دەلیل، بە شەو ڕۆژ بۆ زیندانیان دەبەن یان خۆیان دەکووژن دەبینی؟ نابینی کەبۆ قەڵەم کێشان بەسەرپێناسی کوردی،تەواوی ناوەکانی جوغڕافیایی کوردستانیان گۆڕیوە،ودایک وباب حەقیان نییە، ناوی کوردی (ئیرانی)لەمنداڵەکانی خۆیان بنێن؟بێگومان نایبینن،ئەگەر دیتبایان ئەمجۆرە (فەرمایشاتانەیان) بەرەڵڵانەدەکرد...

یەکێک لە هاواڵدەرانی تورک بابەتەک نەقڵ وقەول دەکات: (لەناو ئەم کتێبە)زەرەری نییە کە ئاغای تاڵەبانی و ئازادیخوازانی ئامریکا بیخوێننەوە: ڕۆژنامە نوسی تورک دەڵێت: نیزامیان لەبەدواچوونی پ.ک.ک.خەڵکی دیهات دەگرن،جەزرەبەیان دەکەن، دەست درێژی بەژنان دەکەن،پیاوەکان ڕووت دەکەنەدە،لە ئاوی سارديان هەڵدەکێشن، دوایی ڕایاندەخەن وەبەر قەمچیانیان دەدن،گوریس یان کەندڕێک لە کیری مرۆڤەکانیان دەبەستن، سەری کەندڕەکە دەدەنە دەست خیزان و منداڵەکانیان، بەمجۆرە ئەوان بەناوکووچەو کۆڵانی گونددا دەگێڕن، لەگوندەیەیانیان دەوێ بۆ کاری سێکسی ژنیان بۆ بەرن...یاغایان بەدوای سەردەدونانی پ.ک.ن!

فکرناکەم ئاغای تاڵەبانی ودۆستانیان ئەم شتانەیان بینیبێت، ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاش خەبەری نییە، دووربینی ماهوارە دەبێ زۆر مووقەڵێش بێت هەتا ئەم کەندڕەی کەلەکیر بەستراوە،لە وێنەدا نیشانی بدا...

دەدینی دادگایەک بۆ هەڵگێڕ وەرگێڕی جنایەتی شەڕ لە(لاهە)پێکهاتووە، جارناجار مسیحی یان موسڵمانێکی بە تۆمەتی ئەشکەنجەکردن چەند موسڵمان یان صرب،محاکمە دەکات..لەم حاڵەدا، دەبینی کە سەدام لە سەرئەوهەموو عەمەلیاتی جێنوساید(ئەنفال) وشیمایی باران و کارەگڵاوەکانی لە سەردەم ودەزگای دانیشتووە،و لەگەڵ کوڕی مامی(عەلی حەسەن مەجید) ئەمردەری ئەنفال،پیاڵە لە پیاڵەدەدەن، و بەڕدێنی دێموکڕاسی و پێشەوای وی پێدەکەنن. ئاغای کلینتۆن یش،هەر وەکووڕەچەڵەی خۆی ڕێزو حورمەتی بۆ هەیە، و لە وڵاتی دۆست، هەتا نابێنێ کە هەمووساڵێ بەبۆنەی ڕێزلێنان لە نەورۆز جەژنی سەدان ساڵەی کورد،سەدان کەس دەکوژرێن...!

و بەڵام ئەتۆ نابینی کە ئەم جەنابی تاڵەبانی لە ئاغای دەمیراڵ داوادەکات کە (پاریزگای پێشووی موسڵ)یانی-کوردستانی ئێڕاق- کە لە پێشوو بەشێک لە وڵاتی عوسمانی بووە،ودوایی لەبەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی بەپێی حەکەمییەتی کمیسیونی نێو نەتەوەیی بەئێڕاق لکاندراوە دووبارە بەتورکیەی بلکێندرێت-لەمانادا لەئاغای دەمیراڵ داوادەکات کە تەشریف بباو بەدەستی ممباڕەکی کەندڕ لەکیری خەڵکی کوردی ئێڕاق گرێداو سەری تەنافەکەی بەدەست ژن و منداڵەکانیان بدا، و ئەوان لەکوچەوکۆڵان و بازار بگێڕن.

جەنابی ئاغای تاڵەبانی بۆ شیکردنەوەی ئەم پێشنیارە دەفەرموون: (لە وێ مەسەلەیەکی دێموکڕسی هەیە...ئەوێ(یانی تورکیە) مرۆڤ دەتوانی قسەبکات-هاواربکات...!ئاغای دەمیراڵ پێدەکەنێ... قسەیەکی حیسابییە، ئەمنیش پێم وایە،کە لێدەدەن، بێگومان لێدەدەن-ئەشکەنجەی بێ هاوارکردن ناکرێ خۆی لەبەر ڕاگری...هاوارکردنیش بۆخۆی جۆرە خۆڕاگریەکە-هەرچەنە کەندڕی توندتر گرێدەن،یان توندی بکێشن،جێگای خۆ ڕاگریە... ڕووتکردنەوەی ژنانەکانیش شتێکە وەکوو(استریپ تیز)دێموکڕاسی ڕۆژئاواو ئایالەتی یەکگرتووی ئامریکا، کە بینینی بەتاڵ لە پانکردنەوەی دڵ نییە!
بەڵام ئەم دێموکڕاسییە، یان جەرەیانی دێموکڕاتیکی کە جەنابی تاڵەبانی دەیفەرموون، و ئاشقی وین، شتێکە بەڕاستی (تورکی)-هەتا وێ(دموکڕاسی یە)کە ئەڕتەش قەبووڵی بکات، کاتێک قەبووڵی نەکرد کاری تەواوە، چونکە پاڕێزگاردو ڕاگرتووی نەریتەکانی میراتی ئەتاتورکە،!
سەیر ئەمەیە، خەڵک بەم فۆڕمەلیتەیەی کە لە کتێب دەیخوێننەوە لەگەڵ سەرجەمی تەقەلوب دۆزوگزەی نوێنەرەکانی پەڕلەمان هەڵدەبژێرن. پەڕلەمان سەرۆک وەزیران دەست نیشان دەکات-بەڵام...قسەی ئاخر بەدەست ئەڕتەشە!هەرئێستا چاولێبکەن، سەرک وەزیران ناوێرێ لە ترسی ئەڕتەش لاقی خواردانێت، یان سەربەخۆیی کردەوە نیشان بدا،چونکە وێدەچێ وەدڵی بگرن و کۆدتا بکەن! هەرچەندجاریک کودتا دەکەن دەگرن، لێدەدەن، دەکوژن-پاش سەردەمێک دەستووری بنەڕەتی(قانوون ئەساسی) سەت دەرسەت دێموکڕاتی ڕێکدەخەن ودەیدەن بەدەستی دەوڵەت...بچوو بازار دوو کیلۆ هەرمێ بکرە وبێنەوە! ئەمە دێموکڕاتی تورکییەیە! ئەمەیە جەرەیانی (دێموکراتێکی) کە لە وڵات جەستەی هەیە، و ئاغای تاڵەبانی بە تاریفی دا دەچێتەخوار! هەرئەم دیموکڕاسی یە، هەتا ئێستا زێدەتر لە/3000ئاوایی کوردی کوتاوەو خاپوورکردوەو، دانیشتووانی دەرکردوون، پەڕیوەی چۆل وسارای کردوون، ودەبەردایە دیسان سەرکوت بکات بکوتی قەیتانی ئاسایش بەدەورەی وڵات دادەکێشێ،...ئامریکا دەبینێ ودووراودوور سەری دەلەقێنێت!
مەتڵەبەکم لەبیرکرد،کە بەوەخت باسی لێوەبکەم...تاڵەبانی وبارزانی و ئامریکایەکان، هەرسێ دەزانن، ئەم جەرەیانەی دێموکڕاتیک،پێشتر لەمەو شتێکمان لێ گوت: (دێموکڕاتێکە): تورکیە نەک تەنیا کوردەکان بەکورد دانانێت هەتا بە(ئینسانیشیان) دانانێت. ڕۆژنامەیەکی تورک دەنووسێ: ئەمانە-یانی کوردەکان-وەک ئینسان دەچن، یانی مەیموونی وێنەئینسانن، بیچم وشکڵ و قەڵافەتیان،ئینسانە،باشترە بچنە ئافریقا،ولەوێ لەگەڵ هاوڕەچەڵەکی خۆیان تێکەڵ بن...)
دەڵێن کە(باشە)لەوێ جەرەیانێکی(دموکڕاتیکە) لەبەرئەمە ڕۆژنامە ئازادە، هەرچی دەخوازی بنووسێت،وئەمە نەزەری دەوڵەت نییە، بەڵام نووسەر ودەوڵەت وخەلک دەزانن، کە نەزەری دەولەتە، و بە تێکڕایی دەزانن ئەگەرکوردێک بەم داوایە پەرسڤ بداتەوە جێگای زیندانە،دیسان دەزانن کە هەرکورد یان ئەرمەنی-چونکە لێرەباس لەئەرمەنیەکانیش،وەک هاونیژادی کورد کراوە-ئەگەر لەڕەخ دەستی دەمیراڵ دابنێیی-بۆ نموونە یەکەمین کەسایەتی تورک-ولەوان وێنە هەڵگریەوە،و بۆ لێکۆڵینەوە بدەی بەئینسان ناسێک، بە وێچوونی نزیک بە یەقین، داوەریەکە شتێکی دیکە دەبێت.
ئەمنی خوێنەری ئیرانی، بەگوێبیسی ئەمجۆرە بابەتانە سەرم سوڕدەمێنێ: ئەگەر ئەم خەڵکە(وێنەئینسانن) ولەڕەچەڵەی بێ بایەخن، ئیدی ئەتۆ بۆچ لاق دادەگری کە بە بەستنی کەندڕ لە کیری وان و حەپس و زیندان و ئەشکەنجە و جەزرەبە، ئەوان لە گوڵدانی (تورکییەت)دادەنێی، و خوێنی ڕەچەڵەی عەسڵی تورکی پێ پیس دەکەی؟ دوایی کاتێک ورد لێێ خورد دەبیەوە و لێیدەراوانی دەبینی کە بنیات نەری ئەم(تورکیسمەی) ئاقایان،هەر ئەو(ئینسان نمایەکان) بوونە، کە

دەبوایە بۆ ئافریقا چووبوانە: هەرئەو (زیاءگوکالپەکان، هەرئەوسولەیمان نەزیفەکان، و ئەوانیتر کە برای کەماڵ پاشای تیئۆریچنن. ئێستاش دەبینی کە ناسراوترین هونەرمەندی ئەم ڕێژیمە عەسڵە،ڕەچەڵەی ئەم کوردانەو ئەم ئەرمەنیانەی وێنە ئینسانن-وەک دەڵێن بۆخۆشیان کاتیان نییە دەنا،نا،سەدان یاشارو کەماڵ وئی وەکوو ئەوانیان تەسلیمی فەرهەنگی دونیا دەدا!

لەدانیشتنی دیکەی جەنابی تاڵەبانی کە دیسان دەیڵێم و لە هەموان سەرنج ڕەکیش ترە: گوێبیس بووینە- و بە یەقین دەزانم کە ڕاستە..دەڵین،ئاغای تاڵەبانی دەڵێت: (ئەمن بۆ باوکی وی دانەهاتمەوەو سەرم دانەنواند ئێستا بۆ وی سەردانوینم!) یانی جەنابیان بۆ خوالێخۆشبوو(ژەنەڕاڵ بارزانی)سەری دانەنواندوە، خوی نەک لە تراوزی هەڵسەنکان، هاو وەزن بەڵکوو قورستر لە وی لێکداوەتەوە، دەجا وەرن-بە قەولی کوردان-عەیب و شوورەیی-خۆ چووکە، کەنەوەو سەرلەبەر کوڕەکەی دانوێنن!

ئەتۆ بەخوا سویند دەدەم! باس باسی من وتۆیە، بەرپرسایەتی و سەرگەورەیی من وتۆ! هەتا هەڵبژاردنیشی قەبووڵ نییە! لەم نێوەدا مللەت ون بووە... مللەت سەرفیرازی ئەمەیە، کەبۆ ئاغایان چەپڵەلێدن، وەدوایان بکەون،بە هۆی فەرمانڕەوایی ئاغایان گازی شیمیایی هەڵمژن، بۆمب بخۆن،ماڵیان وێران بێت،هەتڵەو دەرکراو سەرگەردان و ئاوارەبن،چارەرەشی ببینن،بێ بایەخ و سووک وچروک بن...چونکە ئاغای تاڵەبانی بە کەسری شانی خۆی دەزانی کە بە گەوەریی وشەڕەفی کەسێک کە لە بەربابی وی سەر دانەنواندووە سەردابنوێنێت!

سەرم سەڕماوە لەو هەموو سیاسەتمەداری و پسپوری و لێبوردویی و خۆبەخت کەری! باشە، کە وایە، وئەمە سەر دانانوێنێت و ئەو فەرهەنگی عەشیرەییە، بابچین گومرگ وەرگرین، حەدوسەدەکی لە نێوەڕاستی کوردستانی باشووردانین، ناوچەی دابەش بکەین-تۆ سۆران و ئەمن بادینان-خەڵکەکەمان مەسخەرەی دونیا، دانیشتوانی دونیا، بکەین. شەش حەوت ساڵ چەتری داکۆکی لە سەرتان هەڵدرا،چووکرد!؟ تەنیا کارێکی کە کردوتانە ئەمەئە، کە عەشایەرو تایفەگری کە مردبوو زیندوتان کردۆتەوە...ئاخۆ بە خەڵکی دونیا ئەم حەقە دەدەن بڵێن ئەم خەڵکە بێ لیاقەت بێ کیفایەتن، لێهاتووی ئەمەیان نییە کە کاروباری خۆیان وەئەستۆگرن و هەلسوڕینن وبەڕێوەبەرن؟ ئاخۆ تورکیە ئەم حەقەی نییە بە کوردەکانی خۆی بێژێ: (خودموختاری ئەم جۆرەتان دەوێ؟!) ئەمن پێم وایە هەیەتی! هەتا وەزعەکە، بگاتە ئەمە پیی هەڕەشە لەخەڵکی کوردبکات، کە ئەگەر لەمە زێدە گەندی دەربێنن، وەبارزانی وتاڵەبانی تان دەدەم کە خودموختاریەکتان بۆ بێننەکایە، کە بۆخۆتان بێژن: غەڵەتمان کرد! تۆبە!

(...لە تەواوی ماوەی ئەوساڵ بە تایبەت لە حەوتووەکانی دووماهی هاوین(1996)ئەو کوردانەی کە نیگەرانی وەزعەکە بوون، بەردەوام لە هەموو ئاوایەکانی کوردستان، و لە لەندەن و واشنگتۆن تەلەفونیان دەکرد، هەتا ئەمن لە کارەساتێک کە بەڕیوە، بوو ئاگاداربکەن. دورست هەشت ساڵ پێش، هەر لە وانەی کە تەلەفونیان لێدەداو خەبەریان دابوو کە سەدام حوسین لە بادینان گازی شیمیایی ڕشاندووە- ئەمە ڕیز لە گرتنی ئاگربەسی شەڕی نێوان ئێران وئێراق، بەسبکی سەدام بوو. ئەمجارئەم خەڵکە وەکوڵ هاتبوون و نیگەرانی ئەمە بوون کە-غەرەزو بوغزی دوژمنایەتی نادامرکێنەری- نێوان پارتی دێموکڕاتی بارزانی و یەکیەتی نیشتمانی تاڵەبانی دەیەوێ ئەو برە هیوایەی،کە بۆ کوردەکان بە وەرگرتن بە خودموختاریەک، کە لە سەدەی بیستەم جەستەی هەیە، بەبای داکەن. بەڵام هەتا بەهوشمەنترو خیاڵاویتری ئەم کەسانە کە لە گەڵ من پەیوەندیان دەگرت- نەیاندەتوانی ئەم هێرش وهێرشی بەرامبەری، لە ڕوکزکردنی ئەم دوو ڕێبەرە شەڕخوازە، کە هەوینی

دەست مایە وسەرمایەی هاودەردی لەگەڵ کوردەکانی ئێراق لە دەرەوەی وڵات بەیەکجاری لە ناوبردبوو، بە قوەی هەستی پێشبینی تێبگەن-لەنێوان مانگەکانی دووایی کەسایەتیەکان جۆرە شەڕیکی نشتیمانیان دەست پێکرت کە بە پێی وی سەرەتا، پارتی دێموکڕاتی کوردستان و پاشان یەکیتی نیشتمانی کوردستان، مەڵبەندی بەرفرەوانیان لە خاکی کوردستانی باشووردەست بە سەردا گرت، گەلێک لە خەڵکی ئاسایی کورد،کە دەیاندی کسانێک کە ڕۆژێک قارەمانی وڵاتەکەیان بوون، ئێستا بوونەتە کەرەسەی دەستی ئەم و ئەو...و لەم بابەتەوە خەمیان دەخوارد...)

خەڵکی فەقیر...! کاتێک دەبێ قارەمانی نەتەوەیی سازدەن، چاخەکیش دەبێت خەم بخۆن لەم بارەوە، کە ئەوەی سازیانداوە بۆتە کەرەسە...شۆڵی ئەوها دەکەن کەلە منداڵیکی قوتابخانە ڕەچاو ناکرێت...دوژمنی نادامرکێنەر!...بۆ، چ بووە، چ؟ باسە مەعلوومە، لە چەند کات ژمێر واوو وادەکەن!...

ئەو خەڵکە فەقیرە! لێرەش دەبێ بۆ ڕەجاو تەمەنای هەژارانەی ئەم دوو ڕیبەرە،کە تاسەی هەژارانەی خۆیان لە سەرەوی تاسەی خەلک داناوە و تەنیالە لاباجەی چاوی ئارەزوی شەخسی خۆیان لە مەسەلەکە دەڕوانن، بکەونە گیانی یەکتر، بەعیشق و ئەوینی چاو بروی دوو ڕێبەری ئاقڵ و کارزان، خوێنی یەکدی بڕێژن، پەڕێوەو ئاوارەی چۆل و بیابان ببن!

...ببینە،سەدام حوسین چەند ڕۆژە بەدوای یەکدا دەیان هەزار کەس لە ئەرتەشە هەڵبژاردەکەی خۆی یانی پارێزگاردی سەرکۆماری لە گەڵ سەدان تانگ و تۆپ لە باکووری هێڵی 36دەرەجە سەقامگیرکردوە...

ئەمن کە پێم سەیر نەبوو. لە مانگی فۆرییە کەلەکوردستان بووم دەنگۆی زۆر گوێبیس بووم کە حەکایەتی لەمە دەکرد کە بارزانی چەندمانگیکە لە گەڵ سەدام حوسین خەریکی وت وێژە! مەگین هەرلەو وەرزی زستان،دەیان تانگ و تۆپی لە سەدام نەکڕیبوو؟...)

سوبحان اللە...بارزانی لەگەڵ سەدام حوسینی وت وێژ کردوە! تۆپ وتانگی لەوی کڕیوە!...ها،دورستت گوێ لێبووە!؟ باوەڕدەکەی!؟ بەچ لێکدانەوەیەکی ئەمە جووردەرنایە... بە نوسخەی ناعەسڵی شاشەی تەلەفزیون ناسراو دەچێت کە بینیمان، کاتێک سەدام حوسین و تاڵەبانی لە حاڵیکدا نیشاندەدا کە لێوی یەکتریان دەلستەوە، ئەوکات بارزانی یەکێک لە ڕەخنەگرانی قەزیەبوو، هەر چەند شکراوی لەدڵی دەگەڕا،کە لە ئاکامدا ڕەقیبی خافڵگیر کردوە، کەلەگەڵ حەریف هاوباوەش بووە!...

بەڵام لە سەر ئەوەش ڕا پێت سەیر دەبێ! بارزانی، وت وێژ، لەگەڵ سەدام، کەینەوبەینە لەگەڵ وی! دژی کێ...؟ دژی کوردێک، ڕەفیقێک، هاو وڵاتیەک، هاو وڵاتیانی ناوەخۆ!

پێت سەیر دەبێ سەرت سوڕ دەمێنێ...چێرۆک دەخوینەیەوە! بۆچی ناوچە ئەوها وەک خەوێک تێکەڵ پێکەڵی لێهاتووە،بۆ چی پەیوەندی ئاقڵانەی لێکدراوە-هەتا پەیوەندی ئینسانیەت و مهرەبانی...!لێی بنۆڕە، سەدام حوسین، مەرحوم بارزانی لە بەرچاوی دونیا و خەڵکی وڵاتەکەی سووک و چروک کرد، بارزانی لە داخی سەدام دەقی مەرگیدا، سەدام لە ماوەی ڕۆژێک،لە یەک دەست بەسەرگرتنی نەکاوی،/9000نێرینەی کەم تەمەنی بارزانی گرت و کوشت،ژنەبارزانیەکانی هەژارو لێقەوماوی بۆ(شارۆکەکان)ڕیکیش کردو بەفەسادی ئەسپاردن... ئەوانە بۆیە دەڵێم کە گوێبیس دەبم بارزانیەکان لەم جۆرە ڕووداوی نامووسی دەمارگرژ تر لە عەشیرەتەکانی کوردن... سەدام بارزانی بە بۆڵدزێر سەرکوتکرد-سەدام دەیان جار ئاپورەی جەماوەری کوردی، کە بارزانی خۆی بەنوێنەری ئەوان دەزانی،خستۆتە بەرهێرشی شیمایی، سەدام منداڵ و زارۆکی ناولانک و قوتابخانەکانی هەلەبجەی خەنکاند...لەمە بگوزەرین، سێ کوری بارزانی کوژبوو: براکانی مەسعوود: عەبەیدوڵڵا، لوقمان، سابیر...دەیگوت ئیدریسیش ئەو کوشتوویە...ڕادیوی بەغدا ڕایگەیاند ئیدریس بەهۆی بۆمباردومانی

فرۆکەکانی ئێراق کوژراوە، هەڵبەتە کە درۆ بوو، بەلاَم بە هەرحاڵ ئەمە یەکێک لە نهینی ناودلی سەدام بوو: یانی دەیەویست بیکوژێ،کوژرابوو دەیان جار بەخەیاڵ کوشتبووی!
ئەمن ناڵیم بۆ لە گەڵ سەدام وتویژت کرد، یان دەکەی..نا، ڕێبەرە، فکری پاشەڕۆژ دەکاتەوە،ئاقل کۆکەرە،بەپێی لێکدانەوەو ئاقلی خۆی دەکات، نایەوێ بەهۆی هەستی خۆی قازانجی خەڵکی بفەوتێنێت، ئەگەرپێویست بێت با وتویژبکات...چونکە بە قەولی پێشێنیان سیاسەت فەنی کەلک وەرگرتن لە هەڵ ومەرجە و ئیمکاناتە، وێدەچی ئەم ئاخافتن و تووێژە، ئاکامێکی پڕبەرهەم بۆ نەتەوەی کورد، لەگەڵ خۆی بەدیاری بێنێت..بابیکات،بەلاَم نەک بۆ(دنووکی دەنک هەڵگرتنوەی جەلال تالەبانی) نەک بۆ وەی کە بەرپرس و سەرۆک بێت و بە سەرۆکی بمێنیەوە...یان لە هەمووان مەسخەرەتر، بۆ وەرگرتنەوەی هەولێر!
پەنا بەرخوا! ئێستا بەقەولی تارق یوحەنا ئازیز،لە جەنابی سەدام داوا دەکات یارمەتی بدا، هەولێر،بگرێ!...
ممبارەکە! (ئەوانەی تەلەفونیان دەکرد هەنۆکە لەچرکەی ناهومێدی دووایین هەودای هیوای کزی خۆیان بەئیرادەی کلینتون گرێدابوو کە بۆ پێشگیری لە بوونی ڕووداو، لەهێزی ئاسمانی، کەلک وەرگرێ-منزوورلە (ڕووداو) عەمەلیاتی هاوبەشی سەدام و بارزانی بوو کە لە ئەوپەڕی مەترسی ودلە هورەی ئەم خەڵکە بەر لە گزنگی بیانی ڕۆژی 31ی ئەوت دەستی پێکرد و بە لەزو تاڵوکە پاشمەنەی نەتەوخوازی کوردی ئێراق وداوای(مەلیکایەتی)تۆفانی چولگەی بەسەرکەوتن، تووشی مەترسی کرد!)
وپاشان(...خۆتێهەڵقوتاندن دژی سەدام حوسین ولایانگری لە هەریەیک لەلایانەکانی کورد(یانی جەلال تالەبانی و بارزانی) شتێک بوو کە سەرکەوتنی لەگەڵ نەبوو: یەکێک گەسکەقوڵەی ئێران و ئەویدی یەکگرتووی ئیراق بوو. لە ماوەی سەرانسەری ساڵی ڕابردو، دەوڵەتی ئامریکا، لە زنجیرە دانیشتنێک کە لە کوردستان و ئیرلەند،ئەنجام درابوو تێکۆشابوو بارزانی و تالەبانی پێکەوە ئاشتی کاتەوە، وسەرکەوتوو نەببوو...)
ئامریکای فەقیر..نەیدەزانی چ بکات، و ئەم کێ بەرکێ و دوژمناتی لە سەرچییە! زارۆک لەم نیوەمابۆوە،بیلاتەشبی پەرژینی بەگۆڵ کەس گووی بەکلاوی نەدەپێوا، چ بکات زۆری پی ناشکێن... دۆستانیش قسەی باشیان بەگوێچکەدا ناچێت...
ڕابردووی ئەو دوژمنایەتی و کێ بەرکێی خوێناوی (یانی کێ بەرکێ ودوژمنایەتی بارزانی و تالەبانی)بۆ ساڵەکانی دەهەی 1960 دەگەڕاوە(جێگای سەرنج سامی عەبدولڕحمان) ئەم دووە پەکیان بە ئەم مەسەلە نەکەوتبوو کە(داکۆکی ئامریکا پەیوەندی بەیەکگرتوویی ئەم هەر دوو ئۆردوگا دەبێت)ئەم دووە، یانی پارتی دێموکراتی بارزانی و یەکیتی نیشتمانی. تالەبانی، ڕاست یان ناڕاست ئاقیدەیان ئەوهابوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەم تێکۆشانەی ئاشتی خوازانەدا،پشتکار واقعیەتی نییە...
بەچ بەڵگە؟ بەم بەڵگەیە کە چەند میلیون دینار بۆ ئاتاجی ودابین کردنی هێزەکانی دیواری،کە هەردوو گروپ قەبووڵیان کردبوو دەستەبەرنەبوو..یانی هێزێک کە لە نێوانی ئەودوو ڕادەوستێت و نەهێڵێت ئەو دووە، ویککەون و یەکدری لەت وپەت کەن! پەنابەرخوا، ئەئەم لایە عەرەبە و ئەولا ئیسرائیل... هیزی دیواری! ئاکامەکە، چوارهەزارکەس لەم هەلاَوبگرو پشیویی و شەڕو لێکدانەی هاوینی 1996 گیانی خۆیان لەدەست دا. کە زۆرتریان خەڵکی ئاسایی ناچەکداربوون،هەزاران کەسی دیکەش لە ماوەی دەورەیەک دوایی وان کوژران،یان تەرەو هەتڵەو ئاوارەو پەرپوە بوون...ئاکامی داواکردوی دوو ڕیبەر:

(داکۆکی لە کوردەکان،لە ڕۆژئاوا، کە سەردەمێک ئیکجارگەرم بە هات و هوت بوو دامرکا، هەنگاوی کوردەکانی ئیڕاق لە(کاڵدورەکانی دەسەڵات)ئیدی پێشوازی لێ نەدەکرا...) وەدەرکەوە، وەدەرکەوە، گۆزل، بەقەوڵی ئاغای دەمیراڵ..لەمە باشتر نەدەبوو! ئێستا بە قەولی ئەم خەڵکەی خۆمان کە بە ئنیسانیان دانانێن،کڵاوتان لە لاتیلاکەدانین و فووی تێکەن و پۆز بفرۆشن، کە ئێمە بووین، کە وامانکرد،ئێمەبووین کە ئابڕوی مللەتمان برد،ئێمە بووین کە ڕێزو حورمەتمان بۆ کەس نەهێشت-ئەگەر ئێمە نەبین ئیشی مللەتە خەراوە، ئیشی گومرگ خەراوە،ئیشی ترۆرو بێ قانوونی خەراوە...خوانەخواستە بۆ خۆتان بێو هەڵسەن هەنگاوێک باوێژن وبگەنە جێگایەک کە بە (مەسڵەحەتی ئیمە) نەبێت...! نووسەری کتێب لە بەر دەوامبون،کۆگای کارەسات لە یەک رستەدا کورت دەکاتەوە:

دەڵێ: جارێک بە هۆی دیپلۆماتێکی ئامریکایی کە لە گەڵ لێژنەیەک بوو کە لەگەڵ کوردەکان(یانی بارزانی وجەلال تاڵەبانی) وتووێژی کردبوو، و لە خۆ بەکەمگرتنی کوردەکان، حەجمینی لێ هەڵگیرابوو بەنهێنی بەوانی گوت: (ئەگەرپێشتر نەمدەزانی کەکوردەکان بۆچ وڵاتی خۆیان نییە،ئیستا تێگەیوم بۆ نیانە.)ئەزقەزا زورکەس دەزانن، جگە(ئاغایان)ی کەلەو سەرو،سەرو، تەشریفیان هەیە وپاڵیانداوەتەوە، ڕووداوی ئاسایی و گشتیش فام ناکەن،درێژی شەپۆلی هەست و هزریان بەدرێژی وشەپۆل گرتوەکانی خەلکەکەیان یەکدی ناخوێنیتەوە ...بوونە، هەرئەو ئەستێرەناسە چێڕۆکێک کە ڕووداوێک لە ئاسمان ڕوویدەدا،دەیدی بەڵام ڕووداوی ناومالّی خۆی نەدەدی!: ئەمانە هەمیشە لە تەشقی ئاسمان دانیشتوونە و چ کاتیش بەرلاقی خۆیان نابینن!

بەڕاست وایە! ئەمن زۆرجار، لەگەڵ لایانگروجامینخوازانی هەردوو گروپ، بوخچەی دڵم کردۆتەوە، هەموویان سەدماشاالله بە تیئۆڕیەکان زۆرباش ئاگادارن، لە حەڕەکەتی ڕووداوی مێژوویی هەن،زوریش بەرزەفڕن،...ئەمما دیسان...ئەمما دیسان چ؟-ئەگەر بە وردی لێدەڕوانی دیسان هەر ئەو چێڕۆکی ئەستێرەناسە: ڕووداوی گواتماڵات بۆ بەوردی شێ دەکەنەوە، لە وردەکاری نەخشەی کاسترۆ ئاگاداریان هەیە، بەڵام بۆخۆی-بۆخۆیان-کە دەگاتێ...وای چەند جوانە دوڕ بڵاوکردنەوەیان؛: قەراریان داناوە، نەخشەی عەمەلیاتی هاوبەشی سەدام و بارزانی لە دەستی بەڕیوەبردندا...بەڵام لەنێو ئەم هات وهۆتە چاپەمەنیەکی پەیوەندار بە حیزبی دموکڕاتی بارزانی بە پاڕانەوە لە وەزیری دەرەوە، و شووڕای ئەمنیەتی نەتەویەتی ئامریکا و(سازمانی سیا) وهەرکەسی دیکەی کە لە واشنگتۆن گوێچکەی ڕاگرتنیان بۆگوێبیسی ئەم بابەتە هەبێت،داوادەکات کە(زەنگی مەترسیەکی دوورلە تەم ومژو ڕوون و ئاشکرا، دژی تەداخولی ئێران، بەدەولّەتی ئێران بدات) ئەم بڵاوکراوەیە داوادەکات کە دەولّەتی ئامریکا بە(ئێڕاقیش لەم بارەوە ئاکاداری بدا)هەڵبەتە ئیکجار دۆستانەو ناخازا-(ئەمە شێوازێکی سەیر بوو،چونکە تاڵەبانی بەهەرحاڵ بەری لە مەڕ ڕێکەوتن و کەینەوبەینەی بارزانی و سەدام حوسین دەیان جار زەنگی مەترسی هەژاند بوو...گۆڤارەکە دەیگوت کە سەقامگیری هێزەکانی ئێڕاق لەمە حیکایەت دەکەن، کە ئیڕاقیەکان حازردەبەن هەتا بە بیانووی ڕوو بەڕوو بوون لە گەڵ ئیران،حاکمیەت و فەرمانڕەوایی خۆیان بە سەرباشووربسەپێنن.) حیزبی دێموکڕات بەئاماژە بەمە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاو، وڵاتانی جیناری ئێڕاق، هەتا حازرنین کارێکی سیاسی دژی ئەم کردەوە ئەنجام بدەن،

ئاگاداری دەکردەوە تەنیا ڕێگا چارەیەک کە مابوو گەڕانەوەی ئێراقیەکان بۆ باشوورە، کە ئیکجارحەزی لێدەکەن، کە شوێن تێکردنی ئێران تەرازبکەن ئەگەر شتێکی ئەوها بقەومێت پارتی دێموکڕاتی کوردستان، پێشگیریان لێناکات)

بارزانی بۆخۆی لەو حەوتوودا لەکاتی گفتووگۆی تەلەیفوونی حەولیدا بەپلترۆ(ڕابرت پلترو دستیارو جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە خاوەری نزیک) قەبووڵ بکات کە ئەم شەڕە، مەسەلەیەکی کوردی نییە کە(بشێت خۆی لێ دوورەپەرێزبکات)-خوا تەمەنی درێژکات هەتا ئێستا خۆی لێکێشابۆوە!-بەڵکووهێرشی ئێرانیەکانە.)گوتی: ئەمن ناتوانم لەبەرامبەرئەم تەوەژمە خۆم ڕابگرم. ئەگەر ئێوەکارێکی نەکەن، ئەمن وێدەچێت لە ئێڕاقیەکان داوای یارمەتی بکەم.!)

بارزانی لەو ڕۆژیدا، (22ئەوت) قاقەزەکی بۆ(جەنابی)سەدام حوسین شاند، (ئەمە تارق عەزیزدەگێڕیتەوە) لەونامەدا لە سەدامی داواکردبوو کە تەداخول بکات و ئەوان لە مەترسی دەرەکی یارمەتی بدات-مەترسی دەرەکی ئیران بوو-( ئەم مەسەلە بۆ زوربەی کوردەکانی ئێراق روون نەبوو کە بارزانی و(هاوڕەزمانی ) هەتا چ ڕادەیەک دواڕۆژی مەسەلەکەیان هەڵسەنگاندبوو یان بەڕێکەوت چ چاخ ئەم بڕیارە نەحسەیان گرتبوو. ئەمەی ڕوون و لە بەر چاوبوو پارتی دێموکراتی کوردستان، بە ئاشکرا پلترۆی فریودا، ئەوی بردەلەندن و لە دانیشتنی 3ی ئەوت بەشداریکرد وبە دۆزۆ کەڵەک، چاوپێکەوتنی بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ وی دانا،-لەحاڵێکدا لە بەر بیرو بۆچونداببوو عەمەلیاتی هەولێر هەرئەوڕۆژی دەست پێبکات...(!)بەڵام هەتا ئەگەربڵێم کەواشنگتۆن زەنگی خەتەری حیزبی دێموکڕاتی موعتەبەر نەزانیوە،دیسان دەوڵەتی ئامریکا بە هۆی وێنەکانی ئاسمانی و ماوارەیی کە هەموو ڕۆژێ لە نشتەجێ بوونی ئێراق،وەردەگرت،نەیدەتوانی چ بیانوێک بێنێتەوە.) پێمخوش بوو هات...بەڕاستی دەستت نەڕزێ!...بەڵێ، قوربان،گۆرانێک کە هەوای بدزێ، گۆرانە. جەنابی ئامریکا ئیجازە بدە،بڵا جارەکیش ئەتۆ بەفریووبچی،خۆ نابێ هەرئەتۆ گزەبکەی...بخۆ نۆشی گیانت...

...(بەڵام بۆ تێگەیشتنی هۆکارکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پارتی(بۆ دەستپێکردن بەم کارە)وێدەچوو سانایی ترین شۆڵ ئەمەبێت کە بڵێم بارزانی ئەوەندە کە (لەتاڵەبانی بێزی هەڵدەستاو دەسڵەمیەوە)لە سەدام حوسین مەترسی نەبوو...)باشە، حەقی خۆیەتی! سەدام حوسین چی لەگەڵ تۆکردوە؟...ڕاستە،بابتی بە ناسۆران کوشتوە،براکانی کوشتووی،کەس و کاری لە ناو بردووی،عەشیرەتەکەی بێ ئابرو کردوی،بارزانی کوتاوە بەڵام بۆخۆت...بەخۆت لە گوڵ کاڵتری نەگوتوە-لە حاڵێکدا ئەم ئاغایە دەڵێ: (ڕابە بڕوسیپاڵانت هەڵگرە، بائەمن لە جێگات دانیشم!) قسەکەی دەبیسی! ئەوکات چاوەنوارِی کە ئەمن لاڵ وکەڕ دانیشم وهیچ نەڵیم، پاشەوپاش سێرەی بدەمێ!...بڕوکاکە بڕۆ ئەو حیکایەتانە بۆ من مەخوێنەوە بڕۆ وەدوای کاری خۆت کەوە!

لە دوایی وی،بنوارە متەڵوکەکانی!...(بارزانی دەبێ هەولێرێ لە ناو دووچاوی دووربین داببینێ! ئێستا دەزانین...) لەو نێوەدا خەڵکی هەژار لە قولینچکێک دانیشتووە،دەردی برسیایەتی دەچێژێ،خەم و کول هەڵدەوێزی دەکاتە ماشەروگڵۆڵە وبەقەولی گۆیەندەی تەلەفزیونی دوو گروپ دوعا بۆگیانی ڕێبەران دەکەن...ئەی زەمانە!

(...سەدام هەتا پاش نێوەڕۆی ڕۆژی ئەوڵی عەمەلیات، بە سانایی و بێ ڕوو بە ڕوو بوون بە بەرەکانی شەڕیکی ئەوها، ئامانجەکانی گرنگی خۆی پێکا): ئاڵای ئێراقی لە سەربانی عیمارەتی پەرڵەمانی دەوڵەتی ناوچەیی و بنکەی ڕادیۆ تەلەفزیون لە هەولێر هەڵدا.(پارتی دێموکراتی کوردستان لە ژێرسێبەری ئاگری بەعسیەکانی ئێراقی دەستی بەهێرش کرد، و هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کە پۆشتە بەچەکی سووک بوون، بەربەرەکانیەکی ئەوتۆیان بۆ نەکرا، تەفروتوناکرد...)

پۆختەی وتە، سەدام حوسین بە سەلامەتی،ئۆپۆزسیونی ئیراقی کە کۆگایەکی تێکەڵاو بریتی لە : عارەب و شێعەو ئاشۆری و تورکمان گروپەکانی دیکە، کە(سیا) خەرجی بەرێچوونی دابین دەکردن،

تێک وەرپێچا، واحدەکانی ئێراقی مەقەڕی ئۆپۆزسیون، کە لە هەولێر، لە گەڕەکی دانیشتوانی مەسیحی بەناوی (ئانکاوا)بوو سەرو ژورکرد، تاقمەیەکیان گرتن دەستەیەکیان دەست بەجێ ئیعدام کردن،بەلاّم شوکری خوای (سازمانی سیا) بە وەخت کارگێڕانی خۆی لە ناوچە وەدەرنابوو،بەلاّم بەداخەوە بە هۆی دەست تێگهالاّن هێندێک کەل وپولی (ئالکترونیکی گرنگ و پڕبایەخ)لە گەڵ دەوسیەکانی پەیوەندار بە ئۆپۆزسیون بەجێهێشتوو...
پەنا بەرخوا!(سەدان کەس لە شەڕکەرانی ئۆپۆزسیون، کە زوربەیان ئەو ئەفسەرو سەربازانەبوون، کە ڕیزی ئەڕتشیان بەجێهێشتبوو هاتبوونە پاڵ ئۆپۆزسیون، و دەیانزانی کەناتوانن چ چاوەنواڕیەکی ڕوحم و چاو پۆشیان لە سەدام حوسین هەبێت،مێرانە جەنگین و گیانیان فیدای ئامانجەکانیان کرد، یان گیران ودەست وجی ئیعدام کران،یان خرانەزیندان،هەتا لە پاشەڕۆژ دوایی جەزرەبەو ئەشکەنجە ئیعدام بکرێن...)
لەم نێوەدا سەرۆکانی پارتی دیموکڕاتی کوردستان هەروا سمێڵ گشت دەکەن، پۆزو ئیفادە دەفرۆشن و لەوکردەوە ناجوامێرانە لەگەڵ هاپەیمانەکانیان بەقەت پەڕی کایەک هەست بەشەرم خەجاڵەتی ناکەن...کەس گوێچکەی پێ نابزوێ-کەسێکیش گۆیا بارزانی یان تاڵەبانی سەرکۆنەنەکرد کە ئەمە چ ئابڕوبردنێک بوو کە وەڕێتان خست،بۆچ حەیای ئەوملـلەتەتان لەهیچ وخۆڕای برد؟ کەسێک نەیگوت ئاخر لەکوێی مێژوو ئەم نەتەوەیە بینیتانە کە خانەخوێ لەگەڵ میوانەکانی ئەمجۆرە هەلس وکەوتی کردبێت؟! کەسێک حیسابی ئەمشتانەی بەحیسابی کەسیتک دانەنا-بارزانی هەروابارزانی ماوە، وتاڵەبانێ هەروا تاڵەبانێ!...ڕێبەران بە فورمی بەرێ لە پێش دوربینی تەلەفزیونەکان خۆیان دەنواند،هەروا بۆ یەکتریان خەت دەکێشا...لەو نێوەدا-نە مەجلیسی سەنا، نە ڕۆژنامەیەک نەکۆمیتەیەک لە دەوڵەتی ئامریکا پرسیاری نەکرد کە حەزرەتی ئاغا ئەتۆ کە24کات ژمێربەرلە ئەم ڕوداوە، لێژنەیەکی بیست کەسیت لە لای مەسعودهەبوو، بۆچ غافڵگیربووی و ئەوکەل و پەل و ئامرازی ئالکترونیکی بەبایەخ لەگەڵ دەوسیەکانی ئۆپۆزسیون بۆ سەدام (بەجێهێشت!... وەگەمەی زارۆکان دەچێ...بەگشتی دەڵیی لەگەڵ تاقمەیەک کویر گەمە دەکەن...با وەرقی بنوشتوێنینەوە وازی لێبێنین...
باشە، یادیک لە برادەرانمان بکەین: چ بوون چیان کرد لەگەڵ براکانیان، چ دژکردەوەیەک لە بەرامبەر تەنگەژی براکانیان لەخۆدەربڕی!
لە ڕابردووی دوورو شەڕی چاڵدڕان گەمەی شاسمایل و ئەوانیتر لادەدین و دەگەڕینەوە سەردەمی نزیکتر: شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی ئاڕاڕات: لە دوایی تێکشکانی شۆڕشی ساڵی 1925(1304) شێخ سەعیدپیران،شۆڕشی ئاگری دەبەرخۆی دەگری. تورکیە گەلیک جارحەول و تەقەلای داوە ڕاپەڕینەکەی تێک بشکێنێت، بۆی نالواوەو سەرکەوتوو نەبووە. تورکیە داواکاری ئەوەیە کە ئیران لە سەرکوتی ئەم شۆڕشی کورد یارمەتی بدات...
بە پیی ڕێوو ڕەسم، لە ئیران ئەوچاخیش دوو شێووازو بۆچوون و هزرو بیرلێکردنەوە،سەبارەت بە چۆنیەتی لێکدانەوە لەگەڵ (برایانی کورد)لە گۆڕێدا جەستەی هەبوو(بەپێی عادەت) لە ئاکامدا ئەو بۆچوونەی کە دژایەتی یارمەتیدان بەبرایانەو داکۆکی و یاریدەری بە دوژمنی(براکانیانە) سەرکەوتوو دەبێت.
یەکێک لە یەکەمین کەسانێک کە بە قازاج بوونی (حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی)لە ناو زگی عوسمانی هەست پێدەکات،نەمر دکتۆرمەحموود ئەفشارە. ئەو لە اردیبهشت ی- ساڵی 1305(1926)بەسەرسوڕمانی لەخوشحاڵی درۆدەلەسەی چاپەمەنیەکانی تاران، لە مەڕ گریدانی

بەڵێننامەی نیوان ئیران وتورکیە،بە هێنانەگوڕی داوای (پان تورانی تورکیە) بوخچەی مەسەلەی کورد دەکاتەوە. لە وتارێکی دیکە پێشتر یانی لە تیرمانگی 1304ـەرلە بەستنی پەیماننامەی (وەدایە وتامینتە)ئیران وتورکیە نووسیبووی پەنجەی بۆ ڕاداشتبوو کە (بێتوو لەکاربۆکردن بۆ هێنانە دی پەیوەندیەکانی فەرهەنگی و ئابووری مەڵبەندەکانی کوردنشینی ئیران وناو وڵات خەباتێکی بەرفراوان و پان و بەرین بێتەکایە(...ئەوکات بۆ ئێمە چ زەرەزی نابێ ئەگەر ڕۆژێک کوردستانی عوسمانی سەربەخۆ بێت، و لە نیوان ئێمەو دەوڵەتێکی چکۆڵەی ڕەچەڵە ئێرانی لەو سنوورو نێوانەدا پێکبێت. هەربەم شێوەیە دەوڵەتی ئەرمەنستان لە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئێمە کە کۆنگرەی ئاشتی(پاریس) لە بیروبۆچوونی دابوو،ئێمە بەتەواوی لە عوسمانی جیادەکردو هەتا ڕادەیەک لە مەترسی زەرد ڕزگاردەکرد...)
و ئەمە هەڵکڕاندنێکە، کە ئاوینەی باڵانوێنی وی،دەچاودا هەبوو، یەکەمین سازمانی کوردی باکووری(عوسمانی)دەبینین: یانی(جەمعیەتی تەعالی کوردستان)کەلە1908لەدوایی ئینقلابی تورکانی لاو، پێکهاتووە ولە مەڕامنامەی ئەم جەمعیەتە دەخوێنینەوە:...
تێبینی:----------------------------------------
1-گۆڤاری دوارۆژ(دەورەی ئەوەل)ژمارەی ئەوڵ تیرمانگی 1304لاپەڕەی 26بەگێڕانەوە لەلاپەڕەی 68کتێبی شۆڕشی کوردەکانی تورکیە، وکارتیکردن وی لە سەر پەیوەندی دەرەوەی ئیران 1310-1307 نووسینی کاوە بیات.

------------------------------------------------------------

3-لەدوای شەڕی گشتی شکڵ وشمایلی جوغرافیایی وسنووری سیاسی ئێمە جۆرێکی لێهاتووە کە سەردەمدارانی حکوومەتی ئێستای تورکیە کە بۆ بیانی دەشوغلن،زور زێدەتر دەست لە ئیشی ئێمە وەردەدەن، بەڕادەیەک کەلە کارەکانی ناوماڵی ئێمەش تەداخول دەکەن،و ئاوازەی تورانی نوێ لێدەدەن و جاماوەری ئێمە کە ئەم جۆرە ئاکارانە جگە لە ئیدارەی تورکەکانی دیوە،چارەنووسی خۆی وەدەست گرتووە،تایبەت ئەم ئەرکەی گرنگ و ویژدانیەی بۆ وی قەبووڵ کردوە کەکوردەکان بە هۆی نەزانی دەمارگرژی خۆیان، دەستخەرۆی ئاوازەی نەیارنەبن، ئێمەهیوادارین کەمللەتی ڕەسەنی ڕۆژهەڵات نزیک بەتێکڕایی وملەتی نەجیبی ئیران کەهەزارساڵە بەژێهاتوویی و لێزانی وڵاتی خۆیان بەڕیوەبردوە،بە تایبەت بۆ ئەم هەڵویستەی ئێمە ڕێزدابنێن...
4-ئێمەمللەتی کورد کەلەچاوگەی خاڵی جوغرافیایی وسیاسی وئابووری ناوچەیەکی ئیکجارگرنگ وبەرفرەوانمان داگرتووە، بە ناوی قازانجی ڕۆژهەڵات بۆلای ئیران کەلەگەڵ یەکتر هاو ڕەچەڵە و هاودین و براین، دەستی دوستایەتی ومحیبەت درێژ کردوە هیواداریەکی تەواومان پێی هەیە کە ئەویش دەستی ئێمە بە ئیحترامەوە بکوشی پێشوازی لەو دەستپێشخەریەی ئێمە بکات...
6-بیتوو نەتەوەی نەجیب وحکوومەتی مەزنی ئیران سەبارەت بە نەتەوەی کورد لایانی دۆستایەتی و محیبەت و ئاریکاری نیشان بدات، خەڵکی کورد کە تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی خۆی بەڕیوە بردوە، دەشێت بە ئێران، کە لە وەی بەتورکان نزیکترو هاو ڕەچەڵەن،دۆستێکی بە وەفاو خۆ بەختکەربێت، چ لە دەرەوە،یان ژوری ئێران.
7-(جەمعیەتی تەعالی کوردستان) بیتوولەم کارە خێرەدا، سەرکەوتوو بە دەست بێنێت،خۆی زۆربەخۆشبەخت دەزانێ، و ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو،دەتوانی بێژێ: لە پێشگای مێژووی(ئینسانی)ئەرکی خۆی ناسیوە بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتن وەدەست بێنیت وبەم جۆرەخۆی بێتاوان دەزانێت،-(کاوەبیات، شۆرشی کوردەکانی تورکیە لاپەڕەی 200-199 -

یەکی دیکە لەگەورەپیاوانی ڕۆشنبیرو ئاگادار بەپەیوەندی ئێران وعوسمانی وچلۆنایەتی ناوچە، نەسروڵڵاخان ئیعتلاالملک خەلعەتبەری حاکم وحوکمڕانی کوردستانە. ئەو لەڕاپۆرتێکی تێروتەسەل کەلەسنە(سەنەندەج)بۆ تاران دەنێرێ،بەلاق قرساندن لە مەڕ فەرهەنگ و ڕەچەڵەی ئێرانیان وکوردەکان پێشنیاروڕاسپاردەی بەرفرەوان بۆتاران دەکات. چونکەبەئاقیدەو بۆچوونی وی (بێگومان بێتوو بەجۆرەناهومێدیە بمێنیتەوە، لە چاخی خویدا بە بچوکترین دەنگێک، هاودەنگ دەبێن. بەپێ سیاسەت لەگەڵ ولایەتێکی ئەوها دەبێ بەتەواوی بەمدارا ڕەفتاربکرێت و ئەوان تێبگەیێنن کە ڕەچەڵەی کوردی ئیرانی وخوینی وان،خوینی ئێرانی، وسەقامگیری وان لەخاکی ئێران، ودەڵەت بۆ باشتربوونی ژیانی وان، لە چ ئیمکانێک دەست ناگێڕیتەوە...)نەسروڵڵاخان لە کاتی کارگێڕی دەوڵەت لە ورمێ،ش لە ڕاپۆرتێک ڕیکەوت اردیبهشت 1305 دەنووسی: (چونکە دەوڵەتی تورکیە ئەوەی تێدا قەراری گرتووە،سەبارەت بە کوردەکان ناهومێدی وەدەست هێناوە، و بە باشی هەلیسەنگاندوە کە هەنۆ کە کوردەکان سەبارەت بەدەوڵەتی تورکیە دژی ئێران ئاگادارن،مەعموورینی تورکیە بەڕاستی لە بەر ئەمەدان کە بە هەر لەونێکی لە کردن هاتوو دەوڵەتی ئێرانێش ئەومامەلە لەگەڵ کوردەکان بکات، کە لەم بارەوە خەیالیان ئاسودەو لە بەرەو پێش چوونی سیاسەتی ئێران بە زەرەری کوردەکان جڵەوی بگرێت.)

(لەڕاستیدا وا وەبەرچاو دەکەوێ کە هەرنەبێ بەشێک لەخاوەن نەزەرانی ئەم سەردەمە و بەرپرسانی وڵات بە لێروانین و هەڵسانگاندنی گۆڕانکاری بەرێ، مەسەلەی کوردان، نەک تەنیا لە خاڵی کزولاواز بە حیساب بێنن بەڵکوو لەکردنی هاتنی گۆڕینی وی بە خاڵیکی بە دەسەڵاتی ناوچەییش بەدوور نەزانن.)

و دورستیان فکر لێدەکرد: سەرهەڵبڕن حیزبی پێکهاتوو بەناوی(خویبوون) بەمانای(سەربەخۆیی)یەکێک لە ڕیشەی بنەڕەتی ئەم حیزبە بەوجودهێنانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەت و مللەتی برا،ئیرانە،(ماددەی 5)ی ئەم حیزبە کە شۆڕشی ئاڕاڕات ڕێبەری دەکات. دەوڵەتەکان پارەو هێزومێشک لە کاردەکەن،کات دەسووتێنن هەتا گروپیکی هاودەنگ لەناو وڵات ڕەخنەگر لە گەڵ سیاسەتی خۆیان بەهاوکاری بانگهیشتن بکەن، دەوڵەت و مللەتی ئێران بی زایع کردنی پارە، هێزێکی یەکیەتی هەیە،هاو ڕەچەڵە، بەناوی کورد، لە تورکیەو لە ئێڕاق، کە خۆیان بە ئێرانی دەزانن و بە ئێرانی بوونی خۆیان فەخردەکەن و سەربەرزن،و لە بەرامبەر فەرهەنگەکانی تورکی و سامی بەدانی تەلفیاتێ ماڵی وئینسانی زور لەفەرهەنگەکانی ئێران بەرگریان کردوەو دەکەن..ئەوکات دەبینی دەوڵەتی ئێران دوو دڵە، نازانێ لەگەڵ ئەو هانیژادو هاوڕەچەڵانەچلۆن بجۆڵیتەوە و ڕەفتاربکات،. بێ لێبڕانەوە کارگێرانێک لە سەکاربوونە، کە نەهێڵن دژکردەوەی باش بنوێندرێ،چونکە کاتێ شک ودوو دڵی لەخۆ دوور دەکات، دەبینی بە زەرەری (برایان) بەیەقین گەیوە! لە بارەی داواکاری تورکیە لە پەیوەندی سەرکوتکردنی شۆڕشی ئاگری پەرسف دەداتەوە: (بەپێچەوانەی سوتانی کات،دوایین تێکۆشانی خۆی وەگردەخات کەلە لای کوردەکانی ئێران، بە شۆرشیان یارمەتی نەکرێت و(تێدەکۆشی عەشایەرەکانی نشتەجێ لە تخووب لە جەغزی سنوور دوور بکاتەوە یانی لە زۆزان بۆ ئارانیان بگوێزیتەوە!: (عافەرین، خودا لەبرایەتی کەمت نەکات!

و ئەمە لە حاڵیکدا کە ئەم دەوڵەتی مەزن ڕستەیەک کە لە ناو خاکی خۆی لەسەردەرانەی کۆنسۆلگەری تورکیە نوسراوە، دەبینی: (تورک زوانان لەسەر هەرد،یەکیەتی.!)ئەوکات(ئەم دەوڵەتی مەزن، خەجالەت دەیگرێ بڵێت: کوردەکانی وێ بە ڕەچەڵە ئێرانین!) کوردەکانی خوی لێک بڵاو دەکات، لەحاڵێکدا ئەگەر بە قانوونی ئەخلاقی ئینسانی لە گەزبدێین وبەحوکمی هەرسیاسەت لە

چۆرتی دەبێین، ئێران دەبێ ومافی خۆیەتی لە نەتەوەی کورد لەهەرکوێ بن داکۆکی بکات،ئەدی نابینی کە تورکیە هەر تورکیک، لە هەرجێگایەکی ئەم دونیایە- بە هاو ڕەچەڵەی خۆی دەزانی ولەوان بانگهێشتن بەیەکگرتوویی دەکات،لە زانستگاکای پشکە بەشیی منداڵەکانیان بۆ دابین دەکات...بەڵێ هەتا بۆ ئازەربایجانەکانی ئێمە)!...ودەبینی کە لە سۆنگەی هێندێک تورک،بۆ دورگەی یۆنانی قبریس لەشکرکێشی دەکات،وبەلاٌم ئێران نابێ بڵێ: کە ئەمانە ئیرانین و لە مافی وان لە نێو نەتەوەیی بەرگری بکات؟

خولاٌسە شانامە بەقەولی پێشینیان کۆتایەکەی چ خۆش نییە-ئاخافتن لە زوڵم و خەیانەتە: خەیانەتی برا، بەبرای...گوێچکە لەم قسە هەڵخەین:

جەنابی محەمەدخان فروغی، مامۆستای گەورەی فراماسونری، لە ڕاپۆرتی ڕیکەوت 2ی ئازەری 1306ی خۆی ڕێگا چارەکانی پێشنیاری بەمجۆرە بوخچە دەکاتەوە ودەفەرموون(ئێستا سەر کۆنسۆلگەریە، و مەعمووری و تووێژ لەگەڵ تورکەکان.) مەسەلەی کوردەکان لێرە زۆر لەوی زێدەترە کە ئێمە لێکی دەدینەوە، گرنگایەتی هەیە! تورکەکان ناهاوڕەچەڵەیی مللەت،یانی یونانیەکان وئەرمنیەکان سرب وبلٌغار وعەڕەبی بەماکەی چارەڕەشی خۆیان لە رابردوو لێکداوەتەوەو، و تێکۆکشان لە دووبارە بوونەوەی ئەم بەلاٌیە لەژیانی تازەیان بزانن...صرب وبلٌغار وعەڕەب لە دەستان دەرچووە...ئەرمنیان لە تورکیە تەواوکردوە،یۆنانیەکانیان هەموو دەرکردن، و ڕاودەنین...)هەتاکووسێ ساڵ پێش (لەنەکاو دوچاری بەلاٌی جوابجەنگی شێخ سعید بوون، ئەومەقۆیە ئیکجارگرنگ بوو جەستەی تورکیەی تەقریبەن خستە مەترسی... وپاشان...(تۆوی لەقی کوردستانی سەربەخۆ، ئینگلیزیەکان لە مێشکی کوردانیان داشکاند،دڵی تورکیەی خستۆتەدڵەخورپە ، وهەڵبەتە ئێمەش دەبێ وەکوئەوان نیگەران بین،بەلاٌم بە داخەوە تورکیە لە جیاتی ئەوە لەگەڵ ئێمە هاودەردبێت ئێمە بەنەیاری خۆی دەزانیت! یانی لە لایەک وەکوو ڕووسەکان یان بە لاساکردنەوە لەوان، ئێران بە هاودەستی ئینگلیز دادەنین،لەلایەکی دیکە لە تووویژێک کە لە تاران لەگەڵ مەمدوح شەوکەت بەگ، کرا،وا تێگەیشتوون کە ئێمە دەمانەوەێ ناوچەیەکی کوردنشین نێوان ئیران وتورک پێکبێنین...) نا...خوانەکات! چ فەرمایشێکی دەفەرمووی!

ئەنگۆ بەخوا!! دەبینین مامۆستا فراماسونی! (تۆوی لەقی سەربەخۆیی...) جەنابی فروغی، مامۆستای مەزنی فراماسونری، پێیخۆشە، دڵی دیەوێ، ئەمنی کورد لە تورکیە بلٌێم: کوردنیم، ئیرانی نیم-تورکم، لە ئیراق بێژم عەڕەبم...هەڵبەتە وسەت هەڵبەتە ئێمەش دەبێ وەکوو ئەوان،بکەوینە دڵەڕاوکە!- بۆچی؟ ...ئەمەی ئیدی مامۆستا ومامۆستایان ومامۆستا دەزانن، ئەمنی ئیرانی دڵەڕاوکەو نیگەرانێک ئەگەر هەست پێ بکەم سەبارەت بە قەبوولکردنی دەوڵەتی ئیران لە بەرامبەر(ئەو زوڵمانەیە،کە لەگەڵ ئەو هانیژادەی دەکرێ،ئەگەرهەست بە مەترسێک بکەم لەمەڕچاوی تەماحێکە کە تورکیە بە بەشێک لە زێدی منی بڕیووە، ئەگەر خەمێک هەست پێبکەم –لەم بارەوەیە کە مامۆستای مەزن،کونی دوعایان ون کردوە...!

بەلاٌم تەنگەژە شتێکی دیکەیە- بەدبەختانە لە بۆ ئاغای فروغی ئی وەکوو ئەو...

(ئامانجی بەڕاستی ئەوان(تورکەکان)لە گرێدانی بەڵێننامە لەگەڵ(ئێران)ئەوەبوو کە (بەیارمەتی ئیران لە بەلاٌی کوردان ڕزگاربن کە بە هۆی جەستەی کوردان، لەوهەموو زەحمەتەی کە بۆ پێکهێنانی تورکیەکی نوێ، بەتاڵ لە بیانی کێشاویانە، بە خوڕایی نەڕوا. چونکە کە کوردیان نەوەک ئەرمنی دەتوانین لە ڕەگ وڕێشەی دەرێنن، نە وەک یۆنانیەکان دەشێن دەریانپەڕێنن... جەماوەرێکی زۆرە،چی لەگەڵ ناکرێت (خەجاڵەت دەکیشن بفەرموون بەداخەوە!) بەلاٌم بۆ ئەوە کە ئیدی هەمیشە

مەجبوورنەبن،قۆشەنێکی زۆر لەوێ نشتەجێ کەن. پارەیەکی زافی بۆ سەرف کەن، پێیانخۆشە بەیارمەتی ئێران بەخۆشی بەم بەڵایە کۆتایی بێنن(یانی بەشۆڕشی ئاگری) ئەو التیماتومەی کە بە دەوڵەتی ئێرانیان دا،لەژێر شوێن تێکەری ئەم ئاقیدە و لێکدانەوە بوو...) دەنا،نا برایەتی لە جێی خۆی هەرماوە!
ئەمە شێوەبووچوون و لێکدانەوە بەسەرداچوونەوەی هزرو فکرو ئەندیشەی ڕۆشنبیرو دیپلۆماتێکی ئیرانە..شێوەلێکدانەووی برایەک، کە بە یارمەتی وی بەخواستی خوا،(بەخوشی وبێ دەردەسەر بەم بەڵایە(یانی بەژیانی ئەم برایە) کۆتایی بێنن!)
لە ئاکامدا برایان ئەوایان کرد، برایان بەخۆشحاڵی دوژمن لە ناوبرد، ئەم جارەش براکوژی وەکوو هەمیشە کاری خۆیکرد... ڕاپەرینی ئاگری بە داکۆکی و ئاریکاری برا لەگەڵ دوژمن کۆتایی پێهات:
(لە پشتەوەی سەرلەسنووری ئیرانبەپێچەوانەی چاوەنوار،سەرەتا دەنگی تۆپ،دوایی ڕەگباری پیادەنیزام ورەشاش ومەترالوزبڵیندبوو)
(لە سەرتا، کوردەکان وایان فکر دەکردەوە،داخوا شتێک قەماوە..بەڵام لە ماوەیەکی کورت دا،روون بۆوە، کەلەگەڵ قۆشەنی تورکیە ڕوو بەڕوو دەبن،و تورکەکان بە ڕەزامەندی بەرپرسانی ئیرانی لەلای (بولاغباشی)بۆ لای بەرزایەکانی قۆزلو..بەرەوپێش دەچن.) لە راستیدا تورکەکان) لەپشتەوی کوردەکان،ئاخرین خاڵی پاشەکشەی وانیان داگیرکردبوو و بە پەلاماری پەیتا پەیتا، سەرکەوتوو بەداگیرکردنی قیتەکی (ئاغری،ئاگری) چووکە بوون.) ودوایی تورکەکان بەپیی پەیماننامەیەک،بوون بە خاوەنی ئاگری بچووک، بەلوتفی برایانی وەک فروغی!
چ ببێژم...چاولەهەرکوێ دەکەم،بۆ هەرلایەک دەسوڕێم دەردە، کولە،خەمە،دەردی نەزانینی خەیانەت...مەگین وەکوو ئەو مرۆڤی چێڕۆکی لە قوڵایی دڵم بڵێم (ئاخ!) کارێکم لەدەست نایە! دەگێرنەوە دەڵێن: کابرایەکیان بەردەباران دەکرد،بەردی چووکەو گەورەیان ڕێدەهاڵاندو لەسەروکەللەیان دەدا، نەیدەگوت ئاخ نەیدەگوت ئۆف! سندەگڵەکی گچکەی ویکەوت گوتی(ئاخ) – هاواری لێ بڵیندبوو..گوتیان ئەوهەموو بەردەت وێکەوت دەنگت دەرنەبڕی، ئاخ وئۆفت نەگوت ، بۆچ بەو سندەگڵە ورەت تێکشا؟ کابراگوتی: (پرسیارم لی مەکەن دەردم گرانە،..ئەم سەندیە لە دەست دۆست دابوو...!)
چون نیک نظرکرد پڕ خویش برآن دید—گفتا ز کە نالیم کە از ماست کە برماست.

---

خەریتەکانی کوردستانی گەورە-

1-کوردستان: مەڵبەندو جێگایەکانی گرنگ..................
2-بڵاوبوونەوەی جەماوەری کورد لە تورکیە وئێران................
3-تایفە و قەبیلەی گەورەی کورد ....................................
4-زوانەکانی کوردی...............................................

5-موافیقەتنامەی سایکس پیکۆ 1916 ..............................
6-قانوونی خوودموختاری ساڵی 1974 ..............................
7-دەڤەری خودموختاری کورد ........................................

---

سەرچاوەکان

لە زوربەی پاژەکان لە زۆرکتیب کەلک وەرگیراوە، لەجیاتی وەبیرهێنانەوەی چەندجارەکی، لە پیرستی سەرچاوە، ناوی ئەم کتێبانە لە خوارەوە دێنین:

بڵاوبۆوە:

مارتین وان بروئن سن،ئاغاو شێخ ودەڵەت: بنچینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان(لەندەن، 1992)

-ژرارشالیان،خەلکی بێ دەوڵەت: کوردەکان وکوردستان(لەندەن، 1980)
-عەبدولڕحمان قاسملوو،کوردستان و کوردەکان(پڕاک ولەندەن،1965-کریس کۆچرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد(پاریس 1979)-بازیل نیکتین، کوردەکان لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ومێژوویی(پاریس،1956) -آرشاک سفراستان، کوردەکان وکوردستان(لەندەن 1947)-محەمەدئەمین زەکی، خلاسەتاریخ الکراد،جلد1.من اقدمالعصورالٌتاریخیەحتێالئان (قاهیرە1939، بیروت1961(لەنەدن1986)وجلد2تاریخ الدول ولامارات الکوردیە فیالعهدالاسلامیە (قاهرە،1948/لەندەن،1986)

بڵاوکراوە:
-وادی جویدە،(بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد: مبادی ورِشد وتکامل آن) پایان نامەدکتری، سیراکوز،1960)

------------------------------------------------------------

جێگا خەریتەی کوردستان

--------------------------------

سوپاسگوزاری

نووسینی ئەم کتێبە زووترلە وەی کە لە سەرتا،بیرم لێکردبۆوە تەواوبو، زۆرتر بەم هۆیەوەبوو کە خۆم لە نێو، تۆژینەوەی تەژی لە بەڵگەو دیکۆمەندی(ئیدارەی ئارشێوەکانی گشتی) نوقم دی. لە ئاکامدا دەبی بڵێم خۆم بە دەینداری ئاریکاری گەلێک لەو بنکە و ئارشیوانەو کارگیرانیان دەزانم: ئارشیوەکان گشتی، کتیبخانەی دیوانی هند، کتیبخانەی بریتانیا، کتێبخانەی لەندەن،انستیتۆی کورد،ناوەندی ئیتلاعاتی کورد، ناوەندی ڕێنوێنی کورد،ناوەندی فەرهەنگی کورد،یەکیەتی کرێکارانی کورد، قوتابخانەی متالاّیی خاوەرمیانە وئەفریقا، کتیبخانەی چاتهام هاوس پرس، وکتیبخانەکانی ڕووتێکردنم لەڕیچموند، کارگێڕانی هەموو ئارشیوەکان وکتیبخانەکان وناوەندیەکان لە ڕادە بەدەر ئاریکاریان فەرموو ئەمن پڕبەدڵ سوپاسیان دەکەم.
چونکە هەر تۆژێنەرێک دەزانێ هیچ شتێک جێگای ڕێنوێنی و ئاگاداری ئەوکەسانە ناگریتەوە، کە بۆخۆیان لەم بەستێنە یان لە بەستێنی تر لێکۆڵینەوەیان کردوە. چ لە کوردستان و چ لە ئوروپا،لە کەسانیک لە مەڕ ماسەلەی کورد زانیاری و ئەزموونێکیان هەبووە، جگە لە ئاریکاری هاوهەنگاوی شتێکی دیکەم نەدی. ئەم گروپە کەسانە لە بەردەگرێ کە هەڵە و سهوو لێکدانەوەی خوارو خێجی منیان ڕاست کردنەوە،زورشتیان بۆ هەلاجی کردم ، هەتا بابەتی ناڕون و حاسێ و ناڕوونیان بۆ شیکردمەوە. ئەگەر بە هۆی لە بیرچوون یان بێ مبالاتی کەمتەرخەمی ناوی کەس و کەسانێک لەم پیرستە لە پێنووس کەوتووە، داوای لێبوردنیان لێدەکەم. لە مەڕ تورکیە لە ترسی تۆڵەلێکردنەی حکوومەت، بە ئەنقەست ئەوهام کردوە-لەهیچ کەسم ناو نەبردوە! بەلاّم ناوی دیکە هەنە کە دەتوانم بێ هەست بەمەترسی بیاندرکێنم،چونکە خاوەنەکانیان پێشتر (سزایان) کیشاوە: موسا ئەنتەرو مەدد سەرحەد، هەردوو بەڕیژە لەسالەکانی 1993،1994،بە تۆمەتی بیروبۆچوون و نەزەریاتی خۆیان کوژراون،سەرحەد بوجاک وعیسمەت ئەمشت،کە بە ڕێژە لە ساڵەکانی 1994-1993تەقەیان لێکرا پەنابەری بریتانیا بوون، سمایل بشیکچی، ئینسانناس وناوبەدەرو دەنگینی تورک، کە خۆڕاگری جوامێری لە مەڕ ناسنامەو مافی چارەنووسی کورد،بوو بە هۆی بە سەرداسەپاندنی مەحکوومەیەتێکی قورسی دیکەی،و خەتیبی دەجلە، کە بە هۆی کردەوەی حەق وئەرکی ئازادی ئاخافتتن-ئەویش لە دیموکڕاسییەک،-پارێزراوەی پەڕلەمانی باتل کراو لە دسامبەری 1994بە15ساڵ زیندان مەحکووم کرا.
ئەوانەی کە دەتوانم ناویان بەرم بریتین لە : سامی عەبدولڕحمان، برایم ئەحمەد،دلاوەرعەلائەدین، حەمەعەلی، نوشیروان مستەفائەمین،سەربەست ئارام، سدات ئابیار، مایابالجیوگلو-برسیلی،سیامەند بەنا، کەریمخان برادۆستی، مەسعودبارزانی، محەمەد سمایل بڵباس،حمیدبوزئەرسەلان، مارتین وان بروئن سن،سامی جوشکوم، کەماڵ داودی، محەمەدعەلی دیکردم،شیروان دزەیی،ڕیبوارفەتاح،حەسەن قازی،تام هاورد-فورسایت،سەلاح ئەدین حفیز، محەمەدهاوار، مستەفاهیجری،حین هووارد،زیبامیرحوسینی،شیخ عیزەئەدین حوسینی،کامڕان قەرەداغی، فوادمەعسووم، مرادمەتین،دلشاد میران،عەولاّموهتەدی،عەدنان مفتی،عادل مراد، هوشمەند عوسمان، مەحمودعوسمان،سیامەند عوسمان، ئەندەرۆپنی،لەتیف ڕەشید،خەلیل وحەیدەرڕەشیدیان،کاوە و بەیان ڕزانیژاد، مەنسوور سەجادی،بەرهەم سالح، ئیستلایەشمەت، داوید شانکلند،سامی شۆڕش،ڕابرت سوترک، جوهرسورچێ، عومەر سوورچێ،جەلال تاڵەبانی، عەباس والی، لالەیالچین-هکمان وشیارزێباری.
لە وانی ناوم بردن،بە تایبەت ئیکجارزۆرخۆم بەدەینداری عەدنان مفتی دەزانم کە لە کوردستانی ئیراق ئەمنی لە ژێرچەتری داکۆکی خۆیدا ڕاگرت، و بە کەسانێکی ناساندبووم کە بەئاوەزو لێزانین

تێگەیشتبوو کە دەیانتوانی بە پرسیارەکانم کە لە مێشکم دا دەگوران، وەڵام بدەنەوە. و ئەمنی بەدوستی خۆی عادل ناساند، کە دەیان کاتژمێربۆ شێکردنەوەی ڕووداوێکی تایبەتی کە لە ماوەی دوودەهەی ڕابردوو لە کوردستانی ئیراق قەومابووکاتی خایاند،هەروا بەحەسەن قازی، کەوەختێکی زۆر سەرف بکات، وکاوە لە ئاگاداری پەیوەند بەڕووداوی کوردستانی ئیران، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم،یارمەتی دام ومایابالجیوگلە-برسیلی وئەستلائەشمەت لە سەفەرئەوەڵم بۆ تورکیە، پەیوەندی ئەمنی لە گەڵ زۆرکەسان ئاسانکاری کرد، و لە ڕێزگرتنم موزایقەی نەکرد. پێویست بەگوتن نییە کە بەرپرسایەتی هەڵەو غەڵەتەت سەهوەکان، ئەو داوەریانەی کە سەبارت بە ڕووداوەکان کراون، هەموو بەگشتی نووسەر بەر پسیارە.
ئەمن نەخازا دەیندارو سوپاسگوزاری (بنکەی نووسەرانم) کە یارمەتیەکی سەخاوەتمەندانەیان لە ئیختیارنام، کە بەیاری ئەوتوانیم سەرلەکوردستان بدەم، ولەگەڵ بەشێکی زۆرلەخەڵک بۆ گفتووگۆ دانیشم . و ئەوەی کە دەتوانم بڵیم ئەمەیە، کەئەم پارەیە لە جێی خۆی خەرج کرا.
بە تایبەت سوپاسی ویراستارم، خانم ئانا عینایەت دەکەم، کە وەکوو هەمێشە ناوڕۆکی کتێبەکەی بە چاوی تیژی مووقەڵیش و ڕەخنەگرانە خویندەوە، و لە سەبارەت بەوشتانەی کە فام نەدەکران،یان لەگەڵ ئەو ئاگاداریە بەرفرەوانەی کە لە ناوچە هەیبوو،یەکی نەدەگرتەوە،بوخچەی پرسیارانی دەکردەوە، هەر وا سوپاسی خانم آنرودفۆرد، دەکەم کە بابەتەکانی بەلەزو تاڵووکەو سەرنج دانێکی وردبۆ چاپ حازرکرد.
لە ئاکامدا پێویستە لە بنەماڵەکەم تەشکوربکەم: لەدوو کوڕەکانم، ئەنگس و ویلیام، کە دەبوایە بەو وەزعە هەڵیانکردبوایە، و لە هەموان زۆرتر لە خیزانم ئیلزابێت. ئەو ماوەی چوارساڵ لە هەربابەتەوە بوو بە لەنگەری ڕاوستانی من و ئەمنی ڕاگرت: پارەی بەڕێچوونی بنەماڵەی وەدەست هێنا،و هەرکات کە وەرس دەبووم ورەی پێ دەبەخشیم، دڵگەرمی دەکردم. ئەمن ئەو کتێبە-لەگەڵ ئەو هەموو ئیشق ومحیبەتەم- بە خیزانی خوشەویست و ئازیزو ڕیزدارم پێکەش دەکەم.
دیوید مک داول.

ڕیچموند،ئاوریل 1995،

---

جێگا خەریتەی کوردستانی گەورە:

پێشەکی

کوردەکان بەلانیکەم بیست و پێنج،ملیونن،لە سەر ئەوەش ڕائاگاداریەکی ئەوتۆ سەبارەت بەوان لە دەستدانییە. وێدەچێ بابەتی نوسین لە بارەی کەوەیت کە وڵاتێکی نیومیلیونییە، زۆر زێدەتر لەو بابەتانە بێت کە سەبارەت بە کوردستان دەستی وەڕادەگات. هۆیەکەشی ئاشکرایە: کوردەکان لە مەڵبەندێکی بە دەورە، نێوان ناوەندیەکانی دەسەڵاتی دووچۆمان(بەین النهرین) لە دەشتێکی بەربەڵاو شاخاوی بەرزی ئێران و ئاناتۆلی، سەقامگیرن. و لە مەڕ جوغرافیایی و سیاسی و ئابووری هەر وا لاتەریک ماوەتنەوە.

بەڵام لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوو گرنگایەتیان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بووە. چەتوونە بشێت وایدانێی کە دیسان لە بێناوی ساڵەکانی نێوەڕاستی چەرخی حازر دابنرێت.
ڕاستە هێشتا بەناوی مللەتێکی پێکەوە گریدراو خۆی نەنواندوە، بەڵام لە سەر ئەوەش ڕا لە جێگای گروپێکی خەڵکی دیکە ناکرێ بە نە دیتویان دابنێن. و تەنیا بەم هۆیەوە جێی خۆیەتی کە ئەوان باشتر بناسرێن ودەرک بکرێن.
چونکە سەبارەت بە مێژووی کوردان بابەتی هێندە زۆر نەنوسراون،دەجا ئەمن ئەو مەتڵەبانەم کە بەتێرو تەسەلی زیدەتر لەوە نوسیومە کە هەر کات بە پیچەوانە بوو دەبوا نووسیبوام. بەم لێدوانە و لەوبابەتەوە کە زوانەکانی ئینگلیزی و فرانسە و عەرەبی تەنیا بناخەو هۆیەکی کەم لەبەردەست دادەنێن، ئەم حەولدانەش دەبێ بە تەقەلایەکی ئازموونی و سەرتایی حیساب بکرێن. بۆ پڕکردنیوەی وێنە، ئاگاداریەکی شوێن تێکەر بە زوانەکانی ڕووسی وتورکی وفارسی کارێکی پێویستە-کوردیش کە دیارە جێگای خۆی هەیە.
ئەمن لەوکتێبە جێگایەکی زۆرم بەساڵەکانی 1918-1925 نەخازاکردوە. بەڵگەکەی ڕوون ولەبەرچاوە: لەم سەردەمە کورتە، کوردەکان هەلێکی گەورەیان بۆ ئاڵەگۆڕ بە وڵاتێک لەکیس داوە. ئەمە بۆ خەڵکی کورد چرکەیەکی دیاریکراوەبوو. لە بەرئەمە بۆ فام کردن حاڵی بوونی مەسەلەکانی دوایی، وەرگرتنی ئەم خاڵ و مەتڵەبە کە بۆچ کێشەکەرەکان ئەوهایانکردوە، ئیکجار پێویستە.
ئەمن بە تایبەت چاوی لێکۆڵینەوەم بۆ خەباتی کوردەکانی تورکیەوئێراق تەرخان کردوەو تێبرپیوە، چونکە لەم دوو وڵاتە کوردەکان بیست لە سەت یان زورتری خەڵکەکەی پێکدێنن-پەیامی ئەم مەسەلەش شتێکە ئاشکراو پێویست بە شیکردنەوە نییە. ئەم دوو وڵاتە لەونێوەش دا وڵاتانێکن کە کوردەکان لەواندا زۆرتر خەبات وتێکۆشانیان هەبووە. هەروا تێکۆشاوم بیرەوەی کوردەکان لە ڕۆژئاوای ئێرانیش بگیرمەوە،چونکە زێدەتر لە پێنج ملیون کەسن، ونزیکەی دە،لە سەت، جەماوەری ئیران پێکدێنن-هەرچەند جۆڵانەوەی نەتەوەی کوردلەم وڵاتە بەرهەمی بە ڕێژە کەمتر لە بزوتنەوەکانی نەتەوەیی کوردی ئیراق یان تورکیە بە بارهێناوە. بەرنامەی کاربەڕادەیەک بەرفرەوان بوو کە مەجبوور بووم لە هێنانەگۆڕی بوخچەی مەسەلەی کوردی سووریيەو کوردی شووڕەوی پێشوو، چاو پۆشی بکەم.
بەداخەوە کە لە وەرگرتنی ناوەکان ونیشاندانی وان بەپیتی لاتینی نەمتوانی شێوەیەکی یەکدەست وتەراز دەکارکەم. لاتین بوونی شێوە خەت لە تورکیە، گویشی ئۆڕوپایی، ناوی جێگاکان وناوێ مرۆڤەکانی ئاوەژوکرد. لە تورکیە، ئێراق وئێران ناوەکان گۆڕانکاریان بەسەراهاتووەو تاگۆڕ بوونە، یان لەفزی عادەتی وان بەمروری زەمان گۆڕاوە. جگە لەمە بەلەبزی کوردی بەشی زۆری ئەوان جگەبۆ کوردەکان ناناسرێت. بۆ نموونە: ورمێ (اورمیە) وشنۆ(اشنویە). لە جێگاکانی دیکەش ناوکان بە هۆکاری جۆراجۆر گۆڕاندویانن-بۆ نموونە: ساوجبلاخ بۆتە (مهاباد)مەهاباد، یان سنە بۆتە(سنندج ) سەنەندەج، یان جۆڵەمێرگ بۆتە (حەکاری). لە ئاکامدا ئەمن حەولمداوە ناوەکان هەربەم ڕوخسارە وەرگرم کە هەنووکە لە سەر زارو زمانانن، هیوام ئەویە کە خوێنەر لە بەردەست بوونی پێرست لەگەڵ دژواری ڕووبەڕوو نەبێت. سەبارەت بە وەرگرتنی ناوەکانی بە پیتی لاتین بە بووچوونی من سانایی ترین ڕێگا ئەمەیە هەتا ئەوجێگا کە بتوانرێ بە شیوەی دەکارکردنی عەرەبی ناوکان وەرگیرێن بۆ نموونە Ghazi وGassem Louکەئەم دووناوی گرنگ ئیرانین کە بەم ڕوخسارە لە کتێب داهاتوون Qazi وQasimlu

پیتی(کوردستان)لەفزێکە ئاخافتن هەڵگر، ئەمن ئەم لەفزە تایبەت بەئاماژە لە مەڵبەندێک لە کاردەکەم کە زورایەتی دانیشووانی وێ کوردن،ئیدی کات بۆ دەمەتەقە لە بۆچوونی سیاسی سەبارەت بەمە ناسوتێنم. لەبەرئەمە، ئەم پیتە هێنانە بەرباس لە تورکیە بە دەڤەرێک دەگوترێ کە تورکەکان بۆخۆیان لە لێکدانەوە بە(ڕۆژهەڵات) یان(باکووری ڕۆژهەڵات) ناوی لێدەبن. ئەم لەفزە سەبارەت بەئیران بەشتێک زێدەتر لە پاریزگای کوردستان ڕێنوێنی هەیە، وبەشەکیش لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاواو پارێزگای کەرمانشا، دەبەرەخۆدەگری و وەبەرخۆیدەدا، و لە ئیراق بریتی لە مەڵبەندیکە بەر فرەوانتر لە دەڤەری خود موختار.

لە ئاکامدا لە بەرامبەر ئەم وازوازیە خۆڕاگریم کردەو کەبۆ هەر ڕووداویکی گچکە، شیکردنەوەیەکم هەبێت، چونکە ئەمە ناوەرۆکی کتێبەکەی قەبە دەکردم، لەبەر ئەمە حەولمداوە پسولەکانی کۆتایی پاژەکان بە بابەتەکانی شیکردنەوە یان نەقڵ و قەولەکان بەرتەسک بکەم. لە دوو سەرچاوی گرنگم کەلک وەرگرتووە: یەکەم دەستەیەکی زۆر لە خەڵک،کەبەگشتی تەقریبەن تەواوکەمال کوردبوونە، و ئەم دەستە بە مونتەهای گەورەیی بڵیندنەزەری زانیاری خۆیان بۆ ئازانتی لایانەکانی جۆربەجۆر وزیەتی لەگۆڕیدا یان مێژووکەیان لە بەردەستم دانا-یارمەتی ئەم دەستە ئیکجار پڕ بایەخ و سازگاربووە، دووەم ڕابردووی ئارشیوەکانی گشتی. کەلک وەرگرتن لەم سەرچاوە، چاک وخەراپی خۆی هەیە: دیپلۆماتەکانی ئینگلیزی لەساڵەکانی 1870هەتاکۆتایی ساڵی 1945 بێ نێوەدان ڕووداوەکانی پارچەکانی کوردستانیان گوزارش کردوە. ئەم ڕاپۆرتانە وێدەچێت تەنیا ڕابردووی مێژووی نووسراوەکان و، وەرگرتنەکانبن کە سەبارەت بەکوردستان لە بەردەست داهەن، کە گەلێک پڕبایەخن. بەڵام لە گەڵ ئەم ڕاپۆرتانە دەبێ وشیارانە هەلس و کەوت بکرێت، ئەمە نەک بەم مانایە کە هۆکاری دسەڵاتدارێکی ئەمپەریالیستی جێگای شک وگومان و دوو دڵین. ئەم مەسەلە وێدەچێ حەقیقەتی هەبێت، بەڵام دیپلۆماتەکانی بریتانیا حەول و تەقەلایان تینئەوەیە ئەوەی کە ڕوودەدا تێبگەن و بنێرن، دەلیل ئەمەیە کە دیپلۆماتەکانی بریتانیا ڕووداوەکانی کوردستان، لە پشتەوەی فەرمان و ڕاگەیاندراوەکانی قازانجی ئینگلیستان دەبینن. بێگومان شتانی زۆریش هەبوونە کە سەرنج و سیلەی چاوی بۆلای خۆ ڕەکێش نەکردون- و یەکێک لەو شتانە وێدەچێت گرنگتر لەهەموان مەسەلەی گوڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی بێت. ئەمن پێم وایە ئەگەر ئەم مەسەلە لە سەرخم و بنچینەی باشتری بەڵگە دارێژراو بوایە باشتر لەمە حالیبوونی وەدەست دەهێنا وفام دەکرا، بەشیکی زۆر لە زانیاری ئێمەی سەبارەت بەکوردستان دووجارەکی وەبەر، بەردەی محەکی ئەموونی بە سەرداچوونەوە،دەدا.

تێبینی: پارچە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەئێران بریتین لە:

1-ئازەربایجانی رۆژئاوا،کەپاریزبایەکەی شاری ورمێ یە.

2-کرمانشاه

3-سنە(نەنەندەج)

4-ئیلام.---وەرگیڕی کوردی)

جێگای خەریتەی کوردستانی گەورە:

پاژی 1-

## پێشەکی

### پێناسی کوردی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی

تورگوت ئۆزەل،سەرکۆماری تورکیە، بڕیک بەرلە مردن لە مانگی ئاوریل 1993 لە قاقەزێک دەمودەست بۆ سەرۆک وەزیران، سولەیمان دەمیراڵ، ئەوهای نوسیی:
کۆماری تورکیە بە مەترسیترین هەڕەشە ڕووبەڕووە: بۆمەلەرزەی کۆمەڵایەتی دەشێت پاژێکی لە تورکییە لە ماباقی وڵات جیابکاتەوە و ئێمەلە بن کەلاوەکانی خۆی وەبن گڵدا.)
ئەو بۆمەلەرزەیەی کە ئۆزەل بە وی ئاماژە دەکات کۆگای ئاپورەی ناڕازیانی خەڵکی کوردی تورکییە بوو. لە ماوەی دەیەکانی بەرلە بزوتنەوەی کورد لە تورکییە بە ڕێبەری حیزبی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک.) بەردەوام لە حاڵی بەرەو پێشچووندا بوو لە شتێکی وەک ڕێگر وچەتەیی ڕوخسار، لە بەشێکی دوور کەوتوو لە وڵات بە مەترسێیەک گۆڕدرابوو کە لە شەشدانگی وڵاتی کۆماری تورکییەی هەڕەشە دەکرد.
هەرمیژووی ڕابردووی کوردی، پێویست بە دوو مەسەلەیە، کە پیکەوە پەیوەندی دەروونی بەرامبەریان هەیە، وەبەر لێکۆڵینەوە توژینەوەی بدات: مەسەلەی سەرەکی بەربەرەکانی و خەباتێکە لە نێوان خەڵکی کوردو حکوومەتەکانی حوکمڕان لە سەرئەو مەڵبەندانەی کە ئەم خەڵکە لە وێ ژیان دەبنەسەر. هەتا سەدەی نۆزدە ئەم خەباتە بە جۆرێکی گرنگ، خەبات لە نێوان خەڵکی کوردو حکوومەتەکانی حاکم لە سەرئەو مەڵبەندانەی کە ئەم خەڵکە لە وێ ژیان دەکەن. هەتاسەدەی نۆزدە ئەم خەباتە بە جۆرێکی گرینگ خەباتی نێوان ئەم خەڵکەو دوو دەوڵەتی ناکۆکی کەربوو. ئەم دووە وڵاتانێک بوون کە داواکاری نیشاندانی سەپاندنی دەسەڵات لە سەرئەو دەڤەرە کە ئەویان بەماڵی خۆیان دەزانی، بەلام لە سێرەی هزروفکر، یان بە کردەوە ئیشتیای ڕیشەکێش و توانەوەی خەڵکی کوردیان، لە یەک (مەوجودیەتی) گشتی نەبوو. ئەمپەڕاتووری عوسمانی و سەفەوی و قاجار،هەموو بەهۆی (بەرفرەوانی سەرزەمینەکەیان) تاقانە بوون.
تەنیا بەمە خۆشحاڵ بوون کە گروپەکانی قەومی ناو ئەمپەڕاتووری بەفەرمان و دەسەڵاتی سوڵتان یان پاڵشا،کڕنۆش بەرن. لە چاوگەی (ئیدولۆژی)ئاخرین کردەوەی ئەم وڵاتانە جەزرەبەو ئەشکەنجەو ئەزیەتی ئەم گروپانەی قەومی بوو، کە وەدوای ئائین و مەزەبی گشتی خەڵکی ئەمپەڕاتووری نەدەکەوتن. و لە بەرامبەرئەم دەوڵەتانە ڕێزێک هەبوو پێکهاتوو لە حاکمەکانی ناوچەیی کە زۆر لە وان یان بۆ خۆیان عەشیرە بوون یان لە سەرجەماعەتی عەشایەری حوکماتیان دەکرد،پەیوەند هاوسەنگی و دەسەڵات، یان پەیوەندی بەوەزع وچلۆنایەتی خۆیان حەولیاندەدا هاوکاری لەگەڵ حکوومەت یان بە دژایەتی لەگەڵ وی هەڵکەوت و مەوقعیەتی خۆیان پتەوبکەن. ئەم دەسەڵاتدارانەی ناوچەیی،خۆیان بەڕێبەرو نوێنەرانی خەڵکی کورد نەدەزانی.

دووەمین مەسەلە بریتی یە: لە خۆ بەختکردن وخەباتی خەڵکی کورد، بە ئامانجی تێپەڕین لە وەزع و مەوقعیەتی خەڵکێک کەگۆیا شیاوی سیفەتی تایبەتمەندیەکانی خاڵی هاوبەشین کە(کوردی) پێدەگوترێ،وەرگرتن بە جامیعەی پتوون بەزنجیرە و شیاوی تایبەتمەندی نەخازایی مللەتێک،بل لە نووسینی ئەحمەدی خانی،شاعرسەدەی نۆزدە، بەڵگەو دیکۆمەندو سەندیک لە بەردەست دانییە،هەتا نیشان بدات کەکوردەکان هەتا ساڵەکانی دوایی سەدەی نۆزدە بەناوی(خەڵکی کورد) فکریان لە خۆکردبێتەوە. لەمە دا،شک وگومان نییە کەلە ماوەی وێدەچێ زێدەتر لە دوو هەزارساڵ خەڵکی کورد، وەکوو گروپێکی بەرچاو جەستەی هەبووە، بەڵام تەنیا لە ساڵەکانی سەرتای سەدەی بیستەمە کە بە وەرگرتنی تێگەین لە خۆیان وەکوو نەتەویەک بەناوی کورد دەستیان پێداگرت.
بەرهەمی ئەم تێگەیشتنە لە خۆت، بەناوی جەماوەریکی نەتەوەیی زوروکەم نزیک بەسەردەمێکە کە تورکەکان وعەرەبەکان هێورهێورناسنامەی نەتەوەییان جێگری دوو کردەوەی پەیوەندی دار بە ڕابردوو یانی هزری سەرلەبن نیری عوسمانی و ئەندام لە نەتەوەیەکی مەزەبەی تایبەت-یان مللەت-دەکەن. لە ئیران و لە عوسمانی لە فزی (نەتەوە) میللەت کە ڕۆژگارێک نیشانەی پێناسی مەزەبی هەبوو لە چەرخی نۆزدهەم بە لەفزیک گۆڕدرا کە مانای (ناشن) لە وی وەردەگیرا. یەکێک لە دواڕۆژی ئەم مەسەلە ئەمەبوو کە کوردەکان کە ئێستا خۆیان بەپێی قەومییەتێک دیاری دەکرد،خۆیان لە حاڵی بەربەرەکانی لە گەڵ وڵاتانیک دۆزیەوە کە دەیانەویست پێناسی نوێ لە سەربناخەی (قەومییەتێک کە هەستیان پێدەکرد، دەستیان لێگێڕاونەتەوە)داڕیژن. کوردەکان بە پێچەوانەی عارەب و تورکەکان لە حاڵات هەل ومەرجێکی نالەباردا بوون،چونکە نە فەرهەنگێکی مەدەنیان هەبوو ونە ئەدبیاتێکی جێگیر. ئەم پێناسە لە تورکیەی نوێ ناوی تورکی بەسەردا بڕا،و لە مەڕ بیروبۆچوون دەباوشگری هەموو ئەو کەسانە بوو کە هەرچەند لە مەڕقەومی و ڕەچەڵەیی تورک نەبوون بەهۆکاری وەزع و جێگای کۆمەڵایەتی بەتورک دەهاتنە حیساب. ئەم لێکدانەوەی خاوەن نەزەری کۆماری نوێ، زیاءگۆگالب،وەدەستی دا کە لە دیاربەکر لە دایک ببوو و پەروەردەکرابوو، بەڵام خۆی بە تورک دەزانی،چونکە بە بۆ چوونی وی(زوانی دایکی)و فەرهەنگی وی(تورکی) بوو،هەرچەند ڕەچەڵەی کوردبوو. لە ئێران کوردەکان خۆیان لە وەزع و چلۆنایەتێەکی پێچاوتر دەدیتەوە. چونکە جەماوەری فارسی زوانی ئیران بە تۆبزی ئەگەر سەتی پەنجای جەماوری گشتی ئیرانی پێکهێنابوایە موو دەقەڵشی پاشمەنە تێکلاویەک بوو لە تورکەکانی ئازەری، کورد، لوڕ،عەرەب،بلوچ، تورکمان، وگروپەکانی گچکەی دیکە. لە سەرئەمەش ڕا زوانی فارسی لە جێگای زوانی یەکگرتوو بە سەرهەموو ئێرانیان داسەپاندرا. بەپێچەوانەی تورکییە، ئێران پێناسی کوردی لە کوردەکان دەست نەگێڕاوە،زێدەتر کارقایمە لە سەرئەمەدەکرا کە ئەم پێناسە،کڕنۆش بەری فکروهزری پتوون و یەکپارچەبوونی نەتەوەیی بێت. لەم بارەوە، تەوفیری مەزەب لە جێگای بڕگەیەکی بەرجەستەی کوردی باقی ماوە. چونکە کوردەکان سوننەمەزەب بوون و زۆرایەتی مەزەب لە ئێران شێعەبوو. لە ئیڕاق کوردەکان هەرلە سەرەتا دەبوایە لە بەستێنێکی سیاسی هەنگاویان هەڵێنابوایە کە هەوێنەکەی عەرەبی بوو وبەردەوام بولای دەمارگرژی عەرەب،لە مقامی ئیدوئۆلۆژی دەچووپێش کەلە ئاخرداکوردەکانی دانیشتووی بەشیک لە وڵاتی عەرەبی دەزانی.
ئاخۆ کوردەکان نەتەوەیەکن؟ ئەگەروایە ئەم نەتەوەچلۆن بەوجودهات؟ تایبەتمەندیەکانی،کە مللەتێکی لە ئاخافتنی دیکەی قەومی جیا دەکاتەوە، کامەن؟- یانی لەگوفتارێکی قەومی، دەستەیەک لە بەشێک لە خەڵک کە بەدەگمەن تۆرەمەو زوان وفەرهەنگی هاوبەشیان هەیە-یان لە کۆمەڵگای قەومی،یانی خەڵکێک کە بەناوی کورد،نەک لەمقامی هەبوونی مەزەبی جیا لە مەزەبی گشتی

خەڵک،بەڵکوو لە سەربناخەی فکروهزری سیاسی وکۆمەڵایەتی (هاوبەش) عەمەل بکات؟ شتێکی ئەوها بابەتی چەتوون دەکاتەڕێگرێ جامیعەیەک، کە هێشتا لە جێگای(نەتەوەیەک) لەوڵاتێکی دیاری کراو لە نەزەر نێونەتەوەیی قەبوول گشتی وەدەست نەهێناوە. بەهەرحاڵ دەتوانی بلێین کە تایبەتمەندی بنەڕەتی و بنچینەیی (نەتەوەیی) بریتین لە خوڵقەت و بنیاتی هاوبەش، کۆگایەکی بەربەرین وبەفراوان لە ماف وئەرکی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش، و لە ئاکامدا ئیدولۆژیەکی مەدەنی، وێچووی تاسەو ئارەزوکانی هاوبەش کە یەکیەتی جامیعەی لە وڵاتێکی دیاری کراو،جەمسەرکانی بزماکارکوت دەگەیێنتەویەکترو گاودەکاتەوە. سەبارەت بەکوردان هەست بە یەکپارچەگی لە بیروبۆچوونی تورەمەی هاوبەش سەرچاوە وەردەگرێ(کە وێدەچێ شتێک بێ خەیاڵی). ئامرازی دیکە وەرگرتوو، بەم شەڕاکەتیە،بەڕاشکاوی زبانی هاوبەشە. لێرۆکە کوردەکان لەگەڵ تەنگەژەیەکی کردەوەیی ڕوو بەڕوون، کە بەشێک لە وی پەیدابوو، لە تەوفیرەکانی زبانی، و تازەبوونی ئەدبیات(لەساڵەکانی دەیەکانی بیست بەم لاوە)و جەستەی شێوە نوسینی جۆراوجۆرە: لە تورکیە ئالفبای لاتین، لە شووڕەوی الفبای سیریلیک و لە ئیراق شێوەنووسینی عەرەبی. لەمپەرەکی دەیکەش هەیە، کە (دوو پەیکەرەیە): لە حاڵێکدا کە ئێرانیان زبانی کوردی بە تەواوی یەکێک لە لەهجەکانی پارسی بەحیسان دێنن، زبانناسان پێیان وایە تەنگەژەی زوانی کوردی نەک لەجیگای لهجەکانی جۆراجوری زوانێک بەڵکۆو بەچاوی زبانەکانی جۆراوجۆرپەیوەند بە یەک چاولێبکەن-وئەمە بۆخۆی سێبەری گومان لە بۆچوون و لێکدانەوەی یەکیەتی نەتەوەی کورد دێنێتەخوار.
مەسەلەی خاک و سەرزەمینی دیاریکراو وبەفەرمی ناسینیش هەیە. لە حاڵێکدا وڵاتانی ناوچە جەستەی کوردستان حاشا لێدەکەن، کوردستان لە زەین و میشکی زوربەی گروپەکانی سیاسی کورد لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا وجودی هەیە. بۆ کوردستان بە ناوی واحدەکی سیاسی بۆچوون ولێکدانەوەی عیلمی و ئەفسانە هەردوو مەوجودن. جەستەی علیمی، کوردستان شیاوی ئەوسنورانە کردوە کە ڕێبەری سیاسی خەڵکی کورد، هیوادارە ئەوان بە دەست بێنێتەوە، یان ئاقیدەی وایە دەتوانی وەدەستیان بێنێت. لەساڵی 1919ئەم سنووره، باریکە ڕیگای گەیشتن بە مەدیتڕانە لە باشوور آلکساندرتا مووسڵ،قەراخی چەپەی دەجلە هەتا مەندەلی و لێواری ڕۆژهەڵاتی ورمێ(ارمیە) دەبەردەگرێ. ئەمرۆ لە کەمایەتیدان، ئەو کوردانەی کە داوای ئەم لاپەڕانەبکەن، بەڵام ئیستاش داوای خاوەنەتی کەرکووک دەکەن، هەرچەند کە جەماوەری تورکمان لە1958 بەم لاوە زێدەییەکی بەرچاوی کردوە.
لایانی ئەفسانەکەی مەسەلەش بەم جۆرەگرنگە: ڕیکەوتی داگیرکردنی ئەم وڵاتە بەدەستی خەڵکی کورد لە تارمایی مێژوو دا ڕۆچووەوە-بە قەولی پێشینیان لە سەردەمی دقیانووس بەم لاوە کوردەکان لەم سەرزەمینە بوونە. بل لەوانەش بۆ زوربە لە کوردەکان فکری کوردستان لەگەڵ بەرخوردو ویکەوتنی خواناسی لە گەڵ ئەم کێووچیایانە پەیوەندی هەیە، چ لە بارەی شتی خەیاڵی چ لە بارەی ڕاستی. هەرچەند هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی دۆڵ و گەڵی و شاخاوەیەکانی کوردستان، بە ئامانجی شاروشارۆچکەکان بەجێ دێڵن، لە سەرئەوەشرا (خەیاڵی چیا) شتێکی هێزی خۆی لە دەست نادات،چونکە مڵلەتەکان بەرلەوەی لە سەرهەرد بنیات بنرێن لە خەیاڵدا شکڵ دەگرن ودەگورێن. ناڕونی وەزعی کەرکووک نیشاندەری ئەم واقعیەتەیە، کە چلوون ناوێنەچوویی نێوان ڕاستی وخەیاڵ، لە پەیوەند لەگەڵ میراتی هاوبەش، دەتوانێ لە ڕەخ یەک بژین.

ئێستاکە وێدەچێ نزیکەی 24هەتا27 میلیون کورد هەبن کە لە(ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)خاوەرمیانە دەژین. نزیکەی نیوەی ئەم نەتەوەیە، یانی لانەی کەم 13ملیون کەس، لە تورکییەن. مارتین وان سن، ژمارەی ئەم خەڵکە لە1975 لەتورکیە بە19لە سەت بەرئاورد دەکات. بەڵام زادو وەلەد ئەم خەڵکە دوو بەرابەری زادو وەلەدی تورکانە، لە سەرئەمڕا بەر ئاقڵانەیە،کە لە بیست ساڵی تێپەڕیو بە23%دەرسەت جەماوەری وڵات بگات. لە ئێراق زادو وەڵەدی کوردەکان لەگەڵ شەباهەت لە زادو وەلەدی عەڕەبەکان نییە، ئەگەربەم جۆرەی کە بوئن سن ئاقیدەی وایە،کە23% سەتی دانیشتوان وڵات پێکدێنن،ژمارەی جەماوەرەکەیان دەبێ زێدەتر لە 4/2میلیون کەس بێت. کوردەکان نزیکەی 10%سەتی چەماوەری ئێران پێکدێنن، یانی 5/7ملیون کەس. زێدەتر لە دووملیونی -دیش لەجێگاکانی دیکە ژیان تێپەڕدەکەن: کەمێک زێدەتر لە میلونێک لە سورییە-بەچۆرێکی گرنگ لە(جەزیرە) ولە درێژایی خەتی سنووری سورییەو تورکییە-ن. زوربەی ئەو (نەتەوە)میللەتە بەهۆی ترس و لەرز و جەزرەبەو ئەشکەنجە و سەرکوتی ساڵەکانی دەیەی بیست لە سنووری تورکییە هەتڵەو پەڕیوەبوونە. نزیکەی 700000کورد لە ئۆڕۆپا و زۆری لە ئاڵمان نشتەجێن، لە کۆمارەکانی یەکیتەتی شووڕەوی پێشوو-زوربەی لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان-یش 400000کورد دانیشتوون.

بەللی نییە کە چ ژمایەک لەم خەڵکە لە پێناسی کوردی خۆیان حاشا دەکەن. بێ گومان لە تورکیە زوربەی کوردان لە(نەتەوەی) تورکیەدا تواوونەوە،کە ئاتاتورک، لە دەیەکانی بیست وسی دەیەویست وەدی بێنێت. بەڵام ئەم جەرەیانە ژمارەی خەڵکانێک کە بە هۆی سەرکوت و زەبرو زەنگی حکوومەت- بە تایبەت لە ساڵەکانی دەیەی حەفتا بەم لاوە لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە ودەیەکانی دیکە- بەپەیداکردنی دووبارەی پێناسی کوردی خۆیان گەیشتوون، قەرەبۆ دەکات. بەشیک لەم خەڵکە هەرچەند بەڕەچەڵە کوردنین بەجۆرێک لەگەڵ وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان فکرلێکردۆتەوە،کە بە هەستی (کوردبوون) زۆرنزیکە. ئەمن نامەوێ لەم بارەوە ئاخافتن بێنمەگۆڕ کە ئاخۆ ئەم قسە تازانە ئی کوردەکانی ڕاستینن یان نا. لێرە دەمەوێ تەنیا دوو بابەت ئازانتی بکەم: ئەمە ئەوەڵین جارنییە کە(کوردییەت) لەجیاتی لێکدانەوەو ئەلفازی قەومی دەقالبی وشەو عباراتی کۆمەڵایەتی-ئابووری دەناسیندرێ، وەک ئەم شیکردنەوەی لەگەڵ ڕیشەو بنچینەی کە(زیاءگوکالپ)،بە تاگوڕی گرتبوو یەکدەگرێتەوە.

ئەوش بڵین: نابێ ئەم بابەتە لە بیربەرین ئەوکوردانەی کە بە زانیاریەوە پێناسی ئیدیکە بە باشتردەزانن زوربەی سوننەمەزەبن. بێجگەلەوانەش عەلەویەکان وزازا،زوانان –یش هەن کە خۆیان لەگەڵ ئەو تورکانە یەکسان دەکەن کەبۆخۆیان یەکێک لەئەم دوو(پێناسی کەمایەتیدا) هاوبەشن وئەوی پەسەند دەکەن.

بە بیروبۆچوونی من،تەنیا لە1918بەم لاوەیە کە کوردەکان لە جێگەی جەماوەرێکی قەومی بە فکروسەرنج، دەست بەکردەوە، دەکەن. ئاخۆ ئەمە بەم مانایەیە،کە پێشتر شتێک بەناوی مللەتی کورد جەستەی نەبووە؟ بۆ نەتەوەخوزانی کورد ئەم خاڵە جێگای گومان ودوودڵی باس لێوەکردن نییە، کە نەتەوەی کورد لەڕۆژگارانی قەدیم کە هیچ کەس وەبیری نایە جەستەی هەبوو، ساڵەها لەخەودابووە، بەڵام لە ئاکامدا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم لە خەوی قورس وەخەبەرهاتووە. بەم

جۆرە،نەتەوەخوازانی کورد لە لاباجەیەکی تایبەتی لە ڕابردوویان دەڕوانن،لە گەڵ چێرۆک و ڕوخسارە ڕەواڵەتیەکان کە بەپێناسی کوردی ئیحتوباردەبخشێت.
لە بارەی سەرینچاوەو ڕەچەڵەی کوردان، چێرۆکی جۆراوجۆر هەن. چێرۆکێک دەڵێت: کوردەکان لە تۆرەمەی کودکان-ێنن، کە لە زوڵمی زوحاکی ئینسانخۆر، هەتڵەبوونە،و لە چیاکان خۆیان حاشارداوە. ئەم چێرۆکە ئەم خەڵکە لەگەڵ چیا پەیوەند دەدا،بەڵام لە عەینی حاڵ بەم مەتڵەبەش ئاماژە دەکات، کە لەوبارەوە کە ئەم مەسەلە نەک پەیوەندی بە زەوجێک بەڵکوو پەیوەندی بە(کودکان)ی پەڕیوە هەیە، چونکە هەموو پێکەوە بنچینەیەکی هاوبەشیان نییە. چێرۆکێکی هاوشێوە دەڵیت: کە ئەم خەڵکە تۆرەمەی کودکان،یەکیک لە قەرەواشەکانی حەرەمسرای سولەیمان پێغەمبەرن، کە جنووکەیەک بەناوی جساد،لەگەڵی نوست، و(حەزرەتی سولەیمان) توڕەبوو ئەوانی بۆ کێوەکان دەرپەڕاند. چێرۆکەکی دیکە دەڵێت: کە سارا،خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەر کوردو دانیشتووی حەران بووە،بەم جۆرە بە ناسنامەی کوردی لەگەڕان وسوڕانی خواپەرستی هێزوئیحتوبار پێدەبەخشێ. کەمتەرخەمی بەم چێرۆکانە لەلایان بیانیەکان دەستەبەری مەترسی دەزۆرە: ئەم ئەفسانانە هەرڕادەش لە مەڕمێژوویی گوماناویبن، لە داڕژتنی بنچینەی میللەتان ئەمرازی زیندون، و لە سەرناسنامەی هاوبەش ونهێنی وشراوە مەڕموز ئاماژەدەکەن کە تایبەت بە میللەت ونەتەوەی کوردە.
مێژوو، و چێرۆک ڕوڵیکی گرنگ لە بنیاتنانی میللەتان دەگێڕن، لە خۆڕانییە کە مێژوو بۆتە هۆی سەرگەرمی و دڵمەشغولی زوربەی نەتەوەخوازانی کورد. لە1930بەم لاوە ژمارەیەک شوێنی مێژوویی بە قەڵەمی نووسەرانی کورد بڵاوبۆوە-ئەمانە کەسانێکن کە شێوە، هزرو لێکدانەوەیان بە ئاشکرا ناسیونالیستی یە. ئەلەم نووسینانە لە هەمووان گرنگتر (خلاصەالتاریخ الکردوالکردستان) بەقەڵەمی ئەمین زەکی یە، کە سەرەتا لە1936بە زوانی کوردی بڵاوبۆوە و ئامانجی وی بە ئاشکرایی وەخەبەرهێنانی چین وتویژی ڕۆشنبیری خەڵکی کورد و سەرنج دانی ئەم چێنەی بەمێژووی نەتەوەی کوردبوو.
لەمەدا شک وگومان نییە کە بەدرێژایی هێرشەکان هەرچەند جارمێژووجار مامەلە،سەوداگەری لەگەڵ قەومەکانی دیکە بۆتە هۆی ئەمە کە کوردەکان هەست پێبکەن کەلەگەڵ جینارەکانی خۆیان جیاوزیان هەیە، بەڵام ئەم بەرجەستە بوون و جیاوازی قەومی هەتا دوایین سەدەی هەفدەهەم لە شوێنی کتێبەکاندا شێکردنەوەی لە کردننهاتوو نەبوو. لەم سەدەدابوو کە ئەحمەدییخانی لە دیوانی شێعری خۆی بەناوی مەم و زین نوسی:

بنوارە،لە عارەب هەتاکورجستان،
کوردەکان وەکۆو قەڵایان لێهاتووە،
کوردەکان لە هەر چوارقولینچکن
لە هەردوو لا نەتەوەی کورد
بونەتە ئامانجی تیری قەزاوقەدەر
هەر تایفەیەک بۆتە سەدێک
هەر کات کە دەریایی تورک
یان تاجیک هەڵدەستێت
مەملەکەت دەبێتە پشێووی

کوردەکان لە خوێن دەگەوزن
ئەوانن کە وەکوو دوورگەیەک
ئەم دووە لێکدی جیا دەکەن.

لێرەئەحمەدی خانی شێلەگەی سیاسی خۆی بەڕۆناهیەکی زۆر شی دەکاتەوە، وئەمە شتێکە کە ئەمڕۆ کە هەرکوردێک دەشێت ئەوی بە سانایی لێکدی جیاکاتەوە: مللەتێکی بەسام، کە لە عینی حاڵ بە هۆکاری وەزع وچلۆنی استراتژی خۆی کەوتۆتە بەر زوڵم و سەرکوتکردن. مەعلووم نییە کە ئاخۆ هەبوونە کەسانێکی زۆر لە هاوسەردەمی ئەحمەدی خانی،یان ئەو کوردانەی کە بەر لە ئاخری سەدەی نۆزدەهەم لەم هەستەی کە شاعێر دەمی پێدادێنی وشی دەکاتەوە شەریک وهاوبەش بن. لە سەرئەمەش ڕا جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر نەتەوەخوازانی کورد حەوڵدەدەن بەر دەوامی ئەم مەسەلەی نەتەوەیی، و گەلایەتی بە،بەڕیوانی(قارەمانانی مللەت) لە درێژایی سەدەکان و زەمانەکان بە دواشوێنی دابچن. بۆ کوردان یەکێک لەم قارەمانانەی مەزن ناسنامەی نەتەوەیی، یەکێش سەلاحەئەدین ئەیوبی یە،بە پێچەوانەی ئەمە کە سەلاح ئەدین نەک لە جێگای ڕێبەری نەتەوەیی بەڵکوو لە بناخەوە بەناوی سەردارێکی ئیسلامی کاریکرد. بل لەوە، کەسایەتیەکانی دواتریش هەن،وەکوو ئەمیربەدرخان، شێخ عەبەیدوڵلا، وشیخ سەعید، و سمایل آغا سمکۆ،کە لە پاژەکانی دیکەدا دەیاندینە بەر لێکۆڵینەوە.

ئەرکی کەسایەتیەکی نەتەوەیی (مللەت دورستکەر)ئەمەیە: کەگروپەکانی قەومی تایبەت ئیقناع بکات بەمە: کەهەموو (پەیمان و بەڵێنیە)کانی دیکە، چ کۆمەڵایەتی وچ مەزەبی، وەدوای شیاوتربوونی (ئەولەویەتی) پێناسی قەومی بخات-یانی ناسنامەیەک کە نەتەوەی لە بەرسێرە ئامانج، خۆی دەکلیشەو قالبی وی بکات و لە وشەی نامەزەبی، جیا لە کۆگاو دەورەدانی مەزەب،خۆی بنوێنیت. ئەم جەرەیانە ویکەوتنی لەگەڵ ناسنامە لە سەربنچینەی خزمایەتی ،بە تایبەت پەیوەندی لەگەڵ عەشیرەو تایفەکان،دێنێتەدی.

سەرزەمین

هەرچەند ژمارەیەک کورد لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و سوورییەو هەتاخوراسان، هەڵکەوتوو لەڕۆژهەڵاتی ئێران، یان شارەکانی وەک ئەستانبۆڵ و ئانکارا، تاران و تەورێز، نشتەجێن بەڵام زوربەی خەڵکی کورد هێشتا دانیشتووی ناوچەکانی پێدەشت و چیاکانن، کە جێگا پەیوەندی وڵاتانی ئێران و تورکیە و ئیراقن. قەلبی ئەم کۆسارانە زنجیرەکێوەکانی زاگروس پێکدێنێت کەلە باشووری ڕۆژئاو بە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە دوو لای سنوورەکانی ئێران لە گەڵ جینارەکانی ڕۆژئاوای درێژدەبێتەوە. لە بازیک جێگا، بۆ نموونە لە حەکاری، ئەم کۆسارانە ئیکجار پڕ سەراوژێرن، لەم جێگایانە گوندەکان بە سەراوژیری دەپێچراوە پچڕپچڕو تێکەڵ پێکەڵ وەنووساون، یان لە سەرلێواری هەڵدێرەکان هەڵتروزکاون. لەلای ڕۆژئاوا، چیاکان جێگای خۆیان دەدەنە نارێک و پیکی تەپۆڵکەکان. ئەمانەش بە نۆرەی خۆیان لە بەرامبەردەشتی بین النهرین، وەدواوە دەکەون. لە لای باشوور، ئەم کێوانە بەدشتی ئاناتۆلی ڕیگا دەدەن، کە مەڵبەندیکە پان وبەرین و بریتی لە ئەستیپەکانی بەرفرەوان کە دیسان زنجیرە کێوەکانی وی لەبەریەک دڕ دڕ و هەڵپچڕاندووە. لەلای ڕۆژهەڵات وردە،وردە لە بەرزایی چیاکان کەم دەبێتەوە، ئەوندە کە لەگەڵ ڕاستایی زەویەکانی کشت وکاڵ ڕاست وتەراز دەبن، لە حالێکدا لەلای باکوور، کێوەکان هەروا بەردەوام دەبن: ئێرە جێگای

دانیشتوانی لوڕەکانە، کە کوڕەمامی کوردەکانن. پەرتووکەک، کە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان لە1919بڵاوی کردۆتەوە دەڵیت: (ئاووهەوای ئەم کوێستانانە لەسەرانسەری ساڵ سەلامت بەخشە) بەکردەوە بەم مانایەیە،کە هۆڕڕە(حەڕاڕەتی) مام ناوەندی زورجێگایان لە مانگی ئەوت 30 ولەژانویە5 دەرجەی سانتیگرادە-وئەمە شتێکە کە سەبارەت بەدیاربەکر کە گەورەترین شاری کوردستان ە،دەسەلمێنیت. ڕۆژگارێک پێشتر، کوردستان جەنگەڵ بووە، ئەم لێڕەوارە لە ماوەی سەدان ساڵ بە هۆی ئاتاجی ناوچەکانی هاوسێ بەدرەخت و شوێن تێکەری شەڕەکانی کاولکەری نوێ،و ئاتاجی خەڵک بەسووتەمەنی یان ئاتاجی بزن بەخۆراک، کە بەڵای گیانی داروبارە، لەناوچووە.
کوردستان هەروا لەمەڕ کشت وکاڵ وبەخێوکردن ئاژاڵ(ئاژاڵداری) ناوچەیەکی گرنگە، نزیکەی 15%لەسەت لە سەرجەمی بەرهەمی دانەوێڵەی تورکیە 35%لەسەتی دانەویڵەی ئێڕاق و30%دەرسەتی دانەویڵەی ئێران دابین دەکات. لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە ئەم سەرزەمینە بۆ بەرهەم هێنەر دوو حاسڵاتی پارە کۆکەر،یانی پەمۆو(لۆکە) تووتن گوڕدراوە. هەتا دوایین سەدەکانی نۆزدەهەم ئاژاڵداری تەنیا تێکۆشانی گرنگی ئابووری کوردستان بوو.
هەموو ساڵێ هاوینان مێگەلەکانی گەورەی بزن ومەڕ بۆ لەوەڕگاکانی هاوینان(زۆزان) دەبردران. ئەم کەرتانە بەشێک ئی زێدەتر لە چەماوەری قەبیلەیی، یان ئی گوندەییەکان بوون کە لە چوارچیوەی حوکمڕانی هۆزەکان هەڵکەتبوون. ئەم هەڵگیرِوەرگێرە، کە لە بەهارو پاییز (زۆزان-وئاران) بوڕیوە دەچوو،زۆرجار دەبوو بە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئاژاڵداران و کوندەییەکان،چونکە ئاژاڵدارەکان زۆرکەرەت هەزاران سەر بزن و پەزیان لە ناوچەکانی یەکجێ دانیشتن ڕەت دەکردن. ئەم مەسەلە بە هۆکاری داوای زەوی یان بەم سەبەبە، کە نا ئەنقەست ڕیگاکانی کۆچ و کۆچباری قەبیلەکان تێکەڵ دەکەن،
زورجاردەبوو بوهۆی دل ئێشی لە نێوان هۆزەکان. لە سەدەی نۆزدەهەم کوردستان زوربەی گۆشتی ئاناتۆلی و سووریيەو وبین النهرینی دابین دەکرد. مێگەلی دەگەورەیان بۆ فروشتن بۆ بازێرەکانی ئاستانبۆڵ وبەغداو حەڵەب و دێمشق دەبردن. سەفەر لەشاری وان، بۆ ئاستانبۆڵ 18مانگی دەکێشا. هەتا بەلە ناوچوونی چادرنشینی لە نێوەی دووەمی سەدەی بیستەم، خەڵکی یەکجێ نشین هێشتاش هەروا ئاژاڵداری دەکەن.
لەبزی (کوردستان)ئەوەڵین جار سەلجوقیەکان لە سەدەی دوازدەهەم بەناوی وشەی جوغڕافیاییان دەکارکرد. بەرفرەوانی جوغڕافیایی ئەم لەفزە لەسەدەکانی دوای وی کە کوردەکان بە بەرەوپێشچوونی خۆیان بۆ دەرەوە، لە ناوچە بەردەوام کرد،بێگومان زێدەتربوو: لە لای باشوور لەچەمی ئاراس تێپەڕی، و لە ڕۆژئاوا بە سیواس و ئارزەڕۆم و مەڕعەش،گەیشت، وهەتا دەشتی بین النهرین دەوروبەری کەرکووک بەردەوام بوو، و لە ڕۆژهەڵات لە شاری کەرمانشا،تێپەڕی کرد. زوربەی ئەم کوردانە پەیوەندیان بەعەشیرەوەبوو، لە نێو گوندەکانی ناکورد، لەهات وچۆ دابوون، یان لە وان تێدەپەڕین.
کوردستان جیالە دانیشتوانی وی دەبێ بەناوچەی(دەورادەور) بەحیساب بێنرێ،چونکە لە نەزەر(ژئۆپۆلێتیک)مەڵبەندێکە هەڵکەوتوو لە درێژایی (شەکەست)-پەیوەند بەزەمین ناسی-نێوان سێ دەسەڵاتداری ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەتا سەدەی بیستەم چ کەسێک گوێچکە سڵ لە سنوورەکانی کوردستان یان خەڵکەکەی نەبوو کە لە چوارچیوەی ئەم سەرزەمینە ژیانیان دەکرد. تەنیا مەسەلەی هەست پێکراوە بابەتێک بوو کە بە سەرئەژمێری بەڕاستی دانیشتووانی موسڵمانی ئەم سەر زەمینە پەیوەندی هەبوو کە زۆرایەتیان کوردبوون، لە هەڵسەنگان لەگەڵ ئەومەسیحیانەی

کەلەنێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئاناتۆلی ڕۆژهەلات دەژیان-ئەمەش زۆرتر بەهۆی مەترسییەک بوو کە لە لایان ڕووسەکان هەستی پێدەکرا، پێیان وابوو کە ڕووسەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئەمپەڕاتووری عوسمانی، ئەرمەنیەکان بکەنە بیانووی کردەوەی خۆیان. جگە لەمە کەلک وەرگرتنێکی دەست ودڵ هاوەلا لە کلیمەی کوردستان یان ئەرمەنستان لە سەنەدو بەڵگەی ئەمپەڕاتووریەکانی عوسمانی یان قاجاریە، جێگایەکی هێندە ڕۆناهی نەبوو. لە سەدەی بیست ئەم مەسەلە بە تەواوی سەربەرەوژوربوو. یەکێک لە هۆکارو سەبەبی ئەم بابەتە پێشتر باسم لێوەکرد. و ئەو دڵەڕاوکەی ولاتانی تازە وەسەرپێکەوتوو بە داسەپانی پێناسی خۆیان لە سەر ئەو مللەتانە کە لە چوارچێوەی ئەم ولاتانانەدا ژیان بەسەردەبن.
دلێلی دیکە، سەوق الجیشی یە: جەستەی کێوو چیاکان،سنوورەکانی ئێران و ئێڕاق بەرگری سازدەکات، گوێزەگوێزی جەغزەکانی سنوور لە مەڕ ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوا بۆ هیچ کام لەم دوو ولاتە شیاوی قەبوول کردن نییە. ڕەفتاری تورکیە لەگەڵ سنوورەکانی خوی لە کوردستان ڕەفتارێکە تایبەت: هەڵکڕانی دەرونی وفکری تورکییە ئەمەیە، کە لە حالێکدا گوڕانکاری ئەم خەتی سنووری(مەگین لەپەیوەند لەگەڵ خەتی سنووری ئێراق) پایەو ژێربنای کۆمار لە بەریەک هەڵدەکێنێت. بەشێک لەم مەسەلە شوێن تێکراو لە بڕگەو موقەڕەرات(پەیمانی نەتەوەیی)ساڵی 1919وخەباتێکی توندە کە بۆ دەست وێراگەین بەئامانجی ئەم(میثاقە) ئەنجام دراوە. شەشدانگی تورکییە، لە چوار چیوەی سنوورەکانی هەنۆکەی وی،بۆ کەسانێک کە بە میراتی مستەفاکەماڵ، تۆکمەڕێژی بناخەی تورکییەی نوێ، بە ئەمەگ و وەفادارن،تەقریبەن ڕوخسارێکی (عرفانی) بەخۆوەگرتووە. لە ئاکامدا بۆ ئەم خەڵکە لەدەست دانی کوردستان بە پێچەوانەی فەقیرو بەلەنگازی و برسایەتی، گەورەترین زەبروەشاندن لە(پێناسی سەرزەمینی) تورکییەیە.
بەڵگەی گرنگایەتی کوردستان لەم سالانە وەجودی سەرچاوەی نەوت و ئاوەکەیەتی ،کەلەشەڕی دووەمی دونیاگربەم لاوە گرنگایەتیەکی زۆریان بە دەست هێناوە. چ ولاتێک بەدڵنیایی چاوەدێری بەسەرچالاوەکانی نەوت هەڵکەوتوو لە ناوچەکانی ڕومیلان(سوورییە) وباتمان وسیلوان(تورکییە) یان خانەقین وکەرکووک(ئێراق) بە ئیدیکە ناسپێرێ.
بەزێدەبوونی جەماوەر،وزۆر بوونی داواکار بۆ ئەنرێژی بەرفرەوان کردنی ئاوداشتن،گرنگایەتی ئاو، ڕۆژ بەڕۆژ لە نەوت پتر دەبێ. ئیراق زۆرتر لێدانی بەربەندی ئاو(دووکان) و(دەربەندی خان)لەوئاوانەی کەلە داوینی ڕۆژئاوای زاگروس بە ڕوبارەکانی زێی بچووک ودیالە،دەڕێژێ کەلکی لێوەرگرتووە، و بەر لە شۆڕشی کوردان لە1991ئیشی بەربنی باخمە هەڵکەوتوو لەبەشی عولیای زێی گەورە لە قەلبی بادینانی دەست پێکرد. تورکییەش بەکەلک وەرگرتن لە بەشی عولیای دەجلەو فوڕات زنجیرە سەدێکی دورست کردوە،وئەم تۆڕە هەروا بەرفراوان دەکات. ئەم پڕۆژانەی بەربەند سازی، هێندێک ئاوەکە دەچێتە دەشتی دووچۆمان (بین النهرین) ئیکجار کەم دەکات. وهیچ کام لەو،ولاتانە نایانهەوێ چاوەدێری لەسەر ئەم چاوگانەی ئاو بە کوردان بسپێرن.
نەتەوەخوازانی کورد گازەندەوسکالایان هەیە لەم بارەوە کە سنوورەکانی نێو نەتەوەیی بە تێپەڕین لە ناو کوردستان، مللەتی کوردیان دابەشکردووە. سروشتییە کە ئەم سنوورانە گەورەترین ڕێگر لەبەرامبەر خەڵکی کوردن-بەلام هێنانەگۆڕی چەند خالێک لە ڕابیتە لەگەڵ ئەم جەریانە بەتاڵ لە بەرهەم نییە. گوتنی ئەم بابەتە گرنگە کە چاوپۆشی لە گوڕانکاری نیسکۆڵە هەرچەند جار، تخووبی ئێران لەگەڵ جینارەکانی ڕۆژئاوای وی،400ساڵە ئەوها ڕاوستاوماوەتەوە ئەم کەوشەنەی شوێن تێکەربەدرێژای چوارسەدە،لە سێ بارەوە ئیمکاناتێ بۆ مللەتی کوردڕەخساندووە.

سەرەتا بە گوێزەگوێزی ئاژاڵداران،ژیانی خۆیانی دابین کردوە-ئەم مەسەلە هەتا ساڵەکانی دەیەی1920هەروابەردەوام بوو. دەستەیەک لە عەشایەری گرنگ،وەکوو هەرکیەکان، پژدەریەکان،لە وەرزەکانی دیاری کراوبەماڵ ومیگەلەوە لەمەرز ئاوادەبوون. هەرکییەکان لە جەرەیانی ئەم کۆچ وکۆچباری وەرزی لە ئێران خوێیان بۆ فرۆشتن بۆ دووچۆمان(بين النهرين) دەبرد، و گەنمیان دەهێنا. کەوشەن بەردەوام ئولکەی بەرهەمی قاچاغی کەل وپەل بوو. ئەمە بۆخۆی بۆ ناوچەکانی بەلەنگاز وەکوو(وان)و(حەکاری) یەکێک لە سەرینچاوەکانی گرنگی بەرهەم بوو. جگەلەوش، سنوورێکی شوێن تێکەر بۆ کەسانێک کەلە حکوومەت ڕادەپەڕین، حاشارگەیەک بوو. سەدساڵە کە ڕێبەرانی کورد لێرە،یان لەوێ لە ولاتی هاوسایە خۆ حاشار دەدەن. زۆرتر ڕێبەرانی گەورەی کورد کاتێک کە تێشکاون لە یەکێک لەم سنوورانە ئاوابوونە، هێندێک لەچاخی پەڕینەوە دەگیر کەوتوونە، ئەوانی دیکە بۆی دەرچوونە ودوایی سەردەمێک دیسان شۆڕشیان لە هەل و مەرجێکی ڕەخساودا دەست پێکردۆتەوە.

و لە ئاکامدا ئەمە کەکوردەکان توانیویانە بۆ بەرەوپیش بردنی ئامانجەکانی خۆیان لە پشێوو ئاڵۆزی سنووری نێوان ولاتانی دراوسێ بەرهەم وەرگرن، بۆ نموونە،لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئێران بەشیک لە شکاکەکانی بەڕاپەڕین لەبەرامبەر دەسەلات و حوکمی عوسمانی لە(سۆمای) دنەدا،کە دەڤەرێکی سنووری،لە ڕووبەڕووی قەراخی باشووری گۆلی ورمێ یە. ئەو هەرسێ شتە،ئەمڕۆش هەروایە، لە بەر ئەمە هەبوونی ئەم سنوورانە بۆ کوردان بە تەواوی بەتاڵ لە فایدەنەبووە.

بەلام دەوە دا شک وگومان نییە کە ئەمڕۆکە ئەم سنوورانە هێندەشوێن تێکەرنین: کەلک وەرگتن لە تێل دڕوو، مەیدانی مین ڕێژی،چاوەدێری ئاسمانی،تێپەڕین لەکەوشەن، جگەلە ڕێگاکانی ئیجازەدراو،لەکردن نەهاتووە.

ئەمەش بێگومان هەنگاوهەڵینان بۆ(بەرەوپێش چوونی نەتەوەیی) شل دەکات و ئاڵوێرو مامەلە،نێوان دەڤەرەکانی سنوور(جگەلەقاچاغ)بەڕادەیەکی زۆرلەبەین دەبات. کوردەکان ئێستا هەودای ژیانیان بە ڕایەل وپۆی ئەو ولاتانەی کە لێی دەژین گرێدراوە، جگەلەوانەش ئەم تخوبانە نە بەرامبەر لەگەڵ جیاوازیەکانی زبانی و فەرهەنگی بەڵکوو بەناو ئەواندا تێدەپەڕن بەم جۆرە نێوان کۆمەڵگای (خەیاڵی)مللەتی کورد وهەل ومەرج و واجباتی کردەوە،پەیوەند بەژیان و مانەوەی ئابووری وی هەڵچونێک وجودی هەیە،کە تاقمەیەکی زۆری لە کوردان، والێکردوە هەتە لە ئاستانبۆڵ وتاران و جێگایەکانی دیکە،شۆڵ بدۆزنەوە.

خەڵک

جێگای دوو دڵی ئیکجار زۆرە کە کوردەکان بەم مانایە کە شیاوی تۆرەمەیەکی هاوبەش لە مەڕ قەومی بن، وهەموو تەرتیباتی هاو پەیوەندییەی پێکبێنن. زوربەی ئەم خەڵکە وێدەچێ پاشمەنەکانی شەپۆلی تایفەکانی هیندوئۆرۆپای بن کە لە هەزارەی دووەم بەر لە زایینی لەسەریەک لەخاکی ئێران بۆ لای ڕۆژئاوا چووبن. ئێمە چ ئاگاداریەکی ئەوتۆمان لەم خەڵکە نییە. ئەوەندە، دەزانین کە ساڵهایساڵ پێش بێ ئەوە،ناوی (کورد) لە گۆڕێ بێت، کوردستان مەڵبەندێک بووە ئاڵۆزو پشێو لە قەراخ ولاتانی کەونارا. لە ماوەی سەدەی بیست ویەکەم بەر لە زایین(سومر) دەبینین کە بە لانی

کەم هەمووساڵێک بۆ کوردستان لەشکر دەکێشێت، و هەولێر(ئەربیل-ئوربیلوم-)ئاگردەدا. لە سەدەی نۆهەم بەر لە زایین، پارسەکان بۆ لای باکوورچوون. لە راستیدا وێدەچێ بەناو قەفقازێدا تێپەڕیبن و لە ڕێگای دەڤەری ورمیٚ(ارمیە) واردی فارس بوونە. لەدەوروپشتی ئاخری سەدەی نۆهەم بەرلەزایین وڵاتی (مانای) لە زۆرتری خاکی کوردستان هەڵکەوتوو لەباکوور ورۆژئاوای گۆلی ورمیٚ جەستەی هەبوە، وەکوو پاردەیەکی نێوان ئاشورو دوژمنی گەورەی وی،ئارارتوها لەباشوور،ومادەکان کە لە جێگایەک نێوان هەمەدان وتاران جێگربوون،بەڕیوەی بردووە. شلمانسروسارگن، هەردوو بەرێز لە سەدەکانی هەشتەم ونۆهەم بەر لە زایین لە خاکی کوردستان بۆ ئاڕارتو لەشکریان کیشا. لە سەدەی هەفدەهەم (سەقز) بە ڕەواڵەت پایتەختی سکاکان بووە کە ناوی خۆیان بەوی داوە. لە سەدەی شەشەم پارس بە ئەمپەڕاتۆریەکی یەکگرتوو رێک وپێک گۆڕا. خەڵکی کێووچیاکانی زاگرۆس بێگومان نەیاندەتوانیوە لەم ڕووداو تێکەو لێکەوجولانەوە دڵ بریندارنەبن، بەڵام ئێمە لە چلۆنایەتی ئەم شوێن تێکردنە شتێک نازانین.

لە سەدەی دووەم بەرلەزایین ئەوکات کوردەکانیان بەدیاری کراوی بە ناوی (کورتی)ناوبراوە، کوردەکان بەوێچوونی نزیک بە یەقین تێکەڵاویەک لە هندو ئۆرووپایی بوونە کە لە ڕێگای جۆراوجۆر و لە سەردەمی جۆراوجۆر واردی دەڤەربىوون. لەوانەیە کە قەبایلی سامی-یش لە ماوەی ئەم دەورە، لە زاگرۆس نشتەجیٚ بووبن. لەفزی(کورتی)بەقۆچەقانی هاوێژانی بەکرێگێراوی سلوکی یان پارتی دەگوترا،کە لە زاگرۆس دانیشتووبوون، وبەللی نییە کە بەگروپ وزبان یان قەومێکی یەکگرتوو پێکەوتێکەل ڕێنوێنی و دەلالەت کردبێت. بیٚ دوودڵی لە ڕۆژکاری سەرکەوت و پێروزی ئیسلامی،یانی هەزارساڵ دوایی،و بە بۆچوونی زێدە لە چەند پێشتر،لەفزی (کورد) زۆرتر شیاوی مانای ئابووری-کۆمەڵایەتی بوو هەتا،قەومی. ئەم لەفزە بە ڕەشمالچیان دەگوترا،کە لەدەورادەوری چۆلگەو بیابانەکانی ئێران دەژیان،هەروا بەو تایفەوگروپانەی کە بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ساسانیان مل کەچ ببوون وزورلەوان قاعیدەتەن دەبیٚ سامی ڕەچڵەبن.

لەمەدا گومان ودوودڵی نییە کە لە هەنگاوەکانی دواتر بازیک هۆزی عەرەب و تورکەمەن لە مەڕ فەرهەنگی بوون بەکورد. تیرەکانی کورد و تورکەمەن لە ڕەخ یەک دەژیان، یان هەتا لە یەکگرتوویەکی دیاری کراوتێکەڵاو یەکدی دەبوون،لەحاڵیکدا کە سەرۆکانی تورک زۆرتر کوردەکانیان بۆ لای خۆ ڕادەکێشا و سەرۆکانی کورد تورکەکانیان بەکریکارخۆ وەردەگرت. دوو زنجیرە تورکمەنی ئاناتۆلی ڕۆژئاوایی بەر لە سەرهەڵدانی عوسمانیەکان بەتێکڕایی لە ڕەچەڵەی تێکەڵاوی کوردو تورک دەزانن. لە سەرتای چەرخی نویٚ هۆزی کورد-لەکیلیکیە هەبوون. شتێکی وا ڕەنگە لە دووچۆمان(بین النهرین)باشور، کە لە ویٚ کوردەکان و تورکەکان پێکەوەتێکەڵ ببون،جەستەی هەبوبێت. بۆ نموونە،قەبیلەی عەرەبی ڕوادی کەلەسەرەتای ڕۆژگاری عەباسیان(750دوایی زایین)هاتنەکوردستان،پاش دەربازبوونی دووسەت ساڵ کوردهاتنەحیساب، کەچیٚ تۆرەمەی عەرەبی وی، وەک ڕۆژ ئاشکرابوو. ئەمە یەکێک لەو خاڵانەیە. بەم شێوەیە ژمارەیەکی بەرچاوکورد،بە جۆرێکی گرینگ ئەو دەستە لەوخەڵکەی کەلە ئەرتەشەکانی ئیسلامی عەسکەریان کردبوو هەروا وەرزێران تایفەکانی کەبۆ ناوچەکانی زورینەی تورک زوان وعەرەب زبان کۆچیان کرد، نەختە نەختە پێناس و ناسنامەی کوردی خۆیان لەدەست دا.

لە ئاکامدا، ئەم کەسانە کە لە مەڕ ڕوخسارو قەڵافەتی کوردەکان(سەروڕەنگی چاو موو بەژن وقەڵافەت و...) لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەیان کردوە بەم ئاکامە گەیون کە سەرنج ڕاکیش ترین خاڵ لەم بابەتە وێچوونێکە کەئەم ڕوخسارەلەگەڵ ڕوخساری جەماوەری هاوسایە هەیەتی.

## زبان

شتێکی دیکە کەلەسەرجۆربەجۆری بنەماو بنچینەورەچەڵەو تۆرەمەی کوردەکان ئامازە،دەکات،جیاوازی تەوفیری زبانییە. ئەمرۆ لەکوردستان دوو جۆرە زبان یان دوو لەهجە وجوودی هەیە: (کرمانجی) کە زورتری خەلکی کوردستانی باشوور قسەی پێدەکەن، و(سۆرانی) کە پترخەڵکی باکوورپێیدە پەیڤین. ئەم دوو زوانە لەمەڕ دەستوری زبانی بەڕادەی زبانەکانی ئینگلیزی وئاڵمانی لەگەڵ یەکدی تەوفیریان هەیە، هەرچەند لەمەر وشە وێدەچێ ئەم تەوفیرە لە ڕادەی تەفاوەتێکە کە لە نێوان وشەی هوڵەندی وئاڵمانی وەبەرچاو دەکەوێت. ئەم دوو زبانە،هەریەک ناسێنەری نوێنەری زوربە لە،لەهجەکانی ناوخۆیین کەهەتا، سەدەیەک پێش لە دۆڵێک بۆ دۆڵێک فەرقیان دەکرد. بل لەوانەش سێ زبانی دیکەش هەن کە کەمایەتیەکانی پێی دەئاخۆن. لە باکۆوری ڕۆژهەڵات-لەسەنەندەج هەتا کەرمانشا-زوربەی کوردەکان قسەی پێدەکەن کە بەپارسی نوێ نزیکتر لە سۆرانییە.
دوو زبانی دیکەش بریتین لەگۆرانی وزازا: گوران، زوانی بازیک لە ناوچەکانی کوردستانی باکوورە، وزازا زبانی عەلەویەکانی کوردستانی باشوری ڕۆژئاوا،بریتی لەکوردو تورکە. زازاو گورانی خزمی یەکترن وبەگروپی زبانەکانی ئیرانی باشووری ڕۆژئاوا پەیوەندیان هەیە، لەحاڵیکدا کە کرمانجی و سۆرانی پەیونداربەگروپی باکووری ڕۆژئاوان. ئەم مەسەلە حیکایەت لەمە دەکات کەخەڵکێک کە بەئەم دوو زبان، زازا وگۆرانی دەئاخۆن وێدەچێت لە ڕەچەڵەی هاوبەش بن، لەوانەیە لە دیلەم یان گیلان هەڵکەوتوو لە دەوروپشتی باکووری ڕۆژئاوای دەریای خزرچەقەرەیاندابێت وپەروەردەببن.
هەتا ئەم سەدەی ئێستا بازیک لە وەرزێرانی ناوچەی سولەیمانیە بەگۆران ناویان دەبردرا، و لە ناوچە، ئەوانیان لە تۆرەمەی جیاواز لە تۆرەمەی کوردکانی قەبیلەیی دازانین. لەوانەیە ئەم خەڵکە لەگەڵ خەڵکانی عەشایەری گۆران،کە بە زوانی گۆرانی دەپەیڤین،لەیەک ڕەچەڵەبن،ولەگوینە کە زازاکان خەڵکی گۆران زوان، پێشتر و ئەوکات کە سۆرانی وکرمانجی زبانەکان واردی مەڵبەندی زاگرۆس بوون، لەناوچە بووبن. فکری بۆ دەچێ کەلە هەڵس وکەوتی ئەم گوێزەگویزەی جەماوەری بووە کە زازا زبانەکان بۆ لای ڕۆژئاوا وبەناو ئاناتۆلی دەرپەڕاندراون، و گۆرانی زبانەکان لە کۆزی تازە هاتوان جێگایان گرت و بەکۆمەڵگایەکی لە یەکترجیاو، لە بازیک جێگا، بەجامیعەیەکی موتیع گۆڕاون و ملکەچ بوون.

## دین

زۆرایەتیەکی لێمشتی خەڵک، یانی نزیکەی 75لەسەتی جەماوەر مەزەب سوننەن. بەڵام دوور نییە مەزەبەکانی (نەخازای)پاشمەنەی خەڵک پەیدابوو لەو فرق وجیاوازو ڕەچەڵەو تۆڕەمەی کەونارابێت-بۆ نموونە: مەزەبی عەلەوی کە لە ئەناتۆلی ناوەندی، بەتایبەت درسیم، لەهێزیکی بەرچاو بەرهەم وەردەگرێت. مەزەبی عەلەوی یان قزڵباش لە عینی حاڵدا کە ڕێز وحەرمەتێکی زێدە سەبارەت بەئیمام عەلی نیشاندەدەن، وەکوو ئاقیدەکانی بکتاش لە ئاخری ئیسلامی شێعەگەراری گرتووە. ئەم مەزەبە لێکدراوێکە لە هزروفکری بەر لە ئیسلامی وزەڕدوشتی وشمن تورکەمەنی وشیعی،کەلەماوەی

سەدەی پازدەهەم بە پایەوڕیشەی فرقەیەکی مەزەبی گۆڕدرا. زازا زبان وعەلەویەکان لە زۆرتری جێگایان وەک مەعجوون تیکەل یەکدی بوونە، ئەم ناچاریە وجودی پەیوەندی نێوان ئەم دووە بە زەین وارد دەکات. لەوانیە ئەوهۆزانەی لە دواییدا بوون بەعەلەوی، پێشتر سوننەمەزەب بن،بەڵام ویچوونی زۆرتر ئەمەیە،کە سوننەی زازا زبان ڕۆژگارێک عەلەوی مەزەب یان فرقەیەک لەو گروپەبن. هەربەمجۆرە لەکوردستانی باکوور یش ڕەنگە لە کارکردنی زبانی گۆران، لە لایان ئەهلی حەق شتێکی نائەنقەست نەبێت. ئەهلی حەق جیا لە ڕێزوحەرمەت سەبارەت بەئیمام عەلی،وێچوونێکی زۆری لەگەڵ ئاقیدەی عەلەویەکان هەیە. ژێربنا و خمی داڕێژراوی هەردوو مەزەب کۆگایەکە لە هزروفکری زەردەشتی. هەرچەند خەڵکی ئەهلی حەق زوربەیان لە دەورەوپشت وقەراخ قوجاخی زەهاب وقەسری شیرین ژیان ڕادەبوبرن،و جەماعەتێکی گچکە لەوان لە هەردوو لای زنجیرەکێوەکانی زاگرۆس، هەتا ورمێ(ئورمیە) هەڵکەوتوو لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا وجودیان هەیە. هەربەمجۆرە لە سولەیمانیە کەرکووک وموسڵ. هیچ کام لەم دوو فرقەی ئەهلی حەق بێگومان فرپیان بەمللەتی کورد وەنیە، بەشێکی زۆر لە عەلەویەکانی تورک ولە ئەهلی حەق تورکمانن.

بەڵام ئەم دووە گروپە ئەو تێکەڵە(ملغمە) ئاقیدەیان لەو هزرانە بەمیرات بردووە کەلە سەر بنەڕەتی مەزەبەکانی ئیرانی کەڵەکە بوونە. عەلەویەکان وخەڵکی ئەهلی حەق، هەردوو بۆ بنەماڵەی سەفەوی، کە بە هۆی ئاقیدەیک بەپێچەوانەی ئاقیدەی زۆرایەتی بەحکوومەت گەیشت،ڕێزی تایبەتیان هەیە.

یەکی دیکە لەم گروپەگرنگە وەدواکەوتووی مەزەبەکانی نەخازا سەرنج ڕاکێش (ایزدی)یزیدیەکانن. ئەم خەڵکە کە کرمانجی زبانن زوربەی لەجبل سنجارو شێخان-بەتەرتیب هەڵکەوتوو لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مووسڵ-نشتەجێن. هەتا ئەو ئاخیرانە ژمارێکی بەرچاو لەوان لە ناوچەی ماردین-میدیات -تورکیە ژیانیان دەکرد، ئەمما بۆ خۆ دەربازکردن لە هەل ومەرجی سەرکوت و تەوژمی حکوومەتی تورکیە هەموو بۆ ئاڵمان کۆچیان کرد. دەستەیەکی بەرچاوەیش لەم خەڵکە پێشتر یانی لە ئاخرئۆخری سەدەی نۆزدەهەم، لە بزوتنەوەی پان ئیسلامی عوسمانی هەڵاتن و بۆنە پەنابەری حکوومەتی رووس. مەزەبی یەزیدی، مەعجونێکە لە ئاقیدە بە ژماری خودایان(شرک باستانی)وئاقیدە بە دوو خوا(عناصرثنوی) دین زەردەشت وخداناسی (عناصری عرفانی مانوی) بەزێدەکردنی مەعجوونێک لە مەزەبی جوولەکەو مەسیح وئیسلام.

یەکێک لە ڕوخساری دیاری دراو پڕبایەخ ئەم گروپانەی مەزەبی هەتا ئەو دواییانە ئەمە بوو کە ئەم خەڵکە زورتردێهاتی بوون و لە ئیدئۆلۆژی قەبیلەیەی یان خزمایەتی لایانگری دەکرد. بە لێکدانەوەیەکی دیکە شیاوی وەپێشکوتن(ئەولەویەتی) مەزەبی هاوهەنگاوی سازمانی قەبیلەیی دەچووپێش، وجەماوەری جیاواز لە یەک پێکدەهێنا.

نزیکەی پانزدە لە سەت لەکوردەکان وەکوو زورتری ئیرانیەکان لایانگری مەزەبی شیعەی 12ئیمامین. ئەم خەڵکەلەکەرمانشا دەژین و کەمایەتێەک لەوانیش لە بەشەکانی باکووری پاریزگای کوردستان دانیشتوون و بە لەهجەی باکوور-ڕۆژهەڵات قسەدەکەن. دەستەیەکی دیکە، نزیکەی /150000خەڵکی کەرمانشا ڕەچەڵە ناسراو بەفەیلین،کە لە دەیەکانی 1970و1980لەئیراق دەرکران. چەتوونە بتوانی بڵێی: کە کوردەکان لەچ زەمان پێش بوون بەشیعە. مەزەبی شیعەی (اثنی عشری) دوازدەئیمامی لە سەدەی شازدەهەم لەئێران پەڕوپۆی هاویشت،دوورنییە کە بەر لەو زەمان کوردی شیعە زوربەی لایانگری مەزەبی ئەهلی حەق بن. چەنە لەمە پێش پتر ئاقیدەیان ئەوهابوو کە بنەماڵەکانی حاکمی ناوچە،ڕەنگە بۆ باشترکردنی وەزع و دۆخی سیاسی خۆیان لەلای حکوومەت،لە

مەزەبی ئەهلی حەق بەقازانجی شیعەکان دەستیان کێشابێتەوە، لە ئاکامدا مرۆڤی بەلەنگازی کۆمەڵگا وەدوایان کەوتبن و لایانگریان لێکردبن. دەکرێ ئەوهای فکر لێبکەینەوە کە هێندێک بەرەباب لە رۆژگاری پێشتر ببن بەشیعە. زیارەتگای گرنگی خەڵکی ئەهلی حەق لە(بابا) یادگاری سەتهاساڵە کە کڕنۆشی بۆدەبردرێ و هەمووساڵێک خەڵکیکی زۆرلە کوردی شیعە مەزەب بۆ زیارەتی دەچن.
لەم جێگایەوە کە زوربەی کوردەکان سوننەمەزەبن سروشتییە لە مەڕ مەزەبی لەگەڵ جینارەکانی عەرەب وتورک، بە دۆستایەتی ڕادەبوێرن. لەمەدا شک وگومان نییە کە کوردەکانی سوننە مەزەب ئاقیدەدارو دەمارگرژ لە زۆر بابەتاندا لەگەڵ ناکوردەکان سوننە مەزەب دژی کوردەکانی شیعە هاودەست و هاوپەیمان بوونە،و لە بازیک ناوچەکانی تورکییە ئێستاش ئەوهادەکەن. بەڵام ئەم کوردانە لە دوو مەسەلەی گرنگ لەگەڵ سوننەکانی ناکورد تەفاوەتیان هەیە: زۆرتری تورک و عارەبی (بەین النهرین) لەرۆژگاری سەقامگیربوونی حوکم ودەسەڵات و فەرمانڕەوای عوسمانی لە سەدەی شازدەهەم فقەی حەنەفیان بەناوی فقەی فەرمی(زانیار بەئەحکامی شەرع) مەملەکەت قەبووڵ کردوە. لە حاڵێکدا کوردەکانی لایانگری فقەی شافعی ماوەتنەوە،کە لە سەدان ساڵ پیش لە دەڤەر زۆرایەتیان هەبوە...ئەمە بۆخۆی ڕەنگە بەڵگەیەک بۆ سەربەخۆیی سەرۆکانی کورد لە بەرامبەرسوڵتان بووبێت.
مافی وەپێشخران(ئەولەویەتی) مەزەبی کوردەکان لە تەریقەتەکانی سۆفەویە وبەڕیوەبردنی ئەم تەریقەتانە یانی جەزبەو شەتاح(قسەی دژی شەرع واناالحق گوتن) وئاگرخواردن ولەخۆ دان وهتد...ئەم جۆرە ئاکارە تایبەت بە نەتەوەی کورد نین، ولە کولدا ئیسلامی خەلکی خەڵەقی(کۆن)بەسەرئیسلامی فەرمی دا،(ترجیح)بەزیاتردادەنێن.
و بەدورشمی مەزەبی بەر لە ئیسلام لەم جەماعەتە ئاماژەدەکەن، و دوور نییە کە لەگروپەکانی چەند مەزەبی خەڵکی کورد ڕیشەوخواستگاکانی هاوبەشیان هەبووبێت. تەریقەتی سەفەویەش بە پتەوقایم بوون و بەدابەشکردنی کۆمەڵگای کورد یارمەتیان کردوە. کوردەکانی (هاوتەریقەت) بێ سیلەچاو وسەرنج دان بە هۆز لە گەڵ هاوئیحساس و هاو هەست پەیوەندی هاوبەش دەکەن. لە لایەکی دیکە،بە تەریقەت بەرتەقا هەست بەهەڵچون و دوژمنایەتی دەکرێت. شێخەکان وتەریقەتەکانی جۆراوجۆر،هەتا شێخەکان تاکە تەریقەت لە مەڕ لە خۆ کۆکردنەوەی مرید، کە بناخەی دەسەڵاتیان پێکدێننن،زۆر جار لە گەڵ یەکدی کێ بەرکێ دەکەن. نموونەی ئاشکرای ئەم کێشەکێشە، دووفرقەی نەخشبەندی،یانی ساداتی نێهری و شێخەکانی بارزان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمن.
جەماعەتی مەزەبی دیکەش لەکوردستان جەستەیان هەیە، کە هەرچەنە پێناسی تایبەت بە خۆیان هەیە،دەکرێ ئەوان لە تەیفێکی بەرفرەوانتری فەرهەنگی لە کۆمەڵگای کورد جێگایان بۆ تەرخان بکرێت. جوولەکەکان(یەهوودی)لەماوەی زێدەتر لە دووهەزارە لەکوردستان دانیشتوو بوونە،ئەم خەڵکە زوربەی تاجرو مامەلەچی وسەنعەتگەروپێشەسازبوونە. زوربەی لەشارو شارۆچکەکان ژینیان دابین کردوە. لە سەرتای سەدەی نۆزدەهەم جەماوەرێکی بەرچاو لەم خەڵکە لەگەڵ کنیساکانی خۆیان لەناوچەی وەک زاخۆ،عمادیە،سولەیمانیە،بوونە. بازیک لەم خەڵکە وەرزیرو بازیک وابەستە بەبڕیک تایفەبوون. بە پێچەوانەی کۆچ وکۆچباری گشتی یەهودیان لەساڵەکانی 1948-1952بەئیسرائیل،ژماریەک لەم خەڵکە هەرلەکوردستان مانەوە، وزۆرلەوانەی کە بۆ ئیسرائیل یان کۆچکردوە ئێستاش خۆیان بەکورد دەزانن.

دایم ودەرهەم جەماوەرێکی بەرچاو لە مەسیحیەکان لە کوردستان وجوودی هەبووە. گەورەترینی ئەم جامیعەیە لە نەزەرمێژوویی ئەرمەنیەکانی ئاناتۆلی ڕۆژئاوان، کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە مەڕ حەشیمەت ڕەنگە برێک لە خودی کوردەکان کەمتربن. ئەرمەنیەکان نەتەوەیەکی ناعەشیرەیی بەرچاویان پێکدەهێنا،کە لە شارەکان و گوندەکان وزۆرایەتیان لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات وکیلیکە زیندەگیان دەکرد. بەڵام ئەم نەتەوە لە ماوەی شەڕی دونیاگری ئەوەڵ بە تەواوی تەفرو توناوبوون ولە ناو چوون(پاژی 6)

ئەرمەنیەکانی دەورو بەری سەدەی شەشەم بەرلە زایین لە دەڤەری (وان) جێگربوون. زەحمەتە بتوانین بلێین: کەلە نەزەرنیژادی جیا لە کوردان بن.

دەگوترێ کە لە سەدەی شازدەهەم بەم لاوە هێندیک لە هۆزەکانی کورد-هەڵبژاردەتر لەهەموو عەلەویەکانی مامەکانلی ئەرمەنی نیژاد لە نۆمسڵمانانی ئەرمەنی کۆکرانەوە. لەدەهەی 1940بەرەبابەکی ئەرمەنی کە بە کوردی دەئاخافت و لە حاڵی جیابوونەوەدابوو ئاگاداریەکی کەمۆکەی لە زانیاری مەسیحی هەبوو لەکوردستانی ناوەندی دۆزراوە. ئەم قەبیلە ڕۆژ بەڕۆژ زۆرو زۆرتر لەگەڵ تایفەی دراوسێی کورد تێکەڵ دەبوو.

یەکی دیکە لە جەماوەرەی مەزنی مەسیحی ئاشووری پێکیدێنن. چاخێک کلیسای نەستۆری کەلەساڵی 431ی زایینی لە سەر برێک بابەتی مەزەبی لە کلیسای ڕۆژئاوا جیابۆوە هەتا چین، سیبریە،تورکستان، و ڕۆژهەڵاتی ئیران بەرفرەوان بووە. بەڵام ئەم کلیسایە هیچ کات لە دواڕۆژی هێرشەکانی مغوول لە ئاخرێۆخری سەدەی چواردەهەم وەخۆی نەهاتەوە، و جەماوەرێکی چووکە لە وێ ماوە، ناسراو بە ئاشووری کە زوربەی لە چیاکانی حەکاری و داوێنی کێوەکان و دەشت و دەورەوبەری ورمێ(ئۆرمیە)سەقامگیربوو. فرقەیی مونوفیستی، (کە ئاقیدەیان وایە کە مەسیح زاتەکەوبەس) کە بریتی لەسوریان ئەرتدکس( یاسریانی معروف بەیعقوبی)بوو ئەویش لە تورعابدین وبەشەکانی موسڵ بوو. ئەم فرقەیەش شیاوی شێوەی قەبیلەیی و شیاوی شێوەی ناعەشیرەیی بوو. جەماوەری تورعابدین-یش وەکوو یەزیدیەکان بەهۆی زوڵم و زۆری موسڵمانانی سوننەمەزەب بە کردەوە لە ناو چوون.

وەزیەت و مەوقعیەت و هەڵکەوتی ئەم خەڵکە پاشان هەرچێ بووبێت ڕاستیەکە ئەمەیە کە لە دەورانی سەرەتای ئیسلام بە ئاشکرا، بەلەفزی(کورد) لەوان ناوبردراوە. مەسعودی، جوغرافیازانی نێوەڕاستی سەدەی دەهەم، لەکتێبی خۆی بەناوی (مروج الذهب لە(مەسیحیانی کورد) یاد دەکات. دوورنییە بەشیکی بەرچاو لە ئاشووریان و سوریان ارتدکس لەگەڵ موسڵمانەکانی دراوسێی خۆیان، لە یەک ڕەچەڵە بن.

**جەماوەری کورد**

لەسەردەمی سەرکەوتنی ئیسلام لەفزی(کورد) بەمانای چادرنشین بوو. لە سەدەی یازدەهەم بەم لاوە زوربەی گەڕیدان و مێژوونووسان لەفزی (کورد)یان بە چەنەپات کردنەوە بە ڕێگر بەکاربردوە، ئەمە شتێکە کە لەنووسینی گەڕیدەی ئۆڕوپایی سەدەی نۆزەدەهەم-یش بۆتە ئاوێنەی بالا نوێن. لە ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەفزی کورد بەمانا قسەکەری مرۆڤی عەشیرە یانی(

دەماوەر) بەزوانی کوردی دەکارکراوە. ڕاستە، بازیک لە خەڵکی کورد زبان، شیاوی چ جۆرە پەیوەندی عەشیرەیی نەبوونە وەکوو وەرزیر یان شارنشین دەژیان، بەڵام ئەم دەستەیە وێدەچێت کەمایەتێەک زیدەترنەبووبن وبێگومان جیاواز لە شکل وشەمایلەکی دەنگین بوون، کە لە کوردبوونیان وەدەست دەدا. نەخشەی سەرکەوتنی عەشیرەیی، هەتا لە سەدەیەک کە لە ماوەی وی چادرنشینی لە سەراوژێری ڕکەی فەوتان بوو. حیکایەتی لەجەماوەرێک دەکرد کە لە سەربناخەی ئیدۆ ئۆلۆژی خزمایەتی داڕێژرابوو. ئەم ئیدۆئۆلۆژیە لە سەربنچینەی خزمایەتی باوو عادەتی لە ئەفسانەی تۆرەمەی هاوبەش ڕیشەی هەیە. زۆرتری گروپەکانی قەبیلەیی کورد، ڕەچەڵەی بەڕاستی یان تەزویری هاوبەشیان هەیە کە یان قارەمانی پێشەوای ئیسلامە و یان خزمایەتی لە پێغەمبەری ئیسلام هەیە. ئەم شێوە بە تایبەت هەیکەلێکی سەرنج ڕاکیش لە مەشرۆعیەتی دەورانی دەسەڵات وفەرمارەوای ئیسلامی بوو. ژمارەیەک لە بنەماڵەکانی حاکم داواکاری ڕەچەڵەو پەیوەند لەگەڵ سەداری بەناوبانگی ئیسلام خالید ابن وەلید بوون. ئیدیکە پەیوەندی خۆیان بەبنی ئۆمیە وبنی عەباس بەڵگە دەهێناوە. جافەکان داواکاری خزمایەتی لەگەڵ (سەلاح ئەدین ئەیوبی) بوون.

دژواری ئاخافتن لە فەرهەنگی عەشایەری ئەمەیە، کە هینانە بەرباس وتاریف کردنی هۆزەکان شۆڵیکی سانایی نییە، چونکە زورۆ کەمایەتی عەشیرە و سازدانی سازمانی دەرونی وان لە جێگایەک بۆجێگایەکی دیکە و لە زەمانێک بۆ سەردەمێکی دیکە تەوفیری هەیە. ناروونی ناقس و شاراوەیی لە لەفزی(هۆز) لە وشەو جۆراوجۆر کە لە ناوچەکانی جۆربەجۆری کوردستان بۆ تاریف کردنی عەشایەر دەکاردەکرێ، ئاشکرایە: ئەم کەلیماتانە وەرگیراو لە زوانەکانی عەڕەبی و فارسی و تورکی و کوردینە: ئێل،عەشیرە،قەبیلە،تایفە، تیرە، هۆبە، هۆز، ولەم جۆرە. ئەمن لێرە تێکۆشاوم ئەم کەلیماتانە بەڕادەی(شمول) پانوو پۆڕی لە سەرەو بۆخوارەوە پێرست بکەم،بەلام گروپەکانی جۆراوجۆر هەر ئەم کەلیماتانە بەماناو تێگەیشنێکی دیکە لەکاردەکەن. ئەم کەلیماتانە لە مانایەکی ئیکجار بەرفرەوان لە یەکگرتوویی خێڵاتی(کنفدراسیون) هەتا بنەماڵەونیژاد کوڕوکچ ونەوەو نەتیجە گروپێکی چادرنشین کە تەقریبەن لە بیست هۆبە پێکهاتووە دەبەردەگرن. هەیکەلێک کە گروپی عەشیرە بەخۆویەوە،دەگرێ،ڕەنگە پەیوەندی بەکارکەری ناوەخۆ،وەکوو کەسایەتی ڕیبەران لێهاتوویی گۆڕینەوەی ئابووری یان تێکەڵاوی خزمایەتی لەگەڵ دراوسێی تایفەیی یان ناتایفەیی هەبووبێت، هەروا کارکەری بیانی،وەکووپەیوەندی وهاتووچۆ لەگەڵ حەشیمەتی عەشیرەیی یان ناعەشیرەیی دەوروپشت، و لە هەموان گرنگترلەگەڵ حکوومەتەکانی جینار. زور وافکری لێدەکرێتەوە کە قەبیلەکان-ئیدی تێپەڕین لەیەکیتی عەشیرەیی-لە تورەمەیەکی هاوبەش بەشداروشەریکن. بەڵام ئەم خاڵە بە پێویست وانییە. هۆزەکان دەتوانن کۆگایەک لە گروپی دەجۆراوجۆری خزمایەتی بن، کە هەریەک لە ڕەچەڵەی خوی ئاگادارە وبەڵام لەسەریەک قەبیلەیان وەک (کۆ) پێکهێناوە-زوربەی ئەوهایە. شکاکەکان، کە یەکگرتووی عەشیرەیین و بە پێکهاتن لەگەڵ یەکدی لە ئاکام لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم لەهەر دوولای سنوورەکانی ئێران وعوسمانی گرینگایەتیەکی پڕ بایەخیان وەدەست هێنا، نموونە،میثالی ئاشکرا ئەم بابەتەن. لەم دوو سەردەمە، دوووخانەدانی گەورە بوون کە بۆ فڕاندنی گۆی ڕەقبەڕقە،لە گەڵ یەکتریان کێ بەرکێ و چاوەچاو دەکرد، و هەریەک لەو دوو خانەدان، فیرمانڕەوایان لە سەرهێندیک بەش دەکرد کە بریتی لە گروپی خزم وناخزم بوون نموومەیەکی دی هورکانەکانن، کە دەگوترێ پێکهاتوو لە بیست وچوارتایفەی ڕۆژهەڵاتی ماردین بن. لە سەدەی نۆزدەهەم سەرداری ئەم بەرەیە سەرلەنوێ جێگای گوڕی و لە لقێک بۆ لکێکیتر چوو. لە1919 هاوپەیمانی گروپ بەکوژرانی سەرۆکی گشتی لە بەریەک هەڵوەشا و خەبات بۆ نیشاندانی دەسەڵات

لە ناو خانەدان، نێوان کوڕەمامەکانی دوور دەستی پێکرد،هەتا لە ئاکامدا یەکێک لەوان حوکم ودەسەڵاتی بێ ئەملائەولای خۆی بەسەر بەرەیەکەدا سەپاند. لەم هەردوو بابەتە-هەم لەمەڕ شکاکەکان وهەم لەمەڕ هۆرکاکان-زۆرایەتی حەشیمەتی هۆز پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ سەرۆکان نەبوو. تەنیا لەگروپی دەمام ناوەندی و گچکە وەکوو تایفە وتیرەیە کە نزیکی خزمایەتی شوێن تێکەرە. لە سەرئەوەش هەتا گروپێکی بچووک بریتی لەچەند ڕەشماڵ وێدەچێ بۆخۆی بریتی لە جەماعەتیک بێت، نەک خزم بەڵکوو سیبەرنشینن. ئەم قسە بەتایبەت لە ڕابیتە لە گەڵ ئاژاڵداران وەڕاست گەڕاوە، کەلەگەڵ ئەم خزمایەتیەدانین و لەگەڵ خێڵاتی خۆیان زۆزان و ئاران دەکەن.
تەقریبەن هەر قەبیلە یان بەشێک لەوی،جگەلەهزرەکانی پەیوەندار بە تۆرەمەی هاوبەش، پێناسی خۆی بەتەواوی لەسەر ناوچەیەکی تایبەتی تەرازو هاوجەمسەر دەکات. ئەم بابەتە لە سەرەتا لە گەڵ دیهاتیەکان و ئەم مەسیرانە بزمارکوت دەکرێ کە خێڵات لە ڕۆیشتن بۆ ئاران وزۆزان لەوان کەلک وەردەگرێت. ئەم مەسەلە، لەمێشکی قەبیلە،بریتی زەویووزاری گوندیەکانی مل کەچ،و لە مێشکی سەرۆکی قەبیلە ناوچەیەک لەبەرخۆی دەگرێ کە حکوومەت ئەوی بەرپرسی نزم ونیزام یان کۆ کردنەوەی باج وپیتاکی وێ کردوە. ئەم سی مانایە بەپێویست هاوسەنگ لە تەرازونین، بەم بەڵگە سادە کە سەرۆکێکی بەدەسەڵاتی عەشیرە، بۆ نموونە سمایل ئاغا سمکۆ،سەرۆکی شکاکان(پاژی 10)ممکینە بەرپرسایەتی زەویوو زارێکی زۆر،لە دەرەوەی دەسەڵاتی عەشیرە لە حکوومەتیکی بێ هێز وەدەست بێنێت. بەتێپەڕ بوونی زەمان،مەجبوور ئیحساسێک لە خاون مڵکایەتی لە مێشکی سەرۆک عەشیرە دەگورێ،دوایی سەردەمێک بە کەلک وەرگرتن لەم دەسەڵاتە ئەم سەرزەمین وزەویووزارە داگیردەکات. شێخەکانیش کە شیاوی دەسەڵاتی ئابوورین بەم شێوازە چوارچیوەی دەسەڵاتی خۆیان بەرفرەوان دەکەن. ساداتی نێهری کە لە1880لە شکاکانیان بەچاوی هاوسەنگی ناوچەیی خۆیان لێدەڕوانین نموونەی ئاشکرای ئەم جەرەیانن(پاژی 4)
نێوان دەوڵەت وعەشیرە تەفاوەتەکانی بنەڕەتی بەرادەیەکن کە ئەم دووە، لە بنەڕەتەوە مانعتەالجمع دەنوێنن، و پەیوەندییان بە باشترین وەزعی مووەقەت وەبەرچاودەکەویت. دەوڵەتەکان(ساکینن) و دەیانەوێ پاوانی کارەکانی دەسەلات لە دەڤەرێکی نەخازایان لە دەست دابێت، ئاتاج بە(پانوپۆڕی) شارەستانین کە بۆخۆی پێویست بەدەم ودەزگایەکی دیوانی وفەرهەنگی پاڵپشت بەئاخافتنو نوسینە. و ئەرکی ئابووری قەزائی و ئیداری لە شارو گوندەکان وەئەستۆدەگرن، هەتا ئیمکانی هەیە ئەرکی دینیش وەمل بگرن. عەشیرە لە سەربنەڕەتی ایدوئۆلۆژی خزمایەتی وبەستێنی زەوییوزار مڵک وماش عەمەل دەکەن، وئەم ئەفسانەی پێشوو هەم گوندو هەم مەسەلەکانی دیکە دەبەردەگرێ کە چ حکوومەتێک ناتوانێ بە سیلەچاوی ڕزامەندی سێرەی لێ بگرێت. ئەم بەستێنی فەرمانڕەواییە دوو مانای دیکەش پەیدادەکات: ئەوەڵ مافی ڕۆین لە وەرزی کۆچ-بۆ نموونە، مەسەلەی (پژدەر)لەپەیوەند لەگەڵ دەوڵەتی ئیران لەساڵەکانی 1920(پاژی 10) دووەم ئەمە، ئەو جێ ڵەوەرگایانەی وابەستە بەوانن کە لە وەرزەکانی جۆراجۆر،عەشیرەی دیکەش کەلکیان لێ وەردەگرن. بۆنموونە: کوردەکانی گەلایەتی و عارەبی شممار-ئەگەرچی نەیاری یەکترن-بەستە بە وەرز لە ناوچەیەکی لە باشووری دوورگە(جەزیرە) کەلکیان وەردەگرت، بەم مانایە کە (میللیەکان) لە سەرماو سەهۆڵبەندان لەچیاکانی ئاناتۆلی بۆ وێیان پەنا دەبرد وشممارەکان (قەبیلەی طّی) لەهاوینان بۆ وێ دەچوون.
بەڵام هۆکاری بنەڕەتی ناچەسپاندنی حکوومەت وعەشیرە لە جەستەی زنجیرە چین وتوێژ بنکەی عەشیرەیدا. سەرۆکانی عەشیرە لە تەواوی بەستێنەکاندا ئەرکدارن،هێندێک لە ئەرکەکان

بەڕیوەبەرن. ئەم مرۆڤانەی لە نێو گروپەکانیان سەرۆکایەتیان قەبووڵ کردون، لەجێی داوەرو ئاسپاردەی ئەرک و دابەشکەری سەرچاوەو بەرەپێش بردنیان کاردەکەن. بەرپرسی عەشیرە لە دەرەوەی گروپی عەشیرەیی لەجێی واسیتە نێوان نێزیکانی خۆی ولەگەڵ بەرپرسی گشتی ویان حکوومەت ئیش دەکات. بەرپرس پاوانی پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە لە بەستێنی ئەرکی خۆی دەزانێ ولەم مافە بە توندی پارێزگاردودیفاع دەکات. ئەگەر بەڕیوەبردنی دەسەڵات لە بەستێنی ئیختیاری حکوومەت دابێت،لەم حاڵەدا حوکم و دەسەڵاتەکەی لە پەیوەند لە گەڵ وەرگرتنی پیتاک و بەڕیوەبردنی عەدالەت، سروشتییە تەواوی حەشیمەتی چوارچیوەی حکوومەتەکەی دەباوەش دەگرێ،و لەم حاڵەدا لاق لە ناو نانی بەرپرسی عەشیرەلەگەڵ دونیای دەروە،ولەئاکام هۆکاری جەستەی وی،ماناو مەفهومەکەی لە دەست دەدا. لەم حاڵەدا ئەگەرحکوومەت ئەم کارئاسانیەی بکات،پیاوانی خێڵات ئیدی بۆبردنی مالآت وپەزو گاووگۆل بۆ لەورگای تایبەت، ئاتاجی بەچێرۆکی ڕەچەڵەی هاوبەش نابن. عەشیرە بەم بۆنەوە جەستەی هەیە کە بۆ زوربەی ئاژاڵداران تەنزیماتێکی بەرهەم داربێت. حکوومەت ئەگەربشێت هەر جورەهەنگاوێک هەڵدێنێت هەتا مرۆکانی عەشیرەیی بخاتە ژێر حوکم و چاوەدێری خۆی. ئەم چەقەوکێشمەکیشمە نێوان ڕۆڵی هۆزوو حکوومەت، کە مرۆڤ لە بەرامبەر دەربڕین ئاخافتنی بازیک لە سەرۆکانی عەشیرەیی کورد کە بەڕەواڵەت نەک بۆ ڕاگرتن و گەشە کردنی دۆخی عەشیرەیی خۆیان بەڵکووبۆ پێویستی دەوڵەتی کورد ئامازەدەکەن وەشک وگومان، دەخات.

بەکردەوە لە1918بەم لاوە،کە وڵاتانی نزیک کوردستان توانیویانە عەشیرە تێک بشکێنن وئیدۆلۆژی خزمایەتی کەئەم هۆزوتیرەوهۆبانە بناخەیان لە سەر وی داڕیژتووە لە بەین هەڵگرن. هەتا ئەو خێڵاتیانەی کە دەستیان لە ئاژاڵداری بەرداوە وبەتەوای بوونە یەکجێ نشین، وهەتا بازیک شارنشین بوونە،ئاریکاری دەستەوایی (بەرامبەر)لەسەربناخەی ئیدۆلۆژی خزمایەتی بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر بەردەوام ماوەتەوە. هەڵبەتە ئەم کارە، یانی بەدوایین گەینی ئەم جۆرە عەشیرەگەریە،دەبێت بە سەرکەوتنی حکوومەتەکان لە هێنانە دی ئاتاجی و نیازەکانی خەڵک ،یانی دابین کردنی داوەری، ئیشەکان و بەدی هێنانی کەرەسەی ئاسایش و سەلامەتی وهتد...پێویستی هەیە.

هەتا ئەم سەدەی ئێستاش حکوومەتەکان نەیانتوانێوە دەسەڵاتداری ناوچەیی ژێرفرمانرەوایان بەخۆ تایبەت بکەن. حکوومەتەکان بۆ ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ بەرهەڵستکارەکان لە گروپەکانی عەشیرەیی لەم دەڤەرانە بۆ دەیان جۆرە ئاسانکاریان پەنابردوە. و لەوجێگایە کە نەیانتوانیوە، تۆوی چەند بەرەکیان چاندوە، لە داواکارانیان داکۆکی کردوە، هەتا بەم هۆیە بشێن عەشیرەتەکان کزولەڕو لە توانابخەن، یان خۆیان بۆ خۆڕاگری زۆرتر پەروەردەکەن، لە هەموان گرنگتر، تێکۆشاون بۆخۆیان سەرۆک عەشیرە هەڵبژێرن و دانین، یان ئەوان بخەنەناو بنکەکانی فەرمانڕەوایی. حکوومەت بە بڕیارگرتنی ئەم شێوەی (باطل نما)دەتوانی لەبەرچاوی هۆز،بە سەرۆ ک ئیحتوبار وئابڕو خەڵات بکات، و وەزع ومەوقعیەتی وی پتەو کات. ئەم شێوازە،سەدان ساڵ بەڕیوەچووە، نموونەکانی هاوزەمان لەپاژەکانی 17و20دەبینین کەچلۆن حکوومەتەکانی تورکیە وئیراق وسەرۆکانی عەشیرە هەڵدەبژێرن و دادەنێن، هەتا بتوانن بۆ بەربەرکانی لەگەڵ کوردەکانی شۆڕشگێڕ هێزەکانیان بە جامینخوازی لە حکوومەت کۆ بکەنەووە.

فکرلێکردنەوەی ئەم کارە کە عەشیرە گروپێکن کە وەفاداری و ئەمەگناسیان حیسابی لە سەردەکرێ،شتێکی سادەیە،بەلام وانییە. لە هێنانە گۆڕی ئەم باسە بەبازیک ناکۆکی ناوئاخن ئامازە

کراوە کەلەماوەی وی رئیس عەشیرە ممکینە نەیاران لە بەرامبەرخۆیدا بدۆزێتەوە، وهەریەک لەم کەسانە وێدەچێ لەم بەربەرەکانیەدا دەستی ئاریکاری بۆلای وی درێژکات، ڕەنگە لە وڵاتی دراوسێ یارمەتی داوابکات. ئەم کێشەکێشە لەوانەیە، نێوان کەسی ڕەقیبی دەرون وعەشیرە بقەومێ. جگەلەمە بەرەباب یان تیرە ئیمکانی هەیە بێنەسەرئەم بڕیارە ئەگەر بزانین بۆ ئەوان خێری تێدایە لەم گروپە جیا ببنەوە، بە گروپێکی دیکە وەنووسێن وبلەکێن. یەکیەتێکێ بەرفراوان وبریتی لە گروپەکانی عەشیرەیی جۆراجۆر ممکینە ماوەی چەندساڵ لە بەریەک هەڵتەکێت سێبەرنشینان لەوی جیاببنەوە و جێگای باشتربدۆزنەوە. ئەمە هەرئەوشتەیە کە بە سەری (هورکانەکان) هات، ئەوکات کە بەرپرسی بە هێزو توانایان لە1919کوژرا. بواری لەبەریەک هەڵتەکان و حەولدانی زەمانی سەرەونخوون بوو هەتا ڕێبەرێکی تێکۆشەرو بلێمەت سەری هەڵدا. پەیداکردنی نموونەومەتەڵی هاو زەمان و گوێزەگوێزو ملکەچ، کارێکی جەتوون نییە. لە دەسامبەری 1994بەشێک لە(هەرکیە)کان لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئیڕاق دابڕان و لە بەرامبەرداکۆکی یەک کە یەکیتەتی نیشتمانی کوردستان لەداواکاری زەویەکانی ئەوانی کرد،بەوی لکان. ئەم دوو حیزبی سیاسی ش،لەمانا،پەیکەریکی نوێ لە(کنفدراسیون)ی عەشیرەیی هاوزەمانن. گروپەکانی عەشیرەی یش،لەمەڕ دەرونی وپەیوەند لە گەڵ دونیای دەرەوە هەمێشەلە حاڵی گۆڕان وگۆڕانکاری دان.

جگە لەوە،عەشیرەیەک ممکینەشتێک پتر لە بنەماڵیکی حاکم نەبێت کە . سێبەرنشینی زوری بۆلای خۆ ڕاکێشاوە. بنەماڵەی بارزانی لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم نموونەیەکی باش ئەو بابەتەیە، چونکە شێخەکانی بارزان لایانگری زۆریان لەخەڵکی وەرزێر ناعەشیرە کە لە زوڵم و تەوەژمی عەشیرەی دەورو پشت هەڵاتبوون، بۆلای خۆڕاکێشان. بەمجۆرە بارزانیەکان عەشیرەتەکیان هێنایەدی: حەشیمەتی ناعەشیرەیان بە عەشیرە گوڕێ. پێویستە بگوترێت بەپێچەوانەی لێکدانەوەیەک کە لە ڕابردوو لە کوردانیان وەدەست دەدا، وئەوانیان لەجێی چادرنشێنانی قەبیلەیی نیشاندەدا، لە تەواوی درێژایی مێژوو،کوردستان، دنە دانێک لە نێوان چادرنشینی و یەکجێ نشینی وعەشیرەیی وناعەشیرەیی وجودی هەبووە. جەرەیانی بارزانی مەسەلەیەکە، کە نەخشی مەزەب لە پتەوکردن هاوپەیوەندی گرووپی بە ڕوناکی نیشان دەدات. تۆڕێکی تەریقەت دەتوانێت هێزێکی بۆ پەرەپێدان و بە هیزکردنی هاوبەستەگی گروهی بێت،هەرچەند ڕئیسی عەشیرەدەبێ ئاگاداربێت کە شێخ لە سەرچلۆنایەتی روتبەو پایەی وی،لە مقامی ناوەندی بەیعەتی گروپ،دەستی نەیێخێتێ وتێوەرنەدات. لە سەت وپەنجاە ساڵی ڕابردوو بابەتی ئیکجارزۆر بینراون کە دەواندا شێخەکان ڕۆلی سەرۆکانی عەشیرەشیان گیڕاوە. شێخەکانی سەرکەوتوو،کەسانێکی وەک شێخەکانی بارزان و ساداتی نێهری، توانیان بەلایانگرو جامینخوازی زۆر لە گروپەکانی ناخزم دەستیان وێڕا بگەیێنن، ئەم گروپانە پەیوەندێکی کەس وکاروقەوم وخزمایەتیان ویکڕا نەبوو بەلام کۆگایەکی پەیوەندariyan پێکدەهێنا.

لەسەرئەوەش ئەم قسە بەم مانایە نییە کە سەرجەمی ئەندامی ئیتحادیەکی عەشیرەیی لایانگرانی مەزەبێکی تاقانە،بن، یان ئەوانەی کە پەیوەندیان بە فرقەیەکی نەخازا هەیە دەتوانن لە گروپێکی دیاریکراوپێکەوە بلەکێن. عەشیرەکان یان چەند بەشێک لە هۆزەکانی یەزیدی وسریانی وئاشوری زوربەیان پەیوەند بە ئیتحادیەیی سوننە مەزەبی(جەزیرە) وعابدین و حەکاری بوون،چەند خاڵێک هەن کە نیشان دەدەن کە تێکەڵاوی کەس وکاری لە فراسوی جیایی مەزەبی هەروا سەربەمۆر ماوەتەوە. بۆ نمونە هەرچەند بەهۆی جیاوازی دین، ژن و میردایەتی دەرونی بڕاوتەوە(یانی کچ

بەمیردان وخواستن لە نێوان یەزیدی وموسڵمان) کەس وکاری یەزیدی وموسڵمان ئێستاش پێکەووهات وچۆیان بەردەوامە.
ڕوو بەڕووبوون بە کۆنەپەرەستی(دوو دەستەیی) لە کۆمەڵگای کورد جەستەی هەیە،و بناخەی وی زۆرجار لە سەرکێشەکێشی خەیاڵی ڕاوەستاوە کە چرۆی بە زێدە لە دووهەزارساڵ دەگات: ئەم کێشەوهەرایە نێوان دوو دەستەی گروپی لەمێژینە بەناوی زیلان ومیلان-ە-کە ناوێنەچوو بەجەرەیانی قیس-یمنی قەبایل عەڕەبی سووریینەنییە. ئەم دوو دەستەیە، تایبەت بە بەکوردەکانی موسڵمان وەنییە. لەسەرتای ئەم چەرخە قەبایلی عەلەوی درسیم-یش،ئەم مەسەلەیان قەبووڵ کرد،ڕەنگە ئەمڕۆش عەمەلی پێبکەن و بەکردەوەبهێننەدی. یەزیدیەکان بە ڕەواڵەت نێوان عەشیرەکانی (جوانە وخورکان)دابەشکران. ئاشۆڕی لە ئامارەتی حەکاری(ادغام) توانەوە ولەسەرریشەی ئەم دوو دەستەیی لەناو عەشیرەی(ڕاست) و(چەپ)جێگیر بوون. ئەم لەفزەی(ڕاست) و(چەپ) چ پەیوەندی لەگەڵ لەفزی(ڕاست) و(چەپ)کەلە تەیفی سیاسی نوێ پەیدابووە، نینە. ئەوانە پێشتر لە پەیمان وبەڵێن(بەیعەتی) سەرەتا وجودیان هەبووە. هەتا شارۆچکەکانی ئەمیرنشین وبنەماڵەکانی (ڕاست) و(چەپ)ی خۆیان هەبوو. هۆزەکانی سوننەمەزەب ئارتوشی وپینانیش (حەکاری ئەمڕۆ)ئەم دوو دەستەیی ڕوو بەڕوو بوون لە ناوەخۆی نیزامی سیاسی تورکییەی نوێ بەردەوام دەکەن.
سەرئەنجام خاڵەکی دیکە-ش دەبێت لە بارەی کوردەکانی ناخێلاتی قسە لە سەربکین،مەسەلەی (گۆران)نان حیکایەت لەمە دەکات کە لەوانەیە خەڵکی ناوچەی کوردستان بن، کە هۆزوتیرە نەبوونە. ئەم خاڵە چ ڕاست چ درۆ،ڕاستییکە ئەمەیە کە کوردەکانی ناعەشیرەیی بێ لێبڕانەوە جەستەیان هەبوو. بازێک ئەلەم کوردانە وێدەچێ چاخێک کە تەوژم وزەختیان بۆ توانەوە لەسەربوە لە مەزەبەکانی دیکەدا بەئیسلامان ئیمان هێناوە. ئیدیکە بێگومان بنیچینەی عەشیرەیی تورک وتورکمان وکوردیان هەیە ویەکجێ نشینییان هەڵبژاردوە ئامانج مخسودو بایەخی خزم وکەس وکاریان لەدەست داوە ئەم ئیشە لەگەلێک هەل ومەرج بە لەز ڕوویداوە، بۆنموونە لەناو زوربەی قەبایلی کوردی سوننە مەزەبی ئیران، لە سەدەی بیستەم. بەڵام دەبێ لایانی ئاگا لە خۆبوون لە دەست نەدات. لە بازیک بابەت، بەتایبەت لە قسەهێنانە گۆڕ لەمرۆڤی عەشیرەیی کەبۆ شارەکی گەورە کۆچباردەکەن و قەبووڵی پێناسەکانی دیکە-ناسنامەکانی قەومی یان خۆجێییەکان-ناخوشحاڵ دەبینن، هەوداکانی پەیوەندی خزم وکەس وکاری هەروا گرنگایەتی خۆی ڕادەگرن.
گەلێک لە وەرزیرانی کورد، ملکەچی حکوومەتی قەبیلەین،شیکردنەوەی ئەم خاڵە بەتاڵ لەفایدە نییە کە هۆزەکانی ئاسۆری دانیشتووی حەکاری ڕەعیەتی کوردیان هەبوو. بەبارێکی دیکە زنجیرە پلەکانی کۆمەڵایەتی کوردستان بەو ڕادەیە کە بە پێی پێناسی کۆمەڵایەتی -ئابووری دەکرێ بناسێنین،بەپێی پێناسی مەزەبی یان قەومی-ش دەکرێ تاریف بکرێت. کوردەکانی دیکەی دێهاتی پەیوەندیان لەگەڵ عەشیرە نەبوو، بەڵام ڕەعیەتەکانی خاوەن ملکی عوسمانی یان سەفەوی یان قاجار بوون، ئەمانە لەهەل ومەرجی پەیوەندیەکانی ڕاستەوخۆی ئەرباب و ڕەعەیەتی کەهیچ جۆرە مانای هاوپەیوەندی گروپی نەبوو، ژیانیان تێپەڕدەکرد. خاوەن ملک زۆر جار(پیویستیەکانی)) بنەڕەتی پێژیانیان وەکوو عەرد،ئاو،وەرزا. گاو وگۆل وئامرازوکەرەسەو تۆو هیزی کاریان لەبەردەست دابوو-ئەمە حالاتێکە کە ئیستاش لە هێندێک جێگاکانی کورستانی دوایی دەیەی 1970هەروا وەکووخۆی ماوەتەوە. دێهاتیەکان زۆرجار ئیجازی کۆچ وکۆچباریان نەبوو. لە دەیەی

1960دێهاتیەکانی کورد بۆگوندی تورک دەبوایە لە خاوەن ملّک یان کوێخای وی داوای ئیجازەیان کردبوایە.
هەتا ئەوئاخیرانە کەم بوون ژمارەی ئەوکوردانەی شارنشین کە دەیانتوانی خۆیان لەم پلە بناسێنن. هەتا کاتێک کە قەومییەت بە مەسەلەیەک لەم چەرخە گۆڕدرا، ئەم خەڵکەی دانیشتتوی شارخۆیان بە لەبزی(نەتەوە)یان جەماوەری مەزەبی یان بەپیی وەزع و چلۆنایەتی شاری خۆیان دەناساند. ئەمە شتێک بوو کە ئەوانی لە نەزەرخۆی گەورەتر لە دیهاتیەکانی نەهەڵکڕاو دەنواند، ودژایەتیان لەگەڵ عەشیرەو بایەخەکانی عەشیرەیی پەسەند دەکرد.
خەباتی مللەتی کورد بەو ڕادەیە کە دەباوشگرتووی کێشمەکێشمی ئەم خەڵکەی شارنشین لەگەڵ دەستەی سەرۆکان،یانی(ئاغاوەت) وزنجیرە پلەکانی عەشیرە،یان عەشیرەیی یان هەودای پەیوەندی ئەرباب وڕەعەتی بووە، خەبات لە ڕێگای ئازادی لە فەرمانڕەوایی وحوکم و چاوەدێری حکوومەتیش بووە.

سەرچاوەکان:


متشرشده: بندیکت اندرسن،جماعات خەیالی: تاملاتی برمنشاء وگسترش ناسیونالیسم(لندن1983)،پیترآلفورد اندروز،گروهای قەومی درجمهوری ترکیە(ویسبادن،1989)،علی بنوعزیزی ومیروان واینر،دولت،دین وسیاست های قومی: افغانستان،ایران وپاکستان(سیراکوز1986)،کارلتن کون،داستان خاورمیانە(نیویورک1985)،جی.آر.درایور،(مطالعاتی درتاریخ کورد)و(دین مردم کورد)، بولتن مدرسە مطالعات شرق وافریقا،جلد2(لندن 1922)،لسک ودزیگل: جامعە روستایی عراق معاصر: کوردستان دربرابر تجدّد(کراکو1981)
دایرەالمعارف اسلام،چاپ دوم، لندن(اهل حق)،(قزلباش)، (کردها)،ر.گریشمن،ایران اعصارقدیم تاغلبةاسلام(لندن،1954)،امیرحسن پوە،ناسیونالیسم وزباندرکردستان،1918-1985(سان فرانسیکو1922) جان جوزف،نستوریان وهمسایگانشان(پرینستن،1961)،فیلیپ خوری وجورف کاستیز،تشکل قبایل ودولتدرخاورمیانە(لندن ونیورک،1991)فیلیپ کرین بروک واشتفن اشپرل،کردها: بررسی معاصر(لندن، 1992)،روژەلسکو،تحقیقاتی دربارە یزیدی ها(دمشق،1975)،دی ویدمک داول،(یادداشتی کوتاەدربارە کردان علوی)(گروەدفاع ازاقلیت ها، لندن ژوئیة 1989)، متی، موسی، غلاتەشێعە: فرق رو،عراق باستان(لندن، 1964)، آنتونی اسمیت،هویت ملّی(لندن 1991)، مارک سایکس،آخرین میراث خلافت(لندن 1915)


یاد داشت ها

1-بە نقل لز ایندپندنت،13 نوامبەر 1993
2-وان بروئن سن،آغا،شێخ ودولت،
3-ترجمە ازناسیناليسموزبان، نوشتە حسن پور
4-بریتانیای کبیر،وزارت خارجە،ارمنستان وکردستان(لندن،مە1919)
5-نگاکنید بوان بروئن سن،آغاوشێخ ودولت
6-ودی وید مکنزی(نقش زبان کردی درقومیت) درنوشتە اندروز بنام گروهای قومی درترکیە.

7-درعراق(کەرکووک)بەکاکەای یاسرلیا،ودراطراف موسل بە باجوان وباجلان معروف اند.

جیگا خەریتەی دەریای ڕەش:

کتیبی ئەوەڵ

کوردەکان لە سەردمی عەشیرەگەری

وئەمپەڕاتووری

پاژی 21112

کوردستان بەرلە سەدەی نۆزدەهەم

مێژووی کۆن

ئەمن نامەوێ لێرە خوێنەرانی بەڕیز لەگەڵ مێژووی دوورو درێژی کوردستان دەرگیرکەم، بەڵام بازیک سیلە چاوهەن کە چونکە حیکایەت لەمە دەکەن کە گەلێک لەچلۆنایەتی و نیشاندان(مشخصات)ی سەدەکانی نۆزدەهەم وبیستەم لە سەربنچینەی ڕابردوی کۆن کەڵەکە کراون، هێنانەگۆرو پەنجە بۆ ڕاداشتنی ئەوان دوور لە قازانج نییە.
لە گەڵ پیرۆزی وسەرکەوتنی عەرب، کوردەکان لەبێ ناونیشانی سیاسی وەدەرکەوتن و پەیتا،پەیتا بەدوای یەکدا پێشوێنی کەونارای ناوبانگیان بەڕاپەڕینی سیاسی پەسەندکردن. کوردەکان بۆ ئەوڵین جار لە ماوەی سەرکەوتنی ئیسلامی لە دوو چۆمان(بەین النهرین)،لە637ی زایینی، لەگەڵ عارەب هەودای یەیوەندو ڕابیتەیان بەردەوام کرد. هۆزەکانی کورد لە ئەمپەڕاتووری ساسانیان گرینگایەتیان هەبوو لە سەرەتا، لە تیێکۆشانی ئەمپەڕاتووری لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر لەشکرەکانی ئیسلام لەساڵەکانی 639و644بەتوندی داکوکی وپشتیوانیان کرد. چاخێک مەعلووم بوو کە کاری ئەمپەڕاتووی کراوە،سەردارانی کورد یەک لە دوای یەک لەبەرامبەر ئەڕتەشەکانی عەرەب ودینی نوێ سەری تەسلیمیان نەوی کردو بۆ قەبووڵکردنی دینی عەرەب ملکەچ بوون.
ئاڵگۆی قەبوولکردنی ڕەواڵەتی بەحکوومەتی ناوەندی، خواعەرەب یان لە دواییدا تورک،هاوهەنگاو لەگەڵ دابین کردنی ڕادەی لە کردنهاتووی ناوچەیی بەناوەرۆکی ژیانی سیاسی بەردەوامی

کوردەکان گۆڕدرا.  هۆزەکانی کوردلە جێگایەک لە حکوومەت لە بەرامبەر شۆڕشگێڕان وئەڕتەشەکانی بیانی داکۆکی کرد-بۆ نمونە، لە مەروان-ی دووەم لە بەرامبەر هەڕەشەی کوڕەکەی عمش، لە746 و لەمأموون، دژی براکەی ئەمین، و هەروا دژی بیزانس. لە لایەکی دیکە ئەم قەبایلە زورجار لەحاڵی شۆڕش دابوون، وئەم شۆڕشانە جارڕاستەوخۆ و جارلەگەڵ گروپەکانی دیکەی ناڕازیان بوو. لەساڵەکانی 645و659شۆڕشیان بەرپاکرد ولەساڵی 666دوو بارە لە ئەهواز وفارس دەستیان بەشۆڕش کرد. لە ساڵەکانی 685-703-708لە ئەمەوەیان ڕاپەڕین، ودەیان کەڕەت-یش بەتایبەت لەنیوەی سەدەی نۆهەم،ئەوکات کە کزولەڕی عەباسیان بەرەو زۆربوون دەچوو، بەیداخی ڕاپەڕینیان هەڵکرت: بۆ نموونە لەساڵەکانی 840-846-866ئەوچاخ کە مووسڵ یان داگیرکرد. لە ساڵەکانی 869-883بازیک تیرەی کورد لە شۆڕشی زنج داکۆکیان کرد، و لە  875بەپشتیوانی لە شۆڕشی (یەعقوبی سەفار) واردی ئولکەی کردەوە بوون.

زوربەی قەبیلەکان هەتا کاتێک کە لە حاڵی شۆڕش دا نەبوون دەیانتوانی سەربەخۆ حەمەل بکەن، هەرچەند لەوانیان داوا دەکرا کە بە ئاخافتن، بەوجودی حوکم وحکوومەتی ناوەندی یان بەرپرسانیان دەم پێدابێنن. هەتاڕۆژگاری سەلجوقی، کە لە سەردەمی ویدا گەلێک فەرمانڕوای تورک لە جێگای حاکمانی کورد دانیشتن، عەشیرەکانی کورد هەروا تەقریبەن ئازاد بوون،. لەم سەردمدا لە بەرامبەر خزمەت  بە بەرپرسان- کورد یان تورک-زەویان دەدانێ،ئەم خاوەن ڕوتبانە وەکوو ناوئاخنێکی نوێ لە فرمانڕەوایان ناوچەیی لە ناو فەرهەنگی خەڵکی کورد دەتوانەوە.

ئەم تویلدارانە(ئەوانەی لە زەمانی قەدیم لەلایان پاشاکان ملْک وئاو زومین یان پێدەدان) یەکەمین کۆڵەکەی کۆمەڵگای کوردبوون. بەشیک لەوانە ڕەنگە سەرۆکانی ناوچەیی بوونە، کەلەگەڵ هۆزەکانی خۆیان خزمەتێکی لێهاتوویان بە ئەڕتەشەکانی ئیسلام کردبوو. ئەوانی دیکە شەڕکەرانی پیشەیی بوون کە لە بەرامبەر حازرکردنی نەفەرات بۆ ئامادەکردنی قۆشەن، لە کاتی شەڕی(اقطاعاتی) لەکوردستان لەدەوڵەت وەرگرتبوو.  (یانی ملْک یان پارچە زەەیەک لەلایان پاشا یا خەلیفە بەکەسێک دەدرێ) لەپلەی خواروتر لەوانە لەشکریان بوون، کەجار گروپی عەشیرەیی تازە، یان لەبنیات  قەبیلەی تازەیان پێکدێنان. ئەم عەشیرانە زوربەی ئاژاڵدار بوون، ئاران و کویستانیان دەکرد. هەموویان بەچینی شەڕکەرانیان پەیوەندی هەبوو. لە چاخی شەڕ مووچەیان لە ڕێگای شەڕ و لە کاتی ئاسایی بە بەرهەمی ئاژاڵداری بەڕیدەچوون. دوایی ئەوانەی (خاوەن شمشیر) چینی وەرزێرو کاسبکاران( یان وەرزیرەکانی ناعەشایەری) وخەڵکی شاری بوون.

کوردەکان لە دابین و تەدارەکاتی شەڕکەران بۆ سوپای ئیسلام ئاوازەو ناوبانگیان کردبوو. بە ڕەشادەت لە سنوورەکانی ئیسلام دژی بیزانس، ئەرمەنستان، و لە دەڤەرەکانی تخووبی ئیران شەڕیان دەکرد و لە شەڕەکانی خاج پەرستان بەشداریەکی گرنگیان هەبوو. بازیک لەوانە بەم بۆنەوە چووبوونە ڕیزی ئەڕتەشەکانی خەلافەت، کە لە کوردستان ئیدی زەویەک بۆ دابین کردنی بەرهەم بۆ بەرێچوونیان نەبوو. دورست بەمجۆرە کە ناوچەکانی چادرنشین وەکوو  دوورگەی عەرەبستان و سەحراکانی ئاسیا، هۆزەکان مەجبوور بە ڕۆین بۆلای باشوور و وەدەرکەوتن لە دوورگەی عەرەبستان  و بۆ لای ڕۆژئاوای ئیران بەرێ وەبوون، و ژمارەیەکیش لە کوردان بەدوای دۆزینەوەی بناخەو ڕیشەیەک بۆ دابین کردنی قووتی ژیان مەجبوور بە تەرک وهەڵوەدا لە کوردستان بوون.

- کوردەکان خۆیان لەگەڵ هێرشەکانی عارەب ڕێکخست و بە پێچوانەی تێکەڵاوی، چ کات وەبەر تووڕەیی وغەزەبی عەرەب نەکەوتن. بەڵام تورکمانەکان کە شەپۆل بەدوای شەپۆل دەهاتنە

دەڤەرو تەنگەژەی زۆرتریان هەبوو، بە پێچەوانەی تێکۆشانی سەلجوق، بەمە کە ئەم گروپە دوورلەرێکو پێکی ئاگاداری ئاسیای سەغیربکات، تورکمانەکان جیگایان بەکوردان تەنگ کرد وئەوانیان لەبەشێک لە باشووری دووچۆمان(بەین النهرین) وئازەربایجان دەرپەڕاندن. حەولدانی حوکمڕانانی کورد بەکەلک وەرگرتن لە پیاوانی هۆزەکانیان تورک، لەناو قۆشەنی خۆیاندا زۆرجار ئاکامی پڕموسیبەتی بەدواوە هەبوو. هەتا ئەوچاخانەی کە مەسەلەی ژن هێنان لە نێوان بنەماڵەکانی حاکم سەری دەگرت،ئەم قەبیلانەی تورک هەروا باحالەتی پاشاگەردانی وبەاش جێگای متمانەوباوەڕپێکردن نەبوون. لەهێندێ بەستین زێدەتر لەسەت ساڵی کێشا هەتا قەبایلی کوردو تورکمان ڕێگای پێکەوە ژیان بدۆزبەوە.

خولەفای عەباسی هێزەکانی کوردیان بەزانیاری وبەم ئامانجە بۆخزمەت وەردەگرت کەلە دەسەڵات وقودڕەتی عەزیمی لەشکرەکانی تورک لە ئەڕتەشی خەلافەت کەم کەنەوە. لە سەدەی یازدەهەم بەم لاوەسەلجوقیان-یش کوردیان لەئەرتەشی خۆیان بۆ خزمەت وەردەگرت. پەیوەندی نێوان تەشکیلاتەکانی نیزامی کورد و تورک هەتا ئاخری سەدەی دوازدەهەم هەروا لەتەقینەوەدابوو.

دەستەجاتی نیزامی کورد، کە بەشێک لەوان هەرلەسەرەتاوە لە هۆزەکان بوون و بەشیکی دیکە کە خۆیان لە گروپەکانی عەشیرەیی-نیزامی پەروەردەکردبوو، لە شەڕەکاندا بەشداریان کرد و لە دەڤەرەکانی جۆراوجۆری ئەمپەڕاتووری بنکەوقەرارگاو کۆچ نشینەکانیان ڕیکخست. جەستەی ئەفسەرانی پلەوپایە بەرزی کورد لە لەشکری ئیسلام بەهیچ لەون شتێکی دەگمەن نەبوو. بۆ نموونە،کەسێک کە لە عکا لەبەرامبەرخۆبەختکەرانی خاچ پەرست بەرگریان کرد فەرماندەرێکی کوردبوو، کاتێک ئەم فەرماندەرە کراحاکمی ئۆرشەلیم،کوردکی دیکەلە(عکا) لەجێی وی دانیشت. ناوبانگی کوردستان لەجێگای سەرینچاوەیەک بۆ حاملان وڕاهێنانی ئەفسەرانی بەهاتوو ژێهاتوو واحدەکانی نیزامی وەک ناوبانگی ئەسکاتلەند بوو. بەناوبانگترین خاوەن پایەوپلەسەلاح ئەدین بوو، کە شکەستی ئیکجاری بەخاچ پەرەستان دا، وزنجیرەی ئەیوبی لە میسروسورییە وئێراق بنیات نا. سەلاح ئەدین-یش وەکوو زوربەی هاوجەنگاوەرانی کورد،بۆخۆی هیچ کات لەکوردستان نەژیا. ئەو لە تکریت لە دایک بوو، سەیردەنوێنی کە ئەو،و شەڕکەرانی کوردی هاوڕزمی وی بەپێناسی سیاسی خۆیان فکرنەکردۆتەوە-ئەمانە خۆیان بە سەربازی ئیسلام دەزانی! ئەگەرپێناسی کوردی لەلای وی گرنگ بوایە بێگومان جێگایەکی وەک دەشتی پرپیت و بەرەکەتی شارەزوری، هەڵکەوتوو لە قەلبی کوردستان بەناوی (تیول) بە مملوفەکانی تورکییەی نەدەبەخشی.

لەبارەی(کوردییەت) ئەو زنجیرەبنەماڵە کە لە سەدەکانی دەهەم و یازدەهەم لەکوردستان هاتنەسەرپێ دیسان دەبێ برێک بە دیقەت لە گەڵیان هەلس وکەوت بکرێت. ئەم زنجیرەیە لەڕۆژگاری عەباسیان هەتا ئەوجێگە کە دەیانتوانی سەرزەمینی پتریان هێنانە بن چۆک، بەڵام یەک بەدوای یەکدا بەهۆی زنجیرەکانی تورک مەحوو بوونەوە لەناو چوون. ئەم دەستوورە لەلایان سەلجوقیەکان بوو کە بە بێ بەزەیەکی هەرچەند زورتردەسەڵاتی حکوومەتی ناوندی بەسەرناوچەدا داسەپاند. لە ماوەی ئەم خولە ئاشی پێکەوەکوڵاو لە زنجیرە بنەماڵەو ئەمیرنشینەکانی بچوک چەقەرەیانداوهاتنەکایە. هێندێک لەوانە کوردبوون: کاتێک بنەماڵەی حاکم، حوکم ودەسەلات وچاوەدێری خۆی بەسەرمەڵبەندیکی تەقریبەن بەرفرەوان پتەو دەکرد،بۆ بەرهەم وەرگرتن لە ڕازانەوەی ژیانی شارستانی ڕەشماڵی خۆی کۆ دەکردەوە، بەرەو ئەمیرنشین دەکەوتەڕێ. باناوبانگترینی ئەم زنجیرەیە بریتی بوون لە شەدادیان(951-1075)لەرۆژهەڵاتی ماوەراءقەفقاز، نێوان ڕووبارەکانی کروئەرس، مروانیەکان(984-1083)لەسەرزەمینی دیاربەکر بۆلای باکوور، و

دوورگەی باشووری. وحەسن ویەکان(959-1095)،کە مەڵبەندی زاگروس نێوان شارەزورو خوزستان هەڵکەوتوو لە ڕەخی ڕۆژهەڵاتی یەکاوی عارەبان یان لە ژێرفەرمان دابوو.
لەجێگایەکانی دیکە هۆزی تورکمانی کە تازەهاتبوو ناوچە حوکم و داسەپانی خۆی لە سەربەشێک لە دەڤەر وەگەڕخست، وهێورهێور لەگەڵ فەرهەنگی دەوروپشت تێکەڵاودەبوو دەتواوە. ئەم زنجیرەیەش وەکوو سەربازانی بەکرێگێراوانی کورد،جێگای سەرسوڕمانە کە لە ئەسل،بۆخۆی بەناوی کورد،یان تورک، بە لێکدانەوەی سیاسی وشە،فکریان لێکربێتەوە. پێناسی ئەمانە لە سەر پەیوەندی ڕەگی بنەماڵەیی و نەریتەکانی قەومی و فەرهەنگی و ئیسلامی ڕاوەستابوو.
پشێوی وئالۆزیەکی زاهیری توندوتیژی کوردستان، جیا لە کۆمەڵگای عەشیرەیی ،هۆیەکی دیکەش هەبوو. ئەم دەڤەرە لەدوو لا شارێیانی هەبوو کە لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات ڕاکشابوون. لە ئاکام هەرئەرتەشێکی هێرش هێنەر کە لە ئیران بۆ دووچۆمان(بەین النهرین) هجوومی دەکرد،خواناخواە بە، بەشیک لە کوردستاندا تێدەپەڕی. جار وەدەبوو چەند بەشێکی کوردستان تووشی کاول بوون و خاپوورو وێرانی دەکرد: بۆ نموونە لە هیرشی هۆبە نشێنانی خوارەزمشاهی، کە لە نێوەی سەدەی هەشتەم لە ڕۆژهەڵاتی گۆلی ئاراڵ، لە ئاسیای ناوەندی،دەهاتن، هەرچەند جار دەستیان بەتاڵان وبرۆ دەکرد. لە هجوومی غوزەکان،لە نێوەی سەدەی یازدەهەم،وهەر وا هێرشی چەندپاتەی بیزانس. لە بەستێنەکانی دیکە قەبایل دەیانتوانی سولح وئاشتی بەهێرش گەران قەبووڵ کەن،هەروەک لە1071لە بەرامبەرئالپ ئەرسەلان،جەنگاوەری گەورەی سلجوقی،پاش سەرکەوتن بە سەرئەرمەنستان وبیزانس، لە مەلازگرد ئەوهایان کرد. مەلازگرد خاڵی ئاخری زنجیرە و ئاماڕاتی کوردبوو،چونکە سەلجوقیان بەمە مافی دەست پێشخەریان(ئەولەویەتیان) دابوو کە(پارێزگای) نوێ،یانی کوردستان بەدەستی خاوەن پلەوپایەی تورکمان بەڕیوەبەرن.
نێوەی ئەوەڵی سەدەی سێزدەهەم بۆکوردستان دەورانێکی موسیبەت بارو دڵتەزێن بوو. لە1217خوارزمیەکان هێرشیانکردە ناوچە-ئەم هجوومە هەتاساڵی 1230پەیتا،پەیتا بەردەوام بوو. لە1231بووکەئۆلکەیان بەجێهێشت، ئەویش بەم دەلیلەبووکە هەڕەشەی مەترسیهێنەرتر لە خۆیان لە لێژنەی هجووم کەرانی مغوول هاتەسەرسەحنە. ساڵ وەرگەڕا،کوردەکان بۆ ئەوەڵین کەڕەت تامی شەڕی مغولانیان چیژت. دیاربەکر،تاڵان کرا،هەتا تاقەکەسێک لەدانیشتوان، گیانی سەلامەتی بۆ دەرنەچوو،دوایی وی نۆرەگەیە ماردین ونسیبین. لەساڵەکانی 1235-1236هێرشکەرانی مغوول هجوومیکی تازەیان لە دەڤەردەست پێکرد. شارەزور لە1247تاڵان کرا، وجارێکی دیکە لە 1252لەگەڵ هێرش کەران دیداریان تازەکردوە،هەلاکو،سەرداری مغوول، پاش تاڵان کردنی بەغدا لە1285 بۆ تەورێز، گەڕاوە ولەشکرەکەی خۆی بۆ هجوومی تازە بۆ دەڤەرەکانی دیاربەکر، وجەزیرەی ئیبنی عومەر، وماردین وحەکاری نارد. بە سەقامگیری مغوولەکان بازیک لە هۆزەکان بەخزمەت ئەربابانی نوێ لکان. بۆ میثال،سوڵتان ئەلجایتویان لەداگیرکردنی پارێزگای گیلان هەڵکەوتوو لە ڕەخ دەریای خەزەر، ئاریکاریکرد. بەڵام پاشمەنە،زورتر بەهۆی گێژاوی پشێوی ئابووریەکی بێڕەزا کە هێرشەکانی مغولان هۆکارەکەی بوو،هەروا بەکوڵ مانەوە. بۆ نموونە،لە ماوەی سەدەی چواردەهەم تەقریبەن تەواوی هۆزەکانی دەوروپشتی دیاربەکر،لە ناو چوون و هۆزی دەنوێ سەریان هەڵدا. ئابووری هێشتا شوێنێکی لە باشتربوون نیشان نەدابوو. بەرهەمی کوردستان ئێستا یەک دەهەمی بەرهەمی بەرلەهێرشی مغوول بوو. یەکێک لە بەڵگەوهۆکاری ئەم مەسەلە،بێگومان دەست کێشانەوەی خەڵک لەکشت وکاڵ بوو، ئەمە بەنۆبەی خۆی دەوام وداسەپانی فەرهەنگی چادرنشینی بۆ سەدەکان دەستەبەرکرد.

سەدەو نێوەک دوایی هێرشەکانی مغوول، کوردستان تووشی وێرانیەکی گەورەی دیکەبوو. لە1293 تەیمووری لەنگ بەغدای داگیرکرد، بۆ باشووریموسڵ ڕۆیی. کاتێک سەرنجی بۆلای ڕۆژئاوا ڕەکیش کرا،کوردستانی بە(ئەمان)ی کوڕی جەلال ئەدین میرانشا ئەسپارد،ئەویش ناوەندیەکی گرنگی مەڵبەند وەکوو: دیاربەکر،ماردین، تورعابدین،وحەسەن کەیف ی تالان کرد. لەساڵی 1401بەدوای شۆرشێک کە لە ناوچە قەوما، تەیموور، ئەربیل وموسڵ وجەزیرەی ئیبنی عومەری تالان کرد. بەمجۆرەی کە دەڵین: لەتەواوی (جەزیرە)تەنیا وەرزێرێکی مەسیحی لەم هێرشە نەجاتی بوو.

ڕاپۆرتی ڕووداوی ڕووکەش لە کەشمەکەشم و، پێکهلاچوون نێوان عەشیرەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ یان ئەرتەشەکانی بە کوردستان داتێپەڕیوو، دەبێت ئەمە لەبەرچاوبگێرێ کە مێژوو نووسان زۆرتر ڕووداوی (نەخازا)گوزارش دەکەن و سێرە لە ڕووداوی ئاسایی ومەعموولی ناگرن، لە بەرئەمە ڕەنگە بە تەقیە نزیکتر ئەمە بێت کە داوەریەکی ئەوها لە شەڕوکێشەو پێکدادانوو مەعرەکە،بە سەردەمی ناتەرازو، بێ تەعادول لە پەوەندی بزانین. کە جیا لەم جۆرە بابەتە هاوسەنگی و مێزانێک لەنێوانیاندا بەرقەراربووە. لەئاکامدا رابیتەو پەیوەندیەک هاتەکایە کە ئاوێنەی بالانوێنی هاوسەنگی دەسەلات نیوان سەرداران وڕادەی شوێن تێکردن وحوکمڕانی دەوڵەت لەچوارچیوەی دێهات بوو. هەڵبەتە خەڵکی ئاسای دەیانەویست ژیانیان لە سولح وئاشتی تێپەڕکەن، ئاتاجی ژیانیان دابین کەن، و زێدە بەرهەمیان لەبازێڕەکانی ناوچە بفرۆشن. ئەوکاروانانەی کە لە ئیسفەهان وتەورێز بۆلای ڕۆژئاوا دەچوون،بەدەڤەردادەڕۆیشتن، مووچەوپیتاک وماڵیاتیان بەو هۆزانە کە بە مەڵبەندیاندا تێدەپەڕین دەدا. حوکمڕانانی تورکمان دانراوی تەیموورلەنگ، بۆ ئەمە کەبتوانن ڕێگای نێوان حەڵەب وتەورێز کراوەڕابگیرێ لەگەڵ بنەماڵەکانی حاکمی ناوچە دەکەوتنە پەیوەندی و ژن لێخواستن، وزۆرزوو وەزیەتێکیان پێکهێنا کە پادشاو سوڵتان کەوتنە بەرڕەکێش کردنی محیبەتەکانیان.

هاوسەنگی چاخێک تێکدەچوو کەسەرۆک یان سەرۆکەکان خەریک دەبوون دەڤەری ژێردەسەلاتی خۆیان بەرفرەوان بکەن،یان دەوڵەتێک دەکەوتە بەرئەم فکرە کە حوکم وئیختیاراتی خۆی پان وپۆڕبکات،یان زەمانێک کە دەسەلاتی حکوومەت یان ڕئیسی ناوچەیی بەرەوکزی دەچوو هەلی بۆ سەرەڕۆیی ئەوانی دیکە دەڕەخساند. هۆکار زۆرتری مناقشە ناوچەیی و داوا لە سەرمافی کەلک وەرگرتن لە بەیارو گێادروو مەسەلەی جێگری ڕئیس قەبیلە یان بابەتی وەکووئەمانەبوو. لە سەریەک دەکرێ بگوترێ کە زێدەبوونی گرنگی قەبیلە هەمێشە -*نیسبەتی معکوسی*لەگەڵ زێدەبوونی دەسەلات و شوێن تێکردنی و حکوومەت عەشایەری دراوسێ هەبوو.

چالدران وسنوورەکانی نوێ

لە سەدەی شازدەهەم هاوسەنگی قودرەت نێوان ئەمپەڕاتووی عوسمانی و ئەمپەڕاتووری تازە وەسەرپێکەوتووی سەفەوی، هەل و مەرج و، وەزیەتیکی بۆ بنچینەی سیاسی و پتەو قایم هێنادی، کە هەتا ئەوکات لەکوردستان ڕابردووی نەبوو. شکڵو شێوازێک کەلەو سەردەم وەسەرپێکەوت ئاڵگۆیەک بۆ یەکگرتن وپەیوەندی سیاسی نێوان حکوومەت ومەڵبەندەکانی کوردنشینی دەورو پشتی ئەمپەڕاتووری وەدی هێنا. لە سەرەتای ئەم دەورە، تەعادول وهاوسەنگیەگی ئەوها پێشبینی

نەدەکرا، لەنزیکەی نێو سەدەی نۆزدەهەم کوردەکان هێشتا دەیانتوانی بەحەسرەت چاو لەپشت سەرو لە سەردەمی زێڕاوی بگێڕن، کە لە ماوەی ویدا کۆگایەک لە ئاماژات وفەڕمانڕەوا نشینەکانی سەربەخۆی کورد وجوودی هەبوو. بەڵام ئەمە نەزەرگای ئەفسانەیی نەتەوەخوازانە(ونەتەویەتی گرایانە)بوو واقعیەت هەڵپێچراوتر لەمە بوو، کە ئەم وێنە بە ڕوخسارەکی ڕازاوەی کەماڵ گەیو، هێندە نزیک نەبوو.
ئەمپەڕاتووری عوسمانی بەپێچەوانەی ڕەگووپۆی عەشیرەیی خۆی، پشتی لە عەشیرەگەری کرد وئاگایانەو زانیاریانە دەم ودەزگای حکوومەتی سەقامگیری لە ڕەخ فەرهەنگێکی مەددەنی و فەرمی بە و هێناکایە. ئەرتەشێکی پڕچەک وپۆشتەو و دەزگایەکی دیوانی تەقریبەن ئیش ڕاپەڕو پسپۆری بنیات نا، بنکەکانی (سوننەی) لەناخی دەم ودەزگای حکوومەی جێگرو پتەوکرد. لەم جێگایە کە بەرهەمی سەرەکی ئەمپەڕاتووری لەکشت وکاڵ دابین دەبوو، ئەمپەراتووری جیالە هەستی پەیوەندی لەگەڵ بنەڕەتی عەشیرەیی پاڵشایانی خۆی جێگای بۆ هۆزەکانی چادرنشین نەبوو،وهەرکات دەسەڵاتی حکوومەت، وەڕاستگەڕانی ئیشێکی ئەوهای لەکردنهاتوو دەکرد، تێدەکۆشا کە هۆبەکان واداربەیەکجێ نشینی بکات. لەبەرئەمە لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات وتراکیەجێگربوو وردە،وردە سەرنجی خۆی بۆ ڕۆژهەڵات ڕەکیش کرد،لە وێ کە عەشیرەتەکانی چەڵاخی تورکمان، هۆکاری دڵەڕاوکەی ڕۆژانەی حکوومەتیان پێکهێنابوو.

لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەم ئەم هۆزانە بەئاشکرا لە بەرامبەر ئەمپەڕاتووری عوسمانی بەرهەڵستکاریان دەکرد،لەو حەولدانانەی کەبۆ نشتەجێکردنیان دەکرا،هەروا لەمەڕفەرمان بردن و پێتاک دڵخۆشیان نەبوو. بێسەرو بەریوو زوڵم و زۆری حکومەت،زوربەی گوندییەکانی بەهەتڵە و هەڵوەدایی وتەرک کردنی عەردەکانی کشت وکاڵ دنەدەدا. زوربە لە هۆزەکانی تورکمانی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات هەیکەلێکی نوێیان لە ئیسلامی شیعە قەبووڵ کرد، کە سەفەویەکان لە ئازەربایجان برەویان پێدابوو. ئەم گروپە کە کڵاوی دە لبادی سووریان لە سەربوو قزڵباش یان(سەرسوور)یان پێدەگوترا، ئەو نیشانانەی کە لە خۆیان دەنواند حیکایەتی لەمە دەکرد کە وردە،وردە بە هەڕەشەیەکی واقعی بۆ حکوومەتی عوسمانی دەگۆڕدرین. لەو جێگایە کە تورکمانەکان،یەک لەوان قزڵباشەکان، هێشتا هەرچەندجاربۆ لای ڕۆژئاوا دەرۆیشتن، سنوورەکانی عوسمانی لە بەرامبەرپشێویەکی پەیدابوو لەم جەرەیانە، زەبر هەڵگر بوون.

عوسمانیەکان پێشتر،یانی نزیکەی ئاخری سەدەی چواردەهەم، لە دەڤەری نێوان دیاربەکرو(وان) وئازەربایجان شایەتی سەرهەڵدانی دوو زنجیرە لە تورکمانی ڕەقیب بوون: قەرەقۆینلو کە شیعەمەزەب بوو، وئاق قۆینلو کە لایانگری مەزەبی سوننەبوو(1378-1502)ولە1649جێگری قەرەقوینلو بوو. لەساڵی 1502شاسمایل ئاق قۆینلوی لەناو برد وزنجیرەی سەفەوی لە تەورێز بنیات نا، وسەلتەنەتی ڕاگەیاند. لە1508مووسڵ وبەغدای گرت، وبەڕاشکاوی قزڵباشەکانی بۆ پشێوی لە دەڤەرەکانی ژێردەسەڵاتی داسەپاوی عوسمانی هاندا. ئێستا ئیعتقاداتی مەزەبی گشتی لە زوربەی مەڵبەندەکانی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات بڵاوببۆوە،وژمارەیەک لە تایفەکانی کوردی شوێن تێکردوە، ومەترسیەکی مجدیان بۆ عوسمانیان بەوجود هێنابوو. لەساڵی 1511 شۆڕشیکی قزڵباشی عەزیم لە ئاناتۆلی ناوەندی ڕوویدا.

سوڵتانی عوسمانی-سەلیم یاووز(سفاک)-کە تازە جڵەوی دەسەڵاتی وەدەست گرتبوو بێ کات لەدەست دان کەوتە فکری لە ناوبردنی تایفەکان قزڵباش. وەک دەڵین لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەی کە بە ئامانجی گەڕانەوەی ئاسایش بۆ ناوچە بەڕیوەچوو چل هەزارکەس قزڵباش کوژران. سوڵتان سەلیم لەم هەلە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ شا سمایل ڕۆیی ولە1514 ئەوی بۆ شەڕگەی چالدڕان هەڵکەوتوو لە نیوەی ڕیگای نێوان ئەرزنجان وتەوریز ڕاکێشا، ولەوی بەبێ فەزیعەتی تێکشکاند وتەورێز پایتەختی سەفەوی تالانکرد.
بەنزیک بوونەوی وەرزی زستان، سوڵتان سەلیم بۆ دابین کردنی ڕێگا پەیوەندیەکان خۆی،مەجبوور بە گەڕانەوە بۆئاناتۆلی بوو. لە سەرئەوش شەڕی چالدڕان هاوسەنگی دەسەڵاتی لەمێژینەی نێوان ئاناتۆلی عوسمانی و ئازەربایجانی سەفەوی هۆکاربوو، و ئەم بابەتە لە زەمەنی دوورو درێژ هەڵ ومەرجێکی بۆ دەورەیەک لە ئارام وئاسایشی بەرتەسک لەکوردستان هێنادی. هەرچەند دەوڵەتەکانی ئێران وعوسمانی هەردووک دەبەر دابوون کە ناوچەکانی سنووری بەقازانجی خۆیان بگۆڕن،و جاروادەبوو لەم ئامانجەسەرکەوتنیان وەدەست دێنا،دەڤەری سنووری لەڕاستیدا بەومەڵبەندانە تخووب بۆ دانران کەلەپاش پاشەکشەی سوڵتان سەلیم لە ئازەربایجان بە حەدوسەدی سنوور ناسرابوو. جەغزی سنوورێک کەلەساڵی 1639فەرمی لە پەیمانی ذهاب دانرا،بەپێچەانەی دوژمنایەتی و دەست درێژی دەزۆر، هەتاساڵی 1914وەک خۆی ماوە.
ئەم ڕووداوە زۆرکارتێکردنی لەکوردستان هەبوو. کوردستانی بە دوو دەڤەری نێوان دوو ئەمپەڕاتووری دابەشکرد. ئێستا هەر ئەمپەڕاتوورێک دەبوا،هەل و مەرجەکەی بە وردی هەڵسەنگاندبوایە ودەیدی کە هەتا چ ڕادە دەتوانێ لەم دەڤەرانەدا شوێن تێکربێت و حوکمات وحوکمی داسەپاوی خۆی لە وێ بەرفرەوان بکات، لەحاڵێکدا ڕئیس عەشایەری کورد لەم مەوقعیەتە چاوچنۆکە کەلکیان وەردەگرت کە ببینن جامینخوازی بەکام یەک لەم دوو ئەمپەڕاتووریە ئاقڵانەترە، بەکەلک وەرگرتن لە پەسەندکردنی یەکێک لەو دووە، ڕادەی زورایەتی ئازادی لە کارەکانی ناوەخۆ، بۆخۆیان، دابین بکەن

سەفەویەو کوردەکان:

بەدوای داگیرکردنی کوردستان،زوربەی ئاغالەری کورد(سەرۆک عەشیرەکان) شا،سایل یان بەفەرمی ناسی. بەڵام ئەم ناسینە بەوێچوونی زۆر بەتاڵ لەو شایلەخانەی بوو کە لەگەڵ ڕئیس تایفەکانی قەرەقوینلو وئاق قوینلوو کرابوو،ڕاستە بەمجۆرە کە ئاق قوینلووکان بە زانین و هەڵسەنگان خانەدانەکانی سەرۆکانێک کە بە قەرەقوینلووەکان هێزبەخشیبوو تەفرو تونا کردن،شا، سمایل-یش هەربەو تورەو تۆسنی و ڕقەوە لەگەڵ سەردارانی کوردجۆڵاوە کە بەحوکمی ڕابردووی وی، ملکەچ ببوون. لە بەر ئەمە جێگای سەسوڕمان نییە ئەگەر دەبینین کە بازیک لە قەبیلەکان هەتا بەر لە شەڕی چالدڕان هاتنە سەر ئەو بۆچوونە بەسەرکەوتنی عوسمانی سوننە مەزەب ئاریکاری بکەن. شەڕی چالدڕان سەبەبی ڕوو وەرگێڕانی زوربەی کوردەکان لە سەفەوی بوو.
جیا لە شەڕی چالدڕان هۆکارو بەڵگەی زۆرتری دیکەش، کوردەکانی لە سەفەوی دوور کرد: ئەم گروپە سەرەتا کەوتنەژێر کارتێکردنی قودڕەت نواندنی عوسمانی،جگە لەم دوو لایانە،یانی سەفەوی و

سەرۆكانی كورد(كەزوربەیان سوننە مەزەب بوون) یەكدریان لەناوبێشكەی مەزەبی بەچاوی شك و گومان دەڕوانی: چونكە هەرچەند شا،سمایل ئاقیدەی قزلْباشی بە قازانجی مەزەبی 12ئیمامی لە قەراخ دانا،بەڵام حەولیدەدا كە تەواوی نیشانگەی مەزەبی سوننە لە چوارچێوەی ئەمپەڕاتووری لە ڕەگ و ڕیشە بپسێنێت. لە ڕاستیدا تەنیا لەناوگروپەكانی عەشیرەیی دەڤەرەكانی دەوروپشتی ئەمپەڕاتووری بوو كە مەزەبی سوننە، مانەوەی خوی بەردەوام كرد.
خانەدانەكانی فەرمانڕەوای كورد بابەتە كردەوەیەكیان لە بەردەست بوو: نێیەتی شا سمایل ئەمەبوو كە ئەو ناوچانەی لە كوردستان كە لە ژێر حوكم و دەسەڵات و شوێن تێكردنی دان، بەدەستی پسۆرانی توركمان وفارس بەڕیوەبەرێ، لەحاڵێكدا پشت ئەستووری عوسمانیان بە سەرۆكانی ناوچەیی بوو. سیاسەتی شا سمایل تەنیا تایبەتمەندیەكی گرنگی هەبوو: سەفەویەكان-یش وەكوو پێشینیانی خۆیان بە بنەماڵەی ئەردەڵانیان ئیجازەدا بە حكوومەتی خۆی لە سەر زنجیرە كێوەكانی زاگرۆس گەڵییەكانی پڕپێت وبەرەكەت ڕۆژئاوای وێ، یانی زوربەی شارەزور(بەتەخمین ناوچەیەك كەسولەیمانیە دوایەكان لەوێدا دورست كرا)بەردەوام بێت. حكوومەتی والیەكانی ئەردەڵان میراتی بوو،پایتەختەكەیان سنە (سەنەندەج) هەڵكەوتوو لە لێواری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس بوو. ڕوون نییە بەچ هۆكارێك سەفەویە ئەم خانەدانەی تاقەت هێنا.
بەهەرحاڵ، سیاسەتی خۆ داسپاندنی حاكمانی توركمان وفارس بە كردەوە چەتوون لە ئاو دەرهات. سیاسەتی گشتی پاڵشایانی سەفەوی ئەمە بوو كە تیرەیەكی بخەنە ژێر حوكم وفەرمان و چاوەدێری ڕاستەوخۆی، خۆیان. ئەوان لەم خاڵە باش ئاگادار بوون كە ئەژدادیان مرۆڤی گوندەیی بوونە،وخەڵكی خێڵاتی وعەشیرە لە كردەوەی حكوومەتی بەدەسەڵات بێزیان دەبێتەوە. بازیك تیرەی كورد،بڵێی و، نەڵیی دەرگیری دوژمنداری خودی سەفەویان بەهەنگەكانی ملكەچ نەكەری قزلْباش بوون، وئەم دوژمنداریە حاڵاتێكی شورش وفیتنە ئاڵۆزی پێكهێنا، كەهەتا ئاخری سەدە بەردەوام بوو. شاعەباس تێكۆشانێكی زۆری كرد كە سوپایەكی تێكەڵاو لە غولامانی لە شوێن چەكدارانی عاشێرەت بكات كە فەرماڕەوایی و چاوەدێریەكی بەرتەسكی بەسەرئەواندا هەبوو، بەڵام لەم بەستێنەدا هێندە سەركەوتوو نەبوو. هۆزوتیرە وقەبیلەكان هەروالەجێگای هێزێكی گرنگ لە سازدانی كۆمەڵایەتی ئیران باقی مانەوە. هەتا وەختێك كە فەرمانڕەوایان بل لە هۆزەكان بۆحكوومەت دادەنران،رادەی قودرەت و ئیختیاریان پێشبینی نەدەكرا. بۆ نموونە، یەكگرتوویی بەرفرەوانی موكری وئەم بەشانەی لە بلْباسەكان و هەركییەكان كە هێشتا لە حەوزەی ژێردەسەڵاتی سەفەویە بوون تەنیا بەقسە، ملكەچ فەرمانبەری حاكمانی هەلبژێردراوەی شا بوون.
زوربە لە هۆزو تیرەكانی كورد دانیشتووی دەڤەرەكانی سنوور بەكردەوە لە سەر بەخوییەكی بەرچاو بەرهەم وەرگربوون.

## عوسمانی وكوردەكان

لە بەرامبەردا عوسمانیەكان هەنۆكە لە ناوەندییەكی پان وبەرین بەرهەم وەرگربوون وڕەنگە لە وەزع وچلۆنایەتێك دابوون كە لە بارەی هۆزی ناوچەكانی سنوور نەخازایەك قایل بن. سوڵتان سەلیم لەپاش پاشەكشەی لە تەورێز بەم ڕادەیە هێزی ئینسانی نەبوو كە قەبوولی فەرمانڕەوایی

ئەودەڤەرانەی کە هەتا ئەوکات بەشێک لە پاوانی سەفەوی بوون، دابین بکات. ئەو لە پیوەندی لەگەڵ ناوچەکانی سنووری تازە وەدەست هێناو لەگەڵ دوو مەسەلە وتەنگەژەی گرنگ ڕووبەروو دەست بە یەخەبوو: یەکەم مەترسی خەرابکاری یان هێرشی سەفەوی، دووەم دژواریەکی زێدە لە کردەوەی ئیدارەی سەربەخۆ، و کۆ کردنەوەی باج وپیتاک، کە زۆر وێدەچوو جگەلە زەرەر،قازانجی نەبوایە. لە ئاکامدا سوڵتان سەلیم لە بەرتەقای کردەوەی بەزۆرەمل، کەلەم خاڵەوە بەناوبانگ بوو،لایانی (مەسلەحەت وئاشتی) کرت. ئەو ئەم شۆڵەی بەپێشناری کوردێک بەناوی ئیدریس بتلیسی کرد، کە مرۆڤێکی ئیکجار دووربین وخاوەن نەزەربوو. بتلیسی لە وەزع مەوقعێکی باش دابوو. وجێگای متمانەی سوڵتان وحاکمانی کوردبوو. ئەو وەک خاوەن پایەو پلەیەکی نیزامی سەردەمی ئاق قوینلووی بینی بوو کەئەم زنجیرە چتۆ فەرمانڕەوای ناوچەیی یان بە بێ بەزەیی سەرکوت کردوەو خانەدانیان لە ناوبردبوو، شاسمایل-یشی بینی بوو کە ئەم سیاسەتەی گرتەبەر. وەک کوردێکی ڕەچڵە خاوین دەڤەری باش دەناسی وبنەماڵەکانی حاکمی دەرک دەکرد ودەیزانی کە چلۆن لەگەڵ ئەوان نزیکاتی بکات دەستی دۆستایەتیان بکوشی، بەناوی کوڕی مامۆستایەک وخوداناسێکی مەزەبی ڕێزو ئیحترامێکی زوری لە ناوچەماوەرهەبوو.

بتلیسی سوڵتان سەلیمی قانع کرد، کە بە وی ئیختیار بدا هەتابتوانێ ئەمیرو فەرمانڕەوایانی کورد بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ئەو بەو مۆرە سپیەی کەلەبەردستی نرابوو ئەوحاکم و فەرمانڕەوایانەی کە شا سمایل لەحکوومەتی لابردبوون سەر لە نوێ هێنانیەوە سەرکارو پلەوپایەی خۆی وێدانەوە، و سەر بەخۆیی وحاکمێتی زوربەی سەرۆکەکانی لەبەرامبەرقەبووڵی حوکم ودەسەڵاتی عوسمانی پەسەندکرد.

زورایەتی ڕیبەرانی کورد لە وەرگرتنەوەی پلەوپایەی سەر لە نوێ،پێشوازیان کرد وبەدڵنیایی تەرتیباتێک کەبە پێی وی لە ناسین وپەسندکردنی عوسمانی سەربەخۆییەکی مام ناوەندی بەرهمیان وەرگرت، قوبووڵیان کرد،کەلە کاتی پێویست لە سەرداواکاری حکوومەت ،ئەوی بەنەفەرات و سوارەی خۆیان یارمەتی دەن. بۆ مللەتێک کە حوکمڕانانی لەسەرپشتی ئەسپ ژیان تێپەڕ دەکەن ئەم پێشنیارە دەبێ سەرنج ڕاکێش بێت. هەڵبەتە نابێ بەقیلەوقاج وتاڵوکە بوی بچی،ئەم سەقامگیریەو دانانەی دووبارە نابیت بە نوێکردنەوەی (ئەوزاعی ڕابردوو) لێکدانەوەی لە سەربکرێ. فەرمی پێدانی عوسمانی بەئامارِاتی کورد،ریزی ئەم گروپانەی سەرپاک ئاوەژو کرد،بە تایبەت ئاسایش و دەسەڵاتێکی بەئەمیران خەڵاتکرد کە بەرلەوی قەت نەیانبوو.

جگە لەوانە، عوسمانیەکان لە حاڵیکدا کە تێدەکۆشان ئەم شێوەیە لەجێگانی دیکەی ئەمپەڕاتووری ڕیشەکێشی کەن لەگەڵ ئەم کارە هەیکەلێکی نیزامی وێنەفئودالیان هێنایەدی. لە سەریەکدی نزیکەی شانزدە(حکوومەت) یان ئامارات ماوەی چەند ساڵ سەریان هەڵدا، ئیدریس یان جێگرانی وی لە هەربابەت، لە مەڕ سەربەخۆیی ناوەخۆی ئەم حکوومەتانە یان ئامارات لەگەڵ تاکە تاکەی بەرپرسانیان ئاخافت ونزیکەی کرد. بەرفراوانی ئەم حکوومەتانەی ملکەچ لەمانا دا زێدەتر لە سی دەرسەتی خاکی کوردستان، دەباوەش نەدەگرت. ئەمما هەرئەم ئامارِاتانە پاشان لە نەزەری کوردەکان نموونەیەکی بەرزایی داوا هەڵسەنگان نێوان حکوومەتەکانی سەربەفرمان وناوەند ئاشکرابوون. ئەم ئامارِاتە پێکهاتوو لەکوردەکانی ناخێڵاتی بوون. لەڕەخ ئەم حکوومەتانەی سەربەخۆی مەوجوود،لە نیزامی ئیداری عوسمانی،(سنجاق) کەکان بوون،کە لە ژێر دەستی حکوومەت و حوکمڕانانی میراتی بەڕیوە دەبردران.

سنجاقەکانی ڕاستەوخۆ لە ژێرحوکمی کارگێرانی ناوەندی دەست نیشان کردبوون. ئەوانەی کەلە دایرەی حوکم وچاوەدێری حکوومەت بوون، مەجبوور بە عەرز گەیاندنی تەداخول وچاوەدێری پتریش بوون. لێرەنیزامی(تیول لەشکری) لەبرەو، بوو، و ئەمە مەرجە بەکۆکردنەوەی(لەشکر)لەکاتی شەڕ بوو. بەڵام تیولی ئەوها بەکردەوە میراتی بوون، باب هەتا دەیتوانی تەسدیق نامەی بەناوی کوڕ وەربگرێت. ژمارەو بەرفرەوانی حکوومەتەکانی کورد-چ ئاماڕات یان سنجاقەکان-لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تر ولەسەردەمێک بۆ سەردەمیکیترفەرقی دەکرد. هەربابەت، وەزع ومەوقعییەتی لەگۆڕیدا لەهاوسەنگی نێوان بەرزەفڕی ئیمکانات وپسپۆریەکانی سیاسی حاکمی کورد وحکوومەتی ناوەندی وبەرپرسانی ناوچەیی ئاوێنەی باڵا نوێن بوو.
عوسمانیەکان لە عەینی حاڵدا یەکگرتوویی چادرنشێنان یان خەڵکەکان(اولوس لر)شیان هێنادی،کە بەنەزەرناگات ملکەچی نیزامی ئاماڕات بووبن. گەورەترین ئیتحادییەکان بوزالوس(یان تیرەی خەڵک) بوو،کە پاشماوەی بەرەی ئاق قوینلوو بریتی لە تایفەکانی کورد وتورکمان نزیک بە75000کەس بوو. ئەم ئیتحادیە زستانان لە ساراو بیابانی سووریيە وهاوینان لە دەڤەرەی (درسیم-تونجلی) ڕادەبوێرا. گروپێکی گەورەی دیکە کە تەقریبەن هەموویان کوردبوو،قرالوس(یان مرۆی ڕەش) بوو لە سەریەک زێدەتر لەچوارسەت ڕئیس قەبیلە لە پارێزگاکانی دیاربەکر،وان، شارەزوربوون ،کە بەشێک لەوان بە تەواوی چادرنشین بوون.
عەشایەری کورد،کە پەسەندکراوی حکوومەت بوون ئیجازەیان پێدرابوو بۆ ڕاگرتنی نەزم وئارامی ناوچەی سنووری ئەرمەنستان، لە باشووری وان،بۆ باشووربچن،لە حاڵێکدا پاشمەنە بۆ چاوەدێری دەڤەرەکان کە هێشتا گروپی نامتمانە لە تورکمانان لەوێ دانیشتوو بوون،سەرنجیان بۆ ڕۆژئاوا ڕەکێش بوو،بناخەی ئەم پاردەیە لە سەرئەم ڕیشەیەبوو مادام کە کوردەکان ئارامی ونەزم ڕادەگرن و لە کاتی پێویست هێزی نیزامی بەدەوڵەت دەدەن، و لە تخووبی دەڤەرەکان بەرگری دەکەن، لە هەموان گرنگتر،ملکەچی دەوڵەتن لە ئازادی و سەربەخۆیی بەرهەمیان وەردەگرن، کەلەهیچ جێگایەکی دیکەی ئەمپەراتووری ئیمکانی بەرهەم وەرگرتن لەوی بۆ ئیدیکە گونجانی نەبوو. لەڕاستیدا لە شوێنەکانی دیکەی ئەمپەڕاتووری،هەمووحەول و دەولەکیان وەگڕ دەخست کە حکوومەتێکی سەربەخۆ،بکەنەجێگری ئەم نیزامەی ئاغاو نۆکەری.
سیاسەتی بتلیسی لە سەرەتا، قازانجێکی زۆری پیوەبوو. لەساڵی 1515گروپێکی بەرچاو لە کوردان بەفەرماندەری خۆی لە بەرگری لە دیاربەکر، کە بە ماوەی هەژدەمانگ لەگەمارۆ داماوە،هەروا لەگرتنەوەی ماردین وشارەکانی جەزیرەی باشوور ڕۆڵێکی گرنگیان گیڕا. دەستەیەکی دیکە لەهێزەکانی کورد دەڤەرەکانی دەورویشتی موسڵ-دوورگەی ئیبنی عومەر، عیمادیە، هەولێر (اربیل) وهەتا ورمێ(ارمیە)یان لەجەستەی قزڵباشان خاوین کردەوە. لە1516قزڵباشەکان لە قزڵ تەپە،نزیک ماردین، بەتوندی شکەستیان خوارد. خەڵاتی دەرجە بەدەستەیەک لە سەرداران لە بەرامبەرئەو خزمەتانەبوو کە بۆ بتلیسی یان ئەنجام دابوو.
سەفەویەکان هەرچەند دوایی تێشکان لە چالدڕان توانای خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی لە دەست دا،ئێراقیان بەو سانایە وەعوسمانیان نەداوە. لە1530شا تەهماسب سەر لە نوێ بەغدای گرتەوە،سەفەوەی وعوسمانیان دیسان خۆیان لە ناو گێژاوی شەڕ دۆزیەوە.

لە تەواوی درێژایی ئەم دەورەیە کوردەکان ڕۆڵی زیندو بونەوەیان لەم کێشمە کێشمانە گیڕا. سوڵتان سولەیمان قانوونی(ناوبانگ شکۆهمەند) لە ساڵەکانی 1533-1534-1548-1554-بۆئێران لەشکری کیشا. لەم ساڵەدا(1554) عوسمانیەکان دەڤەرەکانی کوردنشینی شارەزور وبڵباس یان بەئاریکاری سەرۆکەکانی کورد لە ئێران جیاکردەوە. لە1623کوردەکانی موکری،سەفەویان سەرلەنوێ لە دەست بەسەرداگرتنی بەغدا ئاریکاری کرد.چل هەزارکورد-لە موسڵ وهەولێر(اربیل)وشارەزور و سۆران وعمادیە- لە گەمارۆی قۆشەنی عوسمانی وگرتنی دوو بارەی بەغدالە1638 ڕۆڵیکی مەزنیان بەڕیوەبرد.

لە گرنگایەتی ڕۆڵی لەشکریانی کورد لەئەرتەشی عوسمانی وێنەمان لەدەست دایە. کوردەکان لە سوپای ثابتی عوسمانی لە ڕەخ تورکان خزمەتیان دەکرد

بەڵام لە ئەرتەشی ناوچەیی (ناوەخۆ) بوو کەلەجێگای سوارە نیزامی پۆشتە بەچەکی سووک،لە عەمەلیاتی پشکنینەوە(شیش کوت)دزیوو دەرگیریەکانی قەراخ قوچاخ،ڕۆڵی تاقانەو بەرجەستەیان بەڕێوەبرد. لەلشکرکێشی ساڵەکانی دەیەی 1630عوسمانیەکان، کوردەکانی حەکاری ومەحموودی (خوشاب)یان لە سەروی گرنگی قەوا،جێگا بۆ تەرخانکرد، لە حالێکدا پێادەنیزامی بتلیس لە دوای قۆشەن بوو. ئەمماکاتێک کە ئەم سوپایە پاشەکشەی کرد، چریکەکانی کوردی سوپای سەفەویش بەنۆرەی خۆی لە کۆکردنەوەی بەجێماوان لە ستوون و دەست بەسەرداگرتنی بارگەو بنە،بەو ڕادەیە پسپۆریان نیشان دا.

لە ماوەی تەواوی ئەم سەردەمە دەڤەری کوردنشین هەڵکەوتوو لە دوو لای کەوشەنەکانی ئێستای ئێران وئێراق، ناوچەیەکی شەڕو کێشەبوو. خەباتی خەڵک ڕوڵی گرنگی لەبەردەوام بوونی ئەم ناکۆکییە هەبوو. بازیک لە بنەماڵەکانی حوکمڕان بە پێچەوانەی نێوان ناخۆشی جارناجار داکۆکی کردن لە دەوڵەتێک کە لە چوارچێوەی شوێن تێکردنی وی ژیانیان تێپەڕ دەکرد یەک دەندە بوون،بەلام ئەوانی دیکە هەل پەرست بوون، و قەبایلی دەڤەرەکانی سنوور،لەم قاعیدەورێوشوینەجیانەبوون.

بازیک لە بنەماڵەکان بەئەنقەست بۆ دابین ودەستەبەری مەوقعیەتی خۆیان لە بەرامبەر دوو ئەمپەڕاتووری ناکۆک، بەشێکیان لە عەشیرەکان لە دوو لای کەوشەنەکان دادەنان. بۆ نموونە، جافەکان لە تەواو بوونی سەدەی هەژدەهەم زوربەی ئێرانیان بەجێهێشت، و ئیجازەیان وەرگرت لە سەرزەمینی بابانەکان-لە پژدەر وهەڵەبجە-نشتەجێ بن. بەڵام ئەم قەبیلە بۆ چاولەسەربونی کوێرە ڕێگاکانی شاخاوی هێندیکیان لە ڕۆژهەلاتی سنوور دانان،هەتا لەکاتی نەخازا بتوانن لەم ڕێگایەدا لە سزای حکوومەت خۆ بدزنەوە. جافەکان چاخێک کە لە خاکی عوسمانی بوون دیسان بەژن خواستن لەگەڵ بنەماڵەکانی ئەم لایەی سنوور،بە تایبەت لەگەڵ خانەدانی ئەردەلان، بەردەوام بوون. باشووری کوردستان بەم هۆیە کە هاتوو چۆ لەویدا لە نیوەی ساڵ چەتوون بوو زۆرلەم وێککەوتنە شوێن تێکەر نەبوو،کاتێک هێرشێک ڕوویدەدا-زۆرجاردەکرا-هەردوو لایانی ناکۆک لە پارێزنای، سەرزەمینەکانیان بە تەنگەژە ڕوو بەڕوو بوون.

پەیوەندی نێوان ئەستانبوڵ و(ساتراب)نشینەکانی کورد چ چاخێک باش نەبوو. لەوجێگایە کە تەمەنی ئەم نیزامی حکوومەتی نێوە سەربەخۆ هەتا بەشێک زێدەتری سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو،مرۆڤ بێ مەیل نییە لەوی بەچاوی زنجیرەیەکی سەرکەوتوو لێبڕوانێ. بەکردەوە هیچ کام لە لایانەکان پێیانخۆش نەبوو. چ ئاستانبوڵ چ سەرۆکانی قەبایل هەرکات کە هەستیان پێدەکرد دەتوانن بەئامانج بگەن،بۆ نیشاندانی دەسەڵای پترهەڵدەسووڕان. لەم مانایە ئەم زنجیرەیەی کە بتلیسی ڕیکیخستبوو بەمانای ناسینی مەسڵەحەت هاوسەنگانی قەوا لەم کات دابوو-هاوسەنگییەک کە لە جەرەیانی وی سەرۆکان لەناسین وقوڵ لەسەرکێشانی فەرمی حکوومەت بەرهەم وەردەگرت.
بەڵام ئەم هاوسەنگیوو تەعادولێک بوو کە بە داواکاریەکانی ناوێنەچووی سوڵتان یان سەرۆکانی ناوچەیی وێدەچوو لە بەریەک هەڵوەشێ. زوربەی (حکوومەتەکانی کورد) و سنجاقەکانی میراتگر لە دانی پێتاک ودەست تێوەردان (تەداخولکردن) لەکاروباری ناوەخۆ چاوپۆشیان لێکرابوو. بەلام جاروبارخاوەن پلەوپایە لە مەسەلەکانی پیوەندار بەجێگری و پێتاک خۆیان تێهەڵدەقوتاند وئەم دەست تێوەردانە هێندە ناڕازی بوونی سەرۆکانی کوردی ئامادە کرد کەلە بە ڕیوەبردنی خزمەتی لەشکری سەریان لادەدا. بەوتەی گەڕیدەی بە ناو بانگ،ئەولیا چەڵەبی،لەساڵی 1633حاکمانی پارێزگاکانی وان و موسڵ (بەتوندی سکالاکەری زوڵم وزۆری حاکمانی ناوەندی بوون) کە(بەهۆی چاوی تەماح،هێندێکیان لەوان لە سەر کار لابردن، وبازێکیان لە خۆڕا کوشتن.) سوڵتان مرادی چوارم زەمانێک کەلە1638-1637دەستی بەداگیرکردنی سەرلەنوێی بەغداکرد بەپێچەوانەی چاوپۆشی ئەمیرەکان لەدانیماڵیات مەجبوور ئازوقەو گیای جێ ئاتاجی سوپایانی لە ئەمیر نشینەکانی سەر ڕیگا دابین کرد. بازێک لەحاکمەکان ئیعدام کران، بەڵام چاخەکیش کە لە بەرامبەر تەحویلی ئازوقە پارە، دەدرا،حوکمڕانانی ناوچەیی دیسان لە ئەنجامدانی ئەم گرنگە، چاوپۆشیەکی، کەمتریان لە(بەگە)کانی سنجاق لەخۆ نیشان دەدا.
لە دیاربەکر، مەلیک ئەحمەد پاشا،زاوای سوڵتان مرادی چوارم، بەگوڕ حەول وتەقەلای ئەمەبوو کە ئەم ناوچانەی کوردنشین، لەو دەڤەرانەی کە ڕاستەوخۆ لە ژێرچاوەدێری حکوومەت بەڕیوە دەبردرێن تێکەڵاوکات.(بتوێنێتەوە)وهۆکاری ئەم مەسەلە نارازی بوونی کوردەکان بەبەشداربوون لەعەملیاتی نیزامی 1638 بوو.ئەم جەرەیانە سیاسەتێکی ڕاست و دورستی حکوومەت نەبوو،ئەم هەڵڵاوهوریایە پەیوەندی بەتێکەڵاوی لایانەکانی دەرگیربوو، لە ماجەڕاو ملکەچی سیاسەت و، وزەو توانایی ئەو دوو بوو. چەڵەبی کە لە نێوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی 1650سەردانی دەڤەری کرد،ئەمیرانی کوردی زۆر سەر بەستتر لە چەرخێک پێش بینی. بەلام قەزاوقەدەر وا قەڵەمی لێدابوو کەم جەرەیانە گۆڕانکاری بەسەردابێت. ئەولەگەڵ پاریزگاری وێ،و لەگەڵ پاریزگاری (وان)،یانی هەر ئەو مەلیک ئەحمەدپاشایە سەفەر دەکرد کە نەیاری کۆنی ئەمیرەکان بوو و زۆر زوو نیشانی دا کە شتێکی لە دوژمنایەتی لەدەست نەداوە. ئەگەرجاروبار لە گەڵ ئەمیرەکان کردەوەی ناحەزدەکرا، سوڵتان-یش دەلیل وسەبەب وهۆکاری بۆ ناقایل بوون هەبوو. کە کێشەکێشی نێوان دوو ئەمپەڕاتووری سەرسورهێنەربوو ئەگەر حاکمەکانی کورد بە ڕاشکاو هەل پەرستیان نەدەکرد. نموونە، شەرەفخان حاکمی بتلیس کاتێک کە لە نەکاو 1511جامینخوازی سوڵتانی بەردا وبۆ ئۆردۆی سەفەوی هەڵات، وەزع و مەوقعیەتی عوسمانی لە تەواوی ناوچەداخستەبەر دەم هەڕەشە، چونکە بتلیس یەکێک لە بەهێزترین ئاماڕات بوو،وشاری بتلیس لە بەرزایی ڕێڕەوێکی تەسک بوو کە ئازەربایجانی بەدیاربەکر و جەزیرە دەلکاند.

ئەمیرەکانی دیکەش لە بەڕێوە بردنی بەڵێنیەکانی نیزامی کە وەئەستۆیان گرتبوو قسووریان دەکرد.
بۆ نموونە،ئەمیرحوسین جنبلات(بەمانا گیان پۆلا) کە لەسەرتای سەدەی هەفدەهەم لە سەر کیلیس(حکوومەت نشین هەڵکەوتوولە باشووری حەڵەب) حوکمڕانی دەکرد ئەمری پێدرا کە لەگەڵ لەشکرکێشی بۆ ئێران بەشداری بکات، لە بەڕێوە بردنی دەستوور جواب جەبگی کرد. ناوبراو بەتاوانی سزای ئەمە کوژرا. براکەی عەلی ڕاپەڕی و قۆشەنێکی چل هەزارکەسی کۆکردەوە، تەڕابلۆسی داگیرکرد و دەستی بەتالانی دەوروپشت کرد هەتا قەراخ قوجاخی دێمشق بەرەوپێش چوو.
کێشەوهەرای ناوچەیی هۆکاری گرنگی زەبرلێگدانی لە ناوچە بوو. ئاماڕاتەکانی ئاماڕات نەیاروخانەدانەکانی حوکمڕنان دەبوایە ئاگاداری دەوروپشت و خزم وکەس وکاروی بەرزەفڕیان بوان.
بۆ نموونە،وەزیەتی فەرمانڕەواکانی بادینان لەسەدەی شازدەهەم، لە عمادیە،لە بەرچاوبگرن.
حەسەن بادینانی هاتنەخواری شا سمایلی لە تەختی پاڵشایی بەئاقڵ وزانیاری تێگەیی ولەساڵی 1500،دوو ساڵ بەرلەناوچوونی ئاق قۆینلوو بە دەستی شا سمایل،لەگەڵ بنەماڵەی ئەردەڵان پەیمان بەست. چاردەساڵ دوایی کاتێک ئەوڵین خەبەری سەرکەوتنی گەورەی سوڵتان سەلیمی لە چالدڕان گوییبس بوو، شاسمایلی بەهۆی سوڵتان سەلیم بەرەڵڵا کرد، بەخۆشی وشاێلەخانە کەمەری خزمەتی بۆجێگری وی یانی سوڵتان سولەیمان بەست وبەچاکەی ئەم کردەوە لە وڵایەت دانرا،ئەمە چاکەیەک بوو کەهەردوو ڕیگای لە وەی بەست،چونکە عمادیەی زێدەتر لەجاران بۆناخی نیزامی عوسمانیە برد.
لە دوای مردنی حەسەن،دوو کوڕەکانی بەناوکانی بایرم و قحاب پێکەوە کەوتنە مرخێش مرخیش، بایرەم بۆ لای شاتەهماسب هەڵات،کە دەیزانی گوێچکە بۆ قسەکانی هەڵدەخات. قحاب پاڵپشتی ناوبانگ ودەنگدانەوەیەک بوو کە باوکی لە ئەستانبۆڵ هەی بوو وبەڵام بۆخۆی خەسڵەتی ڕێبەری تێدا نەبوو بەدەستی یەکێک لە بەرەبابی ناوچەیی –مازوری-لە لایانگری لە کوڕی پوری، سولەیمان،لە ناوچە دەرپەڕاندرا. قحاب چوو ئەستانبۆڵ و پاش ماوەیەک (پۆشتە بە طغرا،فەرمانێک) بۆ دهۆک گەڕاوە،
ئەمما بە ڕەواڵەت هەنگاوێکی بۆ بەرگری لەگیانی خۆی هەڵنەهێنابوو. ئەم چاخە بوو کە بایرەم لە زاخۆ نشتەجێ ببوو و لەگەڵ کوڕی پوری،سولەیمان، پێکهاتبوو. قحاب دوایی چاخێک گەیە دهۆک،لە نێوی ڕێگای نێوان زاخۆوعم ادیە،بەدەستی سولەیمان ئەسیربوو، پاشان-بێگومان لە بەرامبەرحەق دەستیکی باش- لە عمادیە تەحویل بایرەم کراوە. قحاب ئیدی چ کات بۆ عمادیە نەگەڕاوە، بەڵام کوڕەکەی بەئاڵیکاری ئەستانبۆڵ بە،بەرپرسی حکوومەت دانرا.

## خانەدانەکانی ئەردەڵان وبابان

ئەردەڵان وبابان دوو خانەدانی گەورەو ڕەقیبی یەک بوون کە هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە دوو لای ئێستای ئێران و ئێڕاق لە ئولکەی سیاسەتی ناوچەیی دەست بەسەرداشکاوبوون. ئەردەڵان ئاماڕاتی کۆن بوو کە هەتا سەرەتای سەدەی چاردەهەم دەسەڵاتی خۆی بە سەردەڤەرەکانی گەورەلەدوو زنجیرەکێوی زاگرۆس پان کردبۆوە. پانووبەرینی ئەم ئاماڕاتە لێرە دەکرێ لیی حاڵی بین کە کاتێک لە سەدەی چاردەهەم توانایی بەربەرەکانی لە گەڵ هێرەکانی تورکمانەکان لەخۆیدا نەدۆزیەوە، هولێرو کوی سنجاوق و ڕەواندزو عمادیەی بەڕە ڵڵاکرد. بنەماڵەی ئەردەڵان داواکاریان

لەمە ئەم ناوچانە لەبیر نەربرد و لە دواییین ساڵەکانی سەدەی پازدەهەم ئەوانی سەر لە نوێ دەست بەسەرداگرت. سەرۆکانی کوردی ئەم مەڵبەندانە-بۆ نمونە،سۆرانەکانی کوی سنجاق-لەگەڵ ئەردەن پەیمانیان بەست، و ئەردەڵان ئەم پەیمانەی بەشا سمایل سەفەوەی ئەسپارد.
بەڵام سەرکەوتوویی عوسمانی لە شەڕی چالدڕان سەرەتای لە بەر یەک هەڵوەشانی،ملکەکانی ئەردەڵان لە ڕۆژئاوای زاگرۆس بوو. دەست بەجێ لە دوایی شەڕی چالدڕان، پاریزگاری ئەردەڵان لە گەڵ سوڵتان سەلیم بەڕیکەوتن گەیی،ئەمما ئەمە پێکهاتنەک بوو کە هیواداری بۆ بەردەوام بوونی وێ نەبوو. حاکمەکانی ئەڕدەڵان مەجبوور بوون، نێوان ئێران وعوسمانی یەکێک هەڵبژێرن، و لە ئاخری ئازانتی و شێکردنەو،لەوبابەتە کە نێوەڕاستی حکوومەتەکەیان لە خوارەوەی ڕۆژهەڵات بوو، ئەم هەڵبژاردنە مەجبووردەبوایە لە ئیران هەودای کراباوە،و لە ئاکام هێندەی پێ نەچوو کە ئەم خانەدانە خۆی دەرگیری شەڕێکی دۆڕاو، بەبۆنەی ئەوسەر زەمینانە هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای زاگرۆس دۆزیەوە.
لە1537 سوڵتان سولەیمان ئەوانی لە دەشتی شارەزوور دەرپەڕاند،هەرچەند دوایی دیسان ئەویان هێناوەدەست و لە ئاخروئۆخری سەدەی هەتاساڵی 1630 ئەویان بە نوێنەری لە ئێران بەڕیوە برد. پەیمانی زوهاب(1631) حاکمیەتی عوسمانی لە شارەزوور چەسپاند.
ئەمیرانی کورد لە سەرئەوە کە سەربەخۆ بوون بەڵام پشتیوانی سەڵتەنەت،بۆخۆی کارێکی گرنگ بوو. بۆ نموونە،داکۆکی سەر لە نوێی شا تەهماسب لە بنەماڵەی ئەردەڵان لە1538بەم لاوە بوو،کە سوڵتان سولەیمانی لە دست تێوەردان بەم لایەی زاگرۆس گێڕاوە، مرۆڤ ناچارە لە بەرخۆی فکردەکات کە ئاماڕاتی ناشێعە قاعیدەتەن دەبێ لە پەوەندی وڕابیتەی خۆی لە گەڵ زنجیرەی شێعەمەزەب ودەمارگرژ،بە تەنگەژە یەکی مەزن ڕوو بەڕوو ببێت. بەڵام تەمەنی ئەم تەوژم و سەرکوتی مەزەبی کورت بوو، تەنیا لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم بوو کە حوکمڕانانی شێعە مەزەب بەحکوومەتی ناوچە دانران. حوکمڕانانی ئەردەڵان بێ لێبڕانەوە تێدەکۆشان بەڕاگرتنی ئارامی لەنێو قەبایل، لەتفی بارەگای پاشای ئیسفەهان بۆ لای خۆ ڕاکێشن. خان ئەحمەدخان،پارێزگاری بە هەیبەتی ئەردەڵان لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم بەیەکێک لە مەحرەمی نزیکی شاعەباسی گۆڕدرا وخوشکی وی مارەکرد. ئەو دوو عەشیرە گەورەی کوردی لە باشوور، لە دەڤەرێک نێوان ڕەواندزو ساوەجەبلاخ(ناوچەی باکووری بلافەسلی گۆلی ورمی)بەناوی شاعەباس سەرکوت کرد،وبەئەم کردەوە تەقریبەن هەموو سەرزەمینی پێشووی ئەردەڵانی جارێکیتر بەردەست کرد. ئەم دووە تیرەی گەورەی بڵباس و موکری بوون.
نزیکایی لە سەلتەنەت مەترسیشی هەبوو. کاتی مردنی شاعەباس، کوڕی خان ئەحمەدخان کەلەئیسفەهان پەروەردە ببوو وێدەچوو بەئامانجی دابین کردنی جێگری کوڕەپوری،شا سەفی خنکاند. ئەمەگناسی هەرکەسێک ڕادەو ئەندازەیەکە. لە بەرئەمە کاتێک سوپای عوسمانی بەئامانجی نابوودی و خاپوورکردنی سەرزەمینی ئەڕدەڵان بەبەشی ڕۆژئاوای ئەم دەڤەرانە نزیک بوو،خان ئەحمەدخان لەڕاگەیاندنی داکۆکی لە عوسمانیان ڕێگای بەشک وگومان نەدا لەدڵی داهێلانە دورست بکات-ئەم کردەوە لەئاکام لەدەست چوونی هەموو سەر زەمینەکەی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس بەدواوە بوو. بەڵام غەرەزو بوغزودوژمنی لەگەڵ شا سەفی سارێژ نەدەبوو. عوسمانیەکان بەچاکەی ئەم داکۆکیە،حکوومەتی موسڵ و کەرکووکیان بەخان ئەحمەدخان ئەسپارد.
جێنشێنی خان ئەحمەدخان لە ئەردەڵان،نەوەی برای وی بەناوی سولەیمان خان بوو کە بەچاکەی دانانی بەبەرپرسی حکوومەت لەهێرشی ساڵی 1630 سوڵتان مراد بۆسەرئێران، ڕۆڵی بنەڕەتی

بەڕیوەبرد. دوایی مردنی سولەیمان خان لە1659کوڕی وی وەکوو پاریزگار لەجێی دانیشت. بەڵام پاڵشا بەوردیی وشێنەیی تەواوی ئەندامی ئەوخانەدانەی بەحکوومەتی ئەردەڵان گەیاند.
خانەدانی ئەردەڵان لە وەفاداری وئەمەگناسی ڕەنگە بەر دوامترو ڕاوەستاوتر لە هەر یەک لە ئاماڕاتی سنووری بێت، و پەیمان و، وەفاداری جگە لەهەڵ ومەرجی زورەملی وپێویست نەدەشکانە. ئەندامی ئەم خانەدان،جاربەهێزترین سەر بە ئەمری شا بوون. ئەم بنەماڵە جەستەو پەیکەری نیزامی ناسەقامگیر بوو کە لەنیشانە زنجیرەکانی سەفەوی وقاجاربوو. ئەم جەرەیانە ئەگەرئاوێنەی باڵانوێنی متمانەو باوەڕپێکراوی فەرمانڕەوایانی ئێران بەوڵات نەبێت، بێگومان نوێنەری هاوسەنگی دەسەڵاتە، چونکە لە نێوەڕاستی سەدەی حەفدەهەم سەفەوی ئیدی ئەودەسەڵاتی سەدەی بەرێی لە سەروڵات نەبوو. سوپای پۆشتە بەچەکی شاعەباس زۆروکەم لە ژمارەیەک لە هەنگەکانی بێ عاملانی و نەزم بێ ئەزموون دابەشکرابوو (هەرئەم هەنگانە بوون کە پاشان بوونە هۆی لە ناوچوونی سەفەویە)ولەکوردستان والیەکانی ئەردەڵان لەجێگای ئەکتەرەکان بەردەوام لە ئولکەدامانەوە. ئەم وڵاتە بە دەیان کەڕەت بەحکوومەتی سەرجەمی سەر زەمینەکانی کوردنشینی ئێران دانران،وبەمجۆرە بەرپرسایەتی دابین کردن و، وەفاداری و سەروبەری ئارامی ومونەزەمی ئیتحادیەکانی گەورەی عەشایەری دەڤەرەکانی کەوشەن، بەرئۆدەگرت: جافەکان، موکری،بڵباس، هۆرامیەکان وکەلهوڕەکان.
لەو لای زاگرۆس، بابانەکان نموونەو میثالی(هەلپەرست) بوون کەلە دیاری کراوی ناوچەبوو. بابانەکان تەقریبەن تازەوادبوون، کەونارایی بنەمەڵەی ئەردەڵانیان نەبوو. بناخەدانەری ئەم خانەدانە کە ناوی داوەتە خانەدان، باباسولەیمان،دانیشتووی پژدەربوو،کە بە سەردۆڵ وگەڵیەکانی دەوروپشتی ڕانیە و قەڵادزەی دەڕوانی، باباسولەیمان لەسەریەک بەهۆی چەندپات کردنەوەی خزمەتەکانی کە لە ماوەی دەیەکانی 1670لە مەسەلەی کێشەکێشی نێوان ئیران وعوسمانی، بەعوسمانیانی کرد لەناوچە گرنگایەتی وەدەست هینا، و خانەدانی سۆران کە ڕووی لەکزی دابوو لەناو برد.
لە سەرتای هەژدەهەم بابانەکان لە سەرانسەری دەڤەرەکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کفری-ئاڵتون کۆپری،هەڵکەوتوو لەنێوان ڕوبارەکانی دیالە و زابی گچکە چلۆنایەتیەکی بەرزیان وەدەست هێنا، وبەم ڕادە بە هێزوتوانا بوون کەلەگەڵ خانەدانی ئەردەڵان وەکوو هاو سەنگ ڕوو بەڕووبن. لەم سەردەمە بەدوا، ئەم دوو خانەدانە لە خاڵی کزی یەکدی بەرهەمیان وەرگرت. کاتێک ئەفغانەکان(لە1721) هەڵیانکوتا سەرئێران، وڵاتیان بە وێرانی وخاپوور وپشێویی وئاڵۆزی گەوزاند، بابانەکان بە نوێنەری لەع وسمانی سنە یان گرت، هەتا 1730لە سەرناوچەی ئەردەڵانانیان حوکمڕانی کرد، و بەنزیک بوونی سوپای ئیران پاشەکشەیان کرد.
بەڵام ئێستا تێگەیبوون کە وەفاداری بەعوسمانی بۆیان بەگران تەوادەبێت. جاخێک ئەفغانەکان لە1726کوردەکانی دیکەیان کە بەشێک لە هێزەکانی عوسمانی بوون لە دەرەوەی شاری هەمەدان تەفروتوناکرد،بابانەکان بەفەرماندەی خۆیان وەفادار مانەوە و لە تێشکانی مسیبەت باری وی شەریک بوون. لەمە بەدوا،(حیساب گەر)تربوون و لە وەفاداری و پەیمانی خۆیان بەعوسمانیان کەم کردەوە-ئەمەلەخۆڕاو بێ بەڵگە وهۆ نەبوو، دەسەڵاتی عوسمانی لە سەرئێڕاق لە ماوەی زۆرتری سەدەی هەژدەهەم کە سادو لەرزۆک ببوو. لە بەغدا ئەو حاکمانەی کە سوڵتان دەست نیشانی کردبوون بەکردەوە سەربەخۆ بوون، و سروشتی بوو هەتا زەمانێک ئەم حاکمانە بەوزەو توانا نەبوون کز بوونیان لە مەڕ حاکمی ناوچە وەک بابانەکان شوێن تێکەر بوو. بل لەوانەش سەرهەڵدانی

نادرشا،لەولای سنوورلەجێگای مرۆڤێ بەهێزی ئێران،لە سەرتای دەیەی 1730هەتا کاتی مردنی لە1747گروپێکی لەئەندامانی بنەماڵەی بابان وەدوای ئەم فکرەخست کە مەسڵەحەتیان ڕەنگە لەمە دابێت کەلایانی ئێران بگرن.

ئەم شتانە هەل و مەوقعیەتی بۆ کێ بەرکێ ورەقابەت وەدەست دا، لەم کاتەوە ئەندامانی گرنگی خانەدان کەبەدوای وەدەست هێنانی دەسەڵات ورێبەری دەڤەر عەوداڵ بوون لە ئێرانیان داوای داکۆکی کرد.  لە1743 سەلیم بابان فەرمانی حکوومەتی لە نادرشا وەرگرت،سولەیمانی کە پاڵاوتراوەی عوسمانیان بوو، داوای ئەم پۆستەی دەکرد لە ناوچە ڕاونا. حکوومەتەکەی هێندەی دەوام نەهێنا، بەڵام لە1747سەرلەنوێ بە فەرمانڕەوایی گەیشت وبێ دڵەڕاوکە دەست درێژی بۆ سەر زەمینی عوسمانی گرتەبەر. بەڵام لەساڵی 1750لەباشووری بەغدا، لەقۆشەنی تێکەڵاو بریتی لەهێزەکانی عوسمانی وکورد تێشکا،و سولەیمان دیسان لە(قراچولان)کە هەتا بەر لە دورستکردنی شاری سولەیمانیە لە1785مەقەڕی حکوومەتی بابان بوو لێی دانیشت. لە ساڵی 1785سەلیم یان بەدرۆو دەلەسەی وادەوپەیمان بۆ بەغدا برد ولە وێ ئەویان کوشت.

سولەیمان هەر وەک ژێهاتوویی سەرۆکەکی کوردە کاتێک کە هێزی بەڕێوە بردنی ئەم شۆڵەی دەخۆدا دەدی، لەکزی دراوسێکانی کەلک وەردەگرت و سەرزەمینی ژێردەسەڵاتی لە باکووری چەمی دیالەبەرفرەوان دەکرد،وهۆکاری ئەزیەتی ئەمیرانی ڕەواندزی پێکدێنا. (کۆی) بە،بەشێک لەملکەکانی خۆی لکاند. بەلەناوچوونی سەلیم، ئێستا سولەیمان ئازادبووە، دەیتوانی بەغدای بۆ بەربەرەکانی بخوازێ هەرکات پێویست بوولەگەڵ ئێران هاوکاری بکات. لە1762بەقایل بوونی حوکمڕانی کاتی ئێران، کەریمخان زەند، کە محیبەتی لەگەڵ پارێزگاری کوردستان نەبوو بۆ سنە هجوومی کرد وساڵی دوایی کەریمخان ئەوی لەم پۆستەدا پەسەندکرد.  چونکە ساڵی دوایی سولەیمان (وێدەچێ بەدەست هێندێک لەخودی بابانەکان) گوژرا،کەریمخان زەند براکەی لەقەڵات چۆلان، هەڵکەوتوو لەو لای سنووری عوسمانی،لەحکوومەت دانا،وکوڕەکەی لەحکوومەتی سنەڕۆنا،بەڵام تەمەنی ئەم حکوومەتە زۆر کورت بوو.

لە1774شەڕ لەنێوان ئێران وعوسمانی دەستی پێکردەوە، وئەم شەڕەمەجبوور گروپەکانی بابان کە پێکەوە نێوان ناخۆشیان هەبوو بۆلای سوپاکانی دەوڵەتی دوژمن دربپەڕاند. چاوەدێری لە دەشتی پڕپیت وزەنگینی شارەزوور لە ماوەی پەنجاەساڵی پاشەڕۆژ نێوان بابانەکان وابەستە بەدەوڵەت، دەست بەدەست دەبوو.

نابێ وادانێن کە بابانەکان، جگە لە ئەمرازو کەرەسەی گەمە لە دەست زلهێزەکان دوژمن،نەبوونە. نا،هەردوو دەوڵەتی ئێران وعوسمانی بابانەکان وەکوو پاڵپشت وهەروا وەکوو مەترسی بۆ دەسەڵاتی خۆیان دەناسن.  نموونەلە1810عەبدولڕحمان پاشای بابان بەکردەوە لەبەغدا(تاج بەخش) بوو: (ئەوبوو ئاغاکانی لێ زەنین بووی بێ موحاکەمە دەکوشت،خاوەن پلەوپایەی لە سەرکاردادەنان...ئەوبوو دژکارانی تێکدەشکاند.)لە1812حاکمی بەغدا بەئاریکاری یەکێک لەکورە پوورەکانی بابان، توانی بۆ هێنانەسەرڕێوو تەمێکردنی عەبدولڕحمان پاشا،لەشکرکێش بکات. عەبدولڕحمان پاشا،لەدوو ڕوویی ودووڕەنگی فیڵ وگزەی زوربەی خزم و کەس وکاری ئاسوودەنەبوو. ئەگەر قسەی کلودیوس جولیوس ڕیچ، باوەڕبکەین ئەو نەک سەرلادان لەقەول و بەڵینی بارەگای عوسمانی بەڵکوو ڕزگاربوونی لەبەڵای خاوەن پلەوپایەی ناوچەیی بوو. خەمناکی ویش وەکوو زوربەی سەرۆکانی کورد،سەردانواندن لە بەرامبەرکارگێرانی ناوچەیی بوو.

بەڵام خزم وکەس وکاری ئیکجارنزیکی وی، بێ کەمترین  و هەست پێکردنی ئێشی درێشووکەی ویژدانی، ئێران وعوسمانیان دەگیانی یەکتربەردان. کوڕەکەی مەحموودپاشا، لەلای ڕیچ کە لە1820سەردانی وی کرد لە چۆڵەپێچەی تەنگەژەیەک دوا،کە لەم کاتەئەستەمەدا دەبێت لەگەڵ ئەوان دەست و پەنجەی نەرم کردبوایە.
یەکێک لەچۆڵەپێچە ئەمەیە: کە ئێران چ کات لەداواکردنی پێتاک دەست بەردارنییە..ئەوی دیکە کە سوڵتان لەزاتیدا (یانی سوڵتانی عوسمانی) ئاقیدەی وایە کەنابێ چاکە لەگەڵ ئێران بکات، یان پێتاکی بداتێ. لە سەرئەوەش کاتێک شازادەی کەرمانشا،بە زۆرەملی خەریک بوو پێتاکی لێ بستێنێت، تورکەکان نەیانتوانی یان نەیانەویست لەوی بەرگری بکەن.
مەحموودپاشا لەو نیشاندانی محیبەت، ڕاستگۆیەی هێندەی تێدا نەبوو،چونکە بەردەوام لەگەڵ کەرمانشا قاقەزی گۆڕینەوەی دەکرد، کاتێک لە1818 سوپایەک بۆ سەرکوتی وی چوو، دەهەزار کەس لە قۆشەنی ئێران بەداکۆکی لە وی لە سنوورئاوابوون، و تەنیا سالێ دوایی بوو کە مامی وی، عەولاّ،ئەوانی لەناوچە ڕاونان. بەهەرحاڵ، بەغدا لەم جێگایە کە هێزی لەدەقەر نەبوو بە داوا کاری ئێران، مەحموودپاشای لە سولەیمانیە سەرلەنوێ لە سەرشۆڵی ڕابردو داناوە.
چێرۆکی مەحموود پاشای بابان ومامی عەولاّ نیشان دەدا کەئەم دوودمانە هەتا چ ڕادە دەیانتوانی نیسبەت بە لایانگرانی خۆی هەوسبازبن. مەحموودپاشا ئێستا لایانگری بەغدای گرتبوو، لە حاڵیکدا کە عەولاّ بۆلای ئێران وەرچەرخابوو. ڕیج کە ئەو وەخت لە سولەیمانیەبوو، دەگێڕیتەوە چلۆن عەولاّ لەحالّی گۆڕینەوەی نامە لەگەڵ ئێران کەوتەگیرو بەرلەهەڵاتنی زیندانی کرا. ڕیچ لێی یەقین بوو کەعەولاّ براگچکەی خۆهەڵکێشی بەناوی عوسمان کە بۆخۆشی لەگەڵ کەرمانشا نامەی دەگۆڕیەوە، فریبودا بوو.  وەک بەنەزەردەگات بەپێچەوانەی پەیوەندی هاتووچۆی نالەباری کە ئەو دوو برایە پێکەوەیان هەبوو، مەحموود هاتەسەرئەم بڕیارە کەبراکەی بەدەسەڵاتدارانی عوسمانی لە بەغدا تەحویل نەدات. ئەم کردەوەی ڕەنگە کارتێکەر لەدڵ نرمی بووبێت،چونکە (دوور خستنەوە بۆ بەغداشتێکە کەکوردەکان بەتوندی لێی دەڕەونەوە) ئەگەر ئەوهابێت دەبێ بڵێی: کە مەحموود شۆڵیکی شێتانەی کرد، چونکە لەساڵی دوایی یانی 1821عەولاّ بەسەرۆکایەتی هێزێکی پێنج هەزارکەسی لە قۆشەنی ئێران هێرشی بۆ شارەزور بردو سولەیمانیەی بەردەست کرد،ولە جیاتی برازاکەی نشتەجێ بوو. حاکمی بەغدا لە ترسی ئەمە لەوانەیە کەبەغدا،بکەوێتە بەردەستی لەشکری ئیران، بەڵیننامەی ئاشتی پێشنیارکرد ودەویدا حکوومەتی عەولاّی بەفەرمی ناسی.
ئیستا یەکگرتوویی و بەرامبەر بە تاڵوکەیەکی سەرسوڕهێنەر لەکاردان. مەحمود لە ماوەیەکی کەم بە تەلفیاتێکی قورسی ئینسانی عەولاّی لە سولەیمانیە دەرپەڕاند. قۆشەنی ئێران و والی ئەردەڵان بە دوای یەکدا عەولاّیان سەرلەنوێ لەحکوومەت داناوە، دەوڵەتەکانی ئێران وعوسانی پێکەوە ئەویان بەفەرمی ناسی. بەڵام مەحموود کاتێک دەسەڵاتی عوسمانی زۆرکز بینی پشتی لە عوسمانیان کرد بەرەو قاجاریەیباداوە، وعەولاّی لە حکوومەت وەدەرنا،بەڵام تەقەلاو تێکۆشانی بەغدا بۆ حکوومەتی ڕاستەوخۆی سولەیمانیە،مەحموودی بەتاڵوکە ڕەوانەی ئێران کرد،وعەولاّ کە ئەوەی بینی لە گەڵ سوپاکانی عوسمانی بۆ سەرزەمینی بابان گەڕاوە. ئەم ڕووداوە سەرجەم لە ساڵەکانی 1821-1823قەومان،ئەوچاخ کە پەیماننامەی ئاشتی ئارزەڕۆم (صلحی بەقسە)لەنێوان ئیران وعوسمانی پێکهێنا.مەحموود بۆ سولەیمانیەگەڕاوە و بەدانی خەڵاتی حکوومەتی(کۆی سنجاق) بەعەولاّ لەوی دڵداری کرد.

بەڵام لەسەرئەوەش ئاشتی بەسەرزەمینی بابان نەگەڕاوە: مەحموود تووشی گێچەڵی بەربەرەکانی لەگەڵ براکەی سولەیمان بوو،لە حاڵێکدا ئێران عوسمانی لە جێگای سەرپەرست پشتیوانێکی بەقوەت لە ئولکە دەرپەڕاند وهەتا پادگانی لە سولەیمانیە بنیات نا،کە هەتا ساڵی 1934هەروا مابوو. بابانەکان هەتا لە بەریەک هەڵتەکانی خانەدانەکەیان لە1850هەروا وەک مرۆڤی دەمدەمی و لەخۆڕازی نامتمانە و باوەڕپێنەکراو لە سەحنەی سیاسەتی ناوچە حزوریان هەبوو.
لە سەرئەوەش وبەپێچەوانەی ڕقبەرقەو ڕکەبەری لە ناخی خانەدانی حاکم، بابانەکان شیاوی شتێک بوون کە والیەکانی ئەردەڵان بەئاشکرا تێیاندا نەبوو: وئەو(دەستەبەری هاوبەش) وپیاوەتی ومردانەگی عەشیرەیی بوو. دەم ودەزگای ئەردەڵان لە بنەڕەتەوە سازمانێکی(شێوەفئوداڵی) بوو دەسەڵاتی وی تەقریبەن تەواوکەماڵ بە پاڵپشت و لە سەر بنچینەی (پەسەندی) سەلتەنەت بوو. ئەم خانەدانە لەڕاسیتدا ئاخرین لکی پاشمەنە و ڕاستەخۆی ڕۆژگاری سەفەوی بوو.
پارێزگاری ئەردەڵان جارێک لە عەبدولڕحمان پاشای بابان پرسیاردەکات: بۆچ خزمەتکارانی والیان هیچ کات بەپێچەوانەی غولامانی بابانەکان لەگەڵ ئەوان بۆ دوورخراوەیی ناڕۆن وهیچ وەخت بۆخۆیان نیشانێک لە وەفاداری و ئەمەگناسی دیاری نادەن، لەحاڵیکدا بەدەست کراوەیی لەگەڵ ئەوان دەجۆڵینەوە؟
پەرسڤیک کە عەبدولڕحمان پاشا بەم پسیارەی داوە زورسەرنج ڕاکیش بوو. پیرەپیاو لەوەڵامدا گوتی: (هۆیەکەی ئەمەیە: کەنە ئەتۆ ڕئیس عەشیرەی و نە غولامەکانتان ئەندامی عەشیرەن! ئێوە مووچەیان بۆ دابین دەکەن،پووڵ وپارە سەرووەت بەئەوان دەدەن، بەڵام ئەوان کوڕی پووری تۆ نین...ئەوان جیا لەشتێکی وەکوو نۆکەرو غولام نین...)
لەونێوەدا بەشێک لە هێزی بابانەکان سەرهەڵداو لەکزی دەسەڵاتی عوسمانی ماوەی ئەم دەورە، درێژایی ڕیگای نیوان کوردستان و ئەستانبۆڵ بوو، لە حاڵیکدا لەپەیوەندی لەگەڵ ئێران چ پایتەختی تەورێز یان ئیفهان یان تاران بوو، ناوەندی دەسەڵاتی حکوومەتی نزیک بوو، ولە جیاتی چەند مانگ ڕێگا بڕین چەند ڕۆژ زێدەتر نەبوو. لەمەڕ ناوچەیی، حاکمانی نیوە سەربەخۆ لە بەغداد و موسڵ، لە ماوەی زۆرتری سەدەی هەژدەهەم، ناعیلاج حوکمڕانان و سەرۆکانی دیکەی عەشیرەشی لە چیاکان لە مەڵبەندەکانی خوارەوەی ئێڕاق، بە جواب جەنگی لە بەڕامبەر سەلتەنەت دنەو وەقل خست. لە سەدەی نۆزدەهەم ئەم جەرەیانە بەگشتی ئاڵەگۆڕی بە سەرداهات.

سەرچاوەکان:

منابع درجە دوم: بویل،تاریخ کمبریج ایران،جلدپنجم: دورەهای سلجوقی ومغول(کمبریج 1968)،مارتین وان بروئن سن وهندریک بشوتن، دیاربکردراواسط سەدە هفدم. توصیف اولیاچلبی ازدیاربکر(لیدن،1988)،کلودکاهن، ترکیة پێش ازعثمانی(لندن 1968)، رابرتدانکف،اولیاچلبی دربتلیس(لیدن،1990)، دایرەالمعارف اسلام،چاپ دوم،(اهل حەق)(اردلان)(ادریس بتلیسی)،(کوردها،کُردستان)،(سوران)،کندال، (کردهادرامپراتوری عثمانی)،در ژ.شالیان،مردم بدون دوڵت(لندن1993)،استانلی لین پول،دودمانهای مسلمان(لندن،1893،بیروت1966)،اس.لانگریگ، چهارقرن عراق جدید(آلسفورد 1923)، موسێ،غلاەشیعە،نیکیتین، (فئودالینتەکُرد)،بازیل نیکتیین(والیهای ئەردإن)،درمجلدجهان مسلمان، شمارە 192249)، سی.جی.ڕیچ، حکایت یکاقامت، استیون رانسیمن،تاریخ جنگهای صلیبی (کمبریج 1964،لندن 1965)،اس.جی.شاومرال شا،تاریخ تاریخ

امۆراتوری عثمانی وترکیه جدید،1:امپراتوری غاریها: ظهوروسقوط امپراتوری 1280-1808(کمبریج،1975)،گی لسترانژ،سرزمینهای خلافت شرقی (لندن، 1905-1966)،ی.ولهاوزن،سلطة عرب وزوال آن (لندن، 1907، بیروت1963).

یادداشتەکان:

1-وێدەچێ هۆی ئەم کارە،چەتوونی ڕاگرتنی سەرزمینەکانی ڕۆژئاوای زاگرۆس بووبێ،یان ڕەنگە دەلیل وبەڵگەی دیکەشێ هەبووبێت. ئەردەإن لەوانەیە،بۆخۆیان لایانگری ئەهل حەق بووبن، ئەم بنەماڵە لەسەرژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤی ئەهلی حەق حوکمڕانی دەکات، وئەم فرقەلەپەرەپێدان وپەروەردەی ئاقیدەکانی قزڵباشی بێ کارتێکردن نەبوو. جامینخوازانی ئەم تایفەیە، بۆ شێخ سفی ئەدین بناخەدانەری ڕیبازی سەفەوی سەفەوی حوڕمەتی تایبەتیان هەبوو.دەبی کەمێک وردبین بێ چونکە ئەم دەنگۆیە لەسەربناخەوبنچینەی ڕاپۆرتێکە کە ئەو خۆی بەدەست وەدەدا،بڕواننە دیاربەکر،نوسینی (وان بروئن سن وبوشوتن، لاپەڕەی 14.
3-لە1540بوزاولوس بریتی بوو لە7500بنەماڵە، لەسەریەک نزیکەی 80000کەس و دووملیون پەز. ئەندامی بوزاولوس عەسکەریان نەدەکرد بەڵام باج و پێتاکیان دەدا. دیاربەکر،نووسینی وان بروئن وبوشوتن، لاپەڕەی 27
4-بتلیس لەحوکمڕانانی موکری وبرادۆست وسۆران ئاریکاری ویست. دیاربەکر،نوسینی وان بروئن وبوشوتن، لاپەڕەی 15.
5-یەکەمین نوسینگەی باج و پێتاک کەلە1518بۆ کوردستان ڕیک وپێک خرا،چمیش گزگ(درسیم-تونجلی)کەشیاوی پێتاک بوون ولەحکوومەت نشینەکانی دیکەی ناو نەدەهێنا: دیاربەکر نوسینی وان بروئن سن وبوشوتن لاپەرەی 17.
6-بۆ نموونە لە1630لەشەڕی هەمەدان فەرماندەری سوپای ناردراو دەستەیەکی لەحوکمڕانانی کورد، بەتاوانی جواب جەنگی ئیعدام کرد. دیاربەکر، نوسینی وان بروئن سن وبوشوتن،لاپەڕەی 24.
7-دانکف،چەڵەبی لەبتلیس،لاپەڕەی 13.
8-بازیک ناوچەکان وەکوو ئاماڕاتی عمادیە وبتلیس وسنجار وقەبیلەی مازوری وەبەرسزا کەوتن.
9-سوڵتان سەلیم چوارساڵ دوایی بەردەستی کردو حکوومەتەکەی بەتورکێک ئەسپارد کەلەبارەگای ئێران چۆبوولای. نزیکەی پەنجاساڵ داویی یانی لە1578سوڵتان مرادی سیوم کەوتە ئەم فکرە کەکوڕی شەڕەفخان بەناوی شەڕەفەدین کەلەبارەگای سەفەوی پەروەردەو عامالابوو لەسەرحکوومەت دابنێت. شەڕەفەدین ئەم متمانەیەی کەبەوی کرا بەلێهاتووی وەڕاست گەڕاند وپێنج ساڵ دوایی وی، حکوومەتی مووش-یش بە ناوبراو ئسپاردرا. ئەوزۆرتر ژیانی خۆی لەخزمەت بارەگای ئێران تێپەڕاند، بەڵام لە1578 کاتێک هەسارەی شانسی خۆی لەسەرەوژێری گوژانەوەدی، لەئێران هەڵات، جارێکیتر بەحکوومەتی بتلیس دانرا. ناوبانگی گەورەیی مێژوونوسییە. ئەو لە1596 بۆ نووسینی میژووی قەبیلەکانی کورد بەقازانجی کوڕەکەی لەشوغل لاتەریک بوو وکتێبەکەی بەناوی شەرەفنامە یەکیک لەپڕبایەخ ترین شوینی پەیوند بەمێژووی سەدەکانی نێواڕاستی کوردستان، هەروا بەئیحتوباری خۆی ماوەتەوە.

10-ئەو بوو کەڕەواندز و کۆی و هەریری لەسەرتای دەیەی 1600دەست بەسەرداگرت وبەچاکەی ئەم خزمەتی حکوومەتی کوردستان بەوی خەإت کرا.(والیەکانی ئەردەإن) نوسینی نیکیتین،لاۆەڕەکانی 80-82.

11-سەردەمیک بوو کەوەزیەت بەڕاستی ناجوربوو، گرنگتریان، ڕووداوێک بوو کە لەدوای مردنی شاعەباس قەوما، کەپێشتر باسمان لەوی کرد. لە1721چونکەئێران لەهجوومی عوسمانی لەبەریەک هەڵوەشا،عەلیقولیخان لەعوسمانی یارمەتی داواکرد،لە1742ئەحمەدخان بەدڵپاکی لەهندو داغستان خزمەتی بەنادرشا کردبوو بەم تۆمەتە کەپاشەکەوتی ئازوقەی لەیارمەتی بەقات وقڕ وێکەوتووان بەخت کردوە،مەحکووم بەئیعدام بوو،کەریمخان زەند بناخەدانەری بنەماڵەی زەندیە(1759-1794)کەبۆخۆی کوردو لوڕ بووسنەی تاإن کرد،ولە1859دەنەی دەرباری ئاخرین والی بۆ گیانی خۆی خستەمەترسی(ئەوسەبارەت بەمە کەکاتێک پێویست بێ لەولاتی عوسمانی پەنابەری بدرێتە لەدەولەتی ناوبراو قەولی وەرگرت بەلام قەت کارێکی ئەوهای نەکرد)

12-دەگێڕنەوە کەسۆرانیەکان تۆرەمەی عەڕەبی بوون کەلەبالیکان هەڵکەوتوو لە ڕەواندز پەنای گرت. پایتەختیشیان هەریربوو، ودەگوترێ کەلەکۆتایی سەدەی شانزدەهەم هێشتا بەهێزبوون، بەلام لەناوبردوی دراوسێکانیان-ڕەنگە پژدەریەکان-بووبن کە بۆخۆشیان خزم وکەس وکاری سۆرانیەکان بوون. دایرەالمعارف اسلام،جلددووەم(سۆران).

13-لە1694باباسولەیمان هجوومی کردرسەرملکی ئەردەإن، وچەند ناوچەی داگیرکرد،ساڵیک پاش لەهێزەکانی ئەردەإن تێشکا: لانگ ریگ،چوارسەدە،لاپەڕەی 80.

14-هێرشەکانی بەدەورو پشتی بەغدا هۆی دەستپێکردنی حکوومەت بەزنجیرەیەک عەمەلیاتی سزادان بوو،کەلەهاوینی 1762لەنزیک کفری بەتێشکانی وی دوایی هات.

15-والی ئەردەلان بەڕەواڵەت لە1765بۆسەرحکوومەت گەڕاوە،بیکیتین،(والیەکانی ئەردەلان)،لاپەرەی 92.

16-لانگ ریگ،چوارسەدە،لاپەڕەی 227.

17-عەبدولڕحمان پاشا لەدوورو درێژی زنجیرە کێوەکانی قەرەداغ زنجیرەیەک قەإیچەی بۆ پارێزگاری لەسولەیمانیە دورست کردبوو، بەلام کوری پووری بەناوی محەمەد بنی خالد ڕیگایەکی بێ بەرگری کەکەمترلەوی کەلک وەرگیرابوو بەهێزەکانی عوسمانی نیشان دا وبەمجۆرە هێزەکانی عوسمانی ئەم قەلایانەیان گەمارۆدان،ڕیچ حیکایەت،جلە1-لاپەڕەکانی 55-59

18-ڕیچ حیکایەت جلە1-لاپەڕەی 96

19-ئەم شازادە محمەدعەلی میرزا بوو کەلە1805بەحکوومەت دانرا.

20-ڕیچ حیکایەت،جلد1،لاپەڕی 87.

21-ناوچەکانی دیکە بریتی بوون لەگورجستان،هەویزە،(خوزستان)،ولوڕستان،ئەوجێگا کەوالی پشت کۆ هەتا سەرهەڵدانی ڕەزاشا هەروابوو.

22-ڕیچ حیکایەت،جلد1،لاثەڕەی 86.

---

پاژی 3

## کوردستانی عوسمانی،

## 1850 -1800

### پێشەکی

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم عوسمانیەکان لەگەڵ ئاڵۆزی و پشێویەکی چەتوون ڕوو بەڕوو بوون، ئەم ئاڵۆزیە، سەرهەڵداو لە جەستەی ئەمپەڕاتووریەکی سەقامگیربوو کە دەسەڵاتی بەسەرهەردەکانی دەوروبەر لەدەست دابوو. ڕێووشوێنێک کە لە دوایی شەڕی چالدڕان نێوانی دەوڵەت وهۆزەکان هاتەگۆڕ، سەردەمێک بوو بۆ ئەستانبۆڵ بایەخیان لە دەست دابوون، لە ئاکامدا لە نێوەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم یەکجێ لە ئیحتووبارکەوتن. هەر وەک لە پاژی بەرێ ئاماژەمان پێکرد، لە سەدەی پێشێش لە لایان حکوومەتی ناوەندی ولەلای کارگێڕانی ناوچەیی یەک بە دوای یەک تێکۆشانێک بەئامانجی بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی ئەمیران و سەرۆکانی عەشایر سەریگرتبوو. هەنگاوێک بوو کە ماوەی وی بەرەوپێشچوونی لەم بەستێنە بەخۆوە دیبوو،بەڵام کوردەکان بەدەلیل وهۆکاری ئیکجاررزۆر توانی بوویان سەربەخۆیی ناوەخۆ بپاڕێزن. لە ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەهەم بۆ ئەمیران و سەرۆکانی تیرەکان فکرلێکردنەوەو ئاقیدە بەم بابەتە کە ئاتاجی بەداکۆکی بیانی نین،کارێکی سووک وسانایی بوو. پشێوی وەزعەکە، لە نێوەی سەدەی دووەم وەبیرهێنانەوەیەکی بەهێزبوو بۆ ئەمە کە ڕێبەری وڵات بەبێ جەستەی هێزێکی بەڕیوانچی نێوان دەوڵەت و گروپەکانی عاشیرەت سەرلەبن نیری برپەوپەیمان،لە کردن نەهاتووە. قەبووڵ وناسینی سەرۆکەکان لەلایان هێزەکانی دەرەکی بۆ بەڕیوەبردنی حکوومەت ونیشاندانی سەروەری،بایەخ وگرنگایەتی لەدەست دابوو. بەڵام چاخێک کە گروپەکانی عەشیرەیی لەگەڵ یەکترتووشی کێشەوبەرسینگەلێ بڕینەوە دەبوون ئەم ئەمیرە بالقوە بە،بەشتێکی چارەنووس ساز دەگۆڕدرا.

### ڕەگەکانی کزو لەڕی عوسمانی

عوسمانیان دەبوایە لە سەقامگیری سەرلەنوێی دەسەڵات وشوێن تێکردنی خۆیان دیقەت و ئاگاداری بکەن. سەرنج بە کەمبوونی جەماوەری ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات، نشتەجێکردنی چادەرنشینان، زێدەکردنی هاوسەنگی بەرهەمی کشت و کاڵ بەقازانجی حکوومەت بوو. وکردەوەی سەرکوتکەرانە لە لایان حکوومەت زورجار دەبوو بەهۆکار کە سەرۆک خێڵ و خێڵاتیەکان، عەردو زەویووزاری خۆیان بەرەڵڵا بکەن وبەهومیدی دۆزینەوەی لەوەڕگەی نوێ بۆ شوینەکی دیکەکۆچ بکەن. لە لایەکی دیکە جەستەی حاکمێکی دوودڵ وبێ بڕیار و بێ گورچێلە دەیتوانی سەرۆکانی بەرزەفڕ وەهەوس بخات و بەدوو بارە بوونەوەی بەلەزو پانکردنەوەی سفرەی دەم ودەزگای قەدیم بەکۆتایی بگەیەنێت. لە شتەکانی دیکە خاوەنانی پلەوپایە بۆگەن دەیانتوانی لە بارەی کۆکردنەوەی حشێمەت بۆ شەڕ ودابین کردنی ئالیک بۆ هەسپەکانیان دانەوێڵەو بۆ(هیزی چەکدار)یان سەرۆکانیان و قەبایل، واردی مامەلە ببن.

جگەلەوانە  گەلێک شتی ترو بابەتیتر و لە هەموان گرنگترکزیی و لەناوچوونی دەسەڵاتی ئەمپەڕاتووری بوو. ئەم لە ناوچوونە ڕەنگە لەگەڵ  جێگەکانی دیکە فەرق و تەوفیرێکی هێندەی نەبووبێت، بەڵام لەم بارەوە کە ئەمپەڕاتووری دەهات لە بەریەک هەڵوەشێت، ڕوخسارێکی ئاشکرای هەبوو. نێوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم شایەتی دەست درێژیەکانی مجدی ئەمپەڕاتووری بوو ئەمپەڕاتووری بەستەی گوودبای، لە ئەڕوپای ڕۆژهەڵات خویندبوو،وهێرشێکی ناسەرکەوتووی کەلە1683بۆ (وێن) برد. چوارساڵ دوایی بەتەفروتونای سوپایەکەی  لە مەهاچ (مەجارستان)کامڵ بوو. لەمە بەدوا ئیدی چالاکی وپێشکەوتوی فەنی وسەنعەتی ئەڕۆپا، بەتایبەت لە ئولکەی نیزامی، جێی حاشالێکردن نەبوو. بل لەوەنەش ئێستا ئاشکرا ببوو کە ئەروپایەکان، نەخازا هولەندیەکان، ئینگلیزیەکان و فڕانسەویەکان، خەرێکی بنیاتنانی شەریکەکانی گەورەی بازرگانی  لە سەرزەمینەکانی خاوەرمەیانەو مەدیتڕانەن.

گەورەترین هەڕەشە لەلای دراوسێی باشوور یانی ڕووسییە بوو،کەڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر بەزێدەبوون هەڵدەگەڕا،ولەماوەی نێوەی دوەمی سەدەی هەژدەهەم تێشکانەکانی بەدوای یەکی نیزامی و سەرنەویایەتی سیاسی مجدی بەسەر دا دەسەپاند. لەپاش وچانێکی بەرتەسک،بەبەرەکەتی هێرش بناپارت بۆسەر ڕووسیە، ئەمپەڕاتووری سوکایەتیەکی زۆرتری قەبووڵ کرد. لەساڵی 1827 ناوەگانە تازەکەی لە خاوەرمیانە خرووپێتوون نێوان ناوەگانی ئینگلیزو فڕانسەو ڕووسیە وردوخەڕاش بوو وئەمە بە قازانج بۆ سەربەخۆیی یۆنان تەواوبوو، کەلە 1830 ئەمپەڕاتووری ناعیلاج بە قەبووڵی وێ ڕازی بوو. لەساڵی 1828 ڕووسیە هێرشی خۆی بۆ سەرزەمینەکانی قەراخ ئەمپەڕاتووری دەست پێکرد، هەتا زاری دانوبی، دەست بەسەرداگرت ولە1829لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات هەتا ئارزەڕۆم بەرەوپێش ڕۆیی.  قارس وئارزەڕۆم و بایەزیدی-ش بەپیی قەرارمەداری بەڵیننامەی  ئادرنە سەرلەنوێ وەعوسمانی دراوە. بەڵام نیشانەی شەڕ، زەنگوڵەی مەترسی تازەی وەدەنگ هێنابوو: ئەم شەڕە نەک تەنیا ئەرمەنیانیەکانی عوسمانی، ئەڕتەشەی ڕووسییەی لە دەست بەسەرداگرتنی قارس ئاریکاری کردبوو بەڵکووقەبایلی کوردی -ش هەنگەکیان دژی سوڵتان بۆ شەڕ هەڵێنابوو. ئەمە یەکەمین جاربوو کە ڕووسەکان لە کوردەکانیان کەلک وەردەگرت. ڕووسەکان بۆ یەکەمین کەڕت لە ماوەی دوژمنداری ساڵی 1804-1805لەگەڵ کوردان پەیوەندیان گرت. دەست درێژیەکانی ئۆڕوپا لەڕادەی مەسەلەی سیاسی ونیزامی تێدەپەڕی: لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بازرگانانی ئوڕوپایی کە سەردەمێک بوو لەناوچە حزوریان هەبوو بەسەرنجدان  لەگەڵ ئیمکاناتی لەگۆڕێدا بۆ ناردنی بەرهەمی ئینقلابی لەپێشکەوتەی سەنعەتی ئۆڕوپا هێوهیور شوینیان لەئەمپەڕاتووری کرد،جگەلەمە ئەمپەڕاتووری بەپێشەکی هجوومی فکریش ڕوو بەڕوو بوو،هەوەڵین ڕووناکی ئەم هێرشە نیشاندانی ئیلاقە بە کلیساکانی ڕۆژهەڵات هەڵکەوتوو لە حەوزەی فرمانڕەوایی ئیسلامی بوو،ئەم کلیسایانە لە بەرامبەر کارکردن ولەکردنهاتووی فیرکردن وبازرگانی وسیاسی کاتۆلیکەکان وپرۆتستانەکان دژکردەوەی باشیان نیشاندا. ئەم هێرشەی فکری هەتا بەرلەوەی کە هەڕەشەیەک بۆ ئەمپەڕاتووری بێنێتەدی،هۆکاری سەرهەڵدانی گێژاوی ئاڵۆزی لە ڕاستایی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بوو. کلیساکانی ڕۆژهەڵاتیش هەرکام بە نۆرەی خۆی تووشی لەت وپەت وبڵاوبوون بوو،هێندێک لەوان لە بەرامبەریەکیەتی لەگەڵ پشتیوانانی بەهێزوتوانا لە سەربەخۆیی چاوپۆشیان کرد.لە کلیساکانی کلدانیانی تازەو ئەرمەنیەکان وکاتۆلیکەکانی سووری مەسەلە بە هاتنی لێژنەکانی پڕوپاگەندە ومامۆستایانی کاتۆلێک دەستی پێکرا. پڕۆتستانەکانی-ش بۆ ئەمە کەلەقافڵە وەدوانەکەون، دەست وجێ لەکلیساکانی قەدیم وەکارکەوتنەوە.،بەم هیوایە کەئەم حاشێمەتە بەتێگەینی(باشتر) لەدین،

ڕێنوێنی بکرێن. یەکێک لەوجێگایانەی کەئەم لێژنانەی ،وەکوو کاتۆلیکەکان،ڕووتێکەربوون کوردستان بوو.
بل لە کاتۆلێکەکان پڕۆتستانەکان وڕووسەکان،ئەرتدکس-یش لەنێوجەماوەری ئەرمەنی زۆر تێکۆشەربوون. هەمێشە لەگەڵ مەسیحیەکان لەڕاستایی بەرامبەر موسڵمانەکان ڕەفتارکرابوو،ئەگەرمەترسی لەم بابەتە نەبوو کەحەول وتەقەلاکان بەئامانجی ئاسایش و متمانەی دەسەڵاتی ئۆڕوپایەکان لەجەرەیاندا،کەلەڕاستیدا بوو)شۆڵ بەخۆشی بەڕیوەدەچوو،ئەمماجگە ئاشۆڕیەکانی قەبیلەیی، کەلە چیاکانی حەکاری لەسەربناخەی زۆروکەم بەرابەری لەگەڵ قەبیلەکانی کورد ڕایاندەبوارد زوربەی مەسیحیان، بەتایبەت ئەرمەنیەکان جوتیارو وەرزێڕ بوون ولەوجێگایە نەک تەنیا لەمەڕ مەزەبی بەڵکوو لەمەڕ کۆمەإیەتی-ش لەوەزع وچلۆنایەتیەکی خوارەوەتردابوون. دواڕۆژی نیشانەی ئەلاقەی ئۆڕوپاییان لەگەڵ ئەم خەڵکە بۆ ئەرمەنیان وئاشۆڕیان هەردوو کارەسات بوو.
کزی حوکمڕانی ودەسەڵاتی (ئەمپەڕاتووری)ش لەناوچە وەک ڕۆژئاشکرابوو. هەتاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ڕێگای کالیسکە ڕۆ یان ڕێگای ئاسن لەناوچە نەبوو. بەل لەمە،لەهاوینان ئەرتەش تەنیا بەقبووڵی مەترسی تووشبوون بەنەخۆشیەکانی ناوچەیی دەیتوانی لەبەشێکی گەورەی سەرزەمینەکانی ئەمپەڕاتووری هات وچۆ بکات،لەحاڵێکدا لەزستانان بەهۆی بەفر ڕێگاکان هاتووچۆیان پێدانەدەکرا. وەرزی ساڵ لەعوسمانی بۆ عەمەلیاتی نیزامی لەسەریەک گرنگترلە ئۆڕوپا بوو.
دیاریکراوەی زۆری سەرزەمینەکانی عوسمانی سەدەی هەژدەهەم جەستەی حاکمەکانی ناوچەیی بوو کەبەڕەواڵەت سەرلەژێرئەمری حکوومەت بەڵام لەڕاستیدا سەربەخۆن. سەرهەڵدانی بازێک لەم حاکمانە لەسەردەمێک دابوو کەحاکمەکانی هەڵبژاردەو دانراوەی ناوندی ئیختیارات و دەسەڵاتی بەرفرەوانیان بە خۆ تەیبەتمەند کردبوو و لە مانا لە ناوەندی سەربەخۆ بوون. ئەم جەرەیانە پاوان بە ناوچەکانی دوورکەوتووی ئەمپەراتووری نەبوو. چاوپۆشی لە کوردستان، لە سەرانسەری ئاناتۆلی فەرمارەوایانی دۆڵ و گەڵی ناوچەیی کە خاوەنی (اقطاعاتی)سوپایی بوون، ئەم ملْکانەیان بەملْکی میراتی گۆڕینەوە،و لە دانی باج و پێتاکی دیاری کراوی پایتەخت جواب جەنگیان کرد.
کاتێک دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵەکانی دەیەی 1830 بڕیاری لەم لەمەڕ ئەم بابەتە گرت کەسەرۆکانی کورد بەقەبوولکردن ناچاربکات، سەرۆکانی کورد لەم کردەوە قەڵس بوون و سەربەخۆییان بەمافی شەرعی خۆیان زانی. کۆنسۆلی بریتانیا لە1835 لە ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەمیری ڕەواندز، دەنووسێت:
لە وییم پرسیارکرد...چ هۆیەک وای لێکرد کە لە بەرامبەرڕەشید محەمەد پاشا هەنگاوی بەرهەڵستکاری هەڵبێنێت؟ لەحالێکدا کەئەو نوێنەری سوڵتان بوو. حاجی لەوەڵامداگوتی: کە نەک ئەو ونەک باب وباپیرانی هیچ کام لەوان چ کاتێک سەر لە ژێرفەرمانی پاشاکان نەبوونەو باج وپێتاکیان بەسوڵتان نەداوە،دەجابۆ وی مانای تێگەیشتن نەبوو کە بۆچ دەبێ ئەو مەجبووربێت ئەم کارەبکات،لە بەرئەمە ئەوهێند کە توانی بەربەرەکانی کرد.  هەرچاخ کە ئاستابۆڵ دەیتوانی ماڵیاتی وەرگرێ، گوندیەکان لەدوو لا دەکەوتنە فشار. لە ئاناتۆلی ڕۆژهەلات ژمارەیەک لە دیهاتیەکان بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم بارودۆخە  گوندەکانی خۆیان بەڕەڵلا دەکرد و لەجێگایەکی دیکە نشتەجێ دەبوون. بەڵام چ گوندەییەکان کۆچیان کردبوایە، یان نەکردبوایە، گەورەپیاوانی ناوچە

زێدە بەرهەمیان لێ وەردەگرتن،ئاڵۆزی و پشێوی ئابووری بێ لێبڕانەوە لەشی حکومەتی ناوەندی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ تەنگەژە دەکۆلی و کلۆری دەکردو بەرەولەناوبردن دەبرد.
لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ڕێگری لە زوربەی دەڤەرەکانی کوردستان ببوو بەبابەتێکی قسەلەسەرکردن. تاوانبارانی ڕاستەوخۆ بریتی لە هۆزەکانی ڕەشماڵ نشین و نیوەچادرنشین بوون، کەکۆچ وکۆچباری وەرزی زۆزان وئارانیان دەکرد. کارگێرانی دەوڵەتی حەولیاندەدا ئەوەی کە دەتوانین و بۆیان دەلوێ بە ناوی جەریمە،لێیان وەرگرنەوە،پەزومەڕوماڵات وشتی زۆرتریان لێ بڕدەن وبەساحێب کەن. بەڵام پەخالەت وچاولێکەری وکێ بەرکێ لەنێوان حوکمڕانی پاریزگاکانی نزیک و دراوسێ بۆ قەرەبۆی ئەم زەرەرانە،هەلیکی باشی بۆ هۆزەکان دەڕەخساند: (ئاکام ئەمەیە کەکوردەکان لەگەڕانەوە لەکۆچباری زۆزانان بەتاڵانکردنی خەڵکی دیکە زەرەرەکانیان قەرەبۆ دەکەنەوە،وئەم تالانانە لە پاشانشینەکانی ئانکارا(ئەنقەرە) وقۆینە،بەدوای یەکدا چەندپات دەکەنەوە، هەر حکوومەتێکی ناوچەیی چاوەنواری دەرفەتێکە کەبەکەلک وەرگرتن لەوی بتوانێت لەچوارچیوەی پاریزگای خۆی ئەم تۆڵە بکاتەوە،بەڵام چ پاڵشایەکی کوردەکان لە سەرزەمینی پاشای دیکە وەبەرپەلامارنادا. ئەگەر پرسیاربکەن لەبەرچی نیوان ئەم پاشایانەو پاڵشاکانیتر هاوکاری ئاریکاری پترنیە، وڵام ئەمەیە: کە کزی ئەم مەسەلە لەحکوومەتی ناوەندییە: حکوومەتی ناوەندی لە زێدەبوونی دەسەڵاتی ناوچەیی ترسی هەیە، لە بەر ئەمە سیاسەتێکی هەڵسەنگاندراو پاکژ ئەمەیە کەلەنێوان ئەم دەڤەرانە لەم جۆرە بابەتە، ئالیکاریەکی هێندە لەگۆڕی نەبێت.
لەسەرانسەری ئەمپەراتووری، دەوڵەتی ناوەندی بەردەوام لەژێر تەوژم دابوو، هەتا دەسەڵات و ئیختیاری ئەم بەرپرسانەی عەشایرو پیاوەماقولانی ولایەتی بەفەرمی بناسێت، وەزع وچلۆنایەکی کاروباریان دەم پێدابێنێت و پەسەندبکات. لە1807سوڵتان ناعیلاج بوو بەفەرمی قەبووڵ بکات کەلەو دەسەڵاتەی کەلە ڕابردوو تایبەتی وی بوو لەگەڵ دەسەڵات دارانی ناوچەیی، یەک لەوان سەرۆکەکانی کورد کە هێزەکانیان پێکهاتوو لەسەرچاوەی ناوچەیین،هاوبەشە.
کارێک دەبوایە سەبارەت بەمە کرابوایە. لە دەیەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، حەول و تەقەلادان بەئامانجی دووبارەکردنەوەی سازمانی ئەرتەش و نویکردنەوەی وی لەسەربناخە و بنچینەوقایدەو ڕەوشتی نیزامی ئەرتەشەکانی ڕۆژئاوایی شۆڕشێکی لە(ینی سری) لێکەوتەوە. وسوڵتان سەلیمی سیومی لەتەخت هێنایەخوار. جێگر، سوڵتان مەحموودی دووەم، قەبووڵیکرد کەبۆ ڕێگری وپێشەبڕە لە ناو چوون و زەلیل بوونی ئەمپەڕاتووری نەک تەنیا ئەرتەش بەڵکوو هەموو بنکەکان وبنیات نراوەکانی وڵات پێویستە و دەبێت سەرجەم دووبارە دەستیان تێوربدرێ. بەڕێوەبردنی ئەم عەمرە نەک تەنیا هۆکاری هەڵپەرتاوتن ولەت وپەتی ولە ناو چونی (ینی سری) بەڵکوو هۆکاری پێنووس بەسەرداکشانی مرۆڤی کۆنە پەرستی (حکوومەتی)ش بوو، ودابەزانی وی پێوست بە، داڕژتنێ بەرنامەیەکی ڕێک وپێک و یکجار سەرنج ڕاکێش و لێنزانانەو پسپۆرانە بوو. سوڵتان مەحموود ئەم بەرنامەیەی بە، بەڕێوەبردنێکی سانابیتر لە پارێزگاکان دەستپێکرد. هەتاساڵی 1820نزیکەی سەرجەمی(دەرەبیە)کانی ئاناتۆلی سەرکوت ببوون، وهەتا1830(دربیە)کانی بەلکان ـیش سەر کوتکران. لەوبارەو کە پیاوی ماقوولی ناوچەیی دەسەڵاتێکی مەترسیدار لەبەردەم حکوومەت بوون بەقەرەبۆی ئیحتوباروشان وشەوکەتێک کە لە ناوچە لە دەستیان دابوو لە جێگایەکانی دیکە مقام وپۆستێک بەخۆیان یان بە وەرسەکانیان دەدرا.

بەڵام هەموو كارگێران وخاوەن پلەوپایەی حكوومەتی جێگۆڕكران و گۆڕدران، و بە پەلە ڕاگەیاندرا كە هیچ تیولێك(ملك وزەمینێك كەدەوڵەت دەیدابەدەست وپێیەكانی)بەناوی میرات، كرینو فروشتنی پێناكری و بەناوی كەسێكیتر تاپۆناكرێت.
ناوەندی هەركات لەوزەوتوانایی خۆیدا دەبینی، ئەوخاوەن پلەپایانەی تازە لەسەر كاردانابوو وای پەروەردە دەكردن كەلەمەسەلەی ئابووری یان نیزامی وەڵامدەری وەزارەتخانەكانی پایتەخت بن. بۆ بەدواچوونی ئەم ئەمرە وەدەست هێنانی ئاگاداری لەسەرچاوەی ئابووری ومالی ئەمپەڕاتووری، دەوڵەت لەنێوان ساڵەكانی 1831و1839دەستی بەسەرئەژمێری دانیشتوان و جیاكردنەوەی سەرزەمینەكان كرد. ئاستانبۆل بەلەز هەتا جاخێك كەئەرتەش بەڕادەیەكی تەواو بەهێز ئامادە دەبێت كوردستانی بەحاڵیخۆی هێشتەوە.
دووبارەكردنەوەی بنكەی ئەرتەش تەنگەژەیەكی پێچاوەتریش بوو. لە1826 سوڵتان مەحموود بەڕازی بوون، هەنگەكانی (ینی سری)هەڵوەشاندەوەو لەناوبرد، بەڵام ئەوسوپایەی كەئەو بەشێوازی تازەی ڕاهێنابوو لەسەرەتای ئەزموونەكای خۆی سەربڵیند وەدەرنەكەوت: لەساڵەكانی 1831-1832 برایم پاشا، كوڕی محەمەدعەلی پاشا،حوكمڕانی بەرزەفڕی دانراوەی سوڵتان لەمیسر،سووریەی گرت وهەتا ئاناتۆلی بەرەوپێش هات وخۆڕاگری وبەربەرەكانی عوسمانیانی لەسەرڕێگا ماشت،وتەنیا بە لاق دەنیونان وبەڕیوانی دەوڵەتەكانی ئۆڕوپایی بوو كە بۆ سووریە گەڕەوە.
بابی عالی بەپێچەوانەی ئەم تێشكانەی ئابڕوبەرە ئێستا لەبەرئەمەدا دەڤەرەكانی عەشیرەلێ دانیشتوودەوروبەر،بخاتەژێر حوكم ودەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەت.
ئەمە كردەوەیەك بوو كەدەوڵەت پێشتر بۆ بەڕیوەبردنی وی هەنگاوی هەڵنەهێنابوو. لەنێو بردنی ئاماڕاتی كوردئامانجی ئاقڵانە وبەشێك لەبەرنامەی پتەو لەنیوان هەڵگرتنی حوكمڕانانی میراتگربوو. ئەم كردەوە بۆ دووبارەكردنەوەی تەواوی ئەمپەڕاتووری عەمرەكی پێویست ولازم بوو.
شوێن تێكەرترین هۆیەكانی ئەم جەرایانە، ئەمیرەكان بوون. چونكە بێ ئابڕویی و كسادی سوپای عوسمانیان لە بەرامبەرمیسرییەكان بەچاوی خۆبینین،یەك بەدوای یەك دژی پایتەخت دەستیان بەدنە و ئاڵۆزی و پشێوی كرد و بە هەتەركورت و گەورە بینینی مەسەلە،بە كیشە و دەمەتەقە لەگەڵ یەك خەریك بوون.

### میرمحەمەدی ڕەواندزو لەناوچوونی خانەدانی سۆران

یەكەمین كەس كەتێشكاو لەناوچوو، میرمحەمەد حاكم و دەسەڵاتداری بەرزەفڕی ڕەواندز بوو. میرمحەمەد لەساڵی 1814بابی خۆی لەدەسەڵاتداری حكوومەت هێناخوار،دژكارانی خۆی لە لێژنەی ڕێبەری سۆران یەك بەدوای یەكدا لە بەین هەڵگرت. ئەوەڵێن كەسێك كە تامی مردنی چێژت خەزینەداری بەسەڵاچوو پیرە میردی سەردەمی باوكی بوو، و بەدوای ویدا هەردوو مامی وێوو، كوڕەكانی كوشتن. لە پاش ئەمە ئیدی چ كەس لە ئەمیرنشینەكان زراوی دژایەتیان لە گەڵ ئەو لەخۆدا نەدی.
میرمحەمەد هەنۆكە دەیتوانی پەلاماری خۆی ڕوو بەڕووی دەورووپشت بكات.
هۆزو عەشایری قەراخ قوجاخی ژێربەستێنی دەسەڵاتی خۆی، یانی عەشایری شێروانی، برادۆست،سورچی،خۆشناو،ومامەش یەك بەدوای یەك هجووم بۆ بردن و هێنانە بن ڕكێف و

ژێردەسەڵای فەرمانی خۆی، وئەو دەستەییەی لە سەرۆکانی کورد کە نەیاندەویست لە بەرئەمری دابن، یان سەری بۆ دابنوێنن، کوشت. شاری نزیکی (هەریر)ی کەجێ دانیشتنی کۆنی سۆران بوو، ولانی کەم نێو سەدە لە دەست بابانەکاندا مابۆوە دەست بەسەرداگرت،بەم جۆرە کێشەکێشێک کە چەند ساڵ بەرلەوی بابی کۆتایی پێهێنابوو سەر لە نوێ زیندوی کردەوە.
میرمحەمەد حوکم ودەسەڵاتی وشوین تێکردنی خۆی لە ناوچە بەرفرەوان کرد کەبە دوو زێێ و دەجلە و سنووری ئیران دوایی دەهات. (کوی سنجاق)کە یەکێک لە شارەکانی دیکەی بابان بوو لەساڵی 1823بەردەست کرد و بەدەست بەسەرداگرتنی هەولێر(اربیل) و ئاڵتوون کۆپری و شاری شاخاوی ڕانیە، کە دوو ساڵ دوایی کەوتە بەردەستی، جەغزی حوکم وشوێن تێکردنی بۆ قەراخ دەشتی دووچۆمان(بین النهرین) بەرفرەوان کرد.

ئامانجی دوایی ئامارتی بادینان بوو. کە ئەمیرەکەی-میرسەعیدعمادیە- بەبێ ورە،دەنگین بوو. ئەم کردەوە ناحەزەی میرسەعید لە تەمێ کردنی یەزیدیەکانی داسنی(یانی سمیل داس)سەبارەت بەکوشتنی یەکێک لە سەرۆکانی مازووری سەربەفەرمانی وی لەساڵی 1831 بوو، لەبەدواچوونی ئەم کارە میرمحەمەد دێهاتیەکانی شێخان هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ تالان کرد. هەزارانی ژن و مێردو منداڵ و زارۆکی کوشت، خەڵکەکەی خاشەبڕکرد و لە ناو برد. کەمۆکەیەک لەخەڵک بۆ( تورعابدین) هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی (ماردین)یان (جبل سنجار) هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای مووسڵ تێیان تەقاند. یەزیدیەکان جگە لە مەسەلەی ئابووری لە سەرڕەگ وڕیشەی بەڵگەو لایانی زۆر،شێکراوە: یەکەم داسنیەکان دوژمنانی کۆنی سۆران بوون و بە سەرۆکەکانی خۆیان کە ئەمیرەکانی عمادیە،بن سەریان بۆ دانەنواندبوون. دووهەم: بەهاوکاری هاوئائین ومەزەبیان لەجبل سنجار هێرشیان بۆ گوندەیەکان هەڵکەوتوو لەدەشتی مووسڵ بردبوو، و لە نیوان ساڵەکانی 1767و1809هەشت کەرەت هۆی لەشکرکێشی عوسمانی بۆ ناوچە ببوون، و لە دوایی ویش دا هەروا هۆی ترس و دڵەهۆرەی ناوچەبوون، و لە هەموان گرنگتر موسڵمان نەبوون دینەکەیان جیا بوو، وکوشتنیان خیربوو!!
میرمحەمەد بەهەڵدانی بەیداخی قوڵەکردنی دەستی میرسەعید بەتۆڵەی خوێنی عەشیری مازووری لەساڵی 1833شاری بادینی عەقرە-ی دەست بەسەرداگرت،حاکمی وی لەناوچە دەرپەڕاند وکەسێکی بادینی کە لە ئامرازێکی دەستی وێوەتر نەبوو لەجێگای وی دانا. شارەکانی زاخۆ ودهۆک کە لە مەڕ بازرگانی گرنگ بوون ولەمەڕ لەشکر کێشی لەنێوان مووسڵ وجەزیرەی ئیبنی عومەر هەڵکەتبوون دەست بەسەرداگرت.
دەسەڵات دارانی عوسمانی لەوی کەدەگوزرا ئاگاداربوون ئەمما هێزەکی تەواویان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ میرمحەمەد لەناوچە نەبوو. زوربەی سەرنجیان لە حالی حازر زورتر لە سێرەی چاو بەداگیرکردنی سووریيە لە لایان برایم پاشا و هێرشی وی بۆ ئاناتۆلی بوو ولەوەیان ترس ڕێنێشتبوو کە مەبادا میرمحمەد لەگەڵ قۆشەنی میسری لەکاکەو برالەی پەیوەندی دابێت. میرمحەمەد هەرچەند پیاوێکی بەبەزەو بێڕوحم وخوینخۆر بوو لە سەر ئەوەش کاتێک دووکەڵی ئاگری هجوومەکانی دامرکان ئاسایش و قانوونی لە ناوچە بەرقەرارکرد کە سەدان ساڵ بوو پێشوێنی نەبوو. ئەم عەمرەو مەترسی لە هەنگاوەکانی وێچووی دواڕۆژ وی بوو کەوالی بەغدای هێنا سەر ئەو بڕیارە کە لە سوڵتان بۆ وی داوای پلەوپایەی پاشایەتی بکات. هەرچاخ میرمحەمەد لە جێگەی نوێنەری حکوومەتی عوسمانی ئاسایش ونزمێکی ئەوهای لەناوچە سەقامگیرکردبوایە- هەڵبەتە لە ئەمیرێکی

کوردی دەست نێشاندەی سوڵتان چاوەنوار دەکرا کە داوایەکی ئەوهای بۆ بکات-بەیەقین ڕێگایەک بۆ کاوەژینی سەرکەوتوانە لەگەڵ ئاستانبۆڵ لەبەر دەست نەبوو.
بەڵام ئێستا زەنگوڵەی دە مەترسی لە ئاستانبۆڵ وەدەنگ هاتوون،و ئەم ڕاگەیاندراوی مەترسیدارە، بەوەخت بوو،چونکە لەم کاتە میرمحەمەد بۆ ئاماڕاتی بۆتان هەڵکەوتوو لە بەشی عولیای دەجلەهجوومی کردبوو، و دوورگەی ئیبنی عومەر، کە بنکەی ئەمیران،یانی بەدرخانەکان(ئازیزان) بوو دەست بەسەرداگرت و ترس و لەرزی لەدڵی دانیشتوانی (حەسەن کەیف) و(نسیبین) وهەتا (ماردین)خست. بەڵام میرمحەمەد لەحاڵێکدا کە لە تاڵان و بڕۆی (بۆتان) بەردەوام بوو مەجبووربوو بە تاڵووکە بۆ (عمادیە) بگەڕێتەوە، چونکە میرسەعیە لە سەرڕا ئەوجێگەی داگیرکردبوو. دوایی شەڕێکی قورس سەر لە نوێ عمادیەی گرتەوە و زوربەی دانیشتوانی ناوبەدەری ئەوێی وەبەردەمی شمشیران دا، بادینانی بەفەڕمی بەڕەواندز لکاند و ئەمیرەکانی ئەوهەردی بەتەواوی لەناوبرد.
لە ساڵی 1843ڕەشید محەمەد پاشا،سەرۆک وەزیران و، والی کاتی سیواس، بە بەرپرسایەتی هێزەکی بەرچاو لەڕاستیدا ئامانجی سەرکوتی ئەمیرانی کورد، لە سەرسەحنە زاهیربوو. هەوەڵین ئامانجی بەئاشکرا، میرمحەمەد بوو، کە لە شاری ڕەواندز هەڵکەوتوو لە ناوەندی سۆران لەپاشەکشەدابوو. کاتێک ڕەشید پاشا پێی لە خاکی سۆران نا،و لە زاری گەرو نزیکەی کرد، سوپای والیەکانی مووسڵ وبەغدا-ش چوونەپاڵی.
هەڵ و مەرجێک کە دەویدا میرمحەمەد خۆی بە قۆشەنی عوسمانی بە دەستەوەدا تێشکێ ڕۆناهی لە کۆمەلگای سیاسی هەڵکرد. ڕاپۆرتێک کە وەک ڕۆژی روون ئەم مەسەلە، لەقاو دەدا ئەمەیە: کە ئەمیر بۆ بەرگری لە خوینڕێژی لە جەرەیانی بەرەوپێش چوونی سوپای عوسمانی لەم زاری گەرویە،کە بە سانایی بۆ بەرگری وپێشڕەوی لە وی، دەستەبەری تەلەفیاتێکی زۆری گیانی بوو،فریوی ڕەشیدپاشای خوارد: بەبارمتەی متمانە بچێتە ئەستەنبۆڵ، بەو دووربینیە، کە لە سەرمقامی خۆی بمێنیتەوە.
بەڵام گۆڕینەوەی قاقەزی مەعموورێکی ئینگلیزی بەناوی ڕیچارد وود،نیشان دەدا، کە پیلان زۆر قوڵترو پێچڕاوەترلەمە بووە، و لەم جەرەیانە چاوتەنگی خاوەنانی پلەو پایەی عوسمانی و پیلانەکانی قاجاری ڕکەبەری لە سەر وەدەست هێنانی قودرەت، دەستی باڵای هەبووە. لەساڵی 1835(وود) کە دیپلۆماتێکی گەنج بوو بەڵام دواڕۆژێکی پڕلە هومێد جاوەڕوانی لێدەکرد، لە ئەستانبۆڵ بۆ سووریيە ناردرا، هەتا سەبارەت بە هەلایسانی شۆڕشێک بە قازانجی عوسمانی لە سووریيە یەک کە میسرداگیری کردبوو، لێکۆڵینەوە بکات. لە ماوەی ئەم سەفەرە بوو کە وود،لە گەڵ ڕەشید محەمەد پاشا (کەمەعمووری سەرکوتی میرمحەمەد بوو)یەکتردەبینن،و ئامانج لەم چاوپێکەوتنە ئەمە بوو کە معلووم بکات ئاخۆ ئەو جۆرەی کە لە ئاستانبۆڵ دەنگۆ بوو رەشید محەمەد پاشا لە ڕاستیدا بە نهێنی لە گەڵ میسریەکان پەوندی هەیە. وود نەهەلسەنگاو ڕەشید محەمەدپاشای بە خەیانەت تۆمەتبارکرد، و مەجبووربوو بەشەو لە ڕیگای دەجلە بۆ بەغدا هەڵێت.
(وود) پێی وابوو کە قۆشەنی عوسمانی ئەگەر ڕەواندز بگرێ شکەستێکی بێ ئابڕوانە دەخوات. لە بەغدا لە نوێنەری دانیشتووی کمپانی هند گوێبیس بوو کە ڕوسەکان لە تاران بارەگای قاجاریان بە هێنانەدی ئاڵۆزیی وپشێوی لە دەڤەرەکانی سنوور دڵگەرم دەکەن. ئەم دووە (وود ونوێنەری دانیشتوو) ئیکجار تووڕە بوون لەم بارەوە کە بریتانیا بە ئەڕتەشی قاجار تەعلیمات دەدا،لە حاڵیکدا پاڵشا بەجێ نشینی لە لایان ڕووسەکان دژی قازانجی بریتانیا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی کاردەکات.

وود لە گەڵ عەلی زراپاشا والی بەغدا، کە بۆ خۆی میرمحەمەدی دەناسی سەردان کرد. و لە ئیقناع کردنی وی بەمەترسی لە ناوچونی قۆشەنی عوسمانی یان هێزەکانی میرمحەمەد،چەندەی موشکیلە لێدەکەوێتەوە ئاخافت، چونکە تەفرو تونا بوونی هەریەک ئەم دووە، دەیتوانی بۆشایەکی لە ناوچە بە وجوود بێنێت کە دوورنەبوو هێزەکانی قاجار کە هێرشیان کردبوو سولەیمانیەو شارەزوور و ناوچەیان دەست بەسەرداگرتبوو ئەو بۆشایی پڕکەنەوە. وود ئاقیدەی وابوو کە بە جێگای ئەمە هەڵبەتە باشتر ئەمەیە بەپێکهاتن، بریتی لە هێزەکانی میرمحەمەدکەلە کردەوەکانی پەژیوان بێتەوە، و هێزەکانی سەقامگیر لە بەغدا ڕیگریکی بە قوەت لەبەرامبەر ئیران پێکبهێنن. عەلی ڕەزاپاشا لەونێوەدا پێیخۆش بوو کە مەعمووریەتی ڕەشید محەمەدپاشا بێ ئاکام بمێنێتەوە، وبەشکەست ڕوو بەڕووبێت. وود لەم پێشنیارەی پێشوازی کرد، بەم ئامانجە کە میرمحەمەدی بە قەبووڵکردنی سەفەر بۆ ئەستانبۆڵ ڕازی بکات، مەترسی سەفەری بۆ ڕەواندز بۆخۆی قەبووڵ کرد.

بۆ (وود) سەرکەوتن لەمە باشتر نەدەبوو. ئەو لە (ڕەواندز) نەک تەنیا میرمحەمەد بڵکوو نوێنەری (قاجاری)شی دیتبوو کە هاتبوو هەتا سەبارەت بەشەرتوو شەروتی پەنابەری میر، بۆ ئێران و چۆنێەتی یارمەتی قاجار بە وی لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەڕتەشی عوسمانی وتووێژ بکات. ( وود) بەمە کەیف خۆشبوو کە لەم چاوپێکەوتنەدا توانیویەتی بەناردراوی ئێران بڵێت: کە ئەمە چ بۆ دەوڵەتی ئێران هاوکات بۆ تێشکانی قۆشەنی لایانەکان،دوو پێشنیاری ئاریکاری دەکات- سەفاڕەتی بریتانیا لەئەستانبوڵ ئەوی لەجەرەیانی ئەم پێشنیارە نابوو. وود لەم نێوەدا میرمحەمەدی ئاگادارکرد کە قۆشەنی عەلیڕەزاپاشا تەنیا چوارساعەت لەوی دوورە. میرمحەمەد بە گوێبیس بوونی ئەم خەبەرەو متمانەیەک کە بۆچوونی وی بۆئەستانبۆڵ بەویان دابوو فریوی وادەکانی عەلیڕەزاپاشای خوارد کە گوتبووی: ڕادەسپێرێ کە ئەوی سەر لە نوێ بە بریرسی حکوومەت دانێنەوە. دەجا لە هەڵاتن بۆ ئێران پەژیمان بۆوە، لە بەریکردنەوەی لەشکرەکەی ڕەشید محەمەد پاشا-نەک عەلیرزاپاشا-چوو ئەستانبۆڵ. ڕەشید محەمەدپاشا هیواداربوو کە میرمحەمەدی لە ئولکەی شەربشکێنێت، لەئاکام سەفەری میر بۆ ئەستانبۆڵ بۆ وی کارێکی سەرنەویانەبوو.
دووخاڵ هەن پێویستە لەو چێڕۆکە زێدەبکرێت: هەوەڵ ئەمە لەوبەشەی هێزەکانی قاجار کە بۆ داکۆکی لە میرمحەمەد لە سنوور ئاوابوون گوڕدانێکی رووسی بریتی لە800کەس بوو کە بۆخۆی شادەیەکی دیکە بۆ خوازیاری زلهێزەکان لەناوچە بوو. و ئەمما میرمحەمەد ...سوڵتان ئەوی بەڕێزو حوڕمەتەوە قەبووڵ کرد،ڕەنگە وادەی حکوومەتی سەرجەمی کوردستان کە ئەو هیوادار بە وەدەست هێنانی بوو بەوی دا. بەڵام شک ودوودڵی هەیە:
سەقامگیری سەرلەنویی کەسێکی وەک میرمحەمەد بە حکوومەت، مخالف لەگەڵ بنەڕەت وبناخەی سیاسەتی ئیسلاحاتی عوسمانی بوو کە قەراروا بوو جێگای حوکمڕانانی میراتی خاوەن پلەوپایەیی مسؤل و وەڵامدەر، پڕکەنەوە.
بەهەرحاڵ ڕاستیەکانی مەعلووم لەگەڵ ئەم بۆچوونە سازگارترن، چونکە میرمحەمەد لەگەڕانەوە بۆ ڕەواندز زۆربەسانایی لە نێوان ڕێگا ون بوو، و بەگومانی نزیک بە یەقین لە نێوسەفەری دەریایی لە ئەستانبۆڵ بۆ ترابۆزان کوژرا.

## بەدرخان بەگ و لەدەست دانی بۆتان

بۆ زوربەی کوردەکان بەدرخان بەگ بە وقاروجەلال و بە شەوکەتترین ئەندامی بنەماڵەیەکە،بە هەیبەت وتەنتەنە. ئەوکەسایەتیەک بوو بەورەو زیخ وچاونەترس، دڵ ڕاکێشەر،بەتەقوا،بەرزەفڕ، بەڵام لەعەینی حاڵدا یەکجاربێ مننەت. ئەو لە خانەدانی (ئازیزان)بوو، کە شەرەف ئەدین بتلیسی تۆرەمەی وی لەسەرەفنامەدا هەتا سەدەی سێزدەهەم لێکداوەتەوە. گرنگایەتی وی بازیک بەمبۆنەوە بووکە ئەو ئاخرین سەرۆکی پایەبەرزە،کە هەرەشەیەکی مەزن بۆ سازشکارانی عوسمانی بوو. بەڵام گرنگایەتی بە ڕاستی وی لە سەرنجدانوو ئیلاقەیەکە، کە ئەم کەڵە پیاوەی،ئەو دەسەڵاتدارە مەزنەی بە،بەرفرەوانی مەزەبی دەڤەرنیشاندەدەن.
بەدرخان نزیکەی ساڵ 1820 و ئەوکات ڕەنگە لە18ساڵ تێ نەپەڕیبێت
بۆ بەگەورەی ئاماڕاتی بۆتان! هەروەک گەلێک لەمجۆرە مەسەلە دێنەپێش، داواکارانی حکوومەت لە بنەماڵەکەدا لەم کارەدڵخۆشیان نەبوو، وێدەچێ بەم هۆیەبێت کە بەرەواڵەت سەردەمێک ئارام مایەوە، وهرزوفکری خۆی بەختی پتەوکردنی وەزع و چلۆنایەتی مەوقعیەتی خۆی لەچوارچێوەی حکوومەت کرد. هەروا فرمانبەری حکوومەتی عوسمانی بوو،وبەم سیاسەتە لە هەنگاو هەلێنانی سزای ڕەشید محەمەدپاشا کە لە ساڵەکانی 1834و1826لەناوچە لە جەرەیان دابوو دەست لێنەدراوماوە.
لە1839 لەسوپای عوسمانی پلەوپایەی نیزامی پێدرا،مراد لەم ئامانجە کۆکردنەوەی گروپی هۆزەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قۆشەنی برایم پاشای میسربوو.
شەڕی نزیب،هەڵکەوتوو لە نزیکەی مەقەڕی بەدرخان لە دوورگەی ئیبنی عومەر، بەلەناوچوونی هێزەکانی عوسمانی دوایی پێهات و بۆشایەک کەلەم نێوە سەری هەڵدا، بەدرخانی بەتاسەی بەرفرەوانکردنەوەی سەرزەمینی ژێرحوکم و فەرمان و شوێن تێکردنی خۆی پاڵ پێوەناو دنەدا. بەدرخان لە هەڵگەڕانەو لەحوکم و دەسەڵاتی عوسمانی دووری دەکرد، بەڵام لەشوێن تێکردنی (دین) لە سیاسەتی ناوچە بەتەواوی بەکەم دەگرت. ئەو پێشتر بەزوڵم وغەزەب کە سەبارەت بەیەزیدیەکانی ناوچە و لکاندیان بەئیسلام بەڕیوەبردبوو، ئیلاقە و خۆشەویستی خۆی سەبارەت بەدین و هەروا خۆوخدەی حکوومەتەکەی خۆی نیشان دابوو: لە جیاتی ئەندامانی بنەماڵەی، خۆی بۆ پارێزگاری کردن ئەم تازە ئاینانە دانا بوو. زێدەتر لە گروپێ ئەوسەرۆکانەبوو کە ئەڕدەڵانەکان بەرجەستەتریان بوون وزۆرتر بەپاڵشایان دەچوون هەتا بەسەرانی قەبایل و عەشایر.
سێرەی ڕوانینی بەدرخان بەرەو ڕۆژهەڵات بوو. لە جیاتی ئەمە کە لە ناوچوونی سۆران و بادینان و کزی سەرۆکانی (حەکاری) بێت، ئەمە تووڕە بوونی عوسمانی بێنێتەدی-هەلەکی بۆ بەرفراوەن کردنەوەی شوێن لە سەردانان ڕەچاودەکرد. حەکاری بەهۆی چەقەوهەرای نێوان ئەمیری وی،نوورڵڵا بەگ،وخزمەکەی سولەیمان، کە ئەمیر،ئەوی لە حکوومەت دەرکردبوو،تووشی دوو دەستەیی و نێوان ناخۆشی ببوو.
گرنگترین لایانگری ئەمیری حەکاری مارشمون،سەرۆکی نەتەوەیی و مەزەبی عەشایەری، بە هەیبەتی ئاشۆڕبوو، کە دەڤەری تیاری گەڵی زیی گەورە وناوچەکانی خوارەوە فرقەکان تێدادەژیان. مارشموون بەپێچەوانەی مەسیحی بوونی، لە حکاری دووەمین کەس لە دوای ئەمیربوو،و کاتێک کە ئەمیر بە هۆیەک لە ئاماڕات نەدەبوو، ئەو بەجێ نشین وی کارەکانی ڕادەپەڕاند، نەک کوردێک بەڵکوو مارشمون بوو. بەڵام نێوان ناخۆشی لە بنەماڵەی حەکاری بە ناکۆکیەکی قوڵ لە نێوان

میرومارشموون گۆڕدرابوو، کە لەسولەیمان بەگی داکۆکی دەکرد، و ئەمیر ئێستا لە دراوسێی بەهێزی، یانی بەدرخان بەگ بۆ تەمێکردنی ئاشوڕیان داوای یارمەتی کردبوو.
هۆزەکانی ئاسۆڕیش بۆخۆیان لە ئاکامی تێکۆشانی لێژنەکانی پڕوپاگەندە تووشی نێواننا‌خۆشی وچەند بەرەکی ببوون. وئەم لەت لەت و ناکۆکی، هێرش بۆ سەرئەو قەبیلانەی کە ئەگەروانەبوایە زۆرچەتوون بوو کارهاسانی کردبوو. ئەم هۆزانە لە ساڵەکانی دەیەی 1830هێرشەکانی میری ڕەواندز و ئەم بەدرخان بەگەی، بەسەرکەوتن بەپاشەدا کشاندوە، بەڵام لە1843نێوان ناخۆشیەکی قورس لە نێوان مارشموون ودوو ئۆسقۆفی شوێن تێکەری جەماوەری ئاشوڕی هەڵگیرسابوو. ئەم دووە ئێستا لەگەڵ میری حەکاری و بەدرخان بەگ، کە خەریکی کۆکردنەوەی هێز بوو بەم متمانەیە کە گوندەکانیان لە هجوومی بپارێزرێن،هاودەست ببوون. جگە لەمە،یەکێک لە بەسامترین تایفە تیاری بەناوی تخومە، دژی مارشموون بە ئەمیرو بەدرخان بەگ وادەی ئالیکاریان دا.
کێشەکێش نیوان مارشموون و ژمارەیەک لە لایانگرانی کارتێکەریەکی مەترسیدارو زەرەر لێدەرو، شوێن لە سەردانانی لێژنەکانی پڕوپاگەندەی دەرەکی لە مەسەلە ئاشکرادەکات. لە1835 پڕۆتستانەکانی ئامریکایی لە دەڤەر ئیکجار تیکۆشەربوون،و لە نێو جەماوەری ئەرمەنی و ئاشوڕی قوتابخانەو نەخۆشخانەیان دورست دەکردن. مارشموون لەم تێکۆشانەی ئامریکایەکان ترسی ڕێنێشتبوو، چونکە ئەم کارە بەمانای کزکردنی وەزیەت و چلۆنایەتی کەسینی خودی وی بوو. لە بەرامبەردا،بازیک لە سەرۆکی کلیساکان لەم دەست تێوەردانە پێشوازیان کرد،چونکە لە دەسەڵاتی ئەم ڕێبەری ڕووحانی، کە ئەوان ئیلاقە کیان لەگەڵ نەبوو کەم دەکردوە. لە نێو لێژنەکانی پڕوپاگەندەش هەڵویست گرتنی جۆراجۆر هەبوو: لەحالێکدا کەئەنگلیکنەکان لەمارشموون داکۆکیان دەکرد،ڕەقیبانی ئامریکایی لایانی دژکارانیان دەگرت.
سەرۆکانی کورد بۆ ڕەخنەگرتن لە جەماوەری ئاشوڕی بە موشکیلەیەکی هێندە ڕووبوڕوو نەبوون. لە1837مارشموون بە ڕەزامەندی نوراڵڵا بەگ 3000شەڕکەری بۆ یارمەتی و بەرگری لە عمادیە لە بەرامبەر قۆشەنی عوسمانی نارد،بەڵام ئەم گروپە بە هوشدارپێدانی والی بۆ مووسڵ گەڕابۆوە، و ئەم ناسەرکەوتنەی مرئۆس نابەفەرمان،هەرچەند کردەوەی کەسێکی دیکە بوو، هۆکاری خۆشحاڵی دڵی نوراڵڵا بەگی پێکهێنابوو.
لە ئاکامدا ماندووبوونی وەفدەکانی پڕوپاگەندە، زەنگوڵەی مەترسی یان لە نێو جەماعەتی موسڵمانی دەورو پشت وەدەنگ هێنا: دابلیو.اف.اینزورث لە کۆتایی دەیەی 1830 لە لایان کلیسای انگلستان حەکاری گەڕابوو،پێشتر ئاگاداری نیشانەی نەحسی ئەم مەسەلە، لە مەڕ پەیوەندی جەماوەری ناوبراو بوو:
ئەم نیشانەی ڕووتێکردنی نەکاوی نەتەوەی مەسیحی لەگەڵ ئەم ئاشکرابوونە و چەرمەسەرو غەزەبە، نیسبەت بەوخەڵکەی عەشایەری (قەبایل نستور)کەئەم سەردەمە دورودرێژە بە هۆی لاتەریکی توانیویان هەتاڕادەیەک، ژیانی نێوە سەر بەخۆ بەردەوام کەن،لەنەکاو بەناوەندی سەرنجی موسڵمانان بگۆڕن، و ئەمە بێگومان سەرەتای لە ناوچوونی ئەم جەماوەریە.
دیاربوو کە ترس لەدلاندا وەخەبەر هاتووە، هەروەک یەکیک لەبەگەکانی کورد بە بەڵەدی ئاشوری لەگەڵ اینزورث گوت: ئێوەی دەرەکی کەسانێکن کە هاتوون ئەم وڵاتە داگیرکەن.)1842،لێژنەی ئامریکایی لەسەرەوەی گوندەکی ئاشوڕی نشین، لە بەرزایی تەپۆڵکێکی خانوەکی سازدا. زۆر زۆ دەنگۆ بڵاوبۆوە کە ئەم عیمارتە دژەکە، کە دژی موسڵمانان بنیات دەنرێ یان بازارێکە کە دەیەوێ کاروکەسبی لە جۆڵەمێرگێ بۆ ئێرە بهێنێت.

لە ئاکامدا دوورنییە کە(بابی عالی) بە ئەنقەست ئاماژەی بەبەدرخان کردبێت. لەمە گومان نییە کە والیەکانی مووسڵ و ئەرزەرۆم بۆ پەژیوانکردنەوەی لە بەدواچوونی ئامانجێک کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد هەنگاوێکیان هەڵنەهێنا. عوسمانیەکان بە لەناوچوونی هۆزەکانی بەسام ومووی دەماخ و دەست درێژی، نەستووری پێشوازیان دەکرد، و ئەمە ئەوسەستگیرەییەی وە دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەداو ئەم هەلەی بۆ دەرەخساند کە ئاماڕاتەکی دیکەی کورد لەناو ببەن. فکری بۆ ناچێت کە بەدرخان ئەم جەرەیانی پێشبینی کردبێت. هەوەڵین سەرەتای دوژمنداری لە ژوئیەی 1943 قەوما،ئەوچاخ کە بەدرخان هێزەکی 70000کەسی کۆکردەوە،و لە ناوچەی نەستووریان دەستی بە پەلامارکرد،دەستی لەکوشت و کوشتاری دانیشتوان کردەوە. ئەوانەی کە ڕزگاریان ببوو، بەناوی عەبد فرۆشران. هێرشی دووەم لە1846ڕوویدا. لەم هێرشە دا، دێهاتیەکانی کە لە هجوومەکە لەگەڵ بەدرخان یەکگرتوو نبوون،خاپووربوون. بابی عالی بە دوای ڕەخنەی توندی بریتانیا و فڕانسە بڕیاری گرت دژی بەدرخان واردی کردەوەبوو، بەڵام ئەم کردەوە شۆڵیکی سانایی نەبوو، چونکە بەدرخان یەکگرتووی خۆی بەرفرەوان کردبوو لەگەڵ ئەمیرەکانی حەکاری (وان) و (موکس) و (بتلیس) یەکدەست ببوو. ئەو هەوەڵین لەشکری کەبۆ بەرامبەری ناردرابوو تێک شکاند، و لە بەرامبەرعوسمانی سەربەخۆیی ڕاگەیاند، وبەناوی خۆی سکە لێدا.

مەعلووم نییە کە چلۆن هیواداربوو وڵاتێکی فەرمی سەربەخۆ بپارێزێ. بە هەرحاڵ لە بەرامبەر هێزی زۆرتر نەیتوانی خۆی ڕابگرێت وزور زوو دوورگەی ئیبنی عومەری لەدەست دا. لەدوایی گەمارۆیەکی هەشت مانگە لەقلای ئێڕوخ لەساڵی 1845 خۆی بەدەستەوەدا، و لە گەڵ بنەماڵەکەی بۆ کرت دوورخراوە.

ئەوانی کە بەدەرخانیان ئاریکاری کردبوو سەرکوت کران. هۆزەکانی یەزیدی بەیارمەتی و بەتێشکانی خان مەحموودی وان(کە ئەشکەنجەکراو کوژرا) تۆڵەی بەشێک لە ڕابردووی خۆیان وەرگرتەوە. نووڕاڵڵا بەگی حەکاریش ئەسیربوو، بەڵام لە مردن ڕزگاری بوو دوورخراوە. شەریف پاشابەگی بتلیس هەتا 1849هەروا شۆڕشی بەردەوامکرد، بەڵام ئەویش دوورخراوە. ساڵی دوایی (بابانی)ش،کە بەناوی بنەماڵەیەکی حاکم لە سولەیمانیە ئەم لک ئەولکی کرد، لە دەسەڵات هێنراخوار. ئەم خانەدانە بەڕادەیەک بەدەسەڵات ببوو کە چارەنووسی خۆی بێ کەمترین حەول و تێکۆشان قەبووڵ کرد.

ئاماڕاتی کوردی دوایان هاتبوو،بەڵام هێشتا مەعلووم نەبوو کە عوسمانی بتوانن جێ نشینێ ژێهاتوویان بۆ بدۆزنەوە. هەر بەمجۆرە سەرنج نەدان و بێ موبالاتی وکەمتەرخەمی بەناسینی دەرەکی وداکۆکی دەرەکی لە پلەوپایە، هۆکاری لەناوچونی ئەمیرەکان بوو، چارەنووس بوو،کەدەسەڵاتدارانی عوسمانی-ش ڕۆڵێک کە ئەم ئەمیرانە وەکوو ناوبژکەر گێرایان بێ بایەخی حیساب بکەن.

سەرچاوەکان:

درجەدوم.دابلیو.اف.ایزورث:سفرهاوپژوهشهادرآسیای صغیر،بین النهرین، کلدەوارمنستان(لندن،1842)،بلچ شیرگوە،مسألەکُرد،خاستگاهھاوعلل آن(قاهره،1930)،ا.بی کینگهام،مکاتبات اولیةریچارد وود،1831-1841(لندن،1966)،دایرەالمعارف اسلام،چاپ اوڵ،

(كۆردها)، جی. فەیزر،بين النهرين وآشور(لندن1842)،گست،بقادرمیان كۆردان،تاريخ يزيديها (لندن ونيورك1993)،جوزف،نسوريان وهمسايگان،اوسن هنری ليارد،نينوا وبازمانده آن(لندن،1850)وكشفيات درخرابەهای نينوا وبابل، با سفر در ارمنستان،كردستان وصحرا(لندن1853)،لانگ گريگ،چهارقرن،ا،ک،اس لمبتون، ايران عهدقاجار(لندن1987)،اف ميلينگن،زندگی بيابانی درميان كردها(لندن1870)،شاوشا،تاريخ امپراتوری عوسمانی وتركية جديد.

دیاد داشتەكان:

1-لەزستانی 1769هێزەكانی یووسیە لەدانوب تێپەڕین وبۆخارست یان داگیر كرد وسوپایەكی عوسمانیان لە1780 لەكارتاڵ بەتەوای جیقەوار لێبڕی. روسیە ساڵی داواتر هەموو ناوەگانەكانی عوسمانی لەناوبرد، وقەرخ مەدیتڕانەی بەتەواوی بێ بەرگری هێشتەوە. لە1774دەستی بەسەركەریمە داگرت وبۆدەریای ڕەش ڕیی كردەوە. ئەم (سەرشۆڕیانە)لەپەیمانی ڕیكەوت 1774كەچوک كاینارجی،ئاینەی بإنوین بوو. كەچی ڕووسیە لەپاریزگاكانی دابوب پاشەكشەی كرد وهەردوو لایان سەربەخۆیی (خانات) كەریمەیان بەفەرمی ناسی،ئاشكرابوو كەئەم ناوچەیە ئێستا لەچوارچێوەی شوین لەسەردانانی ڕووسیە دایە. كەریمە لە1779بەڕووسیەی لكاندرا.
2-كلدانیەكان زۆرلەمیژە،یانی لەساڵی 1681لەكلیسای نستوری جیابوونەوە هەتا لەگەڵ كلیسای ڕۆم ببن بەیەک. لەكوردستانی چەقەچەقێكی توند ولەمێژینە نیوان كلیسای نوێی وكۆن هەإیسا،كەدە ماوەی وێداهەردوو لایان تێدەكۆشان پەسندكردنی عوسمانی وەرگرن. لەساڵی 1716كلیسای ارتدكس ملكی(ملكیت) ولە1740كلیسای ئەرمەنی، ولە1781كلیسای سوری ارتدكس(یەعقووبی)بەهۆی ئەم كیشەكێشە لەبەریەک هەڵوەشاو بەش بەش بوو.
3-جیمزبرانت،(يادداشتهايی درباره سفر ازبخشی كردستان درتانستان 1838)،مجلة جغرافيايی شماره10-1841،صفحة 356
4-اینزورث،سفرها وپژوهش ها،صفحة 188
5-بابی مستەفا، تەنیا لەنزیكەی ساڵی 1810بوو كەڕیبەرایەتی سۆرانی وەدەست گرت. ئەو هەتامردنی كەلەساڵی 1826 ڕوودا لەكنج بەگۆشەنشین ولاتەریكی ژیانی بردەسەر.
6-سمايل جێگری سەعید، دوایی تێكشانی میرمحەمەد سەردەمێكی كورت گیڕاوەعمادیە، بەڵام پارێزگاری مووسڵ خێرائەوی لەحكوومەت هێناخوار. ئەوئاڵدین بۆوە،بەدیل گیراو دوورخراوە.
7-لەناكۆكیەكان بنۆڕن بۆ نموونەلەگەڵ شالیان، خەڵكی بێ دەوڵەت،لاپەڕەی
29،جویدە بزوتنەوەی نەتەوەی كورد لاپەڕەكانی 172-173 لانگ ریگ
چوار سەدە،لاپەڕەی 286، ئەمین زەكی، كۆتایی لاپەڕەی 232-233
8-عەلیڕەزاپاشا بۆچوونێكی دیكەی هەبوو. ئەوو ڕەشید پاشا چاویان پێكدی هەڵنەدەهات، وئەو لەم هەلە بۆ ناسەركەوتنی حەریف لەگەیشتن بەپێرۆزی كەلكی وەرگرت.
9-ئەم مەسەلە كەلەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو میرمحەمەد دژی دەڤەرەكانی دەست بەسەرداگرتووی ئێران بەشەرهاتبوو وتەنیا بەرلەوی كوی سنجاقی لەئێران گرتبوو بەئاڵۆزی زێدە دەكرد. نیشانەكانی دیاردیاندەدا كەئیران داوای تاوان بكات.

10-ئەم ژمارەیە ویدەچێت هەلاتوانی ئەرتەشی ڕووسیەبن،بەڵام چەتوونە بتوانی قەبووڵ کەی کە ئەم ژمارەزۆرە بێ ڕەزامەندی ڕووسیە بۆ خزمەت قاجارچووبن: قاقەزی ڕیکەوت 19ی سپتامبەری 1836ی ڕێچارد وود، بۆ لوردپانسن بی،کانینگهام، مکاتبات اولیە،لاپەڕەی 109.
11-سەبارەت بەوەلابردنی سیفەئەدین شیرو خەیانەتی کوڕی سیف ئەدین بەناوی یەزدانشێر بەبەدرخان بەگ، بڕواننە لیارد،کەشفییات، لاپەڕەی 54،جەویدەیی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد،لاپەرەی 177.
12-ئەم ژمارەبریتی بوون لە شاماشە(شماش)هینو وقشە(کەشیش)جینوی ئاشیتا.
13-لە1835نەخۆشخانەیەک پەیەوەند بەلێژنەکانی پڕوپاگەندەی ئامریکایی لەارمیە(وەمێ) بوو،هەتا 1841لەشازدەگوند دورست کرابوو، ولە1845ژمارەی ئەم قوتابخانانە بەدوو بەرابەرگەیشت. یەکێک لەم قوتابخانانە تایبەتی منداڵی موسڵمان بوو، لمبتون،ئایران سەردەمی قاجار،لاپەڕەکانی 204-206.
14-دابلیو.اف. اینزورث،سفرها،جلد2،صفحة 255.
15-دابلیو.اف. اینزورث سفرها وپژوهش ها،جلد2،صفحة 242.
16-خان محموود لەدەڤەری باکووری وای بەدەسەڵات ببوو. وإیەکەی بەناوی خۆشاب کەدژێکە لەلوتکەی چیا، شایەدەو ئێستاش هەروا لەجێی خۆی ماوەتەوە.

## پاژی 4

## کوردستانی عوسمانی،

## 1850-1914،

سەرکوتی ئاماڕاتی کوردو پارێزگاکانی نێوە سەربەخۆی کوردستان، نەک تەنیا بەکەمکردنەوەی بێ نەزمی لەدەڤەرەکانی دەێهات دوایی پێنەهات، بەڵکوو ئالۆزی ئەم ناوچانەی زۆرترکرد. ئەم مەسەلە ڕنگە سەیر بنوێنێت، چونکە ئەگەر(بابی عالی)توانیبوای ئەمیرەکان سەرکوت بکات بە وێچوونێکی زۆر،دەشێتوانی جڵەوەی هەرکەسێک بگرێت. بەلام سەرۆکانی کورد کەچی بە دوو دڵی بەرپرسایەتی پشێویی وئالۆزی گەورەو، پێکهەلاچوون و خوینڕیژیەکانی ناوچە بوون، لەعەینی حاڵدا بەشێکیش لە هاوسەنگی قۆشەنی دەڤەربوون.
ئەم خەڵکەهەرچەند ئیلاقەخواز بە زێدەکردنی کەرەسەی ماددی مەعنەوی خۆیان بوون، لە عەینی حاڵدا بەڕیوانکەری نێوان قەبیلەکان و هێزەکانی عەشیرەیی خۆو، لە ئاپوورەی جەماوەری دونیای دەرەوە، ڕۆڵی ژێنەوەی گرنگیان بەرێوە دەبرد.
کە لە نەبوونی وان کێشمە کێشمی بێبڕانەوە نێوان هۆزەکان لەسەرانسەری کوردستان سەری هەڵدا، کە دواڕۆژو نیشانەی سیاسی وئابووری گرنگی بەدوا وەبوو.

دەسەلاتدارانی عوسمانی لە حاڵێکدا کە دەیانتوانی شارەکان و دەوروپشتی ناهەڵبراویان سەرافەت کردباو بە سەر ڕاگەیبیان، جگە لە ڕێگای هەنگاو هەڵینان بۆ عەمەلیاتی تۆڵەکردنەوە نەیاندەتوانی حوکمڕانیان لە سەرناوچەکانی دوورە دەست بەڕیوەبەرن. هەنگاوهەڵینان و عەمەلیاتیکی ئەوها بۆ ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ ئەم وەزعەی کە هاتبووپیش،بەشی نەدەکردو ناتەواوبوو. نەبوونی هۆکاری ڕێگری تەواو، سەبەبی سەرهەڵدانی کێشەو،ویککەوتنی چەندپاتی نێوان قەبایل و زێدە بوونی گۆران و جەردەو پیاوخەراپ،و هاتنەخواری بەگوڕی وەزعی ئابووری ناوچە بوو. لەڕابردوو ئەم سەرۆکانی عەشایر کە چاوەڕوان بوون بەرهەمێک لە حاسلاتی کشت وکاڵیان پێبگات لەبەرامبەر، لە وەرزێرانیان داکۆکی دەکرد، لەنێوان قەبایل ورەقیب و دێهاتیەکانی سیبەرنشین،رابیت بوون.
چاوی تەماحی ئەمیران و سەۆک هۆزەکان دایم ودەرهەم بە تێگەین بەو مانایە هاوسەنگ دەکرا،کە هەرکات ڕەعیەت زێدە لە ڕادە چەرمەسەر بدرێ، گوند بەرهەڵلا دەکات و دەچێتەجێگایەکی دیکە. ئەوخەڵکەی کەبۆ وەرزێرانی ئەرمەنی کە ئامادەبوون گوندەکانی بەتاڵکراو، یان جێگاکانی دیکەیان بۆ ئاوەدان کەنەوە، بایەخ و گرنگایەتیەک قایل بوون. لە نەبوونی ئەم سەرۆکانە پشێویی وئاڵۆزی هاتەکایە، هۆزەکان بەزەوییوزارو پاوان و جاڕو گیادرو قۆرخ ومەزرای یەکتر دەست درێژیان کرد،وچاخی ڕابردن لە ناوچەکانی کشت و کاڵ کە جگە لە تالان ئیلاقەو قازانجێکان لەواندا نەبوو لێی دامانەوە. هۆزەکانی کورد لە ماوەی وەرزەکانی زستان بێ لێبرانەوە خۆیان بەسەرگوندیەکاندا دادەسەپاند. ئەم کارە بەتایبەت لەلای ئەرمەنیان، زوربێ ڕووتێکردن بوو، کە بۆخۆی یەکێک لە واقعیەتێکی قەبوڵ کراوبوو. لە ساڵی 1838اینزورث بینی کەگەلێک لە ئەرمەنیان لە دەست ئەم زوڵم و زوریە هەلاتن و بۆ بەشێک لە ئەرمەنستانی داگیرکردووی ڕووسیە ڕۆیشتن.
ئیستا مەسەلەیەکی تازەهاتۆتەگۆڕ،ئەو تاإنکردنی گوندەکان لەکاتی چۆلکردنیان بوو، ولەوجێگایە کەکارەکە دوورلەسزادان بوو، هێندەی پی نەچوو سەرۆکانی کوردو غوإم ودەست وپێیەکانیان دەستیان لەکردەوەیەکی دیکەدا- و ئەو ڕەفاندن وڕاکێشانی زۆرەملی کچی ئەرمەنیەکان وکوشتنی کەشیش وکەس وکاری ئەوان بوو کەبەرگریان لەم شۆڵەکرێت وناحەزە، دەکرد.
یارمەتی دانی ئەرمەنیان بەهێزەکانی هێرشکەری ڕووس پێویستە لەگەڵ ئەم ڕەفتارە وکردەوانە، لەترازو هەڵسەنگینین. رووسەکان بۆخۆشیان بەنوێکردنەوەی کلیساکانی خەساڕە وێکەوتوو یان خاپووربوو وناردنی کارگێران لەجل وبەرگی دکتۆرانی گەڕیدە ئەم باوەڕەیان بەقوەت دەکرد. لە کاتی خۆیدا باس لە دواڕۆژی ئەم کارەساتە دڵ تەزینەدەکەین

## سەرهەڵدانی شێخەکان:

بۆشایەی دەسەلات لە ئاپوورەی عەشیرەکانی کورد، بەئاڵۆزیەک لە چارەسەرکردنی شەڕومەعرەکە لە نێوان بنەماڵەکان و هەتالە ناخی هەرتایفە هۆزو تیرەو خانەدان، بەئاخرگەییشت. ئەمیران وسەرۆکانی پێشوو لەو بەستینەوە کە جگە لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانی دانەبڕاوی خۆیان، بەدەگمەن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئیتحادیە پەیوەندی خزمایەتیان هەبوو، توانی بویان وەک واسیتەو بەریوانچی کاربکەن، هەر چەند ئەم ناوبژیکەریە هەمێشە لە سەربنچینەی بێلایانی وبێ

نەزەری نەبوو بەڵام لە سەریەک کارتێکەربوو. ئێستا ئەم جەرەیانە هەموو تێپەڕیوو ڕۆیبوون. بە مروری زەمان شێخەکان لە بەڕیوەبردی ئەم ڕۆڵەی بە ڕیوانکەری جیگای ئەمیرەکانیان گرتەوە.
سەدان ساڵ بوو کە شێخەکان پەیوەندار بە لایانی تەسەوف(سۆفی پەشمیەپۆش)ودەرویشی، لە جامعەی کوردو لە نێو هۆزوتیرەی عەشایری کورد و تورکمان شوێن تێکەربوون. مێژووی ئەم تەریقەتانە بۆ سەدەکانی دوازدەهەم و سێزدەهەم و بۆ کەسانێکی وەک سەیفەدینی ئەردەبیلی دەگەڕێتەوە،کە ناوی خۆی بەزنجیرە بنەماڵەی سەفەوی دا، وەک دەڵێن بۆخۆی کوردبوو. ئەم تەریقەتە بە ناوەندی قزڵباشی گوڕدرا. تەریقەتێکی گرنگی دیکە تەریقەتی نەخشبەندی بوو،کە لە ئاخرئۆخری سەدەی چواردەهەم سەری هەڵدا و بە تایبەت لە سەدەی هەفدەهەم لەدیاربەکر لە شوێن تێکردنێکی نەخازا بەرهەم وەرگربوو.

کارگێڕانی حکوومەت بۆچوونێکی باشیان لەگەڵ ئەم تریقەتانە نەبوو. چونکە ئەوان سەربەخۆ لە مۆسیسات و بنیاتەکانی ئیسلامی فەرمی حکوومەت بوون، ئاقیدەی سەرسوڕهێنەریان هەبوو،کاری دەسەیرو سەمەرەیان دەکردن،بەم جۆرە لێیان دوورنەبوو کە ببنە هۆی فیتنەو هەڵڵاوبگر. لە مەڕ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات،لە وێ کە بزوتنەوەی قزڵباشی نوێنەری تێکەڵاوی(ملغم)ی مەترسیدارلە تەشێیع و تەسەوف بوو،شوین تێکەری و گوێ سڵ بوون لەگۆڕێبوو. بەشێکی زۆری قزڵباش پەیوەندار بە تەریقەتی بکتاش بوون، و تەریقەتی بکتاشیە لە ئاقیدەی شێعەگەریدا هێندە زێدەڕۆیان دەکرد کە بە چەتوونی لەجێگای فرقەیەکی ئیسلامی دەناسران. بکتاشیە لەگەڵ نەخشبەندیەکان پەیوەندیان هەبوو-لە ڕاسیتدا بناخەداڕیژەری ئەم فرقە،حاجی بکتاش، کە ناوی خۆی بەم تەریقەتەی خۆی دابوو، و بۆخۆی لایانگری تەریقەتی نەخشبەندی بوو. لە سەرئەەش بەپێچوانەی ئەم پەیوەندیەی ناڕوون و لە شک و گوماناوی تەریقەتی نەخشبەندی، ئیکجارهۆکری شەریعەت بوو. بۆنموونە،زوربەی زانایان و مشایخ وعاڵمانی زانایۆغ وفرەزانی سەدەی حەفدەهەم جامینخوازو لایانگری ئەم تەریقەت یان تریقەتێکی دیکە بەناوی (خلوتیە) بوون، کە هەتا بۆ ناخی هەناوی کۆشکی سەلتەنەتیش کارتیکەربوو. تەریقەتی نەخشبەندی لە سەدەی پازدەهەم بەم لاوە ڕۆڵی بنەڕەتی لە ژیانی مەزەبی عوسمانی بەڕیوە برد(وئێستاش بەڕیوەی دەبا) لە سەرئەوەش حەول و تەقەلای ئەم تەریقەتەش وەکوو تەریقەتەکانی دیکە بە وردی لە ژێرچاوەدێری دابوو.
لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم تەریقەتی بەقودڕەت وپیرۆزو سەرکەوتوو لە کوردستان تەریقەتی قادری بوو. تەریقەتی قادری تەریقەتێک بوو بنیات دانەری وی عەبدولقادرگەیلانی خواناسی سەدەی دوازدەهەم بوو. هەتاساڵی 1800تەنیا دوو زنجیرە لە شێخەکانی قادری لە کوردستان بوون: (بەرزنجییەکان) کە خاستگایان گوندی بەرزنجە هەڵکەوتوو لە نزیک سولەیمانی بوو، و ساداتی نێهری(هەڵکەوتوو لەحکاری) و هەردوو دەیان گوت: خزمایەتیان لەگەڵ عەبدولقادری هەیە. هەردووخاندان سادات بوون(تێبینی: هەرچەند وشەی سەید بەعەرەبی یانی ئاغا، بەڵام ئەوانە سەید بەمانای ئەولادی پێغەمبەردزانن هەرچەند پێغەمبەر(ص) کوڕی نەبووهەتا ئەوهەموو سەیدەی لێ بکەویتەوە،خۆیان بەئیمام عەلی وزۆڕیەتی وی وەنووساندوە(وەرگێڕی کوردی)) -- هەردوو خانەدان ئاگادارو گوێچکە سڵ بوون کە لە هوندوڕی تەریقەت تەنیا ئەندامانی ئەو دوو بنەماڵەبە(شێخایەتی) بگەن-وبەمجۆرە دەسەڵات وشوێن تێکەری خۆیان لە سەرمریدان و لایانگران و جامینخوازان دەپاڕازات. تۆڕێک لە سەر بنچینەی ئەم دوو خانەوادە و مریدانی لە تەواوی کوردستان جەستەی بوو،بەڵام ئەم تەریقەتە بە پەلە لە سەراوژێری هەڵدێران دابوو.

تەریقەتەكی تازە لە ناخی نەخشبەنەی و لە نێو نوێخوازەكان سەری وەدەرخست، كە دەست و جێ تەریقەتی قادری لە كوردسیتان لە پشتەخۆ هێشتەوە. سەرزنجیری ئەم بزوتنەوەیەی نوێ نەخشبەندی، شێخ (یان مەولانا )خالیدبوو. شێخ خالید كە لە عەشیرە،یان هۆزی جاف بوو،لە كۆتایی دەیەی 1770لەشارەزوورلەدایك ببوو،بە ڕەواڵەت بەرلە سەفەربۆ دێمشق و زیارەتی ماڵی خوالە1805لەلای سەرۆكانی هەردوو زنجیرەی قادری ونەخشبەندی(تل ّمذ ) شاگردبوو.
شیخ خالید لە1810بۆ زیارەتی شێخی نەخشبەندی بۆ هند چوو. ئەم زیارەتە بەئاشكرا ئەزموونێكی قووڵ بوو. ساڵی دوایی گەڕاوە سولەیمانیە،و زۆر زوو گەلێك مریدی لێ كۆبوونەوە، و بەوكردەوە كەفی غەزەبی شێخەكانی بەرزنجی و شێخەكانی قادری هەڵچوواند. یەكێك لە ئیدعاكانی سەرنج ڕاكێشی وی دواڕۆژ خوێندنەوەو توانایی بەپارێزگاری زیندوان لە بەڵا و مسیبەت و هێنانەدی پەیوەندی لەگەڵ گیان(ئەرواح) لە ڕابردوبوو. وئیدعای ئەم خوازكاریە، بنەماڵەی بەرزنجی وەبن تیشكی خۆی خست،وكەسادی كرد،شوین دانانیشی لە سەر حوكمڕانانی بابان هەبوو بە كردەوە وەكوو هەڕەشەیەك بۆبنەماڵەی ناوبراوبوو. بەڵام گێژاوی پشێوی هێندە بەرز بۆوە كە شێخ مەجبووربەمهاجرت بۆ بەغدابوو.
لە1820 مەحموو دپاشای بابان لە شێخی بانگهێشتن بەگەڕانەوە بۆ سولەیمانیەكرد. دوورنیە كە ئەم كردەوە بەدڵگەرمكردنی دەوڵەتی عوسمانی نەبووبیت. بەپێچەوانەی بازێك تەریقەتی دیكەی نەخشبەندی بەهۆی دڵبەندیان بەئیسلامی سوننە،جێگای ڕوو تێكردنی ئەستانبۆڵ بن. وێدەچێ بەشێك لەئەنجومەنی عوسمانی هیواداربووبن كەبە بەهێزكردنی هەستی سوننەگەری لە سولەیمانیە ڕیگرلەلاس ڵیدانی بابانەكان لەگەڵ ئێرانی شیعە مەزەب دەبێت. مانەوەی شێخ خالید لە سولەیمانیە هێندە دەوامی نەكرد. لە نەكاوە لە ژێر شەرت و بڕیەك كە بەڕاستی روون نییە، سولەیمانیەی بەجێهێشت ئیدی بۆ وێ نەگەڕاوە. پاشماوەی ژیانی لە دێمشق تێپەڕكرد،كەلە وێ شوین تێكردنی سەرانسەری سووریيەو ناوچەكانی دوورتر لە وێێ بڵاوبۆوە. لەساڵی 1827 وەفاتی كرد.
تەریقەتی نوێی شیخ خالید وەكوو ئاگرێكی بێ ئەمان كوردستانی داگرت، و بە لەز تەریقەتی قادری لەپشتەخۆ بەجێهێشت. تەریقەتی قادری هەتاچاخێك كێ بەركێی مجد لەگۆڕێ نەبوو بەرەوپێش دەچوو. مریدانی شێخ خالید دەیانتوانی بە كەسایەتی و ئیحتوباری خۆیان ببن بەشێخ و(خەلیفە)كانی خۆیان وێڕابگەێنن،وئەم خەلیفانەش بەنۆرەی خۆیان ئیجازەیان هەبوو بەمقامی (شێخایەت)ی بگەن. بۆ هەرپێشەوایەكی بەرزەفڕی تەریقەتی نوێی نەخشبەندی سەرنج ڕاكیش تر بوو،چونكە هەلی پێكهێنانی قەفەزەكانی شوێن تێكردنی لە بەردەست داواكاران دادەنا. گەلێك لە قادریەكان یەك لە وان شێخ عەوڵای نێهری،مامۆستای خودی شێخ خالید، بە تەریقەتی نەخشبەندی لكان.
بەڵگەو شایەت لە ڕابردوو لە دەست دایە كە نیشانددات كە چلۆن ئەم شێخانە توانیویانە لە ئولكەی سیاسەت وەدی هێنەری ناكۆكی و كەمكردنەوەی ناكۆكی بكەن،و ئەمە هەتا چ ڕادەیەك جێگەی ڕیزو حورمەت بوونە. لە ساڵی 1820شێخ خالید بۆخۆی وێدەچێ بەپاڵ پێوەنانی عوسمانی، لە مانامڕشد بوو كە ڕیبەرانی بابانی لە بەرامبەر دنەدانی ئێران ڕێنوێنی دەكرد. ودوایی تەشریف بردنی شێخ خالید بۆ دێمشق،سێ خانەدانی شێخەكان ئەكتەری ناوەندی سیاسەت لە كوردستان بوون: ئەم سێ بنەماڵە بریتی بوون لە دوو خانەوادەی نەخشبەندی، یانی ساداتی نێهری وشێخەكانی بارزان، ی

شێخەکانی بارزان، کە لەدوای مهاجرەتی شیخ خالید بۆ دێمشق وەزع وکەسایەتی خۆیان بەدەست هێناوە،ومیراتگری مەوقوفەجات بابان بوون.
مارتین وان بروئن سن،کوردناسی بە ناوبانگ،تێگەیوە کە خانەدانی شێخان پترلە دەڤەرەکان شوێن تێکەریان هەیە، کە جەماوەری قەبیلەی ئەوان زۆرتر، و هەڵ ومەرج بۆ کێشمەکێشم ئامادەترە. ئەم شێخانە لەم مەڵبەندانە بە ئاشتی کردەنەوەی خەڵک لە کاتی ناکۆکی(یان دنەدانیان) بۆ ناکۆکی وەسەرپێ دەکەون و بە لێزانی خۆیان لە جێگای ناوبژیکەرو بڕیوانچی واسیتەی چارەکرنی کێشەکان لەناوخەلک دەبن. ئەوان لەو دەڤەرانەی کە هەتائێستا هۆزی بەهێز لەوێ دەژین (نموونە لەناوجافەکان) یان ناوچەکانی لەبنەڕەت ناتیرەیی(بۆنموونە دەوروپشتی دیاربەکر)یان ئەوجێگایانەی کێشەکیشەی هۆزەکان گچکەن یان هەرنین، شوین تێکەر نین.
ئەم شێخانە نەک سەرۆکانی عەشایر هاندەدەن بەمە، کە بەڕیوانچیەتیان برەو پێبدەن و ڕووتێکەریان بن، بەڵکوو لە ڕەکێش کردنی محیبەتی ئەندامانی ئاسایی هۆزەکان، تایبەت وەرزیروکاسبکارانی ناتیرەیی و بەلەنگازیش،کە ڕەعیەتی سەرۆکانی قەبایل بوون دەستیان نەدەگێڕاوە. بۆ نموونە،عەشایری بارزان، بەبۆچوونی بازێک لە خاوەن نەزەران عەشیرەیەکی بە مانای ڕاستی وشە نەبوو،چونکەچاوپۆشی لەئەندامانی بنەماڵە،لایانگرانی زوربەی کاسبکارو وەرزێر پێکیاندێنان کە لە تیرەی زێباری و هۆزەکانی دیکە بۆئەوانیان پەنابردبوو. زنجیرە پەیوەندی مەوجوود نێوان ئەندامانی عەشیرەو خانەدانی شێخ، نەک پەیوەندی خزمایەتی و کەس و کاری، بەڵکوو پەیوەندی پێشەوایی ئەرزی بوو. شێخەکانی بارزان بەم گروپە پەنابەرانەیان کە ژمارەیان ڕۆژ بەڕۆژ لە زێدەبوو بە ڕیکەوتینان بۆ دەستەمۆکردن، پێکیان پەیوەند دان.
شێخەکان لە ڕێگایی خزمایەتی ژنان لە گەڵ بنەماڵەی حوکمڕنانی ڕوو لەناوچوون پەیوەندیان پتەوکرد، و بەم جۆرە بەدەسەڵاتی سیاسی زیدەی ڕۆژانەی خۆیان حەقانیەت وشەرعییەت دا. ئەمە سیستەمێک بوو کەهەم بە قازانجی شێخەکان و هەروا بە قازانجی سەرۆک هۆز بوو، چونکە دەسەڵاتی رووبەکزچوونی سەرۆک (هۆزی)ش هەتا ڕادەیەک بەهۆی ئەم ئابڕو مەزەبیە بەقوەت دەبوو.
خۆشی و شایلەخانەی مەزەبی لەجێی چەکی سیاسی کەلکی لێ وەردەگێرا. دەزانین کەشێخ تەهای نێهری،برازاو جێ نشینی شێخ عەبدولقادر، لە1843مەترسی موسڵمانانی لەهەڕەشەی مەسیحیەکان کردەهەنگڵی دەست پێوەگرتن، وبەدرخان بەگی بۆ شەڕلەگەڵ نەستوریان وەقل خست ودنەدا: ئەم کارە بە وێچووی نزیک بەیەقین دوو هۆی هەبوو-یەک مەترسی لەشوین تێکردنی لێژنەکانی مەزەبی و ئەوی دیکە بێزاری لەمەسیحیەنی نستوری کەهەم شەڕکەری بەگوردو توانابوون و هەم لەگەڵ سەرۆکانی حەکاری نێوان ناخۆشیان هەبوو.
لە سەرئەمەش، ئەم دەمارگرژی مەزەبی تەنیاڕووی لەمەسیحیان نەبوو. لە188(لیارد) تووشی بەتووشی شێخێک بووکە(بەهۆی بێزاریەک کە لە یەزیدیانی هەبوو،دەنگین بوو...و یەکێک لە سەروبنی ئەو دەمارگرژانە بوو کە هەوینەی بەدبەختی و چارەڕەشی کوردستانن.)تووش بوونیکی ئەوها لە گەڵ هزروفکری شێخ خالیدی یەکی دەگرتەوە، چونکە ئەوجگەلەوە کە هۆگریکی توند بە(شەریعەت)بوو بەمریدانی خوی عەمرکردبوو مڕاسیمی خۆیان بەم دوعایە دوایی پێبێنن: (خوایا جوولەکەو مەسیحی و ئاگر پەرەستان (مەجوسان) و شێعەکانی ئێران لە ناوبەرە!)
بە دوای هەرەس هێنانی بۆتان لە1845شێخ تەها، لەلایئاخرین سەرۆکانی سەر بەخۆی پاشماوە،پەنابەربوو: ئەم مرۆڤە موسا بەگی شەمزینان بوو، کە وا دێتەبەرچاو وەزع وکەسایەتیەکەی

لە ژێرتیشکی شوێن تێکەری شێخ بووبێت. بێ دوو دڵی لە سەردەمێک کە کوڕی تەها،یانی شێخ عەبدولقادر، لە دەیەی 1860هەتا 1870جێگری باوکی بوو،ساداتی نێهری لە سەرشەمزینان حوکمیان دەکرد،وکارتێکەری خۆی هەتا ئەودەڤەرانەی کە ڕابردو لە سەرئەم ئاماڕاتی بۆتان و حەکاری و هەتا ئەردەلان پێکیان دەهێنا بەرفرەوان کردبوون.

### شێخ عەبەیدوڵڵای نێهری

بە بۆچوونی زورکەسان، شێخ عەبەیدوڵڵای نێهری، یەکەمین (نەتەوەخوازی) گەورەی کوردە، بەڵام شایەت وبەڵگەی تیژ لەم بابەتە لەدەست دانییە. ئەو لەساڵی 1880هێرشی کردەسەرئێران وداوای دەکرد بۆ چارەنووسی کوردو بۆ خەڵکی کورد ئەوها دەکات. شێخ لەشێکردنەوەی ئەم کارە پەیامێکی بۆ ویلیام ئابوت(ژەنەڕال کۆنسۆلی ئامریکا) لە تەورێز نارد: مێللەتی کورد نەتەوەیەکی جیاواز لە مانەیە. مەزەبی ئەم خەڵکە جیالەمەزەبی ئەوانی دیکەیە،قوانین ورەسم وعادەتیان تەوفیری هەیە... سەرۆکان وحوکمڕانانی کوردستان، چ ئەوی لەگەڵ عوسمانی وچ لەگەڵ ئێران، دانیشتووی کوردستانەکان، خروپتوون هەموویان و بە گشتی یەک قەول وبڕیەو یەک دەنگن لە سەرئەمە کە ناتوانن لە گەڵ ئەم دوو دەوڵەتەی عوسمانی وقاجار پێکەوبن و بەڕێبچن، پێویستە ودەبێ کاریک بکرێت کە دەوڵەتانی ئۆروپایی ئاگاداری مەسەلەکەبن و خەریکی لێکۆڵینەوە بەدواچوونی چارەنووسی ئێمەبن. ئێمە میللەت ونەتەوەیەکی جیا لە وانین و دەمانەوێ کارەکانی خۆمان بەدەستی خۆمان هەڵسوڕێنین، چارەنووسی خۆمان لە دەستی خۆمان دابێت.

دیپلوماتانی بریتانیایی دانیشتووی ئیران ئەم ئاخافتنانەیان هێندە بەڕاست وەرنەگرتن(قاجارەکانی)ش بەرەوالەت هەرئەوبۆچونیان هەبوو. لە سەرئەوەش، جیا لە ڕادەیەک تێگەین،شۆڕشی شیخ عەبەیدوڵڵا هێندە حیکایەتی لەمە نەدەکرد کە شتێکی لەو پەشێوویی و ئاڵۆزی عەشیرەیی کە دەڤەری خاپوور کردبوو، تەوفیر هەبووبێت.

پوختەی کەلام شۆڕشێکی گرنگ بوو،چونکە چاوپۆشی لەوە، وێرانیەکی زۆری،وەدی هینا، بەڵام بۆ هەوەڵین کەڕەت گومانی بوڵیلاوی مستترلەلەفزی(ناسیونالیست)ی لەبزوتنەوەکانی داهاتوو بوخچە بۆ ڕاخستوو هێناگۆڕ.

شۆڕش لەدەسامبەری ساڵی 1880لەلایان کوڕی دووەمی شێخ عەبەیدوڵڵا بەناوی شێخ عەدولقادر کە پێشتر بۆئیران چووبوو دەستی پێکرد. شێخ عەبدولقادر لەجێگای نوێنەری باوکی لەوگوندەی سنووری بوو کە دەسەڵات و سەیادەت وسادەتی نێهریان قەبووڵ کردبوو، وبەئیحتوباری وەزع و کسایەتیەکی ئەوها لە لایان فەرمانداری ورمێ(ئۆرمیە)لەجێگای واسیتەو بەڕیوانچی پارێزەری ئەمنیەت و ئاسایش لە ناو بەرەو تایفەو هۆزو تیرەو عەشیرەتەکانی ناوچە،کار دەکرد. دنەدەریی و دەست پێکردنی شۆڕش بە ڕەواڵەت هۆکارەکەی ئاکارەیەک بوو کە کارگێرانی ناوچەیی بێ پرس و ڕاوێژ بە وی لەگەڵ چەند سەرۆک عەشیرەکردبوویان. ئەم ڕەفتارە هەڵەیەکی مجدبوو. چونکە ڕۆڵی وی لەجێگای ناوبژیکەر لەنێوان کارگێرانی حکوومەت و عەشیرە لە بین دەبرد. لە نەزەری وی جگەلەمە کە سەرۆکانی ناڕازی بۆشۆرش پاڵ پیوەبنێت ڕێگای دیکەی لەبەردەم نەبوو. ئەو، بە داگیرکردنی ساوەجەبلاخ(مهاباد)دەستی بەم کارەکرد وپاشان هەمووعەشیرەکانی باکووری-هەتا سەقز،

بانگهێشتن بەعەمری خۆی کرد. زوربەی عەشیرە بەم بانگەوازە وەڵامی ئەریتیان داوە هەرچەند ژمارەیەک، یەک لەوان مامەشەکان بە نابەدڵی بەڵێنیاندا. شێخ پاشان لەگەڵ 20000چەکدار لەدرێژایی قولینچکی باکووری گۆلی ورمێ بەرەو ڕۆژهەڵات ڕوویی، ولە مەڵبەندەکانی کوردنشین وەدەرکەوەت. ئێستا سابڵاخی بەجێ نەهێشتبوو،کە گوێبیس بوو مامۆستایانی ئایینی شار، دژی شیعانیان فتوای خەزا(جهاد) داوە. کاتێک شاری شێعە نشینی میاندوئاو ناردراوەکانیان گوژران، ئیدی سەریان لە خۆ بەدەستەوەدان لادا،هێزەکانی شێخ بەرلە ڕویشتن بۆ مەراغە، ئەوانیان وەبەردەمی شمشیران دان،2000کەس لەژن وپیاو منداڵ و زارۆکی ئەوشارەیان کوشت.
لەوسەروبەند دوو ستوونی دیکە لەحەکاری ئاوای ئێران بوون. ستونێک بەفەرماندەری کوڕی گەورەی شێخ عەبەیدوڵڵا بەناوی محەمەد سەدیق، لە کەناری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بۆ داپۆشینی پشتەوەی هێزەکانی شێخ عەبدولقادر، و ستوونێکی دیکە بە فەرماندەری خەلیفەی شێخ، بەناوی خەلیفەسەعید، کە کوردەکانی حەکاری کۆکردبۆوە وبۆلای ناوچەکانی باکوورتری بەرەوپیش چووبوو.
لە سەرجەمی گروپەکانی بەم بانگەوازە بەداکۆکی لەم هێرشە ڕەکیش کرابوون یەکێکیش مەسیحی تێاری بوو. شێخ عەبەیدوڵڵا بۆخۆی لە نێوەی ئۆکتۆبر لە سنوورئاوابوو.
شێخ عەبەیدوڵڵا زاهیرەن لە کاری دەسەریەک کردنەوەو خوارەپێچەی مەسەلەی ئیتلاعاتی(ئاسایش) مامۆستایەکی لێزان بوو. هەڵکراندنی کارگێرانی تورک لە مەوزوع ئەمە بوو کە شێخ لەگەڵ شۆڕشی کوڕەکەی پەیوەندی نییە،لە حاڵیکدا کە ئەو شێخە لە تورکەمەنانی داواکردبوو کە بۆ شەڕ دژی ئێران بەوی بلەکێن، و ئەوجۆرەی کە دەنگۆ بوو گویاشێخ ڕایدەگەیاند: چاخێک مەسەلەی ئێران لەکۆڵ بۆوە، بادەداتەوە سەر عوسمانیان. لەلای دیکە (خەلیفە)ش بۆچوونی ئەوبوو کە عوسمانی لە هێرشی کوردان بۆسەرئێران داکۆکی دەکات.
شێخ داواکاریەکەی ئەوها شێ دەکردەوە: کە داخوازی وڵاتێکی سەربەخۆیە، وادەی دەدا کە بە ڕێگری هۆزەکان دوایی دێنێت، و لە زلهێزەکان بەتایبەت بریتانیا،داوای دەکرد ئالیکاری مەعنەوی پێبکات. و بە، بەرەوپێش چوونەکەی بۆلای ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ئەولای کوردستان، نەخازا کوشتاری خەڵکی میاندواو خاپوورو وێرانی دوو هەزارگوند، کە لە ماوەی ویدا10000کەس بێ ماڵ وحاڵ بوون،ئەم داوایە بەچەتوونی دەتوانێ مرۆڤ قانع کات.
شێخ عەبەیدوڵڵا دوایی پەڕینەوە لە سنوورحەولیدا لاقی برای دوڕەو دووڕەگەی کوردی ،یانی (عەباس میرزای) کە زوربەی تەمەنی بە حاڵی دوورخراوەیی لە عوسمانی تێپەڕکردبوو بۆ نێو مەعرەکە ڕابکێشێ. ئەمە حەڕەکەتێک بوو دەستەبەری تانج و تەختی قاجار، بەڵام ئەم کارە سەرکەوتنی بەدواوە نەبوو. شێخ دەونێوەدا بەئابووتی گوت: کوردەکان ئیدی ناتوانن لە زێدەخوازیەکانی دەوڵەت و لەبێ کیفایەتیەکانی ئەو لەپێشگیری لەتاڵان و هجوومی هۆزەکانی شکاک و هەرکی لە ناوچە تاقەت بینن.
بەڵێکدانەوەیەکی دیکە داوای کرد کە شۆڕشی وی لە مانادا شۆڕش دژی بێ کیفایەتی ئێرانیان و ڕێگرانی ناوچەییە. لەم دوو بابەتە شێخ عەبەیدوڵڵا لە ڕاستدا ئامانجی خۆی بەبەرگری لەگوندەکانی جامینخوازی خانەدانی نێهری لە بەرامبەرتاڵان و هجوومی دەست درێژکەران نیشان دەدا. ساڵێک بەرێ ئەو لەبەرامبەرخۆتێهەڵەقوتاندنی عوسمانی لە ڕێگرانی هۆزی هەرکی بەرگری کردبوو. بەڵام شکاکەکان-ئەوان لە پەرسڤ بەفتوای خەزای وی لە1877 پەڕیوەی خاکی عوسمانی ببوون،ماڵێکی زۆری تاڵانیان وەدەست هێنابوو. بەڵام هەنۆکە دڵەڕاوکەی شێخ لەمەبوو کە شکاکەکان دەڤەری بن حوکم و شوێن تێکەری خۆیان بە لەز بەرفراوان دەکرد هێورهێور بەناوچەی ژێردەسەڵاتی

وی،یانی مەڵبەندی هەرکی برادۆست،خەریکی دەست تێوردان بوون،لەحاڵێکدا لەهەردوو لای سنوور کارگێڕانی دەوڵەتی بەکردەوە چ وزەو تەوانایان نەبوو. ئەگەرچی دوورنییە کەکوڕی شێخ لەراستدا لەدژکردەوە بەکردەوەی تۆسنی کارگێرانی حکوومەت لەگەڵ سەرۆکانی سێبەرنشێن ڕووی لە شۆرش کردبێت، و لەم جەرەیانەدا،دەستی بەکوشتاری شێعەکان کردبێت،نیگەرانی گەورەی خودی شێخ سەبارەت بەهەرەشەی شکاکان بوو. لە هەردوو مەسەلە ساداتی نێهری دەبوایە بایەخی خۆیان لەجێگای داکۆکی کەرانی ئەم هۆزانە بەڕاست وەرگەڕاندبوایە. ئەم مەسەلە تەنیا هەتا(ڕادەیەک) لەگەڵ داواکاری نەتەوەخوازی، ئاوی لەبەرەجۆیەک دەخواتەوە.
لە کۆتای ئۆکتۆبر،سەرئەژمێری هێزەکانی شێخ عەبدولقادر کەدوو حەوتوو بەر لە وی ژمارەیان زێدەتر لە20000کەس بوو بە1500کەس کەمی کردبوو: زوربەی ئەندامانی عەشیرەیی بەماڵی تاڵان بۆ ماڵەکانی خۆیان گەڕابوونەوە. شێخ عەبەیدوڵڵا و کوڕەکەی محەمەد سەدیق ورمێ یان بە هێزێکی نزیک بە6000کەس گەمارۆ دابوو. ورمێ کە دەیزانی هێزێکی یارمەتیدەر بەرێگاوەیە زۆرچاک خۆڕاگریی ودەست کەرەویی کرد. بەم خۆڕاگریە ورەی هێرش بەرانی کزکرد. ئێستا ستوونێک بریتی لە12000کەس بۆلای ورمێ بەرەوپێش دێ. ئەوستوونە لە نێو گوندەکانی ناشێعە مەزەب دەستیان بەتۆلە ئەستێنەوە کرد،تەڕو ویشکیان دابەردەمی شمشیر، بۆ نموونە،ژمارەیەک نەستووری کە بە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی کوژرابوون زۆر زێدەتر لەو ژمارەیەبوو کە شۆڕشی کوشتبوویانن.
هێزەکانی شێخ بۆ ماڵەکانیان تێ تەقاند،گەلێک لەوان لەهەردوو لای سنوور بەدەست هێزەکانی دەوڵەت بە(دیل) گیران وکوژران. شێخ لەژێر تەوژمی دیپلوماتیکی زلهێزەکانی ئۆروپایی دوورخراوە-سەرەتا بۆ ئاستانبۆڵ، بەڵام دوایی هەڵاتنی لە1882بۆ حیجازیان بەرێکرد ولە1883لەوێ وەفاتی کرد.
وێرانی دەشتی پڕ پیت وبەرەکەتی ورمێ کەبە(باغی ئێران)دەنگین بوو ساڵانی ساڵ هەستی پێدەکرا، و بۆ یارمەتی بەنوێسازی دەڤەرباج وپێتاک لە سەرهێندێک شوێن داسەپاندرا. ئەم ئاڵۆزیە بەڕادەیەک کاریگەربوو کە هەموو پشێویەکانی ئاسایی ناوچەی وەبنەخۆدا،هەروەک یەکێک لە ئەندامانی لێژنەکانی پڕوپاگەندەی ئامریکانووسی: (هەتا سەرهەڵدانی شەری یەکەمی دنیاگر،سەرەتای مێژووی هەموو ڕووداوەکانی لەورمێ (هاتنی شیخ)بوو.)
ئەگەر ئەم ڕاستییە شایەتی بەشۆڕشی نەتەوەیی نەبێ کەشێخ داوەکەی ئەمە بوو،لەم حاڵەدا ئاخافتن و کردەوەکانی وی دەکرێ بەچ شت لێکدینەوە؟
لە پەیامەکانی ژەنەڕاڵ قۆنسوڵ بریتانیا لە دوولای سنوور،سەرهەوداکان وەدەست دێنین. ویلیام آبوت،ژەنەڕاڵ کونسۆلی بریتانیای لە تەوریز، لە سەر دانێک کە لە ورمێی کرد لە لای خۆی فکری لێکردەوە :( ڕۆڵەکەی ئەمەیە کە خۆی بەبەرپرسی بەشیکی سەبەخۆ لەکوردستان دابنێت،وپاشان هەمووپارچەکان کوردستانی ئیران وعوسمانی بەلکانی هێڵی جوغرافیایی پێکەوگرێدا) شێخ عەبەیدوڵڵا ڕەنگە ئەوجۆرەی کە لە شوێن تێکردی شێخایەتی وی هەڵدەکرێ بەدوای سەرزەمینێکی بەرفرەوانتر لەسەرزەمینی ئەمیرەکان بوو،بەڵام وێناچێت کە هۆزەکانی جامینخوازی تەریقەتی قادری تاسەباری وەدواکەوتن وی بن،ئیدی چاوپۆشی لە شکاکەکان کە ئەوبۆخۆی لەوان ناقایل بوو، یان ئەو عەشیرانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی شوێن تێکەری وی دانیشتووبوون.
هنری تراتر،ژەنەڕاڵ قونسول دانیشتووی ئەرزەڕۆم،لە مەسەلەی پەیمان و بەڵێنی ئەمیرەکان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی قایل بەرێگایەکی جیاوازو گرنگ بوو کە ئەمیرەکانی نێو سەدە پێش بە سانایی لێ حاڵیدەبوون. ئەو لە ڕاپۆرتی خۆیدابۆ سەفیری وڵاتەکەی دەڵێت: (ئەمن ئاقیدەم وایە کەشێخ

بۆخۆی زۆروکەم بە سوڵتان وەفادارە و حازرە لە بەرامبەردەسەڵاتی وێدا سەری کڕنۆش بێنێتەخوار،مادام کە لە بەڵای خاوەن پلەوپایەی عوسمانی بپارێزرێ، باج و پێتاکی بداتێ،بەومەرجە کە دەوڵەتی عوسمانی بە دەسەڵات و بە کردەوە،ئەوی بەحاکمی کوردستان بناسێت.)ئەم وەرگرتنە لە گەڵ بابەتێک دورست دەهاتەوە کە جێگری کونسول بەوی گوتبوو کەشێخ بەدڵ حازرە لە جیاتی مالیات،خەراج بەسوڵتان بدات. شێخ ئەم مەتڵەبەی لە چاوپێکەوتنێک کە لە دەرەوەی ورمێ لەگەڵ وی هەبوو بەقسەی سەر زارەکی پەسندی کردبوو. (ئابووت) لە وی پەسیارکردبوو ئاخۆ ئامانجی وی ئەمەیە کە کوردستانێ بە دەڤەرەکی جیاواز وسەربەخۆ لە(بابی عالی) بگۆڕی یان تەنیا خوازیارە شتە نالێکەکانی وی پێکەو تەرازو هەموارو سازگاربکات و لەو پەشێویەی دەرباز کات و سەرۆکی نەتەوەکەی بێ و لە بەرامبەری سۆڵتان بەرپرسی چاکەوخەراپەی کردەوەی ئەم خەڵکەو دانی مالیاتیان بێت؟ شێخ بەم پرسیاری وەڵام داوە وگوتی: چ کەسێک هیچ کات شک و گومان ودوو دڵی لە وەفاداری وی سەبارەت بەسوڵتان نەبوەو نییە، بەڵام ئەومتمانەو ئاقیدەی بەکارگێرانی وڵات نییە.

وا فکری لێدەکرێتەوە کە شێخ لەگەڵ ئەمە کە وشەی نەتەوەخوازی (ناسیونالیسم) هاوسەردەمی ئۆڕوپا دەکاری دەکرد زۆرتر،بەدوای نوێکردنەوەی ژیانەوەی دەڤەرێکی سەربەخۆ وەکوو ئاماڕاتیک بووە کە بەر لە بەرفرەوانبوونەوەی دەم و دەزگای ئیداری بەپێی(تەنزیمات)جەستەی هەبوە.

ئەم مەسەلە نەتەنیا شێکردنەوەی ئارام بوونەوەی دەوڵەتی ئاستانبۆڵ لەبەرامبەر کردەوەکانی شێخ، یان بێ مەیلی وی بەدوورخراوەی وی نییە، دەبێ لە بیرمان نەچێت کە شیخ عەبەیدوڵڵا خەرقەی شێخاتی مامی خۆی لە زەمانێک میراتگربوو کە گێژەڵوکەی ئابووری و ئاڵۆزی حوکمی بە سەر ئاناتۆلی دا دەکرد. بێ وزەو توانایی حکوومەت لە سەقامگیرکردنی ڕێووشوینی قانوون لە دەرەوە لە دەوروبەری بێ دابڕانی شارەکان وزێدە بوونی فشاری باجێک کە هێندێک چاخ تاقەتی خۆڕاگرتن نەبوو،هەروا هەنگاو هەڵێنانی دەوڵەت بۆ سەربازکۆکردنەوە...هەموو ئەوانە وەزیەتی ناوچەی کە پێشتر ئامادەی پشێوی بوو بەئیکجاری تێک و پێکدا.ئێستا کە بەرپرس و ڕیبەرێکی ڕیزلێگیراو لەدەڤەر نەبووکە پێشگیری لەو بێسەربەریانە بکات هەر عەشیرەیەک، ئەوەی کە دەیەویست بەزۆرەملی لە ڕێووبارو لە گوندەیەکانی دەستاند. هەروەک لەڕاپۆرتی گەلێک گەڕیدەی بیانی دێتەبەرچاو ڕێگر زۆرجارئابووریان بەرەبەست دەکرد. تاجیرکان لە هەمووڕێگاکان لە دەست ڕێگرو جەردەو گۆران وپیاو خەراپ سکاڵایان هەبوو. شەڕ لەنێوان عەشایر،دێهاتیەکانی دەوروپشت هەبوو. بازیک لە مرۆڤیخاوەن پلەوپایەی عوسمانی هاوکاری وهاودەستی لەگەڵ ڕێگرانیان بە قازانج دەزانی. خاوەنانی پلەوپایەی دورستکار وڕاستگۆ وسادق دەیانزانی لە دەرگیری لە گەڵ سەرۆکان یان شێخەکانی بەدەسەڵاتی ناوچە ئالیکاریەکی ئەوتۆ لە ئاستانبۆڵ وەرناگێرێ. بێسەروبەری نائەمینی و ئاڵۆزی تەماحکاری عەشیرەکان لەکاتی تێپەڕین بەگوندەکانی هەڵکەتوو لەسەرڕیگا،چ کورد چ ئەرمەنی یان تێکەڵاو،هەست بەچڵێسی دەبزواند. بە عیبارەتێکی دیکە شکاک وهەرکیەکان کەئێستا هاوساریان پساندبوو ئەوەندە کە دوژمنی سوڵتان بوون لەگەڵ شێخ یش دەستیان بەدوژمناتی کرد.

جگە لەوانە مەوزوعی چەندپات کردنەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئاپورەی مەسیحی بوو. ئەرمەنیان وئاشۆڕیان هەر دوو ئامانجی ئەم دوژمنداریە بوون: ئەرمەنیەکان بەم هۆیە کە هەستی نەتەوەییان گوڵی کردبوو بەهەرەشەی رووسیە وابەستە دەبوون، و نەستوریان بەم دەلیلە کە گوماناوی بوون،

چونکە هەمووساڵیک(جگەلەحەکاری) تەنیا لە ورمێ 5000کرێکار بە ناوی مهاجیرسەردانی ڕووسییەیان دەکرد.
لەم ئولکەی ئاڵۆزو هەرکەس هەرکەسە، شێخ عەبەیدوڵڵا پێشتریش ئیلاقەی خۆی بۆئاڵیکاری بەسوڵتان لە بەرپەرچ دانەوەی هەڕشەی مەسیحیان نیشان دابوو: لە شەڕی 1877-1878ڕووس وعوسمانی بە فەرماندەری هێزەکانی کورد دانرا ودەسەڵاتێکی ئەوها بەوی درابوو کە لە سەردەمی ئاماڕات،یانی لە نێوسەدە پێش هەتائەوچاخ بەهیچ کوردێک نەدرابوو. ئەوفتوای خەزای دابوو،و ئەمە بۆ سەرۆکانی عەشایر،بەمانای ئیجازەی هێرش کردن بۆ گوندەکانی ئەرمەنی نشین بوو.
بیروبۆچوونی مەزەبی شێخ عەبەیدوڵڵا پێشتربرِیک ناڕوون وبووڵێلاوی دەنوێنێ، بەڵام بیرووبۆچوونی سیاسی وی ئەوهانین. جەستەی جەماوەری ئەرمەنی بۆ قازانجی کوردان مەترسێەکی مجدبوو. شەڕی 1877-1878 بە پەیمانی برلێن تاواوببوو کە بەپیی وی دەسەڵاتدارانی ئۆڕوپایی پێکەوە خوازیاری داکۆکی لە جامیعەی ئەرمەنی بوو(بڕگەی 61)و ئەمەبۆخۆی، بە پێچەوانەی موسڵمانان، ئەوەڵین هەنگاو لە مەڕ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی ئەرمەنی بوو. لەڕاستدا بریتانیا بۆ لەبین بردنی هەرجۆرە بیانووی ڕووسیە،کە ئازاردانی ئەرمەنیانی لە لایان موسڵمانان کردبوو بە هەنگڵی دەست پێوەگرتنی تەداخوڵ و دەست تێوەردان،نیگەرانی چاک کاری عوسمانی و داکۆکی لێهاتوو لە ئەرمەنیان بوو.
لەلایەکی دیکەش زەختی ئۆڕوپاییان لە ناوچە بێ کارتێکردن نەبوو. شێخ عەبەیدوڵڵا بە سەرسوڕمان لە یەکێک لە خاوەن پلەوپایەبەرزی تورکی پرسیارکرد:(چیم گوێ لێدەبێ؟ کەئەرمەنیەکان وڵاتێکی سەربەخۆیان لە وان دەبێت ونستووڕیەکان بەیداخی بریتانیای (لەسەربانی ماڵەکانیان) هەڵدەدەن،وخۆیان بەبریتانیای لە قەڵەم دەدەن؟ هۆی داواکردن لەبریتانیا بەمە کە کوردەکان بە(میللەتێکی جیاواز)بناسێت بێگومان ئەمەیە. ئەگەر بەمجۆرەی مەترسی لێدەکرا، قەراربوو وڵاتێکی سەربەخۆ وجێگای داکۆکی لە ئەرمەنیان یان نەستۆڕیان لە دواڕۆژ پێکبێت،جێگای ئەم جامعە سروشتیە لە سەرزەمین و شوێن تێکرنی وی دەبوو. مەسەلە ڕوون بوو:(یان ئەوان یان ئەمە). بەم دەلیلەبوو کە شێخ عەبەیدوڵڵا بەشێوەئاخافتنێک کەلە ناو سەرۆک وەزیرەانی ئۆڕوپا عادەت بوو دەستەبەری بەرگری لە قازانجی کوردان بوو.
ڕەنگە جێگای سەرسوڕمان بێت کە سوڵتان لە دوایی ئەمە کەلەماوەی ساڵەکانی(تەنزیمات)ئاماڕاتی کوردی یەکجارو بۆ هەمێشەلەناوبردبوو بێهەوێ ئێستا دەسەڵات و ئیختیاراتێکی ئەوها بەشێخ بدات. بەو سەروساماندانەی کە بریتانیا خوازیاری وی بوو،پێشی هەڕەشەی ئەرمەنیان و ڕووسەکان ناگرێت؟ دەورەی (نائاڵۆزی ئارامی وئاسایش)یانی سالەکانی 1826-1876سەردەمێک بوو کە لە ماوای وێدا(بابی عالی) دەبەر دابوو ئەمپەراتووری لە سەربناخەی بەرنامەی ئۆڕوپایی نوێکردەنەوەی سازمانی هەڵخات. بەڵام بەڕیوەبردنی ئەم کارە بە،بایی ناڕەزایەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زێدەتری زوربەی موسڵمانای دانیشتووی ئاناتۆلی دەبوو، کەلە دوا ڕۆژی ئەم سەروساماندانەی ئیلهام وەرگر لە ئۆڕوپا مەترسیان هەبوو.
لە1876سوڵتانی تازە،یانی عەبدولحەمیدی دووەم جڵەوی دەسەڵاتی وەدەست گرت. ئەولێهاتوو بەو مانایە نەبوو کە دوایی لەم وشە، کەلکیان وەرگرت، بەناوەڕک خەڵاتی شوێن تێکەروئیختیاراتی بەرفرەوانی بازرگانی و سیاسی بە ئۆڕوپایەکان و دانی مافی بەرامبەربەخەڵکی موسڵمان غەیرەدین بوو. و بڕیارگر بە بەرگری لە ئەمپەڕاتووری ئیسلامی خۆی بوو، وەخەریک بووئەم شۆڵەی نەک بەبەردەوامی جەرەیانی ئازادفکری کە لە مشرِوتییەتی تەمەن کورتی ساڵی 1876بەئەوپەڕی

بەرزایی خۆی گەیبوو بەڵکوو بە دەستپێشخەری پێدانی خودی خۆی، وەک سوڵتان بەدەست کەنەی بایەخەکان و یەکیەتی ئیسلامی بەئاکام گەیاند.
لە لایەکی دیکە خاوەن شۆڵی مەعمووری وڵایاتیش بەشیک لە(تەنزیمات) بوون و کارگێڕی بەڕیوەبردنی ئەم ئیسلاحاتی ئۆڕوپایی کارگێری نهێنی (خەیانەت) و لە مانادا زەهرێک بوو کە دڵۆپە دڵۆپە لە گیانی ڕێبەرانی ئاپوورە-کەسانێکی وەک شێخ عەبەیدوڵلایان دەکرد.
سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ ئەهلی تەسنن،زیدەترهەستی بەئەمینی دەکرد. شێخ عەبەیدوڵلا لەگەڵ وەزع و کەسایەتیەکی مەزن کە لە ئاناتۆلی بوو، بۆ بەرگری لە ئیسلام خواناس بوو، کە نەدەکرا بە نەدیتووی دابنێن: ئەو بەپێچەوانەی واسواسی ڕەفتار،کاتێک فەرمی دەبوو بەخاوەن دەسەڵات، ئیدی بەچەتوونی دەیتوانی لەوهەموو دەسەڵاتەی دینەوی چاوپۆشی بکات.
ئاستانبۆڵ پێشتر یانی 1879لەگەڵ شیخ عەبەیدوڵلا کەمێک ناکۆکی هەبوو. لە سپتامبەری ئەوساڵ فەرمانداری (گەوەر)هێندێ لە سیبەرنشێنی عەشیرەی وی بەتۆمەتی ڕێگری سزابۆدیاری کردبوون. شێخ عەبەیدوڵلا ئیجازەی نەدەدا دەسەڵاتی ئەبەمجۆرە لە لایان کارگێریانی ناوچەیی هەڕەشەی لێبکرێ-ساڵی دوایی ئەم مەسەلە بۆ کوڕەکەی، شێخ عەبدولقادر، هاتەپێش. شێخ کوڕەکانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ چکدارانی ناوچەیی نارد. بەڵام چاخێک کوڕەکانی لەم هەنگاوە بەناسەرکەوتوو، ڕوو بەڕوو بوون ئەوخۆی بەتەواوی لە مەسەلەکە کێشاوەو لە بەردەرهاویشت وتاوانی ئەمکارەی لە گەردنی کوڕەکانی خست. ئێستا هەردوو کوڕەکانی لە سنوور ئاوابوونە و بۆ ئاوایەکانی خۆیان لەئیران پەنا بردوە، هەتا ئارامی و ئاسایش سەقامگیرمانەوە. ئاستانبۆڵ گرنگایەتیەکی بەم کردەوە نەدا،و مووچەی ساڵانەی بۆ زیدەکرد و فەرمانداری تاوابناری لەکارلابرد.
سوڵتان کە بەلەز بەریوەبەری گەلێک لە کارەکانی ئەمپەڕاتووری بەدەست گرتبوو بەڕەواڵەت وەڕیخستنی شۆڵەکان بەواسیتەی شێخ سانایی تر لە سەڕافەتی بەدەستی دەسەڵاتدارانی ئیسلاح تەلەبی خوی ڕادەپەڕی.
لە دەورەپشتی ئەم تێکەڵاویەی ناوچەیی دەنگۆیەکیش حیکایەتی لەمە دەکرد کە سازمانێک بەناوی(ئەنجمەنی کورد) وپیکهاتوو لە نەتەوەخوازانی کورد، کە شێخ دانەریەتی، شێخ بێگومان خوازیاری پانووپۆڕی شوێن تێکەری و زێدەبوونی لایانگرانی خۆی بوو،بەڵام ناوەڕۆک وئاوازەی ناسیونالیستی ئەم ئەنجمەنە دەبێ بەشێنەیی حیسابی لە سەربکرێ. لەم بابەتە جگە لە تۆمەتی دە(ئەسقف نشین)کانی ئەرمەنی بەڵگەوسەنەدو دیکۆمەندێک بۆ بەدواچوونی ئەم مەسەلە لەدەست دانییە. ئەم ئەنجمەنە ئەگەر لە ڕاستی داجەستەی هەبووبێت، زاهیرەن داخۆیانێکی بڵاونەکردوە و کردەوەیەکی بەرتەقای ئەم ناوە ئەنجام نەدا. بەڵام کلیسا داواکار بوو کە(بابی عالی)بۆخۆی بۆ خنکاندنی مەسەلەی ئەرمەنیان،ئەم ئەنجومەنەی بە هێزدەکرد. ئەم شێکردنەوە بەتەواویی قەبیل کراوەیە،دیارە کە ئەمە تەونوو بەستێک بوو کە لە ئاستانبۆڵ داڕیژرابوو،وداکۆکی فەرمی بەشێخ عەبەیدوڵڵاپێشنیاردەکرد هەتا لە قیاس وەکوو پارسەنگ لەبەرامبەر مەترسی ئەرمنیان کاری پێبکات.
جەستەی حکوومەتێکی سەربەخۆ کەشێخ لە1880خوازیاری وی بوو لە دەڤەرێکی ئەوها بەهەڵلا وبەزم وپشێوی ئیمکانی مانەوەیەکی هێندەی نەبوو.دەوڵەتی عوسمانی زۆرباش لەمە ئاگاداربوو،بەڵام وجوودی مەسەلەی کوردستان،وەکوو ئەم (ئەنجومەنە)ی تەمەن کورت، لەبەرامبەر داواکاری نەتەوەیی ئەرمەنیان پارسەنگ بوو،تایبەت ئەگەرشێخ عەبەیدوڵلا توانیبوایە هەروەک تێدەکۆشا ئەرمەنیان ونەستۆریان توشی ئەم شۆرشە بکات. لەوحاڵەدا،یانی لەچاخی هەوکاری ئەم

دووگرووپە،مەسەلەی نەتەویەتی ئەرمەنیان، بەوێنەی خەڵکێکی ژێرداکۆکی ئۆرووپا،بەتەواوی لە ناو دەچوو،ولەحاڵێکدا بەفەرزی محاڵ،وڵاتی کوردی بە وجوود هاتبوایە ئەم وڵاتە ناچاردەکەوتە بن ڕکێفی ئەو، بەسولتان وابەستەدەبوو.
بەڵام دوایی مەسەلەی باشبوونی وەزیەتی عوسمانی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیش جێی باس لەسەرکردن بوو. لەمەدا شک ودوودڵی نەبوو کە بە فەرمانڕەوایی لە سەرناوچەکانی عەشیرەنشینی دەڤەرێک کە دەیڕوانیە دەشتایەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان،لەم وەزعەی باشتر و لەزەتێکی بەرچاوی وەردەگرت. شێخ عەبەیدوڵڵا پێشترکارتێکەری خۆی بۆ عەشایری ئێران بەئەمە وەردەگرت شێخ عەبەیدڵڵا
پێشتر، کارتێکردنی خۆی لەسەرعەشایری ئیران بەئیسپات گەیاندبوو، و ئەوکاتێک بوو کەلەساڵی 1877بۆ بانگهێشتنی خەزا پەرسڤی ئۆکەی دابۆوە. (بابی عالی) کە سەبارەت بەشوین تێکەری وی لەڕۆژهەڵات هەستی بە نیگەرانی دەکرد،هەموو ئەم هێرشەی لەنەزەراستڕاتژیک)دیبوو. بیست وپێنج ساڵ دوایی هەرئەم(بابی عالی)بووکە دیسان لە کزی و بێ وزەیی ئێران کەلکی وەرگرت،ئەوناوچەیەی دەست درێژی تێداکرد
دەوڵەتی عوسمانی نەیدەویست شتێک لەم سیاسەتە بۆکەسێک شێ کاتەوە، هەرجۆرە داوای دلگەرمکردنی شێخ بەئیقدام بە تەشقەڵەبازی حاشا لێدەکرد. لە حاڵێکدا ئەوکات باڵوێزی بریتانیاسەری لێ شیوابوو، ئێستا دەکرێ بەرئاوردی کەین کەچ گوزەراوە: ئەمن ناتوانم یەقین بکەم کە(بابی عالی)هەتاچ ڕادەیەک نیەتی شێخ عەبەیدوڵڵای بەپێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ باوەڕ دەکات. دەمەویست ئەمەبڵێم کە خودی ئاسیم پاشا(وەزیری دەرەوی عوسمانی)بەوجودی نەخشەیەکی ئەوها بەرزەفڕانە ئاقیدەی نەبوو.
ئاسیم پاشا،دەیزانی کەشێخ عەبەیدوڵڵا نەخشبەندیەکی بەئیمان و بە ئاقیدەیە، مەولاناخالید مریدەکانی فیرکردبوو کە(بۆ تەمەن درێژی سوڵتان کە وجوودی دینی ئیسلام بەوی ڕاوەستاوە،وهەروا سەرکەوتن بە سەردوژمنانی دین یانی مەسیحیان وئێرانیانی پەست وهیچ وپووچ دوعابکەن)شێخ عەبەیدوڵڵا هەتاکۆتایی تەمەنی بەتەعلیمی دینی ئەم مرەبیەی خواناسی خۆی وەفادارماوە. ئەم مەسەلە هەرچەند بۆ ئۆڕوپایەکان هێندە روون و مەعلووم نەبوو بەڵام بۆ خاوەن نەزەرانی کاروباری عوسمانی هەتا ڕادەیەک ئاشکرابوو.

**سوارەنیزامی حەمیدیەو ئەرمەنیان**

لە1891سوڵتان عەبدولحەمید بنچینەی هێزیکی سوارەنیزامی چریکی لەئاناتۆلی ڕۆژهەلات فەرمان بۆ دەرکرد، و ئەوی بەناوی خۆی حەمیدیە، ناولێنا. ئەم کارە بەلاساکردنەوەو چاولێکەری لەهەنگەکانی قازاخی ڕووسیەبوو کەلەجێگای دەستەی ناسینەوە وواحدەکانی شەڕکەربەچەکی سووک لەقەفقاز، لەکەلک وەرگرتن شوێن تێکەریان هەبوو.
بەلێڕوانین لە وەزیەتی ناوچە،حەمیدیە لەناو عەشایری هەڵبژێردراوەی سوننەمەزەب کۆ دەکراوەو پێکدەهات،یانی لەناو خەڵکانێک کە لە وەفاداریان بەسوڵتان شک ودوو دڵی تێدانەبوو: کە ئەم هەنگانەی سوارە نیزامیان پێکدەهێنان،بریتی لەنزیکەی 600کەس. لەزۆر بارەوە،ئەم هەنگانە لەهۆزیک کۆدەکرانەوە، و فەرماندەرەکەیان ڕئیس عەشیرەکە بوو. لەجێگایەک، کە هۆزەکە گچکەبوو

هێزیکی وای لێ پێکنەدهات لەچەند تیرو هۆزێتیکەڵ پێکیان دەهێنا. دەجا بەڕاگرتنی ئەندامانی هۆزەکان هەریەک لەدەستەیەک چەکداری تایبەت، دەمارگرژی عەشیرەیان دەست بەمۆردەهێشتەوە.
کۆکردنەوەی ئەم (حەمیدیە)بۆ سەرۆک هۆزوعەشیرە وئەندامانیان دەستەبەری قازانجێکی زۆربوو. وادانرابوو کەسەرۆک وخاوەن پلەوپایەی ئەم (حەمیدیە)بۆ قوتابخانەی نیزامی تایبەت لەئاستانبۆڵ ناردرابان، بۆ زیدەبوون لەسەرکەسایەتی تازەیان دەستووردرابوو کەبەشێوەی قازاخەکانی ڕووسی(جل وبەگی) بەشەنگوڵ مەنگوڵی نیزامی لەبەرکەن. ئەوتیرەوهۆزانەی کەحەمیدیە لەوان پێکدەهات لەیەکێک لەبێ بایەخ ترین نیشانەی ئیسلاحاتی عوسمانی،یانی سەربازگرتن کەبۆ ئەوڵین جار لەوناوچە بەڕیوەدەچوو،معاف کران. لەبەرپرسی(حەمیدیە)کان داواکرد کە کوڕەکانیان بۆ قوتابخانەیەک کە لە ئاستانبۆڵ وکوردستان بەم بۆنەوە کراوەتەوە،بنێرن-ئامانج لەم مەسەلە توانەوەی ئەم خەڵکە لەرژێمی عوسمانی بوو. لەبازیک لە گوندەکانی گەورەی (حەمیدەیە) دەوڵەت بۆخۆی دەستی بە بنیاتنانی قوتابخانە بۆ خەلک کرد.
لەم بوارەوە کە کوردستان بەرەڵلاکراوترین وپاشکەتووترین وهەژارو فەقیرترین قولینچکی ئەمپەڕاتووری بوو ئەم هەنگاوە زۆرسەرنج ڕاکێشی دەنواند.
ئامانجی ئاشکرا لەبنیاتنانی (حەمیدیە)بەوجوودهێنانی لەمپەرلەبەرامبەر هەرەشەی ڕووسییەبوو. محکەم بوونی ئیرادەی کوردەکان، لەجێگای بەشێک لەئەمپەڕاتووری، شۆڵێکی گرنگ بوو،تایبەت لەم بارەوە کەلەشەڕەکانی پێشتربازیک لەهۆزی ناوعوسمانی حازربوون لەشەڕ دژی ڕوس لەبەرامبەر عوسمانی داکۆکی بکەن. جگەلەوانەش ژمارەیەکی زێدەوەک پاشکۆ، لە تیرەکانی قەفقاز لە چوارچێوەی حوکم وشوێن تێکەری ڕووسیەقەراریان گرتبوو. جێگای سەقامگیربوونی هەنگەکانی(حەمیدیە) لەدرێژایی دەورو پشتی ئەرزنجان – وان بوو.
لە سەرئەوەش کە(حەمیدیە) هێزەکی چریکی نیزامی بوو وتەنیا لەچاخێکی دیاری کراو، دەیتوانی بەفەرمانی مشیر،یانی فەرماندەری نیزامی وی، لە تەشکیلاتێکی گەورە لە هەنگدا خۆی سازمان بدا، کەبۆخۆی بەم مانایە بوو کە ئەم هەنگانە جگە لەکاتێک کەبۆ خزمەت بانگ دەکرین،لەئاوایەکانی خۆیان بڵاو بەرەڵلا بوون. بل لەوەش لە سەریەک ئاقیدەو وابوو کەمرۆڤی قەبیلەیی ئەندامی ئەم هەنگانە هەرکات لە قەرارگاو پەزوئاژاڵ وماڵاتی خۆیان دووربینەوە بەویچونی نزیک بە یەقین لە خزمەتی حەمیدیە، ڕادەکەن.
هێندەی پێ نەچوو کە پێکهێنانی (حەمیدیە)تەنگەژەی بەوجوودهێنا: سەرەتا لە سەر سەردەستەیی لە ناو هۆز،لە ناوعەشیرەشەرهەڵایسا. دووەم فەرماندەرەکان فەرق و جیاوازیان لە نێو دوژمنانی هۆزی خۆو،لەجێگای قەبیلە،ودوژمنانی (حەمیدیە) قائل نەبوون. تیرەیەک کە لەلای حکوومەت چەکدارکرابوون خەریکی سەرچاکردنەوەی دژکارانی ناوچەیی خۆیان بوون. عەشیرەی بەهێزو سوننەمەزەبی جبران کە چوارهەنگی بۆ ئولکەهێنابوو خێرا وەرزیرانی عەلەوی مەزەبی وەبەرهێرش خست، زەویووزاری لێ زەوت کرد. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەردەسەڵاتدارانی حکوومەتی بۆ قەرەبۆی خەسارەتی ئەم خەڵکە،یان هۆزەکانی دیکەی عەلەوی مەزەب هەنگاوەکیان هەڵنەدەهێنا، چونکە ئەم خەڵکەدژی عەلەوی یان قزڵباش بوون. بەڵام هەتا تایفەکانی سوننە مەزەبیش کە نەکەوتبوونە بەرلوتف بە(حەمیدیە) وەرنەگیرابوون،زوربەی دەکەتنە بەرپەلاماری دەستدرێژی چەکدارانە. اچ.اف.بی لینچ. کە لە1894 لە ناوچە گەڕیدەبووە سەبارەت بە دەستەو تاقمەی ڕاوڕوتی دەورووپشتی ئارزەڕۆم دەنوسێت: هەموو دەزانن کە فەرماندەری ئەم تاقمانە بە ئەفسەرانی هەنگەکانی (حەمیدیە) کەخەڵک بەهۆی عەلامەتی برنجی کە لە کڵاوەکانیان دەدەن،ئەوان

بە(حەڵەبی نیشان) ناولێدەبەن. دەسەڵاتدارانی ترسەنۆک کە مەجبوورن ڕاپۆرتی ئەوهابنێرن،لە پشت ئیستلاحات و عیبارەتی سەرنج ڕاکێشی(ڕێگران لەجل وبەرگی نیزامیان)خۆ دەشارنەوە.
زەمانێک کەحکوومەت توانایی مووچەی بەئەفسەرانی حەمیدیە نەبووشۆڵی کۆکردنەوەی باج وپێتاکی لەگوندەکانی ئەرمەنی بەخۆیان دەسپارد، بەمجۆرە هۆی دڵ ئێشی گروپی ئامازەپێکراوی ئامادە، دەکرد. لەزۆر مەسەلە سەر هۆزێکی کورد تەنیا فەرماندەری هەنگی (حەمیدیە) نەبوو بەڵکوو دەسەڵاتداری دەڤەریش بوو.
جگە لەوبابەتانە،ئەوانەی کە بە دەسەڵاتدارانی دەوڵتی دەستەوداوین دەبوون تێدەگەین کە دەم ودەزگای دەوڵەتی توانایی پێشگیری لە(حەمیدیە) نییە،چونکە تەنیا وتەنیا لە بەرانبەر(مشێر)ی ئەرتەشی چوارم لە ئارزەڕۆم بەرپرس و پەرسڤ دەربوو. مشیر، کە زەکی پاشاو ژن برای سوڵتان بوو،نەک ژێردەستی والی بەڵکوو ڕاستەوخۆ سەر وەئەستانبوڵ بوو. ئەو بەئاشکرا (حەمیدیە)ی وەکوو کەرەسەی سیاسی دەکاردەکرد، کە ڕێگایەکی هێندە هاوبەشی لەگەڵ قانوون ودەستووراتی ئیداری دەڤەر نەبوو. دەم و دەزگای ئیداری جگە لەبێ بایەخ کردن، شتێکی بۆ حەمیدیە پێ نەبوو. ئەمە وەکوو وەیە کە باڵویزەکانی نیزامی بریتانیاش چەندپاتی دەکەنەوە:کەرتەکانی حەمیدیە،لەڕاستیدا لە ژێرفەرمان وعەمری کەسی جگەلە بەرپرسی ناوچەیی خۆیان نین. وئەم حوکم وفەرمانە زاهیرەن هێندە بەپێی نەزم وقانوون بەڕیوەناچن. بینینی کوردەکانی کەبەجل وبەرگی ناوچەیی لە شار پۆزوئیفادە دەفرۆشن مەنزەرەیەکی سەرنج ڕاکێشە... ئەوانە زۆر بەحاڵەتێکی ئاسایی ئەوهەی کەدەیانەوێ لەکەل و پەل لە دوکانەکان هەڵدەگرن، بێ ئەوەی کە پارەیان پێ بدەن!
کارە ناحەزەکانی (حەمیدیە) ببوو بەئاڵگۆ بۆ کوردەکانی نەلکاو بە حەمیدیە،و خێرا کەوتنە لاساکردنەوەو تەقەلوبی، دەستەیەک گەنجی لێهاتوو خۆیان بەشکڵ و بیچمی وان دەردەهێنا، تەنەکەسازی ناوچە بە بەرەکەتی جەستەی ئەم کڵاو لارانە بازاڕەکانیان لەبرەودابوو. عەلامەتی (حەمیدیە)یان تەقەلوب دەکرد، لەکڵاوپێستەکانیان دەدا. دەسەڵات دارانی وڵات لەبەرامبەر حەمیدیە، بێ دەسەڵات بوون، لە حاڵێکدا فەرماندەرانی ئەرتەش ئەم دەستدرێژی عەشایریان بەچاوپۆشی خۆ لێ لادەدان.
هەرچەند زۆرتری ئەم ناکۆکیانە مەسەلەی ناوەخۆی عەشیرەیی بوون، بەڵام کەسانێک کەلەم بابەتە پتر زەبریان وێدەکەوتوو زەرەریان دەدی وەرزێروکاسبکاربریتی لە موسڵمان ومەسیحی بوون. بە زوویی مەعلووم بوو کە ئامانجی سەرەتایی و بنەڕەتی حەمیدیە،ئەرمەنیەکانن،هێندەپێنەچوو کە حەمیدیە،یان دەگیانی ئەرمەنیەن هاویشتوو ئامبەڵۆزیان بوون و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەتا ئەوانیان ڕاستەوخۆ بۆ ئەولا دەرپەڕاندن. لە زاوزوی تەنگەژەی ئەرمەنیەکانمان پێشتر باس کرد.
لەسەرەتای دەیەی 1890ژیانی ئەرمەنیەکان بەجۆرێکی بەرچاو بەرەو خەراپی دەچوو. هێندێک لە ئەرمەنیەکان زۆرتر بەهۆی ئەو ڕوداونەی شەڕی ساڵەکانی 1877-1878 لە بەرامبەردنە دان ودەست درێژی و ئەشکەنجەو ئازاری دەسەڵاتدارانی عوسمانی و عەشیرەتەکانی کوردو موسڵمانی شارەکانی تێکەڵ دژکردەوەیان نیشان دا. لە1882گروپی(بەرگری نیشتمان)کەبەیەقین گروپێکی ئینقلابی بوو لە ئەرزەرۆم دۆزرایەوە، لە،1882حیزبی (ئەرمەنەکان) بەلایانگری گروپەکانی دانیشتووی ماوەراء قەفقاز وئیران لە(وان)دەستی بە تێکۆشان کرد. حیزبی انترناسیونالیستی (هانچاک) لە سەرەتای پێکهێنانی خۆی لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات وماوەراءقەفقازخەریکی پێکهێنانی واحدەکانی چەکداربوو.لە1889گروپێکی چەکدار پەیوەندار بە حیزبی (ئەرمەنەکان)لەکاتی تێپەڕبوون لەکەوشەن دەگیرکەوت-ئەم دەستەیە لەخاکی ئێران ڕا هاتبوون. گروپێکی چەکداری

دیکەش سەریان هەڵدا،ترس و لەرزیان لە ئەستانبۆڵ و ئاناتۆلی وەگرخست. لە1893پەلاکارتی فیتنە خوازی لە سەردیواری زوربە،لە شارەکانی پاریزگاکانی ڕۆژهەڵات دیاریدا. دەستەیەک دەستیان بەدنەی قەبایلی عەلەوی مەزەبی درسیم ووەرزێرانی کوردی دەوروپشتی (ساسون)کرد-ئەم وەرزێرانە ئەوجۆرەی کە دەگوترا ڕەچەڵە ئەرمەنی بوون.
بەڵام ڕووداوێک کە ڕیگای بۆ هێرشی دەبەرفەرەوان بۆسەرئەرمەنیەکان تەخت کرد لە دەڤەرێکی ساسون هەڵکەوتوو لە باکووری مووش قەوما. لێرە گروپێک لە هانچاکەکان لە1892بەم لاوە هەرچەندجارکوردەکانیان خستبوو بۆسەو کوشتبوو. لە هاوینی 1894لە سەرپاشماوەی ماڵیات،پێهەلاچونێک لەنێوان دێهاتیەکانی ئەرمەنی و فەرماندار،بیانووی کوشتاریکی گشتی وەدەست دا،کە لە ویدا سوارەی حەمیدیە ڕوڵی سەرەکی وبەرچاویان بەڕیوەبرد، زێدەتر لە1000گوندەیی لەم جەرەیانەداکوژران. لەبەهاری 1895نوێنەرانی بریتانیا و فەرانسە و ڕووسیە داواکاری ئەنجامدانی ئیسلاحات لە پاڕیزگاکانی ئەرمنی نشین بوون: لێبوردنی بەندیەکانی ئەرمەنی،دانانی فەرماندارانی پەسندی خەڵکی ناوچە،قوەربۆی خەساڕات بە قەربانیانی ساسۆم و جێگاکانی تر،ئاکامی دنەدانی چادرنشێنانی کوردی ژێرچاوە دێری هێزەکانی دەوڵەتی، لەسەریەک دەڵگەرمی ئەم خەڵکە بەیەک جێ نشینی- و لە ئاکام چەک کردنی حەمیدیە.
عەبدولحەمید بەم داواکایە ڕزامەندی دەربڕی،بەڵام بە ئەنقەست بەڕیوەبرنی وی وەپشت گوێچکە خست. نائەمینی بەردەوام، وەزیەتی کشت و کاڵی لە ساڵی 1897-1898 هەتاڕادەی قات وقڕی بەرەوخواربرد.
ماوەی ساڵێک ئاسایش کەمتاکورتێک هەبوو، بەڵام لە سپتامبەری 1895پێک هەڵپڕژانێکی توند نێوان خۆپێشاندەرانی ئەرمەنی وپۆلیس لەئەستانبۆڵ قەوما، کەسەرەتایەک بۆ هجوومی پان وبەرینتر بەئەرمەنیانی شاربوو و لە ویدا سەدان کەس کوژران. دەستەیەک لەم خەڵکە بەدەست باربەرانی کوردی دانیشتووی شارکوژران. حەوتوویەک دوایی 1100ئەرمەنی لە (ترابوزان) و دەورو پشت وێ کوشتاریان لێکرا. لەکۆتایی ئۆکتۆبر کوشتاری دەدیکە لە(زەنجان، بتلیس، وئەرزەڕۆم) وجێگاکانی دیکە، کە لە هەریەک ئەوانەداسەدان کەس کوژران. لە دەڕۆژی ئەوەڵی نوامبەرنزیکەی 1000ئەرمەنی لە دیاربەکرکوژران، و لە هەریەک شارەکانی عەرب کیر ومەلاتیە3000کەس لەناوچوون. کوشتاری زۆرتر لەخارپووت، سیواس، قەیسەری، وئادڕنە ڕووی دا. بکوژەکان جەماوەرێک بریتی لەتورک،کورد، و سەرباز، یەک لەوان سوارەی حەمیدیە بوون.
بازێک لەگوندکانی ئەرمەنی لە بەرامبەرئەم زوڵم و زۆریە خۆڕاگریان کرد حەسادەت و عافەرینی هەموو تایفەکانی دنەدا. بازێکی دیکە موسڵمان بوون،دەستەیەکیش بە پاروپۆڵ سەرۆکانی کوردیان بانگهێشتن بەمانەوە لە دێهاتەکانی خۆیان کرد-بەهەرحاڵ دەبێ بەپۆلیسیش دراوبدەی. لە1897ئیدی هەتا جەماوەری تورکیش وردەوردە،لە دەست حەمیدیە وەزاڵەهاتن دەنگیان دەربڕی.
بۆچ سوڵتان عەبدوڵحەمید ئیجازەی دا،بێقانوونی و ئاڵۆزیەکی ئەوها بە سەر وڵایەتی ڕۆژهەڵات حوکم بکات؟ ئاخۆ حەمیدیە،بەئەنقەست و بەم بیرو بۆچوونە وەدی هێنرابوو کە نەتەوەی ئەرمەنی لەناو ببات؟ تەنیا ئەرمەنی نەبوون کە لە وجودی حەمیدیە پیلانەکەیان بۆ لەڕەگ وریشە دەرینان و خاشەبڕکردنی خۆیان دەدێ، ئەم چریکانە بەبیروڕاو ئامانجی کۆ کردنەوەی عەشیرو پێتاتەکانی کورد،لە جیاتی هیزی یارمەتێدەر،لەچاخی قەومانی شەڕ لە گەڵ ڕووسییە،بەوجوودهاتن. لەشەڕی 1827-1829بەم لاوە بازیک لە کوردان-چ تیرەکانی عەلەوی چ هۆزەکانی سوننەمەزەب-لەبەرامبەر(نزیکی) ڕووسیە دژکردەوەی ئۆکە،یان نیشان دابوو. ڕووسەکان بە پسپۆریەکی تەواو لە

ناڕازی بوونی عەشیرەکان لە ناناوەندی حکوومەت کە بە سەرکوتی ئاماڕاتی پێشوو تەواوببوو هەروا لەئیسلاحاتێک کە بە قازانجی وەرزێرانی ئەرمەنی بوو،بەرهەمیان لێ وەرگرتبوو دەونێوەدا لە ماوەی شەڕی کەریمە لە1854 وشەڕی 1877-1878لەناوقەبایل کورددەستی بە دنەدان و هەڵفریواندن کردبوو. مەترسی لەناڕازی بوونی کوردەکان هەروا ترسێکی بەڕاستی بوو. لەڕاستیدا پاش بنیاتنانی حەمیدیە، ڕووسەکان لە یەکێک لە بەدرخانەکان، کە لەناڕازیان بوو،بۆ وتوویژ سەبارەت بە پێکهێنانی هێزەکی هاوسەنگ مەیلەو ڕووسیە بانگهێشنیان بۆ تفلیس کرد.
کۆکردنەوەی مرۆڤی تیرەوهۆزەکان،بەخشینی قەبیلەکان لەباج و پێتاک، تەعلیم و فیرکردنی ئەندامانی قەبیلە،بەتایبەت کوڕەکانی سەرۆک عەشایر لە ئەستانبۆڵ، هەموو ئەوانە بەشێک لەتێکۆشان بووکەبەئامانجی قاڵ بوونەوەی زۆرتری کوردەکان لە سازمانی ئەمپەڕاتووری بەڕێوەدەچوو. ئەم فکرە لەڕاستیدا هزرێکی باش بوو: کوردەکان زۆترو زۆرتر لەڕژیمی عوسمانی دەتوانەوە،سنورەکانی ڕۆژهەڵات بەوڕادەیە لەدابین کردن زۆرتر بەرهەمیان وەردەگرت،هیواداری دەکرا کە کوردەکانیش بەم ڕادە ئارامترو گوێ بەفەرمان بن. بەڵام بەکردەوە ئەم توانەوە هەرگیزڕووی نەدا، عەشیرەتەکان هەروا کێویی وڕەوەک مانەوە،بەڵام هێندێک سەرۆک عشیرە،بنەیان بۆشارگوێزتەوە.
ئەم سیاسەتە سیاسەتی کزوبێ وزەیش بوو. عەبدولحەمید نەیدەتوانی چ لەبابەت نیزامی وچ لەمەڕ کوکردنەوەی باج وپێتاک کوردەکان لەخۆی دڕدۆم بکات. بەم دەلیلە ڕاوو ڕوتی ئەوانی چاوپۆشی لێدەکرد،وژن برای –زەکی پاشا-لەجێگای فەرماندەری ئەرتەش ئەرزەڕۆم ئەوانی ئازادکردبوو، ولەوان لەبەرامبەربەرپرسانی ناوچەیی داکۆکی دەکرد. دەیتوانی ئەوان تێک بشکێنێت بەڵام ئەم شۆڵە بایی داگیرکردنی نیزامی دەڤەرو وەدی هێنانی پشێوی لە پەیوەند لەگەڵ ڕووسیە بە بێگانەتی قەبیلەکانی کورد، تەواو دەبوو.
ئیجازەدان (حەمیدیە)بەئازارو ئەزیەتی ئەرمەنیان ئەوند کەهۆکاری کزوو ناتەوانی بوو سیاسەتێکی هەڵسەنگاویش بوو. لە1895ئیدی مرۆی هۆزوتیرەکانی وابەستە بەحەمیدیە وسەربازی تورک،لەنێوان ئینقلابی و وەرزێری ئەرمەنی فەرق وجیاوازی دانەدەنا. (تەنزیمات)عەشایری لە حکوومەت جیاکردبوو، ئێستا باشتربوو بەوانیان ئازادی کردەوە دابوایە. بەمجۆرە عەبدولحەمید زەختی ئۆڕوپای بەهۆی دابەزینی ئیسلاحاتی خۆی، لە ئەستانبۆڵ تەحەمل دەکرد،بەڵام بەدانانی حەمیدیە لە ژێرئیختیاری زەکی پاشا، و وەدوورخستنەوی لە چوارچیوەی حوکمی کارگێرانی وڵات کارێکی کرد کە ئەم ئیسلاحاتە هیچ کات بە ڕوخسارێکی لێوەشاوەوە، بەڕیوە نەچوو. سەقامگیرکردنی ئارامی وقانوون لە کەوشەنەکانی بەرەگە شکاو، لە بەرامبەر وەفاداری بەسوڵتان لە دەرجە دووەمی گرنگی تۆمارکرا.
لە سەرئەوەش هەموو ئاکامی هەنگاوهەڵینان بۆ پێکهێنانی سوارەنیزامی (حەمیدیە)ئاشکرا ناپیرۆزی و نامرادی بێ ئەم لائەولابوو: نیشانەیەک لە قاڵ بوونەوەی جەماوەری عەشیەکان لە ڕژیمی عوسمانی نەدەبینرا. بە پێچەوانە،بە ئازادی کردەوەیەک کە بە هەنگەکانی حەمیدیە درا، عەشایرگەری گیانێکی تازەت وەرگرت وپشووی هاتەوبەر. جگەلەمە هەروەک لەڕاپۆرتی کۆنسوڵی بریتانیا دەردەکەوێ(پاڵشایان)زەکی پاشا بوو،بل لەوی گوێچکەیان لەکەسی دی ڕانەدەگرت(دەڵێن دەیانەوێ ئەمیری کوردستانی سەربەخۆبن) سەیرە کە سوڵتان عەبدولحەمید، لەوی مەشکووک بووە،چونکە هەتا پاش هاتنەخواری وی لەقاڵدڕمەی دەسەڵات لە11908ئەو هەروا لەمقامی خۆی مابۆوە. لە سەرئەوەش نوێبوونەوەی دەسەڵاتی عەشیرەیی کارێکی دیکەبوو. عەبدولحەمید بە

ڕادەیەک دژی ئیسلاحات بوو چەتوونە مرۆڤ فکربکاتەوە خەیاڵی گەڕانەوەی ئاماڕاتەکانی کوردنشین، کە باپیری وی،سوڵتان مەحموودی دووەم، لە ناوی بردبوو لە مێشکی گۆرانبێت. لەساڵی 1900بە کەم بوونەوی مەترسی لە هجوومی ڕووسیە و بەرز بوونەوەی نارازی بوونی خەڵک لە حەمیدیە، زەکی پاشای وردە وردە خەریکی پێشگیری لە زێدەڕۆیی حەمیدیەو تەمێی کردنی بەرپرسانی کە هەتا دوو ساڵ پێش دەیانتوانی بەپشتیوانی وی پاڵ بدەنەوە،کرد. لەو حاڵەشدا حەمیدیە هەروا بەبیچمێکی هەڕەشە کەر مایەوە. کاتێک ئەمپەڕاتووری هێدی هێدی بەرەو سەرەوژێری ئینقلاب خزی،ئەمە نەک ئاژاوە هەڵایسێنەرانی تورک بەڵکوو خودی سەرۆکانی حەمیدیە بوون کە هۆکاری دڵەڕاوکەی کارگێرانی دەڤەرەکەیان پێکهێنا. هەتا لەئولکەکانی شەڕیش حەمیدیە جگە لە سەرکۆنەیی ئاکامێکی نەبوو. بەم هۆیەوە چەندهەنگی وی وەرپێچرانەوەو لەناوچوون.
پاش سەرنخونی و تێکچونی ڕژیمی عەبدولحەمید بەدەستی (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)لە1908-کەلە پاژی دیکە بەتێروتەسەل سەبارەت بەوی دەدوێن-سوارە نیزامی حەمیدیە بەناوی هەنگەکانی عەشایری ناودیربوو،بەڵام لەڕاستدا لە سەربنچ وبنەوانی خویان چەقەرەیان داوە، سەرکەوتوویی (تورکەکانی لاو)وهەڕەشەیەک کە ئەم بزوتنەوە بۆ داکۆکیکەرانی پێشووی بە وجودهێنا و هەروا گەڕانەوەی ئەم بزوتنەوە بەحکوومەتی سەرەڕۆیی بێ غەل وخەشی تورک-دوایی سەردەمیکی کورت لە ئازادی –لە زوربەی بەشەکانی ئەمپەڕاتووری بەپشێویی و نائارامی وهەرج و مەرج تەواو بوو. لەکوردستان، لەناو بڵغاریەکانی مەقدونیە، لە ناوقەبایلی کاتۆلیکی باشووری ئاڵبانی،لە یەمەن-ئەوجێیەی کە میهدیەکی دیکە سەری هەڵدا-ولەئاکامدا لەناو(دەریوز)یەکانی پڕمەترسی حوارنی سورییە.
هەنگەکانی عەشایری لەگەڵ کەرتەکانی ئەڕتەش بۆ بازیک لەوناوچانەی ئاڵۆز ناردران. لە1908ئەم هێزانەی عەشیرەیی بۆ یەمەن ولە1911بۆ ئاڵبانی بەڕیکران. ولەوی گوڵیانکرد،وتەلفیاتیکی قورسیان دا،بەبۆنەی ترسوولەرزێک کەلەجەرەیانی گەڕانەوەی وەزعی ئاسایی کردیان ناوبانگیان کرد. دەتوانین بڵێین: کەلەسەرەتای شەڕی یەکەمی دنیاگر،کوردەکان لەسەریەک بە بێ عەشرونەشری وڕیگری ئەزیەت کردنی ئەرمەنیان دەنگین بوون.
بەمجۆرە سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ داسەپاندنی زۆرتری عوسمانی بەسەرشارەکانی دەڤەر،دوایی هات. بەڵام لەگەڵ جەستەی کێشمە کێشمی ناوخۆو،عەشاریری سەرەڕۆو مەسەلەی تێکەڵاوی هێرشەکانی جاروبارەی ڕووسیە ودەست بەسەرداگرتنی هێندێک لەدەڤەرەکان، وەزعەکە ئیکجار لەرزۆک بوو،و ئەم مەعجونە لە ئاکامدا لە پاییزی ساڵی 1914هەڵگەڕاو تەقیەوە.

سەرچاوەکان:

بریتانیای مەزن،بڵاونەبۆوە: ئیدارەی ئارشیڤی گشتی،بەڵگەودیکۆمەندی وەزارەتی دەرەوە،سرەکانی 148و382و391و371وژمارەکانی 346،-5400و953 وەزارەتی جەبگ5964/106

بریتانیای مەزن،بڵاوکراوە: بەڵگەودیکۆمەندی پەڕلمانی، تورکیەژمارەکانی 16(1877)28(1877)، 54،(1، 1877(1878)، 10(1879)، 4(1880)، 5، (1881)، 2(1896)، 3(1866)، 6(

1896)،31897)،1898)کاپتن اف.آر.ماونسل،گوزارشی نیزامی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی تركیەدرآسیا (لندن،1893)

منابع درجەدوم: بطروس ابومنّە(نقشبندیه مجددّیه درسرزمینهای عثمانی دراوایل سده نۆزدەهم)جهان اسلام، جلددوازدهم،1982)(1984،اینزورث،سفرها وپژوهش ها،حمیدآلگار، (طریقت نقشبندی)بررسیهای اسلامی،جلد44، -1976،دابلیو.ای.وی.آلن وپ.موراتف،نبردگاهای قفقاز(کمبریج 1953،جولیان بالدیک،عرفان اسلامی(لندن، 189)،برانت،یادداشتها، مجلة جغرافیایی،جلد10- 1841،ماتین وان بروئن سن،آغا،شێخ ودولت،کاپتن فردبرنابی،سفرسوارەدرآسیای صغیر(لندن،1877)،اسقفن دوگید،(سیاست وحدت:سیاست عبدولحمید درآناتولی شرقی)،مطالعات مربوط بەخاورمیانه،شماره9،مه1973،دایرەالمعارف اسلام،چاپ اول،)،جمیزبیلی فریزر،سفردرکوردستان،بین النهرین(لندن،1840)،گیلان،(کُردهای ایران وتهاجم عثمانی) مجلة جهان مسلمان،شماره5،مه1908،جیریگەاتن،ازمیان بخش قسیایی ترکیه(لندن،1878)،آلبرت هورانی،(شێخ خالدوطریقت نقشبندی)درچاپهای اس.ام.استرن،ا.ە.هورانی واچ.وی.بروان،فلسفةاسلامی وسنتهای صدراسلام(آکسفورد 1972)،ڕیچاردهووانسیان،ارمنستان برراەاستقلال (برکلی ولوس انجلس 1967)،جوزف،نستوریان وهمسایەگانشان، درک کینان،کُردها وکُردستان (لندن،1964)، لبارد،کشفیات،اچ.اف.بی.لینچ،ارمنستان،سفرها وپژوهشها(دوجلد،لندن 1910)،شریف ماردین،دین وتحول اجتماعی درترکیة جدید(نیورک، 1989)،ویلیام میلر،امپراتوری عثمانی،1801- 1930(کمبریج،1913،موسی،غلاەشێعه(سیراکوز،1988)،بازیل نیکیتین (کردها بەروایت خودشان)،آسیای فرانسه،شماره231، پاریس،مه1925،ضمیمة 1،اولسن،ظهورناسیولیسم کُرد وقیام شیخ سعید،1880-1925(آوستین،1989)،ارل پرسی،سرزمینهای کەهستانی ترکیة آسیا(لندن،1901)،ڕیچ،حکایت یک اقامت، مری شد،قدرآدمی(نیورک،11922)،سرهنگ دوم جێ.شیل،)یادداشتهای درباره سفرازتبریز ازخاک کُردستان،ازطریق وان،بتلیس،سیرت واربیل بەسلیمانیه درژوئیه واوت 1836)مجلة جغرافیایی،جلدهشتم،1938،ای.بی.سون،سفربەبێن النهرین وکردستان درهیأت مبدّل،(لندن،1912)،مارک سایکس،(قبایل کردامپراتوری عوثمانی)، مجلة انستیتوی مردمشناسی، شماره38،لندن،1908،وآخرین میراث خلافت(لندن،1915)،اچ.اف.تەز،ارمنستان ترکیة وشرقی صغیر(لندن،اس.واکر،ارمنستان،بقای یک ملت،لندن،1980)

لێکۆڵینەوەکانی بڵو نەبۆوە: حەکیم هەڵکەوت: (تریقەتی نەخشبەندی لەکوردستان لەسەدەی نۆزدەهەم)(کۆیایی مامەی دکتۆرای سۆربن،1983)

دادداشتەکان:

1-ئەم ژمارە وێدەچێ دکتۆری راستی بووبن،بەڵام بەبۆچوونی(انیزورث)کەبەو ڕادەلەکوردەکانی نیگەرانی هەبوو،دەڵەڕاوکەی دنەدانی ڕووسیەکانیش بووە،غولام ومەعمورشراوەیان کردون. اینزورث،سفرەکان ولێکۆڵینەکان،جلد2،لاپەڕەی379

2-پێشتریش گوتمان کەشەرەف ئەدین بتلیسی بەشێک لەشوین تێکردنی خۆی دەینداری کەسایەتی وماقولایەتی ولێهاتوویی باوکی بوو. مەترسی گەورەی ڕێبەرانی مەزەبی ئەوهێندەبوو کەکاتێک سوڵتان مرادی چوارم یەکێکی ئەلەم ڕیبەرانەی شوین تێکەری نەخشبەندی بەناوی شێخ مەحموود ئۆرمی ئیعدام کرد،مەترسی شورشێکی گشتی لەناوچەهەست پێدەکرا. وان بروئن سن وبوشوتن،دیاربەکر،لاپارە 552.

3-بەکردەوە تەنیا شێخەکانی تاڵەبانی بوون کەداوای سەیدایەتیان نەدەکرت.

4-مانەوەی لەلای بەرزنجیان دەبێ بەوشیاری حیساب لەسەربکرێ،چونکە بەرزنجیەکان وجافەکان پێکەوە دوژمنایەتیان هەبوو. بەهەرحاڵ شێخ خالید ئیجازەی بۆ ڕێنوێنی بە تەریقەتی قادریش هەبوو،بەڵام وەک دەدیترا چ کاتێک کەسی ڕێنوێنی بۆ ئەم تەریقەتە نەکرد.

5-لەڕاستیدا لە1826چاخێک تەریقەتی بکتاشیە سەرکوت بوو،تکیەکانی وی بە، نەخشبەندیان دران.

6-شێخەکانی دەیکەش هەرچەند مریدیان کەم بوو لەڕیزو حورمەتیان هەبووکە بریتی بوون: لەشێخەکانی قادری بریفکان وشێخەکانی نەخشبەندی بامرنی .

7-لیارد کەشفیاتی جلد 1،لاپەڕەی 38.

8-ابومن ّە(نقشبندیە مجدد ّیە)لاپەڕەی 15.

9-ئەسنادو بەڵگەی پاڕلەمانی تورکیە ژمارە 5،(1881)گۆڕینەوەی نامەمەڕبووت بەهێرشی کوردەکان بۆئێران،قاقەزی شێخ عەبەیدوڵڵا بۆ دکتۆرکۆچران،15 ئۆکتۆبەر1880گرێدراوە بەنامەی ئابووت بەناوی تامپس، ئۆرمیە،17ی ئۆکتۆبری 1880

10-بەزاهیران لەمەداشک وگومان نیە کەئامانج لەم کردەوەی جیاکەردنەوەی هەموو کوردستان لەئێران وعوسمانی پێکێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەڕیبەرایەتی وی بووە. ئەسنادی پارلەمانی، تورکیە ژمارە 5،(1881،نامەی تامپس بەگرانویل، تاران،31 ئۆکتۆبری 1880،هەروا بڕواننەلێقایم کراوەی ژمارە 22،قاقەزی تراتر بۆ گۆشن، تراپیا،20ئۆکتۆبر 1880،

11-یەکێک لەمە لێدانی هەزارشەلاق لەسەرۆک قەبیلەیەک وئیعدامی 5کەس لەهۆزێک بوو.

12-ئەمانەبریتی بوون لە: موکریەکان،مەنگەڕەکان، زەزاکان، وقەرەپاپاخەکانی شێعە.

13-نەستوریها کاتێک لەمەسەلەکەحاڵی بوون هەڵاتن.

14-ئابووت لەجەرەیانی هەمارۆی ئورمیە چاوی بە شێخ عەبەیدوڵڵاکەوەت، ولەوی داواکرد ئیسکورتێکی بۆ بەرێکردن ڕەگەڵ بخات. ئەم جەرەیانە بەوەخت گوزارش کرا، بەڵام ساڵێک دوایی ئابووت گوتی: کەلەم چاوپێکەوتنە چ گوتراو گوزەرا. وەزارەتی دەرەوە،248-382، نامەی ئابووت بەگرانویل، ئۆکتۆبری 1881،

15-مری شد،قدرآدمی(نیورک 1922)صفحة 45،بەنقل ازجویدە،جنبش ملی کُرد،صفحة 267.

16-اسنادی پارلمانی ترکیە شمارە5(1881)،نامەآبوت بەتامپس،ارمیە،7اکتبر1880،پیوست 1 شمارە 61.

17-اسنادپاڕلمانی، ترکیە5(1881)،نامة تراتربەگوش،تراپیا،20اکتبر1880

پیوست نامة گوش بەگرانویل،تراپیا،24 اکتبر 1880

18-(دەیەوێ وڵاتێکی سەربەخۆ لەمەڵبەندەکانی کوردنشین پێکبێنێ،بەم دەستەبەرە کەهەمووساڵێک پێتاک بەڕادەی باجێک کەهەنۆکە لەکوردستان کۆ دەکرێتەوە بەدەوڵەت بدات.)ئەسنادو دیکۆمەندی پاڕلەمانی،تورکیەژمارە 4(1880)،نامەی کلیتن بۆتراتر،وان،10سپتامبەر 1879.

19-وەزارەتی دەرەوە 382/248 قاقەزی ئابووت بەگرانویل،تەورێز،ئۆکتۆبر 1881.

20-هەتاسەرەتای ساڵی 1881ئەستانبۆل هێشتا هەنگاوێکی لەمەڕ سزای شێخ عەبەیدوڵڵا هەڵنەهێنابوو-تاران قەڵس بوو،چونکە شێخ، ئێرانی هەڕەشە بەدەست درێژی دیکە دەکرد. تەنیا لەژوئین 1881بوو کەدەست بەسەرکرا وبۆ ئەستانبۆڵ ناردرا. لەسپتامبەرڕایکردو بۆ نێهری گەڕاوە.
21-شوین تێکردنی شێخ عەبەیدوڵڵا گەلێکی لەمەسیحیان لەکوشتن ڕزگارکرد،لەورمێ لەلایان پڕوپاگەندەچێ ئامریکایی جێگای متمانەبوو. بەڵام ساڵێک دوایی بەناوی دنەدانی نەستۆریەکان دەنگین بوو.
22-ئەسنادی پارڵەمانی تورکیةشمارە5(1881)قاقەزی کلیتن بەتراتر،باش قلعە،11 ژوئیە1880،قائیم کراولەنامەی ژمارە7.
23-ئەسنادی پارلەمانی،تورکیە ژمارە5(1881)قاقەزی گۆش بەگرانویل، قوستەنتەنیە،29نوامبەر 1880.
24-ابومن ّە(نقشندیە مجدد ّیە)لاپەڕەی 15.
25-یەک دوو هەنگی تورکمان ئامادەبوون.
26-بۆ نموونە لەناوەخۆی حیدەرانلوو جەلال یەکان چاولێبکەن بەقاقەزی تامپس بەناوی فین،ئەرزەڕۆم، 27ی فۆرییەی 1892،لەئەسنادی پارڵەمانی،تورکیەژمارە3(1896).
27-لینچ، ئەرمەنستان،جلد2،لاپەڕە 219.
28-ئەسنادی پەرلەمانی تورکیە ژمارە6(1896)نامەی هالوارد بەگریوز، وان،10سپتامبەر1894.
29-دوو تاوانباری گەورە بریتی بوون لە: سەرۆکی قەبیلەی حەیدەرانلی کەلەدەیەی 1870بەخەراپەناوبانگی هەبوو،شێخ محەمەد سەدیق کوڕێ شێخ عەبەیدوڵڵا کەلەمقامی خاوەن پلەوپایە سوارەی حەمیدیەی وەکووبابی دێهاتیەکانی موسیحی نشینی ئەزیەت کردبوو.
30-ئەسنادی پارڵەمانی، تورکیە ژمارە(1898)کرو،گوزارشتی سەفەرلەساسون بەگنج،بتلیس،ژوئیة 1898.
31-ئەسنادپارڵەمانی، تورکیە ژمارە1898)8716ث،نامەئەلیوت بەکاری وان،1سپتامبەر1898.

---

پاژی(5)

قاجارەکان و کوردەکان

سەرەتا:

خاوەن نەزەرێک کە لە ساڵی 1914دەڕوانیت، هۆزوتیرو عەشیروقەبیلەکانی کورد لە دۆخ و مەودایەکی ئەوهادا دەبینێ کە وەکوو سەدەی بەرێ هەڕەشەیەکی بەڕاستی بۆ حاکمیەت وفەرمانڕوایی وحوکم ودەسەڵاتی ڕژێمی قاجارییەن. بێگومان سەرلە ژێرفەرمانی ڕێژیم نین،لەگەڵ سیاسەتی ناوچەیی رووسیەو عوسمانی گەمەدەکەن. ئاڵۆزی وپشێوو شپرزەیی بەڕادەی پێویست لەگۆڕیدا، بەڵام ئەم بۆچوون ولێکدانەوە کە ئێستاش وەکوو سەدەی بەرێ بۆ (توانەوە)نابن لەوەهەم وخیاڵ وێوەتر نییە،بەڕیک لە سەربنچینەوبناخەی کزولەرزۆکی بێ وێنەی تاران لەماوەی دوو دەیە

بوو كه لەساڵی 1914دوایی هات. بەڵام لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم جەریاناتێك ڕوویدا كەلەنزیكەی ساڵی 1914ئیمكانی توانەوەی كوردستانی له وڵات، زۆر له كردنهاتووتر له هەرچاخێك له ڕابردوو كرد. لەمەدا دوو دڵی نییه كه له مەڕنیزامی جەستەی تفەنگەكانی تاپۆڕ وئوتماتیك وتۆپەكان بەسیستەمی ئیدرۆلیك، ئەگەرهەتا ئێستا هێندەش دژی كوردان كەلكی لێ وەر نەگیراو بوو، بەڵام زنگوڵەی مەرگی سەربەخۆیی قەبیلەكانی كوردی ڕاوەشاندو، وەدەنگ هێنا. هۆزەكان ئەگەر هەتا چەكدار بەتازەترین چەكیش ببوان، بەدەگمان دەیانتوانی به سەرو بەرێكی تەواو بۆ شەڕەكانی ئاسایی بەوجۆره چەكانه پۆشتەبن،دواڕۆژی وان لەگروو بارمتەی شەڕەكانی چریكی بوو.
بەم جەرەیانی ئابووری-كۆمەڵایەتی،لەم مەسەلەی توانەوە،ڕۆڵێكی تەقریبەن گرنگتریان هەبوو. هەوڵ ئەمه كەله سەدەی نۆزدەهەم عەشایرگەری لەسەرانسەری ئێران بەرەو خوارو گلۆردەبۆوە. ژمارییەكی زۆر له خاوەن چادروكەتەپەز یەكجێ نشین بوون. سەرۆكی عەشایری خێڵاتی بەملْكداری دەمەزن گۆڕدران وبەئەمنیەت وئاسایش هۆگربوون و ئیلاقەیان پەیداكرد. لەئاكامدا ئینقلابی مەشروتیەتی ساڵی 1906جەغزەكانی مەودای دیاری كراوی نێوان كوردەكانی شارنشین وخێڵات وئاژاڵدارانی قەبیلەیی وێنەكێشاوڕەسم كرد.

بی هێزو توانایی قاجاریه

(ئێرانی)ش وەكوو عوسمانی لەماوەی سەدەی هەژدەهەم بێ هێزو پێزێكی توندی لەئەزموندا، كه بەكۆتایی زنجیرەی سەفەوی لە1735 دوایی پێهات.
دوایی شێست ساڵ پشێویوو ئاڵۆزی و نائارامی سیاسی، بنەماڵەی قاجاریەكان لەئاكامدا لەساڵی 1794دەسەڵاتی خۆیان بەسەروڵات داسپاند. قاجاریەكان قوبڵەی هۆزایەتیان هەبوو، وبیرەوەری ئەم تاسەو بنچینەی ئەویان ڕێز لێدەگرت،لە عەینی حاڵدا تێدەكۆشان دەم ودەزگای سەلتەنەتێكی بێ قەیدو شەرتوو بەجەلال وشەوكەتوو تەنتەنه وەدی بێنن.
بەڵام بەتەنگەژەو تەنگ وچەڵەمەی سام لێكەر ڕوو بەڕوو بوون. هاتنەخواری دەسەڵات وفەرمانرەوایی وشوێن تێكەری دەوڵەتی ناوەندی له بەشی كۆتایی سەدەی هەڤدەهەم بەم لاوە بەنائەمینی وئاڵۆزی له پارێزگایەكان تەواوبوو و له هاتنەپێشی ئەم پشێویه عەشایرەكان یەك لەوان كورد هاوبەش و ڕۆڵیان هەبوو. لەماوەی هێرشی ئەفغانیان لە1709 بەم لاوە هۆزەكانی كوردیش وەكوو نەیارانی دەرەكی ئێران لەسەرئەو ڕاده دەسەڵات و سەرزەمینێك كه دەیانتوانی دەستیان بەسەرداگرت. بۆ نموونه،له17191هۆزەكانی كورد هەمەدانیان گرت و هەتا تقریبەن له ئیسفەهانیش شوێنیان كرد. كاتێك نادرشا له1747-وئەزقەزا لەماوەی له شكركێشی بەئامانجی سەركوتكردنی هۆزەكانی كورد-كوژرا،خێڵاتی چادرنشینی زاگروس-یانی كوردەكان ولوڕەكان وبەختیاریەكان بۆ بەرهەم وەرگرتن له بۆشایی دەسەڵاتێك كه هاتبوو ئارا،بەرەوفارس پێیان پێوەنا وخلۆربوونەوە.
هەڵ ومەرج و، بارودۆخێكی ئەوها ئاڵوزوو تێكەڵاو، گەلێك لەخەڵكی یەكجێ نشین وبێ پەناو پەسیووی به فكری پێكهێنان و دابین كردنی ئەمنێەت لەبەرامبەر هۆزەكانی دەراوسێ كرد. لەئاخرئۆخری كۆتایی سەدەی هەژدرهەم ئاپوورەی هۆزوتیرەكانی وڵات زۆر زێدەتر لەسەدەی پێش

بوو. سەرافەت و قودرەت بەسەرداشکان وحوکم وچاوەدێری لەسەرئەم تایفەو عەشیرو هۆز، هۆی دڵەڕاوکەی گرنگی قاجاریەکان بوو. ئەم مەسەلە تەنگەژە وگرفنجێکی تازەنەبوو،بەڵام بۆ قاجارەکان تەنگ وچەڵەمەیەکی توندوتیژ بوو،وزوری بەم هۆیە کە بەدوای پارچە پارچەبوونی ئێران لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم فکروهزری یەکپارچەبونی وڵاتێکی، بۆ مەملەکەت سەرلەنوێ گڕاندبوونەوە. هەر حوکمڕانێکی قاجار لەمە،یان لەوبەشی وڵات لەگەڵ سەرۆکانی بە هیزو توانای قەبیلەکان لەکێشمەکێش دابوو.

لەم بارەوە کە حکوومەتی ناوەندی(ئیسفەهان،پاشان تاران) لەزاگروس تەقریبەن نزیک بوو،مرۆڤ لە باڵە خۆیدا وای بۆ دەچوو کەحکوومەت هەنگاوێکی مجدوچالاک بۆ سەرکوتی سەرۆک هۆزەکان دێنێتەکایە. بەڵام زوربەی لە سەرۆکان داواکاری(داکۆکی) لەعوسمانی بوون کە سوننەمەزەب بوو،بەڵام زورتر بەم هۆیە کە ئەستانبۆڵ گەلێک دوورترلەئیسفەهان یان تاران بوو،لە بەرئەمە کۆکردنەوەی باج وپێتاک یان ئازوقەو یان داوای سەربازگیری لە هەڵ و مەرجێکی ناباشتر دابوو. تێکۆشان بۆ هێنانە ژێرفرمان و کەوی کردنی کوردەکانی حەکاری کە لە ناوچەکانی دوورتر لە سنوور دانیشتووبوون.، بەکردەوە شۆڵێکی لە خۆرایی و چونەبوو،چونکە ئەم خەڵکە لەدەڤەرەی شاخاوی گەلێک ئەستەم بڵاوببوون.

خێڵاتی هەرکات کە پێویست دەبوو لەجەغزی کەوشەنی ساڵی 1639کە دایم ودەرهەم چەقەوگوڕەی دوو دەوڵەت بوو ئاوا دەبوون. هەردوو لایان، یانی عوسمانی وئێران،بە نەشەو دەماخ شورشگێری یەکدریان پەنا دەدا.

حکوومەتی ئێران بەو ڕادەیە لە هێزو پێز کەوتبوو کە دەسەڵاتی بەسەرجەماوەری کوردیخۆی نەدەشکا. هیواهەڵچنین لەسەردەسەڵاتی بێ پێز ولەڕی حکوومەتەکانی ناوچەیی زوربەی بەمانای تەوژمی زۆرترلەسەرخەڵک بوو هەتا داکۆکی لەوان، چونکە حکوومەتەکانی کزو لەرزۆک ناوچەیی لە جیاتی ڕوو بەڕووبونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەروک هۆز کە ئاکامی وی نامەعلووم وهەرواپڕخەرج بوو،لەگەڵیان ڕێکدەکەوتن. لەمەڕ کشت وکاڵ،خەتی نێوان کە حکوومەتی ناوچەیی وسەرۆک قەبیلە و فەرماندەری نیزامی وخاوەن ملکی لێکدی جیا بکاتەوە زوربەی جێگای لێک جیاکردنەوەنەبوو.

قاجارەیە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم بەپێچەوانەی زێدەبوونی پەیوەندار بەدەسەڵاتی نیزامی عەشایربەم هۆیەو توانی مانەوەی خۆی بەردەوام کات کە ئەم هۆزانە نەیاندەتوانی دژی حکوومەت پێکەوەبەرەیەک پێکبێنن. قاجاریەکان زوربە،ناعیلاج بوون سەرۆکەکان پەسند بکەن وبەفەرمی بناسن کە دەسەڵاتی بێ ئەم لائەولای خۆیان بەسەرهۆزوتیرو قەبیلەکاندا سپاندبوو. پەسەندی حکوومەت و شەرعیەت پێدان بەوی هێشتا بۆ سەرۆک عەشیرەکان گرنگ بوو. هەرچەند کەڕەنگە (شا)ڕێگا چارەیەکی جیا لە پەسندکردنی سەرۆک قەبیلەیان خاوەن شوین تێکەری ناوچەیی لەجێگای حکوومەت نەبوو،

لە بەرامبەرئەم سەرۆک عەشیرەیان خاوەن شوێن تیکەریش دەیزانی کە بە وێچونونی نزیک بەیەقین بە لەدەست دابوونی فەرمانی(پاڵشا)دەتوانێ بێ ئەملا ئەولا لە دەڤەر فەرمانڕەوایی بکات. هەڵبەتە ئەم ڕەوشتە هەمێشە جیاوازی تێدابوو. لەنزیکەی ساڵی 1810عەباس میرزا جێگری سەلتەنەتی ئێران خەریک بوو یەکێک لە سەرۆکانی حەکاری کەلەلایان (ئاغا)کانی فەرمان نەبەر ڕاونرابوو بۆ سەرۆکایەتی بگەڕێنیتەوە، بەڵام کە سەرکەوتنێکی لەم بارەوە وەدەست نەهێنا-پەسندو ناسناوی فەرمی حکوومەت لەم سەر زەمینەی ئەستەم و حاسێ ئاکامێکی وەرنەگرت.

لە پەیوەند لەگەڵ یەکگرتوویی عەشایری مەزن وڕیگاچارەی سانابیتر، قاجاریە دەستەوداوین بە هەڵچوونی کێشمەکێش وکێ بەرکێ دەبوون، وبەم جۆرە بەلاق دەنیونانی سەرۆکانی دەستەمۆ، حوکمڕانیان دەکرد،بێ جەستەی وان کارەکانیان لەنگ دەبوون وبەرەوپێش نەدەچوون. هەتا سەبارەت بەپارێزگاری پارێزگاکانی (ئەردەڵانی)ش کەلەسەردەمی وەدەست گرتنی دەسەڵات لەلایان قاجار لەساڵەکانی 1790ودوایی وی لەلایانگرانی گرنگی ئەم خانەدانە بوون ئەبەمجۆرە دەجۆڵانەوە. بەپێچەوانەی وەفاداری پاریزگارەکان(استانداران) ئەردەڵان کە دەیانجار ئەزمونیان تاقی کرابۆوە،پاشاکانی قاجار زوربەی(بۆ بەرێوەبردنی شوێن تێکەری لە مەسەلەی جێگریدا تەداخولیان دەکرد، و بەداکۆکیکەرانی حکوومەت پەیوەندار بە لکەکانی لاوان، چەقەوگوڕەو کێشەیان دەخولقاند. بەم شێوازە حاکمەکانیان پتربۆ لای خۆ ڕادەکیشانوو، وابەستەو، دەستەمۆ دەکرد) ئەمەجەرەیانێک بوو کە لە ڕکەبەری بۆ جێگری پاریزگاری ئەردەڵان لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم ڕوویدا. قاجارەکان کە بۆیان لوابوایە بەئامانجی دابین ودەستەبەری دەستەمۆی بنەماڵەکانی حاکم، لەوانیان دەویست بارمتەیەک بۆ بارەگابنێرن. خوسرەوخان ئەردەڵان کەدایکی کیژێکی قاجار بوو لە دەرباری پەروەردەکرا-ئەمە بۆ تأمینی رەفتاری پاریزگار-یانی باوکی-باشترین ڕیگابوو.
قاجاریەکان لەو نێوەدا تێدەکۆشان کە سەرۆکانی قەبایل لە ڕیژێم دابتوینەوە. هێندێک جارکیژەکانی خۆیان بەسەرۆک هۆزەکان و بنەماڵەکانی حاکمی ناوچەیی بەمێرد دەدا،وبەڕاکێشانی ئەم سەرۆک عەشیرانە بۆ ناوچوارچیوەی دەسەڵات وسەلتەنەت ئابڕو کەسایەتی ومەوقعیەتی خۆیان پێ قایم دەکرد. بەمجۆرە خوسرەوخان،کەبەناوی والی جێگری بابی بوو، یەکێک لەکچەکانی فەتعەلی شای مارەکرد. ئەم کیژە کەسایەتیەکی ئیکجار بەهێزو تواناولێزان وپسپۆر لەکورەهاتەدەر. ئەوحاکم وحوکمڕانی بەڕاستی کوردستان بوو،ودەرگای بارەگای (شا) دائیم و دەرهەم لە ڕووی هاوەڵا بوو،کاروباری حکوومەتی بەڕیوەدەبرد، ولە دوایی مردنی خسروخان، وەکووجێگری حکوومەت ماوە،لەجێگای کورەکەی لە حکوومەت بەردەوام بوو. هەروا هەتا دانانی ڕاستەوخۆی والی لەلایان ناوەندی و لە ناوچوونی ئەردەڵان لە1865 هەنگاوێکی کورت وێوەتر نەبوو.
لە جێگەکانیتر ئەم جەرەیانە بەدرنگترو لە سەرەخۆتربوو، بەڵام لەکۆتایی سەدەحووکمێک کە زوربەی ئەندامی بنەماڵەی قاجاربوون،جێگای سەرۆکانی کوردیان گرتەوە. لە باشووری ئەردەڵان، یانی لەدەڤەرەکانی باکوورو ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ،سەرزەمینی موکری بوو،ئیتحادیەکی بەهیزبوو وباشترین سوارەنیزامی حکومەتی دابین دەکرد. یەکگرتوویی موکری لە حاڵیکدا کە بەفەرمی لەوی داوادەکرا کە200سوارکۆکاتەوە، لەڕاستیدا دەیتوانی 4000سواربۆ مەیدان بێنێت لە سەرئەوەش دیسان هێز بە ڕادەیەکی تەواو بۆ هەڵگرتنی دەخڵ ودان وبەرگری لە ناوچە لە گۆڕێ نەبوو. بەڵام بۆکەلک وەرگرتن لەوان(شا)بەتایبەت لەساڵەکانی دەیەی 1830،چارەی بێچاربوولەگەڵ گوندەیەکان پێکبێ،یانی ماڵیاتێکی کەمیان لێ بستێنێ،چونکە دەزگای سەلتەنەت شوێن تێکەری دەروونی لە سەرەوان نەبوو وئەوان بەهێزوتواناتر لەوە بوون کە(شا) بتوانێ ئەوان بەزۆرەملی بۆ سەردانواندن واداربکات. لەڕاستیدا لە دوایدا قاجار هاتنە سەر ئەو بڕیارە کەشازادەیەکی لەتاران بەناوی حاکم بۆ ناوچە بنیرێن،نارەزایەکی زۆرتوند لەساوجەبڵاخ (مەهاباد) دەستی پێکرد،تاران مەجبووربوو بەم شێوەی پیشوو هەڵبژاردنی موکریەکان دەم پێدابێنێ وقەبووڵ بکات-هەتا سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی دنیاگر لە1914موکریەک حاکمی دەڤەربوو. ڕوو داوی شێخ عەبەیدوڵڵاو وتەنگەژەیەک کە شکاکەکان لەکۆتایی سەدە هێنایانەدی هەروا ڕووداوەکانی پەیدابوو لەدەستدرێژی عوسمانی و ڕووسیەبۆ ئازەربایجان نیشانی دا کە ئەوحاکمانەی کە لە پایەگای ناوچەییان نییە بەکردەوە بێ

هیزوپیژن، وحاکمی هەلبژیردراوەی بارەگای قاجار مەجبووردەبێ بەهەڵگردنی ئاگری چەند بەرکی لێک تیژکردن وبەشەڕدانی عەشایرو تیرەو هۆزەکان،یانی تێک بەردانیان حکوومەت بکەن.
بێگومان گۆڕانکاری ئابووری بەقاجارانی یارمەتی کرد. لەماوەی ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ژمارەی خێڵاتی (چادرنشێنان)بازێک بەهۆی قاتی توندی ساڵی 1896،کەلەبەرامبەری ئەو ئاژاڵداران زەرەرویێکەوتووتر لە وەرزیران بوون وهەروا بازێک بەهۆی لە برەوبوونی چاندنی حاسڵات وەک تەنباکوو کە یەکجێ نشینی بەقازانجتردەنواند،وردە وردە ڕووی لەکم بوون کرد. لەنزیکەی کۆتایی سەدە ژمارەی ئەودەستەلەوخەڵکەی کەهێشتا بەمانای وشە چادرنشین و خێڵەکی بەحیساب دەهاتن، وێدەچی لەیەک سیوم بەیەک چوارمی جەماوەر کەم بوو. بۆ نموونە،موکریەکانی لە دەوروپشتی 1900بەدوو جێ دابەشکرابوون. بەشێ ئاژاڵدارو بەشی یەکجێ نشین. وئەم بەشەی یەکجێ نشین نەک تەنیا یەکجێ نشین ببوو بەڵکوو بە چەتوونی لەجێ ڕابوون و سەرچاوەی عەشیرەتی خۆی ئاگاداربوو. ئەم مەسەلە بۆ ڕێبەری قەبیلەش شوین تێکەری هەبوو. سەرۆکانی عەشایر نەک تەنیا خاوەنی ئەوگوندەانە بوون کە ئەندامی عەشیرەتەکەیان لەوێ نشتەجێ ببوون بەڵکووهێورهێورخەریکی بەدەست هێنانی ئاوایەکانی دەرەوەی دەڤەری هۆزەکەشیان بوون. دەست بەسەرداگرتنی مڵکەکی زۆر،ئاتاجی بەحکوومەت،یان هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی قاجار ڕاکێشان ودڵرفێنی ژیانی شاری زۆری لەسەرۆک هۆزوتیرەو بەمانەوە لە ناوەندی ولایات بۆلای خۆی ڕاکێشا،و هەودای دەپەیوەندی قەبیلەوهۆزو عەشیرەو تیرەی سست وبێ دەوام کرد.
قاجارەکان بەردەوام لە لایان دراوسێ کانیان هەڕەشەلێدەکران. جگە لە مەترسی بێ لێبڕانی عوسمانی وئەبکەکان وتورکمانەکان لەدەست درێژی بە ئیران ودەست بەسەرداگرتنی بەشەکانی وی، تەوژمێکی تازەلەلایان زلهێزەکانی ئۆڕوپایی یانی بریتانیاو ڕووسیەش بووباری سەرباران: بریتانیاو ڕووسییە هەتاساڵی 1914بۆ شوێن دانان لەبارەگای قاجار لەگەڵ یەکدی لەکێ بەرکێ دابوون. ڕوسییەوعوسمانی پێشتر لە لەشکرکێشی ئەفغانەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەشەکانی باشوورو ڕۆژئاوای ئێران بەرهەمیان وەرگربوو. کوردستان و ئازەربایجان لەسەرڕێگای سوپایەکانی دەوبرسی چڵێسی ڕوسیەو عوسمانی پاروی دەهەوەس بزوێنبوون، وئەمە شتێک بوو کە لە بەرچاوی ئازادیخوازی کردەوەی ئەم دوو ناوچەیە دوورنەدەماوە.
لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەم ڕووسییەزۆرتر سەرزەمینەکانی ئیرانی هەڵکەوتوو لە باشووری ئەرسی دەست بەسەرداگرت،ولەساڵی 1800گورجستانی بەم پێرستەزێدەکردبوو. ئێران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەست درێژی ڕووسیە بۆ سەروسامانان بە ئەرتەشی خۆی خەریکی بەدەست هێنانی یارمەتی ئۆڕوپایان بوو ولە1812تێکۆشا لەم نێوە کەڕووسیە تووشی هجوومی بناپارتە،زەرەرەکانی وێکەوتوو قەرەبۆ بکات. بۆ دەست وێڕاگەین بە پەیمانی ئاشتی کەلە1813 بەئیمزاگەیی تەزاری ڕووسیەلەلای خۆی و جێگرانی دەستەبەربوو کە هەرکام لە شازادەکانی کە شای ئیران بەجێ نشینی خۆی دیاری کات بەناوی میرات گری بێ قیدوشەرتی سەلتەنەت بەفەرمی بناسێت. ئەم مەسەلە هەرچەند وێدەچێ بەبەرقەراری ئەمنیەت یارمەتی دەربێ بەڵام ڕێگای لەڕووی تەداخولی دەرەکی لەوڵات کردەوە.
بریتانیا کە نیگەرانی شوێن تێکردنی ڕووسیە وهەڕەشەی توانایی خۆی لە هندو دڵەڕاوکەی تێکۆشانی فرانسە لەدابین کردنی ئالیکاری ئێران دژی ڕووسیەبوو،لێژنەی نیزامی زۆری بۆ بەهێزکردنی بەرگری ئێران لەبەرامبەر ڕووسیە بۆ بارەگای سەلتەنەتی ئێران نارد.

چوونەسەری شوێن تێکردنی رووسیە لە تاران،پایتەختی قاجار،لەبەدەست هێنان و لە دەست دانی سەرزەمینەکان ئاشکرابوو: چونکە ڕووسیە بۆخۆی هەرجارێک ناجارێک پاروەکی لە قەفقاز دەڕفاند ئێرانی بەهێرش کردنی بەخاکی عوسمانی دنەدەداو،وادارەدەکرد. لەساڵی 1827ڕووسەکان ئەوهەی کەلە باشووری ئەرس مابۆوە،یانی شارەکانی ئێرەوان ونەخجەوان و دەڤەرەکانی جێ دانیشتنی قەبیلەکانی کورد ئەم ناوچەیەی بەخۆوە لکاند. دانان و دیاری کردنی ئەرس بەناوی خەتی سنوور لەوساڵیدا لەگەڵ بەڵیننامەی تورکمانچایی بەرقەرارکرا.
ئەم خاڵەجێگەی حاڵی بوون هەڵکراندن بوو کەقاجار لەتێکۆشانێک کەبۆ ڕاگرتنی توانایی ناوندی هەیانبوو لەم بابەتەوە ترسیان ڕێنشتبێ کە ئەسپاردنی هەرجۆرە دەسەڵات یان ئازادی، هەڕەشەیەک سەبارەت بە دۆخ و چلۆنایەتی حکوومەت دەبێت. بەڕیوەبردنی قودڕەتی موتڵەقە وتێگەینی ئەم مانایە کە ئەسپاردنی ئەم ئیختیارە نەک لەکارکردنی دەسەڵات کە لێکدانەوەی دەلالەت بە بێ هێزی دەکات،هۆی نامتمانەێکی توند بەرفرەوان سەبارەت بەحکوومەت بوو. پاڵشاکانی قاجار لەنەبوونی بنکەکانی پێشکەوتوو وسوپایەکی تەعلیم دیتوو مەجبووروەکوو پاشای سەدەکانی نێوەڕاستی ئۆڕوپا بە ڕۆیشتن لەم شاربۆ ئەوشار،بەئیسکۆرتی غولامانی زۆر،قودڕەت و توانایی خۆی وەبیرهاوولاتیان دێناوە. بەمجۆرە جێگا دانشتنی حکوومەت بەپێچەوانەی دەوڵەتەکانی ئۆڕوپایی نەک لەعیمارەتی سەرۆک وەزیران بەڵکوو لەڕاستیدا لەسەرپشتی ئەسپ بوو. ئەم شێوازە، دەڤەرەی دی نشینی هەڵکەوتوو لە سەرڕیگای سوارەنیزامی ئیسکۆرتی پاشای خاپوورکرد. لەساڵی 1858ناسرئەدین شا بێخەبەر،لەئاخرین دەرجەی سەرلێ شێواوی و پەریشانی پارێزەری ئەردەڵان لەسنە (سەنەندەج) سەردان کرد. ئەوئیکجار بەخۆشحاڵی هێندێک زێڕ کەوالی فەقیر لە بەرامبەر تفاقی غولامانی ئیسکۆرت دای بەوی قەبووڵ کرد. سەرکێشی بێ خەبەری (شا)کردەوەیەکی بەئەنقەست بوو،چونکە زێر هەمێشە مەقبووڵ وخەزێنەش زۆرتر بەتاڵ بوو.
دەسەڵات هەبوون بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم وماڵیات،کەلەپێش شەرتەکانی بنەڕەتی دەم ودەزگایەکی ئیداری لێهاتوو وکارزان وجەستەی سوپایەکی پۆشتەیە،بەهۆی پێوەلکاوی بە(ئیجازەی ماڵیات)بەتوندی لەمەترسی کەوتبوو. وەرزێران زێدەترلەو ماڵیاتەی کە دەوڵەت داوای دەکرد دەیاندا، چونکەدەبوایە پشکەبەشی خاوەن مڵک یان تیوڵ(ئەوکەسەی لەلایان میری بەهۆی خزمەتێک مڵکی بەخۆڕایی دەدرایە)داریشیان دەدا. ئەم مەسەلە بە درێژایی سەدە هەروابە وێنەی گرێپوچکەیەک بێ چارەسەرلەگۆڕێ مایەوە. باڵوێزی بریتانیا لە تەورێز لە ڕاپۆرتێک کە سەبارەت بەبازرگانی ومامەلەی ساڵەکانی 1894-1895نیشانی داوە دەڵێت: کە(پەیمانکاری ماڵیات)ئازەربایجان دراوێک بەرامبەری 180000تومەن لەبابەت پێتاک بەدەوڵەتی ناوەندی داوە،پاشمەنەی370000تومەن بووە کە کەسری لەوی بەدەست وپیی خۆی داوەوپاشمەنە نزولەکەی ئەو بووە. قاجار ئەو کۆکراوەیان کە لە تاران بەدەست دەگەیی -یانی ئەم شتەی کە ئێمە بە خەزینەی گشتی خەڵکی دەزانین-بەماڵی خودی خۆیان دەزانی وەهەبوو لە ڕیگای خۆشگوزانی خۆیان تەخشان پەخشان دەکرد.
قاجارەکان هەرچەندجار هەنگاوەکیان بۆ بەڕێوەبردنی سەروساماندان هەڵدێنا، بەڵام بەهۆی کزو لاوازی نێوەخۆو نامتمانەیی ئۆڕوپایەکان لە نیشاندانی یارمەتی وترس لەم بارەوەکەبەڕێوەبردنی ئیسلاحات لەئێران-یش وەکوو عوسمانی بناخەی حکوومەتی موتڵەقە دەهەژێنێ،سەرکەوتوو نەدەبوون. تاسە بۆ هەرتێکۆشان وحەول وتەقەلایەک کەلەگۆڕێ بوو بەهۆی مەترسی لەدەست درێژیەکانی ڕووسیە لە کەوشەنەکانی باشووریوو سیلە چاوی ئارەزوی بریتانیا بۆ هەڵلوشتن

وقوتدانی ئیران،وەک هند،دەیژاکاند. لە1890ئەوچەند بابەت هەنگاوەی تێکۆشەڕانەش کە سەبارەت بە بڕیوەبردنی سەروساماندان هەڵگیرابوو، وەلانرا. قاجارەکان قەت نەیانتوانی سوپایەکی ڕێک وپێک پێکبێنن کە ئەوان لە ئاتاجی بە شەڕکەرانی عەشیرەکان بێنیاز بکات. لە ماوەی زۆرتری سەدەی نۆزدەهەم تەنیا دەیانتوانی 12000هێزی تەکۆز بەچلۆنایەتی شەرکەری خوارو کۆکەنەوە. بریتانیا لە1853وەفدکی نیزامی بۆ پشت ئەستوورکردنی ئەرتەش بۆ ئێران ناردبوو، بەڵام ئەم شۆڵە سەرکەوتوانە نەبوو. ئەم تەقەلایە بریتی لە: تەعلیم دانی هەنگێک لەگۆرانەکانی کەرمانشا بە دەستی هنری راولینسن بوو. گۆرانەکان بیروبۆچوونی ئۆروپائیان سەبارەت بەفیربوون وڕیک وپیکی پێخۆش نەبوو،لەبەرئەمە ئەم تێکۆشانە وەلانرا. لە1875بەم لاوە سوپای مەزنی نەفەراتیخۆی لەڕێگای (سەرباز وەگرتن) دابین دەکرد،-وێدەچێ مەنزورنووسەرئەفرادی (خۆبەخشیو) بن-بەڵام هەروا بەسەروبەرەو بێ تشکیلات بوو،بودجەی تەواوی نەبوو مووچەی کەرتەکان کەم بوو هێشتا ئەم مووچەکەمەش بەکاتی دیاری کراونەدەدرا. تەنیا تیپێکی قازخ کەلە 1879 پێکهاتبوو هێزێکی شەڕکەری بەرچاو قەبووڵ بەحیساب دەهات. بەڵام چونکە فەرماندەرانی ئەم هێزە زۆرتر ئەفسەرانی ڕووسی پێکیان دێنان لەوەفادار یان شک ودوو دڵی نەبوو.
بەشی هەرگەورەی هێزەکانی شەرکەر(نانیزامی) بوون کەبەهۆی تەوەرەی بەشداری لەناوچەکان لەهۆزەکان پێکدەهاتن. کەلک وەرگرتن لەهێزەکانی عەشیرەیی لەجێگای شتیکی بنەڕەتی هێزەکانی پۆشتەی سوپای چکداری ئیران کە بەپێچەوانەی عوسمانی قەبیلەگەری بەتەواوی وبەتایبەت لە بەشەکانی تورک زوان لەناوبردبوو،ئاوێنەی باڵانوێنی بایەخ دان بە بەردەوامیکە کە عەشیرەکان لەئێران هەیانبووە. خێڵاتی ناوچەکانی سنوورئەوهەردەی کەلەویان کەلک وەردەگرت لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئەرکی نیزامی -سوارە یان پیادە-ولەجێگای کێشکچی یان ئاگالێبووانی سنوور وەریان دەگرت. ئەم شێوازە هەتا دوایی لە برەو بوونی (سەربازگرتن)هەروا بەردەوام بوو. ئەم خەڵکە لە لەوەرگرتنی پێتاک وباج بخشرابوون، فەقەت سەرانەی مەڕومالأت وگاوگۆل و لەوڕگەیان دەدا. بۆ نموونە لە خوارەوەی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.

خانی ماکۆ، نەفەراتی پێویستی بۆ بەرگری لەسنوورکۆ دەکردەوە...دەوڵەتی ئێران دایم و دەرهەم خانەکانی ماکۆی بە ژێهاتووترین چاوەدێری سنوور زانیوە. بەم شێوازە لەسەدەی بیستەم و لە یەکێک لەملکەچ ترین پارێزگاکانی وڵات، یانی ئازەربایجان، ئەم(خانانە) دەبینین کەلەتەواوی خیروبیری فئودالی کەلک وەردەگرن.
هەتا لە1910والتر اسمارت،کەتازە بەناوی ژەنەڕاڵی کۆنسۆلی بریتانیابۆ تەورێزهاتبوو توانی لە ڕاپۆرتی خۆیدابنوسێ: ئیدارەی کوردستان بەم شکڵ و بیچمەی کە هەیە شتێکە بە تەواوی فئوداڵی وئاغاوەتی. باج و پێتاکێکی زورکەم بۆکوردان لەچۆرت دەدەن،ئەویش ئەگەر لێان وەربگرن،بەڵام لە ئاغالەرو سەرۆکەکان چاوەڕوان دەکرێ لەکاتی داواکاری دەوڵەت یان حاکمەکانی ناوچەیی هێندێک شەرکەریان لەئیختیاربنێت. خەرج وموخاریجی ئاگالێبوونی ئەم شەرکەرانە لەماوەی عەمەلیات لە ئەستۆی بەرپرسی پەیوەندیدارە.
وێدەچێ بەکارهێنانی لەفزی(فئوداڵ)لەڕاپۆرتی اسمارت جێگای ڕەخنەبێ، بەڵام ئەسمارت کە بینەرەێکی چاوتیژو زیرک و، وردبین بوو تێگەیی کە لە بنەڕەت هەرئەو نیزامەیە کەلەناوچە حاکمە،کەبەرلە بەدەسەڵات گەیشتنی سەفەویە لە دەقەرداسەپاو بوو. ئەم شێوازە بەرهەمیشی لێ وەردەگیرا. بۆنموونە ئەسمارت لەڕاپۆری خۆیدادەڵێت: (لەنوامبەری ڕابردوو ئیمام قولی میرزا

نزیکەی 2000پیادەوسوارەی کوردی کۆکردەوە بۆ...کەسەرۆک عەشیرە بوو... هێرش برد. ئەم عەمەلیاتە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران هەتا دینارێک خەرجی نەبوو، چونکە ئەم هێزە بەپێوونی لەلای سەرۆکانی عەشیرە چەکدارو بەڕێچوو بوو.)ئەوهەر وا دەنوسێ: کەچلۆن بەدووچاوی زەق دەیدی کە حکوومەت ماوەی 24کات ژمێر400شەرکەری سوارو پیادەی لەساوەجەبلاخ کۆکردەوە.

لەسەرئەوەش بەکردەوە هەموونیزامی دابینکراوەی عەشیرەیی لەحاڵی لە بەریەک هەڵوەشان و لە ناوچوندابوو. عادەتەن لەهەرکام لە عەشیرەتەکانی گەورە داوادەکرابەگوێرەی پێویست چەند هەنگی سوارە یان پیادە حازربکەن. کەچی ئێران-یش هێندێک لەفکری پێکهێنانی هێزێکی وەکوو (حەمیدیە)ی بوو،ئەمە شێوازی نزیکترین شتێک بوو کەبەهۆی دەست وێراگەین بەم ئامانجە وەدەست هاتبوو. (ژێهاتوویی) ناوی هەنگێکی عەشیرەیی بەدەگمەن ئاوینەی باڵانوێنی واقعیەت بوو. بازێک جارهەنگی دەئەوها لەڕاستیدا لە چێرۆک وێوەتر نەبوون،لەحاڵێکدا لە عەشێرەی گچگەش کە نەیاندەتوانی هەنگێک کۆ بکەنەوە، داوادەکرا نەفەراتی چەکداریان لەئیختیار بنێن.

شەرکەرانی عەشیرەیی وەکوو شمشیری دوو دەم بوون،چونکە چەکوو چۆڵەکەیان لەسەریەک باشتر لەچەک وچۆڵی پیادەنیزامی دەوڵەتی بوو،وبەم شێوازە هەرەشەیەک بۆ دەسەڵاتی حکوومەت بوون. لەنێو مرۆڤی عەشیرە یان هۆزوتیرە،دیسیپلین جەستەی دەرەوی نەبوو،وئەم خەڵکە زوربەی نەیاندەویست زۆرلەناوچەی خۆیان وەدورکەون،کاتێک کەلەوانیان داوادەکرد کەکارێکی ئەوها بکەن،سەرۆک قەبیلە یان عەشیرە چاوەڕوان بووکەحکوومەت خەرج و موخاریجی ئەم چەکدارانە دابین بکات. لەبەرئەمە بەکردەوە لەم هێزە لە سەرکوتی قەبیلەی شۆرشگێرکەلکی لێ وەردەگیرا.

لەسەرانسەری سەردەمی حکوومەتی قاجار سوپای ئێران بەپیی ڕادە،گیری ئۆروپایی ئیکجار نەپەڵپیوو ناکارئابوو، کەرتەکانی وی مووچەوکەل وپەلی پێویست وچەک وچۆڵ وتەقەمەنی تەواویان بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردن لە بەردەست نەبوو. لە1871وەزێرەک کە تازە پلەی وەزارەتی جەنگی پێدرابوو، ئاگاداربوو کە بیست ساڵە ئەوکەل وپەلەی کەلە عەنبارەکانی ئەرتەش هەیە چاوی بە سەردانەخشاوە. لەنێوەدا ئەرتەش بەرزترین خاوەن پلەوپایەی تووشی گەندەڵی بوو. (لەدەیەی 1890کوڕی خۆدی پاشا،لە مقامی فەرماندەری گشتی هێزەکان، بەکوردەکان ولوڕەکان چەک وچۆڵی دەفرۆشت،(بەم جۆرە هەرئەوگروپانەی چەکداردەکردن کە بەپێی ئەرکی سەرشانی دەبوایە لەگۆرانکاریان بەهەرەشەیەک بۆ حکوومەت پێشگیری کردبوایە.)لە1900بوونی تفەنگی تاپۆر(جفت) لەنێوعەشایر شتێکی ئاسایی بوو،ولە1910هەمووجێگا لەم جۆرە تفەنگانە وەبەر چاو دەکەوت. یەکێک لەئەفسەرەکانی ئەم سوپایە بەزوانێکی تاڵ دەڵێ: ئەم ئەرتەشە لە1914،چ توانایی شەڕی لەگەڵ عەشیرەکان نەبوو کەچەک و چۆڵ وتەقەمەنی باشتریان هەبوو وکاتێک دەستەیەک لەم عەشایرە هەڵدەگەڕانەوە، مەسەلەکە یان دەبوایە بەوتووێژ داری بەسەردا کێشرابوایە یان بۆ سەرکوتکردنیان لە هۆز یان عەشیرەی دوژمن یان بە تەماح وەبەرنان بەتاڵان یاکوو دنەی تۆڵە ئەستینی خۆمالێ یانی لەهۆزو قەبیلەو تیرەکان کەلک وەرگیرا بوایە.

ئەم هەڵکڕانە بەسەرنجدان بەپێشکەوتوویی بەرێ لە باری تکنولۆژی-بەتایبەت تازەترین ڕەشاش وتۆپەکانی سارایی بە هەبوونی سیستەمی بە پاشداکشانەوەی ماشەی ئیدرولیک-وبەسەرداشکانەوەی ئاشکرای کەرتەکانی تەکۆز لە عەمەلیاتی شەر لە ناوچەکانی شاخاوی وپێدەشت، لێکدانەوەیەکی یکجار رەش بینانەیە. بەڵام لەمەش دا شک ودوو دڵی نییە کە توانایی ئەرتەش بۆ ڕاگرتن وئاگا لێبونی دەڤەرەکانی دوورکەوتووی ئەمپەڕاتووری بەهۆی نەبوونی بنکەوژێربنای بەرتەسک بوو. هەتا ساڵی 1890ئێران تەنیا دوو ڕێگای کالیسکە ڕۆو، قەزوین بۆ تەورێز وتاران بۆ قومی هەبوو.

بۆ سەرۆکانی عەشایر سەربەخۆیی نەک تەنیا بەمانای ئازادی لە چاوەدێری حکوومەت و دانی باج وپیتاک بوو بەڵکوولە ڕاستیدا بەمانای ئازادی بێ شەرتوو مەرج لە وەرگرتنی گیاوتفاق وکاری کشت وکاڵی دانیشتوانی ژێرحوکم وشوێن تێکەری عەشیرەبوو.یەکێک لەئاکامی کزوشبرزەو بێ هێزی قاجارەکان لە بەڕیوان نێوان قەبیلەو وەرزیر ئەمە بوو کە وەرزیری تەنیا لایانێکی گرنگی ئابووری وڵات بوو نەیدەتوانی بەرهەمێکی تەواوبۆ وڵات وەدەست بێنێت.

ئەمە هێندە هۆی دڵخۆشی دڵ ساکیت بوون نەبوو کە دەڵێن: ئەمە بارودۆخێکە کە لە سەردەمی قاجاریە بەخەراپی هەڵگەڕابۆوە لەسەردەمی سەلجوقیانیش وابوو، ئاکامی دیکە ئەم وەزعە هەژاری زۆرتری وەرزێرانی کوردبوو،کە یەکێک لە گەڕیدان لە نێوەڕاستی دەیەی 1830ئەوی بەم بیچمەی زیندو ڕەسم دەکات.

لە ئاکامدا گەیشتینە گوندێکی کورد لێ دانیشتوو،کەلەوێ (ئاوی)ش بەچەتوونی وەدەست دەکەوت، چونکە خەڵکەکە بە زەحمەت لەگەڵ گاوگۆل ومەڕومالات، کە لەوێ دەژیان تەوفیریان هەیە،مرۆڤ هەست بە شەرمەندەیی دەکات، چاخێک دەبینێ کە زێڕوحی بەشەری لەپلەی خوڵقاودا بەو دەرەجەیە داکەوتوون. ئەمانە لەم سەرهەردە کە لە وی دانەویڵە وەدەست دێنن ژیانێکی گیاوگۆڵیان هەیە، لەگەڵ گاوگۆل وپەزومالاتەکانیان لە کاول و ویرانەی هاوبەش ژیان دەکەن وپێکەوە لەنێو پیسایی پەین و پاڵ سەرپێکەوە دەنێن.

لێرەش وەکوو عوسمانی تەنیا ڕیگایەک کەلەڕوو بەڕووی وەرزیڕ هاوەڵابوو بەرەڵلا کردنی زەوی و بەجێهێڵانی ئاوایی بوو. زورجار وەرزێرەکان هەردی ئاغای زاڵمیان بەرەڵلا دەکرد بۆلای ئاغاکانی کەسانایی تریان بۆ دەگوزرا سیپاڵ دەگوێزتەوە،ئەوئاغای ناولێبردوو کە زەوی زۆرو جێگا عەوانەوە بۆ بەرفەرەوانی هێزی کار هەبوو لەم پەنابەرانەیان پێشوازی دەکرد. لەنێوسەدەی دوایش باردۆخ زۆرو کەم تەوفیری نەکردبوو. ڕاپۆرتی 1879 نیشان دەدا کەتەماحکاری وسروشتی تاڵانکەری مڵکداران و بەلەنگازی وبی سەروبەرەیی، چتۆ پڕپیت وبەرەکەتی کوردستانیان وێران دەکرد. بۆ وەرزێری کوردتەنیا ڕزگاری لەم دۆخە ڕۆیشتن یانی مهاجرت بوو.

هەرلەوساڵی 1879 دەوڵەت دەستی بەپێشکێش کردنی عەردی خالیسە بەخەڵک کرد،لەحالێکدا ئەم زمینانە سەردەمیک بوو مڵکایەتی تایبەتی کەسانێک بوون. لەکوردستان خەڵکەکی بەرچاو لەمڵکداران، سەرۆک عەشیرەتیش بوون. بۆ نموونە سەرۆکانی سنجابی وکەلهوڕ لە باکوور، کە خاوەن گوندەکانی ئەو ناوچانەی دوور لەقەبیلە بوون. ئەمەبۆخۆی نیشان دەدا بەچ لەونێک ئەوجۆرەکەسانە ئەرکی دەزۆر لە جێگەی سەرۆکانی عەشایەر و بەریوانچی و نێوبژکەری سیاسی و ئابووری نیوان شارو (گوندی)ش لە جێگای خاوەن مڵکان بەڕیوە دەبرد.

### بەشی کوردنشینی ئازەربایجان

کوردستانی ئێران چاوپۆشی لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتەکانی دی تایبەتمەندی و چلۆنایەتی نەخازا و دەروونی مەخسوسی خۆی هەبوو،و ئەم تایبەتمەندیانە لە بەشەکانی باشوور وباکوورتەوفیری هەبوو. سەرۆکانی هۆزوتیرەوقەبیلەی ئازەربایجان، بەتایبەت دەڤەرەکانی

دەورووپشتی ورمێ وماکوو بەتوندی گیرۆدەی مەسەلە و بابەتی دەرەوەی سنووربوون کە حەقیقەت و نیهادوسروشت و چلۆنایەتی سیاسی و ئابووری یان کۆمەڵایەتیان هەبوو. زۆر جار قەبیلەکان بەدەست درێژی بەخاکی عوسمانی دەبوونە هۆی شیواویی و ئاژاوەیان دادەناوە، هێندێک چاخ لەگەڵ عوسمانیان دەساچان و لە ناو(وەرزێران)ئازەربایجان ئاگری ئاژاوەیان هەڵدەکرد. بازیک عەشایر لەم بابەتەوە دەنگین بوون. لە دەرەوەی ساوەجەبڵاخ (مەهاباد)مەنگوڕەکان ومامەشەکان خەریکی کیشمەکیشی کۆنی خۆیان بوون. لەو بەینەدا ئەوانەی کە زۆرترکەتبووبە بەربێ لوتفی تاران مەنگورەکان بوون-وڕابردووی ئەم مەسەلە بۆ سەردەمێک دەگەڕاوە کە هەمزئاغا،سەرۆکی مەنگوڕان،بەداکۆکی لەشێخ عەبەیدوڵڵا واردی مەیدان بوو. هەمزئاغا، ئیعدام کرابوو،بەڵام قادرئاغای برای ناوبانگیک کە مەنگوڕان بەرێگری و ملکەچ نەکردن بۆ حکوومەت هەیان بووهەروا ڕاگرت. لە لایەکی دیکە محەمەد ئاغا،سەرۆکی مامەشان، لە 1880بەچاکەی وەفاداری بەحکوومەت لەقەبی(ئەمیرعەشایر)ی وەرگرت. هەرچەند هەموو دەیانزانی بەم هۆیەوە بەشۆڕش نەلکا، کە نەیدەتوانی وپێی قاڕ بوو سەربۆ هەمزئاغای نەوی کات وفرمان بەری ئەوبێ. مامەشەکان کە ئێستا هێزەکی پۆشتەتروپتری ناوچەن،دائیم ودەرهەم حازربوون بەقسەی حکوومەت دژی دوژمنی کۆنیان شەڕبکەن. لەسەردەمی حکوومەتی قاجارعەشایرئازادی کردەوەی بەرچاویان هەبوو بەڵام لەبەرامبەرجەماوەری پتری کوردانی عوسمانی شوێن قەبولکەربوون و لە بەرامبەردەنگۆ و بڵاوبونەوەی تەریقەتەکان شوێن تێکردن ودژکردەوی باشیان لەخۆ دەنواند. بەم بۆنەو بوو کە بە شێخ عەبەیدوڵڵایان ئالیکاری کرد کە چوارچێوەی شوێن تێکردنی لە ئێران بەرفرەوان بکات وگوندەیەکانی مەسیحی لەگوندەکانیان،نموونە لە دەشتی مەرگەوەڕ کە شێخ حەزی لەچاودێری بەسەرئەواندا بوو،دەرکرد. ئاڵۆزی لە(مەرگەوەڕ) و(تەرگەوەڕ) هەروابەردەوام بوو،ئەم مەسەلە بازیک سەر هەڵداو لەنزیکی دەڤەربەسنووری عوسمانی وبەرفرەوانی وەردە وردەی ولەسەرخۆو بەشێنەیی گۆڕەپانی شوێن تێکەری شێخ محەمەد سەدیق بۆلای ڕۆژهەڵات،بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرۆکی ناوچەیی قەبووڵکراوبوو کە بتوانێ سەروبەری لەناو عەشایری سەرەڕۆی دەڤەر،تایبەت مەنگوڕەکان و بەگزادەکانی دەشت بەرقەراربکات.

لە بەشی دوورتری باشوور شکاکەکان بوون، کەلەدەیەی1870بەرەیەکی گرنگیان پێکهێنابوو. ئەم عەشیرە ئەگەرچی هۆزی هەرەگەورەی کوردنەبوو، ناو بانگی بەتاڵانچی دەرکردبوو جەماوەری کوردو مەسیحی نەدەناسی-هەر دووکی تاڵان دەکرد،لە دانی ماڵیات یان جەریمە ملیکەچ نەبوو، لەسەریەک هۆزەکی قانوون شکین وناملکەچ بوو.

هەرجێگا وهەرچاخ هەلیان بۆ ڕەخسابوایە، خاوەن پلەوپایەی حکوومەت لەم پەتایەی تاڵانکەری کوردان بەقازانجی خۆیان کەلک لێ وەردەگرت، بەڵام بایەخی ئەم کارە جێگای شک ودوو دڵی بوو. لە1896شکاکەکان 800شۆڕشگێڕی ئەرمەنی کەلە وان پاشەکەیان دەکرد، خستەبۆسەو کوشتیانن. دوو ساڵ داویی جەعفەرئاغا،سەرۆکی عەشایری شکاک، بەداواکاری تاران،ئەرمەنی ئینقلانی ڕاودەکردن،لەسەرئەمەش ڕاکەسێکی وەک جەعفەرئاغا چەڵاخ تر لەوە بوو کە حکوومەت بێهەوێ پشت بەوی ببستێ. ئەم مرۆڤە بەرێگریەکانی خۆی و گویچکەئاخنین لەدانی باج و پێتاک زەرەری زۆرتر لە قازانجی کە بۆ حکوومەت هەبوو لەناوچەی دەدا،بڕیارگرترا کە بێبەتڵێنن و لە ناوی بەرن. لەژوئیەی 1905بەدانی قەول وپەیمان ودروو دەلەسە ئەویان بۆ تەورێز بانگهێشتن کردو لەوێ کوشتیان وتەرمەکەیان لە شەقامەکانی شاربەهەردی دا دەکێشاو دەگێڕا.

ڕەفتاریکی ئەوها ڕەنگە کورت بین بێتە بەرچاو،بەڵام زوڵم وغەدرو خەیانەت بەشێکی جیانەکراوەی دونیایەک بوو کەدەویدا دەژیان. سەرۆکانی کوردیش وەکوو دەسەڵاتدارانی حکوومەت لەناو خۆیان ولەگەڵ ئی دیکە تووشی ئەمجۆرە زوڵم وغەدرو خەیانەت دەبوون. یەکیک لەم کارە وەحشیانە، ئیعدامی سەعیدسوڵتان،سەرۆکی هەورامیەکان، بەفەرمانی حاکمی جوانرولە1871 بوو-ئەمە لە حاڵیکدابوو کە حاکم وادەوپەیمانی پێدابوو. لەساڵی 1886قازی فەتاح کەلەزانایانی دەرجەیەکی ساوجبلاخ بوو لەدوای ئەوەی کە(پەیماننامە وبەڵیننامەکەیان) لەتەرێز لێ دڕاند ونیان کردوبەتلاندیان. هەڵچونێک کەلە1907 لەسەرجێگری لەنێوان (شەرەف بیانی)یەکان قەوما، براکۆژی ودوژمنداری خوێنی لەگەڵ (وەلەدبەگ یەکان) لێکەوتەوە،چونکە دایکی کوژراو، وەلەدبەگی بوو. لە1909وەلەدبەگی کۆڕی ئاشتی یان پێکهێنا، ولەویدا سەرۆکانی نائاگای شەرەف بیانی یان جووقەواربڕین. لە1910داودخانی کەڵهور(کەلەدوایی دا بە تێروتەسەلی سەبارەت بەوی دەدوێن) قەلای شیرخان سنجابی خاپوورکرد، لە حاڵێکدا قورئانی بۆ مۆرکردبوو کە وا نەکات. لە1913هەورامیەکان خەڵکی گوندەکیان کەبە،بەڕیوانی مامۆستاکانی ئائینی لەگەڵ ئەوانیان پەیمانی ئاشتی بەستبوو ولەسەرئەم بەڵیننامەیە سویندیان خواردبوو،وقورئانیان مۆرکردبوو،خڕوپتوونیان وەبەردەمی شمشیران دان وپەڕم بەپەڕەمیان کردن. بەسەرنجدان بەم غەدر و زوڵم و خەیانەتانە سەرنج ڕاکێش ئەمەیە کەدیسان خەڵک بەوبەڵێن وپەیمان وقەوڵ ئامانامەو سویندخواردن وقورئان مۆرکردن متمانەیان دەکرد.

کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجان-یش وەکوو کوردەکانی عوسمانی هەڕەشەی مەسیحیانیان هەست پێدەکرد وبەردەوام بۆ ئاوایی یەکانی ئەرمەنی ونەستۆری نشین هەڵکەوتوو لە دەشت نێوان ورمێ وچیایەکانی کوردستان هێرش دەبرد. لە قەدیمەوە ئەم جەماوەرەی مەسیحی هەمێشە لەمەترسی دابوون: وئەمە بەهۆی هەل ومەرج وچلۆنایەتێک بوو کەهەیانبوو: وەرزێرانێک بوون کەگیرۆدەی فەرهەنگی چادرنشینی بوون. یەکێک لە شێوازەکانی ئاسایی بەرفرەوانی حوکم وشوێن تێکەری قەبیلەیی ئەمە بوو کە بەرەعیەت نیشان بدەن کە ئەو هۆزەی کەئەو لەلایەتی، ناتوانی لەڕۆژی مەبادا لەوی داکۆکی بکات. یەکێک لە ئامرازوکەرەسەی ئەم کارەهیرش بردنی بۆ ئاوایی، ولەم ڕیگایە بانگهێشتن لەهۆزی جامینخوازو لایانگر بە بەرگری ودیفاع لەوی بوو. ئەگەر ئەم هێرشە بێ پەرسڤ ببوایە ئەوکات گوندەیەکە بۆی لوابوایە لە داکۆکیکەری ئەولی دەست دەکێشاوەو خەریکی دلڕاکیشی هێرشکەر بۆ داکۆکی لەخۆی دەبوو ئەم جۆرەشتە دەبوو بەهۆی نێوان ناخۆشی و پێک هەڵپڕژانی لایانەکان. لەم شەڕوکێشەوهەڵلایە خەڵکیان نەدەکوشت بەڵام هەزاران پەزوگاوگۆلی یەکتریان تالان دەکرد،زوربەی لە سنوورئاوادەکرا. نموونەکەی تالانەکانی ژوئیەی 1890نێوان جەلال یەکانی ئیران و حەیدرانلووی تورکیە، ولەپاییزی ئەوسال، نێوان حەکاریەکانی تورکیەو تەرگەوەڕ لەئیران ڕوویدا. بایی ئابووری ئەم مێگەلە ڕفاندراوانە کە پەتایەکی ناوچەیی بوو زۆربەی بەرەڵلا کردنی گوندەکان بوو.

لاقی مەسیحیانیان بۆ دوژمنایەتی وکێ بەرکێی ناوچەیی دەکردەوە، ئەم خەڵکە زوربەی ناتێگەیشتوو فیدای چاوی تەماحکاری ئیدیکە دەبوون،چونکە کوژرانی وان چەقەوگوڕەی تۆڵەی خوینی بەدواوە نەبوو. لە1896بەعەمری شێخ محەمەد سەدیق لەسەرڕێگای (ئسقوفی نەستوریان)وهاوڕێیانی کەلە لەوێرا دەچوونە ئێران خۆیان لەبۆسەناو هەموویان کوشتن. پاشان شێخ تێکۆشا بەهەڕەشەوترس وەبەرنان دیهاتیەکانی نەستووری مەجبوور بەئیمزای سەنەدەکی بکات کە بەپێی ناوەرۆکی وی یەکێک لەسەرۆکانی دوژمنی کوردی تۆمەتبار بەم تاوانەو زۆرکاری دیکەی

جنایەتکارانەدەکرد. لە1907یەکێک لەگروپەکانی کورد،یەکێکی لە مرۆڤە پڕوپاگەندەبڵاوکەری مەزەبی ئاڵمانی لەساوجبڵاخ کوشت،هەڵبەتە بەم ئامانجە کەپێشگیری لەوەلانانی حاکمی ناوچە ببن، کە ئیکجار خەڵک لەدەستی بێزاربوون،ئەم مەسەلەکارتێکەربوو، دەسەڵاتدارانی ئیرانی وەتەقەل اکەوتن ولەدەرکردنی ئەم حاکمە چاوپۆشیان کرد. لە1914یەکێک لە ئەندامانی ئینگلیزی کمیسونی نیشانەدانانی سنوور بە دەستی یەکێک لە سەرۆکانی شکاک کوژرا،دەلیلی ئەم کارە دڵ ئیشی کردنی ڕەقیب،یانی سمایل ئاغا سمکۆ بوو کە رووسەکان بەرپرسایەتی ئەو بەشەی سنووریان بەوی ئەسپارد بوو.
لە سەر ئەوهەموو شتانە پێویستە ئەم خاڵەلەبەرچاوبگێرێ کەئەم پەیوەندیە تەنیا و تەنیا ڕابیتەی بەرهەم وەرگرتن و بەرهەم دان بوو. شوانەکانی مەسیحی و مێگەلە مەڕەکانیان هاوینان لەکوێستانان لەگەڵ خزم وکەس وکاری قەبیلە ڕایاندەبوارد. لەکاتێکدا کەهێزەکانی بیانی حزووریان نەبوو نیوان قەبیلە و وەرزێران هەتاڕادەیەکی زور، پێکەوژیان هەبوو.
ئێمە دوورو درێژی پەیوەند بەژیانی مەسیحیەکان زۆرتر دەینداری ئەم مەسەلەین، کە لێژنەکانی مەزهەبی ئامریکایی وئینگلیزی بارو دۆخی پتوونی مەسیحیانی بەردەوام بەژەنەڕاڵ کۆنسۆلی بریتانیا لەتەورێز ڕادەگەیاند.
سەبارەت بەوەرزێرانی کورد ئاگاداریەکی ئەوهامان لەبەردەست دانییە، وئەم نائاگاداریە بازیک بەم هۆیەیە،کەئەم خەڵکە هێندە جێگای پەرۆشی ئۆڕۆپائیان نەبوون،وبازێک بەم هۆیەبوو کە لە ئیران وشەی(کورد )تەقریبەن بەمانای (کەسی)(هوز) بوو کە بواری لێکدانەوەی مانای ئاوازەیەکی ناخۆشی تایبەت بەخۆی هەبوو. لەڕاستیدا بەلەبن هاتنی سیستەمی خێڵاتی (چادرنشێنی) تەوفیرەکی دیاریکراو نێوان ئەندامی قەبیلەو وەرزێر رۆژ بەڕۆژ کەمتربوو. لە سەرئەمەش دەزانین بۆ نموومە،بەرەی تەقریبەن لاوانی شکاک زوربەی وەرزیری کوردیان تالان دەکرد-دەبێ ئەوەش قەبووڵ کەین هۆزەکانی دیکەش ئەوهان دەکرد. تووڕبوونی شێخ عەبەیدوڵلا لە عەشیرەتی شکاک لە1880لەسەرئەم بناخە بوو. بێگومان لە1913لەدەڤەری سنوور،لەلایان عوسمانی وبووێچوی زۆر لەلایان ئێران-یش بارودۆخ ئەوهابوو کە جێگری کۆنسۆلی بریتانیا لە بتلیس توانی ئەوها ئاکام وەربگرێت:
بارودۆخی کوردەکان لەمەڕ ئابووری خەراۆتر لە وەزیتی مەسیحی پارێزگاکانە. ئەم خەڵکە تەقریبەن لە هەڵ ومەرجێکی فئودالی و لە ژێر حوکمڕانی ئاغاکان ژیان تێپەڕ دەکەن،بۆ ئەوان کاردەکەن،مەجالی بەخۆ ڕاگەیشتنیان نییە..وای فکربۆدەجێت تەنیا دەرمانی بەڕاستی کوردەکان و ڕزگارکردنیان لە دەست حکوومەتی ئاغاکان تێک شکاندنی دەسەڵات و قودڕەتی وان و دابشکردنی زەویەکان بەرسەر بنەماڵەی هۆزەکانە.
پەنجاساڵی دیکە دەبێ تێپەڕبێت، هەتا حکوومەت بەهەنگاوهەڵێنان بەدابشکردنی زەویووزارئاغاکانی مڵکدار تێک بشکێنیت وڕەعیەتی لەوکۆت و بەندی کۆیلەتیە نەجات بدا.
لەلای ڕۆژ هەڵات بەجۆرێکی زۆر،و لە قەراخ گۆلی ورمێ کوردەکان گەزتنو چژانێکی ساردی دوژمنایەتی لەگەڵ زۆرایەتی خەڵکی شێعەمەزەبیان هەست پێکرد. ئەم هەست پێکردنە ڕووگەو ئاخافتنی تاڵی خۆی لە میاندواو وەرگرت، کە بەدوای ویدا لە پاییزی ساڵی 1880سوپای ئێران ئەوی بە سەرجەماوەری کوردی هێنا. ئەم ڕووداوە لە مێشک ودڵی خەڵکی ناوچە باقی ماوە، و دوژمنایەتی هەروا لە جێگای خۆی سەربەمۆرماوە. لەدوایی ئینقلابی مەشڕوتەی ساڵی 1906ئەم دوژمەنایەتیە چەندپات بۆوە وبێزاری جەماوەر لە کەمایەتی نافارس بەتایبەت کەمایەتیەکانی ناشێعە زۆرتربوو.

### ئینقلابی مەشرووتیەت

ئەگەرئینقلابی مەشرووتیەتی 1906جگە لە کەمێک پەیوەندی-ئەویش لەقەراخ قوجاخ-لەگەڵ کوردستان نەدۆزیەوە،پێویستە سیفەتێک لە وی لە مقامی رێگا تەخت کردن و زەمینەخۆشکەری رووداوی پارێزگای کەرمانشای وەدەست دا. هۆکاری ئینقلاب دەبی بەتەواوی لەشوێندانانە سەری سیاسی و ئابووری بیانیەکان و بێ پێزوهێزی حکوومەتی قاجارلە راگرتنی ولآت لە کارتێکردنی پێشوێنی زەرەری وی، و وێدەچێ ناڕازابوون، لەحەول و تەقەلاکانی قاجار بەئامانجی کۆکردنەوەی بەرهەمی پارێزگاکان بدۆزیەوەو، وەدەست بێنی. ئەم شتانەی دامانە بەرباس تێکۆشانێک بوو،بۆ هابەشبوون لە سەروەت وسامانێک کە بەهۆی وگۆرینی وەردە وردەی زەراعەت بەچاندنی بەرهەمی پوڵدار وەدەست هاتبوو،هەروا بە بیرو بۆچوونی قوڵەو کورتکردنی دەستی هۆزو تیرەو قەبیلە لە کۆکردنەوەی باج لە ڕیگاکانی کاروان رۆ. ناڕازیبوونی بەرەو پەرەگرتووی گشتی لە حکوومەتی قاجارهۆی وەدیهێنانی یەکیەتی و پاڵوێکدانی (عالم و زاناو خوێنکار وبازرگانان لە تاران و ژماریەک لەناوەندی فەرمانداریەکان و پارێزگاکان و لە هەموان گرنگتر تەورێز تەواوبوو. پاڵ وێکدانەکانی ناوچەیی لە هێندێک بابەت پشت ئەستوور بەملّکدارانی گەورەی دەڤەرو سەرۆکانی قەبایل بوو-یەک لەوان بەختیاریەکان کە هێورهێورقورسایی باج و پێتاکی قاجاریان هەست پێدەکرد.

مەترسی لەدەست تێوەردانی رووسییە،دژکارانی لەهەنگاوهەڵێنان بۆ کردەو گێراوە. بەڵام لەساڵەکانی 1905-1906-بەدوای تێشکانی رووسییەلەژاپون وئینقلابی خودی رووسیە،دژکاران لەتاران جڵەوی دەسەڵاتیان وەدەدست گرت و پادشاکانی مەجبوور بەقەبوولی پێکهێنانی مەجلیسی شوورا و دانانی قانوونی ئەساسی(دەستوور)کرد. بەگشتی دەستەی سەوداگەری وپێشەگەری ئیکجار لەمەجلیسی تازەبنیات داکۆکیان دەکرد. لەشارەکانی گەورە وەکوو تەورێز وکەرمانشا، ولەشارەکانی گچکە وەکوو ساوبلاخ وهەتا بازیک شارۆچکە کۆمیتەکانی خەڵکی (یان ئەنجومەنەکان)لەدژایەتی لەگەڵ حوکمڕانانی ناوچەیی پێکهات.

سەرۆک ئاغاکانی کورد بەسەرجەم بەشێک لەدەم ودەزگای سەلتەنەت ودەزگای بەڕیوەبردنی بەحیساب دەهاتن، کە بۆخۆیان بەشێک لەوی بوون، و لەگەڵ بزوتنەوەی مەشرووتە دوژمنایەتیان دەکرد. بەبۆچوونی ئەوان شەرعیەت پێدراو لەمرۆڤ دابوو نەک لە بنکەیەک کە لە سەربنچینەی فکروهزری بیانی پێکهاتبوو. بەڵام هەرئەم سەرۆک عەشیرانە بۆخۆیان لەدەست تێوەردانی رۆژانەی دەم ودەزگای قاجار لەکاروباری پارێزگاکان ناڕازی بوون،بەم هۆیەو دژکردوەیان(تێکەڵاو)بوو. ئەم دەستە لایانگری سەربەخۆیی ناوچە لە ناوەندی بوون،بەڵام تێکۆشانی سیاسی خەڵکی شاریان کەیف پێ نەدەهات. بەڵام سەرۆکەکان یەک کردەوەنەبوون- هەر یەک بەدوای قازانجی بەرتەسکی خۆی هەڵدەسووڕا.

ناوندی شاری دەڤەرەکانی کوردنشین،شارەکانی وەک ساوجبلاخ و ورمێ وسەقز وبانە و کەرمانشا،پێیانخۆش بوو کە ناسنامەی خۆیان لەگەڵ بزوتنەوەی مەشرووتە بەرابەرو وەک یەک لێبکەن،وخوازیاری رزگاری لە ژێرنیری حکوومەتی سەرەڕۆو گەندەڵی ملّکداران و سەرۆکانی قەبایل حاکمان بوون. رەنگە گەلێک لەگوندەیەکان-یش ئەوهابن، و بەمجۆرە لە ژمارەیەک لە شارەکان(ئەنجومەن) پێهاتن. چونکە بازیک لەم ئەنجومەنانە تێکۆشان بایی گۆشت ودانەوێڵەی کەم

کەنەوە،سەرۆک قەبیلە هۆزو تیرە ئەم کارەیان بەهەرەشە سەبارەت بەوەزیت و چلۆنایەتی خۆیان لەقەلەمدا. بەمجۆرە لەکوردستان دەستەبندی زۆرتر نەک لەرێگای قەومی بەڵکوو لەرێگای ئابووری وکۆمەڵایەتی لەجەرەیان دابوو.

زەبرو زەنگی پاشای نوێ،محەمەدعەلی شا،بەهەڵگرتنی مەشروتیەت بەدوای دانشتن لەسەرکورسی سەلتەنەت لە1907،بۆبەهۆی وەلانانی لە پاشایەتی ودورخستنەوەی لەژوئیەی 1909،وی. لە یەکیەتێک کەبەگشتی پێکهاتوو لەئینقلابکەرانی تەوریز وعەشایری بەختیاری بوو، بەتێشکان ڕوو بەڕوو بوو. بەڵام پەرڵەمانی تاران دوایی ئەوەی لەمپەرێک کەلەسەررێگای بەرەوپێشچوونی مەشروتە سەری هەڵدابوو بەسەرکەوتوویی لەنێو هەڵگرت، بۆخۆی بەگشتی بەدوو لایان دابەشبوو. ڕادیکاڵەکان کەخوازیاری ڕێک وپێکی کۆمەڵایەتی بوون،وناتوندڕەوەکان کە دەیانەویست سەلتەنەتی مەشروتەو وەزع وچلۆنایەتی دینی ڕابگرن. بێ هێزی وکەم دەسەڵاتی ئەم دوو باڵانە،لە وەلانانی گرێو گۆڵی ناکۆکی خۆیان، بە بۆشایەکی دەسەلات لە دەڤەرەکانی دیهات تەواوبوو کە مەبەستی ئاڵۆزیی وپشێویەکی بەرفرەوان بوو. ژمارەیەکی زۆر لە بەرەی قەبیلەیی حەولیاندا لەدەسەڵاتی بەختیاران کەم کەنەوە، ئەمما بەهۆی کێ بەرکێی نەیارانی خۆیان بەمراد نەگەین. عەشایری دەوروپشتی کەرمانشا،ئەم خەباتی نەتەوەیی یان کردە هەنگڵی دەست پێوەگرتن بۆ کێشمە کێشمەکان و دوژمنداری ناوچەیی بەکاربرد.

**کوردەکانی کەرمانشا،**

هەتا هەنۆکە سەبارەت بەکوردەکانی کەرمانشا،بابەتێکی ئەوها بڵاو نەبۆتەوە. لێرۆکانە کوردەکان، وەکوو زۆربەی ئێرانیەکان لایانگری مەزەبی شێعەی 12ئیمامین(اثنی عشری) یان بە(ئەهلی حەق) پەیوەندیان هەیە. بە پێچەوانەی دەڤەرەکانی باشووریتر،لێرە-لەکوردستانی باکوور-نیشانەیەکی ئەوها لەکێشەوچەقەی ئاقیدەیی ودەمەتەقەی نێوان ئەهلی حەق(علی اللەیی)و شێعەکان وەبەرچاو ناکەوێت. ئیمان هێنانی جەماوەری ئەهلی حەق بەشێعە بەرەوالەت شتێکی ئاسایی بوو، و بەهەڵ ومەرج وکات وزەمان ومەسڵەحەت سەری دەگرت وپێکدەهات. بۆنموونە،بنەماڵەی ئەردەڵان بۆخۆی سەردەمێک لایانگری مەزەبی حەق بوو، بەڵام لە دەروپشتی دەیەی سەدەی 1820خۆدی والی وئەندامانی گەورەی خانەدان دەمیان بەمەزەبی شێعە دەداو خۆیان بەشێعەمەزەب دەناساند . ئەم سیاسەتە داوینی تێکەڵاوی خزمایەتی -کچ بەمیردان وکچ خواستن-ی زێدەو بەرفرەوان دەکرد،کۆڵەکەی ئیحتوباری بنەماڵەی بۆ حکوومەت و حوکمرانی پتەودەکرد.

کەرمانشا لەنزیکەی کۆتایی سەدە، شارێک بوو بەپەنجاهەزار دانیشتوو کەبە زورترین ئاپوورە هەڵکەوتوو لەسەررێگا کاروان ڕەوی بین ئەلنهرین، ئیکجار گرنگ و پڕبایەخ. لەحاڵیکدا هاوەردەی ئێران زوربەی لەکەنداوی فارس ولەرێگای بەندەری بۆشەهربۆ وڵات دەهات، هێندێکی بەرچاو لەم کەلەوپەلەو شڕوشاڵاتە، هێشتا لەدەجلەوە بۆ بەغدا دەهات ولەوی لەرێگای خانەقین و قەسری شیرین،بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی دەچوو. بەڵام هاتووچۆیەکی هەست پێکراوتریش هەبوو کە گرنگایەتی تایبەتی بەکەرمانشا دەدا: هەمووساڵێ 120000زیارەت کەری شێعە مەزەب و8000تەرم لەم ڕێگایەدا بۆ کەربەلا و نەجەف دەڕۆیی. سروشتی بوو کە قەبیلەکان هەڵکەوتوو لە سەر ڕێگای هاتووچۆی کاروان ڕۆ،باج و پێتاکی ئەمبەرئەوبەریان وەردەگرت و پێشگر لە تێکۆشانی حکوومەت دەبوون،کە دیەویست جاندارم لەجیاتی وان دابنێت. ئەم هۆزوتیرەوقەبیلە وخێڵاتی وعەشیرەبە

دەست پێکردنی بە ڕیگری و پێکهێنانی وەزعی نائاسایی لەڕیگاوبانی کاروان ڕۆیەکان کە لە ژێرچاوەدێری قەبایلی دوژمندار،یان حکوومەت، تێدەکۆشان هاتووچۆیەکەی بۆ ئەوڕیگایانە خوارە پێچەپێبکەن کە لە ژێر کۆنترۆل وچاوەدێری خۆیان بوو. مەودای ڕیگاکانی لوڕستان وکوردستان بەهۆی نائەمینی ئەکجار مەترسیداربوو.
گەورەترین عەشیرەی باکووری کوردستان کەڵهوڕ بوون کە زوربەی شێعەبوون، و گۆرانەکان ئەهلی حەق بوون. کەڵهوڕەکان لە دەیەی 1890 ئەم دوو هۆزە لە سەریەک نزیک بە5000چادر یان بنەماڵە بوون. کەڵهوڕەکان لەدەیەی 1830هێشتا ئەهلی حەق بوون، بەڵام لەسەرەتای دەیەی 1900زۆرایەتیان بەڕەواڵەت لایانگری شێعەبوون. ئەم خەڵکە لە کۆتایی سەدە بەگەمەکەرانی سیاسەتی کەرمانشا،گۆڕدران،دوورنییە کە سەرۆک عەشیرەتە کانیان وەکوو ئەردەڵانەکان بەر لە وە بەم ئاکامە گەیبن کە هەڵبژادنی پێناسی شێعە لە مەڕ سیاسی نزیک بەچاکەیەکی زورترە،پاش ئەوی بەشەکانی عەشیرە یەک بەدوای یەک وەدوای ئەم سیاسەتەکەوتبن.
لەلایەکی دیکە،گۆرانەکان بەدەمارگرژی گیرۆدەی بەمەزەبی شیعەبوون. ئەم خەڵکە بەهەشت دەستەی دژ بە بڕیاری یەکتر بوون،و بێزاریان لە لەقبووڵ کردنی تاقە بەرپرسێک زیدەبوونی گروپەکانی بێ شوین کردبوو. ئەمە هۆکار بوو کە ڕێبەری ئائینی کە لەگەڵ ساداتی حەیدەری بوو، گرنگایەتی سیاسی وەدەست بێنێت. بەدوای لەناوچوونی ڕیبەرانی قەبیلە لە دەیەی 1920ساداتی حەیدەری بەلەز دەست بەکاربوون وبۆشایی سیاسی وەدیهاتوویان پڕکردەوە.
جگە لە مەنگوڕەکان(نزیک ساوجبلاخ) کەڵهوڕەکان گۆرانەکان لەهەربەرەیەکی دیکەی کوردەکانی ئێران گەورەتربوون. بەڵام نێوان ناخۆشی نێوەخۆی گۆرانەکان بەعەشایری تەقریبەن گچکەتر-بەنموونە عەشایرەکانی سەنجابی وزەنگەنە وکرندی-ئەوهەلەی بۆوانیش ڕەخساندبوو کەڕۆڵی گەورە لە سیاسەتەکانی کوردستانی باکووربەڕێوەبەرن. لەنێو عەشیرەکانی گەورەتر، کوردی ئازەربایجان وکەرمانشاژمارەیەکی زۆر لە عەشایەری چووکە دەژین کە زوربەی سوننە مەزەبن و لە ڕابردوو بەشیک لە سەرزەمینی ئەردەڵان بوونە، کە ئێستا ناوی(پارێزگای کوردستان)ی بەخۆوەگرتووە.
بەهێزوئیقتدارترین بەرپرسی ناوچە،پارێزگاری لوڕوپشتکۆ هەڵکەوتوو لەباکووری ڕۆژئاوای کەرمانشا بوو. ئەو بەتەواوو کەماڵ لە کێشمەکێش وپێکلاچوون لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی خۆی دەپاراست ودوورەپەرێزبوو. ئەو لەقەراخی ڕۆژئاوای زاگرۆس دانیشتووبوو وبەکردەوە لە سەربەخۆیەکی تەواو بەرهەمی وەرگرتبوو. بەپێچەوانەی ئەردەڵان پارێزگارەکانی پشتکۆ لە سەرەتای سەدە،هەروا پلەوپایەی خۆیان هەبوو،وئەم هەل ومەرجەی لەگەڵ پیوەندیەکانی دووربینانە لە گەڵ خانەدانی قاجار وقەبیلەکانی دەوروپشت قایم وپتەوکردبوون. ئەم پەیوەندیانە ئاوێنەی باڵانوێنەی گرنگایەتی هاوسەنگیەک بوو کە دەبوایە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندێیەکانی ڕاگرتربوایە. بۆ نموونە،لە1907والی پشتکۆ خەزوری سالارودەولە، براچکۆڵەی محەمەدعەلیشا وزاوای داودخان، ئێلخانی کەڵهور،بوو.
داودخان کە مرۆڤێکی پەست نیژاد،بەڵام یەکجاربەرزەفڕبوو لە ساڵی 1900ڕیبەری کەڵهوڕەکانی وەدەست هێنا. ئەو ئەوکارەی بەهێزێ ئیرادەو بڕیاری تێکەڵاو بەغەزەب بەڕیوەبرد،ئەوکەسانەی کەپێشگیریان لەڕئیس قەبیلەتی ویدەکرد لە ناوهەڵگرت-یەک لەوان باوکی. بەڵام سەرنج ڕاکیش ئەمەیە کە ئێلخانی پێرەمێردی نەکوشت وبەدیاری کردنی مووچەیەکی کەم ئەوی بۆ کەرمانشا، نارد. داودخان بەم کردەوە، بێزاری هەمووکەڵهوڕەکان و هۆی ترس ولەرزی گشتی بوو.

داودخان کەلاقی لەئێلخانی نا،چاوی بەدەوروپشت داگیرا. بۆ پتەوکردنی کەسایەتیەکەی بە پێویستی زانی لەگەڵ هێندێک لەتایفەکان یەکگرتووبێ، و حاکمی کەرمانشا،ئیقناع بکات کە جەستەی وی بۆ ڕاگرتنی دەڤەر پێویستە. بەئیرادەکی موحکەم دەستی بەژن خواستن لەهۆزەکان کرد. ئەو لەدەوروپشتی ساڵی 1906بۆخۆی دوازدەژن، و کوڕەکەی(جەوان) پێج ژنی هەبوو...کە ئەمە بۆخۆی نیشان دەدات کەئەم دووە،دەربەندی ئەحکامی شەریعەت نەبوون. وئەم ژنخواستنانە مەسەلەی سیاسیان لەپشت سەربوو. ساڵیک بەرلەوی (جەوان)ئاشقی کچی محەمەدعەلیخان ببوو، و محەمەد عەلیخان رئیس عەشیرەک بوو کەبابی وی لەسەرۆکایەتی پێخستبوو. داودخان لەم بارەووە کەئەم مەسەلە زەبری لەمەشڕوعیەتی ویدەداسروشتی یە هەروەک پێشبینی دەکرا قایل نەبوو. (جەوان) بڕیاری گرتبوو لەم مەسەبەردەوام بێ وەدوای هستی دڵی خۆ بکەوێت،وباوکی بڕیارگربوو کەپێشگیری لەم کارەبکات. لەشەڕیکدا کەلەمەی 1905لەنیوان باوک وکوڕ ڕوویدا800شەڕکەی (جەوان)براوکورێکی دیکەی داودخانیان کوشت وجەوان لەگەڵ سوپای خۆی بۆکەرمانشا رۆیی هەتاکوو لە والی داوابکات کە ئێلخانی پێشوو سەرلەنوێ بۆ ئێلخانی دانێت وباوکی لە ئیلخانی هۆزەکان لابەرێ.

والی سروشتییە دەبوایە ئەعسابێکی بەهیزەی هەبوایە کە لە گەڵ ڕواداوەکی ئەوهای هەڵکردبوایە. هەڵبەتە کەیف خۆش بوو کەقەبیلەکی بەهێز سەرپەڕشتی بنەماڵەیەکی ئەوها پڕمەترسی بەئۆدە وەدەگرت هەتا بەهۆی ناکۆکی لەبەریەک بڵاوبێت، بەڵام ئەگەریەکێک لەلایانەکان هێزەکانی واردی ناو شار کردبوایە لووزەوی ئاڵۆزی پێشی نەدەگیرا.

لقێک لە کەڵهورەکان بەناوی حاجیزادە ئێستالەناوشاربنکەیەکی بەقوەتی هەیە. هەڵبەتە لە کاتی پێویست دایم ودەرهەم کۆکردنەوەی قەبایلی ڕەقیب ئیمکانی هەبوو، لە سەرئەم لێکدانەوەیە گەیشتنی (جەوان) بە دروازەی شارحاکم و ئاپوورەی بازێڕو ئاغاکانی ناوچەی بەتاڵووکە لە دەورەی یەک کۆکردەوە.

قازانج هەموو لەمە دابوو کە کەڵهوڕەکان بە ئاشتی بۆ ماڵەکانیان بەڕیکاتەوە،لەم نێوەدا حەکم لە هەمووانی پێی خۆشتربوو،چونکە لەدانانی بەحکوومەت بەم لاوە هەراوهوراوبەکەلک وەرگرتن لەم ئاڵۆزیوو تێکەڵ پێکەڵەی کە ئەو بۆ دامرکاندن مەعمووریەتی وەرگرتبوو گوندەکانی بە قیمەتێکی زۆرکەم کڕیبوو وئێستا شتێک کە نەدیدەویست ئەمەبووکەئەم ملکانی تازە تووشی تالان داپلۆسان وڕاووروت ببن. لەخۆش سانسی وی مامۆستاکانی ئائینی شار سەرکەوتووبوون باوک وکوڕ پێکەوە پێک بێننەوە: داودخان کەسایەتیەکی ڕاگرت،وێدەچوو بەناعیلاج بوو لەگەڵ ژن خواستنی کوڕکەی موافیقەت بکات.

هێندەی پێ نەچوو کەداودخان کەوتەبەرئەوە کەدەسەڵاتی بەسەرقەبایلی دەڤەر داسەپێنێت. یەکێک لە ئامانجەکانی هۆزی سنجابی ئەهلی حەق بوو. سنجابیەکان وەفادار بە دەوڵەت بوون،بەم بۆنەوە حکوومەتی قەسری شیرین و ئەرکی بەرهەم هێنەری داکۆکی لەهاتووچۆی لەدەڤەرەکانی داوینی شاخاوەیەکان بەسەرۆکی وان ئەسپارد بوو. حکوومەتی ناوچە نەیدەتوانی پادگانێک لە شار دابنێت، تفەنگچێیەکانی هەرئەوەندە دەیانتوانی ئاسایشی لە ناوشار سەقامگیرکەن بەڵام بۆ حکوومەت بووزی نەدەخوارد کە ئاسایش وهاتوو چوو لەڕێگاکانی خوارووی چیاکان دابین بکات. سەرۆکی سنجابیەکان ئەوکات شێرخان(سامسام ئەلممالک) بوو کە مامی،عەلی ئەکبەرخانی بەیارمەتی حاکم لە سەرۆکایەتی لابردبوو وبۆخۆی لەجێگای وی دانیشتبوو(دەوروپشتی ساڵی 1900). شێرخان سنجابی وداودخان کەڵهوڕ نەیارودوژمنی سەرسەختی یەکتربوون.

هەرحاكمێک دەبوایە بە لێڕوانین و بەرژەوەندییەکی مووقەڵیش سوپای شێلگێڕی لەگەمەکانی ناوچەیی لەتەرازوی هزروفکرو لێکدانەوەیی خۆیدا پسپۆڕانە هەسەنگاندبوایە. ئەسپاردنی قەسری شیرین بەسەنجابیەکان شۆڵێکی لێزانانەبوو، بەڵام ئاخۆ سەنجابیەکان یان یەکەباری وی دەیانتوانی شارو دەوروپشت لە بەرامبەر داودخان وعەشایەری یەکگرتووی وی ڕاگرن؟ هەر حاكمێک دەبوایە بڕیاری گرتبوایە کێ دەکاتە دوست وکێ بەدوژمن دەگرێ. لەساڵی 1908 زەهیرئەلملک زەنگەنە کەبۆخۆی لەسەرۆک وملّکدارانی ناوچەبوو بەحاکمی کەرمانشا دانرا. داودخان هەردەوساڵیدا بەپێکهاتن لەگەڵ وی ڕێکەوتن، ئەم ڕیکەوتنە بەمارەکردنی کیژی وی لە(جەوان)ی کوڕی بەهێزکرد. داودخان بەناوی گەورەی عەشایەر دانرا: ئێستا لەمەنادا مەزنترین سەرۆک عەشێرەپارێزگاو گرنگترین گەمەباز لە بەڕیوەبردنی بەڵین وپەیمانێک بوو کەحاکم لەکۆکردنەوەو حازرکردنی 10000تفەنگچی بۆ ئالیکاری بەشای قاجار لەبەرامبەرمەشڕوتیەت خوازانی وەئەستۆگرتبوو.
هیچ کام لەو بابەتانە هۆی خۆشحاڵی شێرخانی سەنجابی نەبوو، کە دەیبینی داودخان ئێستا ئیکجار بەقودڕەتتر لەساڵی پێشترە وداکۆکی زەهیرئەلملک لەوی بۆ خودی وی چ دواڕۆژێکی پڕمەترسی مەرگ هێنەری بەدواوە دەبێت. ترس ودڵەڕاوکەی شێرخان واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگر بوو. داودخان ئێستابۆ هێرش بۆ سەروی بەدوای هەجەت وهەلّی ڕەخساوبوو.
هەڵس وکەوتی خەبات نیوان مەشڕوتیەت خوازان ولایانگرانی سەڵتەنەت لە بەشێک لە شارەکان بە دەچاوی یەککردن هەڵپەڕژانی لێکەوتەوە، کەرمانشا لەونێوەدا لەپڕیشکی ئاگر بێبەش نەبوو. خەڵکی شار جامیخوازانی پاشایان لە شاردەرپەڕاندن، وبەرپرسی بەلەدیەیان هەڵبژاردبوو. لە دەرەوەی حەوشەی شار لە ناوچوونی دەسەلاتی حکوومەت دوو شوینی گەورەی لەسەرسەرۆکانی عەشایەری دەوروپشت هەبوو: ئەوڵ ئەمە ئیدی ئێستا لەتالان وڕاو ڕووت ئازادبوون،ودووەم ئەمەکەئارەزومەند بە پشتیوانی لە لایانێک بوون کە زۆرتری قازانجیان پێ بگەیێنێت. لەئۆکتۆبری 1908خەبات و تێکۆشانێک بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەرمانشا، هۆی شەڕێکی گەورەوخوێناوی لەنێوان کەڵهوڕەکان و هێزەکانی چکۆڵە لە سەنجابیەکان بوو، کە لە شاریان بەرگری دەکرد. داودخان دوایی وی کە سەنجابیەکانی لە شارڕاونا،تفەنکچی یەکانی بۆ قەسری شێرن نارد، عەشایەری گۆرانیش کەلە سەنجابیەکان بیرەوەری خۆشیان نەبوو هەنۆکە بەوی لکان. یەکێک لەسەرۆکانی گۆران هیواداربوو بەچاکەی داکۆکی یەی حکوومەتی پڕ لە قازانجی قەسری شیرن وەدەست بێنێ،بەڵام داودخان پلانێکی دیکەی دەسەریدابوو. ئەوحەبیبوولّلا خانی کوڕەمامی شێرخان ومیراتگری ڕیبەری سەنجابی بۆئولکەهێنا. و بەقسەی باڵوێزی ئینگلیز لەم مەسەلە بەشێوەیەکی قومارپێدان باس لێوە دەکات شەڕکەرانی سەنجابی (کاتێک لایانی بەهێزتریان دێ هەرئەوکارەیانکرد کەئێرانیەکان دەیکەن،وبەداواکاری سەرۆکی، یانی بەحەبیب الّلا لکان.)
داودخان ئەربابێکی زۆر نامتمانە بوو. لە1909لەشۆڵی حازرکردنی پێشەکی بەهۆی دانانی سەرلەنوێی شێرخان بەحکوومەتی قەسری شیرن ولابردنی حەبیب الّلا خان بوو، کە تەمەنێکی لێ تێپەڕیبوو. ئەو بەبیروبۆچوونی خۆیکارگێڕی دادەناو لادەبرد،وبێ پەیوەندی گرتن لەگەڵ والی فەرمانی دەدا،کەچ کەسێک سەرۆکی سەنجابیەکان بێت یان نەبێت. لەڕاستیدا لەوساڵیدا داودخان ئیدی خۆی لەباج وپێتاک معاف کرد. ئەم مەسەلە هەرچەند بۆ والی سووکایەتی بوو، بەڵام زەهیرالملک لەبەرامبەرنەیارانی، هەتا لەشاریدا، بەداکۆکی داودخانی ئاتاجی هەبوو. لەمانگی

ژوئێن داودخان بە داخوازی زەهیرالملک بەئامانجی ترس وەبەرنانی گروپی دژکاران 1000تفەنگچی پیادەی بۆ کەرمانشا هێنا. عادەتەن کەڵهوڕەکان بۆ هەرشوێنێک دەچوون دەستیان بەتاڵان دەکرد.
لە کۆتایی ساڵ لەوەڵام بەسکاڵای جەماوەرێکی زۆرلەحکوومەتی زەهیرالمالک وکەلک وەرگرتنێکی زۆر لە کەڵهوڕەکان،حوکمڕانێکی نوێ و جێگای متمانەو ولێهاتوو بەحکوومەتی کەرمانشا دانرا. ئەم مرۆڤە نیزام ئەلسەلتەنە بوو. حوکمڕانی تازە بێکات لە دەست دانوو وەخت سوتان خوازیاری باج وپێتاکی وەپاشکەوتوو نەدراو لە داودخان و ناساندنی هەنگی کەڵهوڕی بوو کە هەتا ئەوکات وجودی نەبوو. داودخان لەجێگای ئەمیرعەشایەر لە تەواوی سەرۆکانی عەشایەر قەول وبەڵێنی وەرگرت کە لە بەرامبەرحاکمی تازە دانراو لەوی داکۆکی و پشتیوانی بکەن. و تێکۆشا،لە نێو قەبیلەی کەڵهوڕ،ماڵیاتی نەدراوە کۆ بکاتەوە، بەڵام بەجوابجەنگی هێندێک گروپ ڕوو بەڕوو بوو کەهیواداربوون حاکمی تازە لە دەسەڵاتی کەم دەکاتەوە. کاتێک سەرۆکی هەرەگەورەی کەڵهوڕ لەدانی ئەو پێتاکە جواب جەنگی کرد، داودخان دەست وجێ ئەمری کوشتنی ویدا..ئەمە شۆڵێکی بێ ڕابردو بوو، نێوان ناخۆشی و ناکۆیەکی توند لەناو عەشایەر سەری هەڵدا. بەدوایی ئەم مەسەلەدا داودخان بۆ ناوچەی سنووڕۆیی و لە وێ دەستی بە زوڵم دەست درێژی  سەنجابیەکان کرد. شەڕەکانی قەبیلەی ئیکجار لە سەر ئابووری ناعەشیرەیی شوێن تێکەربوو: لەماوەی ئەم کێشمەکێشانە 180گوند تاڵان کرابوون.
حاکمی نوێ ئەوڕادە بەهێزنەبوو کە لەگەڵ داودخان دەست بە یەخەبێت. هەتا بە کەلک وەرگرتن لە مرۆڤی قەبیلەی سەنجابیش لە بەرامبەر4000تفەنگچی کلهوڕ،زێدەترلە2000تفەنگچی  نەیدەتوانی بۆ مەیدان بێنێ، بۆ کۆ کردنەوەی سوپایەکی زۆرتر پارەیەکی ئەوهای لە چەنگدانەبوو. لە بەر ئەمە چونکە لەم پڵانەدا سەرکەوتوو نەبوو دەستەوداوێنی پێلانگێڕی بوو یەک لەوکزەوفێڵە بەوالی پشتکۆ،زاوای داودخان خەبەری ناردبوو، ووادەی دا ئەگەرداودخانی دەست بەسەربکات دەیکەنە وەزیری بەرگری. والی بە ئاقڵانە، خۆی لە وەڵامدانەوە بوارد. لەژوئیەی 1910داودخان بەرەوالەت داوای ملکەچی کرد،بەڵام ئەم ملکەچیە، بەتاڵ لە ناوەرۆک نەبوو، بەهەرحاڵ بەدانی وادەی سەرلەنوێی پێتاک و باج، کۆ کردنەوەی هەنگی وادەپێدراو،حاکمی لەدژکردەوە دوورکرد. دەیزانی کە حاکم لەڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ سەینەوبەینەی سیاسی گرنگتری دەڤەر،یانی بەربەرەکانی لەگەڵ لووت بڵیندی و بەرە پێکهێنانی بەختیاری لە ڕۆژئاواو چەلاخ یەکانی لوڕستان لە باکووری ڕۆژئاوا بەیارمەتی وی ئاتاجی هەیە.
هەڵبەتە ئەم گێرەوکێشەیە،بەتێکڕایی لە سەر نێوانناخۆشی کەڵهوڕەکان و سەنجابیەکان کارتێکەربوو. شێرخان کە500سواری کۆکردبۆوە وزۆری لەم سوارانە لە ماوەی نۆمانگی تێپەڕیو لەشەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کەڵهوڕ لەدەست دابوو، لە مانگی نوامبەر ئاگاداربوو کە حکوومەتی مەشرووتەی تاران دابین کردنی ئەوخەرجانەی کە ئەو لەم بارەوە کردۆیەتی ڕاگرتووە-وئەمە هەڵبەتە زەبرێک لە ئابووری و کەسایەتی وی بوو. لە شۆسەی کەرمانشا-قەسری شێرن کەڵهوڕەکان وباجەلانەکان پێکەوە لەوانەی لەم ڕێگایە تێدەپەڕین پارەی هاتووچۆیان وەردەگرت. شێرخان هەرچەند لەلای حکوومەت دانرابوو بەڵام دەسەڵاتی گەیشتنەوی بۆ قەسری شیرن نەبوو چ بگا بەمە کە نەیەوێ حوکماتی بەسەردابکات. لە1911داودخان،سەرۆکی باجەلانەکانی یانی کەریم خان بەجێگری خۆی لەقەسری شێرن دانا، وئەمە مارەبڕانەی کیژەکەی لەگەڵ کوڕی کەریم خان بوو. لەمانگی ئاوریل بە بەرتیل والی والیکرد کە ئەوی بەحوکڕانی دەڤەرەکان،یەک لەوان قەسری شێرن،دیاری بکات، وسەنجابیەکی نەرم نوین، بۆ جێگری وی دەست نیشان کات.

لە سەرئەمەش، سەرکەوتنەکانی داودخان تۆوی تێشکانیان لەخۆداهەبوو. تۆڵەی چاکەدانەوەی کەریم خان بەحکوومەتی قەسری شیرن،چاوتەنگی برای کەریم خانی ورۆژاوکرد وسەبەبی ناهومێدی بەشێک لەگۆرانەکان بوو،گۆرانەکان هێورهیورکەوتنە بەرئەوفکرە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەنجابیەکان باشتربکەن. سەنجابیەکانیش کە پێشتر هێوایان بەشێرخان نەبوو ئێستا کە داودخان بێ ئیحترامی پێکردوە ومرۆی نالێهاتووی بۆ سەرۆک هۆزی وان دانابوو لە سەررا لە دەورەی وی کۆبۆنەوە. بەچوونەخواری باکووری کوردستان لە ئاڵۆزی وناکۆکی زێدەتر،بەرەی دەزۆر وەسەرپێ کەوتن، ئامانجی دیاری کراویان لکانی بەشەکانی ڕەقیب بەمە یان بەئەولا بوو: یانی بە کەڵهوڕان یان بە سەنجابیان. لە دەوروپشتی کۆتایی ئاوریل گروپی دژ بەداودخان وردە وردە لە مەرژمارە لە کەڵهوڕان زێدەتربوو،وبێزاری لە داودخان تەنیا بوو بە هۆی ئەوە کە ئەم هێزانەی پێکەوە یەکگرتوودەکرد. لە مانگی ژوئین داودخان پیس تێشکا،بەڵام دوایی کە شکەستی خوارد، ئاوایەکانی سەنجابی لەناوچەیەک بەبەرفرەوانی دوو سەت مایلی چوار قولینچک خاپوور کردو زۆری دیکەشی تالان کردبوو.
ڕووداوێک کەگرنگایەتی نەتەوەیی هەبوو،ئەم ناکۆکیەی ناوەخۆو دەرەوەو قەبیلەیەی ڕاگرت: سالارودەولە،برای چووکەو بەرزەفری محەمەد عەلێشا، کە لە1909لەسەلتەنەت وەلانرابوو بەیداخی هەڵگەڕانەوەی لەدەوروپشتی سەقز هەڵکرد ولەژوئیەی 1911لەوکاتەدا کە محەمەدعەلیشا، بۆخۆی لە ئاخرین تێکۆشان بەئامانجی بەدەست هێنانی تانج وتەخت لەدوور خراوەیی گەڕاوە،واردی سنە(سەنەندەج) بوو. یەکێک لەهەوڕییانی شێخی (تەویڵە)بوو،کە زۆرئیحترامیان دەگرت. ئەم شێخە،دەیان قاقەزی بۆ مشایەخ و زانایانی ئائینی سوننەمەزەبی شارەکانی کوردنشین نارد کە لە نێو ئەواندا ڕایدەگایاند کە دژایەتی لەگەڵ سالارودەولە وەک دوژمنایەتی لە گەڵ خودی ئەو وشێخ الاسلام ئەستانبۆل دیتەحیساب،کەگویا ئەم دووە لە ویان داکۆکی دەکرد.
دەنگدانی ئەم دەقەرە لەئێران بەناوی نوختەی سەرەتای عەمەلیات، کارێکی بە ڕیکەوت نەبوو: ئەو-یانی سارلارو دەوڵە-پەیوەندی نزیکی لە گەڵ سەرۆک عەشایەری کوردو لوڕ هەبوو. لە1906حاکمی لوڕستان بوو، بۆ گەیشتن بەنێمچە سەربەخۆیەکی ناو وڵات، کیژی والی پشکۆی خواست،ولە 1907 خەریک ببوو بۆ دەست وێراگەین بەم ئامانجە عەشایەرچەکدارکات. ئێستا پێشنیار دەکات کە ئەوان دژی حکوومەتی مەشرووتەی تاران ڕێبەری بکات و سەلتەنەتی بۆ شای بگەڕێنێتەوە. دەیزانی کە عەشایەر لەگەڵ بزوتنەوەی مەشرووتیەت ئینکابەری دەکەن. لەبەرئەمە یەکێک لەهەنگاو هاوێژتنەکەی ئەمەبوو کە کەڵهوڕەکان وسەنجابیەکانی بۆ کاتێک بەرتەسک پێک هێناوە.
سروشتی یە،بڕیارگرتن لەم بارەوە کە لەوهەل ومەرجەی کە لەبەرەی بەرفرەوان بەڵام تێک شکێندراو لەعەشایەرخەریکی ڕوو بەڕوو بوونەوە بوون لەگەڵ دەسەڵاتی بەختیاریەکان لەتاران قیت ببنەوە،چ دژکردەوەو هەڵویستێک دەبی بگێرێ،بۆ داودخان لەگەڵ شێرخان یان سەرۆکانی عەشایەر شۆڵێکی سادەو سانایی نەبوو. مەترسی بەهێزی ئەم کارەزۆربوو، وهەموو دەیانەویست وەزعی سوپای لایانەکانی بەباشی هەڵ بسەنگێنێ. داودخان سەردەمێک کەوتە شک ودوودڵی،وادەی هاوکاتی بەتاران وسالارودەولەدا. هەڵبەتە ئەم گومان ودوودڵیە هەتاچاخێک بەردەوام بوو کەسالارودەولە لە وی داواکرد کە حکوومەتی کەرمانشا،وەئەستۆی خۆی بگرێ. بەدوایی ئەم داوایەدا، داودخان بەزوویی زوو بەهەڕەشەو ترس ولەرز سەرۆکانی عەشایەری بەداکۆکی لەسالارودەولە،و سەوداگەرانی شاری بەدابین کردنی پارەیەکی کە نیازی پێبوو وادارکرد-یەک دوو کەسی دارکاریکردن، ئەوانی دیکە لەترسان پێڕاهاتن.

هەنۆکە سارلارو دەولە،هێزێکی نزیک بە10000چەکداری کوردی لە بەردەست دا،بەڵام ئەم خەڵکە جێگای متمانە نەبوون: کەڵهوڕەکان فەقەت بۆ تاڵان وریگری هەتبوون، ئەوانی دیکەش لەترسی داودخان خۆیان لەم مەسەلە وەردا،زوربەی ئەوان کە ماڵێکی تاڵانیان کەوتەبەردەست بۆماڵی خۆیان گەڕانەوە. سالارودەولە، لەسپتامبەری 1911لەنزیک سوڵتان ئاوا، کە هەشتاد مایل زێدەتر لەگەڵ تاران مابەینی نەبوو شکەستی خوارد،وبۆ کەرمانشا، پاشەکشەی کرد،و لەوێڕا بۆناوکەڵهوڕەکان چوو. داودخان ئێستا حاڵی بوو کە (قەلخانیەکان) کە بەشێکی گرنگ لەگۆرانەکان بوون ئیدی ئەوی بەفەرمی ناناسن.
لەبەهاری 1912داودخان خۆی لەحاڵاتێکی زیدوناقس دابوو: لەلایەک بەختی لەگەڵ سالارودەولە،کەمێ باشتربوو، سالارودەولە کەرمانشای سەرلەنوێ دەست بەسەرداگرتبوو وتاڵانی وڕاو ڕوتی وی بەکوردەکان ئەسپاردبوو. بەڵام لەلای دیکە لە ئولکەی ئینکەبەری دەژمنایەتی تایفەگەری،وەزع بەرەو خەراوی هەڵدەگەڕا: گۆرانەکان وسەنجابیەکان دژی وی یەکگرتووببوون زوربە لە عەشایەری کچکەترکە لەفەرمانبەری کەڵهوڕان وەگیان هاتبوون بەوان دەلکان، لە سەرەتای مانگی مەی (کەرەندیەکان) دەبەردابوون وەک بۆمب بەتەقنەوە. تەنیا شتێک کە داودخانی لە تێشکان ڕزگارکرد بەڵینی عەشایەر بەم مانایەبووکەهەتا یەکسەرە کردنی شۆڵی شۆرشی سالارودەولە دەست ڕابگرن.
داودخان هیچ چاخ لە بەرامبەر هۆزو تیرەو قەبیلە کە دژی وی یەکگرتوو ببوون ئەو سەرشۆڕی وسوکایەتیەی کە حەقی بوو ئازموون نەکرد: لە،لەشکرکێشی سالارودەولە بۆ سەرتاران لەگەڵی چوو. بۆخۆی و کوڕی گەورەی لە شەڕگەیەکی نزیک (سەحنە) بەو ڕەشاشانەی ماکزیمی حکوومەتی تاران دروانەوە و بەروپیری مەرگ چوون. گەلێک لەکەڵهوڕان لەم شەڕە داکوژران، سالارودەولە بۆ لوڕستان تێی تەقاند. شوڕشەکەی کە لە سەرکەوتن نزیکەی کردبوو لە مانگی ئۆکتۆبر دوایی پێهات.
بە مردنی داودخان،کەڵهوڕەکان لەگەڵ دژکارانی خۆیان ئاشتی کرد. ڕیبەری قەبیلە لە سوکری دووڵاو دانرا: یانی کوڕی پاشمەنەی داودخان بە ناوی سولەیمانخان ونەوەکی بەناوی عەباس خان. سروشتییە ئەم دوو برایە لە سەرسەرۆکایەتی دەستیان بە بەربەرەکانی یەکتری کرد وقەبیلە سەردەمێک تووشی شپرزەیوو کزی بوو.
لەونێوەدا شێرخان سەنجابی لەدەسەڵاتی بێ ئەملائەولای عەشایەری کەلکی وەرگرت،ولەبەرامبەر پاریزگاردی شازادە،لە ڕۆژهەڵاتی کەرمانشا،هەتا کەنگاوەر،قازانجێکی ئیکجارزۆری پێبرا. بەڵام نە ئەو ونە سەرۆکانی کەڵهوڕهیچ کامیان بۆیان بووزی نەخوارد چاوەدێری لە سەرعەشێرەتی خۆیان بکەن، چونکە بەهۆی کوژرانی داودخان پێکهێنانی تەشکیلاتێکی تازەلەحاڵی گووراندابوو وشێرخانیش هیزوپێزی خۆی لەدەست دابوو،کەرمانشا هەتا ساڵی 1913هەرواتووشی گێچەڵی ئاڵۆزی وپشێوی بوو.

عوسمانی، ڕووسییە وکوردەکانی ئێران

تاران سەبارەت بەڕوانگەی عوسمانی و ڕووسیە بەم بەشە لەوڵات ئیکجار کارتێکەروحەساس بوو. سەرتا هێرشی شێخ عەبەیدوڵڵا بەم بەشە لەوڵات لە1880 قەوما،کە تاران لە ڕاستیدا ئاقیدەی وابوو کە بە ڕەزامەندی عوسمانی دەستی پێکراوە. شەش ساڵ دوایی 6000سەربازی عوسمانی لەوان

وباشقاڵ، نشتەجێ بوون،وهۆی دڵەڕوکەیەکی زۆری ئیرانیان پێکهێنا. دوایی لە کۆتایی دەیەی 1890ڕووسەکان وردە وردە ئیلاقە و سەرنجی زۆریان بە دەڤەرنیشاندا.

ئەستانبۆل لە مەترس و،حەجمینی تاران سەبارەت بەپلانەکانی ڕووسیە بەشداربوو. ئەویش وەکووتاران ئەومەترسیەی ڕێنیشتبوو کە دوورنییە ڕووسیە ئازەربایجانی ئێران داگیربکات. لەوحالەدا(بابی عالی)دەیەویست بۆ ئاگا لە خۆبوون،شوینەکانی تاکتیکی کە گرنگایەتیان هەیە، لەدرێژایی سنوور کە هێندە دیاری کراونەبوو پێشتر داگیری کردبێت. بەڵام مەترسی لەمە کە هەنگاوهەڵینان بۆکارێکی وا سەبەبی وەلەزو تالووکە خستنی دەست تێوردانی ڕووسیە بێت،لەمپەری ئەم کارە ببوو. بەڵام لە1906عوسمانی هەستی کرد کەئێستا کە ڕەوانگەی ڕووسییە،بەهۆی تێشکانی بێ فەزیعەتی لە ژاپوون وهەڵلاوبەزمی ناوەخۆ لەدەڤەرلایداوە، دەتوانێ دەست بەکردەوەبکات. لەبەرئەمە دەستی لەزنجیرەیەک هێرشی بچکۆلانەدا،داوای مڵکایەتی پێگەکانی گومرگی ئیرانی کرد و ئەوانی یەک بەدوای یەکدا دەست بە سەر داگرت. لەمانگی مەی 1906کەرتەکانی عوسمانی (مەرگەوەر)و (دەشت)یان داگیرکردن،و لە ژوئین وئۆکتۆبر سەردەشت وشنۆ،یان دەست بەسەرداگرتن. بەڕیوەبردنی ئەم کارە،سەرەتا عەمەلیاتی ڕووسییەلەساڵی 1906بۆ داکۆکی لەقازانجی خۆی لەباشووری ئازەربایجان وپاشان بەڵیننامەی 1907ی ڕووسییە وئینگلیزبوو کەبەپێی ناوەرۆکی وی ئێران بەدوو مەڵبەندی شوێن تێکەری باشووروباکوور دابەش کرابوو. تەواوی کوردستانی ئێران بەبەشێک دەڤەری شوێن تێکەری ڕووسیەبوو.

عەشایەری کورد سروشتی یە،لەم بۆشایەی دەسەلات کەلکیان وەردەگرت، وزوربەی لەجیی وەسیلە و وەشاردنەوەی ئامانجەی تورکەکان کاریان دەکرد. بۆ نموونە،لەفۆرییەوئاوریلی ساڵی 1906شێخ محەمەد سەدیق کەرتەکانی تورکی بەگەڵ ودۆڵەکانی (تەرگەوەڕ)و (دەشت)داهێنا،دەست وپێی ئیداری گۆمرگی ئێرانی لەناوچە ڕاونا. لەبەهاری ساڵی 1907کوردەکانی عەشایەری ناوچەیی کاتێک خەبەری وەڕیکەوتنی هێزەکانی ئێران گوێبیس بوون، لەجێگەی خەڵکی سوننەمەزەب لەسوڵتانی عوسمانی داوای یارمەتیان کرد، وتورکەکان لەم بیانوە بۆ داگیرکردنی لوتکەو بەرزایەکانی ڕۆژئاوای ورمێ کەلکیان وەرگرت، وئەم شارەیان لە مانگی ئەوت دەست بەسەرداگرت. لە کۆتایی ساڵ باڵوێزی عوسمانی لە ورمێ بەڕاشکاوی لەخەڵک(یەک لەوان قەرەپاپاخەکانی شێعە مەزەب)لێگێڕاوە کە داوای هاووڵاتی بوونی عوسمانی بکەن. لەژانوییەی 1908هەزاروپێنج سەت سەربازی تورک وژمارەیەکی زۆر لە کوردان،ساوجبلاخیان داگیرکرد. فەرماندەری تورک سەرۆکی عەشایەری دەورەوپشتی گاس کردن وبەوانی ڕاگەیاند لەمە بەدوا هاووڵاتی سوڵتانن نەک پادشا.

لە زۆرشوێنان هیرشی تورکەکان زۆرخۆڕاگرنەبوو، بەڵام لەپشت سەربۆشایی و بەتالایی بەجێ دەهێشت کەلە وێ عەشایەرئازادبوون بۆ ڕاگرتنی پیرۆزی وداسەپانی دەسەلات پێکەوە دەست بەبێخەبن،ئەم وەزعە هەڵبەتە بەمانای لەناوچوونی ئابووری ناوچەبوو. نیزامی وتفەنگچی عەشیرەیی بۆ تالانی ئەوکاروانانەی کەبەناوچەدا تێپەڕ دەبوون پێکەوە پێکهاتبوون. فەرماندەرانی تورک سەقامگیرلەدەڤەرهاوتای ئێرانی خۆیان وشیاردەکردەوە کە ئەگەر هەنگاوێک بەهۆی سزای کوردەکان باوێن، تەداخۆل دەکەن. لەژانوییەی 1909بەتالانکردنی ورمێ تێشکانی هێزەکانی ڕووس لەهێزەکانی هاوبەشی تورک وکورد، خەبات وتێکۆشانی قەبیلەیەی بەوپەڕی خۆی گەیی. لەکۆتایی ساڵی 1909ئیدی ئاشکرابوو کەتورکەکانی ئێران بەتاڵ ناکەن مەگین ئەمە کە ڕووسەکان بۆ مەیدان بێن.

تەنیا لەدەسامبەری 1911 بوو کە ڕووسیەوبریتانیا بۆ داکۆکی لەقازانجی سەوداگەری خۆیان ڕەزامەندیان لە سەرهەنگاوێکی هاوبەش دەربڕی. و قولنامەیەکیان لەبارەی سنووری ئێران وعوسمانی هەرلەومانگدا بە ئیمزاگەیاند. ڕووسیە لە عوسمانی ویست هێزەکانی خۆی بۆ شوێنەکانی ساڵی 1905 بکێشێتەوە،دوا. کاتێک عوسمانیەکان بەم داخوازە وڵامیان نەداوە،ڕووسیەکان هێزێکیان لە(شاری خۆی) سەقامگیرکرد. لەئۆکتۆبری 1912عوسمانی،نەرمی کێشا.
ڕووسیە وەک هێزەکی داگیرکەر جێگای عوسمانی گرتەوە وهێزەکانی خۆی لەسەڵماس،ورمێ وسابڵاخ دامەزراند. لەماوەی ساڵەکانی 1913 ڕووسیە ئازەربایجانی وەکوو دەڤەرێکی ژێرچاوەدێری خۆی بەڕێوەدەبرد وبەئەنقەست هەودای پەیوەندی نێوان تاران وتەورێزی سست کرد،بەڵام لە عەینی حاڵدا ئارامی لەمەڵبەند بەرقەرارکرد کەساڵانی ساڵ بووناوچە ئارامیەکی ئەوهای بەخۆوەنەدیبوو. ڕووسیە هێزێکی 10000کەسی لە ئازەربایجان هەبوو، کە زێدەتر لەنێوەی وی لەناوچەکانی خۆی وسابڵاخ سەقامگیر بوو.
لەوجێگایە کەهێدێک بۆ دابین کردنی ئارامی وبەرگری لەدەڤەر بێ نیاز نەبوو،ڕووسەکانیش وەکوو تورکەکان ژمارەیەکیان لەعەشایەر بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارەچەکدارکرد.
ئەم مەسەلە دیسان هەل وفورسەتێکی دیکەی بەدەست سەرۆکانی بەرزەفروی عەشایەردا هەتا بەکەلک وەرگرتن لەو هەڵ ومورجەڕەخساوە کەسایەتی خۆیان لە ناوچە بە هێزکەن،و لە بەرامبەر داکۆکی لە بەرامبەردوژمنانی ناوچەیی بەڕووسەکان خزمەت بکەن. ئەمە لەڕاسیتدا هەرئەوکارەیە کە سمایل ئاغای شکاک(سمکۆ) بۆ بەهێزکردنی وەزع وچلۆنایەتی خۆی لە بەرامبەرنەیاران و لەگەڵ دژکارانی بەرەی شکاک دەیکرد. بەمجۆرە لاقی ڕووسەکان بۆ ناکۆکی ناوچە کێشراژور، و ئێستا ڕووسەکان بوون کە لە هۆزێک بۆ تیرەیەکی دیکە پشتیوانیان دەکرد، یان بۆخۆیان دەبوونە ئامانجی هێرش بۆ کردن.
لەم نێوەدا کمیسیونی کەرچلی سنوور تێدەکۆشا، هەتا ناکۆکی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی بە بەڕیوانی نوێنەرانی رووسیەو ئینگلیز جێ بەجێ بکات. بەڵام ئەم شۆڵە خولاسە بەئاکام نەگەیی. داربەسەرداهێنانی مەسەلەی کەوشەنی ئێران بەسەرهەڵدانی شەڕ لە ئۆڕوپا لە ئۆکتۆبری 1914کەبۆ ئەم مەڵبەندەی شوینی تێکرد بوو، بۆ چوارمین جار لەماوەی شێست ساڵی ڕابردوو بێ ئاکام ماوە.


سەرچاوەکان:

بریتانیای مەزن،بڵاونەکراوە: ئیداری ئارشیڤی گشتی: سریەکانی وەزارەتی دەرەوە،ژمارەکانی 464-483-516-580-598-612،سیریەکانی 248ی وەزارتی دەرەوە،ژمارەکانی 246-289-330-391-505-547-654-675-847-851-938-944-968-999-1031-1053-1059-، وەزارەتی دەرەوە، 371،ژمارەکانی 304-306-313-346-498-540-953-956-2079-،وەزارەتی دەرەوە،111/416،وەزارەتی بەرگری 5964/106،کتێبخانەی وەزارەتی هند(دیوانی هند)ال/ پی واس/11/10،345،/36.

بریتانیای مەزن: بڵاونەکراوە: ئەسنادی پارڵەمانی، تورکیە ژمارە 3(1896)،ئەرتەشی هند،شاخەی ئیتلاعاتی ئیدارەی گشتی کارپەردازی، فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران(سیمال، 1905)

سەرچاوەی دووەم: اروانداَبراهمییان،ایران بین دو انقلاب(پرینس ،1982)،حسن ارفع،پنچ پادشاه(لندن،1964)،پیترایوری،گاوین امبلی وچارلزملویل،تاریخ ایران،جلد 7(کمبریج،1991)،شاول بخاش،ایران: سلطنت،دەسگاەدیوانی،واطلاعات درعهد قاجاریه،1858-1896 (لندن،1978)،لویس بک،(قبایل ودولتها درایران سدەهای نوزدهم وبیستم) دەنوشتة خوری وکاستیزتحت عنوان تشکل قبایل ودولت،ایزابلابرد بیشاپ، سفردرایران وکردستان(لندن 1891،چاپ مجددلندن 1988)، مارتین وان بروئن سن(قبایل کردوشۆرش سمکو)درچاپ ریچاردتاپر،کشمکش قبایل ودولت: ایران وافغانستان(لندن 1983)،جی.ان.کرزن،ایران ومسألة ایران( لندن، 1892)سی،جی. ادموندز، کردها،ترکها و عربها (لندن، 1957، دایرەالمعارف اسلام،چاپ اول،(ساوجبلاخ)، جورج فاولر، سەسال درایران باوقایع سفرهای کردستان(لندن،1841)،گیلان، کردهای ایران وتهاجم عثمانی) مجلة جهان مسلمان،شماره 5،مە1908، پی. ام.هولت، ان. ک. اس. لمبتون وبرناردلویس،تاریخ اسلام کمبریج،سرزمینهای مرکزی اسلامی (کمبریج، 1907)،نیکی کدی،ڕیشەهای انقلاب(نیوهی ون،1981)نیکی کدی،(ساختارقدرت دەرایران وتحول اجتماعی)مجلة بین النەتەویەتی مطالعات خاورمیانه،جلد 1971،2،ا.ک.اس.لمبتون،مالک وزارع درایران (لندن، 1953)،ا.ک.اس..لمبتون،ایران عصرقاجار،رابرت مک دانیل،ماموریت شوستر وانقلاب مشروطیت ایران(میناپولیس،1974)،سرجان ملکم،تاریخ ایران (لندن،1829)،وانسامارتین،اسلام وتجدد،انقلاب 1906ایران(لندن وسیراکوز،1989)،اف.ار.ماونسل،گزارش نظامی دربارەشرق ترکیەدرآسیا (لندن،1893)،زیبامیرحسینی(حقیقت درون تاریخ برون: دوعالم اهل حق کردستان) ،مجلةبین النەتەویەتی مطالعات خاورمیانه،جلد 26،1994،ژی. دونرگان،مأموریت علمی درایران،جلد 2(پاریس،1895)و(فئودالیسم درایران) Smithsonian Institution Annual Review (واشنگتن،1913)،مورگان فیلپس پراس،(سفراز ئازربایجان وکرستان ایران)،سخنرانی درانجمن ایران(لندن،1913)،اج.سی.راولینسن،(یادداشتهای درباره راەپیمایی از زهاب، درپای زاگرس درکنار کوەهای خوزستان(شوش) وازآنجا لزطریق لرستان بەکرمانشاه درساڵ 1839،)مجلةانجمن سلطنتی آسیا،ژماره 1839،9،و(یادداشتهایی درباره سفرازتبریزازطریق کردستان ایران)مجلة جغرافیایی شماره 184110،رئیس طوسی(ارتش ایران 1880-1970)مطالعات خاورمیانه،شماره 24،-1988،اچ.جی.ویگهام، مسألةایران (لندن،1903)،ا.تی.ویلسن،جنوب غرب ایران،دفتر یادداشت ڕۆزانة یەک صاحبمنصب سیاسی،1907-1914(لندن،1914)،اس.جی.ویلسن،زندگی وعادات رسوم ایرانیان(نیویورک،1900).آ،ث.وراتیسلاو،کنسولی درشرق (اینبرو،1924)، دنیس، انگلیسیان درمیان ایرانیان درعهد قاجار،1787-1921(لندن،1977) .

یاددشتها:

1-ملکم تاریخ ایران،جلد 1،صفحة 134،

2-ئەڕتەشی هنه،فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران، لاپەڕە 393.

3-راولینسن(یادداشتەکان سەبارەت بەسەفەر)لاپەڕەی 34.

4-لە 1722-1723 ڕووسیه قەفقاز یەک لەوان دەربەند وباکۆی گرت،کاتێکی دیاریکراو هەتا ڕشت هەڵکەوتوو لەقەراخ خزرشوین تێکەربوو.

5-هۆكاری داكۆكی توندی ئیران لەبابانەكان لەساڵەكانی 1818-20وداگیركردنی سولەیمانیە ودەست بەسەرداگرتنی كورتەزەمەنیک بایەزید وبتلیس لە1821بوو.
6-وەزارەتی دەرەوە 613/60،قاقەزی وودبە دوراند،تەورێز،1،ژوئین 1899.
7-ژی-دومورگان(فئودالیسم لەئێران) لاپەڕەی 592.
8-وەزاڕەتی دەرەوە 953/371قاقەزی باركلی گری،تاران،23ژانویەی 1910، هاوپێچی شمارە9،نامەی ئەسمارت بەباركلی، تەورێز،3ژانویەی 1910.
9-وەزاڕتی دەرەوە 953/371 نامەی ئەسمارت بەباركلی،تەورێز،3ی ژانوییەی 1910.
10-بەپێچەوانەی حەمیدیە ئەم هێزانەی یارمەتی دەر بڵكوو بەشێك لەهێزەكانی ئەسلی ئەرتەشی ئێران بوون. بەپێچەوانەی حەمیدیە بەرەواڵەت ئەدسەرودەرجەدارەكان لەئەڕتەش بۆ تەعلیم وفیركردنی وان چاوەدێریان نەبوو.
11-نێوان تئوری وكردەوە تەوفیرێكی بەرچاو جەستەی هەبوو. بۆ نموونە،لە1899،دەسەتەیك سوارەنیزام فەرمی 37600كەس بوو لەحاڵێكدا كەبەكردەوە ئەم هێزە لە13660كەس پترنەبوو،بەرپرس تووسی،(ئەرتەشی ئێران،1880-1907) لاپەڕەی 217.
12-بخاش،ئیران،لاپەڕەی 277.
13-حەسەن ئەرفەع،پێنج پادشا،لاپەڕەی 50-51.
14-جورج فاولر،سەساڵ لەئیران لەگەڵ ڕووداو،جگەلەسەفەرلەكوردستان،جلد 1،لاپەرەی 110.
15-ال/پی واس/345/10نامة ئەسمیث بۆ مالت،نتلیس،16آوریل 1913.
16-مەتڵەبەكانی نوسراوە لەشەرچاوەگەڵ زێدوبەقیسن،بنواڕەراولینسن،(یادداشتەكانی سەبارەت بەسەفەرلەزوهاب)لاپەڕەی 36،كرزن،ئیران ومەسألة ایران،جلد1،لاپەڕەی 557،بیشاب،سەفەرلەئیران وكوردستان،جلد1،لاپەڕەی 84،موسیٰ،غاە شێعە،لاپەڕەی 191،ماونسل،ڕاپۆرتی نیزامی سەبارەت بەرۆژهەڵاتی توركیە لەئاسیا،لاپەڕەی 484،سون،سفەربین ئەلنهرین وكوردستان لەلێژنە گۆرا،لاپەڕەی 387.ئەدموندز،كوردەكان، توركەكان وعەرەبەكان لاپەرەی 193،حكایەت لەمەدەكات كەلە ساڵەكانی دەیەی بیست هێشتا زوربەی خەلك لەوفكرەدابوون كەژمارەیەكی زورلەكەڵهوڕان كاكەین،(ئەهل حەق لەئیراق بەكاكەی دەناسرین)،تەنیا شاخەی كەڵهوڕ هەتا ئەمرۆ لایانگری مەزەبی ئەهل حەق ماونەتەوە، مینیشیەكانن كەبە(ناباوەر)دەنگینن(یانی كفری هێنەر).بنواڕنە كتێبی گرنگ وجوانی ئەمیرحوسینی كە بزوویی باوەدبێتەوە.
17- سێرەبدەنە نوسینی زیبا ئەمیرحوسێنی،(حەقیقەت درون وتاریخ برون) كەتەوفیری ڕۆڵێك كەڕیبەری ئەهلی حەق لەدەڤەرەكانی قەبیلەیی وناقەبیلەیی نزیک كەرمانشا گێراویەتی نیشان دەدات.
18-سەنجابیەكان،1500چادر،زوربەی لایانگری مەزەبی ئەهل حەقن،كرنەیەكان 2500ڕەشماڵ، ئەوانیش لایانگیری ئەهلی حەقن،-عەلی ئۆڵاپیی- زەنگەنەكان 1500چادر،شێعەنە.
19-دەگوترێ كەدادخان غولامی خانەدانی حاكم یانبنەماڵەی یەكێك لەكەدخودایان بووە. بنواڕنە ڕاپۆرتی ال/پی واس/36/11ئەی بی.سون سەبارەت بەكوردەكانی باكوور،1913،وەزاڕەتی دەرەوە 938/248،دەفتەری ڕووداوەكانی ڕۆژانەی باڵوێزی كەرمانشا،11ی مەی 1908.

20-لە1908بەشەکانی نارازی 1قەبیلەیەک لەئیلخانی پێشوو، محەمەد عەلیخان، بانهێشتنیان کرد کەدەسەڵات بەدەست وەبگرێ. بەڵام لەسەرئەوبوغزو غەرەزەی کەلەگەڵ داودخان لەگۆڕێبوو محەمەدعەلیخان چ کات شانسی ئەم کارەی نەبوو، ڕایکردو بۆوالی پشکۆی پەنابرد.
21-وەزارەتی دەرەوە938/248 دەفتەری ڕووداوەکانی ڕۆژانەی کەرمانشا،17ی نوامبەری 1908.
22-باجلانەکان لەبەشی سنووری هەڵکەوتوو لەخاکی عوسمانی دانیشتووبوون،لەبنەڕەت دا لایانگری مەزەبی ئەهلی حەق بوون، بوون بەسوننەمەزەب.
23-بۆ نموونە،حوسین وخان و بەشێک گۆران پەیوەندار بەوی بەشیرخان لکان. سەنجابیەکانیش کەپێشتر لەشیرخانی جیاببوونەوە لەگەڵ خۆ بردن. جافەکانی مرادی هەرلەسەرەتا ڕەگەڵ شێرخان کەوتبوون، چونکە لەگەڵ دوو کەس لەلایانگرانی داودخان،یانی فەتاح بەگی جاف وکەرینخان باجلان نێوان ناخۆشیان هەبوو. لەئەوریلی1911فەتاح بەگ سەرۆکی شەرف بیانی (کەقەبیلەیەکی گچکە لەدەڤەری سنوورە) کوشتبوون ولەگەڵ جافەکان یەکگرتوو ببوون.
24-ئەم مرۆڤەشێخ علاءئەدین کوڕی شێخ عومەری تەوێڵەبوو.
25-داودخان هەتا حکوومەتی قەسری شیرنی بەشیرخان دا. ئەو،ئەم کاری پێخۆش نەبووچونکە لەگەڵ کەریمخان باجلان کەقەراری مارەکردنی کیژی گچکەی داودخانی شکاندبوو، کیژەکە هێشتا کەم تەمەن بوو سێ ساڵی دیکە ئەم مارەیە سەربگرێ
26-شوین تێکردنوو دەسەڵاتی حکوومەتی تاران بەڕادەیەک کەم بوو کەلە ئاخرین هێرشی کەرمانشا لەمانگی ئۆکتۆبر فەرماندەری نیزامی سوڵتان ئاوا بۆ بەئۆدەگرتنی هێزەکانی سالارودەولە، بەوی لکا، وسەنجابیەکان وئی دیکەی ئەندامانی قەبیلەکانی کورد لەهەرلایەک کەئەستێرەی بەخت بەرز دەبوو پشتیوانیان دەکرد. سالارودەولە لە1913 هەروا تێدەکۆشا،لەسەررا ئاگری شۆرش لەنێو کوردان هەڵکات.
27-ناوچەی شوین تێکەری ڕووسیە لەسنووری عوسمانی لەخانەقین بگرەهەتا یەزد ولەوێڕا هەتا ڕووسیە وئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی دەبەرە خۆ دەگرت. حەدوسەدی شوین تێکەری بریتانیا باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، بریتی لە بەندەرعەباس، کرمان،وبێرجەند هەڵکەوتوو لەنزیک سنووری ئەفغانستان بوو.
28-شەڕەکانی پێشو بریتی بوون لە: شەڕی کەریمە(1857)،شەڕی سربستان(1876) وشەڕی ڕووس وعوسمانی (1877).

پاژی (6)

شۆڕشی نەتەوەخوازی و شەڕ،

1908-1918،

ئەوهەی لەپاژی بەرێ،ڕویدا بەڕوناکی تێدەگەین کەلەدەوروپشتی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەناخی(کۆمەڵگای) عوسمانی، گێرەوکێشەو ئینکەبەری دەقووڵ لەگۆڕێبوو. ئارەزو بەنوێ کردنەوەو

پێشکەوتوویی وڵات،مەترسی لەدەست دانی حوکم ودەسەڵاتی بەرتەسک دەکرد،وئیلاقەو بەوەدیهێنانی نزم ونیزامێکی ڕێکوپێکو شوێن تێکەری ڕێوەبەری لە پاریزگاکان،شەوق وهۆگری بەبوونی قودرەت وئیقتیداری ناوەندی دەبەستەوە،وتەمەنا بەهێنانی لێهاتوو وپسپۆری فەنی ئۆڕوپای گیرۆدە بەداکۆکی لەقەلبی ئەمپڕاتووری ئیسلامی بێ شوێن دەکرد.

کاتێک بارودۆخی ناوچەی لەساڵی 1900لەگەڵ ئەمڕۆ هەلبسەنگێنین، وەیەکچوویی ئەم ئینکەبەری و هەڵچونوو تایبەتمەندیانە دەبینین: کەلک وەرگرتن لە کۆمەڵیکی زۆرلە قسەهێنانەوبردن و سیخوڕی وجەزرەبەو ئەشکەنجەدان وئیعدامی(قانوونی) وناقانوونی، دوورخراوەیی ناوەخوو، ئەوخەلک وگروپانەی کەمەترسی بۆ ئارامی وڵات بەحیساب دێن،حەول وتەقەلای ئاشکرالەڕەخنەگرتن لە وەزێت وپێشنیاری باشکردنی چۆنیەتی و دوورخستنەوەی کەسانێک کە ڕوک قسەدەکەن،پێکهێنانی گروپێکی نهێنی و بڕیارگرتن بەگۆڕانکاری نیزام یان هەتا سەرنخونی وی دەستەودامێن بەئامرازی ناقانوونی و بەشەڕ، لە ئاکامدا هەربەمجۆرەی کە لەنێوەی سەدەی نۆزدەهەم چەندپات بووە، خوازیاری دوورخراوەیی بەئامانجی ڕزگاربوون لە چەنگی دەسەڵاتداران و بەردەوامی خەباتی سیاسی.

هەڵبەتە چ ئەوکات وچ ئێستا هەمووخەڵک بەسەرجەم لەم ئاخافتنە گشتییە، جێگایەکیان نەدەبۆوە. جگە لەوە،ئینکەبەری لەنێوان کۆنەپەرست وچاکسازو ئاشتیخوازو سەرڕۆ ئازادیخوازان نەک تەنیا لەئولکەی ناوەندی(یانی ئەستانبۆڵ ودوایەکان ئانکاڕا وبەغدا)بەڵکوو لەڕاستایی ناوچەیی ولەنێو کۆمەڵگای ئەمپەڕاتووریش بەردەوام بوو.

لەناو کوردەکان، لە سەرەتا،لە ئەستانبۆڵ و پاشان لە پارێزگاکانی کوردستان، سەرلێشیواوی (پێناس وناسنامەی) قووڵ لە دژکردەوە، بە تێکەڵاوی وپشێوی ئەمپەڕاتووری سەری هەڵدا،کەهەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. دەستەیەک بە دوای دێتنەوەی ڕێگا چارەیەکی سیاسی بوون کە لەوێدا پێناسیان شتێکی بەرفرەوانتر لە پێناسی کوردی پەتی بوو، وبۆ ئەوان بەشداری لە چوارچیوەی فەرهەنگێکی گەورەتر وپێشکەوتووتر سروشتی دەنواند. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر ئەوکوردانەی کە لە ئەستانبۆڵ چاویان بەدنیا پشکووتوە یان لە وێ پەروەدەکراون لەگەڵ ئەم ڕێگاچارەیە ڕەزامەندی دەربڕن.(کوردبوون) وەک(تورک بوون) هەتا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەمانای (دێهاتی) و(ببو) بوو. ئەوانەی کەبەرزەفڕ بوون و دەیانەویست ئەم (لێکدانەوە) دوورباوێژن،وبەمانای تەواوی وشە،هاووڵاتی عوسمانی و وخەڵکی حاملاو ڕاهاتوو پێشکەوتوو لەقەڵەم بدرێن. هەتا ئەمڕوکەش هەن ئەوکوردانەی کە بە هۆی خەباتی سیاسی وئابووری، بۆ ئەوان پێناسی قەومی ونەتەوەیی گرنگایەتی کەمتری لە پێناسی پێشکەوتووی(وڵات) هەیە.

گروپەکیش هەبوو کە بە بەڵگەو دەلێلی جوراوجۆرو زۆرو زەوەند داواکاری ئەندامەتی لەکۆمەڵگای بەرفرەوانی عوسمانی بوو. ئەم دەستە لەخەڵکی کوردستان کە لە گۆڕانکاری سیاسی کە ئەوچاخ لە سەرانسەری ئەمپەڕاتووری کارتێکەربوو هەستایان بەمەترسی دەکرد وبە ناوەرۆکی (خەلیفە) و(سوڵتان) وەنووسابوون، دەوێدا دونیایەک کە بەتاڵووکە ژێر بەرەو ژوردەبوو بەوانی متمانەو ڕزگاری پێشکیش دەکرد. کوردێت و هەبوون و نەبوونی ئەوخەڵکە لە بنەڕەتدا لەم داخوڵاسەدەبوو کە وەدوای نەریتی قەدیم، ڕێووڕەسمی قەبیلەیی دەکەوتن-ئەمە مەسەلەیەک بۆو کە ڕژێمی پێشوو بەڕەواڵەت حازر بەپەرەو وبرەودانی وی بوو.

بۆ ئەوانی دیکە مەسەلەی قەومیەت مەسەلەی قەول وپەیمان و(ناسنامەی) دەهێنا بەرچاو،هەر وەک بەرێ بۆ تورکان وخەڵکی بالکان و ئەرمەنیەکان وعارەب پێشتر هاوەردرابوو. لە نێو ئەم چین وتویژە

دوو بوچوونی دیاری کراو لە ماوەی دوو دەیەی سەرەتای ئەم سەدەیە سەری هەڵدا. یەکێک لەم دووە حازر نەبوو پەیوەندی بەرفرەوانی کۆمەڵایەتی ئابووری خۆی بە تەواوی بپسێنێت،لە بەر ئەمە تێدەکۆشا لە چوارچیوەیەکی پانوو بەرینی کۆمڵگای ئیسلامی، بەڵام ڕەگەز تێکەڵاو، سەربەخۆیی ناوەخۆ وەدەست بێنێت. ئیدی خوازیاری جیایی تەواو سیاسی، چونکە لایانگری سەربەخۆیی قەمی بوو.

ئەم تەوفیرانە لەناو نەچوونوو هەروا گرنگایەی خۆیان ڕاگرتووە. دەستەی ئەوڵ کە خوازیاری ئەندامەتی لە کۆمەڵگای بەرفرەوانترە، دەکرێ هێشتا لەناوەندی پارێزگاکان ودەڤەرەکانی دێهات بدوزنەوە-ئەم خەڵکە لەناو ئەو دەستە کە ئاقیدەیان وایە داواکاری قەومی پێویست بە خووموختاری یان سەربەخۆییە بە(خائین) و(هاودەستان)ی خائین ناودەبردرێن. لە وەڵام بەم تۆمەتە، دەستەیەک لەو تەبەقە حازرن حاشا لە قەومیەتی خۆیان بکەن، یان لانی کەم ئەوی وەدواکەوتووی پێویستی وڵات بزانن، وزوربەی نەتەوەخوازانی کوردی بەسیفەتی (جیاوازیخواز) و(شۆڕشگێڕ) یان (ترۆریست)ناولێدەبن.لە ناو ئەو دەستە کە خوازیاری سەربەخۆی تەواون زۆرترین دوژمنایەتی ڕووی لە (ڕافزیان)یانی کەسانێک کە بە بەڵگە و دەلیلی فکری و،ومەسڵەحەتی لە نەتەوایەتی دەستیان هەڵگرتووە و خودموختاری لە سەربەخۆی بە باشتر دەزانن. ناکۆکیەکی توند کە لە سەرەتای ئەم سەدەی ڕوودا،دورست بەمجۆرە کەلەحاڵی حازردا بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی کوردی بەرەبەست کردوە،لە هێزی بزوتنەوەی کوردی کەم کرد و ئەوی لاوازکرد.

### ئەوڵین ئیسلاح خوازانی کورد

کوردەکانی کە ئەوەڵین کەڕەت، لە بەرامبەرخوو خدەی رژیم دەستیان بەخەبات کرد، ڕاپەڕینەکەیان دژی سەرەڕۆیی و زوڵمی سوڵتان عەبدولحەمید بوو. هەڵبەتە نەک وەکوو کورد بەڵکوو وەکوو هاو وەڵاتێکی عوسمانی ئەوهایان کرد. لاق قرساندن لە سەر قەومییەت ونەتەوەیی پاشان هاتە ئارا. لە هەوڵین دژایەتیدا کە بەپێی بەرنامە لە1889دژی سوڵتان سەری هەڵدا، کوردەکان بەشداریەکی بەرچاویان هەبوو. چوارخوینکاری دکتۆری ئەڕتەش،بریتی لە: یەک آلبانیایی، یەک چرکسی و دوو کورد کاکڵی جەماوەری نهێنی دوازدە کەسەیان پێکهێنا،کەلەدوایدا بە(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)ناوی دەرکرد،ئەم کۆمیتە لەسەر سەبکی (ڕەژۆکەرانی) ئیتالیا سازمان درابوو کە پێشرەوان ایل(ڕێسوجیمنتو)بوون (بزوتنەوەیەک کەلەسەدەی نۆزدەهەم بۆ ئازادی ویەکگرتوویی ئیتالیا سەریگرت.) جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر هەست بەپێویستی چاکسازی،لەناو خوێنکارانی لاو لە یەکێک لە قوتابخانەکانی تازە پێکهاتووی ئەستانبۆڵ ڕیشەی داکوتا(زانستگا هەتا 1900 دورست نەکرا). ئەم گروپە بەهۆی بەردەوام لەخویندن وگەڕەکی دانیشتنوو وگەنجی زێدەتر لە خەڵکی دیکەی ئەمپەڕاتووری شوێن تێکەربوون.

هەموو ئەوچوارکەسە،ڕەنگە لەوجێگاوە نەک حاملاوی ئەستانبۆڵ بەڵکوو پەروەردەی پارێزگاکانی مەیلەو بنیاتگرابوون.

ئەو دوو کوردەی ئامازەپێکراو، عەوڵا جودت واسحاق سکوتی،چەرمەسەری و تەنگەژەی ڕووناکبیرانی کوردیان، ئەوەندە کە (عوسمانیان)بەرئۆدە بەچاکسازی هەموو ئەمپەڕاتوورین،نەتەوەخوازی

کوردنین-بەڕاشکاوی دێنیەبەرچاو، وێنەدەکێشن. ئەم دووە،ئاڵقەی گرنگی واسیتەگەری لە پێشکەوتووی فکری لە ڕێگای بە کامڵ گەیاندنی ڕۆناکبیرانی کورد و تێپەڕین لە هزری چاکسازی ئەمپەراتووری بەلێکدانەوەی ڕزگاری ونەجاتی نەتەوەی کورد پێکدێنن. جۆدت لەخەڵکی(عەرب کیر)بوو لەوێڕا بۆ ئەلازیک (مەعمورتەالعزیز)چووبوو، ولەپاش تەواوکردنی خویندنی دەبیرستان لەساڵی 1884بۆ ئەستانبۆڵ گەڕابۆوە. سکۆتی خەڵکی دیاربەکربوو، کە شارێکی گەورەترە بەڵام هێشتا ناوچەشارستانیەکەی بێ جم وجۆڵ بوو. لە1892پۆلیسی شاراوەونهێنی، ژمارەیەکی لە پیلانگیران کەئێستا لە تەواوی کالێجەکان وبنکەکانی ڕاهێنان وفیرکردنی ئاستانبۆڵ بڵاوبوون دەست بەسەرکرد. لەم ڕوو بەڕوو بوونە سەبارەت بەجودت بەڕەواڵەت بەهەڕەشەیەک یەخەیان بەرداو ئازادیان کرد، بەڵام هەردوو،نەک تەنیا خویندن بەڵکوو لەخەبات وچالاکی مەترسیداریان بەردەوام کرد. بەڵام لە1895 جارێکی ترگیرانەوە،وئەم کەڕەت بۆ تڕابلۆس هەڵکەوتوو لە باشووری ئافریقا دوورخرانەوە.

لە1797هەر دووک لەڕێگای وڵاتی تونێس کە لە ژێرچاوەدێری فڕانسەدابوو بۆ ئۆڕوپا هەڵاتن. جودت لەڕۆژنامەی کوردستان وتاری دەنووسی، ولەویدا لە ویست وداخوازی ئەرمەنیان پشتیوانی دەکرد،وبۆچوونی وابوو کە کوردەکان وئەرمەنیەکان(دەبێ وپێویستە دەست لەدەست یەک بنێن و بەروپێش بچن)

بەڵام جودت وسکوتی زۆر زوو بێ بڕیاری خۆیان ئاشکراکرد. لە1899 هاڤرێانی (تورکی جەوان)ی خۆیان قانع کردن بەمە کە لەبەرامبەری ئازادی زیندانیانی سیاسی (دوورخراوەکانی ناوەخۆ)لەقەلایچەی پڕمەترسی ترابلۆس بڵاوکراوەیەکی عوسمانی کە گۆڤارێکی پەیوەنداربە تورکانی جەوان بوو و لە دوو ساڵ پێش لە ژنۆ بەیارمەتی گەنجەکی دیکە کورد بەناوی عەبدوڵرحمان بەدرخان،کوڕی بەدرخانی گەورە بڵاو دەبۆوە پێش بگرن. ئەمە کارەکی ئینسانی بوو،بەڵام لەگەڵ بیروبۆچونی (تورکانی جەوان)جیاوازی هەبوو. جم وجۆڵیکی دیکە کە دوو ساڵ داویی کردیان لە مەش کەمتر جێگای دیفاع بوو: هەر دوو پۆستی ناسیاسیان لە باڵویزخانەکانی عوسمانی وەرگرتن: جودت لە(وێن) وسکوتی لە(ڕۆم) هاوسەنگەرانی پێشوویان هیچ کات ئەم دووانەیان نەبخشین. سکۆتی لەساڵی 1902لەفڕانسەمرد،عەبدولڕحمان بەدرخان لەکوردستان وتارێکی شوین تێکەری لەلێهاتووی وی نووسی،کەلەویدا لەئەوینی وی بەخاکی کوردستان پێ قرساندبوو دواڕۆژی بۆ ڕەخنەگرانی دیکە نیزام جێگای ناهومیدی بوو.

جودت هەروا لەدوورخراوەیداماوە، کەسایەتیەکەی لەکەی تێکەوت بوو. ئەو دوایی پێکهێنانی حیزبی(کەڵەکە نەبوون)ی تورکانی جەوان لە1902پێی لکا، بەڵام نەوکردەوەی کەپێشترکردبووی ولەوی بەلەبەریەک هەڵوەشان لێکدانەوەکرابوو ڕیگای هەرجۆرە بەرزەفڕی لەخۆی بەرەبەست کردبوو. لە1911بۆ ئاستانبۆڵ گەڕاوە،هەرچەند لەکۆتایی شەڕ بە(ئەنجومەنی کورد)لکا،وا بە نەزەر دەگات کە هەروا عوسمانیەکی لایانگری (نانەوەندی)بوو.

## هەنگاوەکانی سەرەتایی و ئاگاداری قەومی

دەونێوەدا کوردەکان ئیدی لە چارەنووسی ئەمپەڕاتووری هالآ بوون. دوو بنەمەڵە لەم بەستێنەدا ڕۆڵی دەبەرچاوو ئاشکرایان هەیە: بنەماڵەی مشایخ وبنەماڵەی نامشایخ: ساداتی نێهری(یان شەمزینان) و بەدرخانەکان. هەرچەند ئەم مەسەلە لەدوایی داڕوون بۆوە بەلآم دەکرێ ئەم دوو بنەمەڵە بە چاوی بناخەدانەرانی دوو توێی بەرفرەوان لە نەتەوەخوازی کورد بدینین: خودموختاری خوازان وجیاوازی خوازان. هەر دووک سەرەتا خوازیاری جێبەجێکردنی مەسەلە لە ناوەخۆی عوسمانی بوون، بەلآم چونکە مەجبوور بەبڕیارگرتن بوون ڕێگای جۆراوجۆریان هەڵبژاردو گرتەبەر. کێ بەرکێی هەردوو لایان کە هەردوو خانەدانی گەورەی کوردستانی ناوندی ودراوسێی یەک بوون، لە مانا ڕوخساری ئاشکرای سەینەوبەینەهایەکن کە هەتا ئەمڕۆکەش بەناوی یەکێک لە دیاریکراوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردبەردەوامن.
هەردوو بنەمەڵە بەڵگەو دیکۆمەندی جۆراوجۆریان بۆ نارەزامەندی هەبوو. تێۆکۆشاوتر ئەندامی بنەمەڵەی نێهری کوڕی دووەمی شێخ عەبەیدوڵلآ، یانی شێخ عەبدولقادر لە دوایی وەفاتی باوکی ئیجازەی وەرگرت بۆ ئاستانبۆڵ بگەڕێتەوە،ئەمە بە ڕەواڵەت نەک بۆ کوردستان کەلەوێ براگەورەی، یانی شێخ محەمەد سەدیق کە بەنەزەردەگات بەر لە دوورخراوەی هەلآتبوو یان وەبەرلێبوردن کەتبوو،عەبای باوکی میراتگرببوو.
شێخ عەبدولقادر لە گەڕانەوەبۆ ئەستانبۆڵ بەلاق دانان لەخەباتی سیاسی ڕێگای بۆ بەرزەفرپەکانی خۆی دۆزیەوە. ئەویش وەکوو جودت وسکوتی لەگەڵ( کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)هاوپەیوند بوو. لە ئەوتی 1896کە پیلانێک دژی سەرنخونی عەبدولحەمید دۆزراوە،ئەویش لەناو گیراوەکان بوو. جارێکتر ئەولەگەڵ بنەماڵەکەی دوورخرانەوە. دەژایەتی وبڕیارەکەی لەم بارەوە کە پێناسی خۆی لەگەڵ ئیسلاح خوازان ڕێکبخات لەگەڵ ڕەفتارو ئاقیدەی باوکی ئاوی لە بەرەجۆیەک نەدەخوادەوە. وای فکر بۆ دەچێت کە کاتێک لە دەرەوەی کوردستان بووە،لەوجێگایە کە وەفاداری بە(پاشا)بەتایبەت سوڵتان لەگەڵ لێبوردنیکی وەک عەبدولحەمید، ئاقلآنەتری دەنواند، شێخ عەبدولقادر تێگەیبوو کە تەنیا بوارێک بۆ تێر بوونی تاسەی بەرزەفرانەی وی هاوکاریکردن لەگەڵ ئیسلاح خوازانە. هەتا ئینقلابی 1908ئیجازەی گەڕانەوەی بۆ ئەستانبۆڵ بووزی بۆ نەخوارد.
بەدرخانەکانیش ڕابردوەکی پڕ لە هەلس و کەوت و نامتمانەیان هەبوو. ئەندامانەی ئەوخانەوادەیە هیچ کات تێشکانی ئەمیرخانیان لەساڵی 1847بەخرۆپتوون قەبووڵ نەکردبوو. لە1879دوو لە کوڕەکانی، عوسمان وحەسین،شۆڕشی تەمەن کورتیان لەبۆتان وەگرخست. لەساڵی 1880کوڕی دیکەی، بەناوی بەدری،دەستی بەگەمەی دوولایانەی نێوان ئەستانبۆڵ وشێخ عەبەیدوڵلآدا. لە1889،دوو کوڕی دیکەی بەناوەکانی ئەمین عەلی ومەدحت تێکۆشان عەشایەر لە دەورەی خۆیان خڕکەنەوە،بەلآم مەوزوعەکە سوسەی پێکرا وبەرلەمە کە هۆزەکان کۆکەنەوە،گیران. ڕوون نییە چ چاخ لە بەندی ئازادبوون، بولآم لە کۆتایی دەیەی 1890مەدحەت لە قاهیرەبوو، و لە وێ لە ئاوریلی 1898 بلآوکردنەوەی گوڤارێکی دووزمانەی کوردی-تورکی-بەناوی کوردستان دەست پێکرد،کەهەم لە(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوو) داکۆکی دەکرد وهەروا هەستی خەڵکی بەپشیتوانی لە نەتەوەی کورد، و بەرێبەرایەتی شێخەکان و ماقول وگەورەپیاوان، دە ورۆژاوت. لەدواییدا کوردستان لە ژنۆ، پاشان لە لەندەن و فولکستوون بلآوبۆوە، وهۆی ئەم گوێزتنەوە ڕەنگە ئەمەبوو کە بەدرخانەکان کە

لە نەزەرسیاسی خەباتگێڕ بوون، دەیانەویست لەگەڵ دوورخراوانی عوسمانی لە ئۆڕوپا پەیوەندی نزیکیان هەبێت. عەبدولڕحمان،برای مەدحەت، کە لە جامینخوازانی پڕشەوقی(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) بوو نووسەری گوڤاری وە ئەستۆگرت،ئەو لەگەڵ حکمەت بابان،یەکێک لە کوردانی ناسراوی دیکەی عوسمانی،لەکۆنگرەی(تورکانی جوانی ئازادیخواز)لەپاریس بەشداری کرد.
ئەم کۆنگرە لەبزوتنەوەی(تورکانی جەوان)خاڵێکی نزیکە،چونکە قەڵشتێکی براوە نێوان لیبراڵەکانی عوسمانی ونەتەوەخوازانی تورک سەری هەڵدا. سەرتا لە نوێنەری ئەرمەنیەکانیان داکۆکی دەکرد ولەبۆچوونیان دابوو کە ئەمپەراتووری دەبێ بە پەیمان وبەڵێنی خۆی کە بە پێی قەولنامەی نیودەولەتی لەرۆڵی داکۆکی لەکۆمەڵگای ئەرمەنی وەسوکر گرتووە بە کردەوە بەرێوەی بەرێ. گروپی دووەم پێداگربوو لە سەرئەمە کەچ قودرەتێکی دەرەکی وبیانی مافی دەست تێوەردان و دەربڕینی بیروبۆچوونی لە کارەکانی ناوەخۆی ئەمپەراتووریدا نییە. عەبدولرحمان لەگروپی لێبراڵەکان بوو وبەحیزبی تازە پێکهاتووێ(کەڵەکە نەبوونی عوسمانی)لکا کەخوازیاری ولاتێکی عوسمانی ناناوەندی بوو. بەلام ئەوحیزبە نەیتوانی (مللەتەکان)ی مەسیحی بەلای خۆی ڕاکێشێت،لە حاڵێکدا هەرەشەو گورەشەو چاوڕاوەی پتری دەرەکی زۆرتر تورکەکانی ڕیکێشی تورکەکانی جەوان و(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)کرد.
بەهۆی بەرەوپێش چوونی ئەم جەرەیاناتەی فکری،ڕۆژ بەرۆژ لێکدانەوە بۆ(هاوولاتی بوونی عوسمانی)چەتوون وچەتوونتر دەبوو. لە1876بەم لاوە سوڵتان عەبدولحەمید مەسەلەی ئیسلامی بۆ پێش هێنابوو،سێرەی دووروچاو هەتەرنەکەری وارگە لەعوسمانی کۆکردبۆوە کەنەک تەنیا لەسەرانسەی کۆمەڵگا شوین تێکەری هەبوو بەڵکوو ئاڵقەی دەسەریەککردنەوەوپەیوەندی نێوان سەلتەنەت وخەڵک،نێوان بنکەکانی سیاسی وجەماوەربوو. ئەم مابەینە هەڵبەتە لە زنجیرەیەک لە بنکەکانی ئیسلامی لە گۆڕیدا جەستەی هەبوو: لە شێخ الاسلام ئەستانبوڵ بگرە هەتا (تەکیەو خەنەقاکان) کە لە شارو شارۆچەکەو دێهاتەکان بلاوببونەوە. هەتا لە ئەستانبوڵ دوورتر دەبووی ئاقیدە بەهزری ئیسلامی زێدەتر دەبوو،بەتایبەت لە ڕوو بە ڕووبوون لەگەڵ هەرەشەی مەسیحیەکان لە ئانادولی ڕۆژهەلات، وساداتی نێهری هەڵبەتە یەکێک لە جیاوەنەبووی ئەم شەبەکەی ئیسلامی بوون، شێخ محەمەد سەدیقش چوارچیوەی شوێن تێکەرومریدانی باوکی بەرفرەانکردبوو.
لەئەستانبوڵ سیاسەتی ئیسلامی عەبدولحەمید دایم ودەرهەم دژکاران وبێ باوەڕانی بەتایبەت لەنێو دەم ودەزگای دیوانی ودەرس خوین ورۆناکبیران هەبوو کەلە مەشروتیەتی ساڵی 1876 بە گەرمی پێشوازیان کردبوو. ئەم خەڵکە خوازیاری(پێشکەوتوویی) بە ماناو سیستەمی ئۆڕوپایی وشە بوو. سکۆتی وجودت دیاریکراولەدەستەی پێشکەوتووخوازان بوون. جودت هەتا دوائاویلکەی ژیانی دەستەبەربەئازادیەکی سیاسی وکۆمەلایەتی ومەزەبی مایەوە، وئەم بەڵێن وپەیمانەی لە1912لە وتاریک لە ژێرناوی (خەوی وەخەبەربوون)لەگۆڤارەکەی بەناوی (ئیجتهاد)بەڕوونی دەربڕی. گەڵیک شوێنەواری ئەدەبی کە لە زوانەگەلی ئینگلیزی و ئاڵمانی و فڕانسە و ئیتالیایی بەتورکی وەرگێران،هەموو، هەریەک بەجۆرێک شایەت بەم بۆچوون وئاقیدەیە کە(پێشکەوتوویی یانی پێشکەوتوویی ئۆروپا)-وئەمە هزرێکە کەپاشان مستەفاکەماڵ ئەتاتوورک،ئەوی قەبووڵ کرد. ئەمەش باشەبگوترێ کە هیچ کام لەم وەرگێراوانە بەزوانی کوردی نەبوون.
لەو جێگایەوە کە دین لە تەواوی بێنەوبەرەو لایانی ژیانی ڕۆژانە ڕۆڵ و شوێن تێکەری هەبوو، رووناکبیری وەکوو جودت،بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەم ودەزگای دیوانی بوون،لە وی بەچاوی گەورەترین لەمپەر لە ڕێی وەرگرتن بەئامانج چاولێدەکرد. سەبەبەکیش بوو بۆ کۆکردنەوەو دنەدانی

ئاپوورەی خەڵک و(تورکەکانی جەوان)لەدەکارکردنی وی لەم ریگای شک ودوو دڵی بەخۆی رێ نادا. بەڵام وەسیلەیەکیش بوو بۆ پێراگەین و دەمار گرژی و کۆنە پەرستی،کە پێشگیری لە پێشکەوتوویی دەکرد. لەبەرئەمە (تورکەکانی جەوان)دەبوایە وشیاربوانە . ئیسلام سیمانێک بوو کە فەرهەنگی شاری عوسمانی و خەڵکی دێهاتی کە لە(ئیسلامی دێهاتی)، بەتایبەت لە(تەکیەکان)دەدرەوشاوە پێکەوەی گاودەکردەوە. دەبوایە لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکان بە وشیاری هەڵس و کەوتی کردبوایە.

لەسەرئەمەش لە1908سکۆلاریسم-یانی جیایی دین لە سیاسەت-ئیدی لەناو (تورکەکانی جەوان)هزروفکرێکی چەسپاوبوو، جێی خۆی گرتبوو هەرچەند نەدەکرا ئەوی ئاشکراکەن. لە1912عەولا جودت داوای گاڵەدانی (تەکیەو خانەقاکانی کرد وئەم فکرەبوو کە بناخەدارێژو بنیات نەری کۆماری تورکیە بە پێکهێنانی نیزامێک لە سەرنبچینەی جیایی دین لە سیاسەت لە1923جڵی کردەوەی لەبەرکرد.

لە قەراخ لەمپەرێکی بەرەوپێش چووی کە بنکەکانی ئیسلامی ئەمپەڕاتووری لە بەردەمیان دادەنا،(تورکەکانی جەوان)سەرنجیان بۆ یوونانی و ئەرمەنیەکان ڕاکیشرا کە لە مللەت بۆ لای پێناسی قەومی و نەتەوەیی ڕوویبوون، لە حاڵێکدا موسڵمانان بریتی لە : سوننە وشێعە، تورک، عەرەب یان کورد،هەروا وەک بەشێک لە(ئۆمەت) باقی مابوونەوە. دیاربوو کە پێناسی نەریتی دەبوایە کەوتبوایە بەرپشکنێنەوە وردبینی و لێکۆڵێنەوەیەکی شێش کوت،چونکە جیابوونەوە لە هزرێکی تازەبوو کە ئەمپەڕاتووریان ڕەپێچەک دابوو،وبەم هۆیەش کە نەتەوەکان ئەم نیزامەیان لە خۆ دووردەکردوو پشتیان تێکردبوو.

ئاگایی تورکی-یانی ئاگایی لە تورک بوون-فکرێکی تازە بوو کە بە دیاری کراوە گوڵیکرد بوو،و بە هاتنی گروپی دەزۆر لە پەنابەرانی تورک، کە لە حکوومەتی ڕووسیە ڕایاندەکرد و بۆ تورکیە پەنایان دەهێنا زیاد دەبوو. لە دەورو‌پشتی کۆتایی سەدە،هزری (تورانی) و(پان تورانی)وەردە وردە سەرنجی ڕوناکبیران وخوێندەوارانی ئەستانبۆڵی بۆ لای خۆ ڕادەکێشا.

لێکدانەوەو تەخمینی سەرلەنوێی تورکەکان لە نیزامی مللەت ولاق قرساندی خۆدی وان لە مەڕ پێناسی نەتەوەیی ناعیلاج بەم مانایەبوو کە ئەوانی دیکەی (ئۆمەت)ی ئیسلامیش ئەوها بکەن. هەلەکی ئەوها بۆ گروپەکانی کە پێشتر ناومان لێبردن لەگەڵ ئینقلابی ژوئیەی 1908ی (تورکەکانی جوان)وەدەست هات. کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) کە دەسەڵاتی بەدەست وەگرت بێ نێوەدان وکات سوتان دوایی قودڕەت وەدەست گرتن، زیندوبوونەوەی مەشروتیەتی ساڵی 1876ی بۆ هەموو هاو وڵاتیانی عوسمانی، بریتی لە: موسڵمان و ناموسڵمان، ڕاگەیاند ودەستووری دەنگدانی دەرکرد. (مەشروتە) و(مەشرۆتیەت) و(ئازادی)بەدورشمی بە پێچەوانە وەرگرتووی) سەرانسەری ئەمپەڕاتووری گوردرا.

ئەم جەرەیاناتە لەناو خوێندەواران ورۆشنفکران بەگەرمی پێشوازی لێکرا. وا بە نەزەر دەگەیی ئەم جەرەیانە پێ داگرتنێک بێ لەمەڕ(برایەتی عوسمانی) بەڵام ئێستا لە مەڕ نەتەوەیی هەتا لە نێو کوردان بابەتێکی باس لە سەرکراوبوو. هەڵبەتە هەموو کوردەکان بەپێناسی کوردی ڕاکیشانیان نەبوو. ئەوکاتش وەکوو نۆکە دەستەیەک بەدڵ و دەروونەوە خۆیان لەگەڵ ئیدولۆژی فەرمی ڕیکدەخستن و پیناسی روو بە بەرەوپێش چوونی تورکی هەڵبژێردراوی حاکمیان قەبووڵ دەکرد. نموونەی سەرنج ڕاکیش وپڕبایەخ لەم بارەوە هەبوو. سمایل حەقی بابان، کە گۆیا ڕەچەڵەی کوردبوو، لە شوێن تێکەرترین بنکەکانی بەرزی (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) بوو،ولە حکوومەتی نوێدا وەزیری پەروەردەو فیرکردن بوو،وئیکجارخوازیاری لە برەوبوونی (تورکیسم)بوو.

دوو کورد دیکە وەکووپێش هانگاوانی (تورکیسم)ژێهاتوو بوون. یەکێک لەم دووانە سولەیمان نەزیف بوو،کە سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنوسێکی لێهاتوو بوو. ئەو لە1914پاریزگاری مووسڵ بوو،هەرکەتێکی توندی دژی کوردانی بارزانی کرد،ولە1915جێگری حکوومەتی بەغدابوو. ئەویدی زیاء گۆگالپ بوو،کە لە بنیاتنانی ئیدوئۆلوژی ناسیونالیسمی تەرک ڕۆڵیکی گرنگی بەڕیوە برد. گۆگالپ، کە ناوی ڕاستی وی محەمەد زیاء بوو ،لە1874لەدیاربەکر لەدایک بوو. باوکی کارگێڕی ئاسایی بوو،گۆکالپ کەچی بۆخۆی کوردبوو بەلێکدانەوەو هەڵکراندنی عوسمانێەکی شارنشین بە هەستێکی بێ بایەخ سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی دیهاتی پەروەردەکرا. لە سەردەمی گەنجی نوسینەکانی عەولاجودت ئیکجار کاری تێکردبوو. لەکۆنفرانسی ساڵی 1909ی (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)کە دەویدا بەنوێنەرایەتی لە دیاربەکر بەشداری کردبوو گوڵی کردو، بوو بە یەکێک لە کەسایەتیەکانی نەتەوەیی. بە ئەندامەتی لێژنەی ڕێوەبەری حیزب هەڵبژێردرا،و بەشێک کە لە بەر فرەوانی پێناسی تورکی بەجێهێنا ئەو هێندەبوو کە لە دوایی مردنی کە لەساڵی 1924قەوما،هزرەکانی بزوتنەوەی فکری هێناگۆڕ کە دنەو پاڵپێوەنانی پێویست بۆ ئاڵەگۆری زەینی کۆمەڵگا لە بۆ گۆڕانکاری لە ئەمپەڕاتووری بەنەتەوە ودین، بەجیایی دین لە سیاسەت، لە ڕۆژهەلات بۆ ڕۆژئاوا،وەدەست دا.)چاو لە پاژی نۆ بکەن.

بەڵام کەسایەتیەکانی دیکەی شار، داکۆکی خۆیان لەبزوتنەوەی (یەکگرتوەکان) مەرج بەپێناسی خۆیان دەکرد.هێندێک لەکوردەکانی خوێندەواری دانیشتووی ئەستانبۆل ئەنجومەن و جەماعەتەکیان پێکدێنا،کە سەبارەت بە ئەوان شتێکی هێندەی لێنازانین. یەکەکیان(جەمعیەتی تەعالی وتەرەقی کوردستان) بوو. لەناو بنیاتنەرانی ئەم جەماوەرە ئەمین عالی بەدرخان وشێخ عەبدولقادرنێهری وژەنەراڵ سەریف پاشای بابان بوو. شەریف پاشا لە بابانەکانی سولەیمانیە بوو،لایانگری(ناناوەندی)بوو و لە گەڵ (تورکەکانی جوان)دوژمنایەتی دەکرد. گروپەکانی وەک وی لە دیاربەکرو بتلیس و مووسڵ و بەغداش پێکهاتن. سازمانێکی فەرهەنگی پەیوەندار بەجەماوەری(تەعالی وتەڕەقی کوردستانی)ش بەناوی(جەماوەری بلاوکردنەوەو فیرکردنی کوردی)لەئەستانبۆل پێکهات،وبۆ منالی سێ هەزار بنەماڵەی کوردی دانیشتووی ئەستانبۆڵ قوتابخانەی کردەوە، کە بەر پرسایەتی وی بەعەبدولڕحمان بەدرخان بوو. لەوکەسانەی کەلەگەڵ ئەم قوتابخانە پەیوەندیان هەبوو یەکەکیش سەید نورسی بتلیسی بوو.

لە سەید نورەسی بەم مەبەستە دەبێ یادبکرێ کە ئەو لە بەشێکی ناڕوون جێی دەگرێ کە دین و پێناسی نەتەوەیی لە سەریەک هاوسەنگی دەکەن. ئەو پێشتر لە مقامی بەرگری لە پێناسی کوردی دەنگین ببوو. لە1896 بە داڕێژانی پێشنیارەگەلێک بۆ جێبەجێ کردنی ئیسلاحاتی ئیسلامی کە دەواندا گرنەیەکی زۆرتر لە مەڕ خەڵکی کورد هۆکاری نیگەرانی و دڵەراوکەی شک وگومانی بەدەست سوڵتان عەبەدولحەمید دابوو. بەڵام سەید نوورسی نەک تەنیا نییەتی جیاخوازانەی نەبوو بەڵکووهەتا هێواداربوو بە پێکهێنانی ئەم کارە،هەستێک لە پێناسی ئیسلامی بەهێزبکات کە بنکەکانی(خزمایەتی)لەناو کۆمەڵگای کورد بەرزبکات وخاوین کاتەوە. دەیەی دوایی، وێدەچێ چەن حەوتوو بەر ئیقلاب، لە سکالانامەیەکدا لە سوڵتانی داواکرد بۆ بلاوکردنەوەی تەعلیم وفێرکردنی نادینی مامۆستایانی کوردی زوان بۆکوردستان بنێرێ. ئەو لەم سکالانامەیەدا بە پەروەدەکرنی کادیری حاملاو دەورە دیتووی کوردی زوان، بۆ ئاڵەگۆڕی مرۆڤی قەبیلەیی بەهاولاتی باشی عوسمانی، لاق دەقرساند. دەیەویست چلۆنایەتی فیرکردنی(قوتابخانەکان بەرزکاتەوە،کە بتوانن تێکەلاویەک لە

دەرسەکانی دینی و نادینی بەخوێنکاران فیربکەن، و زانستگاکان لە گەڵ بارنامەیەکی وەکوو (بەرنامةالازهر) بۆ پەروەردەو ڕاهێنان وحاملان و فیربوونی بەرز، بنیات بنرێت.
ئەمن وەزێتی خەمباری هۆزو قەبیلەو تیرەو عەشیرەکانم لەپارێزگاکانی ڕۆژهەلأت دیبوو...هەموو دەزانن کەلەم پارێزگایانەدا چارەنووسی هاوولأتی نیوەچادرنشین لەدەست(زاناومشایەخ)دایە و ئەم جەرەیانێکە کەبۆتە هۆکار کە ئەمن بۆ پایتەخت بێم.
سید نورسی هیچ کات بەکوردێکی جیاوازیخواز نەگۆڕا. دوو ساڵ دوایی ئینقلاب خوازیاری خودمووختاری بۆ دیاربەکربوو. ئەم مەسەلە بۆ (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)پێخۆشتر لەپەیوەندی لەگەڵ(یەکیەتی ئیسلامی) نەبوو، کە لە زیدی کودتای ئاوریلی 1909عەبدالحەمید دەستی هەبوو. بەلأم حیکایەتی لەمەش دەکردکە سید نورسی وەک شێخ عەبدولقادر هەروا دەستە بەر بە تەواوەتی عوسمانی بوو. ئەو تەنیا دەیەویست کە خەڵکی پاشکەوتوو لەم دەڤەرەی عوسمانی بە وەزێت وچلۆنایەتی لێهاتوویی خۆیان بگەن و پێ سەرفیرازبن.
وەردە وردە هێندێک گۆڤار بلأو بوونەوە. گۆڤارێکی کوردی ئەمما تورکی زوان لە ژێرناوی (تەعاون وتەرەقی گازتی)بەچالاکی گروپێک هەربەوناوی بلأو بۆوە، ئەمە یەکەمین گۆاری کوردی بوو کە بە فەرمی دەردەچوو. گۆڤاری کوردستان لە دوورخراوەیی بۆ ئەستانبۆڵ گوێزراوە لە ژێر سەرنووسەری سەرەیا بەدرخان،کوڕی ئەمین بەدرخان قەراری گرت. لە نێوان بەدەرخانەکان و شێخ عەبدولقادر دەست وجێ ئینکەبەری سەری هەڵدا. شێخ عەبدولقادر بۆ وەی لە کاروان وەدوانەکەوێ لە بەرامبەرکوردستانی گۆڤاری خۆی بەناوی (هەتاو) بلأوکردوە. وای دەنواند لە حیزب جیابۆتەوە. شێخ عەبدولقادر، بەپێچەوانەی نەبوونی لەوێ، لە ماوەی دوورخراوەیی،لایانگرانی وجامینخوازی زۆرتری لەئەستانبۆڵ هەبوو، و لە ناو سەوداگەری شار شوێن تێکەرێکی زۆری هەبوو، بەم هۆیەوە بە ئەندامەتی مەجلیسی سەنای عوسمانی هەڵبژێردرا وبەبەرپرسی شوڕای حاکمییەت گەیی. بەدرخانەکان چ لە ئەستانبۆڵ و چ لەکوردستان ئەو پایەگایەو دەسەلأتەیان نەبوو. خولأسە جەرەیاناتی سیاسی لەسەرئەم کێ بەرکێ وچاولێک کردنانە پێشبرەیان برِیەوە.
لێبرالیسمی (تورکانی جەوان) تەمەن کورت بوو. نشتیمان خوازانی دەمارگرژ دەست بەسەرداگرتنی بوسنی وهرزگوین، لەلایان ئوتریش و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بولغارستان، ئیکجار تووڕەو دڵشکاوبوون. لەدوایی زیدی کودتای ناسەرکەوتووی ئاوریلی 1909کە دەویدا شۆڕشگێران لە ژێر دورشمی(ئیسلام لەمەترسی دایە)کۆبەبونەوە(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) دەست بەکاربوو. عبدالحمید لەسەڵتەنەت لابردرا،لێبراڵەکان بۆ دەڤەری دوورەدەست دوورخرانەوە،و لە مانگی ئەوت بەپێی قانوون، پێکهێنانی ئەنجومەن وجێگە کۆبوونەو لەسەربنچینەی نەتەوەیی یان شیاوی ناوەکانی نەتەویەتی و قەومی یاساخ کرا. هەرچەند ئامانجی سەرتایی ئەم یاسایە گروپەکانی یۆنانی یان بولغارستانی بوو،ئەنجومەنی کوردیش گاڵەدرا،و بەرەواڵەت وەشارەوەبوو. ئەمین عالی بەدرخان وژەنەڕاڵ شەریف پاشا هەردوو بەتۆمەتی ملکەچ نەکردن وسەرپێچی مەحکووم بەئیعدام بوون و ناعیلاج بازرەبوون و لە ولأت دەرچوون. بەسەرنج دان بە ئەمەگناسی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بەسوڵتانی دەرکراو،دوورنییە کە ئەو، و ئەمین عالی بەدرخان لەگەڵ ئەم زیدی کودتایە پەیوەندیان هەبووبێت.
لەئەستانبۆڵ (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو)بەلێخوڕین بەرەونشتیمان پەرستیەکی دەمارگرژ(شوونیسم)وسەرەڕۆیی خۆی بەردەوام بوو. ناسیولیسم لەسەررەگ ورِیشەی نەتەوایەتی تورک بەلەز بلأوبۆوە. هەتا لەشوینی دووری وەک مەحمەرە(خوڕەمشار)آرنولدویلسن،یەکێک لەخاوەن

پلەوپایەی سیاسی ئینگلیزی قسەکانی کۆنسولی تورکی گوێلێبوو،کە سێ ساڵ پیش بنێشتەخۆشکەی دەمی هەستی برایەتی لەعوسمانی بوو وهەنۆکە (عەرەبەکان وئەرمەنیەکان و مەسیحیەکان وسوری جولەکەکان و ئاشورییەکانی لە چوارچێوەی بێزاری کۆمەڵگای خۆی جێ بۆ دادەنا. تەنیاوتەنیا تورکەکانن کەدەتوانن حوکماتیان بەسەردابکەن،ئەویش بەچۆماخ وزۆغاڵ وشەپ شەق و شەلاخو قەمچی.)

(کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) لەوجێگایە کە هەستی پێدەکرد کە ناسیونالیسم لە سەر بنچینەی نەتەوەیایەتی وقەومیەت بەتالووکە لە نێوگروپەکانی دیکە بڵاو دەبێتەوە،بەهەڵە نەچوو بوو. لە1910شێخ عەبدولقادر لە ڕاگەیاندەیەک لە سەرئەو بنەڕەتە کە کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیی ناوەخون لە چاپەمەنیەکانی ئەستانبۆڵ دابڵاوکردوە. ڕەنگە ئامانج لەولەم کردەوە کزکردن وهێنانەخواری ڕەش بینیەکانی (کۆمیتەی یەکیەتی وپێشکەوتوو) بوو،ئەم کارە بە وێەکچووەکی زۆر لە سەرئەم خەراپ فکرلێکردنەوەی زێدەکرد،چونکە بووبە هۆی لێک بڵاوبوون و تەقە تێکەوتن لە ڕێزو سەفەکانی دەکوردی ئەستانبوڵ بوو.

لە ئاکامی ئەم جەرەیانە،گروپێکی گەنجانی کوردتەشکیلاتی تازەیان بەناوی (جەمعیەتی هیوا) وەدی هێنا،کە بڵاوبوونەوەی حەوتەنامەیەک بە ناوی ڕۆژی کوردی دەست پێکرد. هیوا،ئەندامی زورتری هەبوو،ژمارەیەک لە ڕوخساری لاوانی وی زۆرزیاتر لە تەشکیلاتی پێشووبوو. ئەوانە کوڕەکانی ماقولانی شارو سەرۆکانی حەمیدیە بوون کە لە کوردستان بۆ بەردەوامی دەرسەکانیان بۆ ئاستانبۆڵ ناردرابوون. لە سەرئەوەش وەک لە جیابوونەوەکانی ساڵی 1919ڕوویدا ئەندامانی هیوا هیچ کات بەسەرجەم لەوانی دیکە جیا نەبوونەوە. لە سەریەک ئەندامانی تاک،نەک ناسراوی دەستەوپەستەی دیاریکراو بەڵکوو نوێنەرانی ئارەزومەندوی تایبەتی لە ناخی جەمعیەت بوون.

ئەم گروپانە هەتاچ ڕادەیەک ناسیونالیست بوون،وناسیونالیسم لەفەزای عوسمانی بەچ مانا بوو؟ لەمە شک وگومان ناتونێ وجودی هەبێ کەئەوانە ڕووگەو شیکردنەوەی کوردی بوون،بەڵام هێشتا مەیلیان بە جیایی دەرنەدەبڕیبوو.ئەم خاڵە لە پێکەوە لکانی گروپەکان ئاشکرابوو: ئەمانە ماقولانی گەنج بوون کە زۆرتریان ئینقلابی ساڵی 1908یا پێشوازی لێکردبوو، یەک دوو کەس، کە وەک ژەنەراڵ محەمەد شەریف پاشا، بە سەرنخوونی و لەتەخت هێنانەخواری سوڵتان عبدالحمیدیان حەسرەتیان دەخوارد ئاخ وئۆفیان دەردەبڕی.

ئەم خۆ بەگەورەزانییە و بەرجەستەی کوردی ڕێگای دیکەشی هەیە. هەڵسوڕانێکی کە(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی)دوایی وەدەست کردنی شۆڵ بە لای (ناوەندی)بەڕیوەی برد لە لایان ماقوول و گەورە پیاوانی پارێزگا بە مەترسێک بۆ وەزع وچلۆنایەتی وان ئازانتی کرا.هەتا ئەوجێگایە کەبلوێ شوێن تێکەری ماقولان و کاتی لەحیزبەکانی سیاسی عوسمانی، وەکوونوێنەری پارلەمان،بەدوادابچین مەعلوومە کەئەم دەستەئامازەیەکی توند کەلەقسەکانی (کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی)بەچلۆنایەتی موقعیەتی ناوچەیی یان دەکرا هستیان بەناڕاحەتی دەکرد. ئەم خالە لەوانەیە بەشێک لەم بابەتەی شێکاتەوە کەبۆچ جەماوەری(ئومیدیی کورد) نوێنەرانی پارێزگاو کوڕەکانی سەرۆکان وماقوولانی دەبەرخۆدەگرت کەگرنگایەتیان پشت ئەستوور بەکوردستان بوو،لەحاڵیکدا( جەمعیەتی تەعالی وتەرەقی کوردستان)کە لە هەوەڵین هەڵچوونەکانی لیبراڵی ساڵی 1908 پێکهات لە دایرەیەکی پێکهاتووو لە ماقوولانی ئەستانبۆڵ بوو.

لەکاتی ڕاگەیاندنی ئازادی و زیندو بونەوەی مەشڕوتیەت بۆ شایلەخانەو خۆشحاڵی لەشارەکان و دێهاتەکانی کوردستان دەلیل وهۆکاری تەواو لە گۆڕیبوو.
ئەم جەرەیانە لەئاکامدا بەهەرمانا ولێکدانەوەیەک کەهەبیوو خەڵک تێدەگەین کە مزگێنی دەری سەقامگیر بوونی یاسا بەمانای کۆتایی پێهێنان بەهەنگەکانی سوارەی حەمیدیەیە،کە بەوەختیش لەبەریەک هەڵوەشان. بەڵام نەفسی لێکدانەوی مەشڕوتیەت خەیاڵات و ئەوهامێکی زۆری لەبەند ئازادکرد. لە1909 گۆڤارێکی نوێ بەناوی (پەیمان)لە دیاربەکربڵاوبۆوە. یەکێک لە نووسەرانی ئەم گۆڤارە،بەسۆزو شەوقەوە نووسی کە مەشروتیەت بەم مانایە،یە کە نیزامی (ئاغایی)جگە سیستەمی ڕووتکردنەوەی وداپڵۆسانی وەرزێر نییە..نیزامی ئاغایی ئیدی نەماوەو نییە... ئێمە هەموومان هاو وڵاتی عوسمانین.)
هەڕەشەیەک کە ئەم مەسەلە بۆ چین وتویژی(ئاغاوەت) هەیبوو لە تاریفکردنێکی زیندو، کە زیاءگۆکالپ لەو ساڵیدا لە شوێن لە سەردانانی خۆیان دەیکەن بەڕوونی ئاشکرایە:
ئاغای گوندی بەتوانایی وئامادە بوونێک و هونەری ڕەکێشکردنیک کە مرۆڤی بەدەسەلأت هەیەتی چاخیک کەئەندامێک لەدەم ودەزگاەیەکی ئیداری دەکەویتە چەنگ، دەست وجێ خەرێکی ئەمە دەبێ کەئەوگەنجانەی تەمەنیان گەیوەتە سەربازی،لە خزمەت معافیان بکات،تاوانباران لە چەنگی عەداڵەت ڕزگاربکات،ئەوکەسانەی کە مالیاتیان نەداوە، لەدەستی کارگێڕانی حکوومەت نەجات بدات،ئەم مرۆڤە(یانی ئاغا)لەچوارچیوەی ئاوایی خۆی بەهۆی ئەم کارانە کە ئاماژەمان پێکردن ژیانێکی پاشایانەی هەیە. لە تاوان و جنایات، لە مارەکردن و ژن هەڵگرتن باج و پێتاک وەردەگرێ،خولاسە لە زۆرشتیکی دیکە خەڵکی دەڕووتێنەتەوە. خەڵکی ئاوایەکان بەپێچەوانەی خۆیان، بۆ ئەوی جیالەئاغا کەسێکی دیکە نەتوانێ باج و پێتاک وەربگرێ، بە مرۆڤێکی مەحرەم و سرپیات هەلگر دەگۆڕی، بە درۆ تووشی تۆمەت لێدان دەبێت،شایەتی بەدرۆ دەدات، هەرکارێکی دیکە کە پێویست بێت، دەیکات.
واوێدەچێ هێندێک وافکربکەنەوە کە زێدەبوونی سەرژمیری موهاجیران لە ئاستانبوڵ بەم هۆیەیە،کە ئەم خەڵکە لە دەستی ئاغاکانی بەرێ هەڵاتوون وبۆ ئێرەپەنایان هێناوە،بەڵام لێرەش بازیک موهاجیر چاوەڕوانن (غولامی) ئاغا بێت و(ماڵانەی) ئاغای لەوان وەربگرێ.
جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر کەسانێک کە لەگەڵ ڕێوو شوێنی نیزامی پێشوو پەیوەندیان هەبوو ئینقلابیان بەهەڕەشەی ڕاستەوخۆ سەبارەت بەخۆیان دەزانی. هەستی مەترسی ئاغاوت و شێخەکان هۆی دیاریکراوی دیکەشی هەبوو. ئەمانە لە دوایی کوشتاری ساڵی 1895ئەرمەنیەکان، زەمینەکانیان لێ زەوت کردبوون،و(کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی)لەسەرەتای وەکولهاتنی ئازادبیرکردنەوەی ئینقلاب،زاهیرکردنی نەزەری خۆی بە وەرگرتنەوەی ئەم مڵکانە بەخاوەنە قانوونیەکانیان دەربڕی. یەکێک لە سێبەرنشینانی سوڵتان،برایم پاشا،بەرپرسی میللیەکان بوو کەئیتحادیەکی گەورەبوو. کە لقەکانی عارەبی دووڕگەی باشووریشی دەگرتەوە. دەوڵەت ساڵانی ساڵ بوو کە لە دیاربەکر، سەبەبی ئەو خۆپێشاندانەی دژی سەڵتەنەتی بوو کە زیاءگۆکالپ-یش بۆخۆی یەکێک لە بەشدارانی بوو.

چوارحەوتوو لە دوای ڕاگەیاندنی مەشرۆتیەت لەئەستانبۆڵ برایم پاشا هەڵگڕاوە. لەوانیە بڵێن هیوادار بوو بەم کردەوە هەموو سورییە وەقلخات ودنەدات،بەڵام برایم پاشا، بۆ خۆی لە تەپۆلکەکانی نزیک شارلەبۆسەی (شمارەکان) کەوتوو کوژرا،و(میلەیەکان) بەپێی بەرنامە وبەشێوەیەک لە سەربنچینەی قائیدەڕیووشوین تیکشاندران وەکوو هێزێکی بەسام وهەیبەت لەناوچە ون بوون.

مردنی کتووپڕی برایم پاشا،دانیشتوانی دیاربەکری خۆشحاڵ کرد،بەڵام بناخەو ڕیشەی ماقول و شێخان کەلەسەردەمی سەلتەنەتی عەبدولحەمید شان و شەوکەت ولاف و پۆزێکیان هەبوو وەلەرزین خست. لەپاییزی ساڵی 1909گروپێک لەم کەسانە کە زوربەی ئەفسەرانی پێشووی حەمیدیە بە ڕیبەری حوسین پاشای حەیدەرانلی بوون بۆ ئەولای سنوور رۆیین، ولەوێ لەلایان خانی ماکوو پێشوازیان لێکرا،کە خۆی بە سەر بەخۆ لە تاران دەزانی. بێزاری ئەم دەستەیە لە مشرۆتیەت بەبڕیاری تازەی دەوڵەت بەوەرگرتنی باج وپێتاکی نەدراوەی ساڵانی سەرەڕۆی ئەم جەنابانە، زیدەربوو.

لە نێوەدا هێندێک لە شێخەکانی دەڤەر، دژی نیزامی تازە دەستیان بەدنەدانی هەستی خەڵک کرد. لەکاتی دەستپێکردنی (تەنزیمات) شێخەکان لەوشەی بکاربردووی تازە کە ئیسلاح خوازی عوسمانی لەکاریان دەکرد، کە وشە و ڕستەودەستەواژەی وەک(مللەت) و(جامیعە) لەجیاتی ئۆمەت بوو، و لە جیاتی وەفاداری بەسوڵتان وخەلیفە بەحاڵیبوونێکی نادینی دەستەوداوین دەبوون، لێی دەرەوینەوە. سوڵتان عەبدولحەمید سی ساڵ بەم خەڵکەی مۆڵەتی ڕاحەت وئیسراحەت دابوو،بەڵام ئێستا زەنگوڵەکانی مەترسی وهزر وە زرینگە کەوتبوون ئەم زەنگوڵانە لەهیچ جێگایەک بەرزتر لە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات نەبوو. مامۆستای ئائینی خارپووت کاتێک خەبەری ئینقلابی بیست، بە سەرسۆڕمانەوەگوتی: ( ئەمە ئیدی کۆتایی کاری ئیسلامە!)

بەدوای زیدی کۆدتای ئاوریلی 1909 پێلانی دەیەش سەریان گرت. باس و خواس لە ئینقلابی هاوچاخ لە سوورییە لە سەرزوانان بوو،وگروپەکانی پێلانگێڕ بەڕێبەری سەرۆکانی حەمیدیە وشێخەکان لەباشووری کوردستان وئەرمەنستان سەردانی یەکتریان کرد. لە سەرقسەی ئارشاک سفراستیان: جێگری باڵوێزی بریتانیا،ئەم گروپە بەقورئان و دین و ئائین خۆیان سویندیان خواردبوو کە بە بەڵێن و پەیمانیان، وبە شەریعەتیان وەفاداربن... دژی هەرجۆرە دەست هەڵینانی (تورکانی جوان) بەربەرەکانی بکەن...(تورکانی جوان)وەکوومرۆڤی بێ دین ودژ بەئیسلام بناسێنن، کە بە نوێژ و، واجباتی دینی گەمە دەکەن.

دەنگۆیەک لەسەرزارو زوانان بوو کەدەیگوت(برایم پاشا)ناوێک لەدەڤەردا دەگەڕێ وتفەنگچیان کۆدەکاتەوە وهەودای گزەی بەدەستەوەیە وفیتنە دەنێتەوە. برایم پاشا،ئەگەرچی مردبوو ناوی بۆ بانگەوازی خەڵک وبانگهێشتنیان بۆ ڕاپەڕینی گشتی هێشتا کارتێکەربوو. ساڵی دوایی (سفراستیان) لەبتلیس ڕاپۆرتی دا کە(لەباس وخواسی مرۆڤی ئاسایی وادێتە بن گوێ، کە بنکەیەکی نهێنی لە نێوسەرانی عەشایەر بۆ ڕاپەڕین دژی حکوومەتی مەشرۆتە لەگۆڕێدایە.

ناوچەکانی باکووری تریش پشێوو ئاڵۆزبوو. شێخ سەعید بەرزنجی پێشەوای تەریقەتی قادری لە سولەیمانیە کاتیک خەبەری مەشرۆتیەت گوێبیس بوو شۆڕشی دژی وی وەڕیخست. زاهیرەن شۆڕشەکە سەبەبی مەترسی لەدەست دانی دەسەڵات و کەسایەتی بوو. شێخەکانی بەرزنجی بەدوای کۆتایی پێهاتنی قودرەتی بابانەکان، لە بەتاڵیی و بۆشایی دەسەڵاتی لەگۆڕیدا کەلکیان وەرگرت وحوکم وشوێن تێکردنی خۆیان هەتا لەسەر کارەکانی سەوداگەری شاری سولەیمانیە بەرفرەوانکردبوو، کە شارێک بوو لەگەشەداو هەڵکەتوو لە سەرڕیگای بازرگانی بەغدا-تاران،و قودرەتی خۆیان بە سەر

دەڤەرەکانی دێهاتی دەوروبەر پان وپۆڕکردبوو. بەرزنجیەکان لەبەرچاوی پێاوچاکانی ناوچەیی لە خەرمانەیەکی ممبارکی وپیروزی دابوون، بەڵام لەناو سەوداگەرانی ئاسایی سولەیمانیە بە چڵیس وتەماحکار دەنگین بوون. شێخ سەعید بە(چاکردنەوەی)نەساخی کوڕی خوشەویستی عەبدولحەمید لە ڕیژمی ڕابردوو پلەوپایەی وەدەست هێنابوو. دەیانگووت دوایی ئەمە لەپیوەندی لەگەڵ کارگیڕانی ناوچەیی لەئازادیەکی بێ ئەملا ئەولا کەلکی وەردەگرت،ولەم ئازادیە بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی بە حیسابی خەڵکی سولەیمانیەی ئیستفادە دەکرد وبەکچ بەشوو دان بە هەمەوەندەکان وکیژ خواستن لەوان لە شۆڵی تەژی لە قازانجی تاڵانی کاروانەکانی نێوان سولەیمانیەو کەرکووک-یش بەشداربوو. ئەو لەلای (یەگگرتوەکان)ی تازە پێگەیو،هەستی بە مەترسی دەکرد، هەمەوەندەکان کە لە بەرێ بە ئازادیەکی تەواو خەریکی تاڵان وبڕۆ بوون بەشۆڕش دژی ئەم دەستوورەی زیدی دین،دنەدا. گارگێران حکوومەت کە هێزێکی بەرجەستەو پۆشتەیان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەم وەزعە لە بەر دەستدا نەبوو، لە مارسی 1909 شێخیان بۆ وتوویژ، بانگهێشتن بۆ مووسڵ کرد،لە جەرەیانی سەقامگیربوونی لەم شارە لە نێو پێشیویەکی ناوچەیی کوژرا. ئەم مەسەلە چ بە دنەدانی کارگێڕان بوو،یان نا، بەهەرحاڵ کوژرانی شێخ ناوچەی سولەیمانیەی توشی گێچەڵی ئاڵۆزی کرد. کوڕەکەی شێخ مەحموود، هەمەوەندەکانی بە هەڵگەڕانەوە وڕۆژاوکرد، وئەم هۆزە هەتا سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی دنیاگری ئەوڵ هەروا لەحاڵی شۆڕش دابوون.
بەڵام ئەمە بۆخۆی جیگای دڵگەرمی بوو کە(یەکگرتووەکان)لەدوایی ساڵی 908 بە پێچەوانەی ئەمجۆرە گێرەوکیشانەی ناوچەیی، وەزیتی ئابووری وئارامی دەڤەریان بەڕادەیەکی بەرچاو بەرەوباشکردن برد. وەرزێرانی کوردو ئەرمەنی لە هێمنایەتی وئارامی و ئاسایشێک بەرهەمیان وەرگربوون، کە نەزیری وی کەسێک هەتا ئەوچاخ نەدەهاتەوەبیری. لەسەرئەوش بۆخۆی هۆی دڵەڕاوکە وسەرچاوەی نیگەرانی بوو: جەستەی تاقمەیەکی زۆر لەسەرانی عەشایەر کەلە دەڤەرەکانی سنوور پەیاسەیان دەکرد ونیشانەی دەپێکهاتن و ڕووحی دۆستایەتی بەرەو پیش چوون کە لە نێوکوردەکان وئەرمەنیەکان سەری هەڵدددا، سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمپەڕاتووری لەگەڵ مەترسی ڕوو بەڕوو دەکرد. ئەم مەترسیە لەخۆڕا نەبوو، حکوومەت لەم بابەتە عیلەت وهۆکاری زۆری لەبەردەست دابوو. لەپاییزی ساڵی 1909شێخ عەبدولقادر لەسەرئەوەش کە بەرپرسی شوڕای حاکمییەتی عوسمانی بوو بۆشەمزینان سەفەری کرد و لە وێ کونگرەی کوردو ئەرمەنی پێکهێنا. قسەکانی هەرچەند لە قالب ودەستەواژوی ڕۆژانەو زوانی(کۆمیتەی ئیتحادو تەڕەقی) دابوو، لە بن گوێچکەی حوکمڕانانی تورکیش کە هەرکات زێدەتربەروسەرەڕۆیی خللۆردەبوونەوە،جێی خۆشحاڵی نەبوو:(ئێمەلەگەڵ ئەرمەنیەکان وەکوو دوو براپێکەودەژین. دەبێ ئەو زەویانەی کە ئەوان داوای ملکاتەتیان دەکەن وهێشتا وییان نەدراوەتەوە،وەوان دینەوە. ئێمە بۆ پشت ئەستووربوون وقایم و پتەوبوون لەناوچوونی دل ساردیوو کدورەت نێوان هاو وڵاتیانی عوسمانی تێدەکۆشین.)دەنگۆ بوو کە شێخ عەبدولقادرلەگەڵ سەرۆکانی ناوچەیی ووێدەچێ لەگەڵ ئەمانەی کە بەنهێنی لەو لای سنوورهاتوونە، وتووێژی هەبووە. ئەم گەمەیە هەرچی بوو شێخ عەبدولقادر بەگەیشتنەوە بە ئاستانبۆڵ دەست بەسەرو لە زیندان کرا.
ئەمە ئەوەڵین جارنەبوو کە ئەم ترس و، واهیمەیە خۆی دەنواند. (لردپرسی) بەدوای سێ سەردان کە لە ساڵەکانی دەیەی 1890لەناوچە ئەنجامی دابوو نوسیبووی: (هەرچەند حکوومەت لەگروپەکانی کوردو ئەرمەنی جیاجیا،ترسی نییە،لەپێکهاتن وڕێککەوتنی ئەودوو مللەتە بەئامانجی هاوبەش ئیکجار هەست بەترس ونیگەرانی دەکات.)پرسی دەیگوت: لە شتێک ئاگادارە کە دەویدا سەرۆکانی

کوردلەگەڵ کوێخای گوندەکانی ئەرمەنی نشین پەیوەندیان گرتووە. هەژدەمانگ بەرلەئینقلاب ساڵی 1908قاقەزێک لە شۆڕشگێڕانی ئەرمەنی بەناوی هێندێک لە سەرۆکانی حەمیدیە بەدەست حاکمی ئەرزەڕۆم کەوتبوو کە دەویدا ئینقلابچیانی ئەرمەنی وسەرۆکانی حەمیدیەیان بانگەواز بە هاوکاری کردبوون.
و ئێستا ئەم پێکەوچوون وهاوهەنگاوی کەسایەتیەکانی مەزەبی لەگاڵ ئەرمەنیەکان ئیکجارجێگای نیگەرانی بوو. لەپاییزی 1910سەید نورسی لە
کاتی تێپەڕین لە دیاربەکر،لە حاڵیکدا دەیەویست دەربڕین وەفاداری بە(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) لە بیر نەکات،ڕەجای لەکوردکان کردکەنێوان ناخۆشی ڕابردوو لە بیر خۆیان ببەنەوە. لە قسەکانی لە گەڵ خەڵک دیسان لەجەماوەر بە هەمان شێوەی نەتەوەیی ئاماژەکردکە پێشترهۆی دڵەڕاوکەی سوڵتان عەبدولحەمیدی پێکهێنابوو:(کوردستان ئی کوردەو وئەرمەنیانە، نەک ئی تورکان.) ئەگەرچی مەنزووری وی ڕەنگە ئێستاش ئیتحادو یەکیەتی نەبووبێ، لە سەرئەوەش، ئاماژەیەک کە لەم هەستەی برایەتی سەبارەت بە ئارمەنیان وەشێراوەبوو،شتێکی ئاشکرابوو:(دەست تێکنان ئەرکی گەورەسەردەمی ئێمەیە. خۆشەویستی زاتی ئەم یەکیەتی ویەکگرتنەیە،لێگەڕین باناموسڵمان بزانن کە یەکیەتی دەست درێژیەکە، دژی سێ بەڵای گەورە: جەهالەت،هەژاری،و چەند دەستەگی وپارچە پارچە بوون.)
ئەگەرقسەکانی سیدنورسی شتێکی لە خۆڕاو کوڵینی هەست وئیحساس بوایە ڕەنگە کە حکوومەت هێندەی پێ نیگەران نەبوایە،بەڵام شێخی دەدیکەش داواکاریان سەبارەت بەخودمووختاری هەبوو، وقسەیانلەسەردەکرد. لە باشووری ڕوژهەڵاتی مووسڵ،شێخ عەبدولسەلام بارزانی وشێج نوورمحەمەدی دهوک داواکاریەکیان، بۆ پێنج فەرمانداری بادینان تەسلیمی حکوومەت کرد ودەویدا کردارو بەڕیوەبردنی ئەم بابەتانەیان لە دەوڵەت داواکرد: بەکارهێنانی زوانی کوردی بۆ ئامانجی ئیداری وخویندن ،دانانی کارگێرێکی کوردی زوان،بڕیارگرتنی فقەی ئیسلامی شافعی وبەڕیوەبردنی قانوون وعەدالەت بەگوێرەی بنەمای شەریعەت، ولە ئاکامدا وەزعی باج وپێتاک تەنیا بەپێی شەرع، لێبوردنی لە(بێگار)خەرج کردنی بەرهەمی ماڵیات لەکارەکانی قازانجی گشتی لە پێنج فەرمانداری باس لێکراو.
لەبەرهەڵگرتنەوەی ئەم داواکاریە، بۆ ڕیبەرانی کوردی دانیشتووی ئەستانبۆل، یانی شێخ عەبدولقادر وئەمین عالی بەدرخان وژەنەڕاڵ شەریف پاشا، ناردرا، ئەمە بۆخۆی حیکایەتی لەمە دەکرد کە ئاگاداری لەبیروبۆچوون وحەزم وئیرادەی نەتەوەیی هەتا لەدوورترین دەڤەرەکانی کوردستان هەست پێدەکرێ. لەم نێوەدا ڕەقیبانی شێخ عەبدولقادر،یانی بەدرخانەکان، لەگەڵ شێخان وسەرانی ناڕازی،لەبۆتان بگرەهەتا سنووری ئێران لەپەیوەندی دابوون. لەدوروپشتی کۆتایی ساڵی 1911بەدرخانەکانی دانیشتووی بۆتان شەپۆلی ناڕازی بونیان لەگەڵ(کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی) لەنێوئاغاو شێخەکان هەتا ناوچەکانی دووری وەکوو مەڵبەندی شوێن تێکەری شێخەکان مارف خیرانی نزیک بتلیس، هاوگام کردن،جێگری باڵوێزی بریتانیا لەدیاربەکر، لە ڕاپۆرتی خۆی دەیگوت: (لەبەرچاو پڕوپاگەندە لەگۆڕێ نییە، بەڵام سەینەوبەینەو گوێڕاگرتنێک لێکدی بەنهێنی لەجەرەیاندایە،کە هێشتا کامڵ نەبوەو نەگەیوە.)
خولاسە دەنگۆ حەکایەتی لەمە دەکردکە بەدرخان دەتوانێ 50000مرۆڤی شەڕکەر وەکۆ بکاتەوە کە گەلێک هۆی نیگەرانی(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) پێکدینا. لەماوەی ساڵی 1912حەول وتەقەلاو خەباتی بەدرخانەکان زێدەبوو.

ودەنگۆیەک کە لە کوردستان وەبن گوێچکەدەکەوت مەترسی دیکەشی لێدەکەوتووە-و ئەو دنەدان و پیلانی ڕووسیەبوو. داگیرکردنی خوی و ورمێ بەدەستی هێزەکانی ڕووس لە ساڵی 1909زۆرتر ترس ولەرزی دەئەستانبۆڵ خستبوو. لەئەوتی 1910عەبدولڕازاق بەدرخان لە دوورخراوەی خۆی لە پاریس دەرچووبوو بۆ تەورێزگەڕابۆوە. وداخویانێک لەمەڕ خودموختاری کوردستان،لە ژێر داکۆکی ڕووسیە بڵاوکردبوو. لە دسامبەری 1911لەسنوور ئاوابوو وبەوراژوی ترسانی خەڵک لە حکوومەتی ئەرمەنیان لە ئەناتۆلی خەریک و بەگوێگرانی ڕاگەیاند کە ڕووسیە حازرە کە کوردستان وەبن سێبەری خۆی بخات. ئەو لەئیران لەگەڵ سمکۆ،ش کە ئەوبۆخۆی پەیوەندی گەرم وگوڕی لەگەڵ ڕووسەکان هەبوو وتووێژی ئەنجام دا، وئەمە گوێ زرینگانەوەیەک بوو بۆ ئەستانبۆڵ کە ڕووسەکان لەوانیە لە بە وجوودهێنانی ناوچەیەکی پاردەو سەربەخویی کورد مکوڕوتێکۆشەربن.

لە ئاستانبۆڵ لە زێدەدانی ئەوکوردانەی کە دژکردەوەی باشیان لە بەرامبەر ئەم هەڵویستەی ڕووسیە بەخۆوەگرتبوو، نیگەرانی دڵ ئێشاوی لە زیادیدا. جگە لە عەبدولڕزاق بەرجەستەترین کەس لەم نیوە،شێخ تەها سەرۆکی تازەی ساداتی نێهری بوو. شێخ تەها دوایی وەفاتی باوکی لە1911گەورەی بنەماڵەکەی بوو. کارهیڕانی میری دایم ودەرهەم لەشێخ محەممەد سەدیقی لەشک وگومان دابوون، بەڵام چ کاتێک نەیانتوانیبوو تۆماتێکی بەوی بنووسێنن. بەڵام شێخ تەها(ناسراو بە سەید تەها) ئیرادەپتوونی ووشیاری باوکی نەبوو،مەسەلەی پەیوەندی وگۆڕینەی قاقەزی لە گەڵ ڕووسیەکان خێرا کەوتە سەرزاروزوانان وبڵاوبۆوە.

لەبەهاری ساڵی1913،ڕێژەی بەهێزی نەتەوەخوازانی کورد وردە وردە دەهات تێکدەسڕما وپڕمەترسی دەبوو. حوسین،سەرۆکی لێهاتوو کارزانی بنەماڵەی بەدرخان لەبۆتان وکوڕەپوری عەبدولڕەزاق،هەر دووک موختارو ئیکجار تێکۆشەربوون وتێدەکۆشان خۆڕاگریەکی دژی(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) ڕیکبخەن. ئەم دووە ئیستا حەولیاندەدا ڕیبەرانی ناوچەیی، بۆ نموونە،شێخ عەبدولسەلامی بارزان، سەید تەهای نێهری، ماشیموون وهەتا ڕیبەرانی یەزیدی تووشی ئەم مەسەلە بکەن. بەدەنگۆیەیی کەلەسەردەو بوو حیکایەتی لەمە دەکردکەشێخ قادربەکۆکردنەوەی 3000چەکداربەمڕیکەوتنە دەیتوانی 100000شەڕکەربۆ مەیدان بێنێت،وهێزێکی ئەوها بەداکۆکی ڕووسیە دەیتوانی حاکمییەتی عوسمانی لەسەرکوردستان هەڕەشەلێبکات.

حکوومەت لە ڕوو بەڕووبون لە گەڵ ئەم مەترسییەکە هەر ڕۆژ لەزێدەیی دەدا-یانی مەترسی ناڕازیانی کورد وپیلانەکان ودنەی ئەرمنیان و رووسیە لە ڕاسیتدا هەر ئەوهەل ومەرج وەزیەتێک کە حکوومەتی عەبدولحەمید لەگەڵی ڕوو بەڕوو بوو- مەجبوور بەدەم پێداهێنان بەم مەسەلە بوو کە نیزامی (ئاغایی)بەهێزتر لەوەبوو کە ئەوفکری لێدەکرد. لەبەر ئەمە بۆسیاسەتەکانی عەبدولحەمیدی گەڕایەوە،کە بۆخۆی لە سەرتای رژانی کلۆوکۆی ئینقلابی مەحکووم و بێ ناوەرۆکی زانیبوو. لە ژوئیەی 1910پارێزگای وان شێخ محەمەدسەدیقی بۆ ئیران ناردبوو هەتا لە سەرۆکانی حەمیدیە دلداری بکات وبیانلاوێنێتەوە ئەوان دەڵگەرم بە گەڕانەوە بکات. حکوومەت کە حەمیدیەی هەڵوەشاوندبۆوە،ئیستا ئەوی بەناوێکەی دیکە یانی(هەنگەکانی چەک هەڵگری سوکی عەشایەری) سەرلەنوێ پێکهینا،وسیاسەتی گشتی تێکشکاندنی دەسەڵات وکۆتایی پێهێنان بەبێ قانوونیەکانی ئەم خەڵکە لە دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات،کەم کەم لەناوچوو. بازیک لە ئاغاکان هەتا لەک ۆمیتەکانی گەورەی(ئیتحادوتەڕەقی) بوون بەئەندام،هەرچەند بەیەکچەلی ئەم مەسەلەنەبێت بەحیسابی سەرکەوتنی هیچ کام لەلایانەکان-یانی (کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) یان ئاغاکان-دانین.

لایانگران و هۆگرانی دین(کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی) سیاسەتی پان ئیسلامی عەبدولحەمیدیان بۆ دوورخستنەوەی کوردوئەرمەنی ورووسەکان لەسەررا بۆ ناو مەسەلەکە هێناوەکای ە. لە پاییزی ساڵی 1910 بەم لاوەبۆ دنەدانی کوردەکان دژی(گاور)چەنەلێژنە لە ئەستانبۆڵ بۆکوردستان ناردران. ئەم جەرەیانە بەراگرتنی هاوکاری کردو ئەرمەنیەکان یارمەتی کرد. لەکۆتای ئەوساڵیدا سێ کارگێری پشکنینەوەی(ئیتحادوتەرەقی)کە هەر سێک پەیوەندیان بە جەماوەری پان ئیسلامی هەبوو لەنێوعەشایەردەستیان بە گەران وسەفەر کرد، وبەسەرانی عەشایەریان گوت: کە بۆ شەر لەگەڵ رووسیە حازربن. وەزیری پێشووی ئابووری لەهاوینی 1911دەستی بە سەفەرێکی وەک وان کردو(کارتیکردنی پان ئیسلامی بەهێزی لەخۆی لە بتلیس بەجێهێشت.)
بتلیس لەوجێگایانە پرلەچەرمەسەری بوو. ئەم مەسەلە زۆرترپەیدابوو لە جەستەی شێخەکانی خیزان لەم ناوچەیەبوو. کاتێک عەبدولرەزاق لە جەرەیانی سەفەرەکەی لەدەسامبەری 1911سەرتا سەردانی ئەوانی کرد، دەوڵەت بە پەلە بەشێکی زۆری چەک وچۆل بۆ وێ نارد. سەبارەت بە سەیدتەهای شەمزینان،دەوڵەت سیاسەتی نێوان ناخۆشی و ناکۆکی و پرش و بڵاوی گرتەبەر: لە کۆتایی ساڵی 1912شێخ عەبدولقادرهەرچەند نامتمانەی دەنواند بە مەجبووری وەبەرلێبوردن کەوت. چەنکە ئەو بۆ بێ ئیحتوبارکردنی برازەکەی چرکەیەک لە کاتی بەخۆرایی لەدەست نەدەدا. بەمجۆرەبەدرخانەکان تەنیاکەسانێک بوون کە لە ئولکە دەمانەوەو هۆی نیگەرانی ومشەوەشی بوون. لەم سەینەوبەینەدابوو کەشانس رووی لەحکوومەت کرد: حوسین بەدرخان کەلەراستیدا مۆتووروهێزی هەڵسوورێنەری پشت سەری ئەم پیلانە بوو لەمانگی مەی 1913کوژرا. براکەی حەسەن، بەورەوجوامیری ولیهاتوویی وچاونەترسی رێووشوینی وی بەردەوام کرد. ئەوبەجێگری باڵویزی بریتانیای لە(جەزیرە)ئاگادارکرد کە حازری هەڵگیرسانی شۆرشە،وبەمە رازیە کە دەوڵەتی بریتانیا ئەویارمەتیانەی بەعارەبی وادەداوە، بەکوردەکانیش بدا-یانی کارگێرانی ناوچەکەسانێک بن کە بە زوانی خەڵکی قسەبکەن، ودەوڵەت بەرهەمی وەرگرتوو لەماڵیات لەناوچە جەرج بکات. بەڵام بەکوژرانی حوسین جەرەیان بەسەرجەم لە هێزو ورە خاڵی وبەتاڵ بوو.
رەنگە بەوهۆیە راپەرینێکی هاوگام کە ئەستانبۆڵ لەوی ترسی رێنیشتبوو چ کات وەراست نەگەراو روخساری واقعیەتی بەخۆوەنەگرت. لەجیاتی وی دوو بزوتنەوەی بەجیا،وخۆکوڵ روویدا، کە هەر دووکیان هەوێنی مەزەبیان هەبوو.

**بزوتنەوەی بارزان وبتلیس**

نزیکەی پەنجاساڵ بووکەحزووری شێخەکانی بارزان لەقەراخ زیی گەورە لە پارێزگای مووسڵ هۆی ناراحەتی بوو. سەقامگیربوونی ئەم شێخانەلەبارزان سەبەبی کێشەکیشووئاڵۆزی تەقەو لێکدان لەگەڵ سەرۆکانی بەهێزی عەشیرەی زیباری لە رەخ چەپەی زێ بوو،ودەلیلی ئەم عەمرە،بۆلای خۆ راکێشانی وەرزێرانی ناعەشیرەی زێباری لە لای شێخانی بارزان بەگۆرانکاری(پەیمان) بوو. لەلای باشوور پەیوەندیان لەگەڵ ساداتی نێهری، کە بارزانیەکان لەراستیدا مریدی وان بوون،تەقریبەن باش نەبوو. لە دەوروپشتی سەدەی نۆزدەهەم بارزانیەکان یەکێک لەوپێنج بنەماڵەی مەزەبی

بەقووەت وبەدەسەڵاتی کورستان بوون. ئەم مەسەلە سەبەب وهۆکاری سەرهەڵدانی گیروگرفتی دەزۆرلەگەڵ پارێزگای مووسڵ بوو کە دەیەویست بەهۆی دوژمناتی لەگەڵ بارزانیەکان، کەسەرۆکانی عەشیرەی زێباری بن،دەسەڵاتی خویان بەسەردا بسەپینێت.
بەهەرحاڵ لەدوایی ئیقلابی ساڵی 1908 پەیوەندی ئیکجار بە بولێلی گۆردرا. لەلایەک شێخ عبدالسلام بارزانی رێژیمی تازەو خودانەناسی بەچاوی ترس وخۆف وبیزاری لێدەڕوانی، و لە لایەکی دیکە دەڵەتی نوێ بڕیاری ئەمەبوو کە مرۆڤی وەک وی وادارِبکات کە باج و پێتاک بەتەواوی بەدەوڵەت بدەن،هەروا سەربازی بدەن و لە ناو دایرەی حوکم ودەسەڵاتی دەوڵەت داکاربکەن. دیاریکراوەی چەندسال و لە دوای وی کیشەکێشی چەکدارانەی چەند پاتکراوەبوو کە دەویدا هێزەکانی دەوڵەتی تەلەفیاتێکی زۆری گیانیان دا.
داواکانی شێخ عەبدوالسلام کە پێشتر باسمان لە سەر کرد نیشانی دەدا کە بەرزەفرِیەکەی وی شتیکی زیدەتر لە بەرزەفرِیەکانی سەرۆک هۆزێکەو، و حیکایەت لەپەیوەندی لەگەڵ نەتەوەخوازانی قەوم پەرستی دانیشتووی ئەستانبۆڵ دەکرد. شێخ عەبدولسەلام لەوپیرەمێردانەی بەرجەستەو لێهاتوو خاوەن ناوبانگ بوو. دووبابەت بوو کە بۆ عوسانیەکان هۆی دڵگەرمی بوو: یەک لەو دووە، ڕەت ونەفی وتووێژو پەیوەندی وی لەگەڵ ڕووسەکان و ئەویدی دوژمنایەتیەکەی لەگەڵ سەید تەهای نێهری بوو.
لەسەرتای ساڵی 1945خەبەربەمووسڵ گەیی کە شێخ عەبدوالسەلام ناکۆکی خۆی لەگەڵ سەید تەها لە قەراخ داناوە و لە گەڵ وی ولەگەڵ عەبدەلرەزاق بەدرخان(لەمانادالەبنەوەدا لەگەڵ ڕووسەکان) یەکیەتی گرتووە. لەمانگی مارس هێزەکانی عوسمانی دژی وی واردی عەمەلیاتی نیزامی بوون،شێخ تێشکاو بەرەو ورمێ تیکشاو پاشان بۆ سەردەمێکی کورد بۆتفلیس هەڵات. لەکاتی ڕۆیشتن بۆ سەردانی سمکۆلەناوچەی سنوور(سومای برادۆست)-ڕەنگە بەڕاسپاردەی سمکۆ-کەوتە بۆسەی مرۆڤانی عەشیرەتی شکاک وتەسلیمی حکوومەتی عوسمانی کراوە، لەکۆتایی ئەوساڵیدا لە تورکیە لە سێدارە درا.

تێبینی: مەسەلەی گیرانی شێخ عەبدوالسەلام بارزانی لەکتێبی کاک مەسعودبارزانی و هەروا لە کتێبی کاک سنارمامدی شێ کراوەتەو قسەی سمکۆی نەمری تیدانەبووەئەوە بوختانەبۆیان هەڵبەستووە،نابراو لە لایان کابرایەکی خۆ فروش گیرا،وتەسلیمی تورکیەکرا،حکوومەتی فاشیستی تورکیە لەسیداری دا.وەرگیری کوردی.)
لە ڕووی ناچاری دەکرێ لە شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بەناوی ڕووداوێک لە قولینچکەکی چێاکانی دوورکەوتوو قەوماوە چاوی لێ بپۆشرێ و دەستەوداوین بەپێناسی مەزەبی و نەتەوەیی نەدیتووحیساب بگری. بەڵام ئەوڕوو بەڕوو بونە لەگەڵ شۆڕیشێکی کەلە بتلیس سەریگرت کارێکی ئەوها سانایی نەبوو. لێردا بەڕوونی دیاریدا کە شێخ سەلیم ناوێک بەزانین ونیەت وئەنقەست ولێکدانەوە، دەستی بە دنەی شێخەکانی دەڤەری خیزان، دژی حکووەت کردوە.
خیزان ناوەندی و دایرەی بنکەی تەریقەتی بوو کە لکی دە زۆری هەبوون، و لەگەڵ بەدرخانەکان لەبۆتان ودژکارانی(کۆمیتەی ئیتحادەتەڕەقی) لە ئەستانبۆڵ پەیوەندی هەبوو. ئەم تۆڕە لە ڕووسەکانیش کە لەو لای کەوشەن،لە ئیران سەقامگیربوون هەتا ڕادەیەک نزیک بوو. دەلیل وهۆکار لەگوڕێ بوو کە لە سەر بناخەی ئەوان بکرێ لێکیدەیەوە کەئەم دنەدانە بە بزوتنەوەیەکی گشتی بگۆڕدرێ. کارگێران تێدەکۆشان ئەم مەسەلە لە سەرتا بخنکێنن. لەمانگی مارس خەریکی ئەمە

بوون مەلاسەلیم دەست بەسەرکەن،شێخانی خیزان هاتنەسەرئەم بڕیارەدەست بکاربن. یەکێک لەوان لە پارێزگاری داواکرد کە شەریعەت بگەڕێنێتەوە وتەواوی خاوەن پلەوپایەکانی(خوانەناس)لەناوچە ڕاوبنێت. چونکە والی بەم داواکاریەی وەڵام نەداوە شۆڕشیان دەست پێکرد بەشێک لە بتلیس یان دەست بەسەرداگرت. بەڵام خەڵکی شار لەشۆڕش دابەشداریان نەکرد. سیساڵ قانوون شکێنی وئاڵۆزی ئاژاوە،کاری نەکردبووکە خەڵکی شارهەتا کەمترین هەستی ڕازی بونیان سەبارەت بەم جەماوەرە هەبێ کە بۆخۆیان لەوانیان بەچاوی لۆچێک ڕاوڕوتکەری دیهاتی لێدەڕوانین. چونکە داکۆکی یەک، لەشۆڕش نەکرا مەلاسەلیم چەکدارەکانی بڵاوکردو بۆخۆی پەنای بۆ باڵوێخانەی ڕووسیەبرد. بەمجۆرە بزوتنەوەی بتلیس بێ ئاکام ماوە. تەنگەژەی شۆڕشەکانی کورد هاوگامی وئارامی بوو. هەروەک باڵوێزی بریتانیا لە بتلیس ڕاپۆرتی دا(ئەگەرکوردەکان توانیبوایان هەتا لە پارێزگایەک دژی حکوومەت پێکەوە یەکگرتوو ببن،هێزەکانی عوسمانی لەم بەشە لە ئاسیای سەغیر بەچەتوونی دەیانتوانی شۆڕشەکانیان تێک بشکێنن.)
نەبوونی هاوفکری وهاوگامی وهاوکاری هەروا وەکوو خەڵێکی لاوازی کوردەکان باقی مایەوە. ئەستانبۆڵ هەروا لەئامانجی کوردەکان ترسی هەبوو،بۆ دامرکاندن پچوک ترین فینەوئاژاوە لەچ حەول وتەقەلاو تێکۆشانیک دەستی نەدەگێڕاوە.

کاتێک ئاگاداربوو کەچەندکەس لەکوردەکان لەژوئیەی 1914لە(خۆی) لەگەڵ روسەکان چاویان پێک کەوتووە،دەسەتەیەکی بۆ کوشتنیان نارد. سێ مانگ دوایی ئەمە کەشەڕی دنیاگر ڕوویدا، لەوان) دەنگۆبڵاوبۆوە کە هەموو تایفەوهۆزو تیرەی کورد لەگەڵ رووسەکان هاودەنگ بوونە. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر ئاستانبۆڵ لەم بابەتەوە نیگەران بووبێت.

### ئێران

بەپێچەوانەی ئەو ڕووداوانەی کە لە دونیای عوسمانی ڕوویدەدا،لەئێران لەم دەورە بەچەتوونی ئەگەرسرتەیەک، لە هەستی نەتەوەیی بەگوێ دەگەیی. جیا لە ڕووتێکەریوو ئارەزوی سروشتی سەرانی عەشایەر دوورە پەرێز لە دەست تێوەردانی دەرەکی تەنیا بابەتێک هەیە کەدەویدا تاسەی نەتەوەیی وەبەرچاو دەکەوێ. لەساڵی 1886زاهیرەن بزوتنەوەیەکی خودموختارخوازانەی تەمەن کورت لەساوجبلاخ(مەهاباد)بەڕیبەری سەرۆک هۆزەکی موکری بەرپابوو،کە ئەویش لە دوایی وەفاتی چاوەڕوان نەکراوی دامرکا. دوایی لە دەورەوپشتی ساڵی 1900قازی شیخ فەتاح،مامۆستای ئائینی گرنگی شار،بەداکۆکی چەند کەس لە سەرانی ناڕازی عەشایەر بزوتنەوەیەکی نوێیان وەڕێخست. لەو نێوەدا لە هەمووان دیاریکراوتر ئاغاکانی مەنگوورببوون کە لەسەریەک کیشەونێوان ناخۆشی لەگەڵ ئاغاکانی مامەش ئەوانی بۆ ئەم ئامانجە دنەدابوو، وشایەتی لەخۆیە کە ئاغاکانی مامەش،بۆ یارمەتی بۆ سەرکوتکردنی ئەم ناڕازیانە داوای ئیجازەیان لەکارگێرانی حکوومەت بۆ خزمەت کرد(یانی جاشەتی). وبەقازی فەتاح (تامین) درا هەتا بۆ نیشاندانی داواکانی بۆ تەورێز بڕوا. ئەم داوایانە بریتی بوون: لەمانەوەی باج وپێتاک وپێشگیری لەزێدەبوونی ماڵیات ومتمانەدان لەم بابەتە کە حکوومەت لە سابڵاخ بە یەکێک لەخەڵکی شار بسپێردرێ-هەڵبەتە ئەمە داوای دووهەم بوو کەبۆ قەبوول کردن نەدەبوو. قازی فەتاح یان گرتوو بۆ تارانیان بەڕێکرد.

بەدوای ئینقلابی مەشرۆتیەتی ساڵی 1906نێوان ناخۆشی لەنێوان سوننەو شێعەکان لەئازەربایجان بەلەز توندوتیژ بوو،و هۆی بەرزبوونەوەی وی تێگەینی شێعەکان لە شیعەبوونی خۆیان،ولەعەینی حاڵ جۆڵانەوەی عەشایەری کوردبوو کە هۆکاری ئاڵۆزیبوو پشێووی نائارامی بوون، و بەرەواڵەتی ئەمربەئەنقەست تێدەکۆشان لەبن ئاوی بزوتنەوەی مەشروتیەت بپەڕنەوەو، دەربچن. هەڵچونەکانی مەزەبی لەڕاستیدازۆرتر داپۆشراوی کێشەکانی تویژو چین بوون، هەتاکێشمەکیشمەی نەتەوەیی. لەسەرانسەری دەڤەرەکانی کورد نشین. لە شارەکانی وەک خۆی، سەڵماس،ئۆرمیە،ساجبلاخ،سەقز،کەرماشا، وهەتا شارۆچکەکانی وەک جێگاکانی دیکەی ئیران ئەنجومەنانێک بۆپشتیوانی لەوان پێکهاتن. لە مەهاباد قازی شێخ فەتاح کەبەدوای ئینقلاب ئازادبوو ڕێبەرایەتی ئەنجومەنی بەدەستەوەگرت. سەبەبی پێکهێنانی ئەم کۆمیتانە،نەک خۆنواندن بوجۆرێک(ناسیونالیسم) لەسەربناخەی قەومیەت بەڵکوو تکاوئارەزوو بەسەرافەتی ناوچە لە سەربنچینەی هەڵبژاردن بوو. خەڵکی شاردەیانەویست لەبەلای حوکمڕانانی گەندەڵ ودەغەڵ کە لە دەرەوە بەسەرایاندا داسەپابوو ڕزگاریان بێت،ووەرزێری گوندەکان دەیانەویست کە دژی ملّکداران کە زوربەیان سەرۆک عەشایەریش بوون یەکبگرن وکۆببنەوە. خەڵکی شاروگوند ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو: کەم کردنەوە لە قازانجی خاوەن ملّکان چ لەگوند چ بۆ بازارهێنانی شتوومەیک خواردەمەنی کە قیمەت وباییيان ئیکجار چووبووسەروگران ببوو. بەمجۆرە ئاغاکان بەئاشکراوڕاشکاوی لەگەڵ ئەنجومەنەکانیان دوژمنداری دەکردو رقیان لێدە بوونەوە، و بازێک هەتا حازربە تۆڵەکردنەوەبوون. بۆ نموونە، سمایل ئاغا سمکو،سەرۆکی لقی عەبدویی شکاکەکان، لەسەر کوتکردنی ئەنجومەنەکان،بێ لێگێڕانەوە لەخانی ماکۆی پشتیوانی کرد، و بەچاکەی ئەم کردەوە بەحاکمی (قۆتر)دانرا.

## شەڕی دونیاگر

هیچ پێویست نەبوو کە تورکان سەبارەت بەوەفاداری کوردان ئەوەندە نیگەران بن. بەرەپێکهێنانی کوردو ئەرمەنیەکان هیچ کات ڕوخساری کردەوەی بەخۆوەنەگرت. جافەکان، هەمەوەندەکان،دزەیەکان،بەگشتی بەیارمەتی ڕووسییەیان گەمەدەکرد. تەنیا،سێ کوردی ناوبەدەر،لایانگری ڕووسەکانیان گرت: سەید تەهای شەمزینان، کە چارەنووسی ئەمەبوو کە ئیدی جێگا متمانەی چ لایان نبوو. ئەویدی عەبدولرزاق بەدرخان بوو کە پێشتر لەتفلیس بوو هەرواهیواداربوو کە ڕووسەکانی تاسەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەدی دێنن،وسیومی مامی وی،کامل بەدرخان،کە بۆتفلیس چوو هەتا (گیڕاندوک نیکۆلای)فەرماندەری ئەرتەشی ڕووسیە بۆ حەقانیەتی ئامانجی نەتەوەیی کوردان قانع بکات. لەگەڵ ئەوهەموو پۆزەی کەلەگەڵ ڕووسەکانیان لیدا، ڕووسەکان چ چاخ سیاسەتێکی دیاریکراو ڕاست ورەوان وبێگروگۆڵیان لە ئاست کوردەکان نەگرتەبەر،و زۆرتر بەم هۆیەوە، کە تاسەوئارەزوی کوردەکان لەگەڵ تاسەو ئارەزوی ئەرمەنیەکان وێکدەکەت. لەپەیوەند لەگەڵ کوردوئەرمەنیان بۆ ڕووسیە،باشتر ئەمەبوو کەبەقەست ونیەتی لاوازکردنی حوکم وشوێن تێکەری عوسمانی لەناوچە،ناڕازیان هانداو زێدەبکات،بەڵام بەم ئامانجە کە بۆ کوردان یان ئەرمەنیان ئیجازەی سەربەخۆیی بدات-ڕووسیەئاناتۆلی ڕۆژهەلاتی بۆخۆی دەویست. شەڕی دنیاگر کوردستانی تووشی

ئالۆزی وپشێویی وئاژاوەکرد، کەلەشەڕی چالدران بەم لاوە بێ وێنەبوو. لە ماوەی چوارساڵ شەڕ ئەرتەشەکانی دوژمنی یەک،کوردستانیان بەشێوەیەکی جۆراوجۆر پێشل کرد، وخەلک و پەزو ماڵ و مالاتەکەیان لەناوبردن. زور پێشتر لەڕاگەیاندنی شەڕ، لە سیەومی ئوکتۆبر،تورکەکان لە سەرەتای مانگ لەگەڵ 400سواری کورد، دەستیان بەهێرش کرد، ئامانجی وان لەم هجوومە تێک وپێکدانی ڕیکووپێکی پایەگاو سەنگەرەکانی ڕووسیە،لە دەورووپشتی ورمێ بوو. عوسمانی نیگەرانی هێرشی رووسەکان لە کەمەربەندی شاری خۆی –ورمێ بوو. چونکەڕووسەکان خەتی شەمەندەفەرەیان لەجلفەیان دورست کردبوو. ڕووسەکان لە دژ کردەوە بەم کردەوە نەک تەنیا گروپی هجووم کەر بەلکووهەموو کوردەکان وگروپی سوننەمەزەبیان لەدەورو پشتی ورمێ ڕاونابوون. عوسمانی مامەلە بەتۆڵەیان کرد. ئەرمەنیەکانی لەدەڤەری سنووردەرکرد. خاوینکردنەوەی دەڤەرەکان لەگروپەکانی قەومی ئێستا،هەر وەک هێندێک پێشبینیان کردبوو،لەلەت وپەتی بنەڕەتی کیشمەکیش بوو. چاخێک ڕووسەکان لەدەسامبەری 1914بۆسەردەمێک (بایەزید دووگۆ)یان گرت وبۆ لای ئالاشگرد بەرەوپێش چوون،سەربازی ئەرمەنیەکانیان لەناوچە دامەزراندن، کە زۆرتریان پێشتر هاوولاتی عوسمانی بوون. کاتێک ئەم دەستەیە لەناوچە، ڕۆیشتن،دەگوترا کەتەنیا یەک دەهەم جەماوەری مەڵبەند-کە پێشترزوربەی کوردنشین بوو-باقی مابوونەوە. لەهەمان حاڵ کەئەرتەشی سیومی عوسمانی لەژانوییەی 1915لەدەوروپشتی ساروقامیش،لەناو بەفرو سەرما لە ناودەچوو،هێزەکانی یارمەتیدەر لەبەشەکانی باکووریتری کوردستان بۆ داگیر کردنی تەورێزو، ورمێ لەسەرەتای ژانوییە وەحەڕەکەت کەوتن. لەحالێکدا کەهێزەکانی رووسی کە ئازەربایجانیان داگیرکردبوو، بۆ لای باشوور پاشەکشەیان دەکرد. زۆرترئەرمەنیان وئاشوۆڕیان، بەسەرلێشیواوی بەدوای ئەرتەشی ڕووسیە لە ناوچە هەلاتن. زوربەی ئەوخەڵکە بەهۆی سەرما لەناوچوون. ئەوانەی کە مابوونەوە،لە ورمێ خۆیان حاشاردا. ئەم خەڵکە لەورمێ و دێهاتەکانی مەسیحی نشینی دەوروپشتی وێ،لەلایان هێزەکانی تورک وبەکرێگیراوانی کوردیان، هەموو جۆرە ئەزیەت وئازارەکیان بەسەرهات. کاتێک شەڕ هەلایسا،ئێران بێلایانی ڕاگەیاند، وچەندجارلەڕووسیەی ویست کە هێزەکانی لە ئازەربایجان بەرێتەدەر،بەلام عوسمانی بەوکەلک وەرگرتنەی کە رووسەکان لە پارێزگاری ئازەربایجان دژی هێزەکانی تورک دەیانکرد، دەیتوانی داوابکات کە ئێران نەک تەنیا بێلایان نییە بەلکوو یەکپارچە دوژمنە، وچەندین قاقەزی بۆ سەرۆکانی عەشایەری ئیران نارد، کەدەواندا دەیگوت: کە سەربادان لەچوون بۆ (خەزا)بۆ ڕزگاری لەدەست ڕووس وەکوو جواب جەنگی لە فەرمانی شایە. لە بەشەکانی باکووریتری کوردستان، شێخ عەبدولقادری نێهری وشێخەکانی تەوێڵەش خەزایان ڕاگەیاند. ئەو دەستە لەعەشایەر کە نەیانتوانیبوو لە حزووری هێزەکانی ڕووس لەناوچەلە1909 بەم لاوەکەلک وەرگرن،ئێستا هەلیان بوو رەخسابوو کەلەگەڵ روسەکان بەشەڕبێن،ولەبنەوە ئەوقەبیلانەی کەلەژێردالدەی ڕووسەکان قەرارینگرتووە بقوتن،لە حالێکدا ئەوعەشایرانەی کە لە داکۆکی ڕووسیەکەلکیان وەردەگرت، سەرلەنوێ خەرێکی هەڵسەنگانی مەوقعێەت ودۆخی وەزیەتی خۆیان بوون کە هەتا بزانن قازانج لەکام لایان وەدەست دێ. عەشایەری شکاک ومامەش ومەنگوڕو زەرزا و هەرکی و بەگزادە ئێستا لەوەدیهێنانی حکوومەتی وەحشەت لەناوچە ڕۆڵی چالاکانەیان هەبوو. بەداگیرکردنی سەرلەنوێی ئازەربایجان لەلایان هێزەکانی ڕووسیە لەمانگی مەی باشبوونێک لە وەزیت وحاڵی مەسیحیان وەدەست هات،بەلام ئەم جەرەیانە شتێکی تەمەن کورت بوو،چونکە لەمانگی ژوئیە ڕووسەکان بەپاشەکشەیان کرد. لەناخی سنوورەکانی عوسمانی تورکەکان خۆیان ئامادەی هجوومی بەهاری ساڵی 1915ی رووسیەکردبوو. لەم خۆ حازرکردنەدا یەکێک لەهەنگاوکانی گرنگ، پشتاوکردنی

هەموو ئەوانەبوون کە لە سەر یەک بە هێزکانی یارمەتی دەری دوژمن حیساب دەکران-یانی ئەرمەنیەکان وگروپەکانی گەورەی مەسیحی دانیشتووی ناوچە. لە27ی مەی شورای وەزیران لەئەستانبۆڵ دوورخستنەوەی کەسانێک کە(مەشکوک بە خەیانەت یان سیخوری بوون) پەسەندکرد. لەڕاستیدا دوورخراوەیی وکوژران پێشتر دەستی پێکرابوو. لەحەوتووی ئاخری ئاوریلی 1915 سەربازو ئەندامانی قەبیلەیی لەناوچەکان خەریکی ڕاوڕووت بوون،ژن وپیاوزارۆکیان دەکوشت،ماڵەکانیان ئاگرتێبەردەدا،منالی ساوایان لەباوەشی دایکان وەبەرڕەگباری تفەنگ دەدا،یان لەت لەت وپارچەپارچە دەکرد،ژنیان ڕووت دەکردنەوە ولێیان دەدان. ئەم شتانە ڕووداوی تاکە کەسی و بنەماڵەیی نەبوون بەڵکوو لەجێگاکانی وەک ئەرزەڕۆم، بتلیس، مووش،ساسون وزیتوون و مەڵبەندەکانیتر،یەک لەوان ناوچەی کیلیکە(ئەرمەنستانی بچووک)کارێکی ئاسایی وگشتی بوو. لەدوای ئەوەی کەئەرمەنی گوندەکانی دەوروپشتی (وان) کوشتارکران،ئەرمەنیەکانی شاری وان لەگەمارۆی کوردەکان کەوتن، لە30ی مەی بەوموسڵمانانە کەبەکردەوە تورکەکانی شارنشین وکوردەکانی دیهاتی نشین بوون، ئیجازەدرا کەسامانی (بەرەڵڵا کراوەی) ئەرمەنیەکان دەست بەسەردابگرن. لەماوەی دوازدەمانگی دوایی نزیکەی یەک ملیون ئەرمەنی کوشتارکران. تورکەکان وکوردەکان دژی ئاشوریەکانی شەڕکەری تیاری،هەڵکەوتوو لەپارێزگای حەکاری دەست بەکاربوون. وێدەچی هۆکاری ئەم شۆڵە مەترسی بەرەوپێش چوونی هێزەکانی ڕووس بۆناو ئەوناوچە، و ئاگاداری لەو بۆچوونە بوو کە ئاشۆڕیان بەداکۆکی لە ڕووسیە هەیانبوو. ئاشۆڕیانی تەیاری کەلەچارەنووسی براکانیان لەدەشتی ورمێ هەیانبوو کاتێک لەهاوینی 1915بەهێرشی عوسمانیان ڕوو بەڕوو بوون هاتنە سەرئەو بڕیارە کە بەپاڵەپشت بەو وادانەی کە ڕووسیە بەداکۆکی ماڵی بەوانی دابوو بەحکوومەتی عوسمانی شەڕی ڕابگەیێنن. مارشیموون پێشتر لەگەڵ هێندێ چەکدار بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێزەکانی ڕووس بۆ ورمێ چوو بوو. ئەو هیواداربوو ڕووسەکان بۆ حەکاری بەرەوپێش بچن،وکاتێ تێگەیی کە شتێکی ئەوها ئیمکانی نییە، بۆحەکاری گەڕاوە هەتاخەڵکەکەی سەبارەت بەهێرشی هۆزەکانی کورد کەکرابوو لەدەڤەر بەرێتەدەر. پازدەهەزارکەس لەم خەڵکە گەیشتنە ورمێ. لەهێندێک شوین، کوردەکان دەستیان لەکوشتنی ئەم خەڵکە دەپارازت،چونکە دەراوسیان بوون،لەگەڵ ئەوان پەیوەندی دۆستایەتیان هەبوو،یان بەوهۆیە کە ڕەعیەتیان بوون وشیاوی داکۆکی بوون. بەڵام ئەو خاڵانە تەقریبەن تایبەتی بوون هەتا قاعیدە،چونکە کارگێرانی حکوومەتی ئەم جۆروکوردانەیان کەسەبارەت بەمەسیحیان بەزەیی ومحیبەت نیشان دەدا وفەرمانی دەرکردن وکوشتاریان جێبەجێ نەدەکرد هەڕەشە بەسزا وتۆڵەکردنەوە لێ دەکردن. بازیک لەکوردانی عەلەوی مەزەب(قزڵباش)وێدەچێت بەدەلیلی هاوبەشی ئیحساس لەگەڵ خەڵکانێک کە وەک خۆیان لەژێرزوڵم وئازاردابوون یان بەوهۆکارە کە هێندێک لەوان نۆموسڵمان بوون پەنایان بۆ مەسحییەکان بردبوو. بۆچ کوردەکان ئەوها بەرزا وپیخۆشبوون دەستوورەکانی حکوومەتیان بەڕیوەدەبرد؟ مرۆڤ جاربێ مەیل نییە ئەم هۆکارانە شێکاتەوە قەبووڵ بکات کە خەبات بەڕاستی خەباتێکی قەومی بووە. ئەم جەرەیانە بەیەقین سەبارەت بەخاوەن نەزەران(تورکەکای جوان) کە وەختیان نەبوو هەتا بۆچوونەکانی ڕابردوو،خۆیان وەک(سوڵتان) و(مللەت) سەرف کەن وبۆ خودی کوردانیش شتێکی سێیریان لەداوێن دابوو،وەڕاست دەگەڕاند-بەڵام ئاکاری کوردەکان بەهیچ خۆر شێکردنەوەیەکی داپۆشراو قانع کەرانەنییە. ئەم جەرەیانەی دەتوانی لەجێگای تۆڵە لە ئاکارە ناحەزەکانی کە ئەرمەنیەکان لە بایەزیدو ئالاشگرد کردبوویان،بدینین. ئەم کوشت وکوشتارانە بەهەرحاڵ ڕووی دەدا،چونکە تێکەڵاویی وئاژاوەکی تایفەیی بوو کە لە بەشێک لە سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە

بەرزببوو. دەونێوەدا هەڵچونی نێوان ئەمپەڕاتووریێکی ئیسلامی لەگەڵ نەیارانی بوو. هۆی زۆرتری ئەم جەرەیانە، بە یەقین پێناسی ئیسلامی بوو. هەروا بابەتێکی دیکەش هەبوو: پشتیوانی حکوومەتەکانی ئۆڕوپایی لە دراوسێکانی مەسیحی بەردەوام ئەم لاوازی سەدەمە تێکەری بۆ کوردەکان وەبیردەهێناوە. ئەمە لەخۆڕانییە کەئەم زوڵمانە نارحەتیانە هەرچەند بۆلای ڕۆژهەڵات بەرەوپێشتر دەچین،زۆرتردەبن، چونکەلێرەمەترسی ڕووسیە زورتر بوو،و ئەوهۆزانەی کە ئەرمەنیان پەنادا لەمەیدانەکانی شەڕ دوور بوون. خولاسە، زۆرتری ئەو کوردانەی کەلەکوشت وکوشتارەکان وقەتڵ وعام بەشداریان ببوون، هەستیان دەکرد کەمەسەلە ئەمەیە: (یان ئەمە یان ئەوان). چاخێک ڕووسەکان لەژوئیەی 1915 واردی ئاناتولی بوون هەرگوندییەکیان لە ڕووبەڕووی خۆیاندی لەپێش پێیان هەڵگرتن،وشاری (وان)یان خستەئاڵقەی گەمارو،لەسەریەگتری خۆڕاگریانکرد،بەئەرمەنیان ئیجازەنەدا ئەوگوندانەی کە دێهاتیەکانی کورد بەرەڵڵایان کردبوو داگیربکەن. بازێک لەئەرمەنیەکان لەوکوردانەی کە وەچەنگیان دەکەوت تۆڵەدەستاندەوە،وبۆ زوڵم وزۆری لەخەڵکی ئەرمەنی لە دواڕۆژ،بەڵگەیان وەدەست دا. کاتێک لەکۆتایی مانگ،ڕووسەکان مەجبوور بەپاشە کشە بوون، نزیکەی دووسەت هەزار مەسیحی ماڵەکانی خۆیان بەرڵڵا کردن و بەدوای ئەوان کەوتن کەلەناوچە خەریکی ڕاوو ڕووت بوون.

کوردەکان جگەلەبەشداری لەخاشەبڕکردنی ئەرمەنیان،ئەڕتەشی عوسمانشیان لەنەزەرئینسانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزکرد. هەزاران کورد لەئەڕتەشی سیوەم لەساری قامیش وجەبهەکانی دیکە گیانیان لەدەست دا ولەناوچوون. کوردەکان بەسەرجەم لەخزمەتی ئەڕتەشی بیزارببون،بەڵام لەسەرئەوەش بەشێکی گەورە لەسەربازانی ئەڕتەشی عوسمانیان پێک دەهێنا. کوردەکان خزمەت لەهەنگەکانی عەشێرەییان پێ باشتربوو،چونکە لەم هەنگانەدا لانی کەم بێ بەشی و مەرگ،بەئیستلاح، بەشێوەی چارەنووسی بنەماڵەیی ملی وەبەردەدرا. بەشێک لەقەبیلەکانی کورد،ڕەپ وڕاست جواب جەنگیان کرد-عەلەویەکانی درسیم لەو دەستە بوون. دوایی یەک دووساڵ،دەسەڵاتداران شێوەکەیان گۆڕی،وهەنگەکانی ناوخوو ناوچەیی یان وەدی هێنا،کەلەناوچە دامەزراوبوون: فەرماندەری ئەم هێزانە کوردبوون وخەڵکی ئاسایی سەربازانی هەڵاتوو لەخزمەت پێکیان دێنا. هەڵبەتە ئەوانە حاڵی نەبوون، بڵام پێشگیری تاقمەی ڕیگرانیان دەگرت. ئەوچریکانەی ناوچەیی بەنان وزگ خزمەتیان دەکرد، مووچەیان نەدەدانێ،وئیجازەیان هەبوو بۆ(خزمەت)لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەیان نۆبەدابنێن. ئەمەش گاڵتەجارێکی تاڵی مێژوویی بوو کەکوردەکان لەکوشتاری ئەرمەنیەکان بەشداریان کرد،بێ خەبەر لەوە کە(تورکەکانی جەوان) بۆ وان چ نەخشەوپێلان وبەرنامەکەیان هەیە. بەپێی فەرمانێک عەمرکرابوو کوردەکان لەئاناتولی ڕۆژئاوا سەقامگیربن، بڵاوکردنەوەیان لەناوچە ئەوهابێت کە زێدەتر لەپێنج لەسەتی جەماوەرناوچەپێک نەهێنن. عەمربوو پیاویماقول و سەرۆکان لەشارەکان وشارۆچکەکان دانشتووبن وپەیوەندی لەگەڵ لایانگروهۆزەکانیان نەبێت. بەرنامەیان ئەمە بوو لەدوایی کۆتایی دووژمنداری هیچ مرۆڤێکی قەبیلەبۆ شوینی باب وبابثیری خۆی و جێی لەدایک بوونی خۆی نەگەڕێتەوە. بەڕاستی نەزانراوە کە ئەم پیلانە ئەولّین کەڕەت چ کات داڕژا. سوڵتان عەبدولحەمید لە پێویستی توانەوەی ڕەگەزو نیژادی کوردی لە ئەمپەڕاتووری ئاخافتبوو،بەڵام ئەم قسە باسێکی ناڕوون بوو. بەهەرحاڵ لە1913(کۆمیتەی ئیتحادو تەڕەقی) دەستووراتێکی بۆ دیاریکردنی نشتەجێ بوونی قەبیلەکان ڕێکخستبوو،لە 1917ئەم بەرنامەیە رێک وپێک کرا،ئیدی وەک ڕۆژی روون مەعلووم بوو کەبڕیارئەمەیە: کەبەبڵاوکردنی کوردەکان لەگروپی دەگچکە، پێناسی کوردی لەناوبەرن. بەرنامەی کار بۆ ئەرمەنیانی گاور

لەناوچوونی سەرجەم و بۆکوردانی کەللەڕەق ئەمما موسڵمان توانەوەیان لەناوجەماوەری تورک بوو. (کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی)ڕۆڵەکەی چ کاتێک ڕانەگەیاند، بەڵام بەشێکی لەوی بۆ بەڕیوەبردن دانا. ئەم تەرحە لە ژێرنهێنی سیاسەتی(زوەی سوتاو) بەڕیوەبرد،بەم مانایە کەبۆ بێ بەشکردنی ڕووسەکان لەهەرجۆرەئالیکاری ویارمەتی،لەکاتی پاشەکشەی،هەموو خەڵکی نانیزامی لەناوچە دەگوێزێتەوە، وئەوەی کەلەناوچەبوو لەناوی دەبرد. وێدەچێ نزیکەی 700000مرۆڤی ئاسایی بەدەستی کارگێڕانی تورک لەناوچەگوێزرانەوە. ئەم کارە ڕەنگەبەم ئامانجەبێ کەنەیاری لەدەست وێراگەین بۆ هەرپەناگاو ئازوقە لە سەخڵەت بخات. ئاکامی ئەم کردەوە بەرەوالەت ئاتاج بە زەختێکی زۆریش نەبوو: لەوان،بتلیس،ئەرزەڕۆم، هەزاران کەس لەخەڵکی ئاسایی بەحوکمی سروشتی وزاتی لە بەرهێزەکانی ڕووس و ئەرمەنی ڕایانکرد. وێدەچێ نیوەی لەم خەڵکەی بێماڵ وحاڵ لەڕیگادا لەناوچوون، بەڵام چەندین هەزارکەس لەوان، هەر وەک بەرنامەو پیلانی توانەوە دەستووری لەسەردابوو لەڕۆژئاوا سەقامگیرکران. لەکوردستانی ئێران برودۆخ بەجۆرێکی دیکە بوو. لێرەش کیشەکان ڕەگ وریشەی مەزەبیان پێوە بوو. لەمەداگومان نییە کە پێووقەدەمی ڕووسەکان نەویستوو ئیکجار نامبارک بوو،بوڵام تورکەکانی سوننەمەزەبیش ئەوها بوون. تەنیا کەڵهوڕەکان بوون کەبەڕەوالەت بەتورکەکانیان یارمەتی دەکرد،ئەویش تەنیا بەناوی بەکرێگیراو. سەنجابیەکان لەسەرەتا لەڕاگرتنی حاکمییەتی وڵات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی هاوکاری نزیکیان هەبوو،بەڵام ئەوحکوومەتەی کە حەون خەریک بوون بەرگریان لێدەکرد یارمەتێکی ئەوهای بەوان نەدەکرد. لەژوئێن 1915 دەهەزارتورک لەسنووربوون کە سەنجابیەکان وگۆرانەکان لەگەڵ ئەوان لەکۆتایی مانگ شکەستیان خوارد. کوژرانی ژمارەیەک لە ساداتی ئەهلی حەق بەدەستی تورکەکان وبێ حورمەتی بەگومبەزی (بابایادگار) کە جێی ڕیزلێنانی بەشێکی زۆر لەشێعەو جەماوەری ئەهلی حەق بوو گری بەشەڕی مەزەبی دا. شێخ ڕوستەم،شێخی گەورەی حەیدەریەکان،لەکۆکردنەوەی پیاوچاک ودینداران دژی تورەکان هێندی لە بەرچەتوون نەبوو. لەمانگی مەی 1916هیرشێکی تازە لە لایان ڕوسیە بۆلای (ڕەواندز)بەئامانجی کەمکردنەوەلە تەوەژمی هێزەکانی بریتانیا ودووچۆمان(بین النهرێن)خوارودەستی پێکرا. ئەم هێرشە هەرچەند لەدوایی چوارحەوتوو ڕاگیرا، بەڵام دیسان کوردەکانی ئێرانی لەسەر دوو ڕێیانە دانا. کوردەکان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕووسەکان هێشتا تورکەکانیان بێ مەترسی ولاشەڕ دەزانی. لەبەرئەوە پێشگیری لە زیدی هێرشی دوای تورکەکان کەلەمانگی ژوئیە نەبوو بەهۆی داگیرکردنی کەرمانشا،پێشتریش لەم بارەو دەست وپێی عوسمانی دژکردەوەی باشیان نیشاندابوو، ودەلیلی ئەم کارە بەشێکی ئەمەبوو کە بریتانیا نەیویست بوو ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت،وزوری بەم بۆنەوە کە ئاڵمانیەکان لەدەوڵەتی ئێران پشتیوانیان دەکرد، بەڵام لەسەریەک بەم بەڵگەیەکەدەست وپییەکانی داکۆکی عەشایەریان بەپارەدەکڕی. وئەم دەست وپێیە زورزوو خۆیان لەئاڵقەی لوچێک لەسەرۆکانی پوڵەکی عەشایەردۆزیەوە،وسەرۆک قەبیلەبوو کەپێشەبڕەی لەسەروک قەبیلە دەبڕیەوە، ودەیەویست کەلەم (سەرچاوە) سامانێک کۆکاتەوە، لەحاڵیکدا کە پەیتا،پەیتا بەئەربابانی نوێ وەبیردەهێنراوە کەدەتوانن بایی کەمتر لە بریتانیاو ڕووسیە وەرگرن. ژەنەڕاڵێکی ئاڵمانی بەم مەسەلە ڕەخنەدەگرێ ودەنوسێ: (ئەوهەی ئێمەی لەبەرامبەر ئەم خەرج ومخاریجە زۆرە دەیدەین بەکردەوە زۆر کەمترە. شەڕکەرانی عەشایەر تەنیا بۆ بەدواچوونی قازانجی خۆیان باش بەشەردێن.) لەفۆرییەی 1917دەست درێژی تازەی ڕووسیە نێواننناخوشێەکی مجد لە هەڵویستی عوسمانی وەدی هێنا: هەمەدان وئەرزەڕۆم لەفۆرییە وکەرمانشا وقەسری شیرین لەمارس داگیرکران، و(وان) وئەرزنجان لە سەرەتای هاوین وژوئیە ڕووسیە داگیری

کردن. لەجەرەیانی ئەم بەرەوپێشچوونی هێزەکانی ڕووس،تورکەکان بە زۆرەملی دانیشتوانی دیاربەکر وبتلیس و مووش یان لەماڵەکانی خۆیان دەرپەڕاندن. زوربەی ئەم خەڵکەیان بۆ مووسڵ و حەلەب و ئادانە بردن، زۆری ئەم خەڵکانە لەڕێگا یان لەگەڕەگ وکۆڵان وشەقامەکانی شار لەناوچوون. بەڵام رووسیە ئێستا تووشی وەلەرزەهاتنی ئینقلابی بوو. تەزار لە مانگی مارس لە سەلتەنەت هێنڕابوو خوار. بەدەستووری لیبڕاڵی دەوڵەتی مەسکۆ، ئەرمەنیەکان دەسەڵاتی پارێژهاکانی وان وئەرزەڕۆم وبتلیس وتڕابوزانیان وەدەست گرت. بەڵام بە تەپۆڵکاندا ڕێگا دەڕوین. هاتنەخواری دەست وجێی ورەو دیسیپلینی نیزامی خێرا سوپای ڕووسیەیی لە هێزوتوانا بەتاڵکرد، وهەر ئەوکات بوو کە ئەڕتەشی دووەم بەفەرماندەری مستەفاکەماڵ وکازم قەرەبکر-کە قەزاوقەدەر بوو ڕۆڵی چارەنووس ساز لەساڵەکانی 1919و1920 لەدەقەر بەڕیوەبەرێ- ئەوانی لە مووش وبتلیس بەپاشداکشاندەوە. ئینقلابی باڵشەویکی ئۆکیۆبر،تێکۆشانی نیزام ڕووسیەی ئیفلیج کرد، وبەمجۆرەی بن پیی ئەرمەنیانی بۆشایی تێخست. پێشتر،پەیمانی ئاگربڕ،لەدەسامبەری 1917نێوان کلانتەری پشتەوەی قەفقاز(بەرپرسی مەڵبەندەکانی گورجی نشین و ئازەری نشین وئەرمەنی نشینی باکووری قەفقاز) وتورکەکان بەئیمزاگەیبوو. بەڵام ئێستا کە کوردوتورکەکان هەستیان کرد کە هەلە ودەتوانن ئەوملّکانەی لەدەست چوو سەرلەنوێ وەدەست بێنەوە، ئەم پەیمانە لەمانا وناوەڕۆک خاڵی بوو. چوارهەزارکەس لە واحدەکانی ئەرمەنی کەلەشەڕگەیەکی بەدرێژایی چل مایل لە دەوروپشتی زەنجان سەنگریان گرتبوو بەردەوام لەبەردەمی عەمەلیاتی زەبرلێدانی سوارانی کوردبوون ونەیاندەتوانی ئەم مەترێزو چەپەرو سەنگرانە ڕابگرن. هێزەکانی تورک لەفۆرییەی 1918 سەرلەنوێ شاریان داگیرکرد،وپاشماوەی ڕووداوی وان لە1915 جەماوەریکی سەرلێشواو لە مەسیحیان بۆلای ڕۆژهەڵات دەستیان بەهەڵاتن کرد. جەماوەر لەناو بەفروسەرما حەول وتەقەلایان دەکرد، لەحاڵیکدا بەردەوام لەسێرەیهێرشی گروپەکانی کوردبوون. نیوەی لەم خەڵکە بەرلەگەین بەناوچەکانی ئەمین لەناوچوون. لەدوازدەهەمی مارس تورکەکان ئەرزەڕۆمیان وەرگرتەوە. گروپەکانی کورد لەباشوور وباکووری شارلەکردەوەبوون. ئەم پێشگیریەی کە پێشتر لە لایان هێزەکانی ڕووسیە بەسەرئەرمەنیەکانداسەپاندرابوو، ئێستا لەم خولەدا بەیەکچەلی لەناوچووە وهەنووکە هەروەک لەگەڵ ڕووسەکان پاشەکشەیان دەکرد هەرموسڵمانێکی کە وەدەستیان دەکەوت دەیانکوشت. ئامانجەکانی عوسمانی ئێستا لەبەرچاو بەدەست هێنانی سنوورەکانی ساڵی 1914ی ڕابردوو، ڕوو بەروو بوون وەدەستهێنانەوەی سەرزەمینەکانی لەدەست چووی ساڵی 1878 ولەحاڵی ڕەخسان وبووزخواردن داگیرکردنی سەرجەمی قەفقازبوو. دوو ئامانجی سەرتا لەگەڵ پەیماننامەی مارسی 1918بست لێتوفسک لەدواوین تورکان کەوت، وبەتەواوی بن لاوقی ئەمەنیانی بۆشایی تێخست. ڕووسیە کە دەیەویست بەهەر نرخێک بێ خۆی لەشەڕ لاتەریک بکات،ڕازی بوو قارس وئەردهان وباتوومێ کەلەساڵی 1878داگیرکردبوو بەعوسمانی بداتەوە. مانگی ئاوریل هێزەکانی عوسمانی بەتووم وئالکساندروپل یان داگیرکرد، تەنیا داوای ماوەرای قەفقاز ئەمە بووکە تورکەکان پێشی تاقمەی تالانکەربگرن. ولەئاخری مە،بەدوای وتووێژیکی بێ ئاکام کە لە باتووم پێکهات، تورکەکان جارێکیتر،دەست درێژیان دەست پێکردەوە، بەڵام لەسەرەدرئاوا، بەپاشداکشاندرانەوە. بەڵیننامە لەمانگی ژوئین لەباتووم بەئیمزاگەیشت کەبەپێی ناوەرۆکی وی خەتی شەمەندەفەری قارس-جلّفا، وئالکساندروپل لەژێر چاوەدێری تورکان قەراری گرت. لەشەڕگەی باکوور،هێزەکانی ئینگلیزی هەتامانگی دەسامبەرنەیانتوانی دەست بەسەرخانەقین دابگرن. لەبەهاربۆ باشوور بەرەوپێش

چوون،کفری،تووز، وکەرکوک یان دەست بەسەرداگرت وسەبارەت بەناسین وحوکم و چاوەدێری بریتانیا لەسلیمانیەلەگەڵ ماقول و پیاوەمەزنەکانی ناوچە دەستیان بەوتووێژ کرد. بەڵام کاتێک لایانی رۆژهەلآتی ئەم هێزانە کەوتنەبەرسێرەی هەرەشە،لەکەرکووک وسلیمانیە پاشەکشەیان کرد، وهێزەکانی تورک بێ کات سوتان ئەم دوو شارەیان سەرلەنوێ داگیرکردن. کەرکووک لەئاکامدا لە25ی ئۆکتۆبر یانی پێنج رۆژ بەر لە پێکهاتن سەبارەت بەپەیمانی ئاگربڕی شەڕ لەمدرس لەلایان هێزەکانی بریتانیا داگیرکرا. لەونێوەدا لەبەریەک هەڵوەشانی ڕوسیە،بریتانیای هێنا سەرئەم بڕیارە کەبۆ (ڕاگرتنی)بێلایەنی ئێران ولەڕاسیتدا (پارازراو)کردنی ئێران لەدەسەلآتی دوژمن،سیاسەتی تێکۆشاوتر وەپیش بگرێت. لەدەسامبەری 1917 بریتانیا هاتەسەرئەو فکرە کە قەسری شیرن داگیربکات،داویی ڕێگای باشووری ئەنزەلی بگرێتەبەر. عەمەلیاتی نیزامی لەمانگی مارس دەستی پێکرا. سەنجابیەکان کەئاقیدەیان وابوو لە عنەتیان لێدەکەن ئەگەر لەدەوڵەت ئاڵیەدین ببنەوە،بەرێ روونیان کردبۆوەکەلەگەڵ هەرجۆرە دەست درێژیەک کە بێلایانی ئێران بێبایەخ بکات دژایەتی لەگەڵ دەکەن،دەجا هاتنە سەرئەو بڕیارە کەلەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئیگلیزڕوو بەروو بن. رەفتاری ڕووسەکان پێشتر ئەوانی لە یەکگرتووەکانی نەبان کردبوو،وبەم بۆنەوە لەگەڵ سیاسەتی ئاڵمان ئالیکاریان کردولە1917حەول وتەقەلای هێزەکانی رووس وئینگلیز یان بۆ لکان بەیەکتربەتێشکان ودەست بەپووش ڕوو بەروو کردبوون. کەڵهوڕەکان وگۆڕانەکان ئێستا لە هەلی ڕەخساو کەلکیان وەرگرت وبەرەبەیەکیان دژی سەنجابیەکان پێکهێنا، وهەنووکە بۆ بۆسەدانانەوە لەسەرڕێگای سەنجابیەکان کە دەچوونە زۆزان،لە وەدەست هێنانی داکۆکی ئینگلیزەکان تەنگەژەیەکی ئەوتوویان لەبەرنەبوو. سەنجابیەکان لەوتەقەولێکدانە 250کەس کوژراوو و100000سەرپەزیان لەدەست دا،وئەمە،زەبرەکی ئابووری وسیاسی ئیکجار توند بوو کەلێیاندرابوو. ئێستا سەردەمی قەرەبۆی زەرەرەکان نزیک ببۆوە.زۆربەی خاکی کوردستان، لەبایەزید لەباشووربگرەهەتاخانەقین لەباکوور، ولەڕۆژئاوا هەتازەنجان ومووش، بەهۆی عەمەلیاتی دوژمنان وتاقمەی ڕێگر یەکچەلی خاپوورکرابوو. برسیەتی وقات وقڕی بێ پەناگا،پەتای تیفووس،کەوتوویی نەخوشیەکانی دیکە هەریەک بەشی خۆی گرتبوو. دەردوبەلآ بەبێ بەرهەمی ساڵی 1917وبەهۆی هەلس وکەوتی هێزەکانی ڕووس،کە ئیدی خۆیان لە قەیدو بەندی چ قانوونێک نەدەدی بەئارەزو وئیشتیای خۆیان دەجوولآنەوە، دەڤەرەکانی دیهاتیان لەگاوگول ومەر بەتاڵ کردبوو کشت وکاڵیان پاماڵ دەکردیان بەئەنقەست لەناویان دەبردن، بەجۆرێکی بەرچاو لەزێدەی دەدا. هێزەکانی رووس هەتا سابلآخیان سەرجەم وێران کرد. جگە لەخاوەن سامانی دەگەورە ،ئەویدی لەپیست وپۆ بوون، یەکجاری کۆڵەوار ولەڕەخ تەندوورهەڵتروژەکان. بۆنموونە،قەبیلەکانی کفری کە عەنباری دەغڵ ودان ودانەویڵەیان لەتورکان وەشاردبۆوە،ئێستا بۆهۆی زەختی برسیەتی ناعیلاج ئەوانیان ئاشکراکردن، هیزەکانی ئینگلیزی کە بۆ لای باشووردەچوون بەبینینی ئەم بارودۆخە کەلەگەڵی ڕوو بەڕوو بوون مات وسەرگەردان بوون: لە هیچ جێگایەکی دوو چۆمان(بين النهرين) بەشتێکی ڕوو بەڕوو نابین کە هەڵسەنگانی لەگەڵ هەژاری ونەداری وبەلەنگازی ونگبەتی بکرێ،کەلە خانەقین بینیمان. ڕووسەکان دەڤەریان تالآن کردبوو،وتورکەکان ئەوهەی کەلە ڕووسەکان بەجێمابوو پاشقولیاندابوو خواربوویان،وکاتێ ڕویشتن خەڵکیان بەدەستی برسایەتی و پەتای نەخۆشی دابوو-ڕیگاخەراپەکانی ئێران ڕەنگە-لەحاڵی ئیمکان-خرابتر لەڕیگاخەراپەکانی خەنەقین بوون. سوپاکانی ڕووس وئینگلیز،گوندەکانیان خاپوورکردبوون، ولەجێاتی سوتەمەنی لەداری دارەڕێ وکاریتەوکۆڵەکەی ماڵەکانیان کەلک

وەرگرتبوون، باران وبەفر وەرزی زستان دیوارەکانی قوڕی تواندبۆوە. زەوی کشت وکاڵ سەرجەم بەیارونەگیل مابوونەوە، وەرزێر ئەگەر لەدێ مابوونەوە بەم هۆیەبوو کەلەبەر برسایەتی فیزەیان لێبڕابوو و هیزی هەڵاتنیان نەبوو. بەپێی عادەت لەکاتی ئەوهادا بەلەنگاز لەهەموان زێدەترکوێرەوەریان کێشابوو، زوربەی ئەوانەی مابوونەوە ئاغاکان وکوێخاکانی گوندەکان وخزم وکەس وکاریان بوون. بەڵام پاشقولدان وشاردنەوەش هەبوو. لەدەرەوەی ناوچە لەژێرحوکمی ئینگلیزەکان، مڵکدارانی نزیکی سەنەندەج بەئەنقەست دانەویڵەیان بۆ بازار نەدەهێنا،ولەحاڵێکدا کەخەڵک دەردی برسایەتیان دەکیشا،ئەوانە چاویان لەڕێگای بارینی بەفروباران و سەهوڵبەندان وڕێگا گریدان بوون هەتا بتوانن بایی ئەڕزاق بەرزبکەنەوە.
لەدەوروپشتی کۆتایی ساڵی 1917خەڵک لەزور لەبەشەکانی کوردستان، بۆ نموونە، لە دەوروپشتی ساوجبلاغ وسلیمانیە،لە برسایەتی دەمردن. لە دەوروپشتی نەوامبەری 1918 جەماوەری شاری ناوبراو،یانی سولیمانیە کەبەرلەشەڕ20000کەس بوو بە2500کەس کەم ببوو. و(هەمووڕۆژێ بەیانان سەدان جەنازەیان لەکووچەوکۆڵانەکان کۆ دەکردەوە، لەبازێک جێ خەڵک تەرمی زاڕۆکی تازەبوویان دەخواردن.)لەنێهری شەمزینان لە250ماڵ تەنیا دەماڵ، ولەڕەواندز لە2000ماڵ تەنیا60ماڵ مابوو. لەوناوچە لەنزیکەی 100ئاوایی قەبیلەی باڵەک سێ گوند وێران نەببوون. لە هۆزی برادۆست کەلەسەرتای شەڕ 1000خانەوادەبوو تەنیا 157 بنەمەڵەمابوونەوە و لەسێ وچەند گوندی ئەم قەبیلەیە لەبەشی ڕەواندز(هیچ پیاوژن و منالێک نەمابوو.)هێزەکانی ئینگلیزی دەستیان بەعەمەلیاتی ئارمەتیدان کرد، بەبرسیانیان دانەویڵەو بەوەرزێرانیان بنەتوو دەدا. هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر کوردەکان بەسەرجەم لەئینگلیستانیان بەناوی ڕزگاری دەری خۆیان پێشوازی دەکرد. لەشێوەی غروری ئەم ڕاپۆرتەی فەرمی بەسانایی دەکری تێپەڕین: مەترسیان لەبیربردەوە، ولەحاشارگایەکانیان لەچیاکان وەدەرکەوتن وهاتنەخوار، ولەگەڵ ئەو ئەرتەشەی بەبەزەوڕوحم کەپاشمەنەی جیرەی خۆیان لەنێو خەلک داروبەش دەکرد، ولەبەرامبەر ئەوەی لەخەڵک وەریاندەگرت پارەیان دەدانە،دۆستایەتیان دامەزراند. شەڕ هەتا ئەو جێگا کەپەیوەندی بەکوران وەبوو کۆیایی هاتبوو. لەسەریەک ئاخۆ چەندەکوژراون؟ لە1914 نزیکەی سێ ملیون کەس لەڕۆژ هەڵاتی سیواس دەژیان. ژمارەی کوردەکان ڕەنگە هێندێک زێدەتر لەئەرمەنیەکان بوو بەڵام ئاپوورەی هەر دوو نزیک بەیەک ملیون کەس دەبوو،لەگەڵ نزیکەی 600هەزارتورکی کەلەشارەکان دەژیان. سەرجەمی لەناوچوونی ئەرمەنیەکان، ئەوژمارەیەش وەگەڵ کەوێ کەلە کیلیکیە (ئەرمەنستانی بچووک) وئاناتوولی ناوەندی زیندەگیان دەکرد،نزیکەی یەک ملیون کەس بوو. ژمارەیەکی زورکەم لەئاناتۆلی لە کوژران ڕزگاریان بوو نزتکەی 500000کوردیش لەناوچوون، لەگەڵ ژمارەیەکیش کەلە شەرگە کوژران وێدەچی نزیکەی 800000کەس بگات. کاتی بەدمەستی سەرهەلداو لە کۆتایی شەڕ دامرکا،رەفتاری ئینگلیزەکان لەگەڵ کوردەکان خێرا نیشانی دا کەنیوان ناخۆشێ وکیشەکیشەکانی نێوان دەوڵەت وعەشایەر هەروا وەکووخۆی ماوەتەوە. بەڵام بریتانیا دەبوایە سەرەتا بەتورکانی تیشکاوڕاگەیاندبوایە،ومەعلوومی دەکردکەبۆخۆیان خوازیاری چ سنووروکەوشەنێکن. بریتانیا بەدەلیل وبەڵگەی ئابووری و(ئیستڕاتژیک)خوازیاری مڵکایەتی پاڕێزگای موسڵ بوو،وبۆ دەست وێراگەین بەم ئامانجە بەبڕگەکانی پەیمانی ئاگربڕ ئاماژەدەکردو دەیکردە بەڵگە کە بەهێزی برتانیای ئیجازەدەدا(دەقەری استراتژیک)داگیربکەن. بەعەلی ئیحسان پاشا، فەرماندەری ئەرتەشی عوسمانی عەمرکرا، ولایات بەتاڵ بکات: شاری مووسڵ لە8ی نوامبەر وماباقی پاڕیزگا لە10ی نوامبەر داگیرکرا-دورست 10ڕۆژ دوایی پەیمانی ئاگربڕی مدرس. ئەم مەسەلە

بووبەهۆی کیشەوچەقە لەنیوان بریتانیاو تورکیە،کەدەویدا هەردوولایان تێدەکۆشان بیروبۆچوونی باشی کوردەکان ناوچە بۆلای خۆیان ڕابکێشن.

سەرچاوەکان:

بریتانیای مەزن، بڵاو نەبۆوە: ئارشیڤی گشتی: سێری248 وەزارەتی دەرەوە،ژمارەکان698-722-851-1112-1188-1024-1205،سیری 248 وەزارەتی دەرەوە،ژمارەکانی 346-540-559-956-1009-1011-1112-1224-1245-1249-1250-1261-1263-1509-1783-2080-2146-4192-7824-7844-
وەزارەتی بەرگری 63/106و64 کتێبخانەی قەزارەتی کارەکانی هند(دیوانی هند)ال/پی واس/10/345-652-781،ال/پی واس/3/11،-18-36-74-84-115.

بریتانیای مەزن بڵاوبۆوە: ئەسنادی پاڕلەمانی: تورکیە ژمارە 1،ئاڵگوڕی نامە پەیوەند بەبزوتنەوەی مەشرۆتە لەتورکیە 1908،فەرماندەری 4529(لەندەن،1909)،لێرەولەوێ ژمارە31: رەفتارلەگەڵ ئەرمەنیەکان لەئەمپەڕاتووری 1915-16لەندەن،1916)،بڵاوکراوەی دیکەی فەرمی: ای.نوئل،یادداشتەکان سەبارەت بەوەزیەتی کوردستان(بەغدا،199) .ای.جی.آر.مەجمەلی کارەکان لەکوردستانی باکوور لەماوەی شەڕی گەورەی (بەغدا،1919)،جی.بل.،بەسەرداچوونەوە لەدەزگای وڵات لە1914 هەتا هاوینی 1920،فەرماندەری 1061(لەندەن، 1920)،ای. بی. سون، ڕاپۆرتی ئیدارەی پەیوەندار بەسلیمانیە بۆ ساڵی 1919(بەغدا،1920).

سەرچاوەی دەرەجە دووەم: کەماڵ مەزهەر ئەحمەد،کوردستان لەماوەی شەڕی ئەوەڵی دنیاگر(لەندەن،1994)،ئەمیرسوڕیا بەدرخان،داوای کوردستان دژی تورکیە(فیلادلیفا،1927)،گرودبل،عمورات بەعمورات(لەندەن،1924)،حەمیدبوزئەرسەإن،(بین ئۆمەتی ناسیونالیسم)(ئامستردام،1992)،شیرگوە،مەسەلەکورد: سەبەب وهۆی وی(قاهیرە،1930)اف.ان.هیزل ومارگولیوس،کوردەکان ومەسیحیەکان(لەندەن،1913)،هووانسیان،ئەرمەنستان لەسەرڕیگای سەربەخۆیی، مووزەی سەلتەنەتی شەڕ،عەمەلیات لەئێران، 1914-99(لەندەن،1987)،جوزف،نستوریەکان وجینارەکانیان،کنداڵ،(کوردەکان لەئەمپەڕاتووری عوسمانێ)،ناجی قوتلی، ئیتحادو تەڕەقی وکوردەکان (ئەستانبۆڵ 1991)،برناردلویس،سەرهەڵدانی تورکیەی نوێ (لەندەن، 1968)،اس.اچ.لانگ ریگ،ئێراق،1900-1950: مێژووی

سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری(لەندەن،1953)،شەریف ماردین،(ئیدولۆژی ودین لەئینقلابی تورکیە)،گۆڤاری نێونەتەوەیی ئاگاداری خاوەرمەیانە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)(1971)،(ئیڕتباتی ناوەندی لەگەڵ دەوروپشت: ئاچەربۆ ئاشنایی لەگەڵ سیاسەتی تورکیە)،ددالوس(زستانی 1973)ودین وگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەتورکیەی نوێ: جەرەیانی بەدیع الزمان سیدنورسی(نیویورک،1989)،کنت مسین،(کوردستانی ناوەندی)گۆڤاری جوغڕافیایی، جلد54،ژمارە6(1919)،نیکتیین،(کوردەکان بەگێڕانەوەی خۆیان)،اولسن،سەرهەڵدانی ناسیونالیسمی کورد،ارلپرسی،سەرزەمینی شاخاوی تورکیە

ئاسیا(لەندەن، 1901)،پرش،بازران وحەرەکەتی الوداعی القومی الکردی، 1826)(بإونەبۆوە، 1980)،ای.ای.رامسور،تورکەکانی جەوان: پێش دەرئامدی ئینقلاب 1908)(پرینستن 1957)، عەبدولستار تاهیری شەریف،الجمعات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن، 1908-1968 (بەغدا 1989)،شا،وشا، مێژووی ئەمپەراتووری عوسمانی وتورکیەی نوێ، ای.بی.سون،سفر بەبین النهرین لەهێات مبدل،(لەندەن، 1912)، سی. سایکس،ئاخرین میراث خلافت(لەندەن، 1915)،قاکر،ارمنستان، دابلیوو و.او.ای.تی.ا.ویگرام، گهوارەبشر(لندەن، 1914)،ویگرام،آشوریان وهمسایگانشان،(لندن، 1929)،آرنولدویلسن، باکووری ڕۆژئاوای ئێران: دەفتەری داداشت وقایع روزانة یک صاحبمنصب سیاسی، 1907-1914( لندن، 1941)،نوریالمان(دربارەمنازعات ارضی درترکیە) دە.....چاپ نیکو،اسلام وناسازگاری فرهنگی آن(آربر، 1977).

دادداشتەکان:

1-لە 1899 لەسەرڕا، لەگۆڤاری ئەرمەنی تروشاک بإو بۆوە، قوتلی،ئیتحاد تەڕەقی،لاپەڕەی 17.

2-ژمارە 30ڕێکەوت 14ی مارس 1902،چاولێکەن بەالجامعات،نوسینی شەریف،لاپەڕی 17.
3-محەمەد سەدیق بەپێچەوانەی ئەوناوبانگە خەراپەی کەهەیبوو ڕۆڵێکی کەمی لەشۆڕشی بابی بەڕێوەبرد. ئەو لەباوکی زیرەک تربوو،خەریکی قاچاغی تووتن بوو،حەولیدەدا گارگێڕانی عوسمانیش بەشێکی باش لەوقازانجە وەدەست بێنن،بەم جۆرە سەروەت وسامانێکی زۆری لەبانکەکانی لەندەن کەڵەکەکرد. 4-لەم جەرەیانەدا(نخست زادەگی)خەتێکی سابت وسەڕاست وجودی نەبوو. بنواڕنە نوسینی نیکیتین بەنای(کوردەکان بەگێڕانەوەی خۆیان) لاپەڕەی 149،
5-ناوەندی ئەن جەرەیانە دوورگەی ئیبنی عەمەربوو. بەڵام خێرا بۆ زاخۆ، جولەمێرگ، عمادیە، وماردین ونسیبین کارتێکەربوو. ناوی عوسمانی بەناوی (ئەمامی شەرعی)هەتا لەخوتبەکاندا دەگوترا. سوڵتان حەمید ئەوانی ڕازی کرد بەمەکەدەوڵەت قەبووڵ بکەن.
6-بەنەقڵ لەلویس،سەرهەڵدانی تورکیەی نوێ،لاپەرەی 267، 7-ماردین،(ایدئولوژی ودین)،لاپەڕەی 208، 8-لەناوچەکانی دووری وەکوو باکووری ڕۆژئاوای ئێران ئارنولدویلسن کەخاوەن پلەی سیاسی بوو پێشتر ئاگاداربیوو کەکوردەکانی(عوسمانی)بەدڵ خوازیاری خودمووختارین. ویلسن، باکووری ڕۆژئاوای ئیران،لاپەڕەی 85. 9-شاوشا،مێژوو،جلد 2،لاپەڕەی 302. 10-هەروا ناسراوبە(بەماوەری تەروقی وتعاونی کورد) 11-بەنەقل لەشەریف ماردین،دین وگۆڕانکاری کۆەلایەتی، لاپەڕەی 80،چاولێکەن هەروابەلاپەرەکانی 19و35و79و86، 12-سوریا،کوڕی ئەمین عالی بەدرخان یش مەجبوور بەهەڵاتن بوو. زاهیرەن لێگێڕانەوەی یەکێک لەڕیبەرانی (کۆمیتەی ئیتحادو تەڕەقی)(تەلعەت پاشای) بۆ لکان بەوکۆمیتە، بەبێ حورمەتی ڕەت کردبوو. 13-باکووری ڕۆژئاوای ئێران،لاپەڕەی 175.
14-وەزارەتی دەرەوە، 10089/371،نامەی ڕیکەوت 4ی دەسامبەری 194 گزیری بەرزی ئێراق بەئامری. 15-ئەم دەستەیە بریتی بوون لە خەلیل خەیاڵی

لەقەبیلەی موتەکی،عومەرو قەدری،کوڕانی جەمیل پاشازادە لەماقولانی دیاربەکر،فئواد تموبەگ،لەکەس وکاری یەکێک لەقەبیلەی وان.(ئەوجۆرەکەدەڵێن گۆیا ئەم مرۆڤانەش ئەندامی (هیوای)بوون: شێخ عەبدولقادر،ئەمین عالی بەدرخان(کەوێدەچوو لەدوورخراوەیی گیرابۆوە)،مرادمحەمەد عەلی،خەلیل ڕامی،کامران بەدرخان،فئواد وحیکمەت بابان( ولانی کەم چواربابانی دیکەش) حوسین ومحەمەدعونی(نوێنەرانی خارپووت ومەلاتیە) وگەلەکێکی دیکە . هێندێک لەوانە لەقوتابخانەکانی عەشیرەیی کەلە 1907 گاڵەدران خوینکاربوون. 16-تۆتلی،ئیتحاد تەرەقی،لاپەڕەی 54، 17-بەنەقڵ لەیالمان لە(کیشەکیشی ئەرضی تورکیە)لاپەڕە 215، 18-برایم پاشا لەحەمیدیە دەرجەی سەرتیپی هەبوو، وتەنیا بەرپرسی ناوچەبوو کەتوانی بەإی شممارەکان لەناوچە دووربکات. ئەو ئیتحادیەی لەدوایی باب وباپیرانی غەزەبی ئیسلاح خوازانیانی کارکێڕانی (تەنزیمات)ی سەرکوتی قەبیلەیان وروژاوکرد،سەرلەنوێ دورستی کردەوە. 19-
بەڵگەکانی پاڕلەمانی تورکیە ژمارە1،قاقەزی ڕیکەوت 26ئەوت 1908 لاوترگری(ترابیا)
20-برایم بەگ جبرانلی،قولّیخان خنس،سەرکانی حەسەن مەلازگرد،شێوخ تیل(مووش)وشێخ سلیمان ئەبری(بولانیک)وموسێ بەگ خاونیر،هەڵکەوتوو لەدەشتی مووش. موسێ بەگ،دەبنداری لوتفی (کۆمیتەوتەرەقی) بوو کەدوایی بیست ساڵ دورخراوەیی کەبەتاوانی زوڵم لەئەرمەنیان سزای درابۆیە،دەستووری ئازادبوونی دا. بۆ ئاگاداری لەتاوان ومحاکمەی مووسێ بەگ بنواڕنە ئەسنادودێکۆمەندی پاڕلەمانی تورکیە ژمارە1،(فەرماندەری 1912،لەندەن،1890)
21-وەزاڕەتی دەرەوە 1009/371،قاقەزی ڕێکەوتی 22.ئاوریل 1910سفر

ساستیان بەمک گر گور،بتلیس. 22-وەزاڕەتی
دەرەوە، 1249/371،نامەی ڕیکەوت 12ژوئین 1911سفراستیان بەمک گرگور،بتلیس.
23-دەگوترا کەشەبەکەیەکی نهێنی بریتی: لەسیخوریشی بەڕیوەدەبردن. 1881،ناڕەزای گشتی کەدەست درێژی زوڵم وزۆری وی زۆربوو. بەڵام لەسەر ئەوەش ڕا،قسر لەمەعرەکەڕزگاری بوو. بۆ ئاگاداری زۆرترسەبارەت بەشێخ سەعیدوقەبیلەی هەمەوەند، هەروابنواڕننە سەفەر بەبین النهرین،نوسینی سون،لاپەڕەکانی 173-190، 24-فڕانسەو وەزاڕەتی
دەرەوە،سێری نوێ،جلدی 13،وان، نوامبەر1909، بونەقل لەبوزیەڕسەلان لە(نێوان یۆمەت وناسیونالیسم)لاپەڕەی 19، 25-دەگوترێ کەکوردەکانی دژی حکوومەت دنەدەدا،یان پێیخۆش بوو کەببێتە والی،وەزاڕەتی دەرەوە 371-1009،قاقەزەکانی ڕیکەوت 3و25ئاوریل 1910 مورگان بەلاوتر.
26-پرسی چیایەکان،لاثەڕەی 222. 27-وەزاڕەتی
دەرەوە 1244/371نامەی ڕیکەوت 31ی دەسامبەری 1910ماتیوز بەلاوتر(دیاربەکر).زۆربەرێ یانی لەساڵی 1896 سوڵتان عەبدولحەمید سەبارەت بەمە تێکەإوی لەخەوڕابوونی مەزەبی وهزرەکانی نەتەوەخوازی سیدنورسی خوشحاڵی خۆی دەربڕیبوو- ماردین، دین وگۆڕانکاری کۆمەإیەتی، لاپەڕەی 19. 28-بوزارسلان(نێوان ئۆمەت وناسیونالیسم)لاپەڕە19.
29-ال/پی واس/8/11،قاقەزی ڕێکەوت 11فۆریە1912لاوتر بەگری(ئەستانبۆڵ ونامە هاوپێچ وی-نامەی ڕیکەوت 31دەسامبەر 1911 مگردیچیان بەمک گرگۆر(دیاربەکر).
30-دەبێ بەیادداشتەکانیش کەداگیرکردنیتەورێز،لە1909 لەلای هیزەکانی ڕووس وداگیرکردنی ورمێ وخۆی لە1910 ودەست بەسەرداگرتنی جاوچەکانی سنووری ڕۆژئاوای خۆی هەتا باکوور، هەتاساوجبلاغ، دوایی پاشەکشەی عوسمانی لە1911 بەرووسیەی ئەم هەڵەڕەخساند کەلەڕیگای

خۆی بەکەلک وەرگرتن لەخەتی شەمەندەفەری جلّفا خۆی بگەیێنێتە وان. 31-عەبدولڕزاق بەهۆی کوژتنی پارێزگای ئەستانبۆڵ لەشەڕی ناوەخۆ دوورخرابۆوە، لە1909 لەمەسکۆ سەردانی کردبوو ولەوێ بێ دوو دڵی دەڵگەرمی بۆ هەنگاوهەڵێنان وەرگرتبوو. 32-بۆ نموونە چاولێکەن لەوتاری نوسراولەتەنین،بەنەقڵ لەسەنەدی 1013/371ی وەزارەتی دەرەوەی(بریتانیا)-نامەی ڕیکەوت 30ئەوت 1910 لاوتربەگری (تراپیا)
33-عەبدولقادر لە1911، لەسەرجێ نشینی محەمەدسەدیق لەگەڵ تەهای بەشەڕهاتبوو ولەم شەڕەدا خوێن ڕژابوو. ئەو لە1911، بەنابەدڵی جێ بەجێ کردنی مەسەلەی ماڵی قەبووڵ کرد.
34-ال/پی واس/345/10،نامەی ڕیکەوت 22ی ژوئیەی 193 مولینوسیل بەمارلین(وان)،ونامەی ڕیکەوت 14ی مەی 1914(دیاربەکر) هرست بەمالت.
35-ال/پی واس/345/10،نامەی ڕیکەوت 16ی ئاوریل اسمیت بەمالت(بتلیس.
36-سمکو لەسەرکوتکردنی ئەنجومەنیەکانی خۆی وسەڵماس زاهیرەن دنەدرابوو. لەبابەت سەڵماس ئەنجومەن بەتۆڵەی ئەمە هەتاتوانی لەدنەدانی لقی ڕەقیب شکاک بەهێرش بۆ گوندەکانەی کەسمکۆدەستی بەسەرداگرتبوون،تێکۆشا. 37-تێکۆشا،
ئیلاقەی ڕووسەکان بەسەربەخۆیی کوردستان ڕابکێشێت، لەعەینی حاڵدا حەولی دەدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکان سەربەمۆرڕابگرێت. لەخەرەیانی ئەم کارەدەگیرکەوت ڕووسەکان ئەویان خستەزیندان لەدوایی ئینقلابی کەبیر لەزیندان هەڵات. 38-کاتێک ڕووسەکان لەهاوینی 1917بۆ سەدەمێکی کورت ئاناتولی ڕۆژهەڵاتیان دەست بەسەرداگرت، کامل وعەبدولڕزاقی بەدوای یەکدا بەپارێزگاری ئەرزەنجان وبتلیس دانان. 39- ئەسنادی پاڕلەمانی، ڕەفتار لەگەڵ ئەرمەنیەکان.لاپەڕەی 100، 40-بۆ نموونە بڕواننەژمارەی 2080/371وەزارەتی دەرەوە،نامەی ڕێکەوت 16ی ئۆکتۆبری 1914 بۆکاناڵ بەگری(پیرەگراد) ونامەکانی ڕیکەوت 11و14و 16ی ئۆکتۆبر تاونلی بەگری(تاران). 41-ئەحمەدئەمین،تورکیە لەشەڕی دنیا،لاپەڕەی 218-219، بەنەقڵ لەجویدەلەلاپەڕەی 363بزوتنەوی نەتەوەی کورد. چەتوونێ بتوانێ بڵێی کەئەم ڕاپۆرتەچ ڕادە جێگای باوەڕ کردنە. بەڕوانین لەشێوەڕەفتاری کوردەکان لەگەڵ ئەرمەنیەکان جێگای باوەڕە. لەلایەکی دیکە تورکەکان بۆ ئەوداوایەی کەئەمە ئەرمەنیەکان بوون کەئەم کوشتارەیان دەست پێکرد دەلیلی قایم یان نیە. 42-ئەم پەلامارە گەورەبوو وئامانجی وی دەست بەسەرداگرتنی دووبارەی قارس بوو، کەلە 1878 لەدەست چووبوو. بەچاوپێداخشاندن بەهەڵ ومەرج کەش وهەوای کارێکی شێتانە بوو. لە95000کەس کەلەم دەست درێژیەدا دەستیان هەبوو وبەشداریان کردبوو هەتا فۆرییەی نزیک بە80000کەس لەسەریەک بەهۆی سەرماوسڕی وبێ ئەنوایی مردن،هوانسیان، ئەرمەنستان لەسەررگای سەربەخۆیی، لاپەڕەکانی 41،45،46واکر،ئەرمەنستان لاپەڕەی 199.
43-هوانسیان،ئەرمەنستان لەسەرڕیگای سەربەخۆیی، لاپەری 46. 44-رەفتارلەگەڵ ئەرمەنیەکان،لاپەڕەی 36،60،ڕاپۆرتی میس جی.اچ،نپ،سەبارەت لێژنەی مەزەبی ئامریکا لە(وان).
45-ئینقلابیەکانی ئەرمەنی بیست ساڵ پێشتر لەگەڵ کوردەکانی درسیم پەیوەندیان دامەزراندبوو.
46-سوپایەکان یازدەهەم ودوازدەهەم سەقامگیر لەالازیک بەتەواوکەماڵ کورد بوون، وزۆرترئەفرادی ئەرتەشەکانی نوهەم ودەهەم سەقامگیر لە ئەرزەنجان وسیواسیش کوردەکان پێکیان دێنا، جگەلەوە کوردانە 135اسواران وژمارەیەک ژاندارم وگارد سنووریان بەدەوڵەت دا. 47-سلیمان، کوڕی داودخان، زاهیرەن لەژێرفشاری ئینگلیزیەکان بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ دوژمن زیندانی کرا. ژوئین 1915 کەڵهوڕەکان ڕازی بووم بەمەرجی ئازادکردنی سلیمان لەزیندان، بێلایانی

ئێران ڕێز لێ بگرن. 48-لەڕاستیدا دەرگیری ئاڵمانیە لەگەڵ یزەکانی ئێران لەهاوینی 1916 بەهۆی دژایەتی لەگەڵ پێ داگرتنی عوسمانی لەئیقدام بەدەست درێژی بۆ لای کەرمانشا کۆتایی پێکات: فیلد مارشاڵ لەفن گولتس،(وەزع لەئیران) 16ی فوریە 1916، چاپلردنەوەی لەمووزەی سەلتەنەتی جەنگ،عەمەلیات لە ئێران لەلاپەڕەکانی 175، 472. 49-ئەم پەیماننامە دەوامی نەکرد: هێزەکانی عوسمانی لەسپتامبەر بەندەری باکۆ هەڵکەوتوو لەدەریای ڕەش یان داگیرکرد و20000کەس دانیشتووی ئەرمەنیانی وێیان کوشتن. 50-
لەژوئین 1917 کاتێک هێزەکانی ڕووس بۆ ناوخاکی ئێران پاشەکشەیان کرد،هێزەکانی عوسمانی بەلەز ئەم ناوچەیان هەتا خانەقین سەرلەنوێ داگیرکرد و ئەوهەی کەمابۆوە تالانیان کرد،وئەوکەسانەی کەیارمەتی ڕووسەکانیان دابوو یان لەگەڵ ئینگلیزیان پەیوەندیان هەبوو کوشتنیان یان ماڵاکانیان وێران کردن. ساڵێک دوایی کاتێک ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەک مەجبوور بەپاشەکشە بوون ئەوانەی کەبە هجووم کەرانیان ئالیکاری کردبوو دیسان سزادان وماڵاکانیان تالان کردن یان وێرانیان کرد. 51-بەسەرداچوونەوەلەدەزگای ئیداری لە11914،لاپەڕەکانی 46،47. 52-لەم کەسایەتیانە بەناوبانگتریان فەرەج وڵڵا ئاسەفی سنەیی بوو، کەلەقات قڕی ساڵی 1916 مردنی 2000کەسیان بەحیسابی وی دانا. 53-کاپیتان چارلز ریل،شایەت بەڕالعین، بەنەقڵ لەمسین،(کوردستانی ناوەندی) لاپەڕەی 345. 54-لەسەریەک لە81گوندی(برادۆست) 52گوند ویران وخاپوور بوو. قەبیلەیەکی بچوکی (هەوارۆک) کەلە 1914بریتی لە 150بنەمەڵەبوو لە1919 ببوو بەحەوت ماڵ. بەإی سەربەإیان ئانفلوئانزابوو کەدەوساڵیدا بەرفرەوان ببوو مسین،(کوردستانی ناوەندی) لاپەڕەکانی 339،-345. 55- بەسەرداچوونەوە لەدەم ودەزگای ئیداری لە1914، لاپەڕەی 47، 56-سەرهەڵبڕن بۆ 4192/371 وەزاڕەتی دەرەوە،ڕاپۆرتی ڕیکەوت 18ی ژوئیەی 1919 نوئل سەبارەت بەوەزعی کوردستان، وباسی اولسن سەبارەت بە ڕەقەمێکی زیدوناقس،لەسەرهەڵدانی ناسیونالیسمی کورد، لاپەڕەکانی 19-21،بەهەڵسەنگان ڕەقەمەکانی نوسراولەموسڵمانان وکەمایەتیەکانی ئاناتۆلی عسمانی لەکۆتایی ئەمپەڕاتووری، نووسینی جاستن مک کارتی(نیویورک 1983)، وهوو انسیان، ئەرمەنستان لەسەرڕێگای سەربەخۆیی. 57-زەکی، خولاسە، لاپەڕەی 259،پانوشت،اولسن،سەرهەڵدانی ناسیونالیسمی کورد،لاپەرەی 21.

---

کتێبی دووەم- توانەوەی کوردەکان

پاژی (7)

خەریتەی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

دابەشکردنی کوردستانی عوسما نی

دەستپێکردن:

لەگەڵ تێشکانی هێزەکانی عوسمانی سوورییە ودوو چۆمان(بين النهرين) لەماوەی ساڵی 1918 مەجبوور نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستیش دەبوایە سەرلەنوێ ئامادە وڕەسم کرابوایە. ئامـاژەیەک کە بەم سنوورانەی نوێ کرابوو بەر لە کۆتایی شەڕ لە گۆڕینەوەی قاقەزەکانی نێوان حوسین-مک ماهوون (شەریف حوسینی مەکە)لە پەیوەندی لەگەڵ دوارۆژی سەر زەمینەکانی عەرەبی عوسمانی ئاوێنەی بالآنوین بوو. پاشان لەنوامبەری
1917بلشویکەکان،دوورو درێژی موافیقەتنامەی سایکس پێکۆ(ڕیکەوتی مەی 1916)پەردەیان لادا. لەم موافیقەتنامەدا پێشنیار کرابوو کە زۆرینەی سەرزەمینەکانی ئاناتۆلی لەعوسمانی جیابکرێتەوە. بەپێی ناوەرۆکی ئەم موافیقەتنامەیە بڕیاری لە سەردرابوو لە بەرامبەر هاوکاری ڕووسیەی تەزاری لەگەڵ یەکگرتووەکان، ئەستانبۆڵ چەم وچەغورەو دۆڵ وپارێزگای رۆژهەڵات بەڕووسیە، باکووری ڕۆژئاوای ئاناتولی بەئیتالیا وناوچەکانی دەوروپشتی ئەزمیر بەیونان بدرێن. بلشویەکەکان چاوی تەماحیان لەم ڕیزکردنە، بەدوایەکدای ئەمپەڕالیستی نەبوو، جگەلەمە کە دەیانەویست بوخچەی ئەم تەرح ونەخشانە لە بەرچاوی ئاپوورەی دونیا بکەنەوە ونیشاندەن. نەخشەکێشانی ئینگلیزو فڕانسە وەحەول وتەقەلا کەوتن وبۆشایی سەرهەڵداو لەلاتەریکی ڕووسیەیان لە شەڕ بەدانی دەڤەرەکانی قزاق نشین وقەفقاز وئەرمەنستان وگورجستان بەبریتانیا، بەناوی (سەرزەمینی شوێن تێکەر)قەرەبۆکردەوە. پڕزیدنت وودرو ویلسن کە دەیەویست ڕێککەوتنی ئاشتی لە سەر بناخەی ئەخلاقی بەرزداڕیژێ بە تاڵووکە هەرچی خێراتر چواردە ئەسڵی خۆی بۆ ئاشتی دونیا لە مانگی ژانویە بڵاوکرد. ئەسڵی دوازدەهەم ئەم بڕگانەی پەسەندی دەکردکە: بەشەکانی تورک نشینی ئەمپەڕاتووری عوسمانی دەبێ لە سەربەخۆیی وحاکمییەتێکی تەواو بەرهەم وەربگرن. بەڵام نەتەوەکانی دیکە کە ئێستا لە ژێر چاوەدێری حکوومەتی عوسمانی دان، دەبێ ئەم هەلیان بۆ بڕەخسێنێت کە لە ژیانێکی ئارام وئیجازەی بەرەوپێش چوون بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بەهرە وەرگربن. بەڵام ئەم ئاخافتن و شێکردنەوە متمانەکانی توانایی بەکەمکردنەوەی ترس ودڵەڕاوکەی تورکان نەبوو،چونکە ئەوان کە سەرزەمینەکانی عوسمانیان بەزۆرەملی دەست بەسەرداگرتبوو،دوور لە ئاقڵ بوو کە ئەوها بەسووک وهاسانی دەستی لێ هەڵگرن و ڕیز بۆ ئەم چواردە ئەسلە دابنێن. وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرابوو کە یەکگرتووەکان چاوی تەماحیان لە سەر زەمینی بەرفرەوان بڕیبوو، بەڵام مەعلووم نەبوو هەنۆکە چ نەخشەو پیلانیکیان لە سەری دایە. ئێستا کە رووسیە لێهاتوویی کەلک وەرگرتن لە بەرهەمی سەرکەوتنیان نەبوو وئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لاقی لە ئولکە دانابوو، بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهاتبوو. ئێستا بەهۆی ئەو ئیلاقەیەی کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا سەبارەت بەئەرمەنستان نیشانی دەدا پێویست بوو وتووێژی تازە نێوان یەکگرتووەکان ئەنجام بگرتبوایە. بۆ تورکەکان مەسەلەی بنەڕەتی ئەمە بوو کە
ئەو سەرزەمینانەی کە لە دەستی دەدەن هەرنەبێ بەلانی کەم بەرتەسکی بکەنەوە. دەسەڵاتدارانی عوسمانی خاوەنی یەک بیروبۆچوون بوون لەسەرئەمە کە تەنیا هاوکاری لەگەڵ یەکگرتووەکان دەتوانێ شتێکی لەم لە بەر یەک هەڵتەکانەی ئەمپەڕاتووری ڕزگاربکات. بیروبۆچوون وگومانبردنی لەدەست دانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئیکجارقورس دەهات. دژایەتی نەکردن لەگەڵ داخوازی وداوای کوردەکان شۆڵیکی نزیک بەحەزم وتەکبیری دەنواند،چونکە ئەوانی ئەرمەنیەکانیش نەیاندەزانی چ لەئاڵیکاری بەئەرمەنیان دەگێڕاوە.
بکەن. بەپێچەوانەی ڕووتێکردنێک کە یەکگرتووەکان سەبارەت بەوان هەیانبوو لەکردنهاتوو نەبوو مەگین بە حەول وتەقەلای خودی وان، وڵاتی ئەرمەنی بەوجوود بێت. ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەی

سایکس-پیکۆ، ئەوانی ئیکجارنیگەران کردبوو، چونکە دەیانبینی کە قەراربوو ولاتی باب وباپیرانیان لەئاناتۆلی بەدەڤەری دە شوێن تێکەری ڕووسیە وفڕانسە دەگۆڕدرێت. لەم موافیقەتنامەیەدا شتێک نەبوو کە حیکایەت لەمەی کردبێت کە فرانسە لەداوای خۆی سەبارەت بەکیلیکە(ئەرمەنستانی بچووک)چاوپۆشی بکات. لە بەرئەمە ئەرمەنستان(دووبارە خولق کراو)بە گومانێکی زۆر سەرزەمینێکی دابشکراو دەبێت. ئەوچەند کوردەی کەلەناوەڕۆکی موافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ، ئاگاداربوون بە بیروبۆچونێکی زۆر ترسیان ڕێنیشتبوو،کە دەیاندی قەست ونیەتی یەکگرتووەکان ئەمەیە کەولاتەکەیان لەنیوان چەند دەولەت دابەش بکەن. بەشی ناوچەی شوێن تێکەری ئینگلیستان،بەشی دەڤەری شوین تێکەری فرانسە، وبەشی سیوم لە ژێرچاوەدێری ڕاستەوخۆی فرانسە،وبەشی دیکە کە قەراربوو وەبەر ڕووسیەبکەوێ، تەکلیفی ناڕوون بوو: ئەم دەڤەرە لە سەرخەتێک کە لە درێژایی سنووری ئێران لە ڕانیەو ڕەواندز بۆلای باشووردرێژ دەبۆوە،لەوان وبتلیس تێدەپەڕی وبە دەریای ڕەش دەگەیی، و لە ڕۆژئاوا هەتا ئەرزنجان بەرەوپێش دەچوو. بەم تەرتیبە کوردەکان خۆیان لە بارودۆجێکدا دۆزیەوە کەدو ارۆژێکی تایبەتی لەپێش ڕوویان نەبوو، وبازیک لەوان لەمە ترسیان ڕێنێشتبووکەبۆ ڕۆڵیک کەلەکوژرانی ئەرمەنیان بەرێوەیان بردووە،یەکگرتووەکان تۆڵەیان لێ بکەنەوە. وتەنیا تورکەکان کوردەکان

وئەرمەنیەکان نەبوون کەبەم سەرلێشێواویە ڕوو بەڕوو بوون. لەچرکەکانی بەرزی خۆش وشایی وپیرۆزی بۆ زلهێزەکان خەیاڵی ئەم عەمرە کە بتوانێ بەمجورە کە کاری شەڕ یان بەئاکام گەیاندوە،کاری ئاشتیش سەروسامان بدەن،شتێکی ساناوسادەبوو،چونکە پەتایەکانی شەڕ لایانەکان سەرکەوتوو تێشکاوی لەگەڵ مەسائل وتەنگەژەی زور ڕوو بەڕوو کردبوو...ودواڕۆژی مەڵبەندەکانی کوردنشین لەگرنگترینی ئەم چۆڵەپێچە بوو. بۆ ئینگلزیەکان مەسەلەی کوردستان، مەوزوعێکی دەرجە دووەم و پەیوەنداربە جێبەجێکردنی سیاسی ئەو خاکانەی دڵ پێوەبوو،بوو: یانی سوورییەی گەورە ودووچۆمان(بین النهرین). لەڕاسیتدا نەخشەی ڕیکووپێک بەموافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ،نیشانی دەدا کە بۆچوونی بریتانیا بەهیچ لەونێک لە دەرجەی ئەوەڵ کوردستان نییە. بەلام هەل ومەرج و هەڵکەوتی ئیستراتژیکی بریتانیا،لەدووچۆمان ناعیلاج لاقی بریتانیای بۆ ناو مەسەلەکە ڕادەکێشا.

دڵ پێوەبوونی ئیستراتژیکی بریتانیا

لەئۆکتۆبری 1918خاوەن پلەوپایەی بریتانیایی دانیشتووی بەغدا بەم ئاکامە گەیشتن کە ڕەگەڵخستنی پارێزگای مووسڵ بە دووچۆمان، دواڕۆژی سیاسی وئابووری ناوچەی بەرز دەکاتەوە. لەخاڵی بیروبۆچوونی نیزامی ئەم کارە بەبریتانیای لەکردنی هاتنی چاوەدێری لەداوێنی چیاکان دەدا کەلەقەراخ دەشت وپانەگۆڕای هەڵکەوت بوون. بەرهەمی باسی ئابووری (وکۆمەلایەتی) ئەمە بوو کە مووسڵ و بەغدا و بەسرە دەبێ پێکەوە بن. جگە لە مانە شارەکانی تورکمان نشین هەڵکەوتوو لەقەراخی دەشت،بەتایبەت شارەکانی هەولێر (ئەربیل) وکەرکووک،لەگەڵ ئابووری کشت وکاڵی دەورەوپشتیشیان سروشتییە،لەچوارچیوەی دوو چۆمان هەڵدەکەوتن، ئەم ناوچانە پڕپیت ترین دەڤەری حاسڵخیزی ناوچەبوون. بەم جۆرە بڕیار لەمەڕ ئەمە گیرا کە لەم چاخە لە سەردەم، کە وەزعی شەڕ ئیمکانی ئەوەی وەدەست دەدا پارێزگای مووسڵ دەستی بەسەردابگیرێت. لەم بڕیارە

ئەمە هەڵدەکرێ کە بریتانیا ئیدی نایەوێ هەروەک لە ڕیککەوتنامەی سایکس-پیکۆ،پێشبینی کرابوو موسڵ لەژێر حوکم وچاوەدێری فرانسە بێت.
لەبەغدا دەست وجێ بەم خاڵە ڕوو تێکرا کە دابین کردنی ئاشتی و ئاسایشی دووچۆمانی باشوور ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕووداویک دەبێ کە لە کەوشەنەکانی باشووری وی تێپەر دەبێت وهەروا ئاخۆ چارەنووسی وڵاتی گچکەی (ئەرمەنستانی)ش لەئاناتۆلی ڕۆژهەڵات- کە گووراوەی دەستی یەکگرتووەکان بوو-مەرج بەسەقامگیربوونی ئاشتی لەکوردستان دەبێت. هەنۆکە مەسەلە ئەمە بوو کەچلۆن دەکرێ ئەم ئامانجانە بنگێوین. ئەگەربڕوانین بۆ دەستەبەری دوارۆژی کوردستان هەڵکەوتی بریتانیا زۆرقایم تر لەدۆخی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا یان فرانسە یان عوسمانی بوو: هێزەکانی سووریيە ودووچۆمان وکوردستانی باکوور ودەڤەری چەم ودۆل وچەغوری دەوروپشتی ئەستانبۆڵ یان داگیرکردبوون،وخاوەن پلەوپایەی ئینگلیزی لەڕۆژئاوای ئێران تێکۆشەر بوون. لەبەرئەمە چاخێک مەسەلەی گۆڕانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتەپێش،سروشتی بوو کە لەندەن هەستی بەپڕ ڕوویەکی زۆرتر بکات. هێشتا تۆپەکان بێدەنگ نەببوون کە (آرنولد توین بی)، لە وەزارەتی دەرەوە بە(مارک سایکس)ی پێشنیاری دەکرد: ئەگەرقەار وایە مەڵبەندیک بەناوی دووچۆمان لە ژێر چاوەدێری حکوومەتی عەرەبی بەئالیکاری ئینگلیستان جەستەی هەبێ، لەم حاڵەدا ئاکامی سروشتی ئەم هەڵویستە ئەمە دەبێ کەکوردستانی خودمووختاریش وجوودی هەبێت وبەیارمەتی بریتانیا ئەرکەکانی سەبارەت بەدووچۆمان(بين النهرين)ئەنجام دات کە(ئایالەتی باشووری رۆأئاوا) سەبارەت بەهند ئەنجامی دەدات. ئەم جەرەیانە چەند لەمەبەر شەریف پاشا پێشنیاری کردبوو(بڕواننەئەوبابەتەی کە دێت)کوردستانێکی ئەوها تەنیا دەڤەرەکانی باکووری زێی بچووک دەباوەش ناگرێت بەڵکوو مەڵبەندەکانی ڕەواندز وحەکاری وبۆتان، هەتا خەتی سنووری ئەرمەنستان لەباوەش دەگرێت-دەجا خەتی سنووری ئەرمەنستان هەرچ بێت.
(توین بێ) کە دەیەویست ئاشۆڕیانی تیاری وئورمیەی بۆ ناوچەکانی ڕابردوو بگەڕێنێتەوە، هەتا پێشنیاری کرد کە کوردستانی عوسمانی لە ژێر چاوەدێری و حاکمییەتی ئێران بنرێت. بەم مەرجە کە کورستان خودمووختاربێت،ولە یارمەتی دەرەکی(تایبەت بریتانیا)کەلک وەربگرێت. بەڵام (سایکس بەدگومان) ئەم پێشنارەی ڕەت کرد. سایکس لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونە موافیق بوو کە ئەرمەنستانێک لە کیلکیلە لەژێر سەرپەرستی فرانسە،ووڵاتی کورد وئەرمەنی لە دەریای ڕەش هەتا سیرەت وئۆرفە، پێک بێت، و لە ئاکامدا لە کوردستانی باکوور دەوڵەتی کوردی بنیات بنرێت کە کەرکووک و ئاڵتوون کۆپرو هەولێرێ کە جەماوەرێکی زۆری تورکمەن لێن،دەباوەش نەگرێت بەڵام بریتی لە مەڵبەندەکانی کوردنشین هەتاسیرت و ورمێ و ساوجبلاغ (مەهاباد) بێت.

## وەدیهێنانی سنوورێکی لەشکرکێشی لەکوردستان

جوڵانەوەی قەڵەمی دەرەنگین لەسەرنەخشە کارێکی سووک وسانایی بوو. لە کوردستانی باکوور،بریتانیا،پێشتر-زۆرپیش لە وەی کە تورکەکان بە ئیکجاری لە دەڤەر دەرپەڕاندرابن-لەگەڵ بازیک لەسەرۆکانی عەشایەر پەیوەندی گرتبوو وسەینەوبەینەی لەگەڵ ئەوان دانابوو. کەمێک بەرلە داگیرکردنی بەغدا لەلایان (ژەنەڕاڵ مود) لەمارسی 1917،بەپێچەوانەی تێکۆشان وتەقەلای تورکەکان بەمە کەکوردەکان بترسێنن و ئەوان قانع بکەن بەمە کە ئینگلیزیەکان ئەوان دەخەنە

ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێراق،بریتانیا لەگەڵ هێندێک لەسەرۆکانی عەشایەرهەودای پەیوەندی ڕاچاندبوو، ونوێنەرانی سەرانی دەڤەرەکانی خانەقین وکفری وهەڵەبجەی بینی بوو. لەسەرەتای مانگی مەی 1917 خاوەن پلەوپایەی سیاسی بریتانیا لەگەڵ سەرۆکانی عەشایەر لەتوزخورماتوو کەرکووک وسلیمانیە پەیوەندیان گرت. لە سلیمانیە کۆمەڵگایەک لە مرۆڤی ماقوولی شار بڕیاریان بە بنیاتنانی حکوومەتێکی ناوچەیی گرت کە شێخ مەحموود بەرزنجی سەرۆکی وی بێ، وئەم حکوومەتە سیاسەتی بەتەواوی دۆستانە لەگەڵ بریتانیا بگرێتە بەر.
دەسەڵاتدارانی بریتانیا لەبەغدا خێرا پەیامەکانیان لە شێخ مەحمود وەرگرتن، کە داوای دەکرد نەک تەنیا نوێنەری کوردەکانی ناوچەی سلیمانیە بەڵکوو نوێنەری هەموو کوردەکان لە سنە هەڵکەوتوو لەخاکی ئێرانە و پێشنیاری دەکرد کە(یان جڵەوی حکوومەتی بەئێمەبدەن ویان بەنوێنەریەتی ئێمە و بە داکۆکی ئێمە خەریکی کاربن)کاتێک هێزەکانی بریتانیا لەهاوینی 1917مەجبوور بەپاشەکشە لەناوچەبوون ئەم پەیوەندیانەش مەجبوور ڕاوەستان، وکاتێک لەکۆتایی ساڵی نوێ پێشڕەوی وەدەست هات پەیوەندیەکانی دۆستانە دەستی پێکردەوە.
کاتێک ئاگربڕی شەڕ ڕاگەیاندڕا، بریتانیا خەریک بوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ عەشایەری کورد هەڵکەوتوو لە دەوروپشتی دووچۆمان لە ژێڕ قاعیدەونەزم مەڕەتەب بکات. خاوەن پلەیەک بەناوی ماژور نوئل کەپێشتر چوارساڵ لەکوردستانی ئێران شوغڵیبوو بۆ سلیمانیەو شارەکانی دیکە هەڵکەوتووی نێوان زێی بچووک ودیالە ناردرابوو هەتا لەناوچە ڕیکووپێکی پێویست بخولقێنێ وئەم مەسەلە ڕوون کاتەوە کە بریتانیا لە بنیاتنانی کوردستانێکی تاقانە کە بەشەکانی ئێرانیش دەباوەش بگرێ،داکۆکی ناکات. بریتانیا لەگەڵ ئەودەستە سەرۆکانی عەشایەر کە لەناوچەی داگیرکراوی وی بوو پێکەوپێکهاتن، بەڵام هەتائێستا نەیتوانی بوو ڕیبەرێکی بدۆزێتەوە کە بە هەڵبژاردنی هەموو کوردەکان بێت،هەرچەند شێخ مەحموودنزیکترین کەسی ئەم هەڵبژاردنە بوو. دەونێوەدا هەڵکڕاندنی بریتانیا لەم جەرەیانە ئەمە بوو کە بازیک لە سەرانی عەشایەر داکۆکی لەحکوومەت بە باشتر دەزانن. بابەتەکانی دیکە هێندە ڕوون نەبوو. قەبووڵی ئەم دەستە بەرە، لە بەرامبەر سەرانی ناوچەیی بەڕوونی ئاوێنەی باڵانوێنەی بابەتێک بوو کە ئینگلیستان وفڕانسە سێ حەوتوو بەرلەوی لە سووریيە ودووچۆمان(بين النهرين)بەفەرمی ڕایانگەیاند بوو،کەئامانج وان(دانانی حکوومەتەکانی نەتەوەیی ودەم ودەزگاکانی ئیداری بوو کە دەسەڵاتی هەڵقوڵیو لەئیرادەو دەنگی ئازادانەی خەڵکی ناوچەیی) بوو. بڕیار بە هاوپێچی کوردستانی باکوور بەدووچۆمان(بين النهرين)لەڕاستیدا بەمانای سەربەخۆیی دووچۆمان بوو نەک کوردستان. وهێشتاش ڕوون نەبوو کە ئاخۆ دوایی ئەگەر عەشایەری کوردویستبوایان، دەیانتوانی لە(یارمەتی وئالیکاری وداکۆکی) بریتانیا چاوبچوقێنن یان نا. بەم هەموو ڕیکووپێکی پەیوەند بەزێی بچووک، لەهەڵسەنگان لەگەڵ باشووری وێ نەفس و جەوهەری ساویلکەیی بوو. موافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ،هەتا دوایی کەشتێکی دیکە لەجێی وی دانرا، بەشێکی لەم ناوچانە بەناوی دەڤەرەی دڵ پێوەبووی فەڕانسە دیاری دەکرد، ئێستا کە مەڵبەندەکانی جیناری سنووری ئێران پاش لاتەریک بوونی ڕووسیە تەکلیفیان ڕوون نەبوو. هەرکەسێک نیسکۆڵەیەک ناسیاوی لەجوغرافیای ئابووری ناوچە هەبێت دەست وجێ ئاگادار لە بێ مانا بوونی ئەم مەسەلە دەبێت،چونکە ئەو خەتانەی کە بەپێی موافیقەتنامەی سایکس- پیکۆ، دەڤەردابەش دەکات، ڕاستەوخۆ لەناو ڕیگاکانی سەوداگەری ومەڵبەندەکانی بەپێت وبەرەکەتی ناوەخۆتری ناوچەتێدەپەڕن. لەسەرئەوانەش، هەتا ڕیککەوتنێکی بەکردەوە لەگەڵ فرانسە پێک نەهاتبوایە،بریتانیا نەیدەتوانی یەک لایانە چارەنووسی

ئەم ناوچانەدیاری کات. ئەگەرچی بریتانیا ئێستا ڕازی نەبوو کەپارێزگای مووسڵ وەفڕانسەداتەوە،هەلس وکەوتی لەگەڵ مەسەلەی باشووری مووسڵ،ئێستا لەکولدا پەیوەندی بەبەدەست هێنانی تەوافقی بنەڕەتی لەگەڵ وی هەبوو. ئەم ڕیککەوتنە لەبەهاری ساڵی 1920بەدەست هات و لە سەر ڕیشەی پێکهاتن بوو کەلەسەرەتای ساڵی 1919نیوان(لوید جرج وکلمانسو) بەدەست هاتبوو.

یەکیک لە تەنگەژەی دیکە جەستەی کۆی بەرچاو لەمەسیحیەکان لەپارێزگا بوو. نزیک بوون لە دەراوسێ تورکیە وحزووری دەست وپێی تورک لەناوچە، دەستیان وەدەست یەکدابوو، وکوردەکانی سەبارەت بەچارەنووسی دواڕۆژی خۆیان تووشی دڵەڕاوکەونیگەرانی کردبوو. ژەنەراڵ شەریف پاشا کەئێستا بەحالی دوورخراوەیی تێپەڕدەکات،زۆرپێشتر-لەسەرەتای ئۆکتۆبەری 1918-بۆ بریتانیای زەنگی مەترسی لێدا کە تورکەکان بەم ئامانجەکە (ئەرمەنیەکان لەناوبەرن ودوایی بادەنەو سەر کوردەکان، وئەوان لەهەرجۆرە ڕیگایەک بۆ دەست وێراگەین بە خودمووختاری بێ بەش بکەن)خەریکن تووی چەند بەرکی وغەرزو بوغز لەنێویاندا داچێنن. ئاخۆکەسێکی وەک شەریف پاشا دەیتوانی بەسانایی لە ساڵوونی کۆشکی خۆی لەپاریس لە دۆستایەتی نێوان کوردو ئەرمەنی ئاخافتن بێنێتەگۆڕ، هەر وەک ئێستا دەستی بەم کارەکردوە (وهەڵبەتە جیابوونەوە بەنیگەرانی وترس بوو کە لە ژوئینی ساڵی پێش لەچاوپێکەوتن لەگەڵ پرسی کاکس دەری بڕیبوو)بەڵام جەریان لەمەڵبەند کە لە ویدا یەکترکوژران ڕوویدابوو شتێکی بەتەواوی تەوفیردار بوو: دەست وپێی تورک لە وەبیرهێنانەوەی مەترسیەکانی سەرپەڕشتی ئۆڕوپایەکان، بەکوردان ویەک لەوان تۆڵە وەرگرتنەوە سەبارەت بەبەشداریان لەکوشت وکوشتاری ئەرمەنیەکان، کات وهەل لەدەست نادەن. وکوردەکان لەم بارەوە مەترسیان ڕینیشتبوو کە ئەگەر پارێزگای مووسڵ،هەروەک لە موافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ،پێشبینی کرابوو لە ئیختیاری فڕانسەویان بنێن،ئەوکات فڕانسە بە ئیلاقەیەکی تایبەت کە بەچارەنووسی کاتولیکان(کاتولیکەکانی کلدانی وسوری) دەردەبڕن، بێگومان شۆڵەکان بە مەسیحیەکان دەسپێرن. لە ئاکامدا مەسەلە،دیاریکردنی سنووری وی و بنکەی سیاسی بوو کە لە باشووری ناوچەی داگیرکراوی بریتانیا بەوجود دەهات،هەروا ئەم مەسەلە کەئەم بنکەسیاسییەچلۆن دەبێت-هەڵبەتە مەسەلەیەکی دیکەش،بەم مەسەلە گرێدرابوو. ئەگەریەکگرتووەکان بیروبڕوایان ئەوهابێ کە بنکەیەکی سیاسی بەناوی ئەرمەنستان لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی بێتەدی، بریتانیا چ چاخ ڕازی نابێت کەناوچەی نێوان ئەرمەنستان ومەڵبەندی بریتانیا،نائاڕام تەشقەڵە تێیداخول وسوڕدا،لە وی خەرابتربازدان بۆ چەوتکاری یان هێرش بۆ ناوچە لەژێر حوکمی وی بێت. باشترین ڕێگا چارە ئەوە دەبێت کە ناوچەیەکی
پەرژین ولەژێر شوین تێکەری بریتانیا بێتەدی. ل ەتئۆڕی جۆرە کنفدڕاسونێک لەبووچوندابوو. بەڵام بەکردەوە، دیاریکردنی سنوورێکی باوڕپێکراو بۆ دووچۆمان(بین النهرین)یانی وەدیهێنانی ناوچەیەکی پاردە، کە بتوانێ تورکەکان لە باشوور وێ دوور ڕابگرێ، و لە ئاخردا،دیاریکردنی سنووری باشووری ئەم ناوچەی پاردە،لەگەڵ وڵاتی بچووکی ئەرمەنستان و چەق وتەفێکی تەنگەژە بۆ پێش دێنێت. ڕێگاچارەی دەزۆر بۆ سەروساماندان بەوموشکیلە پێشکێش کرا. یەکێک لەم پێشنیارانە ئەمە بوو کەوشەن خەتێک بێ لە درێژایی(ئاوڕیژ)ی نێوان گۆلی وان ودەجلە. بەڵام ماژەر نوئل، خاوەن پلەوپایەی سیاسی بریتانیا لەسلیمانیە، بووچوونێکی بەرفرەوانتری هەبوو . ئەولەبەرگری کردندا هاوتاسەی کوردەکان بوو، و بەتوندی لە بە وجوود هێنانی سێ وڵاتی دیفاع دەکرد:

کوردستانی باکوور،کە ناوەندیەکەی سلیمانی بوو، بریتی لە: نێهری ورەواندز وهەولێرو کەرکووک وکفری وخانەقین بوو. کوردستانی ناوەندی، کە ناوەندەکەی مووسڵ بوو، وکوردستانی ڕۆژئاوا کەناوەندیەکەی دیاربەکر،بوو، لەلای باشوور هەتا ئەوناوچانە بەرەوپێش دەچوو کەدەواندا زۆرایەتی جەماوەر بەکوردەکان بوو- وهەڵبەتە هەرسێ بنکە لەژێرچاوەدێری و داکۆکی بریتانیا دەبوون و لە بڕیوەبردنی خۆیان لەڕێنوێنی وی بەرهەمیان وەردەگرت. چ وەزارەتی دەرەوە لە،لەندەن، وچ فەرماندەری گشتی، سەقامگیرلەبەغدا، کەدوور لە سەحنەبوون زوربەسانایی پێشنیاریان دەکرد کە بریتانیا دەبێ هەموو کوردستان بەتاڵ بکات، وتەنیا دەشتی دووچۆمان (بين النهرين) لەدەست داڕابگرێ. ویلسن،دەستەبەری گزیری پایەبەرزی بریتانیا،لەبەغدا،هیواداربوو بەشێکردنەوەی ئەم مەتڵەبانە کەدێنەگۆڕ بەومەسەلەی کۆتایی هێنابێت. ئەودەیگوت کە بەبۆچوونی وی بەگشتی بناخەوبنەڕەتی کردەوە لەپەیوەندی لەگەڵ کوردەکان دەبێ ئەمین کردنەوەو، متمانەدان بە سنوورەکانی جێگەقائل بوون بۆ دووچۆمان(بين النهرين) بێت.سنوورێکی ئەوها بەبیروبۆچوونی وی ناکرێ لەدەدشتەکان وەدی بێنن بڵکوو، پێویستە ودەبێ ئەوی لەچیاکانی کوردستان کەشف کەن...(وئەم عەمرە) پێوستی بە جەستەی سیاسەتێکی عەشایەریە. بناخەی بەڵگەودەلێلی لەشکرکێشی لە بنەڕەتدا لەسەر تەنگەژە و چۆڵەپێچەی ئابووری بریتانیا لەکۆتایی شەڕ بوو. لەدووچۆمان(بين النهرين) بەهێزێکی ناتەواو دەبوا بەرگری کرابوایە. بەرگری لە شاخاویەکانی کوردستان ئاتاجی بەنیوەی لەوهێزەهەبووکەبۆ دیفاع لەدەشت پێویست بوو. ویلسن لەمانگی ئاوریلی 1919 ئەم بیروبۆچوونەی دەربڕی واقعیەتی وی وەڕاست گەڕاندبوو،بەڵام ساڵ وەرگەڕابوو، هەتا لەندەن قەبووڵی کرد کە کەوشەنەکان تەواو قەومی لە نەزەرئابووری ولەشکرکێشی بەچ لەونێک بەرئاقڵانە نین،ئەمە شتێک بووکەبۆ کوردەکانی کە لە دەڤەری ئابووری مووسڵ بەغدا دەژیان بەسانایی تێدەگەین و مەفهووم بوو. لە سەرئەمەش ویلسن یش بەهیچ جۆرپێی خۆش نەبوو سنورەکانی پان وبەرین بکات،ولەم ڕێگایە بەبێ هێزیکی زۆر بۆ بریتانیا بەوجوودهێنانی دەستەبەرێکی قورستربکات. بۆچوونی ویلسن لە سەربناخەی سنوورەکانی لێهاتووی دیفاع بوو،ئەو ڕوونی کردەوە کە دیاربەکر وئۆرفە ونسیبین نابێت بەشێک لە دووچۆمان(بين النهرين)ی بریتانیابن. ئەوخوازیاری دەوراندەورێک بریتی لە مەڵبەندەکانی خودمووختار هەڵکەوتوو لەڕەخ دووچۆمان بوو- ناوەندی ئەم دەڤەرانەی خودمووختاری سلیمانیە، ورەواندز وعمادیە ورەنگە دووڕگەی ئیبنی عومەربوو. ئەمە ئیدی تەواوبوو. شوێن تێکەری زۆرتر لەکوردستان وێدەچێت مەسائیلی ئاسایش وئەمنیەتی وەکوومەسەلەیەک وەدی بێنێت کەبریتانیا لە(سنووری باشووری ڕۆژئاوای هند)لەگەڵ وی ڕوو بەروو بوو. گەڕانەوەی تورکەکان بۆ دیاربەکر،لە سەرئەم ئەمرە زێدەیی هەبوو.

### کێ بەرکیی بریتانیاو تورکیەو ڕەکێشکردنی بیروبۆچوونی کوردەکان

هەنگاوهەڵێنان وچوونەپێش دیسان چارەنووسی دواڕۆژی پارێزگای مووسڵی بێ پەرسف دەهێشتەوە. دیاریدەدا کە دەبێ ڕیبەرانی مام ناوندی بدۆزنەوە و بە بەشداری وان ڕێگاچارەیەکی باش بۆ مەسەلە فکرلێبکەنەوە. بەڵام ئەمە بەقسە سانایی بوو.
پێشتریش لەگەڵ ژەنەڕال محەمەد شەریف پاشا، کە ئەوکات ئەندامی یەکێک لەحیزبەکانی کورد لەساڵی 1908بوو پەیوەندیان گرتبوو. شەریف پاشا، ڕوخسارێکی هاوبەشی ئەوهێندەی لەگەڵ

سەرۆکانی نەحاملاوی عەشایەری کوردستان نەبوو. ئەو یەکێک لە ماقول ودەرس خوێن وپەروەردەکراوو هۆگر بە ژیانی لە ئۆروپا بوو. لە سەردەمی دوورخراوەیی لەساڵی 1909 (لەدوورخراوەیدا) لەپاریس ژیانەکی ئاسودەی هەبوو، ولەم شارە لە خەباتی لیبراڵی گروپەکانی دژایەی تێکۆشەربوو،بەڵام لەناو دوورخراوەکانی تورک بەناوی(کلاوخوار) وئیکجارزەین کوێر کە پشتیوانەی جگەلەپارەنەبوو)دەنگین بوو. بەسەرهەڵدانی شەڕ، شەریف پاشا،لەگەڵ مەسەلەی کورد پەیمانی نوێ کردەوە،ولەگەڵ یەکگرتووەکان پەیوەندی دەزۆری گرت. لەمانگی مەی 1919 شەریف پاشا بەباڵوێزی بریتانیا لە پاریس خەبەردا کە حازرە(باری) بەرپرسایەتی ئاماڕاتی کوردستانی سەربەخۆ لە سەرشانی دابنێت، وبەبەرپرسی شوڕای فیدراڵ بریتی لە سەرۆکانی عەشایەر،وڵات بەڕیوەبەرێ. بەڵام بێ نەبوونی لایانگرانی لە ناوچە،چلون دەکرا ئەم پیرەمێردە بەمجد وەرگیرێ،یەکێک لەبەرپرسان بە شێوەیەکی تاڵ لەم بارەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ، ودەڵێ: (بەبۆچوونی من بۆ ئەم پلەوپایەی کە خوازیاری وەرگرتنیەتی،چ لێهاتوویی نییە، زانیاری و ئاگاداری بەڕادەی زانیاری وئاگاداری قوتابی سەرتاییە.

جگەلەوانە، شێخ مەحموودی بەرزنجی،کوڕی شێخ سەعیدی کوژراو،ئێستاش لە شاری لە دایک بووی شەریف پاشا،(پاڵەوانی مەیدان) بوو. ولەگەڵ هێزەکانی بریتانیا ئالێکاری دەکرد. خولاسە تێگەینی ئەم مەسەلە چەتوون بووکە چلۆن شەریف پاشایەک کە کوردێکی باکووری بوو دەتوانێ بەم ڕاست وڕەوان وکەللە شەقیە، لەلایان ئەوکوردانە وتاربچڕێ کە لە باشووربوون وئەوهەموو بەڵایانەیان بەسەر ئەرمەنیان هێنابوو. مەعلوومیش نەبوو کە شەریف پاشا،خەریکی چییە وودوای چ کەوتووە،چونکە بەروونی و بێ پێچ و پەنا بەتوندوتیژی لە هزرو ئەندیشەی (کەڵەکە نەکردن)ی عوسمانی بەردەوام بوو. کە سازگارێەکی ئەوهای بەم خودمووختاری وسەربەخۆیەی ژێرسەرپەرستی بریتانیا کە هەنووکە خوازیاری بوو،نەبوو. لەژانەویوی1919لە

قاهیرەش کۆمیتەیەک بەناوی (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)خوازیاری یارمەتی بریتانیا لە پێکهێنانی وڵاتی کورد ببوو. ئەم کۆمیتە ئەوجۆرەی کە پاشان دەرکەوت گروپێکی بچووک بوو،بەڕێبەری سریابەدرخان کە بەحاڵی دوورخراوەیی لە قاهیرە ڕایدەبوارد،کە نەدەکرا ئەوی بەنوێنەری کوردستان بزانێ،هەرچەند لەماوەی سەرانسەری ساڵی 1919وتووێژێکی جارناجار لەگەڵ وی کردبوو،چ کات بەڕاست وەرنەگیرا. لەخودی کوردستان تاقمەیەک(پالێوتراوە)

جەستەیان هەبوو،کە لەهەمووان پلەبەرزتر شێخ مەحموودبەرزنجی بوو،کە لە دوارۆژ لە وی بەدوورو درێژی باس دێنێینەگۆڕ. ئەو لە سلیمانیە داوای ڕێبەری هەمووکوردستانی دەکرد،لە حاڵێکدا لە شارۆچکەکانی نزیک،وەکوو کفری وخەنەقین، قەبووڵیان نەبوو،ئیدی لەوە بوگزەرێین کە عەشایەری گرنگی دوەروپشت، وەکوو جافەکان،وێدەچوو لەخاڵەکانی دوورتر،کە هێندەناسیاونەبوو ئەوی بەڕێبەرقەبووڵ بکەن زۆرکەم بوو. ئەوپێشەوای تەریقەتی قادری بوو،بەڵام زۆر وێدەچوو کوردەکانی نەخشبەندی کەژمارەیان زۆرتر بوو لە شێخەکانی خۆیان لایانگری دەکرد. پاشان سەید تەهای نێهری بوو کە مرۆڤێک بوو ناسراو بەناوبانگ ودەنگین و، وشیاروزێرەک. هەروەک دەزانین ئەو زورتری ماوەی شەڕی لەزیندانی رووسەکان تێپەڕکرد بوو. لەدوایی شەڕی بارەگای دەسەڵاتی ئەوها تێکچووبوو کە مەجبوور بەخزمایەتی لەگەڵ سمایل ئاغا (سمکۆ)سەرۆکی عەشایەری شکاکەکان کە بەکردەوە سەربەخۆیەکی بۆخۆی لە ڕۆژئاوای ورمێ پێکهێنابوو یەکگرتوو بوو. سەید تەها ئیکجارئیلاقەمەند بەچاوپێکەوتنی کارگێڕانی بریتانیا بوو لەئاوریلی 1919 لەبەغداسەردانی وانی کرد. ئەویش دەیەویست ڕێبەری کوردستان ببێت. کاتێک لەمانگی مەی 1919پێی لە بەغدادانا،

تێکۆشا دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی بە وەدی هێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو، کە کوردستانی ئێرانیش دەباوەش بگرێ،قانع بکات. سەید تەها بۆ ئەم پێشنیارە دەلیل وسەبەبی خۆی هەبوو،چونکە ساداتی نێهری دایم دەرهەم لەم لایەی سنووریش شوین تێکەریان هەبوو. جگەلەوە،شەمزینان بۆخۆی پشت قایم بەسەوداگەری لەگەڵ ورمێ بوو،ولە ئاخردا ئەمەسیاسەتێک بوو کە بەتوندی بەسیاسەتی یەکیەتی وی،یانی سمایل ئاغا،سمکو،گرێدرابوو. ئەوبابەتانە زۆرتر باس ئاخافتنیان لەسەرکرابوو. لەژوئیەی 1918لە سەردەمێک کە سەرۆکانی عەشایەری کوردلەفکری سەربەخۆیی کوردستان،لەژێر سەرپەرستی بریتانیا قسەیان دەخوێییێ وەردەدا،یەکێک لەسەرۆکانی موکری ساجبلاغ لەگەڵ باڵوێزی بریتانیا لە کەرمانشا پەیوەندی گرتوە وئەم بابەتەی لەگەڵ هێنابووگۆڕ،کە جەستەی ئەرمەنستانێکی ئازادلە پارێزگای باشووری عوسمانی بۆ کوردەکان جێگای ڕەزامەندی دەبێت،بەم مەرجە کەکوردستانی سەربەخۆش نیوان ئەرمەنستان وولاتی عەرەبی پێک بێت. ئەم هزرە پێشتر لە سەردانی ویلسن لە سلیمانیە لە سەرەتای دەسامبەرجارێک بوخچەی کرابۆوە ووەلانرابوو لەوبەدوا جافەکان وسەرۆکانی ڕەواندز فکری پیکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوویان چاپ وبڵاو کردبوو. ئەوانە بەهەرحاڵ خەڵکێک بوون کە لە دوولای سنوور،بەرە زەویی و بەیارو دێهاتیان هەبوو. چەند حەوتووپێشتر لە سەردانی سەیدتەها لەبەغدا کوردەکانی ئێران ناڕازی بوونی خۆیان لەحکوومەت بەهێرش بەسەرای حکوومەتی لەسنەدەربڕیبوو،لەحاڵیکدا سمکۆ،شاری وەرمێەی ئەستاندبۆوە. بەڵام بەغداو لەندەن بەهیچ جۆرئەم بیروبۆچوونەیان نەبوو کەسنوورەکانی ئێران دەست تێوەردەن،کەچی لەجەرەیانی شەڕ هێزەکانی بریتانیا بێ وەبەرچاوگرتنی ئەم عەمرە دەیان جارلەسنوورئاواببوون ولەناوخاکی ئێران عەمەلیاتیان ئەنجامدابوو. لەبەرئەمە بریتانیا پێشنیارێکی بەرامبەری هێناگۆڕ: کە سەیدتەها (حوکمڕانی)بەشێک لەکوردستانی باشووربێ کە لە ژێرچاوەدریوو سەرپەرشتی بریتانیا دێتەدی،ولەڕەواندز هەتا شەمزینان دەباوەش بگرێ-بەڵام لەدانی چەک وچۆڵ وتەقەمەنی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەسەلە خۆی لێ گیژکرد،بۆیەئەویش ئەم پێشنیارەی ڕەت کرد. ئەولەم بابەتە باش ئاگاداربوو کە بەبێ(ئەجزای ئێرانی)یانی سمکۆ وئەوانی دیکە،سنووروئیحتوباری بەناوی ڕیبەرئیکجاردێتەخوار. ئەوڕەنگە کە هێشتا جێی حورمەت وئیحترامێکی زۆرلەلایان هۆزەکان هەتا قەبیلەکانی ئەولای حەکاری و وان بوو، بەڵام نەبوونی لەناوچە لە1914بەم لاوە،دەورو بەری لەلایانگرانی خودی وی بەتاڵ کردبوو. بەبێ چەک وچۆڵ وەسیلەیەکی بۆ کۆکردنەوەی پێویست نەبوو. بەهەرحال ئەویش وەکوو زۆری دیکە لە ڕێبەرانی کورد نەیدەتوانی دەست لە قمارێک بداکە لە ویدا دۆڕاندنی وەک ڕۆژی روون مەعلووم بێت. هەرلەومانگی دا کاتێک ئاگاداربوو کەمامی-شێخ عەبدولقادر- بەوادەوبەڵینی لەباری ئینگلیزیان وێدەچێ بۆکوردستان بێت،بۆ تورکیە ڕۆیی. بەدەسەڵاتترین سەرۆکی قەبیلەی بۆتان مەحموودکوڕی برایم پاشا سەرۆکی قەبیلەی میللی بوو. لەسەردان وچاوپێکەوتنی خاوەن پلەوپایەی ئینگلیزی لەمانگی مەی 1919 لەوێرانشارهەستێکی نەتەوەیی ونەتەوەویستێکی توندی دربڕیبوو. ئەمەڕاستە لە کەسایەتی وئابڕوی بەدرخانەکان بەرهەمی وەرنەگرتبوو، بەڵام لە سەرئەوەش هەتا ڕادەیەک ڕێزی لێدەگیراوئیحترامی هەبوو کە لە خەڵکانی دوورە دەست هەزاران چەکدار کۆکاتەوە. ممکین نەبوو کەهیچ کام لەبەدرخانەکانی موهاجربتوانن هێزیکی ئەوها گەورە کۆکەنەوە. وئەماپاشان، هەڵسەنگاندنی ڕادەی ئەمەگناسی ووەفاداری مەحموودبەبریتانیا کارێکی چەتوون بوو. ئاخۆ ئەوزۆرترنیگەرانی دەراوسێ ودوژمنانی کۆنی خۆی، عەبدولڕحمان ئاغای قەرەگۆج،نزیک شرناک بوو کەبەڕاشکاوی تورک ویست و دژی ئینگلیز بوو؟ دەلیل وبەڵگەو هۆو بۆ هەڵکڕاندن

ولێکدانەوەکی ئەوها لەگۆڕێبوو. قەزیەهەرچی بوو ڕاستیەکە ئەمەیە، کە چاخێک ئەو-مەحموود- چەند مانگ دوایی لەسیواس لایانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی نوزای مستەفاکەماڵی گرت،عەبدولڕحمان لە نەکاو لایانگری بەشەوقی ئیگلیستان بوو. جگە لەوانە کوردەکانی ئەستانبۆڵیش هەبوون. دەبێ ئەوانەش بەحیساب بێنین،چونکە بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و نیشاندانی پێشنیار بەگزیری پایەبەرزی بریتانیا لەبەردەست بوون. ئێستا کە دەوڵەت سەرگەردان وتێمابوو، و شارلەگەمارۆی کەرتەکانی یەکگرتووەکاندابوو،کوردەکانی ئەستانبۆڵ لەزیندوکردنەوەی گروپ بەندیەکانی نەتەوەیی لەگەڵ چەتوونیەکی تایبەت ڕوو بەڕوو نەبوون. بەرلەکۆتایی ساڵی 1918شێخ عەبدولقادر وڕیبەرانی بەدرخانی-ئەمیرعالی ودووکوڕەکانی بەناوەکانی کامڕان وجەلادەت عالی-ئەنجومەنی کوردیان بەهێندێک گۆڕانکاری لەژێرناوی (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)سەرلەنوێ بنیات نابوو. ئەم گروپانە دەساڵ دوایی تێکۆشانی سەرتابیان لە 1908هێشتا لەژێرڕیبەری ماقوولانی ڕابردوو دابوو، بەڵام ئێستا کە بەشداریکردنی خەڵکی قەبیلەکان وپاڕیزگا، دەواندا زۆرتر بوو. لکەکانی پەیوەنددداربەجەماوەر خێرا لەدیاربەکر وسیرەت والازیک شارەکانی دیکە پێکهێنران. بەڵام ئینگلیزەکان هەر لە سەرەتاوە بەڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ ئەنجومەنەکانی کورد بەدژواری دەستەویەخەبوون. شێخ عەبدولقادر سەردەمێکی دوورودرێژ بوو لەکوردستان دوو ببۆووە وپەیوەندی لەگەڵ سەیدتەهای برازای بەرادەیەک بەناکوکی هەڵگەڕابوو کە لە داوای ڕیبەرایەتیەکەی لەدەرەوەی ئەستانبۆڵ جێگەی شک ودوو دڵی نەبوو. بەڵام پاشان، بەحەقیقەت روون نەبۆوە کەئەم ئەنجومەنەی کوردی ولکەکانی لەپارێزگا،بەڕاستی نوێنەری چ گروپ وچین وتووێژێکن. ئەنجومەن بریتی لەلایانگران و ئەندامانی وەکوو عەوڵا جوودەت بوو کە لیبراڵێکی لایانگری ڕەکێش کردنی خەڵک کورد لەوڵاتی عوسمانی وهەواداری(کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی)بوو،وهزرەفکرولێکدانەوەی (ئوروپاپەسەندی)ئیکجار لەمستەفاکەماڵی شوێن کردبوو. یەکی دیکە لەم کەسانە، سولەیمان نەزیف بوو کەزۆر لایانگری (کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی) وپارێزگاری پێشووی مووسڵ بوو کە شێخ عەبدوالسلامی بارزانی لە سێدارەدابوو. کوردی ئەستانبوڵیش هەرئەوموشکلەوگیروکێشەی کوردەکانی پارێزگاکانیان هەبوو. لەکۆنفڕاسی دوایی ئاشتی سروشتی بوو لەمەڕ زۆرشت دەکراچەنەی لێبدەی،بەڵام مەوزوعی کوردەکان چ دەبا،بڵا ببا؟ چەتوونی ئیش ئەمەبوو. بریتانیا بەهێندێک دوو دڵی سەرقاڵی هەڵسەنگاندن ولێهاتوویی زیندوو بوونەوەی وڵاتێکی کورد بوو. بەڵام نەیدەویست فڕانسەی کەپێشتر ناڕازیبوونی خۆی لەبەوجودهاتنی وڵاتێکی کورد دەربڕیبوو لەخۆی دڵ ئێش بکات،و دوو دڵ بوو کە ئاخۆ دەزگایەکی ڕێوەبەری جیا،بۆ کوردستانی باکوور وەدی بێنێ یان نا-لەم حاڵەدا کوردستان سروشتی بوو کەدابەش دەکرا. لەسەرئەوەش ئەگەربریتانیا لەجێی لایانگرو داکۆکی کەرو ڕاوێژکەر لەهەردوو بەش قەبووڵی بەرپرسایەتی کردبوایە،کوردستانێکی دابەشکراو جێگە تەحمل دەبوو. نەتەوەخوازانی کورد
لەبەهاری ساڵی 1919ڕەنگە ئاگاداری ئەم مەسەلەببوون کە یەکگرتوەکان لەبەرئەم فکرەدان کەئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی نێوان وڵاتی ئەرمەنی لەگەڵیەکانی ئەرزەڕۆم وترابوزان، لەژێر سەرپەرستی ئامریکاو وڵاتی کورد لە ماباقی چوارپاڕیزگای بتلیس و وان ودیاربەکر،وڕەنگە لەژێرچاوەدێری حکوومەتی بریتانیا، دابەش کەن. بەڵام چونکە یەکگرتووەکان
هەتا ئێستا هەنگاوێکیان بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچەیە هەڵنەهێنابوو ئاخۆ بۆ کوردەکان کارەکی ناهەلسەنگان نەدەبوو ئەگەرهەمووپردەکانی پشت سەری خۆیان ڕووخاندبوایە وپێوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی یەکچەلی پساندبوایە؟ شێخ عەندولقادر بەبێ دوو دڵی وای

فكردەكردەوە،ورەنگە بەكارتێكردن لە تەرتیباتی نەخشبەندی خۆی پێی خۆش نەبوو هەموو پەیوەندیەكانی خۆی لەگەڵ حكوومەتی عوسمانی بەتەواوی نیچرێت. ولەم لێكدانەوە وهەڵكراندن، ئەوتەنیا نەبوو. كامران بەدرخان لەدوایی تێپەربوونی پەنجاساڵ لە قسە هاتنەگۆر لەئەنجمەنی كورد دەڵێت: زوربەی ئەندامان لاقەكیان لەئۆردوگای كوردان وئەویدیكەیان لەدزگای عوسمانی بوو... دەیانەویست ببن بەوەزیر...)بڵ لە برزەفرێ خۆیان،شێخ عەبدولقادر دەیزانی كەدەم ودەزگای عوسمانی لەمە خۆفی رێنیشتووە كە مەبادا پارێزگای رۆژهەڵات لەدەست بدا،لەبەرئەمە ممكینەحازربێت كە بە ئامانجی ئاگاداری لە كوردەكان لەناخی ئەمپەراتووری، ئەوەی كە دەیانەویێ پێیان بدات. توركەكان بێگومان پێیان خۆشبوو كەكوردەكان لەهەڵ خۆیان ریكخەن. شوێن تێكردنیان لەئەنجومەنەمانی كوردی شۆڵێكی سانایی وهاسان بوو. لەدەسامبەری 1918لە ژەنەراڵ شەریف پاشایان كەلك وەرگرت وبە واسیتەی وی (كۆمەڵگایەكیان)بۆ بەرگری لەپارێزگای رۆژهەڵات پێكهێنا. سولەیمان نەزیف لە رەخ ئەندامەتی لە ئەنجومەنی كوردەكان رێبەری ئەم كۆمەڵگایەشی وەئەستۆگرت. ئەوبەو كەسانەی كەلەئەستانبۆڵ خوازیاری بەدەست هێنانی دڵی یەكگرتووەكان بوون بەتووندی هێرشی كردنە سەر،وپێشنیاری كردبچێتە ئۆرۆپا هەتا لەلایان(كۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی)لە كۆبوونەوكانی پەیوەندار، بەستێنەیک بۆ سەربەخۆیی تورك- وكورد،پێكبێنێت. ئەو دڵنیابوو كەلەوی پێشوازی دەكرێ،چونكە ئەو بەقەبووڵی مەترسی،كوشتاری ئەرمەنیانی ئیدانەومەحكووم كردبوو، وئەوكات كە پاریزگاری بەغدابوو لە ئیعدامی مرۆڤان جواب جەنگی كردبوو. لەراسیتدا توركەكانی پەیوەندار بە(كۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی) بەوراده مایل بە دوستایەتی كوردان بوون كەخۆنواندن بەموافیقەت لەگەڵ سیاسەتی كەڵەكە نەبوونی و بەرێوەبردنی ناوچە لەلایان رەچەڵەكان بەردەوام كەن.)لەسەرەتای ساڵی 1919بەرەیەكی لەتێكۆشەرانی(كۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی)گروپەكانی ناوچەیی لەژێرناوی(كۆمیتەی سەربەخۆیی تورك-كورد)لەخارپووت، یادرنە، ماردین،دیاربەكر،ودوورگەی ئینبی عومەرپێكهێنا. ئەم كۆمیتانە بەبەرەكەتی (سیستەمی ناوەندیەت)ی كۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی،ئیكجاربەسەروبەربوون، دژی دەست تێوەردان وتەداخولی یەكگرتوەكان داخۆیانیان دەدا،خەڵكی ئاسایان چەكداردەكرد وبۆ جاندارمەری ئەندامی تازەیان وەردەگرت. ئیستخباراتی (كۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی)ناوی كارگێرانیانی وڵات وماقولانیان كەلاقیان لەجەغزی خۆیان لادابوایە بێكات سوتان بەكۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی رادەگەیاند، بازیك لەتیكۆشەرانی (كۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی) كوردەكانیان،فریودەدان و بۆناو حیزبەكانی تازەپێكهاتووی تورك،هەتا ئەوحیزبانەی كەبەئاشكرا نئوتورانی بوون-حیزبەكانی وەكوو(تورك ئۆجاقی)-هۆرایان دەكیشا. لە چركەی ئەوها

بەرزەفر، كە رۆژهالاتی وڵات، تێی دەپەراند وادارکردنی رێبەرێكی كورد لە لێژنەی دەوڵەت بایەخی زەحمەتەكەی هەبوو. شێخ عەبدولقادر لە ئامانجی ئەم هەنگاوهەڵێنانە بوو. ئەو یەكێك لە پیاوە ماقول وناسراوەكانی عوسمان بوو،هێشتا بەرپرسی شوورای حاكمییەت بوو،ولایانگرانی زۆری لەناو مللەتی كورد،یەک لەوان ئیتحادەیەكانی سەوداگەری ئەستانبۆڵ هەبوو كە پازدەهەزاركەسێكیان ئەندام هەبوو.لە مانگی مارسی 1919لەویان بۆ كابینەی نوێكردنەوەی دامادم فەرید پاشا، لێگراوە. ئەو لەسەرئەم خاڵە لاقی داگرت كەدەبێ ئەم هەلەی بۆ برخسێنن كە دەست تێوەردان ودەنگی زورتر لە بەریوە بردنی كارەكانی خۆی هەبێت، وبەڵێنەكیشیان بەویدا كە پارایزگاری پاریزگاكانی كوردنشین،كورد دەبن،كە هەڵبەتە ئەم وادەیەش بێ ناوەرۆک وبەدرۆدەرچوو. بەڵام ئەولەگەڵ ئەم پێشنیارە كە بریتانیا بەم تەرتیباتە چاوەدێری بكات،رەش بینینی دەسەڵات دارانی عوسمانی ورۆژاو

شڵەژاند. دەوڵەت لەونێوەدا تاقمەیەکی لەئەندامانی(کۆمیتەی نەتەوەیی کورد)وادارکرد کەلەئەستانبۆڵ وەرێکەون وبۆ سلیمانیەبچن وهەڵگری هێندێک قاقەزبن کە دەوڵەت بۆسەرۆک عەشایەرەکانی نووسیوە ولەو نامانەدالەوان بانگهێشتن کرابوو کەنیری ئینگلیستان لەسەرملیان فرێدەن. ئینگلیزیەکان لەدژکردەوە بەم کارە بۆدەوڵەتی عوسمانیان زەخت هێنا، ئەوهێزانەی کە لەشارەکانی کوردنشین هەیانبوو،بردنەدەر،حاکمەمانی وان و بتلیس وشارەکانی دیکەی کوردنشین لەناو لایانگرانی شێخ عەبدولقادر هەلبژێرن و دابنێن.

**با بردنی هیوای کوردەکان**

لەدەورووپشتی بەهاری 1919سێ وەرچەرخانی سیاسی لە ناو کوردەکان وەبەرچاو دەکەوت: لایانگربەعوسمانی،لایانگر بەیەکگرتووەکان.ولەئاکام-لەناو کوردەکانی درسیم-سەربەخۆی تەواو دوور لەهەرجۆرە دەست تێوەردانی دەرەکی. لەنگی کارلەمەبوو کەئەم سێ جەرەیانە ئاشکرا نەبوون. زوربە لە کوردەکان کە بەهۆی ئەوەی تەکلیفیان ڕوون نەبوو تووشی دوو دڵی شک وگومان وسەرلێشیوان بوون،نەیاندەویست خۆیان بەسەرجەم بەجۆرێکی رێی گەڕانەوە لەخۆیان بەرەبەست کەن بەیەکێک لەم سێ جەرەیانە هەلاوەسن. دوو ڕووداوی کە لەمانگی مەی1919قەوما، هیوای کوردەکانی بۆ وەدەست هێنانی خودمووختاری یان سەربەخۆیی لە ئاناتۆلی ڕۆژهەلات لەناوبرد. یەکەمین ڕوو داو،دابەزینی هێزەکانی یونان لە ئەسمیرنە،بەپشت ئەستوری یەکگرتوەکان وبەم هیوایەبوو کەیونان بەدەست وداوین بە زۆرەملی بەشی خۆی لە دەستکەوت نوسراو لە موافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ،وەربگرێ. لەبەشی باکووریتریش ئیتالیا هێزەکانی لە ئەنتالیە پیادەکرد. کارتیکردنی ئەم جەرەیاناتە بۆ خەڵکی موسڵمانی ئاناتۆلی (فوق العادە) بوو. پێشتر بینیمان کەکوردەکان هەتاچ ڕادە سەبارەت بە هەڕەشەی مەسیحیان هەست تێکەربوون. دەریاسالار کالتورب لە ئەستانبۆل، هەرئەو دوو حەوتوو پێش لەدابەزینی هێزەکانی یونان،بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەرقی لێدابوو: (گرنگترین هەڵسوڕینەران لەم وەزیت وهەڵکەوتە،مەترسیان لەم بارەوەیە کە بەشی ڕۆژهەلاتی عوسمانی لەژێرچاوەدێری حکومەتی ئەرمەنیەکان دادەنرێت، لەلایەکی دیکە ئارەزوەکی زور لەسەرئەمەهەڵچنراوە کەکوردەکان وتورکەکان لێکدری جیا ببنەوە،بەلام ئەم مەترسییە ئەوان بۆ یەکیەتی لەگەڵ یەک هاندەدا. دژکردەوەی کوردەکان شتێکی دووری لێنەکراوبوو. هەڕەشەی پتەوکراوی دەسەلات وتوانایی مەسیحیان دەم ودەست هزرەکانی فیراری نەتەوەخوازی لەهەزاران دانیشتوانی ئاناتۆلی ڕۆژهەلاتی خستە بەرتیشکی خۆی،ودەوڵەتی عوسمانی لەکۆگاکردنی هەستی ئیسلامی لەگەڵ چ تەنگ وچەڵەمەیەک بەرەوڕوو نەبوو. دەنگووباسی سەبارەت بەکوشتاری موسڵمانان بەوەسیلەی یۆنانیان بەلەز بلاوبۆوە. لەکوردەکان بانگهێشتن کراهەتا ئەم جەرەیانەی ئەسمیرنەی بۆ دیاربەکر،بەرن: سەرەتا ئینگلیزیەکان دێن وشاری داگیردەکەن، وئەمە پێشەکی یەک دەبێ بۆ هاتنی ئەرمەنیەکان. هەموو ئەم هەنگاوانە کارتێکەری سەروشتی تایبەتی خۆیان هەبوو. خولاسە ئەگەر ئامانجی تورکان ئەمە بوو کەنیگەرانی کوردەکان سەبارەت بەمەترسی ئەرمەنیەکان زێدەبکەن، ئامانجی دیکەش بەم ڕادەیەگرنگ بوو: وئەوئەمەبوو کە مەترسی دەمارگرژی وهەنگاو هەڵینانی دژی مەسیحی ئەوان بە بیانووی ئەنجومەنەکان قەراربدەن. ئەم کردەوە بە ڕۆڵیک کە کوردەکان لە کۆشتارەی ساڵی 1915ی

ئەرمەنیان بەڕیوەیان بردبوو بەسانایی حەوجێ بەشێکردنەوەبوو. لەچوارمی ژوئین ئەنجومەنی دیاربەکر،گاڵەدرا و ڕێبەرانی زیندانی کران.
دەونێوەدا، کوردەکان لەئەستانبۆڵ ورده ورده لەگەڵ تەنگەژەی دەنوێ ڕوو بەروو بوون. لەحاڵێکدا کە یونانیەکان و ئتالیایەکان چەند بەشێکیان لە ئاناتۆلی دەست بەسەرداگرتبوو ویەکگرتووەکان لەبەوجوودهێنانی سەر لە نوێی ئەرمەنستان لەئاناتۆلی باس وگفتووگۆیان دەکرد، قسەوباس سەبارەت بە خودمووختاری کوردستان لەکابینە بەجۆرێک بوو کەهەتا بۆخودی دامادفەرید پاشا،ش جێی هەزم وگرێپوچکەبوونەوە نەبوو، و لە ئەوڵین حەوتووی ژوئین، شێخ عەبدولقادر لەکابینە دەرکرا. دەرکردنی شێخ عەبدولقادر سروشتی بوو، تووڕەبوونی
کۆڕوو کۆمەڵانی کوردی ئەستانبۆڵی لێ کەوتەوە. لەسەرەتای ئاوریلی ژوئیە تەرتیبی چاوپێکەوتنی نێوان بازیک لەڕیبەرانی ئەنجومەنی کورد ویەکێک لە ئەندامانی کابینەدرا:ئەم کەسایەتیە برایم ئەلحەیدەری،شێخ الاسلامی پێشووی عوسمانی و ڕەچەڵەی یەکێک لەخانەدانانی کوردی هەولێربوو. بەرچاو ئامانج لەم چاوپێکەوتنە لابردنی ناکۆکی پەیوەندی بوو کەلەنێوان لایانەکان سەری هەڵدابوو. بەڵام کەش وهەوای سیاسی هەرلەسەرەتا ئاڵۆزبوو: تورکەکان کوردەکانیان تۆمەتبارکردن بەمە کە(لەگەڵ ئەوبنکانەی کە تاسەی سەربەخۆیان هەیە هاوکاری دەکەن، وحکوومەتی ئێمەیان قەبووڵ نییە)-کوردەکان ئەوتۆمەتەکان وەدرۆ خستەوە. برایم حەلحەیدەری زەنگی مەترسی لێداکە (ئینگلیستان... دەیەوێ کوردستانی گەورە بەوجودبێنێت وئەوی بەپاریزگای ڕۆژهەڵات هاوپێچ کات) عەبدولقادر یان نوێنەرەکەی لەوەڵامداگوتی کە قسەکانی فەریدپاشا ڕووی لەکونفرانسی ئاشتی ومەنزووری ئەمەبوو کە ئەوحازرە کوردستان بەقازانجی ئەرمەنیەکان قۆچی قوربانی بکات. ئەلحەیدەری هەڵەکانی فەریدپاشای لەپاریس قەبووڵ کرد،وعەبدولقادر بەکەلک وەرگرتن لەم شیاوتربوون و زێدەپاروەی کە وەدەستی هێناوبوو زبانی بەسکالاکردەوە، وگوتی: کە کابینە لە سەرئەمە کە دوو پارێزگاری کوردی بۆ دیاربەکر وئەلازیگ هەلبژاردوەسووربوو،بەڵام دەیسان ئەوانی لەحکوومەت دانەناوە، لەحاڵێکدا وادەی دابوو کەپارێزکارێکی کوردتاقمەیەکی کوردی بەرچاو بەحکوومەت دابنرێن. بەڵام دانشتن بەخۆشحالی کۆتایی پێنەهات،چونکە مولان زادە کە ڕۆژنامەنووسی خەڵکی دیاربەکربوو لە شێکردنەوەی قسەکانی شێخ عەبدولقادر وپەسەندی داکۆکی ئینگلیستان پرسیاری کرد: (حکوومەتی عوسمانی کاتێک تورکانی خۆیان وەزعێکێ لەباروئارامیان نییە چلۆن دەتوانن بەکوردان خودمووختاری بدەن؟)
تورکەکان تووڕەبوون، بەڵام دەپێشدا- یانی لەدوایی دابەزینی یۆنانیەکان لە ئەسمیرنە-بڕیاری یەکچەلیان گرتبوو: یانی بەمە کە لە بابەت هەرجۆرە ئامازەیەک بەبەرجەستەبوونی کوردێک، هەڵویستێکی نابەجێ وتووره بگرن. نوئل بیروبۆچوونی خۆی لەسەرەتای ژوئیە لە ئەستانبۆڵ بۆ لەندەن نارد: وا دەنوێنێ کەهزری خودمووختاری کوردستان لە ژێر حوکمڕانی عوسمانی مردبێت. تورکەکان لە سەربنەڕەتی ڕیشەی پان ئیسلامی ناب عەمەل دەکەن. لەبەکاربردنی وشەی (کورد) بەغەزەب پێشگیری لێدەکرێ، ولەجێگای وی وشەی(موسلیم) کەلکی لێ وەردەگیرێ. جگەلەمە هەروەک لە پەیامەکەشدا هاتووە ڕێبەرانی کورد ئاگاداربببوون کە بەرنامەی کۆچی سەرلەنوێی کوردەکان کە لە زەمانی شەڕ هاتبووگۆڕ وبەشێک لەوی بەڕیوەچووبوو وبەپێی وی دانرابوو کە کوردەکان لە دەڤەرەکانی جۆراوجۆر بڵاوبکرێن، لەسەرڕا بوخچەی کراوەتەوە. هەتا ئیدی نەتوانن زێدەتر لە پێنج لە سەت جەماوەری تورکی ناوچە پێکبێنن، ومەنزورلەم کارە زاهیرەن پەلەکردن لەئاڵەگۆڕی ئەوان بەمرۆڤی کورد زوانە، لەحاڵێکدا ئاخرین تێکۆشان لە

کاردەکرێ، کە لە گەڕانەوەی ئەوانیدی بۆ کوردستان پێشگیری بکرێت.
خەبەرەکە لەعەینی حاڵدا بەم خاڵەشی ئاماژەی دەکرد کە تورکەکان پڕوپاگەندەی(پان ئیسلامی ودەمارگرژیەکی توندیان دەست پێکردوە ولەم جەرەیانە بۆ ڕیکێش کردنی هۆزەکان کەلە جەرەیانی بەرفرەوانتری سیاسی ئاگاداربوون لەلولوی ئەرمەنی )کەلک وەردەگرن.
ئێستا وردە وردە مسیبەتی دووەمی نەتەوەخوازی کورد لەڕێ دەگاتەجێ: مستەفا کەماڵ،بنیات نەری تورکیەی نوێ، لەمانگی مەی 1915لەمقامی مفەتیشی گشتی ئەرتەشی نۆهەم بەسامسون گەیشت.
عەمری پێبوو چەک وتەقەمەنی کۆکاتەوە، وهەروەک یەکگرتووەکان ویستوویانە دەڤەرەکان بەقەبوڵ لەحکوومەت وادارکات. بەڵام ئەو بەپێچەوانەی ئەم فەرمانە لە فەرماندەرانی ناوچەیی داواکرد کە خۆڕاگری خەڵکی لەبەرامبەر هەر جۆرە دەست درێژیەکی دەرەکی پێکنێنێت: لە بەرامبەر یۆنانیاندا لە ڕۆژئاوا، ئەرمەنیان لەڕۆژهەڵات،فڕانسەویان لەئادانە،ئیتالیاییەکان لەئەنتالیە وقونیە، وئینگلیزان لەئۆرفە ومەرعەش و عین تەب(غازی انتب). چوارحەوتوو
دوایی کاتێک بریتانیا خوازیاری گەڕانەوەی بوو،کەماڵ لە مقامی خۆی وازهێنا،وبەمجۆرو ئیشقیابوو.
لەکۆتایی ژوئین ئەو هاوکارانی چەند قەوڵ نامەیان لە ئەماسیە ئیمزاکردن،ودەواندا لەحوکم و شوین تێکەری ئەستانبوڵ سەریان بادا،وبۆ بەرگری لەنیشتمان خوازیاری پێکهێنانی کونگرەیەک لە سیواس بوون. بەڵام هەتا بەرلە بانگهێشتنی کۆنگرەی سیواس،جەمعییەت دیفاع لە مافی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات، تەرتیبی ڕیکخستنی کۆنگرەیەکی لە ئارزەڕۆم دابوو،کەلە23ی ژوئیەهەتا 7ی ئەوت دانیشتنی هەبوو. بڕیارنامەی دەبڕگەیی ئەم کۆنگرە بەگشتی شتەکانی دیکەی ڕادەگەیاند کە پارێزگای ڕۆژهەڵات، بەشێک لە جیانەبۆوەی سەرزەمینی عوسمانیە،وڕاگرتنی پتوونی ئەمپەڕاتووری وداکۆکی لە خەلافەت و سەلتەنەتی لە هێزەکانی نەتەوەیی داوادەکرد، ودانی هەر زێدەپارویێک بەمەسیحیان بەجۆرێک کەگۆڕانکاری لەچاوەدێری وحوکمی دەوڵەت پێک بێنێت یان هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تێک بدا،ڕەت دەکرد. لەم سەنەدەدا کە بەزبانی تورکی نوسرابوو وردەکاری کرابوو کە بابەتەکان بەزوانی هاووڵاتیانی موسڵمان شی بکرێتەوە: ئێمە داخوازی گرتنی بڕیارێکین کە لە سەر بناخەی عەداڵەت محکەم کرابێت ومافی مێژوویی وفەرهەنگی ئێمە ڕیز بۆدانێت، و لە فکری دابەشکردنی سەرزەمینەکان وجیاکردنەوەی خەلکانێک کە لە چوارچیوەی سنوورەکانی دیاری کراوی پەیمانامەی ئاگربڕی شەڕی ڕیکەوت 30ی ئۆکتۆبری 1918، ولەئاناتۆلی ڕۆژهەڵاتی وهەروالەجێگاکانی دیکەژیان دەکەن کە زۆرایەتیان دانیشتوانی موسڵمان پێکدێنن ودەواندا زۆرایەتی فەرهەنگی وئابووری بەموسڵمانانە، چاو بپۆشێت. چلۆن کوردێک دەیتوانی دژ بە پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئاناتۆلی لەبەرامبەرهەڕەشەی مەسیحیەکان، ولەمە گرنگتر،دژبەخەلافەت وسەلتەنەت بێت کە ڕیوەبەرایەتی پێکەوگرێدانی مەسڵمانانی جۆراوجۆرچەقەری داوە؟ لەمانگی ئەوت دەنگۆ بڵاوبۆوە کەفڕانسەویەکان دەیانەوێ سیواس داگیرکەن، وحیزبەکانی سیاسی ئەستانبوڵ بە ئامریکایەکانیان متمانە داوە کە تورکەکانی دانیشتووی پارێزگای ڕۆژهەڵات بە دانەوەی خاکهکەیان بە ئەرمەنیەکان ڕەزایەتیان دەربڕیووە.لەو جێگایە کە دابەشکردنی ئاناتۆلی دەم ودەستی دەنواند، کەماڵ خۆگنخاندنی بەپێویست نەزانی وچەندین قاقەزی بۆ سەرۆکانی کوردی کە لە دیاربەکرو بتلیس و وان وبایەزید دەناسی وخۆدی خۆی لەگەڵ ئەوان ناسیاوی هەبوو نووسی، و لە وانی دوای داکۆکی کرد.

**مەعمووریەتی نۆئل**

ڕەنگە زۆرتر بەهۆی تیکۆشانەکانی مستەفاکەماڵ بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەچاوپێکەوتنی ماژورنۆئل لەگەڵ دووکەس لە کوڕەکانی ئەمین عالی بەدرخان، یانی جەلادەت وکامران عالی، لەکوردستانی عوسمانی بەگەرمی پێشوازی کرد. چەقەرەی ئەم هزرە لە بەغداو نۆل و ویلسن بوو. نۆئل لە مانگی ژوئیەگەیشتە ئەستانۆڵ، لەحاڵیکدا کە هۆگری جامینخوازی مەیلەوموافیقەتی کوری لە سەرتاپێی دەتکاوە. ڕاوێژکەری سیاسی ئینگلیزی بەناوی جی.بی.هۆلر دەنوسێ: (مرۆڤێکی باشە...بەڵام باش،ئەمەش (گۆڕانکاری وسەرلێشیواوەکی) دیکەیە... دەترسم نۆئلیش تێبگات وەکوو کلنل لارنس. لێ دەربێت)هەستی هولر ئەوی بەهەڵە نەبرد، ئەوهەموو تێکۆشانی خۆی لەکارکرد هەتا عەبدولقادرو هاوکارانی حاڵی بکات کە تەنیا ئەرکی سەرشان ئەمەیە کە سەرۆکانی عەشایەری باشووری پاریزگای مووسڵ هاندا بەمە کە لەم کاتی تەنگەژە وناسکە دا ئارام و لە سەرەخۆبن وددان بەجەرگی خۆیان داگرن. دەیان کەڕەت هەتائەوجێگایە کە ئاخافتن توانایی ئەم کارەی هەیە، بۆیانم روون وشێکردنەوە کە ئامانجی ئێمە ئەمە نییە کە دژی تورکەکان گزەوفیڵ وەگرخەێن،وسەبارەت بەدوارۆژی کوردستانیش هیچ جۆرە قەول وبەڵین و وادەیەک ناتوانم بدەم. هۆلر گێگومان دەیزانی کەئاسنی سارد دەکوتێ! چونکە کاتێک هەرکوردو تورکێک کە تووشی وان دەبوون دەیزانی کەبریتانیابۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی ئەو هەمووتەرح ونەخشەی هەیە،چ سودی هەبوو کەئەو بیهەوێ ئەم شتانە بەلێژنە کارقایم بکات؟ چاوپۆشی لەمەش بوگزەرین مافی خۆیان بوو کەئەم جۆرەشتانە باوەڕبکەن. نوئل لەمە ڕاسپاردەکەی لە ئەستانبۆڵ سەداقەت وڕاشکاویەکی هێندەی دەرنەبڕیبوو،چونکە بۆچوونی ئەمەبوو(پڕوپاگەندەی پان ئیسلامی تورکەکان وتێکۆشانیان بەمە کەکوردەکان دژی ئێمە دنەوقیت کەنەوە)بێ شوێن بکات. ئەوهیوادار بوو کەبتوانێ بەدانانی ئەمین عالی بەدرخان بەپارێزگاری دیاربەکر،شوێن تێکەری ئینگلیستان پتەو قایم کات وبەوڕادە وهاوسەنگییە،لەشوێن تێکردنی تورکەکان کەم کاتەوە. دوور نییە کە ئەستانبۆڵ قەبووڵی کردبێت کە ڕاسپاردەیی نۆئل ئەوڕادە کە فەرمی داوا دەکرا،ئاسایی وبەتاڵ لەغەرەزبێت. هەروک جیگای پێشبینی بوو،وخۆدی نوئلیش لەتێلگرفەکەی دەیگوت: مەعمووریەتەکەی بۆ فکری پێکهێنانی وڵاتی کوردی پاڵ پێوەنرا، کە لە کۆنفرانسی ئاشتی بەڕاستی گفتووگۆوباسی لەسەردەکرا.) لەم نێوەدا،نوئل لە نێو شک و گومانایەکانی گزیری پەیەبەرز لەئەستانبۆڵ ڕوویی. لەحەڵەب لەگەڵ برایانی بەدرخان-کامران وجەلادەت-چاویان پێککەوت،ولەگەڵ ئەون بۆ تەب ومەلاتیەی سەفەرکرد،کە خەڵکەکەی بەپێچەوانەی خەڵکی ماردین زاهیرەن نەتوەخواز بوون. ئەم جەرەیانە هەروەک نوئل بۆخۆی پاشان دەمی پێداهێنا،زۆرتر کارتێکەر لە دنەو هاندانی خۆدی وی بوو. بەڵام لەعەینتەب ومەلاتیە،زوربەی نزیک بەپتوون کوردی عەلەوی پێکیاندەهێنا کە دوور لەهەستی یەکیەتی ئیسلامی یان سەرلەپێناو سەلتەنەت بوون،ولەگەڵ بزوتنەوی کەماڵ دژایەتیان هەبوو. زێدە لەمە بەپێچەوانەی ماردین ودیاربەکر، لێرە لە هەڕەشەی ئەرمەنیان خەبەرێک نەبوو. نابێ لەبیر برینەوە کە کوردەکانی عەلەوی مەزەب لە1917لە ئەرمەنیان لە بەرامبەر کوشتار داکۆکی کردبوو. عەینتەب ومەلاتیە لەراستیدا نموونەیەک نەبوون کە ناسنامەی ترس و،واهیمەی گشتی خەڵکی کوردستانی عوسمانی بن. مستەفا کەماڵ لەسەرتای ژوئیە لەسەردانی خوتووغافڵی بەدرخانەکان لەناوچە وئامانجی وان ئاگاداری هەبوو. کاتێک کە زانرا لە ئەستانبۆڵ وەڕیکەوتوون بەهێزەکانی دەستوردا(بەجۆرێک بجوڵێنەوە کە ئیمکانی هەرجۆرە بزوتنەوەیەکی جیاخوازانەی

کوردان بەتێکشکان ڕوو بەروو کەن. کاتێک نوئل لەسیومی سپتامبەرگەیشتە مەلاتیە،لەگەڵ فەرماندار،خەلیل بەدرخان،مامی کامران وجەلادەت بەدرخان،پەیوەندی گرت. خەلیل بەدرخان بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی (زیدی کەماڵی لەناوچە لەلای فریدپاشا بەم پلەیە دانرابوو. لەم نێوەدا، کۆنگرەی سیواس کە کەماڵ بانگێشتنی بۆ دانیشتن کردبوو بێ گیروگرفت لەجەریاندابوو. کەماڵ لەنۆی سپتامبەر ئاگاداربوو کە نوئل وبەدرخانەکان لەمەلاتیەن. هەروا ئاگاداربوو کە فەریدپاشابەدەست بەسەرداگرتنی خارپووت کە لەونزیکان بوو دەستووری دەرچواندووە کە دەستەیەک وسوارەی کورد،وبەوێچوونی زۆر لە هەنگەکانی عەشیرەیی،ئامادەکات کەخوتووغافڵ بۆ کۆنگرەی سیواس کەلەحاڵی جەلەسەدابوو هێرش بەرن ونوێنەرەکان دەست بەسەرکەن. گوماناویەکانی کە لە بارەی نوئلی هەبوو وەڕاست گەڕاند:(حاڵیبووین کە ئامانجی بەڕاستیان ئەمە بوو کەبەوادەی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ، کوردەکان بۆهێرش بۆ سەرئێمە بشڵەژێنن...نوئل وهاوڕیانی بەتاڵوکە بۆ سووریەگەڕانەوە. کەمەڵ هاوفکرانی لەکەلک وەرگرتن لەمەعمووریەتی نوئل بە بیروبۆچوونی پروپاگەندە لەگەڵ دژواری زۆر ڕوو بەڕوو نەبوون. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی لەچەندپێش، یانی دوایی عەمەلیاتی مانگی ژوئیە ئەرمەنیەکان لەقەفقاز کەهەزاران موسڵمانی بۆلای سنووری عوسمانی دەرپەڕاندبوو، لە ئەرمەنیەکان هەست بەترس ونیگەرانی ودڵەڕاوکە دەکرد. لەبەهار بەم لاوە چەند شەڕیک نێوان کوردوئەرمەنیەکان لەداوینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاگری ڕوویدابوو ولەمانگی سپتامبەر هێزەکانی ئەرمەنی گوندەکانی کوردنشین هەڵکەوتوو نێوان ئاگری وبایەزیدیان لەگەڵ عەرد ڕاست کردبوو. ڕاسپاردە نوئل حکایەت لە سەینەو بەینەی ئینگلیزیەکان ودەوڵەتی فەریدپاشا دژی هەموو ئەوکەسانە هەبوو کە تێدەکۆشان لە ئاناتۆلی بەرگری بکەن. هەتا ئەرمەنیەکانیش ئاقیدەیان وابوو کە(بریتانیانەخشەی دە گەورەو پان و بەرینی لە کوردستان بە دەستەوەیە لێی بەردەوامە.)

### کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەی تورک

لەمانگی سپتامبەر کەماڵ زلهێزەکانی ئاگادارکرد کە دەوڵەتی ئەستانبوڵ، دەوڵەتێکی داگیرکەرو ناشەرعییە و لێژنەیەکی کە بۆ پاریس ناردوە نوێنەری خەڵک نییە. مانگێک دوایی فەریدپاشا کە نەیتوانی بوو پێشی بەرەوپێشچوونی کاری کەماڵ بگرێ،لەپۆستی خۆی وازهێنا. لەجێی وی عەلیڕەزا دانیشت، کە دەمارگرژێکی بەبڕیارتر بوو. پاییزی ئەوساڵی کوردەکان وردە وردە پێشوی وەزیەتیان هەست پێکرد: بەحیزبی نوێی کوردان بەناوی(حیزبی دێموکڕات) ئیجازەی تێۆشان نەدرا. چاپەمەنیەکان بانگەوازیاندەدا کە باس لە سەربەخۆیی کوردستان بامانای یارمەتی بەناسیونالیسمی ئەرمەنییە. هێندێک لە کوردەکان زیندانی کران، و بەتۆمەتی خەیانەت بەئیعدام مەحکووم بوون. لە ئەستانبوڵ بەڕیک لە نەتەوەخوازانی کورد هێشتا هەروا بەئینگلیز وەنووسابوون. ئەندامانی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان)بەهۆی تێشکانی مەعمووریەتی نوئل وسەرکەوتنەکانی کەماڵیستەکان لە هەشتەمی ئۆکتۆبر دانیشتنێکیان پێکهێنا،ودەویدا متمانەو باوەڕی خۆیان بۆ(کۆنفڕانسی ئاشتی) دووپات

کردەوە،ولاقیان داگرت ودەمیان پێداهێنا کە(پەیوەندیەکی هاوبەشیان لەگەڵ بزوتنەوەی ئاناتۆلی نییە،(...تەنیادۆستی ئێمە ئینگلیستانە،کوردەکان لەسەرئەمە سوورن کە پشتیوانیان جگە لە ئینگلیستان نەبێت.) بەڵام لەکوردستان خول وسوڕی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی لایانی ئارەزوی ئینگلیستان وهۆگری نەتەوەخوازانەی کوردەکان بوو. بە قەولی گزیری پایەبەرزی بریتانیا نە تەنیا کەماڵیستەکان بەڵکوو کوردەکانی دەڤەریش دەبینن کە ئێمە قەفقازمان بەرەڵلا کردوە ونێوان ئاگری ودەریای خزرناوچەیەکی پڕبەرهەمن، بۆ بەرەوپێشچوونی پڕوپاگەندەی پان ئیسلامی وپان تورکی لە پشت سەربەجێهێشتووە. لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتیش دەبینن کە لە کوردستانی باکووری ڕۆژهەڵاتیش وەردە وردە لەکورتی دەدێن.) لە دەوروپشتی پاییز بە هۆی پڕوپاگەندەی کەماڵ، گەلێک لەهۆزەکانی کورد بەلەز بۆلای وی هەڵدەگەڕانەوە. نەتەوەخوازانی تورک،ڕەنگە بە دورستی، بیروبۆچوون وئاقیدەیان وابوو کە ئەمە بریتانیایە کە لەمەڕ ئابووری ئەنجومەنەکانی کوردی تأمین دەکەن،وئەم ئەنجومەنانە بەنورەی خۆیان ئازووقەو تەقەمەنی بۆ کوردەکانی شوڕشی درسیم دەنێرن، و بە هەرحاڵ زاهیرەن لەکۆکردنەوەی کوردەکانی کەهێشتا بەوڵاتی عوسمانی وەفادارن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمجۆرەگروپانە ڕووبەڕوو بە تەنگەژەیەکی ئەوهانەبوون. هەتا کۆتایی ئەوسالّی لانی کەم حەفتا هۆزو تیروعەشیرە وگەلێک لەماقوڵ وخاوەن شوێن تێکەری شار، لایانگری و پشتیوانی خۆیان لە کەماڵ ڕاگەیاند. ئەم خەڵکەزۆرینەی لەو ناوچانە دەژیان کە لەوێ مەترسی زۆرتر هەستی پێدەکرا: یانی لەدەروازەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی، ولەم دەستەیەش لە هەمووان گرنگتر نەتەوەخوازەکان بوون، لەباکوور،عەشایەری جەلالی وحەیدرانلی لە ڕۆژهەڵات. دەونێوەدا، مستەفاکەماڵ وەزعی خۆی لەجێگاکانی دیکەش قایم وپتەوکردبوو. داواکاریەکەی بۆ ئەنجامدانی دەنگ وەرگرتنی گشتی وڕاستین،ڕەزامەندی سوڵتان محەمەدی شەشەمی وەدەست هێنابوو. لەژانویەی 1920زوربەی نەتەوەخوازی ئەم پاڕلەمانە(پەیمانی نەتەویەتی)یان پەسەندکرد،کە لە سەربناخەی داخۆیانی کۆنگرەی سیواس بوو. ئەم عەمرە دۆخ وهەڵکەوتی کەمالیستەکانی سەبارەت بەسەربەخۆیی تورکیە وداواکاری وانی بۆ تەواوەتی سەرزەمینەکانی ناعەرەبی عوسمانی، بریتی لەکوردستان هەڵکەوتوو لەولای خەتی ئاگربڕ، پەسەندکرد. سەرهەڵدانی کەمالیستەکان لە ئاناتۆلی نیگەرانی بریتانیا لەمەڕ بە وجودهێنانی ناوچەی پەرژینی نێوان دووچۆمان(بين النهرين)وتورکەکان زێدەکرد. لەپاییزی 1919کەمالیستەکان داکۆکی بلشویکیان بۆلای خۆ ڕاکێشا، هۆکارێکی تازە بۆ نیگەرانی بەرسینگەی بڕیەوە. مستەفا کەماڵ لە کۆتایی مانگی مەی لەگەڵ نوێنەرانی شووڕەوی وتوویژی کردولەوانی متمانەو دەستەبەر وەرگرتبوو کە لە بەرامبەرتێکۆشانی یەکگرتووەکان بەپێکهێنانی ئەرمەنستان یان کوردستانی سەربەخۆ لە ئاناتۆلی لەوی داکۆکی بکات. بریتانیاپێشتر لە1918 لەقەفقاز وسارای دەریای خزروباتووم لەگەڵ بالشویەکەکان موشکیلەی پەیداکردبوو وئێستا نیگەران بوو لەمەنیگەران بوو کە کوردستان، هەتا بەشی باکووری وی،سەبارەت بە هەڵسوڕان وحەول وتەقەلای هاوبەشی ناسیونالیستەکانی تورک و بلشویکەکان حەساسییەت نیشاندات. وشەی(بلشویسم) کەبەتەواو کەماڵ ناحەزلێکدرابۆوە وردەوردە لەناو هۆزوتیرەکان برەوی پەیدادەکرد. لەمانگی فۆریە لە نسیبین کە فڕانسەویان داگیریان کردبوو خەبەرگەیشت کە(خەڵک دەڵێن)ئێمەنامانەوێ دەوڵەتی دەرەکی چاوەدێرو،چۆماخی سەرمان بێ ئێمەبالشویکین وخۆمان، خۆمان بەڕیوەدەبێن.) بریتانیا هێشتا هیواداربوو کە وڵاتی ئەرمەنستان وەدی بێت،وهەوێنی هیوادارەیەکی تاسەی ئامریکا بە سەرپەرستی کردن لەوڵاتی ناوبراوبوو. لەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وودرو ویلسن لە مانگی فووریە بەکۆمیتەی نەتەویەتی

ديموكراتەكانى گوتبوو: (هيوادارم بۆ خەڵكى ئايالاتى يەكگرتووى ئامريكا ئەم بابەتە جێگاى قەبووڵ بێت كە واردى كردەوبن و(ئامانەت)قازانجى خەلكى ئەرمەنى قەبووڵ بكەن،وئاگادارى لێبكەن كە توركەكانى وەحشى وكوردەكان وەكوو ئەوان، ڕادەى خۆيان بناسن.)لەنزيكەى مانگى ژوئين پرزيدنت ويلسن ئاقيدەى وابوو كە دەبێ ئەستانبۆڵ بڵێت: كە كێيەيان لەناوچەى ڕۆژهەڵات ئيدى ناوێت،بەڵام لەعەينى حاڵدا نەيدەتوانى بەڕاشكاوى بڵێ: كەئايالاتى يەكگرتووى ئامريكا ئەم سەرپەرستى يە،قەبووڵ دەكات يان نا. لەپاييز مەعلووم بوو كەئايالاتى يەكگرتووى ئامريكا ئەم سەرپەڕشتى يە، وەسوكر ناگرێت.

**ڕێ بۆ لاى سڤر**

وەدەركەوتنى ئامريكا لە ئولكە، چارەنووسى هەموو ئاناتۆلى ڕۆژهەڵاتى تووشى گۆڕاين وگۆڕانكارى كرد،ئاشتى نێوان ئەرمەنيان وكوردەكان، بەپێچەوانەى شەڕێكى كەپێكەوەيان هەبوولەهەمووكات پێويست ولازمترى دەنواند. بەمجۆرە چارەنووسى كوردستان دورست لەچركەيەك كەهيوا بە وەڕاستگەرانى وى بەڕادەيەكى بەرچاو كەم ببوو، لەمەڕ لەشكركێشى بۆ بريتانيا گرنگى زێدەتر لەهەمێشە بەدەست هێنا. لەپاريس، دەسەڵاتدارانى برتانيايى بوغوس نوبار، نوێنەرى ئەرمەنيان بەپێويستى بڵاوكردنەوەى داخۆيانێك حيكايەت لەيەكگرتنى بيروچۆچوونى كوردەو ئەرمەنيەكان لەدژايەتى بەگەڕانەوەى حكوومەتى عوسمانى قانع كرد. نۆبار بەم ئاقيدەيە. كەمەسەلەى ئەرمەنستان لە سێرەى مەترسى قەرارى گرتووە بۆ وەدەست وێڕاگەين بەرێككەوتنێك لەم بەستێنە دەست وجێ لەگەڵ شەريف پاشادەستى بەوتووێژكرد. ئەم دووە لە بيستەمى نوامبەر داخۆيانێكى هاوبەشيان بڵاوكردوە:

ئێمە كە بەهاوبەشى پێكهێنانى يەكگرتنێكى ئەرمەنى وكوردستانى سەربەخۆ موافيق لە سەربناخەوڕيشەوئەساسى ملێيەتەكان بەيارمەتى وئاليكارى يەكێك لە زلهێزەكان،لەكۆنفرانسى ئاشتى داوابكەين،يەكيەى وئيتفاقى نەزەرمان هەيە.زێدەلەوانە ڕەزامەندى تەواوى خۆمان بەئيحترام بەمافى قانوونى وشەرعى كەمايەتيەكانى مەوجوود لەدوو وڵات پەسەند دەكەين.

ئەم داخۆيانە دەنگى كۆنفراسى ئاشتى سەبارەت بەسنوورەكانى نێوان دوو وڵات قەبووڵ دەكرد. لەسەرتا دژكردەوەى هەردوو لاسەبارەت بەم داخۆيانە موسبەت بوو. شێخ عەبدولقادر وبەدرخانەكان خوازيارى پێكهاتن بوون، زورى بەم هۆيەوە بوو كەئەمە ئەوڵين جاربوو كە دەويدا ئەرمەنيەكان بەمافى كوردانيان فەرمى دەم پێدا دەهێنا. ئيحساساتێك لەخۆشى وشايى لەم بارەوە كە دوژمندارى كوردو ئەرمەنى كۆتايى پێهاتووە وڕووداوى پەيوندار بەڕابردووبووە، هەردوو لايانى دەباوەش گرت و ئەستانبۆڵ و ئێرەوان هەردوو بەئاخرين دەرجەى خوشحالى و شايلەخانە ناوەركى تەواوى داخۆيانەكەيان چاوەنوارێ دەكرد. دەرچوونى ئامريكا

لەئولکە، مەسەلەی ئاناتۆلی ڕۆژهەلاتی بە جۆرێکی مەزن لەسوکری بریتانیاو فڕانسە دانا. هەتائێستا ئیمکانی قەبووڵ ئەم هەڵکرانە بوو کەکوردستان بەرێک و پێک و سەروسامانداني ناوچەی باشووری لەگەڵ دەورەکەی بریتی لەحکوومەتەکانی خودمووختاری کەسەبارەت بەدووچۆمان (بین النهرین) ڕۆڵی پاردە،و(ضرب گیر)یان دەبێت(جوردەردێت).ئەم هەڵکراندنە ئیدی واقیع بینانە نەبوو. بریتانیاو فڕانسە دەبوایە دەست بەکاربیان.

فڕانسە لە پەیوەند بەو بەتالایی وەدەست هاتوو لەباشووری سووریيە وئێراق،کەبە ڕەواڵەت کەمالیستەکان دەیانەویست بۆشایەکەی وی پڕکەنەوە،لەدڵەڕاوکەو ناڕاحەتی بریتانیا شەریک بوو. لەکۆتایی دەسامبەر، (ام.برتلو)بەرپرسی گشتی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسە،وەبیر(لردکرزن)ی هێناوە، کە تەنیا موافیقەتنامەی حازرسەبارەت بەناوچە،بەڵێننامەی سایکس-پیکویە، و پێشنیاری کرد تەرتیباتی فیدڕالی نێوان کوردستانی باشوور(یانی فڕانسە) وکوردستانی باکوور(یانی بریتانیا) بدرێت.

کرزن،هێندە ئەم مەسەلەی بەدڵی نەبوو،وبە (برتلوی) گوت پێیخۆش نییە گێرەوکێشیەکی کەلە(سنووری باشووری ڕۆژئاوا) هەیان بووە دووپات ببنەوە وا باشترە لێگەڕێن کوردەکان بۆخۆیان بڕیاربگرن کەئاخۆ ولاتێکیان دەویٚ یان چوارگۆشەی خودمووختاریەکی سست وبێ کەلک. ئەوکە نەیدەویست ئیدی هێزێکی بۆ ناوچە بنێرێ،دەجا حازر بەگوێچکەهەڵخستن لە بیروبۆچوونی لەشکرکێشی بەغدا نەبوو،پەسەندی کرد کەبریتانیا بۆچوونی ئەوەنییە لە کوردستانی باکووربمێنێتەوە. بەلام ئەوەش یەقین بوو کەپێێ خۆش نەبوو فڕانسەویەکان لەدەروازەکانی باشووری دووچۆمان(بین النهرین) ببینیت.

بەمجۆرە گرنگایەتی کوردستان لەباری لەشکرکیشی زورتر دەبوو،و ئەمە لەحالێکدابوو کە بریتانیاهیوای بەهاوکاریەکی کارتێکەرلەگەڵ کوردان لەدەست دەدا. هۆلر لەمانگی نوامبەرلەئەستانبۆڵ نووسیبووی: ( ئەمن پێم وایە ئەم مەسەلە کەکوردەکان چلوون ئازادی خۆیان وەدەست دێنن ونیری کوێلەتی تورکان لە سەرئەستۆیان هەڵدەگرن و فڕێدەدەن،دەبێ بەتەواو کەماڵ بەخۆدی کوردەکان بسپێردرێت..کوردەکان وەک تەونی کۆلکەزێڕینە،هەرجارێ ڕەنگێک و بن ڕەنگێک دەنوێنن.) لەمانگی مارس گزیری پایە بەرزی بریتانیا بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە واقعێەتی مەسەلە بەڕەش بینی ئەوها قوڵەکردەوە:

لەمەدا کەسەربەخۆیی کوردستان لەبنەڕت دامەوزوع یان مەسەلەیەک بێ،گومان وشک ودوو دڵی زۆرە،وخولاسە شتێک بەناوی بیروبۆچوونی گشتی خەڵکی کورد بەمانای ئەفکارێکی هەمووانی پەیوەنددارو بەزنجیرە لەگورێ نییە...لەکەمایەتی دان ئەو گروپەکوردانەی کەلەسەرروی ئاغاکانی هۆزوتایفەوتیرە وقەبیلە یان شێخەکان،کەلەنێو ئەوانیشدا هاوبەشی ئیحساێکی هێندەنین،

چاوتێبڕن...ئەوچەند کوردی ڕۆشنبیری دەرس خوینی دانیشتووی دەرەکی لەکوردستان کەبیروبۆچوونی جیاخوازانەیان هەیە زۆرتر عەلاقەمەند بە مەن کە قورسایی وگرنگایەتی وشوێن تێکەری خۆیان زێدە قەبەکەنەوە. لەئەستانبۆڵ
داماد فەرید پاشا، کە ئێستا لە دەرەوەی دەوڵەت بوو، ئاقیدەیوابوو کەهەرکات بتوانێ بەنەخشەیەکی ئاقڵانە بۆ تێکشکانی مستەفاکەماڵ دەست پەیدابکات، دەتوانێ جێگای دەوڵەتی حازر بگرێتەوە. تێکۆشا کەشێخ عەبدولقادری بەدۆزو کەڵەک بەئەنجامدانی مامەلەیەکی ڕازی بکات کەدوازدە مانگ پێشتر نەیتوانی بوو بەشەرتو شروتی وی جلی کردەوە لەبەر کات. قەولیدا لەبەرامبەر هێرشی کوردەکان لەڕۆژهەلات بۆ سەرکەماڵیستەکان، خودمووختاریان پی بدات. شێخ عەبدولقادر پێی خۆش نەبوو بەبێ وەرگرتنی دەستەبەری دەموعتەبەر لە فەریدپاشا،وداکۆکی ئینگلیستان لەکوردستان، چاوی هەتروچاوەڕوانی خۆی لەمەترسی بخات؟ئەم دەستەبەرانە شتێک نەبوون کە بکرێ وەدەستیان بێنێت.

لەونێوەدا، دەنگۆ حیکایەتی لەدابەشکردنی کوردستان لەنیوان فڕانسەو ئینگلیز،کوردستانی بۆ باوەشی عوسمانی بەڕیکرد. لەژانویەی 1920 گروپێک لە(کوردانی جوان)پۆشتە بەپیشنیاری خودمووختاری ملکەچی سوڵتان وپاڕلەمانی عوسمانی، کە بۆ خۆیان نوێنەریان دەوێداهەبوو، بۆ چاوپێکەوتن بەشەریف پاشا، بۆ سویس ڕۆیشتن.(کوردەکانی جوان)بەپێچەوانەی نامتمانەیی بەعوسمانی ئەم تەرتیباتەیان لە دابەشکردنی کوردستان بەباشتر دەزانی. لەم نێوەدا لێژنەی کورد سەردانی گزیری پایەبەرزی بریتانیا کرد وبەجیا بوونەوەی کوردستانی باکوور ئیعترازو ڕەخنەی گرت. ئەم وەفدیە پێداگر بوو لەسەرئەمە کەکوردستان بەناوی (گروپێکی یەکپارچەی قەومی وجوغڕافیایی)حیساب بکرێ، لەعەینی حاڵیشدا قسەکەی پشت ئەستووردەکرد بەمە وەفاداری بەجێگر پێغەمبەر(خەلافەت) لەکوردستان هێزێکی بەڕاستییە وئەمە بەپێچەوانەی شتەهایەک بوو کەلەڕابردوو سەبارەی بەجیا بوونەوە لەعوسمانێان بوخچەی کرابۆوە. وهێشتاش مانگی مارس تەواو نەببوو کەسەرۆکانی عەشایەرو گەورە پیاوانی (ئەلازیگ) داوادەکەن کەکوردستان نابێ لە(خەلافەتی) عوسمانی جیا ببێتەوە.

عەبدولقادریش دەیەویست کەکوردستان یەکپارچە وسەربەمۆر بمێنیتەوە ولەژێرچاوەدێری بریتانیابێت، بەڵام ئەوەی لێ زێدەدەکرد وەدەیگوت لەگەڵ حاکمییەتی عوسمانی دژایەتی نییە. ئەو لەسەرنیگرانیەکی ڕوو بەبەرەوپێشچوونی دیکەی لاق داگرت: حکوومەتی ئەرمەنیان جێگای قەبووڵ بوون نییە. بەدرخانەکان ڕازی نەبوون هەتا یەکگرتووەکان بیروبۆچوونی فەرمی خۆیان لەم بارەوە ڕانەگەێنن،هەڵویست بگرن. (شەریف پاشا) ش،لەپاریس خەباتی خۆی دژی دابەشکردنی خوازیاری فڕانسەوئینگلیز دەست پێکرد. ئەو نەزرو ئاقیدەی ئەمە بوو کەخودموختاری لە ژێرحاکمێیەتی عوسمانی لە دابەشکردنی کوردستان باشترە، بەڵام پێشگیری لەمە نەکردکەلەکۆنفڕانسی ئاشتی داوای سەربەخۆیی کوردستان بکرێ وداوای خاکی ئەرمەنیانی زورو بێ مەورد بزانێ. ئەو بە ئاماژە بە مافی مللەتەکانی جۆراوجۆر بەسەربەخۆیی و بەرەوپێشچوون و

ڕزگاربوون لە تەنگ و چەڵەمە و بەردەوام بوونی لە بەدواداچوونی تاسەو ئارزوی نەتەوەخوازی خۆی پێی قرساندو پشت ئەستووركرد. كوردستانی پتون كە تەنیاو جیا نەبۆوە لە یەک،ئەگەرقەرارواية لە ئەمپەڕاتووری عوسمانی جیابیتەوە، بەئامانجی دابین كردن و بەرەو پیشچوونی ئابووری وی،دەبێ و پێویستە تەنیا لەژێرسەرپەڕشتی و چاوەدێری وڵاتێكدا قەراربگرێ.

ئەم چركە چركەیەكی ئیكجاربەشكۆ،بەڵام تەمەن كورت بوو. بەڵام كردنەوەی ناوەڕۆكی بنچینەی موافیقەتنامەی شەریف پاشا-بۆبار لەئەرمەنستان وكوردستان تووڕەبوون و سەرلێشواویەكی توندی وەڕێخست. بۆغوس نۆبار تۆمەتبار بەمەكرا كەداوای ئەرمەنستانی بۆ شەش پارێزگای كەلەفۆرییەی 1919بەناوی پارێزگاكانی ئەرمەنی نشین بەكۆنفڕانسی ئاشتی ناساندرابوون، لاواز كردوە. لەناوكوردەكانیش ئاڵۆزیەكی ئەوها سەری هەڵدا: چونكە بولێڵی لەگۆڕێ،نێوان جیایی خوازانی بەڕاستی وئەو دەستەیەی كەخودمووختاریەكی دەستەبەركراو ڕازی بوون،ئاشكراكردبوو. لەكوردستان دەیان كەس لەسەرۆكانی عەشایەر وماقوولان، كە هێندێك لەوان لەگەڵ هێزەكانی ئەرمەنی بەتوندی بەشەرهاتبوون، ڕێككەوتننامەیان ئیدانەومەحكووم كرد، چونكە موافیقەتنامە لە(ئازادی لەسەرلەبن نیری زاڵمانەی دەوڵەتەكانی تورك ...وڕزگاری ونەجات بوون لەبن نیری كویلەتی(كۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی...) قسەی هەبوو،ئەویش لەچركەیەک،كە دەسەتەكی-زۆر-لەكوردەكان دەیانەویست پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەرەوباشبوون بەرن. لەئەستانبۆڵ دژكردەوە تێكەڵاو بوو. بابانەكان ڕایانگەیاند كەپەیوەندیان لەگەڵ ئەم موافیقەتنامە نییە. عەولا جودەت لەبیروبۆچوونی خۆی سەبارەتی(كەڵەكە نەبوون)بەداكۆكی و یەكیەتی(كوردو ئەرمەنی)ئازانتی وشیكردەوە. گروپێک بەڕێبەرایەتی ئەمین عالی بەدرخان قاقەزێكی بۆ (لویدجورج) نوسین كەدەویدا دەیان گوت: (ئێمەخوازیاری یارمەتی دەوڵەتی بریتانیا بۆ ئاوەدانكردنەوەی وڵاتی خۆمان لەچوارچێوەی نەتەوایەتی وی، دەبین) بەڵام شێخ عەبدولقادر لەناو ئەم گروپە نەبوو. ئەو پێشتر ڕق و تووڕەیی ژمارەیەكی لە هاوكارانی ئەنجومەنی كورد شڵەژاند بوو: لەكۆتایی فۆرییە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیقدامی ئەستانبۆڵ وتووێژی كردو دەوێدا لەبێ گرنگی موافیقەتنامەئاخافت وهەرجۆرە دوژمنداری كوردانی سەبارەت بەتووركان حاشالێكردو خوازیاری خودمووختاری پاڕیزگاكانی كوردنشین لە(ناوجامێعەی عوسمانی) ببوو.-وئەمە مەسەلەیەكی پێشوو بوو كە هاوكارانی زورتردڵ ئێش كردبوو. ئەویان تۆمەتبار كرد بەمە كەلە دەستەبەری خۆی سەبارەت بەسەربەخۆیی كورد، پاشگەزبۆتەوە. بەڵام عەبدولقادر بۆخۆی هەمێشە ئیكجار ڕیزوئیحتڕامی لەخەلافەت دەگرت، ولەم جەرەیانە بەئاقیدەی نەخشبەندی خۆی وەفاداربوو. لەنێوەڕاستی ئۆكتۆبر ڕاگەیاندرا كە لە بەرپرسایەتی (ئەنجومەنی كورد) لاتەریک و لە باشگا دەر كراوە. ئەویش لەدژكردەوە بەم كردەوە،كۆمیتەی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەڕاگەیاند ولەئەندامانی بانگهێشتن بەهەڵبژاردنی نوێكرد. دەیزانی كەلەم شۆڵە سەركەوتن بۆ وی دەبێت،چونكە سەوداگەرانی ئەستانبۆڵ لایانگری وی بوون. هەڵبژاردنی نوێ،خێرا لایان وخۆشەویستیەكەی لەناوپوورەی خەڵكی ئاسایی كوردی دانیشتووی ئەستانبۆڵ نیشاندا. بەدرخانەكان و(ڕۆناكبیران)لەئەنجومەیە كشانەوە و بنكەی خۆیان پێكهێنا (ئەنجومەنی كۆمەڵایەتی كورد)كەبەو

ڕاده كارتێكەر لەمەسایلێک بوو،دڵ ئێشاو لەکێ بەرکێی کەساتەتیش بوو. بەدرخانەکان لە دوژمنانی کۆنی عەبدولقادر بوو،وشک ودوودڵی دەوەدانییە کە لە خۆشەویستی وڕێزوحورمەتێک کە ئەو لەناو ئاپوورەی خەڵکی کوردی دانیشتووی ئەستانبۆڵ وکوردستان هەیبوو بەغیلیان پێدەبرد. هێندێک لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێ، بۆ نموونە،عەولا جودەت، زێدەتر لەخۆدی عەبدولقادر ڕموودە بە تورکان بوو. لەڕاستیدا هەڵویستی ڕەقیب و عەبدولقادر بڕیک وێکدەچوو کەچەند مانگ دوایی ڕەخنەهایەک کە(ئەنجومەنی کۆمەلایەتی کورد) و(ئەنجومەنی کوردو کوردستان)ی عەبدولقادر سەبارەت بەدیاری کردنی سنووری کوردستان بەکۆنفڕانسی ئاشتی تەسلیم کرد،بە وردی وەک یەکتربوون. بەڵام شەریف پاشا کە هەردوو گروپی ئەستانبۆڵ ئەویان لەخۆ دوور کردبوو،خەباتی کورتی لەجێی نەتەوەخوازێک بەسوکایەتی کۆتایی پێهات. پۆزێکی کەلەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ولێژنەی نوێنەرانی ئارامنەلێدەدا، لە بەرچاوی هەمووان لە کەسایەتی کەوتبوو. کاتێک لەپاریس وازهێنانی خۆی لە نوێنەری کوردەکان بەسفیری بریتانیا ڕاگەیاند،دەلیل وهۆكارێک کەبۆ ئەم کارەی شێکردوە لە راستیدا جیابوونەوەلەگەڵ زۆرتری شتەکان بوو کەلە1914بەم لاوە بەنوێنەرانی بریتانیای گوتبوو: (ئامانجی بنەڕەتی من وەدی هێنانی پەیوەندی ومناسباتی دۆستانەی نێوان ئینگلیستان و ئەمپەڕاتووری عوسمانی بوو.) بەمجۆرە لەسەردەرانەی پەیمانی ئاشتی کە یەکگرتووەکان دەیانەویست بەسەریەکی وەبکەن،کوردەکان کە بەهۆی کێ بەرکێێ خولق وخۆی تایبەتی و گرەوبەندیەکانی ئەستانبۆڵ و هەڵبژاردن کە دەبوایە لە بەرامبەر بە عەمەلیاتی هێزەکانی ئەرمەنی و کەمالیستەکان لە ئاناتۆلیان بیانکردبوایە لەت وپەت ببوون، لەکۆنفڕانسی ئاشتی بێ نوێنەرمانەوە. لە سەرئەوەش، هێندێک لەونیگەرانیانەی کە هۆكاری ئەمتۆفانانەی وەڕێخستبوو بێ بناخە لەخم هاتەدەر: بریتانیا هیچ چاخ لەگەڵ هزرو فکری بەرفرەوانکردنی ئەو سەرزەمینەی ژێرچاوەدیری فرانسە هەتا دیاربەکرو سیرەتوبتلیس ڕازی نەبوو. و تازە ئەم جەرەیانە لەحاڵێکدا کە کەماڵیستەکان هێزەکانی فڕانسەویان لەفۆرییەی 1920 لە مەرعەش دەرپەڕاند بوون،کارێکی لەکردنهاتوو نەبوو. ئێستا بۆ بریتانیا قانع کردنی فڕانسە بەقەبووڵی هزری کوردستانی خودمووختار هێندەچەتوون ودەژوار نەبوو. کوردستانێکی ئەوها کە بریتانیا دەیەویست لە سەر ئەو نیگەرانیانەی کە بریتانیا لە مەڕ پان تورانیسم هەیبوو،دەبوایە کە ئازاد لە بەندی عوسمانی ببوایە،بەڵام نەدەبوایە دەڤەرو مەڵبەندەکی ڕاستەوخۆ بوایە، چونکە بریتانیا بۆخۆی حازرنەبوو هێزی پێویست لەبۆ ئەنجامدانی ئەم شۆڵە لەدەڤەر دەرگیربکات،ولەلایەکی دیکە بە هۆی ئەوڕەش بینیانەی کە نێوان ئەم دوو هاوپێمانە جەستەی هەبوو، نەیدەویست کە ئەم کاری بەفڕانسەویان بسپێرێت. بەڵام ئەوگومانەش کەبریتانیاسیاسەتی ڕوون ودیاریکراوی بۆکوردستان هەیە،خەیاڵێکی ڕێ لێ ونکردن بوو. ئەوئیمکاناتەی کە لەنوامبەری 1918 روون وخاڵی لەبۆڵێڵی دەنواند، لەئاوریلی 1920 کە دەبوا، کۆمەڵە بڕیارێک لەم بەستینەدا گیرابوایە بەشێووازێکی مسیبەت هێنەر بەردەسک بوون. تەنیا آرنولد ویلسن بوو کە لە ماوەی تەواوی ئەم سەردەمە سیاسەتێکی واقیع بینانەوئاقڵانەی هەبوو: ئەولایانگربەهزری پێکهێنانی کنفدراسیونی کورد بوو،بەڵام کنفدڕاسیونێک کە بتوانێ ئەوی بەگومانی حکوومەتی تورکان سازگاردا. بێ هێزوناتەوانی کوردەکان لە ناساندنی ڕیبەرێکی لێهاتوو جێگای قەبووڵ، بێگومان زەبرێک لەهیواوئارزوەکانی بریتانیا بوو،بەڵام بێ هێزی گەورەتر، لەهێزوپێزکەوتنی خۆدی یەک گرتووەکان بوو: یەکگرتووەکان نەیانتوانی جێگرێکی لێهاتوو بۆ موافیقەتنامەی سایکس-پیکۆ بدۆزنەوە، ولەبەرئەمە نەیانتوانی بۆ ژیانێک و دواڕۆژێکی ڕووناک

ڕێگایەک لەبەرپێی وان دانین. لەمە خەربتر،لە خۆڕا کاتیان لەدەست دەدا. درێژکردنەوەی مەسەلە لە(مەدەرس) هەتا (سیڤر) ڕۆیشتن بەرەوپێشوازی لەقەزاو قەدەر بوو:دەست درێژی یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکان لە ئاناتۆلی وسەر هەڵدانی کەمالیستەکان، چەقەوڕەخنە لێگرتنی نێوان یەکگرتوەکان.جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەرپێشتر کوردستانی ئاناتۆلی لەپاییزی 1919دژکردەوەی موافقی لەبەرامبەر بانگەوازەکانی ئیسلامی مستەفا کەماڵ نیشاندا چونکە ئەمە تەنیا مەوزوعی قابیلی قەبووڵ بوو کە دەستیان وێڕادەگەیشت. دانیشتنی 13ی ئاوریلی 1920ی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان ئەم ئاڵۆزیەی بەبەشترین ڕێگا نیشان دەدا. کرزن کەبەرپرسی جەلەسەی بەسوکر وەبوو، و دەیزانی کەلەماوای ئەوحەوتوو،لە(سان ڕمۆ) دەبێ هەتا پەیمانی ئاشتییەک کەبریتانیا خۆشی لێدەهات، یەکگرتووەکان بەعوسمانی تەسلیم بکەن،بۆ نوێنەرەکانیان شێکاتەوە. ئەوبۆ ئەوانەی کە لەجەلەسە حازربوون هێناوەبیر کەلەسێ چواردانیشتنی پێشوو کە باسیان لە مەسەلەی کوردستان کردبوو،بەهۆی گۆڕانکاری وەزیەت بە ئاکامی لێک جیا گەیبوون: دەپێشدا قەرار وابوو ژمارەیەک دەڤەری خودموختار لەدەوروپشتی سنوورەکانی پارێزگای مووسڵ پێکبێن، پاشان کوردستان بەبەشەکانی شوێن تێکەری بریتانیاو فرانسە دابەش بکرێ،لە جەلەسەی ئاخربڕیارنگرت کەبریتانیا بۆخۆی لەتەواوی کورستان خۆی لاتەریک بکات،بەڵام خۆمان لەوەزع وهەڵکەوتێک دۆزیەوە (کەدەمانەویست کوردستانێ لەعوسمانی جیابکەینەوە،بڵام نەمانتوانی کەسێک پەیدابکەین کە بتوانێ دەوڵەتی خودمووختار لەوسەرزەمینە پێکبێنێت) ئێستا خۆمان لەلەوەزع ومەوقعیەتێک دە دێتەوەکەئەم مەسەلەیان هاوسەنگ کردوە وبەوئاکامە گەشتوونە کەکوردستانی باکووری بۆ ماوەیەکی بەرتەسک بپارێزن،بەم لەمپەرە کە(ادوین مونتگیو)وەزیری کارەکانی هند،ڕازی بووە،ئاگادار بەمە (کە دەکرێ هیواداربین لە سەردەمێک لە دوارۆژ بەکوردستانی باشووربگات. کرزن،لەئاکامدا تەسلیمی بیروبۆچوونی ئارنۆلدویلسن لەبەغدابوو، کە دەیگوت لە جیاتی ئەمە کە بەتورکەکان یان بالشویکەکان فورسەت و ئیمکانی ئەمە بدین کە دووچۆمان(بین النهرین)ی باشووری لەڕۆژهەڵات گەمارۆ بدەن،ئاقڵانەتر ئەمەیە، کە بە پاراستنی کوردستانی باکوور لەوی بەرگری ودیفاع بکەین. ئەم کارە لە ئاکامدا پێویستی لە بەکارهێنانی هێزی کەمترە. بریتانیاپێشتر یانی لە مانگی فۆرییە تامی دنەدانی تورکانی لە دەوروپشتی ڕەواندز چێشتبوو. بل لەمە ئیستا هێندێک لە نەتەوەخوازانی عەڕەب پێشنیاریان دەکرد کە کوردەکانی باکوور دەبێ سەرپەرشتی ئەمیرعەولای هاشمی لەحاڵێکدا کەسەرپەرستی حکوومەتێکی عەەبی لەبەغدا قەراربگرێ،قەبووڵ بکەن. ئەگەرکوردستانی باکوور دواییەکان بۆپێکهاتنی وڵاتێک بەکوردستانی باشوورلکا،کە چ باشتر-ئەوکات دەیتوانی تورکەکان وبلشویکەکان لەدەروازەکانی دووچۆمان دوور ڕاگرت.

ئێستا بابەتێکی ئابووری تازە پرێسکەی دەبۆوە. لەسەرەتای دەسامبەری ئارنۆڵدویلسن بەفرۆکە لە سلیمانیە سەردانی کردبوو،ئەوپەسەندی کردکە ڕاپۆرتەکانی هەردناسی حکایەت لە جەستەی سەرچاوەیەکی نەوتی تەقریبەن زێدەتر لەوەی هەیە، کە بەرێ فکری لێدەکرا،دەکەن. لەڕاستیدا بریتانیا پێشتر چاوەدێرەیەکی هێندەی لە سەرنەوتی کەرکووک نەبوو. لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کەلەفۆرییەی 1919کرابوو،دەیگوت: کە(دەرهێنانی ئەم سەرچاوەیە، دەبێ بەدەستی شەریکەیەک، ئەنجام بدرێ بەوڕادە زەنگین کە قازانج وزەرەر بۆی گرنگ نەبێت. لەمارس 1920 ئەم کارگەیی تازەی ئابووری لەسیاسەتی نوێ گزنگی دا،لێژنەی حکوومەت بەم ئاکامە گەیی کە(دەڤەرەکانی نەوت لێ وەدەرکەوتووی مووسڵ بۆ بەرهەمێک کە زیندوبونەوەی تەواوی وڵات پێویستی

بەوە،گرنگایەتی بنەڕەتی هەیە.)بەڵام لەجەلەسەی 13ی ئاوریل ئەو وەزێرانەی کابینەیەک کەبۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بڕیاریان دەگرت،ناوێکیان لەدۆزینەوەی نەوت نەبرد. بە نەزەر ناگات کەە ەتا یەکێک لەوان گرنگایەتی چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک یان وەرگرتبێت. نوێنەرایەتی خەزینەدارو دەریاداری- کە ئەو هەمووە لە نەوت قازانجیان وەرگرتبوو-لەماوەی تەواوی جەلەسە قەرەقەپیانکردو بێ دەنگ مانەوە وسەبارەت بەقسەکانی مونتگیو کە هیوادار بوو کەکوردستانی باکوور ڕۆژێک لە ئێراق جیابێتەوە، بچووکترین دژایەتیان لەقسەکانی نیشان نەدا. مەسەلەی نەوت هیچ کات بوخچەی نەکراوە. بۆکرزن مەسەلەی گرنگ لەدەست بەرنەدان لە کوردستانی باکوور ئەمە بوو کە پێشتر(برتلو)ی لەبڕیاری بریتانیا بە وەدەرکەوتن لە وێ دڵنیاکردبوو و ئێستا لەحالێکدا دەبوایە بۆ(سارمۆ) چووبوایە کە180دەرجە گۆڕانی هەڵویستی دابوو-وئەمە وەزعێک بوو کە بێگومان نەزەری فرانسەی بەدوو ڕوویی بریتانیا پەسەندو بەهەرەکەت دەکرد. لەسەرئەمە،کرزن دەیتوانی بەسانایی و بەحەقیقەت داوا بکات کەجیاکردنەوەی کوردستانی باکوورلەمەڵبەندی ژێرچاوەدێری ئینگلیستان ژێهاتوو بە ویست و خوازیاری ئارەزوی زۆربەی خەڵکی کوردە. دەنگۆیەک لەسەربناخەی ئەمە کە بریتانیا لە سولیمانیە دەڕوا،هەرلەئێستاوە هۆی سەرلێشێواوی وترس لەرزی خەڵکی بەگشتی پێکهێناوە. گزیری پەیەبەرزی بریتانیا حەوتویەک بەرلەوی بەخۆشحاڵیەوە ڕاپورتی دابوو کەحاکمی مەریوان، هەڵکەوتوو لەم لایەی سنووری ئێران، بەتایبەی بۆ ئەم مەسەلە هاتووە کە ڕەجاءبکات کە ئینگلیزیەکان بميننەوە،ئەگەروانەکەن دۆخ و هەڵکەوت واقعیەتی وی لەمەترسی دەکەوێت. سەرۆکان ماقولانی ناوچەش نوێنەرکانیان بەم بۆنەوە ناردبوو. ئەو لەراپۆرتی خۆیدا ئارام وئاسایشێک کە حزووری بریتانیای لە دەڤەر،بەدوای دەیان ساڵ تالان و، ویرانی،هۆکاری بوو،ئەژماردبوو:ڕاستایی هەردی کشت وکاڵ دووبەرامبەر ببوو،سەتان هەزار دارچەقاندرابوو،بەرهەمی تووتن سێ برامبەرببوو،وسلیمانیە ئەوها لە سەدەمەی شەڕ وەخۆهاتبۆوە کە کەڵەکەی دانیشتوانی ئێستا 50لەسەتی زێدەتر لە ماباقی ئێراق بوو،و ئاکامی وەرگرت کە دەرکەوتنی ئێمە لەناوچە(دۆستانی کورد بەئێمە پەیمان شکێنی) لێکدەدەنەوە، وشانس دێنین کە ئەگەر بێ تەلەفیات لە ناوچە وەدەرکەوین. بەمجۆرە حەوتوویەک دوای وی، لردکرزن،ڕەزامەندی یەکگرتووەکانی سەبارەت بەشەرت وقەرارێک کەبۆ گرێدانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عوسمانیان کە ئاتاجی پێبوو، وەدەست هێنا. قەراردرا کمیسیونێک بریتی لەنوێنەرانی سێ زلهێز پێک بیت کە ماوەی شەش مانگ لە دوای بەڕیوەبردنی پەیمان، گەڵاڵەیەکی بۆ خودموختاری ئەوناوچانەی کە زۆرایەتی بەجەماوەری کوردە ئامادە بکات، بەپاراسنی ئەم مافە کە ئەم مەڵبەندانە لە ماوەی ساڵێک بتوانن بەسکالابردن وڕووتێکردن بە نێونەتەوەیی(جامعەی ملل)داوای سەربەخۆیی تەواوبکەن،. ئەم گەڵاڵەیە،بیرو بۆچوونی (مەنتگیوی)شی دەپاراست، کە(کەرەسەیەک دەبێ بخەنە،بەردەست کەدوو بەشی کوردستان لە دواڕۆژ هەروەک بۆخۆیان بیانهەوی، پێکەوەبلکێن.) بەشێک لەکوردان سروشتیە لە بەرقەراری پێشنیار ئاگادارنەببوون ساردیوو خۆڕاگریان نیشدا. شێخ عەبدولقادر بەرقی بۆپاریس کرد کە چونکە(کۆمیتەی کوردی)نوێنەری لە کۆنفرانسی ئاشتی نەبوە،لە بەرئەمە مافی ئیعتڕازی بۆ هەربڕیارێکی گرتراو کە(دژایەتی لەگەڵ بنەڕەتی مافی مللەتان هەبێت)لە بۆخۆی دەپارێزێت. وەختێک پێشنیارەکان

فەرمی ڕاگەیاندران شێخ عەبدولقادر وبەدرخانەکان بەجیاکردنەوەی بەشەکانی کوردنشینی جەزیرەو ئۆرفەو ماردین لە سووریەی فڕانسە وبازێک دەڤەری دیکە،وبەگشتی مەلاتیەوکوچکر (درسیم) هەڵکەوتوو لەڕۆژئاوای فەڕات، بەناوچەکانی خودمووختار،ئیعتڕازیان کرد.(ئەنجومەنی

کۆمەڵایەتی کورد)دەست وجێ خۆشحاڵی خۆی لە هەڵبژاردنی پرزیدنت ویلسن بە حەکەم لەدیاریکردنی سنووری کوردستان و ئەرمەنستان ڕاگەیاند. لەم نێوەدا تورکەکان تێدەکۆشان داکۆکی شەریف پاشای بۆ گەلاڵەی پێشنیاری بەرامبەر سەبارەت بەخودمووختاری کوردستانی عوسمانی ڕابکێشن-خودمووختارێک کە بە بۆچوونی نزیک بەیەقین هیچ کات شانسی گەیشتن بەسەربەخۆیی نەدەبوو. بەڵام ئێستا وەزع لەبنەڕەتی گۆڕابوو. بریتانیا لە تێشکانی فرانسەویەکان لەمەڕعەش ترسی ڕێنیشتبوو لەنێوەی مارس ئەستانبۆڵی داگیر کرد وفەریدپاشای وەک بەرپرسی دەوڵتیکێ لەکەلک کەوتوو قەراردا. ئەو کردەوەی بریتانیا دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاواز وپەڕلەمانی مەزن نەتەوەیی لەلایان مستەفاکەماڵی لەکۆتایی ئاوریل شێکردەوە. بە بیروبۆچوونی زوربەی تورکان ئەم دەوڵەتە تەنیا دەوڵەتی قانوونی بوو،چونکە ڕایدەگەیاند کە سوڵتان لە ئەستابنۆڵ(زیندانی یەکگرتووەکانە) لەمانگی مەی کەماڵ فرانسەویەکانی لەکیکیلە تێشکاند. بەپیچەوانەی ورە، وەرگرتن و دەسەلات وشوین تێکردنی پاڕلەمانی گەورەی نەتەوەیی لەئانکارا،یەکگرتووەکان هەروا وتووێژوی پەیوەندار بەئاشتی لەگەڵ ئاستانبۆڵیان بەردەوام دەکرد. فەریدپاشا بۆخۆی بە شەرت ومەرجی پەیمانەکەی ئیعتڕازکرد،بەڵام ئەوو دەوڵەتەکەی زیندانی هێزەکانی بریتانیا بوون. لە10ی ئەوت نوێنەران لە(سیڤر)مەجبووربەئیمزای پەیمانی خۆ بەدەستەوەدان بوون کە بۆخۆیان دژی وی بوون. بۆکوردان

پەیمانی(سیڤر)برگەگانی 62و64وادەی پێکهێنانی ناوچەیەکی خودمووختاری دەدا کە ئەومافەی هەبووکەساڵێک پاش پێکهێنان، لەحاڵیکدا نیونەتەوەیی(جامعة ملل) قانع بەمەبکات کەلێهاتوویی سەربەخۆیی هەیە، بۆ بەدەست وێڕاگەیشتن بەسەربەخۆیی هەنگاو بەدەستپێکردنی هەڵبژاردن بکات. بەکوردستانی باکووریشی ئیجازە دەداکەلەدواڕۆژدا بەولاتێکی ئەوهای کوردی بلکێت. بەڵام کەم وکۆڕی ئەم موقەڕارەتە ئەمە بوو کە مەڵبەندەکانی کوردنشینی سووریەیەودرسیم هەڵکەوتوو لەرۆژئاوای فەڕاتی لەم ناوچەیەی خودمووختار جیا دەکرد،ولەهەمووان گرنگتر کە نەیتوانیبوو سنووری کوردستان لەگەڵ ئەرمەنستان دیاری بکات. ئەم جەرەیانە هەر وەک ئامادەی پێش بینی بوو، ناچار یەکێک لەدوو لایانی کورد،یان ئەرمەنی بەناڕازی دەهێشتوە،هەروەک نەخشەی سنووری پێشنیاری پرزیدنت ویلسن کە لایانگری ئەرمەنیەکان بوو ورێک وپێک بە پەیماننامەبوو،ئەم مەسەلەی بەروونی نیشان دەدا. بەڵام ئەم کەم و کورپیانە لەهەڵسەنگان لەگەڵ حەقیقەتی بنەڕتی کەپەیمانامە بەدەوڵەتی دەست نیشاندە، داسەپاندرا بوو کەهەتا لەئەستانبۆڵ یش لایانگرانی هێندەی نەبوو،شتێکی گرنگ نەبوو. هەردەو رۆژیدا یەکگرتووەکان پەیماننامەی سێ قۆڵیان گرێدا کەبەپێی ناوەرۆکی وی زوربەی ئاناتۆلی نیوان ئیتالیا وفڕانسە دابەش دەکرا وجیا لەبەشێکی بچکۆڵە،شتێک لەو دەڤەری بۆتورکەکان باقی نەدەهێشتەوە. پێشتر یۆنانیەکان لەئاناتۆلی ڕۆژئاوا دەستیان بەپەلامارێکی تازەکردبوو. ئێستا بۆ هەرتورکێک کە ئابرووکەڕامەت بۆ خۆی دەویست تەنیا دەوڵەتێک دەیتوانی جەستەی هەبێ، و ئەو دەوڵەتێک بوو کە دەبوایە هەتا کۆتایی شەڕی کردبوایە، خواه لە شەرگەی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەلات یان باکوورو ئەم دەوڵەتە، دەوڵتی مستەفا کەماڵ بوو. هەتا ئەوجێگا کە مەسەلە بەتورکان پەیوەندی دەبوو پەیماننامە بەرلەوەی جەوهەرەکەی ویشک بێتەوە،لەئیحتوبار کەوتبوو.

**لەسیڤر هەتا لۆزانی 1923،**

پەیماننامەی(سیڤر)بە بێ ڕوو کردن لەڕاستیەکان ئیمزاکرابوو. تورکیە ئێستا بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی دەجەنگی: لەناوەوە دەست بەیەخە لەگەڵ شەڕێکی ناوەخۆ، ولەدەرەوە ڕوو بەڕوولەگەڵ هێرشی بێگانەکان بوو. تاقمە جاتی ئەشقیای کوردو تورک،ناوچەو دێهاتەکانیان کردبووبەمەیدانی شەڕەنخێوی تاڵانوبرۆ. لەهاوینی1920کوردەکانی عەلەویدرسیمو خارپووت، کەلەساڵەکانی 1870سەربەخۆیی کارەکانیان لە لایان حکوومەت بەردەسک ببوو،دژی تێکۆشانی ئانکارا بۆداسەپاندی دەسەڵات وحوکمڕانی خۆیان شۆڕشیان کرد. ساڵێک دوایی هەروا لەگەڵ هێزەکانی کەمەلیست لە تەقەو لێکداندابوون(بڕواننە پاژی 9) بل لەوانە،
قودرەت ودەسەڵاتی دەوڵەت لەدەڤەرەکانی مووش وبتلیس وسیرەت ئیکجارکەم بوو. لە دیاربەکر،نسیبین و ماردین کەلە تێکۆشانی ئاکارا نەزەبروزەنگی دەسەڵات دل خۆشیان نەبوو، شورشی دە تەمەن کورتیان وەرێخستبوون. ئەم ئاڵۆزی وپشێویانە هۆی نارحەتی بوون. مەترسی بەڕاستی لەمە بوو کە ڕووی هێزەکانی ئانکاڕای لە مەترسی دەرەکی-کەمجدبوو-لادەدا. لەمانگی مەی تاقمەکانی ئەرمەنی وردە وردە سنوورەکانی ڕۆژهەلاتیان بە ئولکەی تالان ودەست درێژی گۆڕی.
تەنیا کاتێک هێرشی یۆنانیەکان پێشی پێگیراولغاوکرا،حکوومەتی ئانکاراتوانی هێزەکانی لە بەرامبەر ئەو دەستەو تاقمانە وەگڕ بخات. لە مانگی ئۆکتۆبەرهێزەکانی تورک، قارسیان داگیرکرد وبۆ وەرگرتنەوەی ناوچەکانی دیکە کەلەشەڕی ساڵەکانی 1877لەگەڵ ڕووسەکان لەدەستیان دابوو بەرەوپێشچونی خۆیان بەردەوام کرد. ئەرمەنیەکان داوای ئاشتیان کرد،ولە هەر داوایەک لە خاکی تورکیە چاویان پۆشی. سنوورێکی تازە هاتەکایە. مادام کە تورکیە لە شەڕگەی ڕۆژئاوا شکەستی نەخوارد،هزری پێکهێنانی ولاتێکی ئەرمەنی و لە ئاکامدا ولاتێکی کوردی ئیدی کارێکی لە کردن هاتوو نەبوو. وئێستا وادارکردنی ئانکارا بەرێگاچاری سیاسی مەسەلە هەرگاو،و چرکە گرنگایەتیەکی زورتری وەدەست دەهێنا. تێکۆشانێک هاتەدی هەتا لەمانگی مارس کۆنفراسێک لە لەندەن بە بەشداری نوێنەرانی عوسمانی وکەماڵیستەکان گیرا وپەیمانی(سڤر)بەئیمزای وان بگات.
بەڵام ئەم حەول وتەقەلایانە بە ئاکام نەگەین. دوو گرووپی ڕەقیبی کورد کاتێک خەبەری ئەم ڕووداوەیان زانی لەگەڵ گزیری پایەبەرزی بریتانیا لەئەستانبوڵ سەردانیان کرد،هەتا لە سەرئەم خالە لاق داگرن وبۆیان شی بکەنەوە کە لێژنەی نوێنەرایەتی ئانکارا بەهیچ جۆر وبەچ لەونێک خوازیاری ناسنامەی داواکاری خەڵکی کوردنییە. ئەم دەستە هەستیان بەمەکرد کە لاوازی وسستی لە ورەو ئیرادەی یەکگرتوەکانیش ڕیی کردۆتەوە،شوێن تێکەر بووە،ولەگزیری پایەبەرزیان داواکرد کە هەرنەبێت گۆڕانکاریک لەبڕگەی 64ی پەیمانی سیڤر کەبنەڕەتی خودموختاری دەوێدا بەخچەی کراوەتەوە، بدرێت،داواکاری خۆیان بۆ ئەوناوچانەی کە دەواندا زۆرایەتی بەکوردانە و لەو خۆدموختاریە جیاکراوەتەوە وبەسوورییەو فڕانسەودووچۆمان(بين النهرين)ی بریتانیا درابوون، نوێ بکرێنەوە. نەتەوەخوازانی کورد حەقی خۆیان
بوو نیگەران بن. بریتانیا ئێستا ئامادە بوو لە هەرپەیمانێکی دیکە کە لە بەسەرداچونەوە، لە هەرئامازەیەک بە(کوردستانی سەربەخۆ لەدواڕۆژ) دەست هەڵگرێ،هەرچەند هێشتا هیواداربوو کە بتوانێ برگەکانی پەیوەندار بەخۆدمووختاری ڕابگرێ-ومەسەلەکەی لە12ی مارس بەم قەرارە بەلێژنەی نوێنەرایەتی تورک گوزارش کرد. سەبارەت بەکوردستان یەکگرتووەکان ئامادە دەبن موافق لەگەڵ ڕاستیەکان و هەل ومەرج و، وەزیەتی مەوجوود(رێکی وپێکی وباشکارێەکی لێهاتوو)

لەبەڵیننامە باوین،بەم مەرجە کە ئەم هاوسەنگییە بەوەدی هێنانی هاسانکاریەک بۆ خودمووختاریەکانی ناوچەیی بگەرینێتەوە، ولەبارەی دابین کردنی داکۆکێکی تەواو لەقازانج وبەرژەوەندی کورد و ئاشۆڕیان وکلدانیان بێت. ئەوهەی کەبریتانیا زور پێی ئاتاج بوو، ئەمەبوو کەئانکاڕا بەوی متمانە بدا کە لە دنەدان لەسنووری ئێراق، دەست بکێشەتەوە. لەلایەکی دیکە بلشویکەکان وکەماڵیستەکان کە هەر دوو هەتا ئەم چرکە دۆستیان نەبوون و ئاتاج بە ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ یەکگرتووەکانی ڕۆژئاوایان هەبوو لە1921پەیمانی دۆستایەتیان پێکەوەئیمزاکرد. ئەمە یەکەمین جاربوو کە دەوڵەتی دەرەکی، دەوڵەتی ئانکاڕای بەفەڕمی دەناسی،ودەوڵەتی ئانکاڕا بەم(ئارزوە)نیازی هەبوو، چونکە یۆنانیەکان هەرلەومانگی دووهەمدا پەلاماری گەورەی خۆیان دەست پێکرد.یۆنانیەکان لە بەرزایەتی کە شۆڕشی کوردانی لەناوخۆی عوسمانی دەبەرگرتبوو ودەیتوانی سەرنجی کەماڵیستەکان لەوان وەربگێریۆ باش ئاگاداربوون. لە ئاستانبۆڵ وتوویژ لەم بارەوە لەگەڵ بەدەرخانەکان ونەتەوەخوازانی دیکەی کورد سەریگرتبوو. لەسەرانسەری درێژایی هاوین دەنگووباسی لێرەولەوێ سەبارەت بەداکۆکی ماددی و ماڵی یۆنانیەکان لەشۆڕشی کوردەکان بەگوێ دەگەییشت. لەکۆمای ئەم دنگ وباسانە یەکێش ئازادی سەربازانی کوردبوو کە یۆنانیەکان لە بەشێک لەهێزەکانی کەماڵیست بەدیلیان گرتبوون. لەمانگی ئەوت سەرۆک وەزیرانی یۆنان بەپێداگرتن لە ئۆڕوپا داوایکرد کە بەکوردەکان لە پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ ئالیکاری بکات. دەسەڵاتدارانی بریتانیایی لەم بارەوە، باسیان دەکردکەئاخۆ بەنهێنی بەکوردان یارمەتی بدەن یان نا: مەسەلەی شڵەژانی شوۆڕشێکی زیدی کەماڵیست لە پاییزی 1920 کە کەماڵیستەکان پەیمانی (سێڤر)یان بەڕاشکاوی ڕەت کردبوو،جارناجار جێی قسەوباس بوو. بریتانیا پێشتر پیشنیاری سەیدتەهای کە لەسپتامبەری 1920لە هەولێرسەردانی کردبوو وخوازیاری چەک وتەقەمەنی بۆ پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ ببوو، ڕەت کردبوو،پاشان بەگرتنی(استراتژی)هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەفکرڕاچووبوو. بەڵام شتێکی ئەوها بە مەرج وپێویست بەداگیرکردنی سەرلەنوێی جەزیرەی ئیبنی عومەر وتەدارەکاتی کوردەکان بەچەک وچۆڵ وتەقەمەنی ودانی متمانە بەوان بوو لەم بابەتە، کە لەمەوپاش لە ژێرچاوەدێری حکوومەتی فرانسە نابن.ئەم سێ شەقەش بەناوی شتەکانی لەکردن نەهاتوو لە قەراخ دانران وهەڵپەسیران. لەم کاتەدا بەنەزەرباشتردەگەیی کە نەک تەنیا لەگەڵ مەترسی کەماڵیستەکان بەڵکوو لەگەڵ هەڕەشەی بلشویکەکانیش بەربەرەکانی بکرێ، چونکەئەم دووە ڕۆژ بەڕۆژ لێک نزیکتر دەبوون. ئێستا کەیۆنانیەکان بۆخۆیان خەریک بوون لەگەڵ کوردان یەکگرتوو بن،ئەم فکرە سەرلەنوی پرێسکەی کراوە. نەخشە ئەمە بووکەئەم کارە بە دەستی عەشایەری شرناخ(شەرناک)بکرێ، ورێبەری مەسەلەکە بەنوئل وبەدرخانەکان بێت. بەڵام مەترسی لەمە کە بزوتنەوەی کوردکاتێک دەستی پیکرا جڵەوی لەدەست دەرچێت ئەم نەخشەیەی تێکدا. تەنیا لەحاڵێکی مەجبووری وزەروری دابوو کە سیاسەتێکی ئەوها دەگیرا. لەسەرئەمەش،بەهاتنی دەستەیەک لەسەربازانی کەماڵیست بۆ ڕەواندز لە ژوئینی 1921ودنەدانی سورچیەکان وعەشایەرەکانی دیکەبۆشۆڕش،وبەدوای ئەویدا هاتنی 500سەربازبۆ ناوچە لە سەرەتای ئەوت،ئەم گەلاڵەیە دیسان گیانێکی تازەی وەرگرت. هەرچەند لەکۆتایی ئەو مانگەی پەلاماری تورکان بە(ڕانیە) دەمکوت کرا، بەڵام ئاشکرابووکە ئانکاڕا بڕیاری گرە، مەڵبەندەکانی کوردنشین لە بریتانیا جیاکاتەوە وبۆ بەڕیوە بردنی ئەم مەسەلە لەپڕوپاگەندەی پان ئیسلامی بگرەهەتا ترساندنی کوردەکان لە عەڕەب،لە چ هەنگاوێک لە دنەدانی عەشایەرەکان دەست ڕانەگرێ. لەکۆتایی ساڵ تورکەکان بەپێچەوانەی بۆمبارانەکانی هێزەکانی ئاسمانی سەڵتەنەتی هێشتا لە

ڕەواندز بوون وبە وێچوویی زۆر هەتا تووانەوەی بەفرەکانیش دەمانەوە. ئینگلیزیەکان پێیان ناخۆش نەبوو کەلەگەڵ ئانکاڕامامەلە بەتۆڵەبکەن. عەبدولڕحمان ئاغای شڕناک ئێستا لەهەتەری چاوی ناوچەیەکی بچکۆڵەی پاردەی لەسنووری باشووری ئێڕاق بۆ بریتانیا وشای تازەی ئێراق،یانی فەیسەل،نیشان دەدا-ناوچەیەک کە بەسەرزەمینی ڕوو بەپێشکەوتووی سمکۆ کە لە مانگی ئاوریلی ڕابردوو لە تاران ئاشقیا ببوو،دراوسێی دیوار بەدیوار بوو. ئەم هەتەرەچاوە دلڕفێن بوو. لەمانگی ئۆکتۆبەر خەلیل بەدرخان(متصرف پێشووی مەلاتیە)وچەند کەسێک لەکوردەکانی ئەندامی ئەنجومەنی ئەستانبۆڵ گەیشتنەبەغدا. بەدرخان چاوەڕوانی شۆڕشەکانی هاوکات لەدرسیم ودیاربەکر و وان، کە لە ژێرڕیبەرایەتی وی بەرەیان پێکدەهێنا،هێناگۆڕ. ئەوجۆرەی کەخەلیل بەگ دەیگوت: ئەوهەی پێویست بوو: چەندئەفسەری وەک ماژور نوئل، یەک دوو تۆپی چیا،چەند دانە ڕەشاشی قورس وپێنج هەزار تفەنگ وڕادەیەک تەقەمەنی بوو. یۆنانیەکان قەولی پاپۆڕێک چەکوو تەقەمەنیان پێدابوو،بەم مەرجە کە بریتانیا ئیجازەی تیپەڕ کردنی ئەم چەک وچۆڵەی بەخاکی ئێڕاق دابدا. گزیری پایەبەرز کەوتە دوو دڵی، چونکە ئەگەرکەماڵیستەکان پیرۆزببان لەوانەبوو خەریک بن هەموو خاکەکانی کوردنشین وتورکمان نشین-هەتاکفری- وەرگرنەوە. بەڵام لەلەندەن چرچێل کەیفی بەمجۆرە ماجەڕایانە نەدەهات-مەترسی دیپلۆماتیک ونیزامی هەنگاوێکی وا زیادبوو. ئەگەر بریتانیا لە باشووری ئێڕاق هەستی بەمەترسی دەکرد، ئەم مەترسیە لەهەڵسەنگان لەگەڵ مەترسییەک کە کەماڵیستەکان لە ئاناتۆلی لەگەڵ وان ڕوو بەڕووبوون،شتێک نەبوو. لەمانگی ژوئیە وا بە نەزەر دەگەیی کە خۆدی ئانکاڕا ولەگەڵ ئەوی، بەشێکی گەورەی ئاناتۆلی وەبەردەست یۆنانیان دەکەوێ. مستەفاکەماڵ بۆخۆی فەرماندەری هێزەکانی تورکی وەسوکرگرت وبەشەڕێکی ئیکجارتوندو خوێناوی هەنگاوی هەڵینا ویۆنانیەکانی شکەست پێدا. ئەم هێزەی گرنگ پێش قەڕاوڵی تێشکانی تەواوکەماڵی ئەڕتەشی یۆنانی لەمانگەکانی ئەوت وسپتامبەری 1921لە ڕەخ چەمی ساکاریابوو،وەڕەق وەرگەڕابوو. ئێستا کە

گومانی سەرکەوتنی ئانکاڕا زێدەببوو،فڕانسە لە هاوپەیمانانی جیابۆوە. فڕانسە پێشتر لەباشووری سورییە لەگەڵ ئاژاوەویەکی گەورە ڕوو بەڕوو ببوو کەئێستا بەتێکۆشان وخەباتی گروپەکانی چەکداری کەمەڵیست دوو پات ببوو هەنۆکە دەیەویست بەدوژمنداریەکانی حازرلەکیلیکیە کەکوژاو دەوێدا ژمارەی بەرزببووە،کۆتایی پێبێنێت. لەمانگی ئۆکتۆبر پەیماننامەیەکی لەگەڵ کەماڵیستەکان گرێدا کە ناوەڕۆکی وی نەک بەبڕگەو دەستووراتی پەیمانی (سیڤر)بەڵکوولەسەربناخەوبڕگەکانی (قەول وپەیمانی نەتەویەتی)داڕژابوو وبەپێی وی لەداواکاری خۆی لەکیلیکیە وجێگاکانی دیکە دەستی هەڵگرت(پەیماننامەی ئانکاڕا).تەنیا لەنگەرگای ئالکساندرتای بۆخۆی هێشتەوە. ئەم قەولنامەیە بۆ دەوڵەتی ئانکاڕا سەرکەوتنێکی گەورەبوو،چونکە بل لەمە کە ناسیاوی فڕانسەی وەدەست هێنابوو،مامەلەیەکیشی، لەپشت سەری بریتانیا ئەنجام دابوو. کرزن یەکجارتووڕەبوو. فڕانسە بەتەسلیم کردنەوەی نسیبین وجەزیرەی ئیبنی عومەر بەتورکیە،دەڤەرێکی پڕجەماوەرو گرنگی بۆهێرش بەئێراق لە ئیختیاروی کەماڵیستەکان نابوو. بریتانیا ناعیلاج دیسان کەوتە فکری وەڕیخستنی شۆڕشەکانی عەشایەری لەباشوور،و چۆنێەتی هەڵگیرسانیان. بەڵام بەپێچەوانەی مەترسیەکی مەزن کە لەموسڵی هەڕەشەدەکرد،ئەوەی پێ باش بوو لەجیاتی ئەمە خۆی لە مەترسیەکانی پێشبینی نەکراوی شۆڕشی عەشایەری بخات ئەگەربۆی بلوێ لە کەماڵیستەکان نزیک بێتەوە. وبەڵام کوردەکان، تێگەین کە ئەوسنوورانەی کەئەوانی لەیەکتر جیا دەکرد، دیسان بەدڵخواو سەرپشک لەکۆی بەسەردا چوونەوەدا قەراریانگرت. عەبدولڕەحمان بەدرخان بەئاخ وئۆفەوە سکاڵای

هەبوو،ودەیگوت: (فڕانسە بە ئێمەی قەول دا کەلە ئێمە داکۆکی وپشتیوانی بکات،و ئێستا لەحاڵی حازردا ئێمەی بەتورکیە تەسلیم و بەدەستەوەداوە.) ئەو هیوادار بوو جەزیرە، کە پایتەختی کۆنی بۆتان بوو، بەشێک لەئێڕاق بێت. لەمانگی مارس 1922دەسەڵاتدارانی تورک ویەکگرتووەکان لە لەندەن چاویان پێککەوت: ئامانجی ئانکاڕا وتووێژ سەبارەت بە پەیماننامەیەک لە سەربناخەی (بەڵێن و قەول وپەیمانی نەتەویەتی)ومەخسوودی یەکگرتووەکان گۆرانکاری قاوغی پەیماننامەی(سیڤر)بەجۆرێک بوو کە زێدەپاروەک بەلایان بدا. بەمجۆرە لایانەکانی پەیمان داوای خۆیان بەداکۆکی لە کەمایەتیەکانی جۆراوجۆر ودابین ئارامی وئەمنێەتی وان-چ موسڵمان و چ مەسیحی،یان پەیوەنددار بەرەچەڵەو مەزهەبەکانی دیکە-چ لە تورکیەی ئۆڕۆپا چ لە تورکیەی ئاسیا پەسەندکردن. یەکگرتووەکان هێشتا خوازیاری وڵاتی ئەرمەنی بوون، بەڵام تورکیە بەچ لەونێک حازر بەقەبووڵی کارێکی ئەوها نەبوو. حوکم ودەسەڵاتی ئانکاڕا لەئاناتۆلی، بەپێچەوانەی سەرکەوتنێک کە18مانگ پێش دژی ئەرمەنیان وەدەستیان هێنابوو، هەروا شتۆکەک بوو. لە ئۆکتۆبری 1921 ئاڵۆزی وپشێووی لەناو عەشایەری کوردبەڕادەیەک بوو کە مەجلیسی مەزن مەجبوورلێژنێکی بۆ لاواندنەوەی کوردەکان بۆڕۆژهەڵات نارد. بازێک لەنوێنەرانی پاڕلەمان خوازیاری توندوتیژی کردەوە بوون،بەڵام هێندیک لە نوێنەرانی کورد لەمەجلیس، هاوکارانیان ئاگادارکرد کە بە قەبووڵ وادارکردنی نزیکەی 40000سوارەی شۆڕشی ئاتاجی بەهێزێکی شیاوهەیە، کەلەبەردەست دانییە.
هەربەمجۆرەی کە شوێن تێکردنی کەماڵیستەکان لەباشووری ئێڕاق نیگەرانیەکی زۆری لە بەغدا پێکهێنابوو، مەترسی دنەدانی ئینگلیزیەکان لەناو هۆزەکانی ئاناتۆلیش ئەونیگەرانیەی لە ئانکاڕا پێکهێنابوو. لەمانگی مارس هێشتا سەروسامانێک لە بارودۆخ وەدەست نەهاتبوو. لەئانکاڕا ئاقیدە لەسەرئەمە بوو کە مەلیک فەیسەل وئینگلیزیەکان لەپشت سەری ئەم پشێووی نائارامیەنە. هەڵبەتە(لەناوئینگلیزیەکان)دەستەیک بوون کە هەر وا خوازیار بە داکۆکی لەم جەرەیانە بوون. سەرهەنگ راولینسن،کە لە ئاناتۆلی ئەفسەری پەیوەندی داربوو،لە ڕاپۆرتی خۆی دەیگوت:(سەرۆکانی عەشایەرسەرجەم ناڕازین-ویەکجار سەبارەت بەتورکانبیروبۆچوونی دوژمنداریان هەیە، و بۆ هەنگاو هەڵێنان بە عەمەلیات نیاریان بە ئامادەکردنی کەرەسەیەکی هێندەنییە (جگەپارەوچەک)و پێشنیاری دەکرد کە چەکو تەقەمەنی بەتایبەت ڕەشاش بەسێ عەشیرەی کوردی تەحویل بکرێ کەئەوئاقیدەی وابوو دەتوانن ئارزەڕۆم وبایەزیدو زەنجانێ داگیرکەن. لەندەن لەبەرامبەر ئەم جینگنە وازوازیە خۆی ڕاگرت. لەکۆتایی هاوینی 1922هێزەکانی تورک،یۆنانی یان لەئاناتۆلی گەسگ دان وڕاونان وبۆ ناوچەی چۆل وچەغورو دۆل ودەرە هێرش برد. فەرماندەری هێزەکانی ئینگلیزی لەناوچەی گەڵی دۆڵ ودەرەکان کەخۆیان بە ممکینون و وێچوونی شەڕەکان لە شەقامەکانی ئەستانبۆڵ ڕوو بەڕوو دەبینی لەئاخری سپتامبەربەدەست پێکردنی وتووێژ سەبارەت بەئاگربڕی شەڕ ڕەزامەندی دەربڕی،وپەیمانی ئاگربڕلە13ی ئۆکتۆبەر لە(شار ئیمزاکرا. لەونێوەدا،حەول وتەقەلاکانی ئانکاڕا لەنێوان هۆزەکانی کوردلەبەرچاو ئاکامی هەبوو. لەسەرەتای بەهاری ساڵی 1922،هەرلەوچرکەی دا کە راولینس،بۆ وەڕێوەخستنی مەسەلەیەک لەئاناتۆلی بەپشتیوانی بریتانیا لاقی چەقاندبوو فەرمانداری کەمالیست لە ڕەواندز سەقامگیربوو. لەمانگی ژوئین سەرهەنگێک بەناوی عەلی شەفیق،ناسراوبە (اوزدمیر)جێگری وی دانرا. ازدمیر بەڕاشکاوی دەیگوت: کە ڕاسپادەکەی داگیرکردنی سەرلەنوێی مووسڵە. لەوجێگایە کە هێزەکیش لە جەزیرە سەقامگیرببوو،ئەم داواکردنە باوەڕی پێدەکرا. هێندەی پێ نەچوو کە ئەزدمیر پشتیوانی بەشەکانی گرنگی ناوچەی بۆلای خۆی ڕاکێشا: هۆزوتیرەکانی سورچی، خۆشناو، زەنگەنە، هەمەوەند، پژدەر،و لە

دەڤەرەکانی هەولێر وکەرکووک وسلیمانیە بەقولایی شوێن یان تێکرد: لە ماوەی ماوای وەرزی هاوین بەشەکی زۆر لە هۆبەکان حوکم ودەسەلاتی بریتانیایان فڕیدا. بەجۆرێک کەلەسەرەتای سپتامبەر هێزەکانی تورک بێ هیچ جۆرە تەقەولێکدان وبەربەرەکانی ڕانیەیان داگیرکرد و هەڕەشەیان لە عەقرە دەکرد. ستوونێکی ئینگلیزی کەبۆیارمەتی ڕانیەی ناردرابوو ،بێ ئەوە بەئامانج بگات زۆری سەدەمە وێکەوت. ئەزدەمیر بۆ داگیرکردنی کوی سنجاقش دەست بەکاربوو. لەمێژ بوو کەبەغدا دەیزانی کە ئاکارو ڕەفتاری لەرزۆکی کوردەکان هەتا ڕادەیەک هۆی نامەعلووم بوونی دواڕۆژی خۆدی ئەوان وبەتایبەت نادیاری بوونی نیەت وئامانج ومەخسودی ئینگلیزەکانە. دەیەی پێش یان شتێک لەم حدودانە ناوچە شایەتی گۆڕانکاریەکی بێ وێنەبوو کە لەگەڵ ئینقلابی 1908 دەستی پێکرد ودوایی ترس و لەرزێکی سەرهەڵداو لەشەڕی دنیاگری 1918-1915بەرزایی وی بیچمیکی تازە لە نیزام و سیستەمی ئیداری دەرەکی (مەسیحی)بوو. بل لەوانە،زاهیرەن هێشتا شۆڵ بەئاکامی خۆی نەگەیبوو. لەباشوور مستەفا کەماڵ بەناوی نشتیمانی ئیسلامی لەگەڵ هێزەکانی لە خۆی بەقودرەتتر شەڕی دەکرد ولە1920 بەم لاوە بازیک لەعەشایەری کوردستانی باکوور بۆ شۆڕش دژی ئیگلیزیەکانی دەنەدەدا. لە ڕۆژهەلات،سمکۆ لە1920 دژی دەسەلاتی ئیران ڕاپەڕیبوو ودەیەویست مەڵبەندێکی سەربەخۆ پێکبێنێت، وئەم کارەسروشی بوو هەستی کوردەکانی ئەم لایەی سنووری ورووژاو دەکرد. سمکۆش وەکوو کەماڵیستەکان لەداکۆکی بلشویکەکان کەلکی وەردەگرت. لەهاوینی 1921سەرکەوتنەکانی سمکۆ هەتەری چاوی دڵڕفێنی کوردستانی سەربەخۆی، کەلەعوسمانی وئێران جیا ببووە،بەئینگلیستانی نیشاندابوو. بریتانیا هەرچەند لەئیران زەنین بوو وپێی وابوو کە واردبوونی ئۆردۆی تورک لەڕیگای خاکی خۆی بۆ ئێراق سانایی دەکات، دژی ئەمجۆرە ڕووداوانە بوو،وئەم کەڕەت ئەم دەژایەتیە زۆرتر بەهۆی ئەومەترسیانە بوو کە لە نێوان سنووری ئێران وعوسمانی وەشرابۆوە. ئێستا سەرۆکانی کورد دەبوایە وەزع و بارو دۆخی خۆیان هەڵسەنگاندبوایە، بەتایبەت ئەگەر کەماڵیستەکان سەرکەوتووبان-کە سەردەمێک وێدەچوو! کەمەڵیستەکان هەڕەشەکانی ئەرمەنیەکان ویۆنانیەکان و فڕانسەویەکانیان یەک لەدوای یەکدا وەک بلقی سەرئاو پۆچاندەوە. لەسەرئەم وەزعە ئاخۆ لەکردن هاتن بوو لەپارێزگای مووسڵ کەداواکاری لەمەرئەو، بەڕاشکاوی لە (پەیماننامەی نەتەویەتی) رەدیف کرابوو چاوی لێ بپۆشن. لەماوەی پاییزی ساڵی 922 فکری خۆ بە دەسەتەوەدانی سەرلەنویی پارێزگا بە کەماڵیستەکان زەینی دانیشتوانی پاریزگای ئیکجارمشەوەش و بەخۆوەغافلاند. لەبەغدا هیوالەسەرئەمە هەڵچنرابوو کە بەچاوبڕین لە وتووێژی ئاشتی و خودمووختاری (دووفاکتۆ)یی کەبەکوردەکان وادە درابوو،مەترسی تورکان لەکوردستان دامرکێ. لەڕاستیدا هەرئەوجۆرەی کە ئەزدمیر بەمستەفاکەماڵی ڕاپۆرت کرد،پێکهێنانی دەم ودەزگایەکی سەربەخۆی ئیداری لەکوردستان دۆخ وهەڵکەوتی پان ئیسلامی وتورکەکانی ئیکجار بێهێزولەرزۆک کرد. کاتێک یەکگرتووەکان لە هەر دووک دەوڵەتی ئانکاڕاو ئەستانبۆڵ بۆ وتووێژ سەبارەت بەمەرجی پەیمانی ئاشتی لە27ی ئۆکتۆبەر بۆ لۆزان بونگهێشتن لێکردن،پاڕلەمانی گەورەی نەتەویەتی بەهەڵوەشانی سەلتەنەت لە سەرەتای نوامبەر دژکردەوەی نیشاندا. ئەم جەرەیانە بناخەوبنەڕەتی قانوونی دەوڵەتی ئەستانبۆڵی تێک وپێکداوسێ ڕۆژ دوایی وی، ژیانی دەوڵەتی ناوبراو کۆتایی پێهات ودەوڵەتی ئانکاڕا لەلۆزان بەوێنەی دەوڵەتێکی بڕیار گرو بێ گیرەوکێشەی تورکیەنیشان درا. بەلام ئەم مەسەلە لەکوردستان ولەناو سوننەکانی وەفادارو دیندارهۆی ترس ولەرزی پێکهێنا و(لەگەڵ پەیمانی ئاگربڕی شەڕی ڕیکەوت 13ی ئۆکتۆبەر)لەداکۆکی خەڵکی ناوچە لە حزووری تورکانی لە کوردستانی باکووری کەم کرد.

هەرچەند قەراربوو وتووێژی ئاشتی لە مانگی نوامبەر لە لۆزان دەست پێبکات، بریتانیا لەمەڕحزووری هێزەکانی تورکیە لە ڕەواندز نیگەران بوو. چاخێک وتووێژ دەستی پیکرا،وەزارەتی (داگیرکەر)،کە نیگەرانی دنەدانی دوژمنی تورکەکان بوو بەگزیری پایەبەرزی عەمرکرد کە هێرش بردن ودەست وەشاندن بەپایەگاکانی تورکان، هەتا لەناو سنوورەکانی ئێراق، خۆبپارێزن. لەپەرسڤ، گزیری پایەبەرز گوزارشتی کرد کە خوشبەختانە ئەم دەستوورە دەرنگ بەدەست گەیوە.

کرزن کەهێشتا وەزیری دەرەوە بوو هەتا لەمەش زێدەتردەترسا. ئەولەلۆزان بەتیلگراف پێشنیاری کرد بوو کە بۆ دابین کردنی پەیماننامەی ئاشتی، دەڤەرەکانی کوردنشین بەتورکان بسپێردرین. ئەم پێشنیارە لە لەندەن وەپشت گوێ خرا. وەزارەتی هیزەی ئاسمانی و بەرگری ئەم مەڵبەندانەی لەباری نیزامی بۆ دووچۆمان(بين النهرين) بەشارەکی حەیات دەزانی، ئێستا کەوەزارەتی دەریاداری ئیلاقەمەند بوو کەچاڵاوەکانی نەوتی بپارێزێت. جگەلەوە ئەم شۆڵەوەکوو سەرپێچی لەو بەڵێن و وادانە بوو کە سەبارەت بەسنوورەکانی حکوومەت بەمەلیک فەیسەل درابوو. ئاخافتنەکانی ئاشتی لۆزان کاتێک کە دەستی پیکرا بەخەباتێکی دوورودرێژ گۆڕدرا. پەیماننامەکە لە24ی ژوئیەی 1923 بەئیمزاگەیی، خڕووپتوونی ویست وداواکاریەکانی تورکیەی جگە لە پارێزگای مووسڵ دابین کرد. لەم بارەوە دەپێشدا بریتانیاو تورکیە نەیانتوانی تەوافق سازیش وەدەست بێنن،وادانرا ئەگەرهاتوو ماوەی نۆمانگی دوارۆژ وتووێژی دوو قۆڵی بەڕیککەوتن وسازیش نەگات (کەنەگەیی)مەسەلە بۆ داوەری بۆ نێو نەتەوەیی بەڕێ بکرێت(برگەی 3و2)ی ئەم جەرەیانەی پارێزگای مووسڵی بێ تەکلیف دەهێشتەوە. گروپەکانی (تورک خواز)لەگەلێک لەشارەکان سەریان وەدەرخست،لەم شارانە بنەماڵەکانی ماقووڵ تێدەکۆشان کە حەتمەن یەک دوو کەس لەئەندامانی بنەماڵەیان لەم گروپانەدا حزووریان هەبێت. لە لۆزان کرزن بەعیسمەت ئینۆنۆ،نوێنەری تورکیەی، بەڕاشکاوی وخاڵی لەب ولێڵ گوتبوو کە(سەرجەمی ئیتلاحات وئاگاداری ئێمە حیکایەت لەمە دەکا، کە کوردەکان بەمێژوو ورەسم وعادەت وسروشت جیاوازی خۆیان، دەبێ لە تۆرەمەو ڕەچەڵەیی ڕاستەوخۆبن.)بەڵام بەخۆڕایی. لەپەیمانی تازە لەهیچ جۆرەماددە وشێکردنەوەیەکدا لەبارەی وەزیەت وباردۆخی کورد و ئەرمەنیەکان شوێن و نیشانەیەک نەبوو،لە دەستەبەریەکانی پێویست وپەیوەندار بەمافی کەمایەتیەکان موسڵمان، وبەدیاریکردن کوردەکان وچرکسەکان وعەرەبەکان،قسەیەک باسی لێنەکرابوو، ناوێک نهاتبووگۆڕو چ پرێسکەیەک سەری نەکرابۆوە. تەنیاو تەنیاو شتێک کە ئەم کەمایەتیانە وەریان گرت ئەم وادەیە بوو کە هیچ جۆرە لەمپەروتەنگ وچەڵەمە ولە بۆ هیچ هاو وڵاتیەکی تورکیە لەمەڕ زبانی قسەپێکردن تایبەت،سەوداگەری ودین وچاپەمەنی، ویان بڵاوکراوە بریتی لە کۆمەڵگای گشتی بەڕێوەناچێت. لەسەرئەوەی ڕا کە زبانی فەرمی تورکیە، هاسانکاری پێویست لەبەردەست هاووڵاتی ناتورک زبان بە مەبەستی کەلک وەرگرتن لە زبانی خۆیان لە مەحکمە دادەنرێت(برگەی 39) کرزن کە لەتفی سەبارەت بەتورکەکان نەبوو،ناڕاحەتی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی: (زوردڵنیانیم،بەڵام هیوادارم دوارۆژێکی باشی هەبێت.) هەروەک لە دوایی دابینیمان تورکیە خەراپترین چاوەنواری وی لە پشت سەربەجێهێشت: لەوچرکەوە تێکۆشا کوردەکان لە سەرسندانی (پان تووراني)خۆی بکوتێ وبیان توێنێتەوەو بیانکات بەتورک، و هەتا دەستەبەری ئاوەکیشی کە لە پەیماننامە وەسوکرگرتبوو، شەقەکی تێهەڵداو لابرد.

پارێزگای مووسڵ

مەسەلەی گرێپوچکەی مووسڵ نەکراوەماوە. کەماڵیستەکان حازر بەسەرلادان لە دامو دەستور(پەیمانی نەتەویەتی) نەبوون کە داواکاری هەموو سەرزەمینەکانی عەرەبی دەوڵەتی عوسمانی بوو. ترسیان ڕێنیشتبوو، لەمە کە ئیحساساتی نەتەوەیی کوردەکان لە پارێزگای ناوبراو، و ئەوحەول و تەقەلایانەی کە لە باشوور بۆ(تورک بوون)ی وڵات دەیانکرد، وەک بڵقی سەرئاوی لێبکەن و بێ پووچێننەوە. بەڵام ئینگلیزیەکانیش ئیشتایان بە وێدانەوەی ئەم پاڕیزگایە نەبوو. بە ڵیکدانەوەیەکی تازە لەپاشەکەوتی نەوتی ناوچە،ئەم مەسەلە ڕۆژ بەڕۆژ گرنگایەتی زۆرتری وەدەست دەهێنا. لە سەرئەمەش، هێشتا گرنگترین مەسەلە نەوت نەبوو. بریتانیا لە1923حازربوو بۆ دابین کردنی داکۆکی ئامریکا لەپاراستنی پاریزگای مووسڵ لە لای وی،نیوەی لە70دەرسەتی بەشی شەریکە نەوتی ئیگلیز و ئێرانی لە نەوتی مووسڵ بەاستانداردی اویل ئامریکا بدا. کرزن هەتا ئامادەبوو بۆ دەست وێڕاگەین بەپەیماننامەی لۆزان پارێزگای مووسڵێش بە تورکیە بسپێرێت،بەڵام ئەوان کە ئیلاقەیەکیان بەبەرگری لە دووچۆمان هەبوو-یانی وەزاڕەتی داگیرکەر،وەزاڕەتی کاروباری هند و وەزاڕەتی ئاسمانی و وەزاڕەتی بەرگری –هەڵڵاوهورایان وەڕیخست-وئەویان وادار بەقەرەقەپ کرد. چ بریتانیا وچ تورکیە بەپێشنیاری پشکەبەشی سەخاوەتمەندانە لە نەوت، یەکتریان بەچاوپۆشی لە داواکانیان واداربکەن.هیچ کام لە لایانەکان هێندە ئەم جەرەیانەیان کەیف پێنەدەهات. یەکەمین بیری هەڵقوڵیوی کەرکووک هەتا ساڵی 1927نەگەیشتە نەوت. ئێراق-کەدووچۆمان ئێستابەم ناوە نادێربووـلەمەڕ سیاسی ونیزامی وئابووری بەبێ باشووری(کوردستان)نەیدەتوانی ژیانی خۆی بەردەوام بکات. چەتوونی کارئەمە بوو. چاخێک بریتانیاو ئێراق (پەیمانی ڕیککەوتننامەی)خۆیان لەساڵی 1924(تەسدیق)کرد،ئەم پەیمانە دەباوشگری هاوپێچێکی گرنگ بوو کە دەیگوت: بێتوبریتانیا نەتوانێ مافی ئێڕاقی لە هەموو پارێزگای مووسڵ بپارێزێ،پەیمان لەئیحتووباردەکەوێت. لەلۆزان تورکیە خوازیاربەدەنگی خەڵکی ناوچەبوو،بەڵام بریتانیا ئەم داواکاریەی ڕەت کردبوو،بریتانیاخوازیاری داوەری نێو نەتەویی بوو،ئەمە شتێک بوو کە تورکیە بەچ لەون پێیخۆش نەبوو. چونکە نیو نەتەوەیی بە گاڵتەجاڕی زلهێزەکان دەزانی. تورکیە هەروا هیوای لە سەردەنگی جەماوەری ناوچەهەڵچنیبوو، و حازر بوو مەسەلەکە هەرواهەلپەسێرێ،بەم هیوایە کە مروری زەمان فورسەت و ئیمکاناتی بۆ دەست بەسەرداگرتنی مووسڵ بۆ هەمواركات. ئەم جەرەیانە دانیشتوانی ناوچەی لەسەرگەردانی وبێ تەکلیفی دەهێشتەوە. یەکێک لەهۆکاری دژواریەکان، هەستی مەترسی خەڵکی پارێزگا، نەبوو، سنووری داریکراو لە باشووری پارێزگابوو. ئەم کارەهەڵبەتە هەڵەو سەهوو نەبوو کە گەڵاڵەی نەخشەکێشی ڕوویدابێت. عوسمانیەکان سنووریان ئەوها دیاریکردبوو کە بازیک لەبەرەکانی ملکەچ نەکراوی عەشایەری دابەش بکرێن. وبەڵام دوایی،ئەم سنوورانە بەهەل ومەرجی سیاسی دەگۆڕدران-ولەم نێوەدا سنوورنێوان پاریزگاکانی مووسڵ و وان لەهەمووان ناروونتر بوو. لەڕاستیدا نەخشەیەکی فەرمی وجوودی نەبوو لەبەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر تەقەولێکدانێک ڕووی دەدا. لەمانگی ئەوت ئەم جەرەیانە بە بەرزایی خۆی گەیی، وئەمەکاتێک بوو کە گوندەییەکانی ئاشۆڕی ناوچەی سنووری،فەرمانداری تورکی ناوچەیان بەدیل گرت. دەستەیەک لە هێزەکانی تورک

لە دژکردەوە بەم هەڵویستە، هیرشیان کردە سەر گوندەکانی ئاشۆڕی نشین،لاقیان (لەخاکی ئێراق) نا وبە غەزەبێکی تەواو 8000کەس لەدانیشتوانی ئەم گوندانەیان لەناوچە ڕاونان. هەروا لە6ی ئەوتی 1924بریتانیا بە فەڕمی مەسەلەکەی بۆ نیونەتەوەیی نارد. بەپێچەوانەی پڕکێشی بریتانیا لە29ی سپتامبەرو15ی ئۆکتۆبر،تورکیە لەچۆڵ کردنی ئەم ناوچەیەی کە بریتانیاداوای ملکایەتی وی دەکرد جواب جەبگی کرد. تەنیا شتێک کەپێشگیری لەدەست پێکردنی شەڕکرد،حەولدانی ڕیکەوت 29ی ئۆکتۆبەی نیونەتەوەیی(سازمانی ملل) بوو،کەدەویدا جامیعەی ناوبراو خەتی کەوشەنی بۆماوەیەکی بەرتەسک ناسراوبە(خەتی بڕوکسل) دیاری کرد،کەقەراربوو هەتا جێبەجێکردنی یەکجاری مەسەلە ونیشاندانی ڕاپۆرتی کمیسیونی لێکۆڵینەوەی نێو نەتەوەیی(گزارش کمیسیون تحقیق جامعة ملل)بەناوی خەتی سنووری بناسرێت. ئەم کیسیونەدوایی سەردان لەلەندەن وئانکاڕا وبەغدا لەژانویەی 1925 گەیشتە  مووسڵ. ڕاسپاردەکەی ڕاسپاردەیەکی سانایی نەبوو. زۆڕایەتی خەلکی پارێزگا بەشک ودوو دڵی کورد بوون،بەڵام لەخۆدی شاری مووسڵ زۆرایەتی دانیشتوان بەعارەب بوو،لەحاڵیکدا شارۆچکەکان وگوندەکانی هەڵکەوتوو لەسەرچەقی ڕیگای شۆسەی بەغدا زۆریان تورک زوان بوون. بەڵام بەوجۆرەی کەکمیسیون ئاگاداربوو،کوردەکان وردە وردە(زەویەکانی شیاوی کشت وکاڵیان دەست بەسەردا دەگرت وبازیک شارۆچکەکان بەتایبەت شارۆچکەکانی تورکمان نشین شۆسەیەکیان بە شارۆچکەکانی کورد گۆڕین.)کێشانی خەتێکی فاسیلەنێوان دەڤەرەکانی کوردنشین وعەڕەب نشین،کەتەنیا خەتێکی قەومی بوو کە دەکرا لە نێوئەم کۆمولگایەبکێشی، سەر بەخۆیی ئابووری مووسڵ وناوچەکانی کوردنشین ناوئەوانی بەشتێکی بەهیچگۆڕاند. لەلایەکی دیکە هەروەک کمسیون بەڵگەی دێناوە ئەگەرهاتوو تەنیا مەسەلەی قەومی لەبەرچاوبگێریێ ئاکامی پێویستی عەمر وەدیهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی کورد دەبێت،چونکە کوردەکان پێنج هەشتەمی ئاپوورەی پارێزگای پێکدێنن. ئەم ژمارەیە، کوردەکانی یەزیدی نەدەهێناحیساب-تێبینی: لەحاڵێکدا کوردی یەزیدی ڕەسەنترین کوردن کەملکەچی مەزەبی ئیسلام نەبوون دەهۆی عارەبانیان وەک بلقی سەرئاو پووچەڵ کردەوە.(وەرگیری کوردی)-ئەگەر یەزیدیەکان حیساب کرابان ئەوکات ئەم نیسبەتە سێ چوارەم دەبوو. لەسەرئەوەش ڕا شووڕا ئاقیدەی وابوو کەکوردەکان هێشتا لەکولڈا کارتێکەر لە ئیحساسێکی یەکپارچەیی نەتەوەیی نین.  لەنێوکوردەکان بەئاگاداریەکی نەتەوەیی ڕووبەپێشچوون ڕووبەڕوو دەبین کە بەدیاریکراو کوردیە، وپەیوەندی بە(ئێراق)وەنییە.  ئەم ئاگاداریە لەباکوور بەروپێشچوونی زۆرکردوە وهەرچەند بۆلای باشووردەڕۆی کەم دەبێتەوە ولەدەشتی مووسڵ وچیاکانی عەقرە بەتەواوی کۆتایی پێدێت. مەسەلەیەکی گرنگی دیکەش هەبوو: لەوکوردانەی کە لە دەڤەری کێشەو چەقە دانیشتوون،ئەوانەی کەلە باشووری زێی گەورە ژیان تێپەڕ دەکەن لە مەڕ زوان،خزمایەتی قەومی،وڕابیتەو هاتووچۆی خۆو ئابووری لەگەڵ کوردەکانی پاڕیزگاکانی حەکاری وماردینی تورکیە، پەیوەندیەکی زۆرتریان هەیە،لەحاڵیکدا ئەوانەی کە لە باکووری زیی بچووک دانیشتوون، ڕیی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ کوردەکانی ئێران هەیە. کێشانی خەتی سنووری لەناوچەکانی نیوان ئەم دوو چەمە کارێکی دژوارە. بل لەوانە لەناوچەی خەتەکانی فاسیلەی دیاریکراوی نێوان هۆبەنشیان ووەرزێران،نێوان هۆزوتیرەوتایفەکانی جینار،یان نێوان بەشەکانی ناوەخۆی قەبیلەکانی مەوجودبوو. بەئاقیدەی کمیسیون، هەستی نەتەوەیی کوردەکان تەنیا لەدژایەتی لەگەڵ دەست تێوەردانی سیاسی دەرەکی یان لەخەباتی مرۆڤانی کورد ڕەچەڵە لەو جێیانەی وەک ئەستانبۆڵ ولەسەریەک ئەوکەسانی دەنواند کەبەسەرجەم پەیوەندی لەگەڵ کەس وکاریان لەدەست دابوو. تەنیا جیابونەوەیەک لە مەڕ ئەم قائیدەی پتوونە

هەبوو وئەو دەڤەری سلیمانیەبوو کە ئێمەلە وێ بەهەست وئیحساسی (نەتەوایەتی کوردی) ڕوو بەڕوو دەبووین کە ئەگەر چ نۆچەبوو،بەڵام بەڕادەیەکی تەواو بەرئاقڵانەو واقعییەت وکارتێکەربوو،چونکە هەرچەند خەڵک دەیانگوت: کە گەورەترین ئامانج وئارەزویان گەیشتن بەسەربەخۆیەکی تەواوە بەڵام کەلەک وەرگرتن پەیدابوو لە(قەومییەتێکی)ڕووناک بین و، وشیاری دەرک دەکردو دەزانی. بەڵام لەسەریەک: لەنێو کوردەکان ئیختلاف ئاقیدە زۆرە. خەڵکی سلیمانیە ودەوروپشتی نزیکی وی کەخوازیاری(خودموختاری) لە ناوەخۆی وڵاتی ئێڕاقن،نزیکەی نێوەی لەجەماوەری کوردەکانی پارێزگا پێکدێنن. لە بەرئەمە نێوەی لە جەماوەردەمایەوە کە دەبوایە بەم ئەمرە قانع ببوان.  دژی هەنگاوهەڵێنان بەپێکهێنانی وڵاتێکی کورد لەمەڕبناخەی  نەتەوایەتی لەپارێزگا،دەلیلی دیکەش پریسکەی دەکراوە. نەک سنوورەکانی سیاسی ناوچەی کێشەلەگەڵ ئێران وسوورییە،نەک سنوورەکانی مەوجود،نەک سنوورەکانی کەتورکیەوئێڕاق داوادەکەن هیچ کام لەوانە سنووری دەڕەچەلەیی نین.  بل لەمە کمیسیون بەڵگەی دەهێناوە کە کوردەکانی پارێزگای مووسڵ بەشێکی (زۆرکەم)یانی 20لەسەت لە جەماوەری کوردستان پێکدێنن. بەمجۆرەکمیسیونی نێونەتەوەیی لە بەرچاوگرتنی قەومی بە قازانجی ئابووری ولەشکرکێشی، بەتایبەت شیاوتربوون و وەپێشخرانی کۆمەڵگای لەقەراخ دانا. لێرەدا هەڵبەتە کمیسیون لەترسی تۆڵەکردنەوە بە قسەداپۆشین و درووە دەلەسە دەستەوداوین بوو.  نەبوونی هەست وئیحساسی نەتەوەیی ئێڕاقی ژمارەیەکی زۆری لەم ( شیاوتربوونانە)شێ دەکاتەوە. عارەبەکانی نەتەوەخواز دەڵێن: کەتورکیەی لە سەرئێراق لە ژێرحوکم وچاوەدێری دەرەکی بەباشتردەزانن. لەلایەکی دیکە دەستەیەکی زورلەسەرۆکانی مەسیحی دەڵێن: کەلەنەبوونی چاوەدێری دەرەکی (کەباشیان دەزانی لەلایان چ دەوڵەتێکە)هەستی ڕەشبینی وان سەبارەت بەدەوڵەتی تورکیەکەمتر لەئێڕاق نابێت. ئەم بیروبۆچوونە لەناو یەزیدیەکانیش دەتوانی بدوزیەوە. کوردەکانی سلیمانیە خوازیاری خودموختاری ناوچەیی بەرفرەوانتربەیارمەتی ڕاوێژکەرانی ئینگلیزین. لەسەریەک بیروبۆچوونێک کەبەقازانجی ئێڕاق دەربڕا،لەزۆربەستین لە سەربناخەولەبەرچاوگرتنی کەسین یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو هەتا نیشتمان پەرستی لەڕیگاو گشتی وهاوبەشی وی. کمیسیون تێگەیی کە داوای تورکیە سەبارەت بەمە کە خەڵک خوازیاری گەڕانەوەی حکوومەتی تورکیەن،ڕاست نییە و درۆیە.                    دوو

ڕووداو کەلەتورکیەقەوما وەزیەت ودۆخی روو بەلاوازی لایانگرانی تورکیەیی لەپارێزگای مووسڵ بەتوندی کزکردبوو: لەساڵی 1924 ئانکارا دەم ودەزگای خەلافەتی تێک وەرپێچابوو دوایین ئاڵقەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیانی موسڵمانی تورکیەیی لەناوبردبوو، وکارتێکردنی ئەم جەرەیانە لە هیچ شوێن بەتوندی وەک کوردستان نەبوو،کەدەویدا نەخشبەندیەکان دایم ودەرهەم لەسەرگرنگایەتی خەلیفەلاقیان قرساندبوو. وئێستا جێگای ئەمە پڕوپاگەندەی توندی فەرهەنگی نادینی وفەرهەنگی تورک گرتبوویەوە. هەرلەوکاتی کەکمیسیون بەلێکۆڵینەوەخەریک وسەرگەرم بوو،شۆڕشێک بەڕیبەری شێخی نەخشبەندی بەناوی شێخ سەعید بەتوندی وبە غەزەبەوە سەرکوت کرا وحکوومەت، خەڵکی گوندەکانی لەماڵ وحاڵی خۆ دەرپەڕاند وبۆ دوورخراوەیی بەرێکردن.(پاژی 9) کمیسیونی لێکۆڵینەوەی نیونەتەوەیی لە کۆتایی تۆژینەوەی خۆی، ناوچەی باکووری خەتی بڕوکسل)ی بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی دوو شەرتی گرنگ وە ئیراق داوە. (1) دەڤەر دەبێ بەلانی کەم 25ساڵ لەژێر سەپەڕشتی کارتێکەری نێونەتەوەیی بمێنێتەوە.(2)داواکانی خەڵک بریتن لەمە: کەکارگێرانی ڕەچەڵەکورد بەبەرپرسایەتی کارەکانی دەڤەرو بەڕیوەدنی عەدالەت و پەروەردەوفیرکردنی قوتابخانەکان دابنرێن، دیقەت بکرێ وزمانی کوردی زبانی فەڕمی سەرجەمی ئەم بنکانە بن.

ئەمە تەرتیباتی،خودموختاری نەبوو. کمیسیون دەیگوت: کەئەگەر عەلاقەمەندی بەم دوو مەرجە نەبوایە خەڵکی ناوچەڕنگەحاکمێیەتی تورکەکانیان لە عەرەبان پێ باشتر بوایە. نیونەتەوەیی(جامیعەی ملل) لە تۆژینەوەی کۆتایی خۆی،هەروەک ئێراق ماوەی 25ساڵی دوارۆژ ئەندامەتی جامیعەی ناوبراوی وەدەست دەهێنا،مایل بەپاشگەز لەمەرجی ئەوەڵ بوو. بەڵام لەسەرئەوەش کاتێک ئێراق لە1931بەسەربەخۆی گەیی بۆ دەستەبەری مافی سیاسی وفەرهەنگی کوردەکان چ هەنگاوی هەڵنەهێنا. تورکیە بەمە ناڕەزایەتی دەربڕی وبەسەقامگیری سەرلەنوێی و حاکمییەت (دووفاکتۆ)ی تورکیە لاقی چەقاند. لەمانگی مارسی 1925دوایین حەول وتەقەلای خۆی بۆ قانع کردنی بریتانیا بۆ پێ ئەسپاردنی پارێزگا لەبەرامبەرمافی کەلک وەرگرتنی پاوانی،لەنەوت بەعەمەل هێنا،بەڵام بریتانیا خۆشحاڵی خۆی بەم کارەنیشان نەدا. لەبەرچاوگرتنی لەشکرکێشی لە سەر لە بەرچاوگرتنی پەیوەند بەنەوت غالبەی کرد. قسەکەری لیژنەی نوێنەرایەتی تورکیە چاخێک کمیسیون لە وی داواکردکەبیروبۆچوونی دەوڵەتی خۆی سەبارەت بەمەرجەکانی کمیسیون، لەبارەی داواکاریەکانی خەڵکی کورد دەربڕی،گوتی: (هەمووکوردەکان لەتورکیە بێ چ تەنگ وچەڵەمە ئەومافەی شیاون، کەتورکەکان لەوی کەلک وەردەگرن.) ئەم هەڵویستەی تورکیە لە درێژایی دەیەکانی دوارۆژ بوو کەلەماوەی ئەوان سەرکوتی کوردەکان بەردەوام بوو، و وجودی کوردەکانی کەلەچوارچێوەی سنوورەکانی دەژیان حاشای لێدەکردن. کاتێک نێونەتەوەیی(جامعەی ملل)بیروبۆچوونی دادگەی نیودەوڵەتی لاهەی خوازیاربوو،سکاڵایەک لەلای هەردوو لایان سەبارەت بەشکانی خەتی بروکسل هاتەگۆڕ. سێ هەزارکەسی دیکە لە مەسیحیانی ئاشۆری لە ناوچەکانی تورکیە هەڵاتن،یان دەرکران وهێندەکی دیکەش کوژران. لەنوامبەری 1925 دادگەحوکمی خۆی لەسەرئەم بناخەیە کەبڕیاری نێونەتەوەیی بۆ هەردوو لایان پێویستی بەڕیوەچوونە و(دیاریکردنی سنووری یەکجارەکی نێوان تورکیەو ئێراق)ی دەرچواند. لەدەسامبەری 1925 (سازمانی ملل)بەڕیوەبردنی ڕاسپاردەکانی کمیسیونی پەسەندکرد. تورکیە و بریتانیا لە5ی ژوئین 1926بەئیمزای پەیمانی دوو لایەن بڕیاری نێونەتەوەیی قەبووڵ کرد.

سەرچاوەکان:

جامعەی ملل: گوزارش کمیسیون تحقیق منصوب شورای جامعة ملل درسی ام سپتامبر 1624 بەشورا،شدت400،147،711-(ژنو، 1925)

بریتانیای کبیر،منتشرنشدە: بایگانی عوومی: سرهای وزارت خارجە248شمارەهای 1246،سری های وزارت خارجە 371 شمارهای 1010، 3384، 3407، 4141، 4149، 4157، 4162، 4192، 4193، 5067، 5068، 5069، 6346، 6367، 6348، 6360، 6369، 6467، 6526، 7772، 7781، 7782، 788، 9005، 9006، کتابخانەوزارت امورخارجە هند ال/پی واس/10/شمارەهای 745، 781، 782، 815، 818.

بریتانیای کبیر، چاپ شده،اسنادپارلمانی،فرماندهی وسایراسناد: کردستان وکردها،نوشتەجی.آر.درایور(کارمل،1919)،تجدید نظردردستگاەکشوری بین النهرین لز1914تاتابستان 1920 نوشتة جی.ال.فرماندهی، 1061 (لندن،1920)،مجمل امور در کردستان جنوب درطی جنگ بزرگ،نوشتةای ای.جی.آر (بغداد، 1919)کزارشهای زمین شناسی مربوط به بین النهرین، 1919 (بغداد، 1920)دفتریادداشت وقایعروزانة ماژور ای.ام نوئل درباره مأموریت ویژە درکردستان لز14ژوئن تا31سپتامبر 1919(بصره،1919) مکاتبات دربارەوضع مردم آسیای صغیر، ترکیه،شماره10،سی،2432(لندن،1879)مکاتبات بین دولەت اعلیحضرت پادشاه انگلستان ودولەت فرانسه،درباره قرارداد آنقره،موربیستم اکتر 1921، ترکیه،شماره1(لندن 1922)بیانیة رسمی وزرای خارجهة متفقین درباره وضع خاور نزیک ،متفرقه،شماره 3،فرماندهی،1641(پاریس، 27مارس 1922) کنفرانس لوزان درباره امورخاورنزدیک،23-1922،صورتجلسات، وپیش نویس مقررات پیمان، ترکیه،شماره1،فرماندهی 1814 (لندن 1922)

منابع درجه دوم: بیداری اعراب،نوشتة جرج آنتونیوس (لندن، 1938) اتاتورک،نطق غازیمصطفی کمال،اکتر1927 (لایپزیگ، 1929 ) پیتربک( جدالی خستەکننده وخطرناک: بریتانیا وحل وفصل منازعة موصل،1926-1918)مطالعات خاورمیانه،شماره 17، 1981، بریتن کوپربوش، لزمدارس تالۆزان: مرزبریتانیا درآسیای غربی، 1923-1918(نیویورک،1976) استوارت کوهن، سیاست بریتانیا دربین النهرین، 1914- 1900 (لندن،1976)رو دریکساویسن،(دیپلماسی ترکیه لەمدارس تالۆزان) دەنوشتة گوردن کریک وفلیکس جیلبرت،تحت عنوان دیپلماتها، 1939-1919 (پرینستن، 1953)، سی. جی. ادموندز، کردها،تورکها وعربها(لندن، 1957)دابلیو.آر.هی،دو ساڵ دەکردستان،تجارب یەک افسرسیاسی، 1920-1918(لندن،1921)،ریچارد هوانسیان،جمهوری ارمنستان،جلد 1،ساڵ اول،1919-1918(برکلی،1971)وجلددوم از ورسای تالندن،کریس کوچرا،جنبش ملی کرد،(پاریس،1979)،شاوتاریخ امپراتوری عثمانی وترکیة جدید،جلد دوم،پیترسلوگلت،بریتانیا دەعراق،1932-1914 (آکسفورد، 1976) آرنولد توین بی، بررسی اموربین النەتەویەتی، 1925، جهان اسلام ازانعقاد پیمان صلح بەاین سو(لندن، 1927)، واکر، ارمنستان، ویلسن، بێعتها: بین النهرین، 1917-1914(لندن،1930) وبین النهرین، 1920-1917: برخوردبیعت ها(لندن، 1931).

یادداشتەکان:

1-موافقتنامة 23 دسامبر ڕونالدگریگورسانی،کمون باکو،1918-1917( پرینستن،1972) صفحة 275 بەنقل لاارمنستان نوشتة واکر،صفحة 259.

2-ال/پی واس/ 10/ 781پی 4635نامة مورخ 16 اکتبر 1918 ادراه سیاسی بەوزارت امورهند، دربغداد.

3-وەزارت خارجه 3407/371 یادداشت مورخ 22اکتبر 1918 توین بی بەسایکس.

4-خطی کەدرامتداد ساحل دریای سیاه ازترابوزان بەقارص، بایزید، تامرز ایران، واز سیرت واورفە بەدیورگی می رفت ولانجا بەدریای سیاه می پیوست.

5-عوامل تورک ازاعلامیة ژنرال مودخطاب بەساکنان بغداد درمقام گواهی براین کەبریتانیاقصد دارد کردها راتحت حکومت اعراب قراردهد استفاده میکردند-ویلسن، بتلیس، صفحة 266.

6-اس.جی.آر: مجمل وضع امور،صفحة6.

7-همان.

8-برای اطلاع ازمتن کامل نگاەکنید بەنیداری اعراب،نوشتة جرج انتونیوس(لندن،1938)ضمیمةای.

9- وزارت خارجه 3384/371،نامة مەرخ 28اکتبر 1918 وەزیر خارجه برای هند بەکمیسرکشوری،بغداد،ویلسن،بین النهرین، صفحة 130،مجمل امور،صفحة 7-8.
10- وزارت خارجه 4149/371یادداشت: قانون اساسی آینده بین النهرین مورخ 16 اوریل 1919،ضمیمة 8 یادداشت لەصاحبمنصب سیاسی مسئول سلیمانیە.

11-وزارت خەرجه 4192/371نامة مورخ 21سپتامبر1919فرماندەعالی درمصر بەوزارت جنگ وپاسخ ویلسن.

12-بەهۆی ئەم مایل بوون پەیوەندارب(کەڵەکە نەبوون) بووکەعەبدولحەمید ئەوی بەئەولانادوو لەئیستکهۆڵمی دانا،بەڕەواڵەت بۆیە کەلەجەرەیان وەدورکەوێت. لەدوای کۆدتای 1908کاتیک(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) دانانی بۆ باڵویزی لەپاریس قەبووڵ نەکرد،ناهومید بوو وئەم وەشک کەوتنە سەبارەت بەوی بەبەشداربوون لەزیدی کودتای ساڵی 1909شی دەکاتەوە. 13-ئەوگۆڤاری مەشرۆتیەتی کە گۆڤاری(حیزبی ڕادیکال عوسمانی) بوو وەڕێخست. ئەم گوڤارە دژی سیاسەتی (کەڵەکەخوازی) کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی)بوو ولەحکوومەتی مەشرۆتەی سەلتەنەتی ودوو مەجلیس هەڵبژاردن وسانایی کامڵی، مەزەبی بەپاراستنی ئیسلام بەناوی دینی فەرمی وڵات، لایانگیری دەکرد. ئەو، ئەوهێندە گیروگرفتی بۆ کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی بوو کەکۆمیتەی ناوبراو بەفکری کوشتنی خەریک بوو.

14-وەزارەت اموردەرەوەی هند ال/پێ واس/745/10،داداشتی ڕیکەوت 19ی ئاوریل 1920،پەیوەندار بەجەرەیانی شەریف پاشا.

15-لەمانگی سپتامبەری 1914بۆ دەست بەسەرداگرتنی بین النهرین پێشنیاری یارمەتی دابوو.(ئەگەرلەم بارەوە دڵنیابووم کەکوردستان سەربەخۆ دەبێ دەست وجێ 2000000شەڕکەری چەکدار دژی عوسمانی بۆ مەیدان دێنم ودینارکیشم مەدەویست.) پێشنیارەکەی ڕەت بوو. لەژوئین 1918 چەندپات لەبریتانیا داوا کرا کە داخۆیانێک بڵاوکاتەوە کەکوردەکان بەداکۆکی لە یەک گرتووەکان دنەبدا. دەیگوت پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ هەرکۆنفرانسێکی ئاشتی لەبەرامبەر کاری ئەنجام کراو ڕادەگرێ. ساڵی دواییش بۆرزگارکردنی کوردستان گەلێک پێشنیاری بەبریتانیا

وفەڕانسە کرد. بڕوانە بەال/پی واس/ 745/10پی 3432دادداشتی ڕیکەوت 19ی ئاوریلی 1920 سەبارەت بەشەریف پاشا،وپی 14/5006،داداشتی ڕیکەوت 14ی ژوئین 1918،شاک برگ،وەزارەتی دەرەوە 1010/371پوشەکانی 26783/44و27510/44،وەزارەتی دەرەوە 4192/371،مجمل کارەکان لاپەڕەی 8،ویلسن، دووچۆمان(بین النهرین)،لاپەڕەی 130.

16- وەزارەتی کاروباری هند ال/پی واس/10/پی 2614، قاقەزی ڕیکەوت 6ی ژوئین 1919 وەزیری بەرپسیارکاروباری دەرەوەی هند بۆ گزیری ولاتی بەغدا،بەهاوپیچی پسولەی ڕیکەوت 20ی مەی 1919ی شەریف پاشا بۆ سرلویس مالت. 17-
لەژانویەی 1919 شەریف پاشا کۆنگریەکی بریتی لە لیبراڵەکانی عوسمانی لەژنۆ بانگهێشتن بۆ دانیشتن کرد. ئامانجی ئەم کۆنگرەلێکۆڵینەوەی ئەوڕیگایانە بوو کە بە واسیتەی وی بتوانرێ بەکەلک وەرگرتن لەبەرنامەی (کەڵەکە نەبوون) وخودموختاری ناوچەیی، مافی خەڵک وتەوایەتی عوسمانی دابین کەن. یەکێک لەنوێنەرەکان پێشنیاری کردکەبەناوی نوێنەری تورکەکانی ژنۆ لەکۆنفرانسی پاریس وەربگێرێ وبەسەرجەم لەمافی عوسمانی دیفاع بکات. 18-وەزارەتی دەرەوە 4192/371،کۆنفرانس دەرون سازمانی سەبارەت بەکاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،پسولەی ڕیکەوت سپتامبەری 1919 وەزیر، سەبارەت بەکوردستان.

19-کامل بەدرخان لەفۆریەی 1918 لەتفلیس بیروبۆچونێکی ئەوهای ئەم پسولە،ئەو بەئینگلیزیەکانی پێشنیارکردکەدەتوانێ بەگەڵ سمکۆ کوردسانێکی یەکگرتوو وەدی بێنێت

20- وتووێژ لەگەڵ کریس کۆچرا،پاریس،ژوئیەی 1975.لە بزوتنەوەی. نەتەوەیی(جنبش ملی کورد)لاپەڕەی 26.

21- وەزارەتی دەرەوە 4157/371،کورتەڕاپۆرتەکانی ئیتلاعاتی، ستادفەرماندەری، قاهیرە،4مارس 1919.

22- وەزارەتی دەرەوە 414/371،قاقەزی ڕیکەوت 6ی مارس 1919،ستادفرماندەری گشتی لەمیسربە(دی ئێم ئای)وەزارەتی بەرگری، قاهیرە،ستادی گشتی(جی،ئێس،ئای)شمارە 2838 سالونیکا،سەبارەت بەکۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی، نامەی ڕیکەوت 8ی مارس 1919 گزیری پەیەبەرز بەوەزارەتی دەرەوە،ئەستانبۆڵ.

23- ال/پی واس/ 781/10 نامەی ڕیکەوت 2ی مەی 1919 لالتورپ بەوەزارەتی دەرەوەی ئەستانبۆڵ.
24- بەسەرداچوونەو لەدەم ودەزگای ولات،لاپەڕە 67.

25- وەزارەتی دەرەوە 4192/371 ڕاپۆرتی وتووێژی نێوان ئەندامانی (کۆمیتەی کورد) ودەوڵەتی عوسمانی، ڕیکەوتی 10ی ژوئیەی 1919 ،ونامەی ڕیکەوت 21ژوئیەی 1919 هولربۆ تیلی، گزیری پایەبەرزی بریتانیا.

26- وەزارەتی دەرەوە 4192/371 نامەی ڕیکەوت 10ی ژوئیەی 1919ی لالتورپ بۆ وەزارەتی دەرەوە.

27- ماددەی 6،بەجۆرێک کەوەرگێڕاوەکەی وی، لەمێژووی شا، جلد دووم لاپەڕەی 34هاتووە.

28- دەگۆیەک دەیگوت کە(تورکەکانی ڕۆژهەڵات نەیاندویست هەڵویستیان ئاشکرابێ،چونکە لەگەڵ کوردەکان کەنایانهەوێ چ سەرزەمینێک بۆ ئەرمەنیەکان بهێڵنەوە،یەکگرتوو بوونە.) ئەتاتورک، وتارەکانی لاپەرەی دە 71و78.

29- وەزارەتی دەرەوە 4192/371 نامەی ڕیکەوت 21ی ژوئیەی 1919 هولر بۆ تیلی.
30- وەزارەتی دەرەوە 4192/371 رێکەوتی 21ی ژوئیەی 11919 هۆلر بەتیلی.
31- وەزارەتی دەرەوە 5068/371دەفتەری یادداشت ڕووداوی ڕۆژانەی ماژور ای.ام.نوئل سەبارەت بەمەموریەتی تایبەت لەکوردستان لە14ی ژوئێن هەتا 21سپتامبەر1919(بەسرە،1919 هاوپێچی ا.

32- وەزارەتی 4192/371نامەی ڕیکەوت20ی سپتامبەر1919 گزیری وڵاتی بەوەزارەتی بەرپرسایەتی کاروباری هند نەقل کراولەتێلگرافی ریکەوت 19ی سپتامبەری1919نوئل.

33- ئاتاتورک،وتارەکانی،لاپەڕەی دە102و109.

35- وەزارەتیدەرەووە 153094/4193/371،ڕاپۆرتی ڕیکەوت19ی نوامبەری1919سەبارەت بەپەیوەندی کوردەکان ونەتەوە خۆزان.
36-وەزارەتی دەرەوە 4193/371(جی.ئێس،ئای)ئەرتەش،دەریای ڕەش،ئەستانبۆڵ 13ی اکتبر1919، پسولەکان سەبارەت بەکوردەکان وبزوتنەوەی نەتەویەتی.

37-بەگیرانەوەلەهوانسیان،کۆماری ئەرمەنستان،جلد2،لاپەڕەی 427.

38-وەزیەتی دیاربرکر جێگای نیگەرانی بوو. بەقسەی یەکێک لەئەفسەرانی کەمالیست(خەلکی دیاربەکر)لەژێرنیقابی ناسیونالیستەکانی کورد بۆ پێکهێنانی وڵاتێک لەژێرداکۆکی بریتانیاخەباتیان دەکرد. بەڕوانین لەوپڕوپاگەندەی کە (کوردەکانی جوان) دەیانکرد وهەنگاوێک کەئەوان هەڵیاندێنا،دیاربووکە...بەهۆی قازانجی ئینگلستان کاردەکەن. نەچوونی بەشداری نەکردنی دیاربەکر لەکۆنگرەی ئەرزەڕۆم لەسەرئەوراسپاردانەی کەپێیان کرا، بەڕووناکی نیشانی دەداکەواقعیەتی کارلەچ ڕاستەکی یە، وەزارەتی دەرەوە 5.68/371دەفتەری ڕووژانەی ماژورنوئل،لاپەڕەی 19.

39- وەزارەتی دەرەوە 5067/371نامەی ڕیکەوت 22ی فۆریە،گزیری وڵاتی بەوەزارەتی بەرپسیارکاروباری هندوستان،هەروبڕواننە بەوەزارەتی دەرەوەی بەرپسیارکاروباری هند،هەرواچاولێکەن،وەزارەتی دەرەوە 4193/371 ویادداشتی ناوسازمانی ڕیکەوتی 10ی ژوئیەی 1920اچ.دابلیو. یانگ، وەزارەتی دەرەوە 5069/371 نامەی ڕیکەوت 27ی اکتبر1920وەزارەتی بەرپسیاری کاروباری هند بەبەغدا،لەندەن.

40- هوانسیان، کۆماری ئەرمەنستان،جلد1،لاپەڕە 316.
41-وەزارەتی دەرەوە 4193/371 پۆشەی 15273/14ڕیکەوت 29ی نوامبەر1919.

42- وەزارەتی کاروباری هندال/پی واس/10782بیرنامەی ڕیکەوت 23ی دەسامبەری 1919 ئاغای برتلو سەبارەت بەکوردستان، لەندەن.

43- وەزارەتی دەرەوە 371/نامەی ڕیکەوت 12ی نوامبەرهۆلربەکرزن. 44-وەزارەتی دەرەوە 6068/371نامەی ڕیکەوت 29مارسی 1920 دو ربک بوکرزن،ئوستانبۆڵ.

45- وەزارەتی دەرەوە 5067/371نامەی ڕیکەوت 28ی ژانویەی 1920 ئەنجومەنی کورد بەکمسیاریای پایەبەرز، نامەی ڕیکەوی 3ی فۆریە 1920 دوربک بەکرزن،ئەستانبۆڵ.

46-وەزارەتی دەرەوە 5067/371،پسولەی پیشکیش بەژەنەراڵ شەریف پاشا برپرسی لێژنەی نوینەرانی کورد بە، بەرپرسی کنفرانسی ئاشتی لەیەکەمی مارسی 1920.

47- وەزارەتی دەرەوە5068/371نەمەی ڕیکەوت 15ی مارسی 1920 دوریک بەکرزن،هوانسیان،کۆماری ئەرمەنستان، جلد 2، لاپەڕەی 44.

48- هەنگاوی، ڕیکەوت27ی فۆریەی1920، بەگیرانەوە لە وەزارەتی دەرەوە5068/371نامەی ڕیکەوت 3ی مەی 1920 وب بەکرزن، ئەستانبۆڵ. جودەت خودموختارخواز بوو،وسەیرە کەهەڵویستی خۆی بەقازانجی سەربەخۆیی گوڕیبێت،چونکە مەسەلە لەگەڵ ئامادەبوونەکەی بۆخزمەت بەکابینەی فەریدپاشا وخەباتەکانی دوایی یەک ناگرنەوە.

49- وەزارەتی دەرەوە 5068/371 نامەی ڕێکەوت 24ی مارسی 1920 ئەمین عالی بەدرخان،جێگری بەرپرسی جەمعییەتی تەعالی کوردستان، ونوینەرانی هیوای،حیزب دیموکراتیکی کورد وئەوانی دیکەبەلوید جرج. 50-وەزارەتی دەرەوە 5068/371 نامەکانی ڕیکەوت 16ی ئاوریل و3ی مەی 1920 وبەکرزن وکۆچرا، بەوتنەوەی نەتەوەیی کورد لاپەڕەی 31. 51-وەزارەتی دەرەوە 371/ 5068 نامەی ڕیکەوت 3ی مەی 1920 وب بەکرزن،ئەستانبۆڵ.
52-بۆ ئاگاداری لەبەئەندامەتی بڕوانن بەوەزارەتی دەرەوە 5069/371نامەی ڕیکەوت20ی مەی 1920 دووریک بەکرزن،ئەستانبۆڵ. 53- وەزارەتی دەرەوە 5068/371 نامەی ڕیکەوت 27ی ئاوریل 1920 شەریف پاشا بەسەفیری بریتانیا،پاریس. 54-وەزارەتی دەرەوە5068/371سووڕەتی کورتی وتوویژی کۆنفراس ناوەخۆی سازمانی سەبارەت بەکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە13ی ئاوریلی 1920.
55-وەزارەتی دەرەوە5068/371کۆنفرانسی ناوەخۆی سازمانی سەبارەت بەئەوزاعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،13ی ئاوریلی 1920،بین النهرین 1920- 1917،لاپەرەی 257.
56-وەزارەتی دەرەوە4193/371بیرنامەی دووەم سەبارەت بەوەزعی کوردستان وال/پی واس/ 10/ 815ڕاپۆرتی عەردناسی سەبارەت بەبین النهرین.
57-ال/پی واس/518/10ڕاپۆرتەکانی زەمین ناسیسەبارەت بەبین النهرین وکوردستان.
58-ال/پی واس/2463/3/1920/1918/4722/10،نەقل کراولەنوسینی سلووگلت بەناوی بریتانیا لەئیراق،137،بیرنامەی 47. 59-وەزارەتی دەرەوە5068/371نامەی ڕیکەوت 5ی ئاوریل کمسیری وەڵات بەوەزارەتی کاروباری هند، بەغدا. 60-وەزارەتی

دەرەوە 5068/371نامەی ڕیکەوت 19ی مەی 1920 وانیسار بەکرزن،پاریس.
61-داویسن،(دیپلماسی تورکیە لەلۆزان)لاپەڕەی 182. 62-وەزارەتی دەرەوە
6467/371ی 3357. 63-جەزیرەی ئیبنی عومەر لەدەڤەرەی بچووکی شوین
تێکەری فەڕانسە هەڵکەوتبوو. داگیرکردنی وی یان داواکردنی دەستەبەریەکان بۆکوردان
دەژکردەوەیەکی توندی لەپاریس وەریخست. بەڕوانین لەوکیشانەی هەرهەرچەندجار
لەسنووررووویدەدا، چەکدارکردنی کوردەکان جۆرەقەبووڵی بەرپسیارەتی بوو. وەزارەتی
دەرەوە 6346/371،نامەی ڕیکەوت 21ی ژوئینی 1921 گزیری پایەبەرز لەبین النهرین بەوەزیری
مستعمەرات. 64-بۆنموونە بڕوانە بەورزارەتی دەرەوە 6346/371نامەی ڕێکەوت29
دەسامبەری 1920رامبولد بەکرزن(بەهاوپێچی پسولەی ڕیکەوت 23ی دەسامبەر)ونامەی
ڕێکەوت1ژانویەی 1921. 65-وەزارەتی دەرەوە 6346/371 و 6347/371نامەکانی ڕیکەوت 4ئەوت، 18ی
اکتۆبر، 21ی نوامبەری 1921 گزیری پایەبەرز لەئێراق،وەڵامی ڕێکەوت 11نوامبەری 1921وەزارەتی
مستعمەرار. 66-گوزاریشەکان پاڕلەمانی لێرولەوێشمارە3،ڕاگەیاندراوی وەزێرانی دەرەوەی سێ
وڵاتی یەکگرتوو سەبارەت بەئەوزاعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،پاریس 27ی مارسی 1922(فەرماندەری
1641) 67-وەزارەتی دەرەوە 7858/371راولینسن،بیرنامەی ڕیکەوت
4ی مارسی 1922 راولیسن سەبارەت بەوەزع ودۆخی دەوڵەتی ئانقەرە. 68-بۆڕاپۆرت
بڕوانە کوردەکان،تورکەکان وعەرەبەکان نوسینی ئەدموندز،پاژی 17، 20، 21، 22.
69-کۆنفرانسی لۆزان، لاپەڕەی 357. 70-کۆنفرانسی لۆزان،لاپەڕەی
296. 71-بڕوانە لێکۆڵینەوەی کاروباری نێونەتەوەیی، توین ن
68-بۆڕاپۆرت بڕوانە کوردەکان،تورکەکان وعەرەبەکان نوسینی ئەدموندز،پاژی 17، 20، 21، 22.
69-کۆنفرانسی لۆزان، لاپەڕەی 357. 70-کۆنفرانسی لۆزان،لاپەڕەی
296 71-بڕوانە لێکۆڵینەوەی کاروباری نێونەتەوەیی، توین بێ،لاپەڕەی 494شمارە1.
72-ڕەخنەکانی بریتانیا لەم مەسەلە بەمجۆرەبوو: موشکیلەی بەڕیوەبردنی سەرژماری
لەدەجەرەکان دوورکەوتووی دیهاتی،موشکیلەی گەاِڵەی پسیارنامە لەم جۆرە ڕفراندۆمانە، وئەم
ڕاستیە کەسنووریپارێزگای مووسڵ نادیریکراومابۆوە. جگەلەمە کەیەکێک لەلایانەکان کێشەدار(یانی
بریتانیا) پاریزگای بەکردەوە لەدەست دابوو مەسەلەی بێ نەزەری لەناودەبرد. ناوەرۆکی وتوویژی
کۆنفرانسی لۆزان،لاپەڕەکانی 319-400. 73-وەزارەتی
دەرەوە 9006/371بیرنامەکانی سەبارەت بەسنووری مووسڵ تەوسوتی سەرهەنگ اف.آر.ماونسل، 22ی
سپتامبەری 1923. 74-گوزارشی کمیسیون،لاپەڕە 39،
75-گەزارشی کمیسیون،لاپەڕە 67. 76-گوزارشی
کمیسیون،لاپەڕەکانی 57-58. 77-گەزارشی کیسیون،لاپەڕەی 87.
78-گوزارشی کیسیون، لاپەڕەی 78. 79-گەزارشی کیسیون،
لاپەڕەکانی 88-89. 80-توین بی،لێکۆڵینەوەی کاروباری نێونەتەوەیی،
لاپەڕەی 513. 81-کەرتەکانی تورک هەربەوجۆرەی کەلە1915لەگەڵ ئەرمەنیانیان
ڕەفتاروهەلس وکەوت کردبوو،لێرەش کردەوەی کاری بێ ئابڕوانەیان زۆرکردن،لێکۆلینەوەی کاروباری
نێو نەتەوەیی، توین بی، لاپەڕەکانی 517-18.
82-توین بی، لێکۆڵینەوەی کاروباری نێونەتەوەیی،لاپەڕەی 518.

-----------------------------------------------------------

پاژی 8،

کوردەکانی، بریتانیاو ئێڕاق

سەرەتا:

زاڵ بوون بەسەرکوردستان و فەرمانڕەوای کردن لەسەر ئەوی، هیچ کات بۆ هیچ دەرەکیەک، شۆڵێکی لەکردنهاتوو سانایی نەبووە. بریتانیا بەوئەزموونەی کەلە(سنووری باشووری هند)هەیبوو،لەوەی کەلەم بەستێنە جێگای ئاتاجی بووفکرێکی باشتری هەبوو، ولەسەرەتای کار،بەنیەت ئامانجێکی تەقریبەن شەڕافەتمەندانە دەستی بەکارکرد. لە سەرئەمە بەو وادەو بەڵێنیانەی کە لە حەوتووی یەکەم دەستی پێکرد،وەفای نەکرد. پێویستیەکان دەستەبەریەکی سیاسەتی پەیوەندار بەدووچۆمان(بین النهرین)ی بریتانیایی جاربەجار بەخوارەپێچە لەوادەکانی ڕاونا، کە بەو کوردەکانی دابوو،ودوو دڵی دەمەدایە کە جێگری وی،یانی دەم ودەزگای ئیداری عەرەبی،لە ڕاستیدا ئامانجی ئەمەبوو کە بەقەول و بەڵینی و پەیمانەکانی خۆی جلی کردەوە بپۆشێ.

کوردەکان لە دژکردەوە بەهەڵ ومەرجی سیاسی لەدوایی شەڕ،لەخۆیان نالێهاتوویی و بێ لەیاقەتی نیشان دا. نەبوونی ڕێگاو ئامڕازی پەیوەندی وپڕش وبڵاوی جەماوەرو دوژمنداری ناوەخۆی هۆزەکان، هەموو دەستیان وەدەستی یەکدابوو، و بڕیارو هەڵویست گرتنیکی یەکگرتوو بۆ کوردەکان وەکوو شۆڵێکی ناممکین ولەکردن نەهاتووی لێهاتبوو. لەسەریەک زۆربەی ئاغاوشێخەکان گەڵاڵەو بەرنامەکانی بریتانیایان پەسەنددەکرد،چونکە دەستەبەری حکوومەت لە ڕێگای داکۆکی لە سیسەتەمی نەریتی بوو، بەڵام ملکەچی وفەرمابەرایەتی لە عاڕەبیان پێ خۆش نەبوو. حکوومەتی ڕاستەوخۆی عاڕەب دورست سەردەمێک بەسەرکوردانداسەپاندرا کە چینێکی نوێ وردە وردە لە ناو کوردەکان سەری هەڵدەدا،ئەم چینەخەڵکی ناهۆزی و(پێشەیی) شارەکانی کوردستان بوو. ئەمە لە بەخت ڕەشی ئەم چینەبوو کە کاتێک حازر دەبوو کوردەکان وەکوو (نەتەوە)نەک بەناوی هۆزو قەبیلە کۆکاتەوە،بریتانیا لە مێژ بووپێشنیاری خۆی بەدانی (مافی دیاریکردنی چارەنووس)بەوان پێشل کردبوو. لەم نێوەدا بریتانیاو هەتا عەرەبەکان چینی(ئاغاوەت)یان بەناوی بەرپوانچی کە لە ڕێگای وی ڕەزامەندی کوردەکان لەگەڵ سیاسەتی خۆی دابین بکات، قۆڵ لەسەر کێشابوو.

**وەدیهێنانی نەزم**

بەرلەجێبەجێکردنی مەسەلەی مووسڵ،ژمارەیەک لەکارگێرانی جوراوجۆر لەنگ و لۆری نائارامی سیاسی دووپات کردبوو. حەول وتەقەلاکانی تورکیە بۆ نائارامی و ئاڵۆزی وەزیتی(پارێزگا) لە سەرەتای ساڵی 1919دەستی پیکرابوو. لە سەر ئەو هەمووەش،کەش وهەوای بێ بڕیاری زۆرتر

هۆكارى سیاسەتى بریتانیابوو. هەر وەک پێشتر گوتمان: بریتانیا،تەنیا لەسەرەتاى ساڵى 1920بڕیارێکى یەکجارەکى بەهاوپێچى پارێزگاى مووسڵ بە دووچۆمان(بین النهرین)گرت،و ئەمە چاخێک بوو کە ئیدى لەم بارەوە لەمە زێدەتر نەدەبوو وەدرنگیخەن، وتازە ئەوکاتیش، هەتاکۆتایى ساڵى 1925،بەدورستى متمانەودڵنیایى نەبوو کە پارێزگاى مووسڵ لەژێر دەسەڵاتى بریتانیا دەمێنێتەوە یان نا. بل لەمە بەکوردانیان متمانەدابوو کە هزرى خۆدمووختارى ڕێنوێنى ڕوو بەڕوو بونى لەگەڵ قەزیە دەبێت،لە عەینى حاڵ کە لە چۆنێەتى بەڕێوەچونى ئەم خودمووختاریەشتێکى نەدەگوت. یەکەمین هەنگاوى بنەڕەتى،گەڕانەوەى ئارامى وئاسایش بۆ ناوچەى خاپوورکراوبوو. بەسەرنج دان بەم مەسەلە،لەنوامبەرى ساڵى 1918 ماژورنوئل لە دەڤەرى هەڵکەوتوو نێوان زیى بچووک ودیالە سەردانى کرد،بەم دەستوورە کەلە هەنگاوهەڵینان بۆ هەرجۆرە کردەوەو تەرتیباتى یەکجارەکى و دیاریکراو خۆى بپارێزێت.

ڕاسپاردەى تۆ ئەمەدەبێت: کە لە گەڵ سەرۆکانى ناوچەیى تەرتیباتێک بۆ گەڕانەوەى ئارامى لەدەڤەرەکانى بدەن، کەلەدەرەوەى چوارچیوەى داگیرکردنى نیزامین...دەبێ بۆ سەرۆکانى عەشایەر ڕوون کەنەوە کە هەر تەرتیباتێکى کە ئێوەدەیدەن،لایانى بەرتەسکى دەبێت و لەوانەیە هەرکاتێک پێویست بێت، دەواندا گۆڕانکارى بکرێ. لەحاڵێکدا کە بەمەسڵەحەت بزانى ئیجازەت هەیە کە شیخ مەحموود بەنوێنەرى ئێمە لە سولیمانى دابنێى،وبەخیرخوازى خۆت تەرتیباتێکى لەم جۆرە لە چەمچەماڵ،هەڵەبجە وشوێنەکانى تر بدە. دەبێ بۆ سەرۆکانى عەشایەر کە لەگەڵ وان ئاخافتن بەرپادەکەى شێ کەیەوە وبەڕوونى ئازانتى بکەى کە لە بیروبۆچوون دانییە دەزگاى ئیدارى کە بەرەسم وعادەت وئارەوزیان بێگانیە بەسەریاندا بسەپێندرێ. ڕیبەرانى عەشایەر دلگەرم بکە کەبۆ سەروسامانداں بەکاروبارى کۆمەڵایەتى خۆیان،بەرەیەک لە ژێرچاوەدێرى ورێنوێنى خاوەن پلەوپایەى بریتانیا پێک بێنن.

ماژور نوئل بەچالاکى خەریکى کارەکەى بوو ولەگەڵ شیخ مەحموود سلیمانیە وئەوانى تر دەستى بەتەرتیباتى پێویست کرد. شێخ مەحموود پێشتر پەیوەندى بەبریتانیاکردبوو وداوایکردبووکەکوردستانێ لە لیستى نەتەوەکانى ئازادکراو هەڵنەبێرن. لەسەرەتاى دەسامبەر، آرنولدویلسن، بەرپرسى گزیرى پایەبەرزى بریتانیا لەدووچۆمان(بین النهرین)،سەردانى سلیمانیەى کرد ولەگەڵ شیخ مەحموودو شێست کەسى دیکە لەسەرانى عەشایەرى کوردستانى باکوور چاوپێکەوتنى کرد. بەڕەواڵەت سەبارەت بە نەگەڕانەوەى تورکان وئاتاجى بەداکۆکى بریتانیا بیروبۆچوونى گشتى مەوجوودبوو. بەڵام هێندێک لەسەرۆکانى لەبەرئاقڵانەبوونى ئەمە کە بە بریتانیا ئیجازەبدرێ کەکوردستان بەڕیوەبەرێ هێندێک دوو دڵ بوون. هێندیک لاقیان دەچەقاند کەکوردستان دەبێ لەئێراق جیابێتەوە و ڕاستەوخۆ لە لەندەن بەڕیوەبچێت، نەک لەبەغدا،وبەروونى دیاربوو کە هیوادواربوون ئازادى وەدەست بێنن کەلەسەردەمى ئیدارەى ناوچەلە ئەستانبۆڵ لە وى بەرهەمیان وەرگرتبوو. ویلسن لەونێوەداتیگەیى کەشێخ مەحموود –کە بریتانیا لەبیروبۆچوونى دابوو ئەوى بەمقامى کەسینى ئەوڵ دابنێت–بەهیچ جۆر جێگائیحترامى گشتى نییە. سەرۆکانى مەڵبەندەکانى کفرى وکەرکووک گوتیان کەبۆخۆیان ودانیشتوانى شارپێیانخوش نییە لەژێردەسەڵاتى حکوومەتى وى بن،وئیجازەیان وەرگرت کەڕێووشوێنەکى دیکە بۆ بەڕیوەبردنى کاروبارى خۆیان لەبەرچاوبگرن.ویلسن موافیقەتنامەیەکى لەگەڵ سەرۆک عەشایەرکان ئیمزاکرد

ئەبەم جۆرە: لەوبابەتەوە کەدەوڵەتی ئەعلاحەزرەت پاشای ئیگلستان ڕایگەیاندوە کە بەشداریەکەی لە شەڕ بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەکانی ڕۆژهەلاٌت لەبن نیری زوڵم وزۆری وسەرڕۆیی عوسمانی ویارمەتی دان بەم خەڵکانە لە دابینکردنی سەربەخۆیی وانە،سەرۆکانی عەشایەر، لەمقامی نوێنەرانی کوردستان ،لە دەوڵەتی ئەعلاحەزرەت پاشای ئینگلستان داوادەکەن کە ئەوانیش لەژێرسیبەری داکۆکی خۆی بگرێ و(خاکەکەیان)بەئیراق هاوپێچ بکات،هەتا لەبەرهەمی پیوەندیەکی ئەوها بێ بەش نەبن،وئەم سەرۆکانە لە گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە دووچۆمان(بین النهرین) داوایان کردوە کە نوێنەرێک لەگەڵ یارمەتیدارانی پێویست بەکوردستان بنێرێ،هەتا خەڵکی کورد بتوانن لەژێر لوتف و مەرحەمەتی بریتانیا لەئاشتی وئارامی لە گەشت و گوزەری پێشکەوتوویی بەروپیش برۆن،ودەستەبەربن هەروەک دەوڵەتی ئەعلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان بەیاری ئیمدای وان ڕابوو وئەوانی خستەبن دالدەی داکۆکی خۆی، ئەوانیش ئەمروفەرمانی خێرخوازانەی دەوڵەتی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگستان ڕاپەڕینن و بەڕیوەبەرن.

ئەم جەرەیانە، بەچەتوونی ئاوینەی بالاٌنوێنی حکوومەتێک بووکەبریتانیا پێکهێنانی وی لەبیروبۆچووندابوو. سەرەتایی وی ڕەنگەبەسانایی ئاماڕاتی کۆنی کوردی لەمێشک وزەین زێندوکاتەوە ،بەم تەوفیرە کە ئەمجار پشتیوانی دیاریکراو کەلەندەن بێ لەپێشت سەریان بوو. لەم حاڵەدا دەستەواژەی دواییی موافیقەتنامە زورناڕەحەتەت کوننەندەنەبوو.

بەلاٌم ئێستا بۆ پسپۆرانی ئینگلیزی ڕوون وئاشکرابوو کە بەهۆی پاشکەوتوویی ناوچەو نەبوونی ئامرازی پەیوەندی و ناکۆکی ولەت و،وپەتی عەشیرەکان پێکهێنانی ولاٌتێک،لە باکووری کوردستان بەدەست وجێ لە کردنهاتوونییە. لەونێوەدا ئەم بابەتەش بۆدەم پێداهێنان دەبوو کە کوردستانی باکوور لە نەزەر ئابووری ولەشکرکێشی لەگەڵ دەشتی دووچۆمان(بین النهرین)پێکەوگرێدراون. ئێستا فکری ئینگلیزیەکان ڕەکێشی وەدیهێنانی تۆڕێک لەناوچەکان و دەوروپشتی ئیداری ببوو کە ناسناوی گرو بەندیەکانی عەشیرەیی و حەوزەکانی ئابووری بوو، کەڕۆژێک لەدواڕۆژ پێکەوەگرێبدرێن و لە جەستەیەکی تاقانە بگورێن.

متمانەی کوردەکان بە لەمێژینەو لەسەرپێمانەوەی ئەم ڕێووشوێنی ئەوڵییە بەهۆی توانایی و نەختە فەرمانڕەوایەک کە بریتانیا لەناوچە هەیبوو، وەلەرزین کەوت. بریتانیا پێشتریش نالێهاتووی خۆی نیشاندابوو. لەمانگی مەی 1918بازێک لەسەرۆک عەشایەرلەگەڵ هێزەکانی پێشەنگی بریتانیا هاوکاریان کردبوو،بەلاٌم چاخێک ئەم هێزانە لەنەکاو پاشەکشەیانکرد ئەوانیان لەبەرامبەرتۆڵە وەرگرتنەوەی دەژمن بەتەنیا هێشتنەوە. هەروەک آرنولد ویلسن لەدوایەکاندا نووسی:

کوردەکان کەچ نەزەری باشیان سەبارەت بەئێمەنەبوو جارێکی دیکە تووشی شک ودوو دڵی بوون. بۆ وان روون بۆوە کەبەڵێنیەک کەبازێک خاوەن پلەوپایەی نابەرپسیار ئازادانە بەوانیان دابوو...جێگای ئیحتوبارو متمانە نییە...ئێمە ئەوانن وادارکردبوو،کە تورکەکان بترسێنن،ودوایی ئەوانن لەناو هەراوهورای تەنگەژەدا چاندبوو. بەتایبەت ڕێبەرانی هەمەوەند،هیچ کات لەم بابەتەوە ئێمەیان نەبەخشی وهەتا سالهادوایی وی، لەگەڵ ئێمە دەژمن بوون. ئەوکات لەدوایی داگیرکردنی دووچۆمان، بریتانیا هێزەکانی لەمارسی 1919 بۆ نیشتمان دووبارەناردەوە.

سەوداگەران وئەوانی دیکە کەلەبەسرەو بەغدا بۆ سلیمانیە دەگەڕانەوە، دەیانگوت: هەموو ڕۆژێ سەربازەکان بەپاپۆر وشەمەدەفەر ناوچەی بەجێدێڵن،وئەم فکرە کە ئێمە دیسان کوردستان چۆل دەکەین وچارەنووسی دانیشتووانی، بەخۆیان یان بەئەمانی دوژمنانی ڕەقیبی ئیختداردەسپێرین، وردە وردە لەیەقینیدا دەگۆڕا.

بوونی پەنابەرانی ئاشۆڕی حەکاری و ورمێ‌ش تۆفانێکی دیکەی بوو. ئەم خەڵکەیان کوردەکانی (برادۆست)لەزەمانی شەڕ لەناوچەی عمادیە دەر کردبوون. لەبەهاری ساڵی 1919بۆ خاوینکردنەوەی بازیک دەڤەربەئامانجی نشتەجێکردنی سەرلەنوێی پەنابەران لە دوو گوردانی بەکرێگیراوانی ئاشۆڕی کەلک وەرگیرا. دڵبەستنی ڕەواڵەتی یەکگرتووەکان بەدانی دەست خۆشانە،بەخودموختاری،بەمەسیحیان وباس وخواس لەسزای کەسانێک کە گومانبار بەجنایاتی شەڕی بوون بەترس و، واهیمەی کوردەکانی زێدەکرد. تەنیا لەکۆتایی مەی 1919 و لە کاتێک کە شۆڕشێکی ئاشکرادەستی پیکرابوو، بریتانیا ڕایگەیاند کە بەدوای هیچ کوردێکی داناچێت. بەڵام ئەم عەمرە دوژمنایەتی لە مێژینەی لە نێونەبرد. کاتێک لەئۆکتوبری 1918 ئاشۆڕیان لەخۆڕا حەولیاندا بۆ ماڵەکانی پێشووی خۆیان بگەڕێنەوە،گوندی بارزانیان لەگەڵ هەرد ڕاست کردوە.

ئەمجۆرە وێککەوتنانە جیا لە ناکۆکی دایمی بوو. لەهەموو ئەوانە دەنگینتر، وازوازی بوونی خووخدەی گەلێک لەسەرۆکانی عەشایەر لەڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ دەوڵەت و ڕەقیبانی خۆی وبێ مەیلی وان بەقەبووڵی تاقە ڕێبەرێک بوو. وهەر وەک خێرا روون بۆوە گەلێک لە ئاغاکانی کورد،بەتایبەت لەدەڤەرەکانی شاخاوی، هیچ کات پێیانخۆش نەبوو شتێک بەناوی خاوەن مڵکایەتی زەوی پرێسکەی بکرێتەوە،چونکە بەڵگەی تاپۆیان بۆ زەمینەکانی خۆیان نەبوو، ئەوهەردانەیان بە زۆری دەست بەسەرداگرتبوو. لە ئاکامدا بڕیار،لە سەرئەمە گیرا کە باشتر ئەمەیە کە دەفتەری تاپۆی زمین لە سولیمانی بمیننەوە وئەوان بۆ بەغدا نەنێرن. ودوایی،ئەمە ڕاستێەک بوو کە تازە تێیدەگەیشتن. وئەو ئەمەبوو کە،ئامانجی بریتانیا لە بەڕیوەبردنی ناوچە لە بەغدا هەرچییەک بوو دیسان ئەم خاڵە ڕاست وڕەوان بووکە کوردەکان نەیاندویست لەژێرباری حوکم ودەسەڵاتی عەڕەبەکان بن،کە گاڵتەجاڕیان پێبکەن.

لەوانەیە بڵێین: کە بریتانیا نەتەوەی کوردی لەسیاسی باش نەناسیوە وتووشی هەڵەبووە، بەڵام ئەوان کە دەرگیری مەسەلەکانی کوردستان بوون بەرلەشەڕ وسەردەمی شەڕ لەکوردستانی ئێران کاریان کردبوو،وروو بەڕوو بۆنیان لەگەڵ گیروگرفتەکان لەسەر ڕیشەی ئەم ڕابردو، ولەسەئەزموونێک بوو کە لە هندوستانیان هەبوو. لە بلوچستان سەرکەوتنی بریتانیازۆرایەتی دەینداری دوو شت بوو: ئیختیداری بێ ئەملائەولای بازیک لە سەرۆکانی عەشایەر وتوانایی نیزامی کە بریتانیا لە سەرتای دەستپێکردن لە ناوچە نیشانی دابووە-کە بۆخۆی بەم مانایەبوو کە ئەون کە لەدەسەڵات کەلک وەردەگرن ئەم ئەرکەی بەجێنشینی لە خاوەنی ئیختیدار بەڕیوە دەبرد. بەڵام لەوجێگایان کەسەرۆکان لەحوکم وشوێن تێکەری تەواو بەرهەم وەرگر نەبوون وکەرتەکانی بریتانیایی سەرەتا عەشایەریان ملکەچ نەکردوەو بۆ بن فەرمانیان نهێنابوون، ئەم سیاسەتە ناسەرکەوتوو بوو،بەتایبەت لە نێو (مەحسودەکانی) پاڕیزگاکانی سنووری باشووری ڕۆژئاوا. کەسایەتی دە بە دەسەڵاتی مەزەبی ودنەدانی دەرەوەی سنووری لە ئەفغانستان، ئەم نیزامەی بەخاڵی لەبەریەک هەڵوەشان نزیک کرد. لەم بارەوە هەل ومەرجی وەک یەک لەگەڵ وەزعی

(مەحسوودەکان) لەکوردستان فەرمان بەڕیوەدەچوو. کوردەکان داگیرکردنی نیزامی کوردستانیانی باکووریان لەلایان ئینگیزیەکان بەچاوی خۆیان نەدیبوو،وەکوو محسوودەکان هەر بەشێک لە عەشیرە،زورجارخوازیاری ئەمە بووکە سەربەخۆ لەوانیتربیت،چ بگا بەگروپەکانی قەبیلەیی دەوروپشت. زورلەخەڵکی عەشیرەی کوردوەکوو محسوودەکان گوێ بەفەرمانی ڕیبەرانی مەزەبی یانی کەسانی وەک شێخ مەحموودی سلیمانیەبوون.

بریتانیاحەولیدا بەشێوازێکی پسپۆرانە،بەڵام بەدوور لەتۆبزی بە سەر عەشایەری کورد فەرمانڕەوایی بکات،وبۆ دابەزینی ئەم کردەوەلە قەفەزەیەک لە خاوەنی پلەوپایەی سیاسی کەلک وەرگرت،کە لە گەڵ سەرۆکانی عەشایەر لە پەیوەندی دابن. ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی ڕدین سپیایەتی جێبەجێ بکەن، بەرهەم کۆبکەنەوە،ونەفەربۆ جاندارمەری و کەرتەکانی سوپای دابین بکەن، کە بریتانیا هیواداربوو بەهاوکاری ئەوان ناوچەیی هەڵسوڕێنی و بەڕیوەببات. ئەمانە هەموویان خاڵی لە بەرچاوگیراوو هەست پێکەرن کەلەڕابردوو هوی ڕوو بەڕووبوون نێوان سەرۆکانی عەشایەرو دەسەڵاتدارانی عوسمانی بوون.

جێگای سەرسوڕمان بوو ئەگەر شەرت وشڕوت و هەل ومەرجێکی  ئەوها سەرهەڵدانی سەرکێش وچەڵاخی و توندوتیژی لێ نەدەکەوتەوە-سەرهەڵدانی ئەمجۆرە ئالۆزیانە دوور نەبوو. سەرەتای 1919عەبدولڕحمان ئاغای شڕناک بەپشت ئەستووری لە پڕوپاگەندەی پان ئیسلامی تورک و کوردەکانی گویان بەهێرش بۆ سەرئاشۆڕیەکان، ناوچەی سنووری شڵەژاند،و بەرزایی ڕووداوکوژرانی خاوەن پلەوپایەی سیاسی ئینگلیسی بوو کەلەزاخۆ بۆ وتووێژ لەگەڵ وان وەڕیکەوتبوو.  بە بەڕیوەبردنی عەمەلیاتی تۆڵە وەرگرتنەوە بەهۆی هێزەکانی ئیشکایی موافیقەت نەکرا،چونکە ئەم کەرتانە مەجبور دەبوایە خەتی ئاگربڕیان شکاندبوایە. لەداوای یارمەتی لە تورکیەش چاویان پۆشی، زوری بەم هۆیە کە فکریان بۆدەچوو تورکیە بۆخۆی دنەدەری ئەم شۆڵەبێت، وپاشان، مەسەلەی چاولێکەریش لە گۆڕێدابوو. لە بەرئەمە ئینگلیزیەکان بە بۆمباردومانی ئاسمانی دەستەوداوین بوون،ئەمە شێوەیەک بوو کە لانی کەم،بۆ کەمخەرجی لەبەکارهێنانی هێزەکانی ئیشکایی بەناوی تاکتێکی ئاسایی لەوی کەلک وەرگیرا. چاکتری ئەمشێوەیە،کارتێکردنی دەست وجێ وکەمکردنەوەی خەرج بوو. ئەم شێوەی ڕابردوو جگە لە نەکرانی دووری لە کوژرانی مرۆڤی ئاسایی (ناچەکدار) ئەم نەقوستانیەشی هەبوو کە فاسیلەو و کەلێن و قەڵشتی نێوان حکوومەت وخەڵک وەدی دەهێنا.

دوایی لە مانگی ژوئین ئالۆزی عمادیە قەوما،کە دەویدا خاوەن پلەوپایەی سیاسی وهاڤاڵانیان کوژران. لەم جەرەیانە ماقولانی عمادیەو چەندکەسێک لەئاغاکانی ناوچەو لە سەریەک ئاغاکانی برواری دەستیان تێداهەبوو. دەست وپێی جۆراوجۆرلەم ڕووداوە کارتێکەربوون: پاشەکشەی ڕابردوی پەلەکی نیزامی لە ناوچە بەم ناوەڕۆکە شێکرایەوە: کەهەنوکە ئاغاکانی ناوچە ئازادن هەرکارێکی کە دڵیان بخوازێ بکەن،مەترسی لەبابەت گەڕاندنەوەی  ئاشۆڕیەکان بۆ ناوچە،هەنگاو هەڵێنانێکی چالاکانە بۆ کۆکردنەوەی باج وپێتاک،وهەنگاوهەڵێنانێک کە ژێرپێی دەسەڵات وحوکم وشوێن تێکردنی هۆزەکان و پیاوە ماقولانی ناوچەیی بەتاڵ دەکرد. دەست بەکاربوون وملی پێوەنانی پێشوو یەکیان بریتی لەپێکهێنانی جاندارمەری بوو کە هێزێکی سزادەر،تەقریبەن بەقوەت حوکمی بریتانیای لە ناوچە بەڕیوەدەبرد.

پاشان سیومین ئاڵۆزی وپشێوی مجد لە ناوچەی بارزان-زێبار،هەڵکەوتوو لەقەراخ زێی گەورە دەستی پێکرد وبەبەشی عەقرەی بڵاوبۆوە. ئەم مەڵبەندە زۆرتر بەهۆی کێشەکێشەودەژمنداری کۆنی نێوان شێخەکانی بارزان وسەرۆکانی زێباری دایم ودەرهەم ئاڵۆزوپشێوو نابەفەرمان بوو، لەم بابەتەوە ناوی دەرکردبوو. ئەم چەقەوکێشمەکێشمە زوری کێشەی زەویووزاربوو،ڕابردووی وی بۆ نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕاوە کە شێخەکانی بارزان،لە قەراخ ڕاستایی چەم-تەقریبەن ڕوو بەزێبار-سەقامگیربوون. بەڵام ڕیبەرانی ئائینی بارزان، زێباریەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتریش هەڕەشەلێدەکردن: زوریان لە وەرزێران لەم هۆزەی زێباری وتیرەکانی دیکەبۆلای خۆ ڕاکێشان، ولەم ڕیگایەوە بە دەسەلاتی نوێ و بە سام وهەیبەتی ناوچەگۆڕدران.

بارزان وزێبار هەردوو لە چوارچیوەی ئیداری عەقرەبوون-بۆ وەی کەوشەنی نێوان بارزان و زێبار بپارێزن دەستوردرا فارس ئاغای زێباری ئیدی بە خاکی بارزاندا هاتووچۆ نەکات. لە لایەکی دیکە شیخ ئەحمەد دەیەویست کە بارزان بەشێک لە ناوچەی ڕەواندزبێ ولەچوارچیوەی ئیداری عەقرە دەربچێت.

بەدوای پارەی تاوان کەیەکێک لە خاوەن پلەوپایەی سیاسی ناوچەیی بۆ دووکەس لەسەرۆکی عەشایەر دیاریکردبوو،ئەم دووە لەنەکاو لەنوامبەری 1915لەشێخ ئەحمەدبارزان داوای یارمەتیان کرد. ئەم دوو گروپە پێکەوە، خاوەن پلەوپایەی ئینگزی وهاڤالانیان دەبۆسەخستن و زۆرتری هاڤالانیان کوشتن،داویی بۆ تالانکردنی عەقرەدەست بەکاربوون، سورچێەکانیشیان ڕەگەڵیان کەوتن. ئەم ڕووداوە زۆرتر وەکوڵهاتنی تووڕەییبوو، هەتا هەنگاوێکی پێشتر هەلسەنگان. هێزیکی چریکی کورد(جاش) بەفەرماندەری ئەفسەرانی ئینگلیزی لاقیان لە ناوچەنا،مالاکانی خەڵکی زێباری و بارزانیان ئاگرتێبەردا سوتاند-وسەرۆک عەشایەری بارزانی وزێباری ڕوویان لە چیاکرد. ئێستا سەرۆکانی ناوچەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ شوڕشگێڕان پێشنیاری یارمەتیان لەحکوومەت کرد، ئەم جەرەیانە هەڵبەتە ئەوەندەی کە شوێن تێکەر لە سیاسەتەکانی ناوچەیی و ناوعەشایەری بوو ناسناوی وەفاداری بەحکوومەت نەبوو.

**شێخ کەحموود ی سولیمانیە:**

لە سەرئەوەش،توندوتیژترین ناراحەتی لەسلیمانیە ڕوویدا. لەجێگاکانی دیکە بریتانیا ناوچەکانی داگیرکراو ڕاستەوخۆ و بە دەستی گروپێک لە خاوەنانی پلەوپایەی سیاسی بەڕێوەدەبرد. سلیمانیە دەڤەرەک بوو کە لەوەزیت ودۆخێکی تایبەت بەرهەمی وەردەگرت.

لە ئەوەڵی ئۆکتۆبەری 1918ویلسن، شێخ مەحموودی بەناوی(حاکمی) سلیمانیە کە مەڵبەندەکی بەرفرەوانە و هەڵکەوتوو لەنێوان زێی بچووک ودیالەیە،پەسەندکردبوو. بەرپرسی دیکەی کوردیش بۆ بەڕیوەبردنی بەشەکانی جۆراوجۆردیاریکران، کە لە ژێرڕێنوێنی خاوەن پلەوپایەی سیاسی خەریک بەکاربن. ئینگلیزیەکان هەڵبەتە چاوەڕوان بوون کە لە بەرامبەر ئەم کردەوە، شێخ مەحموود

بە دەستوورەکانی وان ملکەج بێت، و لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەوان لەسەرئەمەبوو کە حوکم ودەسەڵاتی وەرگیراو لەدەم ودەزگای بریتانیایە.

شێخ مەحمود تەنیا ڕێبەری شوێن تێکەری ناوچەی سلیمانیە بوو. لە دەورەوپشتیش هەتا دەڤەرەکانی ڕەواندزوکۆی سەنجاق،خەڵک بە بۆنەی ئیلاقەیەک بەوەرگرتنی یارمەتی بریتانیا ئامادەبوون بەحوکم وی لەمقامی بەرپرسێک کە بریتانیا ئەوی بەم مقامە داناوە،ملکەچ بن.

بەمجۆرە ئەوهۆزانەی کە بە چەتوونی ئەویان دەناسی،وئەگەر دەیاننناسی لە{{کۆتایی ئەمری ئەویان بەکوڕی نالێهاتووی، مرۆڤێکی باش دەزانی {{[یەک بەدوای یەک داواکاری بە درۆیان کە خوازیاری لەبەرگرتنی ناوچەکەیان لە چوارچیوەی حوکمڕانی شیخ مەحموودبوو ئیمزادەکرد، وایان فکردەکردەوە کە ئەمە مەرجێکە کە دەوڵەتی بریتانیابەهۆکارو دەلیل وبەڵگەی تایبەت بەخۆی دیاریکردون. ئەمە بیروبۆچوونی میجرسونە، کە پیاوێکە ڕەش بین و ناوچەیی بەرلەشەڕبەباشی دەناسی.

لەم بێزاریە لەشێخ مەحموود،سوون بەتەنیا نەبوو. لەتەواوی ناوچەکانی دەوروپشتی سلیمانیە،شێخ مەحموود لەناو هۆزەکانی جاف وباجلان، بەتایبەت لەناو شێخەکانی دیکە-شێخەکانی تاڵەبانی کەرکووک،کەقادری بوون، وهەروا شێخەکانی نەخشبەندی بیارە وتەوێڵە-دژکارانی خۆی هەبوو. وبۆهۆی ئەم دژکاریانە بووکەخەڵکی شارو تیرەکانی کەرکووک وکفری لەوبەشی ناوچە نەهاتبوونە ژێرحوکم ودەسەڵاتی شیخ مەحموود-وئەمەشتیک بووکەئەو(شیخ مەحموود) لەگەڵ وی ڕەزامەندی دەربڕیبوو.

شێخ مەحموود هەڵکڕانێکی بەتەوا جیاوازی لەم تێکەولێکەی سیاسی هەبوو. ئەوچاوەنواڕ نەبووکەحەدوسەدی حکوومەتەکەی لەدایرەیەک بەدوو ڕەخی زێ ودیالە، وڕووژاو لەحوکم وشوێن تێکەری بریتانیا بێ. بەپێچەوانە،ئەوجۆرەی کە ئەو دەیبینی دانانی بەهۆی شوێن تێکەریەک بوو کە ئەو لەناوکوردەکان هەیبوو،ولەچوارچیوەی ئەم ناساندن و شێکردنەوی،وی بەنەزەر کراوەیی هەمووکوردەکانی پارێزگای لەم دایرەیەدا جێگا دەدا،وئەم بیروبۆچوونە جێگای وەرگرتن وحاڵیبوون بوو،چونکە شێست سەرۆک عەشیرە کەلەگەڵ ویلسن سەردانیانکردبوو داواکاری نوێنەرایەتی سەرجەمی کوردەکانی پاڕیزگا بوون.

هێندەی نەکێشا کە ئەم ناکۆکیانە ئاشکرابوون. شێخ مەحموود یارمەتیەکانی ماڵی کە ئینگلیزیەکان بۆ دابین کردنی مووچەی کارگێران یارمەتی بە نوێکردنەوی وێرانیەکانی شەڕلەبەردەستیان دانابوو سەرفی پتەوقایم بوونی پایەکانی دەسەڵات وئیختیداروکرێنی پەیمان وبەڵێنی سەرۆکی هۆزەکان کرد. سوون هەڵکڕان ولێکدانەوەی دوژمنانەی لەم جەرەیانە هەیە:

هەموو شوغڵەکان بێ ڕوانی بەلێهاتووی وکەسینی بەکەس وکارونزیکانی خۆی ئەسپارد،لە قایمەقایم بگرە هەتا قازی دادگەی شەرعی سلیمانیە، لە ئیختیاری خزمەکانی یان ئەوانەی ماستاوچی بوون وپێیان هەڵدەکوت. لە کارگێڕانی ئیداری هەتا پێشمەرگەکانی کوردی کە لە ژێرچاوەدێری پسپۆرانی ئینگلیزی دەحاملان داوایان لێدەکرا کە سەبارەت بەوی سوێندی وەفاداری بخۆن.

ئەم خاڵە جێگای گرینگایەتیە و نابێ لەبەرچاوی دوورکەین،چاوپۆشی لە کەمبوودیەکانی شێخ مەحموود(کەخێراسەریان هەڵدا)هەرکوردێکی دیکەش کە لە جێی وی دانیشتبوایەوجڵەوی دەسەڵاتی بەدەست گرتبوایە ئەم تەنگەژەیەی بۆ دەهاتەپێش. چونکە لەپشت ئەم ڕوو بەڕوو بوونی کەسیتی دوو نیزامی دژ بەیەک ودوو جۆرەچاوەنوارِی ونامتەوافق، بوونی هەبوو: ڕوو بەروو بوونی بنەڕەتی لەڕاستیدا ڕوو بەڕوو بوون نێوان دوو شێوەحکوومەت بوو: ڕوخساری سروشتی کە دەویدا کارگێران بەپێی لێهاتووی وکەسینی خۆیان هەڵدەبژێردرێن وپەیمان وبەڵێنیان ڕووی تاکەهزرێک وەکوو وڵات ودەوڵەت یان سەلتەنەت یان ئەم جۆرەشتانەیە،و شێوەکەی دیکە تەواو کەسین و لە سەربناخەی داکۆکی وسێبەرنشینی یە،کەهێشتا توێیەکانی مەزەبی و عەشایەری کۆمەڵگای کورد،بوونی هەیە،شێخ مەحموود لەبابەت خۆی کاتێک دەیتوانی ئەمین و دڵنیابێت کە پایەکانی قودڕەتی کەسینی قایم ومەحکەم کردبێ،یانی بەڕەکێش کردنی کەسایەتیەکان ژێرداکۆکی خستنی وان ودەرپەڕاندنی کەسانێک کەلەگەڵ وی دوژمنن یان خاوەنی هزری سەربەخۆن.

هێشتاساڵ کۆتایی نەهاتبوو وەزیەت هێدی هێدی بەرەو ناسازگاری هەڵدەگەڕاوە،بەڵام تەنیا لەمانگی مارسی 1919بوو کە هەنگاوێک بۆ بەرتەسک کردنی داوینی تێکۆشانەکانی شێخ مەحموود ئەنجامی گرت. نوئل،کەسیاسەتی عەشایەری گرتبووبەر وشێخ مەحموودی بە(حوکمڕان) دانابوو. جێگای خۆی بە(سوون) دا. دانانی سوون لەجێگای نوئل گوێزرینگانەوەیەکی ئاشکرابوو. دەونێوەدا کەرکووک وکفری و کوی سەنجاق ورەواندز وهەڵەبجە وناوچەی جافەکانیش لەچوارچیوەی حکوومەتی شێخ مەحموود چوونەدەر. خولاسە،ئەفسەرانی سیاسی بریتانیا بەعیشق وعەلاقەیەک کەبە(نیزامی عەشایەری) بوویان، پێشترێش هەر ئەو فەرهەنگەیان دەڵگرم وپەرەپێدابوو کە لە چرکەی ئارامی فکرو خەیاڵ، بۆ ئەویان ئاخ وحەسرەت هەڵدەکێشا. سوون کەبەئاشکرا لەدژکارانی ئەم شێوەیە، بیروبۆچوونی ئەوها شێ دەکاتەوە: نوێکردنەوەی ژیانی عەشایەری ...بزوتنەوەیەکی پاشکەوتوو بوو...کوردستانی باکوورپێشترهەتا ڕادەیەکی زۆرلەحاڵاتی تایفەیی هاتبوودەر،و لە ئاکامدا لە ساڵەکانی بەر لە شەڕبەبرەو ئاسایش گەیبوو. ئێستا خاوەن پلەوپایەی سیاسی (نوئل) بە قەبووڵکردنی بیروبۆچوونی شێخ مەحموود قەست و ئیرادەی خۆی خەرجی نوێکردنەوەی ژیانی ئەم نیزامەکردبوو. دەکراهەرکسێکی بەرچەسپی عەشیرەیی لێدەن و لە ئیختیاری سەرۆک عەشیرەکی دانین. لەبیروبۆچووندابوو کوردستانی باکووربەدەڤەری تایفەیی دابەش بکرێ وهەرناوچە لە ژێرحوکم وفەرمانی سەرۆک عەشیرەتێک بێ. {{قەبریان دەدانەوە،کویخاکانی دێ بەشێکی زەویەکانیان دەدابەسەرۆک قەبیلە کەلەمێژ بوومردبوون...{{ بەڕیوەبەرانی قانوون سەرۆک عەشیرەبوون، و ئەوان دەبوایە شێخ مەحموودیان بە(حوحکڕان)ناسیبوایە..ئەم شیوەیە، هەڵبەتە بۆعەشایەر شیوەیەکی دلگربوو،بەڵام بۆ سەوداگەری وپێکەوتوویی و ئاسایش وژیان شێوەیەکی مەترسیدارو مەرگ هێنەربوو.

ویلسن کە لە ناجوری بارودۆخ ئاگاداربوو دەیەویست لەنزیکەی کۆتایی مانگی مەی بۆخۆی چاوی بە شێخ مەحموود بکەوێ،وحەول بدا لەگەڵ وی بگەنە ڕێککەوتنێک کەچوارچێوەی خودموختاری بپارێزرێ. بەڵام شێخ مەحموود بەرلەئەنجامی ئەم سەردانە 300سوار لەلایانگرانی عەشیرەی خۆی لەولای سنوور-لەئێران کۆکردبوو، ولە23ی مەی هەموو کارگیرانی ئینگلیزی زیندانی کرد وچریکەکانی لەپادگان ڕاونان. لایانگرانی لە ناوچەکانی دیکە لە دەورەی خڕببونەوە،و ئەوکە لەم سەرکەوتنە

یەکجاریاغر ببوو خۆی بەحوکمڕانی هەموو کوردستان ناساند،لایانگرانی خۆی بۆ حکوومەتی ناوچەکان لەسەرکاردانان. بە لە تەڵە خستنی ستوونێک لەهێزەکانی ئینگلیزی کەلەلای حەمچەماڵ لەڕێگا دەرکەوتبوو کەسایەتیەکەی بەرزبۆوە. لەهەردوو لای سنوورعەشایر وەفاداری خۆیان پێ ڕاگەیاند. دەسەڵاتدارانی بەغدا ئێستا بەلەز دەست بەکاربوونە، هەتا حوکم و دەسەڵاتی لەرزۆکی خۆیان سەرلەنوێ بگەڕێننەوە. دوو تیپ یان کۆکردەوە، کەلەنێوەڕاستی ژوئێن بەتاڵووکە هێزەکانی 500کەسی شێخ مەحموودیان لە(دەربەندی بازیان)تەفروتونا کرد. شێخ مەحموود بەدیل گیرا، بەڵام لەئیعدامی پاشگەزبوونەوە،ئەویان بۆ کەوەیت دوور خستەوە. ئەم شۆڕشەی تەمەن کورت،لەدوایدا بۆ بەشەوچرای نەتەوەخوازی (ناسیونالیسم)ی کورد. فکرو گەلاڵەی(کوردستانی ئازادو یەکگرتوو) حیکایەتی لەمەدەکات کەشێخ مەحموود مرۆڤێک بوو نەتەوەخواز-کە لە ڕاستیش دا وابوو. ئەو نەک تەنیا لەجێگای کاکڵەکی سیاسی ئاقیدەی وابوو بەڵکوو بەحەق ئاقیدەی ئەمەبوو کەسەربەخۆیی کورد دەوشتەدابوو کە یەکگرتووەکان وادەیان بوو. لەسەرباسکەکی قورعان دەبست کە لە سەرلاپەڕەی پێشەکی ئەم کەلامە ڕستەی ئەسلی 12وودرو ویلسن و داخۆیانی ڕێکەوت هەشتەمی مارس ئینگلیز وفڕانسەو نووسرابوو.

لەبەسەرداچوونەوەدا مرۆڤ بێ مەیل نییە کە شێخ مەحموودبەبیچمێکی هزروفکری تازەی ناسیونالیستی بڕازێنێتەوە. بەڵام پاشان،لەم بارەوە کە ڕێگای هاوبەشی هێندەی لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئەمڕۆی کورد نییە،شک وگومانی تێدانییە. چ ئەو وشانەی بەکاری دەبەن وچ شێوازی کارەکەیان تەوفیری هەیە. ئەمەش جێگای سەرهەڵبڕینە کەشیخ مەحموود وەختی بە هەدەرو لە خۆڕایی نەدا لە سەر ئەمە کە ڕوو لەهەست و ئیحساسی خەلک بکات. ئەوسەید بوو،وزبانێک لەلایانگرانی وهۆگرانی تێی دەگەین زبانی ئیسلام بوو. لە1919فەرمانی کەدا فەرمانی خەزابوو نەک فەرمان وبانگەوازی خەباتێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. بل لەمە شێوازی کاری کەلک وەرگرتن لەکەس وکارو بەرەی تایفەیی وئامانجی پێکهێنانی سەرزەمینێکی دیارکراوبوو.

شێخ مەحموود ئازادی لە تەنگ و چەڵەمەی حکوومەتی ئینگلیستان بۆ خەڵکی شی دەکردەوە نەک لە تەنگ و چەڵەمەی حکوومەتی خۆی. ناوبانگ وڕابردووی ئاوازەی شێخەکانی بەرزنجی لە تەماحکاری تووڕوتۆسنی یەکێک لەهۆکاری دڵساردی زوربەی کوردەکانی ناوچەی سلیمانیە بوو. بەم دەلیلە ئەمە نەک خەڵک ناوچە بەڵکوو یەکگرتوەکانی عەشایەری ئەودیوی سنوور،یانی کوردەکانی ئەورامان ومەریوان بوون کە بەڕێبەرایەتی مەحموودخانی دزلی ومەحموودخانی کانی سانانی شۆڕشیان وەڕێخست.

لەگەڵ ئەوەش شۆڕشی شێخ مەحموود لە سەربەخۆخوازترین ناوچەی کوردستان روویدا. دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەڕوونی نیشانیاندابوو کە نایانهەوێ ژێرحوکم ودەسەڵاتی عەرەب بن. شێخ مەحموود ئەگەربەڕاستی نوێنەرای تاسەوئارەزوی نەتەوەخوازی بوومرۆڤ سروشتیە چاوەنواڕی دەکرد لە شاری سلیمانیە لە وی پشتیوانی زۆرتربکرێت، بەڵام ئەونەیتوانی لێرە جووڵانەوەیەکی سروشتی ڕیکخات وهەڵستێنێ. بل لەلایانگرانی کەسینی،هێزەکانی ناوچەیی وی، لەسەریەک ڕەعیەتەکانی بەرزنجی و مرۆڤی قەبیلەکان پێکیاندێنان. هەمەوەندەکان بەڕێبەری کەریم فەتاح بەگ، وگروپەکانی ناڕازی جاف، جەباری، شێخی بزینی وشوان-کەهەموویان لەدوور لە ناوچەی سلیمانیەبوون. زۆربەی

جافەکان وپژدەریەکان کە کۆنترین بەرەی ناوچەیی بوون بۆ سەرکوتی شۆڕش بەئینگلیستان کەمەری خزمەتیان(جاشەتی) بەستبوو-کە ئەمەبۆخۆی چەتوونە بتوانێ حیکایەت لەیەکیەتی کوردبکات.

لەدوایی تێشکانی شیخ مەحموود،سوون بۆ سلیمانیەگەڕاوە هەتا بەگوڕ دەسەڵات ناوچەی بەڕیوەبەری وسەرافەت بکات. ئەو وەکوو سەرۆکێکی بەئیختیدار هەڵس وکەوت و ڕەفتاری دەکرد،ترس وڕێزی لەدڵ دنەدەدا وبەگوێرەی قسەی یەکێک کە بیرەوارەیەکانی لەکاتی مردنی لەچاپەمەنی نووسی وبڵاوکردەوە، ئارامی وئاسایشی بۆ سلیمانیەگەڕاندەوە کەبەرلەوی پێشینەی نەبوو. ئەو یەکجار گیرۆدەو ئۆگری کاروباری گشتی بوو کەلە بەرهەمی ناوچە بەڕێدەچوو، و هەڵبژاردنی ڕێنووسی کوردی  لەنوسینی قوتانخانەکاندا دلگەرم وهاندا. هێشتا ساڵ کۆتایی پێنەهاتبوو کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(پێشکەوتن)وەریخست، کەبەهۆی شێوەنوسینی خەتی کوردی ببوو بەهۆی گاڵتەجاری نووسەرانی کورد،بەڵام هیورهیورجێی خۆی کردەوە،بوو بەگشتی.

سوون هەرچەند مرۆڤێکی مستعمەراتی(داگیرکەر)بوو بەڵام کەسایەتیەکی ماوریک وێنەبوو-یانی ئازاڵداری تگزاسی،بەپێچەوانە محکەمکاری لەگەڵ ژێردەستان بە ئینسافەوە ڕەفتاریدەکرد-چونکە یەکجارئاقیدەی بە خۆدمووختاری کوردستان هەبوو و(بۆ ناوچەجۆرەخودموختاریەکی دابین کردبوو کە لە هیچ کام لەبەشەکانی داگیرکراو،وێنەوپێشینەی نەبوو وهۆکاری ناڕازی بوونی گەلێک لەدەسەڵاتدارانی دەم ودەزگای بەغدای پێکهێنابوو. سوون خێرا-لەمانگی مارس-بەم هۆیەوە کەبیروبۆچوونی دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی توانەوەی بریتانیا بوو لەسەرکارلابردرا.

شۆڕشی دووەمی شیخ مەحموود

بریتانیا لەدەسامبەری 1922 بۆ ڕوو بەڕوو بوون و بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی تورکان، شێخ مەحموودی عەفوو کرد و بۆ کوردستانی گەڕاندەوە. ئەم کردەوە لەڕاستیدا کارێک بوولەسەربناخەی مەسڵەحەت داڕیژرابوو و بەکەلک وەرگرتن لەهەستی ڕوو بەبەرەوپیشچووی ناسیونالیسمی کورد وەکوو مەتاڵێک لەبەرامبەری پڕوپاگەندەی تورکخوازان بوو. بریتانیا حەوجێ بەشیخ مەحموودی بوو، چونکە بەهۆی سیاسەتی ڕادەیەکی توندی ئابووری بەکردەوە هێزێکی ئەوهای نەبوو هەتالەکوردستان لەوی کەلک وەربگرێت.

بەرەوپێشچوونی بەرجەستەبوونی کوردی دوو پایەی هەبوو. یەک لەم دووە بەرزبوونەوەی ئاگایی و زانیاری نەتەوەیی،خەڵکی نا عەشیرەیی شارەکان وخەڵکی دانیشتووی دەوروپشتی دووچۆمان(بین النهرین) بوو. بەڵام ئەمەش بەچەتوونی ئەگەرلەدەرەوە لەو ڕاوێژانەی کە بریتانیا بەڕیوەی برد و نیشانی دابوو. ئاشکراترو بەوچاوتر  لەهەمووان سەرهەڵدانی جارو بارەی سەرکێشی وچەڵاخی تایفەیی بوو،کە دەمی تیژیان ڕووی لەحکوومەت وبەپتوونی سەرهەڵداو لەبێزاری لە دەست تێوەردان بوو هەتا بوونی ئیدولوژیەکی ئەریتی، بۆ دواڕۆژی کوردستان.

لەئەوتی 1920ناوچەی هەولێر تووشی ئاڵۆزی وپشێوی بوو. شێخ مەحموود پێشتر بەخەڵکی نیشادابوو کە لەوانەیە و دەکرێ لەگەڵ دەست تێوەردانی بریتانیا بەربەرکانی بکات. لە ژوئیەی 1920شۆڕش، باکووری ئێراقی دەبەرخۆ گرتبوو،ولەم جەرەیانە(گیانی ڕاپەڕینێک کەلەباکووربۆ باشووربڵاودەبوو)وڕووژاو دەکرد. لەکوردستان بەرەی سورچی بەئاشکرا بەیداخی ڕاپەڕینیان هەڵکرد. لەمانگی ئاوریل چەند بەشێک لەعەشایەر کەلەناوچەی مووسڵ دانیشتوو بوون کاروانێکی نیزامیان خستەبوو بۆسەو دوایی هێرشیان بۆ عەقرە بردبوو. ئەوکات کەس وکاری ئەو گروپە لە مەڵبەندی هەولێر لەگەڵ کوردەکانی ناڕزای ڕەواندز،هاودەست بوون و خاوەن پلەوپایەیی سیاسی یان لەڕەواندزو کوی سەنجاق دەرکردن. هەنۆکە زۆربەی خۆشناوەکان،کەپێشتر خوازیاربەئینگلیز بوون، وگروپەکانی دیکەی عەشایەری پاڵیان وەشۆڕشگێراندا. لە مانگی سپتامبەر شاری هەولێر، کەوتە بەر هەڕەشەی سورچییان،وتەنیا دزەیەکان بوون کە بە لایانگری لە حکوومەت ئەویان لەمەترسی هێرش کردنە سەر و پاراست. مەسەلە بەتێشکانی سورچییەکان لە هجووم بۆسەر ئۆردووگای پەنابەرانی ئاشۆری دامرکا. لەکۆتایی ساڵ زوربەی ئەم شۆڕشگێڕانە ملکەج ببوون، بەڵام واز وازی بوونی عەشایەر، لاوازی حکوومەتیان بەڕوونی نیشاندابوو.

لەدەست بەسەرداگرتنی (پاڕیزگا)بەم لاوە بۆ هەڵوەشانی حکوومەتی ئینگلیزیەکان، بەردەوام گەلێک تێکۆشان کرابوون. سورچیەکان شەش حەوتوو پاش لە تێپەڕین لە زێی گەورە،لە کۆی وشەقڵاوە دەستیان بەبەڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی لایانگری تورکیەی کردبوو. لەباشوور زێ ڕێبەری سورچیەکان لە گەڵ شێخەکان بوو،ولەونێوەدا شێخ عەبەیدوڵڵا لە هەمووان گرینگتر بوو. ئەو ئیحساسات وهۆگری ئیسلامی وبیزاری لە حکوومەتی گاور نەدەشاردەوە، هەرچەند ئەم پڕوپاگەندەی ئیسلامیخوازی کە تورکەکان دەستیان لێگیرکردبوو ئێستا بەلەز ڕوخساری کاڵ دەبۆوە و ڕەونەقی بازارەکەی برەوی نەمابوو.

لەزستانی 22-1921ئاژاوەی دەنوێ سەریان کردەوە. لەنێوەڕاستی دەسامبەرڕوو بەڕوو بونەوەیەکی گەورە لەباشوور(لەبتاس) نێوان هێزەکانی ئەمنیەتی وسوورچیەکان ڕوویدا. پاشان لەباکوور، مەحموودخانی دزلی بەدنەی تورکان لەولای سنوور دەستی بۆ هێرش بۆ ناوچەی هەڵەبجە برد. لەکۆتایی بهار سەید محەمەد،سەرۆکی جەبارەکان، دیسان هەڵگەڕاوە وهێندەی پێ نەچوو کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند،کە کارسازی کوشتنی خاوەن پلەوپایەی سیاسی ئینگلیزیی و فەرماندەری چریکانی دابوو، بە وی لکا. کاتێک چریکەکان، هەمەوەندەکانیان بۆچیاکانی پژدەر ڕاونا، تازەتێکەین کە بەشێکی بە هێز لە پژدەریەکان لەگەڵ شۆڕیشگێڕان هاودەستن، و تەنیا توانیان ئیختیدارسەرۆکی پژدەریان، یانی بابەکرئاغای کە لایانگری ئینگلیزیەکان بوو،بگێرنەوە. کاتێک کە لاوزی و لەرزۆکی لە حوکمات وئیختیداری ئینگلیستان دیاریدا پژدەریەکان بۆ ناوشۆڕش چوون. لەم نێوەدا کەریم فەتاح بەگ بۆ ڕەواندز ڕویبوو. لێرە بوونی تورکەکان لە ناوچە پەیوەندیەک لەنێوان عەشایەری ناڕازی ناوچەوەدیهێنابوو و بە دەسەڵاتترین گروپەکانی عەشایەری مەڵبەندی کۆکردبۆوە. ئەوانەبریتی بوون لە : سورچیەکان(بەڕیبەری شێخ عەبەیدوڵڵا) زێباریرکان (بەسەرۆکایەتی فارس ئاغا)بارزانیەکان(بەڕێبەرایەتی شێخ ئەحمەد) وخۆشناوەکان، ولەکفری، هەڵکەوتولەباکوور،زەنگەنە کەتایفەیەک بوو ڕەچەڵەتورکمان. لەمانگی ئەوت لەوکۆمەڵەهێزانەی

نارازی کورد ژمارەیەک زێدەبوون، کە لە دوایی تێشکانی نەمرسمکۆ لە لەشکری ئیران(پاژی 10)ئەویان بەجێهێشتبوو.

ئیستراتێژی بریتانیا بۆئیراق ئێستا کەتووشی تەنگەژەوکیشەوهەرابووو. لەسەرەتای ئۆکتۆبری 1922 هێزەکانی ئیشکایی، بەرپسیارەتی سەرجەمی ناوچەی بەهێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی ئەسپارد.

هەرلێروانێنێک، گەلاڵەی کۆنترۆڵی ڕێگای هەرزان بەڵام کارتێکەر بۆ لەجێ دانان و داگیرکردنی ئیشکاتی دیاری نەکردبوو،بە گۆمانبردنێکی زۆر،بوونی بریتانیا لە ناوچە یان بەلەز دەهات بەرتەسک دەبوو وێکدەهات،یان بەتەواوی کۆتایی پێدەهات. و (وڵاتی عەرەبی) بە مردوویی دەهاتە دونیا،و قودرەتی تورکیە لە حاڵێ زیندو بوونەوە دابوو پارێزگای مووسڵ و لە وانەبوو پاریزگاکانی بەسرەو بەغداشی دەباوەش دەگرت.

و بەوەرگرتنی ئەم حاڵیبوونە لە ئالۆزی و گۆڕانکاری بوو کە بەغداش هاتەسەر ئەو بیروبۆچوونە کە لە بەربەرەکانی لە گەڵ تورکان ڕوو لە ئیحساساتی نەتەوەیی کوردان بکات. بەرێ تێکۆشانێک کرابوو کە بەگزادەکانی جافی کە حوکم وشوێن تێکەریان لەدەڤەرەکانی دوروپشتی هەڵەبجە هەبوو وادازبکات کە(ڕێبەری مەسەلەی خۆدگەردانی کەبەگشتی ئاقیدە لە سەر ئەمەیە،کە ئیدی بۆ گنخاندن نابێت) وەدەست بگرن.

هەڵبەتە ڕێگاچارەی باش،دۆزینەوەی کەسێک بوو کەسەرجەمی کوردەکان بتوانن لەدەورەی یەکبگرن. لەمانگی ئەوت بڕیار لەم بارەوگیرا کەلەسەید تەها بانگهێشتن بکرێ کە لە دوایی وەدەرنانی تورکەکان لەناوچە، دەسەڵاتی (حوکمڕانی) لەڕەواندز و ڕانیە قەبووڵ بکات. سەیدتەها هەنۆکە دۆخ و هەڵکەوتی خۆی لەشەمزینان لەدەست دابوو. ئەویان بەچاولێکەری حکوومەتی سلیمانیە، و لە بەرئەمە فەرمانڕەوایی کوردستانی خودموختار ژیرحاکمێیەتی ئیراق،بۆ مەیدان کێشا. بەڵام لەوکاتی دا دل مەشغولی تەها هەناسەکانی ئاخری ئاویلکەبوو کە شۆڕشی سمکۆ لە ئێران دەیکێشا. لەمانگی ئۆکتوبر، ئەوپێشنیاری کرد کە بەیارمەتی بەعەشایەر،تورکەکان لە ڕەواندز وڕانیە وەدەرنێت،سێزدەحەوتوو بارانی بێ ڕاوەستان و بێ ئیختداری خودی وی لەکۆکردنەوەی عەشایەر،هەتا هەرکیەکان کەلایانگرانی نەریتی بنەماڵەی بوون، ئەم نەخشەیان بەسەرکەوتن ڕوو بەڕوو نەکرد. بەغدا نەیتوانی بوو بەچاوەنواری هەنگاوی سەید تەها دەست لە سەردەست دابنێت. لەکۆتایی مانگی ئەوت هێزێکی بۆ وەگرتنەوەی ڕانیە ناردبوو کە بە دەستی هێزەکانی ازدەمیر لەناوچوو بوو. لە یەکەمین حەوتووی سپتامبەر بارودۆخ بەڕادەیەک ناجووربوو کە ئینگلیزیەکان وکارگیڕانی دیکەی ناکوردی حکوومەتیان بەفرۆکە لە سلیمانیە وەدەرخستن- ئەمە یەکەمین چوڵ کردن بەم شێوازە بوو- و ئیداری کارەکانی ناوچەیان بەشوڕایەکی هەڵبژاردە ئەسپارد.

ئەگەربریتانیا توانیبوایە خەڵکی کورد ئیقناع بکات بەمە کە بە یەکیەتی لەگەڵ بریتانیا، نەک لەگەڵ تورکیە، قازانجیان باشتر دابین دەکرێ، مەترسیەک کە ئۆزدەمیر لە دەڤەر وەڕیخستبوو بەبێ دوو دلێ دادەمرکا. بەڵام شکانی ڕانیە و بەتاڵ کردنی بەپەلەی سلیمانیە هەموو بەڵگە لەسەر پتەوەبوونی بارودۆخ و هەڵکەوتی تورکیە بوو. بریتانیا ئیکجارحەوجی بەکوردان بوو کەبتوانێ

(ماری بەدەستی وان بگرێ)سەید تەها لەجێگایەکی دیکەش تەنگەژەی هەبوو،جگە لە شوێن تێکردنی کە هەتاسلیمانیە بەرفرەوان نەدەبۆوە. تەنیا کەسێک ئەوئیحتووباری هەبوو کە بەپێچەوانەی وازوازی بوونی کەنیشانی دابوو متمانە بگەڕێنێتەوە.

لە سەرەتای سپتامبەر شێخ قادر، برای شێخ مەحموود،بەبەرپرسی شورای سلیمانیە دانرا. ئەمە زەبرێک بوو کە لە ئیحساسی نەتەوەخوازان درا، وشورای والێکرد کە دەروازەکانی سلیمانیە لەڕووی تورکان گالەبدات. بەلام بەهەرحاڵ بەڕەوالەت تەنیا هەلبژاردنی بەرئاقلانە ودلخواز،خودی شێخ مەحموود بوو،ئەمە بۆچوونێک بوو کە ڕەنگەخودی شێخ قادریش دەویدا بەشداربوو. سەرئەنجام شێخ مەحموود لەنێوەڕاستی سپتامبەر لەزێندانی کەوەیت بۆ سلیمانیە گەڕاندراوە وبەبەرپرسی شوورا دانرا، لەبەرامبەرئەم دەستەبەریە کە بەرگری لەمە بکات کە تورکەکان بێنەناوشار وئەوان لە ناوچە ڕاوبنێت.

شێخ مەحموودئێستا مقامی پێشووی وەرگرتبۆوە، وزورتر لەفکری پێکهێنانی ولاتێکی کورد بوو. وردە وردە بەڕەکێشکردنی سەرۆکانی ناوچەیی وهەتا هێندێک لە سەرۆکانی ناوچەی کەرکووک کەلەدەرەوەی سەرزەمینی سولیمانیە بوون،خەریک بوو. بەم قەست ونیەتە کە ئەوان ئیقناع بەمە بکات کە ئەوەی بەناوی سەرۆکی کوردستانی سەربەخۆ بناسن. داوای کردناوچەکانی دەرەوەی سلیمانیە بەشێک لەچوارچیوەی حکوومەتی وی قەراربگرن، و لە نوامبەرخۆی (پاشای کوردستان)ڕاگەیاند. لەونێوەدا هێورهێور دژکارانی پێنوس بەسەرداکێشان ولەکاتی پێویست بە دەستەوداوین بە کوشتنیان ئەوانی لە سەرڕێ هەلگرتن.

لەبەشەکانی دوورتری ناوچەی سلیمانیە،قسمەتێک لەجافەکان لەهەلەبجە وپژدەر، قەلادزێ، کە لە ڕابردو لە دژکارانی وی بوون ئێستا حازر بە هاوکاری لەگەڵ وی بوون. لەبەخت ڕەشی هەنۆکە لەگەڵ ئۆزدەمیر خەرێکی نامە گۆڕینەوەبوو- و لە مەڕخودموختاری کوردەکان لە بن دەستی حکوومەتی تورکیە دەستەبەری دەویستن، وبەکۆکردنەوەی پشتیوانان ویەکگرتووان هەتا لەکوردستانی ئێران خەریک بوو،یەکێک لەوان سمکۆ بوو.

هەلس وکەوتی شێخ مەحموود بە ڕەوالەت گەلێک دڵ ئێشی لەناوخەلک وەدیهێنابوو،کە پێیان خۆش نەبوو ئەندامی تایفەکەی بەتایبەت خزم وکەس وکاری و لایانگرانی ساختەچی وفیلبازی خۆیان بەسەریاندابسەپێنن. شوێن تێکەرترینی ئەم خزمانەی ڕەنگە کوڕی پووری وی شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم بوو. قادرکەرەم پالپشتەکی گرینگ لەباکووری سلیمانیە و لە دەڤەرەی تالەبانیەکان. شیخ عەبدولکەریم لەتاسەی شێخ مەحموود بۆ پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆی کوردی بەسەرپەرستی بنەمالەی بەرزنجی بەشداربوو، بەلام لەلاوازی قوەی لێکدانەوەی سیاسی کوڕەپۆری خۆی نگەران بوو. کاتێک جەرەیانی ڕووداوەکان شیخەکانی تالەبانی هێنا سەر ئەم بڕیارە کە غروری خۆیان بشکێنن و فەرمی لەبەرامبەر دوژمنی سوێند خۆریان،یانی شێخ مەحموود،ملکەچ بن، شێخ عەبدولکەریم بە ئەوانی پێشنیارکرد کە تەسلیم وقبوولیان بەم مەرجە ببستنەوە: کەشیخ مەحموود قەول بدا بە سیاسەتی ئینگلیستان وەفاداربمێنێتەوە. لکانی تالەبانیەکان بەشێخ مەحموود بۆ متمانەی یەک پارچەیی کوردەکان کارێکی بنەڕەتی بوو. لەبەرئەمە شێخ مەحموود ئەم مەرجەی قەبووڵ کرد. و

ئەمە هەڵبەتە بەستێن و هۆكاری وەدەست یەكگرتووانی ناڕازی لەشێخ مەحموود دا كەداكۆكی خۆیان لە وی ببڕن.

وەزیت  و چلۆنایەتی هێشتا نامەعلووم تر لەوەبوو كە ئینگلیزیەكان بیانەوێ هەنگاوێك دژی شێخ مەحموود هەڵگرن. لە مانگی نوامبەر بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی بەدانی متمانە ئەویان بۆ بەغدا ویست. شێخ مەحموود كە لە ساختەچیبوونی ئەم مەسەلە نیگەران بوو لە جیاتی خۆی شیخ قادری برای نارد. لەسەرەتای ئۆكتۆبر بەدواوە عەمەلیاتی ئاسمانی توركەكانی لەكوێ سنجاق وقەڵادزە، وشۆڕشگێڕانی لە ڕانیە ڕاونا. بەڵام عەمەلیاتی ئاسمانی ئەم ڕاستیە كە توركەكان لە داوای خۆیان لە سەر پارێزگای مووسڵ دەست هەڵناگرن ناعیلاج هۆی بەردەوامی نائارامی وەزیت بوو.

لە ئاكامدا بە ئەفسەرانی سیاسی ئیجازە درا،بە نافەڕمی بە ماقول و گەورەپیاوانی ناوچە بڵێن: كە بریتانیا لە بیروبۆچوونی دایە بەكوردەكان ڕیگابدا كە كاروباری خۆیان بۆخۆیان هەڵسووڕینن وبەڕێوەبەرن. وبەدوای ئەم مەسەلەدا داخۆیانێكی فەڕمەی لەم بارەوە لە20ی دەسامبەری 1922 لە بەغدا بڵاوكراوە. لەم ڕاگەیاندراوەیە وادە درابوو كەكوردەكان دەتوانن ئەگەر بیانەوێ دەوڵەتی كورد(لەناوچەیەكی دیاری نەكراو)پێكبێنن. ئەم داخۆیانە بێ كارتێكەر نەبوو. لە13ی ژانویە داواكاریەك بەئیمزای ماقوولانی سلیمانیە خوازیاری سەربەخۆیی لە ژێرداكۆكی بریتانیا و پاشایەتی شیخ مەحموود درا- كە هەڵبەتە ڕستەی دوایەكەی جێگای خۆشحاڵی بریتانیا نەبوو.

لەم نیوەدا-لەكۆتایی ژانویە- شێخ مەحموود دەستەیەك لەئەفسەرانی توركی بۆ ئاخافتن لەگەڵیان بۆلای خۆی قەبووڵ كرد ولەمانگی مارس بۆ وتووێژ سەبارەت بەدەست بەسەداگرتنی داوڕۆژی كەركووك وكوی بە یارمەتی عەشایەری پژدەر ودزلی، چاوی بە ئۆزدەمیر كەوتبوو. ئینگلیزیەكان كاتێك ئاگاداری ئەو چاوپێكەوتنانە بوون بەدانی متمانە وبارمتەئەویان بۆ بەغداویست، وبەدوای نەچوونی وی بۆ بەغدا لە24ی فۆریە دەم ودەزگای ئیداری ئەویان بەحاڵی هەڵپەسارده ڕاگرت ولە1ی مارس دەستووورای پێدا لەشاربچێتەدەر. هێزەكانی ئاسمانی بریتانیا لەدوای بەردانەوەی قاقەزی  بەڵگە لێبڕان، لە سیومی مارس بناكانی حكوومەتیان بۆمباردۆمانكرد. شێخ مەحموود ڕۆژی دوایی هەڵات.

ڕۆژ بە قازانجی بریتانیاسووڕابوو. لە مانگی ئاوریل سەرۆكانی سورچی و زێباری وپژدەر، وهەتا سمكۆ،لەڕانیە سەردانی ئوزدمیریان كردبوو، بەڵام لە شوێنەكانی ترتایفەكانی كەلەگەڵ ئۆزدمیریان ئاڵەگۆڕی قاقەزیان دەكرد وردە وردە نادیاردەبوون. كۆی لە سەرەتای ئاوریل، ڕەواندز دوو حەوتوو دوایی، و سلیمانیە لە نێوەڕاستی مانگی مەی سەرلەنوی داگیركران. ڕاگەیاندنی فەڕمی خودموختاری كورد لەلای بەغدا كاریخۆی كردبوو، هێندێك لەئاغاكان هێور هیور لەفكری باشبوونی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەغدا دابوون.

كاتێك سلیمانیە لە سەرڕا داگیركراوە تێكۆشان كە دەڤەری سلیمانیە بەبەرهەم وەرگرتن لەسیستەمی (خود گەردانی)ناوچەیی وبەپاڵپشت بە دژكارانی شیخ مەحموود بەوڵاتی ئێڕاق هاوپێچ بكرێت. بەڵام ئەو دژكارانە،بەبێ بوونی پادگانی ئینگلیزی قون و هونەری حكوومەتیان نەبوو. مانگێك دوایی چاخێك ئەم پادگانە باتاڵ كرا، دەوڵەتی نویی سلیمانیە دەست وجێ وازی هێنا وبۆ

ناوشوینی ئیگلیزەکان فیراری کرد وشێخ مەحموود لە دوازدەهەمی ژوئیە سەرکەوتوانە واردی شاربوو. لەتێکۆشان بە ئامانجی دوورەپەریز بوون لە ڕوو بەڕوو بونی زۆرتر، بەشێخ مەحموودیان ئاگادارکرد کە ئەگەر ناوچەیەکی بچکۆڵە قەبووڵ بکات و لە هەرجۆرە کردەوەی دژکارانە دەست بکێشێتەوە، هنگاوەکی دیکەدژی وی هەڵناگیرێت.

شێخ مەحموو بەرتەسکایەتی نوێی قەبووڵ نەکرد وقەرارگایەکەی سەر لە نوێ لە مانگی ئەوت وپاشان لەدسامبەری 1923بۆمباردومان کرا، و لە ئاکامدا لە مانگی مەی 1924بنکەکەی بە فڕۆکە لەئاسمان ڕا وێران کرا. لەم هەل و مەرجەدا گەلەک لە بازاری و سەوداگەری سلیمانیە کەلەم کێشمەکێشمە وەگیان هاتبوون بۆ بەردوام بوون لەکاروکاسبی خۆیان بۆشارەکانی وەکوو کەرکووک بارگەیان تێک پێچابوو. جارێکی دیکە شێخ مەحمود بە کەژو چیاهەڵگەڕا، هێزەکانی ئێراقی لەژوئیە بۆناوشارهاتن، وبەدوای واندا 7000کەس لەدانیشتوان، شاریان بەجێهێشت.

دەم ودەزگایەکی سست ولاوازو بەدەستی دەوڵەتی ئێراق پێکهات،کەبۆ سەردەمێکی بەرتەسک ژێرچاوەدێری گزیری پایەبەرز بەڕێوەدەچوو. شێخ مەحموود هەتا سەرەتای ژوئیەی 1927 هەروا بەعەمەلیاتی چریکی دژی حکوومەت وپالاماربۆ دەڤەرەکان باج وپێتاک لە خێڵاتی کوێسانجی و وەدیهێنانی تونگەژە بۆ جافەکانی کە لەزۆزانی ئێرانیان کەلک وەردەگرت یانی ئاران وزۆزانیان دەکرد، بەردەوام بوو. یەکگرتووەکانی گەورەی لەم جەرەیانە عەشایەرێک بوون کە هەروا بەوی وەفادار مابوونەوە،لەونێوەدا هاورامانیەکان وهەمەوەندەکان کە لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە بەختی خۆیان بەبەختی بنەماڵەی بەرزنجی بەستبۆوە، ڕاژەو ڕوتبەی سەروەتریان هەبوو.

**وادەکانی کە بە وان وەفا نەکرا**

بەدوایی ئەم ڕووداوانە زنجیرەیەک متمانەی خەماویی و دەردهێنەربوو کەبریتانیا، بە کوردانی دابوو(پاشەکشەیەک) بوو کەدەکرێ شی بکرێنەوە،بەڵام بۆ ئازانتیان ناکرێ عوزرو بیانوێک بتراشرێ. هەروەک وەبیرمانە لە7ی نوامبەری 1918 بریتانیاو فرانسە پێکەوە ڕایانگەیاند کە ئامانجیان ئاخرین ئازادی نەتەوەکان لەبن نیری زوڵم وزۆرداری درێژخایەنی تورکەکان و پێکهێنانی دەوڵەتەکانی نەتەویەتی ودەم و دەزگای ئیدارییە،کە حوکم و ئیختیداریان وڕووژاو لە کردەوەی ئازادانە و هەڵبژاردنی هاووڵاتی بێت.

داخۆیانەی ئامارژەپێکراوی ویلسن لە موافیقەتنامەیەکدا، کەلەیەکەمی دەسامبەری 1918 لەگەڵ سەرۆکانی عەشایەر ئیمزاکرد،ئەم داخۆیانە هاوبەش بوو. لە خۆلی لکاو بە ئێراق بە مانای لکان بەئینگلیستان بوو نەک بەدەزگایەکی عەڕەبی، و ئەمە شتێک بوو کە ویلسن و هاوکارانی بەباشی تێدەگەیشتن. لەگەڵ ئەمە نێوان خەیاڵاوی بریتانیا کە(هەرچەند بەمەجبووری)بەڵین بەبەرنامەی خودمووختاری بوون لە ناو کارگێڕانی ویلسن ژێر ڕێبەرایەتی وی، ناهاوبۆچوون بوونی هەبوو. لەنەزەری خەیاڵاوی، جەلبی(خودموختاری)هەرئەمە، ئیمکانی بەڕیوەبردنی یەک شەوەی ئاسودەتر لەخەرجی مەستعمەرە بوو. ویلسن کەلەهند گەڕابۆوە ئاقیدەی وابوو کە دەتوانی بەشێوازێکی شوێن

تێکەرو بەپێی(باشترین بەرنامەی) کەلە ئەزموونی مستعمەراتی بریتانیا ئاکام وەرگیراوە،بەڕیوەی بەریێ. بۆچوون ولێکدانەوەو جۆراوجۆرو ڕەنگاوڕەنگی وەک خودموختاری بۆ داخۆیانی بەدرۆ زۆریش جێیخۆی بوو،بەڵام سەرافەتی وبەرێوەبردنی ئێراق دەبێ لەدەست پرسنلێکی ژێهاتووببوایە کە لە بەردەست بوو،ئەم گروپی ئەفسەرانی سیاسی پەیوەندار بەهێزەکانی ناردراوەی هند بوون. شتێک باشتر لەقسەکانی میجرهی،خاوەن پلەوپایەی سیاسی بەرپسیاری هەولێر،سەبارەت بەوخەڵکەی لە ژێرحوکمی خۆی، شێوە بیروو بۆچوونی ئەم ئەفسەرانە نیشان نادات:

زەینی وهۆشی کورد وەکوو زەینوو هۆشی منالێکی قوتابخانەیە،بەڵام ئاسوودە لە توڕەو تۆسنی جبلی منالێکی قوتابخانە نێیە. ڕۆژێک پێویستەلێی دەی، ڕوژیکی دیکە دەبێ میوژانی لەکۆش بکەی. تووڕەیی و جەنەگرتنی لەڕادە بەدەرو لاواندنەوەی زێدەتر لە ئەندازە گەندی دەردێنێ. وەک منالیکی قوتابخانە بۆ ڕزگاری و نەجاتی خۆی دایم و دەرهەم درۆی لەجانتا دایە.

ئەو جۆرەی کە(هی)بەسەروکانی خۆی ڕاپۆرت دەدات سەرۆکانی کورد،وەکوو سەرۆکانی هاووڵاتی لەهەرجێگای دیکە، لە ئاخافتنی دیاریکراودا جێگایان دەبێتەوە: کوردەکان دەبێ بەئاغاکانی باش، ئاغاکانی ناچاک وخەڵک دابەش کەین. هەرناوچەیەک ئاغای نەمژی هەیە...ئەمانە خەڵکانێکن کە مەشکیلە پێکدێنن، پێویستە کەئەوان بەهەرجۆرێکی لەکردنهاتوو سەرکوت کەن. دنەدانی وان تەماح و بەرزەفڕیە...تەنیا ئاغاکانی زڕموولن کە بە خەراپە باسی حکوومەت دەکەن،ئێمەبۆ سەرکوتکردنی وان لەمانادا هەم وەزیت وهەم دۆخ و هەڵکەوتی خۆمان قایم دەکەن وهەم بەکوردستان خزمەت دەکەین. خۆشبختانە ئاغاکانی باش،کە دەیانەوێ لە ئاشتی و ئارامی وئاسایش دابژین و ڕەعیەتەکانیان لە خۆش بەختی وئاسودەیی بەرهەم وەردەگرن کەم نین، وبەنەزەرو بۆچوونی من کاتێک بەئاغاکانی ئەوها ڕوو بەڕوو دەبین حەوڵ بدەین کە ئەوان بەهەرجۆرێکی ممکین بۆ ناوحکوومەتی خۆمان ڕەکیش کەین.

ئەم شێوە فکرە ساویلکانەیە، هەربەم جۆرەی کە مانای(خودموختاری) لەبەرچاو دووردەکات سەرنج بەکێشمەکێشمەکانی لەمێژینەی نێوان ئاغاکانی ڕەقیب وئاغاکانی دەراوسێ و ئاغاکانی ڕەقیبی ناو عەشایەرنادات. ئەفسەرانی سیاسی وەکوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕێزدانان لە ئاغایەک،ئاغای ڕەقیبی بەدژایەتی لەگەڵ حکوومەت تیژدەکرد. (هی) بۆخۆی بەپێشگیری لە هەلبژاردنی ئاغای خوازیاری خۆشناوەکان بەبەرپرسی عەشیرە، بەقازانجی ئاغای جێگەلوتفی خۆی،ناکۆکیەکی توندی سەبارەت بەحکوومەت لەناو عەشیرە،وبنەمەی میران هەڵستاند کە هەتا ئەمڕۆش لەناوبنەچەکەی ئەم بنەماڵە بەردەوامە.

لەبەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەردەبینین کەلەحاڵێکدا سیاسەتی کار ڕوون بوو و(ئەرکی بەڕێوەبەرانی عەمرپێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆی ژێرداکۆکی بریتانیا) بوو،ڕووداوکانی کەلەناوچە دەقەومان بەگشتی حیکایەتیەن لەمە دەکرد،بەکردەوە بڕیارلەسەرئەمەکۆک بوو کە کوردەکان چ بیانەوێ وچ نەیانەوێ لەژێرچاوەدێری وحوکمی بریتانیا دادەبن هەتا لە(چاکتربوون)ی وی بەرهەم وەرگرن،وبەم هۆکارەبوو کە مەنجەڵی تووڕەبوونی خەڵک لە عمادیە وناوچەی بارزان- زێباری وەکوڵ هات، هۆی شۆڕشی ئەوەڵی شێخ مەحموودیش لە1919 لەراستیدا ئەمە بوو.

کاتێک مەسەلە بەم ڕاستە گەیشت کە دەبوایە دیاریکرابوایە کە کوردەوکانی کوردستانی باکوورچیان دەوێ،دەزگای ئیداری بریتانیا خۆی بێ ئیختدار دوزیەوە. لە سەرەتای ساڵی 1919دەستی لە(نەزەرخوازیەک) دا،سەیر ئەمەبوو کەپاشان ئەوی بە(دەنگدانی گشتی )ناوبرد! لەڕاستیدا لەم نەزەرخوازیە،تەنیا بیروبۆچوونی ماقولان وگەورەپیاوان وئاغاوەت و شێخەکان پسیارکرابوو، ئەو بۆچوونانەش نەک شتێکی تایبەت وخۆماڵی و نەک شتێکی نهێنی بوو. لەو جێگایەی کەحوکمی ناوچە بەکردەوە لەدەست ئینگلیزیەکان دابوو ودوایی شەڕ ئینگلیزیەکان گەلەک یارمەتی دەست وجێیان لەئیختیاری خەڵک نابوو،هیچ کەس بەبوونیان لەناوچە دژایەتی نەبوو. چاکترین ماددی پیدابوو لە وڵاتێکی ژێرسەرپەرستی بریتانیا،لە سەرهەرجۆرە سەرگەردانی وقاتی وبێ بەشی گیرۆدە بەخەڵکانێک کە لەولای(خەتەکانی)ئینگلیزیەکان بوون،زێدە دەکرد. چاکتری ئابووری،دەنێو ئەم ڕێووشوین وبێنەوبەرەیەو،جیانەبوون لەبازاڕەکانی ئیڕاق بوو. بەڵام ئەمەبەومانایە نەبوو کە کوردەکان ئیلاقەیان بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان نییە-وئینگلیزیەکان ئەمەیان دەزانی.

پسپۆرانی ئینگلیزی هەتا بەرلەئیمزای پەیمانی ئاگربڕی شەڕ تێگەیشتن کە ئەگەر قەراربێ فکری سەربەخۆیی کوردستانی باکوور بەردەوام کەن و بە یەکیەتێکی بەرفرەوان و هەراوتر لە تایفە ئاتاجی دەبێت، چونکە هەرئەوجۆرە کەنوئل ئاماژەی پێکردبوو(هەستی یەکیەتی)کوردی هێشتا ئەوەندە کە لەسەربناخەی تایفەگەرییە،لە سەر ڕێشەی (نیشتمان خوازی نەتەوەپەرستی نییە.)لەگەڵ ئەم هەموو وەرگرتن بەم عەمرە تەقریبەن نامکین بوو،چونکەهەر کە دەنگۆ بڵاوبۆوە کە لەوانەیە شێخ مەحموود بەپاریزگاری کوردستانی باکوور دابنرێت ئەوانی دیکە دژایەتیان دەربڕی. بۆ نموونە،ماقووڵ گەورەپیاوانی کەرکووک بەڕەواڵەت.هەستیان پێدەکرد کە ڕێگای بەرەوپێشچوون نەک لەلای سلیمانیە بەڵکوو لەلای بەغدایە. زێدەتر لەمە،لەکەرکووک نیشانەیەک لەهەستی نەتەوەیی کوردی نییە. شتێک کە پێشترخەلک کەیفی پێدەهات،حکوومەتی ئینگلیستان ونەبوونی هەر جۆرە سنووری ئیداری نێوان کوردەکان وعەڕەبەکانە.

لەم قەرارە (کەرکووک) یش، نەک خوازیاری حکوومەتی عەڕەبی بەڵکوو خواهانی داکۆکی بریتانیا بوو. بەم ڕێووشوێنە لەمانگی مەی 1919لەیەکەمین پاشەکشەکردن لەبیروبۆچوونی وەدیهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لەکوردستانی باکوور،سەرنجی ئینگلیستان بەهزروفکری وەدیهێنانی (پاراێزگای عەڕەبی) مووسڵ ڕەکێش کرا. کەلە دەوری وی وڵاتانی خۆدمووختاری کوردی پێک بهێنرێن کەبەدەستی سەرۆکانی عەشایەر وڕاویژکەرانی ئینگلیزی بەڕێوەبچن. هەتا ئێرە قەستێک بەلادان لە هزرو فکری جیا بوونەوەی سیاسی کوردوعەڕەب لەنێونەبوو. لەڕاسیتدا بە ورەیەکی خیرخوازی وئاقیدە بەمە کە(دایک باشتر دەزانێ)لەدەزگای ئیداری بریتانیا لەبەغدا ئەم فکرە بوخچەی دەکراوە کەخولاسەی کەلام، ئێمەهێشتا ئەوان یانی ئەوکوردانەی- لەزوڵم وزۆری سەرڕۆیی ئاغاکانی مووسڵ کە گروپی لایانگرانی عەڕەب پێکدێنن وتەنیاچینێکن کە موافق بەحکوومەتی عەڕەبین،ئازادن نەکردون)

پاشان شۆڕشەکانی سالی 1919ڕوویدا. ئەم شۆڕشیانە، ئینگلیزیەکانی دانیشتووی ئێڕاق بەپێویستی ئیختیدارێکی قایم ترلەسەرکاروباری ناوچەیی ئیقناع کرد، لەحاڵێکدا کە سیاسەت بازانی لەندەن ئیقناع بوون بەمە کە دەبی ئەم ناوچەیی شۆڕشی وملکەچ نەکەر ونابەفەرمان کە بەڕێوەبردنی وی

خەرجێکی زور هەڵدەگرێ بەجێبێلین. لەحاڵێکدا گروپی ئەوەڵ سەرکەوتووبوون بیروبۆچونیان لەسەرکورسی دانیشێنن،هزری سەربەخۆیی کوردستان هەتا هزری(وڵاتانی)خودموختاری کورد تووش گۆڕانکاری بوو. ویلسن بەدوای شۆڕشی شێخ مەحموود، بەبەرپرسانی خۆی لەلەندەن تلگراف کرد.

ڕووداوەکانی پێشوو لە بابەت بەڕێوەبردنی سیاسەتێک کە دەوڵەتی ئەعلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان لەنۆهەمی مەی سەبارەت بەوەدیهێنانی وڵاتێکی خودمووختاری کورد گرتبوو بەهیچ لەون گۆڕانکاری لەبیروبۆچوونی من پێکناهێنێت بەڵام ڕادەی ئەم چاوەدێریە دەبێ هاوسەنگ لەگەڵ نیازو ئاتاجی ناوچەو لە سەربناخەی چاوەدێری و ئاگاداری وچاولەسەربوون لەشکرکیشی بێت.

ئەمە بەمانای ئازادی کردەوە بوو کە نەدەبوایە بە قەول و وادەوکانی دەنوێ بەرتەسک بکرێت. ویلسن هەنۆکە ڕەزامەندی لەگەڵ سەرپەرستی لەلای نێونەتەوەیی بەجۆرێک بوو کە دەویدا رێژیمێکی تایبەت بۆ دەڤەرەکانی ناعەرەب دانەدانرا،لەم نێوەدا، ئاقڵانە ئەمە بەنەزەر دەگەیی کە دەبوایە بەشێوازێک کە قەول وقەرار یان دەستەبەرێک بەخۆوە نەگرێ کە لە گەڵ ئیحساساتی کوردان گەمە بکات و کێ بەرکێ و چاو لێکەریەکانی نێوان دەڤەرەکان و عەشایەر ساچانی لەگەڵ بکرێت.

لەم خۆلە دابوو کە کوردستانی باکوور وردە وردە قۆچی قوربانی پێویستیەکان و دەستەبەریەکانی ناسینالیسمی عەرەب بوو. ناهومێدی عارەب لە سیستەمی حکوومەتی وێلسن لەسەرەتای هاوین بەئاخرین ڕادەی خۆی گەیشت، و لەژوئیەی 1920لە شۆڕشێکی تەواوعەیار گوورا،وتەقیەوە. وێلسن سەردەمێکی دوورودرێژ لە بەرامبەر هەست وئیحساساتی نەتەوەیی لە ئیراق و بەرز بوونەوەی بێ تاقەتی لەلەندەن سەبارەت بەناسەرکەوتنی بەڕێوەبردنی سیاسەتی حکوومەتی ڕاستەوخۆ لەڕێگای حاکمێکی ناوچەیی بەرپەرج قەبووڵکەر بەربەرەکانی کردبوو.

لە مانگی ئۆکتۆبرسرپرسی کاکس لە جێگای ویلسن دەست بکاربوو. ئەو ماوەی دوو حەوتوو (سەرتیپی پیرەمێردی)بەغدای ئیقناع کرد بەمە کە بەرپرسی شوورای حاکمییەتی قەبووڵ بکات،بەمجۆرە نیبەتی خۆی بۆپێکهێنانی دەوڵەتی عەرەبی دەربڕی. ئەم کارەبۆخۆی ئەم پرسیارەی هێناگووڕ کە چ کەسێک بەرپرسی وڵات دەبێت وسنوورەکانی ئەم وڵاتە بە وردی چۆن دەبن. کاتێک لە دەسامبەری 1920لە قانوونی هەڵبژاردن گۆڕانکاری کرا،لەویدا لە داکۆکیەکان و دەستەبەرەکانی کەکوردەکانی ئێڕاق بەپێی پەیمانی (سیڤر) دەبوایە لە وی بەرهەمیان وەرگرتبوایە جێ پێ و نیشانێک نەبوو،(پەیمانی سیڤر چوارمانگ پێشتر لەوی ئیمزاکرابوو.)چەتوونە بتوانرێ لەم ئاکام وەرگرتنە دووری بکرێت کە بریتانیا ئیدی لەڕاستیدا قەست و عەلاقەیەکی بەپاراستن و داکۆکی لە قازانجی کوردان نەبوو. ئەم قازانجە دەبوایە لەخزمەت زنجیرە ئیتراتێژی بریتانیا(وئێراق) لەکارکرابوایە.

لەکۆتایی ساڵ بەرپسیارەتی ئێراق لە وەزارەتی بەرپسیاری کاروباری هند بە وەزارەتی مستعمرات ئەسپاردرا،کە وەزیری تازەی وی وینستن چرچل بوو. ئەو بێ وەخت سوتان کونفرانسێکی لەمانگی مارسی 1921 لەقاهیرە بانگهێشتن بۆ جەلەسە کرد،کە ئامانجی بنەڕەتی لەپێکهێنانی وی(ڕاگرتن وپاراستنی حوکم وشوێن تێکەری بریتانیا بەباشترین ڕیگای لەکردنهاتوو و بەکەمترین خەرج بوو.)

لەکۆنفرانسی قاهیرە هزری سەرهەڵدانی کوردستانی(جداگانە) بەجیا لە باکوورلە کۆتایی بە قازانجی پاراستنی وی بەناوی بەشێک لەئێڕاق وەلانرا. بەڵگەو دەلیلی زۆری بەڵگەی لەشکرکێشی بوو،بەڵام چرچل وکاکس هەر دوو پێویستی ناوچەیەکی ئیداری دیاریکراوی کوردی-ئینگلیزی) کە کوردەکان سەبارەت بەوی کارتێکەرو حەساس بوون و پەسەندیان دەکرد و ئاقیدەیان وابووکە(باشترین ڕێگا ئەوەیە،کەوەکوو کەمایەتێک لەئێراق وەربگێرین و حیسابیان لەسەربکرێ،بەڵام بۆیان ئەوهەلە بڕەخسێنن کەدوایی سێ ساڵ بەسەربڕیاریاندابچنەوە.)بەمجۆرە ڕۆنی ڕیواقی خودمووختاری مەسڵەحەتی لە ڕەشنووسی (قیووم نامە)هەڵسووترا.

لەسلیمانیە سوون-یش وەکوو شێخ مەحموو دژی هاوپێچی ناوچە بەدەوڵەتی عەرەبی ئێڕاق بوو. ئەو بەپێکهێنانی شوڕای حاکمییەتی عارەب لەلای کاکس ئاگاداری ئەسلی مەسەلەکە بوو.لەکۆتایی ساڵ بەڕاشکاوی گوتبووی کەبە بۆچوونی وی تابع وژێرچەم بوونی سلیمانیە لە دەوڵەتی عەرەبی بۆکاتێکی تەمەن کورتە و هەتا کاتێک دەبێ کە وڵاتێک لەکوردستانی باکوور پێکبێت. بەم هۆیەو لە دوایی کۆنفرانسی قاهیرە کپ وکڕ، لە سەرکاریان لابرد. سوون وەکوو هاوکارانی لەهەڵویستێکی (باوکانە) لەگەڵ خەڵک ڕوو بەڕوو دەبوو: لەم هەڵویستە کە دەیزانێ چ شت بۆخەڵکی باشە یان نا. بەڵام ئەوهەی ڕاستیە ئەمەیە کە بە بەڵێنی خۆی لەمەڕ ئاسایش و خۆشبەختی خەڵکی دەڤەری سلیمانیەی وەفاداربوو.

بەغدا هێشتا ئامادەبوو کە دەم بەپێناسی کوردی دابێنێت،هەرچەند تەنیا لەناو ئێراق،بەڵام کاکس بەم ئاکامە گەیی کە پێویستە لەم بارەوە بە فەڕمی لەکوردەکان(بیروبۆچوون وئاقیدەیان لێ داوابکرێت). وبەئامانج و ئاگاداری لەداخوازیی و، ویستی بەڕاستی جەماوەری کورد لەشەشەمی مانگی مەی داخۆیانێکی دەرچوواند. پێشنیاری دەکرد(لەحاڵێکداکە پێیانخۆشە لە ژێر چاوەدێری حکوومەتی ئێراق بمێننەوە...)دەڤەرەکانی کورد لێ دانیشتوو، ناوچەی مووسڵ(زاخۆ،عەقرە،دهوک،وعمادیە)ببن بە شارستان وبۆ بەشەکانی ناوچەی هولێر(ئەربیل،کوێ سنجاق، وڕەواندز)یش ڕێووشوێنێکی ئەوها لەبەرچاوبگیرێ. وا قەراردانرا لەهەردوو بابەت هەربەپەیدابوونی پاڵاوتراوەکانی شیاوی مەرجەکان لەخۆدی کوردەکان یان عەرەبەکانی کوردی زوان،خاوەن پلەو پایەیی ئینگلیزی جێگای خۆیان بەم مرۆڤانە بدەن. وهەرهەنگاو هەڵێنانێک بەڕاوێژی خەڵک و بەلەبەرچاوگرتن وداخوازی و، ویستی ئەوان سەربگرێت. بۆ سلیمانیە دۆخی فەرمانداری پێشنیارکرا،وپێشنیارکرا(شووڕایەک کەبەرپرسی فەرمانداری بێت) ناوچەی سەڕافەتی بکات، وئەم (فەرمانداره)سەرەتا ئینگلیزی بێت. کوردەکان ئەگەر خوازیاری خودمووختاری بوان،ئێستاکاتی وی بوو کە بۆ وەدست هێنانی دەست بەشەڕبکەن. بەڵام(ڕاویژی)کاکس هەرچەند (دەنگ وەرگرتن لەماقوول ڕاوێژکەری هەلبژێردراوەی ناوچەیی وئاغاکانی ناسراو زێدەتر نەبوو، کە پاشان (ناوی دەنگدانی گشتی بەخۆوەگرت). زوربەی ماقوولان دەیانزانی کە دەرگای سیاسەتی ئینگلیستان لەسەرچ ڕێسمەیەک دەسووڕێ، وکەم بوون ئەوکەسانە کە هەستیان پێ دەکرد کە دەبێ لەگەڵ وی بەربەرەکانی بکەن. هەتا ئەگەر دەستەیەکی باشیش پەیدابوان کە دەیانەویست جەبهەیەکی تازە پێکبێنن(کەلەوهەل ومەرج دائیکجار دوورەهەتربوو)فورسەت وکاتی کۆکردنەوە بۆ ئەم کارە یان نەبوو.لە بەرئەمە هەرناوچەیەک بەجیا وەڵامیان بەم دنگدانە دا،یان بلێن بۆچوونی خۆیان دەربڕی. دهۆک وعەقرە بەم تەرتیباتەی ناوچەیی ڕازیبوون، هەتا داوای جیابوونەوە لە

مووسڵی عەرەبیشیان کرد، لەحاڵێکدا زاخۆ وعمادیە هەر دوو ئەم تاسەیان لەدڵدا پەروەردە،دەکرد کە ناوەندی(فەرمانداری لکی)نوێی کوردبن، بەڵام هەر دووک پەسەندیان دەکرد کەجیا لەمووسڵ لەمەڕ ئابووری بەمانای خودکوژیە. چاوپۆشی لە مەسەلەی بازار بۆ حاسڵات وبەرهەمی کوردی، هەموورێگاکان لە چیا لەبەریەک دەترازان و بەدەشتی دووچۆمان(بینالنهرین) دەلکان. رێگایەک کەبتوانرێ بەرێگا دابنرێ لەعمادیە بۆسلیمانیە بوونی نەبوو. هەولێر پێداگرت کەلە چرکەی ئیداری جیا لەکەرکووک بێت. و بەڵام سلیمانیە بە دڵگەرمی هەرجۆرە هاوپێچی بە هەربیچم وشێوەیەک بەحکوومەتی ئێراق ڕەت کرد، بەڵام لەهەڵویست گرتنی ئەم مەسەلەتەنیا بوو.

کاکس هەنۆکە زوربەی دەڤەرەکانی کورد نشینی بەئالیکاری لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیستان ڕەکێش کردبوو. (ڕێژیم) ی تازەی ئێراق بۆ ناوچەکانی کەرکووک وهەولێر و مووسڵ بەرفرەوان ببوو،لەحاڵێکدا سولیمانیە(هەروا بەڕاشکاوی خوازیاری ئیدارەی ڕاستەوخۆ لەلایان بریتانیا بوو.) لە وێ لە بەخشیشی هیچ تێکۆشانێک بۆ(بەرفرەوانی ئیدارەی ناوچە لە هەمووواری شێوەکانی ئاسایی دەستی نەدەگێڕاوە.) بەم هەمووە کاکس دەبوایە بە بەرماوی هەستێک کەلە لەندەن سەبارەت بەقەرارو بڕیەی بریتانیا لەبەرامبەرکوردەکان مابۆوە خەریک ببوایە. چرچێل ئاقیدەو بۆچوونی ئەمەبوو کە حکوومەتی عارەب دەبێ بەرتەسک بەناوچەکانی بە تەواوی عەرەب نشینن ببێت،ئەما کاکس ئێستا دەیتوانی وەبیرەوی بێنێتەوە کەلەم بارەوە لەگەڵ زوربەی کوردەکانی ڕاوێژ کردوە وکوردەکان بۆخۆیان بەقازانجی سیاسەتی جیا نەبوونەوە لە عارەب دەنگیان داوە- وهەڵبەتە ناکرێ داخوازەیەکەیان وەپشت گوێ بخرێت. لەحاڵێکدا نەتەوەخوازانی ئێراق هیوایان بەئێڕاقێک بوو کەتەواوی پارێزگای مووسڵ-بەشێک لەوی بێت،وناهومید کردنیان لەوانیە تەقینەوەیەکی دیکەی وەکوو ساڵی 1920بەدوادابێت-ئەمە بۆچوونی (بەغدا)بوو. لەحاڵێکدا کەچرچێل، وەبیرکاکسی دەخستەوە کەگونجاندنی ناوچەکانی کوردنشین لە(پاڕلەمانی تازە) دەبێ بەرێزگرتن وئیحتڕام دانان لەم ئەسلە بێت کە(کوردەکان لەحاڵێکدا کەبۆخۆیان نەیانەوێ نابێت لەژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێڕاق دابنرێن) پێویستیەکانی وەدیهێنەری وڵاتی ئێراق بەرگری لەداواکانی تایبەتی کوردەکانی،لە ژێرتیشکی خۆی خست.

ئێستا مەسەلەی چلۆنایەتی پێکهێنانی حکوومەتێکی ئەهوەن،لەئێڕاق مەسەلەکانی دیکەی لە زەینی سیاسەتمەدارانی ئینگلیزی وەبن تیشکی خۆی دا. مەسەلەی سەرۆکی حکوومەت ڕەواڵەتەن بە بوونی ئەمیرفەیسەل جێبەجێ بووی دەنواند. ئەو سوننەمەزەب بوو،لەبەر ئەمە بۆ شێعەکانی باشووری ئێڕاق جێگای قەبووڵ نەبوو،لەمەڕ دەمارگرژیش ئیمتحانی دابوو. لە سەرئەمە پێویست بوو کارێک بکرێ کە ئەوها بەنەزەربێت کە هەڵبژێردراوەی خەڵکەو حوکمڕانی دەست نیشاندە نییە،کە بریتانیا بە سەرئەوانی داسەپاندبێت. لە بەرئەمە لە کۆتایی ژوئیە هەڵبژاردن دەستی پێکرا. کە دەوێدا فەیسەل بە96دەرسەتی دەنگەکانی خەڵک لەسەرتەختی سەلتەنەت دانیشت،کە ئەڵبەتە ئەم ڕادە دەنگە هیچ جێگای باوەڕ نەبوو. لە ڕاستیدا هەموو ئەویان دەست نیشاندەی ئینگلیستان دەزانی.

لەکوردستان بارودۆخ ناڕوون بوو: کەرکووک خوازیاری دەوڵەتی کورد بەڵام جیا لەسلیمانیە بوو،دورست ئەمجۆرە کە دوو سێ مانگ پێشتر هەولیر لە سەرجیایی ئیداری لە کەرکووک پێی چەقاندبوو. خۆدی سلیمانیە بەسەرجەم بەشداری دەنگدانی نەکرد. فەیسەل ئێستا نەشەی

لەبابەت تانج وتەختی ئێراق وکوردستانی، نایەکگرتوو،کە پاشان دەکرا بە حیسابی ڕابگەت،تەخت بوو.

بەڵام بۆ فەیسەڵ مەسەلەی کوردستان بەرتەسکراو بەمەسەلەی لەشکرکێشی یان نەوت نەبوو. لەسپتامبەری 1921،یانی چوار حەوتوو بەرلەدانیشتنی لە سەرتەختی پاشایەتی ئێراق، ئەم بابەتەی ڕوونکردبۆوە کە بە هیچ جۆرڕازی  نییە کە دەڤەرەکانی کوردنشین بەجۆرێک کە لە پەیمانامەی (سیڤر)پێش بینی کرابوو لەچوارچێوەی دەسەڵاتی جیا ببن.  ئەو بەو هەموو سەهلەنکارییەی کە هەیبوو نەیدەویست جەماوەری شێعە مەزەبی دووچۆمان(بين النهرين) بەناوی هێزێکی دەسەڵاتدار لەسیاسەتی ئێراق دا سەر بڵیندبکات. و بۆ بێ بایەخ کردنی جەماوەری شێعەکان،  بوونی کوردەکانی سوننە مەزەب کارێکی بنەڕەتی بوو،و ئەمە لەبۆ سیاسەت بازانی ئینگلیزی شۆڵێکی تەواو تازەبوو.

فەیسەل لەمەش دەترسا،کە ناوچەیەکی سەربەخۆی کورد لەوانیە لەگەڵ کوردەکانی ئێران وتورکیە یەکگرتووببێت و هەڕەشەیەکی  بێ لێبڕانەوە بۆئێراق وەدی بێنێت. کاکس کە لە لایەک ڕوو بەڕوو لەگەڵ ئەوقەول و بەڵێن ومتمانانە بوو کە حیکایەتیان لە وەدەکرد کە کوردەکان مەجبوور ناکەن کە بەشێک لەوڵاتی عەرەبی بن ولەلای دیکە خۆیان لەگەڵ پێویستی وەدیهێنانی وڵاتێکی مانەوەو مانا ڕوو بەڕوو دەدێ، بەفەیسەلی متمانەدا کە کوردەکان ئەگەر لەدەم ودەزگای ئیداری جیاواز بەرهەم وەرگرن دیسان لە چوارچیوەی یەکیەتی سیاسی وئابووری وڵاتی سەلتەنەتی ئیراق باقی دەمێننەوە. لەونێوەدا بەم خاڵەشی ئاماژەکرد کە بۆ بەشداریان لە مەجلیسی نەتەویەتی ئێراق تێکۆشانی پێویست دەکەن. بەمجۆرە کوردەکان لە حکوومەتی تازەی ئێراق، بەپارسەنگی بنەڕەتی دەتای ترازوی سیاسەت خران. ساڵێک داوایی (لەئۆکتۆبری 1922)بوو کە فەیسەل فەرمانی پێکهێنانی مەجلیسی مؤسیسانی دا.  بڕیار لە سەرئەمەگیرا کەسەرجەمی دەڤەرەکانی کوردنشین، هەتا کەرکووک کەلە بەڵێن لەگەڵ فەیسەل سەری لادابوو، لەدەنگدان حیساب بکرین. تەنیا سلیمانیە لەم قاعیدەیە جیاکرا. سلیمانیە ئامانج ونییەتی بەغدا بەباشی تێگەیبوو. نوئل لەڕاپۆرتی خۆیدا نووسی: ئەمن ڕوو بەڕوو لەگەڵ شک وگۆمان و دوودڵیەکانم کە لە بازیک بابەت بەبیچمی شتەکانی واقیعی وڕاست و دورست خۆ دەنوێنن، و ئەو ئەمەیە کە ئێمە بە هەرجۆرە بڕیارگرتنێک کە بڵوێ و دەست بدا کوردەکان بۆ ناو ئێراق ڕابکێشین، و ئەم جەرەیانەی(هەلبژاردنی مەجلیسی مؤسیسان) هەمووقومارێکی سیاسی لەم ڕاستایەن... ئەمن پێم خۆشە ئەم خاڵەدەست نیشان کەم کە بەبۆچوونی کوردەکان نەفسی قەبووڵی کەرکووک بەناوی پاریزگایەک ولەجێگای بنکەیەکی دەنگدان، سەرجەمی متمانەکانی کە درابوون لە سەربناخەی ئەمە کە هیچ کوردێک بەزۆری مەجبووربەمە ناکرێ کە بەشێک لەئێراق بێ، ڕەت دەکاتەوە.

دەبێ لە بیرمان بێت کە لەم کاتە جووڵانەوەیەک کە تورکەکان سازیاندابوو بە لەز لە ڕەواندز بۆلای باکوور بڵاو دەبوو،و دەوڵەتی ئینگلیستان،شێخ مەحموودی هێنابۆوە هەتا لەگەڵ ئەم وەزعە بەربەرەکانی بکات.  هێندێک لە نەتەوەخوازانی سلیمانیە بەڕەواڵەت بڕیارگربوون لە سەر ئەمە کەلەم هەلە بەتەواوی کەلک وەرگرن. لە دووەمی نوامبەرلێژنەیەک لەگەڵ گزیری پایەبەرزی بەغدا سەردانی کرد. ئەم لێژنە لەسەردانی خۆی خوازیاربوو: سەربەخۆیی کوردستانی باکوور بە فەرمی

بناسرێت سەرجەمی ناوچەکان گەورەی کوردنشین بشێک لە کوردستانی باکووربن. کمیسیونێک بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان کوردستان و ئێراق پێکبێت،شیخ مەحمووود بە(حوکمڕانی) کوردستان بناسرێت، و لە ئاکامدا ئەم کەسانەی کەلە دەورەی دووەم دەنگدان کە ئێستا لەشوێنەکانی دیکە لەجەرەیاندایە هەڵدبژیردرین،کاکڵکی مەجلیسی نەتەویەتی کوردستان پێکدێنن.

گزیری پایەبەرز ئەم پێشنیاری قەبووڵ نەکرد،و لە لێژنەی داواکرد کەویستەکانی هاوسەنگ ومساوی بکات،بەڵام دەیزانی کە چارەنووسی سلیمانیە وهەمووشاخاویەکانی کوردستان ئێستا بەتاڵە موویەک بەستراوەتەوە، وئەگەربێتوو تورکەکان بەسەریدا پیرۆزوغاڵب بن،ناتوانن دووچۆمان(بینالنهرین)بپارێزن. کوردەکان دەبێ بەشێوە وشێوازێک،بە(پارو دەزاری کوشێنێک) لە داواکانیان دوورەپەریزبکرین. بەمجۆرە کاتێک مەترسی لە سولیمانیە لە زێدەیی دا، لە سەرداخۆیانی هاوبەش سەبارەت بەکوردەکان ڕیککەوتن وەدەست هات،وئەم داخۆیانە لە20ی دەسامبەری 1922بڵاوبۆوە.

دەوڵەتانی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان و ئیراق، ماڤی کوردەکان کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێڕاق ژیان تێپەڕ دەکەن بەپێکهێنانی دەوڵەتێک لە ناخی ئەم سنوورانە بەفەڕمی دەناسێت، وهیوادارن کە هۆزو عەشیرەوتیرو قەبیلەو هۆبەکانی جۆراوجۆری کورد هەرچی خیراتر سەبارەت بە سیستەم وبیچم وشکڵێک کە خوازیان و دەیانەوێ ئەم دەوڵەتە بەخۆوە بگرێ و هەروا سەبارەت بە کەوشەن و سنوورو تخووبەکانی کە دەیانەوێ ئەم دەوڵەتە لەدایرەوچوار چیوەی ویدا پێکبێت و بگورێ، لە نێوخۆیاندا بەتەوافق و ڕێککەوتن بگەن و نوێنەرانی خۆیان بۆ باس لە سەرکردن سەبارەت بەپەیوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەعەلاحەزرەت پادشای ئینگلیستان و ئێڕاق بۆ بەغدا بنێرن.

ئەم ڕاگەیاندراوە لەگەڵ ئەو متمانانەی کەکاکس بەفەیسەلی دابوو تەوفیرو دژایەتی هەبوو- بەڵام ئەمە گرینگ نەبوو. ئەو-کاکس-بەجۆرێکی خۆمانە بەفەیسەلی متمانەدا کە ئەم داخۆیانە(بەهیچ لەونێک بەمانای جیایی سیاسی وئابووری کوردستان لەئێراق نییە.) ئێڕاق بەهیچ جۆر نەدەچو ژێرباری جیایی سیاسی یان ئابووری هیچ بەشێک لەکوردستان،وڕازی نەدەبوو. ئەوانەی کەئەم داخۆیانەیان رێک وپێک کردبوو دەیانزانی کە کوردەکان(پەرش بڵاو و ناتەباترو نالێکتر لەوەن کەلەنێوخۆیاندا بەتەوافق وڕێککەوتن بگەن.)لەونێوەدا شێخ مەحموودیش نالێهاتووی خۆی بۆ ئەرکی دیپلوماتیەک کە پیویستی ئەم شۆڵەبوو نیشاندەدا. ئەگەرکوردەکان لە بوونی شیخ مەحمووود لەمەڕسیاسی نالێهاتوویی و ناپسپوریان دەدی لە بەرامبەرئینگلزیەکانیش لەبوونی کاکس یان بەلێژنەیەکی خائن وپەیمان شکین لێدڕوانی. کاتێک کە هێزەکانی بریتانیا سلیمانیەیان لەکۆتایی مانگی مەی سەرلەنوێ داگیرکردەوە،سەروک وەزیرانی ئیراق بۆ ئاخافتن سەبارەت بەتەنگەژەی کوردستانی خۆدمووختار(بە پەیوەندی لاوازی تابعێیەتی ئێڕاق)لەگەڵ ڕیبەرانی کورد،بۆشاری ناوبراو ناردرا. وادانرا دەسەڵاتداران وکارگێران هەموو کوردبن،وتەنیا دەسەڵاتدارنی زل، شاو کۆمیتەی بەرز دایانبنێن. نوێنەرەکانیان لەمەجلیس سویندی وەفاداری سەبارەت بەسەلتەنەت نەخۆن بەڵام لە مەجلیسی بەغدا بوونیان هەبێت. فەیسەل کەلەمە دەترسا،کە شۆڕشێکی ناسیونالیستی دیکە لەسولیمانی هەڵبایسێت،یان نێونەتەوەیی ئەم ناوچەیەی بەتورکیە بدات،هەتا حازربوو دەست وجێ خودموختاری سلیمانیەی ڕابگەیێنێت، بەم مەرجە کەپەیوندی وی لەگەڵ ئێڕاق

نەپسیندرێت. بەڵام پرش وبڵاوی و دەستەبەندی دژی شێخ مەحمود لە ژوئیەی بەدوای وەدەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیزی لەدەڤەر، فەیسەلی لە قەبوول کردن لەم(مەترسیە) ڕزگارکرد.

بەبوونی ئەمە،فەیسەل هێشتالەگەڵ نابدڵی کوردەکانی کەرکووک وهەولێر بە بەشداری لەدەنگدانی مەجلیسی مؤسیسان ڕوو بەڕوو بوو. بەشداری ئەم خەڵکە بۆ(ژور)سەرجەمیان بۆناووڵاتی ئێڕاق وتەنیاکردنی سولیمانیە کارێکی بنەڕەتی بوو. لەیازدەهەمی ژوئیەی 1922،ڕاست لەڕۆژێک کەشێخ مەحموود سەرلەنوێ بۆسلیمانیە هاتەوە،شوڕای وەزیرانی ئێراق موافیقەتنامەیەکی دەرچواند،بەم ناوەڕۆکە: 1-دەوڵەتی ئێراق جیا لە کارەکانی فەنی چ کارگێڕێکی عەرەبی بۆ دەڤەرکانی کوردنشین بەڕێ ناکا و دانانێت2-دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەفیربوونی زوانی عەڕەبی لە نامەگۆڕینەوی فەرمی مەجبوورناکات. 3-مافی دانیشتوانی ناوچە و کۆمەڵگای مەزەبی ومەدەنی دەڤەر بەجۆرێکی لێهاتوو و شایستە دەپارێزتری و داکۆکی لێدەکرێت.

لەئۆکتۆبری 1923هەڵڵاو مەعرەکە تەواوببوو،وبریتانیاو ئیراق هێدی هێدی مەسەلەکەیان بۆ ناو ژووری سیاسی سێرەئامانج ڕەپێچەک دابوو. بریتانیا هەستی دەکرد هزرو بیرلێکردنەوەی سەربەخۆیی کورد لەهەمووکون وقوژبن جگە لە مەڵبەندەکانی لێکدی هەڵنەبڕاوەی دەوروپشتی سلیمانیە دامرکاوە، و ئێستا دەکرێ ودەتواندرێ ناوچەکانی کوردنشین لەسەربنەرەتی لانی کەمی دەست تێوەردان بە بەشێک لە ئێراق حیساب کەن. جگە لە سلیمانیە ئێستا ئیدی هەموو کوردەکان لەدەنگدانی مەجلیسی مؤسیسان بەشداریان کردوە. لەڕاستیدا گەلێک لەدانیشتوانی سلیمانیەش بۆناوچەکانی دیکە ڕۆین ودەنگی خۆیان لەو شوێنان لەسەندوقەکانی دەنگ هاویشت،و لە ئاکام پێنج نوێنەر بۆ سلیمانیە هەڵبژێردران،کە یەکێک لەوان شێخ قادر برای شێخ مەحموود بوو. دەبێ بگوترێ کەلەم نێوەدا زاهیرەن ماقوول و خەڵکی دەنگینی سلیمانیەش بۆ دابین و پێ بەند بە دەوڵەتی ئیراق بەقەوڵ و بەڵێنی مانگی مەی هەنگاوێکیان هەڵنەهێنا.

بەڵام شووڕای وەزیرانی ئێراق داخۆیانی مافی فەرهەنگی کوردەکانی لە ئەنگوچکی سۆرانی ڕاگرتبوو،هەتا ئەگەرتەنگەژەیەک لەگەڵ دنگدان لە کوردستان سەری هەڵدا لەوی کەلک وەربگرێ. لەندەن وەبیربەغدای هێناوە کە ساڵی ڕابردوو چرچێل بەمەجلیسی عەوامی قەول داوەکە بەکوردەکان ئەم فورسەتە دەدرێت کەسەبارەت بەوەزعی خۆیان، بۆخۆیان بڕیارگربن. سلیمانیە ئێستا لە ژێر چاوەدێری گزیری پایەبەرز(کمیسرعالی) بەڕیوە دەچوو، ولە ژێر چاوەدێری ئێراق نەبوو.

لە1925 کاتێک کمیسیونی دیاریکردنی سنووری نێونەتەوەیی بۆ ناوچە هات، وا بەنەزەردەگەیی کەجگەلەشێخ مەحموود ئیدی لەمەسەلەی کورد دنگ و باسێک نییە. ماقولانی شارو عەشایەر لەپارلەمانی نوێنەرانی ناوچەبوون. ئەمە ڕاستە،هێشتا هەورەکان لەبەرزایی لەبەریەک نەڕەوییبوونەوە بەلام دەجۆلانەوە، و سلیمانیە هەروا ناوەندی هەستی بەکوڵی نەتەوەخوازان، وکەرکووک تووشی ئیحساساتێکی توندی نەتەویەتی بوو. بەڵام لەمەڕ ژمارەی ئەم دەستەیە کە دابین کردنی قازانجیان زۆرتر لە وەدوای بەغداکەوتنان دەدێ بەئاشکرا لە نەتەوە خوازان زێدەتر بوون. لەدوایی بڕیاری کمسیونی نێونەتەوەیی بۆ مووسڵ،وادەکانی بریتانیا لە بابەت کەلکوەرگرتن لەکارگێڕانو دەسەڵاتدارانیکورد، وبەکارهێنانی زوانی کوردی لە دەڤەرەکانی کوردنشین، بەڕەواڵەت

لەلایان هەموو ئاپورەجێگای ڕەزامەندی بوو. بریتانیاهەستی دەکرد کە زۆرەملی لە مەعرەکە دەرچووە-چونکە ئیختیدار بەهەربیچمێک لەخودموختاری فەرمی واهیمەی دەکرد.

ئێستا مەعلووم بوو کەکوردەکان هەتا چ ڕادەیەک بۆ سیاسەتی ئینگلیستانی ئێراق جێگای ئاتاجین. هەربەوجۆرەی کە(سرهنری دابز)جێگری کاکس، دەڵێت: چاوپۆشی لەبەرچاوگرتنی سوق الجیشی ونیاز بەناسینی فەرمی، کوردەکان لە مانادا نیشانیان دابوو کەلەنگەری شوین تێکەری بریتانیا لەئێراق -ن...بە بەرەکەت و بوونی(بلووک)ی کوردەکان لە پارلەمانی ئێراق بوو کە پەیمانی ساڵی 1922ی بریتانیا وئیراق لەئاکامدا لەژوئینی 1924 پەسەندکرا، ولەپاش وی-ش کوردەکان بەدەنگ وشوێن تێکەری خۆیان لە سیاسەتی ئینگلیستانیان داکۆکیان کردوە.

ئێستا وشەی(پڕمەترسی) خودموختاری دەکرێ بڵێن بەجۆرێکی ئیکجارەکی هەتا لە( وشەدان) بەڕاست و لووسی کە بەغدا ئەم هەموو سەردەمە لەڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ کوردان بەکاری هێنابوو قەڵمی بەسەردابکێشن. بەڵێننامەیەکی تازە کە لە ژانوییەی 1926سەبارەت بەبڕیاری نێونەتەوەیی نێوان بریتانیا وئێراق گریدرا بریتی لە چ دەستەبەریەک بۆکوردەکان نەبوو. تەنیا لە هاوپێچی وی بەڕاسپاردەکانی نێونەتەویی ئاماژەکرابوو.

ئاخری بزماری کە لە تابووتی خودموختاری کوردستان کوترا مەسەلەی پەیوەندی ئێراق لەگەڵ تورکیە بوو. هەرلەو ژانویەی 1922 ئەم خاڵە سەرنجی بەخۆوەڕەکێش کردبوو کە وتوویژ ومامەلە لەگەڵ تورکیە لە حاڵیکدا سانایی دەبێ کە ڕێکوپێک کردنێک کە بۆکوردان لەئێراقدەگیرێ ئامازەیەک بەدەستووراتی پەیمانی (سیڤر) نەکرێت، چونکە ئەم عەمرە مەترسی بزوتنەوەی خودموختاری خوازان لەولای سنوور لەناو دەبات. ئەم وتوویژەی(لۆزان)کەوتە بن باگوردان وغللوربۆوە،بریتانیاوئێراق لە23ی ئاوریلی 1923ڕزایەتیان بۆ ئیمزای قەوڵنامەیەکی کرد کە بەپێی ناوەرۆکی وی دانرابوو(سیاسەتی ڕابردوو-کە بەئیحتوباری وی برێوەبردنی (لیوای) سلیمانیە لە ژێر چاوەدێری گزیری پایەبەرز بوو- لەولادابنرێ، ورێوو شوێنێک بگێرێ کە(لیوای)ناوبراو بەیەکجەلی ببێت بەشێکی ولاتی ئێراق.)بەمجۆرە هێشتا جوار مانگ لە داخۆیانی دەسامبەری 1922 تێنەپەڕی، لەو وادەی کەبۆ دابین کردنی دەوڵەتی کورد درابوو پاشگەز بوون و لە بنی دەرچوون یان بڵێن درۆیان فەرموو.

بریتانیا لە دەست کێشانەوە لە مەسەلەی خودموختاری کورد و وەدەست هێنانی ڕەزامەندی تورکیە وقازانجی خۆیان بچووکترین شک ودوو دڵیان بەخۆ ڕیگا نەدا. تۆمەتبارترین بەڵێنێ یەک،کە بریتانیا لە بەرامبەرئەم مەسەلە داینابوو پەیمانێک بوو کە لە دەسامبەری 1922وەسوکری گرتبوو،و ئێستا دەکرا ئەم بەڵینیە لە زەین وویژدان وەدەرخەن:

چ دەوڵەتی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان وچ دەوڵەتی ئێراق بەم هۆکارە کە دەستەو دەیارەی کوردهەتا لەسەردەمی دەرکردنی ئەم داخۆیانە نەیانتوانی لە نێوە خۆیاندا بەرێککەوتن بگەن،خۆی بە تەواوکەماڵ ئازاد لە تەنگ و چەڵەمەی هەرجۆرە بەڵێنێک لە بەستێنی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کورد دەزانن...

بەمجۆرە وادەکان وسیاسەتێک کەلە1918 ڕاگەیاندرابوو بوهۆی(تیفتیفە) جەنابان لاوازبوون و، بەو پاشمەنە مافەی بەکۆتایی گەیشتن، کە نێو نەتەوەیی وادەی پێدەدان. ڕیبەرانی کورد ڕەنگە کە تاوانباربن لەم بابەتە کە بێ لەیاقەتیان نیشاندا، بەڵام بریتانیا دوچاری غەدرو خەیانەتی ئاشکرا کرد.

لەدەستی عارەب

ئەگەر بریتانیا بە وەکالەت لە دەوڵەتی تازە وەسەرپێ کەوتووی ئیراق بەڕێوەبردنی هەرئەو بەرماوەی کە نێو نەتەوەیی وادەی ئەوی بەکوردانی دابوو، وبەڕیوە بردنیشی ئەو دەستە بەربوو، بەکردەوە بەڕێوەی بردبوایە، ڕاستی ودورستی و سەداقەت و ئابڕو شەڕافەتی زللەیەکی بەهەرەکەتی وێنە دەکەوت. بەڵام بریتانیالە بەرامبەردا کوردەکانی تەحویلی دەوڵەتی عەرەبی کرد،کە قەست و نیەتی بەڕێوەبردنی ئەم قەول وپەیمانانە نەبوو.

لەماوەی ساڵەکانی دوایی دەیەی بیست کوردەکان وەکوو وەی لەچارەنووسی خۆیان تەقریبەن ڕازی وەبەرچاو دەگەیشتن. لەژانویەی 1926پەیمانی نوێی بریتانیا لەگەڵ ئێراق بەڕاسپاردنی نێودەوڵەتی، پەرپسیارەتی وی بەناوی دەوڵەتی سەرپەرست(قیوم) پەسەند کرد،مەگین ئەمە کەئێراق بە ئەندامەتی نێودەوڵەتی وەربگیرێ. بریتانیا(هەنگاوەکانی ئیداری کە لە بیروبۆچوونی دابوو لەبابەت دابین کردنی دەستەبەرەکانی پەیوەندار بە پێکهێنانی دەزگای ئیداری ناوچەیی کەکمیسیونی نێونەتەوەیی ڕایسپاردبوو بە کردەوەبیهێنێتەدی)بەشووڕای نێونەتەوەیی تەسلیم کرد. چەندرۆژ دوایی وی،لە21ی ژانویە سەرەتا سەرۆک وەزیرانی ئێراق، عەبدولموحسین ئەلسعدون، بەمەجلیسی نوێنەرانی زەنگی ئاگاداری لێدابوو:

مللەت ناتوانێ محکەم و لەسەرپێ بمێنێتەوە مەگین ئەمە کەمافی سەرجەمی چین و توویژەکانی ئێراقی دابین بکات...چارەنووسی تورکیە دەبێ دەرسێک بۆ ئێمە بێت،و ئێمە نابێ سیاسەتی ڕابردووی عوسمانی بگرینەبەر. ئێمە دەبێ بەکوردان خودموختاری بدین. کارگێڕانیان دەبێ لە خۆیان بن: زبانیان زوانی فەڕمی خۆیان بێت، منداڵەکانیان دەبێ زوانی خۆیان لە قوتابخانەکان بخونن و فێربن. ئێمە دەبێ لەگەڵ هەموو چین و توویژەکان، چ موسڵمان یان ناموسڵمان، بەعەدالەت و ئینساف و، ویژدان بجوڵێنەوە و ڕەفتاربکەین، و مافی خۆیان پێ بدەین.

هەمهەمەیەکی سەیر لە ناڕازی بوون وەبن گوێچکە دەکەوت. بۆ نموونە، لەفۆرییەی 1926 حەول وتەقەلایەکی بێ ئاکام بۆ کۆکردنەوەی نوێنەرانی کورد لە کەرکووک هاتەدی، هەتا ئەوان بەهەنگاوێک سەبارەت بەکەلک وەرگرتن لە زوانی کوردی وداواکاری بەبۆنەی پێکهێنانی بنکەیەکی ئیداری کورد، ورووژاو کەن. بەڵام لە سەریەک وای دەنواند کە مەسەلەن ناوچە بەئیشتای وان بەئیراق هاوپێچ بووە،وبریتانیاش چاوەدێری بەرزی خۆی بە متمانەیەکی دڵنیا بەڕێوە دەبات. سەرجەمی ناوچەکانی کوردنشین لە دەنگدان مانگی مەی 1928بەشداریان کرد،نەچ ئاڵۆزی وپشێوی قەوما، و نە کەمبوونێک لەخوازیارانی نوێنەرایەتی بوو. لەڕاستیدا شتێک نەبوو کە حیکایەت لەمە

بکات کەگیرو گرفتێک لەکاردایە.  کاتێک خۆیبوون (سەربەخۆیی)کە بزوتنەوەیەکی پان کوردی تازەبوو کە لە سوورییە دەستی بەکار کردبوو حەولی دا ئەندام ولایانگرانی لەئێراق بدۆزێتەوە تێکۆشانەکەی بە ئاشکرای ناسەرکەوتوو بوو.(بڕواننە پاژی 9).

بریتانیا لە جێگای سەرپەرست دەیتوانی بەڕەوالًی عادی ڕاپۆرتەکانی سەبارەت  بەرویێش چوونی وەزعی کاروبارەکان بەشووڕای نێونەتەوەیی بدات. وەدی هێنانی ئەم کارتێکردنە کە دەوڵەتی ئێراق بەتایبەت لە دەڤەرەکانی جێگە سەرنجی تایبەتی نێونەتەوەیی بەشێوازێکی بەرپسیارانە ئەنجام دەدات کارێکی پێویست بوو،ئەگەر قەراربوو کە بریتانیا موافیقەتی تەواوبوونی زەمەنی سەرپەرشتی وئەندامەتی ئێراق لە نێو نەتەوەیی نابراو بەناوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕابسپێرێت. دنەدانی بریتانیا لەم کارە بە تایبەت پاراستنی شوێن تێکەری خۆی بەیارمەتی پەیمانێک بوو، لە حاڵێکداکە لە شێوەکانی پڕخەرج کە دەوڵەتێکی سەرپەرست دەبوایە قەبووڵی کردبوایە،معاف دەبوو.

لەماوەی ساڵی 1930بریتانیا وتوویژی لەبارەی پەیمانێک لەگەڵ بەغدا بەردەوام کرد کە بەسەبەبی وی، ئێراق لەساڵی 1932 سەربەخۆ دەبوو. بەپێی ئەم پەیمانە ئێراق بەبێ پارەی ئیجارەدان، لە هاسانکاری پایەگاکان و خەتەکانی ڕایەڵی پەیوەندگرتنی ئیراق کەلکی وەردەگرت، ئەمە زێدەپاروەک بوو کە ئاپورەی خەڵکی ئێراق لەزەین ومێشکی خۆیاندا ئەویان بەجۆرە سەربەخۆیەک کە بریتانیا لەبۆچونی دابوو گرێدەدا.  لەم پەیمانە وشەیەک لە وەزع ودۆخی کوردەکان بەشێوازێک کە نێوەنەتەوەیی لە1926قەراری بۆ دانابوو باسی لە سەرنەکراو بوخچەی نەکراوەو دەمی پێدانەهات.

هەرکات کە ئێراق داواکاریەکانی ساڵی 1926ی نێونەتەوەیی بەڕێوەبردبوایە کوردەکان  لەوانەبوو بەپاڵەپشت بەنیەتی خاوێنی وەڕاستخوازی بەغدا ئەم کەمتەرخەمی ولەبیربردنەوەی چاوپۆشی لێبکەن،بەڵام مەسەلە ئەوها نەبوو. ڕاستە،کارگێڕ یان مامۆستای شیاوی مەرجەکانی کورد بەڕادەی تەواو بوونی نەبوو،کتێبی دەرسی بۆ کەلک وەرگرتن لەقوتابخانەکان لە بەردەست نەبوو، زوانی کوردیش بۆخۆی تەژی لە دژواری بوو: لە نێو زوربەی زاراواکان بیچم یان وێنەیان هەڵدەبژاردن، کە هەم بۆ کەلک لێوەرگرتن دەبوون وهەم دەشیان جلی کردەوە لە بەر مەنزووری نێونەتەوەیی کەن.

بەڵام لە1026 بەم لاوە هەنگاوێک لەم ڕاستایەدا هەڵنەگیرابوو. ڕەشنووسی قانوونی وادە پێدراوی زبانی ناوچەیی، کەلەبیروبۆچووندا بوو بەکارهێنانی زبانی کوردی دەستەبەر بکات، هێشتا ئامادە نەببوو،چ بگا بەمە کە بەکردەوە هاتبێتە دی.  سەعدون سێ حەوتوو دوایی وتارە (بەشەردۆستانە) کەی کە ڕووێ لە نوێنەرانی مەجلیس بوو،ڕاسپاردەیەکی لە دەوڵەتی بریتانیا پێ گەیشت،کە نووسینگەیەک بەناوی(نوسینگەی وەرگیڕاوەی کوردی)پێکبێت،وەرگێڕی فەرمی سەرجەمی قانوونەکان ودەستووراتێک کە دەبێ لە مەڵبەندەکان کورد زوان بەڕیوە ببردرێن ئامادەبکرێت،کتێبەکانی دەرسی بە زوانی کوردی حازرو بنووسرین، ودەیگوت ئەمە هەنگاوێکە کە بە هۆی دڵنیایی کوردەکان لەم بابەتە کە ئەوشتانەی کەداواکاروخوازیارین سەرجەمی جێگەسەرنجی دەڵەتە، ئیکجار شوێن تێکەردەبێت.) بەڵام ڕوو داوێک نەقەوما.  گزیری پایەبەرز (کمسیرعالی) لە1927 بەم لاوە هەرجاروبار وەبیرهێنانەوەیەکی بۆ دەوڵەت دەنارد،بەڵام بەوتەی یەکێک لە مستشارانی ئینگلیزی دەوڵەت ئارەزومەندیەکی بەم جەرەیانەنیشان نادا: هیچ کەس حاشا لەم ڕاستیە ناکات، کە

دەکارکردنی کردەوەی مەسەلەکانی  زبانی کوردی دەستەبەری تەنگەژی یەکجار زۆرە،بەڵام تەواوی حەول و تەقەلاکە  لەم بارەوە کراوە کە ئەم گرێپوچکەیە هەرئەوها بە پووچەڵ و نەکراوەیی بمێنێتەوە.

ئارەزو مەند بەمەبوو کەئەم جەرەیانە بەناپسپۆری ونازانی تەنبەڵی وکەمتەرخەمی بەرپسیارانی عەمر پەیوەند بدرێت،بەڵام ئاشکرابووکەبەغدا لە هەست و ئیحساساتی جیاخوازانەی کوردان دڵی لە قرت و فرت دابوو، ولەمە دەترسا کە لەوانیە ڕۆژێک بریتانیا لەکوردەکان بەشکڵی ئەهرەم کەلک وەربگرێت و یان هەتا ئەوان لە ئێڕاق جیا کاتەوە.

هەر کە بریتانیا لە سپتامبەری 1929داکۆکی یەکەی لەچوونە ژووری ئێڕاق بەنێونەتەوەیی ڕاگەیاند نیگەرانی ودوودڵی وپەریشانی کوردەکان پڕتاوی گرت. یارمەتیدەری گزیری پایەبەرز خۆی  ڕوو بە ڕوو لەگەڵ ناڕەزایەتی توندی کەرکووک و هەلێر سکاڵایەتەکانی دۆزیەوە کە دەواندا داوا دەکرا ڕوون بکەنەوە کە بریتانیا چ دەستەبەریەکی لەم بەستێنە بۆکوردەکان پێش بینی کردوە. هەستی کوردەکان بەئاگاداری لە ڕێووشوینی پەیمان لەمانگی مارس، یەکجار وەکوڵ هات. هەرسکاڵا بوو یەک بەدوای یەک بەنێونەتەوەیی لەژنۆ یان نوسینگەی کمسیاری عالی لەبەغدا دەگەیی. ئەم سکاڵایانە ئیمزای پتری لەماقوول گەورەپیاوان ودەنگینی شارو سەرۆکانی عەشایەر بۆنموونە جاف وهەمەوەندو پژدەرو تاڵەبانی ودزەیی لە ژێرەوە، وەبەرچاودەکەوت. هەموو ئەم خەڵکە بێ جیاوازی، خوازیاری خودموختاری ناوچەیی و هەتا سەربەخۆیی لەژێر داکۆکی بریتانیا بوو،بەڵام لەم نێوەدا سەرنجێکی کورت لە بەڕیوەبردنی وادەکانی جامیعەی نابراو،بەتایبەت لەمەڕ پەروەردەو فێرکردن لەزبانی کوردی ڕادەکێشا.

باردۆخ نالەباربوو،چونکە ئەم داوایە سەرنجی بۆ داواکانی پێشتری ڕادەکێشان کە لە بەهاری ساڵی 1929بەگزیری پایەبەرز درابوون، وزاهیرەن سەرنجێک بەوان نەکرابوو. ئەم سکاڵایانەی گزیری پایەبەرز بۆ هەنگاوهەڵێنان بۆ دەوڵەتی ئێڕاق ناردبوو، ودەوڵەت چ وەلامی بەوان نەدابۆوە. لەم سێڵاوە تازەیەی کەلە سکاڵاکان وەڕێکەوتبوو ئەم جەرەیانە هەمووئاشکرابوو.  ڕوون نەبوو هەڵویستی خۆدی بریتانیا لەبەرامبەر داوای ڕێکەوت ئاوریلی 1929 بوو. مەلێک فەیسەل وڕاوێژکەرەئینگلیزیەکەی، کیناهان کە رنوالیس،هەر دوو یەکدەنگ وبەڵێن بوون کە پێشی هەرجۆرە خیاخوازی دبێ دەم ودەست بگێرێت. لەبەرئەمە گزیری پایەبەرز لە حاڵێکدا کە پێویستی ئەنجامی پەیمانێک کە ئێڕاق لەبەرامبەرنێو نەتەوەیی دەستەبەرببوو بە سەرۆک وەزێران وەبیردینراوە لێی زێدەدەکرد:(ئەمن دەلیل وسەبەبێکم نییەهەتا لەسەربنەڕەتی وی، فکر بکەمەوە کە دەوڵەتی ئێڕاق لە سەرنجدان بەداوای کوردەکان قسووری کردوە..ئەمن هەرجۆرە هەنگاوێک کە بەپێچوانەی یەکیەتی و بیروبۆچوونی جیاخوازی بێت ئیدانەو مەحکووم دەکەم..ئارەزوی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان ئەمەیە،کەلەدواڕۆژ شایەتی دۆستایەتی ویەکگرتنی هەمووپێکاتەکان بێت کە دەستیان لە ناو دەستی یەکدی ناوە، هەتا خەڵکی ئێڕاق لە وەدیهێنانی وڵاتێکی (پێکەوە)ئاڵیکاری بکەن.)وئەما بەغدا چلۆن دەیتوانی لەحاڵێکدا کە گەمەی بە پێناس وناسیاویی و پەسندکردنی باشتری کوردی دەکرد وڵاتێکی(پێکەوە)کەبۆ بریتانیا ئەوهێندە ئارەزومەندانە بوو وەدی بێنێت؟

بریتانیا خۆی لەناو ڕایەڵ وپۆی شەبەکەیەکی دۆزیەوە کەبۆخۆی تەنیبووی. چونکە (بەغدا)ش باش دەیزانی بریتانیا ئێستا بەچەتوونی دەشێت بەڕاشکاوی دەم پێدابێنێت کە ئەو هەمووساڵەنێو نەتەوەیی بە فریوچوونەو کارێک نەکراوە وکوردەکان بەپیچەوانەی هەموو ئەو شتانەی کە بریتانیا دەیپێشدا گوتبووی ئیکجار ناخۆشحاڵ وناڕازین. کۆتایی ڕێگایەکی ئەوها شەڕافەتمەندانە ڕەتی سەربەخۆیی ئێراق لەلایان نێونەتەوەیی دەبوو. بریتانیا ڕەخنەی تۆمەتی بێ کیفایەتی بێ سەداقەتی لێدەکرا. خولاسە بریتانیا خۆی لەهەل ومەر جێکدا دیتەوە کە بەدنیای دەرەکی متمانە دەدا کە نێوانی وی ودەڵەتی ئێراق لەبابەت ئەم جەرەیانە فەرق وتەوفیرێکی نییە،وبریتانیا تەنیا ئاتاجی بەکات وزەمان هەیە،کە لەماوەی ویدا بتوانێ هەڵەکانی ڕاست وقەرەبۆبکاتەوە.

هەڵبەتە بەجۆرێکی تایبەتی لە قسووری بەغدا لەئەنجامدانی ئەو بەڵێنانەی کەبە نێو نەتەوەیی ئەسپێردرابوو گازەندی دەکرد، ئەوجاردەستی بەنەق لێدان لە بەغداکرد، کە(دەستێکی لەماڵەکەی وەربدا)ئەم جەرەیانە بوو بەهۆی دانانی جێگرێکی کورد لە بەرپرسی گشتی،وەزارەتی ناوەخۆو بەرپسیاری دەڤەرەکانی کوردنشین، وهەروا بڕیارگرتن بەزوانی کوردی لەم ناوچانەو، وپێکهێنانی ئیدارەیەکی سەنگ وسوژن(بازڕەسی) فیرکردنی کوردبوو. دەونێوەش داقەرار دانرا لە مەڵبەندەکانی کوردستان کەسانێک بەمدێریەت یان پۆلیس وەردەگێرین دەبێ قسەکردن بەزوانی کوردی بزانن،و نوسینگەی (وەرگێڕ) هەرلەمێژ بوو چاوەنواڕی دەکرا لە ئاکامدا پێکهات.

دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی دانیشتووی ئێراق نەیاندەتونی داوابکەن کە دژکردەوەی کوردەکان بۆ ئەوان شتێکی چاوەنواڕنەکراوەو غافڵگیرانە بووە. داواکاری ئاوریلی 1929 بەڕادەیەکی تەواو گوێچکە زرینگاندنەوە بوو. چاوپۆشی لەمە لە1918، بەم لاوە دەیانزانی کەکوردەکان لەحکوومەتی عەرەبان دڵخۆشیان نییە. دەیانزانی کەدەبوایە کارێکی بکەن کەوەردە وردە ناهومید بن، هەتا ئیدی خۆیان لەساڵەکانی سەرخۆش هێنەری 1918-1920 دانەبینن. کاتێک گزیری پایەبەرز لەمەی 1927لەسلیمانیە سەردانی کرد،بەتایبەت وەبیرئەوانی هێناوە کە ماشاءالله ژیانیان چەندە لە کوڕە مامەکانیان کەلە ئێران وتورکیەن باشترە، ئێستائیدی دەبێ هەموو هزروفکری سەربەخۆیی کوردستان لە سەریان وەدەرنێن.

ئێستا هێندێک نیشانە هەبوون کە ناسیونالیسم،ی کورد، بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەرەتای ئەوریلی ساڵەکانی دەیەی بیست لەخۆی دیاریدەدا ئیدی لە چوارچێوەی بەرتەسکی شێخایەتی وئاغاوەت و عەشیرەگەری ولایانگرانی پەنگی نەدەخواردەوە،لەو سەردەمان زۆرسانایی بوو، و دەکرا ماقوولان بەشەڕو نێوان ناخوشی، لەگەڵ یەکدی دنەو وڕووژاو کەن. لەنێوەڕاستی دەیەی بیست چینێکی بچووک بەڵام ڕوو بە بەرەوپێشچوو لە شارەکانی کوردنشین سەری هەڵدا کە وردە وردە لە مەسەلەکانی نەتەوەیی ئارەزومەندی خۆی نیشان دەدا.

لە سەرەتای دەیەی بیست بەم لاوە،لەسلیمانیەو ناوەندیەکانی دیکەی گەورە ژمارەیەکی کەم لەمرۆڤی حاملاوهەبوون کە بەمەسەلەی نەتەوەیی هۆگرو ئیلاقەیان نیشاندەدابوو. لەژوئیەی 1922ژماریەک لەخەڵکی شاری (ئەنجوومەنی سەربەخۆیی کوردستانیان) دامەزراندبوو. بیروبۆچوونی ئەم خەڵکە ئەمە بوو کە کوردەکان نابێ لەژێرچاوەدێری حکوومەتی عارەب بن. بەڵام ئەم گروپە دژی شێوازی عەشیرەیی شیخ مەحموودی بوون. لەدوایی بڵاو بوونەوەی سێزدە ژمارە

حەوتوونامەی ئەوانی بەناوی بانگی کوردستان گاڵەدا و سەرنوسەرەکەی وی، محەمەد پاشاکوردی،کەژەنەڕاڵێکی ناسراوی ئەرتەشی عوسمانی و نەتەوەخوازێکی میانەڕۆ بوو دەرکرد. لەجێگای ئەو حەوتوو نامەیە،گۆڤارێکی دیکەی بەناوی ڕۆژی کوردستان بڵاوکردەوە کە بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا،نەتەوەخوازو، زبان و بڵێندگۆی خۆدی شێخ مەحموود بوو. عارف لەیەکەمین سەروتاری ئەم گۆڤارە لە نوامبەری 1922 لە سەر وەزع و دۆخێک کەلە ناخی ئێڕاق بۆکوردستان خوازیار بوو پێی داگرت و پەسەندی کرد-ئەمە وەزع هەڵکەوتێک بوو کەهێندە بەدوور لەهزرو لێکدانەوەی سەرەتایی پسپۆڕانی ئینگلیزی نەبوو.

ئێمەهیچ چاخ ئەو چاوەڕوانیەمان نەبوو کەدراوسێی گەورە ودۆستی ئێمە (ئێڕاق) هەمووماقی چەند هەزارساڵەو پەیوەندی باشی دەوڵەتان و خەڵکانی ئیراق وکوردستان لە بن پێ بنێت..یان بە سنوورەکانی ئێمە دەست درێژی بکات..پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان بۆ ئێڕاق سەت هەزارمەزیەت و چاکەی دەباوەش دایە..مێژوو جوغڕافیا دەیان جار لەسەرئەم مەسەل شایەتی دەدەن کەمللەتی کوردبێ لێبڕانەوە بەرجەستە وتەنیایی و یەگانەگی خۆی لە دونیا هەبوە. قانوون(دەستوور) وئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە قووڵی لە زەین ومشکی و گێانی یەک یەکی مللەتی کوردکارتێکر بووە. بە بەرەکەتی ماف وسنوورەکانی کەنێونەتەوەیی بە دورستی مافی مللەتی زانێوە، ئێمەش بەشی خۆمان هەیە. بۆ پاراستنی ئەم پشکە بەشە بەتەواوی هەستی مادّدی و مەعنەوەی خۆمان حازرو ئامادەی هەرجۆرە گیان بەخت کەردنین...

کاتێک مەسەلەی مووسڵ لەلۆزان باس وگفتوگۆی لەسەرکرا،سەرنووسەری گۆڤار،محەمەد نووری،لە وشەو دەستەواژەی ناسیۆنالیستی توند ئەوهای نووسی: چاخێک کە جەماوەری مووسڵ بەسەرجەم کوردەکان پێک دێنن،بۆچ خەڵکی دەرەوەی ناوچە دەبێ خوازیاری گەڕانەوە یان پاراستنی ئەم پارێزگایەبن؟ تورکەکان،ئاشۆڕیەکان عەرەبەکان کۆڵکەی داواکاری خۆیان بەبوونی ژمارەیەکی کەم لە خەڵکەکەیان لەناوچە دادەڕێژن..داوایەک کە ئێمە لە کۆنفڕاسی لۆزان مان هەیە لە سەربناخەی داکۆکی کەمایەتی لە خەڵکی پارێزگا نییە،ئەمە مافی مللەتێکی گەورە لە ژیانی دایە،کەبێهەوێ وڵاتێ خۆی هەبێت.

بەڵام شک ودوو دڵی لێرەدایە کەگەلێک لەخەڵک لەم باوەڕو بۆچوونەدا لەگەڵ نووسەر هاوبەش و هاو نەزەربن. هەر وەک گوتمان ڕووتێکردن بە (پێناسی ناوچەیی)لەم نێوەدا بەسەریدا زاڵ بوو، و لەم خولەی یەکەمین و هەستی هەڵبژاردنی سیاسەت لەلایان بریتانیا، ئەم تەقە تێکەوتنە ئیکجار پرمەترسی مەرگ هێنەربوو. بەڵام ئاقیدەو بۆچوونەکیش هەبوو کەبە سست وبێ بایەخ بوونی ئیختداری گەورەپیاوان وسەروکانی ناوچەیی لایانگرو جامینخوازی بەغدا ڕەکێش یەکی بەرفرەوانتری وەدەست هێنا. مەترسی لەبڵاو بوونەوەی ئەم فکرەبوو کە لە ساڵی 1923 لەکۆتایی هێنان بەوەزیەتی تایبەتی سلیمانیە بە شێوەی عامل کارتێکەری لەسەرکرد.

بەمجۆرە جێگای سەرسوڕمان نەبوو کەلەساڵی 1926ناکۆکی وتووڕە بوون لەناو خوێنکاران سەری هەڵدا،پەیدابوو لەمە کە (تەنیاکوردەکان بێ بۆن وبێ خاسییەتن)کە ئیجازەدراوەن بۆ پاڕلەمان بچن،وچاپەمەنی کوردی دەپشکنرێنەوە (سانسۆڕدەکرین). کەرکووک لەوانەیە، کەهێشتا پێی خۆش نەبوو لەگەڵ سلیمانیە هاوهەنگاو بێت،بەڵام پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەڤەرە ئیمکاناتی زۆرتر لە

ساڵی 1921بوونی بوو. لەونێوەدا ئیحساساتی نەتەوەیی لە شارەکانی وەکوو کفری و ئاڵتوون کوپرو، کەجەماوەری تورکمان وێ، فکری دەکرد لەگەڵ کوردەکان باشتر لەعەرەبەکانن،بڵاو دەبوو.

نموونە ئەمەکە چلۆنایەتی هەستی کوردان دەستی بەبڵاوکردنەوەکرد (ئەنجوومەنی ئەدەبی) سلیمانیەبوو کەلەساڵی 1926 پێکهات. هێندەی نەکێشا کەئەو ئەنجوومەنە، بۆ بزوتنەویەکی بەرفرەوانتری کوردی لەجێگای(ڕاپەڕین) کەلکی لێ وەرگیرا، وکاتێک شێخ تەها وسمایل بەگی ڕەواندزی(فەرماندراری پێشوو)خەریک بوو ئیجازەی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی وەربگرن،بەپێچوانەی لاق قرساندنێک و دەیان گوت: کەئەم ئەنجوومەنە لەسەریەک بنکەیەکی ناسیاسی دەبێت،دەوڵەتی بەغدا لە دانی ئیجازەی خۆی بوارد. لە خۆدی سلیمانیە(ئەنجوومەنی ئەدەبی)ئولکەیەک بوو بۆ کێ بەرکێی سیاسی ناوچەیی،کەدەویدا لە ڕابردووی سیاسی بەتەواو کەماڵ کەلک وەردەگیرا.

ئیستا کە کاریکیان کردبوو کە هەستی کورەکان بجۆڵیننەوە دەبوایە بەرلە وەی کە ئەم حساسییەتەی سەربەخۆیی جێگا چاوەڕوانی ئیراقێ بەتێشکان ڕوو بەڕوو بکات، ئەویان بەشێوەیەک ئارام دەکرد. لەسەرەتای 1930کابینەی ئێراق قانوونێکی پەسەندکرد کەبە پێی ناوەڕۆکی وی زوانی کوردی زبانی فەرمی سەرجەمی دەڤەرەکانی کوردنشین بوو، وادەی دەدا کە بە تەواوی قەول و بەڵینیەکان جلی کردەوە لە بەردەکات. لێمشتی تێلگرافی دەسوپاس لە هەمووولایەکی بەغدا لوزەوی بەستـ ئەمە بۆخۆی نیشانی دەدا کە مەترسی کوردەکان بەچ سانایەکی دەکرێ بێ شوین بکەن. بەڵام دەوڵەت دیسان لەم بەستێنە کاری نەکرد،نیگەرانی و دوو دڵی کوردەکان سەر لە نوێ گیانی گرت.

وەزیەت بەرەوالەت باشتر دەبوو، بەڵام تۆفان خێراخۆی نواند. لەلەندەن نووری پاشا،بەتونەی سکاڵایکرد لەم بابەتە کە ئەفسەرانی تایبەتی هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی (جێ نشینی خاوەن پلەوپایەی سیاسی ببوون)بەزانین و بەئەنقەست کوردەکانیان بەپاڵ پێوەنان لە دەست وێراگەین بە داواکاریەکانی خۆیان دڵگەرم وهاندەدا. لە بەغداگزیری پایەبەرز پەیام بەدوای پەیامی دەنارد ولە هەنگاوهەڵێنانی ناتەواوی دەسەڵاتدارانی ئیراقی گازەندەی دەکرد.

ئێستا مەسەلەو تەنگەژەی تازە سەری هەڵدا. لە سلیمانیە ئەو تێکۆشانانەی کە بە ئامانجی ڕێگری دەنگدانێک کە قەراربوو لەسپتامبەر سەربگرێ لە جەرەیاندا بوو. بەشداری کوردەکان لەڕفڕاندۆم کارێکی پێویست بوو،و نەدەبوایە جۆرێک عەمەل کرابوایە کە بیانزانیبوایە یان فکریان بۆ چووبوایە کە بریتانیاو ئێڕاق پێکەوە ناکۆکیان هەیە. لەئاکامدا جێگری گزیری پایەبەرز و جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێڕاق تەرتیبی سەردانی هاوبەشیان لە هولێرو کەرکووک و سلیمانیە دا،هەتا یەکیەتی بریتانیا وئێڕاق بۆ هەمووان نیشان بدەن و لەبابەت سیاسەتی ئێڕاق متمانەی دڵنیای بەکوردان بدەن. ئەم دووە لەهەولێرو کەرکووک نوێنەرانی کوردیان ئیقناع کردن بەمە کەعەجالەتەن لە هەرجۆرە قەست ونیەتی جیاخوازانە وازبێنن، مووەقەتەن هەلیپەسێرن.

بەڵام لە سلیمانیە بوونی کێشکچیانی نیزامی وپۆلیس کە شەقامەکانیان ئاخنیبوو ورەشاشەکان کە بۆ پاراستنی گیانی چاولێکەرەکان لەسەربانی ماڵەکان دامەزرابوون ئاکامی بەپێچەوانەی وەبەرچاوخست. جەماوەری پێشوازیکەران لە بەرامبەرقسەو وتارە چەورو شیرنەکانی کە سەبارەت

بەوادەکانی بەڕێوە نەچوو دەدران ودەکران کە رێگەری ودژکردەوەیان نیشاندا،وبە ڕەزامەندی دەربڕین لەگەڵ داکۆکی بریتانیاو تێکەوپێچانی حکوومەتی عارەب خۆپێشاندانێک شکڵی گرت.گروپێک لەماقوولانی شار بەڕیبەری شێخ قادر وحوزما بابان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەژێر سیبەرو پشتیوانی بریتانیا تەسلیمی لێژنەی کرد. جێگری سەرۆک وەزیران،جەعفەرپاشا،تەنیا کاتێک لەفکری دەست بەسەرکردنی ئەم گروپە پاشگەزبوو کەپێیان ڕاگەیاند ئەم هەڵویستە بەمانای لەناوچوونی بیچمێک دەبێت کە پێویستە بۆ وەدەست هێنانی موافیقەت بەسەربەخۆیی بەنێونەتەوەیی نیشان بدرێ. چەند ڕۆژ دوایی دەوڵەتی تۆفیق وەهەبی،(متصرفی) ناوچەی سلیمانیەی لەسەرکارلابرد، کەدەگوترا لەگەڵ داواکاریەکانی نەتەوەخوازان هاودڵی وسۆزوعاتیفەی نیشان دەدات.

بەمجۆرە جێگای سەرسوڕمان نیە ئەگەر دەنگدانی شەشەمی سپتامبەر لەسلیمانیە لەخۆ پێشاندانی ئاپووڕەو بە بەردهاێژتن خۆی دەنوێنێ. بۆگەڕانەوەی ئارامی هێزەکانی نیزامی بۆ ناو شارهێنران. هەتا ڕۆژئاوا هەژدە نانیزامی یانی خەڵکی ئاسایی بێ دیفاع کوژا بوو. ئەمە ڕووداوێک بوو کەهۆکاری دنەدان و وڕووژاو کردنی شک وگۆماناوی لەنێو نەتەوەیی ودوو دڵی لەئینگلیستان ودەورەیەکی تازە لەسکاڵا و داواکاریەکان بوو کە هەموو بەبێ چ پێچ وپەنا خوازیاری جیایی لەبەغدا وپێکهێنانی دەزگایەکی ئیداری جوداگانە بۆ دەڤەری کوردنشین بوون. مرۆڤانی دەنگینی شار،مەسەلەن شێخ قادر وعوزما بابان داواخوازکارانی دیکە دەست بەسەرکران. لەناوچەی هەڵنەبراوەی کەوشەنی ئێران، شێخ مەحموود سکاڵایەکی نارد و دەویدا بەغدای تۆمەتبار بەدەست درێژی دژی خەڵکی کورد کرد، وخوازیاری پێکهێنانی کوردستانی یەکگرتوو-لەزاخۆ هەتا خانەقین-لە ژێرچاوەدێری سەرپەرستی بریتانیا بوو. لەکۆتایی ئۆکتۆبر،شێخ محموود لە سنوورئاوا بوو، وبەکۆکردنەوەی عەشایەر خەریک بوو.

ئێستا بارودۆخ ناروون بوو. ئەگەر دەست بەجێ هەنگاوێکی سیاسی ونیزامی هەڵنەگیرابوایە هەموو کوردستان لەوانەبوو ڕاپەڕن. ئێستا بۆ بریتانیا وئێراق بێ کارتێکردنی شێخ مەحموودبەرلە پرتاو گرتنی ڕاپەڕین کارێکی حەیاتی وپێویست بوو. عەمەلیاتی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی وهێزەکانی ویشکایی پێشی دنەدانی وی گرت وهێورهێور ئەویان لە تەنگەژەخست، هەرچەند هەتا بڕیک لەسالی تازەتێنەپەڕی، تێشکانی یەکجارەکی نەبوو. شێخ مەحموود کەئێران پەنابەری دابۆیە لەمانگی مەی 1931 لە پێنجوین خۆی بەدەستەوە دا،بۆ باکووری ئێراق دوور خراوە. لەرێگای کردەوە،ئێستا پێویست بوو بەر لەدانیشتن بۆ ڕاوێژی کۆمیتەی دائیمی سەرپەرستی نیونەتەوەیی لە سەرتای ئاوریل، دەوڵەتی ئێراقی هێنا سەرئەم بڕیارە کەئەو وادانەی کە لە ئاوریل دابووی جێ بەجێ بکات،ولەکەمکردنەوەی ترسی کوردەکان هەنگاوێکی هەڵگرت. لەبەرچاو،دەوڵەت بەخیال دەست بەکارببوو: لە24ی ئۆکتۆبەر کوردەکیان بەجێگری بەرپرسایەتی گشتی وەزارەت دانا،ولە مەڕکاروباری کوردستان هێندێک بەرپرسایەتیان بەوی ئەسپارد. مانگی دواتر کوردەکی دیکە بەمقامی مفەتێشی قوتابخانەکانی کوردی دیاریکرا. بەڵام لەبەستێنی داڕژتنی (یاساکانی ناوچەیی)کە نێونەتەوەیی دەستووری دابوو هیچ جۆرەهەنگاوێک هەڵنەگیرابوو، بەلەوەنێک کە خێرا مەعلووم بوو جێگری بەرپرسی گشتی -یش لەوەزارەتخانە بێکاردانیشتووەو مێشان دەخەسێنێت. لەحاڵیکدا کە فرماندارەکانی عەرەب هەروا لەدەڤەرەکانی کوردنشین دادنرێن. بریتانیا هەنۆکە

تێدەکۆشێ سەرنجیان لە مەسەلە وەرگێڕێ و لە ڕێ وەدەرخات. لە بیرنامەیەک کە بۆ کۆمیتەی دایمی سەرپەرشتی تەسلیم کرد لە کورتی وناقیسی دەوڵەتی ژێرسەرپەرستی،وهەروا لەکەمتەرخەمی خۆی خوارەپێچەی دەکرد،لەبەرامبەر لە سەرداوکاریەکانی کورد مۆری پەسەندی لێدەدا کە چەندە هەتا چ ڕادە بزۆزوو بێ تام وبێ مانانە، واخەیاڵ دەکەن کە نێو نەتەوەیی بەئەوانی وادەی جیا بوونەوە لەئێراق دابوو.

کۆمێتە لە دوایی لێکۆڵینەوە،داواکاری کوردەکانی ڕەت کرد وخەیالی بەغدای ڕاحەت کرد. و ڕایسپارد لە بریتانیا داوابکرێ هەلومەرجێک پێکبێنێ کە سەرجەمی هەنگاوەکانی ئیداری وقانوونی پێویست بەهۆی بەڕێوەبردنی ئەو وادانەی کە بەکوردان دراوە، دەست و جێ و بەجۆرێکی لێهاتوو بەڕێوە بچن، وڕای ئەسپارد کە بریتانیا بارو دۆخی کوردەکان لە دوایی سەربەخۆیی ئێراق دەستەبەربێت.

لەم نێوەدا دەوڵەتی ئێراق کە لە دوایی لەو(دایکی مەغرورو خۆ پێ زۆرەی،(بریتانیا) دڵخۆشی نەبوو وهەڵویست ودۆخ وهەڵکەوتی قایمی خۆی ئاگاداربوو، ودەیزانی کەلەم جەرەیانەدا دۆڕانەکەی زۆرتر دەبێت بریتانیایە نەک ئەو. لەمانگی سپتامبەردەوڵەتی بەغدا بیرنامەیەکی ئامادەکرد ودەویدا بەزانین ولێکدانەوە لە ڕاپۆرتەکانی سالانەی بریتانیا، بۆسالەکانی **1925**و**1926**،لە تەسدیقی داواکاری خۆی شایەت ونموونەی هێناوە: تەسدیقی ئەمەی کە بریتانیا لە سیاسەتەکانی وی یەکجارڕازیەتی هەبوە، بەم بۆنەوە کە هۆی ناڕەزامەندی لەناو کوردان نەبووە،(ولەهەموو مەڵبەندکانی کوردنشین کاربەدەستان،مەگین چلۆنکایی بێت دەنا هەموو کوردن...) سیاسەتێک کە سەرۆک وەزیران لە**21**ی ژانویەی **1926** ڕایگەیاند بەسەرجەم وبەسەداقەت بەڕێوەچووە...)لەراستیدا ئێراق بەم زبانە بە بریتانیا ئاگاداری دەدا کەهیچ دوورنییە بە مەترسی دەم لێدان و وەدرۆ خستنەوەو تۆمەتبار بەدوو ڕەنگی و دوو ڕوویی ڕوو بەڕووبێت، بەڵام بریتانیا بەمەترسیەکی ئەوها ڕوو بەڕوو نەبوو و سیاسەتی دوو ڕەنگی و فریوو فیڵبازی خۆ بەردەوام کرد. ئێستا لەترسی ئەمە کە مەبادا نیونەتەوەیی داوای سەربەخۆیی ئێراق ڕەت بکات پێویست بوو یەکیەتی نەزەر هەرچەند بەڕەوالەت لە نێوان بریتانیاوئێراق بوونی هەبێت. وەزیری مستەعمەرات بە گزیری پایە بەرزی دەستووردا(هەتابۆوی دەلۆێ حەول و تەقەلابدەن کە لە نووسینی یادداشتی بریتانیا بەشووڕای نێونەتەوەیی بێ لەناوبردنی هیچ کام لەئەسلەکانی تەوافقنامەیان (ڕیککەوتنی ئێراقیەکان) سەبارەت بەکوردان دابین بکەن.)بەڵام لەحالێکدا کەبریتانیا دەیەویست لە شووڕای نێونەتەوەیی هەڵویستی تەژی لەلاف وگەزافی بگرێت گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە بەغدا خوازیاری بێدەنگی لە بارەی مەسەلەی پەیوندار بەکوردەکان(هەتا کاتێک کەدەوڵەتی ئەعلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان بتوانێ سادقانە بڵێت: کەئەم سیاسەتە لە حالی بەڕیوەبردن دایە.)

لەکۆتایی فۆرییە ترس لەوبابەتە بوو کەئێراق لەوانەیە،فریوی تورکان بخوات ولەقەول وپەیمان وبەڵێنێک کەلەبەرامبەر نێو نەتەوەیی وەسوکری گرتووە،لەبنی دەرچێت. لەم بابەتە گوێزرینگانەوکی توندی بەدەوڵەتی ئیراق درا،وگوترا کە ڕەتکردنی دەم ودەستی ڕاسپاردەکانی نێونەتەوەیی چ دواڕۆژێکی لەوانەیە بەدواوەبێت. لەم نێوەدا پێویستی بەڕێوەبردنی قەراردادەکانی پێوەندار بە (یاسای زوانەکانی ناوچەیی) وەبیرنووری پاشای خست. ئەم قانوونە لە ئاکامدا لە**19**ی

مەی پەسەندکرا،بەڵام لە ناوەرۆکی و نیشانەکانی ئێراق بە بەتاڵ کردنی وی لە ناوئاخن لەبەرچاوبوو: مەرجی وەدەست هێنانی شوڵەکانی ئێداری و فێربوون نەک کورد بوون بەڵکوو کوردی ئاخافتن بوو،بۆ شغڵی فەنی هەتا لەم مەرجەش سەرپێچی دەکرا. ئینگلیزیەکان لە مانگی ژوئیە دوڵەت وەکوو وەی ویستبێ بەنیشانەی هەڕەشە تیل لە سەرکەپۆی دانێت وراوێژکەرانی ئینگلیزی بە قەرەقەپ و خۆراگری وادارکات،نەتەوەخوازانی جێگا ئیحترامی- کەسانێکی وەکووتۆفیق وهەبی-بەتۆمەتی خەیانەت بە وڵات دەست بەسەرکرد.

بەپێچەوانەی ئەم ڕوو داوەی دنەدەر و ناپەسەند، بەغدا بەدانی هەتا دەستەبەری دە بێ بایەخ بە کوردەکان، نێو نەتەوەیی لە ئاکامدا لە ئاوریلی ساڵی 1933 ئێراقی بەناوی وڵاتێکی سەربە خۆ بە ئەندامەتی خۆی وەرگرت.

بریتانیالەم بڕیارەی ئێراق بە هاوپێچی کوردستانی دوور لەهەر وەزیت ودۆخی تایبەت،خۆی بەشەریکێک دەزانی کە بە وەی خەیانەت کراوە. ئەمە کۆتایی ناحەزی ئەو وادەی دەڕازاوە بوو کە بریتانیا لە ساڵی 1918لەگەڵ خۆی و خاوەن پایەبەرزانی سیاسیەکەی بۆکوردستانی هێناو ولەبن دەرچوونی وەزیرانی ئێراقی لەو دەستەبەرەانە بوو کە لە جەرەیانی پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراق پێی ئەسپاردرابوون.

وئەمما کوردەکان-ناسەرکەوتنی ئەوان سەبەبی نەبوونی ڕێبەرێک و یەکیەتی و ئامانجێک و بیرو بۆچوون بوو. ئەگەر زاخۆو دهوک و هەولێر و کەرکووک و سلیمانیە و کفری و خانەقین بەر لە 1923 جەبهەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنابوایە،ئێراق وبریتانیاش لە بێ بەشکردنی وان لە پێکهێنانی ناوچەیەکی خودمووختار لەگەڵ دژواری ڕوو بەڕوو دەبوون. شتێک کەهێندێک ڕێگری لەمەکردبوو مەترسی لەگەڕانەوەی تورکەکان و وێدانەوەی پاڕیزگای مووسڵ بەتورکیەبوو. بەڵام هۆی عەسڵی و بنەڕەتی کار،کاڵ ونەکولێوی سیاسی و مەترسی دەرک نەکردنی و ئەو ئیستراتێژیانە بوون کە دەبوایە کە لەو ماوەی کورت لە دوایی شەڕ،ئەوکات کە دەیانتوانی ڕێگای ڕووداوەکان دیاری بکەن،لە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخشەوگەلاڵەکانی بریتانیا و ئێراق گرتبوایان.

### شێخ ئەحمەدی بارزان

زۆر کەم بوون ئەوکوردانەی کە لەحکوومەتی عەرەب پێشوازیان دەکرد. ئەو عەمرە لەڕاستیدا بەدنەدان لەهەست وئیحساساتی نەتەوەیی ئاوەژوو بۆوە. بەڵام یەکەمین ناکۆکی کەلەکوردستان لە دوایی سەربەخۆیی ئێراق سەری هەڵدا ئەوهێندە کەلەگەڵ بێزاری عەشیرەیی لەدەست تێوەردانی حکوومەت لەچوارچیوەی عەشیرەیی پەیوەندی هەبوو لەگەڵ هەست وئیحساساتی نەتەوەیی نەبوو. پەیوەندی شێخ ئەحمەد بارزان پێشتریش لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا تۆفانی وتێکەڵاو ئاڵۆزبوو، بەڵام لەسەرئەمە دەوڵەت کاری بەوی نەبوو ولێی گەڕابوو وەکوو بەشێک لەسەرۆکانی عەشایەر بێ ڕێگرو گیروگرفت لەسەرڕەعیەتەکانی فەرمانڕەوایی بکات. ئەم جەرەیانە بەکردەوە جۆرێک خودموختاری ناوچەیی بوو. بەڵام لەزائینی 1927 دەوڵەت بەدورستکردنی هێندێک بنکەلەدەڤەر، حەولیدا

مهڵبەند بخاتەژێرحووکم وچاوەدێری خۆی –وئەم هەنگاوەی دەوڵەت جێگای ڕەزامەندی شێخ نەبوو. لە ئۆکتۆبر بۆشەڕ لەگەڵ دەوڵەت خۆی حازر دەکرد،لەحکوومەتی داواکرد نەبوونی دنەدانی چریکانی ئاشوری(جاش) لە ناوچە دوایی پێبێنێت، ومافی کۆکردنەوەی ماڵیات بەوی داتەوە. لەفۆریەی 1928نەک تەنیا لەگەڵ دراوسێکانی بەهێزی یانی زێباریەکان و سوورچێەکان لە پەیوەندی دابوو بەڵکوو بەهۆی دەنگۆیەک لەگەڵ شێخ مەحموود وسمکۆ ش پەیوەدنی وڕابیتەی هەبوو. بریتانیا وای فکردەکردەوە کەلە تورکەکانیش چەک وتەقەمەنی وەردەگرێ. بریتانیا لەهەلایسانی شەڕ وشۆرش لەکوردستان ترسی ڕێنیشتبوو بڕیاری بەئاشی گرت. لەمانگی ئاوریل جۆرەپێکهاتنێک هاتە کایە کە بە پێی وی فەرمانداری زێبار بەرپسیارەتی کۆکردنەوەی باج و پێتاکی ناوچەی بەشێخ ئەحمەد ئەسپارد. لەمانگی ئەوت شێج ئەحمەد لە جیاتی ماڵیاتی کۆکردنەاوە پەڵپ وبەیانووی تەحویل دا. دەسەڵاتدارانی بریتانیا لەڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ شێخ ئەحمەد واهیمەیان هەبوو. ڕەنگە لەوەترسابن کەڕوو بەڕوونێکی ئاشکرا لەوانەیە،هەستی نەتەوەیی وڕووژاو بکات وگڕبگرێ، و ئەمە شتێک بوو کە بریتانیا بەتایبەت لەم ماوەیەی کە بە پەیمانی بریتانیاو تورکیە دوایی پێهات دەیەویست بە هەرڵەونێک بێ، لەوی خۆی دوورە پەرێزبکات. لە1931 چریکەکانی ئاشۆری و هێزەکانی ئەرتەشی ئێراق هەروا لەدەڤەری بارزان بوون. بوونی هێزەکانی نیزامی حکوومەت بەمانای حوکم وئیختیداری دەوڵەت بوو وئەمە شتێک بوو کەشێخ ئەحمەد هیچ کەیفی پێ نەدەهات. گۆیا لەم بابەتەوە پەیوەندی بەمەلێک فەیسەل-یش گرت. لەبەرچاو شایەت وبەڵگەیەک لەبەردەست دانیە کەنیشان بدا کەشێخ ئەحمەد هەتا کەمۆکە ئیلاقەیەکی بەبیچمی بەرفرەوانتر لەمە بە مەسەلەی کورد هەبووبێت. ئەو لە1930 بانگەوازی شێخ مەحموودی بۆ داواکاریەکی هاوبەشی خودموختاری لەگەڵ عەشایەرەکانی دیکە ڕەت کردبوو،ئەویش وەکۆو باب و باپیرانی گیرۆدەی بەرگری لەناوچەی عەشیرەیی بوو. گرووپێک لەجەنگاوەرانی چاونەترس لەدەورەبەری بوون، هەستی ڕێزو حورمەت سەبارەت بە خودی وی لە سەرۆکانی بارۆش،مازووری سەرو، ناوچەکانی هەڵکەوتوو لەباشووری بارزان-زیدەبوو.

شێخ ئەحمەد لەجێ و دۆخی ئائینی خۆی لەدابین کردنی فەرمانبردنی خەڵک کەلکی وەردەگرت. لەسەریەک ڕوون نییە کەئاخۆ بیروبۆچوونی مەزەبێ هەبووە وبەزانین وئەنقەست فکروهزری تازەی لە پتەوبوونی شوین تێکردن وئیختیداری خۆی لەکاردەکرد یان نا! بەڵام بەهەرحاڵ ناوەندی مەزەب وئائینێک بوو کەچ پەیوەندی وڕابیتەی لەگەڵ ئیعتقاداتی نەخشبەندی نەبوو. لە1927لەوکاتدا کەبارزان بۆ بن حووکم وشوێن تێکەری ئیداری حکوومەت هاوردرا، مەلایەک بەناوی مەلاعەبدولڕحمان لە دەورو پشت وەڕیکەوت وڕایدەگەیاند کە شێخ ئەحمەد(خودا)یە وئەویش پێغەمبەرەکەیەتی- وئەم داوایە هەتا لە دەڤەرەێک کە بەشتی سەروسەمەرەی مەزەبی تێکەڵاو ببوو داوایەکی سەرسوڕهێنەربوو. لەخەڵکی ساویکەداواکراکە(قەوبڵە)یان بگۆڕن. مەلاعەبدولڕحمان تەمەنی هێندە نەکرد: محەمەد سەدیقی برای شێخ ئەحمەد، بەم هۆیە کە مەلاتێکۆشابوو ناوی شێخ ئەحمەد وناوی خۆی لەبانگ دا جێگری ناوی خوداو پێغەمبەربکات، ئەوی کوشت. بەڵام ئەم فکرەهەروا بەردە وام مایەوە. دوایی دوو حەوتوو عەشیرەیەکی گچکەی باڵک پەیوەندی خۆی بەشێخ ئەحمەد ڕاگەیاند، وگوتی کەجیا لەمە(شێخی ڕبانی) ئاغاو ئەربابێکی بۆخۆی ناناسیت.

چوارساڵ دوایی –لە1931-سەیروسەمەرەکانی مەزەبی شێخ ئەحمەد بوو بەهۆی شەر لەگەڵ ڕەقیبێکی نەخشبەندی- ئەو ڕەقیبە شێخ ڕەشید لۆلان،ڕێبەری کوردەکانی برادۆست بوو. گۆیا شێخ ئەحمەد خواردنی گۆشتی بەرازی لە نەزەر نەخشبەندیان پێناس وناسینی مەسیحیەتە حەلاڵ کرد،لەبێ بایەخ کردنی ئایەی قورعانی برەوپێدا. لەمانگی ژوئیە شێخ ڕەشید لەخەڵکی داواکرد کەبەهێرش بردنەسەرگوندەکانی بارزان کاری ئەو وەرگەڕاوانە لەدین تەواو بکەن. مرۆڤ سەری سوردەمێنێ ،ئاخۆ شێخ ئەحمەد لەڕاستیدا سەرشێتیکی مەزەبی بوو یان بەئەنقەست ویستوویەتی شێخ ڕەشیدی ورووژاو بکات. هۆکارهەرچی بێت، شەڕوپێکداداان لەمانگی نوامبەر بەبەرزایی خۆی گەیشت وئەمەکاتێک بوو کەدارودەستەی شێج ئەحمەد هیرشیان بردەسەر گوندەکانی برادۆست وهەموویان ئاگرتێبەران، شێخ ڕەشید بەرەوئێران تێی تەقاند.

تێبینی: وەشەی(خودان) بەزوانی بادینی یانی: مەزن،نیسبەت دانی وی بە(خودا) هەڵەیە. هەتا ئەگەربگوترێ خودانی عالەم-یش(مەنزور لەشێخی پایەبەرزە) نەک خوای هەردوئاسمانان، ئەوجارشێخ ئەحمەبارزان قەت گۆشتی بەرازی حەڵا ڕانەگەیاندوە،ئەگەر ئەو بانگەوازەشی کرابێ، کەبێ گۆمان درویە چ بەڵگەی نین،دیسان بەمانای کافربوون ولەدین وەرگەڕان نییە، چونکە حەرامی گۆشتی بەراز،هۆکاری کرمێک بوو، کە هەنۆکە دەیکوژن. بەڵام ئەوچەقوو تەفە مەسەلەیەکی سیاسی یە، دەکرا ڕەشە موسڵمانی پی هەڵخەڵەتین،ئەوکات دەهۆی عارەب وئینگلیز بوو، ئەودەنگۆیە بۆیە وەدوا خراوە هەتاڕاپەڕینکەی کە هەوێنی سیاسی تێدابوو وەچەند جار بەخویبوون وئیحسان نووری لە ئاگری یارمەتی دابوو، لێ پوچەل کەنەوە خەڵکی ناحاڵکی لێدەنگ دەن یەک لەوان جاشی بە ناوبانگی ڕێژیمی ئیراق شیخ ڕەشید لۆلانی بوو کە یەکەمین جاش بوو کە دژی بارزانی چەکی فرۆشی لە حکوومەتی جەلادی بەغداوەرگرت،دوای ڕاونرا بۆئیران، ئەوەش چ پەیوەندی بەشێج ئەحمەد وەنەبوو، پێشمەرگە ڕاویان نا ئەوشەوی نووسەری ئەودێرانە لە بەردەبۆ، لەلای نەمربارزانی بوو و ئاگردانی گوندی لۆلان هەرلەوشەویدا لوقمان بارزانیش بەشداری کرد حاجی بێروخی حامید ئافندی لە چیای سیاکیوبوون مارگرێتیش هەتا عومەردەباش لە وەێ بوو شیخی جاشی خۆفروش بۆئیران چوو لەکیلەشین سەرهەنگ نۆتاش وەریگرت. ئەوجار بانگەوازی ناوی شیخ لەبانگدا درۆیە بەڵام پێ کافرنابێت،ئەدی شێعە ناوی عەلی لەبانگ دێنن بۆ گاور نەبوون،کێ لە لای خوای گەڕاوەتە کە بزانی شیخ ئەحمەد وەلی نەبوو دەجا بابلێن شیخ ئەحمد وەلی ڵڵا، ئیستادەڵین خومینی ڕووح ڵڵا،کەس ناڵیت کافرن. بەڵی ئەوکتێبە تەژی لەشتی وابێتامە ئەوە بەناوی میژووی کوردی نوسراوە بۆیە نابێ متمانە بەنوسینی دەرەکی بکرێ چونکە جگە لە دەست تێوەردانی داگیرکەرەکان بۆ بەرتەسک کردنەوەی داواکانی کوردو بچکۆڵەکردنەوەی سەرۆکانی کورد هی خۆمالیش توانیویانە تێدا دەوریان هەبێت. مەسەلەن پیاوەکی وەکووکاک مستەفا شیروان لەسەرئەموو نوسین وخزمەت کردنە بە زوان و مێژووی کوردی بەهۆی هەستی حیزبایەتی نەیتوانیوە لە گیڕانەوەی شتی ئەوها کەبۆخۆی سەت دەرسەت زانیویە کە درۆیە بەڵام بۆ دەنە دانی خەڵک و کەمکردنەوەی ئیختداری عەشایەرو بنەماڵەی بارزانی ئەوشتە بێسەروبەرانەی نوسیون وتەسلیمی نووسەری کتێبی کردوە، چونکە لە نووسینەکانی خۆشی ئەوشتە کال ونەکوڵیوو بێتامانە وەبەرچاو دەکەون، ئیستاش هەرئەو قسانە لێرۆکە پەنگ دەخۆنەوە ئەوجار ئەومەلائەی کە بەعەبدولرحمان نوسراوە، مەلاجوج بوو برایەکی مالاجەعفەر،کویر بوو نووسری ئەودێڕانە لە تەکیەی شیخ ئەحمەد لە1961 چاوم پێکەوت،ئەوکات حەکیم پێندرو، مابوو ساکۆی کانیەلنجێ لەوێ بوو. دەنگۆکانی دوایی

پەنجەی  ناکۆکی پارتی و یەکیەتی پێوەدیارە، کە ئاگرەکە،لە داوینی مامجەلالْ هەستا هەتا 66ی لێکەوتەوە،دوایی لە سەردەنگێک لە 50/50/ فیفتی فیفتی،شەڕی براکۆژی بەرەبابی سۆرانی بادینی لێ کەوتەوە، ئاکامەکەی لە 2003ئەمە بوو کەچارەنووسی کەرکووک ئەوهای لێ بەسەربێت،راپۆرتی هاملتۆنیش!کەڕاوەستانی ماددەی 140داوادەکات، یەکێک لەوسەرچاوانەیە.وەرگێری کوردی)

بەغداسەردەمێک بوو کەلەبۆچوونی دابوو دژی شێخ ئەحمەد هەنگاو هەڵبێنیت  ئەوی بەملکەچکردنی قەبووڵی داواکانی خۆی واداربکات وبەو شتە سەر سوڕهێنەرانی مەزەبی کۆتایی بێنێت. تالانی برادۆست لەلایان شێخ ئەحمەد بەغدای والێکرد کەدەست بەکاربێت. بەڵام رەفتاری شێخی بارزان لەبەرامبەر حکوومەت خەراپترو هەڕەشەلێکەرتر لەعەشایەرەکانی دیکە نەبوو. شێخ ئەحمەد لەساڵی 27-1928هێندێک هەتا دەورەی ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ حکوومەت بەرەوپێش چووبوو، بەڵام لەڕووبەڕوو بوون دووریکردبوو.

مەعلووم نییە کەبۆچی دەوڵەتی ئێراق دەیەویست سزادانی شیخ ئەحمەدی  بۆئەوانی دیکە بکاتە عیبرەت وسەرمەشق. وابەنەزەر دەگات کەدەوڵەتی ئێراق یش وەکوو عوسمانیەکان، بارزانیەکانی بەچاوی هۆکار وسەبەبی دنەدانی ناوچە لێدروانی  وڕەنگە لە جێگای نیزامێکی ڕاستەوخۆ نامتمانە بەخۆی هەست پێدەکرد. کەناتوانێ بۆ  ژێرباری قەبووڵی قەبیلەیی بڕوات. ودەبێ بۆخۆی نیشان بدات. ئەگەر ئەوهابێ تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە، هێزەکی قۆچاخ لەدەسامبەر بۆ دەڤەر ناردرا، ولەنزیک بارزان شکەستی خوارد،وتەنیا بەداکۆکی هێزەکانی ئاسمانی بریتانیا بوو کەتوانی خۆی لەمەعرەکە ڕزگار بکات.  لەبەهاری ساڵی 1932 هێزەکانی دیکەی مێرگەسۆر هەڵکەتوو لەرۆژهەڵاتی بارزان،بەم ئامانجە کەلەوێ خودی بارزانی خستەبەرهێرش وداگیریکرد- ودیسان بەدانی تەلفیاتێکی قورس شکەستی خوارد.  لەمانگی ژوئین هێزەکانی ئێراقی بەپشتیوانی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا لەئاکامدا بارزانی دەست بەسەرداگرت. ساڵی دوایی بەسەردەدونانی شێخ ئەحمەد لەچیاکان تێپەڕ بوو. بۆمباردومان بەبۆمبەکانی تأخیری، ژمارەیەکی زۆری لەدیهاتیەکان بێ خەبەرکوشت و دەستەوەستانی کوردو چەکدارانی شیخ ئەحمەدی لە وەرگرتنی ئازووقە وکەل وپەلی پێویست لەگوندەکانی چۆلکراوە بێ بەشکرد. لەکۆیایی ژوئینی 1932 شێخ ئەحمەد لەجیاتی  ئەڕتەشی ئیراق،خۆی بەهێزەکانی تورکیە بەدەستەوەدا.

بەڵام شک وگومان دەوەدایە کەشێخ ئەحمەد لەیارمەتی وپشتیوانی بەرفرەوانی گوندەیەکان کەلکی وەرگرتبێت،چونکەژمارەیەکی زۆر لە خەڵک،بۆ نموونە لەمازوری سەروو،ئیکجارلەگەڵ ئاقیدەی مەزەبی شێخ دژایەتیان دەکرد. بەڵام شێخ لەوەرگرتنی دانەویڵە لەگوندەیەکان بەزەو مێهرەبانی نەدەناسی،وگەلێک لەترسی زولم وزۆری حکوومەتەکەی هەڵاتن. بەوانەی کەتێیان تەقاندبوو کەگەڕانەوە لەجیاتی شێوێک کەمابووە دانەویلەی دانێ.

خۆ بەدەستەوەدانی شێخ ئەحمەد بەتورکان بەمانای کۆتایی هێنان بە شۆڕشی وی نەبوو. دوو برای ئەو یانی محەمەد سەدیق ومەلامستەفا، لە دەڤەرەی سنوور وقەراخ قوجاخی مازووری سەرو،ساڵێکی دیکە شەڕیان بەردەوام کرد. بەڵام کاتێک هێزەکانی ئاسمانی بریتانیا لەژو ئێنی 1933قاقەزی دەستەبەری لێبردنیان بەردانەوە،لەگەڵ هێزێکی بچووک خۆیان بەدەستەوەدا. ئێستا شێخ ئەحمەد

لەشاری ئەسکی لەزیندانی تورکان دابوو وبە ئەوانی ڕاسپارد کەمەرجی ئێراق قەبووڵ بکەن. ئەم ژمارەتە لەدوایی مانگەکان لەبەندەن وشاخاویەکان برسی وڕووت وقووت بوون. سەێر ئەمە بوو لەدوایی ئەوەی سوێندی وەفاداریان بۆ مەلیک فەیسەل خوارد ئیجازەیان وەرگرت وبەچەکەوە بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە. دەوڵەت بۆ لاواندنەوە لە عەشیرەکەیان یارمەتیەکی کەمی بۆ زیندو کردنەوەی کشت وکاڵ،و بەرەعیەتەکانی (وەفادار) بۆ دورست کردنی دەرمانگا تەرخان کرد. ئەمە لەمانادا قەرەبۆیەکی قڕنیسانەی شێوە لەناوچوون بوو کە بەیارمەتی وان بارزانیەکانی بەچۆک داهێنابوو. بۆمباردومانی هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا 1365ماڵ لەسەرجەمی 2382ماڵ لە79گوند خاپوور کردبوو. جگەلەمە کەلک وەرگرتن لەبۆمبەکانی تأخیری، بەپێچەوانەی دەستووراتی کنوانسیونی ساڵی 1907ی لاهە وموقەڕەراتی ئامازەپێکراوی ئەرتەشی ئینگلیس1914 سەبەبی کوشت وکوشتارێکی بەرفرەوان لە خەڵکی ئاسایی بوو.

کوردەکان یەکێک لە یەکەمین کەسانێک بوون کە تێگەیشتن شەڕی ئاسمانی تەوفیرێک لە نێوان کوژراوان دانانێ،ئەمە شتێک بوو کەئاگری بێزاری کوردەکانی سەبارەت بەبەغدا ورووژاوکرد. هەروەک (ئارتربامبرهریس) نووسیبووی:

ئەوان(عەربەکان وکوردەکان)ئێستا دەزانن کەبۆمباردومانی ئاسمانی لەمەڕ زەرەرو زیان و خەسارە و تەلەفیاتی گیانی بە چ مانایە. ئێستادەزانن کە ماوەی 45دەقیقە دەکری گوندەکی گەورە بەکردوە لەسەرنەخشەی زەوی هەڵگرن ویەک سیومی دانیشتوانی بکوژن یان بریندارکەن...

شێخ ئەحمەد بەڕەواڵەت بەوەرگرتنی بارمتە بۆ ئیراق گەڕایەوە ولەگەڵ هەر دوو براکانی دوور خراوە. هەڵبەتە لەمووسڵ بوو،بەڵام چونکە نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی، سەرۆکی عەشیرەی مازووری سەرو کە هێشتا ئیشقی بوو،فریودرا،لەگەڵ هاوڕێیانی بۆ ناسرییە هەڵکەوتوو لە باکووری ئیڕاق وپاشان بۆسلیمانیە ناردرا.

شەڕی شیخ ئەحمەد ڕوو بەڕوو بوونی سەرۆک عەشیرەیەک لەگەڵ دەوڵەت بوو، ولە و زۆری زەبر لەدەوڵەت دا،چونکە لەدوایی دژایەتی و بەر بەرەکانی شێج ئەحمەد،ڕاپەڕینی خەلیک خۆشەوی کەهەتا ساڵی 1936 بەردەوام بوونیشانی دا کە ئەرتەشی ئێراق هێشتا ئەو ڕادە بەهێز نییە کەبتوانێ لەگەڵ بەربەرەکانی برپارگیرانە، بەربەرەکانی بکات. چەتوونە بەغدا لەبەرامبەر خەلیل خۆشەوی دەوڵەتی ئێراق مەجبوورلەکەلک وەرگرتن لە مرۆڤی عەشیرەیی وەکوو چریکی ناوچەیی(جاش)بکات،و ئەمە بۆخۆی هەنگاوێک بووکەبۆ حکوومەت لەسەرکوردستان لەڕاستایی گەڕانەوەی حووکم وشوێن تێکەری ئاغاکان لە سیستەمی حکوومەتی وەردەگیرا،و(ئیعترازێک بوو لەسەرئەمە کە کوردستان، تەنیا دەکرێ بە ئاڵیکاری ئاغاکانی چەکدار سەرافەتی کەن.)

سەرچاوەکان:

نێونەتەوەیی: موقەڕەراتی پەیوەنددار بەبرپارگرتن سەبارەت بەسنووری تورکیە و ئێراق بەدەستی شوڕای نێونەتەوەیی، ژنو،16ی دەسامبەری 1925، فەرماندەری 2562(لەندەن، 1925)

بریتانیای مەزن. ئیدارەی ئارشیڤی گشتی: سریەکانی وەزارەتی دەرەوە 371 ژمارەکانی 3385، 3404، 4147، 4149، 4192، 4193، 5067، 5068، 5069، 6346، 6347، 6348، 7772، 7782، 9004، 9005، 9007، 9009، 9014، 10097، 10098، 10833، 10835، 10868، 11458، 11459، 11460، 11464، 11468، 11478، 12255، 12265، 13027، 13022، 13559، 14521، 14523، 15310، 15311، 16038، 16917، 17874، 18948، 18949، سیریەکانی ئەفسەرانی عەمەلیاتی 730 ژمارەکانی 13، 14، 16، 19، 22، 23، 133/6، 150/6، 157/5، 157/7، 158/8، 161/1، 161/2، 161/4.

بریتانیای مەزن: بەڵگەی گەرماندەری، بڵاوکراوەکانی ناوەخۆ وئیدی. خولاسەی کاروبار لەکوردستانی باکوور،بەسەرداچوونەوە لەدەزگای وڵات لەبێن النهرین، 1920،ڕاپۆرتی ئیداری سەبارەت بەناوچەی سلیمانیە بۆ ساڵی 1919، میجردابلیو.آر.هی، بیرنامەیەک سەبارەت بەڕەواندز(بەغدا 1920) ، میجرای. دابلیو.نوئل، بیرنامەسەبارەت بەوەزیەتی کوردستان(بەغدا،1919) ڕاپۆرت سەبارەت بەئیدارەی ئێڕاق بۆ دەورەیەک لەئۆکتۆبری 1920 هەتا مارس 1922(لەندەن 1923) ڕاپۆرت سەبارەت بەئێڕاق بۆ دەورەیەک لەئاوریل 1922 هەتا مارسی 1923،لەندەن، 1923)

سەرچاوەی دووەم: (میجرسوون لەسلیمانیە)(ناوی نووسەر مەعلووم نیە)،گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی،جلد 10، 1923، آنتونیوس،وەخەبەرهاتنی عارەب،جویس بلاو، مەسەلەی کورد،لێکۆڵینەوەی جامیعەناسی ومێژوویی(بروکسل 1963)ادموندز، کوردەکان، تورکەکان وعەرەبەکان، سی. جی.ادموندز،ڕۆژنامەی کوردی(ڕۆژی کوردستان)گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوندی، جلد 7، 1925، ا.ام. هامیلتن،ڕیگا لەکوردستان(لەندەن، 1927)،دابلیو.آر.هی. دووساڵ لەکوردستان،جی.ام.لیز،دووساڵ لەکوردستانی باکوور،گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی،بلد 15، 1928،لانگریگ،ئێڕاق، 1900-1950، فیلیپ مامفورد، (کوردەکان،ئاشۆڕیەکان وئێڕاق)گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی، جلد 20، 1933،نیکیتین،(کوردەکان بەگێڕانەوەی خۆیان) ئاسیای فڕانسە،مەی 1915،دی وید اومیسی: ئیختیداری ئاسمانی وکۆنترۆڵی مستعمەرات: هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی، 1919-1939(منچستر1919)،پیرش، بارزان وحرکت الواعی الکردی(بڵاو نەکراوە،1980)سلوگت،بریتانیا لەئێڕاق،سون: سەفەر بەبین النهرین وکوردستان لەلێژنەیەیەک،تایمز،آرنولد توین بی، چاوبەسەرداخشاندنی کاروباری نێونەتەوەیی، ویلسن، بین النهرین،ا.تی.ویلسن،(ڕۆژەکانی سەرتایی دەوڵەتی عەرەبی لەئیراق)، گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی،جلدی 9، 1922،دابلیو.سی.اف.ویلسن،(باشووری ئێڕاق وخەڵکەکانی وێ) گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی، جلد 14، 1937.

بڵاونەکراوە: سیامەندعوسمان(پژوهیشی مێژوویی سەبارەت بەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراق،1946-1970(کۆتانامەی زانستگایی، پاریس،1985).

بیرنامەکان:

1-وەزارەتی دەرەوە 4192/371خولاسەی کاروبار،لاپەڕەی 9.

2-وەزارەتی دەرەوە3407/371سیاسی، تێلگرافی ڕێکەوت 1ی نوامبەری 1918 بەغدا بۆ وەزارەتی بەرپسیارەتی هیندوستان. 3-وەزارەتی دەرەوە 4192/371 خولاسەی کاروبارەکان،لاپەرە10، 4-ویلسن،بین النهرین،لاپەرە133. 5-ویلسن،قەول وپەیمانەکان،لاپەڕەی88. 6-ویلسن، بەیعەتەکان،لاپەڕەی 135. 7-بۆ لێک جیاکردنەوەو لێکدانەوەیخوارەوە دەیندارى ئاسارى جویدە لەژێر ناوی(بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد)لاپەڕەکانی 474-48. 8-بەسەرداچوونەوە لەدەم ودەزگای ئیداری ولات،1914-1920،لاپەڕەی 61. پێویست بەوەبیرهێنانەوەیە کەسون لە1909 سەردەمێک لەسلیمانیە بووە، ئەوشێخ مەحموودو باوکی بەپیاوی دەغەڵ دەزانێ. 9-بڕواننە سەفەرنامەی بین النهرین وکوردستان لەلێژنەی گۆڕاو،لاپەڕەکانی 187-185. وەزارەتی دەرەوە5069/371 میجر ای.بی سون ڕاپۆرتی ئیداری سەبارت بەناوچەی سلیمانیە بۆساڵی 1919، لاثەڕەکانی 1-2. 10-ڕاپۆرتی ئیدارەی ناوچەیی سلیمانیە بۆ ساڵی 1919، لاپەرەی 3،سوون نەیدەتوانی لەمەپێشگیری بکات، چونکە لەزستان وبەهاری 16- 1919 بەهۆی نەخۆشی لەمەرەخسی ڕایدەبواردووە. کێشمەکێشمەکانی نێوان سوون ونوئل لەبابەت شێخ مەحموود دەکرێ لەڕاپۆرتی ژمارە 13/370 فەرماندەری بدۆزنەوە. 11-ویلسن،بەیعەتەکانی لاپەڕەی 136. 12-ویلسن، بەیعەتەکانی لاپەڕەی 139. 13-(میجرسون لەسلیمانیە)(ناوی نووسەر مەعلووم نیە) گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی، جلدی 10، 1923، لاپەڕەی 146. 14-(میجرسون لەسلیمانیە)(ناوی نوسەرمەعلووم نیە) گۆڤاری ئەیجوومەنی سەلتەنەتی ناوەندی ،جلدی 10، 1923،لاثەڕەی 146. 15-هی، دوو ساڵ لەکوردستان،لاپەڕەی 349. 16-دی ویداومیسی، قودرەتی ئاسمانی وکۆنترۆڵی موستەعمەرات: هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی(منچستر1991)لاپەڕەی 37.بنوارنەهەرئەم ادموندز، کوردەکان،لاپەڕەی 297، وپانووسی لاپەڕەی 244. 17-وەزارەتی دەرەوە 7772/371، ڕاپۆرتی سەرویسی ئیتلاعاتی ئێراق،ژمارە 17، 1سپتامبەری 1922. 18-بەهۆی ئەوجەرەیانەی کەلەگەڵ سمکۆی هەبوو وهەروا بەم هۆیە کەکەمالیستەکان برای گچکەی، یانی شێخ موسلح، حازری هاوکاری لەگەڵ خۆیان دۆزیەوە، وەزارەتی دەرەوە371، 9009ڕاپۆرتی سەرویسی ئیتلاعاتی ئێڕاق،ژمارە 10، ڕێکەوت 15ی مەی 1923. 19-بۆ نموونە،جەماڵ بەگ عەرفان، کەلەئەفسەرانی ئەرتەشی ئیراق بوو وبۆ یارمەتی بەدەزگای ئیداری سلیمانیە هات بوو ولەشێوەکانی ئیدارەی شیخ مەحموود ڕەپ وڕاست ڕەخنەی دەگرت،وعارف سائیب،کەسکرتێری تایبەتی شێخ مەحموود لە1922 وسەردەبیری گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بوو. ئەوچەند مانگ دوایی لە بەرچاوی ئاغاکەی ئیعدام کرا.ادموندز،کوردەکان، تورکەکان،وعەرەبەکان،لاۆەڕەی 304،و(ڕۆژنامەی کوردی)(ڕۆژی کوردستان)گۆڤاری ئەنجومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی،جلد 8، 1925، لاپەڕەکانی 86، 88.

20-ئانتونیوس، وەخەبەرهاتنی عارەب(لەندەن،1938)هاوپێچی ای. 21-وەزارەتی
دەرەوە 5068/371دابلیوو،آر.هی.بیرنامە سەبارەت بەرەواندز،26دەسامبەری 1919.
22-خولاسەی کارەکان لاپەڕەی 12. 23-وەزارەتی
دەرەوە 4149/371وەنیرهێنانەوەی سەبارەت بەقانوونی ئەساسی دوارۆژی بین النهرین،16 ئاوریل
1919،هاوپێچی ژمارە8. 24-وەزارەتی دەرەوە 4149/371 راپۆرتی ئیداری (مانگانە) بۆ دەورەی
لە15ی سپتامبەر 1918 هەتا 15ژانویەی 1919. 25-وەزارەتی دەرەوە
4149/371یاداشت سەبارت بەخودموختاری لەئێراق،9ی ژوئیەی 1919.
26-وەزارەتی دەرەوە 4147/371، نامەی ڕێکەوت 26ی دەسامبەری 1918 ئیدارەی سیاسی بۆ
وەزارەتی بەرپسیارەتی کاروباری هند-بەغدا. 27-ویلسن،بین النهرین، لاۆەڕەی 143.
28-وەزارەتی دەرەوە 371/ 5067 نامەی ڕیکەوت فۆریەی کمسیری وڵات بەوەزارەتی بەربەرپسیاری
کاروباری هند-بەغدا. 29-بۆ نموونە بڕوننە وەزارەتی دەرەوە 371/ 5069
اس.اچ.لانگ ڕنگ،ڕاپۆرتی ئیداری بۆ ناوچەی کەرکووک،ڕێکەوت 1ی ژانویەی 1919-31ی دەسامبەری
1920. 30-سلوگلت،بریتانیا لەئێراق،لاپەڕەی 49.
31-وەزارەتی دەرەوە 371/ 6346 نامەی ڕێکەوت 12ی ژوئین 1921 کمسیری عالی بریتانیا لەبین
النهرین بەوەزارەتی مستەعمەرات. 32-دوو کەس لەهاوکاران لەگەڵ وی ڕۆین. بڕواننە لێز،(دووساڵ
لەکوردستان) گۆڤاری ئەنجوومەنی سەلتەنەتی ئاسیای ناوەندی،جلد15، 1928،لاپەڕە269و(سون
لەسلیمانیە) گۆڤاری سەلتەنەتی یاسیای نامەندی، جلدی 10، 1923 لاپەڕەکانی 146-147.
33-ئێراق،ڕاپۆرت سەبارەت بەوەزیەتی ئیداری ئیراق،ئۆکتۆبر1920-مارس 1922، لاپەڕە126.
34-ڕاپۆرتی ئیراق،23-1922،وتوین بێ،لێکۆڵینەوەی کاروباری بین النەتەویەتی، لاپەڕەی 478.
35-وەزارەتی دەرەوە 6347/371نامەی ڕیکەوت ئۆکتۆبەر 1921 وەزیری مستعمەرات بەکمسیری
بریتانیا لەبەغدا. 36-گزیری پەیەبەرزی بریتانیا،ڕووداوەکانی
کوردستان جلدەکانی 14/13 نامەی ڕیکەوت 10ی ئۆکتۆبەر نوئل بەبردیون،بەنەقڵ لەسوگلت
لەبریتانیا لەئیراق،لاپەرە120. 37-ئەم سەنەدە
بەتەوسوتی بەغدا بەزوانی کوردی بڵوکراوە وبەدەستی یەکێک لەخاوەن پلەوپایەی سیاسی بەقسە
ڕاگەیاندرا،وتوویژی ادموندز لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم، کوردەکان ،تورکەکان
وعەرەبەکان،لاپەڕە312. 38-وەزارەتی دەرەوە 371/ 9009 ڕاپۆرتی ژمارە1،ڕیکەوت یەکەمی
ژانویەی 1923 سەرویسی ئیتلاعاتی ئیراق. 39-وەزارەتی دەرەوە
9004/371 دموندز،یادداشت سەبارەت بەوەزیەتی کوردەکان،4ی ژانویەی 1923.
40-وەزارەتی دەرەوە 371/ 15311، نامەی ڕێکەوت 27ی فۆریەی 1931 هامفریز بەپاسفیلد،هاوپێچی
ڕەشنووسی ڕاپۆرتی دەساڵەی پێشکێش کراوەبە نێونەتەوەیی.
41-ئەم وادەیە لە11ی ژوئیەی 1922 بەمەجلیسی عەوام درا. 42- وەزارەتی دەرەوە 371/
11460 نامەی ڕیکەوت 16ی مارسی 1926 دابز بەشاک برگ لیسمور،ایرلند،
43-وەزارەتی دەرەوە 15311/371 نامەی ڕیکەوتی 27ی فۆریەی 1931 هامفریز
بەپاسفیلد،بەهاوپێچی ڕەشنووسی ڕاپۆرتی دەساڵەی کەدەبێ بەنێونەتەوەیی ناردرابوایە- منقول
لەڕاپۆرتی سەبارەت بەئیدارەی ئیراق بۆ دەورەیەک لەئاوریلی 1922 هەتا مارسی 1923،لاپەڕە37.
44-وەزارەتی دەرەوە 371/ 11460 قاقەزی ڕێکەوت 10ی فۆریەی 1926 بوەردیون بەئامیزی.

45-نێونەتەوەیی،بڕیاری گیراو لەلایان شوڕای نێونەتەویی سەبارەت بەسنووری تورکیەو ئێڕاق،ژنوی،16ی دەسامبەری 1920(لەندەن،1925)فەرماندەری 2562،لاپەڕەی 4.
46-گفتووگۆی مەجلیسی نوێنەران، 21ی ژانویەی 1926 بەنقل لەسلوگلت لەبریتانیا لەئیراق،لاپەڕە،182. 47-وەزارەتی دەرەوە 11478/371نامەی ڕیکەوت 12ی فوریەی 1926بوردیون بەسعدون،بەغدا. 48-
دهلی،ڕابردوی پەیوەندار بەکمسیاریای پایەبەرز،14/13جلد 6،ڕووداوەکانی کوردستان،نامەی ڕیکەوتی 9ی مەی 1918 ادموندز بەهۆڵت بەنەقل لەسلوگلت، لەبریتانیا لەئیراق، لاپەڕە 186. 49-
وەزارەتی دەرەوە 13759/371،نامەی ڕیکەوت 20ی 1929 کلتین بەعەبدلمحسین السعدون،بەغدا.
50-وەزارەتی دەرەوە 11464/371،ڕاپۆرتی ژمارە 11سەرویسی ئیتلاعاتی ئیراق،24ی مەی 1927.
51-ڕۆژی کوردستان،ژمارە 1، 15نوامبەری 1922، بەنەقل لەادموندز لە(ڕۆژنامەی کوردی)لاپەڕە 86.
52-ڕۆژی کوردستان، ژمارە 6، 12نوامبەری 1922، بەگیرانەوە لەادموندز لە(ڕۆنامەی کوردی)86.
53-بەڵام لەدوایی ڕۆیشتنی ئەوان ماقولانی کەرکووک وقەبیلەی داودە خوازیاری جیا بوونەوەیان لەحکومەتی عەڕەبی کرد وهەڵویستی نەتەوەخوازی سلیمانیەیان گرتەبەر.
54-کمسیاریا،8/157/730نامەی ڕیکەوت 19ی دەسامبەری 1930ی گزیری پایەبەرزی بریتانیا لەئیراق بەوەزیری مستعمەرات،وئەوبابەتانەی کەسلوگلت لەڕاپۆرتی ئیراق 1925،لاپەڕەکانی 22-23،وڕاپۆرتی ئیراق 1926،، لاپورەی 14 نەقلی کردوە(بریتانیا لەئیراق)لاپەرە 193. 55- وەزارەتی دەرەوە 15310/371قاقەزی ڕیکەوت 19ی ژانویەی 1931 وەزیری مستعمەرات بەکمسیرعالی. 56-
وەزارەتی دەرەوە 15310/371 نامەی ڕێکەوت 10ی فۆریەی 1931 گزیری پایەبەرزی بریتانیا لەئێڕآق بەوەزیری مستعمەرات. 57-اومیسی،قودرەتی ئاسمانی، لاپەڕەی 154. 58-
وەزارەتی دەرەوە 371/ 18949، قەرارگای گشتی هێزەکانی ئاسمانی،لەڕووداوەکانی ئێڕاق 1934، هێنێدی ژانویەی 1935.

پاژی (9)

توانەوەی کوردەکانی تورکیە

سەروتار:

کوردەکانی ئێڕاق ئاسوودە لەو زوڵم وزۆریەی بوون کە بۆ هەلسەنگان لەگەڵ زوڵم وزۆریک، کەکوردەکانی تورکیە بەرەوڕووی بوون. بەڵام ئەم جەرەیانە لەسەرەتا ئاشکرا نەبوو،ونە لەپێشدا پێویستی بیروبۆچوونی کەماڵێستەکان بوو. کوردەکان بە کەماڵیستەکانیان یارمەتی وئاڵیکاری کرد، هەتا لە ژێردەسەڵاتی گاوران-یۆنانیان،ئەرمەنیانی فڕانسە وبریتانیا-لەوڵات بەرگری بکەن. ڕوون نییە کە ئاخۆ مستەفاکەماڵ دەپێشدا بەسەرکۆتی زاڵمانەو بێڕوحمانەی کوردەکان وتوانەوە و

سترینەی پێناسی کوردەکان، فکری کردبوو یان ئەمەکەلە1923 لەشێوە هزوو لێکدانەوەی گۆڕانکاری قووڵ وەدیهات.

بەهەرحاڵ هەرچی بوو،کوردەکان نەیانتوانی جەبهەیەکی دەژایەتی کارتێکەر لەبەرامبەر ویدا بکەنەوە. لەمەڕ جوغرافیایی بەربڵاوترو لەنەزەر مەزەبی و پەیوەندیەکانی تایفەیی و تێکۆشانەکانی ئابووری-کۆمەڵایەتی،وزبان،لەت لەت تر لەمە بوون کە بتوانن کارێکی ئەوها بکەن. جگە لەمە،کەم بوون ئەوکوردانەی کە هزوفکری دورست وحسابی و سەبارەت بەپێناسی نەتەوەیی کوردی هەبووبێت، ئیدی تێپەڕین لەدوارۆژ وبەدواوە هاتووی لێکدانەوەو ئەوخەیاڵانە. بەڵام هەرچەند دەوڵەت توانی شۆڕشەکانیان یەک بەدوای یەک دا دامرکێنێ وبکۆژێنێتەوە وسەرکوت بکات وئیدولۆژیەکانی نوێ ونیژادی ورەچەڵەیی وتۆرەمەیی لە سەربنەمای ناوندی خۆی بە زۆرەمل بەسەرخەڵکی کورد داسەپێنێت،لەلێکدانەو هەڵسانگانی لێهاتوویی بەردەوام بوون ومانەوەی (قەول وپەیمانەکانی کۆن عەشایەری ومەزەبی)کەگروپەکانی کوردی پێکەوە بەزنجیرە تێکدەخست وگرێدەدا،ئیکجار تووشی هەڵەبوو. ئەم پەیوەندیانە ئەگەر لە ساڵەکانی دەیەی بیست نەیانتوانی ژێربنایەکی ڕیک وپێک، بۆ بەربەرەکانی پێکبێنن، لە ساڵەکانی دەیەی 1990نیشانیان دا کە تەمەن و دەوامی زۆر زێدەتر لە ئیدوئۆلۆژی کەماڵیستەکان هەیە.

## شۆڕشی کوچکری

نەتەوەخوازان،بەتایبەت ئەوانەی کە بەدوای هەلی ڕەخساو بۆ یەکیەتی کوردوئەرمەنیەکان بوون،ئیحساساتی نەتەوەیی یان تەنیا دەتوانی لەناو کەسانێک بدۆزنەوە کە لەلایەن ئارەزو تاسەی ئەرمەنیان کەمتر هەستیان بەهەڕەشە دەکرد. یەکێک لە بەرچاوترەو چاکترینی ئەم گروپانە عەلەویەکان بوون، کە لە ترسێک کە زوربەی کوردانی سوننە مەزەبی دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتیتر هەستیان پێدەکرد هاوبەش نەبوون.

هاتووچۆو ڕابیتەی عەلەوی وسوننەیەکان لەکولدا باش نەبوو،ومێژووی ئەم مەسەلە بۆ ئەوکێشمە کێشمانە دەگەڕاوە کەلە سەدەی شازدەهەم نێوان شێعەوسوننەکان لە ئاناتۆلی بەرقەرار بوو. دێتەبیرم کەئاغاکانی حەمیدیە لە حمکڕانی و ئیختیداری خۆیان لەبۆ کەمکردن لەحوکم وشوین تێکردنی ڕەقیبی عەلەویان لە ناوچە، کەلک وەردەگرت. کێشەوبەزم وهەڵاو وێککەوتنی نێوان ئەم دوو گروپە،کارێکی لەبرەوو بەربڵاوبوو. نموونە ومیثال ئاشکرای وی کێشمەکێشم و ڕوو بەڕوو بونی هرمکەکانی عەلەوی جبرانەکانی سوننەمەزەب بوو. جبرانەکان برایم تلو،سەرۆکی هرمکەکانیان لە11894لە گەڵ کوڕەکەی دوازدەساڵ پێش کوشتبوو، لە بەرئەمە لەڕاستای تایفەیی نێوان کوردەکانی عەلەوی وکوردەکانی سوننە مەزەب ڕابردوی محیبەتی نەبوو.

لەگەڵ ئەمە لەکۆتایی شەڕی دونیاگر،کاتێک(جەمعیەتی تەعالی کوردستان)لە ئەستانبۆڵ پێکهات،یەک دوو کەس لەعەلەویەکان-یش دەویدا ئەندامەتیان هەبوو،لەوانە مستەفا پاشا سەرۆکی هۆزی کۆچگری لەدرسیم-ی ڕۆژئاوا، کوڕەکەی عالیشان بەگ،ونووری درسیمی، کە ئاغازادە بوو،

ئیکجار ئارەزومەندبوو کە یەکیەتی و یەکگرتوویی لەنێوان گروپەکانی سوننەمەزەب وعەلەوی مەزەب وەدی بێنێت ،ولەئۆکتۆبەری 1920لکەکانی حیزبی لەناو گروپەکانی تایفەی کۆچگری پێکهێنا. پێکهێنان ودامەزراندنی ئەم لکانە و فرقە بزوتنەوەیەکی گەورە دژی کەمالیستەکان لەنوامبەر بوو،کە بەرێبەری عالیشان بەگ بێچمی گرت.

ئەمە یەکەمین کەرەت نەبوو کەعەلەوەیەکان لەگەڵ کەماڵیستەکان دەست بەیەخە دەبوون،چونکە لە دەسامبەری 1919ش حەولیاندا بەگرێدانی گەوەی ئەرزەنجان کۆنگرەی سیواس بەشکان ڕوو بەڕوو کەن. عەلەویەکان لەگەڵ هزری گەڕانەوەی حوکم ودەسەڵاتی تورکان بەربەرەکانی و دوژمنداریان دەکرد،چونکە ئەم مەسەلە بە مانای چاوەدێری زاڤتر لە سەرناوچەی درسیم بوو، کە بۆ ئەوڵین جار تەنیا لەساڵی 1878 سەردەمێکی کەم بەقەبووڵ لە حکومەت هەیانبوو. ڕووداوی ساڵی 1919هاوکات بوو لەگەڵ مەعموریەتی نوئل کەهۆی ورووژاوی ترس ولەرزی کەماڵیستەکان لە بزوتنەوەکانی هاوسەنگ بەمەنزوری پێکهێنانی وڵاتێکی کورد بوو.

هەڵبژاردنی زەمان و مەکانی ئەم بزوتنەوەیە جێی گرینگی و عەزەمەتیەکەی بوو. درسیمی ڕۆژئاوا هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای چەمی فەڕات،لەناوچەیەک کە لە مانگی ئەوت لەپەیمانی (سیڤر)بۆ پێکهێنانی وڵاتێ خودمووختارکوردستان لە نەزەرگیرابوو،قەڵەمیان بەسەرداکێشابوو. لە ماوەی مانگەکانی ژوئیەی وئەوت چەندگروپێکی کورد بەپێگەکانی جاندارمەری و ستوونەکانی کەل وپەلی نیزامی هێرشیان کردبوو. کەمالیستەکان عالیشان بەگ وبراکەی حەیدەریان لە دوو شاری ڕفاهیەو عمرانیە هەڵکەوتوو لەسەرڕێگای سیواس-ارزنجان-بەفەرماندار دانابوون، ویستبوویان بەئەسپاردنی (مەڕ بەگورگ) لەسەرهەڵدانی تەنگەژە پێشگیری بکەن. بەڵام ئەوچار ئەم شێوەیە ئامانجی نەپێکا.

لە سپتامبەری 1920 بەپەلاماری گەورەی ئەرمەنیەکان لەڕۆژهەت وەزیت کەماڵیستەکان وردەوردە بەسازگاری هەڵگەڕاوە. مانگێک دوایی وی، یۆنانیەکان لەڕۆژئاوا دەستیان بەدەستدرێژی کرد. لە20ئۆکتۆبر کوردەکان بارێکی گەورەیان لەچەک وتەقەمەنی لێ بە غەنیمەت گرتن،وعالیشان بەگ لەجیاتی ئەمە کەئەم چەک وچۆڵ وتەقەمەنیە بۆکەماڵیستەکان بگەڕێنەتەوە،ئەو ماڵە باهێنراوەی بۆ کۆکردنەوەی لەبەرامبەر ئەم شۆڕشە کەلک لێ وەرگرت.

ڕیبەرانی شۆڕش لە دوایی بەرەبەست کردنی ڕێگای نێوان سیواس و ئەرزنجان داواکاریەکانی خۆیان لە نێوەڕاستی نوامبەر تەسلیمی ئانکاڕاکرد. شوین تێکردنی(جەمعیەتی تەعالی کوردستان) دەتوانرێ لە ناوەڕۆکی ئەم داواکاریانەی کە پەیوەندیان بەخوازیاریەکانی فرقەیی وگروپی نەبوو، بەڕوونی حالێ بن: 1-ئانکاڕا خودموختاری کوردستانی بەشێوەیەک کەدەپێشدا جێگا قەبووڵی ئەستانبۆڵ قەراری گرتبوو قەبووڵ بکات. 2-زیندانیانی کوردی بەندیخانەکانی ئەلازیگ،مەلاتیە،سیواس و ئەرزنجان ئازاد بکرێن. 3-سەرجەمی مەعمورانی تورک لەدەڤەرەکانی کە زۆرایەتی کورد پێکدێنن وەدەرکەون. 4-دەڤەری گۆچکری لەسەرجەمی هێزەکانی تورک بەتاڵ بکرێت. بەئاکارا بەڵگەلێبڕان کرابوو کە ماوەی دە ڕۆژ بەم داواکاریانە وەڵام بداتەوە.

دەوڵەتی ئانکاڕا لە وەزع وهەڵکەوتێکی نالەبارو ئاڵۆز دابوو. لەلایەک ئارەزوەکی بەڕەزامەندی، بەم داواکاریانە نەبوو، ولەلایەکی دیکە نەیدەتوانی لەحاڵێکدا کە لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی

دەجەنگی ڕێگاکانی ئەدارەکاتی خۆی لە مەترسی بخات. هاتەسەرئەم فکرە کەهەڵ بقۆزیتەوە، و بەم ئامانجە لێژنەیەکی بۆ وتوویژ بۆ درسیم نارد. سەرۆکانی شۆڕس ئەم لێژنەیان لە ناوچە ڕاونا. پاشان دەوڵەتی ئەنکارا لە25ی نوامبەر وەبیرهێنانەوەیەکی پێ گەیشت بەم ناوەرۆکە: لەحاڵێکدا کەوڵاتی کوردستان لە سەربنەڕەتی ڕەزامەندی لەگەڵ ڕێکوپێکی پەیماننامەی (سیڤر)پێک نەهێت سەرۆکانی درسیم، شۆڕشی خۆیان بەردەوام دەکەن. ئانکارا لەم گۆڕانکارییەی لە ناکاو،دەمارێکی لەشک و دوو دڵی هەست پێکرد،ولەڕەتی داواکە خۆی گێزراند،یان بڵین سەرپێچی کرد. لەبەرامبەرهەروا بەگاڵتەجار لەگەڵ شۆڕشگیران بەردەوام بوو،لەعەینی حاڵیش پادگانی سیواسی بەهێزدەکرد. مستەفاکەماڵ هەتا لەگەڵ عالیشان بەگ چاویان پێک کەوت،وعالیشان بەگی بەخۆشحاڵیەوە بەپاڵێوتراوەی نوێنەرایەتی مەجلیسی ئانکارا قەبووڵ کرد-بڕیارگرتنی هەڵویستێکی ئەوها بۆ سەرۆک هۆزێک هەڵویستێکی سەرسوڕهێنەربوو.

دابەزینی وەرزی زستان، بزوتنەوەی بەدژواری ڕوو بەڕوو کرد. لەحالیکدا کە پێگەو پادگانەکانی ئەرزرۆم و ئەرزنجان و سیواس و ئەلازیگی کەبۆی دەلوا بەهێزدەکرد لە بەربڵاوی شۆڕشی پێشگیری کرد،هەل ومەرج و بارودۆخ شۆڕشگێرانی لەکۆکردنەوەی زوربەی دەڤەرەکان بەدەست ئەنداز ڕوو بەڕوو کردبوو. بە بۆچوونی وان هەتا زستان کۆتایی نەهاتبوایە، کەسێک فکری هێرشی بۆشاخاویەکان نەدەکرد.

ئەگەر کوردەکانی عەلەوی هیواداربوون کە داواکاریەکانیان داوینی شۆڕشی بەرفرەوانتر بکات وکوردەکانی سوننەمەزەب بۆ مەیدان ڕاکێشت، ئەم هیوایە بەناهومێدی گۆڕا. ژمارەیەکی کەم لە سوننەکان پاڵیان وەواندا. لە11ی مارس داواکاریەکی تازەیان هێناگۆڕ: خوازیاری پارێزگای مووسڵ بوون کە لە وێ هەرجێگا کە زۆرایەتی دانیشتوانی بەکوردان بێت سەرافەتی کاروبار بەدستی خۆیان بێت. بەڵام ئیدی درەنگ ببوو. کاتێک لە مانگەکانی ئاوریل ومارس بەفرەکان دەستیان بەتوانەوەکرد، درسیم کەوتە گەمارۆی تورکان،وهێزەکانی تورک دەستیان بۆ بەرەوپێش چوون بە سەرسەنگەرو مەتەریزو چەپەرو ڕەبیعەی شۆڕشگێران کرد. دەنگۆیەک کە سەبارەت بە نێوچاوان گرژی لایانەکان لەسەرزارو زوانان بوو بێ دوو دڵی بۆ ترساندنی عەشایەری کوردو دوورە پەرێزبوونیان لەشۆڕش ئیکجار کارتێکەربوو. نوێنەرانی کوردی مەجلیسی ئانکاڕاش دەستیان لە سەردەستیاندانابوو،شەرماندە مابوونەوە. لەکۆتایی ئاوریل شۆڕش کۆتایی پێهاتبوو، حەیدەربەگ زیندانی کرابوو،بەڵام براکەی عالیشان بەگ هێشتا ئازادبوو.

شک و دوو دڵی دەمە دایە کە هەتا ئەگەر شۆڕش لە زستانیش هەڵنایسابوایە، سوننەکان لەگەڵ وی دەکەوتن. گەلێک لە وان لەپێشدا خۆیان بەکەماڵیسەکان،کە لەم هەراوهورایە ئیستا قسەوباسێکیان لە ئیدولۆژی پان تورانی ودژایەتی لەگەڵ مەسەلەکانی دینی نەدەهێناگۆڕ، وابەستەبوون. ئەم خەڵکە،یانی کوردەکانی سوننە مەزەب،نەک تەنیا عەلەویەکانیان بەهۆی عەلەوی (عەلەڵڵایی)بوونیان بەچاوی دوو دڵی لێدەڕوانین بەڵکوو بەهۆی ڕابیتەیەکیش کەلەگەڵ ئەرمەنیان هەیانبوو،لێیان مەشکووک و زەنین بوون.

چاخێک مستەفاکەماڵ لەهاوینی 1919 سەرەتا هەنگاوی بۆ ڕاکیشانی داکۆکی لەرۆژهەڵات کرد،بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی کوردەکان گرینگایەتی زۆرقائل بوو. بەژمارەیەک لەوسەرۆکانەی کەلە

سەردەمی مانەوەی لە دیاربەکر لەساڵی 1816لەگەڵ ئەوان دۆستایەتی وناسیاوی پەیداکردبوو قاقەزی نووسی بوو،و لەپاش کۆنگرەی ئەرزەڕۆم لەژوئیەی 1919،بەزانین و فکرلێکردنەوە تێکۆشا بوو سێ گروپی عەسڵی کەڕۆڵی ئاچەریان هەبوو بۆلای خۆی ڕابکێشێت: ماقوولانی شار،سەرۆکانی عەشایەر، شێخەکان. لە ساڵ وەرگەڕان داکۆکی بەشێکی گرینگی لەعەشایەر بەدەست هێنابوو.

بەبیروبۆچوونی وان شۆڕشی کۆچگری، شۆڕشێکی وەکوو شۆڕشەکانی ڕابردوو یانی کاری لۆچێک ئاغای فیتنە هەڵایسێنەروو ئاژاوچی بوو. شۆڕش بەلایانی تایبەت، عەشایەری تایبەتی بەخۆوە لکاندبوو. بازیک لە عەشایەری عەلەویەکان (عەلەڵلایی)لەحکوومەت داکۆکیان کرد، دەستەواژەو وشەی نەتەوەخوازانەیان کەڕیبەرانی کۆچگری لەکارکردبوو هۆی دژکردەوەی ئاشکرا لەلایان چین وتوویژی کورد نەببوو. ئەم شۆڕشە تەنیا لەم بابەتەوە پڕمەترسی بوو کە گەیاندیی تەدارکاتی و پەیوەندی گرتنی ئانکارا بەهۆی تەقەولێکدانی لەدوو شەڕگە بەوەزیەتێکی ئاڵۆز ڕوو بەڕوو بوو.

خولاسە،شەش مانگ دوایی دیسان پشێویوو ئاڵۆزی لەدرسیم هاتەکایە. هەنۆکە ئەم دەڤەرە بەناوەندی خەباتی نەتەوەخوازی ڕنگی گۆڕابوو. ئەوانەی کەتاجیرو سەوداگەرو مامەلەچ بوون بۆ ئەستانبۆڵ هەڵاتبوون یان بۆ شوێنەکانی دیکەی کوردستان چووبوون. لەئاکام دین ورەنگی نەتەوەیی توندتر وەبەرچاو دەکەوت،و وایدەنواند کە وەکوو وەی لەبەشەکانی دیکەی کوردستان لەوانەیە بەشۆڕش بلکێن. دەونێوەدا هێزەکانی تورک بەتوندی لەشەڕدابوون وتێدەکۆشان ڕێگای بەرەوپێش چوونی یۆنانیەکان بەهەر قەمەتێک بێت بگرن.

لە19ی ئۆکتۆبر نوێنەری درسیم لەمەجلیسی مەزنی نەتەویەتی لەدانیشتنێکی تایبەتی مەجلیس شیکردەوە کەچلۆن(ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی کورد) کە لایانێک لە بزوتنەوەی نەتەویەتی وجیاخوازییە کە بەدرخانەکان وعالیشان بەگ لەسەرۆکایەتی وی دان، لەدرسیم و شوێنەکانی دیکە نشتەجێ بوونەو لەناڕەزایەتی گشتی کەسەرچاوەی لەباج و پێتاکی قورسە،کەلک وەرەگرن. باس وخواسێکی گەرم بەدوایی ئەم وتارە بەرز بۆوە،کە دەویدا چەند کەس لەنوێنەران خوازیاری (ڕووبەڕوو بونەویەکی مجد)و دەم ودەست وبەپەلە لەگەڵ ئەم جەرەیانە بوون. بەڵام جیا لە درسیم زوربەی کوردستان ئیستا تووشی ئاڵۆزی بوو. بەدەنگۆیەک کە لە سەرزارو زوانان بوو، ودەیگوت کە شۆڕشگێڕان 40000سواریان لەبەردەست دایە،مەسەلەی ئامادەکردنی هێزێکی (سزا) جێگای متمانەی بۆخچەکردنەوە نەبوو. نوێنەرانی لە سەرەخۆ،بەتایبەت نوێنەرانی کورد،قسەی خۆیان لەسەرکورسیلە چەسپاند،و مەجلیسی گەورەی نەتەویەتی کمیسیونی ئاشتی یان بۆ لێکۆڵینەوەو پشکنینەوەی سەرجەمی سەرافەتی کوردستان بۆ ناوچەنارد. بەڵام لەبابەت داواکاریەکانی کوردان مەترسی زێدەبوو کەئەم داواکاریانە لەوانەبووخودموختاری لەپشت سنوورەکان لە باوەش بگرێت کە کمیسیونی یەکگرتەوکان دیاری کردبوو و لە پەیماننامەی سیڤر پێشبینی کرابوو. جگە لەمە ئیمکانی هەبوو بە تاڵکردنی ناوچە لەهێزەکانی تورک-یش بەشێک لەم داواکاریانە بێت. ئەگەر وابێت ئانکارا نەزەری بۆ جێبەجێکردنیان نابێت.

تێکەڵاویەک لە ماکی ئیسلامی

دەبێ لەبەرچاوبگێرێ کەهەتا پێکهێنانی کۆمار وڕووناکێک لەئیدوئۆلۆژی لە1923،کەماڵیستەکان لەبۆچوونیان دابوو یان خۆیان ئەوها دەنواند کە وڵاتێکی ئیسلامی پێکدێنن بریتی لەخەڵکی کوردو تورکێک کەلە ئەمپەڕاتووری مابوونەوە. ئەم بابەتە بێ پێچ و پەناو زۆر بەڕوونی لە(پەیمانی نەتەویەتی)هاتبوو ولەکردەوە ئاخافتنی کەماڵیستەکان دیاریدەداو لەبەرچاو بوو.

مستەفاکەماڵ لە وەرچەرخانی جیاییخوازانەی کوردەکان و ئەنجوومەنەکانی کوردی ئەستانبۆڵ وبیروبپچوون ونیەتی پڕمەترسی ڕاسپاردەیی نوئل زۆرباش ئاگاداربوو. بێ دوو دڵی مەسەلەی کوردی پڕێسکەی کرابۆوە، بەڵام لەم خولە ترس لەوە بوو کەئەم مەسەلەیە بۆ جیاکردنەوەی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات لە چاوەدێری عوسمانی لەجێگای وەسیلەوکەرەسەیەک بۆ ئینگلیزیەکان و ئەرمەنیەکان،عەمەل کەن. مستەفا کەماڵ چ بەسەداقەت ودڵپاکی یان بەگزەو فێڵ وتەڵکە و دوو ڕوویی لەسەر یەکیەتی کوردو تورک دەمی پێدا دەهێناو پەسند دەکرد، وپیلانی دەرەکی (بەتایبەت بریتانیا)ی بۆ جیاکردنەوەی کوردەکان لەوڵات ئیدانەو مەحکووم دەکرد. ئەم سیاسەتە لەگەڵ بزوتنەوەی بەر بەرەکانیخوازانە کە بەر لە هاتنی مستەفا کەماڵ بۆ ئاناتۆلی دەستی پێکرابوو هاو هەنگاو بوو. چونکە(جەمعیەتی دیفاع لەحقوقی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات) پێشتر بەو داخۆیانانەی کەبڵاوی کردبۆوە، خەڵکی کورد وتورکی بەیەکیەتی بانگەواز کردبوو. بانگەوازێکی ئەوها بەپێناسی نەتەوەیی ڕوو بەڕوو دەبوو،بەڵام کاکڵی ناوندی ئەم هزرە یەکیەتی دینی خەڵکی ئەپەڕاتووری بوو. مستەفا کەماڵ بۆخۆی لەسپتامبەری 1919 ئەوای گوت:

هەتا کاتێک کە خەڵکی باش وشەریف ونەجیب وموحتەڕەم بوونیان هەیە،تورکەکان وکوردەکان هەروا، دوو برا، لەدەورەی بنکەی خەلافەت ژیان پێکەوە بەردەوام دەکەن،و بەربەستێکی پۆڵاین لەبرامبەر دوژمنانی ناوەخۆو دەرەکی پێکدێنن.

ئیسلام هەروا،ئاڵقەی خەباتی کەماڵیستی دژی مەسیحیانی هێرش کەر بوو. مستەفا کەماڵ بەڕوونی وڕاشکاوی لە بوونی گروپەکانی قەومی جۆراجۆر لە(نیشتمانی ئیسلامی) قسەی دەکرد:

...تورکەکان وکوردەکانن. ئێمەئەوان لێکتر جیا ناکەینەوە. بەڵام دەونێوەدا کە لە خۆمان بەرگری دەکەین سروشتی یە، دەزانین کە مڵلەت ماکی تەنیا نییە. بنەمای ئیسلامی جۆراوجۆر هەن کەوەکوو قەفی زنجیر پێکەوە گاوکراوەتنەوە. ئێمە هیسنی ئیسلامین کە ئەم هەبوونە پێکدێنن هاوشاری و وڵاتین. ئەوانە لە یەکدی ڕێزو حورمەت دەگرن، ئەمەنە هەرجۆرە مافێکیان هەیەڕەچەڵەیی، کۆمەڵایەتی وجەغرافیایی. ئێمەئەم مەتڵەبە بەدەیان جارو دەیان کەڕەت چەند پات کردۆتەوە. ئێمە بەم مەتڵەبە بەڕاست ودورستی وسەداقەت دەم پێدا دێنین. قازانجی ئێمە هاوپەیوەندە، وابەستە بەیەکترە. یەکیەتێک کە ئێمە دەست بەکاری پێکهێنانی وی بووینە، تورک یان چرکسی نییە، تێکەڵاویەکە لە ماکی ئیسلامی.

هزروفکری کورد بەناوی کورد، وەکوو نیسکۆڵەیەک لە بەشێکی پێکهاتووی فکرلێکردنەوەی ئەم خولە لەخەباتی کەماڵیستی باقی ماوە. بۆنموونە لە1921 بۆ ژمارەیەک لەسەرۆکانی کوردی نووسی: (ئێمە لەمێژە کەلە وەفاداری نەتەوەی کورد ئاگادارین. کوردەکان بێ لێبڕانەوە بۆ تورکەکان دۆست وهاوڕێیانی پڕبایەخ بوونە. دەکرێ بڵێین: کەئەم دوو مللەتە یەک مللەتن.)

لەگەڵ ئەم هەمووە،سەبارەت بەپەیوەندی دوارۆژی ئەم دوو گروپە ناڕوونی زورتری لەئاخافتن و قسەکانی بەدیدەکرا. دەیگوت: کەسەبارەت بە دوارۆژ پاشان،ئەوکات کەهەڕشەی دەرەکی لەناوبردرابێت،دەکرێ بڕیاربگرین. رووی لەمەجلیسی گەورەی نەتەوییەتی دەکرد و ئەوهای دەگوت:

لە چوارچیوەی ئەم سنوورانە تەنیا جۆرە مللەتێک بوونی هەیە. لە چوارچیوەی ئەم کەوشەنانە تورکەکان، چرکسەکان وچینی جۆراوجۆر لە موسڵمانان دەژین. ئەم سنوورەی نەتەوییەتی، مللەتانێکە برای یەکدین کە قازانج و ئیلاقەو ئامانجەکیان هەیە..شتێک کەئەم سنورە دیاری دەکات ئەسلێکی مەزنە کە ئێمە هەموو بەوی ئاقیدەمان هەیە: لەدەوروپشتی هەرچین وتوویژێکی ئیسلامی کەلەناو ئەم نیشتمانە دەژین ناسین وقەبووڵکردنی سادقانەو بەرامبەر ڕەچەڵەی ئەم چین وتویژو نەریتەکان وچواردەورەکەی،یانێ: (محیط)ی ئەوانە. ئەمن لەم بارەوە خۆم لەقەرەی ئازانتی و شیکردنەوە وی نادەم،لە حاڵی حازر دا کاتی ئەوجۆرە شتانە نییە. بەتەوفیقی خوای لەدوایی ڕزگارکردنی وڵات ئەم موشکلە لە ناو برایان جێبەجێ دەبێت، وئەم گرێپووچکە دەکرێتەوەو ئەم تەنگەژە لە بەرپێ هەڵدەگیرێت.

بەمجۆرە لە10ی فۆرییەی 1922مەجلیس بڕیاری گرت(لەسەرڕەزامەندی و بەعادەت وڕەسمی نەتەوەیی خەڵکی کورد بەوان خودمووختاریان بدات.) بەڵام ئەوەی لەم گەڵاڵە پێشنیارکرا وشەی خودموختاری لەهەرمانا ولێکدانەوەیەکی بەتاڵ وخاڵی دەکرد: قەرار دانرا مەجلیسی کورد بەدەنگی گشتی هەڵبژیردرێ، بەڵام مەجلیسی گەورە ئەم مافەی بۆ خۆی پاراست کە فەرماندەری گشتی کە خەڵک بۆ ناوچەی کوردنشین هەڵیان بژاردبوو قەبووڵ بکات یان کوو ڕەت کاتەوە. مەجلیسی گەورەی نەتەوییەتی هەروا دانانی فەرماندەری جاندارمەری لەکوردستان بۆ خۆی پاراست ولاقی قرساند کە زوانی تورکی،زوانی مەجلیسی کورد بێت. بەڵام ئەم پەیامەی ڕاستی لەپەیوەند لەگەڵ خۆدموختاری وئیختیاراتی مەجلیسی نەتەوییەتی کورد پێکهێنانی زانستگایەکی حقوقی وپزیشکی دەبێت.)

لەبەر ئەمە سەیرنییە ئەگەر هیچ کام لەئەندامانی کمیسیون کەبەڕەواڵەت هیچ کام لەوان کورد نەبوونە،وهەروا نوێنەرانی مەجلیس کەچەند ڕۆژ دوایی بۆ ئانکارا گەڕانەوە،بەتوندی لەگەڵ ئەم قانوونە بۆدژایەتی هەستانەوە. نوێنەری ئەرزەڕۆم خواجەسالح ئەفەندی قسەکەری ئەم دەستەیە بوو. ئەوتاوانی تەنگەژەی کوردستانی لە دەوڵەتی سەرەڕۆو حکوومەت دەزانی. ئەو گوتی: کە وەرگرتنی باج وپێتاکی لەڕادە بەدەر بۆ نیەتی نیزامی، بەتاییەت زەوت کردنی گاوگۆڵ وماڵات وگەندەڵی کەلەگەڵ ئەم جەرەیانە زەوت ودەست بەسەرداگرتن ولێ ئەستاندن هاوهەنگاوە، بێزاریەکی زۆری لەکوردستان وەڕیخستووە. ئەو هەروا سەرنجی نوێنەرانی بۆ بەڕوو بوڕوو بونی ئانکارا لەگەڵ خەلافەت ڕاکێشا،ئەمە بۆخۆی شایەدە کە لە سەرئەمە کە هەشت مانگ بەرلەبەریەک هەڵوەشانی سەلتەنەت ونزیک دوو ساڵ پێش لە تێک وەرپیچانی دەم ودەزگای خەلافەت، دوژمنداری کەماڵیستەکانی لەگەڵ ئەم بنکەیە لەئەنجوومەنەکانی سوننە مەزەبی کورد هۆی دڵ ئێشی وناکۆکیەکانی پێکهێنابوو.

ئاخۆ لەمارسی 1922 کەماڵیستەکان بەڕاستی بڕیاریان بەهەڵوەشانی خەلافەت گرتبوو؟ چەتوونە بەڕاست ودورستی بڵێی کە(ئەنجوونەبی ناوەخۆی) کەماڵیستەکان چ کات بەم بڕیارەگەیشت و

هاتەسەرئەم فکرەکە ولاتێکی تورکی پێکبێنێت کە دەویدا جێگایەک بۆ پێناسی گروپەکانی قەومی دیکە نبێت. کۆت و بەندێک کەلە(قانوونی خودموختاری کوردستان)سەبارەت بە زوانی تورکی(مەجلیسی کورد)دانرابوو جاڕدانی ئەم هەنگاوی سەرکوت کەرانە بوو. لەگەڵ ئەم هەمووە سەیر ئەمە بوو کە لە عەینی حاڵدا کە زوانی ئەم مەجلیسەی نەتەویەتی کورد لە پاوانی تورکی بوو، بڕگەی 15ی قانوون بە فەرماندەرێکی گشتی ئیجازە دەدا کە بەکار هێنانی زبانی کوردی و پرەپێبدات بخات، بەم مەرجە کەلەدوارۆژ دا پایە وبنەڕەتێک بۆ ناسینی زبانی کوردی وەکوو زبانی فەرمی دەوڵەت نەبێت.

ئەم گەلاڵەی خۆدموختاری هەرچەند لەلایان مەجلیسی گەورەی نەتەویەتی قەراری گرت وپەسند کرا،چ کات گزنگی ڕۆژی روونی نەدی. لەماوەی بەهار وهاوینی ساڵی 1922ئاناتۆلی ڕۆژهەلات هەروا نوقمی ئاڵۆزی و پشێوی بوو،لەحاڵێکدا کە کەمالیستەکان لەگەڵ هەڕەشەی جۆراوجۆر دەست بەیەخە بوون. هەڵبەتە کوردەکانیش ڕێبەرێکی نەتەوەیی و تەنیایان نەبوو هەتا ئانکاڕا ئەگەر ئارەزوی بەم کاری هەبوایە بۆ وتووێژ لەگەڵ وی دانیشتبوانە. سەرهەنگ راولینس لە دوایی چەند مانگ زیندانی لەئارزەڕۆم نووسی:

کوردەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەلاتی ئاناتۆلی بە زۆرینەی تەواو ماوەتنەوە، و پێگەکانی تورک لەوێ لەڕادەبەدەر لاوازن،ولە(دەستی) کوردەکانی ناوچە دان، و ئەگەر کوردەکان تەقریبەن هاوچاخ-مەسەلەن ماوای مانگێک-دژی ئەوان دەست بەهەنگاو هەڵێنان بکەن، ئیکجار جێگای زەبەر وێکەوتنن. سەرۆکانی گەورەی کورد سەرجەم ناڕازین.

بەلام گیروگرفتی عەسڵی ئەمە بوو کەسەرۆکانی کورد هەرچەند ناڕازی بوون بۆ دەرپەڕاندنی تورکەکان حازر بە چ هەنگاو هەڵێنانێکی هاو قەدەم نەبوون. ئانکاڕا دەبوایە ڕاوەستابوایە هەتا تێشکانی یۆنانیەکان تەواو ببوایە ئەوجار دەستی بەکوردەکان دەکرد.

ئەوکارەی کەپاشان کەماڵیستەکان دەستیان پێکرد جەرەیانێکی تەواوکرد کەسەردەمێک دەستی پیکرابوو کە(تورکەکانی جەوان)لەکۆتایی سەدەی نۆزدە هەم بناخەی ئەمپەڕاتووری خستە بەردەم گومان و پسیارلێکردن. ڕێگای ئیلاقە و بۆچوونی کەماڵیستەکان بە وەدیهێنانی دەوڵەتێکی بەهێزوتوانا کەفەرمابڕەوایی وئیختیداری وی لەهەر بەشێکی لەتورکیە هەست پێ بکرێت وپاڵپشتی ئەوان لەسەرجۆرێک لە(تورکیەت)کە سەرجەمی هاو ولاتیانی وی قەبووڵی بکەن، هەروا سیاسەتی جیا بوونەوەی دین لە سیاسەتیان دەکرێ بەدوا کەفتن، وچاوگەی وی بە(نەخشەکێشانی) سەرتایی تورکیەی تازە بگەێنن. سەرنج ڕاکێش ئەمە بوو کە زیاءگۆکالپ،شوێنی بناخەدانانی خۆی بەناوی قاعیدو قانوونی تورکیسمی لە1920بلاوکردبوو. نوسینەکانی وی ڕێگاو لایانی بەڵگەکانی کە کەماڵیستەکان دەبوایە بەدەستەو داوین بەوی، بە زۆرداری وکوشت وکوشتار کەمایەتیەکانی قەومیان بە قەبووڵکردنی پێناسی تورکی مەجبووردەکردن،نیشان دابوو:

...لەوجێگایەوە کە ڕەچەڵە پەیوەندیەکی لەگەڵ پێناسەکانی کۆمەلاتی نییە،لەگەڵ مللەتیش کەبەرهەمی تەواوی تایبەتمەندیەکانی کۆمەلایەتی یە،ناتوانێت پەیوەندی وڕابیتەی هەبێت...پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی لەسەربناخەی یەکیەتی فەرهەنگی یە،کەلەگەڵ واسیتەی

فیرکردن دەگوێزرێتەوە ولەبەرئەمە پەیوەدنی لەگەڵ هاوخوێنی نییە...مللەتێک، گروپێکی نیژادی یان قەومی جوغرافیایی یان سیاسی یان ئیرادە (ویستن)نییە،بەڵکوو شتێکەبریتی وتێکەڵ لەخەڵکێک بەهەبوونی زبان ودین وئەخلاق و ئۆسولی جوان(قاعیدەو قانوون) ناسینی هاوبەش،یانی خەڵکانێک کەلە حاملان وتەعلیم دانێکی تەنیا کەلک وەرگرن و ئیستیفادەکەربن.

گۆکالپ سەردەمێکی ئەم شتانەی نوسیبوو کەکوردستان هێشتا لەکۆماری نوێدا نەتوابۆوە. ئەو هێندە تەمەنی دریژ نەبوو کە شۆڕشی کوردەکان دژی سیاسەتی کەمەڵیستەکان بەچاو ببینێت. ئەو کوردەکانی بەچاوی بزوتنەویەکی نەتەویەتی فەرهەنگی دیاریکراو دەدی. لەنێو کوردەکان وعەرەبەکان ناسیونالیسم لەجەرگەی بزوتنەوەیەکی فەرهەنگی دەستی بەکاربوو. بیچم وشیوەکانی ناسیونالیسم‌ی سیاسی وئابووری لەشوین خولەکانی دووەم وسێوم بەدوایی ئەم جەرەیانەداهاتن.)دەیزانی کوردەکان نەک توورانی بەڵکوو بەرەچەڵەئیرانین. ئەو خۆی بەیەکێک لەوکوردانە بەحیساب نەدەهێنا،چونکە فەرهەنگی خۆی بەفەرهەنگی تورکی دەزانی.(ئەمن هەتا ئەگەر زانیبوامە کە تۆرەمەمەم خەڵکی وڵاتی کوردی یان عەرەب بوون دیسان لەم بیروبۆچوون وئاقیدەیە کە تورکێکم شک وگومانم نەدەکرد،چونکە لەمتالایی جەمیعەناسی تێگەیوم کە نەتەوە تەنیاو تەنیا لەسەر بنچینەی حاملان وراهاتن وفیرکردنە.)

لەماوەی دوو مانگی ئەوەڵی ساڵی 1923ی هزرەکانی پێناسی تورکی، بەتایبەت ئەم فکروبۆچوونە کە نەتەوە(مللەت)بیانکەرونیشاندەرو ئاشکراکەری فەرهەنەگی تایبەتییە،لەم بەستینە قەبووڵ کرا کەتەواوی ئەوکەسانەی کەلەچوارچێوەی سنوورەکانی کۆماری نوێ دەژین،پێناسی تورکییان هەیە(هەڵبەتە کۆمار هێشتا ڕانەگەیاندرابوو).

لەمانگی ژانویە،کە وتووێژی لۆزان لە بەردەم بوو،ڕێبەرانی تورکیە هێشتا لە درکاندنی ناوی کوردەکان، بەمانای گروپێکی دیاریکراو لەناوخۆی تورکیە گوێچکەیان پی نەدەلەقی و حاشایان لێ نەدەکرد. بەڵام ئیستا قسە شێوەیەکی نویی بەخۆوەگرتبوو بیچمی گۆڕابوو. لەلۆزان عیسمەت ئینونۆ، بەبیشەرمیەکی لەڕادەبەدەر بە (لردکرزنی) گوت: کە کوردەکان تورانی نیژادو ڕەچەڵەن،دایرتەالمعارفی ئیسلام وابەوی دەڵێت، وبەڵام(لەمەڕشیوەئاکارەو رەفتارو کردەوە وعادەت ورەسووم، کوردەکان چ ڕیگای فەرق وجیاوازیان لەگەڵ تورکان نییە.)بۆ باشتر فام کردن و تێگەیشتنی مەتەڵەب بەدوای قسەکەی دا ئەوای گوت:

دەوڵەتی هەلبژێردراو مەجلیسی گەورەی نەتەویەتی بەو ڕادە کەدەوڵەتی تورکانە دەوڵەتی کوردەکانیشە،چونکە نوێنەرانی بەڕاستی و شەرعی کوردەکان لەمەجلیس دانیشتوونە، و لە دەوڵەت و بەڕیوەبردنی مەملەکەت بەو هاوسەنگییە،کە نوێنەرانی تورک بەشداریان هەیە، هاوبەشن.

ئەم جەرەیانە بەبیچمی ڕەواڵەتی دورست بوو،بەڵام بەم مەرجە بوو کە چاکتری و بەرجەستە بوونی کوردیان دەکردە بەدواداچوونی هزوفکری کەماڵیستی کەلەحاڵی بەرفرەوانی دابوون، ونوێنەرکان چرکە بە چرکە لە تەنگەژەی زۆرتر قەرایان دەگرت.

بەڵام ئەم چرکە، چرکەی فکرکردنەوەو شک ودوو دڵیش بوو: مادام کە لەلایان زلهێزەکانی دەرەکی نە دەسەپاندرا و ئیختیدارو حوکمی ئانکارا زەبرێکی نەدەبینی،هیشتادەکرا فکرێک لەبۆ کوردان بکرێت. خودی مستەفا کەماڵ هێشتا، هەرچەند بەحەزلێکردنی بەرێ،لەسەر بارو دۆخی تایبەت،بەدەڤەرەکانی کوردستان فکری دەکردەوە. ئەم مەتڵەبە لە چاوپێکەوتنێک کە لەنێوەڕاستی ژانوییەی 1923 لە(ازمیت) کردی بەڕوونای دەربڕی:

ئەوانەی کە لە چوارچێوەی کەوشەنەکانی نەتەویەتی ئێمە دەژین تەنیا زۆرایەتی کوردێکە کە لە جێگاکانی بەرتەسک دانیشتوون. ئەم خەڵکە لەگەڵ مروری زەمان بەهۆی لەدەست دانی کەڵەکە، وکەڵەکەی بەجاوەری تورک لەگەڵ چین وتووێژی تورک بەجۆرێک تێکەڵاو بوونەو لێکدراون کە ئەگەر بمانەوێ لەبەردڵی وان سنوورێکی لەم نێوانە بکێشین ئیدی نەک (تورکێک) بوونی دەبێت ونە تورکیە کیش. بۆ نموونە لەناوچەکانی وەکوو ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، سیواس، وخارپووت...هۆزوتایفەوتیرو عەشایەری کورد،سارای قۆنیە، تان لەبیرنەچێت. ئەبەم دەلیلە لەجیاتی ئەمە کە (کوردیەت)ی لەگۆشەنشینی سەرنجدان بخەین،ئەو خودموختاریانەی کەلەگەڵ ناوەڕکی قانوونی ئێمە ڕیککەون پێکبێنێن. بەم دەلیلە ئەو پارێزگایانەی کە دەواندا زۆرایەتی بەکوردانە، ڕاستەو خۆ کاروباری خۆیان هەڵسوڕێنن. بەڵام چاوپۆشی لەمە ئێمە دەبێ تورکیەی پێکەوە پێکبینین..ئەگەر پێکەوە نەبین ئەوکات دەبێ چاوەنواربین کەتەنگەژەکی تایبەتی خۆیان پەیدا بکەن. ئەمە دورست نییە کە بمانەوەێ نێوان کوردەکان وتورکەکان خەتی سنوورێکی دیکە بکێشین...دەبێ بەرنامەیەکی تازە ئامادەبکەین.

بەمجۆرە مستەفا کەماڵ لەحاڵێکدا بڕیاری گرتبوو تخووب لەنێوان ئەو دوو نەتەوە نەکێشێت،بە ڕەوالەت هێشتا ئارەزومەند بوو بەمە کە پێناسێک بۆ کوردەکان قائل بێت، هەرچەند کەئەم پێناسە ڕووت و قووت لە ئیختیداری سیاسی بێت.

گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیاسەتی پەیوەدار بەم عەمرە،لەماوەی چوار حەوتوو دوایی ڕوویدا. کاتێک قسەکانی کەماڵ ڕوو لەکۆنگرەی ئابووری (ڕیکەوت 17ی فۆرییەی 1923)لە ازمیت،بڵاوبۆوە،سەرجەمی ئاماژەی کەئەو بە کوردستان کرد بوو لەویدا وەبەرچاو نەدەکەوت لێ دەرهێنرابوو. دەکرێ فکری لێ بکینەوە کە چ شت هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە بوو کەلەبیروبۆچوونەکانی قەوما. ئەوەڵ ئەمە کە تەنیالەدوایی پەیمانی ئاگر بڕی ئۆکتۆبەرو ئەوکات کە دوژمنانی دەرەکی بە یەکچەلی تێشکابوون،ئەو توانی فورسەتی فکرکردن بەم مەسەلە بدۆزێتەوە کە بۆ پایەی ژیربنای وڵاتێک بەچ شتان دەبێ سەرنج بدرێت. ڕەنگە هەتا ئیستاش کات و فورسەتی خوێندنەوەی نوسینەکانی گۆکالپ-ی وەدەست نەهێنابوو. بۆ کەسێک کە بڕیارگرە وڵاتێکی لە سەربناخەو بنچینەی گەڵاڵەو شێوازەکانی ئۆروپایی داڕێژێ،نەریتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لەمپەرێکی مەزن بوون. تەنیا ئێستا بوو کە ئازاد بوو و دەیتوانی ناوەڕۆکی ئەم لەمپەروکۆسپانە لێکداتەوە حەلاجی وپەڕەبکات. دووەمەن ئاڵۆزیەکانی ساڵی 1922وبیانەتی سەرۆکانی عەشایەری کەلە 1921لەگەڵ دەوڵەت هاوکاریان کردبوو لەوانەیە هۆکاری بەسەرداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی دووبارەی ئانکارا بووبن. کاتێک کە سەبارەت بەمەسەلەی کورد لە (ئەزمیت)لەکەماڵ پرسیارکرا نیشانی دەدا کە گۆڕانکاریەک لە هەڵکڕاندنی پێشوو ڕووی دابوو. لەهاوینی 1922وەزیری ناوەخۆ دەباوشگرتنی کوردەکان بەڕاستایی بەرزترین لەپێشکەوتوویی بەبنیات نانی قوتابخانەی نوێ

ودورست كردنی ڕێگاكان و(لەهەمووان گرینگتر)سازدانی پێگەكانی جاندارمەری وكەڵكەكردنی زوربەی ئەرتەش لەكوردستان ئاخافتبوو. ئەم بەرنامە دوایی بەربەرین بۆوە،وپاشان فكری توانەوەی كوردەكان بەتوركی دەباش هاتەگۆڕ كەهەرئەوچاخ –یش هەستی پێدەكرا،ولەپاش چەندمانگی داهاتوو ئاشكرادەبوو.

ولەئاكامدا، وتووێژی لۆزان لەمپەرێكی بۆسەرڕیگا هێنابوو: ئەمەپێشگری پارێزگای مووسڵ بوو. توركیە ئامادەگی زاهیری بریتانیای بە دانی خودمووختاری ناوچەیی بەكوردەكانی كوردستانی باكوور، هەڕەشەیەک سەبارەت بەخۆی دەزانی،چونكە ئەم هەنگاوە هەستی جیاخوازانەی لەباشوور هەڵدەستاند. ئینۆنۆ،لەوانەبوو تێكۆشانی كرزنی بەئیقناع كردنی توركیە بەمە كەكوردەكان لە كەمایەتیەكانی ناو توركیە بە ئەژمار بێنێت بەهەڕەشەی حیساب دەكرد. دژایەتی توركیە لەگەڵ پەیمانی (سیڤر)بەم مەنزووره نەبوو كە ئێستا بیهەوێ كوردەكان وەكوو كەمایەتی یەک، لەناو وڵات بەفەرمی بناسێت وبە پێی پەیمانی نێونەتەوەیی دەستەبەرێک لە بەرامبەر ئەوان وەسوكر بگرێت. ئەگەر پیشگیری لە ڕووداوەكانی كوردستانی باكوور ئیمكانی نییە، لە بەرامبەر لە ناوبردنی پێناسی كوردی لەناو سنوورەكانی توركیە كارێكی لە كردن هاتووە، و هەتا پێویست و زەرورییە.

## كوردەكان لەحكوومەتی مستەفا كەماڵ

سیخوار وسەرما لەئانكارا خێرا هەستی پێكرا. لەماوەی دەنگدانی مەجلیسی نەتەویەتی لەهاوینی 1922 بەنوێنەران ئیجازە نەدرا بۆ مەڵبەندەكانی هەڵبژاردەی خۆیان بگەڕێنەوە. پاڵاوتراوەكانی تازەی كە بۆ دەڤەرەكانی كوردنشین ناسێندراو هەڵبژێردران لەڕاستیدا پالاوتراوەی دەوڵەت و(هەڵبژێراوی) خەڵک بوون. بەمجۆرە (ناڕازیان)ی كوردلەمە بەئیستلاح(تڕیبوونی ئازاد)ی كۆماری تازە دوورخرانەوە. بەتێپەڕ بوونی چەندمانگێک، ڕووداوەكان نیشانیاندا كە دەرگا لە سەر چ ڕیسمەیەک دەسووڕێ و با لەكام لایەک هەڵدەكا. بۆ نموونە، لەكوردستان سەرجەمی كارەكانی حكوومەتی پلەبەرز ونێوەی لەكارەكانی ئاسایی توركەكان دەستیان بەسەرداگرت. كوردەكان كەهێشتا بۆ فەرمانداری دادەنران تەنیا كاتێک ئەم شۆڵانەیان دادەنان كە بەدوور لە هەرەجۆرە ڕەگ وریشەی نەتەوەخوازی بوان. وشەی كوردستان لەسەرانسەری نوسینەكانی فەڕمی كڕاندرا،وناوی توركی جێگای ناوەكانی كوردی گرت. لەنێو تەواوی شوخڵەكانی ئاسایی وڕەمەكی،كوردەكانی كە لەئەرتەش شۆڵیان دەكرد سكاڵایان هەبوو لەمە كە لەگەڵ وان ناحەز دەجوڵێنەوە، سوكایەتیان پێدەكەن وئەركی نەلەباریان بەوان دەسپێرن.

لەمانگی مارس ئەم شێوەیە بە بەرزایی خۆی گەیشت. پێ قرساندن بەتەنیا كەلک وەرگرتن لەزبانی توركی لەمحاكەمات،ویاساخ كردنی زوانی كوردی-یەک لەوان لەقوتابخانەكان-حیكایەتی لەگۆڕانكاری سیاسی دەكرد كەلەشێوە فكروهزری كەمالیستەكان قەومابوو،چونكە ڕەشنووسی قانوونی خودموختاری دوو ساڵ پێش (پەروەردەو بەرەوپێش بردنی زوانی كوردی)دیاریكردبوو. توركیە زوانی كوردی وەلانابوو، بەقەول وبەڵێنی یەک، كەساڵێک پێش بەپێی ماددەی 39ی پەیماننامەی لۆزان وەسوكر گرتبوو لەبنی دەرچوو بوو،قانوون وپەیماننامەی پێشێل كردبوو، وهەنۆكە ئەوبە ئاشكراو

ڕاشکاوی دەست بەکاری بەڕێوەبردنی سیاسەتێک ببووکە ئامانجی وی لەناوبردنی تەواوی بیچمەکانی ناتورکی لەژیانی خەڵک بوو. ئەو بڕیارەی کەلە بابەت زوانی کوردی گیرا،کوردستانی بەجۆرێکی کارتێکەر لەبەرهەم وەرگرتن لەپەروەردەو فیرکردن بێ بەش کرد. لەساڵی 1925 لە4875 قوتابخانە لەتورکیە تەنیا 215قوتابخانە لەکوردستان بوو کەدەواندا 8400 قوتابی لەسەرجەمی 382000 قوتابی تورکیە دەیانخوێند. بە بێ بوونی قوتابخانەی کوردی زبان، ژمارەی قوتابیانی کوردی کەبتوانن لەم قوتابخانانە کەلک وەربگرن بەتەواوی بەرتەسک بوو. وەرگرتنی باج و پێتاکی پەروەردەوفیرکردن لەهەڵ و مەرجێکی ئەوها سروشتی یە،ئیکجار هۆی بێزاری و دڵ ئێشان بوو،لە عەینی حاڵدا کە داگیرکەری کوردستان(ئیستعمار)لەگەڵ سەربازەکانی لەجبهەکانی ئەرمنستان وچۆلکردنی خاکەکانی کوردنشین بەهۆی ساڵەکانی شەڕ وەدەردەکەوتن ئەو جار بە دوایی ویدا کوشت وکوشتارو دوورخراوەیی،دەبوون بەباری سەرباران.

لە4ی مارس مستەفاکەماڵ خەلافەتی تێک وەرپێچا-وئەمە بەڕاستی زەبرێکی گورچووبڕو قورس بوو. ئەو دژایەتی خەڵکی بە پێکهێنانی (دادگاکانی سەربەخۆ)کە ئیختیاری مەرگ و ژیانی خەڵکیان لەدەست دابوو،و هەروا بەداڕژتن و پەسەندکردنی یاسای(خەیانەت بەوڵات)لەمەڕ هەرجۆرە دەمکردنەوەیەک، پەیوەند بەخەلافەت وهەرجۆرە ڕابیتەی دین لە ژیانی سیاسی وڵات،سەرکوت کرد. ئەم مەسەلە ئاخرین هەودای پەیوەندی پاشمەنەی نێوان کوردەکان وتورکەکانی پساند. گاڵەدانی دەرگای (قوتابخانەکان) و (یاساخکردنی کتێبەکان)ئاخرین وەسیلەی پەروەردەو فێرکردن بۆ زوربەی کوردان لەناوهەڵگرت. مستەفا کەماڵ بە هەڵپەرتاوتنی لک وپۆپی بنکەکانی مەزهەبی لەتورکیە ئێستا کوردەکانی لەگەڵ خۆی کردە دوژمن،کەلەساڵەکانی پڕ لەگیژاوی 1919-1922 بۆ مانەوەی تورکیە یارمەتیان دابوو. ئەمانە خەڵکانێک بوون کەبیروبۆچوونی مەزهەبیان هەبوو، شێخەکان و ئاغاکانی حەمیدیە بوون، کە بەدڵ و گیان ئاقیدەیان بەبەرگری و دیفاع لەخەلافەت هەبوو.

**ئازادی**

لەنێو خەڵکێکی ئەوها بوو کە نەتەوەخوازانی کورد بەربەرەکانی خۆیان ڕێکخست-یانی ئەو خەڵکەی کەپێشتر هەر جۆرە ڕابیتەو پەیوەندیان لەگەڵ ئەوان حاشا دەکرد. لەڕاستیدا گوێزتنەوەی ناوەندی قورسی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ئەستانبۆڵ بۆ درسیم لە1921 وبەدوای پێکهێنانی ئەم بنکەییەی نوێ، یانی ئازادی،بەمانای هاتنی بەڕاستی ناسیونالیسم بۆ کوردستانی تورکیە بوو. هەتا ئەوکات هەستی نەتەوەیی شتێکی تایبەتی وبەرتەسک بەچینی خوێندەوارو ماقولانی ئەستانبۆڵ وشارەکانی کوردستان و لۆچێک ئاغا بوو. ئێستا بزوتنەوەی تازە، کەبە بەوێچوون لە1923 بە لەونێکی فەرمی لە ئەرزەڕۆم پێکهات،وەک ئاگر لەتەکیە خانەقاکانی شێخەکان و قەرارگای ئاغاکانی پێشووی حەمیدیە بەربوو،یەک بە دوای یەک بلاو بۆوە ولە ئاکامدا لەناو هێزەکانی سوپای کورد بەربڵاو بوو.

زنجیرەی ڕێبەری ئازادی، بەرفرەوانی ئەم فاسیلەیەی ناپایتەختی بە ڕوونی نیشانددا: یوسف زیاءبەگ، لە ڕەچەڵەی بنەماڵەی ئاماڕاتی کۆنی بتلیس، و یەکێک لەنوێنەرانی کوردی مەجلیسی نەتەویەتی تورکیەبوو کە لەساڵی 1923 کورسی نوێنەرایەتیەکەی لە مەجلیسی گەورەی نەتەویەتی

لە دەست دا، خالدبەگ جبران،کە بە وێچوو یەکێک لە ئەندامانی بنیات نەران بوو، لە ڕابردوو فەرماندەری دوو هەنگی حەمیدیە بوو کە لە مرۆڤی تایفەکەی کۆ کرابۆوە. پاشان، خزوم وکەس وکاری خێزانی، شێخ سەعید پالۆ بوو، کە ناوبانگ و ئاوازەی بەناوی یەکێک لەشێخەکانی گرینگی نەخشبەندی تەکیەکەی بە زیارەتگاە گۆڕا بوو...ولە ئاکام سەروان ئیحسان نووری وڕەزا،برای یوسف زیاء، کە لە سۆپای حەوتوومی دیاربەکر هاوکارو هاو شوخڵ بوون. ئەم دووە بێ دوو دڵی لەم شارە لەداکۆکی وپشتیوانی ئەکرەم بەگی جەمیلزادە، سەرۆکی لقی ناوچەیی حیزب،کەلکیان وەردەگرت.

دانیشتنێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی لێژنەی ڕێبەری ئازادی لە 1924بە نیەتی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بڕیاری بەبزوتنەوەلە 1925گرت. بەوردەی مەعلووم نییە کە ئەم جەلەسە لەکوێ پێکهات، بەڵام لەمانگی مەی 1924 ڕاپۆرت دەکرا کە هێندێک گروپ لەئەرزەڕۆم و وان لە بلشویکەکان یارمەتی وەردەگرن. بەڵام هەروەک لەڕابردو بینیمان و لە داهاتووش بەشێوەیەکی خەماوی دوو پات بۆوە، تەنگەژەی پەیوەندی وهاوهەنگاوی، ونهێنیکاری وفەرماندەری لەڕادەیەک نەبوو کە ئیمکاناتی سازمانی (ئازادی) دەروەستیان بێت.

لەمەنگی ئەوت چەند گوڕدان لەهەنگەکانی هەژدەهەمی سوپای حەوتەم بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو ئاشۆڕیانەی کەلە ناوچەی سنووری پشێویان وەدی هێنابوو بە(بێت ئەلشباب) هەڵکەوتوو لەحەکاری بەرێکران. پێم وایە فکری لێدەکراوە کە تورکیە لە بیروبۆچوونی دایە بەپارێزگای موسڵ دەست درێژی بکات. لەکۆتایی مانگی ئەوت دوو فەرماندەری گروهان،یانی ئیحسان نووری وڕەزا،تێلگرافێکی ڕەمزیان لەیوسف زیاء لەئەستانبۆڵ بەدەست گەیشت. ئەو-یوسف زیاء-ئەوکێشمەکێشمانەی کەهەڵوەشانەوەی خەلافەت و شێوازەکانی سەرەڕۆیی وزوڵم وزۆرداری مستەفاکەماڵ لە ئەستانبۆڵ وەڕیخستبوو دیبوو وهەست پێکردبوو. خولاسە ئیحسان نووری و ڕەزا بەم تێکگرافەی ئامازەپێکراو بەمانای حازربوونی(ئازادی)وبەوێچوو دژکارانی تورک-بەڕاپەڕین دژی مستەفاکەماڵ گەلاڵەی شۆڕشێکی بۆ شەوی 4/3سپتامبەر لە بێت الشباب داڕشت. بەڵام بەهەرحاڵ نەیانتوانی عەشایەری ناوچەی بۆ شۆڕش دنەبدەن و 500ئەفسەر وسەربازکە هەڵگەڕابوونەوە مەجبوور بۆ ئێراق ڕایانکرت.

بەمجۆرە حەول ودەولی(ئازادی) بێ ئاکام مایەوە. ئەم هەنگاوە لەنەبوونی ڕیکوپێکی و هاوهەنگاوی و لە بەرچاونەگرتنی نهێنیکاری پێویست لە ئەنجامدانی ئەم کارەی پەردەلادا. لەبیت الشباب،فەرماندەری پادگان بە شۆڕش سوسەی کردو پێ حەسیا، و بەر لەدەست بەکاربوونیان، ئەوانەی لێیان زەنین بوو گرتنی. دەسەڵاتدارانی ئانکارا لە ناڕازی بوونی کوردان ئاگاداربوو. بە سەرنج دان بەکمیسیونی داوەری(کمیسیونی بەرپرسی مەسەلەی مووسڵ) نێونەتەوەیی کەقەرار بوو لە داهاتووکی نزیک بۆ موسڵ بێت،بۆ تێهێنانەوەی ناڕەزایەتی کوردەکان لەیەکەمی ئەوت جەلەسەیەکی بە بەشداربوونی ڕێبەرانی کورد بەرپاکردبوو. لەم جەلەسە وادەیان دا کە سیستەمێکی تایبەت بۆ دەڤەرەکانی کە دەواندا زۆرایەتی بەجەماوەری کوردە لە سێرەی سەرنج ڕاکێشیان دابنێن، بودجەیەک بۆ بەروپێش چوونی وەزیەتی ناوچە تەرخان بکەن، سەربازگیری بەحاڵەتی هەڵپەساردە ڕابگرن، مەحکەمەکانی شەرع بگەڕینەوە، فەرماندەرانی ناباش لەناوچە بگوێزنەوە،و بۆ زێندانیانی کورد لێبوردنی گشتی دەربکەن-لەبەرامبەر ئەم هەنگاوانە کوردەکان لەمەسەلەی مووسڵ لایانی تورکیە بگرن. دەوڵەتی ئانکارا لەقولایی ناڕازی بوونی دڵ ئێشی کوردەکان بەباشی ئاگاداربوو، لەبوونی(کۆمیتەکان)خەبەری هەبوو،لە پێشدا پێشنیاری کردبوو کە

ئەفسەرانی تورک(بۆ حاملان وفیربۆنیان)لەبەردەستیان دابنێن. لەبەر ئەمە دیاریدەدا و دەبێ هەستیان بە مەترسی شۆڕش کردبێت. هێندەی پێ نەچوو کە ئانکارا ژمارەیەک لەسەربازانی (ئازادی) دۆزیەوە. لەکۆتایی ساڵ شەپۆلی گیراوەکان دەستی پێکردبوو. لەوانە یوسف بێ، و دوو سەرۆکی پێشووی حەمیدیە، یانی خالدبەگ جبران وحاجی موسا بەگ موتەکی بتلیس بوون. لە چوارەمی نوامبەر جەلەسەیەکی دیکەی لەگەڵ نەتەوەخوازانی کورد دانا، بەڵام زاهیرەن ئاکامێکی لێ وەرنەگیرا. سێ حەوتوو دوایی حاکمی شار کوژرا.

### شۆڕشی شێخ سەعید

گرتنی وزێندانی کردنی ئەوانەی لێیان زەنین بوون بەردەکی گورچووبڕ بوو، چونکە لەڕاستیدا هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە سەبارەت بە(ئازادی) بیروبۆچوونی باشیان هەبوو لە ئەرتەش وەدەرنران. بەپێچەوانەی ئەم جەرەیانە،وخەڵکێکی زۆر کە ڕێزی(ئازادی)یان بەجێهێشت،بازیک لە ئەندامانی پاشمەنە هێشتا هیوادار بوون کە شۆڕشی بەرفرەوان لە بەهاری ساڵی 1925وەڕێ بێخن. ئێستا لە(ئازادی)تەنیا ئەو ژمارە لەو کەسانە مابوونەوە کەبە حوکم-ی ئاقیدەی خۆیان کاردرکرد،و لەم نێوەدا زۆرایەتی بەکەسانێک بوو کە ئاقیدەی مەزەبێ کاری تێکرد بوون. گەلێک لەشێخەکان و مریدانیان حازر بوون لەڕێگای گەڕانەوەی خەلافەت شەهید ببن.

لەو نێوەدا لە هەموان بەهێزتر شێخ پالۆ(شێخ سەعید) بوو. نزیکەی کۆتایی ساڵی 1924 ئەو مەقەڕی خۆی لە (خنس) بەجێهێشت: ئەم تاکتێکە لە سەریەک بۆ خۆ دەربازکردن لەگرتن وسەردان لەناوچەکانی زازا زوانان، یانی دەڤەرەکانی پالۆ و(هانی) و(لیجە) و (چاباقجور)- بە نیەتی وەدەست هێنانی داکۆکی بوو. شێخ لە ڕەکێش کردنی مریدان، لەخوشبەختی بەتەنگ وچەڵەمە ڕوو بەڕوو نەبوو، بەڵام ئیقناع کردنی عەشایەری دەرەوەی چوارچیوەی ناوچەی زازا زبان،بەمە کە یان کێشمەکێشمەکانی لەمێژینە لەبەرچاو نەگرن یان بەئیکجاری پاڵ وەشۆرش بدەن، کارێکی زۆر چەتوون بوو. ورەت کردنی ئەم داوایە دوو بەڵگەی ئاسایی هەبوو: یەکەم ئەمە کە شێخێکی نەخشبەندی لەلای ئەو عەشایەرە چ ڕێزو حورمەت و دۆخی نەبوو، و هەتا بەپێچەوانە پێناسی مەزەبی شێخ سەعید لەبەرچاوی عەلەویەکان زێدەتر لەوە بەکەسێکی باش ولێهاتوونی بزانن بەناحەزیان لێدەروانی. دووەم ئەمە کە جبرانەکان بڕیارگر بەداکۆکی لە شێخ سەعید بوون،لەحاڵیکدا کە هرمەکەکان زوڵم وزۆریەک کەلەساڵەکانی ڕابردوو لەشەڕ لەجبرانەکانیان دیبوو لەبیریان نەچوو بوو، و نە بەچاوپۆشیان لێکردبوون. تەنیا شتێک کە نەیاندەویست ئەمە بوو کەجبرانەکان سەرکەوتووبن ودیسان زوڵم وزۆریان لێ بکەن.

قەرار بوو شۆڕش لەنێوەی دووەمی مانگی مارس دەست پێبکات. عەشایەر بە فەرماندەری سەرۆکانی خۆیان حوکم و ئیتختیارات وەدەست بگرن، دەسەڵاتدارانی تورک لەناوچە ڕاو بنێن یان زیندانیان بکەن، و هەرچی زووتر بەیەکێک لەپێنج(شەرگە)ی کەلەنەزەر گیراوە بلکێن و مەڵبەندی شۆڕش بەرفرەوان بکەن. لە سەریەک هەموو فەرماندەرەکانی گەوری شۆڕش شێخ بوون.

بەڵام دیسان تەنگ وچەڵەمەیەکی دیکە بوو بەکۆسپ: لە8ی فۆریە لە پیران لە نێوان غولامانی شێخ سەعید وجاندەرمەکانی تورک، کە بەدوای دەست بەسەرکردنی دەستەیەک لەتۆمەتباران، کە پەنایان بۆ شێخ بردبوو، شەڕو تەقەیەک ڕوویدا. ئەم جەرەیانە وێدەچوو دۆزو گزەیەک بێت کە تورکەکان کەلکیان لێ وەرگرتبوو هەتا ئاگری شۆڕش بێ وەخت هەڵگیرسێنن، چونکە ئانکارا دەیگوت کەلە نێەت ومەنزووری کوردان پێشتر ئاگاداربووە وچاوەڕوانی هەلگیرسانی شۆرشی وانی لەکۆتایی مانگی مارس دەکرد.

بەپێچەوانە حەول وتەقەلای شێخ سەعید بۆ دوورە پەرێز لەتووشبوونی شەڕ، پشێویی و ئاڵۆزی وەک لێمشت بەلەز لووزەوی بەست و بلاو بۆوە وشێخ مەجبوور بوو بەیداخی شۆرش هەڵکا. و( لیجە)و(هانی) لەو حەوتوو و(چاباقجور) هێندێک دوایی خۆیان بەدەستەوەدا. ئەو هێزانەی کەبۆ بەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشگێران ناردرابوون یان چوونە پاڵ ئەوان یان هەڵاتن. شێخ بۆ ڕەکێشکردنی داکۆکی خەڵک داخۆیانەکی لەمەڕ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی وگەڕانەوەی خەلافەت دەرچواند،وبەدوای ویدا بەپێی ڕاگەیاندراوەیەک دانانی یەکێک لەکوڕەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی ڕەحمەتی بەپادشای کوردستان ڕاگەیاند.

شۆڕشگێران کە ئێستا چەندین هەزار کەس بوون ڕیگای دیاربەکریان گرتە بەر، ولەکۆتایی مانگی مارس شاریان بەپێنج هەزار جەنگاوەر گەمارۆدا. لەشەوی 7-7ی مارس گروپێکی گچکە لەشۆڕشگێران لەڕێگای ئاوەڕو کەتازە کۆڵدرابوو خۆیان گەیاندە گەڕەکی زازا نشین لەناوشار، بەڵام خێرا لە شاردەرپەڕاندران. شێخ سەعید بەمەحمود کوری برایم،سەرۆکی میللیەکان دەست وداوین بوو بەو بۆچوونە کە ئەندامی(ئازادی)یە،بۆ دەست بە سەرداگرتنی دیاربەکر لەوی یارمەتی داواکرد. بەڵام ئەم داواکاریە بێ پەرسڤ مایەوە.

لەحاڵێکدا کە دیاربەکر هەوا بەربەرەکانی دەکرد وخۆی لەبەر تەوژمی عەسڵی شۆڕش ڕاگرتبوو لەشوێنەکانی دیکەش بەروپێش چوون هاتنەکایە. ماردین وئەرغنی لەیەکەمین حەوتووی مانگی مارس خۆیان بەدەستەوە دا. لەباشووری ڕۆژ هەڵات جبرانەکان وحەسەنیەکان بەرێژە مەلازگرو بولانگیان گرت، بەڵام بەڕوو بەڕووبونی توندی هرمکەکان ولولانەکانی ڕوو بەڕوو بوون. لە11ی مارس وارتوو،خۆی بە شۆڕشگێران بەدەستەوەدا. گەلێک لەجاندارمەکانی دانیشتووی وێ کورد ودەستەیەکیش لەوان نەخشبەندی و مریدی شێخ بوون وچوونەپاڵ شۆرشگێران. بەڵام شۆڕشگێران داوایی پێنج ڕۆژ بەهۆی هەبوونی هێزەکانی تورک وجەنگاوەرانی عەلەوی(جاش)لەناوچە ئەم گەڕەکەیان بەجێهێشت. لەڕاستیدا (هرمکەکان) و(لۆلانەکان) بوون کەپێشی بەرەوپێش چوونی شۆرشگێڕانیان بۆلای ئەرزەڕۆم وئەرزنجان گرت.

گروپەکانی شۆرشگێر کەلە دەشتی مووش بۆلای بتلیس بەرەوپێش دەچوون لە خەڵکی ناوچە چ لایانگرێکیان لەخۆیان لێ وەبەرچاو نەکەوت. لەڕۆژئاوا، بەرەوپێشچوون بۆلای الایگ بەردەوام بوو، و شاری ناوبراو لە24ی مارس خۆی بە شۆڕشگێران بەدەستەوەداو تالان کرا. گروپەکانی لات و لووت چەندرۆژان بێ گوێچکە بەقانوون و عەدالەت شاریان ڕوتاندەوە، لە حاڵیکدا گەورەترین سۆپای شۆرشگێران بەرەو پێچوونی بەردەوام دەکرد. لە ئاکامدا جەماوەری کوردی خودی شار،ئەم مێوانە نەخوازراوانەیان لەشار دەرکردن و وەدەریاننان. لەکۆتایی مارس هێزەکانی شۆڕش دامرکابوون.

ئانکارا لە دژکردەوە تاڵووکەی نەکرد. لە دوایی دوو حەوتوو کاتێک دەنگۆ لەکۆچەو شەقام ئاوازەی داوە، ئانکارا دەمی پێداهێنا کەبەڵێ، لەباکووری ڕۆژ هەڵات ئاڵۆزی وپشێوی مجد ڕووی داوەو لەتەواوی کورستانی تورکیە حاڵەتی نائاسایی (حکوومەت نیزامی) ڕاگەیاند. هێزەکانی دەوڵەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشگێران بەس نەبوو زوربە بەم هۆیەوە کە ژمارەیان کەم بوو وزورتر بەم دەلیلە کە بازیک لە هێزەکان بەتایبەت پەلەکانی سۆپای حەوتەم کورد بوون، و فەرماندەری سۆپای هەشتەم هەتا چەند لەمەو بەرکازم قەرەبەکر، ڕەقیبی سیاسی بەقودرەتی مستافا کەماڵ بوو. لەکۆتایی فۆریە هەشت لەشکری پیادە بریتی لە نزیکەی 35000کەس کۆکرانەوە. لەیەکەمی مارس فرانسە موافیقەتی کرد کەتورکیە بۆ گوێزتنەوەی ئەم هێزە بۆ ناوچەی شۆڕش لەخەتی شەمەندەفەر کەلک وەربگرێت کە بە پاوانی ویدا تێپەر دەبوو، و لەکۆتایی ئاوریل ژمارەی ئەم هێزانە بەنزیکەی 52000کەس، یان بڕیک کەمتر لەنیوەی سەرجەمی هێزەکانی سەردەمی ئاشتی گەیشت.

لە4ی مارس سەرۆک وەزیرانی نوێ، عیسمەت ئینونو،دەست پێکردنی هەنگاوێکی توندی ڕاگەیاند: وادانرا(دوو دادگەی سەربەخۆ)پێکبێت،یەکێک لە ڕۆژهەڵات و ئەوی دیکە لەئانکارا. وبە دادگەی ڕۆژهەڵات ئیختیاردرا، بێ پرس بەئانکارا، حوکمی ئیعدام دەربچوێنێت و بەڕیوەبەرێت. ئەم مەسەلە بەپیی قانوون(بەگەرانەوەی ئاسایش)لێکدراوە:

بە پەسەندی سەرکۆمار بەدەوڵەت ئیختیاردەدرێ هەرجۆرە کۆنەپەرستی و شورش و هەروا هەرجۆرە هاندان و دنە دان پەیوەندار بەوی،یان بڵاوکردنەوەی هەرشتێک کە شک و دوو دڵی تێدبێ کەببێتە وەدیهێنانی ئاڵۆزی و پشێویی و هەلایسانی نائارامی یان تێکدانی ئاسایش یان نەزمی وڵات تێکدا، سەرکوت بکات، گەڵاڵە داڕێژانی ئەم جۆرەشتانە یان ئەم جۆرە بزوتنەوانە بە دادگاکانی سەربەخۆ بسپێرێت.

باڵوێزی بریتانیا دەڵێت: (چەتوونە بتوانی فکری لێبکەیەوە کەسەرکوت دەیتوانی داوێنەکی بەرفرەوانتری لەمە هەبێت، چونکە ئەم قانوونە، دەستی دەوڵەتی بۆ ئەوهەی دەیەوێ ئەنجامی بدا کردۆتەوە.) ئەم یاسایە دوو ساڵ بەردەوام بوو.

لەئولکەی شەڕوپێکدادان،کەڵەکەی هێزەکانی تورکیە بەلەز شۆڕشی بەرەبەست کردو پێشی گرت. و پاشان مەجبووری بەپاشەکشە کرد. لە26ی مارس گروپەکانی شۆرشگێر لە ئاڵقەی گەمارۆ دابوون. بە گوندەکان و دەڤەرەکانی شۆڕش ڕاگەیاندرا ئەگەر بێتوو بەفەرمی بەنزیکترین دەسەڵاتارانی نیزامی و نانیزامی ڕانەگەێنن کە لەگەڵ شۆڕشگێران هاودەست نین وئەم داواکاریەی بەتەسلیم کردنەوەی ئەوشورشگێرانەی کە پەنایان داوەن بەڕاست وەرنەگیرن لەگەڵ ئەوان بەتوندترین ڕیگا ڕەفتار دەکرێت. گەمارۆ دران، هێندێک گروپی شۆڕشگێڕ توانێان ئاڵقەی گەمارۆ بشکێنن وخۆیان دەربازکەن، بەڵام لەشەڕەکانی کە بەدوای واندا ڕوویاندا بەشێکی زۆر کوژران یان بەدیل گیران. دوایین بەربەرەکانی وخۆڕاگری لە ناوچەی نیوان گنج وپالو،ڕوویدا. شێخ شەعید ونێزیکانی لەئاڵقەی گەمارودەربازیان بوو، بەڵام لە دەوروپشتی 14ی ئاوریل لەکاتی پەڕینەوە لە چەمی مراد، لە باشووری مووش، دەگیرکەوتن و گیران0یەکێک لەخەڵکی گوندی جبران لوو، خەیانەتی پێکردبوون.

**سەرکوتی کوردستان**

دەوڵەت هەنگاوی بۆ تۆڵە وەرگرتنەویەکی توند هەڵێنا. هەتا نێوەڕاستی ئاوریل 30ی کەس لە ڕێبەرانی شۆڕش ئیعدام کرا بوون. بەگوێزتنەوەی (دادگەی سەربەخۆ) لەم شارە بۆ ئەوشار،ئیکجار زۆرخەڵک ئیعدام کران. لە4ی سپتامبەرشێخ سەعید لەگەڵ 46کەسی دیکە لە دیاربەکر لەسێدارە دران. (دادگاکانی سەربەخۆ)بەرلە هەڵوەشانەوە 7500گومان لێکراویان دەست بەسەرکردن ولەم ژمارەیە 660کەس مەحکووم بەئیعدام بوون.

لە مانگی ژوئێن جەلەسەیەک لە دیاربەکر، بڕیاری بەڕێشەکێش کردنی (پاشمەندی فئودالیسم)گرت. لە ئاکام ئاغاکان و شێخەکانی دیکەش کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ شوڕش نەبوو لەگەڵ بنەماڵەکانیان بۆ ئاناتۆلی دوورخرانەوە. ئەرتەش لە پێداڕۆین بەناوچەدا ئیکجار بەبێ بەزەو زوڵم و زۆری و نائینسانی لەگەڵ خەڵک دەجوڵاوە(کەلێک گوندیان سوتاندن یان خاپوورو وێران کردن،پیاو ژن و منداڵەکانیان کوشتن) بۆ نموونە، لەدەورو پشتی دیاربەکر، زازاکانیان کۆکردنەوە وهەموویان یەکجێ قەلاچۆ کردن. هەزاران سەر مەڕ یان زەوت کرد ولەهەڕاج دا،بۆ نموونە، نزیکەی 30000سەرلە(لیجە)و (دیاربەکر) وبەم جۆرو خەڵکی عەشایەر لەسەرچاوەی ژیان خۆیان بێ بەشیان کردن.

شۆڕش هەروا بیانووی دەستگیرەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەمی سیاسەتی جیایی دین لە سیاسەت وەدەست دا: مەزەبی ماوەش گاڵەدران،تەکیەکان، خانەقاکان،داخران. هەتا بنگەکانی مەزەبی عەلەویەکانی ڕوو لە دەوڵەتیش بەستران،چونکە مستەفا کەماڵ دەیگوت: (مەگین مللەتێکی پێشکەوتوو دەتوانێ تەحمولی خەڵکانێک بکەت کە جڵەویان وەدەستی ڕەوەیەک شێخ و سەید خەلیفە دەدەن؟) فکری لێدەکرا کەبە ئەم هەنگاوە تەکیە و خانەقاکان لەناو بچن.

ئانکارا لەم شۆرشە بۆ حیساب کردن لەگەڵ زۆربەی دوژمنانیان کەلک وەرگرت. یوسف زیابەگ و خالد بەگ جبران کەلە زیندان بوون لە مانگی ئاوریل ئیعدام کران.

لەدیاربەکرو شارەکانی دیکەی کوردستان نەتەوەخوازانی ناسراو زیندانی کران وژمارەیەک لە وان ئیعدام کران. لەئەستانبوڵ شێخ عەبدولقادر بە گەلاڵەی پیلانێک تۆمەتبار، بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزیەکان بوو(وئیعدام کرا). زۆری دیکە گیران،لەوانە خوجە سالح ئەفەندی، نوێنەری پێشووی ئەرزەڕۆم کەلە ساڵی 1922بەداکۆکی لەکوردەکان لەمەجلیس وتارێکی دابوو.

داوینی ئەم تەڵەیەی ئینسانگیر فرەوانترلەمە بوو. لە سەرەتای ئاوریل کازم قەرەبەکرو یەکی دیکە لەهاوکارانی کە هەردوو بەئاشکرا لە سەرەڕۆیی و زوڵم و زۆری مستەفاکەماڵ ڕەخنەیان دەگرت،لەلای دوو(خوجە) تومەتبار بەهاوکاری، لەگەڕانەوەی خەلافەت، لەگەڵ شۆڕشیان بوون. ئەم تۆمەتە بەپیچەوانی بێ بناخە بوونی، حیکایەتی لەمە دەکرد کە دەوڵەت لەبیروبۆچوونی دایە ئەوی ویەکگرتووەکانی سەرکوت بکات. قەرەبەکر تۆمەتباربوو بەمە کە دوو ساڵ پێشتر قاقەزێکی بۆ خالدبەگ جبران نووسی وسکالای کردوەلەمە کەئەوان(یانی کەماڵیستەکان)ڕاست ورەوان پایەوئەساسەکیان دەست درێژی پێکردوە کە دونیای ئیسلامیان لەسەرپێ ڕاگرتووە) لەحاڵێکدا

کەحیزبی(کۆماریخوازی پێشکەوتوو)ی تۆمەتباربەمە بوو کە نوێنەرانی بۆ هەڵگیرسانی سۆزی مەزەبی بۆ پاریزگای رۆژهەلآت ناردوە. مەحکووم کردنی رەپ وئاشکرا وشەش دانگی شۆرش لەلای ئەم حیزبە یارمەتی بەوی نەکرد. لەنێوەی دووەمی ئاوریل مەقەرِی حیزب وەبەرهێرشی شەوانەی پۆلیس کەوت وتەواوی سەنەدو بەڵگەو حیزب زەوت کرا. حیزب هەڵوەشاوە راگەیاندرا. هەر لەوکاتی دا دەولەت بە دوایی هەوالنێران کەوت کە لێکدانەوەی ناخۆشیان سەبارەت بەرِووداوەکانی سیاسی دەنووسی.

خولاسە بەمجۆرە شۆرشی شێخ سەعید کۆتایی پێهات. ئەم شۆرِشە لە شەرگەی کوردەکان دیسان ئاشکراکەری ئەو دژواریانەی کۆن بوو. نەبوونی یەکیەتی چوارشتی جۆراوجۆری جوغرافیایی وزبان ومەزەب وئابووری- کۆمەلآیەتی. تەنیا هۆزەکانی سوننە مەزەبی زازا زبان بوون کەپێکەوە راپەرِین. لەسەرجەمی زۆرایەتی خەڵکی کرمانج زوان تەنیا جبرانەکان وحەسەنیەکان پالیان وەشۆرِش دا،رەنگە ئەویش بەشێک لەوان ئەوهایان کرد. وەرزێرانی ناهۆزو تیرەی دیاربەکر هەتا ئەنگوستیان بۆ داکۆکی لە شۆرِش بلێند نەکرد-لەراستیدا لەوانیان داواکردبوو کەکاریان بەم جۆرەکارانە نەبێت،چونکە وەرزێریان بۆ جەنگاوەری بەباش نەدەزانین. لە ناو دیاربەکر ئەندامانی عەشێرەی زازا کەبۆ شاریان کۆچ کردبوو شۆرِشگێرانیان لەشوێن تێکردن بۆ حەوشەی شار،یارمەتی دا،بەلآم بۆخۆیان نەجەنگین. و بەلآم نەتەوەخوازان ناوشار،کەسانێکی وەکوو ئەندامانی بنەمەڵەی جەمیل زادە-یان لەترس یان لەم بابەتە کەلەم شۆرشگێرانەی گوندەیان بەچاوی بێ حورمەت لێدەروانی، دەستیان لەسەردەست دانا.

حەزمی مەزەبی شۆرِش شایستەی سەرنجە،چونکەهەر لەو بەشە لە تورکیەی نوێیە کە تەریقەتی نەخشبەندی هێشتا هەروا زۆرترین شوین تێکەری بەرێوەدەبات. بانگەوازی شێخ سەعید دەیگوت: کە(خەزا لەسەر هەرموسڵمانێک چاوپۆشی لەمەزەب یان تەریقەت وی،عەمرێکی واجبە) بەلآم بانگەوازە نەیتوانی تەریقەتەکانی دیکە دنەبدات،ئیدی چاوپۆشی لە عەلەویەکان. ئەگەر(ئازادی)توانی بوایە هاوکاری شێخەکانی بادینی زوان-کەسانێکی وەک شێخەکانی خیزانی نزیک بتلیس،ونورسین نزیک مووش-ی دابین کات،شۆرِش بێشک وگومان لەناو لایانگرانی ئەم شێخانەش بلآو دەبوو، ئەوکات ئانکارا لە سێرەی هەرِەشەیەکی گەورەترقەراری دەگرت. ئەگەر(ئازادی)داکۆکی عەلەویەکانی بەدەست هێنابوایە،ئەوچاخ هرمەکەکان و (لولانەکانی)ش سروشتی بووپێشی بلآوبوونەوەی شۆرِشیان بۆ باشووری رۆژهەلآت نەدەگرت وشۆرش لەولاش بەرفرەوان دەبوو.

لەگەڵ ئەم هەمووە، شۆرِش-یش ئەگەر بەر فرەوانتر بوایە دیسان وێچوونی سەرکەوتنی زۆر نەبوو. ئانکارا دەبوایە دانیشتبوایەو هەتا فرسەتی بۆ هەڵکەوتبوایە هێزی کۆکردباوە. هەڵبەتە بۆ سەردەمێک لە ئاڵۆزی و پشێوی رێگای دەربازی نەبوو،بەلآم وێچوونی ئەمە کە شۆرِشگێران بتوانن حاکمێیەت و حوکمرانی خۆیان سەقامگیرو بەردەوام بکەن،دوور بوو: ئانکارا سێ خاڵی پاڵپشتی گرینگی هەبوو: 1-ئەرتەشی پۆشتەو شەرکەرو ئەزموون دێتوو،2- سەرچاوەی پێویستیەکان بۆ کەڵەکەی خۆراک و نان و شێوی سوپا، و3-بەهۆی شەبەکەی پەیوەندی گرتنی خۆی دەیتوانی هێزەکانی جێگا نیاز و ئاتاجی بەلەز و تاڵووکە زێدەتر لەشۆرِشگێران لە هەرشوێنێک بخوازێ و

بێهەوێ سەقامگیر بکات. لە بەر ئەمە سەرکوتکردنی شۆڕش، تەنیا مەسەلەی زەمەنی بوو،و ئەمە شتێکە کە ڕاپەڕینەکانی دوایی لە سەر ئەوی شایەتی دەدەن.

شۆڕشگێران چیان دەویست؟- بەدەستەواژەیەکی سادە دەیانەویست نیری کویلەتی حکوومەتی ئانکارا لە سوکریان دارنن و جارێکی دیکە بچنەوە بن نیری کۆیلەتی خەلافەت! ئەمە ئامانجەی گرینگی نەخشبەندیەکان بوو. لەگەڵ ئەم هەمووە،پاڵشایەکی ناکورد بۆ سەڵتەنەتی کوردستان پرسیارێکی سەیرو سەرنج ڕاکێشی سەبارەت بەناوەرۆکی ناسینالیسمی شێخ سەعید لەداشیگرو بێژینگ دەدا. ئامادەبوونی بۆ کەسێکی وابەستە بۆخەلافەت،لەجیاتی کوردێک،بۆ سەلتەنەتی کوردستان، حیکایەت لەمەدەکات کەهزری(کوردیەت)زێدەتر لەوەی کە لە سەربناخەو بنەڕەتی قەومییەت ڕاوستابێت. لەسەرپایەی دین ومەزەبی تایبەت ڕاوستاوە. ئەم جەرەیانە لەڕووناکترو ڕاشکاوتری بیچمی خۆی،لە بدواکەفتنی وبە داوچوونی کوردەکان لەمەزەبی شافعی ڕەنگ ورووی دەنوێنێت کە بەپیچەوانەی مەزەبی حەنەفی نێوان سەر ئەسپاردن بە خودی خەلیفە و قەبووڵی دەسەڵات و توانایی حکوومەت قائل بەفەرق دانان و جاوازیی و جیابوونەوەیە. ئەم جەرەیانە هەڵبەتە سێ ساڵ پێش لە وی،جێگای بەرهەم وەرگرتنی سوڵتان عەبدولحەمید قەراری گرت، ئەوکات کەتێکۆشا سەرو ساماندانی دەزگای ئیداری بەتێشکان روو بەڕوو بکات. ئەگەر گرینگایەتی خەلافەت پریسکەی نەکرابوایەوە، شێخ سەعید دەیتوانی شێخ عەبدولقادر یان یەکێک لەبەدرخانەکان بەناوی حوکمڕانی داهاتووی کوردستان هەڵبژێرێ. بەڵام ئیرادەت و ئیخلاس و سەرپێ ئەسپاردن و غولامەتی کوردەکان بەخەلافەت تەوفیری ئەم دوو جۆرە ئیسلامە دیاری دەکات: یانی (ئیسلامی ئاپوورە) کە ڕیشەی لە تریقەت داهەبوو و(ئیسلامی فەرمی) وبیچمێکی سروشتی وباتینی ودەرونی. ئەمە ئاخرین جار بوو کەلە خەلافەت لە کۆکردنەوەی کوردان کەلک وەرگیرا، وئەمە بەمانای کۆتایی چاکتری و بەرجەستەبوونی مەزەبی کوردان نەبوو.

شۆرشی شێخ سەعید سەرەتای سەردەمی(کەماڵیستم)ی توندو بێ ڕەزاو پڕمەترسی وبێ چاوپۆشی بوو. دوور خراوەکانی بەرنامە داڕێژراو، خاپوورکردنی گوندەکان، کاری بیلعەت وناحەزو نائینسانی،کوشتنی بێ تاوانان، وڕاگەیاندنی وەزیەتی نائاسایی(حکوومەت نیزامی) لەگەڵ(ڕێژیمەکی دیاریکراوو تایبەت) لەکوردستان،ئێستا ئەزموونی ڕۆژانە و کۆنەپەرستی کوردەکان بوو کەلە بەرحکوومەت زارەخوارەیان دەکرد. ئەرتەش کە بۆ ئەوڵین جار لە دوایی پەیماننامەی لۆزان بە تەواوی کەڵەکەی کردبوو. ئێستا گەورەترین ئەرک وهەتا هۆی بوونی (ئیدارەی) کوردستان بوو. لەماوەی ساڵەکانی 1824-1938 لە هەژدە عەمەلیاتی مەزنی ئەرتەشی تورکیەی تەنیا یەکیان لەدەرەوەی کوردستان ڕووی دابوو. لەدوایی 1945یش، جگەلەشەرەی کرە(1949-1952) وهیرشی ساڵی 1974ی تورکیە بۆ سەرقبرس،تەنیا عەمەلیاتێک کە ئەرتەشی تورکیە دە ویدا بەشداری کرد،عەمەلیاتێک بوو کەلەکوردستان و دژی کوردەکان ئەنجامی دەگرت.

ئەم شۆڕشە سەرەتای حکوومەتی تەک حیزبیش بوو، کەهەتا هێندێک فەزای ئازادی کەلە پاش ساڵی 1946 سەری هەڵدا، بەردەوام بوو. هەواڵدەران تێگەین کەلەسەرکارەکانیان چاوەدێری هەیە، و لەوانەیە بگیرین وبخرێنە زیندان. لەپاش 1925 بەردەوامی شۆڵ بەجۆرێک کارتیکەر وبێ دەست درێژی بەهەریمی دەستووراتی بەرتەسکراوە، کەلە پانەگۆڕایی کاروباری مەملەکەتی دەبێ چ بلێی یان نەڵێی، عەمرێکی لەکردن نەهاتوو بوو. دوایی نۆرە بەکۆمەڵگاو ئەنجوومەنەکان و شتەکانی

دیکەگەیشت کەلەگەڵ مافی هاوولاتیان پەیوەندیان هەبوو. بەمجۆرە شۆڕشی شێخ شەعید واسیتەی ئێستا بۆ شتی زێدەتر لەخۆی و ناسیونالیسم ی کرد، یان پێشگیری لە(بەروپێشچوون) بە یارمەتی دین بوو. ئەم شۆڕشە بە سەرچاوەیەکی وشکی و نەگەڕانەوەی حکوومەت گۆڕدرا،کە هێشتاش بەردەوامە.

خۆڕاگری وبەربەرەکانی خەڵکی کورد،سەرکوتی لایانگرانی شێخ سەعیدی لە پشت سەری خۆی بەجێهێشت، وهەر وا زیندو ماوە، ئەمە بۆخۆی لە ڕاستیدا دژکردەوە لەبەرامبەر سەرکوت بوو. پاشمەنە ساڵی 1925 و بەشێکتر لەساڵی 1926 پاریزگاکانی ڕۆژهەلات تووشی ئەوها ئاڵۆزی و نائاسایش بوون کە بە بۆچوونی فڕانسەوەکانی دانیشتووی سووریيە و ناسازگاری وەزیت لەکۆتایی هاوینی 1925 لەزێدەی دابوو نەک لەکەمی.

خۆڕاگری و بەربەرەکانی نەک هەرتەنیا لە ناو عەشایەری ناوچەی شۆڕش بەردەوام بوو بەڵکوو لەشوێنەکانی دیکەش عەشایەر لە جیاتی ملکەچ کردن و قەبوولکردنی عەمەری حکوومەت و سەرنەوی کردن بۆ نیری زۆرداری هێزەکانی ئەمنیەتی، یەک بەدوای یەک دەستیان بۆ چەک برد ولێی ڕاپەڕین. لەمانگی ئاوریل گویانەکان لەکمیسیونی نیونەتەوەیی داوایان کرد ئەگەر ئیمکانی هەیە دەڤەری وان بەبەشێک لە پانەگۆڕایی ژێردەسەڵاتی بریتانیا هاوپێچ کەن. لەمانگی ژوئین لەگەڵ تورکان کەوتنە تەقەو لێکدان، و مانگی دواتر لەگەڵ عەشایەری شرناخ پەنابەری ئێراق بوون. شۆڕشگێڕانی دەوروپشتی میدیات و ماردین بۆ سووریەی تێکشان وهەلاتن. لەمانگی ئەوت سەید عەولای،کوڕی شێخ عەبدولقادر،بەرلەوە لەگەڵ لایانگرانی پەنابەری ئیراق بێت لە دەوروپشتی شەمزینان هێزەکانی تورکی لەبۆسەخست.

لە تەورێز عەلیڕەزا کوڕی شێخ سەعید لە باڵوێزی بریتانیا داوای کرد ئیجازەی پێ بدا بچێتە لەندەن هەتا بۆ تەشکیلاتی کورد هەنگاوێک بۆ داکۆکی باوێژێ. بەڵام کۆنسول هاودەردی لەگەڵ نەکرد وەبیری هێناوەو گوتی: (ئێوە دەبێ بزانن، کەدڵگەرمی یان قەبووڵی هیچ جۆرە بەرپسیاری لەپەیوەندی لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی خودموختار یان سەربەخۆی کورد بەشێک لەسیاسەتی دەولەتی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان نیە.)و ئەمە لەحاڵێکدایە کە زێدەتر لەپێنج ساڵ لەتەمەنی پەیمانی(سیڤر) تێنەپەڕیوە! لەمانگی نوامبەر لانی کەم 5000بنەماڵەی کورد-پێاوو ژن و منداڵ-لەدەورو پشتی سەڵماس هەڵکەوتوو لەئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا،پەنابەر بوون. لەژانویە 5000گۆیان وئەرتۆشی پەنابەری ئیراق بوون.

لەبەهاری ساڵی 1926جارێکی دیکە ئاڵۆزی سەری هەڵدا. لەپارێزگای وان، کەلە شۆڕش بەجێمابوو ئیختیداری حکوومەتیان گەڕاندەوە، ئەو جۆرەی کە دەنگۆ بوو دەستیان بەکوشت و کوشتارێکی بەرفرەوان کرد. درسیم دەستی بۆ چەک برد، و بەپێچەوانەی ئیعدامەکانی عیبرەت وەگر، ئەو ئامادەی شەر بوو. شک وگومان لەمە دا نییە کە زورتری بەرەنگاری پەیوندار بە دوورخراوەیی بوو. هەر وەک باڵوێزی بریتانیا لە ترابوزان نووسی: ڕێووبارەکان دەڵێن: ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان بنەماڵەو گاو گۆڵ ومەڕوماڵاتیان دێوەکە ئەوانیان لەڕێگای ئەرزەڕۆم- ئەرزنجان، وێدەچوو بۆلای ئانقەرە و ئاناتۆلی ڕۆژئاوا دەبردن. گوندەکان زوربەی بەتاڵ لە دانیشتوون، سەوداگەری و مامەلە

لە ناوچەیەکی گەورە ڕاوستاوە.) لە باتمان کوردەکانی ناوچە هەنگێکی ئەرتەشیان لەناوبرد و نزیکەی سەدان کەس لەوان کوژران.

هەر لەو کاتیدا هورکی یەکانی دەورو پشتی نسیبین بەفەرماندەری ڕێبەری لێهاتوویان حاجۆ، لەپاش تێپەڕ بوون لەسنوور و گیرسانەوە لە سووریە، ڕاپەڕین. لەژوئینی 1926 کوردەکانی جەلالی وحەیدەرانلی بایەزیدیش دەستیان بۆ چەک برد. شۆڕشی ئەم خەڵکە بەهۆی بیزاری لەدوور خراوەیی بوو کە لەمەڕ ئەوان بەڕیوە بردرابوو. هەرچەند کەبەشداریەکیان لە شۆرشدا نەکردبوو. لەدەسامبەری 1927 بەشێک لەشاری بتلیس بۆ سەردەمێکی کورت ڕاپەڕین. ئانکارا لە دژکردەوە بە چەلاخ وئیشقی بەردەوام بووی کوردەکان لە ژوئین 1927 یاسایەکی نویی پەسەند کرد کەلەحاڵێکدا (سەرجرج کلرک)،باڵوێزی بریتانیا،ڕاپۆرتی دا، بە دەوڵەت ئیختیاردەدریَ:

لەپارێزگاکانی ڕۆژهەڵات ژمارەیەکی نامەعلووم کورد و مرۆڤی دیکە بگوێزێتەوە... دەوڵەت سەردەمێکە سیاسەتێکی سەبارەت بەکوردەکان بەڕێوە دەبات کەلەساڵی 1915بە وی سەرکەوتنی کەمایەتی ئەرمەنی لە کۆل خۆ کردەوە: گزەو فێڵی قەزاو قەدەریش شتێکی سەرسورهێنەرە، کە کوردەکان کارگێری بنەڕەتی بوون کەلە دوورخراوەیی ئەرمەنیەکان کەلکیان لێوەرگیرا بۆخۆشیان تووشی چارەنووسێک بن کەهەر ئەو دوازدەساڵە یەخەی ئەرمەنیەکانی گرت.

لەتیئۆری شێخ، دوورخراوە حەقی هەبوو بەنیشاندانی بەرگەی جیاکردنەوەی باج وپیتاکی زەوی داوای بەسەرچوونەوەدا بکات، بەڵام بەکردەوە ئەم مافە بەتاڵ لەبایەخ و ناوەڕۆک بوو، چونکە ئەو فورسەت وکات و مەجالە بە دوورخراوە نەدەدرا. جگە لەمە هەروەک (کلرک) دەنوسێت بە هیچ کەس نەدەگوترا کە ئەوی بۆ کویَ و بۆ کام ناوچە و شوین دەبەن، خەڵکانی دەست بەتاڵ و بەلەنگاز کەئیدی جیی خۆیان هەبوو. مرۆڤ هیچ نازانیَ کە چ ژمارەیەک لەوان بەمەقسەت دەگەن یان ناگەن.)لەحاڵێکدا کە دەڤەر لەدنیای دەرەکی جیاببووە،لەگەڵ بێدنگی تەواوی چاپەمەنیەکان،چەتوون دەبوو بڵێین کەچ ژمارەیەک دوور دەخرێنەوە، بەڵام لەمانگی ئەوت کلرک وای لێکدەداوە کەژمارەی ئەم دەستە لەم مانگەلە 20000کەس کەمتر نەبێت، دەیگوت: (لەهەڵسەنگانێک دایە کەهەتا ڕادەی دوورخراوەیی ئەرمەنیەکان لەساڵی 1915یەکدەگرێتەوە.)ولەم جەرەیانە،زۆرتر چینی ئاغاکان وشێخەکان لەبۆ چووندا بوو. بەنووسینی (تایمز) لانی کەم 150بنەماڵە لەم چین وتوێژە، یانی نزیک بەپێنج هەتا شەش هەزار ژن و پیاو منداڵ بۆ ئاناتۆلی ڕۆژئاوا دوورخرانەوە.(زوربەی ئەوان لەڕێگا مردن، و ئەو جۆرەی کەدەگوترا ژمارێک ژنی جندی وجوانچاک ون بوون.) لەبەر ئەمە جێگای سەرسورمان نییە ئەگەر ئەم وەزعە،خاوەن نەزرەانی وەبیری دوورخراوەیی ئەرمەنیەکان هێنابێتەوە.

لەڕاستێدا ئەو ڕووداوانەی ساڵەکانی 1925-1926حاڵێتێکی نسل کوژی وڕەگەزبڕینەوە(جینۆساید)لە زەین ومێشکی دەم ودەزگای ئانکارا وەدیهێنا. لە1925 گۆڤاری وەقید ڕایگەیاند بوو: (جێگایەک کەسەرنیزەی تورک خۆی دەنوێنێت مەسەلەی کوردی بوونی نییە)لەمانگی ئۆکتۆبەر سررونالدلیندزی،باڵوێزی تازەی بریتانیا بینی بووی کەچ جۆر(تورکیە لەهەر وەرزێڕێکی تورک زوان لەهەرقولێنچکی دونیا بەباوەشی ئاولایی پێشوازی دەکات. ناتورک خوازیاری نییە. بەڵام کوردەکان-ئەمانە مرۆڤی خەراپن.) بەڵام ئاخۆ ئەمە بەمانای قەبوولکردنی بوونی کوردەکان بوو؟ هێندەی

پێنەچوو کەوەزیری دەرەوەی تورکیە،تۆفیق ڕەشید(سراج اوغلو)بیرو بۆچوونێکی ڕوونی دەربڕی کە لێژنەی دەوڵەت بۆخچەی کراوە:

ڕاستایی فەرهەنگیان(کوردەکان)بەڕادەیەک لەخوارەییە، زەینیان بە ڕادەیەک پاشکەوتووە، کە ڕاست ورەوان ناتوانن لەکۆمەڵگای کۆمەڵایەتی تورکیە جێگایەک داگیرکەن...ئەمانە دەفەوتین،دەمرن،چونکە لەمەڕ ئابووری، لە کێشمەکێشی مانەوە لەکێ بەرکێ و ڕکەبەری لەگەڵ تورکەکانی بەفەرهەنگترو پێشکەوتووتر بۆ پێکەوەژیان ڕیکناکەون...ئەو ئەندازە کەبتوانن بۆ ئێران یان ئێراق کۆچ دەکەن،لەحاڵێکدا پاشمەنە زۆرئاسایی چارەنووسی ئەوگیان لەبەرانەی کەلێهاتووی ژیانکردن نین،تەحەمل دەکەن ڕەش دەبنەوەو دەتوێنەوە...

ئالۆزی وپشێوی لە سەرانسەری ساڵی 1927 بەتایبەت لەدیاربەکر و مووش وخنس وبتلیس و بلانیک بەردەوام بوو. لەدەوروپشتی کۆتایی ئەوساڵیدا قسەوباس لەسەرکوتکردن، ئیعدامەکانی گروپی، کوشت وکوشتار ولێدان وئەشکەنجەی کوردەکان بازاڕی لەبرەو بوو. ئەم گومان وبۆچوونانە لەگەڵ دەنگوباسێک کەبۆ دەرەوەی سنوور دەچوو حێکایەتی لەوێرانی وخاپوور بوونی گوندەکان وئەو کوشت وکوشتارەی کە لە ڕۆژ هەڵات هەبوو وەڕاست دەگەڕاند و پەسەند دەکرد.

بازێک لەم ڕاپۆرتانە لەوانەیە زێدەڕۆیی تێدەکرابێت. دوو بەڵگەی پڕوپاگەندەی گرینگی کوردی لەساڵەکانی 1928-1930بڵاو بوونەوە. ئەم دوو سەنەدە دەیانگوت: کەلەزستانی 1926- و1927دوو سەت گوند بە سێزدە هەزاردانیشتوو خاپوورکراون زێدەتر 15000کوژراون ونزیکەی نیومیلیون کەس دوورخراوەتنەوە، ولەم ئاپوورەیە نزیکەی 200000کەس لەناوچوونە. ڕەنگە بۆ دەیپلوماتەکانی بریتانیا سانایی بوو کەمەتڵەبێکی ئەوها بەناوی (پڕوپاگەندەی نافەڕمی) و ئەوڕاپۆرتانەی تێیاندا زێدەڕۆیی کراو)لە کۆل خۆیان بکەنەوە،بەڵام بێ سەرنجدان و ڕووکردن بە وتەی ئەفسەرانی تورک کە(دەیانگوت: چلۆن لەم کارەهەست بەناڕەحەتی دەکەن ولەعەینی حاڵدا مەجبوور بوون ئەرکی خۆیان بەڕێوە بەرن)چەتوونە. لەدەسامبەری 1927 باڵویزخانەی بریتانیا ڕاپۆرتی دا:

سەرگوردێکی ژاندارمەری کەبۆ کەلک وەرگرتن لەوچانێکی کورت بۆ دیاربەکر،هاتبوو بەیەکێک لە دۆستانی گوت: کەلەوکاری کە مەجبوور بەڕیوەبردنی وەک ئەرکێکی نیزامی، وەتەنگ هاتووەو لێ بیزارەو، ودەیەوێ بگوێزرێتەو ناوچەیەکی دیکە. ئەو کەلە ماوەی تەواوی ئارامکردنەوە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات خزمەتی کردوەو لەکوشت و کوشتاری خەڵکانی کورد یانی مروڤ و ژنان و منداڵان ماندو جاڕز بووە.

لە گەڵ ئەم هەمووە،ئێستا دەورەیەکی کورت لە برابەری ومساوی لە سیاسەتی تورکیە وەدیهات،وهۆکارەکەی ڕەنگە بگەڕێتەو بۆ ئەونیگەرنیەی لە بابەت (ناوبانگی) کۆماری لاوی تورکیە لەگوڕەپانی دونیا هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەران، بۆ ئیراق سوورییە ئێران کە هەریەکە چێڕۆکێکی سەربەخۆی لە زوڵم وزۆری بوو،بەچەتوونی دەیتوانی یارمەتێکی بە پەیوەندی و هات و چووی دەرەکی کۆمار بکات. لەسەرتای ساڵی 1928، ئانکارا برایم تالع-ی بەفەرماندەری گشتی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات دیاری کرد. ئەو تێکۆشا کەلاوەکانی پەیدابوو لەوەزیەتی ساڵەکانی پێش ئاوەدان بکاتەوە، سەروسامانداں بەوەزیت تەنیا دەیتوانی بەئالێکاری ویارمەتی چالاکانەی خەڵکی

ناوچە جلی کردەوە لەبەربکات. تالْع کاتێک جێی خۆی گرت، دەستووری لێ بوردنێکی گچکەشی دا: لەئاوریل گەلێک خەڵکی ئاسایی کەبۆ ڕۆژئاوا دوورخرابوونەوە ئیجازەیان وەرگرت بۆ ڕۆژهەڵات بگەڕێنەوە، هەرچەند ئاغاکان و شێخەکانی ئیعدام نەکرابوو وەبەر ئەو عافوە نەکەوتن. لەمانگی مەی مەجلیسی مەزنی نەتەویەتی قانوونی لێ بوردنی پەسەند کرد، کەڕێبەرانی شۆڕش و بەکردەوە تەواوی کوردستانی دەگرتەوە. لەوان ئەوانەی کەگەڕانەوە دوو کەس لەبراکانی و دوو کوڕی شێخ سەعید بوون.

برایم تالع لەعەینی حالدا تێکۆشا ژێربناخەیەک بۆ بەرەوپیشچوون وەدی بێنیت. کۆکردنەوەی دختۆرو مامۆستای قوتابخانەو کادیری پێویست بۆ پێشکەوتوویی ناوچە چەتوون بوو،بەڵام ئەو توانی بەرنامەیەک بۆ ڕێگا دورستکردن دابڕێژێ، وپێشنیاری کرد زەویوو زاری ملْکدارەکانی گەورەی کورد بەسەر وەرزێرو جۆتیارەکاندا دابەش بکرێت. قانوونێک لەژوئنی 1929دابەشکردنی زەوی ئاغاکانی بەسەر وەرزێڕاندا بەفەڕمی تاپۆ کرد. بەڵام بەرەوپێشچوونی ئەم یاسایە بەردەوام نەبوو. کەلک وەرگرتن لە جوتی گاسنیان بەهێندێک وەرزێران فیرکرد. بەڵام ئەم بەرنامەیەی ئاوەدانکردنەوە ڕێووشوێن ولایانی دە تازەشی هەبوو. کوردەکان لەبوونی شوخلی ئابووری سیاسی وەلانران. بۆ نموونە، لەگەڵ گۆڕانکاری وئالْەگۆڕیک کە لە بانکی عوسمانی بیچمی بەخۆوەگرت، سەرجەمی کارگێڕانی ناتورک یەک دوو شوعبەی ئەو بانکە لە پارێزگای ڕۆژهەڵات لەبانگ دەرکران. هەنگاوێک بۆ دابین کردنی حوکم و چاوەدێری سەرجەمی تورکەکان هاتەکایە، چونکە بەرنامەی بەرفرەوانی ڕێگاسازی لەڕاستیدا نەک ئامانجی ئابووری بەڵکوو ئامانجی نیزامی هەبوو. لەمە بوگزەرین(دڵ نەرمی)ومدارای تالع هەتا زیندانیەکانی دیاربەکری لەباوەش نەگرت-هێندێک لەم زیندانیانە بەبێ لێپرسین ودادگە کردن ئیعدام کردن.

حەول وتەقەلای چالاکانە بۆ ڕەشکردنەوەو لەناوبردنی پێناسی کوردی بە واسیتەی (ئەوبنەماڵانە) پێکهات. ئەم (بنەماڵانە)سەرتا لە1912بنیات نران، و ئامانج ورووگەیان بەرەنگاری لەگەڵ فکرو بۆچوونی ئیسلامی و عوسمانی، و برەودانی ناسیونالیسم-ی تورک بوو-ئەمانە ئامانجێک بوون کە زیاگۆکالپ،کوڕی ناوداری دیاربەکر،هێنابوویە گۆڕ. خەڵکانی دیندار ئەم (ئۆجاقانە)یان ئیدانەو مەحکووم کردبوون،(کۆمیتەی ئیتحادوتەڕەقی) بەچاوی گومان لێکراو ناحەز لەوانی دەڕوانی،وکۆشکی سەلتەنەتی لەم بارەوە کە ناسیونالیسم لە سەر بناخەوکێشی قەومیەت لەوانەیە هۆی دنەدانی خەڵکانی ناتورک ببێت لەوانی ترس ڕێنیشتبوو.

بەسەرکەوتنی کەماڵیستەکان، ئەم(ئۆجاقانە)لە1924وەکوو وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ناسیونالیسم-ی تورک لە پارێزگاکان زیندو کرانەوە. ئێستا کادیرەکانی تایبەت بۆ کوردستان دەناردران هەتا خەڵکی فیربکەن کە تورکی دەباش بن. ئەم گروپە لە پارێزگاکان لەلایان ئەفسەرانی پێگەو پادگانەکان و کارگێرانی دەوڵەتی کەلە مەجلیسەکانی هەڵپرکێ وئێوارانەی تنیسی تێکەڵاوی ژنان وپیاوان و شتەکانی تری (پێشکەوتووخوازی)لێک کۆ دەبوونەوە،پێشوازیان لێکرا.

بەڵام لەگەڵ ئەوهەموە، قوتابانەی فیرکردنی زبانی تورکی هەتا لەناو خەڵکی ئاسایی کورد وردە وردە کارتێکەربوو. فیربوون بەمانای( تورکییەت)بوو. هەرلاوەکی خەڵکی شار دەیزانی کە داهاتووی

پەیوەندی بەلێهاتووی وکارزانی وی لەبەکارهێنانی زبانی(ئاغاکانی)هەیە. بۆ نموونە،لەدیاربەکر کتێبخانە و قەرائەتخانە ئیکجار کەلکیان لێ وەردەگیرا. شار لەبوونی تەنیا دانستانێکی سەرتایی رۆژهەڵاتی فەڕات ئیفتخارو شانازی بەخۆی دەکرد،هەنوکە نۆزدە بنکەی دیکەی لەم بابەتە لەدەرەوەی کوردستان تێکۆشانیان هەبوو. لەم نێوە سەربازانی کورد بۆ خزمەتی قازاخی بۆ ئاناتۆلی دەناردران هەتا لە وێ بەتورکی دەباش و ئەرکناس و بە ئەمەگ بگۆڕدرێن.

لەبازیک لەدەڤەرەکانی کوردستان لە1930 سەرکەوتنی بەرنامەی(بەتورک کردنی) کوردەکان هەستی پێدەکرابوو. بۆ نموونە،لەغازی عین تەب(ئینتب) ولەئۆرفە، کەجەماوەری کوردەکان نزیکەی 50دەرسەت جەمعیەتی ناوچە بوو. کوردەکانیش وەکوو کەماتیەکی گەورەی عەرەب هەموو ئامادە بوون کە بە تورک حیساب بکرێن. بەڵام ئەم جەرەیانە لە هەمووشوین وەک یەک ویەکسان نەبوو. ئەزموونی هەرناوچەیەک دیاریکەری جۆرێک دژکردەوەی ئەو ناوچە بوو. بۆ نموونە، لە مەرعەش کە ئێستاش وەکوو پێشوو بەهۆی ئیحساساتی بەهێزی مەزەبی بەرجەستەبوو، جەماوەری سوننە مەزەبی ناوچە نێوچاوانیان تێکنابوو،بەڵام لەترسی بوونی پادگانی بەهێز نەیدەتوانی دەست لە لاقی هەڵە بکات. لە بەرامبەردا عەلەویەکان لە سیاسەتی جیایی دین لە سیاسەت کە کەماڵیستەکان وەبەریان گرتبوو پێشوازیان دەکرد، چونکە ئیدی لە بەرەگەی زوڵم وزۆری مەلاکانی سوننە مەزەب دەردەچوون.

لە ئاکامدا نیشانەکانی لاوازی لە باشبوون و بەخۆداهاتنەوە لەشوێنەواری شەڕ لەگەڵ ڕووسیە،لە ناوبردنی ئەرمەنیەکان، و نەبوونی مامەلەو سەوداگەری لە گەڵ ئێراق و سووریيە و سەرکوتی شۆڕشی کوردەکان، ئاشکراو لەبەرچاو بوو. لەگەل ئەم هەمووە کوردستان ئەم هیواو دوورخوێندنەوەی لەبەرچاو نەبوو کەبتوانێ هاوسەنگ لەگەڵ پاشمەنەی تورکیە ئابووری خۆی پەرە پێبدات. سەوداگەری هەروا بەسێبەری لاوازی لە سەوداگەری ساڵی 1914شبی بوو. لە 1930هێشتا وێرانەکانی گوندەکانی ئەرمەنی نشینی ڕابردوو لەدەشت وسارا بڵاو بوو لە گەروگای ناسراو بتلیس ماڵەکانی خاپوورو تێکقرماو وخرابووی ئەرمەنیەکان بەدرێژایی کیلۆمێترێک بەرفرەوان بوو. جەماوەری ئەم گروگایە کەبەرلەشەڕ 40000کەس بوو ئێستا بە5000کەس کەم ببۆوە. لەمووش ئاپۆرە هێشتا لەڕاستایی یەک دەیەکی خەڵکەکەی بەر لەشەڕ بوو- یانی 3000کەس.

هەرچەند وێدەچوو لەناوبردن وجنۆسایدی جەماوەری مەسیحی بۆ پاشمەنەکانی تورکیە لە1915 بەم لاوە (پێویست) بووبێت، بەڵام ئەم لەناوبردنە، بەشێکی گەورەی چینی بورژوازی بەرهەم هێنەری ئابووری تورکیەی لەناوبرد و باشبوونی وەزیتی ئابووری بەلانی کەم بۆ نیو سەدە وەدواخست. ئەم لەناوچوونە،کوردستانی بەجۆرێکی هەمێشەیی بەرەو هەژاری پاڵ پێوەنا،وهیچ شتێک جێگەی ئەم چینی مەترسی خوازی نەگرتەوە. لەئاکامی هەراوکێشەو پێشیوویی وئاڵۆزی،هەڵسەنگانی (کۆملگای کارگێران) لەشارەکانی کوردستان لە1927میزان نەبوونی نیوان بەشەکانی مەوجوود بەباشی دەخویدا دیاریدەدا یانی ئاوێنەی باڵانوێن بوو: 46925قازاخ(بێجگە لەوگروپە کەبۆ بەربەرەکانی لەگەڵ مەسەلەکای زەروری کۆدەکرانەوە)و1245داوەر دادپرس وپۆلیس، لە بەرامبەر29241پێشەکار کرێکار،29677 سەوداگەروبازرگان، و 23591کەس لە کەسانی دیکەکەلە کارەکان وشوخڵی جۆراجۆر تێکۆشانیان هەبوو. وەزیت ڕێگاوبان زۆرخەراب بوو، بەڵام ئەگەر هۆی لاواندنەوەی دڵێک لە هەڵسەنگان لەگەڵ پاشمەنەی تورکیە مەوجوود بوو ئەمە بوو کە بەکردەوە وەسیلەیەکی

ڕاگوویزتنی مووتۆڕی نەبوو کەلەم ڕێگایە کەلک وەربگرێت. نەبوونی بانگ لەناوچە بەمانای ئەمە بوو کە پارە بە قەرز وەرگرتن لەبانک لەکردن نەهاتوو بوو. و ئەوانەی کەسەرچاوە، یان ئیمکاناتی ماڵیان هەبوو کە دەیانەویست وەگڕی بخەن دەبوایە بۆ ڕۆژئاوای وڵات کۆچیان کردبوایە. چاوپۆشی لەمە ئەو شتوومەکەی کەلەناوچە بەرهەم نەدەهات بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخ و خەرجی هێنان و بردن بە دە بەرامبەر بایی ئاسایی لە بەشەکانی ڕۆژئاوای وڵات دەفەرۆشرا. بەم تەرتیبە،وادانرابوو مەسەلەی کوردستان بەو ڕادە کە سیاسی بوو ئابووریش بمێنێتەوە.

## خۆڕاگری و بەربەرەکانیەکان: خۆیبوون(سەربەخۆیی)ئاگریداغ، ودرسیم

بەسەرکوتکردنی توندو بێ بەزەو بێ ڕووحمانەی کوردستان لەساڵەکانی 1925- 1927، و بەدوایی ویدا نیسکۆڵەیەک سیاسەتی مدارایی و(بەتورک کردنی)نەتەوەی کورد،وادێتە بەرچاو کە دژایەتی کوردان کۆتایی پێهاتبێت. بەڵام لەولای سنوورەکان تورکیە یانی لە پاریس، قاهیرە،تەورێز،حەلەب، بێروت ودەمشق زوربەی نەتەوەخوازانی پێشووی ئەستانبوڵ کەلە1922بەنزیک بوونی کەماڵیستەکان لەو شاری خۆیان دەربازکردبوو،هەروا بەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ئیمان وباوەڕو ئاقیدەیان هەبوو،لە سەربۆچوونیان مانەوە. لەم گروپە کەسێک بەکردەوە لە(ئازادی) یان ڕاپەڕینی ساڵی 1925 ڕۆڵێکی بەڕیوە نەبرد. ئەم خەڵکە دانیشتبوون و چاولێکەری وەزیت بوون: بریتانیایان کەچاوی هومێد تێبرێبوو وکارێکی بۆیان نەدەکرد لێدەڕوانێ، سەیری تورکیەیان دەکرد کە شۆڕشەکان یەک بەدوای یەکدا سەرکوت دەکات. ئەمانە گیژببوون،لێحاڵی بوونی ئەو مانایە بەچەتوونی بۆیان دژوار بوو کەبۆچی برتانیا،بەسەرنجدان بەڕاگەیاندراوەو داخۆیانەکانی و لەگەڵ ئەمە کەلە بێ بەشکردنی تورکیە لە خۆداسەپان بەسەر ئاناتۆلی ڕۆژ هەلآت قازانجێکی زوری دەکرد،ئەمجۆرە کپ و بێدەنگ دانیشتووە.

هێندێک لەم دوورخراوانەی لەئۆکتۆبری 1927 بۆ پێکهێنانی حزبی (خۆیبوون)-سەربەخۆیی- لەبحمەون لبنان پێکەوە کۆبوونەوە. ئەمانە هیواداربوون لە هەڵەکانی ڕابردوو، بەتایبەت دەستە بەندیەکان و کێشمەکیشەکانی پێشوو کەحەول و تەقەلاکانی ئەوانی بەناکامی وناسەرکەوتن ڕوو بەڕووکرد خۆی لێ دوورەپەرێزبکەن. بۆ دەست وێراگەین بەم ئامانجە حیزبەکانی پێشوویان لە ژێر قەبووڵکردنی ئەم پێناسەی تازە،یانی خۆیببوون،بەسەرۆکایەتی جەلالەت بەدرخان پێکهینا. ئەمانە لە سەرئەم ئاقیدەیە مکوڕ بوون کە لەدوایی ئەزموونی مسیبەتەکانی ساڵەکانی 1924-1925 دەتوانن تەنیا بە هەنگاوێک هومید ببستن کە بەسەروبەر گەلآڵەی بۆ داڕژابێت بەدورستی وەرگیرابێت. ئەمە بەمانای بزوتنەوەیە بۆ خۆ لادان لە ئەو شوڕشانەبوو کە ڕێبەرەکانیان لە سەرۆکانی عەشایەر پێکهاتبوو، و حەرەکەتێک بوو لە سەر بناخەی هێزەکانی جەنگاوەر پێکهاتوو لە ئەفسەران ومرۆڤی حاملاو دەورەدێدە. بڕیار ئەوهاگیرا کە بۆ وەدیهێنانی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازو مانەوە قەرارگایەکی هەمیشەیی لە حەڵەب دامەزرێنن. لە بەرنامەدابوو ئەم بزوتنەوە، ئەرتەشی ئینقلابی بۆ ناوچە بنێرێ هەتا لەچیاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەقامگیربێت، حکوومەت ڕاگەیێنێت،عەشایەری ناوچەیی لەژێر ڕیبەرایەتی خۆی یەکگرتووبکات. ئیحسان نووری کەڕۆڵی ڕێبەری لەشۆڕشی ناسەرکەوتووی (بيت الشباب)،بەڕێوە بردبوو بە فەرماندەری ئەم ئەرتەشە هەڵبژێردرا.

بەڵام ئەم هەنگاوە ئاتاجی بەپارە هەبوو،(خۆیبوون)هاتە سەر ئەم بڕیارە ئەم دراوە لە دوورخراوەکان و کەسانێک کە بیروبۆچوونی باشیان لەگەڵ ئەم هەنگاوە هەبوویەک لەوان حیزبی لایەنگری خەلافەت،دابین بکات کەبە وێچوونی زۆر، زوربەی عەشایەر لەڕوو بەڕوو لەگەڵ ئەمە هەستیان بەخۆشحاڵی دەکرد. ئەم حیزبە کەلەسەرتا لەگەڵ بریتانیا و فڕانسە پەیوەندی گرتبوو و لەوان ناهومێد ببوو،هەنۆکە دەیەویست و تێدەکۆشا دۆستان لەجێگای تر بدوزیتەوە. ڕێبەرانی (خۆێبوون) هەرچەند متمانەیان بەبڵشویکەکان نەبوو لەوەرگرتنی یارمەتیەکانی ماڵی لە(بزوتنەوەی جیهانی کەمایەتیەکان) کە بارەگای وی لە(ادسا) بوو خۆشحاڵ بوون. لە یەکیەتی لەگەڵ حیزبی ئەرمەنی داشناک-یش ڕازی بوون،کەوادەی یارمەتیەکانی بەکردەوە لە بەردەست دابنێت. لەڕاستیدا خۆیبوون، دەیندارى تێکۆشانەکانی یەکێک لەڕێبەرانی ئەوحیزبی داشناک بوو: ئەم مرۆڤە لە هاوینی 1927بەبیروڕای دڵگەرمی کوردەکان بەهەنگاو هەڵینانی هاوبەش دژی تورکەکان و وەرگرتنی یارمەتی لەیۆنان و ئیتالیا بە ناوچەداگەڕابوو. (خۆێبوون)تێکۆشا پسپۆرانی ئامریکایی و ئیتالیایی (وێدەچوو خۆفرۆشان) بۆ یارمەتیدان لە فێرکردن و ڕاهێنانی نیزامی بەخزمەت بگرێت.

بازێک لەکوردەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە خۆفیان لەمە دەکرد کە شان و شەوکەتیان لە سووریيە لەمەترسی بکەوێ،لە(خوێبوونی) بەچاوی بێ بایەخ و دوژمناتیان دەڕوانی. بە بریتانیا و فڕانسە متمانەدرا کە (خویبوون) کوردەکانی دانیشتوو لەچوارچێوەی سنوورەکانی سووریيە و ئێڕاق بە ئیجازە لە قانوونی دلگەرم دەکات. لەگەڵ ئەو هەمووە فڕانسە لە هاوینی 1928 بەدوای ڕەخنەی دەتوندی ئانکارا، هەڵسووڕانی (خۆیبوونی) لە حەڵەب یاساخ کرد. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە ئیحسان نووری هەرلەوساڵیدا بەیداخی شۆڕشی لە ناوچەیەک کەبۆ ئەم شۆڵە تەرخان کرابوو،یانی ئارارات(ئاگریداغ) هەڵکرت. هەڵبژاردنی ئارارات لەم ڕووە بوو: 1- عەشایەری ناوچەی وێ لەحاڵی شۆڕش دابوون، 2- لەکەوشەنی نێونەتەوەیی نزیک بوو، هێندەی کە سنووری لەتەپۆڵکەکانی باشووری ڕۆژهەڵات وی تێدەپەڕی،3-داوینی دە بەردەلانی وی،بۆ جەنگاوەران، چ لە کاتی عەمەلیاتی نیزامی و چ لە بەرامبەروەزیت وکەش وهەوای حاشارگا، باش بوو. نووری، گروپێکی گچکەی پێکهاتووی لە مرۆڤی ڕاهاتوو و حاملاو ئاشنا بەچەکەکانی پێشکەوتوو وتاکتیکەکانی جەنگاوەری پیادەی کۆکردەوە و ئەوانی بۆ ئارارات برد،هەتا بەوعەشایەرانەی کەپێشتر لەوێ سەنگریان گرتبوو بلکێن. ئەو لەگەڵ سەرۆکی جەلالیەکان، بەناوی برایم(برۆ)حەسکی تلو،دەشوخڵی. لە کەڵک وەرگرتن لە تاکتێکی ئارارات ئیکجار بەئەزموون بوو،چونکە لە تەواوی دەورانی شەڕ هەموو جۆرە تێکۆشانی ڕووسەکانی بۆ داگیرکردنی ئاگری دەست بەپۆش کردبوو. لەڕاستیدا ژنان وپیاوان ومنالانی جەلالی توانیبوویان لەم ماوەیە مەڕومالاتیان بپارێزن،و بە بەرهەمی وان خۆ بەخێوبکەن،و هەتا لەبەرامبەر بارمتەی قەول قەرار بە ڕووسەکان کە پەرژین وپاردەی تەدارەکاتی وان نەپەڕینن و لەوان ئازوقە وەرگرن.

ڕوو بەڕوو بوونی (تلو)ناساندنی گەلێک لەئاغاکان بوو کەهەتا ئێستا بە ڕێژمی کەماڵیستەکان وەفا دارمابوونەوە. تلو،لە1925بە گاڵەدانی سنوور لەڕووی لایانگرانی شێخ سەعید، لەتیشکانی شۆڕشی وی بە کەماڵیستەکانی یارمەتی کردبوو، بەڵام لەسەرئەمە ئەم کردەوە لە بە ڕێوەبردنی سیاسەتی دوورخراوەکان بەکۆمەڵ کەڕووی لە چینی(ئاغاوەت) بوو داکۆکیەک لەبۆ وی نەبوو. چونکە

لەچارەنووسێک کەلەچاوەڕوانی دابوو ئاگاداربوو لەزستانی 1927 بۆ ئاگری هەڵات،و ژمارەیەکی دیکە لەسەرۆکانی عەشایەر لەهاوینی ئەو ساڵیدا بەو لکان.

کاتێک کەئیحسان نووری گەیشتە ئاگری،هێزەکانی تورک لەگەڵ لایانگرانی تلو،لەشەڕ دابوون. لەسپتامبەری 1927 تورکەکان لە دەشتی زیلان خەراپ تێشکان و چەک و چول و تەقەمەنیەکی زۆریان لەدەست دا. لەمانگی دەسامبەر دیسان پاشەکشەیان پێکردن. لەژانویە هێزەکانی کورد لە سەر ڕێگای موتەکی بتلیس خستە ژێرکۆنترۆڵ. لەمانگی مارس شەڕێکی هەرە گەورەی دیکە لە نزیک بایەزید ڕوویدا. ئەم عەمەلیاتە بە پێچەوانەی لێ بوردن کە لە مانگی مەی 1928ڕاگەیاندرا،ژمارەیەکی دیسان زورتری بۆ شۆرش ڕاکیشا.

پاشان دەسەڵاتداران بۆ ئیقناع کردنی شورشگێران بەمە کە چەک دابنێن و سیاسەتی ئاشتیخوازانە لەبەرچاوبگرن، وادەیان پێدان جگە لەلێبوردنی گشتی بە دوورخراوەیش کۆتایی بێنن، بەڵام نەیانتوانی ڕێبەرانی کورد بە ڕاستگۆیی و محیبەتی خۆیان ئیقناع بکەن، زوری بەم هۆیە کە نەیاندەویست بۆ هێورکردنەوەو دامرکانی ئیحساساتی نەتەویەتی ،ئازادی زوانی کوردی قەبووڵ بکەن. نووری خوازیاری بەتاڵکردنی کوردستان لە لایەن تورکەکان بوو، لەبەر ئەمە هیواو چاوەڕۆنێەک بۆ پێکهاتن و ئاشتی نەما.

لەم نێوەدا(خۆیبوون) خوازیاری وەدیهێنانی دوو شەرگە بوو: یەکێک لە زنجیرە کێوەکانی ئاگری کە جێگای کەڵەکەی هێزەکانی بوو، ئەویدی لەناو پاپوورەی ناوهاوجنسی دوورخراوانی کورد وئەرمەنی باشووری ڕۆژهەڵاتی سوورییە،. لە دەسامبەر شەڕێکی دیکە ڕوویدا کە دەویدا پارێزگاری بایەزید بەدیل گیراو ئیعدام کرا.

ئەگەرچی بازیک لە عەشایەر هێزەکانی دەوڵەتیان یاریدەدا بەڵام نەتەوەخوازان بەوهێرشانەی کە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەرهێزەکانی تورک دەکراو،ئەو زەبرانەی لەوان دەوەشا،دڵگەرم دەبوون. بۆ نموونە لە ساسوون، بۆتان،وبتلیس(لەکۆتایی 1927) وهێرشەکانی حاجۆ ئاغای هورکی لەناوچەی سنووری سووریە،لە1928. لەفۆرییەی 1929هێزەکانی کورد کە ژمارەیان بە500کەس بەرئاورد دەکرا،گوردانێکی تورکیان لەناو برد. لە قەراخ باشووری ئاگری بازێک لەعەشایەری عەلەوی بۆ ناوشۆڕش هاتن. لەلای باکوور، کۆرحوسین پاشا، کەبەسەرکوتی شۆرشی شێخ سەعید یارمەتی کردبوو بۆ کۆکردنەوەی عەشایەری بەهێزی حەیدرانلی لە سنووری سورییە پەڕیەوە. ئەگەرچ ئەو بۆخۆی لەنزیک ساسوون لە بۆسەی عەشایەری دەوڵەتخوازی مووتەکی(جاش) کەوت و کوژرا،کوڕەکانی عەشیرەکەیان بەداکۆکی لەنەتەوەخوازان ڕەکێش کرد. هێزەکانی دەوڵەتی لەشوێنەکانی دیکە تووشی شۆڕشی دە ناگرینگتربوون.

لە پایزی ساڵی 1925 هیزەکانی کورد، مەڵبەندەکیان لەژێرحوکم و دەسەڵات بوو کە لە ئاگری دەستی پێدەکرد و لە لای باکوور هەتا خۆشاب، هەڵکەوتوو لەباکووری (وان)ی دەباوەش دەگرت. ئەم ڕاستیە کەداوێنەکانی باشووری و ڕۆژهەڵاتی ئاگری بەسنوورەکانی نێو نەتەوەیی پاڵی دابۆوە،

هیوای تورکانی لەگەمارویی شۆڕشگێڕان، و لێک تەلاساو بڵاوکردنیان ناهومێدکردبوو. هەموو دەیانزانی کەئەم جەلالیانە ئێرانین کە کەس وکاری شۆڕشێگێڕان لەمەڕ ئازوقە یارمەتی دەدەن.

دەسەڵاتداران هەتا ساڵی 1930 چاوڕوان مانەوە، ئەو جار دەستیان بە کەڵەکەی قوا لە دەوراندەوری ئاگری کرد. لەحاڵێکدا کە شۆڕشگێڕان، کە ژمارەیان نزیکەی پێنج هەزارکەس بوو حەولیاندەدا ناوچەی هەڵکەوتووی نێوان دوو مەڵبەندی شوێن تێکەریان، یانی ئاگری و دەڤەری ناهەڵبڕاوی باشووری ئەرجیش(هەڵکەوتوو لەقەراخ گۆلی وان) باوێنە سەرگۆڕەپانی ژێر چاوەدێریان، سوپاکانی تورک لە دوو گروپ سەنگریان گرت. گروپێک کە دانرابوو لە ئەرزەڕۆم بۆ لای ڕۆژهەڵات بەرەوپیش بڕوا، وئەویدیکە کەقەرار بوو لە دەوراندەوری باشووری ڕۆژئاوای وان،بۆ لای ئەرجیش و بایەزید ببزوی.

هەر دوو لایان لەداکۆکی دەرەکی کەلکیان وەردەگرت: کوردەکان لەمەڕ چەک و چۆڵ و ئازوقە لەلای کوردەکان و ئەرمەنیەکان یارمەتی دەدران، لەحاڵێکدا هێزەکانی تورک لەلایان شووڕەوی پشتیوانی دەکران، کە وادەیان دابوو سنووری ئاراس گاڵەبدەن و ئیجازە بدەن تورکەکان لەکارئاسانی ڕێگای شەمەندەفەری شووڕەوی کەلک وەرگرن. لە12ی ژوئین شەڕەکی گەورە قەوما،کەدەویدا 15000سەرباز لەگەڵ تۆپخانە و هێزەکانی ئاسمانی بەشداریان هەبوو،و لە ماوەی ویدا هەردوو لاتەلفیاتێکی قورسیان دا. لەمپەری تێکۆشانی هێزەکانی تورک،سنووری نیونەتەوەیی بوو، کە لە قەراخی ڕۆژهەڵاتی ئاگری(کەوشەنی ئێران)تێدەپەڕی. دوایی مانگێک شەڕی دەقورس و پڕ لە تەلەفیاتی دیکە کە ئاکامی یەکجارەکی بەدواوە نەبوو ڕوویدا. لە سەرەتای ژوئیە تورکیە بۆ تارانی زەنگی مەترسی لێدا کە ئەگەر پێشی شۆڕشگێران نەگرێت و پێشگیری لە کەلک وەرگرتنیان لەخاکی ئیران نەکات ئەو مافی (ئازادی کردەوە) بۆ خۆی دەپارێزێ. ئێستا مەترسی شەڕی نێوان هێزەکانی تورکیەو ئیران هەستی پێدەکرێ.

لە سەرەتای ژوئیە هێزەکانی کورد دەستیان بەزیدی هێرشێکی پانووبەرین کرد،ولەم عەمەلیاتە عەشایەر بۆجیاکردنەوەی هێزەکانی تورک لە دەوروپشتی ئاگری، بەرلە پەلامار بۆلای دیاربەکر،لەخاکی ئێران تێپەڕین. هیواداربوون لە ڕێگاگوندییەکان پێیان بلکێن. ڕوزیتافاربز،نووسەری ئینگلیزی،دورست لەوکاتی دا لەسنوورتێپەڕی واردی ناوچەی ئاگری بوو. ئەو لەڕاپۆرتی خۆی دەگوت: (ژنانی کورد هەموو دەتگوت کۆرپەی ساوایان لەکۆڵە تفەنگیان بەدست وەبوو،بەشێوازێک دەجۆڵانەوە دەتگوت شەڕی بەجۆرە سەرگەرمێ وسیاحەتێک دازانن.)بەڵام ئەو شوورو شەوق و سەرمەستیە نەدەتوانی زۆری دوام هەبێت، چونکە لەدوایی زنجیرە تیکهاڵانێکی توند لە دەشتی زیلان بەپاشدا ڕاونران. ئەو گوندەبییانە-ش کە بە بانگەوازی شۆڕش وەڵامیان دابۆوە، وچەکیان هەڵگرتبوو ئەوەندە کارتێکەری پڕوپاگەندەی مەزەبێ بوون، کارتێکەری هەست وپڕوپاگەندەی نەتەوەخوازی نەبوون.

هێزەکانی تورک،کوردەکانیان هەتا ناوخاکی ئیران سەردەدوونان و شوین کەفتن، و دەسەڵاتدارانی ئیرانی دانیشتووی تەورێزیان والێکردن بە شۆڕشگێران(کوردەکانی تورکیە وکوردەکانی ئیران)ڕابگەێنن کەیان دەست وجێ بۆ شەڕ بۆ تورکیەبگەڕێنەوە یان چەکەکانیان دابنێن. لەکۆتایی

ئەوت 3000کورد کەلە60 ئۆردۆگای بچووک دامەزرابوون لەئاگری لەئاڵقەی گەمارۆکەوتن. تورکەکان کەئێستا نزیکەی 50000کەس بوون، دوو ئامانجیان هەبوو، خاوین کردنەوەی ئاگری لە وجوودی شۆڕشگێڕان و ڕاونانیان بۆ ناوخاکی ئیران. تاڵووکەیان نەدەکرد،چونکە دەیانزانی لە وەرزی زستان کوردەکان لەچیا ڕاو دەنێن. لە سپتامبەر گەردەنەی هەڵکەوتووی نێوان ئاگری بچووک و گەورەیان گرت،ژمارەیەکی زۆریان کوشتن و ئەوەی مابوونەوە بۆ باکووری ڕۆژهەلاتیان ڕاونان. هەنۆکە قوشەنی تورک دەستی بەتۆڵە وەرگرتنەوە لەبابەت دەنگۆیەک کەدەیگوت: کوردەکان دیلەکانی تورکیان هەتک دەکردن، گرتووە. بەرلەدەست پێکردنی پەلامار دەستووردرابوو هەرکوردێکی کە وەدەستیان بکەوێت، دەست و جێ بیکووژن. دەسەڵاتداران،پیشتر لە ئەرزەڕۆم و شارەکانی دیکە دەستیان بەگرتنێکی بەربڵاوی کەسانێک کردبوو کە زەنین بەهاوکاری لەگەڵ شۆڕشگێڕان بوون. گەلێک لەو خەڵکە لەسیدارە دران،و ئێستا هێزەکانی تورک 1500کوردیان کەبە دیل گرتبوو، تیرەباران کردن. هەتا مانگی ئەوت لەعەمەلیاتی(پاک وپیس لێک کردنەوە)ی دەورو پشتی ئەرجیش و دەشتی زیلان 3000ژن و پیاو منداڵی ئاسایی بێ چەک یان کوشت بوون،دەچوونە هەرکوێ گوندەکانیان وێران و خاپوورکردن. دوایی بۆ ئەو جێگایانە چوون کە شۆڕشەکانی ناوچەیی لەو هەردان سەریان هەڵدابوو: جولەمێرگ، (حەکاری) سیرەت،لیجە، دیاربەکر، وە تەقریبەن هەتا سنووری ئێراق، کە هەتا کۆتایی ژانویە15000 بنەمەڵە بۆ وێ، هەلاتبوون.
یاسای ژمارە 1850لەمەجلیس پەسەندکرا،هەموو ئەوکەسانەی کەلەم سەرکوتکردنەدا بەشداریان کردبوو لەهەر جۆرە شوین کەفتنی قانوونی لە مەڕ زێدەڕۆیی لەزوڵم وزۆری معاف بێ تاوانی کردبوو. لەسەرەتای ساڵی 1932 پاڕیزگای وان.کە ئۆلکەی گەورەی ئاڵۆزی وپشێویەکان بوو بەتەوای ملکەچ و لاناوچووبوو. هەنۆکە ئەم پاڕیزگایە بەچوار ناوچە دابەش بووە و یەک لەم مەڵبەندانە لەژێر چاوەدێری سەرۆکی عەشیرە بوو کە دەستووری پێ بوو بۆ پاراستنی ئارامی عەشیرەکەی کۆکاتەوە. لەگەڵ ئەو هەمووە لەکۆتایی ساڵی 1932 دەوڵەت هێشتا لە شۆڵی ئیعدامەکان دەست بەتاڵ نەببوو.

سەت کورد کەزوربەیان ژن و مناڵ پێکیدێنا، لەڕێ..گەیشتنە ئیرە(برسین). بزگوڕێکیان لەبەردانەبوو،(ڕووت وقوت) زۆر لەوان پێخواس بوون پیڵاویان نەبوو. چوارگاری،کەباریان نەساخ و بێمارانی ئاویلکە و مری و کەل و پەلی کەسین،و بێ بایەخیان،ئەم نمایشەی کامڵ دەکرد. ئەمانە پاشمەنەی کوردەکانی ئاگرین.

لەگەڵ دەست درێژی تورکیە بۆ خاکی ئێران و وارد بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی کورد، ئیران ڕوو بەڕوو بوونی خۆی لەگەڵ جەرەیانی کوردەکانی تورکیە گوڕی. بەناقائیل بۆ سەروساماندانی سنوور کەتورکیە بەتوندی خوازیاری وی بوو تەسلیم بوو، و ئاتەگەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاگری لە بەرامبەر چەند پارچە هەردی بێ بایەخ لەنزیکی قتووڕ (قطور)وبازرگان بە تورکیەی بەخشی،(هەڵبەتە بەموافیقەتی ڕەزاشا) بوو.

دەسەڵاتدرانی ئێران دەستیان بە دوورخراوە(تبعید)یی جەماوەری کوردی دەوروپشتی (خۆی) و دەڤەرەکانی سنووری کرد-ئەمانە خەڵکانێک بوون دوور لەوانەی کە بتوانن چەک هەلگرن. ڕێووبارێک تووشی قەتارەیەک لەم دوورخراوانە بوو کەبە درێژایی شەش کیلۆمێتر،کەزوربەیان

بریتی لە ژن ومناڵ بوون.  لەمانگی مەی بەم لاوە هێزەکانی ئێرانی دەوروپشتی (قەرەعەینی)پەیتا پەیتا لەلایان کوردەکان هێرشیان بۆسەردەکرا. ئەمانە زوربەی عەشایەری جەلالی وحەیدرانلی بوو. –دەگوترا ئەمانە عەسکەری تورکیەبوون بەجل وبەرگی کوردی- لەکۆتایی ژوئیە ئەرتەش خۆی بەسەرناوچە داسەپاندبوو. ئەمەش یەکێک لەگەمەکانی تاڵی مێژوو بوو کەزوڵم وزۆری سوپای ئیران 405بنەماڵەی لەجەلالیەکانی ئێرانی مەجبوورکرد پەنابەری تورکیە ببن،هەتا لەئاناتۆلی ڕۆژهەڵات نشتەجێ ببن!

لەدوایدا بۆ لێکۆڵینەو لێپێچانەوە لەهۆکاری تێشکانی کوردەکان کات وفورسەت زۆر بوو.  گومان لەمەدایە کە کوردەکان،هەتا لەهەل ومەرجێکی باشتر، توانیبایان تورکەکان لەکوردستان دەربپەڕێنن.  تورکیە، لەشۆڕشی شێخ سەعید نیشانیدا لەچاکتری ئیلاقاتەکان ولجستیکی باشتر کەلکی وەردەگرت،و توانی هێزەکانی گەورە بەسانایەکی زۆرتر لەکوردەکان لەوشوێنانەی کە دەیەویست کەڵەکەبکات.  لەباشترین چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و پێویستیەکانی نیزامی و جەنگاوەری، یەک لەوان فرۆکە،کەلک وەرگربوو. توانایی کوردەکان بەکۆکردنەوەی هێز لەئولکەکانی شەڕگە بەمەرج و، وابەستە بەئامادە بوونی ئێران و چاوپۆشی وی بوو.  هەرکەهێزەکانی تورک لەمانگی ژوئیە –ئیجازەیان پێدرا- هاتنە ناوخاکی ئیران ئیدی کاری کوردان تەوا بوو.

بەڵام جیا لەم هەموو هۆکارانە، لاوازی بنەڕەتی بزوتنەوەی کورد شێوازی تایفەگەری و عەشایەری وی بوو.  پێکەوەیی لەهێزەکانی کورد و نەبوونی هاو هەنگاوی لە کارەکان،شیاوی شەڕی کوردەکانی بەتوندی لاواز دەکرد. زێدەلەمە،لە حاڵێکدا کە خەڵکێکی زۆرو زەوەند حازر بوون کەدژی زوڵم وزۆری تورکەکان ڕاپەڕن،هەروەکوو سەدەی نۆزدەهەم بێ لێبرانەوە دەکرا عەشایەر بدۆزیەوە (جاش)کەگوێچکە بەفەرمان وڕێنوینی حکوومەت بێت.

**ڕێگا بۆ لای درسیم**

لەژوئینی 1943 قانوونێکی توندوتیژی دیکە پەسەندکرا،کەئیختییاراتێکی بەرفرەوانی لە بابەتی هەڵگێڕوەرگێڕی جەماوەر بەدەوڵەت دەدا. یاسای ژمارە 2510،تورکیەی بەسێ مەڵبەند دابەش دەکرد: 1-ئەو دەڤەرانەی کە بە خەڵکانێک تایبەتمەند کرابۆوە کە فەرهەنگی تورکیان هەبوو. 2-ئەو دەڤەرانەی کەخەڵکی شیاوی فەرهەنگی ناتورکی،دەبوایە بۆ لە ناوبردنی فەرهەنگی ناتورکی بۆ وێ ڕاگوێزرین.  3-ئەو دەڤەرانەی کەدەبوایە بەسەرجەم بەتاڵ کرابان.
بۆ ڕاگوێزنی بەزورەمل، ئەو چینی کە ئاتاجیان بە وەرگرتن هەبوو بەدەوڵەت ئیختیارتەواو درا. زێدە لەمە(فەرمی یەتی)وجوودی تەواوی عەشایەرو ئاغاوەت و شێخەکان، بەسەرجەم هەڵوەشاوەو ڕاگەیاندران و ڕەشکرانەوەو یاساخ بوون.  و تەواوی مڵک و ماش و سامانیان بریتی لەزەویوو زارو خانووبەرەو ڕەزو باخ و دوکان، ئەوەی قابل گویزتنەوننییە، لە مالیکیەتی قەبیلەو هۆزو تیرو خیلات و سەردارعیلەکان سەرخێل دان، بەحالێکی ئۆتماتیک وەبەر شالاوی زەوت کردن کەوتن و دەستیان بەسەر داگیرا. سەردارانی دەئەوها لەگەڵ بنەماڵەکانیان بۆ توانەوە لەفەرهەنگی تورکی بۆ

دەڤەرەکانی دیاری کراو گویزانەوە. وادانرابوو تەواوی گوندەکان و ناوەندی ئەوشارانەی کە زوانی داکیان تورکی نییە خاپوربکرین و دانیشتوانیان بۆ مەڵبەندەکانی کە دەواندا زۆرایەتی بەتورک زوانانە دابەش بکرین. هەرجۆرو دەستەبەندی کۆمەڵگایەتی کەدەواندا زۆرایەتی بەتورک زوانان نەبوو یاساخ بوو. وادانرا کوردەکان بە سەرئەو ناوچانە دا داروبەش بکرێن کە نیسبەتی جەماوەریان لەناوچەی لێدانیشتوو لەپێنج لەسەتی سەرجەمی جەماوەر زێدەتر نەبێت،وبەم رێووشوێنە پێناسی کوردی بەتەوای لە ناو بچێت.
هەرچەند لەم قانوونە لەدەکارکردنی وشەی(کورد)بە وردەی دووری کرابوو،بەڵام بۆهیچ کەس جێگای شک ودوودڵی نەبوو کەمەنزوور لەوی، لەناوبردنی تەواوی پێناسی کوردییە. ئەمڕۆ،دارڕژان وپەسندکردنی قانوونێکی ئەوها توندوتیژ جێگای تف ولەعنەت لێکردنە،بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێت کەتورکیە هەرهزرەخاوکاڵ ونەکۆڵیوانەی لە(ئەندازیاری کۆمەڵایەتی) بەڕیوە دەبرد کە نەک تەنیا لەئاڵمانیەی نازی بەڵکوو لەناو گەلێک لە رووناکبیرانی ئۆروپایی بازاڕیان هەبوو زۆرلە برەو بوون.
تەنیا لەکردن نەهاتنی ڕاگوێزانی نزیک بەسێ ملیون ئاپۆرەبوو کەبەڕیوەبردنی ئەم قانوونەی، جگەلەبیچمی کەم و کۆڕی،بە لەمپەرو پێشگیری ڕوو بەڕووکرد. لەگەڵ ئەم هەموو سکاڵاو هاواروسێنگ دارنین کەلەلایان پەنابەرانی وان و مووش و سیرەت،باسی لێدەکرا هەموو حیکایەتی لەمە دەکرا کە کۆشتارو دوورخراوەیی، هەروا بەتوندی بەردەوامە.

تاڵووکەی ئەم قانوونە هێشتا(لەمەی 1932) لەپەسەندکردنی مەجلیسی نەتەویەتی دەرنەچوو بوو کەناوچەی درسیم سەرنجی دەوڵەتی بەخۆوە ڕاکیشا. دەرسیم بەڕاشکاوی جواب جەنگی حکوومەتی دەکرد. لەساڵی 1876بەم لاوە یازدە عەمەلیاتی نیزامی بەبیروڕای سەرکوتکردنی وی سەریگرتبوو. لە1925-1926 دیسان تەنگەژەی وەدیهێنابوو، لە1927 چوارهەزار قازاخ بۆ سەرکوتکردنی عەشیرەی کوچ ئەوشاغ، بۆ وێ ناردرابوو. لە1930بەم لاوە دەوڵەت سیاسەتی دوورخراوەیی چەک داماڵین و نشتەجێکردنی بەزۆرەملی خێڵاتی چادرنشینی بەشێوازێک دەست پێکردبوو کە عەمەلیاتی زیدی ئەرمەنی ساڵی 1915ی بەزەین ومێشک دادەهێناوە. ئەم عەمەلیاتە بە بیروڕای بەرفرەوانکردنی حوکم و شوێن تێکەری زۆرتری حکوومەت لەسەرناوچە بوو. ئەم عەمەلیاتە سەرتا تێکەڵاو بەتوندوتیژیکی ئەوهێندە نەبوو، بەڵام قەرێنەی دیاربوو کەحکوومەت خۆی لەخەوکردوەو چاوەنواڕی هەڵ وفورستە دەکات.

لەکۆتایی ساڵی 1935دەوڵەت نیەتی خۆی بەخەریک بوونی مجد بەمەسەلەی درسیم ڕاگەیاند، و وادەیدا کەبەرنامەیەک بەڕیوەدەبات کەبەپێی ناوەرۆکی وی گوڕانکاری سازمانی ئیداری ناوچە بەدەستەوداوین بەسەرکوتی نیزامی دێتە دی. درسیم لەسەرڕا ناوی پارێزگا و عینوانی تورکی(تونجلی) بەخۆوە گرت. وەزیری ناوەخۆی وڵات، کاتی ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە(بێتاوانانە) ناوچەی بەناوی((مەڵبەندێکی جێ دانیشتوانی خالس تورک)شێکرەدەوە. لەساڵی 1836 بۆ درسیم حاڵەتێکی (نائاسایی) ڕاگەیاندرا، وفەرماندارێکی نیزامی تازەی بەناوی عەولا ئالپ دۆغان بۆ دیاریکرا. فەرماندارە نوێیە پاشماوەی ئەوساڵی بەکۆکردنەوەی هێز هەتا ئەوجێ فکری لێدەکراوە عەمەلیات دژواربێت، و هەروا بە دورست کردنی ڕێگا لەناوچە بەسەربرد.

لە بەهاری ساڵی 1937بوو کە عەمەلیاتێکی مجد دەستی پێکرد: ئێستا نزیکەی 25000سەرباز لەدەوروپشت و قەراخ قوجاخی درسیم مەتەرێزیان گرتبوو. بەلانی کەم 1500کورد بڕیاریان گرتبوو کەپێشی ئەم هێزەبگرن. (درسیم یەکان) چەند قاسیدەکیان وەک هەڵگری قاقەز بۆ لای ئالپ دۆغان بۆ ئالازیگ نارد،ولە ویان داواکرد ئیجازەیان پێبدا کاروباری دەڤەرەیان بەدەستی خۆیان پێڕابگەن و سەرو بەرکەن. ئالْپ دۆغان لە وەڵام بەو داواکاریانە قاسیدەکانی ئیعدام کردن. کوردەکان لەسەرەتای مانگی مەی تۆڵەی ئەم کارەناحەزەیان کردەوە. یانی هێزەکانی تورکیان لە بۆسەخستن و10ئەفسەرو 50سەربازیان کوشتن. ئەشکەنجەو هەتک کردنی کەلاکی تورکان گەلێک تووڕەبوونی وەڕێخست.

لە مانگی ژوئین دەوڵەت بە مەجلیسی نەتەویەتی متمانەدا کەتەلفیاتی هێزەکانی دەوڵەتی کەم بووە وحوکمی حکوومەت لەدرسیم(تونجلی) گەڕاوەتەوە-ئەم داوایە بەخۆ بەدەستەوەدانی 600جەنگاوەری درسیمی مانگێک دوایی وەڕاست گەڕا. لە مانگی ئەوت هێزەکانی دەوڵەتی کوردەکانیان مەجبوورکرد گوندەکانی خۆیان چۆل بکەن،و ئەم ئاوایانە دەست و جێ وێران و خاپوورکران، و کوردەکان بۆ دەڤەرەکانی چەخت و هەڵەمووتی زۆزانان پەنایان برد. بەڵام ئەم جەرەیانە بۆ دەوڵەت بە بایی قورس تەواو بوو: هێزەکانی تورک لە تەکهاوێژی ئەنگێوەیی درسیمی تەلفیاتێ گیانی قورسیان وێکەوت.

لە مانگی ژوئیە سەیدڕەزا،ڕێبەری حەفتاو چەندساڵەی درسیم قاقەزەکی بۆ ئانتونی ئەیدن وەزیری دەرەوەی بریتانیا نارد و لەوی داوای یارمەتی کرد. ئەو لەم نامەیەدا هۆکاری خۆڕاگری و بەربەرەکانی هاو مێوانانی ئەوها دەگێڕێتەوە: دەوڵەت سالها تێکۆشیبوو ئەم خەڵکە بکابەتورک وبیانتوێنێتەوە،ئەوانی سەرکوت کردبوو،چاپەمەنیەکانی کوردی یاساخ کردبوو، وهەرکەسێک بەکوردی ئاخافتبوو ئەشکەنجەو جەزرەبە دابوو،خەڵکی لەناوچەکانی پڕپیت وبەرەکەتی کوردستان دوورخستبۆوە (تەبعید)کردبوو، و بۆسارای ئاناتۆلی بەرێ کردبوو، زۆربەی لەم خەڵکە لە وێ مردبوون،بەندیخانەکانی دارماڵ لەخەڵکی ئاسای کورد،یانی ناچەکداربوو، ڕووناکبیران تیرباران کرابوون یان لەسێدارەدرابوون یان بۆ شوینی دوورکەوتوو دوورخرابوونەوە. و لەکۆتایی نامە دەیگوت:(سێ ملیون کورد،داوادەکەن و خوازیارن کەلەنیشتمانی خۆیان لە سولح و ئاشتی و ئازادی دابژین.) بەڵام کەسێک بەهاواریان نەچوو: یان نەیتوانی کەبێت ونەیدویست کەبێت. سەیدڕەزا و زۆربە لەڕیبەران دیکەی کورد لەو زستانی سەخڵەت نەیانتوانی بەربەرەکانی بەردەوام بکەن خۆیان بەدەستەوەدا. حەوت کەس لەوان کەیەکێکیان سەید ڕەزا بوو دەم و دەست ئیعدام کران.

تێبینی: پارێزگار لەسەرەتای سپتامبەری 1937 ڕادەگەیینێ کە دەوڵەت بڕیاری گرتووە داخوازیەکانی خەڵکی درسیم جێ بەجێ بکات...سەیدڕەزا بەم وادەو بەڵێنە متمانە دەکات و بۆ وتووێژ لەگەڵ پارێزگار بۆ ئەرزنجان دەچێت، و لە وێ لەپێنجەمی سپتامبەر دەست بەسەری دەکرێ...سەیدڕەزا کاتێک لە کۆشکی پارێزگای دێنەخوار هەرئەوەندە فورسەتی بۆ دەڕەخسێ کەچەند وشەیەک لەمەحکوومیەتی (ئەو دەوڵەتی دروزن و بێ شەڕەف) بێنێتە سەر زبان... (بزوتنەوەی نەتەوەی کورد،کریس کۆچرا،لاپەڕەی 162 وەرگێڕاوەی برایم یونسی.)

ئەوانی دیکە لەدەڤەرەکان بەرەنگاری خۆیان بەردەوامکرد. لەماوەی بەهاری ساڵی 1938بۆبارودومانی ئاسمانی تۆپ باران و کەلک وەرگرتن لەگازەکانی شیمیایی دەستی پێکردەوە. چونکە شورشگێران خۆیان بەدەستەوەنەدا،دێهاتی زۆرتر وێران کران. لەمەنگی ئەوت،سێ سوپا،زورترلە50000کەس لەدەورەپشتی درسیم سەقامگیر ببوون: ئەمە(تیاتروی ڕێژیمی دەسەڵات) (خۆڕانەگری)ئەرتەشی تورکیە)بوو. چل فرۆکە بۆ بۆمباردومان و عەمەلیاتی ناسان وئاگاداری لەناوچە ناوەندیان پێکهێنا،هەرچەند ئەم عەمەلیاتە لەژێرناوی (مانووڕی ساڵانەی ئەرتەش)بەڕیوەچوو بەڵام هیچ کام لەئیلاقەمەندی نیزامی دەرەکی بانگهێشتن نەکران- دەسەڵاتدارانی تورک پێیانخۆش نەبوو بیانیەکان شایەتی بەرەوپشچوونی هێزەکانیان لەدەڤەری درسیم بن. ئەم هێزانە درسیم یان لەم سەر هەتا ئەوسەربست بە بەست و قولانج بە قولانج خستە ژێرشاڵاوی هێرش و ماڵ بەماڵ پشکنین، شۆڕشگێڕانیان گرتن، گوندەکانیان ئاگر تێبەردان و سوتاندن، و سەرجەمی ئەو ناوچانەی کە شوێنی کەلک وەرگرتنی شۆڕشگێڕان بوو، بۆنموونە ئاشکەفتی ئەوهای لێبوو کە شۆڕشگێڕان لەوانیان ئیسفتادەدەکرد(نائاوەدان)ڕاگەیاند. دەنگووباسێ ناخۆش وردە وردە بۆ دەرەوە چوودەر:

لەسەرینچاوەی جۆراجۆر ئەوها هەڵدەکرێ،کەدەسەڵاتدارانی نیزامی(تورکیە) لەپاک و پیس لێکردنەوەی ناوچەکانی کوردنشین، لەو جۆرەشێوازانەیان کەلک وەرگرت کەلەماوەی شەڕی دنیاگر،دژی ئەرمەنیەکان جوڵانەوە. هەزاران کورد،لەوان- ژن و مندال کوشتارکران،بەشێکی زور لەئاپوورە یەک لەوان هەزاران زارۆک، لەچەمی فەڕات هاویژران، ئێستا لەناوچەکانی دیکە کە دوژمنایەتیەکی ئەوهایان لەگەڵ حکوومەت نیشان نەدابوو مەڕوماڵاتی هەزاران وەرزێریان لێ ئەستاندن و خاوەنەکانیان بۆ پارێزگاکانی هەلکەوتوو لەئاناتۆلی ناوەندی دوورخستنەوە(تەبعیدکردن).

بەردئاورد دەکرێ کەلەم جەرەیانە(جنوساید)40000کەس کوژران،هەرچەند ئەم بەرئاوردە ڕەنگە پێیوەنرابێ. سێ هەزارکەس لەمرۆیێ ماقول و خەلکی ئاسایی دوورخرانەوە. پاشماوەی ئاپوورە لە ژێر چاوەدێری پێگەو پادگانەکانی ناوچە قەراریان گرت. چاخێک دەڤەر یەکچەلی (ئەهوەن بۆوە،تیپێکی شاخاوی تایبەت پێکهات کە دەستووردرا بۆ هەمێشە لەدرسیم(تونجلی) بمێنێتەوە.

لێژنەکانی دیپلۆماتێک بەوێدا تێدەپەڕی،بەرادەیەکی تەقریبەن تەواو ئاگاداریان هەبوو، ئەممائەم هەمووەزوڵمە و زۆریە بۆیان جێگای باوەڕ نەبوو. دونیای دەرەوە خەبەرێکی لەم مەسەلانە نەبوو. تایمز بە لاساکردنەوە قسەکانی بەدرۆی عسمەت ئینونۆی چەندپات دەکرد، کە: بەڵێ، لەتەنجلی لە(پەیوەند لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەروەردەو فێرکردنی بەزۆرەملی هێندێک دڵ ئێشی سەری هەڵداوە...)شتێک کەسەدان فەرسەخ لەگەڵ زەین ومێشکی خەڵکی نێوانی هەبوو، هەروەک لەدوای کۆتایی (وەزیتی نائاسایی)هاواڵدەریک کەلەناوچە سەردانی کرد نووسی:

گەیمە تونجلی،درسیم-ی پێشوو. ناوچە،بەتاڵ بوو. کارگێرانی باج و پێتاک و پۆلیس تەنیا کارگێرانی حکوومەتین کە خەڵک لەناوچە دیویانن...نە قوتابخانەیەک نە دکتوورێک. هەتا نازانن(دەرمان) مانای چییە. ئەگەر سەبارەت بەدەوڵەت لەگەڵ ئەوان باخوی،ئەوان دەست بەجێ

لەوی بەکاربەدەستی باج وپێتاک وپۆلیس لێکدەدەنەوە. ئێمە بەخەڵکی درسیم شتێک نادین،فەقەت لێیان وەردەگرین،ئێمە حەقمان نییە لەگەڵ ئەوان بەمجۆرە ڕەفتاربکەین.

وەکوڵهاتنی درسیم کۆتایی وەکۆڵهاتنی عەشیرەیی دژی ڕێژیمی کەماڵیستی بوو. تەنیا لە کۆتایی ساڵی 1946 بوو کە بڕیارگرترا بە(وەزیتی نائاسایی لەتونجلی)کۆتایی بێنن،و بە بنەماڵەکانی دورخراوەیی ئیجازەبدرێ بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە.

لەم نێوەدا دوورخراوەیی خەڵکی کورد و نشتەجێ کردنی تورکەکان بۆ بە(تورک کردنی)کوردستان هەروا بەردەوام بوو. لە1942(خۆی بوون) ڕاپۆرتی مفەتیشی گشتی ناوچە(دەبەرخۆگرتنی بتلیس،دیاربەکر،وان، حەکاری،مووش،ماردین،ئۆرفە و سیرەت)بڵاوکرد،کەدەویدا دەگۆترا سێ هەزار ئاغا و شێخی دیکە بۆ دوورخراوەیی بۆ ڕۆژئاوا دیاری کراون. لەم ڕاپۆرتەدا لە سەرنج بە(هەڵسەنگاندنی جەماوەری)قسە گوترا بوو. لەسەرژمێری ساڵی 1927جەماوەری دەڤەری ناوچەی مفەتیشی گشتی (ژمارە1)دەباوەشگرتووی پاڕیزگاکانی ڕۆژهەڵاتی 870000ناو برد بوو،کە لەم ژمارەیە 543000 کەس کورد بوون. لە1935ئاپۆرەی مەڵبەند بە ملیونێک زێدە ببوو،کەلەم ژمارەیەش 756000کەس کورد زوان بوون. ژمارەی تورکەکان تەنیا 228000کەس بوو. بەمجۆرە جەمعیەتی کوردەکان لە62بە72دەرسەتی گشتی جەماوەری ناوچە زیادبوو. تەنیا نشتێ جێی بەزۆرەملی دەیتوانی تەنگەژەی هەڵسەنگانی جەماوەرحەڵ بکات، و ڕاپۆرتی ناوبراو ڕایدەسپارد کەهەرسێ ساڵ سێ گوندی تورک نشین بریتی لەسەت بنەماڵە،لەناوچە دورست کرێ-کەهەڵبەتە ئەمە شتێک نەبوو کە لەسەربناخەی وی،بتوانن هەڵسەنگانی ئاپۆرە بەقازانجی تورک بگۆڕن. ڕاپۆرت بەلاق قرسان خوازیاری ئەمە بوو کەقوتابخانەی شەوڕوژان بۆ قوتابیەکان پێکبێنن و بە واسیتەی ئەم قوتابخانانە هەموو شوێنەواری پێناسی کوردی لە زەین زارۆک ومنداڵان ڕیشەکێش بکەن. ئەم ڕاسپاردانە لەراستیدا بەدواگەفتنی هەرئەو ئامانج بوو کە دەیەی پێش لەوی، لە مەجلیسی مەزنی بۆخچەی کرابۆوە. تورکیە بێ شک وگومان لەبیروڕای دابوو ڕەچەڵەی خەڵکی کورد یەکچەلی ببڕێتەوە وڕیشەکیش بکات،بەڵام بەرفرەوانی و عەزەمەتی بەڕیوەبردنی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ لەدەست هاتنەکەی نەدەخوێندەوە. بەڵام ئەمە جێگای قسە لەسەرکردن نەبوو کەکوردەکان بەگشتی ترسیان ڕێنیشتبوو. کوردەکان هەنووکە بەڕەواڵەت چارەنووسی خۆیان قەبووڵ کردبوو، بەڵام هێشتا دەبوایەکەبە(تورکی دەباش)یان بەقسەیەکی دیکەبە(تورکی وەحشی)گۆڕدرابان-لەساڵی 1938 بەم لاوە کوردەکان بەم ناوە ناودێر کراون، بەم ناوەیان هەلدەدەن. و هیوا لەسەر ئەمە هەڵچنیبوو کە شتێکی کە گوڕانکارێ بەزۆرەملی لە ئەنجامدانی عاجز بوو، مرووری زەمان جێ بەجێی بکات. لەدەیەی 1930 بەملاوە بۆ هەوەڵین کەڕت لە1965 بەدەرەکیان ئیجازەدرا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەجلە بگەڕین.

مانەوەی ئیسلامی خەڵکی

تێکۆشان و حەول و تەقەلا بۆ لە ناوبردنی تەریقەتەکانی سۆفیە (تەسەوف)یش لەگەڵ دوورخراوەیی ڕیبەرانی بە ئاکام نەگەیی. گەلێک لە شێخەکان بۆ هەرشوێنێک بەرێکران،بنکەکانی خۆیان

سەرلەنوێ بنیات نان. بل لەمە، بە ئەنجوومەنی تورکی دینداری ناوچەی دوورخراو گۆڕان. بۆ نموونە،شێخەکانی نەخشبەندی کە بۆ (منەمن) دوورخرابوونەوە، لە وێ بزوتنەوەی زیدی کەمالیستیان وەدیهێنا. کاتێک ئەم بزوتنەوە لە1931 دۆزراو، دەسەڵاتداران لەترسی دژکردەوەی خەڵک لەئیعدامی بەکۆمەڵ ڕیبەران ترسیان رێنیشت.

هیچ هێزێک(هەستی)مەزەبی وەک سەید نورسی نیشان نەدا. ئەولەکاتی شۆڕشی شێخ سەعید لە وان بوو. وەک دەزانین سەید نورسی لە یەکەمین کەسانێک بوو کە هەرلەسەرتا لەسەرپێناس و کەسینی کوردی لاقی دادەگرت. ئیستا ئەویان بەمانەوە لەئەسپارە مەجبوور کردبوو،کەلەڕاستیدا لەگەڵ (قوتابخانە)کان و شوێنی پاراستنی پیشەکەی نوسخەی ڕۆژئاوای بتلیس بوو. هێندی پێ نەچوو کەکۆمەڵێک مریدولایانگری لەخۆی کۆکردەوە، ولەگەڵ گروپێک کەدەرو پشتیان گرتبوو فەرمانداری ناوچە،ناچاربوو بۆ گوندێکی دوور لەشاری دووربخاتەوە. لێرە ئەو بە فەرمانێک کەلە 1932دەرچوواند دەستووریک کت درابوو لەمەوپاش بانگ بەزبانی تورکی بدرێ بە دژایەتی قیت بۆوە وهەڵویستی گرت، ئەویان بە سۆکایەتی پێکردن بۆ ئاسپاردە گەڕاندەوە. ئێستا ژمارەی لایانگرانی لەزێدەی دابوو، نوسینەکەی دەست بەدەست دەگەرا. لەسەڕا خراوە بەندیخانە،و بە تاوانی بڵاوکردنەوەی ئەم نوسینانە بەیازدەمانگ زیندان مەحکووم بوو. سەید بۆ بەرگری لەخۆی بەم خاڵەی خۆی پشت ئەستووردەکرد کەئامانجی وی نەک پێکهێنانی تەریقەتی نوێ بەڵکوو پتەو بوونی دین بووە-کەتەنیا ڕیگای چوونە بەهەشتە. زێدەلەمە لەسەرئاقیدەی زەبر هەڵنەگری خۆی، لە سەرئەم بابەتە پیی داگرو سوور بوو کەموسڵمان بوون، بوشێوەیەکی یەکجارەکی ویەکچەلی گرینگتر لەتورک بوون و یان کورد بوون ویان هەر نەتەوەیەکی دیکەیە. چاخێک کەلە 1936 لەزیندان ئازادبوو ئەویان بۆ کاستامونو نارد. ئەو لەوێ جگە لەمە کە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئاسپارتەو شوێنەکانی دی پاراست،پەیوەندی دە تازەی بەدیهێنا. لە1843دیسان گیرایەوە،کەبێ تاوان ناسراو ئازادبوو بۆ ئافیون بەرێکرا. چارێکیتر لە1948 بەپێکهێنانی بزوتنەوەی مەزەبی تۆمەتبارکرا. هەتا کۆتایی هەودای ژیانی لە1960هەروا لەژێر چاوەدێری دابوو. لەگەڵ ئەم هەمووە ژمارەی لایانگرانی نورس(نورجولوگ)هەروا بێ پسانەوە لەزێدەیی دابوو، و ئەمرۆکەش کۆمەڵیکی بەرچاو پێکدێنن.

سەید نورسی بەناوبانگتری ئەم شێخانە بوو، بەڵام تەنیا ئەو نەبوو. بۆ نموونە ماقووڵانی بتلیس و ئەرزنجان پەیوەندی دەنزیکیان لەگەڵ شێخەکانی نەخشبەندی ئەم پارێزگایانە هەبوو، پیاوەگەورەکانی ئەرزەڕۆم-یش لەگەڵ شێخەکانی قادری زورنزیکاتیان هەبوو. ئەم ئیلاقاتانە دەورانی دوورخراوەیان تێپەڕکرد. مریدەکانی دیهاتی وێدەچوو کەماسیان تێکەوتبێت بەڵام پەیوەندیەکانی بنەڕەتی هەروا لەسەرجێگای خۆیان بوون،کاتێک کەئیجازەی خۆنواندنیان وەرگرت، سەریان هەڵدا و ئاشکرابوون.

کەچی هەتا ئێستا دەم بەم مەسەلە دانەدەهات بەڵام لەنێوەدا ڕێگای ئیسلامی ئاپۆرەو ناسیونالیسم(نەتەوەخواز)یش بەیەکچەلی لە یەکترجیابوون. چاخێک لەدەیەی 1950 دەوڵەت هەنگاوی لەرزۆکی بۆ دێموکراسی و زوربوونی حیزبەکان هەڵگرت وئەم دووە سەرلەنوێ بۆ ڕاستایی هاتن، لەسەریەک لایانگرانی خۆیان دەڵگەرم وهاندان کەلە سیاسەتدا لە ئاینیەکانی یان

حیزبەکانی ناتوندرۆ داکۆکی بکەن. ناسیونالیستەکانی کورد-یش ئاگاداری گروپەکان و حیزبەکانی سیاسی بوون. ئەم هەر دووە، بەمڕوری زەمان، بوونی بە هۆی نفرەت وبیزاری یەکتر.

سەرچاوەکان:

بریتانیای مەزن،بإنەکراوە: ئارشیڤی گشتی: سیریکانی وەزارەتی دەرەوە 371شمارەکانی 6347، 6369، 7781، 7858، 10078، 10089، 10121، 10833، 10835، 10867، 11528، 11557، 12255، 12321، 13032، 13037، 13089، 13792، 13827، 14579، 14580، 15369، 16035، 16047، 16981، 16983،20087، 20092، 20864، 21925، 130167، وەزارتی دەرەوە 261/424،فەرماندەری 6/133/730و7/157/730فەرماندەری 2/21/732،

بریتانیای مەزن، ئەسنادی فەرماندەری و ئیدی. کۆنفرانسی لۆزان:

ئەسنادی دەرجە دووەم: وتارەکانی ئەتاتورک،سوریا بەدرخان،داوی کوردستان دژی تورکیە(فیلادلفیا،1929)، مارتین وان بروئن سن، ئاغا،شێخ ودەوڵەت،بلچ شیرگوە،مەسەلەی کورد،خاستگاکان وهۆکاری وی،(قاهیرە،1930)ضیاءگوکالپ،اصول ترکیسم(آنکارا،1920 وچاپ روبر دورو،لندن،1968)وناسیونالیسم ترک وتمدن غرب:مقالات منتخب ضیاءگۆکالپ(چاپ نیازبرکش،لندن،1959)،کنداڵ(کوردستان درترکیە) احسان نوری،شورش آگری داغ(ژنو،1986)،اولسن،ظهور...شریف،الجامعات والاخراب الکردیە.

مجلات: اکیبینە دوگو(استانبول)تایمز(لندن).

نشرنشدە: حمید بوزارسلان: مسألة ناسیونالیسم کرددرترکیة کمالیست)رەسالة دەرة دیپلم مدرسە عالی اقتصاد...پاریس 1986)

یادداشتەکان:

1-تکیەام بطورعمدە برگزارش اولسن درظهور...بودەاست،صفحەهای 26-41، 2-اتاتورک،نطقها،صفحە 57. 3-سکاک شمارە 39،آوریل 1987،بەنقڵ لەگفتار ضبط شدە،دستورات، وجلسات سری مجلیس کبیرملی. 4-بیانات ایراد شدە در1-مە1920،بایگانی مجلیس کبیرملی،بەنقل لاسکاک،شمارە9،آوریل 1987. 5-حاکمیت ملی،6،مە 1921،دربولتن دەرەی،12آوریل-25مە1921، بونقل لزبوزاەسلان،(مسألةملی

کرددەترکیة کمالیست)صفحة 40، 6-اظهارات پارلمان،20آوریل 1920،مجلیس
کبیرملی،سکاک شمارة29،آوریل 1987. 7-
السن،ظهورناسیونالیسم کرد،صفحة40. 8-ۆزارەت خارجە371/
7781نامة مورخ 29مارس 1922رامبولد بەکزن،استانبول، واولسن،ظهورناسیولسم کرد،صفحةهای 39-
40. 9 –وەزارەت خارجە7858/371،یادداشت مورخ 4مارس 1922راولینسن دربارة وضع
وموقع دولت آنقره. 10-ضیاءگۆکالپ،اصول
ترکیسم(آنکارا،1920،بەترجمة روبر دورو،لیدن،1968) صفحەهای 12-15.
11-(ماتریالیسم تاەیخی وایدآلیسم اجتماعی) آنکارا،8مارس 1923،بەنقل ازناسیونالیسم ترک
وتمدن غرب،نوشتةبرکش،صفحة 65. 12-(ملێت من)نوشتة کوچوک مجموعة شمارة
28،دیاربکر،1923،بەنقل لزناسیونالیسم ترک وتمدن غرب نوشتة برکش،صفحة 44. 13-
بریتانیا کبیر،کنفرانس لوزان،صفحة 342. 14-بریتانیای کبیر،کنفرانس
لوزان،صفحة 345. 15-این بیانات دەپاسخ بەپرسش امین،روزنامەنگاری
درازمیت ایرادشد. درشانزدهم وهفدهم ژانویة 1923 درڕوزنامەهای ازمیت منتشرشد. نگاەکنید
بەتورک ترتیب تورمو،اتاتورک وتورک دوریمی آراستیرمرکزی،شمارە1089،صفحة 15،نقل شده
دراکیینه دوگرو،6نوامبر 1988،جلد2،شمارة 46. 16-اکیینه
دوگرو،جلد2،شمارە46مورخ6نوامبر1988. 17-خزدرمواردکەتصریح کردەام این گونه
گزارش بطورعمده از ئاغا،شێخ ودەولت بروئن سن(شفحەهای 281-305)وظهورناسیونالیسم کردنوشتة
اولسن(صفعەهای 91-127 اقتباس شدەاست. 18-قانون اعادة نظم (تقریری
سوکون)تایمز،مورخ 6مارس 1925. 19-وەزارەتی دەرەوە10867/371نامة مورخ 10مارس
1925لیندزی بەچمبرلن،استابنول. 20-وزارت
خارجە371/ 10867نامة مورخ 13اوت 1925 هور بەچمبرلن، استانبول.
21-وزارت جارجه 14579/371ادموندز(یادداشت های دربارة سفر بەدیاربکر، بتلیس وموش) مه
1930. 22-اتاتورک،نطقها،صفحة 722.
23-بوزارسلان(بین امت وناسیونالیسم) صفحة13، 24-وزارت خارجە371/
10835نامة مورخ 7اکتبر1925 لورن بەجیلیات اسمییت،تهران.
25-وزارت جارجە11825/371نامة مورخ 16 ژوئن 1926نایت بەلیندزی ترابزان.
26-وەزارت خارجە12255/371نامةمورخ 22ژوئن کلرک بەچمبرلن، استانبول.
27-وزارت خارجه 12255/371نامة مورخ 22ژوئن 1927کلرک بەچمبرلن،استانبول.
28-وزارت خارجە12255/371نامةمورخ 9اوت کلرک بەچمبرلن،استانبول. 29-تایمز،7 آوریل 1928.
30-1قید، 7مه 1825،درکردستان،نوشتة قاسملو،صفحة 52. 31-وزارت خارجه
10867/371 نامة مورخ 16 اکتبر لیندزی بەچمبرلن،استانبول.
32-وزارت خارجه 12255/371 نامةمورخ 4 ژانویة 1927کلرک بوچمبرلن، آنکارا، تقریبا عین گفت
وگودرشمارة11557/371وزارت خارجە،نامة مورخ 20دسامبر1926 کلرک به
اولیفانت(استانبول)بەهاوپێچی گزارش تکان دهندة سابز متعاقب کلاقاتش باتوفیق ڕشدی
در23نوامبردرآنکارا،منعکس است. 33-وزارت خارجه
12255/371نامة مورخ 15نوامبر1927 هیوبوچمبرلن،حلب.
34-ثریابەدرخان دعوی کردستان علیه ترکیه(فیلادلفیا،1929)صفحة 63،بلچ شیرگۆە،مسألة

كرد (قاهره، 1930)صفحة 33.                35-وزارت خارجه 371/ 13827خلاصة نسخة ضميمة دعوى كردستان  عليه تركيه.                                          36-وزارت خارجه  14579/371،ادموندز،يادداشتهاى  سفربه  دياربكر،بتليس  وموش،مه 1930.
37-وزارت  خارجه  12255/371نامة  مورخ  14دسامبر  هور  بەچمبرلن،استانبول.
38-سالنامة  آمار،33-1932،بەنقل  ازبوزارسلان  در(مسألة  ملى  كرد)صفحة  23.
39-از 4400كيلوميترراه  دركردستان  تنها 896كيلوميترآن  در 1930  قابل  استفاده  بود.
در 1932از 4606اتوموبيل  تنها 233واز 2657واز 432دستگااتوبوس  تنها 50دەستگاه  دركردستان  بود.
سالنامةآمارى، 33-1932بەنقل ازبوزارسلان در(مسألة مليكرد)صفحة 12،   40-براى داستان حاجو نگا كنيد  بەآغا،شێخ  ودولت  نوشتة  وانبروئين  سن،صفحەهاى  105-101.
41-وزارت خارجه 14580/371ضميمةنامة مورخ 16ژوئية 1930 كلرك بەهندرسن،استانبۆل. نگاه كنيد هنچنين بەتايمز،مورخ 17ژوئية 1930.     42-وزارت خارجه 14580/371،نامة مورخ 16ژوئية 1930 اوليرى بەكلرك،استانبول.                                     43-وزارت خارجه 1689/371،نامة  مورخ  20دسامبر 1932متيوزبەمورگان،  مرسين.
بيشترخانوادەهادرتراس(تراكيه)ياچناك اسكان شدند،وزارت خارجه 16983/371گزارش سالانه براى تركيه(8932از 300بازداشتى درپايان شورش آرارات يادميكند،كەازاين عده 30تن محكوم بەمرگ شدند.      44-وەزارت  خارجه  14580/371،نامة  مورخ  15نوامبر 1930  متيوز بەكلرك،ترابوزان،وەزارت خارجه 16074/371دفترداداشت وقايع روزانة كنسولگرى تبريز، 5 ژانويه وسپتامبر 1932.                         45-وزارت خارجه 371/ 20087نامةمورخ 3ژانوية 1936لوربەايدن،آنكارا.

46-وزارت خارجه 20864/371نامەى مورخ 30ژوئية 1937،سەيدرضا بەوەزيرى خەرجة بريتانيا.

47-وزارت خارجه 371/ 21925داداشت مورخ 27سپتامبر 1938 جانشين كنسول بريتانيا درترابوزان بەسرۆرسى لورن(دربارة عمليات نظامى دردرسيم) سرپرسى لورن اظهارنظر دراين بارەنكرد.نمى توانست  بپذيرد  كەدولت  چنين  اجحافاتى  رااجازه  ميدهد.
48-ال. رامبو،كردها وحقوق(پاريس 1947)صفحة 39،بەنقل ازجويده،درجشن ملى كرد،صفحة 39.
49-(كردهايى كەبەڵاموزش مخالفت مى ورزند.)تايمز،16ژوئن 1937.     50-عثمان متە،سون پستا،آوريل  1948،  بەنقل  ازكندال  در(كردستان  تركيه)  صفحة  72.
51-اين مطالب تقريبا بەتمام وكمال ازنوشتة شريف ماردين تحت عنوان دين و تحول اجتماعى درتركية جديد گرفته شده.                                    ------------------------------------
----------------------------

پاژى 10،

## کوردەکان لەحکوومەتی ڕەزا شا،

سەروتار

لە ماوەی دەیەکانی 1920و 1930 وەزیەتی کوردستان کارتێکەرلە سەقامگیر بوونی حکوومەتێک بوو کە هێندە بەهێزو تواناو بوو کە بتوانێ حوکم و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە وڵاتێک کەهەتا ئێستا زۆر ناسەقامگیر بوو بە ڕیوەبەرێت و پاشاگەردانی عەشیرەکان بوتوندوتیژی سەرکوت بکات و کۆچ و کۆچباری عەشایەری بەئیختیدار و قودرەت بەرتەسک بکات.

بەرپیوارو شاراوەی تووانایی ناوەندی لە بەسەردا سەپاندنی حوکم و دەسەڵاتی خۆی لە دەورو پشت ،لەتکنولۆژی نیزامی شاردرا بۆوە. یەکەمین شەڕو پێکدادانی بەڕاستی کوردەکان لەگەڵ ئەم تێکنۆلۆژیە نوێیە،ڕەنگە لە(ئولکەی شەرگە)بێت، کەلە ماوەی وی، داودخانی کەڵهوڕ کوژرا. چەکەکانی خانەدار، بەتایبەت(تۆپخانەی پۆشتە بەسیستمی ماشەکشاوە، ئیدرولیک)بە تواناکردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئالێکاری کرد،و ئەم چاکتریە هەتا ئەوکاتیش کە عەشایەر ئەم چەک و چۆڵەیان وەدەست هێنا،دیسان هەروا باقی بوو،چونکە تۆپخانەو ڕەشاشەکانی نوێ، بۆ وەی کەکارتێکەربن ئاتاجیان بەفیربوونی و لێڕاهاتن و پسپۆری هەبوو، و تەنیا پل ودەستەکانی نیزامی بوون کە دەیانتوانی فێربوون و ڕاهاتنێکی ئەوها و سەرافەتی و پسپۆریەکەی دابین کەن. لەدوایی دەیەی1920 کەماسیەکی گرینگ لەوڵات هەستی پێدەکرا ڕیبەرێکی لێهاتووی دەویست کەبتوانێت ئارامی و بەسەرەوبەری و هاوهەنگاوی لەوڵات، بەسەرجەم،دابسەپێنێت. ڕەزاخان ئەم ڕۆڵەی بەڕیوەبرد. هەرچەند سەرکەوتوو نەبوو عەشایەر بە خروپتوونی لەناو ببات و کەش و هەوایەک کەئەو عەشیرانە لەناوچە تێیدا دەجۆڵانەوە ئاوەژو کاتەوە و بگۆڕێت. کاتی وازهێنانی وی لەسەلتەنەت لە1941 قودرت و ئیختیداری سەرۆکان و سەردارانی عەشایەر سامان وملکێک بوو کە هەیانبوو یان وەزیت و شان و شەوکەت و دۆخ و هەڵکەوتێک کەلەتاران یان ناوەندی و پارێزگاکانی شارەکانی دیکە بوو کەلێیان کەلک وەردەگرت، و دەسەڵات و قودرەت عەشیرەیی لەسەراوژێری لە ناوچووندا بوو،هەتا لەدوایان کەلەساڵەکانی 1941-1946دیسان جارێکیتر گیانی تێزا.

## ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سەرداری عەشایەری شکاک(سمکۆ)

لەکۆتایی شەڕی دنیاگری ئەوەڵ،ئێران لەمەڕ ئابووری و ئیداری ئیکجارئاڵۆزو پشێو بوو. شەڕەکانی تایەویی و عەشایەری، کەس بەکەس و قات وقڕیەکی زۆر ناوچەکانی لە باوەش گرتبوو، گیلان لەشورش دابوو، شووڕەویەکان وئینگلیزیەکان هەر دوو هێشتا لە ناو خاکی ئێران بوون، لە تاران دەوڵەت لە ئاکامی ناڕازی بوون لەپەیماننامەی ساڵی 1919 لەگەڵ بریتانیا کەئیرانی بەچەشنی وڵاتێکی بن دەست لێدەکرد،لەهەڵوەشان بوو. لەکۆتایی ساڵ یەکێک لەتەنگژەو گیروفت و تەنگەو چەڵەمەی ئیران وێچوونی بەرەوپێش چوونی شورشگێڕانی قەراخی دەریای خزر بە داکۆکی ئەرتەشی سووربۆ لای تاران بوو. ئێران لە هەرکاتی دیکەی سەدەی نۆزەدەهەم لاوازتر بوو.

لەسەرەتای ساڵی 1921ژەنەراڵ ڕەزاخان، کە یەکەمین ئێرانی بوو کە بەفەرماندەری فەوجێک قازاخ دانرابوو، دەستی بەسەرتاران داگرت، و حکوومەتێکی پێکهێنا و بۆخۆی وەزیری بەرگری و فەرماندەری گشتی قوشون بوو.  دنەی ڕەزاخان نیشتمان پەرستێکی توندی وی، و بڕیاری وی،بەرزگاری ئێران لەهەر جۆرە دەست تێوردان و حزووری دەرەکی بوو. یەکەمین ئەرکێک کەئەو لەسەرخۆی واجب کرد بوو دابین کردنی پەیوەندیەکانی ئەرتەش و گەڕانەوەی حوکم و دەسەڵات لەپارێزگاکان بوو.  بەڕێوەبردنی ئەم ئامانجانە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیرانی نوێ و حکوومەتی سەقامگیر بوو.

لە کوردستان شوێنەواری کودتای ڕەزاخان دەست وجێ وەبەرچاو نەکەوت وئاشکرا نەبوو دەڤەر هێشتا لەگەڵ مسیبەت ودەردو بەڵای پەیدابوو لەشەڕ دەست بەیەخە بوو.  بۆ نموونە،زوربەی لەو سێسەت گوندەی دەشتی ورمێ وێران وخاپوور ببوو، لەحاڵێکدا دانیشتوانی خۆدی ورمێ لە25000کەس بە5000کەس لەکەمی دابوو.  مەڵبەند تووشی ئاڵۆزی وبێ سەروبەری ببوو، عەشایەر لە دوای تاڵان وبڕۆ ڕاو ڕووت بوون.  یەکێک لە ناحەجمینتری وان عەشایەری شکاکی عەبدۆیی بوو کەسەرداری وان (سمکۆ) بوو،کە هەم بەتاڵان وڕاو ڕووت خەریک بوون وهەم دێهاتەکانی نێوان خوی، وسەڵماسی دەست بەسەرداگرتبوو.

تێبینی: ئەمەی لەبابەت سمکۆ گوتراوە لە مێژووی پڕلەدرۆ دەلەسەی عەجەمان وەرگیراوە، دەناسمکۆ،قارمانێکی کەم وێنەی کورد بوو وبۆ ڕزگاری کورد ڕاپەڕی ئەوکات قولدری زەزاخان گەیبوو ئەوپەڕی خۆی، ئەو قوڵدرەخوینمژە دەسەر سەرەڕۆیی خۆی گەڕا لەحاڵی دوورخراوەیدا لە دوورگەی هامبورک توون بەتوون بوو.(وەرگێڕی کوردی)

---

تێنینی: ئاکامی ئەم نیشتمان پەرستییەی توند، دەوڵەمەند بوونی ڕەزاشا و هەژار بوونی چینی خەڵکی وڵاتی لێ کەوتەوە. ڕزاخان لەکۆتایی دەست کێشانەوەی لە سەڵتەنەت، گەورەترین فئوداڵی وڵات بوو، دراوێکی زۆری لەبانکەکانی دەرەوەی وڵات هەبوو، لە حاڵێکدا کە خەڵک لەگەڵ هەژاری بەدبەختی دەست بەیەخە بوون.  ئاوەدانکردنەوەی بەڕەواڵەتی دوو وڵاتی تورکیەی کە ماڵی وئێرانی ڕەزاخانی بە ڕێنوێنی ئینگلیستان بوو کە دەیەویست بە سەرگەرم کردنی ئەم دووە کلاوی کپی کۆماری وکلاوی پەهلەوی، شەرعیەت پێدانی ئێراقی(تازەبنیات نراو) دابین بکات، و ئەوی لە سیاسەتەکانی خۆی لە بەرامبەر ئێراق دابنێت.(ویراستار)

---

عەشایەری ئەوها ئەگەرپێکەوەش یەکگرتوو بوون دیسان تێکۆشان وحەولدانی حکوومەتیان بۆ گەڕانەوەی حاکمییەت بەناسەرکەوتن ڕوو بەڕوو دەکرد.  یەک دوو جار بە بیروڕای یەکیەتی هەموو عەشایەر بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی یان لانی کەم ئازادی لە کۆت وبەندی حکوومەتی سەرەڕۆو خەراپ و بێ کێفایەت ئێران حەوڵ وتەقەلا درابوو.  لەژوئیەی 1918 هێندێک لەسەردارانی کورد بەڕەواڵەت لە دەورەی یەکدی کۆبونەوە هەتا مەسەلەی سەربەخۆیی کورد لەژێرداکۆکی وچاوەدێری ئینگلیستان بدەنە بەرلێکۆڵینەوە دراسە،وئەم جەرەیانەی یەکێک لەسەرۆکانی موکری بەنوێنەرایەتی بریتانیا لە سەقز پێشنیار کردبوو.  لەسەرەتای دەسامبەر گرووپێک لە سەرۆکانی عەشایەر بەنوێنەرایەتی لە عەشایەری سنە وسەقز وهاورامان، لەگەڵ ئەم ئامانجە بشێکی ناوچە لەژێر بەڕیوەبردنی بریتانیا حیساب بکرێ،لە سلیمانیە سەردانی کردبوو.  لە بەرئەمە بەپێی

ڕاپۆرتەکان لە فۆرییەی 1919 دانیشنێکی دیکە لەسەرۆکان بەنیەتی وتووێژ سەبارەت بەشۆڕش دژی حکووومەتی ئیران پێکهات کە چ ئاکامی لێنەکەوتەوە.

جەرەیاناتێکی ئەوها لەچوارچیوەی تاسەو ئارەزو دابوو، لەدنیای واقعیەت گەلێک لەعشایەری مەزن، جگەلە شەڕ لەگەڵ عەشایەری دیکە، بۆخۆیان تووشی کێ بەرکێی ناوەخۆ بوون. لەبەشەکەکانی باشووری کوردستان گروپەکانی بەهێزەی عەشیرەیی یانی شکاک، زەرزا،مامەش،و مەنگوڕ هەموو لەت لەت بوون. زورتری خوازیارانی سەردارەتی بەدوای لایانگرانی دەرەکی دەخولانەوە، براکان چاوی یارمەتیان بەتورکان کردبوو، لەحاڵێکدا کە برای دیکە چاو لە دەستی ڕووسەکان بوو، و برایەکەی دیکە خەریکی پەیوەندی گرتن لەگەڵ حکوومەتی ئیران و دەسەڵاتداران وکارگێرانی ئێرانی بوو. شکاکەکان کەگرینگترین گروپی ئەم سەردەمەن بەسێ بەشی گەورە ڕەقیب، دابەشکرابوون: عەبدویەکان بەسەرۆکایەکی سمکۆ، و مامەدی و کردار. ئەم هەر سێیە،لە ئاکامی ئەو ناکۆکیانەی کەلەگەڵ هەرسەرداریکی عەشیرەیی ئیلاقەی هەیە،سەرۆکانی زۆریان دیبوون. هەتا لەناو عەبدۆیەکانیش،شان و شەوکەت و هەلکەوت و دۆخ ومەوقعیەتی سمکۆ، گەلێک دوژمن هەڕەشەیان لێدەکرد، کەلە نێو واندا عەمەرخان لە هەمووان بەهێزتر بوو.

سمکۆ هەروەک دەزانین بەر لەشەڕ بۆ ڕیکێش کردنی داکۆکی ئێران و ڕووسیە لە نا ئارامی و ئاڵۆزی ناوچەی سنوور، کەلکی وەرگرتبوو. لە1914 بەم لاوە هەرجارناچار لەناوچە بەجێ نشینی لەئێران عەمەلی کردبوو. هەرچەند چ چاخێک بە ئاشرا هەڵنەگەڕابۆوە، بەڵام دیاربوو کە ڕاستەوخۆ دەجۆڵیتەوە و لەپەسندکردنی فەرمی ئێران بەرهەم وەرگربوو، ئەوهێندە کەلە ناوچە ئیختیدارو دەسەڵات و شوێن تیکردنێکی بۆخۆی کەڵەکە کردبوو، و دەیتوانی لەبەرامبەر هەڕەشەی تورکەکان و ڕووسەکان خۆڕاگرێ و لەسەرپێ ڕاوەستێ.

لە 1918 بەم لاوە کەدەرگای ئیمکاناتی سیاسی لەڕووی کرایەوە،سمکۆ بە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سەیە تەهای شەمزینان بە بەهێزکردن و وەزیت و چلۆنایەتی شان وشەوکەتی خۆی خەریک بوو. بەر لەشەڕ یەکێک لەخوشەکەکانی شێخی مارەکردبوو. ئەو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی ناوعەشیرەیی و کەلک وەرگرتن لەبۆشایی دەسەڵاتێکی کەلە مەڵبەندی سنوورهاتبووپێش،ئاتاجی و نیازی بەێکگرتووەکی دەرەکی هەبوو. سمکۆ و سەید تەها(بلوک)ی ئەم دیو ئەو دێوی سنووری ئێران وتورکیە-یان-پێکهێنا، ئەمە یەکیەتیێک بوو کە لە نەبوونی شەقی جێگای قەبووڵی دیکە دەیتوانی بەڕاست بینین، تاسەوخەیالی سەربەخۆیی لەمێشک و کەلەسەران وەدەرنێت. لەژانویەی 1919 راپورت کرا کەیەکیەتی پان ئیسلامی لە دوو لای سنوور لە ناوکوردەکانی نزیکی (باشقاڵ) بەڕیبەری سمکۆ هاتەدی، و بناخەی ئەم یەکیەتی یە،لەسەرئەمەیە، کەپێشگیری لەگەڕانەوەی ئاشۆڕیان وئەرمەنیان بۆ ناوچەبکات.

جێگای باوەڕ نییە کە دەوڵەتی ئێران بە سمکۆی متمانە هەبووبێت، چونکە سمکۆ، قارەمانێکی ژێهاتی بوو. هەموو لەیەکیەتی بەرلە شەڕکردنی لەگەڵ ڕووسەکان ئاگاداربوون،ولە هاوکاریەکەی لەگەڵ تورکان، و ولەسەریەک دژی ئاشۆڕیان کەلەساڵی کۆتای شەڕتێدەکۆشان بنکەوپایەگایەکی

نوێی قودرەت لەدەشتی ورمێ پێکبێنن خەبەرداربوون. ودیسان دەیانزانی کەکوشتن مەزلوومانەی مارشیموون لەمارسی 1918بەدەستووری حوکمڕانی تەورێز بوو-هەڵبەتە ئەو لەم کارە کرێت و ناحەزە قازانجی خۆشی لەبەرچاو بووە، ولەڕاستیدا مەترسی هەرجۆرە دەسەڵاتی ئاشۆرِیانی لەسەردەشتی ورمێ لەناو هەڵگرتبوو. ئێستا ئاشکرابوو کەدەیەویست سەربەخۆیی خۆی بەڕێوەبەرێ، و ئەمە شتێک بوو کە ئازریەکان و ئەرمەنیەکان-یش لەبیروڕایان دابوو. ئەمە کارتێکەربووکە بریتانیا لەسەرەتای ژانوییەی 1918لە ئەوزاع وەدەست هێنابوو.

لەمێژ بوو کەدەوڵەتی ئێران هیوادار بوو بتوانێت هێزەکی کۆکاتەوە و بەرەنگاری سمکۆ بنێرێت، بەڵام کیسەی بەتاڵ بوو. لەئاوریلی 1919 بۆ بەڕیوەبردنی ئەم پیلانە تێکۆشا پارەیەک لە دەوڵەتی بریتانیا بەقەرز وەربگرێت بەڵام ئەم تێکۆشانە بەجێگایەک نەگەیی. وبەهەنگاو هەڵێنانی خوارەوە دەست وداوین بوو. لەنێوەڕاستی مانگی مەی سندوقۆڵەیەکی (ماددەی تەقینەوە) بەناوی قوتی شیرنی بەپۆستی دابۆ نارد کە بەپێچەوانە برای وی کوشت. ڕۆژی دوایی وی،پادگانی ورمێ، بەدوایی شەڕوکێشمە کێشمەک،کەلەگەڵ لایانگرانی سمکۆ ڕوویدا بۆ کوردو مەسیحیەکانی ورمێ هێرش برد. سمکۆ دەست وجێ شاری گەمارۆ دا، سەرینچاوەی ئاوی بۆ ناوشار بەست، ودەستی بەکوشتن و تاڵانی گەڕەکەکانی ئازەری نشین ودەوروپشت کرد.

لەمانگی ژوئین بریتانیا دەیەویست ئارامی و ئەهوەنی بۆ ناوچە بگەڕێنێتەوە،و بەنەزەر دەگەیی کەلەگەڵ دانانی سمکۆ بەحکوومەتی ورمێ قائل بوو. بەڵام ئەمە شتێک بوو کە بە بیروڕای دەوڵەتی ئێران بەمانای سەربەخۆیی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. دەوڵەتی ئێران لە ژێر تەوژمی بریتانیا ئاشتیەکی قەبووڵ کردکە بەپێی وی،پاراستنی بازێک لەڕێگاکانی ناوچەیی و دەڤەرەکانی سنووردیلمان ولاهیجانی، بەمەرجی ملکەچی سمکۆ لەدەوڵەت بەوی ئەسپارد.

قەول وپەیمان و وەفاداری وی لەگەڵ حکوومەت، بە فەرسەخ لەگەڵ فکرو لێکدانەوەی سمکۆ نێوانی هەبوو، چونکە ئەو بڕیارگربوو لەسەرئەمە کە ئەم هەلە بە باشی بقۆزێتەوە و لەم فورسەتە بۆ دەست وێڕاگەین بەسەربەخۆیی کەلک وەربگرێت، هەروەک ئەو بە ئەفسەرێکی ئینگلیزی گوت:(تورکەکان مردوون،و ئێستا ئێمە(یانی بریتانیا)لەکوردەکان داوادەکەین کەخۆیان بەملەتێکی دیکەی مردوو ببەستنەوە کە پاشایەکی مردوو لەوێ حکوومەت دەکات)سمکۆ لە بیروبۆچوونی دابوو مامەلەیەکی لەگەڵ بریتانیا بکات،چونکە زاهیرەن دەیەویست بەهێنادی حکوومەتی کورد لەتورکیە ئالیکاری بکات. ئەو بەئەفسەرێکی ئینگلیزی گوت:(ئەم کارەی بەدەستی ئێمەبکەن-هەروەک کە لەگەڵ کوردەکانی سەید تەها لەوبەری سنووردەیکەن)(بینیمان کەسەیدتەها پێشتر ڕادەو سنووری دڵگەرمی ئینگلیزیەکانی وەرگرتبوو)کاتێک ئینگلیزیەکان لەدانی چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ سەربەخۆیی بەسمکۆ سەرلادەدەن، ئەو بۆ یارمەتی بەناسیونالیستەکانی تورک پەنای برد، وڕەنگە بەم بیروڕایە،مەترسی گەورەی ئەرمەنیەکان و هەڕەشەی بریتانیا و یارمەتێ یەک کە بۆخۆی لەپێشگرتن لەگەڕانەوەی مەسیحیەکان دەیتوانی بەوان بکات،وەبیری هێناوە. دوایی قەدەرحەیامێک خەریکیکرینی چەک و چۆڵ و ڕەکێش کردنی ئەڕتەشی هەڵاتووی تورکیە بوو. ئەو ئەم گروپەی بە

چاوفرەوانی تالآن و ژنانی مەسیحی و موسڵمان کەلە سەڵماس و شوینەکانی دیکە بەدیل گیرابوون-فریوو دابوو.

لەسەرەتای سپتامبەر تێکۆشا عەشایەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێکەوە لە یەکتری کۆکاتەوە و یەکگرتووکات-بەڵام ئەم دانیشتنە سەرکەوتوو نەبوو. زوربەی بەشداران پێکەوە گێرەوکێشەی سەرەکی و ئاسایی خۆیان هەبوو، وژمارەیەک لەسەرۆکانی گەورەی هەرکی وبەگزادەکانی دەشت بەشداریان لەم دانیشتنەدا نەکرد: ئەمانە لایانگرانی بەحری بەگ بوون، کەیەکێک لە دوژمنانی سمکۆ بوو، لە حالێکدا کە دوژمنی دیکە، یانی عەمەرخان،بە هۆی دژایەتی لەگەڵ وی پێشیاری یارمەتی بەحاکمی ورمێ دابوو.

چونکە خەڵکێکی زۆر لە پاییز چوونەلای، دوایی پتەوکردنی وەزیت و هەڵکەوتی خۆی لە باشووری ورمێ بەدانیشتوانی دەورو‌پشتی سەڵماس و قتووری ڕاگەیاند کەخۆیان بەتابعی وی بزانن: بەپەنابەری دان بەچل کەس لە لاخزم وکەس وکاری شێخ مەحموود بەرزنجی، بە پێچەوانەی دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی وی،بەرفرەوانی و شوین تێکەری و حوکمڕانی خۆی نیشاندا.

دەسەڵاتدارانی ئێران لە ناسازگاری وەزعەکە ئەوهێندە ترسیان ڕێنیشت کە لە ئاکامدا هێزەکان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ وی ئامادەکرد. ئەم هێزە لەدوایی ناسەرکەوتنەکانی سەرتایی لەئاکامدا سەرکەوتوو بوو لەفۆرییەی 1920 سمکۆی شکست بدا. سمکۆ سەرەتا بۆ ئەولای کوێستانی چاریق(چاریە)لەسۆما ڕۆیی، ولەوێ بۆ شاخاویەکی بەفرگر پەنای برد. زوربەی لەو 300کەسەی کەلەگەڵ وی بوون لەدەورەی بڵاو بوون، ئەو خوازیاری ئاشتی بوو،ودەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ڕووی بێ ئاقلی لەگەڵی پێکهاتن. سمکۆ قەبوولی کرد ئەو تالآنەی کەلە قرەقشلاق کردبووی وێیانداتەوە،پەنجاسواری بەفەرماندەری براکەی ئەحمەد، بۆ تیپی قزاق بنێرێت، ودەست لەکاروباری ورمێ وەرنەدات.

سمکۆ ئەم مدارایەی بەنیشانەی لاوازی هێزەکانی حکوومەت لێکداوە. لەمانگی ئاوریل دیسان خەریکی توپخانەو ڕەشاش بوو. ئەمانە تورکەکان لە وان لەبەردەستیان دادەنا. لەمانگی ئەوت لەسەرڕا دەشتی سەڵماسی داگیرکرد،لەدوایی دەشتی ورمێ. شاری ورمێ ی، لەدەسامبەر دەست بەسەرداگرت. ئێستا لەبلشەویکەکانیش کە تێدەکوشان یەک پارچە بوونی ئێران نەپارێزن،یارمەتی وەردەگرت. لەبەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە کەتوانی سەرۆکانی ناوچەیی لە(دیلمان)بە داکۆکی لەخۆی کۆکاتەوە، سەرۆکانی ساوجبلاخ ولاجان بەلکان بەخۆی دڵگەرم بکات. لەژانویەی 1921دوو عەشایەری مەزنی موکری، یانی دێبۆکری ومامەش، بەوێنەرایەتی سمکۆ لەشنۆ سەردانیان کرد وئامادە بوونی خۆیان بۆ لکان بەوی،دەربڕێ. لەمانگی فۆریە جەماعەتی سیدتەها،حەیدەرئاباد هەڵکەوتوو لەقەراخ باکووری گۆلی ورمێ یان گرت، وهەموو سلدوز کەوتە بەرسێرەی هەڕەشە. لەباکوور،یانی لەهاورامان، جەعفەرسوڵتان،سەداری هورامی ناوچەی نوسوود، ئێستا دەیەویست کەسمکۆ لەهێرش بۆ سلیمانیە بەوی بلکێت.

لەگەڵ ئەم هەمووە هەڵەیە ئەگەر وافکربکەینەوە کەسمکۆ لە داکۆکی و پشتیوانی سەرجەمی داکۆکی کوردەکان کەلک وەرگر بووە. هەموو دەزانین کە سمکۆ،دژخوازان و دوژمنی زۆری هەبوو. یەک لەوان خانی ماکوو بوو، کە چونکە دەیزانی تورکەکان لە خەباتیان لەگەڵ یۆنانیەکان ئیکجار ئاتاجیان بەگەنم هەیە،فرۆشتنی گەنمێکی بەرچاوی بەبایی کەم وهەرزان بەوان پێشنیارکرد،بەم مەرجە کەلەداکۆکی سمکۆ دەست هەڵگرن،کە هەلبەتە حەولدانێکی بەخۆڕایی و ناسەرکەوتوو بوو. ئەوانی دیکەش بە هەربایەک خوارو ڕاست دەبوونەوە.

لەم کاتەدا سمکۆ 1000سوارو پێنج سەت تفەنگچی پیادەی هەبووـوێدەچوو ژمارەیەک لەنیزامیانی تورک ـیش لەگەڵی بن. لەمانگی مارس، تورکیەکان، تێشکانێکی مەزنیان بەهێزی 600کەسەی قەزاق لەقزلجە هەڵکەوتوو لە قەراخی باکووری گۆلی ورمێ دا. تێگەینی ئەم خاڵەدژوارە کەبۆچ دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەگەڵ هێزێکی ئەوها کەم شەڕێکی ئەوهان دەست پێکرد. لەم 600کەسە250کەس لە ناو ئولکەی شەڕ گەڕانەوە. بەم سەرکەوتنە بەشەکانی عەشیرەیی دیسان لەدەورەی کۆبوونەوە. لەنێوەڕاستی هاوینی 1921 چوارهەزار جەنگاوەری هەبوو.

سەرکەوتن و پیرۆزی سمکۆ زۆرتر دەبێ بە بیلاتەکلیفی ونائارامی وەزیتی ناوچە ئاکام وەرگرین. دەزانین کە ڕەزاخان لەفۆرییەی 1921 تارانی گرت. دەنگۆیەک لە سەرزارو زوانان بوو کە دەیگوت: شووڕەویەکان لە بیروڕایان دایە ئێران بە وڵاتی بچووک دابەشکەن، و چونکە سمکۆ لە شوڕەویەکان یارمەتی وەردەگرت بۆ وی سانایی بوو لەم بابەتە لاف لێبدا کەلەلایان زلهێزێک داکۆکی لێدەکرێ. بازیک کەس ئەم جەرەیانەیان زۆرتر بەئینگلیزیەکان نیسبەت دەدا- وئەمە کارتێکەریەک بوو کە سەید تەها بەزانین وبە ئەنقەست لە(سولدوز) هەڵیگیرساندبوو.

هەڵبەتە سمکۆ بایەخی پشتیوانێکی دەرەکی لەم گرینگایەتیەی کەبەسوکری گرتبوو زۆر باش دەزانی. ئەو،بەڕاسپاردەی سەیەتەها،داخوازی پشتیوانی ئینگلیزیەکان بوو. لەمەڕلەشکرکێشی هەڵکەوت و مەوقعیەتی بریتانیا باشتر لە شووڕەوی بوو، چونکە گۆڕەپانی سمکۆ لەنزیکی کوردستانی ئێڕاق بوو،کە ئینگلیز داگیری کردبوو، ودەیزانی کە ئەم پێشنیارە،ئینگلیزیەکانی دانیشتووی بەغدا وەسوەسە دەکات. لەژوئیەی 1921پەیوەندی ناڕاستەوخۆ وبەڕەواڵەت سانا وڕاستەوخۆلەگەڵ ئینگلیزیەکان گرت. ئەو نوسی:(دەزانم کەناسراوم بەمە کە لەمامەلەو، وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتەکان بەمکرو دۆلاب و فریوو دەستەوداوین دەبم...)

ئاخۆ بریتانیا لە وی داکۆکی دەکات؟ پێشنارێکی سەرنج ڕاکێش بوو، کە وەدیهانی ناوچەیەکی پاردە، لەبەرامبەر ئاژاوەسازی تورکەکان لەدەقەری برادۆست و باڵی ڕۆژهەلاتی ئینگلیزیەکان لە بەردەست دەنا. هەتا فکری لێدەکراوە کە دوورنییە تاران لە بەرامبەرئارامی و ئاسایشێک کە زۆری پێ موحتاج بوو بەلەدەست دانی بەشێک لەخاکەکەی ڕەزامەندی دەرببرێ،چونکە بە هەرحاڵ ئەو گۆڕەپانێک بوو کە ئەو هەر بەناو لەسەری حوکم و فەرمانی هەبوو. لەبەرامبەر ئەم چاک کاریە،زنجیرەیەک لەبەرچاوگرتنی نەریتی بوو: سمکۆ زۆرپێشتر بە پەل ودەستەکانی تورکی ئیجازەدابوو لەگۆڕەپانی ئیختیاراتی بۆ ناوچەی ڕەواندز شوێن تێکەربن،و لەوێ کە چەک و تەقەمەنی لە(وان) وەردەگرت زەحمەت بوو بەم سانابیە لەگەڵ تورکەکان بپسێنێت،مەگین ئەمە کە بریتانیا کەل و پەلی شەڕی لە بەردەست نابوایە. و بەلام دوایی، مەسەلەیەکی تۆفانی دیسان

گەڕانەوەی ئاشۆڕیەکانی حەکاری لە بەین بوو کەلەدەشتی ورمێ بوون و دەبوایە بۆ ناو بنەماڵەی خۆیان بگەڕابانەوە، وگەلێک لەم خەڵکەیان تفەنکچیانی سمکۆ لە1918 کوشتبوون. هەتا ئەگەر بەوانیان ئیجازەی گەڕانەوەش دابوایە دیسان باوەڕنەدەکرا، کەلە جەزرەبەو ئازاری وی، پارێزرابوانە. پاشان مەسەلەی ئاسایش وباردۆخی ناوبراوبوو. بریتانیا دەپێشدا یەک پارچە بوونی ئێرانی لەچوارچیوەی سنوورەکانی نێونەتەوەیی دەستەبەرکردبوو،وئەمە بەم مانایەبوو کەلەولای سنوور(گیروگرفتێک) لەکاردانابێت. و لەئاکامدا، مەسەلەی ناسیونالیسم-ی کورد: لەلایەک بریتانیا پێیخۆش نەبوو لە لێژنە و بیچم-ی دەوڵەتێک خۆی بنوێنێ کە تاسەو ئارەزوو ی (مللەتی)کوردسەرکوت دەکات. مەسەلەیەکی ئەوها هۆی دڵ ئێشی کوردەکانی ئێراق پێکدەهێنا. لەلایەکی دیکە نەیدەویست هۆکارێکی دیکە وەدەست تاران بدا، کەتاران ئەوی،تۆمەتبار بە دەست تێوەردانی زۆرتر لەکاروباری ئێران بکات: تاران بریتانیای بە وڕوژاو-ی ناکۆکی لەکوردستان تۆمەتباربکات. بەمجۆرە بریتانیا دەستی لەسەردەست داناو هەنگاوێکی هەڵنەهێنا.

ئێستا سمکۆ بەکردەوە سەرجەمی ناوچەی لەدەست داگرتووە هەتاجێگایەکی دووری وەکوو(بانە)لەباکوور،لەژێرحوکم و شوێن تێکەری دابوو. تەنیا ساوجبلاغ هێشتا لەدەستی دەوڵەت دابوو، بەڵام ئەویش سەردەمێکی هێندەی دەوام نەکرد. لەسەرتای ئۆکتوبر فەرماندەرەی پادگانی ساوجبلاغ،دوو سەردار عەشایەری کە بۆ وتووێژ بانگهێشتن کردبوو بە دۆزوکەڵەک و فریودان زیندانی کرد. سمکۆ بەبیستنی ئەم هەواڵە دەست وجێ بۆ شاری(مەهابادی) هێرش کرد،شاری تاڵان کرد، و ئەو ژاندارمانەی کە بەدیلی گرتبوون کوشت. یەکێک لەسەرۆکانی مامەشی بەحکوومەت لەشارێ(مەهاباد)دانا. پاشان بۆ بەربەرەکانی بەگروپێکی زۆر لەچەکدارانی قەرەداغ بەلەز لەقەراخی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ گەڕاوە، و ڕاست لەباشووری سەڵماس لەگەڵ ئەم هێزە ڕوو بەڕوو بوو و ئەوی خروپتوون تیشکاند ولە ناوبرد. لە سەرەتای دسامبەر شکەستێکی توندی دیکەی لەقەرەتەپە،هەڵکەوتوو لەدەورادەوری باشووری سەڵماس لە هێزەکانی دەوڵەتی دا. کەسایەتی وکەسینی و ئیحتووباری بەرز بۆوە، ئەوهێندە کەلە کۆتایی ساڵ لانی کەم 5000تفەنکچی لە بەردەست دابوو.

تێبینی: سمکۆ تاڵانچی نەبووە ئەو درۆدەلەسانە تورکی فاشیستی وەکوو شەفیق عەلی (ۆزدمیر)کردویانە بەناوی میژوو دەرخواردی خەڵکیان داوا هەتا کەڕامەتی سمکۆ بێنە خوار کەچقڵی چاوی نەیاران وداگیرکەران بوو هەتا زۆرلەوانە هەوساریان پساندوە بوختانیان بەگەلێک گەورەپیاوانی کورد کردوە هەنوۆکەش وەک سەگ بەئاسمان دەوەڕن،بەداخەوە ئی خۆماڵیش ئەوانەی کۆتەخۆرو سەولەڕفێن لاسایان کردونەتەوە.

---

بەڵام هەرخەیاڵ و هەوایەکی لەکەللەی دابوو،سیاسەتەکانی عەشایەری پێشگرو لەمپەرو دەست وپێ گیر بوو. لەگەڵ ئەوهەموو سەرکەوتنانەی کە بەدەستی هێنابوو، وەزیتێکی وەکوو داودخانی کەڵهوڕی هەبوو: لەوی دەترسان بێزاری خۆیان دەردەبڕی و لە عەینی حاڵدا ئەوانەی لە دەوری هاڵا بوون مەدحیان دەکرد. هێشتا لەناو شکاکان دوژمنی هەبوون،هەرچەند کە ئێستا دەمیان هەڵنەدەپچڕی و کپ ببوون. لەباشوور،کوردەکانی دەوروپشتی ماکۆ کە خوازیاربوون شۆڕش هەلایسێنن. ئەم گروپە پەێتاپەێتا لەدەوڵەتیان داوادەکرد کەهێزێکی ناوچەیی دژی سمکۆ کۆکاتەوە وبەگژی داکات. لەباکوور، مەنگورەکان کە دەوڵەتیان دەبوغزاند حازری بەلکان بۆلای سمکۆبوون. بەڵام گۆڕەپانی ئەو دوو عەشیرە گەورەانە یانی موکری ( دێبۆکری) ومامەش، بە دووگروپی موافیق و موخالیف سمکۆ گۆڕا. زۆرایەتی وێدەچوو موافیقی پشتیوانی بەمەرج لە سمکۆ بوو،ڕەنگە کەئەم عەمرە کارتێکەر لەدەست بەسەرداگرتنی سنە(سەنەندەج) بەدەستی عەشایەری ناوچەیی لەنیوەی مارس بێت. بەهەرحاڵ ئەم عەشایەرە لەتێئۆڕی5000شەرکەری دیکەی لەهێزی 5000کەسی سمکۆ زێدەدەکرد.

یەکیەتی سەردارانی موکری لەگەڵ سمکۆ هێندەی دەوام نەکرد. لەمانگی مارسی 1922 یەکیەتی ئەم سەرۆکانە لەگەڵ سمکۆ قەوانەکەی بەئینکەبەرێ گۆڕا. دوودڵی دەمەدایە کە سمکۆ چ کاتێک لە داکۆکی پڕبەدڵی ئەم گروپەکەلکی وەرگرتبێت. چاخێک ساوجبلاخی لە ئۆکتۆبری 1921گرت بەعیلەکەی ئیجازەدا ماڵەکانی -شاری-ئەو دوو سەرۆک عەشیرە تالان بکەن. گوتبووی:(بەدوای خەڵکی مەهابادم نارد(کەبین و یارمەتیم بکەن)بەڵام نەهاتن.)ئەودەستە کە لایانی ویان دەگرت و جامینخوازی بوون، بەم هۆیەبوو کە هێزی بەقووەت و زاڵ بەسەرناوچە ئەو بوو. دوور نییە کە لە ئیحساس و هەستی ئیخلاس سەبارەت بە خۆدی وی یان ئارمانەکانی نەتەوەیی کورد کارتێکەربووبن.

لە پارێزگای کوردستان،دزلی بڕیاری گرت لە سمکۆ داکۆکی بکات. سەرداررەشیدی ڕەوانسەر کە پێشتر لەدەوڵەت لالووت ببوو ئەوهای کرد. ئەو پێشنیاری کرد کەئەگەر سمکۆ سەقز داگیرکات ئەویش سنە دەگرێت. بەڵام سەرداری مەریوان،یانی مەحموودخانی کانی سانانی، بانگەوازی سمکۆی بە لکان بەشۆڕش هەتا بەپێشنیاری حکوومەتی سنە ڕەت کرد: سمکۆ بە وی پێشنیارکرد لە کاتێک دا کە سنە داگیرکات حاکمی شاربێت. مەحموودخان وێدەچێ ئەم پێشنیاری وێکەوت،چونکە بەهێزترین سەرۆکی ناوچەبوو و هەرچاخ ویستبوایە دەیتوانی بۆخۆی سنە، بەردەست بکات.

لەبەشی باکووریتری دەڤەر هێندە حەزیان لەشۆڕش نەدەکرد. باڵوێزی بریتانیا لە کرمانشا،ئاقیدەی وابوو کەلەبارەی بزوتنەوەی سەربەخۆ خوازی (ئیکجار زێدەڕۆیی کراوە...هەڵس وکەوتی زۆرایەتی خەڵکی کوردستانی باکوور لەگەڵ قەزیە ئەوهایە،کە حازرن لەبزوتنەوەی داکۆکی بکەن، بەم مەرجە کە خەرج وی بریتانیا دابین کات، وە سوکر بگرێت، بەڵام هەتا پارەیان نەدەنێ خۆیان تێکەڵ ناکەن) ئەمە بیروڕایەک بوو کە ئازموونی سەردەمی شەڕی ئاڵمانیەکانی دەکردە ئاوێنەبالانوێن. سەنجابیەکان وقولیخانیەکان کاتێک کە سمکۆ لەبەرزایی دەسەڵات بوو،بەچاوی سووکیان لێدەڕوانی. وێناچێ کە عەشایەری ناسوننە مەزەب هەڵبەتە جیالە نەیارانی ئەم عەشیرە- حەزێکیان لەیەکیەتی لەگەڵ وی هەبووبێت.

بەپێچەوانەی بێ مەیلی خەڵکی باکوور،تێگەینی ئەم بابەتە سانایییە کەبۆچ سمکۆ ڕۆژ بەڕۆژ زێدەتر لەوەزیت و هەڵکەوت ومەوقعیەتی خۆی دڵنیاتر دەبوو. هەرهێزێکی کە بۆ بەرەنگاری دەناردرا بەسانایی تەفروتونای دەکرد، لەحاڵێکدا ڕەزاخان نیگەرانی شوێنەکانیتریش بوو: لە1921بزوتنەوەی ئینقلابی گیلان لەئاکامدا تێکشکاندرابوو، ولەسەرتای فۆرییەی 1922بزوتنەوەی تەمەن کورتی بەرپیەری ئەفسەرانی ژاندارمەری لەتەورێز ڕوویدا بوو. لەهاوینی ئەوساڵی ڕەزاخان بێجگە لە ئالآدین بوونەوەی سمکۆ لە گەڵ هێرشەکانی لوڕەکان لەبرۆجرد، و تالآن وبرۆی تورکمانەکان لەدەورەوپشتی گورگان و دەست درێژی شاسێوانەکان لە قەراخ قوجاخی ئەربیل ڕوو بەڕوو بوو. ئەم هەڵاوبگرو پشێویی وئاڵۆزی دڵەڕاوکەو نیگەرانی سەبارەت بە دابشکردنی ئێران شێ دەکردەوەو ئازانتی دەکرد.

جیا لەم شۆڕشانەی ئاشکرا،دەوڵەت دەبوایە لەگەڵ حەول وتەقەلای خەرابخوازانەی شووڕەویەکان و تورکەکان-یش بەرەنگاری کردبوایە. بنکەیەکی نهێنی بەرفرەوان بەناوی(نەتەوەخواز) کەبلشەویکەکان داکۆکیان لێدەکردن لەکۆردستان هەتا خودی کرمانشا تێکۆشانی هەبوو،و شوێنەواری پڕوپاگەندەی بەجێگرتووی بلشەویکەکان لەناو مامۆستاکانی ئائینی دەوروپشتی خانەقین ئاشکرابوو. لەونیوە کەماڵیستەکان هێشتا لەسمکۆیان داکۆکی دەکرد. گروپێکی کەماڵیستی هەتا لەتاران-یش بوونی هەبوو کەبریتی لەژمارەیەکی زۆر کورد بوو. کوردەکان بە وێچوویەکی زێدە زۆرتر کارتێکەر لەبێزاریەک بوون کەلە ڕەزا خان یان هەبوو، وئیلاقەیەکی ئەوتۆیان بە مستەفا کەماڵ یان سمکۆ نەبوو.

لەمانگی مەی سەید تەها کە بارەگایەکی لەساوجبلاغ دانابوو لەگەڵ چەکدارەکانی بۆ ناوچەی دێبۆکری دەوروپشتی بۆکان، کە دەڤەرەێکی کشت وکاڵ و ساماندارهەڵکەوتوو لەسی مایلی باکووری ساوجبلاغ، چوو ودەستی بەتالآنی ناوچەکرد. لەنەبوونی وی هێزەکانی سەروەحکوومەت وپێکهاتوو لەچریکەکان بەئیستلاح ئیستا (چاشەکانی)میاندواب کە مەهابادیان بێ بەرگری بینی داگیریانکرد. سەید تەها کاتێک لەم جەرەیانە خەبەردار بوو گەڕاوەو بەلەز دەستی بەسەرشار داگرت و200کەس لە بەرگریکەرەکان شاری کوشت و بەنیەتی داگیرکردنی میانداواب بۆ وێ، ڕۆیی . ئەم کارە هۆی ترس و لەرز لەناو جەماوەری شیعەمەزەب شاربوو،وهەتا خەڵکی مەراغەش لەترسی گیانی خۆیان پێیان پیوەناو هەڵاتن. سمکۆ لەمانگی ژوئین بەداگیرکردنی سائین قەڵا هەڵکەتوو لەڕۆژهەڵاتی بۆکان گۆڕەپانی دەسەڵاتی خۆی زێدەکرد.

دەوڵەتی ئێران بە دوای هەڵ و فورسەت هەڵدەسووڕا و خەریکی کۆ کردنەوەی هێزێک بوو کە بتوانێت بە سەرکەوتنەکەی هومێد ببستێت. لە سەرەتای مانگی ئەوت هێزێک بریتی لەهەشت هەزارکەس لەناوەندی کۆمەڵگای خۆی لە باشووری گۆلی ورمێ بۆ لای باکوور وەڕێ کەوت. لە نۆی ئەوت شەڕێکی گەورە لەباشووری سەڵماس ڕوویدا کە دەوێدا هێزەکانی سمکۆ زۆرخەراپ تێشکان. لە دوایی وی،هێزەکانی دەوڵەتی دیلمانیان وەرگرتەوە. ئێستا سوپای سمکۆ لە بەریەک بڵاو ببوو، و گروپەکانی جۆربەجۆری تایفەیی بۆ ماڵەکانی خۆیان دەگەڕانەوە. دژی چاریە(چهریق)یانی کۆشکی سمکۆ،لە14ی ئەوت دەستی بە سەرداگیرا، و شاری ورمێ لە ڕۆژی شازدەهەم سەرلەنوێ لەلایان هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکرا- سمکۆ و ڕێبەرانی مەزن ئاوای کەوشەنی کوردستانی تورکیە بوون.

ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی سمکۆ لە تێکۆشان بە بێرو ڕای وەدەست هێنانەوەی جەلال و شکۆو ئیختیداری پێشوو تێپەڕ بوو. بۆ ئێراق چوو، هیوادار بوو کە بتوانێت داکۆکی سەید تەهای و شێخ مەحموودی بەرزنجی وەدەست بێنێت، بەڵام سەید تەها لە بەرزەفرێیەکانی خۆی لە ئێران دەستی هەڵگرتبوو، و شێخ مەحموود-یش کەمتەرخەمی سمکۆی سەبارەت بە شۆڕشی ساڵی 1919ی خۆی لەبیر نەکردبوو- لەگەڵ وی مامەلەی بەتوڵەکرد. لە23ی دیسان بۆ تورکیە ڕۆیی، بەڵام لە وێش پشتیوانی نەدۆزیەوە. لە1924ڕەزاخان وێدەچوو بەم خەیاڵ و لێکدانەوە کە مانی لەناو وڵات باشتر لەمەیە،کەلەو بەری سنووربێت ئەوی عافووکرد.

سمکۆ لە بەهاری ساڵی 1925 بۆ ئێران گەڕاوە. یەکەمین ئەرکێکی کەلە سەرسوکری خۆی دانا بوو، لەناوهەڵگرتنی ڕەقیب،یانی عەمەرخان بوو، کەلە نەبوونی وی لە سەردەمی ملکەچی لە 1922 بەم لاوە دیسان سەرۆکایەتی عەشیرەی وەسوکرگرتبوو. لەژوئیەی 1926 سمکۆ جارێکیتر قارەمانی ئولکە بوو، و دەیەویست کە ئازادیەک کە پێشتر لەوی کەلکی وەردەگرت سەرلەنوێ زیندو بکاتەوە. دەوڵەتی سروشتیە لەم مەسەلە لەغەرەزو بوغزکەوت، و دیسان داکۆکی لە عەمەرخان بەردەوام کرد. لە ئۆکتوبر1926 دەست درێژی سمکۆ کەلە پاییزی ڕابردوو دەوامی هەبوو جاریکیتر بۆ شۆڕشێکی ئاشکرا بڕیارگرتوو بوو. لەگەڵ بەگزادەکانی دەشتی (مەرگەوەڕ) و(تەرگەوەڕ) بەرەی پێکهێنا، ولەگەڵ عەشایەری هەرکی بۆ دەشتی سەڵماس ڕۆیی. بە جیا بوونەوەی نێوە لە هێزەکانی و لکانیان بە عومەرخان لە دەوروپشتی دیلمان بەسانایی شکەستی خوارد. سمکۆ ئەمجار بۆ ئێراق هەڵات، و ڕیبەرایەتی شکاکەکانی عەبدۆیی بۆ عەمەرخان بەجێهێشت.

سمکۆ هێشتا چاوەنواڕ بوو کە جەرەیانی ڕابردو بژیێنێتەوە. لە ئێراق خیرا لەگەڵ مرۆڤی هاوفکرو هاو ورەی خۆی وهەرووا لە گەڵ تورکیە دەستی بە نامەگۆڕینەوە کرد-تورکیە وێدەچێت لە سەرکوتکردنی کوردەکانی خۆی لە ئاناتۆلی ئاتاجی پێ هەبووبێت. لە1928 تورکەکان وادەیان پێدا کەفەرماندەری هەنگێکی عەشایەری و مڵکێک لە نزیک سنووری ئێرانی پێبدەن، وئەو بەتەماحی ئەم وادەیە بۆ تورکیە چوو. تاران بەڕەواڵەت مەترسی بوونی سمکۆی لە نزیک سنوور هەست پێدەکرد، وئەمجار بڕیاری بە کوشتنی وی گرت. لە1929 ئەوی عافووکرد، و سەڕافەتی شاری شنۆی بە وی ئەسپارد. هێندێک دوایی گەڕانەوەی سەربازانی حکوومەت بۆسەیان بۆ داناوە و ئەویان کوشت.

ئاخۆ سمکۆ مێرێکی نەتەوەخوازبوو؟ لە سەربەخۆیی قسە دەکرد و سەرکەوتنەکانی هێندێک عەشایەری لە دەورەی خۆی کۆکردەوە، و بەیەکیەتی هەڵکەوت و مەوقعیەتی لەگەڵ سەید تەها لەکوردستانی تورکیە ئەم جەرەیانە بۆ ئەم لای سنووری کێشا. لەگەڵ ئەم هەمووە بۆی چەتوون بوو کە جگە لەخۆی کەسێکیتر بەناوی ڕێبەری نەتەوەیی قەبووڵ بکات. ئەو و نە سەید تەها،هیچ کامیان بەشێخ مەحموود بەچاوی کەسێک مەگین ڕەقیبێکی بەدەسەلات لێنەدەروانی. تەنیا دوایی تێکشکانی خۆی بوو کە سمکۆ هەڵس وکەوتی خۆی لەگەڵ شێخ مەحموود گۆڕی. بەڕەواڵەت چ داخۆیانەک یان بەرنامەیەکی سیاسی لە وێ بەجێنماوە کە بیروڕای وەک ئاوێنەی باڵانوێن وەبەرچاوبخات، ومەعلووم نییە کە ئاخۆ بەحەقیقەت داخۆیان یان بەرنامەیەکی هەبوو یان نا. هەرچەند پیاوێکی مەهابادی گۆڤارێکی بەناوی ڕۆژی کوردستان لەلایان وی بڵاوکردەوە بەڵام خەتی ناسیونالیسی ئەم گۆڤارە مەعلووم نییە. وبەنەزەر ناگات کەلەناوچەیەکی کەلەژێرحوکم وشوینتێکردنی بووە سیستەمی بەڕیوەبردن یان باج وپێتاکەکی دانابێت. لەورمێ وساوجبلاغ(ڕەنگە

شوێنەکانی دیکە)سەرۆکانی عەشایەری بەحکوومەت دابن. ئەمە هەڵبەتە هێندە لەگەڵ سیاسەتی بەڕێوەبردووی ئێران لە پێشوو تەوفیری نەبوو،بەڵام بە دژواری چاوگەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێی،لەخۆیدا وێنەدەکێشا. ڕوونە کە سمکۆ بەچاوی کەماسی لە دانیشتوانی شارو ناعەشایەری دەڕوانی، وئەوانی لەسەریەک بەچاوی ڕەعیەت لێدەڕوانی کە دەبوایە باج وپێتاک بەوی بدەن. شێوازی هەڵس وکەوتی لەگەڵ(ئەنجومەنە)کان لە دەورەی مەشرووتیەت وتالانی ساوجبلاغ، پایتەختی کورد،نیشان دەدا کە سەربەخۆ خوازیەکەی ئەوهێندە کە کارتێکەر لە وەزیت وحاڵاتێکی ئابووری- کۆمەڵایەتی (یانی عەشیرەیی-شوانی لەبەرامبەر شارنشینان) بوو کارتێکەر لە نەتەوایەتی نەبوو.

سمکۆ لە ئاخرەکەیدا وەک سەرۆک عەشایەرێک مایەوە، کەلە چاکتری فەرهەنگی بۆ کۆ کردنەوەی جامینخوازان و سەرکوتی ڕەقیبانی کەلک وەردەگرت. شکاکەکان لە نێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لێکتری خرببونەوە وبەرەیەکی عەشایەری بەهێزیان پێکهێنابوو. ئەم بەرەیە بۆ خۆی کۆمەڵگایەکی خانەدانی ناکاس وکار بوو،کەبنەماڵەکانی بڕیارگر ئەوانیان پێکەوەجۆش کردبوو. دەکرێ بڵێین: کە سمکۆ ئەو جەرەیانەی زۆربەرفرەوانتر کرد، هەتا خۆی بەسەرۆکی گشتی عەشایەری کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دابنێت. بەڵام لەعەینی حاڵدا ئەم فەرهەنگەی عەشایەری کە ئەو بۆ خۆی بەشێک لەوێ بوو ئەوی ئیکجار لاواز کردبوو. ئەم مەسەلە بەڕوونی لە هەڵوەشانەوەی دەست و جێ و بەتالووکەی هێزەکانی، بەدوای تێشکان، و هەروا لەکێشمە کێشمەکان و شەڕو بەرچاوتەنگی کە بنچ و بنەوان و ڕیشەی لە عەشیرەگەری داکوتابوو ئاشکراو لەبەرچاو بوو.

**کرمانشاه**

وێنەی تەنگەژەکانی مەوجوود لە وەدیهێنانی یەکیەتی لەناو عەشایەر، سەری هەودای ڕاڵ و پۆیان کێشەو ناکۆکی بەرەکانی خۆیان هەڵبەز دابەز دەکەن و لەلێنگەفرتەدان، لەکرمانشا-ش دەکرای چاولێبکەین. هەروەک دەزانین عەشیرەی سنجابی لەمەی 1918 شکانی توندی لەدەراوسێەکانی دوژمنی ئینگلزەکان وێکەوت. لە1920بەبەراوەردی عەشیرەکانی دیکەی گەورەی ناوچە باشبوون لەژیانی وەدەست هات. بەرەی گۆران لەسەرلێواری لەبەریەک هەڵوەشان بوو،لەحاڵێکدا کەڵهوڕەکان بەهۆی نەبوونی ڕیبەرێکی نشتەجێ،لاوازببوون.

لەسەرەتای پاییزی 1921قاسم خانی سنجابی (سەردارناسر)سەرداری نوێ و جێی داکۆکی ئینگلیزیەکان لەگەڵ ڕەشیدالسەلتەنەی قولیخانی و سەرداررەشید ئەردەڵان(یان کوردستانی)بەرەیەکیان دژی عەشیرەی وەلدبەگی پێکهێنا، کە سەنجابیەکان لەگەڵ وی، کیشمەکێشمەیان هەبوو. ئەم ناکۆکیانە لەسەردەمی شیرخان بەردەوامیان هەبوو، و بەجنایەتێک کە وەلدبەگی یەکان دەرحەق بە عەلیخانی، کوڕی شێرخان، کردبووی پەرەی گرتبوو. ئەم جەرەیانە بە دزی دەپەیتاپەیتای گاوگۆلی سنجابیەکان لەوهاوینی بەدەستی وەلدبەگیەکان بەخاڵی هەڵچوون گەیبوو. سەردار ڕەشید لەم جەرەیانە بە تایبەت لە یەکێک لە سەرۆکان کە دەستی لەجەرەیانەی ئەم دزیەدابوو غەرەزێکی زۆری دە دڵدابوو،چونکە ئەم کەسینە بەزانین وبەئەنقەست لەپەیوەندی

نێوان ئەوو حاکم-ی سنە نەمامی و دوو زمانی دەکرد. ڕەشید السەلتەنەی قولیخانی بە هۆی دۆستایەتی لەمێژینەی لەگەڵ سنجابیەکان واردی ئەم بەرەیە بوو. تالانی وەلدبەگیان تەنگەژەیەکی تایبەتی نەبوو،بەلام سەنجابیەکان و قولیخانیەکان خۆیان لە وەزیت و دۆخێکی پڕمەترسی لە سێرەخستبوو،چونکەناوچی زۆزانەکەیان لە نێوان وەلدبەگی یەکان و کەڵهوڕەکان بوو، وئەگەرکەڵهوڕەکان لەگەڵ وەلدبەگیەکان هاوپەیمان دەبوون لە مەر نەفەرات لەوان زێدەتر دەبوون،و ئەمە بەسەرنج بە کێ بەرکێی لەمێژینەی نێوان بەرەکانی کەڵهۆڕو سنجابی مەترسیەکی بەڕاستی بوو. بل لەمە، سەنجابیەکان دەیانزانی کەحاکمی قەسری شیرن لەگەڵ ئەوان بە غەرەزە و دەیانبوغزێنێ. قاسم خان لەمە خۆفی دەکرد کە حاکم،بە هێرش بۆ سەر ڕەشید ئەسەلتەنەی قوڵیخانی دنەبدات، کەلەوحاڵیدا ئەو ئەرکی ئەمە بوو یارمەتی قوڵیخانیەکان بدا،و بەم کردەوە وەلدبەگیەکان بێنێتە سەرئەوبڕیارە کەلەپشتەوڕا هێرش بۆسەرسنجابیەکان بکەن.

سەرۆکانی وەلدبەگی پەنایان بۆ کەڵهوڕەکان برد-دەجا ئەمە بۆ خۆی پێویستی دەکرد کەپەنا دەر لەسەریان وەدەنگی بێت و تۆڵەیان بۆ بستێنێتەوە. لەم کاتی دا بەکەڵهوڕەکانیان دەستووردا کە بەرەی ژێرڕییەرایەتی سنجابیەکان تەمێ بکات. هاتنی بەوەختی حاکمی نوێی کرمانشا کە زەرەی ئابووری و ئاڵۆزی پەیدابووی لەم ڕوو بوڕوو بونەدا پێشبنین دەکرد لەهەڵایسانی شەڕ پێشگیری کرد- ئەو سەرۆکانی کەڵهوڕو سنجابی ئیقناع کرد کەملکەچی حکوومەتەکەی بن.

**ملکەچ بوونی عەشایەر**

ڕەزاخان-یش وەکوو مستەفا کەماڵ لەتورکیە بڕیاری وابوو کە ئیختیداری ناوەندی لەسەرانسەری وڵات بەڕیوەبەرێ، وبە بدواچوون لەو سیاسەتە، کۆمەڵگایەکی چەند نەتەوەیی و چەند مللەتی بەکۆمەڵگایەک ڕیکبخات. ئەم کارە دەستەبەری هێنانی تیروهۆزو عەشیرەو خێڵاتی-بۆ ئەوەڵینجار- لە ژێرچاوەدێری ڕاستەوخۆی حکوومەت و داسەپانی زوانێک یانی زوانی فارسی، لە وڵاتێک بووکە زبانەکانی جۆراوجۆری(تورکی، کوردی، عەرەبی، لوڕی، و بلووجی)لەوێدا لەبرەوبوو، و هەروا یەک شکڵ و بیچم کردنی جل و بەرگ لەکۆمەڵگای شارو دێهاتی.

شۆڕشی سمکۆ لەم بارەوە سەرکەوت بوو کەهەڕەشەی ڕاستەوخۆی سەبارەت بەم هەل ومەرجە بوو، بەڵام ڕەزاخان لە بیرو ڕاێ دابوو هەڕەشەیەک کەلەناخی پشووهەڵکێشانی کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی سەبارەت بە ئامانجەکەی نهێنی و شاراوە، لەناو هەڵبگرێ. لەسەرەتا خەریکی هێندێک مەسائل بوو کە جێ بەجێکردنیان وەک دەرەجە یەک گرنگایەتیان هەبوو،بۆ نموونە چەلاخی و سەرکێشی عەشیرەتەکانی تورکمان و لۆڕ،پێکهێنانی هیزێکی نیزامی بەسەروبەر. لەبەرئەمە دەستەودامین بەشێوازی کۆن بوو: کەلک وەرگرتن لەتایفەیەک دژی ئەویدی -یانی نەمامی و فزولی لەناو عەشایەر و پێکەوبەشەڕدانیان،بەستیلاح لەئاوی قوڕاو ماسی گرتن- وبارمتە گرتن لەهێندێک عەشایەری بەهێز، عەشیرو وهوزو تایفە تێک بەردان،یانی ئەوانەی هەوای سەرداریان لەکەللە دابوو بەگژی سەرۆک عەشیرەی دادەکرد.

ڕەزاخان وەکوو قاجاریەکانی بەرلەخۆی، بۆ پاراستنی ئارامی ئاتاجی بە چرێکی عەشیرەیی (بەستیلاح جاش) هەبوو بۆ نموونە لە دوای دامرکانی پشێویوو ئاژاوەی لوڕەکان لە 1923چونکە بەتەنگەژەی کاروباری هێزەکانی بەسەرەوبەرو ڕیکوپێکی نیزامی لەدەڤەرەکانی شاخاوی لەبەرامبەرنەیاری فیلباز ئاگاداربوو، ئالیکاری کەڵهوڕەکانی قەبووڵ کرد. لە1924 بۆ بەربەرەکانی و بەرەنگاربوون لەگەڵ نارحەتیەکانی بەوێچوو پەیدا بوو لە گەڕانەوەی سمکۆ لەوساڵیدا،هێزێکی ئارمەتیدەری لەناو بازیک لە عەشایەری بەدەسەڵاتی موکری کۆکردەوە،و ژمارەیەک لەو هێزانە لەوساڵیدا دژی پاڕێزگاری پشکۆ کەلکیان لێ وەرگیرا.

تەنگ و چەڵەمەی بە ڕاستی جەرەیان، نێزیکایی لە سنوور بوو،کەهەم هەلی لە بۆ تاران دەرەخساند ئامانجەکانی بقۆزێتەوە، و هەم ئیمکاناتی لێ دەست دەردێنا: لەلایەکی دیکە عەشایەری نارازی لەگەڵ بینینی هەوەڵین نیشانەکانی نارەحەتی لە سنوور ئاوا دەبوون و خۆیان دەگەیاندە وڵاتی ئەمن و ئەمان، و لەلایەکی دیکە کاتێک لە دەستی ئینگلیزیەکان پەنایان بۆ ئێران دێنا، ئیمکانی ئەوەیان بەتاران دەدا کەئینگلیزیەکان سەبارەت بە دەست تێوەردانێک کەلە کاروباری ئێرانیان دەکرد تەمێ بکەن. دەڵەتی ئێران بەغزوغەرەزێکی زۆرتوندی سەبارەت بەئینگلیزیەکان هەبوو،و ڕابردووی ئەم مەسەلە لانی کەم بۆ پەیماننامەی ساڵی 1907ئیگلیز و ڕووسیە دەگەڕاوە. دەوڵەتی ئێران بەتایبەت سەبارەت بە سیاسەتی ئینگلستان لە ڕابیتە لەگەڵ عەشایەر زەنین و دوو دڵ بوو،لە پەنا دانیش بەسمکۆ لە ساڵی 1922وبە سەردار ڕەشید لەساڵی دوایی وی،ئیکجارناراحەت بوو،ئەو هێندە کە چاخێک بریتانیا لە 1924 بۆ جیاکردنەوەی جەعفەرسوڵتانی یاخی لەشێخ مەحموود مووچەیەکی بۆ وی بڕیەوە گەلێک هەستی بەدڵ ئێشان کرد. ئەمە بەمانای بەرتیل دان بەسەرۆک عەشیرەیەکی دراوسێ بوو. لەگەڵ ئەم هەل و مەرجە هێندە سەیرنییە ئەگەر ئێران دلی لەقرت و فرت دەکەوت کەبە کەسینی وەک شێخ مەحموود پەنابەری بدات و ڕیگای پێبدا بەئازادی ئەوبەر مەم بەری سنووربکات و بەمجۆرە لەگەڵ ئینگلیزیەکان مامەلە،بەمامەلە بکات.(تۆڵە)

لە لایەکی دیکە تاران دڵ ئێش بوو لەمە کە دەیدی شۆڕشی نەتەوەیی شیخ مەحموود ئەم هەمووە پێداگرە و سەرۆکانی بە دەسەڵات و شوین تێکەری وەک مەحموودخانی دزەلی و مەحموود خانی کانی سانانی مەریوانی لە ژێرکارتێکەر قەرارداوە. ئەگەرئەم سەردارانە هۆی مەشکیلەی ئێراق بوون، هۆی موشکیلەی ئیران-یش بوون. لەساڵی 1927تاران ئیدی لە حزووری-شێخ مەحموودی وەتەنگ هاتبوو. مەترسی یەک لەنێودا وتووێژەکانی زێدە پەیوەندار بە(ئارمانی خودموختاری کورد )مەسەلەی حزووری شیخ مەحموودی بۆ ئینگلستان بە ڕادەیەکی پتر بۆ بەستێنی مەترسی دەبرد.

مەسەلەیەکی گەورەی سنوور کۆچی وەرزی خێڵاتی بوو. کۆچباری هاوینان زۆربەی دبوو بەهۆی چەقەو گوڕەو نیوانناخۆشی ئەوخەڵکانە کەئەم عەشیرەتە بەناو خاکەکەیاندا دەڕۆین. بەڵام بێجگە لەمە لەگەڵ کەڵەکە بوونەوەی حکوومەت جەرەیانێکی ناخۆشی تریش لەمەڕ خاوەن ملکایەتی هەرد و خزمەتی سەربازی و باج وپێتاک سەری هەڵدا. ئەم ناسازگارییە بەسانایی دەیتوانی تۆفانێک وەڕیخات. ئاشکراترین نموونە پژدەریەکان بوون، کەبەپێی قاعیدە هەموو هاوێنان بۆ لەوەڕاندنی گاوگۆلەکانیان لەناوچەی سەردەشت لەقەلادزێ بۆ کوێستان دەهاتن.

لەسەرانسەری دەیەی 1920 پژدەر لەگەڵ دەوڵەت لەکێشمە کیشم دابوو. پژدەریەکان لەسەردەمی لاوازی قاجاریە مافی ملکایەتیان لەسەرژمارەیەک لەگۆندەکانی دەوروپشتی سەردەشت یان، وێدەچوو بەم هۆیە کەحەریفێکی بەهێزوتوانایان لەبەرامبەری خۆیاندا نەبوو، پتەوکردبوو. لە1923 هێزەکانی دوڵەتی سەردەشتیان دەست بەسەرداگرت،ولەگەڵ سەرۆکانی عەشایەر توندوتیژیان دەربڕی،و بە بەیانووی (پاشماوەی باج و پێتاک) گاو گۆلی پژدەریەکانیان زەوت کرد،ونوێنەرانی ئەوهۆزەیان لەگوندەکان و ئەوملکانەی کە داگیریان کردبوو وەدەرنان. ژمارەیەک لەسەرۆکانیان بۆ کاتێکی بەرتەسک دەست بەسەرکردن. لە1924دەوڵەت حەولیداماڵیاتی سەرانەی ساڵانە وەربگرێ،کە بە ئاماژە بەڕابردوو-ش دەکرا و هەتا ساڵی 1914ی دەگرتەوە-لەونێوەش دا کەوتە ئەم فکرە کە چەک لە عەشایەر داماڵیت. پژدەریەکان هەرچەند باج وپێتاکی سەرانەیان بە ناوی شتێکی قانوونی و شەرعی قەبووڵ کرد بەڵام لەدانی باج وپێتاکی وەپاشکەوتوو،ملکەچ نەبوون،چەک داماڵینیشیان بێ گومان ڕەت کردەوە. و خێرا لەبەر سوارەی نیزام،هەڵاتن، بەڵام لەشیوازی قەوڵ وبەڵینیان نەپساند. دەوڵەت زستانان لەنەبوونیان دەستی لەکاروبارک ملکەکانیان وەردەدا،و هەموو هاوینان موشکیلەو کێشمەکێشمی نوێ سەری هەڵدادا. لەهاوینی 1926 هێزەکانی دەوڵەتیان لەسەردەشت و بانە ڕاونان، و بەرلەگەڕانەوە بۆ ئیراق 38گوندیان سوتاند، ساڵی 1927 ئارام بوو، بەڵام لەساڵی 1928 جارێکیتربەهۆی ڕەفتاری دنەدەر دەوڵەت، لەکاتێک کەبۆ کۆچی هاێنی ساڵی 1929 حازر دەبوون دوژمنایەتی نوێ کراوە.

دوو شت لەمپەری سەرهەڵدانی نێواناخۆشی بوو. یەک زەنگی مەترسی لەلایان بەغدا سەبارەت بەهەر (کەلس وکەوتێکی ناحەز)دووەم ئەو سەرنجەی کەتاران بۆخۆی لە بیروڕای دابوو: تاران بە ئاڵیکاری وان لە بەرەنگاری لەگەڵ شۆڕشی مەنگوڕەکان کە بەرەی پشت دەریەکان بوون ئاتاجی هەبوو. لەحاڵیکدا مەنگوڕەکان سەردەشتیان داگیرکردبوو، تاران ئامادەی پێکهاتن وموافیقەت لەگەڵ بازیک لە داواکاریەکانی پژدەریەکان بوو.

ئامانجی سەرتایی و بنەڕەتی ڕەزاخان چەک داماڵین لەهەموو تایفەوقەبیلەو هۆزو تیری عەشیرەیی بوو. عەشایەری کورد ڕەنگە ئەو گرنگایەتیەی یەکگرتوو بوونی قەشقایی و بەختیاریانیان نەبوو،بەڵام ئەم هەمووە بۆ ئارامی قەراغ قوجاخی ڕۆژئاوایی وڵات مەترسێکی ڕاستەوخۆ بەحیساب دەهاتن. بەڵام چەک داماڵین پەیوەندی بە توانایی وئارامی وەزیت هەبوو. و بەسەرهەڵدانی شۆڕش لەناو کەسینی وەک مەحمووودخانی دزەلی وجەعفەرخان سوڵتان هەورامی وسەرداررەشید ئەردەلانی ڕەوانسەر کە هەموو لەکەسانێک بوون کە دەبوایە بەرلەهەموان چەک کرابوان، لەمپەریک هاتەپێش. بۆ نموونە لە1925 سالارئەلدولە بۆ دنەو وراژوو سەربزیوی عەشایەر دەستی بەتێکۆشانێکی تازەکرد، سەرراست بۆ لای ئەم کەسایەتیانە چوو.

تاران هێشتا بە ئالیکاری عەشایرەکانی دیکە یان بێدەنگ ڕاگرتنی وان بە بیروڕای پێشگیری لە تەقینەوەی گشتی موتاج بوو. بۆ نموونە،لەساڵەکانی 1925-26 کاتێک تورکیە تۆفانێکی لە سنوور پێکهێنابوو، و شووڕەویەکان لەگەڵ سەرۆکانی ناوچەی ماکۆ خەریکی وتووێژ بوون لە باکوور پژدەریەکان و هورامیەکان ئەرتەشیان ماندو کردبوو، بوونی عەشایەری بە هێز بەڵام بێ لایان،زۆرتر نزیک لەئاقڵ و خیربوو هەتا بێگانە کردنی ئەم عەشایەرە. لەلایەکی دیکە تەنگ و چەڵەمەی تاران

سەرهەڵداو لە خۆدی نیزامیان بوو کە بۆ باشبوونی مووچە و یارمەتی ژیانیان بۆ خۆیان چەک و تەقەمەنیان بە شۆڕشگێڕان دەفرۆشت.

لەکۆتایی دەیەی 1920 دەوڵەت جەتوونترین بەشی هەنگاو هەڵێنانی خۆی کە داماڵینی چەک لەعەشایەر،هەتا لە دەڤەرەکانی سنوور، دەست پێکرد. ئەم کارە پیوستی بە بوونی هێزێکی ئینسانی تەواو وکەلک وەرگرتن لە تاکتێکەکانی غافڵگیرانە بوو،چونکە عەشایەر لەجیاتی ئەمە کە چەک وەدەوڵەت بدەنەوە،بەجافەکان یان عەشایەری دیکەی ئەوبەری کەوشنیان دەدا. نێوان ساڵەکانی 1927-1934لەنێوان هێزەکانی دەوڵەتی و عەشایەری هەورامان و مەریوان وێککەوتنێکی پەیتاپەیتا ڕوویدا،کەدەویدا دەوڵەت ئیکجار ستەمی کرد. ئەو هێزانەی کەلەگەڵ پژدەریەکان و مەریوانیەکان وهاورامانیەکان دەجەنگین تەواوی ئەو کەسانەی کە بەدیل یان دەگرتن ئیعدام دەکردن. لەوانەیە، ڕووداوێکی وەکوو ئەمە بێت کە بۆ بەهۆی ئەمە کەساڵی سی وحەوت بەپرسی قەبیلەی ناوچە پەنا بۆ ئینگلیزیەکان ببات. لە 1931 بەبۆچوونی باڵوێزی بریتانیا ئەم سیاسەتەی ستەمکارانەی ئاشکرا،سیاسەتێکی بەهەڵسەنگان و لێکدانەوەبوو،کەبەپێی وی، کەرتانەی نیزامی هەتا ئەو یخسیرانەی کە نەیاندەتوانی بڕۆن دەیانکوشتن. ئەم ڕاپۆرتانە ئەو ڕووداویان لە مێشک و زەینی مرۆڤ زیندو دەکردەوە کە گیڕانەوەیان لەدەرکردنی کوردەکان لەکوردستانی تورکیە لەسەرزارو زبانان بوو.

زوڵم و زۆرداری سەبارەت بەسەرۆکانی ملکەچ نەکەر دەستووری ڕۆژ بوو. سمکۆ لە1929 لە ناوچووە،برازای عەمەرخان(کۆڕی جەعفەرئاغا)پێنج ساڵ دوایی لە هەل و مەرجێکی گوماناوی مردبوو. ئەمە(شێوازێکی ئاسایی) بوو سەرۆکی موکری لە1931 بە شێوەیەکی گوماناوی لەزیندانی ساوجبلاخ مرد. هەتا لە سەید تەها-ش چاوپۆشیان نەکرد،هەرچەند جگە لە یەکیەتی لەگەڵ سمکۆ کارێکی نەکردبوو کە ڕەزاشا پێی ناخۆش بێت. ئەو لە 1928بەداوای ئێران لە فەرمانداری ڕەواندز وەلانرابوو بە ڕەواڵەت بە بانگهێشتنی ڕەزا شا،بۆ وتووێژ سەبارەت بەو ملّکانەی کە داوای خاوەنەتی دەکرد، لە دەوروپشتی سنووری مەرگەوەربوو بۆ تاران چووبوو،بەڵام لەتاران زیندانی کرا،و دوایی لە1932 مەسمووم بوو.

چەک کردنی عەشایر لەگەڵ هەنگاو هەڵینان و دنەدانی دیکەی ڕەزاشا، کەدەیەویست مللەتی بەمللەتێکی هاوشکڵ و هاوبیچم ئاڵەگۆڕبکات، دژواری پترکرد. لە 1928 سەرجەمی لەقەبەکانی ئێلخان وبەگ و ئەمیرو ئاغا، یاساخ کرا. جل و بەرگی هاوشکڵ بەتایبەت کڵاوی پەهلەو-یش کەلە 1929ڕەنگی زۆرەملی بەخۆوە گرتبوو،هۆی تووڕەیی ونارەزایەتیەکی زۆربوو. بۆ نموونە، مامەشەکان و مەنگوڕەکان بۆ سەردەشتیان هێرش بردو پادگانیان لەشار دەرپەڕاند.

عەشایەر لەگەڵ سەربازگرتنیش کەلاوانی عەشایەری بۆ قازاخی دەبرد دژایەتیان دەربڕی،و ئەم جەرەیانە ناڕازیبونێکی قوڵی لێ کەوتەوە. بۆ نموونە،لە1937 دوازدە قازاخ کە بۆ سەربازگرتن بۆ گوندێکی چووبوون کوژرابوون. دوو ساڵ دوایی عەشایەری سەردەشت لە ڕەخنە بەسەربازگیری و چەک داماڵین و پۆشینی جل وبەرگی ئۆڕوپایی، ڕاپەڕین. هۆیەکی دیکەی ناڕەزایەت، سیاسەتی زوان

بوو،کە بە پێی وی زبانی کوردی لە 1924سەرتا لە قوتابخانەکان و ساڵی دوایی(بەئاشکراو بەگشتی) یاساخ و قەدەخە کرد.

لە ئاکامدا، ڕەزا شا،لەسەرانسەری خاکی ئێران دەستی بە(سەقامگیری) عەشایەرکرد و حەولی دا کە سازمانی عەشیرەیی وان لەناوبەرێت. هێشتا لەساڵی 1941مەجبوور بە وازهێنان لە سەلتەنەت نەببوو بە وێچوونی زۆر لەم کارەش سەرکەوتوو دەبوو. لە دەیەی 1930 خەسارەیەکی زورۆ زەبرێکی گورچووبڕی لە کورداندا. ژمارەیەکی کورد بە زۆرەملی لەکوردستان مەجبوور بە گوێزتنەوە کرد،بۆ نموونە، جەلالیەکانی لەباشوور دوورخستەوە،بەم هۆیە کەبەکەرتەکانی ئەڕتەشی ئێران کە بۆ پێشگیری لە هاتنی شۆڕشگێڕان (ئاگریداغ) لە ناوچە بڵاو کردبوو هێرشیان کردوە،گڵباغ یەکان لەکرمانشا بۆ ئیسفەهان و هەمەدان و یەزد، گوێزرانەوەو، و لە جێگای وان گروپەکانی تورک زبانی لێ نشتەجێ کرد. بەڵام هەنگاوێکی ئەوها بوو بە هۆکار کە ژمارەیەک لەلاوەکان بەچیا هەڵگەڕێن. گەلێک لە سەرۆکانی عەشایەر لە تاران زێندانی بوون،ملک وماشی بازێک لەوانە زەوت و دەستی بەسەرداگیرابوو، مڵکی بەشێکی دیکەشیان ستاند بوو ولە جیاتی وێ لەشوێنێکی دیکە، دوور لەناوچەی عەسڵیی و لەدایک بوویان مڵکەکیان دابوونێ و مەجبووریان بە لێمانەوە لەو شوێنان کردبوون. ژمارەیەک لە ئاغاکانی چێنی دووهەم کە سەرئێشیان بۆ دورست دەکردن هەرلەزیندان دابوون، بەڵام هەتا کۆتایی 1936 سەرۆکەکان هێشتا دەیانتوانی بە بەرتیل بە دەسەڵاتدارانی ناوچەیی لە ئازادی کەلک وەرگرن. لەزوربەی کاروباردا ئەفسەرانی ئەڕتەش ئەرکەکانی سەرۆک عەشایەریان وەسوکر دەگرت، گەلێک لەمانە بەهۆی گەندەڵی و زولم وزۆری وەک گای بەش دیار بوون.

لەو جێگایان کە ئیختیداری حکوومەت دژایەتی و موخالیفی نەبوو، ڕەزاشا،ڕاستایی خواروی بنکەی عەشایەری وەکوو لەمپەرێک لەبەرامبەر بڵاوبوونەوەی هزری بڵشوێکی لە ناو وەرزێرانی یەکجێ نشین و لەپەیوەندی لەگەڵ ملکەکان و مافی کۆمەڵایەتیان دەست وێنەکەوتوو سەربەموور هێشتەوە. بە وەسیلەی ئیدارەی(تاپۆی ملک)ئاغاکانی ناوچەیی دەڵگەرم کرد کە زەویووزاری هاوبەشی (قەبیلە)یی بەناوی خۆیان تاپۆ کەن. گوێزتنەوەکانی زۆرەملی و زەوت کردنی گاوو گۆل و مەڕو ماڵات و پێشگیری لە زۆزان و ئاران خەسارەیەکی زۆری لە سەر پێویست بوون و ژیانی عەشایەری هەبوو. جگە لەمە ،دوارۆژو ئاکامی ئابووری توندیش نەک تەنیا بۆ عەشایەر کە یەکجاری هەژاربببوون بەڵکوو بۆ ئابووری وڵات-یشی بەدواوە بوو: دابین کردنی خواردەمەنی لە ناوچە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمە یەکی زۆر ڕوو بەڕوو بوو. گەلێک لە شارەکانی قەراخ قوجاخی کوردستان بۆ دابین کردنی گۆشت ئیحتیاج و پشت ئەستوور بە کوردستان بوون.

لەکۆتایی دەیەی 1930 ئیدی کوردەکان ملکەچ بوون. لە سەردانێک کە ڕەزاخان لە ساڵی 1936 لە کوردستانی کرد بە زبانێکی توند بە گوێچکەی کۆمەڵێک لە ئاغاکانی هەڵێنا،کە لە خۆ تێوەردان لە سیاسەت خۆیان بپارێزن، و بەقسەی بالوێزی بریتانیا، ئەوانی بەم هەستە بەجێهێشت کە(دوارۆژێک کە ئێران بەهاوڕەچەڵەی کێونشینی ئازاد و مەغرور پێشکیش دەکات بەجۆرێکی تاقەت نەهێنەر،بێ بایەخ و ڕەنج ئاوەرە.)و بەهەرحاڵ، کاتێک کە ڕەزاشا لە1941 لەسەلتەنەتی وازهێنا، بۆ سەرخاک و

ئاوی باب وباپیرانی خۆیان گەڕانەوە، غولام یەکتاشیان لەدورەی خۆ کۆ کردنەوە، تێکۆشانەکانی نەریتیان دەست پێکردەو. بەڵام باسی ئەم جەرەیانە پەیوەندی بەپاژەکی دیکە هەیە.

لەم نێوەدا ئێراق و ئێران و تورکیە بەم ئاکامە گەیشتن کە بۆ بێدەنگ کردنی ناڕازییانی کورد،هاوکاری باشتر لەمەیە، کە بیانەوێ وەک پێشوو بۆ وەدیهێنانی سەرئێشە بۆ یەکتر،لەکوردەکانی دانیشتوو لە وڵاتەکانی خۆیان کەلک وەرگرن. لە 1937پەیمانێک کەلەکۆشکی ڕەزاشا،(سەعدئاباد) ئیمزاکرا، کە بەپێی ناوەڕۆکی وی،لایانەکانی ئیمزاکردوو،سنوورەکای مەوجوودیان بە فەرمی ناسی و دەستەبەر بوون کە ڕێوڕەسمی جوانی جینارەتی لەبەرچاوبگرن. واژۆی ئەم پەیمانە و ئاڵیکاری نێوان ئەم سێ دەوڵەتە بۆ کوردەکان شتێکی ناخۆش ودلسارد بوو.

منابع:

بریتانیای کبیر،منتشرنشده:بایگانی عموومی،سری های 248وزارت خارجە،شمارەهای 1224، 1225، 1226، 1246، 1278، 1331، 1400،سرهای371وەزارت خارجە،شمارەهای 3858، 4147، 4182، 4930، 5076، 6347، 6348، 6434، 6442، 7781، 7802، 7803، 7805، 7806، 7807، 7808، 7826، 7827، 7835، 7844، 9009، 9010، 9018، 10097، 10098، 10124، 10158، 10833، 10841، 10842، 11484، 11491، 12264، 12265، 12288، 12291، 13027، 13760، 13781، 16063، 16076، 17912، 17915، 18987، 20037، 23261،وزارت خارجە 112/416،فەرماندهی 2/21/732.

اسناد رسمی بریتانیا،منتشرشده:کردستان وکردها،درایور

منابع درجە دوم:

اروانـد آبراهیمیان،(کسروی)،ملی گرای هواهخواەجذب)،مجلةمطالعات خاورمیانە،جلد9،شمارة3،اکتبر1973،وایران بین دوانقلاب(پرینستن،1982 ارفع،پنج پادشاە،بک،(قبایل وحکومت درایران درسدەهای نوزدهم وبیستم) وان بروئن سن(قبایل کرد و حکومت ایران: شورش سمکو)(درچاپ) ریچاردتاپر،کشمکش قبایل ودولت، حسن پور،ناسیونالیسم وزبان،هوشنگ صباحی،سیاسەت انگلستان درایران، 1918-1925(لندن،1990).

یادداشتها

1-وزارت خارجە5067/371یاداشت مورخ 23 ژانویة 1920 گری بە واردراب،(ایروان) با عنوان(کردها درمنطقة) طرف های متنازع را باذکر پیوندهای قبیلەای مشخص می کند. نگاەکنید بە وزارت خارجە 1225/245،نامة مورخ 7 مە 1919 پاکارد بە بریستو(ارمیە) دربارة رقابت شیوخ. 2-پیشتر قتل جعفرآغا برادر سمکورا در 1904 یا 1905 دیدیم. عمرآغا، رهبر مامدی هاڕا مقامات

ایرانی در1902 کشتند. مصطفی آغا رئیس کرداهها را عبدویی وی در 1906 به قتل رساندند.
3-کەسانی کەموقعیت سمکۆرا تهدید می کردند عبارت بودند از برادرش،ئەحمەد،کە جنگجویی بێ پروا بود، ونیز پسران تیمور،کەیکی ازآنها بحری بیگ بود کەسخت باسمکو درافتاده بود، وبعد عمرخان پسرمحمد شریف پاشا. شخص اخیرالذکر را اغلب برادر و عمو یا پسرعم سمکو معرفی کردەاند. 4-این اتحاد مورد حمایت تبریز واقع شد. اما نام و مقام حمایت کننده بدرستی معلوم نیست. 5-دیلمان راگرفت،خۆی را غارت کرد، ومردم آذری قرەقشلاق لکستان(واقع درشمال غرب دیلمان) راقتل عام کرد. 6-وزارت خارجە1225/248،گزارش مورخ 14 ژوئیة 1919(تفلیس) سرتیپ بیچ دربارة ناآرامی درمنطقة ارمیه. 7-هم سمکو وهم شیخ ط باشیخ محمود وشورشش خصومت می ورزیدند. سمکو پس ازشکست ازسلیمانیه دیدارکرد. 8-120نفردرمیدان جنگ کشتەشدند،230تن دیگرمفقود یا اسیر شدند. 9-وزارت خارجه 371/ 6347،نامة مورخ 26اوت کمیسرعالی بریتانیا درعراق بو وزیرمستعمرات. 10-وزارت خارجه371/ 6347نامة مورخ 20ژوئیة 1921 دستیارافسر سیاسی مسئول رانیه بەافسرسیاسی مسئول سلیمانیه. نگاەکنید همچنین بەنامة مورخ 21اکتبر 1921(و ضمائم) کمیسر عالی به وزیرمستعمرات.
11-نگاەکنید بەنامة(کردمصطفی پاشا)کەدران نویسنده،توجیەسمکۆ را برای کشتن اسیران درساوجبلاغ ذکرمی کند: کەوبإ بەاسارت درآمده وآزاد شدەبودند(یعنی درطی جنگ خهانی)بااین قول کەدیگر باکردها نجنگید، وزارت خارجە7781/371نامة کرد مصطفی پاشا بەپسرش،عبدالعزیز، سلیمانیه،مورخ 12 دسامبر 1921. 12-سردار رشید باتوجه بەدعویی که خۆد برتخت سنه داشت بایداز پیشنهاد سمکو بەمحمودخان رنجیدەباشد. روسها در1917حکومت سنەرا بەسرداررشید پیشنهاد کردەبودند. مناسباتش بامحمودخان بدبود. شاید خۆدداری محمودخان ازشوریدن باعث شد که وی خۆد بشورد. 13-وزارت خارجه 371/ 6347نامة مورخ 24 سپتامبر1921 کاون بەکمسیرعالی(کرمانشاه).
14-ئەم هێزەی کورد،لەڕاستیدا لە1921 لەگەڵ چریکەکانی ناسیونالیستی کوچک خان لەگیلان هاوکاری دەکرد. بەرپرسی ئەم ژمارە خالۆقوربان یەکێک لەسەرۆکانی ناوچەی کرمانشا بوو. ئەو بۆخۆی کوژرا، وهێزەکەی دوایی تێکشکان لەساوجبلاخ،هەڵوەشاوە.
15-هەردوو دۆستیان لەدەوڵەت دا هەبوو. عەمەرخان لەناوجە ڕیزی هەبوو،بەڵام سمکۆ لە پشتیوانی وەزیری بەرگری کەلک وەرگربوو، کەبۆخۆی خۆ بەدەستەوەدانی سمکۆی قەبووڵ کردبوو. لە1925عەمەرخان بۆ تەورێز بانگهێشن کرا. بەڵام ئەو نەچوو. دوورنیە کەئەو بانگ کردنەی بە دەسیسەی سمکۆ ودۆستی وی لەتاران بووبێت. بەهەرحال ئەمە سمکۆ بوو کە هێزەکانی دەوڵەتی بردو ئەوەی دەست بەسەرکرد. 16-حەسەن پوور لاپەڕەی ئەومەسەلەی تێداجێکراوەتەوە کلیشەکردوە، ناسیونالیسم وزبان،لاپەڕەکانی 260.بەقسەی بروئن سن گۆڤارێکیش بەناوی (کوردلەساڵی 1340) عەشایەری کورد) لاپەڕەکانی 399، شمارە36.
17-لە1918عەلی ئەکبەرخان(سەرداری بەقودرەت) بۆ خاکی عوسمانی هەڵات. ئینگلیزیەکان قاسم خان(سەردارناسر)یان بەناوی بارمتەلەبەغدا ڕاگرتبوو. دەیانزانی کە دژایەتی سنجابیەکان پەیدابوو لەزوڵم وزۆری ڕووسەکانە،چونکە لەمەترسی بۆشایی دەسەڵات لەدەڤەر ئاگاداربوون قاسم خان یان بەناوی سەرۆکی گشتی بۆ ناوچەگەڕاندەوە. عەلی ئەکبەر وبرای سیومی وی بەناوی حەسەن

خان(سالارزەفەر)لەتاران زیندانی بوون،بەڵام بەدەستەبەری حەسەن ڕەفتارلە 1922ئازادکران.
18-هەرچەند سەرۆک تایفە سلیمان خان بوو بەڵام خەیاڵی سەبارەت بەبرازاکەی،عەباس خان، کەلەکرمانشا بوو نارحەت بوو، وبەیارمەتی حکوومەت پیلانی بۆ دادڕشت.
19-مانگێک دوایی ئەم حاکمە وازی هێنا. باڵوێزی بریتانیا کەڵهوڕەکانی ئیقناع کرد کەخۆیان لەجەرەیان دوورەپەرێزبکەن. ئامانجی بالوێز ئەمە بوو کەئارامی لە سنووری ئیراق بپارێزرێت وڕێگای سەوداگەری خانەقین بۆ کەرمانشا تووشی نائارامی وپشیویی نەبێت.
20-ئەمجۆرە زولم وزۆریانە بێ پێشینە نەبوون. بۆ نموونە،لە1924 نزیکەی 20سەرۆک عەشیرەی لوڕ،کەژمارەیەک ئاشقیا ببوون، وگروپێک لە دەوڵەتیان پشتیوانی دەکرد،بەدڵنیاکردن و داردنی قورئانێک کەپشتی وی فەرماندەری نیزامی ناوچە مۆری کردبوو، بانگهێشتن بۆ وتووێژ کرا، هەرکە گەیە ناوچە،سەریان گۆش ئەندەر گۆش بڕی و بۆ هەمەدان ناردو لەوێ بۆ چاولێکردنی خەڵک دایان نابوو. 21-وزارتی دەرەوە 16076/371، دەفتەری ڕووداوی ڕۆژانە باڵویزخانەی کرمانشا،مارس 1932. 22-عەمەرخان کوڕی جەعفەرئاغا،نێچیری پیلانی دەژمنێک بوو بەناوی سەرتیپ خان،کە ڕاپۆرتی لێدابوو کەدەیەوێت ئیشقیابێت. بۆ ئاگاداری لە ئیعدامەکانی(ناقانوونی) دیکەی حکوومەت،بڕواننە نوسینی آبراهیمیان لەژێرعینوانی ئیران لەنێو دوو ئینقلاب لاپەڕەکانی 150-151. 23-وەزارەتی دەروە 371/ 20037نامة مەرخ 18نوامبەر 1936 اورکهارت بەوەزیری(تەورێز).

---

کتێبی سیوەم: ناسیۆنالیسم لەسەربنەمای نەتەوایەتی لەئێران.

پاژی 11،

هۆز یان نەتەوە- کۆماری مەهاباد

سەرەتا:

هەستی نەتەوەیی لە سەر بناخەی قەومییەت یەکەمین جار لەئێران ڕیگای خۆنواندن و ئاخافتنی وەدەست هێنا،کەعەجایب ئەمە کە کۆمەڵگای کوردی لاوازتر لەکۆمەڵگای کوردی وڵاتانی ئێراق و تورکیە بوو. ئەم بەتاڵیيەی دەسەڵات پەیدابوو لە شەڕی دووەمی دنیاگربوو کە هەل ومەرجێکی ئەوهای پێکهێنا کەدەویدا ئەم هزرەتوانی ڕیشەباژوات. حکوومەتی ئێران بەڕەواڵەتی بەرچاو کۆماری مەهابادی تێکشکاند و تۆمارەکەی تێک وەرپێچا،بەڵام لەڕاستیدا لەمپەرسەرکەوتنی مەهاباد، لەجێگای خۆنواندنی ناسیونالیسم لەسەربناخەی قەومییەت، چەقەرەکەی لەفەرهەنگی قەبیلەو تایفەیی بووکە هەروا لەسەرمەسەلەی کورد زاڵ بوو.

**ڕیگا بۆ لای مەهاباد**

شەڕی دووەمی دنیاگر،هەروەک شەڕی ئەوڵ، خاڵێکی گەڕانەوە لەمێژووی کورد پێکدێنێت. ئەم جەرەیانە بەشێکی بەهۆی خودی شەڕەکە بوو. بریتانیا و یەکیەتی سوفیەت لەئەوتی 1941 ڕۆژئاوای ئێرانیان دەست بەسەرداگرت، وڕەزاشای ئاڵمانیەخوازیان مەجبوور بە هاتنەخوار لەسەرتەختی پاشایەتی و بەجێ هێڵانی ئیران کرد، و محەمەد ڕەزای کوڕی ئەویان لەسەرتەختی سەڵتەنەت دانیشاند. ناوەندی ناوچەی داگیرکراوی بریتانیا کەلە بیروڕا دابوو باڵی رۆژهەڵاتی ئێراقی داکۆکی بکات کرمانشا بوو. ڕووسەکان زۆرتر ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاو هەتا باکوور،خەتێک لە شنۆ بۆ مەهاباد وەدەلکا،داگیرکرد. دەڤەری هەڵکەوتوو نێوان مەهاباد و سەقز لە چوارچێوەی حوکم و شوێن تێکەری شووڕەوی،بەڵام لەدەرەوەی چاوەدێری ڕاستەوخۆی ئەو بوو، و لە گۆڕەپانی حوکم و شوێن تێکەری بریتانیا ناوچەی هەڵکەوتوو لەباکووری سنە،لە دەرەوەی کونترۆڵی کارتێکەری هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بوو کە لەگەڵ موافیقەتی ئینگلیزەکان لە مەڵبەند مابوونەوە. ئەم(مەڵبەندی بەتاڵ)کەجێگای کێشمەکێشی هێزەکانی ناوچەیی و دەوڵەتی لاوازی ئێران بوو، هەل و مەرجی پێویستی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی خودمووختار دەرەخساند.

یەکگرتووەکان هەر یەک نیگەرانی و ئیلاقەی تایبەت بەخۆیان هەبوو: شووڕەوی کەدەیەویست لایانەکان هێزەکانی خۆیان لەئازەربایجان بپارێزن، حەزی لەمە دەکرد کە کوردەکان زۆرتر خەریکی کاروباری خۆیان بن و کەمتر چاویان لەدەستی تاران بێت. بەڵام ئەم ئیلاقەیە بە ڕەکێش کردنی نیەت خاوێنی کوردەکان بۆ هێنانەدی داواخوازیەکی ئەوها لێکدانەوەی ناحەزی لێدەکەوتەوە-ئەم جەرەیانە خێرا ڕوویدا.

بریتانیا هەڵس وکەوتێکی جیاوازی لەمە وەرگرت. ئەو لە تەنگەژەی حکوومەت لەمەڕ عەشایەر ئاگاداربوو، جیا لە(سنووری ڕۆژئاوا)ی هندوستان لە بێن النهرین-ش لەم بارەوە ئەزموونێکی بەرفرەوانی هەبوو. شتێکی کە نەیدەویست ئەمە بوو کە عەشایەری کورد شەق لە هاووڵاتی ئێران هەڵبدات و بیچمێک لەخودموختاری یان سەربەخۆیی ڕاگەێنێت. وابەستەی نیزامی بریتانیا لە تاران دەیگوت(ئەگەر کوردەکانی ئێران بە داکۆکی ئێمە خودموختاری ناوچەیی وەدەست بێنن،ئەوکات عارەبی خوزستان- و خوا دەزانی چ..گروپەکانی دیکە...هەموو دەیانهەوێ.)لە هەموان خەرابتر شتێکی ئەوها سەرمەشقێکی کارەسات هێنەر بۆ عەشایەری ئێراق و نەتەوەخوازانی گێرەشێون وئاژاوچی سلیمانیە و کەرکووک دەبوو. ولەئاکام،بریتانیا لەم خاڵەش باش ئاگاداربوو کە تورکیە، بەوەرچەرخان بەئاڵمانیە، زۆرترسی هەبوو لەمە کە یەکگرتووەکان، کوردەکان بە خودموختاری دنە و دڵگەرم وپشت ئەستووربکەن و ئەم جەرەیانە هۆی نائارامی ئەوزاع بێت وکوردستانی تورکیەش بۆ شۆڕش وەقل بێخێت و دنەبدات.

لەبەر ئەمە بریتانیا دەیەویست کە ئیختیدار و سیستەمی ئێران بەو بیچمەی کە هەبوو، بەڵام ئازاد لە توندوتیژی ڕەزاشا،بپارێزدرێت،و تارانی نەسیحەت کرد و ڕاسپارد کەداواکاری شەرعی کوردەکان جێ بەجێ بکات، وئەوملّکانەی کەلە سەرۆکانی عەشایەر زوت کراوەن بە ئەوانەی کە بەڵگەی ملّکایەتی موعتەبەریان لەدەست دایە وێیان داتەوە، و بە خەڵکی عەشایەر کە خوازیاری یەکجێ نشینین یارمەتی بدا و مادام کە کۆچ وکۆچباری خێلات، هۆی نائارانی و پشیویی پێکناهێنێت بەرگری

لە ئاران و زۆزانیان نەکات، و ئەو ئەفسەرو خاوەن پلەوپایانەی کە لە دەیەی ڕابردو لە دەسەڵاتی خۆیان کەلکی ناحەزو نابەجێان وەرگرتووە بە پێی قانوون لێیان بپێچێتەوەو.

دەربڕینی لوتف ومحیبەتی بریتانیا بە کوردەکان هەڵبەتە کارێکی ئیکجار باش بوو، بەڵام ئەمە، زەنگی مەترسیەکی لە تاران وەڕێخست. لەوجێگایە کە یەکگرتووەکان ڕاپاندەگەیاند کەلە ڕیگای دێموکڕاسی و دژی دیکتاتۆڕی و بۆ بەرگری لە بێ دەسەڵات لە بەرامبەر دەسەڵاتدار و دژی تەواوی هزرو لێکدانەوەی خەراپ وتوندوتیژی خەبات دەکەن و دەجنگن، لەبەر ئەمە بۆ کەسانێک کە لەتاران بوون لێکدانەوەی ئەم کارە سانایی بوو کە ئێران بۆ سەرڕێووشوێنی عاشیرت گەری و خان خانی(ملوک الطوایفی) کەنەسلێک پێش هەبوو، دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا هەرلە یەکەمین حەوتووی ئەولّی وازهێنانی ڕەزاشا لەسەلتەنەت ئاڵۆزی لەوڵات سەری هەڵدا. بەڵام کاتێک کە پشێوی لە ئازرەبایجانی ڕۆژ ئاوا دەستی پێکرد، ڕووسەکان پێشگیریان لەهاتنی هێزەکانی ئیران بۆ ناوچەکرد. لە کانالێکیش کە ئیجازەیان دەدا،ئەمە بە ڕەواڵەت بەم بیرو بۆچوونە بوو کەلەگەڵ هەنگاو هەڵێنانی نابەجێ بەڵام پێویستی ئەم هێزانە، بیزاری خەڵکی ناچەی هەڵدستێنن.

لە بەشەکانی باکووریتر وەزع باشتر بوو، بەڵام بوونی ئینگلیزیەکان بۆخۆی لەمپەرێک بوو. تاران لەم پشتیوانیەی کە ئیگلیزیەکان لە مەڵبەندی کرمانشا لە حوکم و شوێن تێکەری دەوڵەتی ناوەندی دەکرد پێشوازی دەکرد،بەڵام لەعەینی حاڵدا هەستی پێدەکرد کە ئینگلیزیەکان بە هەڵە چاوەنواڕدەکەن کە دەوڵەت لەگەڵ لۆچێک عەشایەری نەحاملاو لەجیاتی چەک بە دەستەوانەی سپی ڕوو بەروو بێت. جگەلەمە، چاوپۆشی لە ئاخافنی جندی و تیف تیفەکراو،حەقیقەتی بوونی ئینگلیزیەکان و چاوپێکەوتن و لێروانینی ئەم مەسەلە کە ئەمە نەک تاران بەڵکوو ئەوانەن کە سیاسەتی ناوچە بەڕیوەدەبن، یارمەتی بەئیختیدارو حوکم-ی حکوومەت نەبوو. ولەئاکام،ئەم ئاقیدەیەی بێزاری بەڵام بەردەوام لەناو کوردەکان وجودی هەبوو کە بەهەرحاڵ لەوانەیە، ئینگلیزیەکان بە وەڕاست گەڕان و هێنانەدی تاسەو ئارەزویان یارمەتی دەربن. ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ناوچەیی و عەشیرەیی لەگەڵ ئەوان پەیوەندیان گرت.

تاران بەڕادەیەکی نیگەرانی جیا بوونەوەی کوردستان و حەزی لە پێشگیری وێ بوو کە کمیسیونێکی دەوڵەتی لە نوامبەری 1941 بۆ وێ نارد. ئەم کمیسیونە لەمەهاباد هێندێک لە سەرۆکانی ناوچەیی لە دەوری یەکدی کۆکردەوە و بەوانی وادەدا کە هەرکات قەبووڵ بکەن دەزگای بەڕیوەبەری دەوڵەت بۆ ناوچە بگەڕێتەوە، دەوڵەت ڕەخنەیەکی نییە بەمە کە چەکداربن و جل و بەرگی کوردی لەبەرکەن و بپۆشن. ئەمە زێدەپاروەک نەبوو: لە لە وەختی لە ناوچونی ڕەزاشا بەم لاوە ئەم خەڵکە هەم چەکداربوون و هەم جل و بەرگی کوردیان لەبەردەکرد. لەبەر ئەمە ئەم پێشنیارە ڕەت کرا. سەرۆکانی عەشایەر خوازیاری ئەمە بوون کە لە مەڕ وەرگرتنەوەی مڵکەکانی زەوت کراویان و لەوی گرینگتر وەرگرتنی نوێنەرەکانیان لەدەم و دەزگای دەوڵەتی تاران، متمانەی تەواو بەوان بدرێت. هەشت مانگ دوایی لەژوئین 1942 کمیسیونێک بۆ چاوپێداخشاندنەوە بەسکاڵایەکانی مڵکی کوردەکان و هەڵبژاردنی بەخشدارانی ناوچەیی لە جیاتی ئەفسەرانی ئەرتەش پێکهات-ڕەنگە مەنزوورئەمەبێت کەکاربەدەستانی ناوچەیی لەخەڵکی ناوچە بن-لەم نێوەدا بەرلە وەی

یەکگرتووەکان ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێت ئارامی و ئاسایشێکی تازە سەقامگیرکەن، سەرۆکانی عەشایەر لە ڕزگاری لە تەنگ و چەڵەمەو تونەو تیژی ڕەزا شایی بڕیاریانگرت کە وەزیت بەر لە حکوومەتی ڕەزاشایی بگەڕێننەوە،-یانی خان خانی-عەشایەر بەر لە هاتنی هێزەکانی ئەڕتەش بۆ ورمێ، دیسان شاریان تاڵان کرد و ئاگریان تێبەردابوو. کۆگایەکی زۆری چەک و تەقەمەنی کەلە سەربازانی هەڵاتووی سوپای ئیران بەجێمابوو هەڵگرت و بە چیا هەڵگەڕان. لە باکوور،یانی لەسنە وکرمانشا،عەشایەری دەوروپشت، خێرا ئاگری پشیویان لەدەڤەرەکانی دیهات هەڵکرد و دەستیان بەتاڵانی خەڵک یان هێرش بۆ گوندەکانی(دوژمن) کرد. لەکۆتایی ساڵ کوردەکانت دەدی کە، هەتا لە تەورێز، بەجل وبەرگی کوردی لەحاڵێکدا کە لە تۆقی سەرهەتا نێنوکی پێ پۆشتە بەچەک بوون،لە شەقامەکانی شاری تەورێز، پەیاسەیان دەکردو پۆزیان دەفرۆشت.

لە ورمێ،هات وچۆ و پەیوەندی ئازەریەکان لەگەڵ کوردەکان و مەسیحیەکان لە لوتکەی تەقینەوە دابوو. لەژانویەی 1942 گروپێک لە کوردان و ئەرمەنیەکان و ئاشوڕیەکان حیزبێکی بەناوی(ئازادی)یان پێکهێنا،کە بە تاڵانی گوندەکانی ئازەری نشین خەریک بوو. لەمانگی ئاوریل بە هەنگاو هەڵێنانی حکوومەت بە چکدارکردنی ئاوایەکانی شێعە مەزەب ئاڵۆزی و پشێوی عەشایەری سەرلەنوێ دەستی پێکرد. زێدەترلە 2000وەرزێر لەماڵەکانیان هەڵاتن. عەشایەرچاخێک ئارام بوونەوە کە دەوڵەت بە بردنەدەری هێزی ژاندارمەری لە دەڤەرەکانی نێوان خۆی و مەهاباد ڕەزایەتی دەربڕی.

لە کوردستانی ناوەندی حەمە ڕەشید خان بانەی داگیرکرد و بارەگای ڕێوەبەری خۆی لێ سەقامگیرکردو دامەزراند . حەمە ڕەشیدخان، لە ماوەی شەڕی یەکەم دنیاگر،حاکم-ی بانە بوو. لە دەسامبەری 1941 هەڕەشەی کردکە سنە-ش داگیر دەکات، تەنیا زەنگی مەترسی ئینگلیزیەکان بەمە کە ئەگەر کارێکی ئەوهابکات لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزی ڕوو بەڕوو دەبێت ئەوەی لەم هەنگاو هەڵێنانە پەژیوان کردەوە. لەمانگی فۆریە تفەنگچیەکانی وی سەقزیانگرت. بەڵام لەمانگی ئاوریل لە ناوشار ڕاونران- لەگەڵ ئەمە هەتا دەرگاو پەنجەرەو سیمەکانی کارەبای شاریان لەگەڵ خۆیان برد.

---

تێبینی: 1-لە کوردستان، لەسەردەمی ڕەزاشا،هیچ کام لە ئەفسەرەکانی ئەڕتەشی بەخشداریان فەرماندار دانەدەنان. 2-بەدوای بۆمباردومانی شار کە وەزیەت تێکچوو، زیندانەکانی ئازاد بوو بازارێان تاڵان کرد وئاگردا. کوردەکان لەم جەرەیانە دەستیان نەبوو.م 3-حەمەڕەشیدخان بارەگای ڕێوەبەری نەبووهەتا دایمەزرێنێت، لەشەری ئەولی دنیاگریش ئەو حاکمی بانە نەبوو. حاکم-ی بانە محەمەدخانی کوڕی یونس خان بوو کەلەساڵی 1916 بەدەستووری ئیبراهیم بتلیسی فەرماندەری قوشەنی سفەریەی ئەڕتەشی عوسمانی بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ رووسەکان لەگەڵ سیف ئەدین خانی حاکمی سەقز ومحمەد حوسین خان سەردارحاکم-ی بۆکان ئیعدام کرا.م

لە هەوەڵی پاییزی 1943 حەمەڕەشیدخان کە سەرەتا هەرجۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ تاران ڕەت دەکرد، قەبووڵی کرد حازرە وەکوو کاربەدەستێکی ناوچە کاربکات، بەڵام هەر وەک ئۆرکهات باڵوێزی ئینگلیز ڕاپۆرتی دا(ئەگەر هەرکام لەو دوو لایانە(دەوڵەتی ئێران یان حەمە ڕەشیدخان) دووربێنیەکی سەرنج ڕاکیشتروباشتری لەرووی خۆیدا بینی بوایە لە پاشگەز بوونەوە لەم پەیوەندیە شک ودوو دڵی نەدەکرد.) لەساڵی دوایی یانی 1944 ئەم چرکە بارگەی دابەزی. مەحموودخانی کانی سانانی لە ئۆکتوبری 1941 بەحکوومەتی مەریوان دانرابوو. حەمەڕەشیدخان لەگەڵ وی ناموافیق بوو، وبۆ وەلاتانی وی لە حکوومەت، هێرشی بۆ سەرمەریوان برد،هێزەکانی ئێران بەئالیکاری مەحموودخان هاتن و حەمەڕەشیدخانیان بۆ ئێراق ڕاونا،بەڵام حەمەڕەشیدخان بەرلە هەڵاتن بۆئێراق نزیکەی هەموو 1000ماڵی شارۆچکەی بانەی ئاگردا. هێزەکانی دەوڵەتی کاتێک لەجەرەیانی حەمە ڕەشیدخان بوونەوە بۆ لای مەحموودخان گەڕانەوە ئەویشیان بۆ ئێراق سەردەدووناو ئاوای ئەو دیویان کرد.

هەتا ژوئیەی 1942 تاران بەکردەوە هەموو سەرۆکانی عەشایەری کوردی لە زیندان ئازادکرد،سروشتی بوو ئەوان کەلە حکوومەتی ڕەزاشا،زوڵمیان لێکرابوو قەرەبۆبکرینەوە، لەحاڵێکدا ئەم قەرەبۆیە یان بۆ ملکێک بوو کە لەوانیان ئەستاندبوو ویان بەهۆی وەزیت و هەڵکەوت وشان وشەوکەتێک بوو کەلەدەستیان دابوو. چێرۆکی عەباس قوبادیان، نەوەی داودخانی کەڵهوڕ بەبەشی نیشان دەدات کە ئاغاکان چلۆن لەگەڵ هەل ومەرج و ئەوزاعێک کە ڕەزاشا،پێکیهێنابوو خوویان پێگرتبوو. لەدوایی مردنی داودخان لە 1912 تێکۆشان و بەربەرەکانی لەسەر جێگری وی لەنێوان کوڕەکەی سلیمان و نەوەکەی عەباس(برازای سلیمان) هەڵایسابوو. هەردووک لاوە تەقریبەن بێ ئەزموون بوون، بەڵام سولیمان پشتیوانی دەبەهێزی هەبوو، بوو بەجێگر. بەڵام ترسێکی کەلە برازای هەبوو، کەسایەتی و هەڵکەوت و مەوقعیەتی لەلای کەڵهوڕەکان لاوازدەکرد.

عەباس وەکوو دوژمنانی پێشوو لەکرمانشا،ژیانی دەکرد،و لە وێ دەستی تێوردانی لەکاری مامی دادەکرد. کاتێک سلیمان لە1922لە شەڕیکی بنەماڵەیی داکوژرا، عەباس خۆی بێ تاوان ناساند،بەڵام زۆرترین بەرهەم لەم جەرەیانە نسیبی وی بوو،چونکە بوو بە ئیلخان و بە یەکێک لەگەورەترین خاوەن ملکی گەورە گۆڕدرا.

تێبینی 1-لەدوایی عەمەلیاتێک کە بوو بەهۆی وەدەرنانی حەمەڕەشیدخان لەبانە،سەرتیپ هومایونی کەلەجێگای هوشمەند ئەفشار فەرماندەری لەشکری کوردستان بەسوکرگرتبوو بە واسیتەی خواڵێخوشبوو مردۆخ کوردستانی وخواڵێخۆشبوو سەرهەنگ ئاسەف وەزیری و خواڵێخۆشبوو وەکیل اسلطان بە مەحموودخانیان متمانە دا،ئەویان بۆ سنە نارد. مەحموودخان تووشی نەخۆشی ئازارەباریکە(سل) بوو. بۆ موعالیجە بۆ تاران ناردرا ولەنەخوشخانەی پۆستی بێخسترا ولەساڵی 1323 لەو نەخۆشخانەدا مرد.

بەڵام فەرمانڕەوایی و بەرپرسایەتیەکەی هێندە دەوامی نەبوو: ئەویش وەکوو زوربەی دیکە لە سەرۆکانی عەشایەر لە 1926 مەجبوور بە دوورخراوەیی بۆ تاران کرا، وهەتا ساڵی1941 نەیتوانی بۆ کرمانشا،بگەڕیتەوە. لەماوەی سەردەمی نەبوونی لە ناوچە ئەفسەرێکی سوپای ئێران لەگەڵ

ئاغای ئەعزەمی کە بۆخۆی کەڵهوڕ بوو و لەلای ڕەزا شا، بە سەرۆکی فوڕمەلیتەی کەڵهوڕان دانرابوو،کەڵهوڕەکانی سەڕافەتی دەکرد.

عەباس بە پێشنیاری یارمەتی بە گەڕانەوەی حوکمی دەوڵەت و متمانەی وەفاداری قەبیلە و چەک داماڵین ئیجازەی وەرگرت لەتاران بۆ کرمانشا بگەڕیتەوە. هیوادار بوو لەبەرامبەر ئەم خزمەتە بەفرمی سەرۆکایەتی قەبیلە وەدەست بێنێت. مەجبوور بوو هێندەک لە داواکاریەکانی کەم کاتەوە،چونکە بەهاوکاری لقی ڕەقیب،یانی داودیەکان (جێگرەکانی سلیمان)ئیحتیاج بوو. کاتێک ساڵی دوایی عەلی ئاغای ئەعزەمی کوژرا،عەباس جارێکیتر بێ تاوانی خۆی دەربڕی. هەرچەند کوڕی عەلی ئاغا بە بەخشداری گیلانی غەرب دانرا،عەباس بەفەرمانداری شائابادکە گرینگتربوو دیاری کرا، وخێرا کەوتە بەرئەم فکرە،کە خزم وکەس وکارو دۆستانی خۆی لەسەر پۆستەکانی ئاچەری دابنێت.

لە1943 عەباس بە ئاڵیکاری ئینگلیزیەکان یەکێک لەوچوار نوێنەری کرمانشا بە نوێنەرایەتی مجلیس هەڵبژێردرا. ئەو لە هەڵ ومەرج کەلکی وەرگرت و کرا بە ئەندامی کمیسیونی مجلیس، کە بە بیروڕای گەڕاندنەوەی مڵکە زەوت کراوەکان بە خاوەنانی ڕاستەقینەیان پێکهاتبوو. سروشتییە کە ئەو لە چاکتربوون بەداواکاریەکانی خۆی، خۆڕاگری لەخۆی نەنواند،چونکە لەسەرئەمە بڕیارگر بوو کە مڵکەکان و شان وشەوکەتێکی کەبەر لە ساڵی 1926 هەیبوو، لەسەرڕا وەدەست بێنێتەوە. ئەم جەرەیانە لەم نیوەدا هەلێکی بۆ وی ڕەخساند کەبە یارمەتی وی،توانی هاوسەنگانی کەڵهووری لەئولکە وەدەرخات.

عەباس تەنیا نەبوو لەماوەی ئەم دەورەیەدا گەلێک لە سەرۆکانی عەشایەر حەول و تەقەلایان دەدا کە لە دەم و دەزگای حکوومەت شوین تێکەربن و خزم وکەس و کاری خۆیان لە پیشەی باش وگرینگی ناوچە جێبکەنەوە، و لەم ڕیگایە کە بۆیان بڕخسێت پاوانی دەسەڵات لەدەقەر لە دەست بگرن. لە 1945 کە ئەو کات سەرۆک وەزێران نوێ لە مەجلیس لە بوونی زۆرایەتی پێویست دڵنیا نەبوو،عەباس لە بەرامبەر دانانی برای خوسرو،بە فەرمانداری شائاباد بۆ وی کەمەری خزمەتی بەست-ئەم کارێک بوو کە بۆخۆی بەرلەڕۆین بۆ مەجلیس هەیبوو. ئەم جەرەیانە چاوەدێری تەواوی وی لەسەرکەڵهووڕەکان و چاکتری بێ ئەملا ئەولای ئەویان بۆ ئەعزەمیەکانی تازە پێگەیوو دابین کرد. خوسرەویش لە نەبوونی پاڕیزگار کەلکی وەرگرت و سوپای دەوڵەتی بۆ (چەک داماڵینی کەڵهوورەکان) بۆ دیهاتی ئەعزەمیەکان برد. لەمانگی ئۆکتۆبر عەباس خەرێک بوو مامی،کەریم خانی داودیان(برای سلیمان)ی بۆ فەرمانداری قەسری شیرن دابنێت-ئەمە شۆڵێک بوو کە ئەگەر سەری گرتبوایە نێوەی لە پاڕێزگای کرمانشای بۆ ژێر دەسەڵات وئیختیداری عەباس خان دەبرد. تاران وردەوردە ترسی ڕێنیشت. بە هاتنە سەرکاری حکوومەتی نوێ،خوسرەو لە فەرمانداری شائاباد لابردرا. کاتێک مەهاباد خودموختاری ڕاگەیاند، عەباس(بەرەیەکی عەشایەری ڕۆژئاوای) پێکهێنا، بە ڕەواڵەت بەو بیرو بۆچوونە کەحکوومەتی مەهاباد بەچۆک دابێنێت. بەڵام تاران لەو دەسەڵاتەی کە بەرەیەکی ئەوها بە عەباسی دەدا زۆرتر خۆفی ڕێنیشتبوو، و دەست و جێ فەرمانی هەڵوەشانەوەی ویدا. عەباس بۆ تاران بانگ کرا وپێی ڕاگەیاندرا کە جڵەوەی بەرزەفرپەکانی بگرێ.

لە بەشی باشووری تری مەڵبەندیش ڕووداوی ئەوها ڕوویاندەدا. سێ نوێنەری کە بۆ سنە(سەنەندەج) هەڵبژێردران هەموو ئاغاو بەدوای دەسەڵاتدا هەڵدەسووران. لەدەقەری هەڵکەوتوو نێوان مەهاباد و بۆکان عەلی ئاغای ئەمیرئەسعەد،ڕێبەری بێ دژایەتی دێبۆکری حەولی دەدا خۆی لەدەسەڵاداران نزیک بکاتەوە. ئەویش وەکوو عەباس قوبادیان پێشنیاری کرد هێزەێکی سوارە بۆ پاراستنی ئارامی لەناوچە کۆکاتەوە. وبەناوی ناردراوەی ناوەندی لە گەڵ حەمەڕەشیدخان وتووێژبکات. ئەو بەناوی فەرمانداری مەهاباد، وئیجازەی 300چریک (جاش)بۆ ناوچە گەڕاوە. بەڵام کەلک وەرگرتن لەم دۆخ و مەوقعیەتە، ناپسپۆڕانەو بێ یەکیەتێکی بێنیازبوو. حەمەڕەشید خان بەتووڕەبون هەڕەشەی لێکرد کە(سمیلانی ئاگردەدا)لەم نێوەدا چونکە عەلی ئاغا نەیتوانی یارمەتی دەوڵەتی بە ئینسافەوە لەنێوان سەرۆکانی عەشایەر داروبەش بکات،ئەمە بۆ بەهۆی ناکۆکی لەناو سەرۆکانی مامەش و مەنگور بوو، وبراکانیشی کەپێشتر هێندێک عێجز ببوون زۆرتری لێ دڕدۆم کردن، ولەئاکام، ئەم ژمارەیە دەستیان وەدەستی یەکتر داو لەمەهابادیان دەرکرد. (پێشترشوێن تێکەری قازی محەمەد بووکە لەفەرمانداری لابردرا)م

جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر سەرۆک عەشایەر دایم ودەرهەم پێکەوە ناکۆکیان هەبوو، وبیروڕای باشیان سەبارەت بە تاران نەبوو،خەڵکی قەبیلەیان هەر بەو توندوتێژیەی حکوومەت وەک ژیی ماڵی کەوانی وێکدێنان. ئەو سەرۆکانەی کە بۆ ناوچە گەڕابوونەوە، یان دەبوایە کەل وپەلی دەسەڵاتیان بۆ عەشایەری خۆیان دابین بکردبوایە ویان ئەویان لە عەشایەر جێنار و دراوسێ بە زۆرەملی لێ ئەستاند بوایە. بەبیروبۆچونی یەکێک لەئە فسەرانی سیاسی بریتانیا تەنیا کوێخاکان بوون کەبایەخی ڕاگرتنیان هەبوو، ئەویش بەم دەلیلە سادەیە کە بەپێچەوانەی سەرداران کە لە ئاڵقەی غولامەچەکدارەکانیان دابوون کوێخاکان ڕاستەوخۆ وەڵامدەری گوندەیەکانیان بوون. بە نەزەری ئەم ئەفسەرەی ئینگلیزی لە ناوچەیەکی ژێهاتوو ئەوەی کە گوندەیەکانی ئیحتیاجیان پی بوو کاربەدەستانی ناوچەیی بوون کە بەکاروباری کشت وکاڵ، تەندورستی، باج وپێتاک و پەروەردەوفێرکردن ئاگادارییەکی تەواویان هەبووبێت. ئەمە هەڵبەتە خەیاڵێک بوو کە ئیمکانی وەڕاست گەڕان و دابەزینی نەبوو. سەرۆکانی عەشایەر هێشتا واقعیەتێک بوون وهەریەک بەرنامەیەکی سیاسی تایبەتیان هەبووکە دەبوایە لەناو عەشیرە،لەچوارچێوەیەی بەرفرەوانتری شارو دیهات و لەنیو دەسەڵاتدارانی دەرەکی، یانی شووڕەوی و بریتانیا و تاران بەردەوام دەبوو.

لەو ناوچەیەی کە شووڕەوی،دەستی بەسەرداگرتبوو بە تایبەت لە دەوروپشتی وی،ڕیبەرانی کورد بەرزتریەکی کە وێدوچوو لە پەیوەندی بە دەم و دەزگای ڕێوەبەری شووڕەوی یان تاران وەدەستیان دەهێنا،بەوردیان هەڵسەنگاند. بۆ نموونە،کاتێک عەلی ئاغای دێبۆکری لەسەر وەفاداری بە تاران لاقی چەقاند،براکانی ناڕازی بەدوای ڕووتێکردن و داکۆکی شووڕەوی هەڵدەسوڕان. ئیدی بە زانین و هەڵسەنگان تێدەکۆشان ڕازی بوونی هەر دووک لا یانی شووڕەوی وتاران – بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. لەحاڵێکدا کە قازی محەمەد، کەسێنی جێگا قەبووڵی خەڵکی مەهاباد، بەهۆی بیروڕای نەتەوەیی بەدوای پشتیوانی شورەویەکان بوو،براکەی سەدر،سەدری قازی،بەنوێنەرایەتی مەهاباد هەڵبژێردرا و بۆ مەجلیس چوو. برایانی قازی بە قوماری سیاسی بێگانە نەبوون. باوکیان-قازی عەلی-یش لەگەڵ سمکۆ، بۆ وتووێژ دانیشتبوو.

قازی محەمەد-یش وەکوو بازێک لە سەردارانی عەشایەر،دەست تێوەردانی یەکگرتووەکانی لە ئێران بە چاوی هەڵ ڕەخسان بۆ گەیشتن بە ڕادەیەک لە خۆدمووختاری بینی بوو. ئەو-یش وەکوو سەرۆکانی عەشایەر سەرەتا لەسپتامبەری 1941بەم هیوایە کە جۆرێک چاوەدێری بۆ کوردستانی جیاواز پێکبێنێت، لەگەڵ ئینگلیزیەکان پەیوەندی گرتبوو. دەسەڵاتدارانی شوورەوی لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونە کە ئینگلزیەکان لەبۆچوونیاندایە دانیشتنێکی دیکە لەگەڵ کوردان پێکبێنن،لەنەکاو بانگهێشتنیان لەسێ کەس لەڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ کرد. لەمانگی نوامبەر ئەوانیان و یەک لەوان قازی محەمەدیان بۆ باکۆ نارد. شورەویەکان دەیانەویست کە کوردەکان،بەتایبەت ئەوکوردەکانەی لەو لای ناوچەی داگیرکراوی شوورەوی بوون،چاوی هیوایان بە ئەوان هەبێت نەک بە ئینگلیزیەکان.

(نوێنەرەکان) بە وڕووژان، بۆ کوردستان گەڕانەوە، وکۆمیتەیەکیان بەناوی(کۆمیتەی بەرزی پاراستن و ڕزگاری)بنیاتنا کە بە(کاکڵێک) بۆ مەجودیەتی خودموختاری گوڕدرا. لە ورمێ بنکەی(ئازادی) ئەم سەردانەی بەجۆرێک(موری سپی) لەلایان شوورەوی بۆ کوردەکان بەحیساب هێنا.

دوو کەس لە کەسایەتی ماقوڵ کە حولیاندا هیوایەک لەسەر ئەم سەفەرە بۆ باکۆ، هەڵچنن لە هەموان لێهاتوو بەرجەستەترن: قازی محەمەد و شێخ عەولاّ گەیلانی. قازی محەمە لە مامۆستاکانی ئائینی ئیکجار دەنگین و ناوبەدەر و نەوەی برای قازی فەتاح بوو کە لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو لە بەستێنی وەدەست هێنانی خود موختاری بۆ مهاباد گەلێک تیکۆشانی کردبوو. سەید عەولاّ گەیلانی کوڕی شێخ عەبدولقادر بوو ولە 1914 لەدوایی داگیرکردنی وڵات لە لایان یەکگرتووەکان(لەئێراق) هاتبوو ناوچەی مەرگەوەر. پیاوێکی خاوەن ئاوازە بوو، ولەمەڕ پاکی دەنگین ترین شێخی ناچە بوو.

ئەم دووە(قازی محەمەد و سەید عەولاّ) حەولیاندا سەرۆکانی ناوچەی مەهاباد و ورمێ ئیقناع بکەن بەمە کە ناکۆکی لەمێژینەی خۆیان لەقەراخ دانین و لایانگریانیان کۆکەنەوە وپێکەو بەرەیەکی پێکبێنن. بەم لام ئەم حەوڵ وتەقەلایانە ئاکامی نەبوو. بازێک لە سەرۆکەکان حازر بەم کارە نەبوون. قازی محەمەد لەئاکامدا بەمەجبووری بناخەی هیوای خۆی لەسەرهاوکاری دوو کەس لەدۆستانی داڕشت: ئەم دوو کەسە یەک قەرەنی ئاغای مامەش و عەولائاغای مەنگوڕی بایەزیدی بوون، هەر دوو لەگەڵ بەشەکانی دژکاری ناو عەشایەری خۆیان ڕوو بەڕوو بوون.

و ئەمما لە هەموان خەرابتر ئەمە کە شوورەوی-ش بەرەواڵەت ڕووی خۆشی بەم جەرەیانە،یانی پێکهێنان و هێنەدی ئارەزو تاسەی داخوازیەکانی کوردان نیشان نەدا. دووەمین سەفەر بۆ ماکۆ لەمانگی مەی 1942 بەڕیو چوو. لەم سەردانە شورەویەکان بە نوێنەرانی کوردانیان گوت: کە یەکیەتی سوڤیەت لە مافی چارەنووسی نەتەوەکان پشتیوانی وداکۆکی دەکات، بەڵام هێشتا کاتی سەربەخۆیی کوردستان نەهاتووە. لەمانگی سپتامبەر دانیشتنێکیان بە بەشداری سەرۆکانی عەشایەری ورمێ و مهاباد لە شنو پێکهێنا. بیروڕا لەم دانیشتنە یەکیەتی عەشایەر وهەڵبژواردنی ڕێبەرێک بوو. شێخ عەبدولاّ وقازی محەمەد بۆچونیان لەسەرقەرەنی ئاغای مامەش هەڵچنیبوو،کە لەهەمووان بەتەمەنتر بوو و ئەمیرعەشایەربوو، بەڵام زۆرتر بەم دەلیلە کەلەمەهاباد نزیکتر بوو،لەگەڵ قازی محەمەد یەکگرتوو بوو. بەڵام شوورەویەکان کەلەدانیشنەکەدا حزووریان هەبوو

کارێکیان کرد کە عەمەرخانی شکاک، سەرۆکی کاردارەکان ، بەڕێبەری هەلبژێردرێ، دیسان ئەم بیروبۆچوونەیان دووپات کردەوەکەکاتی خودموختاری هێشتا نەگەیوەتێ.

تێبینی: 1-وەک کریس کوچرا لە(جنبش ملی کورد)دەگێریتەوە: کونفرانسی شنۆ (سپتامبەری 1942) لەڕاستی دا شوورەویەکانی خانەخوێی ئەم پێکنەهێنانە نەبوون، هۆیەکەی شایی کوۆڕی قەرەنی ئاغا) یانی -قەرنی ئاغای نەلیوان زەرزا- لاپەڕەی 202و203 ولەودانیشتنە دوو مەسەلەی بنەڕەتی بەرەو ڕووی کوردەکانی ببۆوە: یەک نەبوونی یەکیەتی دووەم پێویستی بە داکۆکی زلهێزیک.(وەرگێڕی کوردی)

2- لەڕاپەڕینی 1880ی شیخ عەبەیدوڵلای نێهری هەمووعەشایەر ناوچە لەگەڵ شێخ بوونی بەلام دەستەمامەشێک هەڵگەڕانەو،و ڕەگەڵ حکوومەتی قاجار کەوتن شۆڕشی شێخ هەرەسی هینا، (لەقەبی ئەمیرعەشایری) درا بەو مامەشانە کەبە شۆڕشی شیخ خەیانەتیان کرد.(وەرگێڕی کوردی)

قازی محەمەد و شێخ عەولا گەیلانی ناسراو(بە شێخ عەولا ئەفەندی) بە ئاشکراو ڕاشکاوی لە ناهەڵبژاردنی کەسینێک کە لە نەزەریاندابوو نارەحەت بوون، و دەسەلاتدارانی شوورەویان تۆمەتبارکردن بەمە کە ئەم جەلەسەیان بەم بیروڕایە پێکهێناوە کە ئەوی بە تێشکان ڕوو بەڕووبکەن-لەحالێکدا کە دانیشتنەکە خۆدی قازی بانگهێشتن بە جەلەسەی کردبوو، وشوورەویەکانیشی بەم بیروبۆچوونە لێگێڕابۆوە کەلە سەربڕیاری وی پێداگربن. یەکیەتی سوڤیەت کە تێگەیبوو بە وێچوونی زۆر ئیختیاری بزوتنەوەلە دەستی دەردەبچێت، هاتبوو سەرئەم بڕیارە کەکارتێکەری ئەم دانیشتنە پێ ڕێبێخێت، و ڕیبەرێکی هەڵبژێرێت کە نەرم وعەلیم و ناهەڵچوو لەسەرخۆ ومەندوقول بێت،هەروا لە ناوچەی دەست بەسەرداگرتووی ئەودابێت- ئەم ڕێبەرەعەمەرخان بوو.

### کۆمەڵەو ناسیونالیستەکانی نوێ

بەسانایی دەکرا ئەم ڕووداوانە لەجیاتی دژکردەوە لەبەرامبەر ئاڵۆزی و پشێوی دانیشتوان و بەتایبەت کوردستان شێ بکرینەوە. بەلام لەگەڵ ئەم هەمووە دیسان دەنگۆوباسی تازەهەبوو کەلە ناوەخۆ ئازانتی ئەم ڕاستیە بوون کە کۆمەڵگای کوردیش وەکووکۆمەڵگای جێنارەکان کە لەسەردەمێک کە شەڕی دووەم هەڵیسا بە تالووکەیەکی زێدەترلەپێش خولەکی تیپەڕیوی دەپێوا. ژمارەیەکی ڕۆژ بەڕۆژ زۆر بوو لە عەشایەرکان بەهۆی سیاسەتی سەرکوتی ڕەزاشا، هەروا بە هۆی گۆڕانکاری ئابووری، یەکجێ نشینیان هەڵبژاردبوو وخێلاتی وچادرنشینی بەهەنگاوێکی بەلەز بەرەو سەرنشیوی و لەناوچوون دەڕۆیی.

سەرۆکانی عەشایەر بە بەشێک لە تەنگەژەی گرینگی (سیاسەتی شاری) گوڕدرابوون،سەبەبی ئەم ئاڵەگۆڕە نەک تەنیا هۆیەکانی نەریتی بریتی لە ئاڵۆزی و هەلاوبگرو گێرەشێوێنی عاشیرەتگەری و لەکارکردنی دەسەلات و بوغزو غەرەزی ئاغاکان بەڵکوو هەروا وەرگرتنی ئەم ڕاستییە بووکەلەگەڵ سیاسەتی(ناوەندگرایی) توانەوە لەسیستەم و ئابووری ولات قازانجیان زۆرتر وباشتردابین دەکرا.

عەباس قوبادیان نموونەی باشی ئەم ئاڵەگۆڕو وگۆڕانکاریە بوو. لەگەل ئەم جەرەیانە سەرۆکانی عەشایەر حەزوئیشتایان بەژیانی شارستانی پەیداکردبوو. لەراستیدا شاری کرمانشا،بەئولکەی شەڕو کێ بەرکێ نێوان ئاغاکان گۆڕدرا. ڕاوێژکاری ئینگلیزی شاری کرمانشای لەگەڵ بوونی گەلێک سەرۆک عەشایەری وی،بە عەوزێکی گچکە دەشبێنێت کە جێگای ئەو هەمووماسییە گەورەییەی تێدا نابێتەوە.

شارەکان بۆخۆیان بەرفرەوان دەبوون،ولەگەل گەورەبوونی ئەوان چێنێکی خوێندەوارتەرەقی دەکرد. ئەم چینە لەگەڵ چینی دەرس خوێنی ماقولان کە بزوتنەوەی کوردیان لەنەسڵیک پێش لەئەستانبوڵ ڕیبەری کردبوو تەوفیری هەبوو. بۆ نموونە،کەسێکی وەک عەبدولڕحمان زەبیحی لەبەرچاوبگری کە قەزاو قەدەروابوو ڕۆڵی ڕیبەری لە بزوتنەوەی مەهاباد بەڕیوەبەرن. ئەو لەبنەماڵەیەکی هەژاربوو کە لە ماڵێکی تاکە هۆدەیی دا ژیانی تێپەر دەکرد. لەتەمەنی پانزدە سالانەدا دەورەی دووەمی دەبیرستانی بەرەڵلاکرد و بەدەرس گوتن بە کوڕانی خاوەن ملکەکان ناوچە یان بنەماڵەی ئاغاکان خۆی پێ بەڕیدەبرد.

زەبیحی یەکێک لەو پازدەکەسانەی خەڵکی شار بوو کەلە دەسامبەری 1942پێکەو کۆبوونەوە هەتا حیزبێکی سیاسی بنیاد بنین کە خەیاڵی پێکهێنانی دەوڵەتی کورد وەڕاست بگەڕێنن. پێکەولکانی شوخڵی ئەم گروپە ئاوێنەی باڵانوێنی گۆڕانکاریەکە کە لەئارادابوو: بۆ نموونە،کاربەدستێکی پایە خوارو،مامۆستایەکی قوتابخانە، سەوداگەرێکی گچکە،پاسەوانێک. هیچ کام لەوانە لەچێنی بەسامان وماقول نەبوو، وا وەبەرچاو دەکەوی کە دنەدانی گشتی لە هەنگاو هەڵینان بۆ ئەم مەسەلە ناسیونالیسم لە سەربناخەی نەتەوەخوازی بوو. ئەم گروپە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان) بنیات نا،بە ژ.ک.ناودێرە-زەبیحی بە بەرپرسی حیزب هەڵبژێردرا. لەم دانیشتنەدا ئەفسەرێکی ئێراق-یش حزووری هەبوو، ئەم ئەفسەرە سەروان میرحاج،نوێنەری حیزبی هیوا،یەکێک لەگروپەکانی نەتەوەخواز و نهێنی کورد بوو کە بنکەکەیان لە سلیمانیەو کەرکووک بوو(بڕواننە پاژی 4)هەرلەسەرەتا ئەم ناسیونالیستانەی نوێی شاری مەهاباد و شوێنەکانی وەکوو کەرکووک و سلیمانیە لەپەیوەندیەکانی(ئەودیوی سنووری) پێشوازیان کرد. زەبیحی بۆخۆی یەکێک لە ئاڵقەی پەیوەندی نێوان کوردەکانی ئێران و ئێڕاق بوو.

(کۆمەڵە) لە قالبی مەڵبەندکانی حیزبی گوورا بوو. لەماوەی شەش مانگ 100ئەندامی پەیداکرد. لە ئاوریل یەکەمین کۆمیتەی ناوەندی وی، هەڵبژێردرا و بە ناردنی ڕاسپاردە بۆ باشوور وباکوور دەست پێکرد: لە باشوور هەتا سنووری شووڕەوی، ولەباکوور هەتا دەوروپشتی سنە، یانی هەتا ئاخرین پاردەی ناوچەی شوێن تێکەری مەهاباد. لە1944لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی تورکیە-یش هەودای پەیوەندی ڕاچاند. لەئەوتی 1944لێژنەی نوێنەرایەتی سێ وڵات لە (چێای دالانپەڕ) لەو شوێنە کە کەوشەنەکانی سێ مەملەکەت دەگەنە یەکدی چاویان پێکدی کەوت، هەتا پەیمانی پێکەوە ببەستن کە یەکگرتووبن ولە یەکدی پشتیوانی و داکۆکی بکەن و یەکتری لە سەرینچاو و ئیمکاناتی خۆیان هاوبەش بکەن. ئێستا بزوتنەوە حەزێکی زۆری لەناو لاوان، هەتا عەشایەر ورووژاو کردبوو.

ئاخۆ کۆمەڵە خوازیاری سەربەخۆیی کوردبوو؟ ناکرێ بە دڵنیایەوە بڵێین. لە داخۆیانێک لە ڕیکەوتی نوامبەری ساڵی 1944 خوازیاری مافی زبانی(یانی پەروەردەو فیرکردنی بە زوانی کوردی و بەڕیوەبردنی ناوچە لەلایان کوردەکان) ببوو،و مەوزوعی سیاسی بۆ دوایی شەڕو کۆنفڕانسی ئاشتی وەپاشدابوو. ڕەنگە گرینگترین تایبەتمەدیەکانی کۆمەڵە لە بەرچاوگرتن و هەڵکڕاندنی کۆمەڵایەتی وی بوو. دوو بڵاوکراوەی کۆمەڵە (یان بوقەولی خۆدی وی(ئەنجومەنی ژ.ک.) تێشکی دەخستەسەر مەسەلەیەک کە ئەنجومەنی ڕۆشبیری کورد لەدەرەوەی کۆمەڵە بە زەحەمەت ئاگاداریەکیان لێبوو. لە ژوئیەی 1943 یەکەمین ژمارەی گۆڤاری پەیوەندار بە وی،بەناوی (نیشتمان) کەلە تەورێز چاپ دەبوو ڕاستەوخۆ، هێرشی بۆ سەرچینی ئاغاوەت دەکرد.

ئێوە ئاغایان و سەرۆکانی کورد،هێندێک فکربکەنەوە،قەزاوەت بکەن،کەبۆچ و لە بەرچی نەیار ئەو هەموو پارە بە ئێوەدەدا؟...دوژمن ئەم دراوە بۆیە بە ئێوە دەدا کە دەزانێت کە دەستگرەیەک دەبێ کە بە ئاڵیکاری وی، دەتوانێ ئازادی خەڵکی وەدوابخات و بگنخێنێت و هیواداره کە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەم سەرمایە ببێتە هۆکاری پیلان و دنەدانێک کە بۆ کوردان خەسارەی لێدەکەوێتەوە.

نیشتمان لە ئەوانی داوا دەکرد کە بە خۆیاندا بێنەوە. بە وێچونێکی زۆر نوسەری ئەم وتارە زەبیحی بوو. ئەو وەکوو مامۆستایەکی ماڵی ئاغاکان و گەورەپیاوان لەم وەزیت و بارودۆخە کەلکی وەرگرتبوو کە سیاسەتەکان و کارو کردەوەی ناتەبایی و لێک پڕش و بڵاوی ئەم چینەی بە دوو چاو ببینیت. و بە هەرحاڵ ئاڵۆزی و پشێوی و ئاژاوەی چەند لەمەو پیشی ڕەنگە هێشتا لە بەرچاو بووبێت: لە ئاوریل ئەوساڵیدا دوو ناکۆکی ناو عەشایەری ڕوویدا کە تێکۆشانێک کە بە بیروڕای یەکیەتی عەشایەری مەهاباد دەهات پێکبێت وسەربگرێ بەنا سەرکەوتنی ڕوو بەروو کردو چەتی تێهاویشت.

دوایی تەنگ وچەڵەمەی شێخ و مەلا بوو، کە ویدەچوو لەمپەرێکی گەورەتر لە ڕێگای بەرەو پێشچوون بوو. مەلا محەمەد کە یەکێک لە مەلایانی پێشکەوتووخوازی (کوی- سنجاق)بوو ماوەیەک پێشتر بە توندی ئەم دوو گروپەی کوتابوو:

مەلاکان خائینن،ئەمانە مدح و سەنای شێخەکان دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا خودا و دین بۆ خەڵک شێ ناکەنەوەو ڕاست ودورستی لە بیژینگ نادەن...هەتا شێخ ومەلایەک لە کوردستان بمێنیت هیوایەک بە ژیان ژیانکردن نییە... هەموو سۆفین لەگەڵ ڕدین و تەسبێح، مل ئەستوورو سگ گەورەن...چلۆن دەکرێت لەم لۆچە خەڵکە چڵیس و سواڵکەرە چاوەڕوان بکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی چارەنووسی کوردان و خزمەت لە حکوومەتی کوردی، ئاڵیکاری و یارمەتی بکەن.

کۆمەڵە لە بڵاوکراوەیەک بەناوی ئەنجوومەنی ژ.ک.کە هەر لەو سەردەم بڵاو بۆوە بەزوانێکی ملایمترلەگەڵ ئەم جەرەیانە ڕوو بەڕوو بوو:

هەڵە و درۆیەکی گەورەیە ئەگەربڵێین کە سەرجەمی شێخەکان و مەلاکان لەمپەری پێشکەوتوویی خەڵکی کورد بوونە... ئەو شێخانەو مەلایانەی کە مەلا محەمەدی کویێ لە ئەوانی قسە گێناوەتە گۆڕو بە خەراپە باسیان لیوەدەکات لۆچێک خەڵکی شەیتانن کە داواکار بە هەبوونی موجیزەن و

ئاقیدەیان بە خەرافات هەیە... ئەم خەڵک و سەرۆکانی عەشایەرباری بەرپسیارەتی تەواوی پاشکەوتوویی چەند بەرەکی و ناکۆکی وکیشمەکیشم‌ی نێوان خەڵکی کورد لە سەرشانیان دەکێشن.

کۆمەڵە لەوانەیە حەزی لەمە دەکرد کە قازی محەمەد، ڕێبەری بێ دژایەتی خەڵکی مەهاباد و یەکگرتووی وی، شێخ عەولا ئالی گەیلانی(ئەفەندی) نەخشبەندی لەخۆی بێگانەو دڕدۆم نەکات.

لە ئاکامدا هەردوو بڵاوکراوە، پشتی جلدەکانی خۆیان بەم دەستەواژە ڕازاندبۆوە:(پایەداربێ سەرۆک و کوردەکان و کوردستان و ئومید)و ئەمە مەدح و پاڕانەوەو ڕەحمەتێک بوو کە بە تێکۆشانی هیوا و سەرنووسەری،ڕەفیق حلمی،سیرەچاوێکی لە شوورەوی دادەگرت. سەرنووسەری گۆڤار بە پێشنیاری کارگێرانی تەوریز یان لەسەریەک بۆ دڵخۆشی ئەوان لە خوارەوە پاشکۆیەکی پێ هەڵاوەسیبوو کە سەرنجی خوێنەری بە ئاڵای سوور ڕادەکێشا کەلە بن وی، ئەم پاراگرافە وەبەرچاو دەکەوت: (جەماوەری شووڕەوی ڕاپەڕین خانەکان و بەگەکانیان دەرپەڕاندن، بەم شێوازە دەستیان بە یەکیەتی و بە ئاشتی گەیشت و بەدەسەڵات بوون.)

لەئەوایل ساڵی 1943زوربەی ئاغاوەتی دەوروپشتی مەهاباد بە پێچەوانەی دورشم ودەستەواژی چینایەتی کۆمەڵە، چووبوونە نێوی،ڕەنگە هۆکاری ئەم حەزلێکردنە ئەمە بێت کە کۆمەڵە بە هەرحال سەرینچاوی سەربەخۆیی لە حکوومەتی ناوەندی بوو. ئەم وەرچەرخانە بەمانای پشتیوانی و داکۆکی ڕاستەوخۆو تەواوعەیار نەبوو. سەرۆکانی عەشایەر لەمەر هەلپەرستی وەخت ناسین لە سیاسەت دەنگین بوون. بازیک لە وان لە ژێر کار تێکەری ئەم ڕاستیە بوون کە بە ممبارەکی هەبوونی پێشمەرگە کە قازی محەمەد پێکێهێنابوو، مەهاباد ئەمین ترین جێگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. هەشبوون ئیدیکە کەلە سزای ئابووری ترسیان هەبوو کە گەڕانەوەی حوکم ودەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لەوانەیە بەدوایدا بێت. ئەمانە لە کارگێرانی بیکارە، وگەندەڵی حکوومەت، ئەوکەمبوودیانەی کەئەو بێ کیفایەت نالێهاتوو هێنابوویانە کایە،دڵساردبوون. بەری لە 1942 بە کەمبوونی دەغڵ ودان ڕوو بەڕوو ببوون. لەجیاتی فروشتنی دەغڵ ودان بە نوێنەرانی دەوڵەت،کە لەوانەبوو پارەکەیان پی نەگەیبوایە ، بۆیان بە قازانج تر بوو کە ئەوی بە سەوداگەرانی ناوچەیی یان ئێراقی بفرۆشن و یان بۆ تورکیەی بە قاچاغی بنێرن. بەڵام ئاخۆ دەیانتوانی وەکوو واحدەکی سەربەخۆ خۆیان سەرافەت وبەڕیوەبەرن؟ هێندیک لەوان ئەوهایان لێکدەداوە.

بەهەرحاڵ،ئەندامەتی قازی محەمەد لە کۆمەڵە شتێکی دەست و جێ و لە سەربناخەی ئیحساسات نەبوو. ئەو لە 1944لە وی پشتیوانی کردبوو، لەبەرنامەکەی و لە پەیوەندیەکی کە لەگەڵ (هیوا) هەیبوو ئاگادار بوو. قازی، لەگەڵ دیپلۆماتەکانی دەرەکی‌ش ڕوک بوو. دەیگوت: سەرجەمی کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیی نین، بەڵام هەموو خوازیاری خزمەت بە تەندورستی و پەروەردەو فیرکردن و پەیوندی باشترن، بە جۆرە خۆدموختاریەک، و دەستەبەریەکانی کە لەم بارە کە زوڵم وزۆری ڕۆژگاری ڕەزاشایی دووپات ناکرێتەوە. بەڵام تەنیا لە ئاوریل 1944 بوو کەقازی محەمەد بە فەرمی بە بەرپرسی کۆمەڵە وەرگیرا. سەرەتا خۆی لە کۆمەڵە نزیک کردەوە،کۆمەڵە هێندێک دوودڵ بوو: کۆمەڵە دەترسا کە کەسینیکی ئەوها بە دەسەڵات بە ئەندامەتی وەربگرێ،چونکە ئەگەر ببوا بە ئەندامی کۆمەڵە بەپرسایەتیەکەی وەردەگرت،لەوحاڵیکدا پایەو بناخەی ئیدولۆژیکی وی، بە لەز لە دیموکراسی چینی مام ناوەندی بەحکوومەتی ماقولان لاردەبۆوە،و ئەمە شتێک بوو کە کۆمەڵە ئیکجار

خوفی لێ هەبوو. لەعەینی حاڵدا ئەندامەتی لە کۆمەڵە، لەم جێگای کەسایەتی و کەسینیکی خاوەن ئیحتوبار و ئیحترام، بۆ خۆی ئاکامی پێشکەوتوویی و سەرکەوتنی کۆمەڵە بوو.

هاتنی قازی محەمەد بۆ ناو کۆمەڵە حیکایەتی لە گۆڕانکاری شووڕەویوکان-یش دەکرد. هەتا ساڵی 1944 شورەویەکان بۆ دابینکردنی نییەت پاکی کوردەکان ئەوانیان لە دەست هەڵس و کەوتەکانی تاران پاراستبوو،بەڵام رووسەکان لەعەینی حاڵدا ڕووی خۆشیان بە سەربەخۆیی خوازان نیشان دەدابوو جودایخوازانیان دڵگەرم نەکردبوون. بەڵام لە1944 کاتێک کە ڕوناکایی کۆتای شەڕ گزنگی دا،ڕووسەکان هێورهێور ئازەربایجانیان کە لە وی حیزبی تودە بەتایبەت بە قودرە وئیختیدار بوو بۆ جیابوونەوە لەئێران هاندا. لەم نێوەدا کوردستانیشیان بە حەزوخوازیاری ئاشکرا بە خودموختاری دڵگەرم پشت ئەستوورکرد، کە داوای سەربەخویی بکات-یانی پێشەکیەک بۆ هاوپێچ بە یەکیەتی سوڤیەت. کوردەکانی ئیحتیاجیان بە دنەو وڕووژاو کردن نەبوو،هەر وەک ئان لمبتون کەلە 1944 سەردانی کوردستانی کرد نوسی: (ئەوچەند کوردەی کە لەگەڵ ئەوان سەری قسەم کردۆتەوەو وتووێژم لەگەڵ کردون و ئاخافتنیم هێناگۆڕ...هەموو بەسەرجەم لە سەربەخۆیی کوردستان بوخچەیان کردەوە داواکاری سەربەخۆیی بوون.)

یەکیەتی سوڤیەت هۆکاری دیکەشی هەبوو کە دەویدا ئازەربایجان و کوردستان لە ڕاستیدا (ژتون)ی پەڕانتوو بوون. لە 1944 زەختی خستە سەرئێران کە زێدەپاروی نەوتی بداتێ. کاتێک ئێران بەربەرەکانی کرد شووڕەویەکان دەستیان بە دەڵگەرمی وهاندانی ئەم دوو بزوتنەوەی جودایخوازانە کرد. ئاکامی ئەم کارە بۆ شووڕەویەکان سانا بوو، چونکە هەر چەند حیزبی توودە ڕیشەی نەئاژوتبوو، کۆمەڵە -ئەمجۆرەی کەلە چاپەمەنیەکانی دەردەکەوت- بۆ ڕێنوێنی چاوی لەئیدولۆژی شووڕەوی بڕیبوو. ئەگەرتاران لە دانی زێدەپاروی نەوت بەشووڕەویەکان خۆی بواردبوایە، کوردستانی باشوور بۆ پارێزگای ئازەربایجان تەکمیل بووی ئیستڕاتژیەکی بەقازانج دەبوو،چونکە باڵەکانی باکووری ڕۆژئاوای دادەپۆشی وجگە لەمەش لە لایانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیراق وتورکیەی هەڕەشەی دەکرد.

یەکیەتی سۆڤیەت توانی لە سەرکەوتنی کۆمەڵە کەلک وەربگرێ. کۆمەڵە کاتێک بەرفرەوان بوو(بنچینەی تێکچوو- ئێستا هەموو لە بوونی ئاگاداربوون، و ئەوی ئێستا بەوی ئاتاجی هەبوو ناوەندیەک بۆ حیزبی توودە بوو،کە شوورەویەکان لە بوونی(ئەنجوومەنی ڕایەڵی فەرهەنگی شووڕەوی) لە ئیختیاردابوو. لەئاوریلی 1945 کۆمەڵە بە فەڕمی بە فۆرمەلیتە لەم ناوەندی نوێ (سەری هەلدا ): تیاترۆیەکی بۆ سەرسەحنە هێنا بە ناوی دایکی نیشتمان)کە دەویدا (دایکی نشتیمانی کورد، دەکەوتە بەردەست درێژی سێ مڵهوڕی داگیرکەر( ئێران و ئێراق و تورکیە)...دوایی دەستی خاوەن داس و چەکوچ و بەیداخی سوور لە پشت پەردە دەهاتەدەرو زنجیری کویلەتی لە دەست و پێی دایکی نیشتمان کردەوە(چادرلەسەرفڕیدا لە سەرسینگی ئاڵای سوور وەدەرکەوت کە ئەم چەند وشەی لەسەرنەخش بەستبوو:(بژی ستالین خۆش بێ چەکوچکوو داس-لە ژێرئیستیبداد کوردی کردخەڵاس-ئێمەکوردیان وەکۆ دەکردین -لە لولەی تۆپیان قایم دەکردین-ئاڵای سوورهات و خەلاسی کردین.)ئارچی روزلت کە لە باڵویزخانەی ئامریکا لە تاران لەم ڕووداوانەی دەکۆڵیەوە ئەوهای نوسی:(تەماشاکەران کە عادەتیان بە بینینی تیاترۆ نەبوو ئیکجار وڕووژا بوون، نەیارانی لەمێژینە کە ساڵانی ساڵ بوو پێکەوە دوژمنایەتیەن هەبوو دەستیان لەگەردنی یەکدی کردو سەریان

لەسەرشانی یەکترداناو دەستیان بەگریان کرد،گریان و سویندیان خوارد کە تۆڵەی کوردستان بکەنەوە.)

بەڵام شووڕەویەکان ئیکجار خوازیار بوون کە چاوەدێریەکیان بەسەر کۆمەڵەی خاوەن بڕیاردا هەبیت. بەهەڵبژاردنی قازی محەمەد بە بەرپرسی کۆمەڵە سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. شووڕەویەکانی بەتاڵووکە دەست بەکاری پتەو بوونی وەزع و دوخ و هەڵکەوتی قازی محەمەد بوون، زەختیان خستە سەرحکوومەت کە کوڕی مامی قازی،سەیفی قازی بە فەرماندەری ژاندارمەری دابنێت، لەونێوەدا کوردەکانیان پۆشتە بەچەک وچۆڵ کرد.

چونکە دەم و دەزگای ڕیوەبەری کورد بەکردەوە دەستی بە شێوە سەر بەخۆیەک لە تاران گەیبوو، شووڕەوەیەکانی ئیختیداری خۆیان قایمتر کرد. لە سپتامبەری 1945 قازی محەمەد و سەرۆکانی گرینگی مەهاباد بۆ سەردانی باڵوێزی شووڕەوی بۆ تەورێز گاس کران،باڵوێز ئەوانی بۆ تەورێز نارد،لەوێ لەگەڵ سەرکۆماری ئازەربایجان ئاخافتن. لەم سەردان و ئاخافتنە سەرکۆمار بۆ لێژنەی شیکردەوە کە حیزبی توودە کارەکانی ڕانەپەڕاندون،حیزبی دێموکڕات دەبێ جێی وی بگریتەوە،کوردەکانیش دەبێ ئەم کارەبکەن. سەرکۆمار بەوانی گوت کەکۆمەڵە نۆکەری ئەمپەڕیالیسم-ی ئینگلستانە و کوردەکان ناچار قەبووڵیانکرد کە حیزبی دێموکڕاتی خۆیان پێکبێنن.

**کۆماری مەهاباد**

قازی محەمەد لە گەڕانەوە لە باکۆ،دانیشتنێکی لە ماقولان و مرۆێ مەزن و گەورەپیاوان پێکهێنانی ودامەزراندی حیزبی دێموکڕاتی ڕاگەیاند. ئەم جەرەیانە بۆ بەهۆی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە،ئاڵەگوڕکردنی ئەندامانی وی بۆ حیزبی تازەپێکهاتوو، داخۆیانێک کەبەئیمزای هێندێک لەکوردەکانی سەرشوناس گەیبوو دەیپرسی:

لە بەرچی ( دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ئیرانی)ئیجازەنادەن کە کوردەکان پارێزگایەکی سەربەخۆیان هەبێت کەلەلایان ئەنجوومەنی پاڕێزگا کەلە قانوونی ئەساسی پێش بینی کراوە،بەڕێوەبچێت؟ ...ئێمە دەبێ بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆمان بجەنگین...بۆ دەست وێڕاگەین بەم ئامانجە پیرۆزە کەحیزبی دێمووکڕاتی کوردستان لە مەهاباد پێکهاتووە ... ئەمە حیزبێکە کە دەتوانێت سەربەخۆیی نەتەوەیی (خەڵکی کورد)لەچوارچیوەی سنوورەکانی ئێران دابین و مسوەگەربکات.

ئامانجەکانی حیزب ئەم شتانە بوون:-1خودموختاری بۆ کوردستان لە چوارچیوەی وڵاتی ئێران. 2-بەکارهێنانی زبانی کوردی بۆ پەروەردەو فێرکردن. 3-هەڵبژاردنی شووڕای پارێزگایی یان ئەنجومەنی پاڕیزگا، بۆ کوردستان بە بیروڕای چاوەدێری لەسەرکاروباری وڵاتی و کۆمەڵایەتی. 4-تەواوی کاربەدەست وکارگێرانی دەوڵەتی لەخەڵکی ناوچەبن. 5-یەکیەتی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان. 6-پەسەندکردنی قانوونێک بۆ وەرزێران و ماقولان.

بەشی دوایەکەی لە هەموان سەرنج راکێشترە،چونکە بەڕاشکاوی ڕەنگ و ڕووی سەروسامان دانێکی هەبوو وحەکایەتی لەمەدەکرد کەچاوپۆشی لە ناوەرۆکی خودی قانوون، وەزیتی وەرزێران و ماقولان لەیەکدی تەوفیرێکی زۆری هەبوو،و حیزبی دێموکرات لەبیروبۆچوونی دابوو کە ئەم بارودۆخە بگۆڕێ. سەرۆکانی عەشایەر سروشتیە خوشیان لەم مەسەلە نەدەهات،بەڵام بەهەرحاڵ لەکاری پاراستنی قازانجی خۆیان پسپۆر بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیتوانی هەنگاوێکی لە مەڕ سەروساماندان وەزعی ملْکداری هەلبێنێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر هاتنی لەنەکاوی مەلامستەفا بارزانی نەبوایە بە وێچوونی زۆر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی بەهیچ کام لەئامانجەکانی وێرانەدەگەیی. مەلامستەفا و شێخ ئەحمەد بارزانی لە ئۆکتۆبری 1945 لەگەڵ نزیکەی 1000خەنگاوەر و ماڵ و منداڵەکانیان لاقیان لەخاکی ئێران نا. ئەم دوو ڕیبەرە، بەدوایی تێشکانی شۆڕشەکەیان لەئێراق بۆ ناوچەی سنووری شنۆ هاتن(پاژی 14). پاش بەێنێک لە وارد بوونیان یەکیەتی سۆڤیەت دەستووری بە بارزانی دا کە هێزەکانی خۆی لەئیختیاری قازی محەمەدبنێت. وێناچێت کە مەلامستەفا لە هەڵ ومەرج و چلۆنایەتی دۆخی سیاسی مەڵبەند ئاگاداریەکی ئەوتۆی هەبووبێت، بەڵام وەکوو هەڵبراوێک و پەنابەرێک وەزع و مەوقعیەت و شان وشەوکەتی پەیوەندی بەنیەتی پاکی و داکۆکی شوورەویەکان و ڕیزگرتن و مێهرەبانی پێشوازی خانەخوێەتی کوردەکان ناوچە هەبوو. وبە دانیشتوانی ناوچە دەستووردرا ئەم پەنابەرانەی بەئەنواو بێشتوومەک پەنابدەن و لەمەرخواردەمەنی بێ نیازیان کەن.

لەنزیکەی کۆتایی ساڵ بە پەنابردنی هێزەکانی چکداری ئێران بۆ پادگانەکان و زەختی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان، تاران توانایی خۆی لە ئازەربایجان لە دەست دا. لە10ی دەسامبەر پادگانی تەورێز خۆی بە هێزەکانی دێموکرات بەدەستەوەدا، و(دەوڵەتی خەڵکی ئازەربایجان)جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری تەواوی ئازەربایجانی ڕۆژ هەڵاتیان بەدەستەوەگرت. ئێستا قازی محەمەدیش خەرێکی ئەوەیە کە سەربەخۆیی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕاگەێنێت. لە15ی دەسامبەر بەپێی تەشریفاتێکی کورت پێکهێنانی (دەوڵەتی خەڵکی کوردستان) ڕاگەیاند مەجلیسی نەتەوەیی بە ئەندامەتی تەنیا سێزدە نوێنەر پێکهات ولە 22ی ژانویەی 1946 قازی محەمەدپێکهێنانی کۆماری کوردی ڕاگەیاند-کە ناوچەیەکی گچکە بوو کە(شارۆچکەو بازێرەکانی)مەهاباد و بۆکان و نەغداو شنۆ-ی دەباوەش دەگرت. دوورتر لەو دەڤەرەان بووکە سەرۆکەکانیان هەتا جەلالیەکان لەئاخری باشوور، بوونی وی بەفەرمی دەناسین. خودی قازی محەمەد بەفەرمی بە سەرکۆمارڕاگەیاندرا. کوڕی مامی،سەیفی قازی، بە وەزیری بەرگری دانرا-ئەم بەرز بوونەوەی مقامە سەرنج ڕاکێش بوو: لەفەرماندەری ژاندارمەری ناوچەیی بە وەزارەتی بەرگری. سەرۆک وەزیران حاجی باباشێخ بوو، کەلە ساداتی زەنبیل هەڵکەوتوو لەنزیک بۆکان بوو، و لە ناوچە ڕێزوئیحتڕام و قورسایی هەبوو. بەکردەوە هەموو ئەندامانی پێکهێنەرو دامەزرێنەری کۆمەڵە لە دەم ودەزگای دەوڵەتی دابوون، بەڵام قورسایی و گرانایی لالێنگەی دەسەڵات و قودرەت بەیەکچەلی و یەکجێ بەبنەماڵەکانی دەنگین و نابەدەرو ناسراو سامانداری کوردستان خواربووە.

بێجگە لەمەلامەستەفا سێ کەس لە سەرۆکانی ناوچەیی-ش بە دەرەجەی ژەنەڕاڵی هێزەکانی کۆماردانران: سەیفی قازی(بەهۆی شوخڵەکەی)،عەمەرخان شکاک،کەلەبەرنەزەری وی باشترین چاونەترس و بەورەو دووربین بوو، و لە ئاکامدا حەمەڕەشیدخانی بانە کە تازە لەئێراق گەڕابۆوە

وهەروا هەروەک پیشوو هەرجارێ بوارێک بوو. زێڕۆبەگی هەرکی ناوبانگێکی وەک وی هەبوو دەرەجەی سەرهەنگی وەرگرت. مەلامستەفا بۆ دابین کردنی(بەڕیچوونی خۆی)بۆ هێرش بۆسەرپادگانەکانی سەقزو بانەو سەردەشت ناردرا،کەبەهۆی بارینی بەفرێکی ئەستوور تەنیا مابۆوە.

تێبینی:

بارزانی قەت بۆ ناوچەی بانە نەچوو)م

لە خودی مەهاباد قوتابخانەکان بە فێرکردنی زوانی کوردی خەریک بوون: مامۆستایان لە کلاسەکاندا کتێبەکانی دەرسیان بە زوانی کوردی وەردەگێراوە. بە بەرەکەتی ئەو چاپەمەنیانەی کە شوورەویەکان بە حکوومەتی مەهاباد،یان دا،ڕۆژنامە و مانگ نامە بەناوی کوردستان، و گەلێک گۆڤاری ئەدەبی بۆ نموونە-هیوا،نیشتمان،گروگاڵ، ومندالانی کورد بلاوکرانەوە.

لە گەڵ ئەم هەمووە هەرلە سەرەتاوە نەبوونی یەکیەتی لە کۆماری مەهاباد دیاری دەدا. لەهەموو شوێنێک لە بارزانیەکان بەگەرمی پیشوازی نەدەکرا. هەرئەم مەسەلە کە حزووری وان تەنیا هێزی شەرکەرو جەنگاوەری جێگای متمانەی لە بەردەست کۆماری مەهاباد دادەنا، هۆی سەرگەرمی و دڵنیایی دنیای سیاسەتەکانی عاشیرەتی بوو. لەناو لێژنەی ڕیبەرایەتی کورد تۆفانێکی تازە بوونی هەبوو. بۆ نموونە هەرلەو مەجلیسەی کە بەزم و شایلەخانە و چەپڵەرێزان کە بە بۆنەی ڕاگەیاندنی کۆمار بەرپاکرا،زێڕۆبەگی هەرکی شێخ عەولای گەیلانی کە تەنیا ڕەقیبی بە دەسەلات و هاوسەنگی قازی محەمەد بوو نەک تەنیا بەهۆی ڕوو بەڕوو بوونی بەتاڵ لەخوشی وشایی لەگەڵ مەسەلە بەڵکوو بەهۆی ئینگلیزخوازانە سەرکۆنەو ڕەخنەی لێگرت.

هەرچەند زوربەی سەرۆکانی عاشیرەت لە جەژنەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بەشداریان کردبوو لەگەڵ ئەم هەمووە گەلێک لە وان لە ڕاست و دورستی ئەم هەنگاوە دڵنیا نەبوون- هێندێک بەم دەلیلە کە شوورەویان بە دانەری کۆمار دەزانی و دەستەیەک بەم هۆیە کە نەیادەویست هەموو پردەو بازگەکانی پشت سەریان بڕوخێنن وڕێگای پەیوەندی لەگەڵ تاران ببەستن و یەکجارەکی گرێبدەن. لە ڕاستیدا هێندەی پێ نەچوو کە بازێک لە سەرانی دێبۆکری کە ڕێبەرایەتی خودی قازی محەمەدیان بۆ هەزم نەدەکرا و قەبووڵ نەبوو لەگەل سەرتیپ همایونی فەرماندەری هێزەکانی ئێران لەباڵی باکۆری کۆمار پەیوەندیان گرت. و لە مانگی ئاوریل حەمە ڕەشیدخان لەگەڵ ئەمە کە یەکێک لە سێ ژەنەراڵی کۆماری بوو، پێسنیاری بەتاران کرد کەئەگەر دەوڵەت لوتف بکات و بەخشداری بانەی بەوی بسپێرێ، لەکۆماری مەهاباد جیا دەبێتەوە. و دیسان هێندەی پێ نەچوو کەلە گەڵ حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان-یش تەنگەژە سەری هەڵدا: حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان پێی خۆش نەبوو کە مەهاباد لە حوکم وی دەربچێت وسەربەخۆ کاربکات. پێشتریش لەسەر ئەندامەتی حیزبی توودە لە ناو گوندیەکان و خەڵکی عەشایەری ناوچەی ورمێ چەقەو کیشەو دوو بەرەکی بوونی هەبوو. کاتێک کە کۆمار ڕاگەیاندرا قازی محەمەد بۆ تەورێز بانگهێشتن کرا، و بەوی گوترا

فەقەت دەتوانیت دەوڵەتی ناوچەیی لەژێر ڕێنوێنی ڕێپێنیشاندانی حیزبی دێموکڕاتی ئازەربایجان پێکبێنیت. تەنیا داکۆکی شووڕەویەکان بوو کە ئازەربایجانیەکانی ئیقناع کرد بەمە کە وجودی دەزگای کورد سەربەخۆ لە تەورێز، تەحمول بکەن. جگە لەمە، مەسەلەی ئیدارەی ناوچەکانی ورمێ و میاندواو-یش هەبوو، کە جەماوەرێکی تێکەڵاویان هەبوو. لە ورمێ شکاکەکان و عەشایەری دیکە گوێچکەیان بە دەم و دەزگای ڕێوەبەری ئازەربایجانی ناوچە نەدەدا.

لەئاوریلی 1946 قازی محەمەد لە سەرداوای شووڕەویەکان بۆ ڕێگا چارەی دژایەتی لەنیوان دوو کۆمار و بە بیروڕای پێکهێنانی جەبهەیەک لە بەرامبەر تاران بۆ تەورێز چوو. ئەم وتووێژە پەیمانی ڕێکەوت 23ی ئاوریلی لێکەوتەوە. وبۆ بەربەرەکانی لەگەل ڕووبەروو بوونی مەوجود لە ورمێ و میاندواو،بەپێی ئەم پەیمانە ئەوها دانرا: کە لەم ناوچانەی کارگێڕان کوردو ئازەری بن،و ئەوجێگایانەی کەیەکێک لەو دوو نەتەوە،یانی ئازەری وکورد لە کەمایەتی دان،ئەم کەمایەتیە لەکاروباری فەرهەنگی خۆیان ئازادی تەواویان هەبێت. بەڵام ئەم پەیمانە بەتەواوی ڕەنگ وڕووی جیا بوونەوەی لە تاران هەبوو و بە دوو دەوڵەتی ئازەربایجان وکوردستانی ئیجازەدەدا نوێنەرەکانیان پێکەوە بگوڕنەوە،کمیسیونی هاوبەشی ئابووری پێکبێنن، لەبەرامبەردا بەیەکترئاڵیکاری و یارمەتی نیزامی بدەن. لەئاکامدا ڕایدەگەیاند کە وتووێژ لەگەڵ تاران خوازیاری (هاوبەشی دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و کوردستان)ە. لایانگرانی بەڵیننامە ،لەنەکاو بێزاری لەمێژینەی کەلەیەکتریان هەبوو لەبیربردەوە و دەستەبەر بوون کە هەرکەس یان گروپیک کە خەریک بێت ( لە ڕێککەوتنی نیوان کوردەکان و ئازەربایجانیەکان چەتی باوێتێ، وکەلین وقەڵشت بخات ناو) سزای بدەن.

مانەوە لە قەراخ یەکتر،ئێستا گرینگایەتێکی زۆرتری بەدەست هێنا بوو. ئەو دەستە لە سەرۆکانی کە سەبارەت بە هۆکارو سەبەبی شۆڕش هەستی ڕەش بینیان هەبوو ئێستا لەئیحساسی خۆیاندا وەڕاستیان دەگڕاند. دەوڵەتانی داگیرکەری ئێران یانی ئینگلیزو ڕووس بە پێی پەیمانی ڕێکەوت ژانویەی 1942ی بریتانیا و شووڕەوی نێوان دوو مەحوەر یانی(ئاڵمان،ئیتالیا،ژاپون-ڕۆم-برڵین ڕۆم-برلن-تۆکیو)و یەکگرتووەکان هێزەکانی خۆیان لەئێران وەدەربێخن. لە تێئوڕی بەتاڵ کردنی ئێران لەلایان هێزەکانی شووڕەوی دەبوایە لە 2ی مارسی 1946 بە ئەنجام گەیبوایە، بەڵام شووڕەویەکان بەڕەوالەت دەیانەویست لەئێران بمێننەوە. بریتانیا و ئامریکا بە ڕێژە لە 4و9ی مارس لەم بارەوە ئیکجارلە دڵەخورپە کەوتن و لە 2ی مارس ئاندرەگرومیکو، قەولی دا کە هێزەکانی شووڕەوی لەماوەی شەش حەوتوو ئیرانێ جێ بێڵن-ئەم وادەیە جلی کردەوەی لەبەرکرد. بەڵام لەدوای ئەمە کەتاران لەگەڵ پێکهێنانی شەریکەی نەوتی شووڕەوی و ئێران پێکهات. ئەم ڕێککەوتنە دەبوایە بە پەسەندی مەجلیسی ئێران گەیشتبوایە. ئەم موافیقەتنامە لەم نێوەدا قەبووڵی کردکە(چونکە ئەم مەسەلە شتێکی ناوەخۆیە، لەبەرئەمە ڕێووشوێنێکی ئاشتی خوازانە لەنیوان دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ئازەربایجان بەڕێوەدەچێت)

ئەم جەرەیانە لەعەینی حاڵداکە خۆفی دەوڵەتی ئێرانی لە مەڕ داگیرکردنی ئازەربایجان کەم کردەوە،لەسەرترس و خۆفی تەورێزو مەهابادی زێدەکرد،لەم بابەتە کەئیدی لە بەرامبەر

تۆڵەوەرگرتنەوەکانی دەوڵەتی تاران لە هیچ داکۆکی بەرهەم وەرگر نابێت-لەو ڕق و تووڕە بوونەی کە ڕاگەیاندنی جیابوونەوەیان لەتارانی هەستاندبوو بەباشی ئاگادار بوون، بەتایبەت مەهاباد کە تاران ئەوی بەشێک لە ئازەربایجان دەزانی.

لە کۆتایی ئاوریل دەوڵەتی تەوریز بەم ئاکامە گەیشت کە ڕیککەوتن لەگەڵ تاران کارێکی پێویست و دوورە پەرێز هەڵنەگرە،ولەئاکامدا لەنێوەڕاستی ژوئین ئەم ڕێککەوتنە وەدەست هات. بەپێی ئەم پێکهاتنە (سەرانسەری ئازەربایجان یەک لەوی دەڤەرەکانی کوردنیشین (کوردستان)بەفەرمی سەرلەنوێ لەژێر حاکمییەتی ئیران قەراری دەگرت، وەزیرانی دەوڵەتی ئازەربایجان وەکوو هەڵسوڕێنەری گشتی پارێزگای ئازەربایجان وەرگیران. بەم جۆرە ئازەربایجانیەکان بێچمی قانوونێکیان بە بارودۆخی خۆ داو خۆیان لەتۆڵە ئەستاندنەوەی ئێران پاراست بێ سووکە ئاوڕێک وە قەوڵ و بەڵێنی وپەیمانیک کەلەگەڵ دەوڵەتی کوردستانیان هەبوو مەهابادیان وەکوو یاخی لە چواردێواری ئازەربایجان هێشتەوەو بەرەڵڵا کرد.

لەو نێوەدا هێزەکانی مەلا مستەفای بارزانی و ئێران لە قەراخ سەقز یەکدیان بە پارێزو ئیحتیاتەوە سێرە لێ هەڵدەگرت. دەسەڵاتدارانی شوورەوی عەمەرخانیان هاندا کە تفەنگچێیانی شکاک وهەرکی بۆ پشتیوانی لە هێزەکانی بارزانی بۆ باکووربنێرێت. لەمەهاباد هیوا لە سەرئەمە هەڵچنرا بوو کە بە پێکهێنانی هێزەکانی عاشیرەت،کە فکری لێدکراوە نزیکەی 13000کەس ببن، لەوانەیە بکرێ دەست بە هێرشێک دژی سەقز هەتا سنە بکرێ، چونکە هێزەکانی دەوڵەتی لەم دوو ناوچەیە لە 5000کەس تێ نەدەپەڕی،و بە هێزەکی ئەوها حکوومەت نەیدەتوانی هەنگاو بۆ دەست دریژی هەڵێنێت.

لەکۆتایی مانگی مەی تەقەولێکدانێک لەگەڵ بارزانی ڕوویدا، کە دەویدا بارزانیەکان ئیکجار دروشین و مروێ عەمەرخان زۆرسەرنەوی هاتنەدەر. ئەوکوردانەی کە بارزانیەکان بەدیلیان گرتبوون لە هێزەکانی مەهاباد تێکەڵ کردن. بەڵام ئەودەنگوو باسەی کەلە پێکهاتنی تاران و تەورێز گەیی شوورەویەکان بەمەهابادیان ڕاگەیاند: کەلە دەست دریژی بۆ سەر سنە خۆ بپارێزن ولەگەڵ تاران دانووسان گریدەن و واردی وتوویژ بن. کاتێک عاشایەر بۆ باشوور پاشەکشەیان کرد ئەڕتەش مەهاباد مەجبوور خۆی بەدەستەوەدا.

تێبینی: 1-شەڕی بارزانیان لەگەڵ هەنگی 27ی پیادە بوو،کەدەویدا سێ و چەند کەس بەدیل گیران،ئەم یخسیرانەیان بە دەوڵەتی ئازەربایجان تەسلیم کردن، ئەوانیان بەناوشاری داگێران،پاشان ئازادیان کردن.م.

لە خودی مەهاباد بەرەیەکی لەرزۆک کە لە نێوان خەڵکی شارو عەشایەر لەگۆڕی بوو تێکچوو-یەکیەتی سۆڤیەت بەڕاشکاوی لەعەشایەر داکۆکی دەکرد. جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی عەشایەر و خەڵکی شار ڕەنگە کەبە ڕادەی جیاوازی نیوان کوردو ئازەری نەبوو،چ لەم نیوە تەوفیرەکانی مەزەبی و زبانی و قەومی-ش ڕۆڵێکی گرێنگیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموە ئەم تەوفیرانە بوون و، واقعیەتێک بوو.

لەمانگی ئەوت قازی محەمەد بۆ وتووێژ سەبارەت بە پێکهێنانی پارێزگایەکی نوێ و خودموختاری کورد،کەلە سنووری شووڕەوی هەتا دەڤەری نێوان سنەو کرمانشا درێژ دەبۆوە وتەواوی کوردستانی سوننە مەزەبێ لەباوش دەگرت، بۆتاران چوو. ئەم پارێزگایەی نوێ،ئەو بەشانەش کە بەشێک لە پارێزگای ئازەربایجان یان لە ژێرپەروەبەری ڕاستەوخۆی دەوڵەت بوون دەگرتەوە. قازی محەمەد دەلیل وهۆکاری بۆ خۆشبینی هەبوو. سەرۆک وەزیران قەوام پیاوێکی میانەڕۆبوو کەلەنیوان دەزگای سەرڕۆی(شاو ئەرتەش وعەشایەر)و بزوتنەوەی دێموکرات خەتی مام ناوەندی هەڵبژاردبوو. لەمانگی ئەوت قەوام بەیەکیەتی لەگەڵ چەپ دەستی پێکرد، هێندێک لە کەسایەتیەکانی چاوگەی کۆنەپەرستی یەک لەوان عەباس قوبادیانی زیندانی کرد. وا بە نەزەر دەگات کە قەوام بە هێنانەدی پارێزگایەکی نیوە خودموختاری کورد،هەرلەو چوارچێوەی کە قازی محەمەد خوازیاری وی بوو موافیق بوو، بەڵام لە ژێرچاوەدێری پارێزگارێکی پەسەندی تاران. قەوام هەتا لە بیروبۆچوونی دا بوو بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی پازدەهەم نەک تەنیا لەگەڵ حیزبی توودە بەڵکوو لەگەڵ حیزبەکانی ئازەربایجان و کوردستان بەرەیەکی یەکیەتی پێکبێنێت. لەنەزەر ویدا یەکیەتی هێزەکانی چەپ زوری گرینگایەتی هەبوو. لەبەر ئەمە ئاقیدەو بۆچوونی وابوو کە پێشنیارەکەی دەبی بۆ پارێزگاری ئازەربایجان جێگای قەبووڵ بوون بێت،کە هەربەمجۆرەی کە پێشبینی دەکرا،نەبوو. لەمانگی ئۆکتۆبەر حکوومەتی قەوام لە ئاکامی ئاڵۆزی وپشێوی تایفەگەری زێدی چەپ و دژکردەوەی ئەرتش کە دنەدەرەکەی (شا)بوو یەکجارزەختی کراسەر. قەوام لە تێکۆشان بە بیروبۆچوونی ڕزگاری دەوڵەت بە تاڵۆکە لەحیزبی دێمووکرات نێوانی گرت. بە گۆڕانکاری هەست پێکراو کە لە جەوی سیاسی تاران سەری هەڵدا قازی محەمەد و هاوکارانی هاوسەنگی‌یان بە داواکاریەکانی خۆیان دا، و لە لەقەبی وەکوو(سەرکۆمار) و وەزارەت)چاویان پۆشی و (بەرێبەری حیزب) بەرپرسی ئابووری ) وشتی ئەوها تەنازول کرد. ئەمە بزوتنەوەیەکی ئاشتی خوازانە بوو، بەڵام بەشی نەکرد.

لەم نێودا، داکۆکی عەشایەرلە قازی محەمەد تەنازولی کرد. عەشایەر تەنیا لە ڕووەوە لەویان پشتیوانی دەکردکە ئەو ئاچەری یارمەتیەکانی ئابووری و نیزامی لە دەست دابوو،کە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی دەنگ و باسی پەیوەنداربە مامەلەی تاران-تەورێز-عەشایەر مەهاباد بەرەڵڵا دەکەن. ئەمانە لەفکری بارو دۆخ و هەڵکەوتی خۆیاندا بوون. گەورەترین بەرهەمێک کە لە ناوچەکانی عەشایەری دەچاندرا توتن بوو،بەڵام بەبێ دەست وێراگەین بەبازارەکانی ئێران، بە پیچەوانەی ڕێووشوێنێک کە بۆ گۆڕینەوەی ئەم بەرهەمە وگەنم لەگەڵ شەکرو لۆکەی شووڕەوی درابوو،وردە وردە چەتوونبونی وەڕاست دەگەڕا.

تەنگەو چەڵەمە و تەنگەژە دووپات بوونەوە. تووڕەبوونی نێوان ناخۆشی دڵ لێک ئێشان لەناو عەشایەرێک کە دەبوایە سەرینچاوە و ئیمکاناتی بێ بایەخی خۆیان لەگەڵ بارزانیەکانی برسی بەڵام بەهێز بەشکردبوایە،لەزێادی دا. بەڵام بارزانیەکان-دەنگۆ بوو کە مەلامستەفا دەبەردایە دەسەڵات لەچەنگ قازی محەمەد دەربێنێت،چونکە تەنیا هێزەکانی وی بوون کە بەڕاستی بۆ کۆمار شەڕیانکردبوو. لەنێوان بازێک لە سەرۆکانی مامەش مەنگوڕ و قازی محەمەد کێشمە کێشم سەری هەڵدا. شووڕەویەکان بۆ داکۆکی لە قازی محەمەد، مەلامستەفایان ڕاسپارد، و ئەو گروپی مامەش و مەنگورانی بۆ ئیراق ڕاونان.

قازی محەمەد لە گەڵ دێبوکرایان-یش موشکیلەی هەبوو، وچونکە ئەم مەسەلە بە دانیشتن و وتووێژ بەئاکام نەگەیی ناچار بۆ مەجبوورکردنی ئەوان بە ملکەچ بوون، شکاکەکان وهەرکیەکانیان بەڕیبەرایەتی عەمەرخان بۆ بۆکان نارد. ئەمە دوایین ئەرکێک بوو کە عەمەرخان سەبارەت بە کۆماری مەهاباد بەڕێوەی دەبرد. لەکۆتایی سپتامبەر، ئەو کە ئێستا نەک تەنیا ڕێبەی شکاکەکانی کاردار، بەڵکوو بەشێک لە عەشایری دیکەشی لەژێردەسەڵات دا بوو، و لەباڵوێزی ئامریکا لە تەورێز داوای کرد کە وەفاداری وی بەتاران ڕابگەێنیت، چاوەنواڕی لەم بابەتە ئەمە بوو کە حکوومەتی تاران بەرامبەری شئونی لەگەڵ وی بجۆڵیتەوە. تەنیا گەورکەکان و مهابادو فەیزوڵڵا بەگی و زەرزا کان بە قازی محەمەد وەفادار مانەوە.

سەرۆکانی عەشایەر لە وێنەیەکی بەرفەرەوانتر لە جەرەیانی سیاسی ئێران ئاگاداربوون. لە ماوەی مانگی ئۆکتۆبەر زوربەی ئەوان بە دنەی عەشایەر دژی دەوڵەتی قەوام هاودەردیان دەربڕیبوو. ئەوان هەروا سەبارەت بە حیزبی تۆدە و بزوتنەوەی چەپ ڕشبین بوون. ئێستا ش وەکوو ساڵی 1906 دەیانزانی کە قازانجی ئەوان لە سەرکەوتن و پیرۆزی باڵی ڕاست دایە. چاخێک قەوام لە 10ی دەسامبەر داگیرکردنی نیزامی دووبارەی ئازەربایجان و کوردستانی پەسەند کرد ڕوون بوو کە زۆرتری عەشایەرلایانی کام گروپ دەگرن.

پێنج ڕۆژ بەر لە دەرکردنی فەرمانی دەست درێژی بۆ ئازەربایجان و کوردستان شووڕای بەرگری قازی محەمەد، کە ئێستا بە تەنیا ما بۆوە، ڕایگەیاند کە لە بەرامبەری دەست درێژی ئەرتەشی ئێران ڕادەوەستێت. ئەم مەسەلە هێشتا وەکوو ڕاز ونهێنی ماوەتەوە، مەعلووم نییە کەبۆچی ئەوای کرد. وێدەچێت هۆیەکەی ئەمە بوو کە هێشتا بیروبۆچوون وئاقیدەی وابوو کە یەکیەتی سۆفیەت لە وانەیە بە داکۆکی لە وی هەنگاو بۆ دەست تێوردان هەڵێنیت. بەڵام هێشتا حەوتووک بەسەرمەسەلەکە دا تێنەپەڕیبووڕ کە شکاکەکان و هەرکیەکان لە دەڤەرەکانی دێهاتی دەوروپشتی ورمێ و تەورێز لە داگیرکردنی سەلەنویی دەێهاتەکان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی شان بەشان یارمەتی دەر بوون. لە13ی دەسامبەر هێزەکانی ئیران واردی ناو شاری تەورێز بوون. ڕۆژی دوایی یەکەمین گروپی سەرۆکانی عەشایەر وماقولانی شار بۆ میاندواو وەڕیکەوتن هەتا خۆیان بە هێزەکانی دەوڵەتی بەدەستەوەدەن. یەکێک لەوکۆمەڵە سەدری قازی نوێنەری مەجلیس بوو، کە وەکوو بڕیوانچێ لە نێوان برای و تاران هاتووچۆی دەکرد. ئەو بە ژەنەڕاڵ همایونی گوت: کە مەهاباد ئامادەیە کە هێزەکانی دەوڵەتی بە ئیحتڕامەو قەبووڵ بکات. همایوونی لایانگرانی عەشیرەیی خۆی بۆ شارنارد-یانی هەرئەو دێبوکری و مامەش و مەنگوڕانەی کە پیشتر لەگەڵ قازی محەمەد دژایەتیان کردبوو. بەڵام چونکە لەمە خۆفی دەکرد کە لەوانەیە شاری تاڵان بکەن، لە سەرداوای قازی محەمەد، لە 15ی دەسامبەر پەل ودەستەکانی نیزامی بۆ پاراستنی مەهاباد بۆ شارنارد.

کۆماری مەهاباد ساڵێکی تەواو نەکرد بوو. هێزەکانی دەوڵەتی دەست وجێ چاپەمەنیەکانی کوردیان گاڵەدان، فیرکردن وخویندنی زوانی کوردیان یاساخ ومەمنوع کرد، سەرجەمی کتێبەکانی کوردی موجودیان ئاگرتێبەردان و سوتاندن.

لە 31ی مارس قازی محەمەد وبراو کوڕی پوری لەمەیدانی شار لەسیدارە دران. ئەمە کردەوەیەکی بەغەرەزو بوغزبوو،بەتاتبەت سەبارەت بە سەدرکە سەرانسەری ساڵ جگە لەکاتێک کە وەکوونارددراوەی دەوڵەت(بۆ بەڕیوانچی) بۆلای برای دەهات، لەتارانی بەسەر بردبوو. بێجگەلەوەش شۆڕشی مەهاباد شۆڕشێکی بێ کوشت وکوشتارو بی خوین ڕژان و ئارام بوو. جگەلەچەند ڕووبەڕووبونی گچکە،لەهاوین،وڕاگەیاندنی خۆڕاگری وبەرەنگاری چەکدارانەی 5ی دەسامبەر،کەکارێکی ناوێچووبوو، قازی بە تەواوی ڕوونی کردبۆوە کە لایانگری ڕێککەوتن وئاشتی خوازانەی مەسەلەکەیە، وحازربوو بۆ وەدەست هێنانی ئەم بۆچوونە بۆ تاران بچێ، وکارێکی نەکردبوو کەهەتا بۆ هەڵسەنگان لەگەڵ کارەکانی حەمە ڕەشیدخان لەترازو دابنرین.

بەڵام تاران دەیزانی ئەم ڕیک و پێکی نەزم وتەرتیپ و بەسەرو بەریەی کۆماری مەهاباد و ناسیونالیسم-ی نوێی کورد، بۆ حوکم و ئیختیداری وی پەرمەترسیتر لە ڕاپەڕینی چەکدارانە بوو. قازیەکان بەم هۆیەوە لەسێدارە دران کە بیچم و هێکەلی تاسە و ئارەزوو حەسرەتی کورد بوون. ئەندامانی دیکەی کۆماری مەهاباد حەوتووێک دوایی، لەمانگی ئاوریل،ئیعدام کران. جگە لە ئیعدامەکانی کەلەناو(گەورک)و فەیزوڵڵا بەگیەکان ڕوویدا، سەرۆکانی دیکەی عەشایەر،لە گێژاو نەجاتیان بووچونکە لەسەرتای فۆریە محەمەد ڕەزاشا،لێبوردنی گشتی دا،وەبەرعافوو کەوتن.

تاران بە مەلامستەفای پێشنیارکرد کە یان بۆ ئێراق بگەڕێتەوە یان چەک دانێ و لە وەرامین بمێننەوە. شێخ ئەحمەد لەگەڵ بنەماڵەکانی بارزانی وهێندێک لە پێشمەرگەکان بۆ ئێراق گەڕاوە. بەڵام هیچ کام لەو دوو پیشنیارەی حکوومەت جێگای ڕازی بوونی مەلامستەفا و هاڤاڵانی نەبوو،وئەو هاتە سەرئەوبڕیارە بە شەڕکردن ڕێگای خۆی بۆ دەرەوە بکاتەوە. ئەو بە ڕی پێوانێکی حەماسی خۆی لەنێو سوپاکانی سێ وڵاتی ئیراق وئێران و تورکیە وبڕینی 220مایل ڕیگا لەوسنووری ئیران و تورکیە ماوەی پازدەڕۆژ، لە حاڵیکدا بەتوندی لەلایان سوپاکانی ئەم سێ وڵاتانە سەردەدونانی بەدواوەبوو چاکتری لێزانین و پسپۆری تاکتیکی خۆی نیشاندا،وبەم شەهامەت و قارەمانیەتیەیی خەیاڵی هەمووانی لەهەرشوێنێک کە بوون- ئاگرتێبەردا.

بارزانیەکان هەموو حەول و تەقەلانی ئەرتەشی ئیران و تورکیەیەی بۆ لەگەمارۆدانیان پێ رێخشاند وەک بڵقی سەرئاو پۆچ کردوە و لە 15ی ژوئین(1947)لەچەمی سنووری ئەرس پەڕینەوە لاقیان لەخاکی شوورەوی نا. مەلامستەفا ئەبەم کردەوە، ئەفسانەیەکی هینایەدی و خۆلقاند کە ڕۆژێک بەکەلک وەرگرتن لە وی بە قودڕەت و دەسەڵات گەیشت.

ئەم بۆچوونە کە کۆماری مەهاباد چرکەیەکی گەورە بوو کە دەویدا کوردەکان ئازادی خۆیان بەڕاست وەرگەڕاند،لێکدانەوەیەکی خوشبینانە لە واقیعیەتە. مەهاباد لەگەمارۆی تەنگ و چەڵەمە و تەنگەژەکانی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری دابوو. بە بێ داکۆکی بەڕاستی شووڕەوی کەمترین هیواو هومیدی بەمانەوەی خۆی نەدەتوانێ هەیبێت، وڕیبەرانی کۆمارلەقوڵایی دڵی خۆیاندا دەیانزانی کە داکۆکیەکی ئەوها جێگای متمانەوباوەڕپێکردن نییە. جگە لەوانە ناڕوونی وبولێل یەک،کە دایم ودەرهەم سەبارەت بەداوای کۆماری بەخودموختاری و سەربەخۆیی لەگۆڕێدابوو. ئەم

عەمرەی بە لەکردنەهاتوو دەنواند کە تاران،ڕۆژێک،ئەگەر بتوانیت، حوکم و ئیختیداری خۆی بە دەستەوداوین بە هێزی نیزامی لەسەرڕا سەقامگیربکات. لەم بابەتە ئازەربایجانیەکان بە لێکدانەویەکی ئاگاتر و باشتر بۆچوونەکانیان دابەزاندن.

لە چرکەیەک کە کۆمەڵە هەڵوەشاوە، پەیوەندی نەتەوەیی فێدای سیاسەتەکانی ساماندارو سەرۆکانی عەشایەر و چەندبەرکی کۆمەڵایەتی، نێوان ئەم بەشە لە عەشایەر لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وی،وناکۆکی و کێشمەکێشم‌ی عەشایەر دانیشتوان و گەورەپیاوانی شارو تویەکانی خوارەوەی چینی مام ناوەندی بوو، و لەئاکامدا، کۆمار لە بارودۆخێکدا هاتەکایە،کە مەڵبەند لە مەڕ ئابووری مفلیس بوو،و هەتا کۆتایش هەرواماوە. دواڕۆژی ئابووری مەهاباد، یان کوردستان بەگشتی،تەنیا لە هاوهەنگاوی و هماوایی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران جێگای متمانە بوو. کۆمار هەرچەند بۆ نەتەوەخوازانی کورد لە هەمووشوێن تەڵقین دەر بوو بەڵام بناخە کۆڵەکەی وی ئیکجارناقایم و بیدەوام بوو.

سەرچاوەکان:

بریتانیای کبیر،منابع رسمی منتشرنشده: ادارة بایگانی عمومی: سریهای 2589/195 وەزارەتی خارجە248 شمارەهای 1405، 1410، سریهای وزارت خارجە 371/ شمارهای 7824، 17915، 27080، 27244، 27245، 31388، 31390، 31391، 31402، 34940، 350922، 35093، 40173، 40177، 40178، 45488، 45503، 52698، 52702، 61984، وزارت جنگ 5961/106.

سەرینچاوەی دووەم:

سەرچاوەی دووەم: ابراهیمیان،ایران بین دو انقلاب،هنری بایندر،درکردستان، دربین النهرین وایران(پاریس، 1887)، دابلیو،انگین،جمهوری کرد 1946(لندن،1953)،فردنالیدی،ایران: دیکتاتوری وتوسعە(هار موندز ورث،1979)،ام.آر.گادز،ایران درقرن بیستم(باولدرولندن،1989)،ف. کوهی کمالی دهکردی(جمهوری کردستان،ظهور و سقوط آن)(رسالة دانشگاهی، آکسفورد،1986) ، آرچی روزلت(جمهوری کرد مەهاباد) مجلة خاورمیانە،جلد1،شمارة3(ژوئیة 1947)نقل شده درنوشتة شاڵیان بنام مردم بدون دولت،شریفی،الجامعات و المنظمات.

بیرنامەکان:

1-وەزارەتی دەرەوە 1045/248 بیرنامەی ڕێکەوت 3ی دەسامبەری 1941 وابەستەی نیزامی،تاران 2-وەزارەتی دەرەوە/ 1410/248 نامەی ڕێکەوت 22ی ئۆکتۆبر 1942 اورکهارت بە بەلارد(تەورێز).دەستەیەک چەکدار کە حەمە ڕەشیدخان لەنامۆکی لەسەرتفەنگەکانی تاإن لەدەستی دا گەلێک پترلەتەلەفیاتی وی لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەش بوو.

3-ئینگلیزیەکان کەریم سەنجابی پالاوتراوەی حیزبی ئێرانیان زیندانی کرد وبەم جۆرەکەڵبژاردنی ئەویان هەڵبڕی. کەریم سنجابی کەلە 1904 لەدایک بوو لە 1918 لە ئۆلکەی سیاسەتەکانی عەشایەری کرمانشا بۆ تاران دوورخراوە،لەوی بۆ بەردەوامی دەرس خویندن بۆ پاریس ڕۆیی، ولەوی لەگەڵ فکری چەپ ئاشنا بوو،بۆتاران گوڕاوە ولە زانستگاه خەریکی دەرس گوتنەوە بوو. حیزبی ئێران بە ڕیبەرایەتی موسەدیق حیزبی نەتەویەتی بوو وبەدست تێوەردانی ئینگلیستان لەکاروباری ئیران بە توندی دژایەتی کردو موخالیف بوو. یەکی دیکە لە پاڵاوتراوانی حیزبی ئیران دکتۆر عەبدولحەمید زەنگەنە بوو، کە بەکردەوە بەم هۆیەوە بۆ مەجلیس چوو کە باوکی سەرۆ عەشایەری زەنگەنە بوو.
4-لەژوئین 1942 مەجلیس قانوونیکی پەسەندکرد کە بەپیی وی مڵکەکانی زەوت کراو ڕەزاشا،وەخاوەنەکەیان دەدراوە. 5-ئەم ئاغای موحسین سەدر هەشتا نەوەد ساڵ بوو کە کە دەورانی وەزیری وی بەماوەی چەند مانگ هاوین وپاییز1945دوامی کرد -6فەرج ڵڵا ئاسەف لە بنەماڵەیەکی ناسراوو سەوداگەر و خاوەن ملکی سنە بوو. لەحالێکدا خەڵکی سنە لە 1916 لە برسان دەمردن ئەو گەنمی لە خەزینە دەکرت هەتا بەگرانی بفرۆشێت. لە دوایی شەڕ ئاسەف بە یارمەتی لایانگرانی وس ئەوکەسانەی کە بە وی دەیندار بوون کارێکی کرد کە ئەوانەی ئەو جامینی دەویسن لەهێزەکانی نەزم وئاسایش و قەزایی و مەزەبی بشوغڵن. دوو نوێنەری دیکەی سنە بریتی بوون لە سالار سەعید سەنەندەجی وناسر قولّی ئەردەإن کە هەر دوو لە بنەماڵەکانی بەسامانی شاربوون. 7-سمێل دوکەڵ دان، یان تراشین بەمانای لەپیّاوەتی خستنی کەسینە کەلەوانەیە هۆی شەرو مرۆڤ کوشتنی لێ بکەوێتەوە. 8-وەزارەتی دەرەوە 371/ 40177، فلچر،بیرنامەی ڕیکەوت 1943 (سەبارەت بەسیاسەتی عەشایەری لەکوردستان وکرمانشا).

تێبینی: 1-لەکێشەو هەڕاو لەسەرتفەنگەکانی تاإن- زەوت گرتوو لە ئەرتەش چ کەس نەکوژرا.م -2 هەتا ئەوجێگایەی کە خویندومەتەوەو گوێبیس بوومە سلیمان میرزا حەسەن ئەسکەندەری کەلەگەڵ باوکی دۆست بوو، ئەوی هێناتاران لەبەرخوێندنی دانا.م
3-حیزبی ئیران ڕیبەری نەبوو. نەمردۆکتۆر مەسەدیق-یش نە ئەندامی حیزبی ئیران و نە ڕیبەری وی بوو.م 4-دوکتۆر زەنگەنە-ش ئەندامی حیزبی ئیران نەبوو.م

9-ئەوکەسانەی کە بۆ باکۆ چوون بریتی بوون لە: حاجی باباشیخ، مەجیدخان میاندواو، عەلی ئاغای دێبۆکری وکوڕەکەی عومەرعلیار(بۆکان)چوار سەرۆکی هەرکی کەیەکیان زێروبەگ بوو، دوو سەرۆی عەشایەری شکاک،بەڵام عەمەرخان خۆی نەخۆش کرد و نەچوو، سەرۆکانی زەرزا،پیران،گەوەرک، مامەش، مەنگوڕ ومحەمەد سەدیق کورێ سەیدتەها ناسراو بە پووشۆ. 10-وەزارەتی دەرەوە 371/ 1410 قاقەزی ڕێکەوت 8ی ئاوریل 1942 کوک بو بلارد(تەورێز). 11-وەزارەتی دەرەوە 371/ 35092، دەفتەری ڕۆژانە باڵویزخانەی کرمانشا دەسامبەر 1943. 12-کریس کۆچرا،بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، لاپەڕەی 164. 13-وەزارەتی دەرەوە 40178/371دەفتەری ڕۆژانەبالویزخانەی تەوریز،ژمارە 2ۆڕیکەوت 30 نوامبەر.
14-وەزارەتی دەرەوە 34940/371،ڕاپۆرتی ژمارە 138 ڕیکەوت 4ئۆکتۆبر،ناوەندی هاوبەش ئیتلاعات بۆ

ئیران ئێراق. 15-سەزانین کە ئەو یەکێک لە نووسەرانی گوڤاربوو،وبە بڕاو بوونەوەی نیشتمانی یارمەتی کرد،وەزارەتی دەرەوە 4177/371،دەفتەری ڕووداوەکانی ڕۆژانە باڵویزخانەی تەورێز، 15ی ژوئین 1944. -16-ئەم وێککەوتنەی لەنێوان پیران و مەنگوڕ قەوما،کەلەویدا بەشەکانی ڕەقیبی مامەش لایانی گروپەکانی جۆربەجۆریان گرت. کێشمە کێشمەی دیکە نیوان مەجیدخانی میاندواب و عەلی ئاغا ئەمیرئەسعەد دێبۆکری بوو. 17-مەلا محەمەد بە هۆ ئەفکاری ئینقلابی کە هەیبوو مەشهور بوو. ئەو کاتێک قوتابخانەی کچانی لە کۆیێ پیکهێنا،کچەکەشی بۆ خویندن بۆ وێ نارد. ئەم کیژە دوایی بەعومەرمستەفا یەکێک لە خەباتگیڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی مێردی کرد. 18-وەزارەتی دەرەوە 371/ 34940،ڕاپۆرتی ژمارە 138 ڕیکەوتی 4ی ئۆکتۆبری 1943 ناوەندی هاوبەش ئیتلاحات بۆ ئیران و ئیراق.-- وەزارەتی دەرەوە 371/ 34940، ڕاپۆرتی ژمارە 138 ڕێکەوتی 4ی ئۆکتۆبری 1943 ناوەندی هاوبەش ئیتلاحات بۆ ئیران و ئیراق. 20-لە 1943 ئیتحادی شووڕەوی بەهۆی ناوبانگی باش،وڕێزوحوڕموتێک کە شێخ عەوڕ گەیلانی هەیبوو بۆ ڕیبەری کوردان ئەوی دەنەزەرگرتبوو بەڵام بە هەڵە خەبەریان بەوی دابوو کە وەرگێرکەی ئینگلیزانە. شێخ عەوڕ لەبوونی کۆمەڵە ئاگاداربوو و بەڕەواڵەت بیروبۆچونێکی باشی سەبارەت بەو هەبوو،بەڵام کەیفی بە خۆ نواندن نەدەهات. 21-وەزارەتی دەرەوە 371/ 34940، ڕاپۆرتی ڕیکەوت 4ی ئۆکتۆبری 1943 ناوەندی هاوبەشی ئیتلاحات بۆ ئێران و ئێڕاق. 22-بۆ ئاگاداری سەبارەت بە جامینخوازان بڕواننە کۆماری کورد، نوسینی ئیگلتن،لاپەڕەی 35.بەڵام دەبێ ئیحتیاتێ بکەن. بەزێک لەسەرۆکان لە تەورێز لەمە سکاڕیان هەبوو کە ئەفرادی خۆیان وادار بە لایانگری لە مەسەلەی نەتەویەتی دەکەن،وەزارەتی دەرەوە 45503/371 قاقەزی ڕیکەوت 7ی مەی 1945 وال بۆ بولارد،تەورێز. 23-بۆ نموونە ئاغاکانی ئیلخانی زادەو دێبۆکری یەکەمین کەسانێک بوون کەلە کۆمەڵە داکۆکیان کرد،بەڵام کاتێک کە قازی محەمەد بەڕیبەری کۆمەڵە هەڵبژێردرا،ئەوانی بەرەڵاکرد. 24- وەزارەتی دەرەوە 371/ 40178،دەفتەری ڕووداوەکانی ڕۆژانەبالویزخانەی تەورێز، ژمارە 20ڕێکەوت 30ی نوامبەری 1944، 25-وەزارەتی دەرەوە 371/ 40173.کەاس.لمبتون(پەیوەندی ڕووسیەوکوردەکان) تاران، 13ی سپتامبەری 1944. 26-ڕۆزلت،(کۆماری کورد) لاپەڕەی 139. 27-یەکەمین هەڵبژاردنی ڕووسەکان نەک قازی محەمەد بەڵکوو سێ سەرۆک عەشایەر ناوچە یانی عەلی ئاغا ئەمیرئەسعەد،عەمەرخان شکاک، وقەرەنی ئاغای مامەش بوو. عەلی ئاغا بەبەرپرسی ژاندارمەری ناوچە دانرا. هیچ کام لەوان ئەو مەترسییەی کە ڕیبەرێکی بزوتنەوەی کورد هەبوو،نەیانبوو-ڕۆزلت(کۆماری کورد)لاپەرە139. 28-حیزبەکانی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق و ئیرانیان بە زێدەکردنی وشەی(ئیراق) و(ئیران)بەدوای حیزب دیاری دەکەین. 29-وەزارەتی دەرەوە 45436/371،پوشە 73400داخۆیانی ڕیکەوت 8ی نوامبەری 1945. 30-کوڕەکەی عەبدولعەزیز کەلەئیراق بەکۆمارلکابوو،دەست وجێ بۆ فیربوونی زێدەتر بۆ شووڕەوی ناردرا، لەڕاستیدا وەکوو بارمتە،بە بیروڕای متمانەی ڕەفاری باشی شێخ عەوڕ. 31- ڕۆزلت(کۆماری کورد،) لاپەڕەی 143. 32-نەرک تایمز،16 ئاوریل 1946، بەگیڕانەوە لە ئیگلتن لەکۆماری کورد، لاپەڕەی 73. 33-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران داوای کردبوو کە لەم جەرەیانە 15000کەس کوژراون. بەڵام ئەو ژمارەیەیی دەبێ بە ئیحتیاتەوە حیساب بکەی. هالیدی،ئیران لاپەڕەی 221.

34-بۆ ئاگاداری لە عەمەلیاتی سەرکەوتووی بارزانیەکان بڕواننە بەئیگلتن،کۆماری کورد،لاوەڕەکانی 116-126،یان وەزارەتی دەرەوە 371/ 61986.
35-لەسپتامبەری 1946 بالۆێزی بریتانیا لەتەورێز گوزارشتی کرد کە قازی محەمەد بۆخۆی گوتوویەتی کە داوای خۆدمووختاری لەمانادا داپۆشانێک زێدەتر نەبوو وشتێک کە ئەو بەدوایدا بوو سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بووە. وەزارەتی دەرەوە 371/ 52207 نامەی ڕیکەوت 11ی سپتامبەر وال بە رۆژتل،تەورێز.

تێبینی: 1-عەبدولعزیز ئال گەیلانی سەرهەنگ دووەمی ئەرتەشی ئێراق و مامۆستای زانستگای ئەفسەری بەغدابوو. ئەو لە گەڵ مەلامستەفابارزانی بۆ شووڕەوی پەنابەربووم.

پاژی 12،

ئێران: پێک هێنانی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی

سەرەتا:

بە دوای سەرکوتکردنی بزوتنەوە لە لایان حکوومەت لە 1947، نەتەوەخوازانی کورد تێکۆشانیکیان نەبوو، و هەرەشەیەکی بەڕاستی بۆ حکوومەت نەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هەیکەلێکی تاسەو ئارەزو ئارمانی نەتەوەیی کەژمارەیەک لە کوردان دورست بیست ساڵ دوایی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد بۆ تێگەینی وی قۆڵیان هەڵماڵی، هەروگیفێکی مجد بۆ حکوومەت نەبوو. لێحاڵی بوون و تێگەینی ئەم بابەتە لەلایان خەڵک ئەوەندە کە هۆو سەبەبی پێویستی بارو دۆخی گۆڕانکاری ژیان بوو ئاکامی دژکردەو لەبەرامبەر هزرەکانی سیاسی  نەبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڵاوی دەکردەوەو پروپاگەندەی دەکرد. ئەم گۆڕانکاریانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەیەکانی 1960و 1970 و دابەشکردنی زەویوزارو باشبوونی کەرەسەی پەیوەندی گرتن و کۆچکردنی کرێکاران و زێدەبوونی جەماوەر بوو کە نەک تەنیا سیستەمی عەشایەری لەناو بردومەحووکردەوە بەڵکوو بارودۆخ وهەڵ ومەرجێکی هێناکایە، کەدەویدا بارودۆخی قەومیەت و بەبیچمی کارێگەرێکی عەسڵی یەککگرتن و ڕابیتەی پێناسی کوردەکانی ئیران گوری. بەلاّم ئەم جەرەیانە تەنیا بەشرتووگۆم و لەناوچوونی بنەماڵەی پەهلەوی لە 1979 لەئیمکانی شکۆو دەربڕینی خۆی وەدەست هێنا.

ساڵەکانی بێ درەوشانەوەی، 1947-1978،

بەدوایی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد،حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەکردەوە ئیدی بوونی نەبوو. لۆچێک لەوکەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ کۆماری تەمەن کورتی هەبوو هەروا یەکتریان دەدی و

خەیاڵیان لەمەنجەڵی فکریاندالّیدەناوبەس،و سەرنج ڕاکێش ئەمە کە ئەم گروپە(ڕۆشنبیرە) ئەندامانی وردە بورژاواز بوون: کاربەدەستی دەوڵەت و سەوداگەرو مامۆستای قوتابخانە و ئەم جۆرەشتانە. لەوانە لە هەموان دەنگینتر عەزیزیوسفی و غەنی بلوریان و عەبدولڕحمان سولتانیان بوون کە هەموویان لەخزم وکەس وکاری نزیکی ئەندامی ئەرشەدی دەزگای کۆماری مەهاباد بوون. ماقول و ساماندارەکانی کە دەستیان بەسەر کۆماردا دەشکا،هەموویان لە مەیدان وەدەرکەوتن.

پاشمەنەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەڕ ئیدۆلۆژی لە حیزبی مارکسیستی توودە نزیک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە جیاوازو جیاوەبون و چاکتری خۆی پاراست. هۆی ئەم کارە وێدەچێت ئەمە بووبێت کە هەتا مارسی 1947 حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە ژێرئیختیاروتوانایی ماقولان بوو،لەحالێکدا کەحیزبی تودەی ئێران کەلەسپتامبەری 1941 بنیات نرابوو لە سێرەی دەسەڵاتی ڕونکبیرانی لاوی شاری دابوو. خولاسە سەبارەت بە شوێن تێکردنی توودە حاشاهەڵنەگربوو. حیزبی توودەی ئێران ئەندامێکی کەمی لەحیزبی کموونیستی ئێران(بەرلەسەرکوت) لەدەیەی 1920، و سەرنجی تایبەتی وی حیزبی بە کەمایەتیەکان لە وی بە میرات بردبوو. یەکێک لەو دوو ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پەیوەنداربە(کۆمیتەی کمونیستی کورد)وابەستەبەم حیزبە بوون،کە کۆمیتەیەکی تەمەن کورت بوو. حیزبی توودەی ئێران لەناو جەماوەری ئاشۆڕیانی ناوچەی ورمێ جامینخوازانی بەهێزو شێلگێڕیان هەبوو: ئەمانە خەڵکی شاربوون کە ڕۆناکبیرانی گەنجی کورد،بەپێچەوانەی چینی بەسامانی شار،بە هاتووچوو تێکەڵاوی لەگەڵ وان زۆرحەزیان دەکرد. وئەم پەیوەندە بۆ پاشمەنەی کۆمارکەبە بەرزکردنەوەی ورە ئیکجار موحتاج بوون،لەڕادەبەدەرباش بوو بەقازانج بوو. ئەم کوردانەی کە حەزیان لەسوسیالیسم دەکرد پێیانخۆشبوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بمێننەوە. کاتێک کە لەدەیەی 1950 سەدان کەس لەئەندامانی حیزبی توودە زیندانی کران ژمارەی کوردەکان بە زەحمەت خۆی لە سەتی سێ دەدا.

لە سەرەتا کارێکی هێندە لەدەست پاشمەنەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەدەهات: و نە ئاقیدەی بە شەڕی چەکدارانە هەبوو و نە ئامرازی ئەم خەباتەشی لە بەردەست دابوو. لەجیات ئەمە لە 1948 چەند بڵاوکراوەی نهێنی لە دەوروپشتی مەهاباد بڵاوکردەوە،بەڵام ئەمەش دەوامێکی هێندەی نەکرد. عەزیز یوسفی هەردەوساڵیدا گیرا هەتا ساڵی 1952 لەبەندیخانەداماوە.

ئێستا ئاوهەوای سیاسی ئێران وردە وردە دەگۆڕا. لەکۆتایی ساڵی 1947(یەکیەتی نەتەوەیی) کە لایانگری سەلتەنەت بوو دەستی بەسەر مەجلیس دا دەشکا،قەوامی سەرۆک وەزیران مەجبوورکرد وازبێنێت. لە فۆریەی 1949 تەقەیەکی ناسەرکەوتوویان لە (شا) کرد ئەمە دەستگیرەیەک بوو بۆ وەی کە هەتا (پالشا) دژی بزوتنەوەی دێموکڕاتیکی وڵات دەست بەکاربێت. دەوڵەت نائاسایی نیزامی ڕاگەیاند، ڕۆژنامەکانی دژکارانیان یاساخ کرد،حیزبی توودەیان بەناقانوونی و هەڵوەشاوەڕاگەیاند و مەجلیسی موئسیسانیان بانگهێشتن بە دانیشتن کرد، و مەجلیسی ناوبراو لە دانیشتنی خۆی پێکهێنانی مەجلیسی سەنای بەپێویست زانی،کە نیوەی لە ئەندامانی وی لەلای شا،دادەنرا،ومافی هەڵوەشانەوەی مەجلیسیشی بە(شا)دا. و هەنگاوی سەرنج ڕاکیشی دیکەش وەرگرتنەوەی مڵکەکانی زوتکردووی ڕەزا شا بە محەمەد ڕەزاشا بوو: ئەم مڵکانە لە 1941 وە دەوڵەت درانەوە.

دیکتاتۆری محەمەد ڕەزا شا، دەست درێژی بە هەریمی قانوونی ئەساسی مەجبوور گەلێک دژایەتی وڕووژاند. لە1950 سپهبوود ڕزم ئارا،کە وەرچەرخانێکی چەپی هەبوو، بە سەرۆک وەزیران دانرا. دوور نەبوو کە ڕەزم ئارا،بەشێکی لە ئارەزوی کوردەکانی هێنادی، چونکە لەبیروڕای دایە سیسەتەمی کەڵەکە نەبوونی لە وڵات وەدیهێنا. بەڵام ئەو لە 1951 بەدەستی فیدائیانی ئیسلام کۆژرا.

لەمانگی مەی دکتۆر موسەدیق لە شوێنی ڕەزم ئارا،دانیشت،و بەدیاریکردن لەگەڵ ئەم ئامانجە کە قانوونی پێشنیاری هەرخویی (نەتەویەتی)کردنی نەوتی بەئەنجام گەیاند. موسەدیق کەسینێک بوو خەڵکی و لایانگری سەروسامانان بنەڕەتی، هەتا بەمجۆرە کە ئەگەر لە گەڵ دژایەتی و کارشکێنی چەت تێهاویژتنی مەجلیس و بارەگای (پاڵشا) ڕوو بە ڕوو دەبوو،مەسەلەکەی بۆ لای خەڵک دەبرد لەوانی دەویست لەکردنەوی گرێپوچکەکان هاوکاری وئالیکاری بکەن. ئەو ڕۆشنبیرو خوێندەوارانی لایانگروجامینخوازی سەرسامانانی بنەڕەتی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، کە ژمارەیەک لەوان وەکوو کەریم سنجابی و عەبدولکەریم زەنگەنە لە ڕەدەکانی سەروی کۆمەڵگا بوون. موسەدیق-یش وەکوو ڕەزمارا،خوازیاری دێموکراسیەکی لیبراڵ بوو، بەڵام ناوەند گەڕاو دەمارگرژێکی ناسراویش بوو. لەبەر ئەمە لەعەینی حاڵدا کە ئاوهەوایێکی وەدیهێنا کە گروپەکانی دێموکراتیک بەتایبەت حیزبی توودەی ئێران دەیتوانی دەویدا گوڵ بداو بدروشێتەوە،بە وێچوونی زۆر لە بەرامبەر داواکاریەکانی کوردەکان یان ئیدیکە (سەقامگیر و کەڵەکەنەبوون) ی دەوڵەت بەتوندی ڕادەوەستا. دەورانی حکوومەتەکەی زورشەپۆلاوی بوو، ئەم ئاڵۆزیەو پشێویە و تۆفانە لەهاوینی ساڵی 1953 بەو پەڕی خۆی گەیشت، وئەمە چاخێک بوو کە کە بەنەزەر دەگەیی لەکەمکردنی لە قودرەت وئیختیاراتی (شا)و گۆرانی وی بە پادشایەک کە سەلتەنەت بکات نەک حکوومەت،یان هەتا بەقازانجی کۆمار لە سەلتەنەت واز بێنێت سەرکەوتوودەبێت. بەڵام لەمانگی ئەوت ئەرتەش بەکودتایەک کە ئامریکایەکان پێشەنگی بوون،حکوومەتەکەی لەناوچوو و قودرەت ودەسەڵاتی پادشای سەرلەنوێ سەقامگیرکرد.

لەم دەورەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی ئازادانە پشوەکی هەڵکێشێ، دوست وهاڤاڵ بگرێ و لایانگران بۆخۆی کۆکاتەوە. لەمەهاباد بەهۆی ناڕازی بوونێک کە خەڵکی شار لە ڕووداوەی ساڵی 1947 بەتایبەت ئیعدامی قازی محەمەد – کە هێشتا بیچمی پیرۆزی و گەوریی و موقەدەسی شهید بوونی پێوە دیاربوو-هەستیان پێدەکرد، لە داکۆکی و خۆشەویستێکی مەزن بەرهەم وەرگر بوو. شا بەتوندی لە ژێرتف و لەعنەت بوو،و بەشیک لەم بێزاریە بەم هۆیە بوو کە لە جیاتی قازی محەمەد مامۆستایەکی ناسراوی دیکەی بە داوەر دانابوو. بەم بەڵگەیە کە لە دەنگدانی ژانویەی 1952 بۆ مەجلیسی هەفدەهەم، مەهاباد گوێی لە هڕوگیف و زۆرداری پۆلیس بەست و پاڵاوتراوەی حیزبی دێموکڕاتیان هەموو پێکەوە بە نوێنەرایەتی مجلیس هەڵبژارد. دەوڵەتی هەڵبژاردنەکی باتڵ کرد، ویەکێک لە ئاخوندەکانی کە قەت ئەم حەوزو ناچەیی نەدیبوو بە نوێنەری مەهاباد هەڵبژارد. لە بەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر مەهاباد لەگەڵ پادشا و ئەوەی ئەو بە نوێنەری دانابوو دوژمنی دەکردو دەیبوغزاند. دکتۆرموسەدیق لە13ی ئەوتی 1953، کەمترلەحەوتووەک لە ناوچوونی حکوومەتەکەی بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئیختیاراتی پادشا،بە دەنگی ئاپورەی ئێرانی پەنا برد. لە

مەهاباد لە پێنج هەزار دەنگ کە دەنگەکانیان لە سندوقەکان کردبوون تەنیا دوو دەنگ بە داکۆکی لە سەلتەنەت درابوو.

تێبینی:1-کاتێک دکتۆرموسەدیق بۆ سەرۆک وەزیر،عەبدولحەمیە زەنگەنە کوژرابوو. م
2-صارمەدین سادق وەزیری.نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.
3-سەید محەمەد ئیمامی، ئیمام جومعەی تاران.م

شا، کاتێک دەسەڵاتی وەرگرتەوە، سەرجەمی شوێنەواری بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە ژیانی سیاسی وڵات سترپیەوە. ساڵەکانی 1953و1958 سێ هەزارکەس لە حیزبی توودەی لە گرتووخانەکرد. حیزبی دیموکراتی ئێرانی-ش بۆ حاشارگەی خۆی تێخزا ودوو کۆمیتەی جیاواز لە مەهاباد وسنە(سەنەندەج) بەخەبات و تێکۆشان خەریک بوون. لە ماوەی ساڵی 1954 ئەم دوو کۆمیتە لە کۆنفرانسێک کەلەشوێنێکی نهێنی، لە دەرەوەی مەهاباد، گیرا پێکەوەتێکەڵ بوون. لەم کۆنفرانسەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان شیاوتربوونی خۆی دیاری کرد: سەرنخونی سەلتەنەت، وەدیهێنانی پێناسێکی کوردی لەگەڵ دەوڵەتی هەڵبژاردەی خۆی، ئازادکردنی سەرجەمی کوردستان. حیزبی دێموکرات هەروا نارەزایی خۆی لە رێژمی مەوجود کوردستان،بەتایبەت پەروەردەو فێر کردنی زوانی فارسی لە قوتابخانەکان، هەروا سەبارەت بەمە کە دەسەڵاتدارانی باڵادەست ناوچە پەسەندکراو و دانراوەی تارانن، و هەروا لەم بابەتە کەکوردستان دایم ودەرهەم وبێ لێبڕانەوە لەژێر وەزیەتی نائاسایی (حکوومەت نیزامی) دایە، دەربڕی.

لە مانگی مەی ئەو ساڵیدا غەنی بلووریان پیی پێوەناو یەکەمین ژمارەی کوردستانی لە هەرس هێنانی کۆمار بەم لاوە بڵاوکردەوە و ئەوی لە مەهاباد و سەقز و سنە دارو بەشکرد. ئەم بڵاوکراوەیە لە عەینی حاڵ کە کوردستانی بە پارچەیەکی جیاواز لە وڵات دەدی،بە دوای خەتی سوسیالیستی دابوو. و هەر ئەم جیاواز خوازیە بوو کە حیزبی توودەو گروپەکانی دیکەی چەپی ئێرانی تووڕەکرد،و نێوان حیزبی دێموکڕات و یەکگرتووەکانی سروشتی وی، تۆفانی هەستاند. کوردستان زۆری دەوام نەکرد. کەمێک لە دوایی پێنچەمین ژمارەی وی،(سپتامبەر) پۆلیس چاپەمەنیەکەی لە تەوریز دیتەوە. ئەم بڵاو کراوەیە خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد لە تەنگ و چەڵەمە وسەرەرۆیی ئێراق و ئێران و تورکیە بوو. ئەمە هەستێک بوو کە کەمترلەکوردەکانی ئێران دەبیسترا. نزیکەی 150 کەس زیندانی کران،لەم گروپە 50کەس بە مەحکەمە ئەسپاردران.

رێژێم لەمە خۆفی دەکرد کەدەیدی کوردستان لە(رێگای شەری سارد)ی ئێران،خاڵی زەبرهەڵگرە،دڵەخورپەی شوێن تێکەری شوورەویەکان،بەتایبەت بەرنامەی کوردی بوو کە 1947 دەستی پێکردبوو، وبازێک لەوان ئاماژیەکیان بە شۆرش هەبوو کە دەبوایە خێراهەڵیسابوایە. لەسەرەتای ساڵی 1951 ئەم نیگەرانیە ئەوهێندە بەرز بۆوە کەتاران بۆخۆی هاتە سەرئەم بریارە بۆ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم بەرنامەیەی کەلە لایان شوورەویەکان بڵاو دەبۆوە بەرنامەی دە بڵاوکردنەوە بەزوانی کوردی سازدات. بەڵام لە دەست تێوەردانی دێکەی شوورەوی لە دەڤەرەکانی سنوور-یش خۆفی هەبوو. بەمجۆرە چاخێک لەزستانی ساڵەکانی 50-1949بەرلەوەی کە حکوومەتی ناوەندی دژکردەوەیەک نیشان بدا گەنمی شوورەوی گەیشتەشاری ماکۆ، ئیکجارپەریشان بوو. گوێبیس بوونی ئەم دنگو باسەش هۆی نیگەرانی بووکەلەکوردستان بۆ کاری پڕوپاگەندە لە مەلاکانی ئائینی

کەلک وەردەگرت کە لە شوورەوی تەعلیمی دێنیان بینی بوو وحاملا بوون وهێندێک لەوان نەخشبەندی بوون.

ئەم ترسە لەنەزەری دۆستانی پاشا، ترسێکی واقعی بوو. بەلێکدانەوەی ئینگلیزیەکان کوردەکانی جەلالی باشوور لە هەر جۆرە دەست درێژی شوورەوی بە ئازەربایجان پشتیوانیان دەکرد. لەنێوەڕاستی 1950 ئینگلیزیەکان وایان فکرلێدەکردوە کە شکاکەکان و زوەبەی عەشایەری دەورو پشتی مەهاباد و سەقز لەژێر شوێن تیکەری شوورەوین- هەڵبەتە سەرۆکانی ئەم عەشایەرانە ئەوها نەبوون.

بە لەبەرچاوگرتنی ئیختیاراتی هەررۆژ بەرەو زێدەبوونی ڕێژیم بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم عەشایەرە،ئێستا لە بەسەرداچوونەوە بەسانایی لەو تیرانەی سەرئێشە دورستکەر چاوپۆشی بکەن. بەلام لەگەڵ ئەم هەمووە هێشتا هۆی نیگەرانی تاران بوون. دێبۆکریەکان هێشتا 3000جەنگاوەریان هەبوو وخاوەنی نزیکەی 7000تفەنگی یەدەگی بوون. مامەشەکان ومەنگوڕەکان هەریەکە دەیانتوانی 1500جەنگاوەری بۆ ئولکە بێنێت، ئەوانیش وەکوو هەرعەشیرەیەکی بەغیرەت بۆ چەکدارەکانیان لانی کەم تفەنگەکی یەدگیان هەبوو. کەهاباد کە ئەو هەمووتایفە لە دەوروپشتی بوو شوێنێک بوو کە ناسیونالیستی کورد لە وێ لە دایک بوو سروشتیە ئیکجار جێگای زەنینی و مەترسی تاران بوو. سوپای ئێران هێشتا دەیزانی کە عەشایەر چ زەبرێکی دەتوانن لە ئێران بوەشێنن، وئامانجەکانی بە ئیحتیات هەڵدەبژارد.

لەگەڵ ڕووتێکردن لەگەڵ ئەم خاڵە بوو کەلە ساڵی 1948 لەگەڵ جوانرۆیەکان دەست بەیەخە بوو، کەتایفەیەکی گچکە بەلام بەهیز بوون، ولە 1941 بەملاوە سەربەخۆیی کردەوە دەستی پێکرابۆوە. سوپای ئێران لە 1950 لەگەڵ ئاڵیکاری و هاوکاری گەلێک لە نەیارانی ناوچەیی جوانرۆکان،بۆ قەلای جوانرۆیان هێرش برد. لەگەڵ ئەم هەمووە لە 1956 بوو کە دەست درێژی هەرەگەورە بە هەڵسوورانی ئەم عەشیرەیەی کۆتایی هێنا. بۆ ناسیونالیستەکانی کورد فکرلێکردنەوەو بە خەیالداهاتنی هێرشێکی ئەوها وەکوو هجووم بۆ سەر خەڵکی کورد، بە گشتی،کارێکی سانایی بوو. بەلام وێنەچوو بوو کە دەوڵەت جوانرۆیەکان وەکوو ئامانجێکی ساناو ئاسان بۆ ئەم بیروڕایە، هەڵبژاردبێت، کە بەرەکانی بەهێزی بەختیاری و قەشقایی بەئاشکراو وڕاشکاوی ئەوها نەبوون.

لە 1958 دیسان تاران دەلیل وبەڵگەی  نیگەرانی لە وەزیتی کوردستان هەبوو.  لە چەلاخی کوردەکان و شوێنەواری دنەدەری کە بەرنامەکانی کوردی وزێدی(هاشمی) ڕادیوی قاهیرە بەوێچوون لەسەرئەوانی هەبوو بە باشی ئاگاداربوو. لەسەرەتای ژوئیە لەم بابەتە زور پۆنگژا بوو، وئەم خۆفە لەبەرچاو حەقیقەتی هەبوو: حەوتوویەک دوایی قاسم سەلتەنەتی بنەماڵەی هاشمی لەئێراق تێکدا و بەڕاشکاوی لەگەڵ کوردەکان هەودای یەکیەتی ڕاچاند. ئەڕتەش دەست وجێ بۆ پێشگیری کە خۆپێشاندان ویان لەمە خەراپتر بەرەنگاری شۆڕشی شوورەوی هانداو لەکوردستانی ئێران، حاڵەتی نائاسایی ڕاگەیاند.

مەلامستەفا بارزانی لە دوایی ئەمە کە لە 1958وەکوو قارەمانێک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئێراق گەڕاوە،پێشنیاری کرد کە حیزبەکانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق و ئێران یەکبگرنەوە و ئەم حیزبە

تاقانەیە سکرتێرێکی گشتی هەبێت-کەسروشییە سکرتیری گشتی بۆ خۆی بوو. بەڵام هێشتا بڕیارێک سەبارەت بەمە نەگیرابوو کەساواک،(دەزگای پۆلیسی نهێنی تازەبنیات نراوی شا)ی،250کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی زیندانی کرد، کە عەزیز یوسفی و غەنی بلووریان لەگیراوەکان بوون. ئەم دووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوون. جارێکیتر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەقریبەن لەناوچوو وجگە چەندکەس کە بۆ ئێراق ڕۆیبوون شتێک لەوی نەمابۆوە.

پاشمەنەی حیزب ناچاربوون لە ژێرشوێن تێکەری بەهێزی مەلا مستەفا مانەوە. کاتێک لە 1961 مەلامستەفا دژی بەغدا ڕاپەڕی،ئەو کەمەی کەلەحیزبی دێموکڕاتی ئێران مابوونەوە بۆ یارمەتی بە شۆرشی وی بۆ ئامادەکردنی ئازوقە وچەک وچۆل وجل وبەرگی پێشمەرگەکان خەریک بوون. لە ڕاستایی ئیدولۆژیک،(سیاسی وکۆمەڵایەتی)حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەژێر ڕێنوێنی تازەی خودی،عەولا ئیسحاقی، بەلەز لەهەڵویستی چەپ دوور کەوتەوە. ئیسحاقی یەکێک لە ئەندامانی بنیات نەری کۆمیتەی مەهاباد بوو،گەڵیک لە بارزانی نزیک بوو. لێرش وەکوو ئێراق تۆفان لەنێو باڵی چەپ و ڕاست بەرزبۆوە. چاخێک ئیسحاقی لە 1964 کۆنگرەی دووەمی حیزبی لەنزیک قەلادزەی(هەڵکەوتوو لە کوردستانی ئێراق) بانگهێشتن بە دانیشتن کرد، بارزانی لەپێشگیری لە حزووری نوێنەرانی دژکار،بەوی یارمەتی کرد، هەروەک باڵی چەپی حیزبی دێموکڕاتی ئێراق-یشی دەرپەڕاند. کۆنگرەی،قازی محەمەدی بە تۆمەتی خەیانەت،و(پێشکەوتووخوازان) 1964بە تۆمەتی (لاڕێی) ئیدانەو مەحکووم کرد.

یەکیەتی بارزانی-ئیسحاقی(ناسراو بە ئەحمەدتۆفیق) دەوامی نەکرد. مەلامستەفا قەبووڵی کرد کەلە بەرامبەر یارمەتی (شا) بە وی، لەبەرامبەر بەغدا تێکۆشان و خەباتەکانی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەرتەسک بکات. ئەو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی داواکرد کە سەرجەمی تێکۆشانەکانی دوژمنداری سەبارەت بەئێران بەچەشنێکی هەڵپەسراو ڕاگرن، وبەم ڕێووشوێنە، خەبات و تێۆکۆشان لە ئێران پەیرەوی بەرەنگاری و خەبات لە ئێڕاق بوو. دەونێوەدا ئاگاداریکردن کە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە کوردستانی ئیراق تاقەتی پێناشکێت.

زوربەی ئەندامان و لایانگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەم بڕیارەی مەلامستەفا،بەتایبەت لەمەڕ پشتیوانی ماڵی وئابووری کەلە 1961 بەم لاوە بە بارزانیەکان کردبوو، ڕقیان هەستاو تووڕە بوون. بۆ بەردەوام بوونی خەبات لە دژی تاران(کۆمیتەیەکی ئینقلابی)نوێ پێکهات. ئەم کۆمیتە بەلەزوتاڵوکە ئیسحاقی بە ناوی(هاودەست)بۆ قەراخ پاڵ پێوەنا، ولەبەرامبەر مەلامستەفا،جوابجەنگی دەستپێکرد. بازیک لە ئەندامان تازەوارد بوون-ئەندامانی حیزبی توودە بوون-لەوانە عەبدولڕحمان قاسملو،ڕیبەری دواڕۆژی حیزب. ئەوانی دیکە ڕابردووی ڕوون و بێ گرێووگۆڵی نەتەوەخوازیان هەبوو. بۆ نموونە،عەبدوڵاوسولیمان معینی،کوڕانی یەکێک لە نەتەوەخوازانی بەڕابردووی مەهاباد.(کۆمیتەی ئینقلابی) هیواداربوو بتوانێت لەو وەرزێرانەی کە سەردەمێک بوولە مەهاباد-ورمێ لەگەڵ پۆلیس لە کیشمە کیشم دابوون، پشتیوانی بکات.

ئەم کۆمیتە خەباتی خۆی لەمارسی 1968 دەست پێکرد. دوو مانگ دوایی مەلامستەفا ئەوانەی کەهێشتا لە کوردستانی ئێڕاق بوون لەوێ دەرکرد. لە هاوینی 1968 پێنج کەس لە یازدە کەسی کە

ڕێبەری کۆمیتەی ئینقلابیان پێکهێنابوو- یەک لەوان عەولاموعینی ـ کوژرا بوو. جگە لەو چارەڕەشیە کە لە گۆڕەپانی خەبات بەرۆکی گرتبوون، سلیمان موعێنی لەگەڕانەوە لە ئۆروپا، و چاخی تێپەڕین لەسنوور بەدەستی پێشمەرگەکانی بارزانی بەدیل گیرا. بارزانی ئەوی ئیعدام کرد وتەرمەکەی وەدەسەڵاتدارانی ئیران داوە، دەسەڵاتدارانی تاران ئەویان لە مەیدانی مەهاباد بۆ تەماشادانا- ئەویەکێک زێدە لەوچل کەسەی بوو کەمەلامستەفا کوشتنی یان بە دەم و دەزگای (شا)ی تەسلیم کردنەوە. ماوەی هەژدەمانگ هەمووشت کۆتایی پێهاتبوو.

تێبینی:1-بارزانی بەداخەو ئەوها فرییوی ساواک و شایی خوار دەیان کەسی لە شێلگیرانی دژی شا قوڵبەست کردو تەسلیم ساواک کردەوە کە لەدادگای زەمانی جەنگ کە لەجەڵدیان دانرابوو لەڕاستیدا قەسابخانەیەک بۆ کوردبوو زۆربەی ئیعدام کران، هێندێکیش حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاندرا.(وەرگێڕی کوردی)

2-بارزانی کاک سلیمانی موعینی ئیعدام کرد دیارە داوایی ئەوە کە لە ژێرئەشکەنجەدا کوشتبوویان تەسلیمی ئیرانیان کردەوە، بەڵام کارگێرانی دەوڵەت نەوێران ئەوی وەک هێندێکی دیکە بە بازراوکۆچەو کۆڵاناندا بگێڕن تەسلیمی بنەماڵەکەیان کردەو، بەڕیزوئیحترام بەخاک ئەسپاردرا هەتا مامۆستا مەلا عزەدین بەزبانی شیرینی کوردی تەلقین دا،ولەقەبرستان وتار خویندرانەوەو خۆپێشاندان کرا دورشمی زیدی (شا)یان دا. وەرگیری کوردی) 3-شەهید دکتۆرقاسملو ئەفسەری ئەرتەش نەبوو. خوێندنەکەی لەئوروپا بەردەوام کرد، ودانیشنامەی ئابووری لەزانستگای پراگ بووە. 4-عەشایر هەرئەو تفەنگەیان هەیە کەلەدەستیان دایە-ئەم جەرەیانە ڕاست نییە.وەرگیر)

گەلێک لەکوردەکانی ئێرانی لەم خەنجەرەی کە مەلامستەفا لە پشتەوەرا لەخەڵکی کوردی دەدا،پۆنگژاوو ئاڵەدین بوون. هەتا ئیسحاقی کە(شۆڕشگێرانی بەهۆی ڕووقایم و بێ ئیحتیاتی سەرکۆنەکردبوو، ئەم کارە مەلامستەفای بە ناوی (کردەوەکی کۆتی وناحەز)مەحکووم کرد. بەڵام هەڵەیە کە ئەگەر بارزانی بەرپسیاری تێشکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بزانین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەتا ئەگەر بنکەیەکی بەمتمانەشی لەئێراق هەبوایە لەم چاخەدا نەپسپۆری ونە سەرچاوەی ئیمکاناتی هەبوو کە بشێت و بتوانێ بەمانەوەی وی یارمەتی بکات،نەبوونی چەک وچۆڵی پێشکەوتوومەسەلە بوو، هەروا پایەگاو بنکەیەکی جێگای باوەڕومتمانەو تێگەین و وەرگرتنی دورستی لە شەڕەکانی چریکی نەبوو. لەگەڵ بەرتەسک کردنەوەی خەبات و بەرەنگاری جەکدارانەی بۆ ناوچەکانی بانە-مەهاباد- سەردەشت-بەئەرتەشی ئێرانی ئەوهەڵەرەخساند کە هێزەکانی سەقامگیربکات، بەمجۆرە لەپێویست ترین کاری چەریکی کەبریتی کە بڵوکردنی تێکۆشانەکانی ئەرتەش، بەدەرگیر بوون لە ناوچەیەکی بەرفرەوان و بەشێوەیەکی نەکاو،و غافڵگیرانە پێشبینی نەکراو،لەکارکەوت.

ئەوانەی پاشمەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نێوچاوان گرژی و مۆڕیی و تووڕەبوون سەبارەت بەمەلامستەفا، بە ئیرادەو ورەیەکی ڕاست و پتوون لە بەربەرەکانی بەردەوام

بوون.کۆنفڕانسی دووەم کە لە1969 پێکهات،دەسی عەولا ئیسحاقی خوێندەوە وئەوی لەحیزب دەرکرد،وسیاسەتی بەئاشکرای باڵی چەپ،ولەخەتی (کۆمیتەی ئینقلابی)لەبەرگرت. لەمارسی 1970 (کۆمیتەی ناوەندی مووەقەتی)نوێ دەستی بە ئامادەکردن و ڕیک وپێک کردنی بەرنامەی تازەی حیزب کرد،کە لە ژوئینی 1971 لەکۆنفرانسی سیوم، لە بەغدا،پەسەند کرا، وسکرتێری گشتی نوێی بۆ حیزب هەڵبژارد. ئەم سکرتیری تازە عەبدولڕحمان قاسملوو بوو. عەبدولڕحمان قاسملوو ئەفسەری پێشوو بوو. و بەتاوانی ئەندامەتی لەحیزبی توودەی ئێران زیندانی ببوو. لە دوای ئازادبوون لە بەندیخانە لە ئوروپا دادەنیشت،وکاتێک کە کۆمیتەی ئینقلابی لە ئولکەی شەڕ،لەناوچوو ئەو لە ئۆرۆپا لەناو خوێنکارانی(دوورخراوە) بەکۆ کردنەوەی لایانگر بۆحیزب، خەریک بوو. لە ژێرڕیبەری وی کۆنگرەی سیوم دورشمی(دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان)ی هێناگۆڕ، و شەڕی چەکدارانەی بەفەڕمی بەشێک لەبەرنامە جێ بۆکردوە.

لە ماوەی چەند ساڵی دوایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی لە ڕەخ ئێرانیەکانی دیکە بینی کە لەگەڵ ڕێژیم لە حاڵی شەڕدابوون-چ گروپەکانی ئیسلامی چ مارکسیستی. گروپی مارکسیستی فدائیانی خەلق و مەجاهیدینی ئیسلامی لەگرینک ترین گروپەکان بوون کەحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ئێستا لەگەڵ ئەوان، هاوکاری دەکرد.

گوتنی ئەمە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران لە دەیەی 1970 گرینگایەتیەکی هێندەی نەبووە،چونکە ئەگەر وابوایە هۆکاری دڵە ڕاوکەی شا،ی پێک نەدەهێنا،چاوتێبڕین بە کارتێکەری ڕەوانی خەباتیکە کە ئەم حیزبە لەماوەی دەیەی ناوبراو وەدوای دەکەوت. خەڵکی ئاسایی کورد لەم بابەتە بەباشی ئاگاداربوون هەرچەند چاوگەیەکی هیواداری نییە، لەگەڵ ئەم هەمووە گروپی گچکە تاسەو ئاواتی نەتەوەخوازیان دەست لێ بەرنەداوە،و حازرن هەتا گیانی خۆیان لەڕێگای وەدەست هێنانی ئەم ئامانجە بەخت کەن. کاتێک ڕژیمی (شا) لەساڵی 1978 لەنەکاو ئیمان و ئیختیداری خۆی لە دەست دا،ئەم گۆڕانکارییەی دەرونی بەری هێنا و جەماوەرێکی گەورەی لە خەڵکی کوردستان بەداواکاری خودموختاری بۆ کۆلان و گەڕەک و شەقامەکان ڕاکێشا.

### گۆڕانکاری کۆمەڵایەی- ئابووری

بەرلە لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەی بەشی کوردستان لە ئینقلابێک کە لە 1978 ئێرانی تێک وەرپێچا،پێویستە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئەوئابووریەی کە لە 1918 بەم لاوە لە ئێران ڕوویدابوو چاوی پێدابخشێننەوە. بە لە ناوچوونی توانایی و ئیختیداری حکوومەت لەماوەی شەڕی یەکەمی دنیاگر،ڕیبەرانی ناوچەیی، سەرۆکانی عەشایەر و مڵکدارەکان سەربەخۆیەکی تەواویان وەدەست هێنا و سەرجەمی شیاوتربوون تایبەت، وابەستە بە خاوەن مڵکەکانی دەورەی قاجاریان بە مڵکی کەسینی خۆیان دانابوو، وبەناوی خۆیان تاپۆکردبوو. هەتابەر لە 1914لە گەڵێک بابەت، گوندەییەکان لەسەید یان سەرۆک قەبیلە،(زوربەی دانیشتووی تەورێز یان سنە یان کرمانشا) بانگهێشتن دەکردکە لە وان لەبەرامبەر زوڵم وزۆری پەیمانکاری باج وپێتاکی سەردەمی قاجار

داکۆکی بکات. دێهاتیەکانی ئەم خزمەتەیان بەدانی بەشێک لە بەرهەم بەم کەسانە قەرەبۆ دەکردەوە، و بە تێپەڕینی زەمن ئەم کەسانە ورەد وردە خۆیان بە ئاغای گوند،دەزانێ.

حەز بە بوونی پشتیوانانێک کە ڕۆڵی داکۆکی ئاغاوەتی-لەوێ کە خاوەن ملّکی ئەوها لەگۆڕێ نەبوون- بەڕیوەدەبرد بە نەبوونی چینێکی سەربەخۆ لە دێهاتیەکان کە بێ بوونی چینی ئاغاوەت بتوانن ژیانی خۆیان هەڵسوڕێنن، چەتوون بوو. وەرزیران نەخویندەواربوون لەرسەریەک و بەگشتی نەیاندەتوانی لەدەرەوەی چوارچیوەی ئاوایەکان بشوغلّن. لەبەر ئەمە بۆ ئەم داکۆکی لێکەرانە دژوار نەبووکە ڕۆڵی وام دان و بازاردۆزینەوەو بەگشتی کارەکانی دیکەلە دەرەوەی گوندەکانی وەرزێران وەسوکربگرن. بێ ئیختیداری لە بەڕیوەبردنی کاروباری وەرزێرانی ئەوها لەئەزموونی دنیای دەرەوەی گوند بێ بەش کرد و ئەوانی لەمەڕ دەرونی ومالّی بە ئەوانیدی وابەستەکرد. لەگەڵ ئەم وەزعە، لەزۆر بابەت،گۆڕانی چەکمەڕەق (خردە مالک) بە (وەرزێرانی هاوبەش)لە هەنگاوێکی کورت زێدەتر نەبوو. ملّکدارەکان و پشتیوانانیان، سەرجەمی کەل وپەل وئامراز وکەرەسەی قودرەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیان لە بەردەست دابوو.

ڕەزاشا،لەدەسەڵاتی عەشایەری گەورەو بەهێزی کەم کردەوە،ژمارەیەکی لە وان کوشت یان لەبەندیخانەی هاویشت. بەڵام لەگەڵ سەرۆکانی چەکمەڕەق (خردەمالک) وچینی ملّکدار،بەکردەوە کارێ پێیان نەبوو. لەگەڵ ئەو ملّکدارانە-ش کەلەسەریەک ئامانجی گرینگیان پارە کەڵەکە کردن و سامان کۆکردنەوە، و کەلک وەرگرتن لەوی بۆ بەرفرەوانکردنەوەی شوین تێکەری لە شارەکان وفرمارەوایی وحوکمرانی پارێزگاکان،یانی (ایالتی و ولایتی) بوو کەلە دەیەی 1920ڕووی لەوانکردبوو کاری بەکاریان نەبوو.

گویزتنەوەی عەشایەر بۆشارەکان و لەئاکامدا بەرەڵلاکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کە بەپێی عادەت ورەسم بەسوکریان وەبوو ناچار پەیوەندیەکانی عەشیرەیی لاوازوبێ هێز کرد. ئەم جەرەیانە پێشتر بەکوژانەوەی چادرنشینی وخێڵاتی لەسەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرابوو، بە سیاسەتی خۆجێی کردنی بە زۆرەملی عەشایەر وەلەزکەوت. سیاسەتی نشتە جێکردنی بە تۆبزی هەڵبەتە وەک یەک ویەکدەست نەبوو،لەباشووری رۆژئاوا(ورمێ-مەهاباد-بۆکان) پێشکەوتووتر لەناوچەکانی شاخاوی باکوور بوو، بەڵام لە گشت شوێن کارتێکەری زۆروکەم وەک یەک بوو. خاوەن ملّکایەتی پەیوەندو ئامووشۆی عەشایەری لاوازکرد،وهەستی پێناسی هاوبەشی لەناو وەرزیران و کشت چێنان چ تایفەیی یان ناتیرەیی هێناگوڕ. سەرۆکانی عەشایەر کە سەردەمێک لە قازانجی ئەم خەڵکە لە بەرامبەر زوڵم وزۆری حکوومەت یان عەشایەری جینار داکۆکیان دەکرد ئێستا بۆخۆیان شوینی ئەو دووەیان گرتبۆوە. ڕەعیەتێک کەئێستا لەگەڵ ئاغا یان ملّکدار دەکەوتە بەریەک بە وێچوونی زۆر سەروکاری لەگەڵ ئەڕتەش بوو. نە حکوومەت و نە خاوەن ملّک هیچ کام دەسەڵات تیشک هاویژ بۆ سەر وەرزێر نەبوو.

دێهاتیەکان بەهۆی هەژاری و بەلەنگازی توانایی شۆڕش هەڵگیرسانیان نەبوو،بەڵام نیشانەکانی شێکردنەوە لە هەستی ناڕەزایەتی توند لە نێویاندا وەبەرچاو دەکەوت. لەم مەتڵەبە بەباشی

ئاگاداربوون کە ئاغاکان و پشتیوانانی وان ئەرکێکی کە سەردەمێک وەسوکریان گرتبوو و بەڕیوەیان دەبرد ئیدی ئەنجامی نادەن. بە وەدیهێنانی پاوانیەتی وەکوو پاوانی قەند وشکر ومادەی ویشک وگەنم،دەوڵەت بەرهەمی جوتیارانی بەبایی ڕۆژ دەکری. لە 1935 وەزیتی باج و پێتاکی ڕاستەوخۆ کە بۆ وەرزیر دیاری کرا بوو بە مەسەلەی داکۆکی ئاغاکانی لە خەڵکی گوندەکان کۆتایی هێنا. دێهاتیەکان ئیدی لە دانی(حەقی داکۆکی) پاشگەزبوون وخەریکی تاپۆی زەویوزار بەناوی خۆیان بوون. لەبازێک شت جۆتکاری وشیار بۆ خۆ دزینەوە لە باجی دانەویڵە یان بێگاری ئاغاکانی واقعی، بە ناوی(پشتیوان)دەناساند.

لەماوەی دەورەی داگیرکردن، دەسەڵاتدارانی شووڕەوی بەزانین و بەکردن بۆ لاوزبوونی شوین تیکەری تاران لەنێو دێهاتیەکانی کورد دەستیان بەدنەدان کرد. مەنزوە لەم کارە ئەمە بوو کە جوتکاران لەجیاتی تاران چاوی هیوایان لە یەکیەتی سوڤیەت ببڕن-لەگەڵ بوونی ئاغاکان و زولم وزۆری ئەوان،بەتایبەت لەدوایی رووخانی حکوومەتی ڕەزاشا،بەرێوەبردنی ئەم ئەرکە شۆڵێکی دژوار نەبوو.

حیزبی توودەی ئیران کەلە دوایی شەڕ نەیتوانی بوو لەئاپۆرەی دێهاتیانی تۆقیندراو وکارقایم شوێن تێکەربێت ئێستا بەرەوپێشچوونی سەرەتایی لە دانیشتوانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەدەست هێنا،ولەوێرا شوێن تێکەری خۆی لە رێگای ئیتحادیبەکانی وەرزێری دێهاتی بۆ دەڤەرەکانی دیکە بەرفرەوانکرد. لە 1945 بارەگای حیزبی توودە لەورمێ هەزاران دێهاتی هەرکی وشکاکی بۆناوجەرگەی حیزب هێنا و ناونووسی کرد .لەبۆکان 1000گوندەیی واردی ناو تەشکیلاتی خۆی کرد،و لەم ڕیگایە خاوەن ملکەکانی وادارکرد کە پشکەبەشی وەرزێران لە بەرهەمی چەوەندەری قەند زێدەبکەن.

تتبینی:1-حیزبی توودەی ئێران بەرلەشەڕ وجودی نەبوو،ڕەنگە منزووری نووسەر حیزبی کمونیست بێت.م

هێزێک کەلە کوردستان لەمپەری بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی دێموکراتیک بوو، چینی ئاغاوەت بوو. لەحالێکدا کەحیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە بەرنامەی دابەشکردنی زەویوزار(ئیسلاحات ئەرزی) پشتیوانی کردبوو کۆماری مەهاباد ئەوی وەپشت گوێ دەخست. لە 1952 ئاغاکانی بۆکان بەموشکیلە ڕوو بە ڕوو بوون. دوو دڵی دەوەدانییە کە بوونی حکوومەتی موسەدیق لە وەدیهێنانی ئەو تاس وحەمامە زۆرکارتێکەربوو، ئەوجار ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ئەوەی قورمیش دەکرد.

لە شوێنەکانی دیکە سەردەمی موسەدیق نیشانگەری جوڵانەوەیەکی بەرچاو دژی فئوداڵەکان بوو کە لەکوردستان دەسەڵاتی هەرە زۆریان هەبوو. لە سەرەتای دەیەی 1920 خاوەن ملکەکانی گەورەی کوردستان توانی بوویان وابەستەو دەست دیاردەی خۆیان لە مجلیسی نوێ جێ بۆبکەنەوە،بەڵام لە دواییدا هیورهێور بۆخۆیان جێگا خۆشکردو بۆ مەجلیس چوون.لە پارلەمان ئەوەڵ هەشت دەرسەتی هەموو نوێنەرەکانیان پێکدێنا،بەڵام ئەم بەرئاوردە لە مەجلیسی چوارەم بە 12لە سەت گەیشت، ولە دەورەی دوازدەهەم بە26لە سەت بەرز بۆوە. ئەم فئوداڵانەی نوێنەر،عەبای داکۆکی خۆیان پان کردەوە خاوەن ملکی گچکەیان لەبندا جێکردەوە. بۆ نموونە، لە سنە،فەرج ئاسەف و وکیل سولتان توانیان بە نوێنەرایەتی لە سەرۆک عەشایەرییش کاربکەن، کە لە تاران قسەکەریان نەبوو،و ئەم

جەرەیانە، سروشتیە بۆ بە هۆی ئەمە کە بۆ نموونە عەشایەری وەکوو زەند(نیوان سنەومەریوان)وگڵباغی(نیوان سنەو سەقز) بۆ ژێرچەتری داکۆکی ئەم گروپە بچن.

بەسەرهەڵدانی موسەدیق ئینکەبەری وکێ بەرکێی سروشتی نیوان ئەم دوو مرۆڤی بەدەسەڵاتی دراوسێ بەناکۆکی ڕوو بە بەرز بونەوەی وەرزێران، بیچمی تەنگەژەی بەخۆوەگرت،و ئەم دووەی وادار بە ئاڵیکاری ویارمەتی پێکتر لەبەرامبەرئەم هەڕەشەی چینایەتی کرد. کاتێک موسەدیق خەباتی دەنگدانی ساڵی 1952ی دەست پێکرد،هیواداربوو بشێت حەدوسەدی سنوورەکانی ئازادی بەرفرەوان بکات. ئامانجی وی کەم کردن لە قودڕەت دەسەڵاتی جامینخوازانی (شا) وناتوندڕەوەکان بوو کە وەرچەرخانی مەیلەوئینگستانیان هەبوو،لەمانادا ئەم خەڵکە خاوەن ملکەکان بوون. لەپارێزگای کوردستان خەتەکانی جەبهە خەتانێک بووکەحیزبی(سەعادەتی نەتەویەتی)و حیزبی (وەحدەت)ی لێکدری جیادەکرد. حیزبی سەعادەتی نەتەویەتی نوێنەری قازانجی وەرزێران و توویی خواروی چینی مام ناوەندی، وحیزبی وەحدەت حیزبی ئاغاوەت بوو. چاخێک حیزبی سەعادەت بە بیچمی هەڕەشەگۆڕا،ئاسەفیەکان ئاغاکانی دیکە پارەیان لەبەردەست حیزبی وەحدەت دانا، وحیزبی ناوبراو خەڵکی سنەی بۆماوەی سێ ڕۆژ چێشت داو بە هەریەک لەوان پێنج تومەنیان دانێ. ئەما هەنۆکە ئیدی وەزیت گۆڕابوو، و ئەم جۆر بەرتیلە دانەی بێشەرمانە کارێکی نەدەکرد. حیزبی سەعادەت بە سانایی دەنگدانی دەورەی هەفدەهەمی بردەوە. سنە یەکێک لە کەمترین دەڤەرەی دێهاتیەکانی وڵات بوو کە ناتوندڕەوەکان دەویدا تێشکان.

لەگەڵ ئەم هەمووە کشت وکاڵ هەروا شتێکی بێ بایەخ بوو(ئان لمبتون)کەلە ساڵی 1956لە کوردستان سەردانیکرد دەیگوت: (بەرچاوترین شت، پاشکەوتوویی ئاشکرای ناوچەیە) ئەوکوردستانی لەبارودۆخێک دا دەبێنێ کە کشت وکاڵ لە دەورەکانی سەرەتاییە:خەلک هێشتا بە گاو و جووت، زەوی دەکێڵن و بەداس دەیدرونەوە، و بە بێ باکی لێڕەواردەبڕن. کوردستان و ئازەربایجان بە هۆی زەوەیی و بەرمەزرای زۆرو زەوەندو بەر فرەوان دەنگین و بەناو بانگ بوون کەمتر لە نیوەی دێهاتیەکانی ئەم دوو پارێزگایە خاوەن مڵکی گچکە بوون،یانی هەرگوندێک چەند ئاغای هەبوو. لە ڕاستیدا 64لە سەتی زەوی کاسبی کوردستان لە دەست سێ دەهەم لە سەتی جەماوەربوو. لە سنە(سەنەندەج) ئاسەفیەکان و سەنەندەجیەکان تەقڵەبازی ئولکە بوون، هەریەکە چەندین گوندی شەش دانگیان هەبوو. لە بۆکان و مەهاباد، زەوی لە نیوان بنەماڵەکانی دێبۆکری و بنەماڵەکانی دیکەی ماقول و ئاغاوەت بە ئاشکرا بەشکرابوو. بەرئاورد دەکرا کەلە ئیران،لەکۆمەڵگا، نزیکەی 100000 بنەماڵە خاوەن گوندێک یان بەشێکی گەورە لە دێهاتێک بن. جۆتکارەکان هەنۆکە زێدەتر لە 20لە سەتی دانەویڵەی بەخاوەن مڵک و هێندێکی لە وی بەکوێخاو مەلای دێ دەدن. دەبوایە فەعلەی بێگاریشیان دابوایە. لە تیئۆری ئەم شتانە لەگەڵ قانوونێک کە موسەدیق لە ئۆکتۆبری 1952 پەسەندی کرد و بەپیی وی بەشی داچێنەرلە بەرهەم زێدە دەبوو،باتڵ بوو، بەڵام ئەم یاسایە هیچ کات بەڕاست و دورستی بەڕیوە نەچوو. لەمە بوگزەرین، بە ڕازیبوونی جۆتیار،باج و پێتاکی دانەویڵە و بێگارئیجازەی درا بوو،زوربەی ئاغاوەت وکوێخاکان دەیانزانی کە چلۆن ڕەزایەتی وەرزێر

وەدەست بێنن. سەیرنییە ئەگەر(لمبتون)لە قسە هێنانەگۆڕ لەمەڕ تەواوی ناوچەکان، تەنیا لە مەهاباد و مەریوان دەدوێت: ئەم دوو شوێنە لەو مەڵبەندانە بوون کەلەواندا پەیوەندیەکانی ئەرباب – ورەعیەتی دەژمندارانە بوو. ئەگەر ڕیبەرایەتی و کەسیتی بە هێزی بارزانی نەبوایە چینی ئاغاوەت کە دایم و دەرهەم وابەستەو لکاو بە(ڕژێم) بوو ئیدی جێگایەکی لەهزرو فکری ناسیونالیستی نەبوو. لە بارودۆخیکی ئەوها بەپێچەوانەی سەرکوتی حیزبی توودە لە لایان حکوومەت، فکرولێکدانەوەکانی سوسیالیستی یان مساواتخوازی بێجگەلە خواستگایەکەی، زەمینەیەکی باشی وەدەست هێنا.

لە ساڵی 1962 شا،لەژێر تەوژمی ئامریکا لەئاکامدا بەرنامەی دابەشکردنی زەویو زار(ئیسلاحات ئەرز)یدەست پێکرد-ئەمە بایی یەک بوو کەئایالاتی یەککرتووی ئامریکا بۆ یارمەتی بە شا،جێ بەجێکردنی هەنگامەی توندی ئابووری کە وڵات لەگەڵ وی ڕوو بەڕوو بوو دیاری کردبوو. پاڵشا،حەزی لەبەرێوەبردنی ئەم بەرنامە نەبوو، چونکە نیوەی لە پارڵەمان فئودالەکان پێکیاندینا. لەگەڵ ئەم هەمووە ئەوجۆرەی کە یەکێک لە پسپۆرانی ئەیالاتی یەککرتوو ئامریکا پێش بینی کردبوو ئەمە یەقین بوو کەقانوونی دابەشکردنی زەوییوزار ،ڕاستایی خاوەن ملکایەتی بەوڕادەیە نائێنێتەخوار کەلەکاری وباری بەشێکی زۆرلە وردەملکدارەکان چەتی تێباوێت.

دابەزینی یاسای دابەشکردنی زەوی،لە خاوەن ملکانی دەویست کە زەویەکانی کشت وکاڵی زێدە لە گوندێکی شەش دانگی وەرزێران بدەن،و غەرامەت وەربگرن. دەوڵەت دەبوایە ئەم زەویانەی کەلە خاوەن ملک کرییوو دەست وجێ بە ڕەعیەتەکانی فروشتبوایە، ئەوان بەشی خۆیان بە دەوڵەت بەماوەی 12ساڵ دەداوە. لەسەریەک نزیکەی 5000بنەماڵە یان زۆرتر کە مالێکەکانی وڵات توانیان ڕیگاکانی دەرباز بوون لە قانوون پەیداکەن و سەت هێکتاریان زۆرتر بۆخۆیان ڕابگرن،لەحالێکدا45000بنەمەڵەی دیکە توانیان 50 هێکتار یان زێدەتر بۆخۆیان ڕابگرن، و بەمجۆرە 20 لە سەتی زەویەکانی کێڵگەی وڵاتیان لە بەردەست دابێت. کوردستان لەم جەرەیانە بەشێکی بەرچاوی هەبوو: ژمارەیەک لە خاوەن ملکی ئازەری دەوروپشتی ورمێ زێدەتر لەگوندێکیان بۆ خۆیان پاراست. هەر بەمجۆرە لە ناوچەکانی باکووریتر، بەگزادەکانی جاف ملکێکی زافیان لە دەست دابوو. ئەو بابەتانە شتێک نەبوون کە بلێم: لەهەڵە یان سەهوو وەدیهاتووە بەڵکوو لوتف ومەرحەمەتیک بوو کە دەم و دەزگای حکوومەت بە ئاغاوەتی کردبوو کە بۆ وی بەقازانج بوون. بۆ نموونە،سالارجاف نوێنەری مەجلیس بوو لە حالێکدا براکەی سەردار کاربەدەستی پلەبەرزی بارەگای (شا) بوو.

تێبینی:1-ڕەشایەکان لەقانوونی دابەشکردنی زەوی بێ بەشکران،وبەهۆی بێ دەسمایە بوون بونەوەچەوساوەی دەستی جۆتیارانی چەوسینەر،هێندیکیان لەماڵ وحاڵ پەروازەبوون و، بوون بەتەرەکەمە. 2-ئەوزەویانەی بە نەسەق ناویان دەبردری بەهێکتار یان باری ناوچەیی بەڵگەیان بەناوی وەرزێرەکان نووسراوە،هیچکام جیاکراوە یانی (مفروز)نین،وەقەباڵەکان سەرجەم ناکۆو(مشاع) بوون،دەجا چ سەودا مامەلەیان پێناکرێ وبایەخی زەمانەتیان وەک پشتیوانی بانگی نییە 3-نرخی هەرهیکتار زەوەی ئاویژە120 تومەن ودێمی 30تومەن بوو کە وەرنەدەگیران،شا،هەڵی قۆزتەو ئەوچەکانەی تومەنی بە دو قران سەرجەم کریەوە،لەبانگەکانی دەرەوەی تاقت کردن. 4- ،زەویەکانی نەسەقی زەڕاعی بێ پێوان ومەساحەت بەگۆترەکاری نوسراون،یانی هەرجۆتبەندەیەک پێنج یەکی نەسەقی خۆی نەنوسیوەکە بۆتە گرێپوچکە ئەگەر داوای تاپۆ بکات زێدەیە وەکوومازاد

دەمێنیتەوە.                                                        5-ورمێ شارەکی کوردیەو دەورووپشتی شاری ورمێ 460گوندی هەیە کە 400یان سەرجەمی دانیشتوانیان کوردن ئەوانی دیکەش زوربەی ئارمەنی و ئاسۆڕی و تورکی سوننە مەزەبەن، و یەدەچێ 20گوندێک ئازەری بن.وەگیرِی کوردی)

لەبەرامبەردا دەوڵەت حەولیدا چینێکی لە وەرزیرانی سەربەخۆ بە وجود بێنیت.ژمارەیەک خاوەن ملکی بچکۆلە،کەهەریەک خاوەنی بیست هێکتار هەرد بوو دوو بەرابەر بوو. بەڵام ئەم ژمارەیە تەنیا 2/5لە سەتی جەماوەری گوندیان پێکدێنا. بەڵام قیاسی ئەو جوتکارانەی کە خاوەنی 3هەتا 4 هێکتار بوون لە 3 دەرسەت لە 1960بە زێدەتر لە 30ی دەر سەت لە 1970 زیادی کرد. قەرەکان و کرِیکارانی بێ زەمینی ولات لەم جەرەیانە هێندە قازانجیان پی نەگەیشت: بە هۆی دابەشکردنی زەویووزار بەراوردیان لە 80لە سەت تەنیا بە نزیکەی 50 لە سەت کەم بۆوە.

بەداخەوە کەسانێک لە چاکتری ئیسلاحات ئەرزی بەرهەمیان وەرگرت بە لانی کەمی کە بۆ متمانەی بەرِیچوون و زیندو بوونی ئابووری پێویستە- یانی بە حەوت هێکتار هەردیان- وەدەست نەکەوت. دەوڵەت بە نیەتی کردنەوەی گرێپوچکەی ئەم تەنگەژەیە هەنگاوی بۆ بە وجودهێنانی کێڵگەی دەوڵەتی و تەعاونی هەڵگرت. لە نێوەڕاستی دەیەی 1970گەڵێک لە خاوەن ملکی گچکە لەحاڵیکدا وەخۆ هاتنەوە کە زەویەکانیان (دەوڵەتی) ببوون. برەوی کەلک وەرگرتن لە کەرەسەی مۆتورِی کشت وکاڵ بەدبەختی وچارەڕەشی خاوەن ملکەکانی وەپەلە خست و بەتێپەڕبونێکی بەلەز لە کۆمەڵگای وەرزێری بۆ کۆمەڵگای(پرولتری) دێهاتی گۆردرا. لەحاڵیکدا کە ژمارەیەک خاوەن ملکی چووکە ملکەکانیان لە دەست دەدا،دەستەیەکی دیکە هێشتا حەولیاندەدا کە پشکە بەشیان لەئیسلاحاتی دەیەی 1960 وەربگرن. لە سپتامبەری 1978 هێشتا 1400وەرزێری مەریوانی تێدەکۆشان کە 750 هێکتارهەردێک کە دەوڵەت نۆساڵ پێشتر وادەی پێدابوون لە خانی مەریوان وەربگرن. حکوومەت و چینی (فئوداڵ)ڕابردوو هەروا دەستیان لەدەستی یەکتردابوو.

بە پێچەوانەی تایبەتمەندیەکان وئەم حەقیقەتە کە بەڕیوەبردنی یاسای دابەشکردنی زەوی،دەساڵی کێشا،هەتا ئیسلاحات زەنگولەی مەرگی چینی فئوداڵ و سیسەتەمی عەشایەری وەکوو هێزێکی سیاسی لە کوردستان هەژاند. دەستیکی دیکەش لەم جەرەیانەدا مام هۆرتک بوو. برەوی ڕادیوو وبەرفرەوانی ڕیگاکانی ماشین ڕۆ،و سەرەتای دەرس خویندنی وەرزێران،کۆمەڵگایەک کە یەکچەلی لاتەریک و گۆشە نشین مابۆوە لەگەل دنیای دەرەوە هاوپەیوەند کرد. زێدەبوونی جەماوەر،هۆی کۆچکردن و جێگۆڕینی خەڵک بوو. لەماوەی سەدەیەک،یانی لە 1850 هەتا 1950 ئاپورەی کوردستان بە تالووکە زێدەببوو وبە زێدەتر لە دە بەرابەرگەیبوو. لە دەیەی 1950 بەم لاوە، ئەم زێدە بوونە وەکوو شوێنەکانی دیکری ئێران زورتری زیادکرد. بەورادەیە کە لەماوەی بیست ساڵ بە زۆرتر لە دوو بەرابەر گەیشت. دەێهاتەکان و خانووی وەرزێری هاتنەکایە بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە، خەڵکێکی زۆری دێ هەردەکانیان بەڕەڵا کرد، هێندێک لەوان بۆ مانەوە بۆشارەکانی کوردستان پەنایان

دەبرد،لەحاڵیکدا بەشیک بۆ دۆزینەوەی کار بۆ دەڤەرەکانی دیکە دەچوون. لەم بارودۆخەدا، کۆچەرانی کورد ناچار لەگەڵ فکرێکی نوێ ئاشنا بوون.

دابەشکردنی زەوی،باشتربوونی وەزعی ڕیگاکانی پێکەوەگرێدراو، و پەیوەنەیگرتن دەرس خویندن و کۆچکردن، کارتیکەریەکی بەتەوفیری لەسەردەڤەرەکانی جۆراوجۆری ئیران هەبوو. لەعەینی حاڵدا کەلە ئێران ناوەندیەکی زورترلەم کاناڵە کاری دەکردو کە پێناسی (ناوچەیی) بە پێناسی وڵات،بەگشتی،نزیک بکات،بۆ خەڵکی دەوروپشت هۆکاربوو کەئەم خەڵکە پێناسی دێهاتی یان عەشایەری بە قازانجی(پێناسی نەتەوەخوازی)وەلابنێت. بەمجۆرە لەماوەی ساڵەکانی 1960-1979چاوپۆشی لە تێکۆشان و خەبات و ناسەرکەوتنەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،پێناسێکی ئاپورەیی کوردی لە ئیران سەری هەڵدا.

ئەم ئاگاداریە نوێیەی خودی کوردی،بە هۆی ڕوو تێکەری کۆچەرانی کورد بەدواکەوتوویی بەراوردکردنی کوردستان دووپات بۆوە. سەرنجی گرینگی حکوومەتی پەهلەوی وەدیهێنانی بناخەو بنەڕەتی پێشەگەری بوو،وئەم حەول وتەقەلایە،لەناوەندی باشووری ئێران کەڵەکەو،سەقامگیرببوو. کوردستان-وەکوو بلووجستان وناوچەکانی دیکەی سوننە مەزەب لە-جەرەیانی کەڵەکەی ئابووری وپێشەگەری دەیەکانی 90و 70 وەدواکەوت، و پاشکەوتوویيەکی زورتری پەیداکرد.

کوردستان بۆ لێواری پێشکەوتوویی ئابووری دوورخرابۆوە. نەبونی مامەلە نیوان دەڤەرەکانی دوولای سنوور،ئابووری ئاژاڵداری کوردستانی لەناوبرد،لەحاڵیکدا کە وەدیهێنانی پاوانی تەنباکۆ (انحصاری دخانیات)و هەنگاوەکانی دیکەی سەروەناوەندی ناوچەی بۆلای سیستەمی حکومەت داژوت-بەڵام زورتر لەشوین هاوبەشێکی لێواری. سەر مایە دانان لە ناوەندی و پێشەگەری نەوت بەمەحوەرگەڕایی تەوابوو، بەم ئاکام وەرگرتنە کە دەڤەرەکانی لێواری پارەیەکی کەمتریان پێدەبڕا. سروشتییە کە نیوان ناوەندی و مەڵبەندەکانی قەراخ ناکۆکیەکی کەم بوونی بوایە،بەڵام ئەم ناکۆکی یە،لەنیوەڕاستی دەیەی 1970سەرنج ڕاکێش بوو. لە 1972 قیاسی کرێکاری سەوداگەری بە کرێکاری وەرزێر لەئازەربایجانی ڕۆژهەڵات 1لەسەر2/6بوو. لەکوردستان ئەم نیسبەتە1 لەسەر20بوو. هەشتا لەسەتی جەماوەری ئێران ناوەندی نشین بوو، لەحاڵێکداکە ئەم دەرسەدە لەکوردستان 25بوو. هێشتا دەرسەتی بنەماڵەکانی ئێرانی ناوەندی، بۆ ڕووناکایی لەکارەبایان کەلک وەردەگرت،لەحاڵیکدا لەکوردستان کەمتر لە 20دەرسەت کارەبایان هەبوو. 75لەسەتی بنەماڵەکانی ئێرانی ناوەندی، لە ئاوی بۆڕییەی کەلکیان وەردەگرت.لەحاڵێکدا لەکوردستان لەسەتی خەڵکەکی کە لە بنکەی ئاو ڕاگوێزتن ئیسفادەیان دەکرد 12لەسەتی بوو. زیاتر لە 66لەسەت خەلکی ئێرانی ناوەندی،سیوادداربوون،لەحاڵێکدا کە ئەم بەراوەردە لەکوردستان تەنیا 36 لەسەت بوو(پیاوەکان43/8لەسەت و ژنەکان 20 لەسەت).

ئەم گۆڕانکاریانەش لەناخ و ناوجەرگی کوردستان و هەروا لە پەیوەندی لەگەڵ پاشمەنەی ئێران ناچارهۆی گوڕانکارێک بوو کە دەنگدانەوەی سیاسی ئاشکراو ڕاشکاوانەی بەدواوە بوو. ژمارەیەکی زۆرو ڕۆژ بەڕۆژ لەزێدەبوو لە لاوان بەهۆی زێدەبوونی جەماوەر بۆ هەڵسووڕان بەدوای کار،لەناوچە دوور دەبوونەوە وبۆ بەشەکانی تری بەسامانتری وڵات دەچوون. ئەم خەڵکە لەژێرکارتێکەری تەوفیرەکانی ئاشکرالەگەڵ ئیدیکە وبە شوین تێکەرلە جەرەیانی سیاسی موخالیف و نهێنی

(سیاسەت گرتوو) دەبوون. ئەوگروپەی کەلە ناوچە دەمانەوە زورتر لەناوچە تێکەڵ دەبوون، ولەبەرئەمە زورتر لەپێناسی قەومی خۆیان ئاگادار دەبوون. تەنیا ڕوخانی حکوومەتی ناوەندی بەس بوو هەتا کوردەکان بتوانن پێناسی قەومی خۆیان بە بناخەو بنەڕەتێک بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی بگۆڕن، و ئەم هەلە لەگەڵ ئینقلابی 1979 بەدەست هات.

سەرچاوەکان:

بریتانیای کبیر،رسمی: ادارة بایگانی عمومی،سریهای وزارت خارجه2589/195 وزارت خارجه 284/ 1400وزارت خارجه 371/ سمارەهای 18987، 45503، 68472، 82000، 82307، 91449، 91450، 114809، 114810، 120749، 127143، 133005، 133007، 140789، 14ۆ856،

منابع دەرجه دوم: ابراهیمیان،ایران بین دو انقلاب، اکبرآغاجیان☹نابرابری های قومی درایران: بررسی اجمالی) مجلة بین النەتەویەتی مطالعات خاورمیانه،شمارة 15، 1983، نادر انصار،(کردهای ایران وعراق در دوران پس از انقلاب)فصلنامةجهان سوم، شمارة9(4)اکتبر1984 وناسیونالیسم کرد مبتنی برقومیت(باولدرلندن،1992)عبدالرحمن قاسملو،(کردستان درایران)دراثرشالیان،مردم بێ دەلت،هالیدی،ایران: دیکتاتوری وتوسعه، مارگارت کاهن،بچەهای جن(نیویورک،1980)ا.ک.اس. لمنتون،مالک وزارع درایران(لندن،1953)اصلاحات ارضی ایران، 1962-1966(لندن، 1969) و (اصلاحات ارضی وتعاونیهای روستایی درایران) مجلة سلطنتی آسیای مرکزی، جلد 56 ، ژوئن 1969.

منتشرنشده؛ویلسن هاول(پسر)(ئیتحاد شووڕەوی وکردها:بررسی احوال یک اقلیت ملی(رسالة دکترا،دانشگاه ویرجینیا، 1965.

مصاحبەها: خلیل رشیدیان(لندن،ژوئن1993)حسن قازی(پائییز1993).

بیرنامەکان:

1-بابی عەزیز یوسفی، هاشم یوسفی،ئەندامی شوڕای بەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو کە لە مانگی مەی 1946 پێکهات، و هاب بلووریان، یەکێک لە نوێنەرانی فەڕمی ناردراو بە کۆماری ئازەربایجان بوو، و مستەفا کوڕی عەبدولڕحمان-یش یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ئەڕشەت بوو. 2- لە هۆنگرەی دووەمی حیزبی کموونیست لە ورمێ لە 1927 حیزب بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵ لەئێران کرد. 3-محەمەد ڕەزاشا،بە پێچەوانەی بێزاریەک کەلە ڕەزم ئارا،ی هەبوو ئەوی بە ناوی تەنیا کەسێک کە دەتوانێت ئیران لەنائارامی و پشێوی سیاسی و مفلسی ماڵی نەجات بدا بە سەرۆک وەزیرانی دانا،آبراهیمیان،ایران نیوان دوو ئینقلاب، لاثەڕەی 263. 4-بۆ ئاگاداری لە زەمینەی پەروەردەی سنجابی بڕواننەپاژی 11بیرنامەکانی ژمارە3. ئەو بەئەنجامی وتووێژ قەوام لەگەڵ کوردەکان لەئازەربایجان ومەهاباد یارمەتی کرد،و وەکووقەوام

لەگەڵ ئیعدامەکانی کە بەدوای هەرس هێنانی مەهاباد ڕوویدا موخالیف بوو. دکتۆر عەبدوحەمید زەنگەنە بەهۆی ئەمە کە کوڕی سەرۆک عەشایەری زەنگەنە بوو لە 1943 بۆ نوێنەرایەتی کرمانشا،هەڵبژێردرا. ئەویش وەکوو سەنجابی لەڕادیکاڵەکان بوو. هەر دووکیان لە کابینەی 53-19529ی مەسەدیق ئەندام بوون ولە خەباتگێڕانی بزوتنەوەی نەتەویەتی لەدوایی ڕۆخانی مەسەدیق بوون.                    5-لە مەهاباد بەڕیبەری عەزیز یوسفی و غەنی بلووریان و لەسنە بە ڕیبەری ڕەحمەتووڵا شەریعەتی، کریس کۆچرا،جزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەرەی 187.

تێبینی:1-دکتۆر عەبدولحەمید زەنگەنە بەرپرسی زانستگای حقوق و وەزیری پێشووی فەرهەنگ لە 28ی اسفندی 1329 بەدەستی خوێنکارێک بەناوی نەسرەتووڵلا قومی لە زانستگادا ترۆرکرا. ئەندامی کابینە نەمر دکتۆر موسەدیق و هاوڕزم وی نەبوو،دکتۆر موسەدیق کابینەی خوی لە 12ی اردیبهشت مانگی 1330پیکهێنا.م.

6-وەزارەتی خارجە 371/ 114809 قاقەزی ڕیکەوت 18ی ژانویەی 1955 فیرنلی بە استوات-تاران.
7-وەزارەتی دەرەوە 82000/371نامەی ڕیکەوت18ی ئۆکتۆبر 1950 دونداس بەتاران-تەوریز.     8-ئازیز یوسفی لە 1977لەحاڵیکدا کە لەش ساخی لە مەترسی کەوتبوو لەزیندان ئازادکرا ولە ژوئین 1978ئەمری خوای کرد. تەرمی وی لەسەقز، بەخۆپێشاندانێکی گەورە دژی حکوومەت ڕەنگ ورووی بەخۆوەگرت.    9-مەلامستەفا،ئیسحاقی چ بۆ پاراسینی گیانی یان بەرتەسک کردنەوەی تێکۆشانی لە(کانی ماسی)هەڵکەوتوو لەبادینان زیندانی کرد. قاسملو لەدوایی هەلبژیران بە سکرتێری گشتی حیزب،خەریک بوو ئیسحاقی بۆ حیزب بگەڕێنیتەوە،بەڵام ئەو بانگەوازی قاسملوی قەبووڵ نەکرد. بەدەستی دەسەڵاتدارانی ئیراقی گیرا،ولە 1972 ون بوو.   10-نامەی ڕیکەوت 7ی ژانویەی 1969 ئیسحاقی (ئحمەدتۆفیق)بەمەلا ڕەسولی(بەقسەی حەسەن قازی)   11-بەڕەواڵەت ئەم گروپە خەبات وبەربەرەکانی خۆیان بە4تفەنگی کإشینکۆف،2ڕەشاش و 85تفەنگی کۆنی قەدیمی دەست پیکرد،کریس کۆچرا بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەڕەی 346. 12-حیزب لە سومین کۆنگرەی خۆی لە 1973 بەم کەمبوودانەی دەم پێداهێنن       13-زێڕۆبەگ ئەم تێکۆشانەی لەناوهەرکیەکانی خۆی بەتێشکان ڕووبەڕوو کرد: سەرجەمی کارتەکانی ئەندامەتی کۆکردەوە وخوازیاری وەرگرتنەوەی پارەی ئەندامەتیەکان بوو.      14-آبراهیمیان،ئیران نیوان دوو ئیقلاب،لاپەڕە149.                    15-هەریەک لەدوو خاوەن نزیکەی 50 گوند بوو. ئاسەف لەلای هەمەدان و وەکیل السلطان لە لای کرمانشا. ئەم دووە لە مەڕ  سیاسی ڕەقێبی یەک بوون،بەڵام سروشتیەلەمەسائلی چێنایەتی لەگەڵ یەکتر یەکگرتوو بوون.      16-وەزارەتی دەروە 120749/371-ا.ک.اس.لمبتون،بیرنامەیەک لەبارەی کوردستانی ئیران،سپتامبەری 1956.                    17-ڕژیم لەئۆکتۆبر 1968باج وپێتاکی مرومالات وگاوگۆل وبێگاری یاساخ کرد. لەگەڵ ئەم هەمووە بێگار لەدەیەی 1970 هێشتا لە دێهاتەکانی ورمێ بەردەوام بوو.                    18-وەزارەتی دەرەوە 140856/371نامەی ڕیکەوت31ی دەسامبەری 1958 وردز ورث بەکلاس بیروت.      19-سەرکەوتن،(نابەرابەری قەومی لەئیران لەدوایی ئینقلاب) لاوەڕەی 923،لەوێ کە بەگوتەی یەکێک لە جافەکان،جافەکی لەجیاتی جافەکی دیکە سزاداوە.                    20-آبراهیمیان.ئیران نێوان دوو ئینقلاب لاپەڕەی 449.
21-ئەکبەرئاغاجیان،(نابەرانبەری قەومی لەئیران: لێکۆڵینەوەی کورت)مجلة بین النەتەویەتی مطالعات خاوەرمیانە،ژمارە 15، 1983 لاپەڕەکانی 215-21.

**کتێبی چوارم:**

**ناسیونالیسم لەسەر بنەمای نەتەوایەتی لەئێراق**

**پاژی 13،**

لە دایک بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە حکوومەتی بنەماڵەی هاشمی

سەرەتا:

لە کوردستانی ئێراق-یش وەکوو کوردستانی ئێران سەرتای دەیەی 1940 چینی خوینکاری نوێ جڵەوی ناسیونالیسم-ی لەسەربناخەی قەومییەت بەدەست گرت. ئەم چینە چارەنووسی وای بۆنوسیبوو کەئاغاکان وەکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی بۆ خەبات بانگەوازبکات. ئەوانی بەم بۆنەوە بۆ خەبات لێگێڕاوە،و لە بەرامبەریاندا بەژنی کرد بە بەیداخ کە ئەم چینە لەگەڵ سیستەمی حکوومەتی هاشمی یەکگرتوو ببوون و دەسەڵاتی ئابووری خۆیان لە کوردستان زێدەکردبوو. لە ئاکامدا بزوتنەوەی نەتەوەیی، خۆی لە بەریەک لەگەڵ بزوتنەوەی چەپ دۆزیەوە کە بۆ ئازادی وەرزێران لە چەوساندنەوەی خاوەن ملّکان خەباتی دەکرد. بەڵام نەیتوانی بەسەر فەرهەنگی داکۆکیکردن کە کۆمەڵگای کورد ئیکجار ڕمووده ببوو پێرۆز بێت.

تێکۆشەرانی سیاسی سەرەتایی

لە دوایی خوینڕێژی ساڵی 1930 سلیمانیە، وا بەنەزەر دەگات کە کوردەکان چارەنووسی خۆیان قەبووڵ کردوە، و مەسەلە لەبەر زەینی دسەڵاتدارانی فەرمی ڕەنگی بزرکاوە: ڕووداوێکی دڵتەزین بوو کە دەبوایە بە ئارامی لەسەرەخۆ لە بیرچووبوایە. زوربەی ئاغاکان حەزیان دەکرد کەسکاڵا و زوڵم لێکردنی کۆمەڵگا هەڵپەسێرن،چونکە وەزیت و جلۆنایەتی و دۆخی کەسینی وان لە حکوومەتی ناتوندرەوی مەلیک فەیسەل لەمەترسی دوور بوو،ئەمە بۆ خۆی بۆ حکوومەتی عارەبی لاواندنەوەو حەبی دەرد کەم کردنەوەیەکی گەورە بوو. لە دوایی مردنی مەلیک فەیسەل لە 1933 وڵات تووشی ئاڵۆزی و پشێوی بوو، کابینەکان یەک بەدوای یەکدا دەهاتن و دەچوون،و بەهۆی چەند گروپی و تۆفان لەنیوان شێعەو سوننە یان چەت تێهاویشتن و کارشکێنی سیاسەت پێشەکان کە عەجاڵەتەن لە دەوڵەت دوورەپەریز ببوون، حکوومەتیان بۆ پێکنەدەهات. ئەمە نەبوونی ئیختیداربووکەلە بەهاری 1935نزیکەی چل ئاغای کوردی ورە پێبەخشی هەتا لە دەوڵەت بەهۆی قسوورکردن لە بابەت ئەنجامدانی دەستەبەریەکانی کە لەبەرامبەر نێونەتەوەیی وەسوکر، گرتبوو لێی بپێچنەوە. ئەم گروپە وایان لێکدەداوە کە لە نیوان کێشمە کێشم-ی شێعەو سوننە تای تەرازوی هەڵسەنگانی دەسەڵاتیان لەدەست دایە،لەبەر ئەمە دەتوانن بەغدا بە موافیقەت لەگەڵ داواکاریەکانی خۆیان

واداربکەن. ئەم گروپە هەروەک کۆمڵگای نێونەتەوەیی لە 1926 دیاری کردبوو،خوازیاری بەکارهێنانی زوانی کوردی بەفەرمی بوون کە نوێنەرانی مەجلیس، نوێنەرانی بەحەقیقەتی خەڵکی ناوچە بن، وداوایان دەکرد کە بەشێکی عادلانە لەسەرچاوەی وڵات بۆ پەرەپێدان وبەرفرەوانکردنەوەی کشت وکاڵ وپیشەگەری لە کوردستان تەرخان بکرێت. گەورەترین هەنگاوێک لە لەراستایی(نەتەوەیی) هەڵیانهێنا داواکردنی جیایی فەرمانداریەکانی گەورەی کوردنشین لە دەم ودەزگایەکانی عەرەبی مووسڵ و پێکهێنانی پارێزگای کوردی بووکە ناوەندیەکەی دهۆک بێت. هۆی ئەم داواکاریە رووبە روو بونەوەیەک بوو کە لەگەڵ دانیشتوانی موسڵ روویدەدا،کە خۆ نواندنیان بە عەربێت دەکرد. بەڵام بەغدا لەم دەراوە دەلینگی تەرنەکرد و چ تاوانیشی وەسوکرنەگرت.

بۆ ئەوانەی بەغدا نشین کە سیاسەتیان کردبوو بە پێشەیان سانایی بوو کە وافکر بکەنەوە کە ئەم هەلەش شیرەیان لەسەری کوردەکان هەڵسوتوە. چاوپۆشی لە دەربرینی ناکۆکی و لێک مراندن جاروبارە،سەرۆکانی عەشایەر و خاوەن ملکەکان سەروشوێنێک لەیەکیەتی کۆمەڵایەتی یان سازمانی دیارنەبوو. بەپێچەوانە،سیاسەت پیشەکان خوشحاڵ و کەیف قنج بوون لەم بارەوە کە شوێنێک لە یەکیەتی و یەکپارچەبوون لە دەورا دەوری وڵات دیاری نادات. هەتا ساڵی 1936 یش دیسان شتێک کە ئاشکرابوو ئەمە، نەبوونی تیکۆشانی مەدەنی کوردەکان بوو. لە150ئەنجوومەن و کۆمەڵگا و بەرە کە بەفەرمی تاپۆ ببوون تەنیا پێنج ئەنجوومەن لەکوردستان بوون، کەدوو لە وان زورتر پێناسی ئیسلامیان هەبوو. هەتا کەمایەتیەکانی مەسیحی لەم بارەوە لەکوردەکان لە پێشبرەیان بریبۆوە.

لەگەڵ ئەم هەمووە ئەگەرچی ئەوکات کەسیک ئاگاداری ئەم مەسەلە نەبوو، سپتامبەری 1930 خاڵێکی مەزن بوو،چونکە چاخی لەخەو راپەرینی نەتەوەیی لەناو یەکەمین چینی دەرس خوێنی دانیشتووی کورد لە شاربوو. برایم ئەحمەد کەئەوچاخ شازدەساڵانە بوو دەیگوت:(لەو رۆژەوە بەئەرکی سەرشانی خۆمزانی کە وەکوو کوردێک بیربکەمەوە.)

برایم ئەحمەد-یش وەکوو بازیک لە منداڵانی بنەماڵەکانی مام ناوەندی بۆ بەردەوام کردنی دەرس بۆ بەغدا رۆیی. بەغدا ناوچەیەک بوو کە بەهۆشترین لاوانی کورد لەدەورەی یەکدی کۆ دەبوونەوە،شوێنێک بوو کە دەیانتوانی مەسەلەکانی سیاسی لەنزیکەوە ببینن. ژماریەک لە خوێنکارانی زورتر،یانی لە 1930، بنکەیەکی نافەرمی بەناوی(کۆمەڵەی لاوان)یان پێکهێنابوو،کە بەرەواڵەت بە کاروباری ئەدەبی و فەرهەنگی رادەگەیی، بەڵام بەرنامەیەکی سیاسی بەڵاونەکراوەشی هەبوو. برایم ئەحمەد خیرا بەم سازمانە لکا. ئەوکات تەنیا نزیکەی 100خوێنکاری کورد لە بەغد بوون، و تەنیا گروپێکی کەم لە وان بۆ ناو ئەم ئەنجوومەنە چوون. ئەمە،دەست پێکردنێکی بێ رەنگ وروو بوو،و لێرە ناچار لە بەرەو پێشچوون و لە برەوبوونی ئەدبیاتی کوردی قسەدەکرا کە بۆ پێناسی کوردی کارێکی ناوەندی و بنەرەتی بوو، و ئەم جەرەیانە سروشتییە مەسەلەی مافی چارەنووسی کوردی-شی دەباوەش دەگرت.

بەڵام لە نەبوونی حیزبەکانی ناوچەیی هێندێک لە لاوانی کورد،چوونە پاڵ حیزبی کموونیست. کەلە 1934 پێکهاتبوو، لە1935 سەردەمێک لە سەربەخۆیی کامڵی کوردەکانی لانگری کرد . لەماوەی ساڵەکانی دەیەی دوایی لک و پۆپی لە هەولێر(ئەربیل) و کەرکووک و شوێنەکانی دیکەی کوردستان پێکهات. حیزبی کمونیست هەتا لە دوای ئەمە کەلە هەڵویستی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان پاشەکشەی کرد،لایانگری خۆی لەمافی کەمایەتیەکان، دیسان گەلێک لە خوینکارانی نوێی بۆ لای خۆی ڕاکێش دەکرد. هێندێک لایانگری (الاهالی) بوون کە گروپیکی ئیسلاح خواز بوو، کەمام ناوەندی و سوسیالیسم-ی ئیستبدادی دوور( نەفی) دەکرد،بەڵام لایانگری شیاوتری کۆمەڵایەتی و باشبوونی بارودۆخی ئەوزاعی ژیانی کرێکارانی شارو دێ بوو. لەئوکتۆبری 1936 گروپی الاهالی لەکۆدتایەک کە بەڕێبەری بەکر سەدیق،بەرپرسی ستادی ئەڕتەش بەڕێوەچوو بەشداریان کرد.

بەکرسەدیق هەرچەند کورد بوو بەڵام کوردێکی ناسیونالیست(دەمارگرژ) نەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە کودتایەکەی لەناو دەمارگرژانی عارەب هستی زیدی کوردی هەڵقولاند .(پان عەرەبە)کان کوردەکانیان بەچاوی لەمپەرێک لە ڕێگای وەڕاستگەڕانی خەیاڵ و تاسەی سیاسی خۆیان لێدەڕوانی. لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنی(المثنی)لە 1935 کە ئامانجی ئاشکرای وی،بەرەوپێش بردنی فکروهزری ئەم پان عەڕەبیستەکان بوو،تۆفان لێهەستانی لەگەڵ کوردان کارێکی خۆ لێ پاراستن نەبوو. ئێستا پان عەڕیبیستەکان، بەکر سەدیق یان تۆمەتباردەکرد بەمە کە کەل و پەلی ئەنجامدانی ئامانجی کوردەکانی پێکهێناوە. وهۆی تۆمەتبارکردنی نەک تەنیا ڕەچەڵەی کوردی بەڵکوو لایانگریەکەی لە (پان عەڕیبیسم)بوو.

هاندان و دنەو پاڵپێوەنانی پان عەربیستەکان بە نۆرەی خۆی ئیحساساتی نەتەوەیی کوردەکانی لە خەو هەستاند. کاتێک لە 1937 چاپەمەنیەکانی عەڕەب،کوردەکانی آلکساندرتا،یان بە پشتیوانی لە داواکاری تورکیە لە سەرئەم بەشە لەسووریيە تۆمەتبارکرد،برایم ئەحمەد وەڵامێکی سەرنج ڕاکێشی بە وان داوە. لە(الاکراد والاعرب) نووسی کە هۆی کیشمەکیشم و ڕوو بەڕوو بوونی لە نیوان شەپۆلەکانی ناخی دوو کۆمەڵگا بەڵکوو زوڵم و زۆری حکوومەتە کە بێ جیاوازی بەسەرهەموو دانیشتوانی دا بەڕێوەدەچێت. ئەو دژی ڕەچەڵەپەرستی کوێری کە ئی دیکە نابێنێت، زەنگی مەترسی هەژاند. لە داواکاری ناسیونالیستەکانی کورد قسەی هێناگۆڕ،وبە بەرفرەوانی فکروهزری دێمکڕاسی و برایەتی و بەرابەری لەناو نەتەوەکانی ناوچە قسەی دەربڕی، بەڵام لەعەینی حاڵدا مافی نەتەوەکانی لە بەڕیوەبردنی کاروباری خۆیان ئەنگوست بۆ ڕاداشت و قۆڵ لەسەرکێشا و پەسەندکرد.

لەنەکاو دیاری دا کەچینێکی تازە(اهل حەق)کەهیوادداربوو ڕوتبەیەک لە سەربەخۆیی وەدەست بێنێت،بەوجودهاتووە. گروپەکانی دیکەش بەنهێنی پێکهاتن. یەکێک لەم گروپانە(کۆمەلەی برایەتی) بە ڕێبەری شێج لەتیف کوڕی شێخ مەحمود بوو. ئەندامانی وی زوربەی بەرتەسک دەکراوە بە ماقول وسامانداراني دانیشتووی شار و یەک دوو کەس کەسیتی مەزەبی بوون. نەتەوەخوازانی گەنجتر دەمارگرژی سلیمانیە گروپێکی دیکەیان پێکهێنا بەناوی(دارکەر) کەئاماژەیەکی ئاشکرا بوو بە(کاربنارە)کانی ریسرجیمنتوی ئیتالیا. (دارکەر)پەیوەندەی نزیکی لەگەڵ حیزبی کموونیستی ئێراق،بەتایبەت لکی کوردی وی هەبوو،کە کەلەگەڵ ناوی گۆڤارەکەی بەناوی (ئازادی) ناسراو بوو. (ئازادی) لە مقامی عەنسورەێک لەحیزبی کموونیست خوازیاری ئازادی بۆ کوردەکان و عەڕەبەکان

بوو. (دارکەر)لە ئولکەی ئیدولۆژی، بیچمی ناسیونالیستێکی پتری هەبوو، و خێرا لقی لەشارەکانی کوردنشین ومووسڵ و بەغدا کردبۆوە.

جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر لەم جەرەیاناتە بێ خەبەر ببیت. (برایەتی) و(دارکەر) بۆخۆیان گرینگایەتیەکی ئەوتوویان نەبوو. هەریەکە لە چەند ئەندامی زێدەترنەبوو. لە 1938 دەوڵەت سازمانەکانی سیاسی کەبەپێچەوانەی قانوون پێکهاتبوون یاساخ ڕاگەیاند. بەڵام هەموویان بیروبۆچونیان وابوو کە مەخسود لەم مەسەلە نەک گروپەکانی بەسەرجەم کورد بەڵکوو حیزبی کموونیست و هاڤاڵانی هاوفکری وی بن.

لەکۆتایی ساڵی 1940 سی.جی.ادموندز، کەئەو سەردەم ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆ بوو ولە کۆمەڵگای کورد ئاگاداری زێدەتر لە هی دیکە هەبوو،نووسی: (لە ساڵەکانی پێشوو ناسیونالیسم-ی کورد بەکردەوە لە ئیراق ڕەنگ و روخسارەکی نەبووە)ئەو دەنگۆی پەیوەندار بە بوونی کۆمیتەکانی کوردی مەیلەو بالشویکەکان بە سازدانی زەین ومێشکی(بازاریەکان) لێکدەداتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمە کە خۆ نواندنێک لە ئارادا نەبوو ناسیونالیسم-ی کورد لە حاڵی چەقەرەکردن بوو.

لەم زەمانە دابوو کە(دارکەر) بە (کاکڵ) لە بۆ حیزبی نوی گۆڕا. ئەمە حیزبی نوێی(هیوا) بوو،کە لەبیروبۆچوونی دابوو گروپەکانی جۆراوجۆری کە پێکهاتبوون پێکەوە یەکگرتوو بکات. ناوندی ئەوڵیەی (هیوا)ش وەکوو(دارکەر) شارەکانی هەولێر(ئەربیل) و کەرکووک وکفری و کلار و خانەقین و کالیجەکانی بەغدا بوو- و ئەمە، بەرفرەوانی جوغرافیایی و گوێزتنەوەی زەمینەی پێناسی کوردی لە شاخاوەیەکان و ناوچەکانی عەشایەری بۆ ناوەندی شاری بە ڕوونی نیشان دەدات.

هیواخیرا 1500ئەندامی پەیداکرد،کە بریتی بوون لە خوینکاری کالیجەکانی بەغدا و ئەفسەران ودەرجەدرانی کوردی ئەرتەشی تازە وەسەرپیکەوتووی ئیراق و شێخەکان وئاغاکانی عەشایەر. بەکردەوە وەرزێرێک لەناو ئەم گروپە نەبوو. و ئەم خاڵە جیگای قسە لە سەرکردنە کە ئاخۆ ئەم عەمرە بەم هۆیە بوو کە ئەوجۆرە کە خەباتکەران وتێکۆشەرانی(هیوا) داوا دەکەن چینی خاوەن ملک پێشگیری لە ئەندام گرتن لەناو وەرزێران بوو، یان خودی ئەم مەسەلە بەم دەلیلەبوو کە وەرزیرەی ئاسایی نەیدەتوانی زبان و وتەی(هیوا)ی لەگەڵ دنیای دەرگا، گاڵە دراو بەرتەسک خۆی پەیوەند بدات. بەهەرحاڵ ئەم جەرەیانە بێ گومان حیزبی لاوازکرد. کاتێک لە ئاکامدا هێزەکانی ئیستخباڕات بە ڕاو ڕاوین وگرتنی تێکۆشەران بۆ مەیدان هاتن، ئەو ئاغایانەی کە ئیلاقەی خۆیان دەربڕیبوو بەلەز خۆیان بۆ دوا کیشاوە، و ڕۆناکبیران جگەلە ناو چینی خویان-یانی چینی مام ناوەندی-حاشارگەیەکیان بۆ خۆ تیدا وەشاردنەوە وەدەست نەکەوت.

(هیوا)ش وەکوو(دارکەر) لەگەڵ تێکۆشەرانی مەهاباد پەیوەندییەکانی زێدەتر لە ڕیبەرانی نەریتی کوردستانی ئیراق هەبوو. کەمێک بەر لە پێکهاتن، دوو کەس لەئەفسەرانی ئەرتەش-میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو-ی بەناوی نوێنەر بۆ بەشداری لە دانیشتنێک کەلە سپتامبەری 1942 لە مەهاباد پێکهات و دەویدا(کۆمەڵەی ژ.ک.)وەدیهات،بۆ وێ نارد. لەوکات هەتا هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد، تێکۆشەرانی حیزب بە هیوای بەوجودهێنانی یەکپارچەیی پان کوردی هەروا لە هاتوو چوو دابوون.

## شۆڕشی ساڵەکانی 1945-1943ی مەلامستەفا بارزانی

ناسەرکەوتنی ڕێبەری ڕۆشنبیری نوێ لە ڕەکێش کردنی چینی ئاغاوەتی ڕابردوو بە ڕوونی لە شۆڕشی ساڵی 1943ی مەلامستەفای بارزانی خۆی دەنوێنێت. هەرچەند ئەم شۆڕشە جار وایە وەکوو شۆڕشی نەتەوەیی شی دەکرێتەوە و ئازانتی دەکرێت بەڵام شایەت و بەڵگە حیکایەت لە وە دەکەن کە ئەوها نەبوو.

مەلامستەفا وەکوو شێخ ئەحمەد،لە دوایی شۆڕشی پێشووی، سەرەتا لە نەسریە هەڵکەوتوو لە باکووری ئێراق و پاشان لە سلیمانیە لە ژێرچاوەدێری دابوو. لە سلیمانیە بە ڕەواڵەت ئەگەر نا لەگەڵ گروپەکانی نەتەوەخوازتر ولەگەڵ (برایەتی)پەیوەندی هەبوو. ڕایەڵی ئەو پەیوەندیانەی کە ڕایچاند وێدەچوو زۆرتر لەگەڵ ماقولانی وەکوو شێخ لەتیف بوو هەتا نەتەوەخوازنێک کەتەنیا نەتەوەخواز بوون، و جگەلەمە وەزیت و دۆخ و هەڵکەوتێکیان نەبوو. چ سەنەدو بەڵگە لە دەست دانییە کە نیشان بدات هەڵاتنی مالامستەفا و هەڵایسانی شۆڕشی وی کارتێکەر لەشتیکی جیا لە تەنگدەستی بڕێچوون بێت کە بێ شعووری و نەفامی حکوومەت بە سەر وی و برای ویدا سەپاند بوو.

چاخێک مەلامستەفا لە ژوئیەی 1943 گەیشتەوە بارزان،داواکەی لە دەولەت ئەمە بوو کە ئیجازەی پێبدات بۆخۆیی وبرای لەبارزان بی سەرئێشە ژیان بکەن. دەوڵەت بەماوەی دوومانگ هەنگاوێکی هەڵنەگرت،بەڵام دوایی لەنیوان پێگەی جاندارمەری چەکدارەکانی بارزانی تەقەولێکدانێک ڕوویدا،کە ملامستەفای بە چیا هەڵگەڕاندو بەرەو شۆڕش برد. بریتانیا بە بەغدا هوشداریدا کە فشاری زۆرتر بەبارزانیەکان ناچار ئەوان ڕیشەکێش و بەدبەخت دەکات،و ئەم جەرەیاناتە شوێن لەسەر پەیوەندیەکانی عارەب و کوردەکان دادەنێت.

بریتانیا خۆفی لەمە دەکرد کە بارزانی لەوانەیە ئاگری فیتنەی لە سەرانسەری ئیراق هەڵکات،و سەبارەت بە گوێچکە ئاخنینی بەردەوامی بەغدا سەبارەت بە دەستە بەری ساڵی 1926 ی کۆمڵگای نێونەتەوەیی، وگوێ نەدانی گشتی بە کوردستان هەست پێکەر بوو. لەمە گرینگتر، بەغدا بۆ کەمکردنەوەی کوێرەوەری دەردو ڕەنج پەیدابوو لە قات و قڕی ساڵی 1943ی کوردستان کارەکی نەکردبوو: بە هۆی خەراوی بەرهەم، خەڵک لە سەرەتای ساڵ لەگەڵ برسایەتی و دەست بەیەخە بوون. بریتانیا لە 1922 بەم لاوە بە زوان شیرنی و قسەی چەور ئاغاکانی بە ڕازی بوون لەگەڵ سیستەمی نوێ ڕاکێشابوو،و هەنووکە مەترسی دەکرد ئەم ناڕەزایی گشتی،و کێشمەکێشم ی تایبەتی مەلامستەفا پێکەوە تێکەڵ دەبن و ناوچەی ئاگربدەن. دەیبینی کە چلۆن بێزاری عەرەبەکان لەکوردەکان لەم سیاسەتەی تۆڵە ئەستاندنەوە وکورت بینانە دەگوڕێ. دەونیوەدا مەترسی بوو کە ئاخری وەسیلەی بەرلێگرتن کوردەکان لە هەڵچوون،دەستەوداوین بەهێزی نیزامی بێت. بەڵام ئاخۆ ئەرتەش بۆ ئەم کارە ئامادەیەی هەبوو؟ بریتانیا پیی وانەبوو، ولەمەڕ مەترسی ڕوو بەڕوو بونەوە لەگەل بەغدا زەنگی ئاگادارکردنەوەی ڕاوەشاند. بەڵام بەغداگوێچکەی بەم زەنگە نەلەقی،

بارزانی زورلێزانانه بەبۆسه دانانەوەلەڕێگای هێزەکانی چەکداری ئیراقی خێرا ئەرتەشی ئێراقی لەبەرچاوی خەڵک بەگەمەی منداڵان گۆڕاند.

لە ئاکامی زەختی بریتانیا لەمانگی نوامبەر بەمالامستەفا پێشنیاری عافووکرا، بەم مەرجەکە لە دوایی خۆ بەدەستەوەدان، بە بیروبۆچونێکی ڕەزایەت دەربڕین بە سەردەوسیەکەی دا دەچنەوە. دەوڵەت کە چەندین ساڵ ئەوی بە جیرەیەکی نەمرنەژی لە ژێرچاوەدێری خۆی ڕاگرتبوو ئێستا لەگەڵ وی وەکوو خوینڕێژێک مامەلەی دەکرد. لە مەدا چکۆڵەترین شک وگومان نەبوو کە زولمی لێکراوە هەروەک یەکیک لە خاوەن پلەوپایەی بەرزی ئەرتەشی ئیراق گوتبووی: (مەلامستەفا ئەگەرشێخێک لە شێخەکانی دیوانییە بوایە بە بۆچوونێکی زۆر هەنۆکە لە جیاتی ئەوەی وەکوو...لە...کەن ئێستا سەناتۆر بوو)

مەلامستەفا هەنۆکە ئیدی بەنیەت پاکی دەوڵەتی ئیراق بچکۆڵەتری متمانەی نەبوو(ئەویش ئەگەر رۆژیک هەیبوو)دەستی بە نامە نووسین بۆ بریتانیاکرد. بە لێروانین لەکۆدتای ڕەشید عالی گەیلانی لە 1941 ئەو ڕەنگەهیواداربوو کە بریتانیا لە بەرامبەر وەفاداری لەرزۆک و ناقایمی بەغدا، لە وجودی جەرەیانێکی کوردی بە ناوی پارسەنگ پێشوازی بکات. ئەو بۆ باڵوێزی نووسی:(هەرئەمریکتان هەبێت وەکوو کوڕێک لە عەمری دایک و باوکی دەرناچێت ڕێزتان بۆدەگرم...)دۆستایەتی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتی مێهرەبانی بریتانیا کەوشەن و سنووری نیە،)ئەم قسانە بە چەتوونێ دەتوانێت ئاخافتنی کەسێکی ناسیونالیست بێ. کورنوالیس بە زبانێکی زۆر ویشک و فەرمی بە وی گوت: کە مەرجی بەغدا قەبوول بکات.

لە ژانویە بەغدا وەزێرەکی کوردی بەناوی ماجد مستەفا بۆ ڕیککەوتنێکی دۆستانەو ئاشتیخوازانەی مەسەلەکان بۆلای مەلامستەفا نارد. ئەویان لەو بابەتەوە بۆ ئەم کارە هەڵبژارد کە بارزانی دەناسی، و لە کۆڕو کۆبوونەوەی کورد ڕیزوحورمەتی لێدەگیرا. گەلێک لە سیاسەت پێشەکانی بەغدا بەچاوی دوو دڵیان لێدەڕوانی،بەڵام نەیاندەزانی کە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ(هیوا)هەیە. زۆرتری دوو دڵیش ئەمە بوو کە ئامووشۆیان لەگەڵ کوردان پێخۆش نەبوو.

ماجد مستەفا لایانەکانی ئیقناع کردن بەمە کە فرمۆڵیکی قەبووڵ بکەن، کە لەلایەک ئابڕوی دەوڵەت دەپاراست و لەلایەکیتر ئەوەی کە مەلامستەفا لەم خولەدا دەیەوێست دەیدایێ. مەلامستەفا قەبووڵی کرد کە بچێتەبەغداو داوای ملکەچی بکات- و ئەمە ڕووداوێک بوو کە لە ئاخردا ناراحەتیەکانی ناسیونالیستەکانی عارەب بەبیچمی سەرکەوتنێکی کەسین بەحیساب هێنا. پێشنیارەکانی ماجد مستەفا بە هۆی دژایەتی عارەبەکانی دەمارگرژو گۆڕانی کابینە بە هەلاوەسراوی ماوە.

هەروا ماجدمستەفا بە سەفەر بۆ بارزان،پەردەی لەسەر کارکانی گەندەڵی و ناسازگارو ناقانوونی حاکم لە ناوچەکانی باشوورلادا: پارێزگارەکانی هەولێر(ئەربیل) و مووسڵ هەتا بۆ کەرەتەکیش بۆ ناوچەی بارزان نەچووبوون، لە بەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نەبوو ئەگەر ژێردەستەکانیشیان ئەوهان نەکردبوو. گەنمێک کە بۆ یارمەتی بەخەڵک تەرخان کرابوو،داروبەش نەکرابوو،زۆریان لە ناو برد بوو خوارد بوویان.

قسووری حکوومەت هاودڵی بەرفرەوانی سەبارەت بە بارزانیەکان هەڵچواندبوو. لە نێوەی ساڵ، ماجدمستەفا خۆی لە ناو دوو جەرەیان گرفتار بینی: دوژمنداری ڕوو بەزێدە بوون سەبارەت بەتێکۆشانەکانی لەبەغداو شک ودوو دڵی ڕوو بەزیادی لە باشوور لەبابەتە قسوور لە بەڕیوەبردنی بەڵیننامە.

هێندێک لە بەڕیوەنەچوونی تەوافقی وەدەست هاتوو تێپەڕی،مەلامستەفا بە بینینی داکۆکیەک کە لەنێوان عەشایەری ناڕازی دەوروپشتی باشوور وخەتی سنوور لە عقرە هەتا عمادیە و ڕەواندز سەبارەت بە ئەو دەردەبرێ،وردە وردە دەست بەکاربوو. لەژوئیەی 1944 بە نەزەر نەدەگەیی کەئیدی خەیاڵی ملکەچ کردنی بۆ حکوومەتی لە سەردابوویێت. هەنۆکە هەتا دوژمنانی لەمێژێنەی، کەسانێکی وەکوو سەرۆکانی زێباری، بەڕەواڵەت ئامادەبوون لە گەڵ وی هاوکاری بکەن. زێباریەکان بەپێچەوانەی(برادۆستیە)کان و سوورچیەکان یارمەتیان بە ئەرتەش نەکردبوو. مەلامستەفا ئێستا بەخواستنی کچی مەحموود ئاگای زێباری لەگەڵ ئەوان یەکگرتوو ببوو. بەهۆی کەمبوونی خواردەمەنی و جل و بەرگ لە سەرانسەری ناوچەی باشوور و چاوتێبڕینی مردن وبرسایەتی، ساردو سەرماو سەخڵەتی و بیزاری و توورەبوونی بەرفرەوان لە قسوورکردنی حکوومەت لە جێ بەجێکردنی ئەم بارو دۆخە،ئیدی مەترسی وەک ڕۆژی روون بوو.

بەغدا بە ماجدمستەفای ئیجازە دابوو کە بەناوی ئیلاقەبین لەگەل بارزانی، لە ئەفسەرانی کورد کەلک وەربگرێت، دوو کەس لە ئەفسەران،میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو،ئێستا لەم ئازادیەی هات وچوو ئامووشۆ بۆ ئامانجی نەتەوەیی و دنەدانی تێکۆشانەکانی نەتەویەتی کەلکیان وەرگرت. لەسولیمانیە بۆ ئاخافتن سەبارەت بە تەنگەژە، دانیشتنێک لە سەرۆکانی عەشایەر پێکهات. پاشان بۆ بارزان ڕۆیشتن، ولەوێ بەرەومەهاباد تێکشان،و لە وێ لەگەڵ ڕیبەرانی کۆمەڵە وتووێژیان کرد،و سەردانی باڵوێزی شووڕەویان کرد. خۆشناو لە ڕووی ساویلکەیی لەلای ئینگلیزیەکان دەمی پێداهێناو ئیعترافی کرد:

تەنیا ئامانجی ئێمە لە پەیوەندی لەگەڵ برایانی کوردمان لە ئیران ئەمە بوو کە وێنەیەک لە یەکیەتی لە زەینیان بخولقێنین،چ ئەوانەی کە لە ئیران دەژین چ ئەوانەی کە لە ئیراق، لە پانەگۆڕایی حوکم و دەسەڵاتی بریتانیا نشتەجێن. چونکە ئێمە خۆمان بەبنەماڵەیەک لەوڵاتێک هەست پێدەکەین، گوێمان لە ئەوسنوورەی کە شا-ی دیکتاتۆڕ دیاری کردوە نییە.

لەسەریەک لەم سەردەم بەم لاوە، ئیدی بەکەم لەکوردی ئەفسەر ئیجازە درا کە دانشکەدەی ستاد ببینن،چونکە بەغدا بەم ئاکامە گەیشت کە کوردەکان مەترسیتر لەمەن کە شوخڵی گرینگیان لە هێزەکانی نیزامی (سێ گانە) هەبێت.

حاڵەتێک لە گنخان و دەخۆ نەگەیشتن،تەواوی وەرزی هاوین لەکاردا بوو. لە مانگی سپتامبەری 1944 مەلامستەفا خوازیاری بەڕیوەبردنی دەستەبەریەکانی ڕابردو، یەک لەون جیاکردنەوەی(قەزا)کانی کوردنشین کە لە ناوچەی ئیدارەی مووسڵ بوو- و ئەمە شتێک بوو کە سەرۆک وەزیران نووری سەعید چوارساڵ بەرێ وادەی ئەنجامدانی دابوو. ئەو-مەلا مستەفا –داوای ئازادی زیندانیانی سیاسی کوردو دانانی نوێنەرێکی پایەبەرزی کورد لە بەغداکرد کە دەسەڵاتی ئەوەی پێبدرێ و هەبێت کە هەرجۆرە قانوونێکی دەوڵەت سەبارەت بەکوردستان(وتۆ)بکات،و لە ئاکامدا خەڵاتی یارمەتیەکی بێ وەرگرتنەوە بە144000پۆند،کە ئەو بە مەسڵحەتی خۆی بە قەرز بە وەرزیران بدات.

مەلامستەفا هەنۆکە ئەوندە بەهیزبووکە دەیتوانی دۆخ وهەڵکەوت و مەوقعیەتی خۆی بپارێزێت،دەوڵەت دوو حەوتوو مۆڵەتی دا کە بەم داوایە وەڵام بداتەوە. چەتوون بوو فکربکەیەوە دەوڵەت بتوانێت بە دوو داواکاری ئاخری وی ڕەزامەندی دەربڕێت، چونکە داواکاری ئەوەڵ بە مانای چاوپۆشی لە حاکمێیەت لەسەرکوردستان بوو،لەحاڵێکدا قەبوڵی داوایەکەی دیکە بەمانای ئیختیاردان بەمەلامستەفا بوو هەتا عەشایەرناوچەی بۆ ژێربال و داکۆکی خۆی بکێشێت.

ئەگەر مەلامستەفا،بەقەولی کورنوالیس،(مرۆڤێکی بە فیزو لەخۆبایی سەرەڕۆو تالانکەر)بوو لەبەرامبەر،دەوڵەت-یش بە نۆرەی خۆی هەروا گەندەڵ و فاسید جێی بێ باوەڕی و تۆڵە ئەستێن بوو. دەوڵەت لە ژێرفشاروپاڵ پێوەنانی بریتانیا مەجبووربببوو،ئێستا کە قسووری کردوە وهەنگاوێکی لەبۆچاکسازی وەزیەتی کوردستان هەڵنەهێناوە،لانی کەم خۆڕاگری بەخۆی بسەلمێنێت. بریتانیا ئێستا زێدەتر لە هەمێشە لەمە خۆفی دەکردکە چاوەدێر نەکردنی دەوڵەت،کوردەکان لە پشت سەری بارزانی کۆ بکاتەوەو یەکگرتوو بکات و ئەم مەسەلە چەقەوگوڕەو نێواناخۆشی لێ بکەوێتەوە کەئێراق لەمەی کە هەیە،نائارام و پشێوتربکات.

لەهاوین، بریتانیا هەستی پێکرد کە ئیدی ناتوانێت ئەم بانگهێشتن بە خۆڕاگریە، هەوا بەردەوام کات،چونکە مەلامستەفا لاڕێ دەڕۆیی و دەستی بە عەمەلیاتی دنەدراودەکرد. لەئاوریل،دەوڵەت جارێکیتر پێشنیاری کرد،ودیاربوو کە ئیدی ئەوها ناکات. ئەڕتەش لە بۆسەدا بوو،بڕیارگربەمە بوو کە بە هێزی نیزامی دژی بارزانی ئابڕوو کەڕامەتی زەبرلێدراوی بگەڕێنێتەوە. لەمانگی مارس ئیجازەی وەرگرت دژی بارزانی ولایانگرانی دەست بە هێرش بکات. لەسەرتا تەلەفیاتێکی قورسی دا،بەڵام بەکەلک وەرگرتن لە عەشایەری برادۆست، بە تایبەت شێخ ڕەشید،(لۆلان) مەلامستەفای لە حاڵێکی بەرگری ڕابگرێت. لەسپتامبەر زێباریەکان مەلامستەفایان بەرەڵلا کرد و لە بەرامبەر

عافوی تەوایان لەبابەتی یارمەتیەک کەهەتا ئێستا بەویان کردبوو،چوونەپاڵ هێزەکانی دەوڵەتی بە(ئیستلاح بوون بەجاش، دیارەشێخ رەشید رابردووی جاشەتی هەبوو. وەرگیر) مەلامستەفا هیچ کات ئەوانی عافوونەکرد. لەنیوەڕاستی ئۆکتۆبر مەلامستەفاو شێخ ئەحمەد بۆ مەهاباد هەلاتن(پاژی 11). لە دوورخراوەیی مەلامستەفا سویندی خوارد کە لەوکەسانەی کە ئەویان تۆمەتبار بە خەیانەت بە چارەنوسی کوردستان دەکرد تۆڵەوەرگرێتەوە: یانی لە شێخ ڕەشیدلۆلان، و مەحمودو محەممەد ئاغای زێباری، ڕەقیبەئاغای سوورچی.

بەڵگەو سەنەدێکی موعتەبەری ئەوها لە بەردەست دانییە کە نیشان بدات مەلامستەفا لە جەرەیانی ئەم شۆرشە لە ئاواتی کوردی داکۆکی دەکرد و بۆ بەرەوپێشچوونی وی دەجەنگی. تەنیا داخوازیەکەی بۆ دانانی (کاربەدەستێکی پایەبەرز)ی کورد لە بەغدا و ئاڵگۆڕی سازمانی قەزا-کانی کوردنشینی مووسڵ، ڕەنگ و ڕووی سیاسی یان هەیە. یەکچەلی دەیزانی کەهیچ دەوڵەتێکی ئاقڵ ئیجازەنادا کە کاربەدەستی کوردی بە هەبوونی مافی (وتۆ)بەسەریدا داسەپیندرێ. بۆچی داوای وتووێژی بۆ ئاخافتن سەبارەت بە(خودگەردانی) نەکرد،کە بەوێچوونی زورتر لەوانەبوو قەبووڵ کرابوایە؟لەم جەرەیانە پێویستە ئاکام وەرگیرێ کە مەلامستەفا یان هەستی ڕاست بینینی سیاسی نەبووە یان ئەم پێشنیارەی بەزانین و ئاگاداری بەمەکرد،کە بەسەرجەم نەدەکران قەبووڵ بکرێن. داوای دووەمی (یانی جیابوونەوی قەزا-کانی کورد لەمووسڵ)شانسی زورتریان هەبوو،چونکە ئەم جەرەیانە لە ڕاستیدا لە بەهاری 1944موافیقەتی لەسەرکرابوو. بەڵام ئاخۆ ئەمە داواکاریەکی ناسیونالیستی بوو، یان ئەمە کە مالامستەفا حەولی دەدا پانەگۆڕایی ژێرحوکم و دەسەڵات و شوین تێکەری خۆی بەرفرەوان کات؟ ئەگەرلە جیاتی قسەکانی کردەوەکانی لە بەرچاوبگرین و لە ناو ئاڵقەی بیرو بۆچوون جێگای بۆ بکینەوە،بۆ نموونە،تێک وەرپێچانی پێگەکانی ژاندارمەری و دەسەڵاتی دیکەی دەوڵەت لەبەرچاوبگرین و ئەم خاڵەی لە بۆچووندا جێ بکەینەوە کە ئەو دەیەویست لەعەینی حاڵدا بەناوی بڕیوانچی و هەروا بەناوی ناوەندی لەنێو عەشایەری ناوچە کاربکات،یانی ڕۆڵی شێخەکان بەڕیوەبەرێ،لەم حاڵەدا دەبی قوبووڵ بکەین کەئەو نەک تەنیا خوازیاری سەربەخۆییەک بووە کە بەپژدەریەکان و شممارەکانی دابوو بەڵکوو وەکوو هەرسەرۆک عەشیرەکی لێهاتوو بەردەوام لە بەردابوو قودڕەت و دەسەڵاتی خۆی لە دەڤەر زێدە بکات.

هەروا بە نەزەردەگات کە ئەمە مەلامستەفا نەبوو کە ناسیونالیسم-ی کوردی هەلبژارد بەڵکوو ئەمە ناسیونالیستەکانی کورد بوون کە ئەویان هەڵبژارد. هەڵبژاردن و دانانی وی لە لایان ناسیونالیستەکان بە هۆی لێزانی و پسپۆریەتی و تاکتیکی باوەڕپێکراوی وی،و ئەو سەرئێشانە بوون کە ئەو بۆ دەوڵەتی دورست دەکرد. ئەم هەڵبژاردنە دوایەکان کاتێک لەئیران بە ناوبانگی ئەفسانەیی گەیشت کە وەزیت و مەوقعیەتی لەنیو هەموو کوردەکان گۆڕدرا، ئازانتی کرا. ئەو بە ڕیبەرێکی(لێهاتوو)و(قارەمانی)بزوتنەوەی نەتەوەی کورد گۆڕابوو.

## هیواو جێگرانی وی

هیوا لە خۆڕا حەولی دابوو لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی بارزانی بەرهەم وەربگرێ. سەرتا تەقریبەن بەم هۆیە کە مەلامستەفا متمانەیەکی بەوی نەبوو، بە ناهومیدی ڕوو بەڕوو بوو. جەرەیانی ئەفسەرانێک کە ماجد مستەفا بە ناوی پەیوەندیگر داینابوو لە سەریەک تەقریبەن هەموو لە ئەندامانی هیوا بوون شتێکی دیکە بوو، و ئەمەش وێدەچێ بەم دەلیلەکە بەشێک لەمامەلەیەک بوو کە لەگەڵ ماجد مستەفا-ی کردبوو، وهەروا بەم هۆیە کە بەماجدمستەفای متمانە هەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم ئەفسەرانە نەیانتوانی شۆڕشی بە شۆڕشێکی نەتەوەیی ئاڵەگۆڕکەن. شۆڕش هەروا بەعەشایەری مایەوە، و هەروا پشت ئەستوور بە جەنگاوەرانی عەشیرەیی بوو هەتا کەرتەکانی ڕێک وپێک،ئیدی چاوبچوقێنین لە پێشمەرگەی نەتەوەیی.

شۆڕشی بارزانی هەروا لە کێشمەکێشمەکان و هەڵچوونەکانی مەوجوود لە ناخی (هیوا)وەک پایەیەکی واسیتەبوو. ناتوندڕەوەکان بۆ یارمەتی هەروا چاویان لە ئینگلیزیەکان بڕیبوو،لە حاڵێکدا ڕادیکاڵەکان ئاقیدەیان وابووکە شوورەویەکان، لەمەڕفکری ولەمەڕ کردەوە، واسیتەیەکی باشتر بۆ ڕزگاری لە بن نیری ئینگلیزیەکان و ناسیونالیسم-ی عەڕەب نیشان دەدەن. دەستەیەک سەبارەت بە خەتی سیاسی مەیلەو ئینگلستان،کە ڕەفیق حلمی،ڕێبەری هیوا،لە وی بەرگری دەکرد بە چاوەکی بێ بایەخ یان لێدەڕوانی. ئەندامانی ناتوندڕەوتر، بەبیستنی ئەم خەبەرە کە شێخ لەتیف(کەئێستا فیراری بوو)لە سەردەشت لەگەڵ شووڕەویەکان خەریکی وتوویژە،ئیکجار کەفیان هەڵداو تووڕە بوون. چاخێک مەعلووم بووکە بارزانی لە شوڕەویەکان یارمەتی وەردەگرێ،گروپەکانی دیکەش داکۆکی ماڵی خۆیان بڕین. لە نیوەڕاستی ساڵی 1944 زۆری دیکە خۆیان بۆ پشتەوەکیشاوە. (هیوا)لەسەرلێک پڕش وبڵاو بوو، و لە کۆتایی ساڵ پێشەوایەکەی بەناوی حیزب کۆتایی پێهاتبوو.

جارێکیتر شمارەیەکی زۆر لە گروپەکانی گچکە هاتنەدی، کە هێندێک لە وان لە ناو حیزبی کموونیست شکلیان گرت. لە مانە لە هەمووان گرینگتر گروپی کموونیستەکانی کورد بوو کە بەناوی ڕۆژنامەکەیان بە(شۆڕش) ناسراو بوون. ئەم گروپە لە پێکهێنانی حیزبی نوێی(ڕزگاری کورد)لە 1945 کە لە بیرو بۆچوون دابوو جەبهەیەکی خەڵکی بێت ڕۆڵی هەبوو. (ڕزگاری)یش وەکوو ڕابردووی باب وباپیرانی خۆی تەمەن کورت بەڵام لە ڕەکێش کردنی ئەندام ئیکجار سەرکەوتوترلە وی بوو، و ڕەنگە 6000کەسێکی بۆلای خۆی برد. ئەم حیزبە خێرا خۆی لەکالێجەکانی بەغداولەنێو خوێنکارانی شارەکان سەقامگیرکرد و لەگەڵ بارزانی لە مەهاباد ڕایەڵی پەیوەندەی ڕاچاند.(ڕزگاری) بە پێچەوانەی (هیوا) کەچ کات بەرنامەیەکی فەڕمی ڕانەگەیاند بەڕاشکاوی خوازیاری ئازادی و یەکگرتوویی کوردستان بوو. یەکێک لەئامانجەکانی مووەقەتی وی سەربەخۆیی ئیداری لەناو ئیراق و وەدیهێنانی ئاڵیکاری وهاوکاری نێوان حیزبەکانی کوردی دەرەوەی ئیراق بوو. لە ژانویەی 1946 بۆ خودموختاری و حاکمییەتی کوردستان پەنای بۆکۆمەڵگای نێونەتەوەیی برد.

لەمەدا دوو دڵی نییە کە حیزبی کموونیستی ئیراق باشترین یەکیەتی بە قووەتی کوردەکانی نەتەوەخواز بوو. ژمارەیەکی ناوێچوو لە ئەندامانی حیزبی کموونیستی ئێراق،ڕەنگە نزیکەی 53دەرسەت لە ئەندامانی وی،کورد و زوربەی لەخەڵکی سلیمانیە بوون. بەڵام هەڵچونێکی دل ئێشی لەبەین دابوو: گەلێک لەکوردەکان لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنە دژوارە ڕووبەڕوو بوون کە ئاخۆ دەبێ شیاوتری بە پێناسی نەتەوەیی خۆیان بدەن یان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی،ئەو جۆرەی کە لە تیئۆڕی مارکسیستی شێکرابۆوە. هەروەک بە ڕوونی لە ناوەڕۆکی ئەساسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کموونیست دەردەکەوت،حیزبی کموونیستی ئیراق بۆ هەمووکۆمەڵگاو کەمایەتیەکانی نەتەوەیی قایل بە مافی(خودموختار) وپێناسی نەتەوەیی بوو. بەڵام لەسەر سنووری جوغرافیایی کە بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد و حیزبی کموونیست لەپەیوەند لەگەڵ ئەم جەرەیانە قایل دەبوون نێوانی ئەم دوو کێشمەکێش بوو: کوردەکان خۆیان بە بەشێک لەمللەت و نەتەوەی کورد دەزانی. لەعەینی حاڵ کە حازربوون بەمووەقەت لە ناو ئیراق و پێکەوە کاربکەن(کوردستانی گەورە)ئیلهامی (مەهاباد)یان لەبەرچاو دوور نەدەکرد. حیزبی کموونیستی ئێراق کوردەکانی بە چاوی کەمایەتیەکی ئیراقی چاولێدەکرد، و لەم نەزەرە دەیەویست کەلە ناسیونالیسمی کوردبۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی لەناو ئیڕاق کەلک وەربگرێت،لە بەرئەمە لەو دەستە لەوکوردانەی کە بەپێویستی حیزبێکی کموونیستی جیاواز(جوداگانەی) کورد لاقیان دەقرساند ڕەخنەی دەگرت.

ئەم هەڵچوونەی ئەندامی(شۆڕش)و(ڕزگاری)یش هەستیان پێدەکرد.(شۆڕش) بەڕق و تووڕەبوون بوحیزبی کموونیست وەبیری دەهێناوەکە ئەو بە کموونیستەکانی کوردی ئیجازەی دابوو جەبهەی نەتەویەتی خۆیان پێکبێنن،و ئەمە لەڕاستیدا هەرئەوکارەبوو کەئەو کردبووی، کوردەکان مافی خۆیان بوو کەبۆ وەدەست هێنانی خودموختاری و یەکیەتی خەبات بکەن و ئەمە بەهیچ جۆر لە توندی خەبات و بەربەرەکانی وانی دژی کۆنەپەرستی و ئەمپەریالیستی بیانی کەم نەکرد،ئەم مەسەلە کەلین و قەڵشتێکی لە ئیرادەو بیروبۆچونیان لە هاوکاری لەگەل عەرەب لەم ڕاستایە تێنەدەکرد.

**لەدایک بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئیراق**

(ڕزگاری کورد)ئیختیدارێکی زۆرتری بە ناسیونالیستمی کورد بە خشێ، و لە جەژنەکانی نەوڕۆزی ساڵی 1946 لەهەولێر(ئەربیل)خوی نواند. دەسەڵاتدارانی وڵات ئێستا کەمەتەرخەمی بێ موبالاتیان کە هەرساڵێک پێش نیشاندابوو وەلانان: ساڵی پێشتر سەرۆک وەزیران بەم وتەیە: کە نەتەوەخوازان (لۆچێک خوینکاررێدەترنین،ئەوانیش گەورەدەبن و لەبیردەکەن) مەسەلەکەی لەکۆڵەخۆی کردبۆوە. بەسەرنجدان بەو زێدە بوونەی کە لە ژمارەی خوینکاران بەوجود هاتبوو،ئەم قسەدەربڕینە شتێکی سەرسورهێنەربوو. دوو ساڵی نەکیشا کە سلیمانیە بە ئولکەی تەژی لە ئاڵۆزی و پشیوی و تێکۆشانی باڵەکانی چەپ و نەتەوەخوازانی لێهات.

بزوتنەوە لەنەکاو هێندە پڕمەترسی بووکە ئینگلیزیەکان بە ڕەواڵەت خەریک بوون شێخەکان وڕیبەرانی مەزەبی کوردستانی وادار بە دەرکردنی (فتوای خەزا)دژی (ڕزگاری)بکەن. بەڵام دژوارە بتوانین بڵێین کە ئەم خەڵکە ئەم کارەیان لەسەربناخەی ئاقیدەکردبێت.

لە1918 بەم لاوە وەزیت و دۆخ و هەڵکەوتی شیخەکان ئیکجارلاواز بوو: بنکەی دەسەلاتیان لەدەست دابوو،چونکە ئیستا داوەری لە ئیختلاف وکیشە،گارگیرانیانی حکوومەت لەگەڵ ئاغاکانی جیی پەسەندی دەوڵەت وەئەستۆیان گرتبوو. هەنۆکە بوونی زۆریان بی کەلک بوو، ومەسەلەی پێشکیش سەوقاتی مریدان لە سەریەک ویشک ببوو. تەنیا ئەوانەی کەدەسەلاتی ئابووریان هەبوو یانی بە سامان بوون یان بەممبارەکی ناوبانگیان دەرکردبوو-کەسانێکی وەکوو شێخەکانی بیارە-لە چلۆنایەتی ناوچەیی بەرهەمیان وەردەگرت. پاشمەنە وەکوو شێخەکانی تەوێڵە،کە کوڕەمامی بیارەیەکان بوون، لە1949 لەگەل هەژاری و نەبوونی و بەلەنگازی دەست بەیەخە بوون،وخۆدی تەویڵەیان جەفەکان سەرلەنوی دەست بەسەرداگرتبوو. شێخەکان لە نەبوونی ئەم ئەرکەی نەریتی دەبوایە ڕێگایەکی دیکەیان بۆ وەدەست هێنانی سەرمایەی بەرێچوون وژیان و گوزەران، دۆزیبایەوە. یەکێک لە شێخەکان، هەر وەک یەکیک لە کاربەدەستانی ئینگلیزی لە 1949 لەڕاپۆرتی خۆی بە تانۆت دەیگوت:( لە ئەرکی دینی و مەزەبی خۆی بەقازانجی (قاچاخ یەتی) دەستی کیشابۆوە)

چاوپۆشی لەمە،شێخەکان نوێنەری هەیکەلی ڕیک وپێکی نەریتی بوون،ئەویش لەدەڤەرێکی کە لاوانی کورد بۆ ئیلهام وەرگرتن و ڕێنوێنی ڕۆژ بە ڕۆژ زێدەتر چاوی هیوایان بەئیدۆلۆژیەکانی چەپی زێدەڕۆ، دەبڕی. ئیسلام شتێکی(گشتی) بوو،لەحاڵێکدا کە نەتەوەخوازی شتێکی(تایبەت) بوو. لە نەبوونی سوڵتان یان خەلیفە لە شوێن ناوەندیەک بۆ ئەم دووە،موسەلەم بوو کەجەرەیانی نەتەوەخوازی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زۆرتر لەدین دوور دەبۆوەو مابەینی دەگرت.

بەهەرحاڵ (ڕزگاری) لەژێر زەختی ڕۆژانە قەراری گرت،دەیان کەس گیران و دەست بەسەرکران و چاپەمەنیەکانی کوردی گەوتنە بەرەگەی ڕاگرتن و شێلەگەیان بۆ هەڵنە دەبەسترا. هەتا گەلاوێژ-ی برایم ئەحەمەد کەگۆڤارێکی ئەدەبی بوو گاڵەدرا. لەئەوتی 1946 چ (ڕزگاری) چ(شۆرش) بڕیاریان بە هەڵوەشانەوەی خۆیان گرت،وئەم جەرەیانە ئەوەند کە ئاکامی مەسەلەکەی ناهەموار بووکە مەلا مستەفا لەئیران وەدیهێنابوو پەیوەندی بە فشاری دەوڵەت نەبوو.

مەلامستەفا لە ئاکامی کوێرەوەریەکان کەهێزەکانی لە ئیران لەگەڵی دەست بەیەخە بوون و لە ڕاستیدا بە یارمەتی خەڵکی مەهاباد ژیانیان تێپەر دەکرد،خەریکی ئەوە بوو لە مەڕ ماڵی (ڕەنگی سیاسی)ش خۆی لەقازی محەمەد بێ نیاز بکات. کۆڕو کۆمەڵی نەتەوەخواز بەگشتی دەیانزانی کە ئامووشۆو پەیوەندی ئەم دووە،هێندە باش نییە. لەفۆرییەی 1946 مەلامستەفا و هەمزە عەلا، ڕاسپاردەی(شۆرش) حەولیاندابوو کۆمیتەیەک بۆ(لێکۆڵینەوەبە کاروباری) بارزانیەکان لە ئێران بنیات بنێن. قازی محەمەد بەئەوانی گوت:(پیویستە حیزبێکمان هەبێت،و ئەنگۆ پێویست ناکات بەجیاواز لەم حیزبە خەبات بکەن)

دوایی بەینێک پاش ئەم مەسەلە مەلامستەفا، هەمزەعەلای بە دوو قاقەز بۆ ئێراق نارد(یانی هەمزەعەولا هەڵگری دوو نامە بوو)لەیەکێک لەم دوو نامەیە لە شیخ باباعەلی، کوڕی شێخ

مەحموود، داوا دەكرد بۆ گەڕانەوەی بۆ ئیراق لەلایان دەسەڵاتدارانی ئێراق پەیوەندی بگرێ ، و لەنامەكەی دیكە پێشنیاری دەكرد كەلە(ئێراقی)ش حیزبیک بەناوی حیزبی دێموكراتی كوردستان پیکبێنن. ڕاسپاردەبوو كە هەمزە عەولا لەم ڕووەوە كە ئەندامی(شۆڕش) بوو دەبێ بە مجد وەرگیرێت. بە ڕەوالەت مەلامستەفا و نموونەی حكوومەتی مەهاباد كە جێگای داكۆكی شوورەوی بوون، هەمزەعەولایان كە وەرچەرخانی زێدەڕۆیی چەپی هەبوو ئیقناع كردبوو بەمە كە بەشداری سەرۆكانی عەشایەر لە وەدەست هێنانی سەركەوتوویی جێگای گرینگایەتیەكی بنەڕەتیە. بەم شیوازە هەموو سازمانەكانی كوردی ئێراق دەبوایە هەڵبوەشانەوە و لەحیزبی نوی دەگوران و شكڵیان دەگرت.

ئەم كارەتازەیەی مەلامستەفا گەلێك هەڵچوونی لەكوردستانی ئێراق لێكەوتەوە. ئەو ئێستا قارەمانێكی نەتەوەیی بوو،كە لە هەوەڵین كۆماری مێژووی كورد بەرگری دەكرد. دژایەتی لە گەڵ وی چەتوون بوو،لەگەڵ ئەم هەمووە هێندێك لەگەل ئەم پیشنیارە ڕازی بوونیان دەرنەبڕی. برایم ئەحمەد كە هەنۆكە نوێنەری حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئیران لە سولیمانیە بوو لەگەڵ ئەم پیشنیارە دژایەتی كرد،بەم هۆیە لە فكری یەكیەتی كوردستان كەم دەكاتەوە،و بەم هۆیەش كە مەهاباد ئیستا ئاتاجی بە یەكیەتی و قەول و پەیمانی تەواوی مەلامستەفا بوو.

ئەم پێشنیارە تەنگەژەیەكی تایبەتی بۆ (شۆڕش)بە وجود هێنا،چونكە ڕاسپاردەكەی ئێستا لەشێوازو ورەوشتێك داكۆكی دەكرد، كە بە(دەرمانێك) كە (شۆڕش)بۆ چارەی دەرد،پروپاگەندە دەكرد، دژی یەكتربوو. لەدانیشتنێك كەلە مانگی ئەوت پێكهات(شۆرش)خۆی هەڵوەشاەڕاگەیاند. زۆرایەتی بە قازانجی وی لە پێكهاتن لە حیزبی نوێ دەنگیان دا، بەڵام ژمارەیەك لە لێژنەی ڕێبەری پێیان باشبوو بچنەپاڵ حیزبی كموونیست...و بەڵام (ڕزگاری) دەستەبەر،بە (یەكیەتی خەڵكی كورد)بوو. پێشنیاری بارزانی بۆ پێكهێنانی حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئیراق بەڕەوالەت شەرعیەت پێدان بەسنووری ئیران وئیراق مۆركردنی وی بوو. (ڕزگاری)ش كاتێك لە سەرەتای ئەوت لە بەغدا بە جۆرێكی نهێنی دانیشتنی پێكهێنا،وەكوو (شۆڕش)لە بەریەك بڵاوبوو: هێندێك حیزبێ تازەپێكهاتووی كوردستانی ئێراقیان هەڵبژاردو دەستەیەكی دیكە بە حیزبی كموونیستی(التحریرالوطنی)لكان. وێدەچی ئەندامانی كموونیست (ڕزگاری) خوازیاری حیزبێك بوون كە دوژمنایەتیەكی ئەوها لەلایان بەغدا هەلنەگیرسێنێ. زوربەی لە ئەندامان لەم بابەتە لە مەلامستەفا دڵ ئێش بوون كە كەسیتی وەك شێخ لەتیف و زیاد محەمەد ئاغای لە نەبوون لەحزوردا(لە جیاتی) خۆی بە جێگرهەڵبژاردبوو. ئەم كارە لەسەرئەم بنەڕەتیە شی دەكراوە كە عەشایەر تەنیا هێزی جەنگاوەری كارتێكەرن وكاتێك لە نەتەوەخوازان پشتیوانی دەكەن كە سەرۆكانی عەشایەر و شێخەكان جێگای ئیحترام و حورمەت و سەرۆكیان بن. ئەمە خالێكی بیروبۆچوون بوو كە بەرەوپێشچوون و ئەزموونی بزوتنەوەی كوردی سالەكانی داوایی،یانی هەتا كۆتایی دەیەی حەفتا،بەرەبەست كرد.

حیزبی نویی دێموكراتی كوردستانی ئێراق لە16ی ئەوت یەكەمین كۆنگرەی خۆی لە بەغدا بەرپاكرد. 32 نوێنەر حازرلەكۆنگرە كۆمیتەی ناوەندیان هەڵبژارد،كە هەمزەعەولا سكرتیریگشتی وی ومەلامستەفا ڕێبەری(لە پاشملەیی ونەبوون لەحزوردا)وی بوو، شێخ لەتیف وزیاد محەمەدئاغا جێگربوون. كۆنگرەبەرنامەی نەتەوەیی هەڵبژارد،كە بەپێی ناوەرۆكی وی كوردستان لە بەرەیەكی ورووژاو لەئیرادەو بیروڕای ئازادی خەڵكی كوردلەگەڵ ئێراق دەماوە،بەڵام نەیتوانی ناورۆكی

کۆمەڵایەتی وئابووری بەبەرنامەیەکەی خۆی بدا،وئەم بێ ئیختداریە زۆرتر بەهۆی ترس لە دڵ ئێشی خاوەن مڵکەکان وسەرۆکانی عەشایەر بوو. شوین تێکەری سەرۆکانی عەشایەر-وەکوو دزەییەکانی هەولێر(ئەربیل)-وەک پەڵە هەورێک لە سەرۆی حیزب سێبەری پان کردبوو و لەمپەری ڕاستەوخۆ لە سەرڕێگای گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو. ئەم جەرەیانە، هەڵچوونێک لەگەڵ حیزبی کموونیستی ئیراقی دوور لێنەکراو دەنواند.(حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق)مانگێک دوایی وی بڵاوکراوەیەکی تازەی بەناوی ڕزگاری بەناوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەرکرد.

لە دوایی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد لە سەرەتای ساڵی 1947 برایم ئەحمەد چووپاڵ حیزب،ومەیلەوچەپەکانی دژکاری لەگەڵ ئەم ناسیونالیستی ئاوەکی، کە حیزب هەتا ئێستا لە سەر وی نباخەی داڕشتبوو،لەدەورەی خۆ کۆکردەوە، بەڵام دوو ساڵ دوایی زیندانی کرا. لەساڵی 1950 هەمزەعەولا-ش کەوتە زیندان. لە پاش ساڵێک کە دەویدا هێندێک لەحیزب کشانەوە، چەپەکان لە هەل کەلکیان وەرگرت و لە هاوینی 1951 کۆنگرەی دووەمی حیزبیان بانگهێشتن بە دانیشتن کرد. کۆنگرە، برایم ئەحمەدی کە تازە لە بەندیخانە ئازادکرا بوو بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژارد. یەکەمین هەنگاوی برایم ئەحمەد لەم پۆستەدا دەرکردنی هەمزە عەولا لە حیزب بوو.

لەژانویەی 1953 کۆنگرەی سیومی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق بۆ نوێکردنەوەی حیزب هەنگاوێکی گرینگی هەڵگرت: ناوی حیزبی لە(حیزبی دێموکڕاتی کورد)بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق گۆڕی، وئەمە بەو مانایە بوو کە هەمووکەسانێک کەلە ئیراق نشتەجێن ودەیانتوانی چاوپۆشی لەپێناسی قەومی خۆیان بەوی بلکێن. ئەمە جوڵانەویەک بوو بولای ناسیونالیسم-ی(مەدەنی). حیزب هەمزە عەولای بە تۆمەتی هەنگاوی هەڵێنانی تەفرەقە و چەند بەرەکی و دەستەو پەستە و ئاژاوەنانەوە لەناوحیزب بەفەرمی لە حیزب وەدەرنا. خەباتی کوردستانی بەناوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەجێگای ڕزگاری دانا،وبەرنامەی لایانگرانی چەپی پەسەندکرد کە خوازیاری سەروساماندان بەوەرزیری و دەم پێداهێنان بە مافی جۆتیاران و کرێکاران و پێکهێنانی بەرەکانی کرێکاری بوو. بەکردەوە،حیزب لە خەباتی چینایەتی ئاشکرا بەم هۆیە کەلەنێو چێنی جۆتیار ڕیشەیەکی دانەکوتابوو و چینی (ئاغاوەتی)ش زۆر بەهێز بوو دووری کرد.

### خەباتی کۆمەڵایەتی-ئابووری

لەدەیەی 1920 بەم لاوە بار و دۆخ و هەڵکەوت و چلۆنایەتی ئاغاوەت،کە دەبوایە لاوازبوایە بەهێزببوو، وئەم چینەی خەڵکە هەرچرکەو کاتێک زۆرتر بە دەم ودەزگای حکوومەت جۆشی دەخوارد. ئەمە تەنیا بەم هۆیە نەبوو کە ئینگلیزیەکان هاتبوونە سەرئەم بڕیارە کە کارەکەیان بە واسیتەی ئاغاوەت بەرەوپێش بەرن بەڵکوو بەم هۆیەبوو کە لە ئاکامی بەڕیوەبردنی یاسای دابەشکردنی زەویوزاری ساڵەکانی 1932و 1938 کە چاوپۆشی لەهەرئامانج ومنزوورێک کە هەیبوو،بەناوکردنی(واگذاری) بەشێکی زۆر لەزەویەکانی دەوڵەتی و عەشایەری بە ئاغاکان سانایی کردبوو،بار و دۆخی ئابووری ماقولان ئیکجار بەهیزو قودرەت ببوو. لە 46بنەماڵەی ئاغاوەتی گەورەی ئیراق،کەهەریەک خاوەنی 30000دۆنوم(یانی 7500هەتا 18600 هێکتار)هەرد بوو 13بنەماڵەیان

کورد بوون،و لەم دەستەیە لە هەمووان دەنگین تر بەگزادەکانی جافی سلیمانیە و کەرکووک بوون،کە خاوەنی 539333دۆنوم زەوی بوون کە زورتر وی ئەوهەردانە بوون کە بە زۆرەملی یان ئەو زەویانەی کە بۆ نشتەجێکردنی جەماوەری قەبیلەیی لەبیروبۆچون دابوو و لەنەزەرگیرابوو،دەستیان بەسەرداگرتبوو. بەگزادەکانی جاف بە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بینی کەلەجیاتی نشتەجێ کردنی تایفەکان لەم عەردانە،لەکرێکارانی وەرزێر کەلک وەرگرن. لە بەشەکانی باشووریتر،دزەیەکانی تازە وەسەرپێ کەوتوو 52350دونوم زەویەکانیان قەرزداری سوودخۆران بوون،بەم مانایە کە ملّکەکان و ئاژاڵدارەکانیان کە بەرتەقای قەرزەکانیان نەدەکرد زوت کردن. لە بەشی هەولێر(ئەربیل)45گوند لە65گوند وێ بە سەرجەم ئی ئاغاکانی تورکمان بوون، کە بۆخۆیان لە وێ، لە سەر زەویەکانیان نەبوون.

پشت ئەستووری ڕژیم لە 1933،یانی لەمردنی فەیسەل بەم لاوە، پتر لە سەرئاغاکان و سەرۆک عەشایەر بوو. ئەمە زۆری بەهۆی لەرزۆکی خودی حکوومەت و هەروا بەهۆی شک ودوودلێەک بوو کەسەبارەت بە وەفاداری ئەڕتەش لەگۆڕیدابوو: ئەفسەرانی ئەرتەش، ئەومرۆڤانە پێکیاندەهێنا کەلە ناو تویەکانی نێوەراست خواروو چینی مام ماوەندی ڕاببوونە سەرپێ. هێندە حەزیان لە ڕژیمی سەلتەنەتی نەدەکرد-ژمارەی ئەم ئەفسەرانە ڕۆژ بەڕۆژ لەزێدەبوون دابوو.ئەمە،ڕوو بەڕوو بوونیکی نیوان دژ بە یەکتر بوو:ڕووبەڕوو بوون نیوان ڕژیمی کۆن لەگەڵ چینی مام ناوەندیەک کە لەحاڵی سەرهەڵدان دابوو،و ڕووبەڕوو بوونی دێهاتیەکان لەگەڵ ئەوشارانەی کە تازە وەسەرپێ دەکەوتن وگروگاڵیان دەکرد. هاوکاری بەرەو پێشکەوتوو نیوان ڕژیم و سەرۆکانی عەشایەر لەپێکهاتنی کۆڕوکۆمەڵ وحیزبەکانی دەوڵەتی بەتەواوی ئاشکرابوو. هێندێک ئاغاکانی کورد لە حیزبی(وەحدەتی مەشروتە)یەک کە نووری سەعید لە 1947 بنیاتی نا،بەرچاو بوو. سەرۆکانی جاف،دزەیی و میرمحەمەدی(بنەماڵەکی دیکەی کە خاوەنی 30000دونوم هەرد بوو) هەموویان لە ئەندامانی کۆمیتەی بەرزی حیزب بوون.

سازمانێک کە بەربەرەکانی لەگەڵ ئاغاکان هەستاوە نەک حیزبی دێموکڕات بەڵکوو حیزبی کموونیست بوو. کمونیستەکان پێشتر لە نێوکرێکارانی هەولیر(ئەربیل) وکەرکووک و سلیمانیە جیی خۆیان کردبۆوە. لە 1946 لەکرێکارانی نەوتی کەرکووک لە بەربەرەکانی و خەباتیان لەگەل بەشداری شەریکەی نەوتی ئیراق پشتیوانیان کرد،لە نێو وەرزێران-یش لایانگریان پەیداکردبوون. لە ساڵی 1945لە ڕاپەڕینی جۆتیاران(اربت)هەڵکەوتوو لە نزیک سلیمانیە، پشتیوانیان کرد. لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانی زێدەترلە حەوت پارچە هەردێک کە وقفی تەکیەی قادری بوو،بەگشتی ئی ڕعیەتەکان بوو. لە دوایی ساڵی 1918 شێخ مەحموود بەکەلک وەرگرتن لە شوین تێکەری خۆی هەموو گوندەکانی کردنە ملّکی کەسینی،کاتێک ملّکە زۆرەکەی بەسەر منداڵەکانی دابەشکرد،(ئاربت-ی) بەشێخ لەتیف دا. لە حاڵیکدا شێخ مەحموود زێدەتر لە دە دەرسەتی بەرهەم لە وەرزیران وەرنەدەگرت،هەنووکە شێخ لەتیف ئەوڕادەیەی بە یەک سیوم بەرهەم زێدەکردبوو، و هەتا لە دێهاتیەکانی داوای بێگاری دەکرد.(یانی:کاری بەخۆڕایی، بەلاش، بێ دەست حەق،مفت،).

کاتێک روون بۆوە کەدەوڵەت یارمەتییەکی بە وەرزێران ناکات،حیزبی کوومونیستی ئێراق هاتە سەرئەم بڕیارە(اربت)ی بە گەڵاڵەیەک لە ڕکەبەری لەگەڵ(ئاغاوەت)بگورێ. لەنوامبەری 1947 چاخێک وەرزێران لە بەریوە بردنی(فەرمانەکانی)شێخ لەتیف ملکەچ نەبوون ،شێخ 400چەکداری بۆ گوندنارد،پیاوەکان و لاوانی گوندیان لە بەرچاوی بنەماڵەکانیان قەمچی لێدا. ئەم جەرەیانە خۆپێشاندانێکی بەنیشانەی پشتیوانی لەسلیمانیە لێکەوتەوە، بەڵام هەرچەند (کۆمیتەت زەوی)بە قازانجی وەرزیران بیروڕای دەربڕی،شێخ لەیتف هەروا بەڕاشکاوی بە فشەی بە ڕدێنی قانوون دەکرد،وهەروا چەکدارەکانی بۆ گوند دەنارد وبەرەگەی ئاوی لەسەردانیشتوانی ئاوەدانی دەبەست وبەرهەمی کۆکراەی ئەوانی ئاگردەدا. حیزبی کموونیست، جڵەوی ڕیبەرایەتی اریب-ی بەدەست وەگرت،و لەبەرگری ودیفاع لە ئاوایی بە وەرزێرانی یارمەتی کرد. خولاسە، لە 1948 لەدوایی ئەمە کە لەئاکامی خەیانەتی یەکیک لەئەندامانی ناڕازیی ڕابردووی حیزب،دەوڵەت توانی ناوچەکانی حیزبی یەک لەدوای یەک بدۆزێتەوە وحیزبی لەسەرانسەری وڵات سەرکوت بکات، وەرزێرانی (اربت) ناچار لەتەسلیم بوون وشێخ لەتیف لەگەڵ ئەوان ڕیککەوت. و خاوەن مڵکایەتی ئەوانی لە سەر زەویەکانیان بە فەرمی ناسی، بەڵام لەبەرامبەر1-8بەرهەمی وەکوو (حقابە)یانی پارەی ئاو لە وان وەردەگرت.

جەرەیانی (ئەربەت)خاڵێکی پەیوەنداربوو: بۆ یەکەمین جارجۆتیاران بۆ بەربەرەکانی بە ڕووی (ئاغاوەت) دا هاتنەوە و نیشانیان دابوو کەگوڕانکاری لەکردنهاتووە. شەش ساڵ داوایی کاتێک وەرزێران لە دزەییەکان هەڵگەڕانەوە،دیسان حیزبی کموونیست دەستی تێدابوو،و ئەم مەسەلە زۆر بەم هۆیەبووکە ئێستا زوربەی ئەندامانی پایەبەرزی وی کورد بوون.

ئەم ڕووداوانە هێشتا ڕووداوی دە جیا بوون. گوند هێشتا بە سیاسەت ئالوودە و ڕموودە نەببوو، شارەکان بوون کە ئولکەیان بۆ گۆڕانکاری سیاسی ئامادە دەکردن. لە 1947-1948ئەوکات کە شارەکانی سلیمانیە وکەرکووک و هەولێرو زوربەی شارەکانی دیکەی ئێراق لە ئاکامی پەیمانی(پرتسموت) تووشی ئاڵۆزی شڵەقان و مەیدانی خۆپێشاندانی سیاسی بوون. ئەم مەسەلە بەتەواوی لەبەرچابوو، بەڵام ئیستا جگە لە (ئەربەت) دەڤەرەکانی دیهات بەتەواوی ئارام بووون ئاغاکان و مڵکدارەکان بە جۆرێکی ئاسایی هەروا وەرزێرانیان دەکروسینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە گومانیان دەکرد دیسان ئەمانە بوون کە بە نوێنەرایەتی لەلای وەرزێران هەڵدەبژێردرین. تێکۆ شەران و خەباتگیڕان، چ کموونیست یان دێموکرات،هێشتا ڕێگایەکی دوورو دریژیان لە پیش بوو.

لە1953 هێشتا بۆ حیزبی دیموکڕات چەتوون بوو کە لە جەرەیانی وەدەست هێنانی لایانگر،بوخچەی مەسەلەکانی چێنایەتی بکاتەوە. لەگەڵ ئەمە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ناڕازی بوون ئیکجار توندوتیژ بوو،رەنگ و ڕووی سویالیستی وەرگرتنی حیزب ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادی دابوو ولەگەڵ جەرەیانات و بارودۆخی سەردەم هاوهەنگاو بوو. ئەم مەسەلە زۆرترئاکامی گۆڕانی هەل ومەرج و باردۆخی ئابووری بوو. لەوکاتەی کە لە1934 ناردنی نەوت بۆ دەرەکی دەستی پێکرد سامانی ئیراق

لەزیادی دا،هەرچەند خێرا مەعلووم بووکەئەم سامانە بۆ تویژۆچینیەکانی خواروی کۆمەڵگا ناڕوات. خەڵکێکی زۆر،زەویەکانیان بۆ دۆزینەوەی کار،لەپێشەی نەوت، یان لەشارەکانی کوردستان یان بەغدا،بەجێدەهێشت. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەرنامەی ساڵی 1953 خۆیان،هەرخۆیی کردنی(نەتەویەتی) پیشەی نەوت و پشکەبەشێکی باش لە بەرهەمی نەوت وپێشەگەری قورس بۆ کوردستان داواکردبوو.

لە نیوەڕاستی دەیەی 1950 ئابووری کوردستان بە هۆی دورست کردنی بەرەبەستی گەورەی(دوکان ودەربەندیخان) سازدانی کارخانەکانی سیمان و تووتن،لەنزیک سلیمانیە،وردە وردە باشبوو.1954کوردێک بو وەزیری ناوەخۆ دانرا کە ئامانج ڕانەگەیاندراوی ئەمە بوو کە کوردستان لە ئابووری نەتەوەیی بە بەشی تێرەخۆرەی خۆی بگات.

لەگەڵ ئەمە لە درێژایی تەواوی دەیەی 1950هەراهورایا بۆ بەردەوام بوونی بەرنامەکانی بەرفرەوانی وپەرەپێدان بە مەبەستی ڕاکێشانی پاشمەنەی هێزی کاری کوردستان و باشبوونی شیوازەی کشت وکاڵی بەرز بوو. ناسازگاری ئاشکرا لە نابەرانبەری سەروت و سامان، هەژارێەکی توند وبێ دەرەتان گوندکان و پەنا بردنی خەڵک بۆ شارەکان، پەیوەندی و ئامووشۆی جۆتیارو خاوەن ملکی تێکدابوو.

تەنگەژەی کاری ئامرازی ماشینی کشت وکاڵ ئەمە بوو کەدێهاتیەکان زوربەی لە کاربێکاردەکرد،وسامانی چینی خاوەنی زەوی زۆرترلەپێش برەوپێدەدا. گروپیک هەتا پێش بێنییان دەکردکە لەوانەیە ناسازگاری خەڵک لەشارەکان بۆ دەڤەرەکانی دیهات کارتێکەربێت.

لە هەڵ و مەرج و بارودۆخێکی ئەوها دیاربوو کەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەماوەرێکی زۆرتری لە خەڵکی کورد بۆلای خۆی ڕادەکیشێ- حیزبی کموونیست لەم بارەوە گەلیک سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنابوو. لە1954 حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان وحیزبێ کموونیست لە خولی سەرەتایی دەنگدان لە ناساندی پاڵاوتراوان،یالیکاری یەکتریان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی 1053بەم لاوە لەحیزبی کموونیست نزیکتر بوو، چونکە ئیستا لایانگری یەکیەتی لەگەڵ ئۆردوگای سوسیالیسم و جێگۆڕینی دەزگای سەلتەنەت لەگەڵ کۆماری دێموکڕاتێکی بوو کە لەویدا خەڵکی کورد بتوانن کە پێناسی ڕاستەوخۆ بەرهەم وەرگرین.

بە سەرنجدان بە جەرەیاناتی دنیا،حیزبی دێموکڕات و حیزبی کمونیست هەرگاوێک پتر هەستیان پێدەکرد کە پێویستە ودەبێ پێکەوە هاوکاری زۆرتربکەن. لەفۆرییەی 1955 ئیراق پەیمانی بەرگری لەگەڵ تورکیە ئیمزاکردبوو،کە لەمانادا بەشێک لە پەیمانی(سێ قۆڵی باشوور)دژی هەڕەشەی یەکیەتی شووڕەوی بوو. هێندێک دوایی ئێران و بریتانیا و پاکستان بەم پەیمانە کە بە پەیمانی بەغدا ناو دێر بوو لکان. دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی و ئاغاکانی کوردکە لەناو حکوومەتی سەلتەنەتی ئیراق لە ئاسایش کەلکیان وەردەگرت، لەم پەیمانەو ئارامیەک کە وادەی دەدا پێشوازێکی جوانیان

کرد. تورکمانەکانی کەرکووک ناوچەکانی دەورووپشتی دیکەی کوردستان-یش بەم هۆیە کە بەپشتیوانی فەرهەنگی خۆیان، یانی تورکیە،ویککەوتنی زۆرتریان هەبوو پێشوازیەکی جوانیانکرد.

بەڵام کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم پەیمانەیان وەکوو پەیمانی سێ قۆڵی ساڵی 1937ی سەعدئاباد بە چاوی پەیمانێک دژی کوردەکان و هەروا پەیمانی ئەمپەڕالیستی دژی بلووکی سۆسیالیستی چاولێدەکرد. هەروەک ڕووداوی دوایی نیشانی دا پەیمانی بەغدا هەڵەیەکی حەسابکراوی موسیبەت باربوو،کە لە خۆڕا هەڵچوونی لەگەڵ ناسیونالیسم-ی پان عەرەبی ژوورو دەرەوەی ئیراق دووپات کرد. دژایەتی لەگەڵ پەیمان لەلای ناسیونالیسەکانی عەرەب و سوسیالیستەکان و لیبراڵەکانی باڵی چەپ و هەتا گروپەکانی ئیسلامی باڵی ڕاست،وەبیرکوردانیشی هێناوە کە ئەوانیش (پێناسی)جیا لە ئیدیکەیان نییە.

بەسەرنجدان بە مەسەلەیەکی ئەوها،یەکیەتی کوردەکان هەنۆکە پێویستتر لە هەمێشە بوو. لە 1956 حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمزەعەولاو دارودەستەکەی وی کەبەجەبهەی پێشەنگ دەنگین بوو سەرلەنوێ بۆ حیزب قەبوول کرد(هەمزەعەولا سەردەمێک بوو کەلەزیندان ئازاد ببوو)گەلێک لە بەشی کوردی حیزبی کموونیست-یش لە 1957بە حیزبی دێموکرات لکان وهەتا سەردەمێک بۆ جیا بوونەوەی ئەم (ملغمە)حیزبی دیموکراتی کوردستان بەناوی(حیزبی دێموکراتی یەکگرتووی کوردستان)مەشهووربوو. هەمزەعەولا کەسایەتیەکانی دیکەی ناسراوسەرلەنوێ بەکۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی وەرگیران. لایان وڕاستای سیاسەتی حیزب هەروا بەئاشکرایی سوسیالیستی و موافق بەبلووکی شووڕەوی و دژایەتی سەرسەختانە لەگەل پەیمانی بەغدامایەوە.

لەم نێوەدا هەڵ ومەرج و گۆڕانکاری وەزیتی کوردستان، و شکۆ وگەورەیی ناسیونالیسم-ی عەرەب وکورد،و سەرنجی عەزیمی ناسر،هێندێک لە ئاغاکانی کوردی قانع بەمە کرد، کە سەلتەنەتی هاشمی ئیدی جێگای ئیحتوبار و متمانە نییە. لە دەسامبەری 1956 کە ئالۆزی سوئزبەو پەڕی خۆی گەیبوو،شەپۆلێک لە دڵەڕاوکەی چینی زەنگین و خاوەن ملک کوردستانی تێک وەرپێچا. ناردراوی گروپێک لە ئاغاوەتی باشوور لە مووسڵ لەگەڵ باڵوێزی برتانیا پەیوەندیان گرت و لە وی بۆ پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ وزیدی کموونیست لە باشووری ئێراق داوای چەک و تەقەمەنی و یارمەتی ماڵی کرد. پێشتر ئاغاوەتی دەڤەرەکانی ناوەندی و باکوور-یش ئەوهایان کردبوو و هیواداربوون کە برتیانیا لەم مەسەلە داکۆکی بکات. ئەم تاقمەیە بۆ ئەوەی بەردیان لەسەردانابێت هەتا دەستەبەربوون کە مەلامستەفای لە شووڕەوی لەناوبەرن. وهەرئەمە بۆخۆی نیشانی دەدا کە ئاغاکان چ ڕادە خۆیان بەتەنیاو لە قەراخ داناو(وەلانراو) هەست پێدەکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1958 قەست و نییەتی ڕووداوەکە وەلەزکەوت. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیستا لەگەڵ(ئەفسەرانی ئازاد) لە پویوەندی دابوو، کە بە شوێن کەفتن لە ڕێوو شوێنێک کە ئەفسەرانی هاوناویان لە میسر وەدەستیان دابوو خەریک بوون سەلتەنەتی بنەماڵەی هاشمی

بڕوخێنن و لەجێگای وی موافیق لەگەڵ ئامانجیک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی 1953 بۆخۆی دیاری کردبوو،لە وڵات کۆماری دێموکڕاتیک پێکبێنن.

---

سەرچاوەکان:

بریتانیای کبیر،ادارة بایگانی عمومی:سریهای وزارت خارجه 371شمارەهای 18945، 24560، 34940، 40038، 40039، 40041، 40178 45311، 45323، 45346، 52369، 68472، 82000، 82499، 128040، 128041،

منتشرنشده:ابراهیم احمد،الاکراد والاعراب(بغداد، 1937)،اف.دیویداندریوز،خلقهای لزدست رفتة خاورمیانه(سالیزبری،ان.سی.1982)حنابتاتو،طبقات اجتماعی سابق جنبشهای انقلابی درعراق(پرینستن،1978)دزیگیل،جوامع روستای عراق معاصر، کتابچة راهمایی عراق (بغداد 1936) سعدجواد عراق ومسألة کرد،70- 1957(لندن،1981)ماجد خدری،عراق مستقل(لندن،1951) وانترلاکر،کمونیسم وناسیونالیسم درخاورمیانه(لندن 1961) سریف، الجامعات والمسنظمات،فاروق سلوگلت وسلوگلت،عراق از 1958 به این سو، لندن،1987).

،نتشرنشده: عثمان،(بررسی تاریخی)

مصاحبه:ابراهیم احمد(لندن،15ژوئن 1988) محەمەدرسول هاوار(لندن،20ژوئن 1993).

بیرنامەکان:

1-ئەم گەوپە حیکمەت بابان،کە سیاسەتمەداری موخالیف بوو بەم کاری هاندا. ئەو هیواداربوو بەم کردەوە عەشایەری ناڕازی کورد وعەشایەری دانیشتووی ناوچەکانی نیوەڕاستی فەڕات بە هانگاوێکی هاوسەنگ دنەدات. 2-ئەوانە بریتی بوون لە(زانستی کوردستان) لە بەغدا، و دوو بنکەی خێرات ئیسلامی، و دوو ئەنجوومەن لە کوی-سنجاق،کەیەکێک لەوانە تیکۆشانی خۆی بۆ بەرەوپێش بردنی زانست و زانیاری سەقامگیرکردبوو. پەڕتووکی ڕێنوێنی عراق، 1936، لاپەڕەکانی 557-5961، 3-برایم ئەحمەد،وتوویژی تایبەتی،15ی ژوئن 1988، 4-بۆ ئەندامانی دیکە بڕواننە بەالجامعات والمنظمات،نوسینی شەریف،لاپەڕە 92. 5-وەزاڕەتی دەرەوە 371/ 24560 ادموندز(ڕوسیە وکوردەکان) 15ی فۆرییەی 1940، 6-وەزاڕەتی دەرەوە 371/ 34940شمارة 138، 14 ئۆکتۆبر 1943. 7-وەزاڕەتی دەرەوە 371/ 40038 نامەی ڕێکەوت 25ی دەسامبەری 1943 ی بارزانی بە کورنوالیس. 8-هەل ومەرج لەم قەرهارەبوو:(بۆ پاراستنی ئابروی حکوومەت)1-مەلامستەفا موەقەتەن هەتا بەێنێک لە ناوچەی بارزان نەبێت2-شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکەی دەست وجێ بۆ بارزان بگەڕینەوە3-لەجەرەیانی ئەهوەن کردنەوەی وەزیەت لەئەفسەرانی کوردی ئەڕتەش بەناوی ڕابیت کەلک

وەربگیرێ 4- بە گوندەکانی خاپووربووی بارزان گەنمیان بدرێتی 5-ئەڕتەش لەمیرگەسۆر وەدەرکەوێت.
بروانە بەوەزارەتی دەرەوە 371/ 40041 نامەی ڕیک 9-وەزارەتی دەرەوە 371/ 40039 نامەی
ڕیکەوت 23ی ئەوت 1944 تامپس بەایدن- بەغدا. 10-
وەزارەتی دەرەوە371/ 40039 نامەی ڕیکەوت 10ی دەسامبەر کورنوالیس بەایدن-بەغدا
11-بۆ چاولێکردنی سەنەدی بریتی لە دەستەبەری مەلامستەفای لەئاژاوە سازدان،بنواڕنن بە
پیرستی ڕوداوەکان لەپوشەی 371/ 41311وەزارەتی دەروە،یادداشتی ڕکەوت 11ی ئەوت 1945
داوسن شپرد،بەغدا، بڕوانە بەوەزارەتی دەرەوە 371/ 45323 نامەی ڕیکەوت 7ی ئەوتی 1945
تامپسن بۆ وەزارەتی دەرەوە،بەغدا. 12-شەریف،الجامعات والمنظمات،لاپەڕەی 121،کە لەنضال
الاکراد محەمەد شیرزاد نقل قەول دەکات(قاهیرە1946)لاپەرەکانی 28-27- 13-(ڕەزگاری)لە
لەگەڕانەوە بەکۆمەڵگای نیونەتەوەیی نەبوو . لە 1943 بەم لاوە لە گەل یەکگرتووەکان
(متفقین)ولەدوایی وی لەگەڵ سازمانی ملل یەکگرتوو وکۆمەڵگایانی نێودەوڵەتی پەیوەندی گرتبوو. بۆ
ئاگاداری لە ناوەکان ی ئەم کۆمەڵگای دیپلۆماتیک،بڕوانە نوسینی جویدە بەناوی (بزوتنەوەی
نەتەوی کورد)لاپەڕەکانی 792-802. 14-ئەلقاعیدە،نوامبەری 1945،
بە نەقل وقەول لەشەریف-الجامعات... لاپەڕە 131 .
15-وەزارەتی دەرەوە 371/ 45346 نامەی ڕیکەوت 3ی مەی 1945 استون هیوئربرد بەایدن-بەغدا.
16-شیرزاد،نضال الاکراد،لاپەڕەکانی 28-29،بەنەقل و قەول لە جویدە(بزوتنەوەی مللەی
کورد)لاپەڕەی 707. 17-وەزارەتی دەرەوە371/ 82499،نامەی ڕیکەوت 6ی
دەسامبەری 1949 کلارک بەماک. 18-دەزگای
ئیستخباراتی بریتانیا ئەم گۆڤارەی بەباشترین (گۆڤاری ئەدەبی خاوەرمیانە)
هەڵسەنگاندووە،وەزارەتی دەرەوە371/ 62396 بۆچوونی.....سەبارەت بەسەنەدی ناوبراو
بە(فورد)لەژێرناوی(تەنگەژەی کورد)،1ی مەی 1946. 19-
کریس کۆچرا(بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەڕەی 190، 20-بیرەوەریەکانی سالح
حەیدەری بە گیرانەوە لەنووسینی سەعیدجەواد لەژێرناوی(ئیراق ومەسەلەی کورد،70-
1958،لاپەڕەی 19،هەروا بڕاونەحەیدەری ئەوانی تر،لەنوسینی شەریف،الجامعات... لاوەڕەکانی
141-152. 21-نقل بەمعنی ازبتاتو،طبقات
اجتماعی قەدیم،لاپەڕە612. 22-لەنیوان سالەکانی 1949هەتا 1955 سکرتیرەکانی
گشتی حیزب، کوردبوون،و31/3 لەسەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کورد پێکیان دێنا،
لەهەڵسەنگان لەگەل تەنیا 3/ 4 لەسەت لەڕیبەرانی حیزب لەهەشت ساڵی ڕابردوو، بتاتو،تەبەقاتی
کۆمەلایەتی کۆن،لاپەری 664. 23- ئەم کەسایەتیە سەعید قەزاز بووکە لەدوایی
ئیقلابی ساڵی 1958 بەناوی (نۆکەر)ی ڕژیمی پیشوو ئیحدام کرا. 24-ئەم گروپە بریتی بوون لە
:مەحموودئاغای زێباری،دوالی ئاغا دۆسکی، عەوإ شەرفانی،سالح ئاغا عەبدولعەزیز(عمادیە)
عەبدولعەزیز حاجی میلو میزوری، و دووشێخی یەزیدی- وەزارەتی دەرەوە 371/ 128040 ڕاپۆرتی
سیاسی مووسڵ،دەسامبەری 1958.

پاژی 14

## کوردەکان لەئێراقی ئینقلابی

سەرەتا؛

کودتای 14ی ژوئیەی 1958ی عەبدولکەریم قاسم و ئەفسەرانی ئازاد،دەورانیکی هیواداری بۆ کوردەکان وادە دا. عەبدولکەریم قاسم کاتێک جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت،وادەی دا کەکۆماری دێموکڕاتیک لە وڵات پێکبێنیت، وکابینەیەکی تەشکیل دا کە بریتی لە:ئەفسەران و ئەندامانی (جبهەی یەکگرتووی نەتەوەیی)بوو. هەرچەند حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی کموونیست لەم کابینە ئەندامەتیان نەبوو،بەڵام لە باباعەلی، کوڕی شێخ مەحموود ی،بانگهێشتن کرا کە لەکابینە بەشداری بکات. قاسم هەروا شوڕای حاکمییەتی بریتی لە سێ ئەندام پیکهێنا: سوننەیەک،شێعەیەک، کوردێک. ئەم کردەوە بەئاشکرا حەڕەکەتێکی خۆنواندن بوو.

برایم ئەحمەد وەکوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەست و جێ پشتیوانی حیزبی لە ڕژیمی نوێ ڕاگەیاند، و داخۆیانێکی بڵاوکرد کە دەویدا لە ڕژیمی تازە و ئازادی و برایەتی نەتەوەکانی کوردو عەرەب بە گەرمی پێشوازی دەکرا. دوو حەوتوو دوایی کە (دەستوور)قانوون ئەساسی موەقەت بڵاوبۆوە برگەی 3ی وی دەیگوت: کە (عەرەبەکان وکوردەکان لە وڵات هاوبەشن و، وڵات مافی ئەوان لەچوارچێوەی مەوجودێەتی ئیراق بە فەڕمی دەناسێت.) لانی کەم بە بوون و، وجودی کوردەکان ئیعتڕاف کرابوو،دەمی پێداهاتبوو.

ئێستا بەڕەواڵەت هەموو شت بۆ جێ بەجێ کردنی هەڵچوونی لەگۆڕیدا نێوان بەغداو کۆمەڵگای کورد کەلە 1921 بەم لاوە بەردەوام بوو هەموار بوو. بەڵام لەدنیای ڕاستی ئولکە بۆ زنجیرە خەباتێکی پێکەوەگاوکراو نێوان داواکارانی دەسەڵات وەزیتی نوێ ئامادەبوو. لەڕاستایی بەرچاو کێشمەکیش وڕوو بەڕوو بوون نیوان کەسیتی یەکان بوو. لەم کەسیتی یانە لە هەمووان ناقۆڵاتر،قاسم و مەلامستەفا بوون. قاسم کە تووشی ڕەشبینیەکی توند ببوو ئیرادە و فکرو زکری خەم لە خۆ خواردن ئاگاداری و پاراستنی چلۆنایەتی ودۆخ وهەڵکەوتی خۆی بوو بۆخۆشی چ حیزبێکی نەبوو،مەجبوورخیرا بۆ پاراستن دەسەڵات ودەست بەپوشکردنی دوژمنانی قودرەت دەستی بەتێک بەردانی حیزبەکان و گروپەکانی سیاسی کوردکرد. مەلامستەفا کە بە بانگێشتنی قاسم بۆ ئێراق گەڕابۆوە و بڕیاری بە وەدەست هێنانی ڕێبەرایەتی کوردستانی ئیراق بوو. وشەڕی کوردەکان لە ئیراق سەردەمێک دەستی پیکرد کە ئەم دووە لە ماوەی ساڵی 1961 بەتوندی پێکەوە لە زۆرەوانی دابوون.

بەڵام لەپشت ئەم ڕوو بەڕوو بوونانەی کەسینی مەسەلەی دە پێچراوتریش هەبوو: کێشمەکیشم نیوان ناسیونالیستەکانی ڕەقیب،کێشمەکێشمەکانی نێوان ئەفرادی نیزامی ونانیزامی بەغدا،ولەئاکام کێشمەکیش نێوان تایفەگەری و ئیدولۆژی لەکوردستان. هەموو ئەم هەڵچوونانە لایانەکان لە تێکۆشان و حەولدان بەنیەت دێتنەوەی ڕیگای چارەی بە دەست هێنانی سەرکەوتن بۆ مەسەلەی کورد لە هیزبەتاڵ و خاڵی بوو.

بەم شێوازە پاناگۆڕاییی ئیراق لەدوای سەردەمی هاشمی تەژی لە مەیدانداری و سەف نانەوەو ئینکەبەری قوماربازانی تازە بوو: یانی ناسیونالیستەکانی عەرب،حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسیتیەکانی بەناوبانگی وی،حیزبی کموونیستی ئیراق، کەهیواداربوو ڕۆڵێکی گەورە لەئیراق لەدوایی بنەماڵەی هاشمی بگێڕێ- و لە ئاکامدا ئاغاکانی کورد، کە سەرنخوونی سەلتەنەتیان(کە بۆخۆیان بەشێکی پێویست و جیانەکراوی وی بوون) بەکارەسات دەزانی.

**خەریک بوون بەناسیونالیستەکانی عەڕەب وکموونیستەکان**

یەکەمین نیشانەی دڵ ئێشی لە هەڵچوون،نیوان دوو ناسیونالیسم-ی کوردو عەڕەب سەری هاڵدا. برایم ئەحمەد،سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قاسمی داواکرد کە خودموختاری کوردستان لە(دەستوور)قانوون ئەساسی موەقەت بگونجێنێت. بەڵام ئەو لە لایان جێگرەکەی،عارف، و ناسیونالیستەکانی دیکەی عەڕەب-ێش کە دەیانویست ئیراق بە(کۆماری یەکگرتووی عارەبی) وەنوسێت لە فشاردابوو. ناسیونالیستەکانی عەڕەب لەگەڵ ڕوو بەڕوو بونی بەرەوالەت موافیقی قاسم لەگەڵ کوردەکان، بەتایبەت پێشوازیەکەی لەگەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ وڵات،موخالیف بوون. قاسم پێیخۆش نەبوو لە بەرانبەر زەختی ناسیونالیسم-ی عەڕەب ملکەچ بێت،و بێ شک وگومان نەیدەویست کەلە کۆماری ڕوو بە بەرفرەوانی یەکگرتووی عارەبی ڕۆلی دووەم لەبەرامبەر ناسر وە ئەستۆی بگرێ،لەونیوەش دا نەیدەویست کە بەم زووبیە زۆر بەکوردەکان مەیدان بدات.

زۆر دوور دەنوێنێت کەژەنەراڵ قاسم بەباشی بەمەسەلەی خودموختاری کوردانی فکر لێکردبێتەوە ویستبێتی سەبارەت بەوی بڕیاربگرێت. بەڵام سروشتی و کەسیتی خۆدی وی ئەوها بوو کە دەسەڵاتی هێچ کەسێک و باڵیک و لایانێکی ڕوو لێ وەرنەدەگێرا. لەبەرئەمە لەبرایم ئەحمەدی ویست کە سەبربکات، وقەولی پێدا کە خودموختاری کورد لەقانوون ئەساسی هەمیشەیی دا جێ بۆ بکاتەوە و بگونجێنێت.

لەم بێنەدا برایم ئەحمەد کەئاقیدەی وابوو ناسیونالیسم-ی عەڕەب هێزی بەقودرەت و چیرە دەستی دواڕۆژی وڵات دەبێت،بێ هەست وخوست هەودای پەیوەندیەکی لە گەڵ عارف ڕاچاند. ئەو لەو کەسیتی کە جەماڵ عەبدولناسر لە دنیای عەڕەب هەیبوو بەباشی ئاگاداربوو. ناسر لەئۆکتۆبری ئەوساڵیدا ئەوی بۆ چاوپێکەوتن بەگەرمی قەبووڵ کرد،و ئەو هەست وکەوتی دۆستانەی ڕیبەی میسری سەبارەت بەکوردان، یەک لەوان دەربڕینی ڕەزامەندی لەگەڵ بڵاوکردەنەوەی بەرنامەکانی کوردی(لەڕادیویی قاهیرە)بەباشی شیکردەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە عارف دەربڕینی نزیکایەتی برایم ئەحمەدی بە ساردی وەڵام دابۆوە،قاسم پێیوابوو کە ئەم دووە بەنهێنی دەژی وی پیلان دادەڕێژن. کوردەکان بە ڕەواڵەت تەنیا وگەورەترین لەمپەر لە ڕێگای یەکیەتی لەگەڵ کۆماری عەرەبی بوون،و قاسم حەزی لەمە دەکردکە دەستگیرەیەکی لە بەردەست دابێت. لە بەرئەمە بەهیچ لەونێک نەیدەویست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناسیونالیستەکانی عەرەب دەستی دۆستایەتی و یەکیەتی لە دەستی یەک بنێن. قاسم بەلەزو تاڵۆکە عارفی لەکار وەلانا و زیندانی کرد،بەڵام ڕەشبینی و نیگەرانی و شک وگومانی سەبارەت بەبرایم ئەحمەد زێدەتربوو. لەکۆتایی ساڵ لە مەلامستەفای ویست کە ئەوی لەکار وەلابنێت.

مەلامستەفا لەسەرتای ئۆکتۆبر لە ڕێگای قاهیرە بۆ بەغدا گەڕاوە وپێشوازیەکی گەرم وگوڕی لێکرا. بارزانی لە دوایی ڕۆخانی ڕژیمی سەلتەنەتی هاشمی، بەتیلگرافێک، دەستەبەری خۆی سەبەرەت بەئالیکاری کورد وعەرەب بە قاسم ڕاگەیاند بوو و لە وی داوای ئیجازەی گەڕانەوەی کردبوو.

قاسم بەم ئاکامەگەیشت کە مەلامستەفا پارسەنگەکی بەقودرەت لەبەرامبەر ناسیونالیستەکانی عەرەبە، زورلەئاقل بەدوورە کە ڕابردووی محیبەتێک لەنێوان ئەم دووە بەوجود بێت. لەبەر ئەمە ئەوی بەبەرپرسی حیزبی دێموکڕات ناسی( کە ڕوتبەیەک بووکەمەلامستەفا لە ماوەی ساڵەکانی دوورخراوەیش دا هەیبوو)یەکێک لە شوێنی دانیشتنەکانی پێشووی نووری سەعید(کۆشکی سەباح نووری،کوڕی نووری سەعید)لەبەغد بەویدا، ئۆتۆمبێلەکیشیان لەبەردەست دانا و موچەیەکی مانگانەیان بۆ بڕیەوە ودیاری کرد.

بەلێکدانەوەیەک مەلامستەفا ئێستا دەبێ بڵێین کاربەدەستێکی قاسم بوو،بەڵام لەلێروانینێکی دیکە هەمووشت بوو جگە لەمە: لەقەلایەچەی شاخاویەکانی بادینان بەرپرسی خۆی بوو، نەدەینداری ڕۆناکبیرانی شارنشینی وەکوو برایم ئەحمەد یان جەلال تاڵەبانی بوو نە دەینداری دەوڵەتی ئێراق. دڵی جەنگاوەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە ئیختیاردابوو، کەسایەتیەکی ئەفسانەیی خەڵکی کورد بوو، و بەپێچەوانەی دەفتەری سیاسی حیزب،ژەنەڕاڵ قاسم گویی لەوی ڕادەگرت،قسەکانی بە بایەخ وەردەگرت.

ڕاستیەکە ئەمە بووکە مەلامستەفا لەگەڵ قاسم هاوکاری بکات، چونکە قاسم ئەوی بەفەرمی بە ناوی ڕێبەری خەڵکی کورد دەم پێداهێنابوو. ژەنەڕاڵ بارزانی تێگەیی کە حیلەحیلی برایم ئەحمەد لەگەڵ ناسیونالیستەکانی عەرەب بۆ پەیوەندی نێوان کوردەکان لەگەڵ قاسم مەترسی داردەبێت. بۆ دەرپەڕاندنی برایم ئەحمەد لە سکرتیری گشتی و دانانی هەمزە عەولا لەجێگای وی، لە ژانویەی 1959،دۆزینەوەی لانگرانێک لە دەفتەری سیاسی حیزب لەگەڵ دژواریەکی هێندە بەڕەو ڕوو نەبوو. هەمزە عەولا بەلای کموونیستانیدا دادەشکاندەوە و مەیلەوکموونیست بوو.

ئەم دانانە(یانی دانانی هەمزەعەولا بەسکرتیری گشتی حیزب)ئەو چاخ بە فکرێکی باش دەقۆزدراوە. هەمزە عەولا دایم و دەرهەم لەکموونیستەکان نزیک بوو و ئەوانی بە هێزی سەرکەوتووی دوارۆژ

دەزانی.  لە مانگی ئۆکتۆبەرحیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی کموونیست سەبارەت بە کیشمەکێشم-ی ئیدۆلۆژێک لە نێوخۆیان،بە پێکهاتن وڕیککەوتنێک گەیبوون:حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داوای خۆی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە بەرامبەر پشتیوانی حیزبی کموونیست لە خودموختاری ئیداری دەستی کێشاوە. لەمەدا شک وگومان نەبوو کە حیزبی کموونیست لە ناوچە لە سازمانی باشترو داکۆکی زێدەتر لەهەر حیزبێکی دیکە بەرهەم وەرگر بوو. ئەمەش شیوازێک بوو کە قاسم ئەم دوو حیزبەی(یانی حیزبی کموونیست و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان)ی وەکوو پارسەنگێک لەبەرامبەر ناسیونالیستەکانی عەڕەب و(بەعس)بەچاوی ڕازای بوون ڵیدەڕوانیێ.

چەکدارانی بارزانی خێرا بەیارمەتی وئالیکاری بە دامرکانی شۆڕشی مانگی 1959 ی مووسڵ(شۆڕشی شەواف)بایەخی خۆیان بۆ قاسم نیشاندا. ئەم شۆڕشە بەڕەواڵەت ئەفسەرانی ناسیونالیست(وبەعسی)کەلە خەیانەتی قاسم بە ئیبقلاب ناهومێد بوون وەڕێیان خست. ئەم شۆڕشەگۆیا دژکردەوەیەکی لەبەرامبەر خۆ پیێ نیشاندانی 250000کەسی بوو کەلەلای(لایانگرانی ئاشتی) پێکهات- ئەم لایانگرانەی ئاشتیان  زۆرتر بەچاوی جەبهەی کموونیستی لێدەڕوانین.  ئەم جەرەیانە لەڕاستیدا بە(واسیتەی کردەوە)بۆ هەڵچوونەکانی ئیدوئەلۆژیک و تایفەگەری و قەومی گوڕدرا. لەکارکردن بە نێواناخۆشی نیوان پان عەڕەبیسم-ی سوننەو خەڵکی زوربەی کوردو مەسیحی چەپ گوڕدرا. بەڵام وەرزێرانی مووسڵ-یش ئەم هەلەیان قۆستەوە و خەریکی خاوەن ملکەکانی خۆیان بوون،لەحاڵیکدا هێزەکانی کورد وعەڕەبی تیپی پینجەم،هجومیان بردەسەرئەفسەرانی عەڕەب،تیروتایفەو هۆزەکان دەگیانی یەکدی بەربوون.

کوردەکانی بە فەرمانی مەلامستەفا بارزانی(بۆ بەرگری و دیفاع لە خۆیان لە بەرامبەر شوینیسم-ی عەڕەب)خۆیان دەمووسڵ هایشت،هەتا بیرەوەری کوژرانی بابی شێخ مەحموودیان لە پەنجاەساڵ پێش زێندو کردەوە. کموونیستەکان (بەڕیبەرایەتی کوردیک) و چەکدارانی بارزانی لە دامرکانی شۆڕش و تۆڵە وەرگرتنەوە لە ناسیونالیستەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بەڕێوە برد. لە ماوەی چوار ڕۆژی ئاژاوە بەلانی کەم 200کەس، وێدەچوو 2500کەس لەم هەڵڵایە کوژران. لە حالێکدا کموونیستەکان وکوردەکان لە موسڵ کۆنە حیسابیان لەگەڵ دەژمنەکانیان دەکرد،قاسم لەم ڕوو داوە بەناوی دەسگرەیەک لە بۆ پاسازی خاوینکردنەوەی هێزەکانی ئەڕتەش لە وجوودی ناسیونالیستەکان و بەعسییەکان کەلکی وەرگرت.

بەم ڕێووشوێنەوشیوازە کموونیستەکان وکوردەکان بەقاسم-یان ئاڵیکاری کردکە لە گەڵ دوژمنانی ڕاستەقینە حیسابەکانیان بکەن. کموونیستەکان هەرچەند کە هێشتا نەچوو بوونە ناو دەوڵەت بەڵام دەیانتوانی هیوادارین کە بە ئیحتوباری هێزەکانی ئاسمانی لایانگرانیان لە دەسەڵات وەدوانەکەون. چ حیزب و سازمانێکی دیکە نەیدەتوانی ئەم هەمووە ئەندام و لایانگری بۆ خۆپێشاندانی سیاسی لە مەیدان کۆکاتەوە. جگە لەمە،حیزبی کمونیست (هێزەکانی بەرگری خەڵکی)یان(کە چریکەکانی ڕایانهێنراو،بوون) بەکارتیکەر لەژێرحوکم و دەست ڕۆیشتن دابوو،و ئەم بنکەیە بەلەز لە حالی بەرفرەوانی و پەرەئەستاندن بوو. بیجگەلەوانە بە داکۆکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش هیواداربوو،چونکە هەمزە عەولا-ش هەرلەم سیاسەتەی حیزبێ کموونیستی بەردەوام بوو. لە ڕاستیدا

ئەم دوو حیزبە چەند پێشتر سەبارەت بە تێکۆشانەکانی خۆیان لە کوردستان ڕیککەوتبوون. لە ئاکامدا حیزبی کوومونیستی ئیراق ڕۆژ بەڕۆژ بە مەترسیەکی گەورەتر بۆ دۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەتی قاسم پەرپۆی داویشت.

لەنیوەڕاستی ژوئیەی 1959 جارێکیتر ئاژاوەیەکی بەڕاستی، ئەمجار لە کەرکووک، قەوما،کەشارێک بوو لەسەرلێواری تەقینەوە. ئەم کەرەت پرێشکەک کەئاگری ئەم جەرەیانەی هەڵایساند،لێک کۆبوونەوەی چەپەکان بوو. دەبێ لەبیرمان بێت کە ئەندامانی حیزبی کومونیست،لەباشوور زۆرایەتی کوردەکانیان پێکدەهێنا. هەڵچوون، لە نێوان کوردەکان و تورکمانەکان بوو. تورکمانەکان بەشیکی زۆری جەماوەری ناوچەبوون. ئاپوورەی خەلکی کوردی کەرکووک لەدەیەکانی 1930 و1940 بەرەو زۆرایەتی ڕوویبوو،ئەوکات کەخەڵکی دیهات لەبەرتەماع و زوڵمی ئاغاکان بەدوای کار لە پێشەی تازە و شکۆمەندی نەوت ڕوویان لە شارەکان دابوو. لە 1959 نیوەی لەجەماوەر150000کەسی شار،تورکمان بوون.کەمترلەنیوەی جەماوەری دیکەی شار کوردەکان بوون، پاشمەنە عەرەب وئەرمەنی وئاشۆری بوون.

تێبینی: 1- لەشاری کەرکووک دایم ودەرهەم زۆرایەتی بە کوردان بووە هەمووپێتاکەکانی دیکە کەمایەتی شاریان پێکهێناوە،وتورکمانی-ش لەوکەمایەتی دابوونە.وەرگێڕی کوردی)

کەرکووک ئیکجار تووشی بێکاری بوو،ئەم بێکاریە بەهۆی ڕوینی شەریکەکانی سەوداگەری ئۆروپایی لەشار،وچانێک کەلە بەرپوەبردنی بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە هاتبوو ئارا،دووپات ببوو. سەردانی سەرکەوتووانەو پیرۆزمەندانەی مەلامستەفا لەشار، لەئۆکتۆبری ڕابردوو نزیک بوو بە خوینرێژیەکی توند تەواوبێت. لەم جەرەیانە کوومونیستەکانی کوردو کوردەکانی ئەندام(هیزی بەرگری خەڵکی)بۆ دووکان و خاوەنەکانیان هێرشیان کرد. ژمارەی کوژراوان بە فەرمی 31کەس ڕاگەیاندرا، بەڵام بێ گومان نزیکەی 50کەس بوو.

قاسم کوومونیستەکانی بەرپسیاری ئەم ڕووداوە زیدی ئینسانیە ناساند،وچونکە جەرەیان هاوکات لەگەڵ حەول وتەقەلاکانی حیزبی کوومونیست بۆ چوونە ناو دەولەت بوو،لە ئاکامدا هاتەسەرئەو بۆچوونە کە دژی ئەوان واردی کارزار بێت. لەکۆتایی مانگ بەڕاشکاوی بیزاری و نفرەتی خۆی لەم کردەوە ڕاگەیاند، داوای دەکرد کە (یەکیەتی خوێنکاران)ئەوماڵانەی کەلە بەغدا دەست نیشانیان کردبووکە قەراربوو ژمارەیەک دەواندا بکوژرێن-سەێرئەمە کە مالی بارزانی-ش یەکێک لەو ماڵانە بوو. قاسم لە وجودی بارزانی یەکگرتووەکی ئامادەویتەوی دۆزیەوە: مەلا مستەفا مانگێک پێشتر داوای کردبووکە کوومونیستەکان دەبەردابوون لەنزیکەی ڕەواندز ئەوی بکوژن.

هەنۆکە ئەرکی مەلامستەفا ئەمە بوو کەحیزبی دێموکراتی کوردستان لە باوەشی حیزبی کوومونیستی ئیراق بێنێتەدەر. ئەو لەوانەیە گورانی لایانی سیاسەتی قاسم-ی هەست پێکردبوو. خولاسە ئەو وردە وردە بەم ئاکامە گەیبوو کەحیزبی کوومونیست لەکوردستان ئافەتێکە(وەک کە بەرێگا وەیەو

دێت)لەماوەی شەڕەکانی تایفەیی مانگی مەی لەگەڵ فەرماندەرکانی کموونیست هێندیک نیوان ناخۆشی خوڵقابوو. و ئەما پاشان، دەڕۆژ بەرلە ئاژاوەو ئاڵۆزی کەرکووک هێندێک لەئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەستی پێدەکرد یەکجارزۆرلەژێر شوێن تێکەری کموونیستەکانن لەدەفتەری سیاسی دەرکردن. لەدوایی جەرەیانی کەرکووک، هەمزەعەوڵای بۆ باس سەبارەت سیاسەتێک کەئەو موافیق لەگەڵ کموونیستەکانی بڕیارگرتبوو بانگیشتن بۆ وتوویژکرد. هەمزە عەولا بانگێشتنی وی قەبووڵ نەکرد. لەبەرئەمە مەلامستەفا گروپێکی بارزانی بۆ دەرپەڕاندنی وی بۆ مەقەڕی حیزب نارد. پاشمەنەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی قەبووڵیان کرد کەلە خەتی سیاسەتی قاسم دابن.

لەکۆتایی ئەوت نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەگەڵ پشتیوانی عەشایەر، وحیزبی کموونیست نێواننناخۆشی ئاشکرابوو. لەماوەی چەند مانگی تێپەڕیو مەلامستەفا لە کەمکردن لە هێزو شوێن تێکەری کموونیستەکان بە قاسمی یارمەتی کرد. لە ژانویەی 1960،ئەوکات کە عەبدولکەریم قاسم ئەنجوومەنەکان و حیزبەکانی بڵاوکرد و بەپیی وی،وا دانرا کە حیزبەکان و ئەنجوومەنەکان بەفەرمی ناویان بنووسن،بۆ بڕیار لە ناو نوسینی حیزبی کموونیست بە ناوی حیزبی فەرمی، بەڵگە و دەلیلی فەنی نیشاندرا،قاسم موەقەتەن بەزێرەکی حیزبی کموونیستی بێ پێشوێن کرد.

لەم نێوەدا مەلامستەفا بەکۆنگرەی چوارمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کەلە ئۆکتۆبری 1959دانیشتن هەبوو ئیجازەدا کە برایم ئەحمەدی سەرلە نوێ بەسکرتێری گشتی هەڵبژێرێ وتاڵەبانی دیسان بە ئەندامەتی دەفتەری سیاسی دانێت. ئەم دووە-یانی برایم ئەحمەدو تاڵەبانی- لەهەنگاە هەڵینانی وی بە دەرکردنی هەمزە عەولا پێشوازیان کردبوو،بەڵام برایم ئەحمەد لەم نێوەدا دەیەویست کەلە شوێن تێکەردنی مەلامستەفای لەسەرحیزب کەم بکاتەوە. بەرێ خۆشەویستی یەکی ئەوها لەنێو ئەو دووە لەگۆڕی نەبوو. مەلامستەفا بێپەردە ڕوک و ڕاست و بە زوانێکی تانۆت کە وەدژمنی دەچوو،لە جۆڵانەوەی نالێهاتوویی و خۆبینی و بە دەعیەیی سیاسەت پیشەکانی حیزب قسەی دەکرد-و بۆ ئەم نفرەتە برایم ئەحمەدی هەڵبژاردبوو. برایم ئەحمەد-یش لە (خۆبینی سەرەڕۆیی و بێ ئیسافی پاشکەوتوویی عەشایەری و هەتا لە ناڕاستی) مەلامستەفا سکاڵای هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمە کە دەیەویست لە شوێن تێکەردنی وی کەم بکاتەوە، دەیزانی کە ڕێبەرایەتی مەلامستەفا شتێکی پیویست و زەروری و حاشا هەڵنەگرە.

لەبەرنامەی تازە کە کۆنگرەی چوارم پەسەندی کرد،برایم ئەحمەد ڕایگەیاند کە(حیزب بۆ بەرفرەوانکردنی مافی خەڵکی کورد لەسەربناخەی خودموختاری لە ناو ئیراق و گونجاندنی ماددەیەکی ئەوها لەقانوون ئەساسی هەمێشەیی) خەبات دەکات. برایم ئەحمەد حەزی دەکردکە مافی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵک جۆرێک لە قانوون دا بچەسپیت کەلە بەرامبەر هەرجۆرە بەرزەفری کەسینی،چ لەلایان مەلامستەفا یان قاسم، دەستەبەرکرابێت. بەڵام قاسم لەمانگی ژوئیەی بەسەرنجدان بە خەتی مەشی بنەڕەتی بەرنامەی حیزب لەنووسینی ناوی وان بەعینوانی حیزبێکی قانوونی خۆی بوارد. ئەو بەتایبەت سەبارەت بەمەسەلەی خودموختاری کارتێکەربوو،یانی- حەساسییەتی نیشاندەدا- بەڵگەهێنانەوەی ئەمە بووکەلەم جەرەیانە دوژمنان کەلکی ناحەز وەردەگرن،وحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی مەجبوورکرد کە ئەم مادەیە لەبەرنامەی حیزب وەدەربنێت،یانی هەلێگرێ.

مەلامستەفا و عەشایەر

ئینقلاب ئیکجارهۆی ترس و لەرزی ئاغاکان و خاوەن ملْکەکان پێکهێنابوو. عەشایەرەکانی مەزن لەژێرچاوەدێری حکوومەتی بنەماڵەی هاشمی،هەموو لەدەولْەت یان پەرلْەمان دا نوێنەرایەتیان هەبوو. لەناو تیلْگرافەکانی پیرۆزبایی کەوەک لێمشت بەرەو رژیم لووزەوی بەستبوو ناوی هیچ کام لەسەرۆکانی کورد یان عەشایەری(فرات) نەبوو. سەرکەوتنەکانی سیاسی وئابووری کە ماوەی سێ وحەوت ساڵی دەورانی سەلتەنەت وەدەستیان هێنابوو لەنەکاو هەموو لەسەرلێواری مەترسی هەڵدێران دابوو. خەراپترین خەونیان لەمانگی سپتامبەر و بەراگەیاندنی قانوونی دابەشکردنی زەویووزار،شی کراوە،کە ماڵیکییەتی زوەی بەلانی زۆری 1000دۆنم ئاوێژە و2000دۆنم دێمەکار بەرتەسک دەکرد- وئەمە بەم مانایە داروبەشکردنی نیوەی لە گشت زەویەکانی کشت وکاڵی ئیراق (24میلیون دۆنم) لەنێو وەرزێران بوو.

زەبرلێدانی نوێ،گەرانەوەی مەلامستەفا بوو کە بەراشکاوی سێبەرنشینی قاسم بوو. ئەوانەی کەلە 1945 بە دەرپەراندنی لەئیراق ئالیکاریان کردبوو،هەر وا ئەوانەی کەلە 1945 بەم لاوە دەستیان بەسەرزەویەکانی بارزان دا گرتبوو یان ئەو زەویانەیان لە دەولْەتیان وەرگرتبوو،لە پەنجەی مەترسی دابوون. یەکەمین وتوویژی مەلامستەفا سروشتییە ساردو بێ گیانی لە سەر نێوچاوانی ئەم دەستەیەشوێن دانا: کاتێک ئەوەی وتوویژی لەگەڵ دەکرد لێی پرسیارکردکە دوژمنانی کۆنی، یانی هەرکیەکان و سورچییەکان و برادۆستەکان لەبیرخۆی بباتەوە،ئەو لەقەبووڵ کردنی ئەم داوەیە داگوتی: (ئەوانە خوینخۆرن)هێندێک لە ئاغاکان هەتا بۆ ئیران هەڵاتن. خیرامەعلووم بوو کە حکوومەت هێندیک چەک و چۆڵی لە بەردەست مەلامستەفا داناوە هەتا چلۆنایەتی وباری هەلکەوتی خۆی لەکوردستان قایم و پتەو بکات-ئەمە بۆ بەهۆی دل ئێشی بەشێک لە عەشایەری کورد، هەتا عەشایەری باکوور،وەکووجافەکان و پژدەریەکان و هەتا لایانگرانی شێخ مەحموودی نەمر.

لە مانگەکانی ئاوریل و مەی 1959 برادۆستەکان وپاشان پژدەریەکان دژی کۆماری و دەست و پەیوەندی وی، و مەلامستەفا ئاڵەدین بوونەوە. ئەمە حەولێکی خۆکوژی بوو،پێشمەرگەی بارزانی بە داکۆکی (هێزەکانی بەرگری خەڵکی) و ئەرتەش و هیزی ئاسمانی لە دەرپەراندنی ئەم شۆرشگێرانە بۆ تورکیە و ئێران زەحمەتێکی هێندەیان لەبەردەم نەبوو.

جارێکیتر مەلامستەفا خزمەتێکی گەورەی بە بەغدا کرد. ئەو بەحیساب هەموو هێزەکانی کە هەرەشەیان لەقاسم دەکرد،لەناوبردبوو. یانی:ناسیونالیستەکانی عەرەب و بەعس، کموونیستەکان و عەشایەری شۆرشی کورد. ئەو نەک تەنیا لەکوردستان بێ رەقیب و هاوسەنگ بوو بەڵکوو لە کۆماری-یش مەوقعیەتێکی تەواوی هەبوو: لەلایەکی دیکە، جیالەئەرتەش، رەنگە تەنیا پشتیوانی بەهێز حکوومەتی قاسم بوو. لەلایەکی تر ئێستا هێندە بەئیختیدار ببوو کەهەتا وەزع ودۆخ وهەڵکەوتی

سەرکۆماری لەئاڵقەی هەڕەشەخستبوو. وێدەچێ بەم دەلیلەبێ کە قاسم دەست و جێ شۆڕشگێرانی برادۆست و پژدەری عافووکرد و لەوانی بانگێشتن کردکە بۆ ئیڕاق بگەڕێنەوە. بەڵام مەلامستەفا هەنووکە خەریکی دوژمنانی دیکەی بوو: ولەنوامبەر، ئەحمەد محەمەدئاغا( برای محمودئاغای زێباری)کوشت،چەکدارانی گوندەکان و کشت وکالی زێباریانیان سوتاندن گاو گۆڵ ومەڕو ماڵات وئاژاڵی ئەوانیان بەتاڵان بردن، پاشان هەرکیەکان وسوورچیەکان و برادۆستەکان و دوژمنانی دیکەی ناوچەی باشووریان وەبەرهێرش دا.

## ڕێگا بەرەو شۆڕش

قاسم لە ئیختیدارو دەسەڵاتی بێ ئیعترازی ژەنەڕاڵ بارزانی لەسەرکوردستان ناخۆشحاڵ بوو،وردە وردە خەریکی هەودای پەیوەندی ڕاچاندن لەگەڵ دوژمنانی وی بوو،بۆ نموونە،لەگەل سوورچی یەکان وهەرکیەکان. ئەو لە حاڵێکدا حەولیدەدا لە نیوان ئەم دوو ڕەقیبە ئاشتی بێنێتە کایە-یانی مەلامستەفا و مەحمودئاغای زێباری، وەزیت و دۆخ و هەلکەوتی مەحمووداغای بگەڕێنێتەوە، بەڵام کۆڕو دانیشتنی ئاشتی لەگەڵ دوژمنان کۆتایی پێهات. قاسم کەم کەم لە مەلامستەفا و حیزبی دێموکڕات مابەینی دەدایەو دوور دەبۆوە. ئەو لە ئاخافتنەکانی کە لە سەرەتای ساڵی 1960 ی بەئاشکرا لەکوردەکان،بەتایبەت بارزانیەکان زوانی خەراپەی کردەوە وپەنجەی بۆ ئەمە ڕاداشت کە جگە لە شۆڕشی سالی 1920ی عەڕەبەکان وکودتاکانی 1936 و1941 ی بەکر سەدیق وڕەشید گەیلانی، هەموو شۆڕشەکانی دیکە بەرلە ساڵی 1958 ی ئیڕاق بەدنە و پشت گەرمی ئەمپەڕالیستەکان بووە. بەمجۆرە هیورهێور مەلامستەفای لەخۆی بێگانەکرد، دوایی بەینێک چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و پارەی بۆ دوژمنانی ئەو،عەشیرەتی نەریتی وی، وەکوو شێخ ڕەشید لۆلان و برادۆستەکان دەست پێکرد. لە حاڵێکدا کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆنگرەی پینجەمی خۆی لە مەنگی مەی 1960 پێکهێنا، قاسم لیژنەکانی نوێنەرایەتی سورچی و هەرکییەکانی بۆلای خۆی قەبوول کرد،بە تایبەت دەستووری دا ڕۆژی دواتر جەرەیانی دەنگ و باسی کۆنگرەی حیزبی دێموکڕات لە چەپەمەنیەکاندا بلاوبێتەوە. ئەمە ساردی و، وەپشت گوێ خستن و بی موبالاتیەکی بە ئەنقەست بوو.

حیزی دێمووکڕاتی کوردستان،سروشتیە لە نیگەرانی مەلامستەفا لەم ساردی پەیوەندیە لەگەڵ حکوومەت هاوبەش بوو. خەبات لە قسووری دەوڵەت لە مەڕ بەرەوپێشچوونی گەلاڵەی بەرامبەری ومساوات دڵ ئیشی خۆی درکاند. مەلامستەفا بە بەشداری نەکردن لەجەژنەکانی سالیادی ڕووخانی سەلتەنەت فەرمی نارەزایەتی وناهیومێدی خۆی دەربڕی.

لە وەرزی پاییز شەڕێکی توند نیوان عەشایەر بارزانی و هەرکی وزێباری هەلایسا-قاسم لە گروپی ئەوانی تری داکۆکی دەکرد. برایم ئەحمەد لە بەغدا تۆمەتباربە(ناڕازی و دەمارگرژی) بوو. لە

تۆمەتی وەپالنەراو بێ تاون دەرچوو،بەڵام ئەمە زەنگی ئاگاداریەک بوو- ئەوخۆی حاشاردا. لەکۆتایی ساڵ قاسم کەسانێک کە دژی کۆمار پیلانیان دەگێڕا بەئاشکرا هیرشی کردنەسەر. بارزانی بەباشی دەیزانی کە ئاماژەی قاسم بە کێیە، چونکە دەیبینی کە قاسم موچەی وی ڕاگرتووە ولە قەبووڵکردنی بۆ دانیشتن خۆی دەبوێرێ. ئەوئێستا لەبەغدا (کەسیکی بێ بایەخ)بوو.

هەتا سەردەمێک هەر دوو لایان لەیەکتریان دووری دەکرد. لەمانگی فۆریە قاسم(کۆبوونەوەی) مامۆستایانی لە (شەقلاوە) باتڵ کرد. وئەم دژکردەوە لە بەرامبەر داواکانی پەیوەندار بە مافی فەرهەنگی بوو. ئەو پاشان لە ڕەفتاری بێ تەوفیرو جیاوازی لەگەڵ(کوردەکان) وەکوو خەڵکێک کە (بەشێکی جیا نەبۆوە)ی خەلکی ئێراق بوون،قسەی هێناگۆڕ،کە لەگەڵ لێکدانەوەی جیاخوازی خودموختاری و هەڵکەوتی بەرانبەر بوو. ئەو قسانەی وەبیرهێنانەوەی ڕوو بەڕوو بوونی کەماڵ ئەتاتورک بوو. کاتێک لەمانگی فۆریە ڕۆژنامەی ئەلثورە پێشناری کردکە سیاسەتی فەرمی دەوڵەت دەبێ ئەمەبێت کە کوردەکان و عەرەبەکانی ئێراق (لەناویەک تێکەڵ کات)یانی: توانەوە. خەبات،بەتووڕەبوون دژکردەوەی نیشان دا. بەڵام مەلامستەفا لە وتووێژێک کەلەگەڵ ڕۆژنامەی النداءی بیروت ئەنجامی دا،لەسەر وەفاداری خۆی سەبارەت بەحکوومەت پەنجەی ڕاداشت.

بناخەدانانی یەکیەتی ڕاستینی ئیراق لەسەر بنچینەی بەرانبەری تەواوی ماف و تەکلیفی عارەب وکورد... کوردەکان بۆ بەدەست هێنانی ئەم مافە ئاتاجیان بە شتێک جگە سازمان، قانوون و یارمەتی دەوڵەت نییە.

بەڵام لەو نێوەدا کێشمەکێشم نیوان تایفەکانی موافیقی قاسم و سەروەبارزانی هەروا لەزێدە بوو. لەکۆتایی فۆرییەی یەکێک لە لایانگرانی بارزانی یەکێکی لە سەرۆکانی خۆشناو سەر وەحکوومەت لەنزیک دژ(شەقلاوە) لەبۆسە خست و کوشت. برایم ئەحمەد بە تۆمەتی بێ بناخەی بەشداری لەم پیاوکوشتنە زیندانی کرا.

برایم ئەحمەد (خیرا لە زیندان ئازادبوو)وجەلال تاڵەبای ئیستا بەئاشکرا لەگەڵ قاسم دوژمنداری دەکرد. ئەم دووە لەم بارەوە کە قاسم بەکردەوە هەنگاوێکی لە ڕاستای وەڕاست گەڕانی خودموختاری و مافی فەرهەنگی کورد، یان پەرپیدانی ئابووری کوردستان هەڵنەگرتبوو هەستیان بەناهومیدی دەکرد. لە مانگی مارس خەبات،وتاری تاڵەبانی بڵاوکردەوە،کەڕەنگ و ڕووی ناسیونالیستی توندی هەبوو،دەست و جێ پێشی پیگیرا. لەکۆتایی مارس ئیدی چ گۆڤارێکی کوردی چاپ نەدەکرا. بازیک لەلکەکانی (حیزبی دێموکڕات)یش بێکارکرابوون، حزووری نیزامی لەکوردستان لەزێدەیی دا.

لە ماوەی هاوین حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دیسان بۆخچەی داواکاریەکانی خۆی کردەوە: لە کارکردنی زوانی کوردی وەکوو زوانی فەرمی، گەڕانەوەی کاربەدەست و کارگێڕان لە ناوچەکانی عەرەب نشین،بەردەوام کردنی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی(دابەشکردنی زەویوزار بەسەرجۆتیاران)بەرفرەوانکردنی پێشەگەری، یەک لەوان هەرخۆیی کردنی پێشەی نەوەت-یانی نەتەویەتی)کردنی. زۆرتری داواکاریەکان ئەوهێندە چەند پات ببوونەوە تام وچێژیان نەمابوو بە

تایبەت کەلەبن گوێی ئەوکەسانەی کەلەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵەکانی دەیەی 1930 تێکەڵ بوون ناخۆش بوو. جگەلەمە، حیزب داوای دەکرد کە ئەو هێزانەی کە بۆ بەهێزکردن هاتبوونە کوردستان بانگەوازی گەڕانەوەیان بکرێ و بە حاڵەتی نائاسایی(حکوومەت نیزامی) کۆتایی بێت، و بڕگەی 3ی قانوونی ئەساسی بەڕێوەبچێت. عەبدولکەریم قاسم ئەوداواکاریانەی خڕوپتوون وەپشت گوێ دان. خۆی لی گێل کرد،کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵهاتی خوێناوی کۆ بونەوەی ساڵی 1930 مانگرتنی ڕاگەیاند گوێچکەی لەویش سڵ نەکرد.

## شۆڕشی ساڵەکانی 1961-1963

ڕاپەڕینی کوردەکان دژی قاسم،شۆڕشێکی لەسەربناخەو گەلاڵەو بەرنامە داڕشتن نەبوو. سێ گروپ ئەوراپەڕینەیان وەڕێخست، کەهەر سێ مەشکووک بوون. ئەوەڵین ئەوانە،لە ڕاستیدا کەسانێک بوون کەلە شەڕ بەشداریان کرد،بریتی لە ئاغاکانی عەشایەرو لایانگرانیان بوون کە تێدەکۆشان پێشگیرێ لە بەڕێوەبردنی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی بکەن. بەڕیوەبردنی یاسای ئیسلاحات ئەرزی لەساڵی 1959 دەستی پێکردبوو و لە بیروڕا دابوو سەردەمێک لە نێوان دابێت کە دەویدا ئاغاکان وکەسانێک کە زەمین یان پێبڕاوە سەروسامانیکی بەکاروباری خۆیان بدەن. ئەم جەرەیانە کەلین و بێ سەرسامانێ و ئاڵۆزیەکی گەورەی لە کاری کشت وکاڵ بە وجود هێنا. ژمارەیەک لە خاوەن مڵکان ئەو زەویانەی کەفکریان دەکرد لە دەستی دەدەن بەرلە کاتی دیاریکراوە بەرڵلاکردن، دەستەیەک لە وەرزێران لە خۆڕا دەستیان بەسەرهێندێک پارچە هەرد داگرت،هێندێک بەرەو شارەکان بازرەبوون، شێوازی(هاوبەشی) تیکچوو پەیوەندیەکانی ئەرباب-ڕەعیەتی تیکەڵ پێکەڵ بوو. تاقمەیەک لەو ئاغایانەی کەلە هەر دوو لای سنوور مڵکیان هەبوو کاتێک هەستیان پێکرد کە ئەستێرەی دەسەلاتی قاسم ڕوو بەکوژانەوە ئاوابوونە، لە ئێران گەڕانەوە و حیزبی(ڕاستی) بەناوی (شۆڕش)یان پێکهێنا. لەمانگی ژوئن لێژنەیەک بە نوێنەر لەلای عەشایەر بۆ بەغدا ڕۆیی،بەم هیوایە کە هۆکاری باتال بوونی قانوونی باج و پێتاک لەسەر زەوی کەلەگەڵ قانوونی ئیسلاحات ئەرزی پەسەندکرابوو وەدەست بێنێت،و بەناکۆکیەکانی عەشایەری کەلە کارتیکەری سیاسەتی قاسم لەناوچە سەری هەڵدابوو کۆتایی پێ بێنێت. قاسم هیچ کام لەوانەی قەبووڵ نەکرد، و ئەم گروپە بە دەستی بەتاڵ بەلام برپارگر بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر دانی باج و پێتاکی دیاری کراو،بۆ کوردستان گەڕانەوە. لە ڕاستیدا هەڵگەڕابوونەوە.

شۆڕش بەجەختەوە لەنێو مڵکدارەکان وئاغاکان کە هەنۆکە هەلیان بۆ شوین سترینەوەی هەنگاوەکانی ئیسلاحات ئەرزی بەغەنیمەت دەزانی بلاوبۆوە. ئەم گروپە لەبینینی سەرمەشقێک کەخزمەکانیان وەدەستیان دابوون و هەروا لەدڵ مەشغوڵی قاسم لە جەرەیانی داواکاری لەسەرکوەیت، کە فورست ڕەخسابوو، و ناکۆکیەکەی لەگەڵ شەریکەکانی نەوتی ڕۆژئاوا دڵگەرم بوو. سەیرو سەرنج ڕاکیش ئەمەیە کە هێزەکانی هاوپەیمان و ئاڵقەی خزمایەتی و تایفەو عەشیرەت گەری ئەوهێندەبوو کە لایانگرانیانی ئەم جەنابانە ئەوهێندە لە مەسەلەی کۆمەلایەتی و ئابووری نائاگاداربوون دەیاندەزانی هەرئەوکەسانەی کەلەوان داکۆکی دەکەن هەرئەوانیش

دەیانچەوسینەوەو یان بۆ قازانجی بەرانبەر هەستاوەتنەوە کەلە قانوونی دابەشکردنی زەوییوزار وەگیریان دەکەوێت.

نە مەلامستەفا و نە قاسم هێچ کام هێشتا خوازیاری ڕوو بەڕوو بوونی ڕاستەوخۆ نەبوو. قاسم چ ئارەزوی شەڕکردنی لەکوردستان نەبوو،ئەویش لە سەردەم و بارودۆخێکدا کەبۆ داکۆکی لەدۆخ ومەوقعیەتی خۆی لە بەغدا وداگیرکردنی کوەیت،کە بەبووق وکەڕەنا قەومانی لە دواڕۆژ ڕادەگەیاند، پێویستی بەهێز هەبوو. لەژوئن شێخ ئەحمەد بارزانی، کە هێشتا لەگەڵ وی پەیوەندی دۆستایەتی هەبوو، بۆ بەغدا بانگێشتن کردبوو،ئینگلیزیەکان پێیان وابووکە قاسم ویستوویەتی لە شێخ ئەحمەد قەوڵ و بەڵین وەربگرێت کەلە حیزبی دێموکڕات بۆ شەڕ دژکاران کەلک وەرناگرێ. ئەو بەشێخ ئەحمەدی گوت: کەزیندانیانی حیزبی دێموکڕات ئازاد دەکات و مووچەی مەلامستەفا بێ ڕاوەستان سەرلەنوێ بەرقەراردەکات. بەسەرنجدان بەم جەریانە ئەمە لەئاقل بە دوورە کە شێخ ئەحمەد بێ پرس وڕای مەلامستەفا بۆ بەغدا چووبێت،ودەبێ ئەوها ئاکام وەرگیرێ کە مەلامستەفا-ش لەم خولەدا،وتووێژی پێ لەشەڕکردن بە باشتر دەزانی. بەهەرحال ئەم پێکهاتنە سەری نەگرت.

بەڵام عەبدولکەریم قاسم ڕازی نەبوو خۆی بە قەزاو قەدەربسپێرێت. لە بەرئەمە ئاغاکانی لایانگر بە تایبەت زێباریەکانی بۆ بەغدا بانگێشتن کرد. جگە لە دانی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و پارە،بەم یەکگرتووانەی زیدی بارزانی، وا بە نەزەردەگات کە ئەو لەو نێوەدا تێدەکۆشا ئاڵقەی دەرەکی وبریتی لە عەشایەری موافیق، لە درێژایی سنوور لەگەڵ ئێران بەوجود بێنێت. لەباڵی ڕۆژهەڵات جەفەکانی هەڵەبجە بە ڕادەیەک لە تەفرەقە دابوون کە هۆی چ هەڕەشەیەک لەلای وان فکری بۆ نەدەچوو. لەلای باشوور،پژدەر،هەڵکەوتوو لەنیوان ڕانیە وقەڵادزە، پێشتر لەبەربەرەکانی لەگەڵ کموونیستەکان خزمەتێکی گەورەیان بە دەوڵەت کردبوو. قاسم لەونێوەدا حەولیدا کە عەباسی مامەند ئاغای سەرۆکی (ئاکۆ)یان کەناوچەکەی لەقەراخ سنووری نێوان ڕانیەو ڕەواندز بوو بۆلای خۆی ڕاکیشێ،بەڵام سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. عەباسی مامەند ئاغای پێشتر شانسی خۆی بە شانسی شۆڕشگیڕان گرێدابوو.

لەگەڵ سست بوونی حوکمڕانی وئیختیداری حکوومەت، مەلامستەفا لە هەڵی ڕەخساو کەلکی وەرگرت و خەریکی سەرکوت کردنی کەسانێکی وەکوو شیخ رەشیدی لۆلان بوو کەپارەوچەک وتەقەمەنیان لە قاسم وەرگرتبوو. لە مانگەکانی ژوئیەو ئەوت،بارزانیەکان بە ڕوو تێکردن لەم مانایە کەقاسم ناتوانێت لە وان داکۆکی بکات بۆ ناوچەی جاشەکانیان هێرش برد،زێدەترلە 7000کەس بۆ تورکیە وئێران هەڵاتن. لە نیوەڕاستی مانگی ئەوەت مەلامستەفا ئیدی بەتەواوی بە سەرباشور دەسەڵاتی داشکابوو. هێشتا بە شۆڕشگێڕان نەلکابوو،بەڵام ئەم جەرەیانە ئیدی پێویستی بە کات و زەمان هەبوو. ئەو بە دۆستی لەمێژینەی، یانی عەباسی مامەند ئاغای متمانەدابووکە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی یارمەتی بکات.

قاسم ئێستا مەلامستەفای بەچاوی بەشێک لە شۆڕشی کوردەکان دەدی. لەمانگی ژوئیەداوای مەلامستەفاو حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ بەخشینی دەرجەیەک لەخۆدموختاری لەکوردستان رەت کرد. لەمانگی ئەوت لەئێرانی داواکرد ئەمەی لێ قەبووڵ بکات کەهەرکات فڕوکەکانی ئێراقی لە عەمەلیات دژی بارزانی بەهەڵە سنوور بپەڕینن دژکردەوە نیشان ندات.

لە11ی سپتامبەر هێزەکانی عەباسی مامەندئاغای کاروانیکی نیزامی یان لەنزیکەی (بازیان)لەبۆسەخست،وقاسم بەبۆمبارادومانی بێ پسانەوە گوندەکانی لەدەڤەرەیکی بەرفرەوان، یەک لەوان بارزان، دژکردەوەی نیشان دا. ئەم جەرەیانە نەک تەنیا پیی مەلامستەفای بەڵکوو لاقی زوربەی عەشایەری دیکەی لەئاغاکان بۆناوشەڕ کیشا، وهێندیک دوایی زاخۆو کوێ-سنجاق وەدەست شۆرشگێرەکان کەوت. قاسم بەمکارە لەراستیدا دوو گروپی دیاریکراوی عەشیرەیی لێکترنزیک کرد. سەرۆکانی کۆنە پەرستی عەشایەر، کەلەبنەڕەت بۆ داکۆکی لە بەرژەوەندی لەقازانجی زەویەکانیان ڕاپەڕیبوون، ومەلامستەفا،کە بەرنامەی کاری تێکەڵاویەک لە عەشیرەگەری و ناسیونالیستی بوو. ئەڕتەش هەتامانگی دەسامبەر هێزەکانی عەباسی مامەندئاغای تەفروتوناکردبوو،بەڵام مەلامستەفا مەسەلەیەکی دیکە بوو. ئەوئێستا ڕێبەری عەمەلیاتی وەسوکر گرت، و هێزەکانی چریکی عەشایەری بۆ سەرپیگەکانی لە نەکاو غافلگێرانەو بۆ ئۆردوگاکانی پێشەوە وستوونەکانی تەدارەکاتی وەگرخست. لە مانادا سەرجەمی شێوازەکانی شەرەکانی چریکی بەکارهێنا.

هۆکاری ئابووری شۆڕش، زێدەترلە قازانجی بەرچاوتەنگانەی چینی ئاغاوەت بوو: کوردستان بەلانی کەمەوە بەدرێژایی دەیەیەک تووشی بێکاریەکی زوربوو. ئەم جەرەیانە هەتا ڕادەیەک ئاکامی سروشتی زێدەبوونی جەماوەر وکۆچکردنی دێهاتیەکان بۆ شارەکان بەدوای کارپەیداکردن بوو کە وەچەنگ نەدەکەوت، بەڵام ئەمە پەیدابوولەکاری(نیزامی)بوو کەدەویدا(قەرزدار)ی وەرزیر دەبوو بە هۆکاری دەرکردنی لەسەرزەوی. گەلێک لە خاوەن مڵکەکان چاوی هیوایان لە ڕۆژێک بڕیبوو کە بتوانن بەرهەمدارو ئیجارەداران لە سەر زەویەکانیان دەرپەڕینن،چونکە ماشین ئالاتی وەرزێری ئێستا وەردە وردە لە کاردابوو،و کەلک وەرگرتن لە هێزی کاری بە دەسحەق بەقازانج تربوو. ئینقلابی 1958 ئەم تەهگەژەیەی زێدەکرد،چونکە بە هاتنی ئینقلاب بەرنامەکانی درێژخاینی ژێربنایی ڕاوەستاندران. شەریکەکانی دەرەکی،جێگای دوورلە ئارامی و ئاڵۆزی وڵاتیان بەجێهێشت، و دەرهەم بەرهەمێک کە بیچم شکل و شێوازی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی پێکهێنابوو هۆکاری بێکاری بوو-ئەمەبازارێک بوو کە دەکرا جەنگاوەران لەوێ کۆکەنەوە.

لە24ی سپتامبەر،قاسم فەرمانی گاڵەدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دا، بەم شێوازە ئەندامانی وی-شی بۆ شۆڕش گاڵدا. لە ماوەی تەواوی هاوین لە ناو حیزب نیوان کەمایەتی، بەڕیبەری تاڵەبانی کە بیروڕاو ئاقیدەیان وابوو حیزب دەبێ ڕێبەرایەتی شورش وەدەست بگرێ و لە وی بۆ ئامانجی ناسیونالیستی کەلک وەرگرێت،و زۆرایەتی بەڕیبەرایەتی برایم ئەحمەد کە بۆچوونی وابوو ئامانجی حیزب لە سەرهەتاپێ بە پێچەوانە لەگەل ئامانجی شورشگێریانە،باسێکی خەست وخۆل لە ئارا دا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حیزبێک، ئاغاکانی شۆڕشگێری مەحکووم کردبوو،چونکە هۆکاری وانی لەم شۆڕشە داکۆکی لە قازانجی چینایەتی خۆیان دەزانی،لە حاڵێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەبەر بە پیشکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەدەسامبەری 1961عەمەلیاتێکی دژی دەوڵەت دەست پێکرد. ئەم بڕیارە،بڕیارێکی پڕزیان وزەرەر بوو،هەرچەند کارتێکەری قەبووڵکردنەکەی لەوانەبوو بە لە ناوچوونی خڕوپتوونی حیزب تەواوبێت. بەم شێوازە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە یەکیەتی مەلامستەفاو عەشایەری ژێرحوکمی وی رەنگ ورووی گوڕا. مەلامستەفا یاساخی کرد کەحیزب لە پانەگۆڕاییی شوین تێکەری وی ،یانی لە ناوچەی ئاکۆ بۆلای باشوور، تێکۆشان وخەباتی هەبێت،بەمجۆرە مەڵبەندی عەمەلیاتی حیزب لەباشوور بۆ هەولیر وڕانیەو بەرتەسک بوو. حیزب لێرە-ش بۆ بە قوەت کردنی هێزە کەمەکەی پشت ئەستوور بە عەشایەری ناوچە بوو،و بەمجۆرە ئیحتوبارو ئابڕوو کەڕامەتی بەوان بەخشی. بەقەولی: سەعدجەواد حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەگەر بۆ بەرگری و دێفاع لە ئامالْ و ئارەزوەکانی نەتەوەیی خەڵکی کورد وەفادار دەمایەوە هیچ کات بە ڕێبەری عەشیرەیی ملکەچ نەدەکرد و بەمجۆرە هەل و فورسەتی ڕێبەری بزووتنەوەی لەدەست نەدەدا.)

خولاسە چارەنووسی شۆڕش نەک لە دەستی حیزب بەڵکوو لە دەست مەلامستەفا و سەرۆکانی عەشایەر دابوو،ئامانجی ئەم گروپە لەگەڵ ئامانجی حیزب فەرقی دەکرد. مەلامستەفا هەنۆکە ئیدی زۆرکەم لە مافی خەڵکی کوردی بیردەکردوەو دەدوا. وەکووهاوکارانی گازەندەی مەزنی لەحکوومەت، گلەیی پەیوەندار بە یاسای ئیسلاحات ئەرزی وکێشمەکێشێک بووکەبە دنەی قاسم نێوان عەشایەر ڕوویدابوو. جگەلەمە،بەڕەواڵەت هێشتاخوازیاری مامەلە و وتووێژ لەگەڵ ئینگلیزیەکان بوو. و ئەمە حەزلێکردنێک بوو کە نەک تەنیا لەکەلێن و قەڵشتی ئیدولۆژیکی مەوجوود نیوان ئەوو حیزبی دێموکراتی کوردستان پەردەی هەڵدەگرت بەڵکوو بێ ئیختیداری وی،لە حاڵی بوون ووەرگرتنی دەست تێوەردانی ئینگلیزیەکان بە پشتیوانی و داکۆکی لە کوەیت لە بەرانبەرهێرشی ئێراق لەو هاوینی ئاشکرادەکرد، ونیشانی دەدا کە حاڵی نەبووە کە ئەم جەرەیانە مەسەلەیەکی جیابووە. کاتێک حەولدان بۆ نزیک بوون لە ئینگلیستان بەهیچ کوێ نەگەیی،بە ئەمپەڕالیستی زلهێزی دیکە-یانی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا-نزیک بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەرچی لەو دەڤەرانەی کە لەژێر حووکم و دەسەڵات دابوو هەنگاوێکی بۆ دابەزینی ئیسلاحات ئەرزی هەڵینا،بەڵام بڕیارگرتنەکەی لەچاوگەی کوردەکانی ڕۆشنبیر کە دژی یەکیەتی یەکەی لەگەڵ کۆنەپەرستان بوون بێ شوین تێکەرو ئیحتوبار بوو. بەڵام زەرەری گەورەتر کۆڵەکوتانێک بوو کەلەلای حیزبەکانی دژکاری ئیراق بەتایبەت لە حیزبی کموونیستی ئیراق و ناسیونالیستەکانی عەرەب وە کەڕامەتی کەوت. ئێستا روون و مەعلووم بووکە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کوردەکانی کۆنەپەرەستی لە ئێراقیەکانی پێشڕەو بە باشتر دەزانێت. حیزبی کموونیستی ئیراق دەپێشدا شۆڕشی ئەم کۆنەپەرستانەی ئیدانەو مەحکووم کرد بوو و گوتبووی کە ئەمپەڕالیستەکانی ئینگلیز و ئامریکا و شەریکەکانی نەوتیان لە پشت ئەم شۆڕشە دایە. کموونیستەکان گوماناوی بوون لەمە کە حیزبی دێموکرات نەک خوازیاری ئێراقی دێموکڕاتێک بریتی لە کوردو عەرەب بەڵکوو خوازیاری جیابونەوە لەئیراقە،لەبەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەرحیزبی دێموکراتی کوردستان کاتێک لە (ئەپووزیسیون)ی ئیراقی داواکرد کەبۆ ڕووخانی حکوومەتی قاسم بەوی بلکێن، کەس گوێچکە بەم داوایە نادات. بەڵام لە ناو کوردستان، هێندێک لە ئەندامانی حیزبی کموونیست سەفی حیزبیان بەجێهێشت و بۆ ناو ناسیونالیستەکان چوون.

خودی شەڕ شتێکی بێ ڕێووجێ بوو، بریتی لە زنجیرەیەک بۆسە دانانەوە لەلایان شۆڕشگێڕان و زنجیرەیەک عەمەلیاتی تۆڵە لەقاڵبی بۆمباردومانی گوندەکان بوو. لەژانویەی 1962 شۆڕشگێران داوایان دەکرد کە 500 گوند یانی نزیکەی 4/1 سەرجەمی گوندەکانی کوردستان وەبەرهێرشی ئاسمانی کەوت و نزیکەی 80000کەس بێ ماڵ وحاڵ بوونە. بەهاری ئەو ساڵی مەلامستەفا چەنەکەرەت بۆسەر(زاخۆو) دهۆک هێرشی کرد و عەشایەری سەر وەرپێژیمی لە سنووردەرپەڕاند. ئەو دەستە لەعەشایەر کە حەزیان لە پشتیوانی وی نەدەکرد گوندەکانیان تووشی تالاَن بوو. لە باکوور حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشی هێزێکی جەنگاوەری تەکوز، پیک بێنیت،وکەسانێک کە هاتنە ناو ئەم هێزە بە(پێشمەرگە) ناویان دەرکرت. چ مەلامستەفا و چ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئولکەی فیرکردن و ڕاهێنان و فەندوفێڵی شەڕی لە زانیاری ئەفسەران و کەسانی کوردی ئەرتەشی ئیراق، کە ڕێزی سوپای ئێڕاقیان بەجێهێشتبوو بۆ ناوپێشمەرگە هاتبوون، کەلکیان وەرگرت.

قاسم سەردەمێک بوو کە لە زەرەرو زیان و بێ کەلک بوونی ئەم شەڕە حاڵی ببوو، و لەنوامبەری 1961 و مارس فەرمانی عافووی گشتی ڕاگەیاند بوو، وادەی دابوو کەزیان وزەرەرەکان قەرەبۆ بکاتەوە وکارێکی ئەوها بکات کە کوردستان لێهاتوویی خۆی لە پەرەپێدانی بەرفرەوانی ئابووری وەربگرێ. بەڵام هەنۆکە شۆڕشگێڕان هێندەرازی نەبوون کە ئەوهەل ومەرجەی کە ڕەنگە لەهاوینی تێپەڕیوو جێگای قەبوول بوون بوو ئێستا پێی ڕازی بن. مەلامستەفا داواکانی بەرز ببوونەوە گەیبوونە ڕادەیەک کە قەبووڵکردنی بۆ قاسم لەجێگای تێشکان بوو،ئەمە شتێک نەبوو کە قاسم تاقەتی قەبووڵ کردنی وی هەبێت.

شۆڕشیانی کورد لە کەلک وەرگرتن لە خێڵی بێکاران تەنیا نەبوون. بێجگە لەسەرۆکانی عەشایەری وەکوو مامەند زێباری و سوورچی وهەرکی و برادۆست و خۆشناو ئیدیکە کە بە هۆی دژایەتی لەگەڵ مەلامستەفا، لەقاسم یان پشتیوانی دەکرد،ژمارەیەکی بێکاری کورد هەبوون کە حازر بوون لەبەرامبەر وەرگرتنی پارە،چەک هەڵگرن. بەڵام گروپی سیوم-یش هەبوو کەلە ژێرترس بە مەجبووری چەکی هەڵگرت یان بۆ دووری لە تۆڵەوەرگرتنەوە لە تەرەف یەکێک لەیانەکانی لەحاڵی شەڕدا،لەشک وگومان ودوودڵی دابوون. ئەم گروپەی ناوبراو بریتی لە مرۆڤی عەشیرەیەک بوو کەلە جەبهەی ناسیونالیستەکان بوون، هەتا دەستەیەک لەخۆدی بارزانیەکانی دەگرتەوە. هێزەکانی کوردی کە پرووپاگەندەچیانی دەوڵەتی ئەوانیان بە(سوارەی سەلاحەدین) و شۆڕشگێرانی ئەوانیان بە(جاش) ناولێدەبرد،نزیکەی 10000کەس بوون، بەشپرێو بوونی وەزیتی هێزەکانی دولەتی و بێ کەلک بوون شەڕ لەگەڵ ناسیونالیستەکان ژمارەی ئەمانە لەکەمی دا.

لە هێزەکانی تەکوزی ئەرتەش-یش ژمارەیەکی زۆر کورد هەبوون. زوربەی ئەفسەران و دەرجەدارانی لەشکری دووەمی پیادە سەقامگیر لەکەرکووک، کوردەکان پێکیان دێنا. بەپێچەوانەی هالاَتنی

ئەفسەران لە ڕیزی هێزەکانی دەوڵەتی، ژمارەی کورد لە هەردوو لا تەقریبەن بە یەک ڕادە بوو. بەڵام نێوان هێزەکانی مەلامستەفا و (جاشە)کان تەوفیرەکی(کیفی) بوو:لە حاڵێکدا کە هێزەکانی بارزانی تەنیا بە ئامانجەکانی نیزامی هجوومیان دەبرد،جاشەکان بی تەفاوەت بۆ هەموو شوێنەکیان هیرشیان دەبرد، دەستیان بەتالان دەکرد بەمجورە لاوەکانیان بۆ سەفی شورشگێران ڕاونان.

هەرچاوەدێرێکی بیانی ئاگادار بە بایەخەکانی ناسیونالیستی ئۆڕوپا پێی ناخۆش نەبوو کە ئەم جاشانە بەچاوی(هاودستانی بێشەرم)لێبڕوانێت، وشۆڕشگێران، بەتایبەت حیزی دێموکڕاتی کوردستان، ئەوانی بێ شک وگومان بەم چاوە، دەدیتن. بەڵام ڕاستیەکی پاپۆکەخواردو، ئەمە بوو،و ئەمە بەم دەلیلە بوو کە زوربەی مرۆڤی عەشیرەیی لێکدانەوەکیان لە ناسیونالیسم نەبوو وحکوومەتیان بەچاوی یەکگرتووەکی بەقازانج و شەڕعیەت پێدراو دژی تایفەی دژکار دەدیت. بەڵام وەفاداری جاشەکان جێگای متمانەو ئیحتوبار نەبوو. چونکە بە هەڵکەوت نەبوو کە مەلامستەفا کاتێک کە ئیکجار تووشی کەمبوونی چەک وتەقەمەنی بوو(لەچەند تەوەرە توانی گروپانێک هەرلەم عەشایەری سەر وە دەوڵەت کە تازەچەک و تەقەمەنیان وەرگرتبوو((بەئەنقەست) بەخۆ بە دەستەوە دانیان وادار بکات(و چەکەکانیان لێداماڵێت)شەریکی دزو ڕەفیقی قافڵە بوون لە تایبەتمەندیەکانی لەمێژینەی کوردەکانی(جامینخوازی دەوڵەت)بوون.

لەکۆتایی ساڵی 1962 قاسم بە دامرکاندنی شۆڕش لە ساڵێک بەرێ نزیکتر نەبوو. بە پێچەوانەی ئیختیداری ئاسمانی ئەم شەرە بە زەرەری وی تێپەڕیبوو. هێزەکانی ورەی شەڕکردنیان لەم چیا شاخاویانەی هەڵەمووت نەبوو،مەعلووم بوو کە قاسم سەبرسەبر لە مەرسیاسی لاتەریک دەبێ و لە ناوچونی دوورلەشک و گومانە،تەنیا زوو یان درەنگی هەیە. لە راستیدا لەڕوخان نزیک بوو.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بایەخی بە وجود هێنانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو گروپە کە لەوانەبوو بە قودڕەت و دەسەڵات بگەن ئاگادار بوو. لە سەرەتا حەولیدا کمونیستەکان بە هەنگاو هەڵینان بۆ کودتایەک ئیلاقەمەند بکات، بەڵام ئەوان دژایەتیان نیشاندا. لە دەسامبەری 1962 ڕوون و ئاشکرابوو کە ناسیونالیستەکانی عەڕەب،ناسریەکان وبەعسیەکان دۆخ وهەڵکەوتی باشتریان هەیە. لەمانگەکانی دسامبەروژانویە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ئەوان واردی وتوویژ بوو. بەعسیەکان خوازیاری ئەمە بوون کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستەبەربێت مادام کە ئیرادەوو توانایی خۆی بۆ ڕووخانی قاسم لە بەغدا کەڵەکە کردوە کوردەکان لە لاوازی ئەڕتەش لە باشوور بەخەراب کەلک وەرناگرن. حیزی دێموکڕاتی کوردستان لەم پێشنیارە پێشوازی کرد- ئاقیدەی و بیروڕای وابوو کەلە بەرانبەر قەبووڵی ئەم پێشنیارە هێندێک دەستەبەری سەبارەت بەخودموختاری کوردستان وەرگرتووە.

**دەوڵەتی بەعس، 1963،**

شتیک زێده لەمە نەیدەتوانی لە ڕاستی بەدوور بێت. لە دوایی ڕووخانی قاسم لە هەشتی فۆریيە، کوردەکان خۆیان لە حالێکدا دۆزیەوە کە تێدەکۆشان لەگەڵ(شوڕای نەتەوەیی ئینقلاب) ودەوڵەتێک کەئەم شوڕاییەی بەسەر کۆماری عەبدولسەلام عارفی ناسری و سەرۆک وەزیران ئەحمەدحەسەن ئەلبەکرى بەعسی پێکهێنابوو، وتوویژ بکەن. لە10ی فۆریە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەفەڕمی لەکودتا پێشوازی کرد وخوازیاری ئاگربڕ و ئازادی دیلەکان و زەرەرو،زیانی نەقوستانان و لەسەرکار وەلابردنی کەسانێک بوو کە بەرپرسی ئەشکەنجەی عەزابی کوردەکان بوونەی لە ئاکامدا ڕاگەیاندنی خودمووختاری.

وتووێژکەرانی کورد لەگەڵ لەمپەرو تەنگەژەیەکی گەورە ڕوو بەڕوو بوون. لە بەغدا ئەم بۆچوونە بەڕادی بڵیسەلێهەستاوگەیبوو کە دەسیسە ودەست و پەیوەندی دەرەکی،بەتایبەت ئێران و شەریکەکانی نەوتی عەڕەبی، کوردەکانیان بۆ وەدەست هێنانی ئیختیدار بەسەرئێراق دا بەداردەستێک داناوە. ناسیونالیستەکانی دەمارگرژی عەڕەب،کوردستانی باکووریان بە خاکی عەڕەبی دەزانی کە کەمایەتی ناعەڕەب لە وێ دانیشوون. بەڵام رووبەڕوو بوونی ڕژیم، لە کولدا،خودموختاری کورد مەسەلەیەکی لکوو پۆپێکی نائەسلی بوو: مەسەلەی گرینگ بۆ ڕێژیمی بۆ ناسریەکان- وهەروا بۆ بەعسیەکان- مەسەلەی یەکیەتی عاڕەب بوو.

حیزی دێموکڕاتی کوردستان سروشتییە لەم چاوتێبڕینە کە کوردەکان بە بەشێک لە مەوجودیەتی عەڕەبی بگۆڕدرین لە رادە بەدەر تووڕەبوو: هەستی دەکرد کە مەجبوورە بەئاشکرا لەم جەرەیانە پێشوازی بکات، بەڵام وەبیرەخۆی دەهێناوە کە یەکیەتی پێشنیاری ئیراق و کۆماری یەکگرتووی عەڕەبی مەسەلەی خۆدموختاری کورد قایم ترو بەلەزتر لەڕابردو کردوە. مەعلووم نەبوو دانانی جەلاڵ تاڵەبانی لەگەڵ لێژنەی ئیراقی کە لەنزیکەی کۆتایی مانگ بۆ قاهیرە چوو ئاخۆ تەنیا بە بیروڕای یەکیەتی کوردو عەڕەب بوو یان وەک حیزبی دێموکڕات هیواداربوو، بە مانای دەم پێداهێنان بەمافی چارەنووسی کورد بوو. لە ڕاستیدا تاڵەبانی ناسری لە مەسەلەی خودموختاری گەلێک قەبوولکەرتر لەئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی ئیراق بینی. نیگەرانیەکانی جێی خۆی و دورست بوو، ئەو بەڵگەیەکی تەسلیم بەئەوان کرد کە دەویدا داواکاری کوردان،چ ئێراق لەکۆماری یەکگرتووی عەڕەبی جیا ببوایە و یان لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی دولەتێکی فیدڕاڵ یەکگرتوویان پێکهێنا بوایە شیکرابۆوە. کاتێک ئیراق و میسر و سووریيە لە نێوەڕاستی ئاوریل لە ئاکامدا موافیقەتنامەیەکیان لە مەڕ پێکهێنانی کۆمارێکی فیدڕالی عەڕەبی بڵاوکردەوە دەویدا لە کوردەکان و مافی چارەنوسیان شتێک باسی لێ نەکرابوو.

بەڵام لە بەغدا دژایەتی ئاقیدە لەسەر ئەمە نەبوو کەئاخۆ دەبێ بەکوردەکان خودموختاری بدری،یان نەدرێ،بەڵکوو لە سەرئەو شیوازانە قسە دەکرا کە بەیارمەتی وان کوردان فەرمانبەرو ملکەچ کەن. هێزەکانی سوپای ئیراق، نالێهاتوویی خۆی بەحیسابی نالێهاتوویی بەڕیوەبردنی

عەمەلیات لەلایان قاسم دادەنا، موافیقی ڕێگاچارەی نیزامی بوو،کەکوردەکان جارێک و بۆ هەمێشە و بەیەکچەلی لە مەیدان وەدەر بخەن.

نانیزامیەکانی بەعس،کوردەکانیان سەبارەت بە بەشدارێک کەلە ڕووداوی 1959ی مووسڵ بە ڕیوەیان بردبوو هیچ کات عافوو نەکردبوو. بەڵام ئەم گروپە وای بەباش دەزانی کە بێ نیشاندانی زوڵم وزۆری،یانی بەشوێن تێکردن لە بزوتنەوەی کورد و تەقینەوەی لە ناوەو،لە بنەوە لەکوردان زەبر بوەشێنێت. لە جەرەیانی ئەم مەسەلە چەند زێدەپاروی فەرهەنگی –ش بدات. هەڵبەتە بەقسە دەکرا لەسەردۆستایەتی کوردو عەڕەب پێ دابگیرێ، بەڵام ئەمە شتێک بوو کە لەگەڵ چارە نووسی نەتەوەیی کوردەکان مابەینی زۆر بوو چ بگات بە خودمووختاری.

دەوڵەت بۆ نیشاندانی نییەت پاکی لێژنەیەکی بۆ مەقەڕی کوێستانی مەلا مستەفا نارد. مەلامستەفا لە سەرەتای مارس هێشتا لە قەرارگای کوێستانی خۆی نەهاتبووخوار. لەم چاوپێکەوتنەدا مەلامستەفا خوازیاری ڕاگەیاندنی دەست وجێ فەڕمی خودموختاری کوردستان بە شێوەیەک بوو کە ئەم خۆد موختاریە هەموو پارێزگای پێشووی مووسڵ،بریتی لە چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک، جیا لە خودی شاری مووسڵ،بێت. یەکێک لە داواکانی بەدیهێنانی ئەڕتەشی کورد وەرگرتنی 3/2 لە بەرهەمی نەوت بوو،و شیکردنەوەی ئەم داواکاریە لە سەرئەم بناخە بوو کە هەمووچاڵاوەکانی نەوت کە لەو دەڤەرانە هەڵکەوتبوون کە ئەو داوای کردبوون. و لە ئاکامدا پیی ڕاگەیاند ئەگەر دەوڵەت داواکاریەکانی قەبووڵ نەکات شەڕ سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە-لە ڕاستیدا بە پێشمەرگەکانی دەستووردابوو بۆ بنکەکانی خۆیان بگەڕینەوە. لە7ی مارس دەوڵەت مەلامستەفای بەئاشتی لەسەربناخەی (ناسین)ی مافی چارە نووسی خەڵکی کورد و(خودگەردانی)ئیقناع کرد،بەڵام ئەو ڕۆژێک دوایی دیسان بۆخچەی داواکاریەکانی کردەوە.

دەوڵەت بەم ئاکامە گەیشت کە دەست وێڕراگەین بە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ مەلامستەفا ئیمکانی نییە، بەڵام بۆ ئامادەکردنی سوپا بۆ جارێکی دیکەی شەڕئاتاجی بەکات وزەمان هەبوو. لەبەرئەمە دیسان لێژنەیەکی بۆ لای مەلا مستەفا نارد،کە کەئەوەی لەجیاتی خودموختاری بەقەبووڵی(کەڵەکە نەبوون) کرد،بەم مەرجە کە لە پارێزگای کوردستان زوانەکانی عەڕەبی وکوردی فەڕمی بن. لێژنە دیسان داوای لێبوردنی کرد کە کەرکووک بۆ باس لەسەرکردن و وتووێژ نابێت، چونکە دەوڵەت دەستەبەر بەئیحتڕام نان بە پەیمانامەکانی نێو نەتەوەیی پەیوەندار بە نەفت بووە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەم جەرەیانە زۆر ناڕازی بوو لەکۆتایی ئاوریل گەڵاڵەیەکی پڕ بەپێست وتێروپڕی بۆ خۆدموختاری بە دەوڵەت تەسلیم کرد،کە بەکوردەکانی لە سەرجەم مەسائل جگە مەسائلی پەیوەند بەکاروباری دەرەوە و ئابووری و بەرگری نەتەوەیی، ئازادی تەواوی دەدایە. حیزبی دێموکراتیش لەم گەڵاڵەیە داوای گونجاندنی کەرکووک وخانەقین و چاڵاوەکانی نەوتی

باشووری ڕۆژئاوی مووسڵ لەناوچەی خودموختار و وەرگرتنی پشکەبەشێکی باش لە بەرهەمی نەوت کردبوو.

ئەم داوایانە زۆرپتر لەو زێدەپاروانە بوون کە دەوڵەت ئامادەی قەبووڵیان بوو. مەسەلەی بنەڕەتی چاڵاوەکانی نەوت بوون،بەڵام حکوومەت-یش دەیتوانی بەسەرژمێری نفوسی ساڵی 1947 پەنجەڕادیرێ کە لەوسەرئەژمێریدا کوردەکان تەنیا 25 لە سەتی جەماوەری شاری کەرکووک و فەقەت 53 لە سەتی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگایان پێکدەهێنا. لەمانگی ژوئن ڕوون و ئاشکرابوو کە وتووێژ نەک تەنیا بەبن بەست گەیوە بەڵکوو دەست پێکردنەوەی دوژمنداری کاریکی لەکردنهاتووە. مەلامستەفا لەومانگی مارس هەڕەشەکانی خۆی بەدەست پێکردنەوەی شەڕدووپات کردبوو. ئێستا بەغدا ئامادەی قەبووڵی خەبات و بەرەنگاری بوو.

لە پێنجەمی ژوئن هێزەکانی بەعس،شاری سلیمانیەیان گەمارۆدا و لەشار وەزعی نائاسایی یان ڕاگەیاند، دەستیان بەگرتنی پیاوو ژنان کرد. سێ ڕۆژ دوایی کاتێک حکوومەت نیزامی لەغوو بۆوە، شەقامەکان تەژی لە تەرمی کوژراوەکان بوون،قبرێکی بە(کۆمەڵ) دۆزرایەوە کە 80 جەنازەی تێدا بوو. زۆرکەسیش ون ببوون. لە10ی ژوئین بەغدا داخۆیانێکی بڵاوکردەوە کە دەویدا هێزەکانی پێشمەرگە لە کودتا بەم لاوە بە زنجیرەیەک کاری ناقانوونی ئاڵۆزی تۆمەتبارکرابوون. ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی کورد لەبەغداگیرابوون، هەرلەوڕۆژی 10ی ژوئن سوپای ئێراق لە سێ قۆڵ: عمادیە-ڕەواندز-و کوی سنجاق دەستی بەپەلامارکرد.

کوردەکان ئەگەر یەکگرتوو بوان لە خولی هەوەڵی شەڕ باشتریان کاردەکرد. بەڵام هەرمتمانە یەک کەلە نیوان مەلامستەفا و حیزب لەگۆڕێدابوو لە ماوەی ئاگربڕ لەبەین چووبوو. ئێستا نیوان ئۆردوگاوکانی باشوور و باکوور لە خۆڕاگری و بەرەنگاری کورد پەیوەندیەکی محیبەت وجوودی نەبوو. مەلامستەفا کە بە وەزیت و دۆخ و هەڵکەوتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی وفدەی نوێنەرایەتی وی-تاڵەبانی-ئارەزو مەند بوو بەئاشکرا لە سەفەری وفدەی کورد بۆ قاهیرە ڕەخنەی گرت و مەوقعیەتی وی وەکوو سەرپرشتی لێژنەی بەئاشکرا، بەمانا، لەرزۆکی وەزیەت و دۆخی کەسینی وی بوو.

هێزەکانی دەوڵەتی لە داگیرکردنی بارزان یان لە بەرەوپێشچوون بۆ ئەولای کوی سنجاق و دەست درێژی بۆ ڕانیە لەگەڵ دژواریەکی هێندە ڕوو بەڕوو نەبوون، لە دەسەڵات بەسەردەورویپشتی سلیمانیە-ش تەنکەژەیەکی تایبەتیان نەبوو. لە سەرەتا وای دەنواند کە وەکوو وەی بزوتنەوەی کورد لەوانەیە تێک بشکێنن. بەڵام شۆڕشگێران لە ڕاستیدا دوور لە سێرەی دەست وێراگەینی هێزەکانی ئیراقی لە چاوەنواڕی هەڵ ڕەخسان دانیشتبوون. فەرماندەرانی سۆپای ئیراقی وردە وردە تێگەین کەتەنیا بەشەکانی ئەمنی کوردستانیان دەست بەسەرداگرتووە . و بەڵام- لەمانگی نوامبەر دەوڵەت بەعس،رووخاندرا.

سەرکەوتنی مەلامستەفا بەسەرحیزبی دێموکڕاتی کوردستان

لەڕێژمی نوێ بە ڕێبەری عەبدولسەلام عارف(وشورای فەرماندەری ئینقلاب) شوێن تێکەری ئەفسەرانی ئەرتەش و عارەبەکانی ناسیونالیست وناسری لەسەرگروپەکانی دیکە سەرکەوتوو بوو. ئەگەرچی بیروبۆچوونی رژیمی نوێ سەبارەت بەمەسەلەی کورد باشترلەرژیمی رابردوو نەبوو لەگەڵ ئەم هەمووە دەیەویست لەگەڵ کوردەکان پێکبێت،چونکە شەرکەلکەی نەبوو خەرجی زۆرهەڵدەگرت هەروەک ئەرتەش بەدرەنگەوە تێگەیی کەلەمەرنیزامیش ناسەرکەوتوو بوو.

عارف دوایی کودتا بۆ متمانەی هاوکاری مەلامستەفا لەگەڵ وی پەیوەندی گرتبوو وگوتبووی لەبەرامبەر دەست درێژی ئەرتەش خۆڕای وبەربەرەکانی بکات هەتا ئەو بتوانێت بەعسیەکان لەدەسەڵات دەرپەڕێنێت. دوورنییە عارف بەمەلامستەفای پێشنیارکردبێ کەلەبەرامبەرئەوشتانەی کەدەدا ئەو حیزبی دێموکراتی لە ناوببات. وبەهەرحاڵ ئەمە شتیکە کەڕوویدا.

مەلامستەفا ئەوەندە کە نیگەرانی متمانەی بەرپرسایەتی بێ ئەم لا ئەولای خوی بەسەر تەواوی بزوتەوەی کورد بوو ئەو هێندە ئیلاقەمەند بە بەردەوام بوونی شەڕ لەگەل بەغدا نەبوو. لە بەرئەمە لە دوای کودتا لە پەیامەکانی حیکاتەتکەر لە زەنینی عارف پێشوازی کرد،و لە بەرامبەر پەیامەکانی ژانویەی ناسر و بن بلا کەخوازیاری چارەسەری مەسەلەی کورد بەرێگایەکی دۆستانە بوون، ڕەزایەتی خۆی دەربری.

مەلامستەفا جارێکیتر لێکدانەوەی ناحەزی سیاسی خۆی نیشاندا. لە10ی فۆریە بەڵیننامەی ئاشتی،بەناوی کەسینی خۆی نەک وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەگەڵ عارف ئیمزاکرد. خاڵەکانی ڕەسەنی ئەم موافیقەتنامەیە بریتی بوو لە: ناسنامەی مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد لەچوارچیوەی وڵاتی ئیراق،ئازادی دیلەکانی شەڕ،قەرەبۆکردنەوەی ماڵی کوردەکان،سەقامگیرکردنی سەرلەنویی دەزگای دەوڵەت لە(باشوور) و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەکوردستان.

هەروەک برایم ئەحمەدو تاڵەبانی دەست و جێ پەنجەیان بۆ ڕاکێشا، مەلامستەفا ئیمزای خۆی لەبن موافیقەتنامەیەک دانا بوو کە دەویدا ناوێک لە(خودگەردانی)نەبوو،چ بگات بەخودموختاری،کە بناخەی شتێک بوو کەکوردەکان لە ڕێگای وی شەرێانکردبوو. ئەم بەڵێنامەیە هەتا ناوێکی لەکوردستان نەبردبوو،وکوردستان بەوجۆرە ناوی بردرابوو کە عەرەبەکانی ناسیونالیستی(دەمارگرژ) دەیانەویست : ناوچەی باشوور. برایم ئەحمەدو تاڵەبانی لەم لێکدانەوەو ڕوو بەڕوو بوونەوی یەک لایانە لەگەڵ مەسەلەکە ڕەخنەیان گرت.

عارف دژکارانی بارزانی بە هێزی نیزامی هەرەشە لێکرد،لە حاڵێکدا بارزانی پێی ڕاگەیاندن کە هەرجۆرە بەربەرەکانی لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی وەکوو ڕاگەیاندنی شەڕ بەکەسینی خۆی دەزانیت. چەند ڕۆژ داوایی مەلامستەفا، لە درێژی ئاخافتنەکانی کە بەئاشکرا سەری قسەو ئاماژەی بە حیزبی دێموکرات بوو گوتی: کە (مادام کە عەمەلێکی ئەوها لە بەرژەوەندی و قازانجی ئێراق بێت ڕەخنەی لە سەرهەڵوەشانەوەی حیزبەکان نییە.)مەلامستەفا وردە وردە لە عارفی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و پارەی وەردەگرت.

کوردەستان بەهۆی ناکۆکی ناوەخۆی لەت وپەت ببوو. لایەک برایم ئەحمەد و تاڵەبانی و ڕۆناکبیرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون کە لەسەرئیدولۆژی لاقیان داگرتبوو کەلە ماوەی بیست ساڵ بەروپێش چووبوو گۆرا بوو. لەلایەکی دیکە مەلامستەفا بوو،کە ئیختیداری هەبوو ناتوندڕەوان و سەرۆکانی عەشایەر و شێخەکانی کوردستان لەدەورەی خۆی کۆکاتەوە. لە بۆ ئەم بەرەنگاریە، خەبات لە نیوان دین و بێدینی، لە نێوان پەیمان و بەڵێنەکانی عەشایەری و نەتەوەیی، و لەنێوان سوننە ومارکسیسم-ی گاورو خوانەناس بوو.

گروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی بە پێچەوانەی بەهێزی و هەڵکەوتی ئیدۆلۆژێکی خۆی، شانسی سەرکەوتنی لە بەرامبەر مەلامستەفا دانەبوو. لە 1961 بەم لاوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مەلامستەفای بەناوی ڕێبەری نەتەوەیی بیچم و پەسەندی کردبوو، وێنەکانی لە سەردەرگاو دیوارو شوێنەکانی گشتی و گەلیک لە ماڵەکان هەلاوەسرابوو. ئەو بیچم و ڕوخساری ئینقلابی کورد بوو. ئێستا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان حەسرەتی هەڵدەکێشا کە بۆچ لە 1961 بەختی خۆی لە بەختی مەلامستەفا و سەرۆکانی عەشایەر گرێدا. ئەم هەنگاوە ئیکجارەکی بەناسەرکەوتن گەیبوو.

برایم ئەحمەدو تاڵەبانی لەناخی بزوتنەوەی کورد،خۆیان لەحاڵ وئەحواڵیکدا دۆزیەوە کە شوێن تێکەری وئیختیداریان لە سەراوژێری کوژانەوەدابوو. گەلێک لە ئەندامانی حیزب هەرجارە ڕوویان لەلایەک دەکرد وجارێ بەکەسیکیان دەنگ دەدا. لەمانگی مارس برایم ئەحمەد وچەند کەس لە کاوکارانی بە بیروڕای سەروسامان دان بەپەیوەندی لەگەڵ مەلامستەفا وئەوداوایە کە خودموختاری لەبیرنەکات بۆ جێ دانیشتنی وی هەڵکەوتوو لەنزیک قەلادزی چوون. مەلامستەفا ئیکجار توورەبوو وگوتی: کەئەو قەولی شەرەفی داوە وبەڵیننامەی 10ی فۆرییەی ئاشتییەکی یەکجارەکی یە. برایم ئەحمەدو گروپەکانی لەترسی گیانیان شەوانە هەڵاتن وتێیان تەقاند،-تەنیابرایم ئەحمەد هەڵات- وبۆ قەرارگای خۆیان لە(ماوەت) گەڕانەوە. خێرائاگاداربوون کە مەلا مستەفا هەموو فەرماندەرانی حیزبی گۆڕیون ولە جێگای وان جامینخوازانی خۆی لێداناون.

برایم ئەحمەد ئێستا تێکۆشا،لایانگران و پشتیوانانی دژی بارزانی کۆکاتەوە. کۆنگرەی شەشەمی حیزی لە مانگی ئاوریل بانگێشن بە دانیشن کرد. ژمارەیەکی کەم لەم کۆنگرەدا بەشداریان کرد،و ئەم دەستەیەی کە بەشداریان کردبوو بڕیارنامەیەکیان لە مەحکوومیەتی مەلامستەفا و مامەلەی یەک لایانە وی لەگەل بەغدا پەسەندکرد. برایم ئەحمەد ڕەنگە لەنەزەر ئەخلاقی و هەڵکەوتێ بە تینتری لەمالامستەفای هەبووبێ، بەڵام لەبەرامبەر، مەلامستەفا لە داکۆکی وپشتیوانی زورتری کوردەکان- ودەوڵەتی بەغدا-بەرهەم وەرگربوو.

لە مانگی ژوئن مەلامستەفا پەیامێکی بە عەباسی مامەندئاغای ئاکۆ، بۆ برایم ئەحمەد و تاڵەبانی نارد و لەوانی داواکرد کە بۆ سەردانی وی بۆ (ڕانیە) بێن. بەم هۆیە کەکۆنگرەی ماوەت بەڕادەیەکی تەواو نەگەیوە، پێشنیاری کرد کۆمیتەیەکی بێلایان کونگرەیەکی تازە پێک بێنێت. برایم ئەحمەدو تاڵەبانی لەگەڵ ئەم پێشنیارە ڕەزامەندیان دەربڕی،بەڵام ئاگاداربوون کە مەلامستەفا ئارام وبێ دەنگ ڕانیەی بەجێهێشتووە ویەک لایانە کۆمیتەیەکی بەرپسیارکردوە، کەهیج کەس لەگروپی برایم

ئەحمەدو تاڵەبانی تێدانییە! لەترسی گرتن بەشەوهەلاتن و بۆ ماوەت گەڕانەوە، و بڕیارنامەی کۆنگرەی بەد شانسی ماوەت یان کە هەتا ئەوکات بڵاو نەکرابۆوە، بڵاوکردەوە.

مەلامستەفا کۆنگرەی شەشەمی خۆی لەمانگی ژوئیە لە قەڵادزە سازدا. نوێنەرانی گروپی برایم ئەحمەد- تاڵەبانی کە بۆ بەشداری لەکونگرە هاتبوون دەست وجێ دەست بەسەرکردن. کۆنگرەی(شوڕای نەتەویەتی)بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە پێکهێنا،کەکنسرسیومی بوو بریتی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و فەرماندەرانی پێشمەرگە و سەرۆکانی عەشایەر. بەرپرسی ئەم شووڕایە بە مەلامستەفا بوو. هەروەک پیش بینی دەکرا کۆنگرە دانیشتینی ماوەتی بەناقانوونی ڕاگەیاند و زوربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو لەحیزب دەرکرد. چەند ڕۆژداوایی مەلامستەفا،ئیدریسی کوڕی بە بەرپرسی هێزەکی گەورە بۆ دەرپەڕاندنی برایم ئەحمەد بۆ ماوەت نارد، و برایم ئەحمەد و تاڵەبانی لەگەڵ هێزێکی 4000کەسی خۆیان، بۆ ئێرانیان تێ تەقاند. مەلامستەفا سەرکەوتوو بوو.

مەلامستەفا کە بوو بەتاکە سواری مەیدان، شۆڕەی برایم ئەحمەدی لەبەرکرد. کۆنگرەی قەڵادزە خوازیاری خودموختاری بوو، و دەوڵەتی ئاگادارکردەوە کە گەڕانەوەی دەم ودەزگای بەڕیوەبردن بۆ کوردستانی جێگای قەبووڵ نییە- هەر ئەوشتانەی کەئەو سەبارەت بەوان لەلایان برایم ئەحمەد وتاڵەبانی مەحکووم کرابوو. مەلامستەفا دەونێوەدا سەروسامانی بەحیزب دا بۆرژاندیەوە،و بۆ ئەم کارە لە کموونیستەکانی پێشووی کوردی بۆ پەرەپێدانی شوین تێکەری حیزب لەژیانی خەڵکی کورد کەلکی وەرگرت.

ئێستا گەڕانەو بۆ شەڕ دوور نەبوو. لەمانگی مەی قانوون ئەساسی موەقەتی عارف جگە لە ئاماژەیەکی ناڕوون، بەکوردەکانی نەکردبوو: وئەمە هەڵبەتە  موافیق لەگەڵ بەڵیننامەی 10ی فۆرییە بەڵام دژایەتی لەگەل ئومێدو  چاوەنواڕی خەڵکی کورد هەبوو. لەمانگی ئۆکتۆبر مەلامستەفا داواکاریەکانی خۆی هێناوە بەرباس،کە سەیرە لە مانگی فۆریە بۆخچەی نەکردبۆوە. خودموختاری،گونجاندنی چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک و خانەقین لە بەشێک ناوچەی خودمووختار،لەکارکردنی زوانی کوردی وەکوو زبانی فەڕمی ناوچەی خودموختار، بەشێکی عادلانە بەئیسافانە لە بەرهەمی نەوت. ئەو هەروا بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری کوردستان سێ مەجلیسی پێکهێنا: پەڕلەمانی سەنا،بەسەرۆکایەتی شێخ لەتیف،مەجلیسی شووڕا بە بەرپرسایەتی عەباسی مامەندئاغا، و شووڕای ڕێوەبەری ئینقلاب،کە بەرپرسایەتی وی بە خۆی بوو.

عارف بە مەلامستەفای گوت: کە بە بۆچوونی وی دەوڵەت بە نێوەڕۆکی موافیقەتنامەی 10ی فۆریە عەمەل کردوە،لەمپەری گەورەی بەرەوپێش نەچوونی جەرەیان،خودی مەلامستەفا-یە. عارف لە ڕاستیدا لە مەڕ مەسەلەی کورد لە ژێر فشاری ئەفسەرانی پایەبەرز بوو،ترسی هەبوو کە ڕیژیمەکەی بڕوخێنن.

ئیستا هەردوولا بۆ شەڕئامادە دەبوون. لە سەرەتای مارس ئەڕتەشی100000 کەسی دژی 15000پێشمەرگە دەستی بەپەلاماركرد. زوربەی كوردەكان لە دەورەی مەلامستەفا كۆ ببوونەوە،و هەتا برایم ئەحمەدو تالەبانی و لایانگرانیان ئیجازەیان پێدرا بگەڕێنەوە و لە خەباتی نەتەوەیی داكۆكی و پشتیوانی بكەن. شەڕ ئاكامی یەكچەلی نەدا: ئەڕتەش گەلێک لە شارەكان وگوندەكانی دەست بەسەرداگرتبوو،بەلاّم شەوانە پێشمەرگەكان لە ناوچەحوكمات و حوكمڕانیان دەكرد. بەپێچەوانەی چاوەنواڕی، ئەڕتەش بەپێچەوانەی هەل و مەرجی جەوی لە زستانی 65-1966دەستی بەهجووم كرد. لە بیروڕای دابوو هێرشی ئاخری لە ئاوریل بەكۆتایی بگەێنێت. بەلاّم بەرلەم جەرەیانە سەركۆمارعارف لە كەوتنەخواری هێلیكۆپتێر كوژرا. بە دەست پێكردنی خەباتی دەسەلاّت لە بەغدا، شەڕ لە باشوور ڕاگیرا.

مردنی عارف كێشمەكێشمەكی نادیاری نێوان ئەفرادی نیزامی و نانیزامی ناو حكوومەت ئاشكراكرد. عارف بۆخۆی موافقی ئەفرادی نانیزامی لە دەوڵەت بوو و لە پاییزی ساڵی 1965 عەبدولڕحمان بزازیان بەسەرۆک وەزیران دانا بوو. بەزاز، زوربەی وەزیرانی كابینەی لە ناو نانیزامیان هەڵبژارد بوو، و شووڕای بەرگری نەتەوەیی كە پێكهاتوو لە نیزامیانی بوو جێگری شووڕای فەرماندەری ئینقلاب كرد بوو.

بەزاز گرینگایەتی و ناوەندیەكی كە مەسەلەی كورد بۆ بەرەوپێش چوونی ولاّت هەیبوو حاڵی ببوو،وحەزی لەچارەسەری ئاشتی لەڕێگای وتوویژ بوو. لەقەبووڵكردن و ناسینی پێناسی خەڵكی كورد-یش دژواری نەبوو. بەم بیروڕایە دەوڵەتەكەی ڕایگەیاند بوو:

یاسای بەڕێوەبردنی نوێ ڕاستی و، واقعێەتی ناسیونالیسم-ی كوردی دەم پێدا دێنێت،و بە هاو ولاّتیان لە باشوور ئیمكان دەدات كەزبان و میراتی فەرهەنگی خۆیان خڕوپتوون و تەواوو كەماڵ بپارێزن. هەروا بەوان ئیمكان دەدا كە حەول و دەول و تێكۆشانەكانی ناوچەیی كە جیاوازی لەگەڵ یەكیەتی ولاّت نەبێت وبە هیچ بیچم و شكڵ و عینوان ڕێگای بۆ لەدەست دانی هیچ بەشێک لە نیشتمان خۆش نەكات، لیی بەردەوام بن.

بەلاّم ژەنەڕاڵ عەقیلی وەزیری بەرگری كە بڕیارگر بوو مەلامستەفا ولایانگرانی بەچۆک دابێنێت، عارفی ئیقناع بە بەردەوامی شەڕ لەو زستانی كرد.

كاتێک عەبدولسەلام عارف كوژرا مەلامستەفا ئاگربڕێكی یەک مانگەی ڕاگەیاند هەتا ڕژێمی نوێ بتوانێت(لەمەڕ داواكاریەكان فكربكاتەوە.) لە ڕاستیدا هەر دوو لایان ئاتاجیان بە ئاگڕبڕیک هەبوو كە دەویدا بتوانن پشوێكی تازە بدەن. بەلاّم هێندەی نەكیشا كە عەبدولڕحمان عارف كە مرۆڤێكی ناسیاسی بوو، و لە جێگای برای دانیشتبوو ملكەچی نیزامیان بوو: چ كات بەكوردان خودموختاری نادرێ...دەوڵەت هیچ كات لە بیروڕای دانییە لەگەڵ شۆڕشگێران بۆ وتوویژ دانیشێت.)

بەمجۆرە ئەڕتەش جارێكی دیكە دەستی بەپەلاماركرد، لە حاڵێكدا كە عەبدولڕحمان بەزاز،كە ئاقیدەی بە سەركەوتن نەبوو چاوەڕوانی فورسەت بوو. لە مانگی مەی ئەڕتەش حەولیدا لەو بەشەی كە لە ڕێگای ڕەواندز بە سنووری ئێران دەلكا، و ڕێگای ئەسلی تەداركاتی شۆڕشگێران لە ئێران و

قەرارگای عەمەلیاتی هێزەکانی پێشمەرگە بوو،بە سەریدا زاڵ بێت. هێزەکانی ئاسمانی لەبۆمبی ناپاڵم و چەکەکانی شیمیایی کەلکی وەرگرت،بەڵام ئەرتەش تووشی تێشکانێک بوو کەهیچ کات لە شەڕ لەگەڵ کوردان تووش نەببوو-سەدان کوشتەی دا.

بەزاز بە تاڵوکە دەست بەکاربوو. هەتا کۆتایی ژوئن لێژنەی نوێنەرایەتی کوردی بۆ وتووێژ لەگەڵ عارف خۆی دەبەغدا کێشا. هەردوو لا دەیانەویست بەرلەمە کە ئەرتەش پەلامارێکی دیکە دەست پێبکات بەرێگای چارەی ئاشتی بگەن. لە دوایی دوو حەوتوو وتووێژ،بەزاز پێشنیارەکی 15ی ماددەیی لە29ی ژوئن لە ڕێگای ڕادیو بڵاوکرد. مەلامستەفا ڕۆژی دوایی ئەم پێشنارانەی قەبووڵ کرد- لەسەریەک هەموو داواکاریەکانی کوردانی لەخۆگرتبوو: پێناسی کوردانی لە ناو ئێراق بە فەرمی ناسیبوو،کەڵەکە نەبوون بە دەنگی ئازادی شووڕاکانی ئیداری و بەشداری کوردەکان بە ڕادەی جەماوەر لەدەوڵەتی ناوەندی وادە درا بوو، زبانی کوردی بە ناوی زبانی فەڕمی لەگەڵ تەواوی پڕوپاگەندەی فەرهەنگی و پێشینەی زواننا‌سی وی قەبووڵ کردە بوو،و سوکری گرتبوو کە لە ماوەی ساڵیک دەوڵەتی پاڕلەمانی لە وڵات دامەزرێنێت.

داخۆیانی بەزاز بە دوو بۆچوون و مەنزوور کە بە واسیتەی وی مەسەلەی کورد لەئێراق چارەسەردەکرا و بۆ کوردان خودموختاری و بۆ هەموو خەڵکی ئێراق دێموکراسی بە دیاری دەهێنا،نزیک بوو. سێ برگە لە 15 ماددەی داخۆیان بەنهێنی هێشترابوونەوە. یەکێک لەم سێیە،لە سکاڵای لەمێژینەی دەکۆڵیەوە، و وادەی دەدا کەبەشەکانی کوردنشینی مووسڵ لە پارێزگای ناوبراو جیابکرێتەوە و لەپارێزگایەکی دیکە بەناوی پارێزگای دهۆک بگورێ وشکل بگرێ، کە ناوەندی وی شاری دهۆک بێت. ماددەی دووەم وادەی دەدا کە کاتێک کە دەنگدان بەڕێوە چوو،حیزبی دێموکراتی کوردستان-یش ئیجازەی تێکۆشان وەدەست بێنێت. و لە ئاکام بەزاز وادەی دەدا کە لێبوردنی گشتی(عافووی عمووم)یش هەنگاو بە هەنگاو بەڕێوە بچێت.

سەرکەوتنی بەزاز تەمەن کورت بوو. ئەومانگی دوای وی هەستی پێکرد کەعەبدولڕحمان عارف بە دنەی ئەفسەرانێک کە لە ڕوو بەڕوو بونەوەی بێ بایەخی وی سەبارەت بە ئەرتەش دڵخۆشیان نەبوون،ئەوە خەریکن بن پێی دەکوڵن-و لە سەرۆک وەزیران وازی هێنا. لەمە دا شک وگومان نییە کە بەزاز هەڵویستێکی دۆستانەی لەسەربناخەی ڕاستەقینە سەبارەت بەکوردەکان وئاتاج بە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی دێموکڕاتیک گرت. بە ڕۆینی وی باشترین هەل بۆ کوردەکان و سەقامگیری کۆمارێکی دێموکڕاتیک لە ئێراق لە دەست چوو. جێگری وی کە ژەنەڕاڵیکی ئەرتەش بوو حەزی لە بەڕیوەبردنی داخۆیانی بەزاز نەبوو، و بە هەرحاڵ بیروڕای وابوو کە مەلامستەفا نوێنەری هەموو خەڵکی کورد نییە . هەڵبەتە ئەم داوایە بەسەرنج بە دژکارانی فکری و عەشیرەیی مەلامستەفا بابەتێک بوو.

برایم ئەحمەدو تاڵەبانی- مەلامستەفایان نەبەخشیبوو،تێکەڵاوی بێزاری کەسینی و کێشمەکیشی فکری بە غەرزو بوغزێک گۆڕابوو. ئەم دووە هەرچەند لە سەرەتای خولی پەلاماری ئاوریلی 1965 ی ئەرتەشی ئێراق لە کوردستان مەلامستەفایان ئالیکاری کردبوو،لە ژانویەی 1966 لەوی جیا بوونەوە و بەیارمەتی ماڵی چەک و تەقەمانی دەوڵەت کە هیوادار‌بوون لەوان وەکوو پارسەنگێک دژی بارزانیەکان کەلک وەرگرن لەگەڵ وی بۆ بەربەرەکانی قیت بوونەوە. ئەوان داواکاربوون کە حیزبی ڕاستەقینەی دێموکرات ئەوان پێکی دێنن، و بڵاو بوونەوەی خەباتیان دەست پێکردەوە.

برایم ئەحمەدو تاڵەبانی ئەم هەڵویستەیان گرت،کە ئەوان بەم دەلیلە لە دەوڵەت داکۆکی دەکەن کە دەوڵەت  داخۆیانی بەزاز دادەبەزێنێت- بەڵام لەم بارەوە شک ودوو دڵیان هەبوو: ئاخۆ بەرلە وەی کە چینی ملّکداروئاغاوەت تێشکابێت خودموختاری دەتوانێت واقعیەت پەیدابکات و بەدی بکرێ؟ بەمجۆرە ئەوان خۆیان لەهەڵ و مەرجێک دا دۆزیەوە کە شان بەشانی جاشەکان شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد،بە وتەی مەلامستەفا ئەمانە بەکرێگیراوانی نوێ بوون)مەلامستەفا دەیتوانی بە خۆفرۆش خۆ دۆڕاویان ناوبەرێت،چونکە هێزەکانی برایم و ئەحمەدو تاڵەبانی لاوازتر لەمە بوون ئەوی لە مەیدان وەدەرخەن.

تێبینی:1 جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد چاشی 66 بوون،خەیانەتی وان لەمێژووی کوردی دا لەبەرچاوە، تاڵەبانی نەک هەرجاشی ئیراق بەڵکووجاشی تورکیەو ئیران وسووریەش بوو، لەگەڵ هەرچواردەوڵەتی داگیرکەر دەستی هەبوو دژی هەمووشۆڕشگێرانی ئەوچوارپارچە بووە، شەڕی کۆمەڵەی ئیران بەدەستی وی سازدرا ئەنشعابەکان هەموو دەستی ویان تێدابوو لەشەهیدکردنی دکتۆرقاسملوو ڕاستەوخۆ شوێنی دیارە دوایەش بکوژانی قاسملووی دەیان کەرەت لەئێراق بۆوتووێژ بانگێشتن کرد، شەڕی ناوەخۆی ئیراق کەبەبراکوژی ناوبانگی دەرکرد پەنجەی وی پێوەدیارە،مەسەلەی سورانی بادینی کوردستای باشوور هۆکارەکەی تاڵەبانی بوو،دەیانی شتی تریش هەنۆکەش کەسەرکۆمارە هەروا نۆکەری ئیران وسووریە و تورکیەیە، وبۆ لەناوبردنی حیزبی دێموکراتی ئیران و پەککەکە،ڕاستەوخۆ دەستی تیدا، لەبەغدا جارسوننەو جارشێعەو جارلامەزەبە،تەنیا کوردنییە دەنا هەمووشتێکە،بێگومان هەر بەنۆکەریش دەمرێت،وەرگیری کوردی)

خولاسە سەرکۆمارعارف کەلەگەڵ ئەفسەران تێکچوو بووهاتەسەرئەم بڕیارە هەر لەو وەرزی پاییز، لەسەردانی کوردستان بکات. ئەوچاوی بەملامستەفا کەوت،ئەمە ڕووداوێک بوو کە ڕوتبە وکەسیتی و چلۆنایەتی مەلامستەفای لەبەر چاوی کوردان وهەموو خەڵکی ئیراق بەرزکرد. مەلامستەفا دەیزانی کە کوردەکان  ئاتاجیان بە پشووخواردنەوە هەناسە هەڵکێشانێک هەیە: نزیکەی 750 گوند وێران ببوو ونزیکەی 200000گوندەیی لەماڵەکانیان هەتڵەو لانەوازو پەروازە وئاوارە ببوون. عارف ڕەپ وڕاست ئەفسەرانی ژێردەستی سەرکۆنەکردو گوتی: کە(مەسەلەی کورد بەهۆی هەڵەکاری سیاسی و نەبوونی پسپۆری گرێپوچکەی بووە،) وادەوبەڵینی زۆری لەپەیوەند لەگەڵ داخۆیانی بەزاز وگەڕانەوەی وەکووبەرێ وەزیتی کوردستان دا، کەنەیتوانی هیچ کام لەوان دابەزێنێت-ولەئاکامدا بە پەیمانی ئاگربڕ موافیقەت کرا. بەڵام لەعەینی حاڵدا کە وردە وردە تێدەگەیی کەئەرتەش دەستی بەشەڕێک کردۆتەوە کە ناتوانێ تێدا پیرۆزبێت، ئاگاداری ئەم خاڵەش بووکە بەرێوەبردنی گەلاڵەی داڕێژراوەی بەزاز وێدەچێ کودتای ئەرتەشی لێ بکەوێتەوە.

ئێستا کە شەڕ لەگەڵ سوپای ئێراق بە پشوودان ڕاوەستابوو،مەلامستەفا دەیتوانی بارودۆخ  و هەڵکەوت وچلۆنایەتی خۆی لەکوردستان قایم وموحکەم کات و بە حیسابی دوژمنانی عەشیرەیی وفکری خۆی بگات. لە مانگی نوامبەری 1966 کۆنگرەی حەوتەم حیزبەکەی ڕاگەیاندراوەی بەزازی بۆ دووری لە خوین ڕێژی زۆرتر،بەفەڕمی قەبووڵ کرد،بەڵام بەم مەرجەکە (بەتەواوکەماڵ لەگەڵ ئامانج ومەنزووری ئینقلاب لەگەڵ خودموختاری ڕێکناکەوێت)ئەمە ئاماژەیەک بوو بە بەغداکە داخۆیانی

ناوبراو هەتا ئەوجێگایە کە بە مەلامستەفا پەیوەندی هەیە خاڵێکی سەرەتایی بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردە ئەمما بۆ کۆتایی وی نییە. بەڵام هەروەک پێش بینی دەکرا کۆنگرە لە گنخاندن و قسووری (خەرابخوازانەی) بەغدای لە بەڕیوەبردنی ماددەکان ڕەخنە گرت، و بەشێوەیەکی دنە دەر سێ برگەی نهێنی موافیقەتنامەی بڵاوکردەوە.

مەلامستەفا لەم وچان و پشوودانەی ئاگربڕ بۆ بەردەوام کردنی وتوویژ لەگەڵ عارف و بەرفرەوانکردنەوەی داواکانی کەلک وەرگرت. و ڕەزامەندی دەسەڵاتداران بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک بەناوی ئەلتاخی لە بەغدا وەدەست هێنا، کە بە ڕاشکاوی لە ڕێژیم ڕەخنەی دەگرت. ڕیژێم لەمە دەترسا کە ئەگەر ڕۆژنامەکە گاڵە بدا مەلامستەفا بەشی بەرنامەی ڕادیویی کە بەدوای قەبووڵکردنی داخۆیانی بەزاز هەڵپەساردبوو سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە. مەلامستەفا لەم ڕاوەستانەی شەڕ لەگەڵ حکوومەت، بۆ هێرش بردنە سەر دوژمنانی کەلکی وەرگرت.

مەلامستەفا لە دوو دوژمنی گەورەی ئێراق یانی ئیران و ئیسڕائیل یارمەتی وەردەگرت. ئێران لە دوایی ڕووخانی بنەمەڵەی هاشمی بە چاوی لوتف و موحیبەت لەکوردەکانی دەڕوانی کە دەیتوانی دژی ڕێژێمی سەروەشووڕەوی ئێراق،لەوان کەلک وەرگرێت. لە دوای ڕووخانی حکوومەتی قاسم، دەستی بەچەکدارکردنی کوردەکان بەچەکی نوێ کرد. لە 1966 ئێران ڕەنگە بیست لە سەت یان زۆرتری ئیحتیاجیەکانی مەلامستەفای لەمەڕچەک وچۆڵ وپارە دابین دەکرد،و لە بەرانبەر ڕەخنەکان کە دەوڵەتی ئیراق لەئاوریلی 1966 سەبارەت بەم جەرەیانەی کرد دژکردەوەی باشی نیشان نەدا. مەلامستەفا لە بەرامبەر ئەم یارمەتیە کەلە ئێرانی وەردەگرت،دەستەبەربوو کە بە خەباتگێڕانی کوردی ئێران ئیجازە نەدات کە لە کوردستانی ئیراق وەکوو بنەکەیەک دژی وی کەلک وەربگرن. لەکۆتایی ساڵی 1966 ئیسڕائیل-یش بەملامستەفای ئالیکاری دەکرد.

لە پاش ژوئن 1967 دەوڵەت و ئەرتەشی ئێڕاق لاوازتر لەوە بوون کە هەڕەشەیەک لە بۆ مەلامستەفا،بن: ئەمە بەهۆی تەکانێکی سەرهەڵداو لەشەڕی شەش ڕۆژەی(عارەب وجولەکان) و هەروا بەهۆی شتێکی نوێ بوو کەتازە گەرای دابوو: بەغدا ئێستا ئاگاداری ئەم خاڵەبوو کە کاتێک دەتوانی و دەشێت کوردەکان تێک بشکێنێت کە سنووری ئێڕاق لەگەڵ ئیران ببەستێت، دەنا پێشمەرگەکان ئێستاکەلە لایان ئیران پۆشتە دەکرین لەکاتی پیویست لەکەوشەن دەپەڕنەوە بۆ ئیران پەنا دەبن و دەتوانن شەڕی بۆ زەمانێک نادیاری کراو بەردەوام بکەن. حەول و تەقەلای بەغدا بۆ بڕینی یارمەتی ئیران بەکوردەکان بەجێیەک نەگەیشت و بەری لێ نەکەوتەوە. لە ئاکامدا لاوازی دەوڵەت کەلە بەرامبەر لەگەڵ کوردەکان روون ببۆوە هۆکاری لەناوچونی حکوومەتی پێکهێنا. لە ژوئیەی 1968 بەعس و ئەرتەش هەنگاویان بۆ کودتایەک هەڵێناو تێیدا سەرکەوتوو بوون.

سەرچاوەکان:

بریتانیای کبیر: ادارة بایگانی عمومی،سریهای وزارت خارجه 371/:شمارەهای 133069 ،133070، 133072، 134255، 140913، 140916، 140918، 140920، 140921، 14092، 141050، 149845،

157662، 157663، 157664، 157665، 157666، 157670، 157671، 157674، 164233، 164234، 164235،

سەرچاوەی دەرجە دووەم:

دی ویدآدامسن،جنگ کردستان(لندن،1946)ارفع،کردها،بتاتو،طبقات اجتماعی سابق،اوریل دان،عراق درحکومت قاسم: بررسی سیاسی،63-1958(نیویورک،1968) دزیجیل،جماعات روستایی درعراق معاصر،محمود الدره،القضیةالکردیه)بیروت،1966)سولومون گرشون،(مبارزة ملی کردها درعراق)،درچشم اندازنو،شمارة3،مارس-آوریل 1968،ادموندزغریب،مسألة کرد درعراق(سیراکوز،1981) سعدجواد،عراق و مسألةکرد،1970-1958(لندن،1981) ماجد خدوری،عراق جمهوری: بررسی سیاست عراق از انقلاب 1958 بەاین سو (لندن،1969) ادگارابالاس،شورش کردها،1961- 1970 (لندن،1973)، عصمت شریف وانلی، کردستان عراق، موجودیت ملی،بررسی انقلاب 1961 (نیوشاتل،1970)

چاپەمەنیەکان:

وتووێژەکان: برایم ئەحمەد(لندن،28مەی 1993)،حوسین ئاغا سورچی(لندن،18ی فوریەی 1992)

بیرنامەکان:

1-ئەم کوردە،خالید نەخشبەندی ئەندامی یەکێک لەبنەماڵەی شێخەکانێ خاوەن ملّکی هەولێر بوو. ئەو مرۆڤێکی جێگا ئیحترامی خەلک بوو، بەلام لەنێو کوردەکان کەمتر بە ناوی سیاسەتمەدار ناسراو بوو. 2-بۆ ئاگاداری لە ناوەرۆک بڕواننە بەسعدجەواد،ومەسەلەی کوردەکان، 1970-1958 (لەندەن،1981)لاپەڕەی 37. 3-جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕی 38. 4-مەلامستەفا مانگانە 500دیناری ئێراقی مووچە وەردەگرت. بنەماڵەی بارزانی لە سەریەک مانگانە 1000هەتا 2000دیناری ئیڕاقیان لە حکوومەت وەردەگرت- مەحموودالدره،القضیةالکردیه(بێروت،1966)لاپەڕەی 280، 5-هەموو ئەفسەرانی کورد بی جیاوازی بە دەرەوەی کوردستان دەناردران. ئەمە سیاسەتێک بوو کەحکوومەتی بنەماڵەی هاشمی لەدوایی شۆڕشی ساڵی 1943ی بارزانی هەلبژارد ولەحکوومەتی قاسم-یش بەردەوام بوو. 6-ئەم قسانە بەبرایم ئەحمەدی نیسبەت دراون،ئێراق لەحکوومەتی قاسم، لاپەڕەی 147. 7-مێهدی حەمیدی، کەمالامستەفاـی لە1945 یارمەتی وئالیکاری کردبوو ولە 1948 ئەندامی حیزبی کموونیستی ئیڕاق بوو-بتاتو چینی کۆمەإیەتی پێشوو،لاپەڕەی 884، 8-جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 44، 9-دان،ئێراق لەحکوومەتی قاسم،لاپەڕە335، 10-هەرئەوشوێنەوار 11-جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 48، 12-لە ڕاستیدا کۆنگرەی پێنجەم لەمەی 1960 ئەم مەسەلەی سەرلەنوی هێناوە بەرباس و پەسەندکرد-جەواد،ئیڕاق ومەسەلەی کورد،لاپەرەی 50 13-ڕادیویی بەغدا،18ی ئۆکتۆبری 1958، بەنەقل لەدان،لەئیراق

14-ڕیبەران بریتی بوون لە لەحکوومەتی قاسم،لاپەرە138.
شێخ ڕەشید لۆلان، زاواکەی بەناوی مەحموودخەلیفە سەمەد،کەلە ئاغاکانی گرینگی برادۆستی بوو( هەردوو لەگەڵ مەلامستەفا دوژمنایەتی لەمێژینەیان هەبوو)شێخ محەمەد سەدیق ناسراو بەپووشۆ،کوڕی سەید تەها-ی خوالێخۆش بوو. 15-جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 69. 16-شێخ ڕەشید خوازیار بوو کەبەحیزبی کموونیست ئیجازەی تێکۆشان لەکوردستان نەدرێت، وبارزانیەکان گوندەکانی برادۆستی چۆل بکەن. وتوویژ لەگەڵ کەریمخان برادۆستی، لندن،18ی فوریەی 1922 وەزارەتی دەرەوە 371/ 14945، نامەی ڕێکەوت 27ی سپتامبەری 1961 فال بەهیوم(بەغدا.
17-ئەم لەمپەرانە بریتی بوون لە:1-دەرکردنی کاربەدستان لەخزمەتی دەوڵەتی بەهۆی ئەندامەتی لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان. 2-قسوورکردنی لە وادارکردنی ئیدارەی گشتی پەروەردەوفیرکردن کوردی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان3-لە دورشمەکانی فەرمی جەژنەکانی 14ی ژوئیە ناوێک لەمللەتی کورد نەهاتبوو. 4- کوردستان لەبەرنامەکانی پەرەپێدان بەشێکی نەبوو5-دەسەڵاتداران بە گویچکەیان بەمەسەلەی کشت وکاڵ نەدەلەقی- دان،ئیراق لەحکوومەتی قاسم،لاپەڕەی 332. 18-ایراک تایمز،نوامبەری 1960، بەنەقڵ لە دان،ئێراق لەحکوومەتی قاسم،لاپەڕەی 332. 19-النداء(بیروت)20فۆریەی 1961. 20-ئەم مرۆڤەسادق ئاغای میران بوو. بکوژ مەحموود کدانی بوو کە وێدەچوو بەدەستووری مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت.
21-بەلانی کەم سێ داواکرابوو،بڕواننە وەزارەتی دەرەووە 157673/371، یاداشتی ئیدارەی بایەگانی گشتی بەوەزارەتی دەرەوە،بەغدا 25ی مەی 1961 جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 47 وەزارەتی دەرەوە 371/ 157674، یادداشتی ڕیکەوت 20ی 1961 بایەگانی بەوەزارەتی دەرەوە. 22- بۆ ئاگاداری لە هەڵچوونی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکگرتوەکانی عەشایەری ویش هەڵچوون لەناوحیزب،بڕانن بە 371/ 164234،یادداشت ڕیکەوت 27ی ئەوتی 1962 استوکس،حیزبی کموونیست، بێروت. 23-جەواد،ئێراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 82، 24-مەلامستەفا بەباڵوێزی بریتانیا لەدێمشق نووسی: باس سەبارەت ئامرازی نابوودی کموونیسم وبەکرێگیراوان لەئیراق وهەمووناوچەکانی کوردستان دەست پێ بکات وسەبارەت بە ڕەویەیەک کە دەبێ لەپەیوەندی لەگەڵ شەریکەکانی نەوتی نێودەوڵەتی دەگیرێت،بەجۆرێک کەبریتانیا بتوانێ برای خێروسەعادەت خەڵکی کورد وخەڵکی بریتانیا بەوەی کەدەیەوێ دەستی وێرابگات، موافیقەت بکرێت. وەزارەتی دەرەوە167671/371،قاقەزی ڕیکەوت 15ی دەسامبەری 1961 کلارک بەوەزارەتی دەرەوە،دێمشق. 25-لەئاکامدا بازیک لەخاوەن مڵکەکان بەبەختی خۆیان لەبەختی قاسم گرێدا- جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەڕەی 84، 26-وەزارەتی دەرەوە 371/ 157 674 جزوەکانی ناردراوە لەبایگانی بە وەزارەتی دەرەوە بەغدا- 15ی ئۆکتۆبری 1961. 27- لەمانگی ئۆکتۆبەر بەرئاورد دەکرا کە نزیکەی 6000هەڵاتوو لە ئەرتەش بۆ ناوشورشگێران چوون،وەزارەتی دەرەوە 371/ 164235، نامەی ڕیکەوت 22ی ئۆکتوبر 1962 ئالن بەهیللر-بەغدا.
28-بۆئاگاداری لە ناوی عەشیرەکان کە دەستەبەر بە داکۆکی لە حکوومەت بوون بڕواننە وەزارەتی دەرەوە 371/ 157671 یاداشتی ڕێکەوت 12ی ئۆکتۆبەر 1961.
29-وەزارەتی دەرەوە 371/ 157671نامەی ڕێکەوت 9ی دەسامبەر 1961 باروز لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئانکارا. 30-ئەمە بڕیارێک بوو کە قاعیدەتەن حیزبی کمونیست

دوایەکان دەبێ ئیکجار حەسرەتی هەڵکێشابێت. لەماوەی کودتای 1963 لانی کەم 5000کمونیست لەشەڕەکانی شەقامەکاندا وئیعدامەکانی سەرپێی بەدەستی بەعثیەکان سەرکەوتوو کوژران. لە خاوینکردنەوەیەکی دیکە کە بەدوای ئەم کوشت وکوشتارە ڕویدا 50کەسی دیکە ئیعدام کران و 7000کەس زیندانی کران. حیزبی دێموکڕاتی هیچ کات لەم زەبرە وەخۆی نەهاتەوە. طبقات اجتماعی ڕابردوو،لاپەڕەکانی 972، 985، 988، 31-بۆ ئاگاداری زۆرتر کەناوەڕۆکی باوبراوچاولێیکەن بەالدرە، القضیەالکردیە، لاپەڕەکانی 316-17،
32-قسەکانی عەلی صالح اسعدی،سکرتێری گشتی کاتی بعث،نوسینی جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد، لاپەڕە 130. 33-متن بەنقل لەلدرە،درالقضیەالکردییەلاپەڕەکانی 314-324،
34-پێشنیاری دەوڵەت و پێشنیارەکانی بەرامبەری کوردەکان وشەبەوشە لەنوسینی دی ویدآدامس لەژێرناوی شەڕی کوردستان هاتووە(لندن،1946) لاپەڕەکانی 208-215،
35-ناوەرۆک لەالدرەالقضیەالکردیە لاپەرە 235، 36-بۆچوونی عەلی سالح اسعدی،سکرتێری گشتی بعث- جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەرەی 155،
37-خەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەرەی 184،یادداشت 34، 38-بۆئاگاداری لە زوروکەمی ئەم کۆنگرەیە چاولێیکەن بو وانلی،کوردستان ئیراق لاپەرە 231.
39-بەنقل لەخدوری،ئیراق کۆماری،لاپەڕە 255، 40-گ.سولومون،(خەباتی نەتەوەیی کوردەکان لەئیراق)لەهەتەری چاونو،جلد10ی مارس،ئاوریل 1967، لاپەرە10 بەنەقل لەجەواد لەئیراق و کەسەلەی کورد،لاپەرەی 195 41- گاردین،28ی ئاوریل 1966 بەنەقل لەجەواد لەئیراق ومەسەلەی کورد لاپەرەی 196،
42-ئەمە ئەوەڵین کەڕەت نەبوو کەلەچەکی شیمایی کەلک وەردەگیرا، تاڵەبای زورتر سەبارە بەکەلک وەرگرتن لەم چەکانە(لەلایان ئیراق) ڕەخنەی گرتبوو ژمارەکانی 21ی مەی 20ی ئەوت 1965 تایمز. 43-بۆئاگاداری لە12ی ماددەبإوکراوە،بڕوانن بەسولومون لە(خەباتی نەتەوەیی کوردەکان لەئیراق) لاپەڕەکانی 12-13، 44-ناوەرۆکی داخۆیانی بەزاز لەلاوەرەی 379ی کوردستانی ئیراق، نووسینی وانلی هاتووە.
45-جەواد،ئیراق ومەسەلەی کورد،لاپەرەی 219یاداشت 53، 46-ڕادیوی بەغدا 1- نوامبەر1966 بەنەقل لەسولومون لە(خەباتی نەتەوەیی کوردەکان) لاپەڕە17.
47-بێانیەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕیکەوت 25ی نوامبەری 1966 ،بەنەقڵ لە وانلی، لەکوردستانی ئێڕاق،لاپەڕە 270،

---

پاژی 15،

**کوردەکان لە حکوومەتی بەعس.**

سەرەتا؛

لەساڵی 1970 حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دەوڵەتی تازەی بەعس بە ڕێککەوتنێک گەیشتن کە ئاوێنەی باڵانوێنی هەستی نەبوونی متمانەی دەوڵەت بەخۆی،وهەروا لەنگ ولۆری داواکاری بنەڕەتی کوردەکان بوو. ئەم بەڵێننامە بە بەڵگەو هۆکاری جیاواز بە ناسەر کەوتوویی ماویەوە. یەکێک لە گرینگایەتی ئەم بەڵگەو دەلیل و هۆکارانە ئەمە بوو کە ویستی بنەڕەتی دەوڵەت بۆ سەقامگیربوون بوو. خودموختاری(مانۆڕ)ی موەقەتی کە بۆ وی هەڵ بڕەخسێنێت کە بەو ڕادەیە بەهێز بێت کە حکوومەتی ڕاستەوخۆ، هەڵسوڕێنێت. و لە ناخی بەعس دژایەتی لەگەڵ خەڵاتی زێدە پارووی گەورە بەکوردان توندوتیژ بوو،و لە ناوحیزبی دێموکڕاتی کوردستان کەسێک هێندە ئاگاداری ئەم خاڵە نەبوو کە یەکیەتی لە گەڵ ئێران و ئیسرائیل و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە بەغدا، هەتا چ ڕادە خەیانەت بەحیساب دێت. بەهۆی نەوت، هەردوو لا سەرنجی خۆیان لەسەرکەرکووک بەناوی محەکی عەیاری ڕاست و دورستی پێکهاتن، کۆکردبۆوە، و کەرکووک مەسەلەیەک بوو کە هیچ کام لەلایانەکان سەبارەت بەوی کلی نەدەکرد. مەلامستەفا تووشی ئەم هەڵە زلە بووکە فکری لێ نەکردبوو قوماربازانی دەرەکی، یانی ئێران و ئامریکا،ئەوی بۆ بەڕیوە بردنی نییەتی خۆیان وەکوو داردەست کەلک لێ وەردەگرن بەڵکوو پیی وابوو یارمەتی و ئالێکاری دەکەن کە ئیراق شکەست بدات،و لە حاڵی بوونی ئەم مانایە ناتەوان بووکە ئەڕتەشی ئیراق ئێستا بەوڕادەیە بە ئیختیدارە کە ئەوی لە ئولکەی شەڕ شکەست بدا. لە ئاکامی ساڵەکانی 75-1968کە بوو بەهۆی شکانی کوردەکان و ئاڵەگۆری گەلێک جەماوەر و بەڕیوەبردنی بەرنامەیەکی بە درۆو دەلەسەی خودموختاری، بۆ کوردستان بوو.

## بەعس و مەلامستەفا و گروپی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی

هەڵبەتە (بەعسیەکان)وکوردەکان پێکەوە بێگانە نەبوون. لە تئۆری، بەعس داوای دەکرد کە کوردستانی ئێراق بەشێکی جیا نەبۆوەی دنیای عەرەبە، لە بەرئەمە ئاقیدەی وابوو کە خودموختاری کوردستان کارێکی لەکردن نهاتووە،چونکە ئەم داوایە نەقوستان دەکات. لەگەڵ ئەم هەمووە بەپێچەوانەی ئەم دوو ناسیونالیسم،جێگا بۆ هێندێک گەش بینی لەگۆڕێدا بوو.

میشل ئەفلەق،خاوەن نەزەر و بنیات نەری بەعس،لەم مەترسیە کە ناسیونالیسم عەرەبی کەمایەتیەکانی قەومی لە خۆیدا قەبووڵ نەدەکرد، ئاگاداربوو. بە بیروڕای وی دووربینی سوسیالیستی فکرولێکدانەوە بەعسی هێندێکی لە توندوتیژی ئەم جەرەیانە کەم دەکردوە. لە ساڵی 1955 ئەو بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونی بەعس لەگەڵ کەمایەتیەکانی نەتەوەیی و مەزەبی بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا شیکردوە:

ئێمە کاتێک خوازیاری بەرابەری و مساوی بوونی ئابووری دەبین و بە هەموو ئیمکانات بەرانبەری پێشکێش دەکەین،لە مانادا دەڵین کە کاروباری خەڵکمان بەخاوەنەکانیان یانی بەخۆیان ئەسپاردوە. ئەم خەڵکە لە ڕاسیتدا یەکێکن و تەوفیر نێوان موسڵمان و مەسیحی، عەرب و کورد یان بەربەر نییە...بەشی کوردی ئەم خەڵکە(جگە لەچەند کەسێک لە سەرۆکانیان کە قازانجی فئوداڵیان هەیە)چیان دەوێ،جگەلەمە کە ژیانێکی خۆش و لێهاتوویان هەبێت کە دەوێدا هەرئەوشتانە وەربگرن

کە ئەوانی دیکە وەریان دەگرن و هەرئەوشتانە بدەن کە ئەوانی دیکە دەیدەن؟ ئەم خەڵکە شتێکیان پتر لە مەی عەرب بۆخۆیان دەوێ ناوێت.

هەرچەند عەرەب وەکوو گرووپەکانی دیکەی ناسیونالیستی عەرەب هێندە لەگەڵ مەسەلەکانی دنیایی عەرەب سەرگەرم بووکە سەرنجێکی وای بە پەیوەندی لەگەڵ کەمایەتیەکانی نەتەوەیی نەبوو لەگەڵ ئەو هەمووە یەک دوو جار تێکۆشا بارو دۆخ وهەڵکەوتی خۆی بۆ کوردەکان کە سروشتیە سەبارەت بەوی مەشکووک بوون ئازانتی کات.

سروشتی بووکە بەعس لەو دەستەکوردانە نزیکایەتی دەکرد کەلەمەڕ ئیدولۆژی لەوی نزیکترن،یانی ئەوانەی کە(ناسیونالیسم)یان لە باوەشگری ناوەڕۆکی سوسیالیستی شی دەکردەوە. هێندێک لە دوای ئینقلابی 1958 میشل عەفلەق سەردانی برایم ئەحمەدی کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری گرت بە(جەبهەی یەکگرتوو)بلکێت کە بەعس پێشتر ببوو بەئەندامی وی. لە1962 ئەوکات کە بەعسیەکان دەستیان بەرووخانی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کرد،بەعس توانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندی بگرێت و دڵنیابێت کەلەگەڵ ئەوان دژایەتی ناکات.

ئەم جەرەیانە لایانەکی موحکەمی هەبوو،بەڵام لایانەی دیکەشی هەبوو کەهێندە سازگارنەبوو. بەعس ئەو ئازارو کوێرەوەریەی کەلە مانگەکانی مارس وژوئیەی 1958 لە مووسڵ وکەرکووک لەکوردەکانیان دیبوو،هەروا ئەوتەنگ و چەڵەمە و تەنگەژەی کەلەگەل مەلامستەفا هەیبوو لەبیری نەدەچوو. ئاقیدەی وانەبوو کە مەلامستەفا یان حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێنەرانی بەراستی خەڵکی کوردبن: ئەم دووە نەکوردەکانی ئیراقی موخلیس، بەڵکووجیاوازی خوازو فئوداڵ نۆکەری ئەمپەرپیالیست وکۆنەپەرستی دەزانینین.

کوردەکانیش بە نۆرەی خۆیان هەستیان بە خۆف وترس دەکرد کە دەیاندی بەعسیەکان بە زەوق و شەوقێک دەیانەوێ ئیراق بەکۆماری یەکگرتووی عەرەبی بلکێنن. دەهاتەوبیریان کەلە1963 شەڕیکی توندوتیژو ستەمکارانەتر لە زوڵم وزۆری قاسم-یان بەردەوام کردبوو. دەیانزانی کە شۆڕشەکەیان لە رووخانی حکوومەتی بەعس لەنوامبەر ڕۆڵی گرینگی بەڕێوە برد بوو.

لە ماوەی ساڵەکانی 1963-1968بەعس کات و فورسەتی ئەمەی هەبوو کەبۆ ئاقلانە بوونی شەڕلەگەڵ کوردان فکربکاتەوە،بەڵام هێندەی گوێچکە بۆ شل نەدەکرد. بە نێوچاوان گرژیەوە دەیدی کەمەلامستەفا لە 1964 لەپێکهاتن لەگەڵ عارف مەرجێکی قەبووڵ کردبوو کەزۆرکەمتر لەو زێدەپاروە بوو کە بەعس بەوی پێشکیش کردبوو. خولاسە...چونکە لە بیرو بۆچوونی دابوو بۆ سەردەسەڵات بگەڕێتەوە لەگەڵ مەلامستەفاو گروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی پەیوەندی گرتبوو. مەلامستەفا ساردی نیشان دابوو بەڵام برایم ئەحمەدو تاڵەبانی زۆرتر موافیقەتیان نیشاندابوو. لەو لایانگرانی ملایم دوان لەگەڵ مەسەلەی کورد یەکیش سەدام حوسین بوو.

چاخێک بەعس لە 1968 بەدەسەڵات گەیشت لە ئامانجەکانی باشی یەکێک(چارەسەری مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە) بوو. ئەم بڕیارە لە سەرهیچ جۆرە دەستەبەرێک سەبارەت بە

مافی چارەنووسی کوردەکان نەبوو بەڵکوو لە سەر پێویستی بەهیزبوونی هەڵویست و دۆخ ومەوقعیەتی خۆدی بەعس بوو. بەعس لەگەڵ ئەوە کە لە شوڕای فەرماندەری ئینقلاب لە دەسەڵاتی پیویست کەلکی وەردەگرت دەیەویست ئەم هزروفکرەی لە مێشکی خەڵک جێ بکاتەوە کە دەوڵەت پایەگایەکی بەرفرەوانی هەیە،وبەم جۆرە مەترسیەک کەممکین بوو لەلای کوردەکان وکموونیستەکان ڕووی تێکەن لەناوی بەرێ-ئەم دووە یانی کوردەکان و کموونیستەکان، بەو ڕادەیە جامینخوازو لایانگریان هەبوو کە چلۆنایەتی وی لەژێرهەڕەشە بخەن.

لە بەرئەمە حەزبیان دەکرد ئەم دووە بۆ ناو دەوڵەت ڕاکێشن،هەتا بەم جۆرە بەرگەری لە پێکاتنی ئیتحادیەکەیان دژی بەعس بکرێت. پێشمەرگەکانی کوردو بنکەی کموونیستەکان لە سەرانسەری ئێڕاق هۆکاری ناراحەتی خەیاڵ بوو. حەول و تەقەلای بەعس لە پویوەندی و ڕابیتەهەبوون لەگەڵ کموونیستەکان ناسەرکەوتوو بوو،چونکە کمونیستەکان بەرلە دامەزرانی ئازادیەکانی مەدەنی و قانوونی بوونی حیزبی کموونیست حازربە بەشداری لە دەوڵەت نەبوون.

بەعس لە پەیوەند لەگەڵ کوردەکان سەرکەوتووتر بوو. ژمارەیەکی لە وان واردی کابینەی نوێ کرد،و نییەتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی داخۆیانی بەزاز ڕاگەیاند. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هەڵە سروشتیە ئاگاداری گروپی برایم ئەحمەد- تاڵەبانی بوو،کەحازری ئالیکاری یەکتری بوون،و ئیدولۆژیەکی هاوبەشی سوسیالیستی یان هەبوو. بێ گومان وای فکردەکردەوە کەبەم کردەوە دەشێت مەلامستەفا ی کەبەناوندی بزوتنەوەی کورد گۆڕابوو لە بەرچاو نموود بخات.

سروشتی بوو کە تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لە ڕێژێمی نوێ پێشوازی بکەن. لە مەڕئیدولۆژی خۆیان لەگەڵ بەعسی یەکان ڕاحەت تر لەهەریەک لە ڕێژێمەکانی ڕابردوو هەست پێ دەکرد،چونکە ئەوانی-ش بە قاعیدەوقانوونی سویالیستی و نەتەوەیی ئاقیدەیان هەبوو، جگە لە مانەش ئەم مەسەلە بۆ دەرپەڕاندنی مەلاستەفا لە شوێنێک کە بەناوی نوێنەری ئارەزو تاسەی خەڵکی کورد داگیری کردبوو،فورسەتێکی زێراوی بوو. و بۆ هێزەکانیان،کە لایانگرانی مەلامستەفا، ئەوانیان بەجاشی 66ناولێدەبرد،لە دەولەت مووچەی مانگانەیان وەردەگرت. لە بەغدا ئیجازەیان وەرگرت ڕۆژنامەیەکی بەناوی النورە بڵاو کەنەوە،کە بلاوکەرەوەکە، فکروهزریان بوو. تاڵەبانی بەشێوەیەکی دوو ڕوویی بەعسی وەکوو(یەکەمین حیزبی حوکمڕان مدح وسەناکردکە...ڕاستەوخۆ دەستی دۆستەیەتی بۆ لای خەڵکی کورد درێژ کردوە)و یەکەمین حیزب بووە(کەمافی چارەنووسی مللەتی کوردی بەفەرمی ناسیوە.)تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لەسەرسیاسەتی بەعس موری پەسەندکردنیان دانا، بەڵام لە بەرامبەر خەریکی وەدەست هێنانی زێدەپاروەک بوون کە بەو گزە ئابڕووی خۆیان لە ناوکورد زێدەبکەن. مەلامستەفا دەیگوت: (هەرکەس پارەیان بداتێ ئەوانە خزمەتی بۆ دەکەن.)و ئەم قسەیە بە ڕوانین لە پەیوەندی وی لەگەڵ قاسم و عارف قسەیەکی تەنز بوو. لەڕاستیدا هەردوو گروپ وەکوو سەرۆکانی عەشایەری هاوڕەچەڵەی خۆیان،بۆ قایم کردنی دۆخ و هەڵکەوت و شوێن تێکردنی خۆیان لەناو کوردستان خوازیاری پەسەندکردنی حکوومەت بوون.

تێبینی:1-هەرکوردێک چەک بۆ حکوومەت لەشانی بکات شەڕی پێشمەرگە بکات ئەوە جاشە بەقەولی نەمر مامۆستاهەژار:ئەگەرکوڕی حەزرەتی پەلاپێتکەش بێت. دەجا مام جەلاتاڵەبانی وبرایم ئەحمەد هەردووک جاشی 66 بوون،بەداخەوە ئەمەئێستاش لەناتوری تاڵەبانی داهەرماوە، هەنوکەش وەک بەری مەدح وتاریفی سوورییەو ئێران، تورکیە دەکات، مروبەحەق گوتن ماڵی خەرانابیت زۆر لەپاشخانەی بەعس لە وەڕاوە حەقی خۆیەتی تاریفی بکات ،ئەمانە کردەوەی سیاسی نین نۆکەری و خۆفروشین. ناڵێین بارزانی هەڵەی نەکردوە بەلام لە تەرازوی واندا بۆ هەڵسەنگاندن نابێت. (وەرگێڕی کوردی)

مەلامستەفا ڕست وڕەوان دەستی ڕەتی لەسینگی بەعس نەدا،بەڵام پیی دادەگرت کە هاوکاری وی لەگەڵ بەعس بەمەرجی قەتیان وپساندنی ڕابیتەی بەعس لەگەڵ برایم ئەحمەدو تاڵەبانییە،چونکە بەعس ئەم داوایەی لێ قەبووڵ نەکرد،نوێنەری خۆی لەکابینە بانگ هێشتەوە،وبەعسی بەم مەسەلە لەکۆڵ خۆ کردەوە (هەنووکە ئاتاجیان بەکات هەیە، کەبناخەی ڕێژێمەکەیان قایم کەن.) ڕاستیشی دەگوت وابوو.

مەلامستەفا بۆ ئەوەی کە نیشان بدات کە بەبی وی ناتوانن کارێک بکەن. یەکی دیکەی هەڵبژارد. لە پاییز بەم لاوە هێندێک قوونەشەڕ لەنێوان هێزەکانی وی و برایم ئەحمەدو تاڵەبانی ڕوویدابوو. لە زوربەی ئەم ورکە شەڕانە مەلامستەفا لەمەڕ کەمی و چلۆنایەتی، چاکتری  وشیاوتری خۆی نیشان دابوو. لە ڕاستیدا دووری مەلامستەفا لە بەعس،بەهۆی پەیوەندی و ڕابیتەی بەعس لەگەڵ دوژمنانی کوردی وی بوو.

بەعس تەقریبەن دەست و جێ(لە پاش گەین بە دەسەڵات)بەڵێنی و دەستەبەری سەبارەت بە داخۆیانی بەزاز ڕاگەیاند بوو: وا دانرا بوو زبانی کوردی لە سەرجەمی قوتابخانەکان و زانستگاکانی ئێراق بە دەرس بگوترێ،زانستگایەکی نوێ لە سلیمانیە ساز بدرێت،هەموو ئەوکەسانەی کەلە شەڕی کوردستان بەشداریان کردبوو عافووکران. هەروا لە نەورۆزی- سالێ تازەی کوردەکان-وچانی فەڕمی ڕاگەیاندرا، مافی چارەنووسی کوردەکان لە مەڕ پاراستنی پێناسی نەتەوەیی تەسدیق کرد.  هەتا نوسینگەیەکی بۆ (کاروباری باشوور) پەیوەندار بە شوڕایی فەرماندەیی ئینقلاب بە وجودهێنا. هیوادرابوو بەم هەنگاوانە ژێرپێی مەلامستەفا بۆش و خاڵی بکات.

خۆف ودڵەڕاوکەی بەعس لە سەرهەڵدانی شەڕیکی دیکە لەکوردستان لەگەڵ مەترسی شەڕی ئێران پەرەی ئەستاند، ترسی بەعس لە ئیختیداری ڕوو بەزێدەیی ئیران لەناوچەبوو،کە نیشانەکەی داوای حاکمییەتی ئێران لە سەر بەحرین بوو: بەعس دەیزانی کەئێران تۆپخانە وچەکی پێشکەوتەی لەبەردەست مەلامستەفا ناوە،وبەم هیوایە کەدەورو بەری مەلامستوفا، بەتاڵ بکات،بڕیاری خۆی بۆ بەڕیوەبردنی بڕگەکانی گرینگی داخۆیانی فوریەی 1969 ی بەزاز ڕاگەیاند.

مەلامستەفا بێ سەرنج بەم ڕاگەیاندنانە لە مانگی مارس هێرشی بۆ سەر مۆڵگەکانی ئەرتەش دەست پێکرد،وبە گوڵلەبارانی چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک ئیختیداری نیزامی خۆی نیشاندا-ئەمە کارێک بوو کە بۆ بەعس لە ئولکەی جیهانی و لە پەیوەند لەگەڵ شەریکەی ئینگلیزی نەوتی ئێراق تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆری پێکهێنا. بەعس لە بەرز بوونەوەی خەرجی شەڕیش ئاگاداربوو، وەبیری بوو کە چلۆن هەرئەم مەسەلەی کورد،لە1963 هۆکاری ڕووخانی حکوومەتەکەی بوو.

داوینی مەترسی لە ئاوریل بەرفرەوان بۆوە، ئەوچاخ کە ئێران(ڕیککەوتننامەی پەیوەنداربە)دیاریکردنی سنووری ساڵی 1937ی یەکاوی عەرەبانی باتڵ ڕاگەیاند و ئەویی بە ڕێگا ئاوی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند. لەکوردستان هەردوو دەوڵەت (ئیران و ئێراق)لە ماناداا خۆیان لەهەڵ ومەرجێک دا دۆزیەوە کە هێندیک گروپ بەنوێنەرایەتی لەلایان ئەوان لەگەڵ یەکدی شەڕیان دەکرد. ئیراق دژی بارزانی لەگروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی داکۆکی دەکرد،لەحاڵێکدا مەلامستەفا لەئێران چەکی قورسی وەردەگرت. لەنێوەڕاستی هاوین مەعلووم بوو کەئێران لەم مەسەلەدا تەنیا نییە: شارداری پێشووی بەغدا کە بۆخۆی دەمی بەوەدا دێناکە پیاوی(سازمانی سیایە)ڕایگەیاند کە(سیا)ش چەک بەمەلامستەفا دەدات.

هەنۆکە بەعس تێگەیبوو کە لەئاقل بەدووره کەکوردەکان شتێک کەمتر لە خودموختاری قەبووڵ کەن،و ئەمە بۆخۆی نرخێک بووکە دەبوایە بۆ بێ شوینکردنی ئێران وهەروا ڕەکێش کردنی کمونیستەکان بیدابوایە. لە مانگی ژوئن میشل ئەفلەق گوتی: کە(حیزبی ڕەخنەیەکی بە مافی کوردان لەمەڕ خودموختاری نییە)و دەوڵەت ڕایگەیاند کە یاسایەک لە سەربناخەی (کەڵەکە نەبوون)پەسنددەکرێ،وپاڕیزگای دهۆک-یش پێکدێت. بایی یەکەی دیکەش هەبوو کەدەبوایە درابوایە. لەمانگی مەی ڕۆژنامەی(بەعس)مەلامستەفای بەناوی کەسایەتیەکی (ناتوندڕۆ)باس لێوەکردبوو،وئەمە نیشانی دەدا کە ڕێبەری حیزب بەم خاڵە ئاگاداربوو کە بەسەرنجدان بە دەست تێوەردانی ئێران، چارەی نییەجگەلەمە کەلەگەڵ مەلامستەفای بۆ وتوویژ دابنیشێت. لە مانگی ئۆکتۆبەر گۆڤاری حیزب بە ناوی الثورەالعربیە ڕایگەیاند کە خودموختاری باشترین ڕێگای چارەسەریە کە دەتوانێ مافی چارەنووسی کوردەکان دابین بکات.

مەلامستەفا لەم پێشنیارەی دەوڵەت پێشوازی کرد. ئەو هەرچەند لە ڕووبەروو بوون لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی و دەرپەڕاندنیان لەئولکەی شەڕ- هەرچەند بەیارمەرتی دەرەکی-بەڵام لێهاتووی خۆی نیشاندابوو ئەمما دەیزانی کە جەنگاوەرانی پێویستیان بە پشوودان و، وچانێکی تازەهەیە. لە1961 بەم لاوە وەک بەراورد دەکرا 60000کەس تەلەفیاتی دابوو زێدەتر لە 3000ئاوایی یانی(75لەسەتی گشتی)گوندەکانی کوردستانی ئێراق بەتوندی زەبری وێکەوتبوو،و لە1969 زێدەتر لە 13000بنەماڵە سەربارو مووچەخۆری هێزەکانی نەتەوەیی بوون. لەم نێوەدا هەست ڕاکێشانی سەرکەوتنی سەرلەنوێ بەسەر گروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی-ش بەقووەت بوو.

چاخێک وتووێژی فەرمی لە دەسامبەردەستی پێکرد،لایانەکان خێرا تێگەین کە ناتوانن پێکەو ڕیککەون. مەلامستەفا داواکانی یەکجێ نەدەهێنا گۆڕ،و بەڵام-سەیرئەمەبوو کە شتێکی کە زۆرتر هۆکاری پێوەماندو بوون بوو نەک هەڵ ومەرج شەرت وشرووت و دەستووراتی پەیوندار بە چارەسەری مەسەلە بەڵکوو سەرکەوتوو بوون بەسەر(نەیارانی) بوو-چونکە پێی دادەگرت کە دەوڵەت سەرەتا

دەبێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ داروودەستەی برایم ئەحمەد-تالەبانی بپسێنێت و(سوارانی سەلاحەدین)کەبریتی لەجاشەکانی وابەستە بە عەشایەرو ڕەقیبی وی بوونە هەڵوەشاوە ڕابگەیەنێت(دوایی لەگەڵ دەوڵەت بۆ وتووێژ دادەنیشێت).دەوڵەت لە ئاکامدا چۆ ژێربارو موافیقەتی کرد.

بەڵام لەمپەر و تەنگەژەی گەورە ڕیککەوتن،لەمەڕ کەرکووک بوو. هەرچەند کوردەکان سەردەمێکی دووردرێژ نەبوو کە بەسەرشاری کەرکووک وچاڵاوەکانی نەوتی سەقامگیرببوون، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێی داگرتبوو کە ئەم ناوچانە بەشێک لە ناوچەی خودموختار بەحیساب بێن. ئەو هەروا داوای دەڤەرەکانی دەوروپشتی وەکوو خانەقین و...بوووئەمانە مەڵبەندێک بوون کە لە دوایی لەواندا نەوت دۆزراوە. بازێک لە ئێراقیەکان لەمە خۆفیان دەکرد کە وێدانەوەی ئەم دەڤەرەانە ئەمنیتی ئیراق لە پاشەڕۆژێکی دووردرێژ تووشی مەترسی بکات. چونکە دەوڵەت دەیەویست خودموختاری نەک بەپێی خاک بەڵکوو لەسەر زۆڕایەتی جەماوەربدا، لە ڕاستیدا دەوڵەت داوای کوردەکانی لەمەڕ کوردبوون قەبوول کردبوو،بەڵام لە عەینی حاڵ پێداگربوو لە سەرئەمە کە دیاریکردنی سنوور پێویستی بە ئەمە هەیە کە ئەم واقعیەتە بیتە دەست یانی سابت بکرێت کەلەم ناوچانە زۆرایەتی جەماوەر بەکوردانە، و ئەم مەسەلە تەنیا لە ڕێگای سەرئەژمێری دانیشتوان یان دەست وداوین بە دەنگدانی گشتی(ڕفرۆاندۆم) چارەسەر بکرێت.

لەسەرەتای فۆرییە ڕیککەوتننامە بۆ ئیمزا ئامادەبوو. نوێنەری کوردەکان لەم وتووێژەدا گۆیا دکتۆر مەحموود عوسمان بوو کە لەدوای مەلامستەفای گرینگترین کەسیتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەمجار نورەی کوردەکان بوو کە هەست بە تووڕەبوون وناڕاحەتی بکەن، چونکە سەندێک کە بۆ ئیمزا بەوان نیشاندرا پەیوەندیەکی ئەوهێندەی بە برگەکان وەنەبوو کە باش وتووێژیان لەسەرئەنجام درابوو. ئەم جەرەیانە ئاوێنەی باڵانوێنی هەڵچوونی ڵەگۆڕێ لەناخی بەعس بوو،کە کەباڵی نیزامی وی حەزێکی ئەوهای بە دانی زێدەپاروی (ئیمتیازات)ئەوها گەورەی نەبوو،لەحاڵێکدا کەنانیزامیان بەڕێبەری سەدام حوسین دەیانەویست ئەم ئیمتیازانەیان بدەنێ و کاربەدوایی بگات.

لەگەڵ ئەم هەمووە چەتوونە بتوانین قەبووڵ کەین کە سەدام حوسین حەزی لە ڕیککەوتنێکی ئەوها کردبێت و ئەوی ڕێگا چارەسەری دایمی کێشەکە بەحیساب هێنابێت. ئەو پتر نیگەرانی لەنگ و لۆری ڕێژێم بوو. سەرکۆمار حەسەن ئەبکرو ئەو ئاتاجیان بەکات و زەمان هەبوو،کە دەویدا چلۆنایەتی دۆخی خۆیان محکەم بکەن،باڵی نیزامی بەعسی بخەنە ژێرحوکم و دەسەڵات و شوێن تێکەری خۆیان، و کموونیستەکان بۆ هاوکاری ڕاکێشن-هەتا ئەوکات بتوانن لەبەڵایان ڕەزگاریان بێت. بە هەرحاڵ،سەدام بۆ گرێدانی موافیقەتنامە بۆ کوردستان ڕۆیی. ئەو دوو لاپەڕەی سپی لەبەردەم مەلامستەفا داناوگوتی: تکایە داواکاریەکانت بەسەرجەم لە سەر ئەو دوو کوتە قاقەزە بنووسە،و ئەمەی لێ زێدەکرد هەتا سەنەدێکی کە هۆی ڕازی بوونی لایانەکانە ئیمزا نەکراوە ئەو هەر لەوێ دەمێمێتەوەو ناڕواتەوە. خولاسە سەرکەتوو بوو بە پەیماننامەیەک کەبە داخۆیانی گرینگی 11ی مارسی 1870 تەواو بوو بۆ بەغداگەڕاوە.

**موافیقەتنامەی ئاشتی ڕێکەوت 11ی**

**مارسی 1970 و ناسەرکەوتنەکانی وی**

ڕێککەوتنێک کە وەدەست هات ولە 11ی مارس بەناوی سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە مەسەلەی کورد ڕاگەیاندرا نەک تەنیا باشترین مامەلە بوو کە بەکوردەکانی ئێراق پێشکێش کرا بەڵکوو هێشتا-ش لەبیروڕای کوردەکان دا،وەکوو ژێربناخەیەک کەپێویستە پایەی و بنەڕەتی پەیوندی دواڕۆژی کوردەکان لەگەڵ پاشمەنەی خەڵکی ئیڕاق بێت ماوەتەوە. بڕگەکانی بنەڕەتی ئەم موافیقەتنامە بریتی بوون لە:1-زبانی کوردی لەگەڵ زبانی عەڕەبی، زبانی فەڕمی دەڤەرەکان دەبێت کە دەواندا زۆرایەتی دانیشتوانی بە کوردەکانە، زبانی پەروەردەوفیرکردن ئەم دەڤەرەانە ش دەبێت، ولەتەواوی ئێراق زبانی دووەم لەقوتابخانەکان بەدەرس دەگوترێ. **2-کوردەکان لەدەوڵەت بەشداری تەواویان دەبێت،ئەم بەشداریە دەسەڵاتدارانی پایەبەرزو کابینەو ئەڕتەش لەباوەش دەگرێ. 3-فیرکردنی زوان وفەرهەنگی کوردی برەویی پێدەدرێ. 4-سەرجەمی کارگێرانی حکوومەت لەناوچەکانی کەلەواندا زۆرایەتی دانیشتوانی کوردپێک دێنن یان بەلانی کەم کوردزوان دەبن. 5-کوردەکان ئازاد دەبن سازمانەکانی خوینکاران لاوان و ژنان ومامۆستایان خۆیان پێکبێنن وتەشکیل دەدەن. 6-بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بودجەی پێویست تەرخان دەکرێ. 7-بۆ بنەماڵەی شەهیدان وبنەماڵەکانی دیکەی بەلەنگاز ەبیکار وبێ ماڵ وحاڵ مووچەی دایم بەرقەرار دەکرێ وبەوان ئالیکاری ویارمەتی دەردرێ. 8-کوردەکانی دەرکراوەو عەرەبەکانی هاوەردە بۆ دەڤەرەمانی(جێ دانیشتنی )پێشووی خۆیان دەگەرپندرێنەوە. 9-ئیسلاحاتی ئەرزی(یاسای دابەشکردنی زەویوزار) بەرێوەدەچێت. 10-قانوون ئەساسی(دەستوور) بەمۆرە دەگۆڕدرێ:(خەڵکی ئێراق بریتی لە دوو نەتەوەن: نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد. 11-دەوم ودەزگای ڕادیویی و چەکەکانی قورس تەسلیم بەدەوڵەت دەکرێن. 12-کوردێک جێگری** سەرکۆمار دەبێت. 13-بەشکردنی ئیداری وڵات بەجۆرێک تەکوزدەکرێ کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم موافیقەتنامەیە وەک یەک بێتەوە. 14-یەک جێکردنی دەڤەرەکانی کوردنشین لە ئورگانەکانی خۆدگەردان. 15-نەتەوەی کورد لە قوەی قانوون دانان(مقننە) بە ڕادەی جەماوەری خۆیان لەئێراق هاوبەش وشەریک دەبن.

داخۆیانەکە بەم جوملەیە کۆتایی پێدەهات،(مێژوشایەتی دەدات کە ئێوە (مللەتی کورد)هیچ کات برایەتی ومحیبەت و یەکیەتی جێگای متمانەو بە ئیحتوبارتر لە میللەتی عەرب تان نەبوو وناشتیان بێت.)

مەلامستەفا لە دوایی ناسەرکەوتنی موافیقەتنامە و شکانی لەساڵی 1975 بە خەمناکی وەبیرەخۆی دێناوە: سەرەتا(بەعسیەکان)بۆلای ئێمەهاتن و گوتیان: (ئێمە بە ئێوە خودموختاری دەدەین.)گوتم ئەمە گزەو فێڵە. ئەمن ئەودەم بەرلەوەی قەرارداد ئیمزابکەم دەمزانی)بەڵام خەڵک لەمنیان پرسیارکرد:( ئێوەچلۆن دەتوانن خودموختاری بۆ مللەتی کورد ڕەت کەنەوە؟)

بە لێڕوانین و هەڵسەنگان بەو خوینرێژیەی کە بەعسیەکان سەبارەت بە نەتەوەی کورد کردیان،زۆربەڕاحەتی دەتوانین قەبووڵ بکەین کە ئەم کارەشیان بەسەرجەم دوور لە ئینسانیەت و ڕاستی و سەداقەت بووە.

بەڵام ئەو چاخ هۆکارێکی هێندە بۆ شک و دوو دڵی وگۆمان لە جوانی نییەتی لایانەکان نەبوو. خولاسە قسەی تارق ئازیز جێگای باوەڕو متمانە نییە کە لە بەسەرداچوونەوەی مەسەلەکە دەڵێت:(ئێمەکاتێک موافیقەتنامەی 11ی مارس مان ئیمزاکرد لە وەی گوتمان سادق وراستگۆ بووین. ئەم داخۆیانە شتێکی پڕوپاگەندە نەبوو. ئەمن ئەوەی دەڵێم چونکە ئەمن بۆخۆم یەکێک لەوکەسانە بووم کە لە وتووێژ دابەشداریم هەبوو، و لەڕاستی و سەداقەتی ڕێبەری ئاگادارم) بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم موافیقەتنامەیە وەدیهاتوو لە پێویستی بوو. هەروەک تایمزلەمانگی ژوئیە نووسی:(جێگای سەرسوڕمانە کە ڕژێمی بەعس لەناوئێراق جیالە کوردەکان دوستی سیاسی دیکەی نین. کوردەکان بە حەزەوە شایەتی بەرەپێش نەچوونێک بوون کەلە بابەت یەکیەتی لە بیروباوڕی بەعس، نیوان هێزەکانی نەتەوەیی و وەدیهێنانی مەجلێسێک کەرژێم ئەوی وادەدابوو، لەکار دابوو.)شتێک کە هۆکاری سەرەتایی لە نیوان کوردەکان بوو هەرئەم بێ ئیختیداری ڕژێم لە بەدیهێنانی ئیتلافێکی بەرفرەوانتربوو کە کوردەکان خوازیاری ببوون.

وئەمما لە ناو بەعس،دەزگای ڕێبەری ئاخرین تێکۆشانی کرد هەتا بایەخی متمانەو بەشداری کوردەکان لەگەڵ پاشمەنەی خەڵکی ئێراق شی کاتەوە وئەندامان ئیقناع بکات بەمە کە ئەم کارە جگە لە ناسینی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لەناو ئیراق ئیمکانی نەدەبوو.
هەنگاوەکانی سەرتایی کە دەزگاهەڵیهێنا نیشانەکی لەڕاستی ودورستی دەربڕی.داوەیی مانگێک لەپاش ئیمزای موافیقەنامە،سەدام حوسین کمیسیونێکی (بریتی لە 4کوردو 4عەرەب)بەرپسیاری بەڕیوەبردنی وی کرد. سەرکۆمار ئەلبەکر بە ئاماژە بەماددەی 2ی موافیقەتنامە کابینەی ئیسلاح کرد وپێنج کەس لە ڕێبەرانی کوردی دانا،ئەگەرچی ئەم وەزارەتخانانە گرینگایەتیەکی یان نەبوو. برگەی 4و13 لەگەڵ دانانی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپارێزگاری پارێزگایەکانی سلیمانیە وهەولیر ودهۆک،هەروا ژمارەیەکی زێدە لەپوستەکانی خوارو بەڕیوەبرد. لەکۆتایی ئاوریل لەبەڕیوەبردنی ماددەکانی 1-ی موافیقەتنامە، زبانی کوردی لەقوتابخانەکانی کوردستان دەستی پێکرا،ورۆژنامەکان و گۆڤارەکانی کوردی بەڵاو بوونەوە و بەرەی دەستەی نووسەران و ئەنجومەنێکی فەرهەنگی پێکهات(برگەی (3) بەرەیەکانی خوێنکاران ولاوان وماموٚستایان بە وجوود هاتن (ماددەی5)
بودجەیەکی زۆر بە نوێکردنەوەی ئاوایەکان وگەلاڵەکانی مەزنی ژێرخانی و ئابووری تەرخان کران،و یاسای دابەشکردنی زەویوزار پەسەندکراوەی 1959 لەئاکامدا بەڕێوەچوو، چەند ناوچەیەک بۆ نشتەجێکردنی وەرزێرانی بێ زەوی و پەنابەران تەرخان کرا(برگەکانی (6و8و9). و لەمانگی مەی (سوارەی سەلاحەدین یانی: (جاش)،چەکیان لێ داماڵدرا. لە مانگی ژوئیە قانوون ئەساسی یانی:(دەستوور)بە پێی ماددەی 10ی موافیقەتنامە ئیسلاح بوو، لە کۆتایی ساڵ دەوڵەتی ڕەزامەندی دەربڕی کەشەش هەزار پێشمەرگە بەناوی پارێزگاردی سنووروەربگێرێ، مووچەی مانگانەی ئەوانی بە سەخاوەت بۆ مەلامستەفا دیاری کرد،یانی: سێ وپێنج هەتا پەنجاهەزار دیناری ئیراقی. دەوڵەت

هەروا دەیتوانی لەم بابەتە بەخۆی شانازی بکات کە لەم ماوە دا2700بنەماڵە و 100گوندی خاپوورکراوی لە پارێزگای هەولێری نوێ کردۆتەوە.
تەنیا پەڵە هەورێک کەلەم مانگانەی هەنگوینی سەرەتایی لە ئاسمانی پەیوەندیەکان سیبەری دیاریدەدا قەبووڵ نەکردنی پاڵاوتراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ جێگری سەرکۆماربوو،ئەم مەسەلەی ئێرانی نیژادیەکە بوو. ئەم پاڵاوتراوە حەبیب کەریم سکرتێری حیزبی دێموکراتی پارتی بوو. ئەو کوردی فەیلی بوو،شیعە و ڕەچەڵە لوڕ بوو. ئەو یەکێک لەو100000کوردی فەیلی بوو کە لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانی لەم لای زاگروس، و لە بەغدا،نشتەجێ ببوون. ئەمەش تازە تەنگەژەیەک نەبوو.

لەدەسامبەر هەتا مەلامستەفا دەیتوانێ بڵێت هەنۆکە کە گەش بینین)لەدوایی دەساڵ شەڕ دەوڵەت مارسی ڕابردوو خودموختاری بەئێمەدا،هەتا ئەوجێگایەفکری بۆدەچێ جلی کردەوە لەبەر موافیقەتنامەکە دەکەن)بەڵام ئەمە ئاخرینی بیروبۆچوونی گەش بینانە لەم بارەوە بوو: هێشتا مانگ کۆتایی نەهاتبوو کەلە بەغدا تەقەیان لە ئیدریس،کوڕی بارزانی کرد.بەڵام ترورەکە ناسەرکەوتوو بوو.
ئێستا وردە وردە وادێتە بەرچاو کە بەعس دەیەوێ کات تێپەڕبکات...و ساڵی 1971 لە بەریەک هەڵوەشان و بێ بایەخ کردنی متمانەی نێوان دوو لایان بە دیاری هێنا. مەسەلەی ناوەندی هەنۆکە تەنگەژەیەکی جەماوەری بوو. سەرئەژمێریەک کە دەبوایە بە پیی ماددەی 14ی بەڵیننامە بۆ دیاریکردنی ئەرکێ ناوچەکانی کێشەیان لەسەربوو ئەنجامی بدرێت و بەڕیوەبردنی وی لەنوامبەری 1970 پێش بینی کرابوو بەڕەزامەندی لایانەکان بۆ بەهار وەدوا خرا.بەڵام لەبەهاردا دەوڵەت یەک لایانە سەرلەنوێ ئەوی بۆ ماوەیەکی نادیار وەپاشدا. مەلامستەفا دەوڵەتی تۆمەتبارکرد بەمە،کەعەرەبەکان بۆ ناوچەکانی کێشە لەسەربوو یانی: کەرکووک وخانەقین وسنجار دەگوێزێتەوە، و لە شوینی کوردەکانیان نشتەجێ دەکات، بەدەوڵەتی ڕاگەیاند کەئەگەر ئاکامی سەرئەژمێری بەڵگەی زۆرایەتی عارەب بنوێنێ ئەوی قەبووڵ نەکات. و پێشنیاری دەست بەکارکردنی لە سەربنەڕەتی سەرئەژمێری 1965ی شی ڕەت کرد،وگوتی: کە سەر ئەژمێری ناوبراو دەستی تێوەردراوەو قەڵبە ومزەوری تیداکراوە. کاتێک دەوڵەت پێشنیاری کردکە سەرئەژمێری ساڵی 1957 سەبارەت بەکەرکووک بە بەڵگە دادەنیت ئەم پێشنیارەشی قەبووڵ نەکرد،چونکە تورکمانەکان ئەگەرچی لەگشت پارێزگاکاندا لەکەماتی دابوون لە کوەرکووک زۆرایەتیان هەبوو. تورکەمانەکان بەپاشمەنەی دوژمنایەتی یەک،کەلە دوایی ڕووداوی ژوئیەی 1959سەری هەڵدابوو بەوێچونێکی زۆر حکوومەتی بەعسیان لەحکوومەتی کوردەکان بەشتردەزانی. بەعس خۆفی دەکرد لەمە کە کوردەکانی تورکیە و ئێران لە ناوچەکانی کێشە تێدابوو نشتەجێ بکات،بەڵام هەڵچونی ڕاستی لەسەرکوردەکانی فەیلی سەری هەڵدا کەلە سەردەمی حکوومەتی عوسمانی لە ئێراق دانیشتوو بوون بەڵام لە پێناسی ئیراقی کەلکیان وەرنەدەگرت. دەوڵەت ئاقیدەی وابووکە ئەمانە ئێرانین،و ئێستا قەزیەکەی بە دەرکردنی ڕاستەوخۆی ئەم 50000کوردی فەیلی لە وڵات چارەسەرکرد: لەمانگی سپتامبەربەم لاوە ئەم خەڵکە لەوڵات وەدەرنران.

ئێستا پەیوەندی و ئاموو شۆ بە ڕادەیەکی ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە بەرەو بۆڵیڵی هەڵگەڕابۆوە. مەلامستەفا لە زاهیری و بەرچاو هەروا لە(لەفەزای متمانەو دۆستایەتی بەرامبەر)دەئاخافت، بەڵام لە دانیشتنی خۆمانە و تایبەتی ئەگەرکەسێک پرسیاری لێدەکرد دەیگوت:(بۆ خۆدموختاری دەساڵ شەڕمان کردوە،ئەگەرپێویست بێت بۆ کەرکووک-یش پێنج سال بەشەڕدێن.)و بە سەرنج بە هەبوونی شەبەکەیەکی بەرفرەوانی سێخورو شک دەوێدا نەبووکە بەعس کە نییەتی واقعی مەلامستەفا ئاگادار بوو. خولاسە لە مانگی سپتامبەر پیلانی کوشتنی ویان داڕشت. یانی: لێژنەیەکی پێکهاتوو لە چەند مەلابۆ سەردانی دەچنە قەراگایەکەی وی،کەلە زوتەکانیاندا ماددەی تەقینەوە تاقەت کردبوو، کە بەکۆنتڕوڵ دەتەقینەووە، لەم پیلانەدا بکوژەکان بۆخۆیان کوژران بەڵام مەلامستەفاو دکتۆرمەحموود عوسمان لێی دەرچوون وڕەزگاریان بوو. بە پێچەوانەی ئەو پیلانەی کە بۆ کوشتنی مەلامستەفا سازدرابوو هەردوولایان بە ڕەواڵەت دەیان گوت: کێشمەکێشم بۆ هەمێشە کۆتایی پێهاتووە،مەلامستەفا ئەوانەی کە دەیانەویست بێکوژن تۆمەتبار بەمەکردکە (ویستوویانە یەکیەتی نەتەوەیی ئێراق لە ناو بەرن)بەلام کەش و هەوای بێ متمانەیی لەگەڵ گۆڕینەوەی دورشمی دەتوندو تیژ لە ئۆرگانەکانی چاپەمەنی بەعس و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بوڵیڵ یەکی زۆرتر بەرزدەبۆوە.

مەلامستەفا ئێستا بە داوەکردنی زێدە پاروەکی دیکە لە سەرئەوئیمتازاتی نوسراو لە موافیقەتنامەی 11ی مارسی 1970(داخوازیەکەی بەرزکردبۆوە. هەنۆکە دەیەویست کە هەمووهێزەکانی سوپای ئێراق لە خاکی کوردستان بکشێنەوە،و نوێنەرانی کورد لە شووڕای فەرماندەیی ئینقلاب و ئەڕتەش وەرگیرێن. ئەم داوایە دورست بوو،چونکە دەوڵەت ڕیوەبەری بڕیارەکانی شوڕای فەرماندیی ئینقلاب بوو. هەتا ئێرە لە دەوڵەتی ناوەندی ئەوشۆڵانەی بەکوردەکان سپێردرابوون کەهیچ دەسەڵاتیان تێدا نەبوو. کاتێک بەعس لە مانگی نەوامبەرمەنشوور(فەرمانی نەتەوەیی) کە مەنزوورلە وی بەشداری کردنی کموونیستەکان و کوردەکان لەگەڵ بەعس بوو بڵاوی کردەوە،حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بەم جەرەیانە وەشک کەوت:ئاقیدەی وانەبوو کە بەعس لە ڕاستیدا خوازیاری بەشداری بەرفرەوانی خەڵک بێت.

ساڵی 1972بۆ هەر دوو لا تەفرەدان و فریوو بوو: مەلامستەفا بە دەستەبەری خۆی عەمەل نەکردبوو: لەگرێدانی سنوور لەگەڵ دوژمنی ئێراق،یانی ئیران خۆی باردبوو، و هەروا لە هێنانی چەک و چۆڵ بەردەوام ببوو، ڕێگرلە هات و چۆی ئازادانە کارگێڕانی دووڵەت لە ناوچەکانی ژێرحوکم-ی خۆی ببوو. لە ئەوتی 1971 بۆ وەرگرتنی یارمەتی دەستەو داوینی ئامریکا ببووئەم داوایەی لەمارسی 1972 دووپات کردبوو. مەلامستەفا لەدوایی ئەوەی کە پیلانی لە ناو بردنیان بۆ داڕێژرا،سروشتیە بەخۆی حەق دەدا کە بەرامبەری پێشنیارەکانی گەورەترین دوژمنانی ئێراق دژکردەوەی باشی نیشان بدات، بەڵام ئەم کارە بەئاشکرا بەمانای(خەیانەت بەومتمانەیەبوو کە ئەوبەڕاشکاوی) لە وی بەرگری دەکرد.
لەپاش ئیمزای پەیمانی دۆستایەتی ئێراق و شووڕەوی لە ئاوریل، مەلامستەفا ئەم یارمەتی دەرەکی کە سەردەمێک بوو بەدوای عەوداڵ بوو وەدەست هێنا. (شا)کەلەڕێککەوتنی کوردەکان و ئێڕاق ترسی ڕینیشتبوو ولە ئیمزای پەیمانی ئیڕاق و یەکیەتی سۆڤیەت بەتوندی بزڕکابوو، بەئالیکاریەکانی خۆی زێدەکرد،چونکە کوردەکان ئامرازێ بنەڕەتی بوون کە بەدەستی وان دەکرا دەوڵەتی ئێڕاق لاوازکەن.

لەمانگی مەی 1972 ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هاتە سەرئەم بریارە کەلە ئیران لە بەرامبەرشوین تێکەری ڕوو لە زێدەبووی شووڕەوی لە ناوچە داکۆکی بکات. پێشترئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە هۆی کارتێکەری ناحەز کە ئەم جەرەیانە لەوانەبوو لە سەر کۆمەڵگای کوردی تورکیە و ئێران(کەهەردوو هاوپەیمانی وی بوون)هەیبێت لە داکۆکی لەکوردەکانی ئێراق ئیحتیاتی کردبوو. ئێستا لە ڕاسیتدا وکوو(زامن)کاری دەکرد: (دەستەبەری دەبوو کە سەرۆکی دەوڵەتی دەرەکی(یانی شا)شۆڕشگێڕانی کورد لەنەکاو بەرهەڵلا نەکات.)
لە1ی ژوئین 1972ئێڕاق چالاوەکانی نەوتی هەرخۆیی ڕاگەیاند،(یانی نەتەویەتی)و بەمجۆرە بە سەرچاویەکی ئابووری عەزیم دەست وێڕاگەیی. ئەم مەسەلە دەست و جێ و بەتوندی نیگەرانی کوردانی لەزێدەدا: کوردەکان لەمە خۆفیان دەکردکە نەوتی (کوردی)کەرکووک بە (نەوتی عەڕەبی) بگوردرێ. ئەم جەرەیانە هۆکاری پتری بۆ حەول و تەقلا دان لە بێ بەشکردنی بەعس بەدەستی ئامریکا دا،چونکە هەروەک ئەم حکوومەت لە ناو بچێت (ڕێژیمی نوێ ممکینە ئێمە بۆ چاڵاوەکانی نەوتی بگەڕێنێتەوە.)

مەلامستەفا هەرئەوساویلکەییەی کەلەپەیوەندی لەگەڵ ئینگلیستان نیشانی دا بوو لە ڕابیتەلەگەڵ ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا-ش نیشانی دا:( ئێمە خوازیاری دەستەبەری ئامریکایەکان بووین. بە شای ئیرانمان متمانە نەبوو. ئەگەر وادەکانی ئامریکا نەبوایە، ئێمە ئەوجۆرەمان عەمەل نەدەکرد.) بەڵگەو سەندێک لەدەست دانییە هەتا نیشان بدا کەئەو لەمەڕ ئەم مەسەلە ئاگاداربووە کەئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا-ش وەکوو شا،لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان بەهۆی کارتێەریەک کە لەسەرتەواوی وڵاتی ئیراق وهەروا لەسەرکوردەکانی ئێران وتورکیە دەیبوو یەکجێ دژی بوو. هەروەک لەدوایی دا دیاری دا کە سیاسەتی ئامریکا-ش هەروابووە:
ئێران و ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا هیواداربوون لەم وەزعەی چارەسەرنەکراو کە ئێراق لە ناوەخۆی،بەهۆی دووره پەرێزیەک لەدانی (نیوەخودموختاریەک) بە کوردەکان بەدەستی وان لاواز دەبێت بەرهەم وەرگرن. نەئێران و نە ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا نایانەوێ کە ئەم تەنگەژە بەجۆرێک چارە سەربکرێ.

ئەم لێکدانەوەیەکی تەواوی هەمووخاڵەکانە کەدەواندا دەستێکی دەرەکی لەکوردانی پشتیوانی وداکۆکی کردوە.
لەم نیوەدا ئیتحادی شووڕەوی کەلە هەتەرچاوی گۆڕانی کوردەکان بە داردەستی متمانەی قازانجی ڕۆژئاوا، ناڕازی بوو، خەرێکی ئەمە بوو نیگەرانی ئەوان سەبارەت بەپەیمانێکی دۆستی کە ئەولەگەڵ ئیڕاقی گرێدابوو کەم کاتەوە. شتێک کە شووڕەوی بەهیچ جۆر نەیدەویست ،شەڕی ناوەخۆی ئیراق بوو،بەڵام نەیدەتوانی ئەو متمانەو دەستەبەریانەی کەمەلامستەفا خوازیاریان بوو بەوی بدات. جگەلەمە مەلامستەفا ئێستا لەم یەکیەتیەی لەگەڵ ڕۆژئاوای چاوبەرفرەوان، ئیمکاناتی زۆرتری دەدێت.
مەلامستەفا ڕابیتەی لەگەڵ ئیسرائیل-یش بەرقەرارکرد. بەلانی کەم لە 1965 جارناجار لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندی هەبوو. لەژوئینی 1967 بۆ پێشگیری ئیڕاق لە سەرنج بەجبهەی ئیسرائیل بۆ پایەگاکانی ئەرتەش ئێراقی هێرش کردبوو.

لە نێوەڕاستی سپتامبەرلە بەرامبەر لاوازی بەعس ولادانی ڕووی وی لە ئیسرائیل مانگانەی 50000دولاری ئامریکایی لە وڵاتی ناوبراو وەردەگرت.

لە15ی ئۆکتۆبەر(بارزانی)لەنامەیەکدا لەناوەرۆکی وی ئاگاداریەکی وادەدەست دانییە لە کسینجەر دەخوازێت کە چلۆنە دژی پایەگانی ئیراق دەست بە هێرشیکی گشتی بکەن..کی سینجر لە16ی ئۆکتۆبەر یانی نۆرۆژداوایی شەری عارەب وئیسرائیل دەلێت بەژەنەراڵ بارزانی وەڵام بدەنەوە ئەو ئەم هەنگاوە بە مەسڵەحەت نازانێت...(کریس کۆچرا،بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،وەرگێراوەی فارسی لاپەڕەی 360)

مەلامستەفا بەهاوکاری سێ دوژمنی گەورەی ئێراق،هەرجۆرە بەڵگە وهۆکاری ترسی بەسەدام دابوو. لەمانگی ژوئیە لە دوو تەقەولێکدان توند نێوان بارزانیەکان وهێزەکانی ئێراق لەکەرکووک وسنجار ڕوویدا. لەومانگی دا حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بەئامانجەکانی خۆی داخۆیانیەکی ناڕوونی بڵاوکردوە کەتەنیا خاڵی ڕووناکی ئەمە بوو کە موافیقەتنامەی 1970 جێ پێیەک بۆ گەین بەشتێکی پترە:

ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کورد لەخۆلی حازر وەڕاست گەرانی خودموختارییە...خودموختاری جێگرکردنی خەڵکی کورد بە(مافی چارەنووس)نییە...بەڵام ڕاستەیەکانی بەرچاو بەپێویست دەزانن کە دورشمی خودموختاری هەڵگرین هەتا بە وەسیلەی خەباتی هاوبەش دژی دوو (نەتەوە) ئامانج بەرەوپێش بەرین.
لەمانگی سپتامبەر بەعس وەبیرهێنانەوەکی بۆحیزبی دێموکراتی کوردستان نارد کەدەویدا ڕابیتەی حازری نێوان لایانەکانی لەئیمزای ڕێککەوتنامەی 1970 بەم لاوە چاوپێدادەخشێنێت ولەسەرئامانجی خۆی کە دەستەبەری مافی نەتەوەی کورد ویتەوکردنی یەکپارچەیی ئێراق بێت پەسەند دەکرد. سەبارەت بەمەتڵەبی دوایی ئامازەپیکراوەدەیگوت:(لەراستی وە دوورناکەوین،کاتێک دەڵێین کە ئێوە هەتا هەنگاویکتان لەم ڕاستاییە هەڵنەگرتووە) وەبیرهێنانەوەی ڕێبەی کوردی بە پشت ئەستووری پەیوەندی لەگەڵ ئێران،کە دوژمنی ئیراقە،تۆمەتبار دەکرد و23تاوانی دەژمارردن،ولەگەڵ پیرستێک لە هەنگاوهەڵینان کەحیزبی دێموکرات دەبوایە لە مەڕ سەروسامان دانی ئەم شیوازە بەکاری بهێنابوایە کۆتایی پێدەهات.

ئێستا نۆرەی کوردەکان بوو کەلە قسوورەکانی بەعس قسە بکەن.حیزبی دێموکراتی کوردستان لەکۆتایی نوامبەر پەرسڤی فەرمی بەم یادداشتە داوە. لەم وەڵامەدا دەگوترا: (هەموو دەسەڵاتدارانی گرینگی حکوومەتی و ئەرتەشی(بەعس) ئێوەی بەخۆی پاوان کردوە.)حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنیشاندانی بیروڕای ناحەزو ناخاوینی بەعس دژواریەکی هێندەی نەبوو: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستان، دوور ڕاگرتنی کوردەکان لە لێژنەی قانوون دانان وبەرنامەرێژی دوڵەتی، پیلان دارژتن بۆ کوشتنی مەلامستەفاو ئەوانی دیکە، پێشگیری لەسەرئەژمیری و گەنخاندن و، وەدواخستنی وی، دەرکردنی کوردەکانی فەیلی، بۆمباردومان و وێرانی وخاپووری ئاوایی یەکانی کوردستان. لە یادادشتی وڵامدانەوەدا لەو هەنگاوانەی کە جێگای عافەرین کردن بوو سوپاس کرابوو: بازێک لەبرگەکانی موافیقەتنامە بەڕیوەچووبوون، بەڵام لە قسورو کەمتەرخەمی لەبەڕیوەبردنی ماددەکانی

8و14 پەیوەندار بەگەڕانەوەی گوندەیەکانی کورد(بۆ ناوچەی لێدانیشتنی خۆیان)وزوڵم وستەم وزوری ناوچەکانی کوردستان بە(شەڕی ڕانەگەیاندراو دژی خەڵکی کورد)شی کرابۆوە.
بەم شیوازە ئولکە بۆ بێ ئیحتوباری سەرجەمی بەڵیننامەی ئامادەبوو. ئەم جەرەیانە دەست و جێ ڕوێ نەدا،لە سەریەک بەم هۆیەکە هیچ کام لە دوولایان هێشتا حازری ڕووبە ڕوو بوون لە مەیدانی شەڕوپێکداداان نەبوون. لە حاڵێکدا بەغدا دەبوایە قەبووڵی کردبوایە کە ئەم بێ مەیلی وی لە بەڕیوەبردنی برگەکانی موافیقەتنامە بوو کەمەلامستەفا-ی وادارپە دووبارەکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دۆستانی دەرەکی کردەوە،کوردەکان-یش دەبوایە قەبووڵیان کردبوایە کە ڕابیتەی ئاشکرایان لەگەڵ (کۆنەپەرستەکان) بۆ ئەوان لە ناو ئیراق بە بایی یەکی، قورس تەواو بوو. پەیوەندیەکی ئەوهای ڕژێمی ئاژاوەچی بەعسی زۆرترلە جاران سەبارەت بە نەیارانی دەرەکی ترساندبوو. ئەم پەیوەندییە،حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە یەکیەتیەکانی نەریتی خۆی، یانی کموونیستەکان وگروپەکانی دیکەی چەپی کە سەبارەت بە تاسەو ئاوات و ئارەزوی خەڵکی کورد هەستیان بە ڕەزامەندی و هاو دەردی دەکرد،بێگانەکرد: ئەم خەڵکە ئیدی حازر نەبوون ئەم هاو دەردیە بە بایی یەکیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئیران و ئامریکا و ئیسڕائیل دەرببڕن. ئەم پەیوندەییە گروپێکی لە ناسیونالیستەکانی قەبەی کوردی-ش لە بارەگای مەلامستەفا دوورکرد.

بەتێپەڕینی مانگەکانی 1973هەتری چاو، سەروماندانی پەیوەندی بە بوڵیلی گلۆربۆوە. بەعس خوازیاری هاوکاری کوردەکان بوو، بەلام نەیدەویست ئەوان لەحکوومەت بەشداربکات. نەک تەنیا ڕووداو،بەڵکوو چلۆنایەتی ڕەکیش کردنی کموونیستەکان بۆ(جەبهەی نەتەوایەتی) شلە 1972 ڕاگەیاندرا شیکردنەوەی ئەم چێڕۆکە بوو: بەعس ئەوانی واردی دەم ودەزگای دەوڵەتی کردبوو بەلام هەرجۆرەئیختیدارێکی لەچەنگ دەرهێنابوون. لەبەر ئەمە وەلامی حیزبی دێموکرات بە بانگیشتنی بەعس بۆ لکان بە (جەبهەی نەتەوایەتی)پێ داگرتن لەسەر ئەم بابەتانە بوو: بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بۆ دیاریکردنی بەرفرەوانی جوغرافیایی ناوچەی خودموختار،سنووری ئیختیارودەسەلاتی حیزب لەناودەوڵەت،دەنگدانی ئازادلەماوەی ساڵی تیابوو. لەم نیوەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو ڕۆژێ شایەتی هەنگاوهەڵێنانی زۆرتری حکوومەت لە تێکدانی هەڵسەنگایی قەومی و جەماوەر لەناوچەی بوو: لەکورکووک وئەقرەو شێخان وخانەقین گوندەکانیان بە زۆرەملی پێ چۆل دەکردن.

خولاسە مەلامستەفا -ی بەسەرنجدان بە هاونوێنی دەرەکی کەبۆ خۆی هەلبیبژاردبوو،زەحمەت دەکرا بە بەرچسپی(چەپی)کە رژیم لەخۆی دابوو رەکێش کن. مەلامستەفا لە 1973بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕ بە دوای پەلپ و بەیانوو هەڵدەسوڕا. دڵنیابووکە(سیا)و ئیران ئەوی بەرەڵلا ناکەن. لەژوئینی 1973 لەلای هاواڵدەری واشنگتۆن پۆست زوانی بەخۆ هەڵدانەوەو گەف وگوڕکردەوە:
ئەگەر ئامریکا لە ئێمە لە بەرامبەر ئەم گورگانە داکۆکی بکات،ئیمە حازرین بەپیی سیاسەتی وی کاربکەین. ئەگەربێتو یارمەتیەکی تەواومان پێ بکات ئێمە دەتوانین چالاوەکانی نەوت دەست بەسەردابگرین و مافی بەرهەم وەرگرتن لەوان بە شەریکەکانی ئامریکایی بسپێرین.
چەتوون دەکرێ وتارێکی ئەوها بدوزیەوە کە هەتا ئەم ڕادەیە حیسابی لە سەرکرابێ هەتا بەعس و هەمووعارەبی ئیراقی وەتووڕە بوون بخات. لەکۆتایی مانگ فڕۆکەکانی ئیراقی سەنگەرەکانی کوردانیان بۆمباردومان کرد، و مەلامستەفا هیزەکانی کۆکردەوەو، دەوڵەتی ئاگاداری کرد کە شەڕیکی تەواوعەیار دەقەومێت. سەدام حوسین لە سەرلێواری هەڵدێران شەڕ،خۆی کێشاوە دوایی.

سەدام بۆ خۆڕاگری بەڵگەو هۆکاری زۆرهەبوو: لە ناو حیزب،باڵی نانیزامی هێشتا چاکتری بێ قەیدوشەرتی خۆی متمانە پێنە بەخشیبوو،وشەڕی کوردستان لەوانەبوو بۆ ئەم باڵە موسیبەتێکی وەکوو موسیبەتی 1963 وەدی بێنێت. سەدام بۆ خۆڕاگری هۆکاری گرینگتریشی هەبوو: لەسپتامبەری ڕابردوو ئاگاداری بە دەست هێنابوو کە ئیران حازرە لە حاڵێکدا کە ئیراق باتڵ بوونی قەراردادی پەیمانی سەعدئاباد لە ئاوڕێگای یەکاوی عارەبان قەبووڵ بکات ،ئیران حازرە دەست لەکوردەکان هەلگرێ ئەوان بەرەڵلا بکات،بەڵام داواکەی لەم بارەوە کە مەسعودبارزانی بۆ ڕێگاچارەی کێشمەکیشم‌ی هەلاوەسراو بۆ بەغدا بڕوات گوێچکەی بۆ شل نەکرا. لەبەرئەمە نامەیەکی بۆ مەلامستەفا نووسی و دەوێدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی مەسەلەی یەکاوی عارەبانی لەگەڵ مەسەلەی کورد،لەگوێی وی هەڵکێشا، و نووسی کە سەرئەنجام بەغدا چارەیەکی نابێت مەگین ئەمە کەبۆ کۆتایی هێنان بە مەسەلەی کوردان زێدەپارەکی پێویستی سنووری بدات.
مەلامستەفا دیسان وەڵامی نەداوە. بێدەنگیەکەی خاڵێکی ئاماژە پێکراو لە پەیوەندی نێوان لایانەکان نیشان دەدات: دۆکتۆر مەحموود عوسمان و هاوکارانی لە دوای تێشکانی بزوتنەوە لە بەسەرداچوونەوەی مەسەلەکە،بەم ئاکامە گەیشتن کە ئەم کارە گەورەترین هەڵەی تەشخیسی مەلامستەفا بووە. مەلامستەفاو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەجیاتی لکان بە(جەبهەی نەتەوایەتی) پێشنیارەی تازەیان بۆ بێچمی خۆهەڵسوڕان (خودگەردانی لەسەربناخەی فیدڕاڵ بە دەولەت دا. ئەم خۆ هەڵسوڕانە کە بۆ ناوچەی کوردنشین پێشنیار کرابوو پارێزگاکانی کە دەواندا زۆرایەتی بە جەماوەری کوردبوو دەگرتەوە. ئەم ناساندن وشی کردنەوەیە،پارێزگای کەرکووک، بریتی لە گوندەکان و ناوچەکانی ناکوردیشی بە،بەشێکی(دەڤەر) بەحیساب دەهێنا. مەلامستەفا کەرکووکی بەناوی(پایتەختی) کوردستان پێشنیارکرد.

دوو بابەتی دیکەش هەبوو کە نیشانی دەدا مەلامستەفا داواکاریەکانی چلۆن بەرز دەکاتەوە: ئێستا ناوچەی خودموختار لەجیاتی ئەمە(بەشێکی جیا نەکراوەی) وڵاتی ئێراق بێت(یەکیەتی خۆبەخشانەی)نیوان دوو بەشی کوردی و عەرەبی وڵات بوو. لە ئاکامدا،لە بابەتێک کە لە قانوونی ناوچەیی لەگەڵ یاسای ناوەندی کێشە بێتە پێش،شیاوتری(اولویت) بە قانوونی ناوچەیی بوو. خاوەن پلەبەرزێکی بەعس لەم بارەوەگوتی:(کوردەکان نەک خودموختاری بەڵکوو دەوڵەتێکیان دەوێ(مافەوق) لەسەروەی دەوڵەت.)لەحاڵێکدا لەبیرو بۆچوونی سەدام حوسین(پێشنیاری وان لە گەڵ مانای خودموختاری مابەینی زۆرە.)

لە مانگی ئۆکتۆبر بەعس نییەتی خۆی بەبەردەوام کردنی گەلاڵەی خودموختاری ڕاگەیاند، و لەم بابەتە لەگەڵ 600کەس لەنوێنەرانی ڕاستەوخۆ و موخالیفی بارزانی،هەروا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، خەریکی دانەبەرباس و وتوویژ بوو. ئەمەنیشانەیەکی ئاشکرا بوو لەسەرئەمە کە ئێستا بەعس بڕیارگرە لە سەرئەمە ئەگەر پێویست بێ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەلانێت. لە عەینی حاڵدا کە سەدام بیروڕای خۆی سەبارەت بەمە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و مللەتی کورد یەکێک نین و هێزەکانی زیدی ئینقلاب لە حیزبی دێموکڕات دا شوێنیان داناوە لە ڕێگای ڕادیوی ڕاگەیاند. دەم و دەزگای ئەمنیەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەناوی پاراستن کە دەست پەروەردەی ساواکی (شا)بوو وەکوو وەی کە بەئەنقەست ویستبێ ئەم خەیاڵەپەسەند بکات، کموونیستەکانی گرتن و ئیعدام کردن،و تووڕە بۆنێکی توندی لە حیزبی کموونیست وڕووژاو کرد کەلە

تەواوی ماوەی هاوین تێکۆشابوو هاوکاری نیوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و (جەبهەی نەتەوایەتی) متمانە پێ ببخشێ.
مەلامستەفا خۆی لەبۆ شەڕحازر دەکرد. بەڵام تووشی ئەم هەڵە زلە ببوو کە لەم شەڕەدا بەپشتیوانی ئیرانی، هومێدگرێدا بوو. پشت ئەستووری و ئیمان و متمانەی بەسیستەمی زێدی فرۆکەی پێشکەوتوو بوو کە ئیرانیەکان بۆ بەرگری لە جێ دانیشتنی وی لەحاجی ئۆمەرانیان دامەزراند بوو،و پێشمەرگەکانی بەجۆرێک ڕاهێنابوو کە شەڕی بەشێوەی شەڕی ئاسایی و جەبهەیی(متعارف) بەرەوپێش بەرن.

**یاسای خودموختاری 1974**

دوایین حەول و تەقەلاو تێکۆشانەکان کە بۆ بەڕیوەبردنی وتوویژ نێوان حیزبی دێموکڕات و بەعس سەری گرت، لەژانوییە وسەرەتای مارسی 1974 بوو. لەکۆتایی هەوەڵین حەوتووی مارس،ئیدریس بارزانی بە سەدام-ی متمانەدا کەبێتوو ڕیککەوتنێکی تەواو سەربگرێ،کوردەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئێران دەپسێنن.
بەڵام لەمەڕ مەسەلەی کەرکووک ڕیککەوتن لەکردن نەهاتوو بوو. لە 1958 بەم لاوە دەوڵەت حەول و تەقەلای دەناجوری بۆ گوێزتنەوەی کوردەکانی شارو دەورەوپشتی وی دەست پێکردبوو، و ڕابردوەکی خەراپی وەدیهێنابوو. هەرخۆیی(نەتەویەتی)کردنی پێشەی نەوت بایەخی کەرکووکی بۆ هەردوو لایان ئیکجاربەرزکردبوو. لە سەرەتای ساڵی 1974 چاوەڕوان دەکرا کە بەرهەمی نەوت بە دە قاتی ساڵی 1872 بگات. ئێستا(قومارێکی یەکجار گەورەبوو. حەفتا لەسەتی سەرجەمی نەوتی ئیراق لەکەرکووک دابین دەکرا،و مەلامستەفا بەئەرکی خۆی دەزانی کە هەم شارەکەی داوابکات و هەروا پشکە بەشێکی باش لەبەرهەمی نەوتی وێ بوێت.
بۆ بەعس و شەریک و هاو بەشەکانی کموونیستی وی لە(جەبهەی نەتەوایەتی)ئەم داوایە بەمانای ئەمە بوو کە کوردستان دەیەوێ مەوجودیەتی ئابووری سەربەخۆ بێت- و ئەم جیابونەوە لەگەڵ ئیمان و ئاقیدە بە ئابووری لە سەربناخەیەکی بەرنامەداڕێژراوی ناوەندی بوو. لەمانگی ژانویە هەشتمین کۆنگرەی ناوچەیی بەعس شیاوتری (اولویت)بە پەرەپێدانی ئابووری دابوو، ونەوتی کەرکووک بۆ وەدەست هێنان بۆ ئەم ئامانجە لایانی حەیاتی وژیانی هەبوو.

دەوڵەت هێشتا دەیەویست بە پیی سەرئەژمیری ساڵی 1957 عەمەل بکات، بەشەکانی چەمچەماڵ وکلار بە دەڤەری خودموختارتەسلیم بکات،و لێژنەی ئیداری تێکەڵاو(بریتی لەعەڕەب وکورد)وەلامدەری بەغدا دانێت. بەڵام مەلامستەفا دەیگوت: کە ئەم لێژنەیە، دەبێ وەلامدەری دەوڵەتی خۆدموختاربێت. هیچ کام لە دوو لایان حازر بە پاشگەز لە بیروڕای بۆچوونی خۆیان نەبوون. مەلامستەفا هێشتا دەیەویست کەرکووک پایتەختی ناوچەی خودموختاربێت،لە حاڵێکدا بۆ پایتەختی کوردستان جێگای دەباشتر هەبوو. دوایەکان عیسمەت شەریف دانلی،نوێنەری مەلامستەفا لە ئۆڕوپا،نوسی: (هەولێر وسلیمانیە دوو شاری گەورەی کوردستانن کە جەماوەریان بەسەرجەم کوردن،و هەردووکیان لەگرینگترین ناوەندی فەرهەنگی نەتەوەیی کوردن.)کوردەکان دەیان توانی

داوابکەن کەلە پارێزگای کەرکووک زۆرایەتی جەماوەر بەوانە،بەڵام داوای شاری کەرکووک بەناوی پایتەختی کوردستان بێ گومان داوایەکی نادورست بوو.
ڕۆژی دوایی،یانی 11مارسی 1974 بەغدا یاسای خۆدمووختاری ڕاگەیاند و بەمەلامستەفای دوو حەوتوو وچاندا کە لەوماوەیەدا ئەم قانوونە قەبووڵ بکات وبە (جەبهەی نەتەوایەتی) بلکێت. ڕێک وپێکی قانوونی خودموختار هەڵویستی بەعسی نیشاندەدا و لە هەمووقانوونەکانی دیکە کەلەڕابردوو ڕاگەیاندرابوو بەرفرەوانتر بوو،بەڵام داخوازیی کوردەکانی لەمەڕکورکووک،و(ناوەندی واقعی دەسەڵات)پێک نەدەهێناو لەباوەش نەدەگرت. بڕگەکانی جێگە کێشەوناکۆکی بریتی بوون لە:
1-کوردستان یانی: ئەو دەڤەرانەی کە بەپێی سەرئەژمێری ساڵی 1957 دەواندا زۆرایەتی جەماوەر بە کوردەکانە، و بەئیحتوباری ئەم موافیقەتنامەیەیی ڕیکەوت 11ی مارسی 1970 وەکوو ناوچەیەکی جیانەبۆوە لەچوارچێوەی وڵاتی ئیراق لەخۆدموختاری کەلک وەردەگرێ و ناوەندی ئیداری وی شاری هەولێر(ئەربیل) دەبێت.
5-و6-ناوچەی واحدی ئابووری وخودموختار لەچوارچێوەی سیستەمی ئابووری وڵات دادەبێت. بودجەی وی بەشێک لە بودجەی وڵات دەبێت.
13-سەرکۆماری وڵات یەکێک لە ئەندامانی(هەڵبژێردراوەی)شووڕای قانوون ئەساسی بۆ پێکهێنانی شوڕای ڕێوەبەری دادەنێت. سەرکۆماردەشێت بەرپرسی شوڕای ڕیوەبەری لەهەرکات وزەمانێکدا لەسەرکار وەلابات. لەوحاڵەدا شووڕای ڕێوەبەری هەڵدەوەشێتەوە.
17-(هێزەکانی)پۆلیس و تەشکیلاتی نەتەوەیی(نەتەوایەتی)ناوچە ئیلاقەدار بە ئیداراتی گشتی پەیوەندار لە وەزاڕەتی وڵات و کاربە دەستانیان ملکەچی قانوون و دەستوورەکانی بەڕێوەچووی وڵاتی ئیراق دەبن.
18-خاوەن پلەوپایەکان دەزگای ناوەندی لە ژێرعەمری وەزاڕەتخانەکان پەیوەندار و ملکەچی ڕێنوێنی ئەوان دەبن.
19-چاوەدێری لەسەرقانوونی بوونی بڕیارەکان، لیژنەکانی قانووندانەروبەڕیوەبردن (قانوون دانەروبەڕیوەبردن)ناوچەی مەڵبەندی خودموختار بەدێوانی بەرزی تمیز(پاک وپیس لێک کردنەوەی) ئیراق دەبیت.

ئەمە مەعلوومە کەئەم بڕگانە بە بەغدا ئیجازە دەداکە دەسەڵات هەروا لەدەست خۆیداڕابگرێت،بە کەلک وەرگرتنی ئاقڵانە لەم دەسەڵاتە دەکرا هەموو ئیختیارەکان لە ناوچەی خودموختار دەست بەپووش کات. ئەمە شتێک بوو کە کوردەکان لەوی خۆفیان دەکرد،وشتێک بوو بەکردەوە هاتەپێش.

مەلامستەفا هەموو شتێکی بە داکۆکیەک بەستبۆوەکە ئیران و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە وی وادە دابوو. لە مانگی مارس بە ئامریکایەکانی گوت(ئەگەرئێوە چەک و چۆڵێکی ئەوهامان بدەنێ لەگەڵ چەکەکانی ئیراق وەک یەک بێتەوە، ئێمە بەشەردیین. دەنا، ئاشتی دەکەین و لەگەڵ یان پێک دێن نامانەوێ لەناوبچین.)پاشان گوتی(ئەگەروادەی ئامریکایەکان نەبوایە ئێمە ڕیوو شوێنێکی دیکەمان دەگرتەبەر. ئەگەر وادەکانی ئامریکا نەبوایە ئێمە بەمجۆرە دەگیر نەدەکەوتین. و بەم بەرفرەوانیە دەرگیرین پەیدا نەدەکرد) مرۆڤ بەم ئاکامە دەگات کە بە پێچەوانەی ئەزموونیک کەلە1943 دیویەتی هەنۆکەش هەروا ساویلکەو بێ خەبەرمابۆوە. هێشتا بە وەرگرتن و حاڵی بوونی

ئەم مانایە نەگەیبوو کە هیچ کام لەپشتیوان وداکۆکی کەرانی، خوشیان لە خودموختاری کوردستان نایێ و هەتا نایەنەوێ ببینن کەکوردستان خودموختار بێت.
ڕەنگە زێدەتر لە وی پێویست بوو لە ژێرکارتێکەری لێژنەکانی نیزامی بوو کەئامریکاو ئێران و ئیسرائیل بۆ یارمەتیان دەنارد. کاتێک مۆڵەتی دوو حەوتوویی تەواوبوو،مەلامستەفا پێشنیارەکەی دووپات کرد،کە بەشەریکەکانی ڕۆژئاوا ئیجازەدەدا لەچاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک کەلک وەرگرن،و لە سەر بناخەولێکدانەوەیەکی سەیرو سەمەرە کە بۆخۆی لەگرینگایەتی ئیستراتیژی کوردستان هەبوو گوتی:(کوردستان لە هەڵسەنگانی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە کارکەرێکی نیزامی گرینگ گوڕاوە. ئەمە ئەرکی زلهیزەکانی ڕۆژئاوایی یە، کە ئێمە ڕێنوێنی بکەن کەچ ڕۆڵیکی بگێڕین.) هەروا وادەی دا کە پیشگیری لەمە دەکات کەکوردەکانی ئیران و تورکیە بۆ سەر بەخۆیی ئاژاوەبنێنەوە- ئەمە وادەیەک بووکە وێدەچوو هەروەک ڕەنگە بۆ دەسەلاتدارانی ئامریکایی-ش روون بوو، نەیدەتوانی ئەنجامی بدات. پێشنیاری ئەم دەستەبەریە لە بەرانبەر یارمەتی ئامریکا حیکایەتی لەمە دەکردکە تازە کەم کەم حاڵی دەبوو کەنە ئێران و نە ئامریکا هیچ کام جگە بەهۆی دابینکردنی قازانجی خۆیان لە وی داکۆکی ناکەن.

لە حالێکدا کە مەلامستەفاو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فەرمی بڕیاریان گرت کە قانوونی خودموختاری ڕەت بکەن،ئیدیکە هەستیان پێکرد کەئیدی ناتوانن لەگەڵ ئەوان هاوهەنگاوبن. سێ کەس لەئەندامانی پایەبەرزی حیزب،یانی: هاشم عەقراوی،مەلاعەزیز لەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، و عەزیزعەقراوی،ئەندامی دەفتەری سیاسی، ویەکێک لەفەرماندەرانی نیزامی لەم یەکیەتییە،لەگەڵ دوژمنانی ئەمپەریالیستی ئیراق،وڕووبەڕووبوون لەگەڵ حیزبی کمونیست،هەستیان بەشەرمەزاری وسەرنەویایەتی دەکرد. ئەم گروپە کاتێک لەمانگی دەسامبەری ڕابردوو لەم مەسەلەیان ڕەخنە گرت،بەفەرمانی سەرۆک بارزانی لەحیزب دەرکران. ئەوانیش، مەلامستەفا-یان بە هەنگاو هەڵینانی زێدی دێموکراتیک تۆمەتبارکرد. ئەویان بەهۆی مرۆڤ ڕفاندن و کوشتنی بەشێک لە ڕێبەرانی کورد مەحکووم کرد. ئەم گروپە و هێندێکی دیکە بە(جەبهەی گەلایەتی)بەغدا لکان، دەیانگوت: کەئەم قانوونەی خودموختاری باشترین یاسایەکە کە ئەوان چاوەنواڕیان دەکرد و هیوایان پێی بوو و دەبێ لە وی داکۆکی بکرێت. کوردەکانی چەپی دیکەش ئاقیدەیان وابوو کە سەدام حوسین ئیدی ئیلاقەیەکی بە وەدەست هێنانی موافیقەت نییە. بە بیروڕای وان قانوونی خودموختاری فەرمانێکی نیزامی بوو. گەورەترین شەرمەزاری بۆ مەلامستەفا کردەوەی کوڕە گەورەکەی،عەبەیدوڵلا بوو کە ئەوی بەجێهێشت:

ئەو داوای دەکرد کە(باوکی هەتا ئەگەر کەرکووک و تەواوی نەوت-یش،بە وی بدەن حازر بەڕیوەبردنی قانوونی خودموختاری نییە. قەبووڵی یاسای خودموختاری لەلایان وی،هەموو شتێک لەدەست وی دەردێنێت. ئەو دەیەوێ هەرواحاکم-ی موتڵەق بمێنیتەوە. و باوکی سەبارەت بە قسورلە بەڕیوەبردنی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی(دابەشکردنی زەویوزار)سەرکۆنە دەکرد.

**شەڕی 1974-1975،**

لەمانگی ئاوریلی 1974 مەلامستەفا ڕەنگە نزیکەی 50000پێشمەرگەی ڕاهێنراو،ونیزیکەی 50000جەنگاوەرانی هیزی بەرگری هەبوو. کاتێک شەڕدەستی پیکردەوە کوردەکان،یەک لە وان هەڵاتووی ئەرتەشی ئیراق لە ژێربەیداخی وی کۆبوونەوە. هێزەکانی بۆ شەڕی فەرمی دەورەدیدە بوون،بەڵام لە مەرچەک و چۆڵی قورس لە تەنگانە دابوون. لە بەرامبەرهێزەکانی بەغدا دەیتوانی 90000سەرباز بەداکۆکی تانگ و زرێپۆش و200فرۆکە بۆ مەیدان بێنێت.

مەلامستەفا ئستراتێژیەکی (دوو لایەی) لەنەزەرگرت: هاتە سەرئەم بڕیارە کەوانەی ناوچەی شاخاوی زاخۆ هەڵکەوتوو لەدرێژایی خەتێک کەلەزاخۆ بە بەندیخان دەلکێت ڕابگرێ. هەرواهیواربوو بتوانێ چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک لەسێرەی تۆپخانە دووڕابگرێت. هەتا بەوەسیلەی وی بتوانێت بە ئامریکایەکان نیشان بدات کە بەکردەوە دەستی وەکەرکووک ڕادەگات. بەڵام بۆ بەکردەوەهێنانی ئەم ئامانجە تۆپخانەی دووربوردی لەئیختیاردانەبوو.

ئەرتەشی ئێراق خێرا بیچم و توانایی خۆی لە تاکتیکەکان و ڕاهێنان و تەکووز نیشاندا. سەرەتا پادەگانەکانی گەمارۆدراو هەڵکەوتوو لە دەڤەرەکانی ژێرحوکم وچاوەدێری مەلامستەفا ئاڵقەی گەمارۆیان شکاند،یان پاشەکشەیان کرد،پاشان لە ئاڵقەیەکی ئەسلی عەمەلیات بەرەپێش چوون وهەتا پاییز عیمادیەوعەقرەو ڕەواندز و ڕانیەو قەڵادزە یان گرت. دەوڵەت ئێستا لەسەربەشێکی گەورەی کوردستان دا زاڵ و دەست بەسەرداگربوو کەلە 1961 بەم لاوە ڕابردووی نەبوو: جگەلەمە،ئەرتەش بەپێچەوانە ڕابردوو کاتێک کە پێگەکانی تاکتیک یەکەی لەگەمارۆی بەفر دەکەوت،پاشەکشەی دەکرد،ئەمجار نیشانەیەک لە پاشەکشە نەدەدیترا. بۆکوردەکان ئەمە بەم مانایەبووکە ئیدی وچان و مۆڵەت لەکاردانییە هەتا بەهار لێک کۆ دەبنەوەو لێی دەمێننەوە. هێزەکانی ئێڕاقی لە مۆڵگەکانیان لە ڕەواندز وسەرانسەری گەڵی چۆمان کە ڕێگای هاتووچۆی تەدارەکاتی گرینگی کوردەکان بوو، و بەوێدا تێدەپەڕی بە کەوشەنی ئێران دەلکا،هەڕەشە لێدەکرد.

ئێران هیوادار بوو کە شەڕی کوردستان ڕەنگە وەکوو ساڵی 1963 بە ڕووخانی بەعس تەواو بێت، بەڵام لە بەرامبەرهەنۆکە خۆی لە هەڵ و مەرجێک دا دیتەوە کە دەبوایە بەئاشکرا لە هێزەکانی کوردی داکۆکی بکردبوایە . ئێران نەک تەنیا کوردەکانی ئێرانی بۆ ئاڵیکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەنارد بەڵکوو هێزەکانی تەکوزیشی لە جل و بەرگی پێشمەرگەکان بۆ ناوچە بەڕێ دەکرد. ئەو هەروا تۆپخانەی سووک و مام ناوەندی(75و130میلیمتری) و تۆپخانەی دوورئەنگێوەی (175میلیمتری)کەلە ناو خاکی ئیران دابەستبوو بەسانایی دەیتوانی قەڵادزێ بخاتە ژێر ئاگر، بەیاری کوردەکان نارد. لەمەڕ بەرگری زیدی فڕۆکە-ش موشەکەکانی هاوک-ی ئامریکایی توانیان یەکێک لە فڕوکەکانی میگ-23ی کە تازە لە ئیختیارئەرتەشی ئیراق نابوو بەردنەوە.

تیبینی:1-ئیران قەت کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بۆ ئاریکاری بارزانی نەناردوە،محەمەد ڕەزاشا،ئەویارمەتیەی کەبەبارزانی دەکردبەم مەرجە بوو کەپێشگیری لە خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات

بکات بەداخەو کە پیلانەکەی سەری گرت،هەتاکوردەکانی شوڕشگێریش دەگیران وتەسلیمی ساواک دەکرانەوە، نووسەری کتیب بەهەڵە ئەوشتانەی وەرگرتوونە، شا،ئەوکوردە جاشانەی بۆ یارمەتی شێخ ڕەشید لۆڵانی دەنارد،کە جاشی بەعس بوو،ئامانجی گڵاوی محمەدرەزاشا، کورد پێک بەکوژدان بوو. کوردەجاشەکان بریتی لە: محەمەدئەمین حاتەمی ناسراو بەچیچو، ئەحمەدبەگی نیعمەتی وبراکانی لەدەشتەبیڵ ...وهتد .(وەرگێری کوردی)

**موافیقەتنامەی ئێران و ئێراق،مارسی 1975،**

یارمەتیەکی ئەوها لە گۆڕانی گلۆربونەوەی شەڕ کارتیکەرنەبوو: ئێران نەیدەتوانی لە تێشکانی کوردەکان پێشگیری بکات. لە نێوەڕاستی فۆریە هێزەکانی کورد لە تەواوی ناوچەی بادینان پاشەکشەیان دەکرد. دێویدنابارو،دکتۆریک کە لە خزمەت (سندوقی ڕزگاری منداڵان)بوو، ڕوو بەڕوو بوونی خۆی لە گەڵ یەکێک لە فەرماندەرانی خیاڵاوی کەلەشەڕگەی شێخان بەرگری دەکرد ئەوها ڕاپۆرت دەکات:

لە ڕێگایەک کە بۆ (شلیا)دەچوو تووشی وی بوین-گروپێک لە ئەفسەرانی پایە بەرزی هاوڕێ بوون. مرۆڤێک بوو تەمەن شیست ساڵە،بەژن بەرز،کزو داڵگۆشت،کەمێک دەلەنگی. کاتێک کە مەسەلەکەی بۆ ئێمەگێڕاوە لە بەرناهومیدی ڕۆندکی لەچاوی دەڕژا: ( ئێمە تەنیا چەند خومپارە هاوێژی کۆن وقەدیمی ورەشاش مان هەبوو. تەقەمەنێکی هێندەشمان پێ نەبوو،لەمانە بۆ بەربەرەکانی لەبەرامبەر قودرەتی گوللەی تانگەکانی ئێراقی و بۆمباردومانی پەیتا پەیتای فڕۆکەکانی ڕاوچی کە لە نزمایەکی کەم دەفڕین کارێک ،نەدەکرا. بۆمە ڕوون بۆوە کەکارشۆرشی کورد دوایی پێهاتووە.

تەنیا هاتنە مەیدانی ڕاستەوخۆی ئێران و یان شەڕیکی لە مانادا تەواوعەیار دەیتوانی گوڕانکاریەک لە ئاکامی جەرەیانی شەڕ وەدی بێنێت. ئەمەش شتێک بووکە هیچ کام لە دوو لایان خوازیارنەبوو. لە ڕاستیدا ئێراق لە مانگی دەسامبەر بە ئێرانی پێشنیارکردبوو کە ئەگەربێتو ئیران یارمەتیەکانی خۆی لەکوردەکان ببڕێ،ئەو ئامادەیە لە مافی خۆی لە یەکاوی عارەبان دەست هەڵ بگرێت. لەوکاتی دا ئێران هێشتا هیواداربوو بەعس بڕوخێنێت،و ئێستا بە گەرمی پێشنیاری ئیراقی قەبووڵ کرد. بەم ڕێووشوێنە زەنگی مەترسی یەک کە هەژدەمانگ بەرلە ئێستا سەدام حوسین بەمەلامستەفای لیدابوو وەڕاست گەڕا. لە6ی مارسی 1975 لەکۆنفڕانسی ئۆپەک لە ئەلجەزایەر سەدام و محەمەدڕەزاشا،پێکهاتن کێشمەکێشم-ی سنووری چارەسەربکەن. ئێراق خەتی سنووری نێوەڕاستی چەمی قەبووڵ کرد ولایانەکان ناوەڕۆکی قەول نامەی 1913ی قوستەنتەنیە و کمیسیونی دیاریکردنی سنووری ساڵی 1914یان قەبووڵ کرد. بل لەوانەش هەردوولا پێکهاتن لەگەڵ ڕاگرتنی ئاسایشی توند پێشگیری لە شوین تێکەری تێکدەر لەدوولای سنوور بکەن.(مەنزوورلەتێکدەر،یانی: کوردەکان-وەرگێڕ)

چەند کات ژمێر لە دوایی ئەم ڕیکەوتنە هێزەکانی ئێران بۆ مۆڵگەو بنکەکانی خۆیان بۆ ناو خاکی ئێران گەڕانەوە،و تەدارەکاتی هێزەکانی مەلامستەفا بەحاڵاتێکی هەڵپەساردەی ماوە. هێزەکانی ئێڕاق لە گەڵی و دۆڵی چۆمان دەستیان بە بەرەوپێشچوون کرد،و (حاجی ئۆمەران)یان خەستە بەرسێرەی هەڕەشە، ئیراق بەپێی ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئێرانی کردبوو لە13ی مارس هەتا ئەوەڵی ئاوریل ئاگربڕی ڕاگەیاند هەتا دەونێوەدا هێزەکانی مەلاستەفا ئەو دەرەتانیان بۆ بڕەخسێ کە بۆ ئێران پاشەکشە بکەن یان خۆیان بەهێزەکانی ئیراقی بەدەستەوە بدەن.

مەلامستەفا و حیزبی دێمووکراتی کوردستانی ئێڕاق بەهۆی ئەم گۆڕانکاریە لەناوچوون. لە23ی مارس هاتنە سەر ئەم بڕیارە کەلە شەڕ دەست بکێشنەوە و مەیدان بەتاڵ بکەن. گروپێک لە ناڕازییان بڕیاران گرت خەبات بەردەوام کەن. نزیکەی 100000کورد- پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و ئیدیکە -لە سنوور پەڕینەوە و بە100000پەنابەری دیکەلکان کە پێشتر پەنایان بۆ ئێران بردبوو. هەزاران کەسی دیکە ڕەنگە بەتەماحی پارەیەک کەلە بەرامبەر تەحویک دانەوەی چەکەکانیان وادەیان دابوو خۆیان بەهێزەکانی ئیڕاقی بەدەستەوەدا.

خەرج وموخارجی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە،ئیکجارقورس بوو. ئەم شەڕە لە چاوگەی ئابووری ڕۆژانە بۆ ئیراق2/5میلیون دۆلار وبۆ کوردەکان 1/8ئەم پارەیەبوو. هەردووک لا ژمارەیەکی زۆریان تەلەفیاتی گیانی نیشان دەدا، بەلام تەخمین و بەرئاوردی (خاچی سوور) جێگای قەبوولە. لەبەرئەمە بەرئاردی بەلەفیاتی ئەرتەشی ئیراق 7000کوژراو 10000بریندرابوو، وتەلەفیاتی کوردان هێندێک کەمتر لەمەبوو.

جگە لە کوژراوانی شەڕ،ئەم جەرەیانە بۆ خەڵکی ئاسایی بە بایەکی زۆرگران تەوابوو: هەزاران کەس ماڵ و حاڵی خۆیان بەرەڵلا کرد و لە بەرشالاوی عەسکەری ئێراق هەتلەو تەرەو تەولا بوون، و لەزستان گەلێک لەم خەڵکە بەهۆی برسایەتی و بێ ئەنوایی تووشی گوێرەوەرو دەردوعذاب بوون. لەم کوێرەوەرو بێ کەس وبێدەری لە بادینان لە هەمووان زێدەتر بوو،و بە هۆی پێشگیری تورکیە لە هاتنی خواردەمەنی لە سنوور و پشێوی زێدە لە ڕادە بێ ئەنوایی چەند پات ببوو.

**هەنگاوەکان لە دوایی شەڕی 1974-1975،**

بەعس بەتاڵووکە دەست بەکاری بەڕیوەبردنی یاسایی خودموختاری و وەدیهێنانی بارو دۆخ و(کەش وهەوای بەرەوپێشچوون) لەکوردستان بوو. لەسەرەتای شەڕ،پێج وەزیری مەلامستەفای لەکابینە دەرکرد ولە جێگای ئەوان پێنج کەس لە دژکارانی ناسراوی لەوێ دانابوو. بەسەرنجدان بە ممکین نەبوونی دەنگدان لەهەڵ و مەرجی شەڕ،هەشتاکوردیان بەئەندامەتی(شووڕای قانوون دانان)هەڵبژارد و هاشم عەقراوی وەکوو بەرپرس فەرمانبەری پێکهێنانی شوورایی ڕیوەبەری کرد. هاشم عەقراوی ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو،بەلام لەکۆتایی ساڵی 1973 لەمالامستەفا جودا ببووە. کوردێکی دیکەی بەناوی تەها محی ئەدین مارف،بەجێگری سەرکۆمار دنرا.

ڕژێم دوایی لەناوبردنی بەرەنگاری و خۆڕاگری هێزەکانی کورد بەلەزخەرێکی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەرکوردستان بوو. ئەو خولە بۆکوردان دەورانێکی سەخت و مەترسیدار بوو،چونکەڕێژیم(کەمەربەندێکی ئاسایشی)بە درێژایی سنوورلەگەڵ ئیران وتورکیە وەدیهێنا. مەبەست لەم پشتیندە سەرەتا پێنج کیلۆمێتربوو کە پاشان لەبازیک جێگا بەسێ کیلۆمێتر بەرز بۆوە. ڕژێم بۆ بەڕیوەبردنی ئەم مەسەلە هەوەڵ 500گوندی وێران وخاپوورو لەگەڵ هەرد تەخت کرد،ژمارەی ئەم گوندانە لە1978بە 1500گەیی. بەلانی کەم 600000کەس وژمارەیەکی دیکەش بریتی لەپیاو ژن ومندالْ بە(ئۆدوگاکان) گۆێزرانەوە. ئەم گوندانەی (کۆمەڵگا) لە ڕاستیدا شارۆچکەکانی عەڕەبی بوون کە لەدەوروپشتی شارەکانی گەورەی سازدرابوون، بەشەقامەکانی بەرفرەوان کە تانگەکان و زرەێپۆشەکای دەیانتوانی دەواندا (مانۆڕ)بدەن. هەرکەس کەبۆ ماڵی باب وباپیری خۆی دەگەڕاوە بێ محاکەمە وبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمە ئاخۆ ژنە-یان- پێاو ئیعدام دەکرا. زەحمەتەبکرێ فکری لێ بکرێتەوە کەڕژیم لەم گوێزەگوێزە مەبەستی ئەمەی نەبووبێت کە ئەم خەڵکەی لە سەربەخۆیی شان وشەوکەتی ئینسانیەت وکەسیتی بێ بەش ودوورکات.

دەستەیەکی دیکەی بۆ باکووری ئێڕاق نارد: دیوانیە،نەسرییە،و ئەفلەک. ئەما زوربەی بنەماڵای ئەوکەسانە بوون لە بە چالاکی وڕاشکاوی لە بارزانیان داکۆکی کردبوو، یان پەنابەرانێک بوون کەلە ماوەی سەردەمێک کە بۆ عافوو دانرابوو بۆ ئێراق نەگەڕابوونەوە(ئەم مۆڵەتە هەتا 20ی مەی 1975 بوو) لە نزیکەی 210000کوردی کە بۆ ئیران پەنایان بردبوو تەنیا 140000کەس لە ماوەی مۆڵەتی دانراو بۆ ئێراق گەڕانەوە.

دەوڵەت لەم نێوەدا لەم هەلە بۆ چارەسەری مەسەلەی(جەماوەری) ئەو دەوەرەانەی کە کێشەیان لەسەربوو کەلکی وەرگرت. لە بەرئەمە بە گوتەی سەرچاوەکانی کورد،دەوڵەت یەک مێلیون کەسی لە دانیشتوانی مەڵبەندەکانی خانەقین و کەرکووک و مەندەلی وشێخان و زاخۆو سنجارـی لە ناوچەکانی کە کیشەیان تێدابوو دەرکردن و ڕاونان و لەشوێنی وان موهاجری میسری و عاڕەبی ناو ئێڕاقی لێ نشتەجێکرد. ئەم هەنگاوەی دەوڵەت لە هاوینی سالی 1965 ڕاوەستا، ئەویش هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگراوە کە دەسەڵاتداران و کارگێرانی کورد بە بڵاوکردنەوەی دەنگ وباسی پەیوەندار بەم کردەوە خەلکیان ورووژاند کە بەرەوشەڕی چریکی هەنگاوهەڵگرن.

جگە لەمانە بۆ کوردەکانی دانیشتووی کەرکووک وەدەست هێنانی بەڵگەی مڵکایەتی، بەوێنەیەکی دژواری لێهات،چونکە سازمانی ئیداری دەبوایە بەشێوەیەکی هەڵس وکەوت کردبوایە کە لە پارێزگاکان زۆرایەتی دانیشتوان بەعاڕەبان بۆایە(یانی جعل ومزەور)شارەکانی کە زۆرایەتی دانیشتوانی کوردان پێکیان دەهێنا وەکوو: کلار بە 30000دانیشتوو،کفری بە 50000 دانیشتو، چەمچەماڵ بە50000دانیشتو، و تۆزخورما بە 80000دانیشتووـلە پارێزگای کەرکووک جیاکرانەوە هاویشترانە سەر پارێزگاکانی سلیمانیەو دیوانیە یان پارێزگای تازەپێکهاتووی سەلاح ئەدین.

یەکێک لەم هەنگاوانەی ناحەزی ڕژیم پارەی دەستخۆشانە بەوعاڕەبانە بوو کە کیژی کوردیان مارەکردباو هێنابوایە، مەبەست لەمە بەئاشکرا توانەوەی کوردی باکوور لە ڕەچەڵەی عەڕەب دابوو. گوێزتنەوەی کارگێڕان و سەربازان و پاسەوانانی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان و گوێزتنەوەی زانستگای تازە بنیات نراوی سلیمانیە،وگۆڕانی ناوی گەلێک لە شوینەکان و ناوی عاڕەبی لە

سەردانانیان یەکێک لەم هەنگاوانەی حکوومەت بوو. لە بیرمان نەچێت کە بەغدا بە بەڕیوەبردنی ئەم پیلانە لەگرتن و کوشتن و ئەشکەنجەو جەزرەبەو ئیعدامی بەرفرەوان کەلکی وەردەگرت.

دکتۆرنابارو، لەگەڕانەوە بۆ بریتانیا وەزیەتی خەماوی کەکوردەکان لەگەڵی دەست بەیەخە بوونە بۆ وەزارەتی دەرەوە ڕاپۆرت کرد. لەویٚ بە ئەویان گوت: (ئێمە هەموو ساڵێک 500000000ملیون پۆند لەگەڵ ئیڕاق قەرارداد دەبەستین-هیچ دەوڵەتێک شتێکی ئەوها بۆ هۆی کەمایەتیەکی گچکە بەخت وقوربانی ناکات.) لە وەزارەتەکانی دەرەوەی دەوڵاتانی دیکەی دێموکراسی ڕۆژئاوا هەربەم جورەیان وڵامدایەوە. چ دەوڵەتێک خۆی لەم تەنگەژەدا دەرگیر نەدەکرد.(یانی: دیموکراسی شیرەهەڵسوتنێک زیدەترنییە مەسەلە ئابووری و چالاواکانی نەوتە کەبۆ ئۆرۆپا گرینگە نەک گیانی مرۆڤ. وەرگیر)

هەڵبەتە ڕژیم بۆ دابین کردنی دەرەجەیەک لە ئاسایشی ئابووری و لە نموود خستن و لاوازکردنی ئەم سیاسەتەی زوڵم و ستەم و سەرکوت،پارەیەکی زۆری لە ناوچە سەرف کردبوو. وەدیهێنانی بەرنامەی گوندەکانی پێشکەوتوو نزیکەی 90میلیون دۆلار بۆ ئەوخانووبەرانەی زێدەتر لە 30000ماڵ خەرج کرد، دەوڵەت 336میلیون دیناریشی بۆ پەرەپێدانی ناوچەو، وەدیهینانی پێشەگەری و دورستکردنی ڕێگاکانی قیرەتاو، قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان تەرخان کرد. ساڵەکانی 1974و 1975 ژمارەی قوتابخانەکان بە چوارقات زێدەبوو، و لە شارەکانی هەولێر(ئەربیل)و ڕەواندز و سلیمانیە و سەلاح ئەدین چەندین نەخۆشخانە سازدران و بنکەی دە توریستی پەریان پێدرا. لە ڕاستیدا لەنێوەی دووەم دەیەی 1970 دەوڵەتی ئێراق، بەرتەقای سەرانەی جەماوەر لە کوردستان زێدەتر لە هەر شوێنێکی دیکەی وڵات هەزینەکرد

لەئەوتی 1975 سەدام حوسین بە بۆنەی بەرز بوونەوەی پلەوپایەی بۆ سەرکۆمارئێراق، لێبوردنی تایبەتی بە جەنگاوەرانی کوردی دەرەوەی ئێراق پێشیارکرد،و نزیکەی 10000کەس بۆ ئێڕاق گەڕانەوە. لە 1ی ژانویەی 1980 خاوەن پلەوپایەی شووڕای قانووندانان وڕیوەبەری ...ناوچەی خودموختاری بە وەزارەت بەرزکردەوە،بەمجۆرە لەسەر(ئیختیداروپایەی زێدەکردن، لەژوئین بۆ ئەوەلین کەڕەت لەدوایی ئینقلابی 1958 دەنگدانی مەجلیسی نەتەویەتی ئیراق بەرپاکرا،لەمانگی سپتامبەر دانگدانی(شووڕای قانوون دانەر)دەڤەری خودموختارئەنجام بوو، وئەم بەندەلە دەستووراتی قانوونی خودموختاری بەڕیوەچوو: هەموو پالاوتراوەکان بەوردی دەستەچن کران. هەموو دەیانزانی کە دژایەتی لەگەڵ هەرجۆرە سیاسەتێکی ڕژیم بە توندی لەگەل ستەم ڕوو بەڕوو بونەوەیە. ئەمە شتێکی ڕەواڵەتی بوو بەتاڵ وخاڵی لەناوەرۆک، جێگری لاوازی کرابوو بۆ ڕزگاربوون لەترس.

سەرچاوەکان:

بڵاو بۆوە: فاروق سلوگلت وسلوگلت،ئێراق لە 1958 بەم لاوە،میرلاگالتی،

ژمارە57، مدرنو، 1وورینت لە(78-،1976،    D3l problema curdo negli svilppi
1978،غریب،مەسەلەی کورد لەئیراق،دیدەبانی مافی مرۆڤ-دێدەبانی خاوەرمیانە،نەسل کوشتن لەئیراق،عەمەلیاتی جینوساید(ئەنفال)دژی کوردەکان(نیورک1993)جەواد،ئیراق و مسەلەی کورد،کریس کۆچرا،(ئیراق بۆنی توندی نەوت)لەئافریقای جەوان،137 ژوئیەی 1971 و(ماکیاول،-فیل وگزە-بەعس وکوردەکان)لەئافریقای جەوان، 21ی ژوئیەی 1973،ئیتحادیەی مەیهەنی، ئینقلاب لەکوردستان: بەڵگە گرینگ ئیتحادیەی مەیهەنی کوردستان(نیویورک،ژانویەی 1977،مارتین شورت وئانتونی لەماوەی ،کوردەکان(لندن،1975)عیسمەت قانلی، (کوردستان لەئیراق) لەشالیان،خەڵکی بی دەوڵەت.

بڵاونەکراوە: دیوید نابارو،(یارمەتی بەکوردەکانی ئیراق،1974-1975) (گوێبیس بونی ڕووداوێک بێ ناوبردن لەڕێکەوتی وی،سەبارەت بە بەرپرسایەتی لێژنەی ناردراو(سندوقی یارمەتی بەمنداڵن) لەکوردستانی ئیراق)

پسولەکان؛

1-میشل عەفلەق،(فی سبیل البعث)(بێروت 1974) لاپەڕەکانی 168- 78 بە نەقل لەغەریب لەمەسەلەی کورد،لاپەڕەی 54.    2-نضال البعث،جلد 7، لاپەرەکانی 145- 147 ولاثەڕەکانی 280- 281 بەنەقڵ لەخەواد،لەئیراق مەسەلەی کورد،لاپەڕەی 231،    3-غەریب کیشەی کورد،لاپەڕەی 73.    4-سەرتاچواروەزیری کورد لەکابینەی بەشداریان هەبوو کە لەوان موحسین دزەیی نوێنەری مەلامستەفا بوو. دوو حەوتوو لەدوایی کودتا،کودتایەکی دیکە لەناو دەزگای ڕوویدا،کە بۆ بەهۆی لەسەرکاروەلابردنی پیلانچیانی گرینگی بەعس. کابینەی نوێ بریتی لە سێ وەزیری کوردبوو،کە دوو کەس لەوان کەنوێنەری مەلامستەفا بوون لە قەبووڵی ئەم پۆستە پاشگەز بوون. سیومەی تەها محیەدین مارف،نوێنەری گروپی تاڵەبانی بوو. بڕواننەبە فاروق سلاگلت وسوگلت ئیراق لە 1958 بەم لاوە،لاپەڕەکانی 113، 116.    5-النوورە(بەغدا) 19ی نوامبەری 1968، بەنەقڵ لە غریب،لەکێشەی کورد،لاپەڕەی 75.    6-وتووێژی مەلامستەفا،28ی سپتامبەری 1976، بەنەقڵ لەغەریب، لەکێشەی کورد،لاپەڕەی 76.    7-لۆمۆند،12ئۆکتۆبەری 1968، بەنەقڵ لە کۆچرا، لەبزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەڕەی 265 ، 8-ئەم گوللەباتانە 5میلیون دۆڕی بە بنکەی چاڕوانی نەوت زەرەردا، وبەماوەی 10ڕۆژ بە ڕادەی 70 لەسەت لەتوانایی پمپاژی نەوت کەم کرد. زەرەرێکی کە لەکارتێکردنی ئەم جەرەیانە وە بەرهەم کەوت لەسەریەک خۆی 10میلیون دۆڕ دا. فاروق سلوگلت سلوگلت،ئێراق لە 1958 بەملاوە لاپەڕەکانی 129،غەریب کێشەی کورد،لاپەڕەی 77.    9-هەتا کۆتایی 1969 مەلامستەفا زێدەتر لە 100تۆپی زیدی ئاسمانی سوک،و25تۆپ پاوەندر،و زیدی تانک وەرگرتبوو،غەریب،مەسەلەی کورد،77. 10-میشل ئەفلەق،نقطاةالبدایە(بیروت،1971) لاپەڕەکانی 105-108 بەنقل لەغەریب لەمەسەلەی کورد،لاپەڕەی 81.    11-لەنەقڵی ئەم لێکدانەوەوشێکردنەوە لە ناوەرۆکی وەرگێڕاوەی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیتلاعاتی ئیراق کەلک وەرگیراوە، بە نەقڵ لە نوسینی مارتین شوورت م مک درموت بەناوی کوردەکان( لندەن،1975)

لاپەڕەی 1. 12-نامەی ڕیکەوت 28ی دەسامبەری 1976 مەلامستەفا بەغەریب، مەسەلەی کورد
لەئیراق لاپەڕەی 89. 13-نامەی ڕێکەوت 25ی نوامبەری 1976 تارق
ئازیز بەغەریب مەسەلەی کورد لەئیراق،لاپەڕەی 92. -14
تایمز،4ژوئیەی 1970. 15-واشنگتون پۆست،13 دەسامبەری
1971، بەنەقڵ لەغەریب،مەسەلەی کورد،لاپەڕەی 102،
16-ئەم خەلکە، عەشیرەیی ولەسەریەک شەماروعبید- غەریب،مەسەلەی کوردلەئیراق،لاپەڕەکانی
106، 107، 17-کۆچرا،(ئیراق بۆنی توندی نەوت) لەئافریقای
جەوان،13ی ژوئیەی 1971. 18-هاواڵدەری
ئیراق،2ی ئۆکتۆبەری 1971، بەنەقڵ لەغەریب،مەسەلەی کورد لەئیراق لاپەڕەی 108.
19-دەنگی گوند،فۆریەی 1976، بەنەقڵ لەغەریب مەسەلەی کورد لەئیراق، لاپەڕەی 140.
20-ئارون لتهام، بابەتێک کە کی سینجر لە (پایک پی یر)لەمە دەترسا (نیویورک،4ی ئۆکتۆبەری
1976 بەنەقڵ لە غەریب،مەسەلەی کورد لەئیراق،لاپەڕەی 60،
21-نامەی ڕیکەوت 13ی سپتامبەری 1976 مەلامستەفا بەغەریب، مەسەلەی کورد لەئیراق،لاپەڕەی
141. 22-ڕاپۆرتی کمیسیون(پایک پی یر) بەپەرلەمانی نوێنەران(19ی
ژانویەی 1976، بەنەقڵ لە دەنگی گوند(نیویورک) 23ی فۆریەی 1976، ئەم خاڵە لەنووسینی وانلی
بە(ناوی کوردستان لەئیراق)یش هاتووە. 23-القدیر،14-15(ئەوت 1972)بەنەقڵ لە
الثورەالعربیە،10ئۆکتوبری 1972 ، وغەریب،مەسەلەی کورد،لاپەڕەی 134. -24
غەریب،مەسەلەی کورد،لاثەڕەی 116. 25-بەنەقڵ لەغەریب،مەسەلەی
کوردلاپەڕەی 120 26-تەقەلێکردنی دووهەم لەمەلامستەفا لەنێوەڕاستی
ژوئیەی 1972. بڕواننە نوسینی کریس کۆچرا، بە ناوی(ماکیاول،بەعس، وکوردەکان) لەئافریقای
جەوان،21ی ژوئیەی 1973. 27-بەنەقڵ لەکریس
کۆچرا،بزوتنەوەی نەتەویەتی کوردەد،لاپەڕەی 286. 28-سەدام حوسین خەندەق ام
خەندەقانی(بەغدا 1977) لاپەڕەی 21،بەنەقڵ لە سلوگلت،ئیراق لە 1958 بەم لاوە،لاپەڕەی
66،سەبارەت بەداوای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبارەی حکوومەت فیدراڵی،چاولێبکەن
بەغەریب،کێشەی کورد،لاپەڕەی 148. 29-وانلی،(کوردستان لەئیراق)
لاپەڕەی 158. 30-فاروق سلوگلت وسلوگلت لەئیراق بەم لاوە،لاپەڕەی
168،هەروا بڕوانین لە کریس کۆچرا، بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەڕەکانی 295- و7.
31-لتهام،(بابەتێک کە کی سینجر لە(پایک پییر) لەوی دەترسا) لاپەڕە68، بە نەقڵ لە
غەریب،لەکێشەی کورد،لاپەڕەی 159،کۆچرا،بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد،لاپەڕەکانی 291-292-
وانلی(کوردستان لەئیراق)لاپەڕەکانی 184-185-.
32-نامەی ڕیکەوت 13ی سپتامبەری مەلامستەفا بەغەریب،لەکێشەی کورد،لاپەڕەی 159.
33-نیویورک تایمز،ئاوریل، ەنەقڵ لەغەریب،لەکێشەی کورد،لاپەڕەی 161، 34-ناکەی ڕیکەوت 19ی
ژوئیەی 1974عەبەیدوڵا بارزانی بەغەریب،لەماسەلەی کورد لاپەڕەی 155.
35-دی وید نابارو(یارمەتیکانی پزیشکی بەکوردەکان لەئیڕاق)1974-1975(ڕاپۆرتی کەسینی، بێ
ڕیکەوت،لێژنەی نارداراوی سندوقی یارمەتی بەمنداڵنی ئیراق) لاپەڕەی 33.
36-مارف سەردەمێک هاوکاری تاڵەبانی بوو، پاشان یەکێک لەکەسیتی یەکانی سەربەخۆ بوو. لە

1993هێشتا لە مقامی خۆی مابۆوە. 37-نابارو،( یارمەتیەکانی پزشکی بەکوردەکان) لاپەرەی 41

پاژی 16،

ریگا بۆ ڕەگەز برینەوە.

1975 -1988،

دووبەرەکیو لاوازی.

وەدەرکەوتنی مەلاستەفاو کورەکانی،ئیدریس و مەسعوود،لە ئۆلکەی خەبات و بەربەرەکانی بزوتنەوەی کوردی ئێراقی تووشی ئالۆزی و پشێوی کرد. حیزبی دێموکراتی-ش بەرەوالەت لە بەریەک هەلوەشابوو. یەکەمین کەس کە هەنگاوی لەم بۆشایەنا جەلال تالەبانی، دوژمنی کۆنی بارزانی بوو. جەلاڵ تالەبانی لە دوایی ڕێککەوتنامەی 1970 ئیجازەی وەرگرتبوو بۆ حیزبی دێموکرات بگەڕیتەوە،بەلام بە ناوی نوێنەری حیزب بۆ بێروت ناردرابوو، ئەمە بۆ خۆی لە مانادا جۆرە دوورخراوەیەک بە مەبەستی پێشگیری لە تێکۆشان دژی مەلامستەفا بوو. ئەو لەبێروت بۆ دێمشق ڕۆیی، و لە وێ دەولەتی سووریيە ئەوی پشت ئەستوورکرد کە بەربەرەکانی دژی بەعسی لەعنەتی بەردەوام کات.

لە 1-ی ژوئیەی 1975 تالەبانی و ژمارەیەک لە هاوکارانی داخۆیانەکیان لە دێمشق بلاوکردەوە کە پێکهاتنی بەرەیەکی نشتیمانی کوردستانی ڕادەگەیاند. یەکیەتی نشتیمانی کوردستان پەردەبەسەردا هەلکێشانێک بوو بۆ دوو گروپ: کۆمەلە، کە گروپی نهێنی مارکسیست- لێنینست بوو بە ڕێبەری نۆشیرەوان مستەفا ئەمین، وبزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان بەڕێبەری عەلی عەسکەری، کە جەنگاوەرێکی دلێروکەسێک بووکەلە 1964 بەم لاوە لەگەڵ تالەبانی ئالیکاری کردبوو، ورەسوو مامەند. ئەم داخۆیانە لە بەریەک هەلوەشان و هەلتەکانی شۆرشی بۆ(ناپسپۆری ڕێبەری عەشیرەیی و بورژوا فیوداڵ و خوازیار خۆبەدەستەودانی وی)دەگەڕاندەوەو بەلگە دەهێناوە، و دەستەبەری یەکیەتی نشتیمانی کوردستانی بە متمانەی خۆدموختاری بۆ کوردەکان و دێموکراسی بۆ ئیراق ڕادەگەیاند،و لە هێزەکانی پێشکەوتووخوازی چەپ داوای دەکردکە لە(ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتوورو خوینخۆر) بەشداری بکەن.

یەکیەتی نشتیمانی کوردستان لە 1976 عەمەلیاتی خۆی دەست پێکرد. عەلی عەسکەری کە محکووم بە مانەوەی بەزورەملی لە(ڕمادی)بوو پەیامێکی لە تالەبانی پێ گەیشت،ولەگەڵ هاو شێلگێرانی بۆ چیا تێکشان. عەسکەری و هاڤالانی لە باشوور، لەدەرەوەی برادۆست، خەباتیان دەکرد،لە حالیکدا کە نەوشیرەوان مستەفا لە ناوچەی سلیمانیە بوو.

لەم ماوەیەدا تێکۆشەرانی پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی-ش وردەوردە لەو زەبرەی روحی شۆڕش وەخۆ دەهاتنەوە. لەئەوتی 1976 ئیدریس و مەسعوود بارزانی لەگەڵ سامی (محەممەد مەحمود عەبدولڕحمان)کەلە 1970- 1974 لەکابینەی وەزیرانی ناوچەی باشووربوو،و هێندێکی دیکەش، لە ئورووپا سەردانیان کرد و(حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت)یان وەڕێخست. ئەم حیزبە پێشتر-لە مانگی مەی-یەکەمین عەمەلیاتی خۆی بەڕیوەبردبوو. حیزب کە ئیستا ئەزموونێکی تاڵی کەلە ئامریکا و ئیران هەبوو بەرنامەیەکی بەفەڕمی چەپی هەڵبژاردبوو. تێکۆشانیان لەگەڵ تەنگەژەیەک کە ئێرانیەکانی بەسەریاندا دادەسەپاندن بەتەواوی بەرتەسک بوو. ئیدریس لە ئێران بوو،سامی(کەسکرتیری گشتی حیزب بوو) لە ئۆڕوپا بوو، و مەسعوود هەتا دوایی وەفاتی باوکێشی لە 1979 بۆ ئێران نەگەڕاوە.

سیوەمین گروپ کە بۆ مەیدان هات گروپی ژێر ڕێبەری دوکتۆر مەحموود عوسمان بوو، کە سەردەمێک دەفتەری ڕیوەبەری حیزبی دێموکرات بوو، هێندێک ئەویان بە جێگری مەلامستەفا بارزانی دەزانی. دوکتۆر مەحموود عوسمان لە مانگی مارسی ا1975 لەگەڵ ئاش بەتاڵ دەژایەتی کردبوو.

کۆمیتەی سەرەتایی(حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان)ئەو لە ئەوەڵین داخۆیانی لە نزیکەی کۆتایی ساڵی 1976 لە متمانەیەک کە دەپێشدا لەسەردەسەڵاتی دەرەکی کرابوو ڕەخنەی گرتبوو-دکتۆر مەحموودعوسمان خۆی لەم قسوورە بێ تاوان نەزانی.

لە ئاکامدا پاسۆک کە حیزبێکی نامەعلووم بوو کەلە 1959 دەستی بە تێکۆشان کردوە و لە دەسامبەری 1976 سازمانەکەی بەبیچمی حیزبی (سوسیالیستی کورد) نوێ کردەوە، و بۆسەر شانۆ هات. ئەم حیزبە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بوو، بەڵام دەیەویست دەپێشدا هەرکام لە پارچە کوردستانەکان بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری هەنگاوهەڵێنن و خەبات بەکەن.

**عەلی عەسکەری**

لاوازی بنەڕەتی و چارە سەر نەکراوی مەسەلەی سیاسی خەڵک و کۆمەڵگای کوردی شتیک زێدەتر لە دوژمنی و کینەیی وێنە ناکیشێت کە ئاگری وی سەرلەنوێ لە نیوان بارزانیەکان و تاڵەبانی گریگرت. ئەمە کێشمە کێشم و دەغەز لەئاکامدا لەساڵی 1978 بە ڕووداوێکی دڵتەزین تەواو بوو.

عەلی عەسکەری دەیزانی تاڵەبانی، کە هێشتا لە دێمشق بوو، ئیکجاربارزانی دەبوغزاند. عەسکەری بۆخۆی پێشتر لەگەڵ حیزبی دێموکرات-قیادە مووەقەت پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو، و بۆ تاڵەبانی نوسی کە نەتەوەی کورد تەنیا دوژمنێکی هەیە و ئەو سەدام حوسینە،و دوژمنانی ناوەخۆی کۆمەڵگای کورد دەبێ لە بیر ببردرێنەوە. بەڵام تاڵەبانی بڕیارگربوو لە سەرئەمە کە گروپەکانی پەیوەندار بەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەناو هەڵگرێ،چونکە لەسێ شوینی جیالێکتر جەنگاوەرانی یەکیەتی نێشتمانیان لە بۆسە خستبوو وکوژبوونیان: لەژوئیەی 1974 و ژانویەی 1977 کە لەوماوەی نزیکەی 50کەس چەکدار لەکاتی ئاوابوون لە سنووری تورکیە و وارد بوون بۆ خاکی ئیراق بە سەرجەم لە ناو چووبوون، و مانگێک دوایی دیسان دەستەیەکی دیکە کوژران.

ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانەی خوێناوی سەبەب و هۆکاری زۆریان هەبوو، و ئەمە مەسەلەش کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خوازیار بە دیل گرتن نەبوو بێ هۆکار نەبوو. فەرماندەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،سامی عەبدولڕحمان، دەیزانی کە تاڵەبانی بەپێشمەرگەکانی دەستووردراوە کەلە هەرشوێنێک تووشی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بن بەسەریاندا تێ نەپەڕن و لەناویان بەرن-ئەمە بەشێک لەپروپاگەندەی یەکیەتی نیشتمانی بوو کەلە دێمشق بڵاو دەکراوە. بەڵام خولق و سروشتی سامی ئەمە نەبوو کە لە گەڵ دوژمنانی ئەوها بەنەرمی بجۆڵیتەوە،ئیدریس-ش پڕبەدڵ بێزی لەتاڵەبانی هەڵدەستا ولەم مەسەلە لایانی سامی دەگرت. سامی بە دەستی عەشایەری ناوچەکانی سنووری تورکیە،بەتایبەت گۆیانەکان و ژیرکی یەکان و سولیوانەکان (کە ژمارەیەک لەوان لە ئیراقیش بوون) لە دنەی یەکیەتی نیشتمانی ئاگاداربوو. ئەوان بەکرێگیراو بوون،حازر بوونی لەبەرامبەر پارە بەهەرکەس خەبەرکان بفرۆشن. بەڵام وادێتە بەرچاو کە سامی پەیوەندی باشتری لەگەڵ ئەوان هەبووە وخەبەری ڕاستتری وەردەگرت. سامی سێ بنکەی حیزبی لە تورکیە هەبوو: لە حەکاری،ئالودەرەو، شەڕناک. هێزەکانی ئەمنیەتی تورکیە لەوانیە بەهیوای وەڕێخستنی کیشمەکێشم لەنێوان گروپەکانی جەنگاوەری کورد ئەم بنکانەیان تاقەت دەهێنا.

تاڵەبانی لە 1977 بە شێلگێڕی عەلی عەسکەری بۆ کوردستان هات، چونکە ورەی جەنگاوەران بە هۆی لە ئارادا نەبوونی ڕێبەری حیزب هێندە بەرز نەبوو. ئەو قەرارگای خۆی لەناوخاکی ئێران، لەڕەخ سنوور، لەناوکان، هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاواوی سەردەشت دامەزراند. ئەم خاڵە جێگایەکی باش متمانەبوو کەلەویڕا دەکرا عەمەلیاتی نەوشیرەوانی لەلای ڕۆژئاوا و باکوور، و تێکۆشانەکانی عەلی عەسکەری لەلای باشوور بەڕیوەبەرەن. ئەوتاڵەبانی لەئاوریل ی 1978 عەلی عەسکەری وجێگری خۆی، خالد سعید ی بەسەرۆکایەتی 800کەس بۆ فەرمانبەریەکی گرینگ لە باشوورنارد: فەرمانبەری عەسڵی ئەم گروپە ئەمە بوو کە بەشێکی زۆر لەچەک وچۆڵ وتەقەمەنی کەلە قامیشلی بۆ گوندەکانی کوردنشینی سنووری تورکیە ناردرابوو،تەحویل وەربگرێ. تاڵەبانی بە نووسین بە عەلی عەسکەری فەرمانداکەلەسەرڕێگای خۆی بۆ ناوچەی جێ ماعموورێەت،بنکەکانی حیزبی(دێموکڕات-قیادە مووەقەت) لەناوبەرێ. بەڵام وا بەنەزەردەگات کەعەلی عەسکەری مەبەستی نەبوو بۆ ئەم دەستوورە گوێچکە هەڵخات. ئەو زورتر لەدەڤەری برادۆست لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت)پەیوەندی کارکردنیان ڕاچاندبوو. خولاسە ڕەشنوسێکی لەم دەستوورە لەڕیگای یەکێک لەحیزبەکانی کوردی تورکیە بەدەستی سامی گەیشت. سامی بەم بەڵگە موعتەبەرەی کە وەدەستی کەوتبوو هاتەسەرئەم بیروڕایە کە کردەوەیەکی توند نیشان بدات.

گروپی عەلی عەسکەری لەحاڵیکدا کە لەهەردو هەوا لە بەرهێرشی ئیران و ئیراق دابوون، ڕێگای خۆیان بۆلای باشوور خوارکردەوە ولێی بەردەوام بوون. پاشان بە دوو گروپ دابەش بوون،عەسکەری و دکتۆرخالد،هەریەک بەبەرپرسی گروپێ خۆی، بۆلای جێ ژوانی دیاریکراو هەڵکەوتوو لەناوخاکی تورکیە ڕێگای خۆیان بەردەوام کرد. عەسکەری لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت)پەیوەندی گرت،چاوارڕوانی دوژمنایەتی لێ نەبوون. بەڵام لە سەرەتایی ژوئین کاتێک لاقیان لەناوخاکی تورکیە نا،هێزەکانیان لە بۆسەی هێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت،و عەشیرەکان کەوت-ئەمانە ڕەنگە 750کەس دەبوون. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بەسەر

لێشێواوی و بەشەڕکردن،ڕێگایان بۆلای باکوور کردەوە،دەستەیەک بۆ ناوکان،گەڕانەوە، وهێندێک کە ئاقیدەیان ئەوابوو بەئەنقەست ئەوانیان بۆ تەڵە بردووە،خۆیان بەهێزەکانی ئیراق بەدەستەوەدا. پاشمەنە بەفەرماندەری عەلی عەسکەری لەدوایی تەلەفیاتێکی قورس تەسلیم بوون. هێزەکانی دکتۆرخالید سەعید-یش تووشی چارەنووسێکی ئەوها بوون. عەلی عەسکەری و خالید سەعید،بە دەستووری سامی ئیعدام کران،دنیایەک لە تاڵی و دوژمنایەتی نێوان گروپەکان لە پاشخۆیاندا بەمیرات بەجێهێشت.

تاڵەبانی بی خەبەر لە چارەنووسێک کە عەلی عەسکەری تووشی بووە قاقەزێکی پەردە لەسەرهەڵدانەوەی بۆ دەفتەری دێمشق نارد: (ئێراق و ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت،هەموو بەتێکڕایی دوژمن و نەیاری ئێمەنە.)ئەو دەو نامەیەدا لە قسوورێک کە عەسکەری لە سەرکوتکردنی قیادە مووەقەت،لە ئەوەڵین فەرسەت ڕەخنەی دەگرت. ئەم قاقەزە بەپێچەوانەی بیچمی زاهیری کە یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی بەخۆیەوە دەگرت و بەڕەخنەی توند لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت،بە بۆنەی پەیوەندی لەگەڵ ئیران بەعەمەلی دەهێنا،لە پەیوەندی خودی وی لەگەڵ ساواک پەردەی لادەدا. مەسخەرە ئەمەبوو کەلە حاڵێکدا ساواک ئیلاقەمەند بەمە بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادەمووەقەت، و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ویکڕا هاوکاری بکەن هەتا بەم شێوازە لە سەر عەمەلیاتەکانی دژی ئیراق زێدەبکات،تاڵەبانی دەیگوت: تەنیا کاتێک حازر بەهاوکاری لەگەڵ ساواکە، کە ساواک پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان-قیادەمووەقەت بپسێنێت.

بەم وەزعە سەدەمەو زەرەری زۆرتر دووری لێنەدەکرا:هۆکاری پۆنگژاویی وناراحەتی هەرمەسەلەی عەلی عەسکەری بوو، کە سیبەری شک وگۆمانی لەسەرقەزاوەت و داوەری و لێکدانەوەی تاڵەبانی دەکرد. بەڵام دوایی ڕەسوڵ مەمەند هەستی پێدەکرد کەتاڵەبانی زۆرتر سەرنجی ئاوڕدانەوەی لە لای دۆستانی خۆشەویستیتی،دەداتەوە. لە بەرئەمە لە شەوی نەورۆزی 1979 چەکدارەکانی خۆی یانی(پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان) کە زوربەی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی یان پێکدێنا،لەمەقەڕی تاڵەبانی وەدەرخستن و لەگەڵ مەحموودعوسمان (حیزبی دێموکڕاتیکی کورد-حیزبی کموونیست) یەکگرتوو بوو. بنکەی ئەم دەستەیەش لە نزیک ناوکان بوو. ئەم ژمارەیە لە مانگی ئەوت بەفەڕمی پێکهێنانی حیزبێکی نوێیان بەناوی(حیزبی سوسیالیستی کوردستان) ڕاگەیاند.

ئیستا لە ئیران ئینقلابی ئیسلامی ڕوویدابوو. یەکیەتی نیشتمانی بە ئیدۆلۆژی چەپ و ئاقیدە بەجیایی دین لە سیاسەتێکی کە هەیبوو، نەیدەتوانی لەم هەلکەوت و دۆخ و مەوقعێیەتە کەلک وەربگرێ. ئایەتووڵلایەکان وەکوومحەمەد ڕەزاشا،لەگەڵ بارزانیەکان هەستیان بە متمانەو ئاسوودەیی زۆرتر دەکرد.

## خۆ بەخۆیی یەکان

بەڵام حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت،هێشتا تەنگەژی خۆی هەبوو،لە نۆهەمین کۆنگرەی کەلە نوامبەری 1979 لە ئێران بەڕێوەچوو، دیسان ناوی(حیزبی دێموکڕاتی کوردستان)ی لە خۆی نا، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران بەڕیبەری سامی عەبدولڕحمان،کە لە پێکهێنانی نەریتی دەزگای ڕێبەری بارزانی و لایانگرانی، وهەروا لە پەیوەندی ئیدریس لەگەڵ ڕژیمی خومەینی و ڕوو بەڕوو بوونی وی لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، کە خوازیاری خودموختاری بوو،ناڕازی بوون،وردە وردە خۆیان لە وی دوور کردەوە. لە ئاکامی ئەم پەیوەندیانە حیزبی دێمووکڕاتی بارزانی هەنۆکە کە بەجێگری لەلایان ئێران، خەریکی تێکشکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران بوو. جگە لەوەش ئیدریس بەرپرسی(پاراستن) بووکە دەزگای پۆلیسی نهێنی حیزب بوو، و هەموو ئەندامانی یەک لەوان سامی و هاوکارانی دەفتەری سیاسی وی لە ژێر چاوەدێری دابوو،و سامی دەیزانی کە ئەگەرلە حیزبی دێموکڕاتی بارزانی بمێنێتەوە دەبێ نۆکەرو ئاڵقە بەگۆش و دەست بەفەرمانی بارزانیەکان بێت. ئەو و هاوکارانی ناڕازی وی، بە فورسەت لە حیزب دەرچوون و لە 1981(حیزبی دێموکڕاتی خەلکی کوردستانیان) پێک هێنا.

بەم ڕیوو شوێنە لە سپتامبەری 1980 کاتێک ئێراق هێرشی بۆسەرئێران کرد،دوژمنانی ڕژیمی ئێڕاق دەبوایە لاینگرو هاوپەیمانانی خۆیان لەنیوان گروپەکانی جۆراوجۆری کورد هەڵبژاردبوایە. لە نێوەڕاستی نوامبەر،گروپەکانی جۆراوجۆر کە بنکەکانیان لە دێمشق بوو پێکهێنانی(بەرەی دێموکڕاتیکی نشتیمانی ئیڕاق)یان کە ئامانجی ڕووخانی ڕژیمی بەعس بوو ڕاگەیاند. ئیمزاکەرانی بەرجەستەی ئەم داخۆیانە بریتی بوون لە: یەکیەتی نشتیمانی کوردستان،حیزبی کوونیستی ئێڕاق،حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەعسی لایانگری سورییە. یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان خۆشحاڵ بوو کە ڕیبەری بەریەکی وەسوکر گرتووەکە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیڕاقی تێدا نییە.(مەنزوور پارتییە)

لەبەرئەمە لێرە دەتوانین لە ڕادەی تووڕەبوون و پۆنگژاوی تاڵەبانی حاڵی بین چاخێک لە 28ی نوامبەر گوێبیس بوو کە بەشێکی بەهێزتر و ڕەقیبی حیزبی کوونیست، و هەر وا بەشێکی گرینگی حیزبی سوسیالیستی کوردستان (بەڕیبەری ڕەسو مامەند) و پاسۆک لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق جەبهەیەکی بەناوی(جەبهەی دێموکڕاتێک نیشیمانی)پێکیان هێناوە کە بەئاشکرا بەدژایەتی لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو. تاڵەبانی بەتوندی حیزبی کوونیستی مەحکووم کرد،بەڵام بۆ پێشگیری لە جیابوونەوەو هەڵتەکانی بەرەی خۆی،نەیدەتوانێ کارێکی بکات. لەحیزبی کوونیست و حیزبی سوسیالیستی کوردستان نێوان ئەو دەستەکە لەدێمشق بوون ئەوانەی کە هێشتا لەکوردستان بوون،بەربەرەکانیەکی توند بوو. گروپی کوونیستی مەیلەو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بارزانی،یەکگرتووانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،یانی بەعسی لایانگروجامینخوازی سوورییەو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئیرانیان لە هەلایسانی کێشمەکێشمەکان بە تاوانبار

دەزانین، و سەرنج یان بۆ ئەمە ڕانەدەکیشرا کەحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق چ بەڕیبەری مەلامستەفا و چ بە ڕیبەری کورەکەی ئیدریس لە بەرامبەر (متمانەی داکۆکی ئێران)لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی ئیران بەشەڕ هاتبوون وشەڕیان دەکرد. ئەم کردەوەی حیزبی دێموکڕاتی بارزانی سەبەبی دڵ ئێشی گەلێک لەکوردەکان بوو کە هەستیان پێدەکرد ئەسلی بناخەی بەربەرەکانی و خەبات نەتەوەی کورد ئەمەیە، کە پێکدر خەیانەت نەکەن.

لەلایەکی دیکە، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە تێدەکۆشی زەبر لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بارزانی بدا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی یارمەتی دەکرد،هەتا ئەوی لە بەرگری لە مەهاباد، لە بەرامبەر هێزەکانی ئیرانی ئالیکاری کرد. بەمجۆرە،لە حاڵێکدا کە سوورییە و ئێران لە شەڕی ئیران و ئیڕاق یەکگرتووی ڕانەگەیاندراوی یەکدی بوون سێبەرنشینەکانیان-یانی: یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، و حیزبی دێمووکراتی بارزانی-هەروا دوژمنی خوێنی یەکتر بوون.

بە سەرنجدان بە خەباتێک کە دەبوایە دژی سەدامی بەردەوام دەبوو ئەم کێشمە کێشمانە جۆرە سەرگەرمی یەکیان دەنواند. لە ماوەی ساڵی 1980یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە بە پارەی سوورییە ولیبی-و پاشان ئێران-خۆی پۆشتە و نوێکردەوە، ئەم هێزە تازەیەی لە شەڕی دژی حیزبی دێموکڕاتی بارزانی(پارتی) لەکارکرد. و حەولی دەدا دەسەلاتداری خۆی لە سەر دەڤەرەکانی سۆرانی زوان، سوقامگیربکات و ئەم پانەگۆڕایە بەرفرەوان بکات،لە حاڵێکدا حیزبی دێموکڕاتی بارزانی ئەم سیاسەتەی لە ناوچەی کرمانجی زبان یانی:بادینان دەکرد. هەر وەک جێگەی پێشبینی یە،ئەم دوو بەرەکی و کێشمە کێشمە کارتێکەری شەڕەکانی چریکی دژی ڕژیم هەتا بەڕادەیەکی سفر هێناخواروکەم کردەوە.

لە حاڵێکدا کە ئەم دوو حیزبە داوایان دەکرد کە لە ماوەی دوو ساڵ شەڕی ئیران و ئێڕاق گەلێک سەرکەوتنیان دژی هێزەکانی دەوڵەتی وەدەست هێناوە، سەدام حوسین بە تەکبرو مەغروری دەیگوت:(سازمانی کوردەکان ناتوانن چ زەبرێک بوەشێنن چونکە لە ناوەخۆیاندا تەفرەقەیان تێکەوتووە و نۆکەرو خۆفروشی دەوڵەتانی بیانین) ئەو هەتا ڕایگەیاند کە لە حزووری نیزامی دەوڵەت لەکوردستان کەم دەکاتەوە،و ناوچەکە بەهێزەکانی کورد لایانگرانی دەوڵەت،یانی (جاشەکان) دەسپێرێ،کە ژمارەیان بەردەوام لە زێدە بوون دا بوو.

سەدام مافی خۆی بوو کە ئەمجۆرە لە گچکەکردنەوەی دژکارانی کوردی خۆی ناوبێنێت. لە نێوەڕاستی هاوینی 1982 دوو حیزبی ڕەقیبی یەکتر،لەسەرئەم خەڵە کۆک بوون کە بە گروپی پێشمەرگەکانی یەکدی ئیجازە بدەن کە بەئازادی لە ناوچەکانی کوردستان هات وچۆ بکەن، بەڵام نەیانتوانی تێکۆشانی خۆیان هاوهەنگاوکەن. ئەم بڕیارە دژکردەوەیەکی سەیربوو کەلە بەرامبەر بەغدا نیشانیان دەدا. لە فۆریەی 1983 سوورییەو لیبی نۆزدە گروپی دژکاری ئیراقیان ئیقناع کردن بەمە کە دژی بەغدا یەکگرتووبن،بەڵام تەمەنی ئەم دەستەبەرییەی، کە گروپەکانی بە یەکیەتی ئەسپاردبوو،بە گەڕانەوەیان لە تڕابلۆس بۆ ئولکەی عەمەلیات کۆتایی پێهات.

گروپەکانی شێعە،ناسیونالیستەکانی کورد و عارەبی نامەزەبی و ناسیونالیستەکانی ئیڕاق،جگە لە بێزاریەک کەلە سەدام حوسین و لە بازیک بابەت بێزاری لە یەکتر ڕیگای هاوبەشی هێندە لەگەڵ

یەک نە بوو. بەپێچەوانەی قسەوباسی بە تەنتەنە کە سەبارەت بە(دانی خودموختاری واقعی بۆکوردستان)کرابوو،جگە لە خودی کوردەکان تەنیا کموونیستەکان بوون کە مافی کوردەکانیان لە مەڕ خودموختاری بەڕاستی وەردەگرت.

خولاسە،هەڵچوونی نێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و دژکاران وی،هەروا لەو پەڕی توندوتیژی خۆی دابوو. لە مانگی ئاوریل حیزبی کموونیست و حیزبی دێمووکراتی بارزانی و حیزبی سوسیالیستی کوردستان بۆ سەرسەنگەرەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە پارێزگای هەولێر،هیرش کرد.مانگی دوایی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەستی لە زنجیرەیەک هجووم بەرامبەرو نەکاو دا، و تەلەفیاتێکی قورسی لەکموونیستەکان دا: 50کەسی لێ کوشتن و 70کەسی لێ بەدیل گرتن. لە بازیک کۆرو کۆمەڵ ئاقیدە وابوو کە یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ بەغدا، وهەتا لەگەڵ ئانکارا کاکەو برالەی هەیە.

**هەڕەشەیی دەرەکی**

و هەنۆکە بوو کە کوردەکان (وەبیرهێنانەوەیەکی) توندیان وەرگرت،بەم ناوەڕۆکە: کە بە تەواوی داکۆکیەک کە بۆ تێشکانی بەغدا پێیاندەکرێ، هاودەنگی دەسەلاتدارانی ناوچە لەسەرئەم خاڵەکۆکە کە لە پەرەئەستاندنی وان پێشگیری بکەن: لەکۆتایی مانگی مەی،تورکیە عەمەلیاتێکی بەربەرینی کە بەڕەواڵەت مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ کوردەکانی شۆڕشی خۆی-پەکەکە-لەم لای سنوور دەست پیکرد: هێزەکانی تورکیە بەپێی ڕێککەتنامەیەک کەلە 1978 لەگەڵ ئێراقی کرابوو، بە موافیقەتی ئیراق کەوشەنیان پەڕاند واردی خاکی ئیراق بوون. تورکیە لەم عەمەلیاتەدا لە هێزەکانی هەردو ئاسمان کەلک وەرگرت،1500 دیلی گرت،کە زوربەیان بەوێچوونی زۆر نەک پەکەکە-بەڵکوخەڵکی ئاسایی ناوچە بوون. هێزەکانی تورک زەبرێکی توندیان لەدوژمنانی بەغدا وەشاند: بنکەکانی حیزبی دێموکراتی بارزانی و حیزبی کموونیستیان تێک وپیک دان،ونزیکەی 300پێشمەرگەیان گوشت. لەمانگی ئەوت تورکیە دیسان دەستدرێژی کرد،بەڵام بەهۆی ڕوو بەڕوو بوونێکی توند لەگەڵ حیزبی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەپاشداگەڕاوە.

لە پاشان ئێران لە دوای ئەمە کە هێزەکانی ئیراقی پاشەکشە پێکرد هەنگاوی بۆ هێرشی بەرتەقا هەڵێنا. هەرچەند ڕووگەی گەورەی ڕووتێکردنی ئیران شێعەکانی باکووری ئیراق بوو،بەڵام دیسان هاتە سەرئەم بڕیارە کە شەڕگەیەکی دیکەش لەکوردستان بکاتەوە. لە مانگی ژوئیەی شاری سنووری حاجی ئۆمەرانی بەهاوکاری پارتی دێموکرات دەست بەسەرداگرت. هەرچەند دەڤەر لە ژێر دەسەڵاتی کارتێکەری حیزبی دێموکراتی کوردستان(پارتی) بوو لەگەڵ ئەم هەمووە ئیران بەناوی (ژێستێکی ئیدولۆژیک)وای بەباش زانی کە بەرپرسایەتی ئەن شارە، بە حیزبی شیعەی (الدعوە)بسپێرێت. لە بەشی باکووریتر،ئەو بەرزایانەی کە دەیانڕوانیە قەڵادزێ،وپاشان لە ئۆکتۆبر پێنجوینی داگیرکرد.

بەڵام هۆکاری ئێران لەم جەرەیانەدا ناڕوون بوو: لەلایەک ئامانجی ئەم عەمەلیاتە بەغداو لەلایەکی دیکە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو دەستە لەکوردەکانی

ئێراقی،بەتایبەت یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو کەلەم حیزبەیان داکۆکی دەکرد. بەمجۆرە ئەم هەنگاوەی ئێران،هۆکاری ترس و خۆفی بەغدا بوو. کە دەترسا نەتوانێ پێشی دەستدرێژی هاوبەشی ئێران و کوردەکان بگرێ. لەلایەکی دیکە ئەم دەست درێژیە هەڕەشەیەک بۆ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو،کە هیچ کات بێزاری خۆی لە کۆماری ئیسلامی ئێران نەشاردبۆوە.

کارتێکردنی بێ پسانەوەی پێشڕەوی هێزەکانی ئێران ئەمە بوو کەبنکەی یەکیەتی نشتیمانی کوردستان لە لێواری سنووری دەرپەڕاند و لەهێزەکانی ئێراقی نزیک کرد. بە داگیرکردنی (چوارتا)و (پێنجوین) لەلایان هێزەکانی ئێران، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ئێستا خۆی لە مەترسێک دەبینی کە لە نێوان دوو بەرداشی بەغداو تاران وردو خەراش بێت. لە 1976 بەم لاوە، جگە لە تەلەفیاتێک کە لە شەڕ لەگەڵ حیزبەکانی ڕەقیبی کوردو هێرش بۆسەر مۆڵگەکانی دەوڵەتی وێیکەوتبوو،1400کەس لە ئەندامانی وی بەدەستی هێزەکانی بەغدا بەدیل گیرابوون و یان ئێعدام کرابوون،ئیکجار ئاتاجی بە مۆڵەتێک بۆ تازەکردنەوەی پشوو بوو.

**وتووێژی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ بەغدا**

سەدام حوسین مەترسی پەیدا بووی لە هاوکاری ئێران و کوردەکانی پێش بینی کردبوو. هەتا بەر لە دەستدرێژی ئێران مەجبوور بوو بۆ بەهێزکردنی جاشەکانی ناوچەیی 50000کەس لەکوردستان سەقامگیربکات. لە سەرەتای ساڵی 1983 بە هەڵاتنی 48000کورد کە زوربەی ئەوان بەرەوچیا هەڵکشا بوون دەمی پێداهێنابوو. بەمجۆرە مەترسی کوردان هەنوکە بەمەترسێکی گەورە گۆڕابوو.

یەکەمین ئەرکی سەدام ئێستا دڵدانەوو لاواندنەوە لەخەڵکی کورد بوو. پێشتر بەکوردەکانی ئیجازە دابوو لە جیاتی خزمەت لە شەڕگەی مەترسیداری باکوور،خزمەتی سەربازی خۆیان لە کوردستان ئەنجام بدەن. و بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی هەڵاتوان لە خزمەت، بۆ ئەوانەی هەڵاتبوونی عافووی دەرکردبوو و بە دوورخراوانی کوردی ئیجازە دابوو لە باکوور بۆ ماڵەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. هەنوکە بۆ زێدەکردنی خۆشەویستی خۆی بە تەدارەکاتی دەنگدانی شووڕاکانی قانوون دانان(لەمانگی ئەوت) سەرقاڵ بوو.

سەدام دەیەویست بەهەر شێوەو شێوازێک بێت لەنێوان ئێران و سۆڕشگێرانی کورد تەفرەقە جیایی باوێت: ئەو کە مەترسی پێش بینی کردبوو لە هاوینی 1983 کە لالینگەی تەرازووی شەڕ بەقازانجی ئێران قورس ببوو دەست و پێیەکانی بۆ وەرگرتنی پەیوەندی جیاواز لەگەڵ برایانی بارزانی و ڕیبەرانی دیکەی حیزبەکان دەست بەکارکردبوو. ئەو بەتایبەت لە دەستدرێژی لەدرێژایی ڕێگای شۆسەی هاملتین،لەحاجی ئۆمەران بۆ ڕەواندز بۆلای شەقڵاوە،خۆفی دەکرد. ئەگەر شەقڵاوە لەدەست دەرچووبایە، هەولێرو دەشتی هەولێر،ئیدی ئەمین نەدەبوون.

وتوویژ لە گەڵ بارزانیەکان ئاکامەکی لێنەکەوتەوە،چونکە ئەوان حەزیان لە هەنگاونانێک نەبوو کەپارتی دێموکڕاتی کوردستان بۆ وەڕاستگەڕانی نییەت خاوێنی خوازیاری ئەنجامی بوو. سەدام ڕەنگە بەم ئاکامی گەیبوو کەپارتی دێموکراتی کوردستان ئەوەندە ئالودەی تاران بووە کەئیدی

لەئازادی بۆ وتووێژ بەرهەم وەرگرنییە. یارمەتی پارتی دێموکراتی کوردستان بەئێران لە دەست بەسەرداگرتنی حاجی ئۆمەران،بەقەولی یەکێک لە دیپلوماتەکانی دەرەکی خەنجەرێک بوو کە لەپشتەوەرا لە سەدام درابوو،و سەدام هیچ کات ئەم زەبرەی لە بیرنەدەکرد. سەدام تۆڵەی ئەم کارەی لە عەشیرەی بارزانی کردەوە: ئەم خەڵکەی سەرەتا لە 1975 لە گەڵی بارزان بۆ باکووردورخرا بوون،و پاشان لە 1980 لە کۆمەڵگای(قوش تەپە)هەڵکەوتوو لەباکوور نشتەجێ ببوون. لەکازیوەی بەیانی ڕۆژێک سەربازان بەچواردیوارەکە وەربوون،سەرجەمی نێرینەی زورترلە13سالەیان گرت.

دایکێک دەیگوت: کۆڕی بچکۆڵەم کە منالێکی کەم جوستەو نەساخ بووگرتیان...لە بەریان پاڕامەوە،گوتم:(سێ کوڕی دیکەمیان گرتوون وبردون،لەڕیی خودایدا ئەمەی بۆمن بهێڵنەوە.)گوتیان: (وشەیەکی دیکەت لەدەم بێتەدەر دەتکوژین-هەرئەمە)پاشان بەقۆنداخی تفەنگ لەسینگیان کوتام... کوڕەکەمیان برد. ساڵی پێنجەمی سەرەتایی بوو.

8000بارزانی یەک لەوان عەبەیدوڵڵا کوڕی مەلامستەفا-یان-کەجاش بوو و لە بەعسی پشتیوانی کردبوو لە کۆمەڵگای(قۆش تەپە)و بۆ پێکەکانی دیکە گوێستنەوە. ئەم ژمارەمرۆڤانەیان بەرلە ئیعدام کردن بە شەقامەکانی بەغدا داگێڕا.بە وتەی سەدام(بۆ جەهەنەم ڕویشتن)ئەمە پێشەنگی کوشتارێکی بەکۆمەڵ وگەورەی دیکە بوو کە بەڕێوە بوو.

لەم نێوەدا قاسملوو،ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران،کە خەباتەکەی پەیوەندار بە داکۆکی ئێراق بوو،تاڵەبانی بۆ چاکتریەک کەلە  ڕیککەوتن لەگەڵ بەغدا بەدەستی دەهێنا، ئیقناع کرد بوو. شوین تێکەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچە،ئێستا زۆر زێدەتر لە شوێن تێکەری پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەگەر توانیبوایە مامەلەیەکی سەرکەوتوانەی لەگەڵ ئێڕاق بە ئاکام گەیاندبوایە،لەو حاڵەدا تاڵەبانی بە نوێنەری بێ ئیعتڕازی خەڵک دەگۆڕا. لەبەرئەمە، بۆ متمانەو قایم ڕاگرتنی شیاوتری خۆی لە کوردستان، سەرەتا بۆ حیزبی کموونیست و پاشان لە مەنگی مەی بۆ حیزبی سوسیالیستی کوردستانی هێرش کرد، و گروپەکانی جاشی تڕاوبڕاکرد، و بەمجۆرە توانایی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی بە سەدام نیشاندا.

لە دەسامبەر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و سەدام ئاگربڕیان ڕاگەیاند،هەتا ئیمکانی وتووێژ بۆ وەدیهێنانی (دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی)بە بەشداری حیزبەکانی کموونیست و سوسیالیستی کوردستان، وهەروا گرێدانی موافیقەتنامەیەک بۆ پەرەپێدانی خودموختاری لە سەر بناخەی دەنگدانی واقیعەن ئازاد وپێکهێنانی ئەڕتەشێکی 40000کەسی کورد بۆ بەرگری لە کوردستان لەبەرامبەر هێرشی دوژمنانی دەرەکی(ئێران) و تەرخانکردنی 30لە سەت لە بووجەی وڵات بۆ بەرفرەوانی و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردنشین، پێک بهێنرێ.

ڕاگەیاندنی ئاگربڕهۆکاری تووڕەیی وخەراپ باسکردنی توندی یەکگرتووانی پێشووی یەکیەتی نیشتمانی، بەتایبەت حیزبی دێموکڕاتی کموونیست بوو کە نە هێرشی مانگی مەی یەکیەتی

نێشتمانی لە بیر برد بوو، و نە مەبەستی لکان بە (دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوایەتی) هەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە لەسێرەی چاوی یەکیەتی نێشتمانی ئاگرپرچاکترین شت بوو، یانی:هەلێکی ڕەخساوی بۆ پشوو تازەکردنەوە، وەدەست دەهێنا، کەدەکرا لەوێدا بۆ نوێکردنەوەی سازمان، و وەرگرتنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی ئیراقی بۆ بەرگری لەناوچەی سۆرانی زوان لە بەرامبەر هێرشی ئێران، و هەتا بەشکەم ئەنجامدانی سەروسامانێک لە قانوونی خودموختاری ساڵی 1974 کەلک وەرگرێت. ئەگەر یەکیەتی نێشتمانی کوردستان توانیبوایە دەستی بەم ئامانجە ڕابگات، دەیتوانی بارزانی لەکەسایەتی خۆی، وەکوو قارەمانی دیفاع کەری ناسیونالیسم-ی کورد، لە مەیدان ڕاوبنێت. لەگەڵ ئەم هەمووە رێگایەکی کەگرتبووبەر ئیکجار مەترسی دارو قسەلەسەرکەروهەوێرێک بوو زۆری ئاودەویست. هەر بەمجۆرە کەپارتی دێموکراتی کوردستان بەهۆی داکۆکی ئێران،دژی حیزبی دێموکراتی ئێران،لایانگران و پشتیوانی خۆی لەدەست دابوو ئێستا یەکیەتی نێشتمانی کوردستانیش لایانگرو جامینخوازانی خۆی لە دەست دا. ڕەنگە نزیکەی 3000کەس لە پێشمەرگەکانی ڕیزی وی یان بەجێهێشت وبە پارتی دێموکراتی کوردستان لکان.

ویست و داخوازیەکانی گرینگی یەکیەتی نێشتمانی بریتی بوون لە:1-پەرەپێدانی ناوچەی خودموختار کە بەشەکانی کورکووک و خانەقین و جەبل و سنجارو مەندەلی دەبەردەگرێ. 2-راگرتنی بەعەرەبی کردنی دەڤەرەکانی کێشە لەسەربوو، گەڕانەوەی بێ لەمپەر وڕێگری ئەو کوردانەی کەلەم ناوچانە گویزرابوونەوە. 3-هەڵوێزانی (پشتێندی ئاسایشی)لە درێژایی سنوورەکانی ئێران و تورکیە، وتەرخانکردنی 30 لەسەت لە بەرهەمی نەوت بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.4-ئازادی زێندانیانی سیاسی. -5-هەڵوەشانەوەی نزیکەی 20000جاش. ئەم داخوازیانە تەنیا بە بوونی ئەم سازمانەی(دەوڵەتخواز) نەبوو. جاشەکانیش لەمانادا بەشێک کۆمەڵگای سەرۆکانی و کەسینی دەسەڵاداری ناوچەبوون-بوونی دەست وپەیوەندەکانی چەکداری ناوچەیی بە وانی دەسەڵاتی سیاسی دەدا، و تاڵەبانی نەیدەویست لە دەوڵەتی خودموختار بە کەسینی دەئەوها ئیختیداری سیاسی بدات. ئەم بەڵگەیە بەپێچەوانەی دوو گروپی لایانگری بەعس،یانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هاشم ئەقراوی و حیزبی( ئینقلابی کورد )ی عەبدولستار تاهیر شەریف،لاقیان دەقرساند.

سەدام دەیگنخاند. چونکە هێندێک جەرەیان هەبوو کە سەبارەت بەئەوان چ ڕیککەوتێنێک لەئارادا نەبوو. یەکێک لەم مەسەلانە چارەنووسی دەڤەرەکانی کێشە لەسەربوو یانی: بەتایبەت کەرکووک بوو. ئەگەر سەدام لە کەرکووکی چاوپۆشی کردبوایە لەو بارودۆخدا تاڵەبانی لە ڕاسیدا پێشەبڕەی لە مەلامستەفا دەبڕیەوە، و ئەوی لە نموودو کەسیتی دەخست. بەم هۆیەوە چەتوون بوو کە سەدام لە دڵی وڵات کە کەرکووک بوو دەست هەڵگرێ. بەپیی ڕاپۆرتەکان، سەدام بەتاڵەبانی گوت( ئەتوو لەمەڕ کوردبوونی خاکی کەرکووک لاق دامەگرە، ئێمەش لەسەرکورد نەبوونی پێداناگرین)هەڵبەتە حازر بە حیساب هێنانی جەبل و سنجارو مەندەلی و خانەقین-یش لە بەشی خودموختاردا نەبوو، چونکە بەجۆرێکی مەترسیدار لە سنوورەکانی سووریەو ئێران نزیک بوون. لەم داخوازیانەی تاڵەبانی سەدام تەنیا بە هاوپێچ کردنی عەقرەو کفری بەناوچەی خودموختار ڕەزامەندی نیشان دا. سەبارەت بەهەڵوەشانەوەی گروپەکانی کوردی لایانگری دەوڵەت هێندە حەزی خوی نیشان نەدا: نە حازریش بەچەک داماڵین لە جاشەکان و نە ئامادەی هەڵوەشانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی جامینخوازی دەوڵەت بوو.

لەمپەر و ڕێگری گەورەی دیکەش هەبوو کە گرینگتر لەچارەنووسی کەرکووک یان مەسەلەی لایانگران و یەکگرتووانی بەعس بوو، ئەو (بەڕیوەبردنی) مەسەلەی دیموکرتیک لە سەرانسەری ئێراق بوو، کەبە بۆچوون و ئاقیدەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی مەرجی بنەڕەتی بوو. هیچ جۆرە وێچوونێک وا فکری بۆ نەدەچوو کە سەدام شتێکی ئەوها قەبووڵ بکات. چونکە لە هەر شێوە دەنگدانێکی ئازاد، شێوازی بەرێوەبردنی شەڕ لە لای سەدام،ئەوی لە قودرەت و دەسەڵات دێناخوار. جگە لەمە، فکروهزری دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئیدیکە لە سروشتی زاتی ویدا بێگانە بوو.

ئێستا ئیدی هاوکاری و ئالیکاری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ئەو ڕادە کە لەپێشوو دا هەبوو،گرینگ نەبوو.لەدەسامبەری 1983 ناردراوەی تایبەتی ئامریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەدام ملاقاتی کردبوو و بە وی گوتبوو: کە شکستی ئێراق لەشەڕ،دژی قازانجی دەڵەتەکەی لەناوچە دەبێت. لەمانگەکانی سەرەتای ساڵی 1984 ئەم بیروبۆچوونە لە متمانەی یارمەتیەکانی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و وڵاتەکانی پێشەسازی، بەتایبەت یەکیەتی سۆفیەتی شووڕەوی و فەڕانسە خۆی نواند،کەلە دواڕۆژو کارتێکەری سەرکەوتنی ئێران لەسەر ئارامی ناوچە مەترسی هێنەربوون. سەدام بەوەرگرتنی ئەم متمانەیە کە ڕێگری لە تێشکانی وی دەکەن،ئیدی ئاتاجی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکان نەبوو. لەمانگی مارس بەدوای ئیعدام کردنی بیست سەربازی هەلاتوو لە سولیمانیە کەنیوەی لەوان لە ئەندامانی یەکیەتی نیشتمانی بوون، وهەرواتەقەکردن لە خوێنکارانی ڕەخنەگر لە هەولێر (ئەربیل)وتووێژ قەتیا. لەساڵی 1975 بەم لاوە 1400 کەس لەئەندامانی یەکیەتی نیشتمانی ئێعدام ببوون. پاشان براو دوو برازای تاڵەبانی جاش کوشتیان. (وچانێک) بەدوای ئەم جەرەیانە هاتەپێش.

لایانەکان حەزیان لە دەست پێکردنەوەی شەڕ نەبوو. لە مانگی ئۆکتۆبر بە بیروڕای یەکیەتی نێشتمانی ئەوها دەگەیی کە ڕێککەوتن نزیکە. بەڵام هەرلەومانگی دا وەزیری دەرەوەی تورکیە لە بەغدا سەردانی کرد، و ئەمجۆرەی کە یەکیەتی نێشتمانی ئاگاداربوو، بەغدای وشیارکردەوە کە هەرجۆرە ڕیککەوتنێک لە گەڵ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان دەبێتە هۆکاری گرێدانی تەنیا لوولەی گوێزتنەوەی نەوت،کە بە تورکیەدا تێدەپەڕێ. خولاسە،ئاگربڕ بێ ئاکام ماوە،یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە ژانویەی 1985 بۆ ئولکەی شەڕ گەڕاوە. ئاگربڕ بۆ بە غدا بەقازانج تەوابووـلەوماوەی کە بەردەوام بوو بەغدا توانی چوارلەشکر لەشەش لەشکری هەبووی لەکوردستان بۆ شەڕگەی باکووڕ بگوێزێتەوە.

یەکیەتی نێشتمانی کوردستان ئێستا لەگەڵ هەل و مەرج زۆر ناهەموار ڕوو بەروو بوون: هەتا ئەو جێگایە بە وتووێژ لەگەڵ ئێراق داکۆکی سوورییەو لیبی لە دەست دابوو. ڕووبەڕوو بوونی لە گەڵ گروپەکانی ڕەقیب لە سەرقولایی خەیانەتی(لەچاوی هەسەنگان)بە خەبات دژی سەدام زێدە ببوو. ئەو کە ئێستا ئیکچەلی لاتەریک مابۆوە خەریکی نزیکی کردن لە ئێران، و لە ئاکام لە حیزبی دێموکراتی کوردستان گران هات. ئەندامانی بەرەی دێموکراتێکی نیشتیمانی(بەرەی دژکار بەڕیبەری پارتی دێموکراتی کوردستان)حەزی لە قەبووڵکردنی گروپێکی ئەوها نامتمانە پێکراو نەدەکرد.

پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە حاڵێکدا کە هەروا لە یەک وەباکەوتبوون و یەکتریان ئیدانەو مەحکووم دەکرد تێگەیبوون  کە ئیدی تاقەتی شەڕو پێکدان وکێشمەکیشم ی ئەوهایان  لە ناو خۆ دا نییە. لە ڕاستیدا لەکۆتایی ساڵی 1983 ئەوکات کە تاڵەبانی لەگەڵ بەغدا لە وتووێژ دابوو،هێندێک لە ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵی بەڕیوانیان گێڕا بوو،بەم هیوایە کە لەوانەیە ئاشتی و سازیشێک لەنیوان ئەم دوو گروپەی گرینگی کورد پێکبێنن. وتووێژی ئەم تێکۆشانانە ئاکامی داوە،کە لەبن پەردەی ڕەخنەی دە ڕەواڵەتی، لە 1986 داخۆیانێک لەلایان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی وحیزبی سوسیالیستی کوردستان و حیزبی کموونیستی لێ کەوتەوە کەخوازیاری بەرەیەک لە خەبات دژی ڕژێم بوو.

تاڵەبانی لەعەینی حاڵدا لەگەڵ ئەکبەر ڕەفسنجانی، بەرپرسی پاڕلەمانی ئێران ـیش ئاشتی کرد،و قەولی دا کە یارمەتی بەحیزبی دێموکراتی ئێران بپسێنێت. لەساڵی 1986 یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەکوو پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئیراق لە جەبهەی باکوور، لە ئێران یارمەتی ماڵی و چەک و چۆڵ و تەقەمەنیان وەردەگرت. بەم مەبەستە کە هێزەکانی ئێراق لە جەبهەی باکوور دوور بکەن و سەرنجی ئێڕاق بۆ کوردستان ڕەکێش کەن، هەتا ئێران بتوانێ خەتی بەرگری جەبهەی بەسرە کەلین تێبخات و شەڕ، بەسەرکەوتوویی بە ڕەو کۆتایی ببات.

لەکوردستان ئاکامی ئەم مەسەلە پەرەپێدانی عەمەلیاتی هێزەکانی کورد بوو.  لە باشوور پارتی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە ناوچەکانی سنووری لە بۆلای ڕۆژهەلات، و لە هێندێک خاڵ هەتا قولایی 75کێلۆمێتری لە لای باکوور، لە بەردەست و ژێردەسەلات دابوو. لە مانگی مەی 1986 هێزەکانی ئەم حیزبە مەنجیش یان دەست بەسەرداگرت، کە ناوەندی هاتووچۆی گرینگی، نێوان زاخۆو عمادیە بوو، و دهۆک یان گەمارۆدا.  لە باکوور،یەکیەتی نیشتمانی دەڤەرەکانی شاخاوی لە نزیک ڕەواندز بۆ لای باکوور هەتا خودی پێنجوین ی لە ژێر حوکم ودەسەلات دابوو، و لە دەوروپشتی سلیمانیە خەریکی شەڕی دەقورس  بوو.

دەرەوەی شارەکان تەنیا بەڕۆژ لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەت بوو. هەر کە دەبوو بە پاش نیوەڕۆ ئیدی جادەکان ئەمین نەبوون، و شۆڕشگێڕان بە فراندنی کارگێڕان دەرەکی لە شارەکانی وەکوو سلیمانیە و کەرکووک و بە بەڕیوەبردنی عەمەلیات لە دەڤەرەکانی وەکوو ئاڵتوون کوپرو،کەرکووک، توزخورماتو، و کفری توانایی و بەفرەوانی و مابێنی عەمەلیاتی خۆیان نیشان دەدا. یەکیەتی نێشتمانی بەو تۆپانەی کە ئێران لەئیختیاری نابوون لە مانگی ئۆکتۆبەر نەوت پاڵێوی(پالایشگاه) کەرکووک ـیان گوللە باران کرد.

تێبینی: 1ـبەداخەوە نووسەری بەرێزسەرچاوی خۆی ناو لێنابات، بەڵام مەتڵەبەکە دەست پێدەکات،وەکوو وەی بۆخۆی حزورەی هەبووبێت.(ویراستار) 2ـسەرچاوی ئەم داوایە مەعلووم نییە نووسەری بەڕیز لە سەربناخەی چ بەڵگە وشایەت بوونی تۆپەکانی ئەم جۆرە شی کردۆتەوە.(ویراستار)

لە نەوامبەری 1986 بارزانی و تاڵەبانی بە مەبەستی پێکهێنانی یەکگرتوویی ،سەئەنجام لە تاران پیکەوە وتووێژیان کرد. مانگێک دوایی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی گروپەکانی دژکارانی ئێراق لە تاران،نوێنەرەکانیان بۆ کۆنفرانس ناردن.

لە مانگی فۆریەی 1987 پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان داخۆیانەکی هاوبەشیان دەرکرد، کە مەبەستی ئەوانی بە حەوڵ و تەقەلای پێکهێنانی (بەرەیەکی نەتەوەیی کوردستان) و جەبهەیەکی نەتەوەیی دژی ئێراق)ڕادەگەیاند. لە مەیدانی نیزامی دەستەبەر بوون کە هێزەکانی پێشمەرگە تێکەڵ بکەن. لە مەنگی مەی ئەم نییەت و مەبەستە بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی)پیکهاتوو لە پێنج گروپی بە دەسەڵاتی کورد(یانی پارتی دێموکراتی کوردستان،یەکیەتی نێشتمانی کوردستان،حیزبی سوسیالیستی کوردستان، حیزبی دێموکراتی خەڵکی کوردستان،پاسۆک، حیزبی ڕەنجبەران،حیزبی کموونیست و بزوتنەوەی دێموکراتیکی ئاشۆریان) وەڕاست گەڕا. بۆ چاوەدێری لەسەر حەول و تەقەلاکانی سیاسی و نیزامی فەرماندەیەکی هاوبەش پێکهات. هەرچەند ئەم جەرەیاناتە هەتا ڕادەیەک ئاشکرای ئاتاجی ئێران بە یارمەتی ناڕازیانی ئێراق بوو، بۆ ئێراق-یش هەتا ئەندازەیەک بە مانای بەرەو زێدە بوونی توندو تیژی مەترسی بوو.

### سەرەتای ڕەچەڵەک و تۆرەمەکوژی

مەترسی یەک، کە هەڕەشەی لە دەسەڵاتی سەدام حوسین دەکرد،هیچ شت باشتر لە سیاسەتی سەرکوتی وەحشیانە ونامرۆڤانەی کە ئێستا سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی کورد گرتبوویە بەر،وێنە ناکێشێت. پێشتر گەلێک بابەت لە کوشت وکوشتاری تۆلە کردنەوە وئیعدام کردنی دە خیرا ڕوویان دابوو،بەڵام هەنۆکە بارودۆخ ئیکجار تەشنە بوو. لە دوایی پساندنی وتووێژ لە گەڵ یەکیەتی نێشتمانی 78گوندی نزیک سلیمانیە لەگەڵ هەردڕاست کرانەوە. مەبەست لەم کردەوە ئاشکرابوو: وەدیهێنانی کەش و هەوایەکی نانیزامی لە ناوچەیەک کە ئێران و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە بیروڕایان دابوو عەمەلیاتێک لە وێ بەڕیوە بەرن. لە مانگی نوامبەرئەم ژمارەیە بە 199زێدەبوو، و 55000کەس بێ ماڵ و حاڵ و هەتڵەو هەڵوەداو پەروازە بوون. لەمە خەراپتر، لەسپتامبەرهێزەکانی نیزامی ئێراق،نزیکەی 500منداڵی 10هەتا 14سالەیان لە سلیمانیە گرتن. هێندێک لە وانیان ئەشکەنجەکردن و پاشان کوشتن. بەڕەواڵەت گرتنی ئەم ژمارەیە بەم مەبەستە بوو کە بە جەزرەبەو ئەشکەنجە ئاگادارێک سەبارەت بە خزم وکەس وکاریان کە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدان وەدەست بێنن،وئەو جۆرە خزم وکەسانە مەجبوور بکەن کە خۆیان بە هێزەکانی حکوومەتی بەدەستەوەبدەن، و پێشگیری لەلکانی ئیدیکە بە هێزەکانی پێشمەرگە بکەن. لە ژانویەی 1987 تەرمی 57کەس لەوکەسانەی کەلەساڵی 1985 ڕفێندرابوون بە نزیکترین خزم وکسیان تەسلیم کردنەوە. چاوەکانی ئەم گروپەیان دەرهێنابوون، و لە سەرلەشی وان شوینی ئەشکەنجە دیاربوو. لە ئۆکتۆبەری 1985 چەندسەت لاوو گەنجی 15- هەتا 30 لە هەولێرگیران. ئەوانەش ئەشکەنجە داران و کوژران.

هاوکاری نیزامی کەلە تاران لە نێوان گروپەکانی شۆڕشیگێڕمتمانەداربوو. و داکۆکی ڕاستەوخۆی ئێران لە ئەوان،سروشتی شەڕی لەکوردستان ئاڵەگۆڕکرد. وەکووساڵی 1974 پشت ئەستووربوون بە داکۆکی دەرەکی،کە لە بوونی چەکەکانی قورس یەک لەوان موشەکەکانی سام -7 بۆ بەرگری لە بنکەکان ڕوون و بەرچاو بوو،گۆڕانکارێکی هەست پێکراو لە تاکتیکەکانی شەڕی چریکی هێناگۆڕ. هەتا ئەوکات پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی لەسەرئەو هەموو ئەزموونەی کەلە شەڕەکانی چریکی هەیانبوو حەزیان لە داگیرکردنی شارەکان نەبوو-پاراستنی ئەم ناوندیانە ئیدی جێی خۆی هەبوو.

ئێستا هەوئاهەنگی و هاوهەنگاوی لەگەڵ هێزەکانی ئێڕان،ئەوهێرشە قورسانەی کە لە ناوەندیەکانی نیزامی دەدرا. بۆ نموونە: لەئاوریلی 1978 هێزەکانی کورد لەو کەرتانەی کەلەسلیمانیەیان بەرگری دەکرت هێرش برد وتەلەفیاتێکی قورسیان لێدان. بڵێندایەکانی قایم وموحکەمی دەورادەوری شاریان دەست بەسەرداگرت. لەمانگی مەی ڕەواندز وحەوتوویەک دوایی وی شەقلاوەیان گرت،ولەمانگی ژوئین شاری ئوتریش هەڵکەوتوو لەباشووربێ پسانەوەی سەفین دەست بەسەرداگرت. ئەوتی 1987 هێزەکانی ئێران لە سەرجەم دەڤەرەکان سنووری کە کوردکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، سەقامگیربوون.

لە سێرەچاوی بەغدا کوردەکان بۆ سەرکەوتنی ئێران ببوون بە(هەسپە دارینەی تراوا). ئەم کارتێکردنە بە قسەکانی نابەجێی مستەفا نەوشیروان ئەمین، ڕێبەری کۆمەڵە و ئەندامی یەکیەتی نێشتمانی کوردستان، توندوتیژ بوو،کەگوتی:( ئێمە بزوتنەوەی کورد بۆ ئەم بابەتە ئامادە، دەکەین هەتا بزانن کە ئێستا سەردەمی سەربەخۆیی هاتووە.) بەمجۆرە کوردەکان نەک وەکوو دژکاری سەدام حوسین بەڵکوو وەکوو خائینان بەوڵات وێنەیان هەڵگیراوە،یان بڵین ئازانتی کران.

تێبینی:1-قسەکانی کاک مستەفا نەوشیرەوان ئەمین ئیکجار پسپۆرانە بوو،کوردچما کافردەبێ کە داوای ماڤی سەربەخۆیی بکات،ئەمە بنێشتە خۆشکەی فاشیستەکانی تورک و عاڕب و فارسە،کە لەگەڵ چڵکاو خۆرانیان ئەمە بۆ کورد بەتۆمەت دەزانن،سەربەخۆیی مافی کوردە،ئەگەرهەڵ برەخسێ پێویستە لە سەری پێداگرومکوڕبین.وەرگێڕی کوردی)

لەمانگی مارس سەدام حوسین کوڕی مامی خۆی ژەنەڕاڵ عەلی حەسەن مەجیدی بە حاکمی باشووردانا بوو. سەدام ئیختیارات و تامی بێ قیدو شەرتی بەعەلی مەجید دا،(ناسراو بەعەلی شیمیایی)ئەوخێرا لەو ئیختیاراتەی کەلک وەرگرت. لەمانگی ئاوریل، 24ساعات لە دوای دەست بەسەرداگرتنی سەنگەرەکانیان لە گەڵی دووکان،هەڵکەوتوو لە نزیک سولیمانیە لەلایان یەکیەتی نێشتمانی، عەلی مەجید بەهێرشی شیمیایی بۆ گوندەکانی هەڵکەوتوو لە گەڵی بالیسان، کە ناوەندی فەرماندەیی یەکیەتی نێشتمانی-ش لە وێ بوو، دژکردەوەی نیشاندا. لە دوای تەقینەوەی قوتیەکانی تەژی لە گاز،دووکەڵێکی سپی خۆڵاوی و سووڕتی ڕەنگ و بۆنی سیوو سیری دەدا دیهاتەکانی داگرت. یەکێک لە دەربازبووانی ئەم گازە، جەرەیانەکە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

((هەموو بوستێنێک تاریک بوو،تارمایی بوڵیڵی و تاریکی باڵی بەسەرهەموو شوێنێک داکیشابوو،شتیکمان نەدەدیت...وەکوو هەڵم و تەم و مژبوو. پاشان هەموو کوێربووین)هێندیکیان هێنان، ڕەنگی چرو چاویان ڕەش هەڵگەڕابوو، بەن هەنگلی مردوەکان و بن مەمکی ژنەکان پنۆکیلیری بەئێش و ڕەنگ زەردی لێ دەدیترا،ترایەکی ئاوەکی زەرد وەکوو زلکاو لەچاوەکان و لە کەپۆکانیان دەهاتەخوار. گەلک لەوان کە نەمردن نزیکەی مانگێک تووشی چاوشپرزەیی و نەبینی وکوێری بوون...دەستەیەک لەوان کە بۆ چیاکان هەڵاتن هەرلە وێ مردن. ئەوانەی کە لەشوین بۆمبەکان نزیک بوون هەرلەوجێ کەڕاوەستابوون مردبوون.)

پاشماوەکان کەبۆ دەست وێراگەین بە ئاگاداری دکتۆری بۆ هەولێر چووبوون زیندانی کران،هەموویان لەشار بردنەدەر،سەرجەمی نرینەکانیان ئیعدام کردن-ئەمە کردەوەیەک بوو کە کاتێک حکوومەت بڕیاری لەناوبردنی کۆمڵگایەکی دیهاتی کوردی گرت بە وێنەی کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی لێهاتبوو.

ئەلمەجید کارێکی کرد کەخەڵک لەوی زێدەتر لەسەدام دەترسان. بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان سیاسەتی(هەرسوتانی) هاوهەنگاو لەگەڵ دوورخراوەیەکانی بەکۆمەڵ گرتەبەر. لە فەرمانێکدا کەلە ژوئینی 1987 دەری چوواند دەڤەرەکانی بەرفرەوانی لە کوردستان یاساخ ڕاگەیاند)(هێزەکانی چەکدار، هەرگیالەبەریکی کەلەو دەڤەرانە بینرابوانە دەبوایە لاناوچووبانە) و ئەمە لەحالێکدابووکەخەڵک هێشتا لەم ناوچانەیان ژیان دەکرد. لەڕاستیدا بەڕیوەبردنی حوکم پێشتر دەستی پیکرابوو. لەنێوان مانگەکانی ئاوریل وسپتەمبەر بۆ بێ بەشکردنی پێشمەرگەکان لە خواردەمەنی ئەنوای جێ حاشاردان500گوندیان لەگەڵ هەرد ڕاست کردەوە. ئەوهەروا عەمەلیاتی تۆڵەوەرگرتنەوەیان دژی گوندەکانی گومانی یارمەتی دانیان بۆ پێشمەرگە لێدەکراد یان ئەوانەی کە ڕەخنەیان لەدورخراوەی هەبوو، پەسەندکرد. لە 12ی مانگی مەی لێخورەکانی نانیزامی کە لەڕێگاکانی نیوان سلیمانیە وسورداش هاتوو چۆیان دەکرد،گرتن و ئیعدام کردن. ئەو بنەماڵانەی کە لەدوورخراوەیی پێدزەیان دەکرد بەفەرمی بەبەشێک لەو کەسانە حیساب دەکران کە مەبەستیان ئەوبوو بە پێشمەرگەکان بلکێن و لەناویان دەبردن. لەفەرمانداری هەڵەبجە ئەوگوندەیەیانەی کە لەدوورخراوەیان رەخنەدەگرت وەبەرگوڵلەبارانی تۆپخانەیاندان و هەموویان کوشتن و لە دوو گەڕەکی شاری هەڵبجە خاپوورکران. ولەکۆتایی نوامبەر گوندی شیمان هەڵکەوتوو لە نزیک کەرکووک لەلایان هێزەکانی ئەڕتەش گەمارۆدران وبۆمباردومان کران. ئەوانەی کە لە بۆمباردومانەکە ڕەزگاریان ببوو دەست وجێ ئیعدام کران. حەسەن مەجید سەرجەمی بنەماڵەی (خەرابکاران)-مەبەست پێشمەرگەیە-بگیرێن ودووربخرێنەوە. ئەمانە لەڕاستیدا ئەوبنەماڵانەبوون کە خزم وکەس وکاریان لە ناو ئەڕتەش یان لە ناو گروپەکانی جاش نەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە هەتا کاتێک کە هێزەی بۆ داگیرکردن و(ئارام کردنەوەی) کوردستان لە بەردەست نەبوو،دستی بسترابوو. لەبەغدا هەموو بەشێوازی کاری وی موافیق نەبوون. لەپاڕلەمانی ئێڕاق بۆ کەمردنەوە لەکارتێکەری هەنگاوەکانی دەوڵەت، قانوونێک بۆ دانی خودموختاری زێدەتر بەکوردەکان قسەوباسی لەسەربوو. بەڵام توند ڕەوەکان تەکەیان کەوتەدەست. جێگری سەرکۆمار،عیزت برایم،کە لە شیوەکانی(ئینسانی تر) دەدوا، ولە شۆرشیانی داکۆکی دەکرد خانەنشین بوو. لە هەولێر شاکرفەتاح جێگری سەرکۆماروبەرپرسی مەجلیسی خودموختارو شارداری پێشووی سلیمانیە پێشنیاری کردکە دەوڵەت

ئەگەر خوازیاری ئاشتی لەکوردستانە، دەتوانێت لەگەڵ حیزبەکانی سیاسی وتووێژ بکات. هێدیک دوایی ون بوو وشوێنەواریکی لە شوێنەواری وەدەست نەهات.

### کوردەکانی سەروەدەوڵەت(جاشەکان)

لەدوایی شکانی وتووێژی یەکیەتی نیشتمانی سەبارەت بە ئاگربڕ بەم لاوە،بەغدا بە هەموو چالاکیەوە خەریکی وەدیهێنانی جاش(فورسان) بوو. هاوینی 1986 ژمارەی چەکداری ئەم هێزانە بە 50000(وێدەچوونزیکەی لە 250000کەس کردبێ-یانی سێ بەرامبەری هێزەکانی کە بزوتنەوەی کورد، دەیتوانی بۆ ئۆلکەیان بێنیت. کۆمەڵێکی کەم لە ژمارەیە سەر وەگروپەکانی تایبەت بوون. پەیوەندیدار بە ئیستخبارات یان حاڵاتی نائاسایی، کەلەشارەکان ئەرکی ئیستخباراتیان ئەنجام دەدان. بەڵام زۆرایەتی جاشەکان سەر وە گوردانەکانی بەرگری نەتەوەیی بوون،کە زۆر پۆشتەنەبوون و بۆ ئازادکردنی کەرتەکانی سوپای ئیراق بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران بەپارێزگاری لەڕێگاکان و بەڕیوەبردنی ئەم جۆرەکارەو بارە دانرابوون.

بەڵام بۆ لێکدانەوەو هەڵکڕاندنێکی خاو کەلە(جاشەکان)دەکرێ و دەکولدا بوونیان بەناوی هاودەستی حکوومەت بەسانایی لەخۆیان دادەماڵن، پێویستە سەبارەت بەسروشتی ئەم هیزە هێندیک قسەبکەین. مەسعودبارزانی دەڵێت:

بەرلەساڵی 1975 دەکرا جاش بەکەسانێک بگوترێ کە بەدڵ وگیان لە حکوومەتیان لەبەرامبەر نەتەوەخوازانی کورد داکۆکی دەکرد. لە 1983 لەشەڕی ئێران وئێراق،بارودۆخ زۆرگوڕا و تەوفیری لەگەڵ پێشوو هەبوو. ئێمە نەماندەتوانی هەمووکەس بە سانایی بۆ ڕیزی خۆمان وەرگرین. خەڵکێکی زۆربە(تیپەکانی سوک)لکابوون. ئێمە ئەوانمان بە لکان بەم گوردانانە وادارکرد. گەلێک لەجاشەکان بەنهێنی لەگەڵ ئێمە هاودەست بوون.

جگە لەمانە سەرژمێریەک کە بۆ جاشەکان دەنوسرێ و باسی لێدەکرێ قەبە کرابۆوە. هۆیەکەشی هەڵبەتە نەک بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەیەک کە دەوڵەت لەم جۆرەشتانە خۆی پێگرتوو، بەڵکوئەمە جەرەیانە نێوەرۆکی سروشتی گەندەڵی لە خودی سازمانی جاشەکانداشاردراوەتەوە. بناخەی ئەم شیوازە لەسەربنەڕەتی شیوەی کاری سەرۆک عەشیرەکان و ڕێبەرانی ناچەیی بوو: لەدەڤەرەکانی شاخاوی گەلێک لەسەرۆکی عەشیرەکان خۆشحاڵ بوون کە تفەنگچی بەدەوڵەت بدەن،چونکە ئەم جەرەیانە بەمانای نوێکردنەوەی ژیان و ڕۆڵی داکۆکی ئەوان بوو،کەلەساڵی 1958 بەم لاوەلاوازببوو. ئەم خەڵکە بەپێچەوانەی خۆی لە عەشایەری خۆیان پشتیوانی کردبوو. لە 1960 وێدوچو 60لەسەتی کوردەکان خوازیاری هەبوونی پەیوەندی عەشیرەیی بوون. لەهێندێ مەسەلە -وەکوو برادۆستەکان،خۆشناوەکان، سورچیەکان، هەرکیەکان، و زێباریەکان- هۆکارو بەڵگەو دەلێلی زۆر و لە مێژینەیی بۆ دژایەتی لەگەڵ بارزانیەکان لەگوڕێ بوو.

عەشایەرەکانی دیکە- بۆ نموونە،جافەکان پژدەرو بلباس- بەهەڵویست گرتنێک بارو دۆخ وهەڵکەوتی لایانگرانیان لە بەرامبەر دوژمنانی ناوچەیی متمانە پێ بەخشیبوو. ئەوانیدیکە لە ژێرتەوژمی

شەڕمەجبوور بوون مەسەلەن بۆ دووری لە جاپووركردنی گەندەكانیان لەگەڵ جاشەكان هاوكاری بكەن،ئەگەرچ ئەم مەسەلە دیسان ڕێگر لە تووش بوون بەم چارەنووسە نەبوو. چونكە بەو ژمارە جەنگاوەرانەی كە دەیانتوانی كۆیان بكەنەوە لە دەوڵەتیان پارە وەردەگرت لەبەرئەمە ژماریەكی زێدەیان بەدرو دەخستە سەرلیستەكە كەپارەیەكی زۆرتر وەرگرن دیارە ئەوپارەیە تایبەتی سەرۆك جاش بوو،یەكێك لەسەرۆكەكانی جاش ئەوهادەلێت:

ئێمە وەزعەكی ڕاحەتمان نەبوو. ئێمە سێ ساڵ لەگەڵ جاشەكان بووین. دەمانەویست خەڵكەكەمان بپارێزین. ئەمن لە ناوعەشیرەكەم 1500تفەنگچیم هەبوو. لە خەڵكم پارێزگاری و بەرگری دەكرد. دەهەزاركەس لەم خەڵكە بەواسیتەی من لە ئاشتی و ئارامی دابوون. لە كوردستان كارێك نەبوو، ڕێگای پارە بەدەست هێنان نەبوو. دەوڵەت لە سوودان كرێكاری دەهێنا، بەڵام بەكوردەكانی كارنەدەدا. كوردەكان لەگەڵ ناو نووسی لە هێزەكانی جاش هەرمانگێك 15ڕۆژ ئەركی خۆیان بەجێ دەهێنا. گەلێك لەوان لە ئەڕتەش هەلاتبوون. هەموو لە منیان دەویست كەكارێكی وابكەم بۆ شەڕ نەچن. و لە شەڕێ ئێران و ئێراق نەكوژرین. لەبەر ئەمە ئێمە بەناونوسیان لەهێزی جاش لەوانمان بەرگری كرد...زوربەی وان بۆ ماڵەكانیان گەڕانەوە،وكارێكیان نەدەكرد. ئەمن بۆ بەرێوەبردنی ئەرك تەنیا لە پەنجاكەسم كەلك وەردەگرت. لەدەفتەری ناو نووسی 1500كەسم هەبوو، وبۆ 1500كەسم لە دەوڵەت پارەوەردەگرت-بەڵام لە 50كەسم كەلك وەردەگرت،و ئەم گروپەم لە جیاتی ئەوانی دیكە تەواو وەخت ئیستفادە دەكرد.

هەتا شێخەكان كە بە هوی بوونی دەم و دەزگاكانی حكوومەتی و زێدەبونی وجوودیان لە شوخڵی حاكم وداوەری ناكۆكی،بەلەز بەرەو سراوژێری هەڵدیران گلۆردەبوونەوە، ئەم هەلەیان قۆزتەوە وبۆ زیندوكردنەوەی پارەیەك لە مەزایای پێشوو كەلكیان وەرگرت. ئەزموونێك كەلە 1958 بەم لاوە لە كۆڵەخۆیان كردبۆوە، شەبەقێكی دیكەی لەسەرئەم لایانە لەپەیوەندی حكوومەت لەگەڵ كۆمەڵگای كورد دەدایە. لە1958زوربەی ئەم دەستەیە بۆ دووری لە تەوژمی قاسم بۆ ئێران ڕویشتن،بەڵام 1961كاتێك قاسم دەسەڵاتی لەسەركوردستان لەدەست دا، بۆ وڵات گەڕانەوە. ژمارەیەك لەم شێخانە هەشتا دەهەزار كەسیكیان مرید هەبوو. لە ماوەی ساڵەكانی دەیەی 1960 بە ڕەواڵەت لە مەیدان وەدەركەوتن،و فكروزكری خۆیان مەشخوڵی دورست كردنی تەكیەو خانەقای مریدەكانیان كرد،كە لەم سەردەمەدا پێشكەوتوویەكی بەرچاویان بەخۆوە دی. دەوڵەت، بەپێچەوانەی ئاغاكان،كارەكی بەوان نەبوو، چونكە بە ڕەواڵەت هەڕەشەیەك بۆ دەوڵەت نەبوون، و هۆكاریكی نەبوو لە خۆڕا ئەوان بۆ باوەشی مەلامستەفا دەرپەڕێنێت. ناوەندیەكانی مەزەبی لە هەولێر وكۆی و سنجاق و كەركووك و سلیمانیە زێدە بوون. زوربە لەخەڵكی ناڕازی و نەخوێندەواری تایفەیی و، وەرزێران وكریكارانی ناعەشیرەیی چوونە پاڵ یەكێك لەو دوو تەریقەتی قادری و نەخشبەندی- هەروەك سەدەیەك پێشتر،خەلكی دەئەوها ڕەكیش و ئالوودەی تەكیەی شێخەكانی بارزان ببوون.

كاتێك بەعس لە 1968 بۆ سەردەسەڵات گەڕاوە،گرینگی تەفرەقە ولیك ترازابوونی كوردەكان تێكەیشت، كە دەبێ كارێكی بكات یەكیەتی و برایەتی لەبزوتنەوەی كورد دانەبێت، هەتا دەتوانێت بێ كێشەو داوا لەنەوتی كەركووك بەرهەم وەرگرێ. لە بەرئەمە وردە وردە بە تەكیەوخانەقاكان

یارمەتی ماڵی کرد و بەشێخەکانی ئیجازەدا بە ناوی (واسیتە)بۆ بنکەکانی حکوومەت هاتوو چۆ بکەن،بەمجۆرە دەسەڵات وەدەست بێنن. ئەم جەرەیانە لەگەڵ دانانی عیزەت برایم بە وەزیری ناوەخۆ لە 1974،کە بۆ خۆی لەعارەبی قادری بوو و لەگەڵ (تەکیەوخانەقاکان) ئاشنابوو، هاسانکاری کرا. لە دوایی ئینقلابی ئێران، لە شێخەکان وەکوو سوپەر دژی ئیسلامی ئینقلابی، و وەکوو(پردێک)بۆ شوێن تێکەری لە دەڤەرەکانی سوننە مەزەبی ئێران کەلکی وەرگرت. بەناوبانگ و دەنگین تری ئەم شێخانە،شێخ عوسمانی نەخشبەندی بیارەبوو،کەلە ساڵی 1958 لە ئێراق هەڵات و لە 1980 گەڕابۆوە.

ئەو بەڕێزو بە حورمەتترین شێخی نەخشبەندی سەردەمی خۆی بوو. ئەو،و کوڕەکانی تەواوی دەسەڵات و شوین تیکەری مەزەبی خۆیان لە خزمەتی بەربەرەکانی دژی شیعەکان بەکاربرد. شێخەکانی دیکە لە بارەی ئابووری تێکۆشەربوون و جەشەکانیان دژی نەتەوەخوازانی کورد،بەتایبەت دژی یەکیەتی نێشتمانی کە ڕیوو شوینی مارکسیستی لە پڕوپاگەندی خۆی لەکاردەکرد، ڕێبەری دەکرد. بەمجۆرە گەلێک لە شێخەکان بە پوول وپارەی دەوڵەت پێ گەیبوون بە(پشتیوانی) ناوچەیی خەڵک گوڕابوون.

لە شارەکان و دەڤەرەکانی دێهاتی نا وابەستەبە عەشایەر،گەلێک لە خاوەن مڵکەکان و بەسامانی زەنگینی ناوچەیی کە بە(مستشار) ناوباگیان دەرکردبوو، غولامیان لەخەڵکی گوند یان شارەکان بۆخۆیان ڕادەگرت، کە بازیک لەوان پسپۆرو وخاوەن پێشە،یانی دکتۆرەکان بوون کەبە نۆرەی خۆیان دەیانتوانی بنکەیەکی سیبەرنشینی بۆخۆیان پێک بێنن. گرینگترین هۆکار و سەبەبی ئەو خەڵکەی کە بەم شێوەیە لەم گروپانەدا ناونوسیان کرد،هەلاتان لە خزمەتی سەربازی و مردن لە جەبهەکانی شەڕ بوو. گەلێکی دیکەی ڕاکراو لە خزمەت، بە مەرجی خزمەت لەگروپەکانی جاش عافوو دەکران. ئەوان کە دەچوونەپاڵ جاشەکان،دەیانتوانی بە تێکۆشانی ئابووری خۆیان سەروسامان و بەردەوام کەن و لە مەڵبەندەکای خۆیان بمێننەوە. ئەم خەڵکە وەکوو هەر هێزێکی دیکەی ناوچەیی (داواخواز) هەموو دەورەکان لەخزمەت دابوون. بەمجۆرە ئەوانەی کە لەهێزەکانی (جاش) ناویان دەنووسین لەمەڕ ئابووری،وەکوو وەرزیرو دووکاندارو وهتد تێکۆشەربوون. سەروک جاشەکانی کە ئەمانەیان وەرگرتبوون زۆربەی مووچەی مانگانەکەیان دەخواردن،بەم هۆکارەی ئاشکرا بە نووسینی ناویان لە ناوکۆمەڵی جاشەکان لەخزمەتی ئەرتەش عافوودەکران. زوربەی ئەم خەڵکە کە بەشێک لە هێزەکانی (جاش) بوون بەخۆشحاڵیەوە لە مووچەکەی مانگانەیان چاو پۆشی دەکرد هەتا لە ماڵەکانی خۆیان لەناو ماڵ و منداڵیان ژیانێ ئارامی خۆیان بەردەوام کەن.

هەروەک پێشتر گوترا: ئەم حەزلێکردنی گشتی لە (سەرۆک جاشەکان)دابوو کە جاشەکان بەپێرست دانی زێدەتری ئامادە بە خزمەت، مووچە خۆیان لەسەرحکوومەت زێدەبکەن - لەم بارەوە لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی بەرپسیاری کاروباری جەشەکان پێکدەهاتن. هیچ کام لەم کردەوانە جێگای سەرسوڕمان نین. لە سەردەمی شەڕ ئەمجۆرە مەسەلانە وەکوو زێدەکردنی سەرئەژمێری جاشەکان حازر بۆ خزمەت، لەشێوەکانی ئاسایی کەونارابوو. بەمجۆرە بەشیکی زورلەخەڵک،لە ئەفسەرانی ئەرتەش بگرەهەتا ڕیبەرانی ناوچەیی کوردو خەڵکی ئاسایی،کە ئیلاقەمەند بوون،ئەگەربوز بخوات لە سەدەمەی شەڕ بپارێزرین. لەم سیستەمەیان کەلک وەردەکرت. ڕژیم لە سەریەک ئەم گەندەڵیەی

قەبووڵ دەکرد،جارناجار بۆ کەم کردن لە مەترسی یارمەتی گومان بۆچووی جاشەکان بە پێشمەرگە، ئەوانیان بە چەشنی نۆرە لەم ناوچەیە بۆ دەڤەرەێکی دیکە دەنارد.

هەڵبەتە نابێت وا فکربکەنەوە کە جاشەکان لە ڕاستیدا ئەوهایان دەکرد. هێندێک لەوان،لە هەمووان بەرخەستەتر زێباریرکان،لەشەڕ لەگەڵ نەتەوەخوازانی مەبەست و مەقسودەکی تایبەتیان هەبوو: لاتۆ وئەرشەد زێباری کە باوکیان مەلامستەفا کوشتبوونی،بارزانیان وێران کرد. ئیدە دیکەش لەو قوماشە لە هەموو شوێنەکان دەبینین،دەیانەویست بە رژیم خزمەت بکەن، و خۆیان لە بەرچاوی ئەو شیرین بکەن. لەمە داشک و گومان نییەکە ڕژیم بە بازیک لەو سەرۆک عەشایەرەی دژکارانی بارزانی، لە بەرامبەر غولامەتێک کە دەیانکرد دەستخۆشانەیان دەدانێ. ئەم دەستەیە ئیجازەی پێکهێنان و بنیاتنانی کارخانەیان وەردەگرتن،کە ئیکجار قازانجی بۆوان هەبوو،لە دەوڵەت هەردیان بە مفت و خۆرایی و بەلاش وەردەگرت،کارتی بازرگانیان وەردەگرت ... دەستەیەک... بۆ نموونە-یەک لەوان سوورچیەکان هەرکیەکان و زێباریەکان - کە بەرێ ساماندراربوون ئێستا زەنگینتر ببوون، یەکێک لەوان هەتا توانی مڵک و ماشێکی زۆر لە(میفێڕ)ی لەندەن بکرێت.

لەگەڵ ئەوە هەموو،زۆرایەتی جاشەکان حەزیان لەم کارە نەدەکرد. بازێک لەوان هەتا دەیانەویست لە ڕیزی نەتەوەخوازان دژی حکوومەت بجەنگن،بەڵام بەگەڵیک هۆکار لەمە ناهومێدبوون. چ پارتی دێموکراتی کوردستان و چ یەکیەتی نێشتمانی توانایی وەرگرتنی ئەموو هێزەیان نەبوو، چونکە نەیاندەویست باری دەم ودەزگای بزوتنەو قورس بکەن و لەچالاکی هێزەکانیان کەم بکەنەوە. لەئاکامدا دەستەیەک لەجاشەکان وەکوو( خەبەرهێنەر) بۆ حیزبەکانی خۆشەویستی خۆیان کاردەکرد. دەستەیەک لە پێشمەرگەی بریندناریان حاشاردەدا. دەستەیەک لەمەزێدەتر هەنگاویان هەڵدێنا. بۆ نموونە لەمانگی مەی 1986 پارتی دێموکڕاتی کوردستان کاتێک توانی منجیش داگیربکات کە سەرۆکی عەشیرەی (دۆسکی) لە بەغدا هەڵگەڕاوە بۆ ناو پارتی دێمەکڕاتی کوردستان هات.

بەڵام وەک پاشان دیاریدا، جاشەکانیش لەپیلانی دوورخرانەوەی قسردربازیان نەبوو. لە دوایی تێشکانی شۆڕشگێرەکان، گەلێک لە وان لە ناوچەکانی خۆیان ڕاونران. جاشەکانی مەسیحی کە وێدەچوو تەنگەژە وەدیبێنن، سەرەتا بۆ شوێنەکانی دیکەیان گوستنەوە دوایش بنەماڵەکانیشیان بۆ کۆمەڵگاکان ناردن. ئەم نشتەجێکردنەی سەرلەنوێ،نیزامی عەشیرەیی جاشەکانی لەناونەبرد، بە پیچەوانە ئەوی خۆڕاگرو بەردەوامترکرد. گروپەکانی عەشیرەیان پێکەو لە (شارۆچکەکان) نشتەجێ کردن، لەوێ بەهۆی نەبوونی سەرگەرمێک وئیشێکی دیکە بەسەرۆکانی عەشایەر وابەستە مانەوە،کە بۆ خۆیان وابەستە بەحکوومەت بوون- و هەر ئەم کارە بۆ بەهۆکار کەجۆرە پەیوەندیەکی تایبەتی عەشیرەیی جێ نشێنی ئالودەیی و خۆشەویستی بە ئاوەخاک ببێت.

**عەمەلیاتی ئەنفال(جنۆساید)**

لە ژانویەی 1988 چاخێک هێزەکانی ئێران بەرزایەکانی لەشکرکێشی کە دەیڕوانیە(ماوەت) دەست بەسەرداگرت، و لە چەمی قەرەچۆڵان پەڕینەوە، بەغدا کەوتە بەرسێرەی هەرەشەی ڕاستەوخۆ واقعی،شوێن تێکەری هێزەکانی کوردو ئێرانی لەکوردستان لە وەرزی بەهار،و بەرەوپێش چوونی ئەوان بۆلای پانەگۆڕایی دووچۆمان(بين النهرين)،بۆلای پاییزی دیالە،ئێستا بە شکڵی مەترسییەکی مجد وەگەڕا. سەدام پەیامێکی نهێنی بۆ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان نارد و خوازیاری دەست پێکردنەوەی وتووێژ بوو، بەڵام تاڵەبانی ئەم مەسەلەی مەرج بە وازهێنانی خودی سەدام لەحکوومەت کرد.

ئەمە ئاخرین حەول و تەقەلای ئێران بۆ تێشکانی ئێراق بوو. لە شوێنەکانی دیکە تێکۆشانی ئێران چ ئاکامی لێ نەکەوتبۆوە. ئەو هەڕەشەی کە ئێراق ئێستا لەگەڵ وی ڕوو بەڕوو بوو هەلی ڕەخساوی هێزەکانی عەلی مەجیدی بۆ ڕێگاچارەی ئاخر گرێپوچکەی کورد بەوان ئاتاجی هەبوو لەئیختیاروی نا. ئەو بۆ شکەست دانی هێزەکانی کورد هەنگاوی بۆ عەمەلیاتی ئەنفال هەڵێنا. و ئەو بریتی بوو لە زنجیرە هێرشێک بۆ ناوچەکانی ژێرحوکم وکۆنترۆڵی پێشمەرگەکان، و بە کەلک وەرگرتن لە شێمیایی و بۆمباردومانەکانی توندوتیژی ئاسمانی، بەرلە دەست بەسەرداگرتنی دەڤەرەکان لە لای هێزەکانی هەردی. کەلکی نەبەجێ لە سووڕەی قورئان بوو.

ئامانجی عەمەلیاتی ئەنفال لە بەریەک هەڵوەشانی نەخشەو پڵانەکانی یەکیەتی نێشتمانی کوردستان و ئێران بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەدی دوکان بوو. ئەم عەمەلیاتە لە سەرەتای فۆرییە و لەگەڵ بۆمباردومانی بێ تەفیرو بێ لێکدی جیاکردنەوەی دانیشتوان گەڵی جافەتی هەڵکەوتوو لە نزیک سلیمانیە، و هێزەکانی یەکیەتی نێشتمانی بوو. داگیرکردنی ئەم دەڤەرە سێ حەوتووی کێشا. تەلەفیات و زەبری قورس لە ناوچەدرا : بەدەستووری عەلی حەسەن مەجید سەرجەم نێرینەی 12-20ساڵە، کەگیران ون کران. ئەودەستەیەی کەهەڵاتن بە تێپەڕین بە چیاکانی تەژی لەبەفر،بۆلای ڕۆژئاوا،بە بەدبختیەکی زۆر ڕووبەڕوو بوون.

لەکۆتایی فورییە،جەلال تاڵەبانی بەفەرمی ڕژیمی بە تورەمەکوژی(نسل کوژی) تۆمەتبار کرد: ڕژیم 1/5میلیون کەسی دوورخستۆوە،(تبعید کردبوو) 12شارو شارۆچکەو، زێدەتر لە 3000گوندی خاپوورو، وێران کردبوو. لەگەڵ ئەوهەموە ڕۆژئاوا،چ بەم هۆیە ئەم داوایە لە مەڕ سیاسی ناجور بێ وەخت بوون ویان بەم هۆیە کە فکری لێدکراوە لە درۆ زێدەتر شتێک نییە، حازر بەقەبووڵ کردنیان نەبوو. تەنیا لە کۆتایی شەڕی کەنداو بوو(خەلیج)-کە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگانی شایەت و بەڵگە و شوێنەوار،کە (دیدەبانی خاوەرمیانە) لێکۆڵینەوەی لەسەر کردو،نیشانی دا کە داواکانی پێشوو نەک هەر ڕاست و دورست دوور لەشک و گومان و حاشاهەڵنەگرنەبوون بەڵکوو لە گەلێک مەسەلە دەردوعەزاب و کوێرەوەریەک کەکوردەکانی ئێراق بەسەریانهاتبوو زۆر زێدەتر لەوەی بوو کەخودی خەڵکی ناوچە، ئەو کات فکریان لێدەکردەوە.

لە 15ی ئاوریلی 1988 هێزەکانی یەکیەتی نێشتمانی و ئێران شاری هەڵەبجەیان کە هەڵکەوت ودۆخ و مەوقعیەتێکی لەشکرکێشی هەیە، و بەرزتر لە گۆلی سەدی دەربەندیخان هەڵکەوتووە،دەست

بەسەرداگرت،و تەلەفیاتێکی قورسی گیانیان لە هێزەکانی ئیراقی دا. پێشبینی دەکرا کە بۆلای خودی سەدەکە بەرەوپیش بچن. ڕۆژی دوایی هێزەکانی ئێڕاقی هەنگاویان بۆ تولەکردنەوە هەڵێنا: شاریان بۆ ماوای چەند کات ژمێر گوللەباران کرد. پاش نێوەڕۆی ئەوڕۆژی ئەوانەی کە لە لەترسی بۆمباردومان لەپەناگایەکان دابوون بۆنی سیرو سیویان هەست پێکرد. چونکە نەیاندەتوانی پێشی چوونی گاز بۆناو پەناگایەکان بگرن بەشەقامەکان وەربوون:

تەرم...جەنازەی مرۆڤ... کەلاکی گاووگۆل وماڵات...لەکەچەو گەڕەک و شەقام کەوتبوو...لێخورەکان لەپشت فەرمانی ماشینەکان پالیان دابۆوە مردبوون. ئەوانەی کە نەمردبوون بەرلەوەی لە پێ بکەون بەلاپەبردنی ئەم لاوئەولا دەسووڕان،پێکەنینی شێتانەیان دەکرد... کە باتڵێک لە شەو تێپەڕی،خوین وکێمی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتبووبە بەر دوکەڵی گاز خەراپتربوو. مناڵەکان لە گەرەک وشەقامەکان مردبوون، هەرلەو جێگا کە کەوتبوونەخوار مابوونەوە.

ترس و خۆف و وەحشەتێک کە بەغدا لە هەڵەبجەی نیشاندا،زەبرێکی گرچووبڕ بوو لە سەر وەرەی کوردەکان. هەموو دەیانزانی کە چەکەکانی شیمیایی هەتا چ ڕادە دەتوانن مەرگ هێنەربن، بەڵام ئێستا بۆ دنیا ڕوون بوو کە سەدام حوسین بۆ لەناوبردنی ئەوان، کە لە هەبوونی هەڕەشەدەکەن لە کوشت و کوشتار دەست لە هەڵسەنگانێک دەدا کە هەتا پێشترهیچ کەس فکری لێنەدەکردوەو ئاقڵی لێ بڕ نەدەکرد.

حەوتوویێک دوایی، عەلی مەجید بۆ لە ناوبردنی هەرجوورە بوونی کوردەکان لە قەرەداغ.هەڵکەوتوو لە باکووری سلیمانیە،کە زنجیرەکێویکە کە پێشتر لەگەمارۆی هێزەکانی ئێراق دابوو هەنگاوی بۆ عەمەلیاتی 2- هەلێنا. خێرا تەپۆڵکەکان تەژی لە خەڵکێک بوون کە هەڵدەهاتن. زۆربەی ئەم خەڵکەی کە بۆ باشوور و بۆ لای سلیمانیە هەڵدەهاتن،کۆ کردنەوەو بۆ ناوەندی کۆمەڵگایان بردن، و لە وێ ناویان نووسین، کەل و پەلی بەنرخیان لێ ئەستاندن، پێناسەکانیان لێ زەوت کردن. دوایی ژن و پیاویان لێکترجیاکردنەوە. پیاوەکانیان بۆ شوێنەکی نەناسراوبرد و هەموویان لە ناوبردن. لە قەراخ باکووری قەرەداغ شێوەیەکی کامڵتر لەمە لە گۆڕێ بوو: سەدان ژن و پیاو منداڵ بێ ئەوە شوێنەوارک لەوان بمێنێتەوە،ون کران.

لە نێوەڕاستی ئاوریل شەڕەگەی عەمەلیاتی ئەنفالی3 –بۆ گەرمیان گوێزرایەوە،یانی بۆ ناوچەی باکووری کەرکووک و دەوروپشتی قەراخی ڕۆژئاوای قەرەداغ،کە(دژی) یەکیەتی نشتیمانی کوردستان-یش بوو. جارێکی دیکە گەنج ولاوەکانی کە بەدیل گیرابوون سەفەری کامووسی خۆیان بۆلای (بنکە ئیعدامەکان)دەست پێکرد. لە گەرمیانی باکوور-لەوێ کە بەربەرەکانی یەکیەتی نێشتمانی توند بوو- هەزاران ژن و پیاو منداڵیان گرتن و ئیعدام کردن.

لە زور خاڵ، جاشەکان ژن و منداڵی نانیزامی وئاسایی یان کۆ دەکردنەوە و بۆ پادەگانەکانیان دەبردن. لە زۆر بابەت جاشەکان ژن ومنداڵیان ئیجازە دەدان کە تاریکی شەو کەلک وەرگرن و هەڵێن. ئەمانە لە تالان، ئەوەی دەیانویست، لەئازادیەکی تەواو کەلک وەرگربوون. بە قەولی یەکێک لە بەرپرسانی بەعس:(پیاوەکان وەمە بدەن و سەروت وسامانەکەیان بۆ ئێوە)لە سەریەک

جاشەکان غولام و ئاڵقە بە گۆشی ئەرکناسی ئەنفاڵ بوون-لەوانەش بوو نەیانزانێبێت کە ئەم کۆکردنەوەی خەڵک نەک بۆ ناردن بە(کۆمەڵگا) بەڵکوو بۆ ئیعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەوانە.

لە سەرەتای مانگی مەی عەمەلیاتی ئەنفالی 4،بۆ خەریک بوون بۆ دەڤەرەکانی نێوان کەرکووک، هەولێر و کوی سنجاق ڕووی لە باشوورکرد. دیسان سەدان کەس بەهۆی هێرشی شیمیایی لە قەراخ زاوی گچکە گیانیان لەدەست دا. لێرە لەوانەیە 30000کەسێکیان لە ناو بردن. کەلە دەڤەرەکانی کە توند بوو ژن و منداڵەکانیانیشیان بۆ کوشتارگا بردن. لە مابێنی مانگەکانی هاوین سێ عەمەلیاتی دیکە بەمجۆرە(ئەنفالەکانی 5و6و7) بۆ لە ناوبردنی هێزەکانی کورد لەبالیسان و مەڵبەندەکانی دیکەی شاخاوی ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە بەڕیوە چوو. زۆر جار خەڵکیان بە پڕوپاگەندەی درووە دەلەسەی عافوو وادار بەخۆ بەدەستەوەدان دەکرد. خولاسە ئەمە تەوفیری لە چارە نووسیان نەدەکرد.

هەنۆکە ئێران لە حەول وتەقەلای خۆی بە مەبەستی لەناوچوونی ڕژیمێک کە (نیونەتەوەیی) پشتیوانی لێدەکرد،لە هێز بەتاڵ ببوو. لەمانگی ئاوریل هێزەکانی لە(فاو) و دەوروپشتی بەسرە ڕاونرابوون. لەنیوەی ئەوەڵی ژوئیە سووورداش و زبیدات و ماوەتی لە دەست دا،و لەهەڵەبجە و حاج ئۆمەران پاشەکشەی کرد. لە 22ی ژوئیە ڕایگەیاند کە بەڵیننامەی 598ی نەتەوە یەکگرتووەکان(شووڕای سازمان ملل متحد) قەبووڵ دەکات، و لەمانگی ئەوت ئاگربڕ بەڕیوەچوو.

ماوەی چوار ڕۆژ دوایی وی هێزەکانی نیزامی لە دەوروپشتی بادینان دامەزران. لە 25ی ئەوت ئەنفالی 8-بە هێرشی شیمایی و بۆمباردوومانێکی توند گوندەکان و دۆڵ ودەرەکان کە خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگەکان دەویدا کۆببوونەوە،دەست پێکرد، ئەنگیزەکێژیگچکەکی تەمەن هەشت ساڵ، ئەوی کەڕوویدابوو، وەبیری مابوو. ئەم کیژە بچکۆلانە گاوگۆلی بنەماڵەکەی لە تەپۆڵکەکانی ئاوایی دەلەوەڕاند کە بینی فڕوکەکان هاتن و بۆمبەکانیان بەردانەوە، کەیەکێک لەوبۆمبانە لە نزیک ماڵەکەیان کەوتەخوار: دووکەڵی کرد، دووکەڵی زەرد وسپی. بۆنی وەکوو ددت بوو، ئەو تۆزەی کە مێش وپێشولەی پێدەکوژن... بۆنێکی توندی هەبوو. کە بۆنەکەم چێشت ئاوی کەپۆم لوزەوی بەست،وچاوەکانم تاریک بوون، ئیدی شتێکم نەدەدی،چاوم ئاویان لێدەهات...و باوک و دایکم کەلە دوایی بۆمباردومان لەگەڵ براکەم کەوتبوو سەرهەر بینیم-گوتیان مردوونە. چاوم لە پێستی لەشیان کرد،پێستیان ڕەش ببوو، خۆیان نەدەبزاوت... ڕامتەکاندن، گریام، بەڵام نەمدەزانی چ بکەم کە ڕەنگی لەشیان ڕەش هەڵگەڕاوە، و خوین لە پەپۆو دەمیان دەهات. دەمەویست لێیان نزیک بم،خەڵکی نەیانهێشت، دیسان دەستم بەگریان کرد.

هەزاران کەس لەم گەڵیوو دۆڵ و دەرانەی سەرهەورازو سەراوژیرکە پێیاندا هەڵدەهاتن تووشی خەنکان ببوون، لە29ی ئەوت لە گەروی (بازی)2980 کەسی هەتڵەو هەڵوەدا و پەڕیوە بەهۆی گازەکانی شیمیایی خنکابوون، پاشان هێزەکانی نیزامی تەرمەکانیان ئاگرتێبەردان و سوتاندن. لە شوێنەکانی دیکەش هەموو نرینەکان کە بەدیل گیرابوون لە ناو بردرا بوون، سێڵاوی ڕاپۆرتەکان کە

حیکایەتیان لە کوشت و کوشتاری بە ئەنقەستی هەزاران خەڵکی ئاسایی دەکرد بۆ سازمانی عافووی نێو دەوڵەتی لوزەویان بەست.

هیچ کات ژمارەیەکی سەرراستی ئەو کەسانەی کە لە عەمەلیاتی ئەنفال لەناو چوون نازانرێ-وێدەچێ ژمارەیان بگاتە 150000هەتا 200000کەس. لەزۆرشوین، دەیان گوندەیی و پیشمەرگەیان بێ تەفیر لەناودانان پێکەو دەکوشتن، بەڵام زوربەیان بۆ (تۆبزاوا) ناردن، کە پێگەیەکی نیزامی گەورەی لە باکووری ڕۆژئاوای کەرکووک هەبوو، کە بە موەقەتی جەماوەرێکی نزیک بە 5000کەسی دەخۆیدا جێ دەدا. لێرۆکەبوو کەناو نوسین و هەڵاوێردن یانی جیاکردنەوەی پیاو ژن بە زورەملی بیرەوەری ئۆردوگاکانی هێتلێەری نازی بوو، کە بەڕێوە دەچوو. گەنج ولاوەکان و پیاوەگەورەکانیان لەپشت سەری یەک ڕێز دەکردن، هەموو شتیان لێ وەردەگرتن-جیا لە جل وبەرگ-دوایی لەوانیان پەسیاردەست پیدەکرد. شەڵاق لێدان کارێکی ئاسایی بوو. پێرەمێردێک دەیگێڕاوە و دەیگوت(بینیمان کە کراسی پیاوانیان لەبەردەردێنان وشەلاقیان لێدەدان،دوو دوو یان پێکەو دەست دەبەستن، پێڵاوەکانیان لە پێ دەردێنان. ئەم جەرەیانە هەمووڕۆژێ لەکات ژمێرهەشتی بەیانی هەتا نیورۆ بەردەوام بوو.)لە دوایی دوو یان سێ ڕۆژ لە (تۆبزاوا) هەموو نێرینەکانیان سواری کامیونەکان کردو بردو ئیدی کەس نەیدیتنەوەو شرتوو گۆم و بێ سەرو شوێن بوون.

لە شایەتی شەش پاشماوە،ئێستا کۆتایی ڕیگا ئەم خەڵکەی کەلەعەمەلیاتی ئەنفال گیرابوون،دەزانین: ئەمانە بۆ گوشتارگای ڕەمادی،هترە وجێگاکانی دیکەیان بردن،ئەم خەڵکەیان بە سەف لە دەرێژایی خەندەقەکانی قووڵ بە حاڵاتێکی جەلەکراو پێکەوە دەبەستن. کاتێک خەندەقەکان پڕدەبوون خوڵیان بەسەردا دەکردن.

پیرەمێردەکان و چەند لە ژن و منداإنیان بە ئوتوو بووس بۆ ئۆردوگای (نقرەالسلمان) هەڵکەوتوو لە سارا-ی باکووری ڕۆژئاوای ئێراق،دەبردن. یەکێک لە تەمێ کردنی ئەمە بوو کە(تاوانبار) دەبوایە بۆ ماوەی دوو ساعەت بێ جوڵانەوە لەسەرچۆک دانیشتبوایە، ئەویان لە کۆڵەکەیەکی ئاسن دەبەستەوە، ولەبەر تاوی نیوڕۆیان ڕادەگرت. لە مانگی ژوئین بەم لاوە مەرگ و میری ئەمانە لەژێرگەرمای هەتاو کێم وزۆخ تێکەوتنی لەش لە(نقرەالسلمان) کەکارێکی ئاسایی بوو،هەموو ڕۆژێ 4هەتا 5کەس دەمردن. مروڤێک ئەم جۆرەمردنانەی بەخەت کێشان ژمارەکردبوو: 517کەس هەتا ڕۆژێک کەئەو لەسپتامبەر ئازادبوو. بەڵام لە دوای ڕوینی وی ژمارەی ئەم جۆرە کوشتنانە لەزێدەیی دابوو. گەلێک لە جەنازەکان بەرلەوە وەبن هەردیان بخەن کە هەر قولکەیەک جێگای 40تەرم بوو بەئەنقەست دەیانگەنخاند، هەتا هەرلەوجێگە کە بوون، بۆگەن ببن.

زوربەی ژنەکانیان بۆ ئۆردوگای (دیبس) دەبردن، هەڵکەوتوو لە نزیک شۆسەی کەرکووک-مووسڵ. ئەم دوو جورە زیندانیان چوار هەتا پێنج مانگ لە دوایی کۆتایی بەربەرەکانی پێشمەرگەکان لە سەرەتای سپتامبەر،ڕادەگرتن. هەزارانی کەس لەم خەڵکە لەم زێندانانەدا گیانیان لەدەست دا.

زوربەی منالآن لە(دیبس) بەهۆی خواردەمەنی خەراب تووش بوونی بەنەخۆشی زگەشۆرە مردن. نزیکەی نێوەی لەژنەکانیان بۆ کۆتایەکانی ئەنفال بردن-بۆ نموونە بۆ چالآوەکانی مردنی سماوا.

سەرەتا وەلآمی ڕژیم بەتەواوی پسیارەکان کەلە وی سەبارەت بەم قوربانیانە دەکرا. ئەمە بوو:(ئەمانە لە ماوەی عەمەلیاتێکی سەرکەوتوانەی ئەنفال گیران، و ئێستا لە زینداندان) بەلآم لە ماوەی دوو ساڵ دوایی چاخێک دەستەی خزم و کەس و کاری ون بوەکان بەدوای سەروسوراخ داچوون زیدەبوو، وەلآمی ڕژیم گۆڕا(ئێمە ئاگاداریکمان لە چارەنووسی ئەوان نییە)بەم ڕێووشوێنە بە پیچەوانەی پیرستی ناوی قوربانیەکان، سەدام حوسین ڕاستیەکانی زۆر بە سانایی بەراوەژو بە ڕوو داوی ناهەمووارگۆڕی کە دەم و دەزگاکەی بە داخەوە ئیدی چ ئاگاداریەکی لە چارەنووسی ون بووەکان نەبوو!

هەتا کۆتایی شەڕ تەقریبەن 4000گوند و کۆخ لەناو چووبوو، ولانی کەم 1/5میلیون کەس بە زورملی لەشوێنەکانی دیکە نشتەجێ کران. لەگەڵ ئەم هەمووە دەوڵەت هێشتا لە ڕێووشوینی تازەی کە بۆکوردستان پێش بینی کردبوو تەواو نەببوو. لە مانگی دەسامبەر مەبەستی خۆی بە وەدیهێنانی 22شارۆچکەی نوێ کە هەریەک جێگای 15هەتا 20هەزار جەماوەری هەبێت،ڕاگەیاند. سەرەتا سەنگەسەری کە شارۆچکەیەکی 12000دانیشتوو بوو خاپووروتەرتوو تونا کرد. پاشان لە ژوئینی 1989 قەلآدزەی وێران کرد، و بەدانیشتوانی وێ کە 100000کەس بوون قەرارگایەکی دیکەی دەست نیشان کرد. 100000کەسی دیکەشی کە لە ناوچەو دەوروپشتی وێ ژیانیان تێپەڕدەکرد لەونیعەتەی ڕاونان و دەرپەڕاندن بەرهەم وەرگربوون. ڕانیەش کە شارۆچکەکی 25000کەسی بوو ئەبەم هەرەشەیە ڕوو بەڕوو بوو. لەبەرئەمە داوای (جەبهەی کوردستان)هەتا مانگی ژوئیە لە 75000کیلۆ مێتری چوارقولینچک خاکی کوردستان45000کێلۆ مێتری وی لەکوردان پاک ببۆوە. ئەمە ئیدی مەسەلەی ئاسایش نەبوو، بەڵکوو مەبەست لەمە لە ناو بردن و توانەوەی کۆمەڵگای کورد،جیا لەو دەستەیەی بوو کە لە خزمەت ڕژیم دابوون.

### پەنابەرەکان

بەرلە کۆتایی ئەوتی 1988 شێست هەزار کورد بۆ تورکیە تێکشابوون کەیەک لە ئەوان ئەو کیژوڵە تەمەن هەشت ساڵەیە، بەناوی ئەنگیزە بوو، وهەزارانی کەس لە پاشماوەی بۆمباردومانەکانی شێمایی. ئەمەش نیشانەی ڕووتێکردنی گۆڤارورۆژنامەکان ڕۆژ ئاوا بە تورکیە بوو کە پێشیوی پەنابەرەکانی تورکیە زورتر لە چاپەمەنیەکانی دنیا ئاوێنەی بالآنوین بوو،لەحاڵیکدا کە ژمارەی پەنابەرەکان بۆ تورکیە بە پلە کەمتر لە دەستەی کەسانێک بووکە بۆ ئێران پەنایان بردبوو. پەنجاهەزار پەنابەری شەڕی 1975 هێشتا هەرلە ئێران بوون، و لە وەش لانی کەم 50000کوردی فەیلی کەلە دیەی 1970 لە ئێراق دەرکرابوون، لە ئیران وەرگرا بوون. هەتا ساڵی 1987 بەلانی کەمەوە 50000کەسی دیکە لەسنوورئاوا ببوون و بۆ ئیرانیان پەنا بردبوو. هەتا ئەوتی 1988 ڕەنگە 100000کەسی دیکە لەسنوور پەڕینەوە، وژمارەی پەنابەرانیان بە 250000کە گەیاند.

تورکیە هەر لەسەرەتا ڕایگەیاند کە پەنابەر وەرناگرێ و ئەوانەی کەلە سنوور ئاوابن دایاندەگەڕێنتەوە: لە بەرز بوونەوەی هەست و ئیحساساتی نەتوەیی کوردەکانی باکووری تورکیە مەترسی هەبوو. بەڵام مەترسی لە هێرشی مجدی شیمایی و هجوومی هەرد، بەڕادەیەک بوو کە هێزەکانی تورک تەنیا بە تەقەکردن لە پەنابەرکان توانیان ئەوان لە خۆ هەڵەپەست کردن بۆ ناو خاکی (تورکیە)بگێڕنەوە. لەم نێوەدا تورگوت ئۆزەل،سەرۆک وەزیری تورکیە،دەبوایە نێیەت پاکی نیشان دابوایە: ئەم جوڵانەوەیەش بۆ متمانەی نیەت پاکی ناوەخۆ (یانی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات) و هەروا بۆ ڕەکێش کردنی بیروڕای خاوینی دەرەکی،بەتایبەت بۆ واردبوونی تورکیە بۆ کۆمەڵگای ئۆڕوپا، زەرەری هەبوو. بەمبۆنەوە ئانکاڕانەرمی نیشاندا، بەڵام لە دانی(پەنابەریەتی) بەئەوان کەلە سنوور ئاوابیوون خوی بوارد،وئەوانی لە ئۆردوگاکان لە (یوکشک ئاوا) مووش،دیاربەکر، و ماردین زیندانی کرد، هەروا لە پەیوەندی هاواڵدەرەکانی خەبەری ناتورک لەگەڵ ئەوان پێشگیری کرد.

کاتێک سەرنجی دنیا بەم مەسەلە کەم بۆوە،تورکیە هەنگاوی بۆ کەمکردنەوەی پەنابەران هەڵێنا. چاخێک لە 6ی سپتامبەری ئیراق لێبوردنی ڕاگەیاند،نە کوردەکان و نە سازمانی ملل هیچ کام متمانە پێیبوونی ئەویان باوەڕ نەکرد. لە سەرئەمەش را دەسەڵاتدارانی تورک تەوژمیان خستەسەرکوردەکان کە بۆ ئێراق بگەڕێنەوە،و ئەو چەند هەزارکەسەی کە گەڕاندرانەوە بێ شەرو شوین چوون و (ون) بوون. لە ڕاستیدا ئەشکەنجە و ئیعدام مانگەکان لە ئۆردوگاکانی مردن بەردەوام بوو. تورکیە هەروا نزیکەی 20000کەسی لەم پەنابەرانە بۆ ئێران (دەرپەڕاند) ئیران لەر سەرڕەخنە و ئیعترازی توند وتیژ بەم مەسەلە، ئەم خەڵکەی بەباوەش فرەوانی وەرگرت و لە ئۆردوگاکانی نزیک خۆی و ورمێ و شنۆ، جێگا بۆ دۆزیندەوە.

پەنابەرەکان ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەرو بەرتەسکیان هەبوو،تەنیا لە سەرهەڵدانی (ژەهراویبوونی) خواردەمەنی کەلەژوئینی 1989 و ژانویەی 1990 بەم لاوە گۆڕانکارێک لەوێدا بەدیکرد. لەهەر دوو بابەت وەڕاست گەڕا خواردەمەنیە ژەهراویەکەیان شتێکی بە ئەنقەست بووە،لەوانەیە هەنگاوێک بێ بۆ ئەمە: کە بەغدا بیهەوێ بەیارمەتی وی، پەنابەرەکان بۆ وڵات بگەڕێنەتەوە. مانگێک دوایی بەغدا دیسان عافوەکی دیکەی بۆ ئەوانەی دەگەڕینەوە ڕاگەیاند. جارێکتر دەستەیەکی کەم گەڕانەوە، ئەوانیتر هەل و مەرجی تەژی لەگوێرەوەری و چەرمەسەری ئۆردووگاکانی تورکیەیان هێشتا لە ترس و خۆف لە ئیراق بە باشتردەزانی.

دژکردەوەی دنیا

سەدەمە بینینی کوردەکانی هیچ شت رووناکترو باشتر لە قسووری نێو نەتەوەیی لە هەنگاو هەڵینان بە کردەوەیەک کە ئیراقی لە هیرشی شیمایی لەوان بگێرێتەوە،نیشان نەدا.

نەک بڵێی کەخەڵکی دنیا لە هێرشەکان بێ خەبەربن-نا،هەرحەوتووی هەوەڵ کە ئێراق لەگازەکانی شیمیایی دژی کوردەکان کەلک وەرگرت،یەکیەتی نێشتمانی کوردستان بە دەرکردنی داخۆیانەکانی

چاپەمەنی، ڕووداوکەی بە ئاگاداری دنیا،ڕاگەیاند و بەفەرمی بە نەتەوەیەکگرتووەکان پەیوەندی گرت. وچەندکەسێک لە سەدەمە دیوەکان بۆ دەرمان کردن بۆ ئۆروپا هاتن. شایەت و بەڵگەو دیکۆمەند، حاشا هەڵنەگربوو. هێندێک ڕاپۆرتیش لە چاپەمەنیەکانی دنیا بڵاوبۆوە،بەڵام چ هەنگاوێکی بەکردوە هەڵنەهێنا. دنیای پێشەگەری حەزی دەکرد ئیراق بەسەرئێران دا سەرکەوێ، پێیخۆش نەبوو کە ئەم مەبەستەی بە بەکارهێنان و بەڕیوەبردنی(کنوانسیون) دنیا لەمەترسی باوێژێ.

پاشان نۆرەی هەڵەبجە بوو،کە خەراپترین بابەتی خاوکردنەوەی بەڵێننامەی ساڵی 1925 ژنۆ لە بەستێنی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمایی لە سەردەمێک بوو کە موسولێنی ئەم چەکانەی لەساڵی 1935 لەهێرش بە (حەبەشە) بەکارهێنا. هەربەمجۆرە کەفایننشل تایمزلە 23ی مارس ڕاپۆرتی کرد:(دژکردەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هاوار بەرزبوونەوەی سەرهەڵداو لە مەترسی کوردەکان هەتا ئێستا بەشێکی بێدەنگی بێ قەیدوشەرت نەبوو) لە 26ی مارس ئێراق بەڕاشکاوی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمایی دەم پێداهێنا. لە مانگی ئاوریل گروپێکی موعتەبەر لە زانایوخ و زانیارانی ئینگلیزی دەست بەکاربوون بۆ ئەمە:(شوین هەڵگران) و پسۆران، دەرمانی زیدی ئالودەیی بۆ کوردستان بنێرن،بەڵام بە دەستووری دەوڵەتی بریتانیا خاوەنی پێشەسازەکانیان لە هەنگاو هەڵینان بۆ ئەم کارە مەنع کرد.

بەڵام لەمانگی ژوئین، ئەو کات ڕوون بۆوە کە ئێران هێزو توانایی بەردەوام کردنی شەڕی نییە،بریتانیا خوازیاری(لێکۆڵینەوەی) دەست بەجێ) لەبابەتێک بوو کە دەوڵەتی تومەتبار بە کەلک وەرگرین لەم چەکانە دەکرد- ئەمەزەنگی مەترسییەک بۆ ئیراق بوو،کە ئێستا ئەوە شەڕ کۆتایی پێهاتووە،دەبێ شەڕی شیمایی ڕابگرێ. بریتانیا لەو نێوەدا لە شورای نیونەتەوەیەکان(شوورای سازمانی ملل متحد)و تەکووزکردنی بەڵیننامەی شمارە620شوڕا کەلە 26ی ئەوت پەسەندکرا،ڕۆڵی ڕێبەری بەڕیوەبرد: ئەم بەڵیننامەیە بەکارهێنانی چەکەکانی شیمیایی ئیدانەو مەحکووم دەکرد و(خوازیاری هەنگاوهەڵینانی لێهاتوو مجدوکارتیکەر) لەحالێ کەلک وەرگرتن، لەوان بوو، لە حاڵیکدا کە ڕۆژێک پێش لە وی،مەسعودبارزانی لە ناونەتەوەیی داوای کردبووپێشگیری لە هێرشەکانی شیمایی ئێراق بۆ بادینان بکەن، ئەوجێگایەی کەئیراق زێدەترلە هەزاران کەسی بە گازەکانی شیمیایی کوشت بوو- وهەتا مانگی ئۆکتۆبەرش هەروا(لەکاری خۆی) بەردەوام بوو.

کۆمڵگای ناونەتەوەیی خێرا ڕادەی دەستەبەری خۆی بە بڕیارنامەی شمارە 620ی شوڕای ناونەتەوەیی ئەمنیەت نیشان دا. چاخێک چاپەمەنیەکانی دنیا تەلەفیاتی سەرهەڵداو لە هێرشەکانی شیمیایی بڵاوکردەوە،دەوڵەتەکان وردە وردە دژکردوەیان نیشاندا. بۆ نموونە لە30ی ئەوت دەوڵەتی بریتانیا (نیگەرانی) خۆی سەبارەت بەم جەرەیانە ڕاگەیاند، وچوار رۆژ دوایی باسی لە(نیگەرانێکی قوڵ) کرد. بەڵام هەربەمجۆرەی کە ڕۆژنامەی (ئیندپندنت) لەژمارەی ڕیکەوت 6ی سپتامبەرخۆی نووسی: بریتانیاحاشای لە وەرگرتنی (بەڵگە و سەندودیکۆمەندی بەیەقین و موعتەبەر)دەکرد،خۆشحال بوو کە لەناونەتەوەیەکگرتووەکان لەبابەت چەکەکانی شێمیایی ئالیکاری بکات)بەڵام موافیق نەبوو(لەپێش هەموواندا بچێتەشەری ئێراق)بە بەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەلای خۆدی ئینگلیستان موافیق نەبوو،بەڵام لەم بابەتە لە تورکیە ئاگاداری داواکرد،تورکیە کە هەر لە

بەرێ حاشای لە هەرجۆرە شایەتی و شوێنەواریک لەمەڕ کەلک وەرگرتنی ئێراق لە چەکەکانی شیمیایی کردبوو. گاردین بیروڕاو نەزەری خۆی ئەوهاڕاگەیاند:

بولداگ هێشتا حازرنییە(واقەیەکی)بچووک بە دژایەتی لەگەڵ گەورەترین بابەتی شەڕی شیمیایی لەم پەنجاساڵەی دوایی لێبێت. ئیدانە کردنێک لەگۆڕێ نەبوو،سەرکۆنەش لەبەین نەبوو. لەمەڕ فەرمی، بریتانیا هێشتا چاوەڕوانی (بەڵگە) یە،هەتا دیپلۆماتەکانی (ئیش گوژ) و بێ(ئابڕو)ی وەزارەتی دەرەوە، دەبێ لەم هەموو دەغەڵیە لە خۆیاندا بلەرزن...بۆ ئەوانە هەتا (مردن)یش شایەتی و بەڵگەی نییە...بەڵام ئەخلاق هێشتا لە پەیوەندی نیونەتەوەیی شوێنێکی بۆ خۆی هەیە. جاروایە بێڕاشکاو نەدوان، دژی خەڵکێکی دیفاع هەڵنەگرتوو، کەلە زلکاوی ڕیا ودوو ڕوویی پەلە قاژە دەکەن،شی کەرەوەی بێ ئەخلاقی ترسەنووکی تایبەت بە خۆیەتی)

وەزارەتی دەرەوەی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،ئێراقی تۆمەتبار بە کەلک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی کرد،بەڵام حەوتوویەک دوایی لەنەکاو تووشی شەرمەزاری وخەجاڵەتی بوو،و لەنیشاندانی بەڵگەو سەنەد کەلەم بارەوە هەیبوو خۆی لێ گێل کرد،و پێشنیاری کرد کە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەمە لێکۆڵینەوە بکەن-بە وێچوونی زۆر دایزانی کە تورکیە پێشتر بڕیاری گرتووە بەهیچ گروپێک لە سازمانی ملل ئیجازەنەدا سەردانی پەنابەرەکانی نشتەجێ لەتورکیەبکەن.

دیاربوو کەنە بریتانیا و نەهیچ وڵاتێک حەز لەمە ناکات کەلەم بابەتەوە پێشقەدەم بێت. لە دوایی دڵخورپەی ئاشکرای ئەو دەوڵەتانەی کە نەیاندەویست وتووێژی ئاشتی ئێران و ئێراق بە مەحکووم بوونی ئێراق لە مەترسی بکەوێت، نیگەرانی واقعیتربوو. و ئەمە کە پرۆژەی گەورەی نوێکردنەوەی لەدوای شەڕ(کە بە پەنجاه میلیارد دۆلاربەراورد دەکرا و ئێراق لەڕاستیدا بە ڕەقابەتی دادەنا)لەمەترسی بکەوێ.

بەڵام هەشبوون خەڵکی بەکەرامەت و چاونەترس و پیاوانە وبەویژدان کە تێدەکۆشان و حەولیاندەدا سەبارەت بەئەوەی ڕوویدابوو کۆی کەنەوەو بڵاوی بکەنەوە. دوو بنکەی ئامریکایی، یانی کۆمیتەی پەیوندداری دەرەکی سەناو وسازمانی تایبەتی دکتۆرەکان مافی بەشەر،بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەمەڕ بەکارهێنانی چکەکانی شیمیاییان لەلای ئیراق بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتی سەنا لەکۆتایی دا دەیگوت: جگە لەشاهیدی لەشی زامدارەکانی شیمیایی مەوجوود، کەمتەرخەمی و گوێ هەلنەخستن بە ڕاپۆرتەکان و شوێنەواری بەرچاو.

پێویست بەمە دەکات کە مرۆڤ قەبووڵ بکات کە 65000پەنابەری کوردی کە لەپێنج ئۆردوگای جۆراوجۆر دەست بەسەربوونە، توانیویانە لەماوەی 15ڕۆژ پیلانێک بۆ بەد ناوکردنی ئێراق ڕێکبخەن،و ئەم پەنابەرانە شیاون پیلانی خۆیان نەک تەنیا لە ئێمە،کە لەچاپەمەنی دنیاش وەشێرنەوە.

چەند دوایی گوین رابرتس،ڕۆژنامەنوس،نموونەی ئەوخۆلانەی کە حیکایەتیان لە ماددەیەک دەکرد کە لەم جۆرەهێرشانە کەلکیان لێوەردەگیرێ،لەگەڵ خۆی هێنابۆوە.

لەسەرئەوهەموو بەڵگەو سەندە، گەلێک لە وڵاتانی کۆمەڵگای ئۆروپا، ئێراقیان سەرکۆنەکرد،بەڵام کارێکیان نەکرد کە ئەوجۆرەشتانە لە پەیوەندی سیاسی و ئابووریان تەنگەژیەک بێنێتەدی. بۆ نموونە،بریتانیا ئیحتوباری کەل وپەلی ناردراوەی خۆی بۆ ئێراق دوو بەرابەرکرد،ئەمە شتێک بوو کە قەت لە گەڵ قسەکانی وەزیری دەرەوەی بریتانیا یەکی نەدەگرتەوە. ئەوگوتبووی:( ئێمە لە هەست پێکردن بە نیگەرانی توند لەم تۆمەتباریە(یانی: شەڕەکانی شێمیایی) لە پێشەوەی هەموویان جێگامان هەبووە)لەجەرەیانی)گروپی لێکۆڵینەوەی اسکات)لەساڵی 1993ئاشکرابووکە وەزارەتخانەکانی بریتانیا بڕیاریان گرتووەکەلە دوایی ئاگربڕی ئێران و ئێراق لە زۆرایەتی بەرتەسک بوونەوەی ناردراوە، بۆ ئێراق کەم کەنەوە،هەتا بتوانن ڕاسپاردی نوێ لە ئیراق وەرگرن،( بەڵام سری جەفەری(هاو) هەستی پێکرد لە حاڵێکدا کە هەزاران قاقەز بە وەزارەتخانە دەگات کە دەواندا سەبارەت بەهێرشاکانی ئیراق بەکوردەکان ئیعتراز دەکرێ، ئەم کارە زۆرخۆ بینانەو بدور لە محیبەت و میهربانی ئینسانی دەبێت.

لە سەنای ئامریگا لایحەیەک پێشنیارکراکە بەپێی وی ڕیگریەکانی کەدەبوایە لەسەرئێراق بەکارهاتبوایە و ئیحتوباری 800میلیون دوڵاری کە بۆ کەل وپەلی حەساس بەئیراق درابوو،هەڵبڕابوایە. بەڵام قازانجێکی ئیکجارزۆر لەبەین دابوو،ودەوڵەت لەگەڵ ئەولایحە دژایەتی کرد، لەبەرئەمە لایحە بیچمی یاسایی بەخۆەوە نەگرت. لەئاڵمان(سازمانی تایبەتی) دوازدە شەریکەی شیمیایی ئاڵمانی تۆمەتبار بە ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی ماددەو کەڵ وپەڵی پێویست بۆ دورست کردنی چەکەکانی شێمایی بۆ ئێراق کرد، و دەوڵەتی ئاڵمانیەی تۆمەتبار بە داکۆکی لەم هەنگاوانە و سستی و کەمتەرخەمی لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شکانی دەستووراتێک کرد کەبۆخۆی لەم بارەوە پەسەندی کردبوو. لەژوئینی 1988 مەسعودبارزانی فەرانسەو ئیتالیا وهولەندی بە یارمەتی بەئیراق، لەبەرنامەی شەڕی شیمیایی تۆمەتبارکردبوو.

مەعلووم بوو کە گەلێک لە وڵاتەکانی پێشەسازی ماددەی حەساسیان بەئیراق دەفرۆشت،و حەزیان لەمە نەدەکرد کە بەهۆی بڕیارنامەی 620ی شورای ئەمنیەت یان قەولنامەی ساڵی 1925 لە فرۆشتنی چەکەکانی خۆیان بۆ ئێراق کەم کەنەوە. هێشتا ساڵێک لە ڕووداوی هەڵەبجە تێپەڕ نەببوو کە بریتانیا و فرانسەو وئیتالیا و یۆنان و پرتغاڵ و تورکیە، هەروا وڵاتانی ئۆڕوپایی ڕۆژهەڵات و مەملەکەتەکانی ئامریکای لاتین لە پێشانگایەکی نیو نەتەوەیی بەرهەم هێنانی نیزامی لەبەغدا بەشداریان کرد. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،پێشتر گەلێک کەل وپەلی حەساسی بەئێراق فرۆشتبوو. مامەلەو فروشتنی ئەوها لەسەربناخەی(ئاتاجی بە) دابین کردنی پێشەکان لەناووڵات و پاراستنی ئارامی ناوچە شی وئازانتی دەکرا- وئەمە هەڵکراندێک بوو کە بەئاشکرایی لە ئامان ورزگاری بیچمی هەزاران خەڵکی ئاسایی ناوچەی لە چوارچیوەی لێکدانەوەی خۆی کراند بوو.

سەرچاوەکان؛

بإو بۆوە: دلاوەر عەلائەدین، هەورەکانی مردن: شەڕی شیمیایی سەدام حوسین دژی کوردەکان(لەندەن،1991) مارتین وان بروئن سن،(کوردەکانی نێوان ئیران وئێڕاق)لە گۆڤاری ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،ژمارە 141،ژوئیە- ئەوت 1986،شهرام چبین و چارلزتریپ،ئێران وئێراق لەشەڕ(لەندەن،1988)گالتی، (sviluppda del problema
.curdo)gesellschaft fur bedrohte-volkerئاڵمان و توورەمەکوژی لەئیراق:ئەزیەت ولەناوبردنی کوردەکان و ئاشۆڕیەکانی مەسیحی،1986 -1990 (گوتینگن 1991) غەریب،کێشەکورد لەئێڕاق،کامران قەرەداغی،(شەڕی کەنداو،کوردەکان لەئولکەی دنیادا)لەشالیان،خەڵکی بێ دەولەت(لەندەن،1993) سمبرالخلیل،کۆماری ترس ولەرز: سیاسەتەکانی ئێڕاقی نوێ(بەکلی،لوس انجلس،1989) دیدەبانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست- دیدەبانی حقووقی بەشەر،نسل کوژی لەئیڕاق: عەمەلیاتی ئەنفال دژی کوردەکان (نیویورک،1993)وبوروکراسی سەرکوت: دەولەتی ئێراق بە ڕیوایەتی خۆدی وی(نیویورک واشنگتۆن،فوریەی 1994)محەمەد ملک(کوردستان لەکیشمەکیشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)لەگواری چەپ نوێ ژمارە175، مەی- ژوئین 1989 مور،کوردەکانی ئەمڕۆ،پاکس کریسی اینترنشنل، دەنگدان لە کوردستانی ئێڕاق(بروکسل،ئەوت 1992) دکتۆرەکانی حقووقی بەشەر(بایەکانی مردن)کەلک وەرگرتنی ئیراق لە گازەکانی ژەهراوی دژی خەڵک) (سامرویل،فوریەی 1961)یەکیەتی نشتیمانی کوردستان،ئینقلاب لە کوردستان، گوین ڕابرتس، (بایەکانی مردن)لەپەیامی ناردراو،کاناڵ 4ی تلەفیزیوون، 23ی نوامبەری 1988، ڕاپۆرتی کۆمیتەی پەیوەندیداری دەرەکی سەنای ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،کارگەری چەکەکانی شێمایی لە کوردستان: ئاخرین هجوومی ئێراق) (واشنگتۆن،21ی سپتامبەری 1988.)

ڕۆژنامەکان گۆڤارەکان وهتد...بێ بێ سی،کورتەی دەنگ و باسەکانی دنیا،فایننشل تایمز، گاردین ، اینترنشنل هرالدتریبیون،کوردیش ئانزرور،لۆموند،میدل ایست اینترنشنل، مورنینگ استار،ئابزرورفارن سرویس،پێشمەرگە،تایمز،

بإو نەکراوە: سامی شۆڕش(هەڵکەوت ودۆخ و مەوقعیەتی ئەمڕۆی دین لەناو کوردەکانی ئیراق) نامەی کۆتایی خوێندن،لەندەن 1993).

داخۆیانەکانی چاپەمەنی: جبهەی کوردستانی ئێراق،هێرشەکانی شیمایی لە کورەدستان بە ڕەدیف ڕیکەوتی ڕووداو(بێ ڕیکەوتی بإوکردنەوە) کۆتایی ساڵی 1988) داخۆیانەکانی چاپەمەنی کوردستانی ئێڕاق،بەیانیەکانی چاپەمەنی یەکیەتی نێشتمانی کوردستان، داخۆیانەکانی عافووی نێو دەولەتی.

وتوویژەکان: دلاوەرعەلائەدین(لەندەن،18ئەوت 1989)کەریم خان برادۆستی(لەندەن،18ی فۆریەی 1992) مەسعودبارزانی (لەندەن،21ژوئیەی 1989) و سەلاح ئەدین 10ی ئۆکتۆبری 1991) عادل مراد(ەندەن،26و29ی ژوئیەی 1993) عومەرشیخموس(لەندەن،15ی مارسی 1985) سامی شۆڕش (لەندەن،ژوئیەی 1993) حوسین وجەوهەر سورچی(لەندەن،18ی فۆریەی 1992) جەلال تاڵەبانی

(لەندەن،9ی فۆریەی 1990) هوشیار زێباری(لەندەن 18ی ژوئیەی 1990) وچەند کەس لە سەرۆکانی جاش کە داوایان کرد ناویان نەهێندرێ(سلیمانیە9-12 ئۆکتۆبەر1991)

یادداشتەکان:

1-عادل مراد،عەبدولڕزاق ئازیز،کەماڵ فئواد، فئواد مەعسوم،نوشیرەوان مستەفا ئەمین و عومەرشیخموس. 2-عینوانی سەراستی وی(کۆمیتەی موەقەت)ی بەدوادابوو. 3-یەکیەتی نێشتمانی کوردستان، ئینقلاب لە کوردستان،لاپەڕەی 1-ئەم بۆکراوەیە پەیتاپەیتا ڕیبەری قەبیلەکانی بزوتنەوەی کوردی مەحکووم دەکات. 4-ئەم گروپە بریتی بوون لە عومەرمستەفا (دەبابە)دکتۆرخالد سەعید،سەعید کاکە، وسەعید عەزیز،لەگەڵ عادل مراد،26ی ژوئیەی 1993. 5-لوقمان کوڕی مەلامستەفا وجێگری وی لەمەی 1965 لە عەمەلیات کوژرا. 6-ئەم عەمرانە لە قاقەزی ڕیکەوت 14ی ئاوریلی 1978 بەئیمزای تاڵەبانی هاتبوو. پێگەی واقعی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە برادۆست لە ڕۆژهەلاتی گەڵی هادان بوو. 7-نامەی ڕیکەوت 20ی ژوئین 1978ی تاڵەبانی بۆ قەرارگای یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە دێمشق-ناوکان. 8-گروپێک لە ئەندامانی یەکیەتی نێشتمانی بۆچوونیان وابوو تاڵەبانی،عەلی عەسکەری بەئەنقەست بەرەو هەژدیهای مردن ناردووە. 9-بەتایبەت عەمەرمستەفا وخاڵد سەعیدو عەلی عەسکەری ڕەحمەتی. 10-ئەلجبهەالطنیتەالدیموقراطیتە العراقیتە،لە14ی نوامبەر پێکهات. ئیمزاکەرەکانی دیکە بریتی بووم لە حیزبی سوسیالیستی ئیراق، بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێڕاق(ناسریەکان)و سازمانی ئەڕتەشی خەڵکی(مارکسیستەکان). 11-کەلین لە ناخی حیزبی کموونیستی ئێڕاق قوإیی و بەرفرەوانیەکی زۆرتری گرت. دەستەیەک لەپارتی دێموکراتی کوردستان ودەستەیەک لە حیزبی ناسیونالیستەکانی عارەبیان داکۆکی دەکرد. 12-عادل مرادو مەحموودعوسمان یەکێک لە ئیمزالێداوەکان(لەدێمشق) بوون. بەپیی ڕاپۆرەتەکان مەحموودعوسمان هەستی پێدەکرد مامەند بە ئەنقەست بن پێی وی دەکۆلی. لەیەکەمین کۆنفرانسی حیزبی سوسیالیستی کورد،دکتۆرعوسمان لەپاإوتراوە بۆ ڕێبەری حیزب نەچوو،مامەند ڕیبەری حیزب بوو. (عادل مراد زۆرترین دنگی هێنایەوە)بەلام ئەو بەهۆی تەمەن کەمی وئەزموون خۆی بۆ دوایی کێشاوە)وتووویژی عادل مراد لەگەڵ نووسەر29ی ژوئیەی 1993. 13-شەهرام چووبین وچارلزتریپ،ئیران ئێڕاق لەشەڕ(لەندەن، 1988) لاثەڕەی 105،کە کورتەی دەنگ و باس سەرویسی دەرەکی بی بی سی نەقل کردوە(27ی فۆریەی 1982) 14-کەحموودعوسمان لەحیزبی سوسیالیستی کوردستان بەنهێنی چاوی بەسەدام کەوت بەلام بەم ئاکامە گەیشت کە ئیمکانی گریدانی قەرارداد نێوان ئەم دووە بەهۆی بەردەسکی شوێنتیکەری حیزبی سوسیالیست لەکوردستان ئیمکانی نیە. 15-پارتی دێموکراتی کوردستان حەولیدەدا هەموو کوردەکان لە ئۆردوگاکان بۆماڵەکانی خۆیان بگەڕینێتەوە وزیندانیانی سیاسی ئازادبکات. بەلام سەدام هێچکام لەم دوو داواکاریەی قەبووڵ نەکرد. 16-اینترنشنل هرالد تریبیون،ڕیکەوتی 28ی مارسی 1984. 17-دیدەبانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،نسل کوژی لە ئیراق،لاپەڕەی 40، 18-ئەلعراق،13ی

41. لاپەری ئێراق لە کوژی نسل ناوەراست، ڕۆژهەڵاتی لەدێدەبانی بەنەقڵ سپتامبەری1983،
بارزانیەکان وەکوو زوربەی پاکسازیەکانی ڕژیم لە باکووری ئێراق کوشتارکران.
19-لوموند،14-15 ئۆکتۆبەر 1984. 20-هەنۆکە ژمارەیەک لە
ئەندامانی حیزبی کموونیست بەدوای خەیاڵی بەدرو(دێموکراسی ڕیزی حیزبیان بەرداوە،-وەدوای
کاوی خوارکەوتوون-گاردین،3ی فۆریەی 1984. 21-
ڕاستیەکەهەرچی بێت،تورگوت ئوزل لە 17ی ئۆکتۆبە ئیقدامی هاوبەشی دژی شۆرشگێران ڕاگەیاند.
22-ڕووداوێک کە هۆکاری هەڵگیسانەوەی ئاگری شەڕ سەرلەنوێ بوو،لەبۆسەخستن وکوشتنی
مامەرەش،فەرماندەری هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە پارێزگای کەرکووک بوو. لەسپتامبەری
ڕابردووش یەکی دیکە لەفەرماندەرەکانی پایەبەرز بەناوی سەیدکەریم، کە جاشەکان لەبۆسەیان
خست و کوشتبوویان. 23-هەتا ئەوسا,ئەی 1988
جەلال تاڵەبانی هێشتا گروپەکانی دیکەی بە ئاخافتنەگچکەدەکرد(حیزبەکانی دیکە شوین
تێکەریەکی ئەوهایان لەکوردستان نیە، بارزانیەکان گروپێکی بچکۆلن، بەئیران
بەستراوەتنەوە،ئەگەر عەشیرەکەیان لێ وەرگریەوە، وبۆ شارەکان و دیهاتەکان بڕوی دەبینی کە
بەهۆی خەراوکاریەک کەدژی خەڵک کردویانە گروپێکی گچکە زیدەترنین) ڕەنووسی تووێژلەگەڵ
هاوالدەرەکی فەرانسەوی لە 1986. 24-بۆ نموونە،ئیعدامی هەموو دانیشتوانی
گوندەکانی قەزاکان لەبەشی ڕانیە لەدوایی تەقەولێکدانێک کەلەدەسامبەری 1976 لە نزیکی وی
لەگەڵ خەنگاوەرانی یەکیەتی نێشتمانی ڕوویدا،ئیعدامی 300سەربارزی هەڵاتوو لەخزمەت
ودەستەیەک کە مەشکووک بوون هەرچەند کە پێشمەرگەن(لەمانگەکانی نوامبەر و دەسامبەری
1985). 25-لوموند،16ی ئاوریل 1987. 26-
ماددەشێمایی یەکان بریتی بوولە: گازی خردل،تابون،و سارین. 27-دیدەبانی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست،نەسل کوژی لەئیراق،لاپەڕەی 62. 28-لەمەنگی مەی 1987، 386کەس لە زامدارانی
هێرشەکانی شیماوی لە (شیخ ویسنانان)( پارێزگای هەولێر کۆکرانەوە ئیعدام کران. لەسەرەتای
فۆرییەی 1988، 426کەس لە سەدەمەدیتوەکان کەبۆ دەرمانکردن بردرابوون ون بوون، مانگی دوایی
400کەس لە زامدارانی شیمایی لە150 مناڵ بوون لە2ی ئاوریل لە سلیمانیە ئیعدام کران. بڕواننە
ئاڵمان و نەسل کوژی،لاپەڕەکانی 48-48 ونسل کوژی لەئیراق،لاپەڕەکانی 62-69(لەدیدەبانی
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). 29-برگەی 6ی فەرمان ڕێکەوتی 3ی ژوئیەی
1987 بۆ دەستووراتی پێویست بەنەسل کوژی بڕواننە بە باوکراوەی دیدەبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بەناوی نەسل کوژی لەئیراق،لاپەڕەکانی 79-84 و(بورکراسی سەرکوت) لە لەو سازمان،لاپەڕەکانی
70-72. 30-ئەم بەشە لەسەربناخەی ئەو وتوویژانەیە کەلەغەڵ
ڕیبەرای جاش لەدوایی لکانیان بە بزوتنەوەی نەتەوەیی لەمارسی 1991 ئەنجامی گرتووە،
بەبەڵگەی ئاشکرا زوربەیان پێیان خوۆش نەبوو ناویان لەناوکتیب بمێنێتەوە. 31-
مەسعودبارزانی،توویژ لەگەڵ نووسەر،سەلاح ئەلەدین،10ی ئۆکتۆبری 1991.
32-وتوویژ لەگەڵ سەرۆکی عەشیرە(بێ ناوهێنان)لە سولیمانیە،لە ئۆکتۆبری 1991.
33-عیزت برایم لەکەسانێک بوو کەپەیتاپەیتا لە پارێزگای کەرکووکی سەردان دەکرد. ئەو بەرپرسی
ئاسایشی کوردستان بوو، پاشان لە 1979 بە جێگری شوڕای فەرماندیی ئینقلاب گەیی.
34-شێخ عوسمان دوایەکان لەنزیک ئەستانبۆل نشتەجێ بوو وبەناوەندیەکی مەزن بۆ
نەخشبەندیەکانی تورکیە ومەملەکەتەکانی دیکەی دنیا گورا. 35-پێویستە سەرنج بدەنێ

کەلەحالیکدا کە دەوڵەت لە باکووری ئیراق لە پڕوپاگەندەی خۆی لەسەرناوەڕۆکی عاڕەبی –عەجەمی بەربەرەکانی( بەئامازە بە هێرشی عاڕەب بۆ سەرساسانیان) کردبوو پاڵ پشت، لەکوردستان پاڵەپشتی ئەم مەسەلە لەسەربەربەرەکانی شێعەوسوننەبوو.
36-ئەم گروپە کە وەکوو چریک کاریان دەکرددەبوایە ژمارەیەک بوان کە شیاوی ئیدارەبوایە. بۆ بەردەوام کردنی شەڕبە بیچمی مەعموولی بە چەکەکانی قورس و هیزی ئینسانی زۆرتر ئاتاج بوو.
37-مەسعودبارزانی ،وتوویژ لەگەڵ نووسەر، سەلاح ئەدین، 10ی ئۆکتۆبری 1991.
38-سەرچاوەکانی مەعتەبەرلە هەمووان بریتی بوون لە: نەسل کوژی لە ئێڕاق وبوروکراسی سەرکوت، لەدیدەبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. 39-ئێستا بە سەرنجدان بە ڕووداوی هەڵەبجە هیچ ڕیبەرێکی کوردنەیدەتوانی لە خۆفی لەمەترسی کەوتنی هەموو خەلک حازر بەتوویژبێت. 40-سوڕەی ئەنفال پەیوەندی هەیە بەشەڕی بەدر...
41-دیلی تیلگراف، 4ی مارسی 1988 ئەوشارۆچکانەی کەلە وانم ناو هێنراوە بریتی بوونلە: ئاقچەلر،بسنە،بەرزنجە،کەنارۆ،چوارتا،کەرێزە،خورمال، قەإچۆإن،قەرداغ،سنگاو،سووری قەلأت، بەشی قەدیمی ڕەواندز. لە گەڵیەکانی بالیسان وجافانیش هێرشەکانی شێمیایی کرابوو.
42-دیدەبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،نەسل کوژی لەئێراق،لاپەڕەی 106. 43-دیدەبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەسڵ کوژی لەئیراق،لاپەڕەی 161. 44-دکتۆرەکانی حقووقی بەشەر،بایەکانی مردن،لاپەڕەکانی 3. 45-77گوند لەناوچەکانی زاخۆ،عمادیە،عەقرە،دهۆک،سەرسەنگ،میرگە سۆر ورەواندز لە25ی ئەوت هەتا 1-سپتامبەر هێرشەکانی شیمایی قەراریان گرت. ناوی ئەم گوندانە لە ژمارەی 18ی ڕیکەوت مارسی 1989 پێشمەرگەداهاتووە: بڕواننە بە ئیندپندینت،ژمارە 3ی سپتامبەری 1988. 46-دێدەبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،نەسل کوژی لەئیراق،لاپەڕەی 217. 47-دیدەبانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بوروکراسی سەرکوت،لاپەرەی 116. 48-بەپێی ڕاپۆرتی یەکیەتی نیشتمانی ژمارەی وێرانیەکان ئەوهابوو:1-خاپووربوو 3839گوند،1757قوتابخانە،2457 مزگەوت،271نەخۆشخانە ودەرمانگا،2-بنەماڵەکانی دوورخراوە: 219828،خانوادەیانی:1/5میلیون کەس،هەرخانەوادەیەک حەوت کەس. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا گوتی: کەلەم ویرانیە بەم شێوەیە ئاگاداری نەبووە. بەڵام لە ڕاستیدا بە واستەی ماوارەکانی سیخوری لەم مەسەلە ئاگاداربوو. لە نخشەیەک کەلەشەڕی کەنداو(خەلیج) بڵوی کردەوە،سێ جوارم لە گوندەکانی کوردستان بە (فەلاشی خاپوور بوون) دیاری کرابوون.
49-لە زۆرلە ئۆردووگاکانی قەراخ کەرەج،نزیک تاران و لەجەهرم نزیکەی شیراز،دەژیان. لەناوچەکانی سنووری -ش ئەردوگاکانی بەپەلە بۆ وەرگرتنی پەنابەران ئامادەکرابوو. ئیران بە شیوەیەکی بەرتەسک بە کارگیڕانی تەندورستی سازمانی ملل.....................ئیجازەی دەست وێڕاگەینی بە پەنابەران دا. بوإم بە سازمانەکانی دەرەکی دیکە ئیجارزەی سەردان لە ئۆردووگاکان نەدا.

50-ئەو بۆ ڕفراندۆم 25ی سپتامبەر ئاتاجی بەداکۆکی هەبوو. ئەوهەروا بۆکرمکردن دەسەڵاتی کەماڵیستەکان لە ئەڕتەش ئاتاجی بە پشتیوانی کوردەکان هەبوو. تورکیە داوای ئەندامەتی لەکۆمەلگای ئۆڕوپا ڕەت کرد. 51-تورکیە کەچی یەکێک لە ئینزاکەرانی (کموانسیون)ی ساڵی 1959ی پەنابەران بوو بە قەولنامەیەک کە شێکردنەوەی پەنابەریەتی بەدەرەکی لەئۆڕوپا نەرفرەوان دەکرد موافیقەت نەکرد. 52-یەکیەتی نێشتمانی لە

16و17و23وئاوریل و 15و19و25ی مەی وجارێکیتر لە 4ی سپتامبەری 1987 ڕووی لە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی کرد،ڕاپۆرتەکانی چاپەمەنی لە ڕۆژنامەکانی موعتەبەری ڕۆژئاوا،بۆ نموونە دێلی تیلگراف،24ی ئاوریلی 1987،گاردین، 2ی مەی 1987 نیویورک تایمز، 15ی سپتامبەری 1988،اینترنشنڵ هرالدتریبیون،12ی مەی 1987. 53-ئەو پسپۆرانەی گروپی کار، پەیوەندار بە چەکەکانی شیمیایی ومیکرۆبی بوون، دەوڵەت کەل وپەلی بەڕیکرنی بۆ دەرەوە بەپێی قانوونی ڕیگری لەچوونەدەری چەکەکان وکەڵ وپەل وئەمرازی کە لەکاروباری نیزامی کەلکی لێ وەردەگیرا وداواکاربوو کەدژی ئیراقی بەکارهێناوە یاساخ کردبوو. 54-گاردین،7سپتامبەری 1988.
55-گوێچکە هەلخستن هاتووچۆی نیزامی ئیراق،نیویەرک تایمز،15ی سپتامبەری 1988. بڕواننەهەروا بەفایننشل تایمز،9و15ی سپتامبەر،اینترنشنل هرالدتریبیون،14 سپتامبەر،گاردین،15 سپتامبەر،1988. 56-ڕاپۆرتی کۆمیتەی پەیوەندی دەرەکی سەنا(کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی لە کوردستان): هێرشی: ئاخری ئیراق(واشنگتۆن،21 سپتامبەر 1988)دکتۆرانی حقووقی بەشەر،داخۆیانی چاپەمەنی 22ی ئۆکتۆبەی 1988) وڕاپۆرتی گرینگی وی،بەناوی (بایەکانی مردن: کەلک وەرگرتنی ئیراق لەگازەکانی ژەهراوی دژی خەڵکی کورد )فۆریەی 1991. 57-هەروەک یەکێک لە دیپلۆماتەکانی کە لە کاروباری ئێراق و خەلیج کاری دەکرد لە نوامبەری 1989 بە منی گوت:( دەوڵەت لەبیروڕای دانەبووکە چاوەنواڕی سیاسی و ئابووری خۆی لە ئیراق و خەلیج بۆ بۆنەی کوردەکان لەمەترسی بخات.
58-لە175میلیون پۆند بۆ ساڵی مالی 1987- 88بە 340 میلیون پۆندی بۆ ساڵی ماڵی 1988- 89.
59- ایندپندنت،10ی سپتامبەری 1988. 60-تایمز،30ی ژوئیەی 1993.
61-جگە لە 800میلیون دوإر ئیحتوباری بۆ دەرەوە، وەرزیران ئایووا کە لەگەڵ تەنگەژەیەکی زۆر ڕوو بەڕوو بوون، دەبوایە گەنمی خۆیان بۆئیراق ناردبوایە.
gesellschaft fur bedrohte voiker -62
ئاڵمان ونەسل کوژی لەئیراق،لاپەڕەکانی 3-4. یەکەمین هەنگاوەکان لە 1984 هەڵیانگرتبوو،لەمە بەدوا بەردەوام بوو. لە 28ی نوامبەر 1987 گاردین نوسی:کەبنگای دەرمانی مەزنی ئاڵمان بە پۆشیشێک بۆ هاوردنی ماددەی خاوی پێویست بە شەڕەکانی شیمیایی بۆ بەغدا دەنێرێ،واقعیەیەکی گرینگی کەلەیەکێک لە ئازمایشگاکانی بێروت ڕوویدابوو،گوزارش کرد،ڕەقەمی ئیحتوبارێک کەئاڵمانی غەربی لە 1987 بەئیراقی دابوو بە 167 میلیون دوإر گەیبوو،ایندپندنت،15 ئۆکتۆبەی 1988.

بەژی 17،

**ڕاپەڕین و حکوومەت**

کارتێکەری تێشکانی ساڵی 1988 لەمەڕ ڕەوانی،زۆر بەسامترو ترسەنۆکتر لە تێشکانی ساڵی 1975 بوو. ڕەگەزبڕینەوە و نەسل کوژی،کەهەڵەبجە(ڕەمزی)وی بوو،وردە وردە ئاشکرا دەبوو. سەدام، بێ موبالیغەو زێدەڕۆیی و بەڕاستی، نەتەوەی کوردی کوشتارکردبوو.

لە1975 بڕیارگرتنێکی بەرزنەزەرانە ومێرانە لە پەیوەندی لەگەڵ خودموختاری کوردستان وفورسەت و ڕەخسان و بەخشینی بەرپرسیایەتییەک بە ڕیبەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، بە وێچوونی زۆر شۆڕشی کوردەکانی بەرەو کۆتایی دەبرد. ئیدی نە کوردەکان و نە بەغدا،هیچ کامیان شک وگومانێکیان سەبارەت بە دەسەلات و قودرەتی بەغدا نەبوو. لە هەڵ و مەرجێکی ئەوهادا پێشنیاری بڵیند نەزەرانە و شکۆمەندانە، لەلایان بەغدا،کۆمەڵگای کوردی بە محکەم کردنی ئالقەی یەکگرتوویەکی بەقازانج و بەرهەم هێنەرلەگەڵ هەموو خەڵکی ولات ڕادەکێشا و دەبەستەوە. بەلام شتێکی ئەوها لە هەویری هەڵشیلاوی زاتی و سروشتی سەدام دا نەبوو.

بەم سیاسەتەی تۆرەمە بڕینەوەو نەسل کوژی کە حکوومەت گرتبوویە بەر،ئیدی بۆ ڕێبەرانی کورد شتێکی ئەوهێندە نەمابۆوە کە لەدەستی بدەن. لە ژوئیەی 1988، ئەوکات کە دیوی تێشکان لە چروچاوی ئەو ڕێبەرانە دەلەراوە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان بڕیاری گرت، هەرچی دەبێت بلا ببێت، باخۆراگری بەردەوام کات، وئەم بڕیارە لە کۆنگرەی دەهمی پارتی دێموکراتی کوردستان کەلە دەسامبەری 1989 لە تاران پێکهات،پەسەندکرا. یەکیەتی نشتیمانی کوردستان بە پارچەیەکی گچکە لەلێواری سنوور وەنووسا، و لەوێڕا هێرشەکانی خۆی بەردەوام کرد، هیچ کام لەم دوو حیزبە لە وەرگرتنی یارمەتی ماڵی لە دوژمنی گەورەی ئێراق،یانی سووریيە،لەگەڵ تەنگەژە ڕوو بەروو نەبوون. بەم شیوازە پارتی دێموکڕات و یەکیەتی نێشتمانی دەستیان بە زنجیرە عەمەلیاتێک کرد کەهەتا دەشتی هەولێر و هەتا ناو شاری کەرکووک دەرێژ دەبۆوە. بۆ نموونە، لەیەکێک لەم عەمەلیاتانە ئۆتوو بوسێکی دەوڵەتیان لە بۆسە خست و22فرۆکەوانیان کوشت. بەلام شێوازی کار گەلێک تەوفیری لەگەڵ شیوەیەک بوو کە لەجەرەیانی شەڕی ئێران و ئێراق بەڕیوەیان دەبرد: لەگەڵ هەرەشەی توندوتیژی هێرشەکانی شیمیایی و نەبوونی حاشارگە وپەناگایەک(بەرەی کوردستان)ئێستا شەڕیان بە ڕووتیکردنی بە(هێرشەکانی چالاکانە)و بۆسە دانانەوەو زەبرلێدان و هەلاتن بەردەوام دەکرد، بێ ئەوە شوێنیک دەست بەسەردابگرێ. هەردووک حیزب گەلێک حاشارگایان لە شاخاویەکان بۆ وەشاردنەوەی ئازوقەو چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ سەدان پیشمەرگە کەهێشتا ئارەزومەند بەبەردەوامی شەڕ بوون،سازدابوو. لە مەڕ سیاسی بۆ بەرز ڕاگرتنی ورەی خەڵک پێویست بوو تێکۆشانی شەڕی چریکی لە ڕاستایەک دابێت کە بەغدا نەتوانێت حەقیقەتی بەردەوامی بەربەرەکانی و خەباتیان لەبەرچاوی خەڵکی سەرگۆی زەوی بشێرێتەوە. تاڵەبانی زەنگی مەترسی لێدا کە بەرفرەوان کردنی داوینی عەمەلیات بۆ دەڤەرەکانی عارەب نشینی ولات، پەرەپێدەدات. هەڵگڕاندنی سروشتی لەم جەرەیانە ئەمە بوو کە عەمەلیاتێکی ئەوها ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی دەوڵەتی لەکوردستان بزمارکوت دەکات،و کارتێکەری دوورو درێژی دەبیت.

لەگەڵ ئەو هەمووە،ئاخۆ(بەرەی کوردستانی)حازربوو لەگەڵ سەدام وتوویژ بکات؟ ئاخافتنی مەسعووهدبارزانی حیکایەتی لەم مانایە دەکرد( مەسەلەی کورد،مەسەلەیەکی سیاسییە،کە لەڕێگای نیزامی چارەسەرناکرێت.)بەلام نیشانەیەکی هێندە لەمە نەبوو کە زەمینە هەڵسانگدنێکی) ئەوها،کارتێکەری لەسەربەغدا کردبێت. حکوومەت هەرچەند جار لە ئولکەی قودرەت ناڕاستەوخۆ، جولانەویەکی لەم بەستینە دەکرد،بەلام هەستێکی بەمەجبووری لەم بابەتە نەدەکرد،ئەوندە هەتا لە(عافوەکان)یش کەلە 1988-1989دای، تاڵەبانی لێ جیاکرد بۆوە. دڵەخورپەی بەغدا تەنیا

هەبوونی(بەرەی کوردستان) بوو،ئەویش لە حاڵێکدا کە مەترسیەکی گەورەی دیکە ڕژێمی هەڕەشەی لێکردبوایە.

لە 1990 بەم لاوە،لەبەرچاو شتێکی ئەوهای وادە نەدەدا. بەپێچەوانە،ئەمە پارتی دێموکڕاتی کوردستان بوو کە تەژی لە نیگەرانی سەبارەت بە دوارۆژ بوو،چونکە لەکۆتایی ژوئین مەسعود بارزانی لەگەڵ ڕێبەرانی ئێران چاوی پێککەوت ولەگەڵ ئەم کارتێکردنە لەم سەردانە گەرابۆوە کە ڕێبەرانی ئێران لە بیروڕایان دایە لەگەڵ ئێراق ئاشتی بکەن. ئەم جەرەیانە ناعیلاج بەمانای گریدانی سنوور و پیشگری لە تیکۆشانی چریکی دژی هەر دوو حکوومەت بوو.

**پشێوی کەنداو(خەلیج)**

لە هەل ومەرج و بارودۆخێکی ئەوهادا کە هێرشی هەڵنەسەگیندراوی ئێراق بۆ سەرکەوەیت بڕیاری( کۆمەڵگای دنیای)بۆ بەڕیوەبردنی ڕێگرو تەحریمەکان و هەڕەشە لەبەرتەقای نیزامی بۆ پاشەکشەی بێ ئەم لا ئەولاو بێ قەیدو شەرتی ئێراق فورسەتێکی ئەنجامدانی بە(بەرەی کوردستانی) پێشکیش کرد.

لەنەکاو، وبەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو،پێشامەت دەستیان وەدەستی یەکترداو، هەلەکی بی وێنەیان بۆ بەرەی کوردستانی ڕەخساند. کاتێک تورکیە بڕیاری گرت لەگەڵ ئەم ڕێگریەی دنیا دژی ئێراق بلکێت،سەدام هێزەکانی جیالەو هێزانەی کە لەناوچەکانی چۆڵەمەی حەیاتی، وەکوو سێ قۆزەی ئیران و ئێراق وتورکیە و ڕێگا هاتووچۆی زاخۆ هەیبوو، لەزوربەی کوردستان کێشادەر. هەروا مکرم تاڵەبانیشی بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان و حیزبی کموونیست، بە مەبەست و ئامانجی ئەنجامدانی وتوویژی ئاشتی، بۆ کوردستان نارد. بەڵام هیچ کام لەم دووە حازر نەبوون لەم کاتەدا کە کۆمەڵگای دنیای بۆ بەربەرەکانی دژی وی بانگەوازلێکراوە لەگەڵ وی پەیوەندی بگرن.

لە لایەکی دیکە کوردەکان هیچ شتێکیان پڕمەترسیتر لە پشتیوانی ئاشکرا لە بەرەیەک نەبوو کە بەڕیبەرایەتی ئامریکادژی ئێڕاق پێکهاتبوو،وپارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی هەر دوو تێدەکۆشان ئەم شک وگومانە لە مێشکی خەڵک دەرباوین و بسترنەوە کە ئامادەنە لە بەربەرەکانیەک کە ئامریکا بۆ ڕوخانی ڕژیمی سەدام دەستی پێکردوە بەشداری بکەن. ئەوانیش وەکوو ئێران هیواخوازی تێشکانی سەدام بوون،بەڵام دەترسان بەئاشکرا بۆلای ڕۆژئاوا بازۆن. بەرەی کوردستان دەبوایە چ لە ناو ئێڕاق وچ لەدنیای عارەب و دنیای ئیسلامی حەولیان دابوایە کارێکی نەکەن کە پەنجی خەیانەتیان لێدن. لە دێمشق ئەندامانی ناسراوی بەرەی کوردستانی یەکگرتوویان لەگەڵ بەعس و ناسریەکان و دەژکارانی سەدام حوسین ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەو هەمووە بە سەفەرەیکی تەژی لە هەراوهوریاو بێ ئاکامی تاڵەبانی بە واشنگتۆن لە نێوەڕاستی ئەوت و سەردانی فەرمی ڕێبەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی لە فەڕانسە لە سپتامبەر، وەشک کەوتن، بەرزبۆوە.

سەدام کە ئیکجار خەریکی تەدارەکاتی عەمەلیات لە کەوەیت بوو ئەو ڕادەیە لە هەڕەشەی کوردەکان ترسی هەبوو کە لە مانگی ئۆکتۆبەر بە بەرەی کوردستان پێشنیارئاشتی کرد، بەڵام بەرەی کوردستان حەزی نەدەکرد بەمە کە لەو هەل ومەرجی نامەعلووم، لەگەڵ وی مامەلە بکات.(بەرە)ئێستابە بۆ ئولکە هێنانی 3000پێشمەرگە و پەیوەندیەکانی کەلەگەڵ هێزەکانی پێکهاتووی جاش وکەسی کوردی ئەرتەشی پێکیهێنا،بەکردەوە بەهێزودەسەڵاتتر وبەقودرەتترلە پیشوو بوو. بەرەی کوردستان توانی لە وەزعە ئەرک نەناسینە ونامەعلووم بوونی ئاکامی پێشیویی کەلک وەرگرێ و بەجاشەکان متمانە بدات کە ئەگەر ئالیکاری پێبکەن لە تەواوی کردەوەکانی ڕابردوویان چاوپۆشی دەکات،وڕابردوو لەبیردەباتەوە. بەمجۆرە ولەم ڕێگایە نەک تەنیا بەبنکەیەکی ئیستخباڕاتی پان وبەرین بەڵکوو هەتا لەناوشارەکان و شارۆچکەکانی کە خەڵکی کورد لەواندا دەست بەسەربوون(یانی: بە وەسیلەو کارگیڕانی خەیانەت)ی دەست ویڕابگات. لە ڕاستیدا هەنۆکە دەیتوانی داوابکات کە دەتوانێ و دەشێت پێشمەرگەکانی بەکردەوە بۆ ناو شارەکان و شارۆچکەکان بەڕی بکات.

لە گەڵ ئەم هەمووەلەحاڵێکدا کەهێزەکانی (یەکگرتوو) بەڕێبەری ئامریکا لە عەرەبستانی سعودی سەقامگیر دەبوون و ئاژاوەو پشێوی خەلیج بە خولی ڕووبەڕوو بوونی ئاشکرا نزیک دەبوو(بەرەی کوردستان)ی هەروا پێی دادەگرت کە کوردەکان لەشەڕ بێ لایان دەمێننەوە. بەرەی کوردستان لە هەنگاو بە دەست درێژی، لەحاڵێکدا کەسەدام ئێستا توانایی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شێمیایی هەیە،ترسی هەبوو. عێزەت برایم، جێگری فەرماندەری شوورایی ئینقلاب، بۆ خەڵکی سلیمانیەی زەنگی مەترسی لیدابوو کە(ئەگەر هەڵەبجەتان لەبیرکردوە،دەمەوێ وەبیرتان بێنمەوە کە ئێمە دیسان ئامادەین ئەم جەرەیانە دووپات کەینەوە.)بەرەی کوردستان ئاماژەیەکی لە ڕێبەرانی یەکگرتووی دژی سەدام وەرنەگرتبوو کە حیکایەت لەمە بکات کە بەرە ئامادەیە لەکاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ سەدام لە پشتیوانی نیزامی وی کەلک وەرگرێ،هەرچەندکە (بەرە) هەشت لەشکر ئەرتەش و 100000جاشی لە هەرد بزمارکوت کردبوو.

بۆ ئەم حەزنالێکردنە(یەکگرتووەکان)ی دژی سەدام بە داکۆکی ئاشکرا لە بەرەی کوردستان،دەلیل و بەڵگە و لایانی کارکردن لەگۆڕی بوو (یەکگرتووەکان)لە مەڕ لە بەریەک هەڵوەشان و پارچەپارچە بوون و تێکۆشانی ئێراق و هەوساریپساندنی هێزەکانی ناو ئیڕاق و دەرەوە بۆ دەست بەسەرداگرتن بە سەرناوچەکانی وڵات، خۆفیان هەبوو. لە ناو ئێراق مەترسی لەمە بوو کەکوردەکان و شێعەکان لەوانەیە تەواوەتی خاکی ئێڕاق لەناوبەرن وهەرکام ئیختیاری دەڤەری خۆیان وەدست بگرن.

لەمەڕ دەرەکی- کە دەسەڵاتی حکوومەت لەبەریەک هەڵوەشابوایە ئیران و تورکیە تەداخولیان دەکرد: ئێران قازانجی و ئیلاقەی مێژوویی و مەزەبی لە باکووری ئێراق هەبوو، تورکیە-ش لە پارێزگای پێشووی مووسڵ ئیلاقەی مێژوویی و ئابووری هەبوو. دێتەوە بیرم کە ئەو-تورکیە-پارێزگای مووسڵ-ی بە پیی حەکەمییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە نابەدڵی وەئێڕاق دابۆوە: ناراحەت بوو لەمە کە ئەم ناوچەیە بە پێی (عهدوپەیمان)ی ساڵی 1923 داواکاربوو وسەرچاوەی نەوتەکەی دەویست پەرەی ئابووری وی دابین بکات،لەدەست بدات. مەترسی تورکیە زۆرتر لەم بابەتە بوو کە

دەم پێدا هێنانی پێناسی فەرهەنگی کوردی، کە لە ئێراق دایم و دەرهەم ئازاد بوو، کۆمەڵگای ناوەخۆی تورکیە وەقل بخات و دنەبدات. ئەگەر ئەم پارێزگایەی دەست بەسەرداگرتبوایە دەیتوانی هەرئەو رێگری و تەنگەژەو تەنگ وچەڵەمەو زورەملی و ستەم وزوڵم وسەرکوتکرنەی کە لە سەرکوردی خۆی –کوردی باکووری کوردستان-داناوە لە سەرکوردەکانی ئیراق بەرێوە بەرێت. لە ماوەی شەڕی ئێران و ئێراق بازاری پڕو پاگەندوە شک وگومان سەبارەت بە مەبەست و نییەتی تورکیە، بەتایبەت لە دوایی عەمەلیاتی ئەرتەشی تورکیە لە خاکی ئێراق لە 1983 و دوایی وی زۆرتر لە پاش عەمەلیاتی ساڵی 1986 کە ئەوجۆری ڕاپۆرت دەدرا بە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای ڕاگەیاندبوو ئەگەربێتوو حکوومەتی ئێراق بڕوخێ و لە بەریەک هەڵوەشی ئەوخوازیاری پارێزگای مووسڵ دەبێت،برەوەکی زۆری بەخۆوەگرتبوو.

تێبینی:1-تورکیە ئەوحکوومەتە فاشیستە،وەک نە کوردێک لەم پارێزگایە هەبێت ونەئەم پارێزگایە کوردنشین بێت...باسی عەدوپەیمان ومیثاق نەتەویەتی و ترەماشی چی!

بە داگیرکردنی کەوەیت لەلایان سەدام،تورکیە بەرنامەی بۆ نوێکردنەوەی داواکە،وبیرهێنانەوەی مەترسی دەست بەجێی سەربەخۆیی کوردەکانی ئێراق،یارمەتیدەر،دێ. بەم هۆیە بوو کە بە بەرەی دژی سەدام،کە بۆ گەلێگ پرخەرج بوو،لکا. یەکێک لەم دەستەبەرە،کەلک وەرگرتن هێزەکانی یەکگرتوو لەپایەگای(ئەنجیرلیک)بوو،بەلاّم بەم مەرجە کە(بەرەی یەکگرتووە) ئیجازە نەدەن کەکوردستانی ئێراق خودموختاربێت.

کاتێک پشێوی و ئاڵۆزی قوڵتربوو سەرکۆمارئۆزەل ڕایگەیاند کە تورکیەو ئێران و سووریە یەکدەنگن لەسەرئەمە: کەولاّتی کوردی لەم پێشویەی کەنداو سەر وەدەر نەنێت. لەگەڵ ئەمە ئۆزەل بۆخۆی یەکەمین هەنگاوی گرینگ لە پێکهێنانی کۆماری تورکیەبەم لاوە-ش لەمەر(ناسین)ی خەڵکی کورد هەڵێگرت: و ئەمە دەژکردەویەک لە پەیوەندی تاڵەبانی لەگەڵ وی بوو کەیەکێک لەوان ئەمە بوو کە بە وی متمانە دەدا کەکوردەکانی ئێراق خوازیاری جیابوونەوە لە ئێراق نین. چەند ڕۆژ دوایی تاڵەبانی و موحسین دزەیی (وپارتی دێموکراتی کوردستان)بۆ سەردانی وی بۆ ئانکارا چوون. لەم چاوپێکەوتنە دا ئۆزەل لە دژکردەوەیەک بەمەترسی کە لەناو تورکیە هەستی پێدەکرد ئەوهای گوت:(ئەمە شتێک نییە کەلەگوتنی وی هەست بەمەترسی بکەین. ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەم خەڵکە(کوردەکان)دۆست بین. ئەگەردوژمن بین ئەوکات ئیدی دەتوانن لە ئەوان دژی ئێمە کەلک وەرگرن.)ئۆزەل لەڕاستیدا لە فکری دوارۆژ بوو،لە عەینی حاڵ لە بۆ دوارۆژ و تووێژی دوارۆژ (لەحالّی لەبەریەک هەڵوەشانی ئێراق)زەمینەی خۆش دەکرد و تێدەکۆشا نەرمی لە هەڵویستی ئانکارا سەبارەت بە کوردەکانی خۆدی تورکیە وەدی بێنێت(بڕواننە پاژی 20).

بزوتنەوە:

بە تێشکانی سەرجەمی هێزەکانی ئێراق لە 28ی فۆرییە، قەستی ڕووداوی ناو ئێراق تاویگرت. تەقریبەن دەست بەجێ لە دوایی ئەم ڕووداوە، زوربەی شیعەکانی ئێراق بە دڵگەرمی لە هەلاّتنی

بەکۆمەڵی سەربازەکان لە ئەرتەش، ڕاپەڕین. لەگەڵ گرفتاری و تووشبوونی زۆرتری هێزەکانی پاشماوەی سەدام بۆ وەدەست هێنانی سەرلە نوێی کۆنترۆڵی شارەکانی گەورەی باکوور،لە هەڵاوبگری عەمەلیاتی پێشمەرگەکان، بۆ سەرهێزەکانی نیزامی،ناحەجمینی لە ناو کوردستان تاویگرت.

لەچوارمی مانگ ئەم ناحەجمینیە،لەشۆڕشی خەلکی ڕانیە تەقیەوە. شوێنەکانی دیکەش بەلەز دەست بەکاربوون،لە 10ی مارس زوربەی کوردستان یەک لەوان دهوک و هەولێرو سلیمانیە خۆیان بەدەستەوەدا. هەربەمجۆرەی کە مەسعودبارزانی گوتی:(خەڵک ڕاپەڕین،ئێمە ئەم چاوەنوارپیمان نەبوو.)لە ئاکامدا،بە وتەی یەکێک لە قسەکەرانی(بەرەی کوردستان بەدوایی خەڵک بەشەقامەکان وەربوون)بەرە لە بەرمەترسی هێرشی تۆڵەی بەفرەوان لەچوونە ناوشارەکان شک وگومانی هەبوو. ئێستا وای بەباش دەزانی کەئەم شارانە لەبەردەستی خەڵکی ئاسایی دابن،وئەم کارگیڕانی نانیزامی لەگەڵ بنکەکانی ئەرتشی ناوچە وتوویژ بکەن.

ڕۆڵی بنەڕەتی لەم خولە لە خەباتی کوردەکان(جاشەکان) گیڕایان. ئەم جەشانە لە 29ی ژانویە داخۆیانێکی فەرمی(بەرەی کوردستان)یان لە پەیوەندی عافوو لێبوردن بۆخۆیان گوێ لێببوو. هەروەک بازیک گوتوویانە وێدەچێ جاشەکانی ئاکۆی عەباسی مامەندئاغای، دامەزرێنەری ڕاپەڕینی ڕانیە بوون. دەستەیەکی دیکە بیروبۆچونیان وابوو کە پلانی ڕاپەڕینەکە بەدەستی یەکی دیکە لەسەرۆک جاشەکان بەناوی ئەنوەربیتواتە بوو،بەڵام مەسەلەهەر چێ بێت ڕاستیەکە ئەمەیە کەهەنۆکە قودرەت ودەسەلات لەدەست (جاشەکانی ناوچەدابوو و ئەوان بوون کە لەگەڵ هێزەکانی ئیراقی کەحەزیان لکان بە شۆڕش نەبوو وتووێژیان دەکرد. بۆ نموونە،لەزاخۆ عومەرسندی سەرۆکی عەشیرە وسەرۆک جاشی بە قوەتی دەڤەر بوو کەبەهەموو پەل ودەستەکانی ئەرتەشی پێشنیارکرد کە هەرکات بیانەوێ دەتوانن بۆ ناوهێزەکانی ئێراقی بچن بەڵام بەم مەرجە کە چەکەکانیان تەسلیم بەوان بکەن وگیانیان دەپاراسترێت. لەعمادیە(سەرۆک جاش)بە فەرماندەری نیزامی ناوچە پێشنیارکرد کە بۆ پێشگیری لە شۆڕشی خەڵک کەرتەکانی نیزامی لە شاربۆ سەربازخانە داگیرنەوە وکاری دابین کردنی نەزم بە جاشەکان بسپێرن. کاتێک فەرماندە،وای کرد،دەستووری خۆبەدەستەوەدانی هیزەکانیشی پیدا. هەتا چەشنیەک نەتۆقی و تفەنگێک تەقەی لێنەهات. تەنیا گروپێکی کەم لە جاشەکان بەسەدام وەفادارمانەوە.

بەمجۆرە زوربەی سەرۆکانی جاش، لۆچێک مرۆڤی پیس وهاوکاری بەغدا قارەمانی نەتەوەیی بەوجودهاتن. ماوەی چەند ڕۆژ هێزەکانی کورد لە 15000بۆ 100000کەس بەرفرەوان بۆوە. هێندەی پێ نەچووکە حیزبەکانی ئەندامی(بەرەی کوردستان)سەرلەنوێ خەریکی ڕەکێشی وهاوکاری سەرۆک جاشەکان بوون: هەریەک تێدەکۆشی بە ڕەکێش کردنی ئەم خەڵکە بارو ودۆخ ومەوقعیەتی خۆی لەمەیدانی شەڕ ولەبەرامبەرئەندامانی دیکەی (بەرە) موحکەم کات. بۆ نموونە،ئەنوەربیتووتە10000خۆشناوی لەگەڵ خۆی بۆ حیزبی سوسیالیستی کوردستان هێنا. عومەرسورچی بخمر،بەهۆی مەسڵەحەت بەسەرئیرادەی خویدا لەقەبووڵکردنی ڕێبەرایەتی بارزانی غەڵبەی کرد و لەگەڵ خۆی 15000کەسی بۆ پارتی دێموکراتی کوردستان برد. کەریم خانی برادۆست، بەهۆی دوژمنداریەک کەلەگەڵ بارزانی هەیبوو بە یەکیەتی نیشتمانی لکا. ماوەی چەند مانگ زوربەی جاشەکان ون بوون،لە حاڵیکدا سەرۆک جاشەکان لە دوای باشترین مشتری دەگەڕان.

لەم نێوەدا کوردەکان بەدڵگەرمی لە سەرکەوتنی ڕەواڵەتی شۆڕشی شێعەکان و زەنگی مەترسی کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا سەبارەت بە کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی هاووڵاتیانی ئێراق بەسەدامی دابوو،هەنگاوەکانی خۆیان بەردەوام کردن. (بەرە)خەتێکی بەرامبەری لەگەڵ شوسەی کەرکووک-بەغدا بریتی لە: کلار و کفری و توزخورماو چەمچەماڵ، وجێ پێ شوێنەکیشیان لە کەرکووک دەست بەسەرداگرت، دەستیان بەهجوومێکی بەربەرین دژی کورکووک،یانی گەوهەری نانجی کوردستان کرد. لە19ی مارس شارخۆی بەدەستەوەدا.

(تبینی؛دەنگۆ بوو کەمەجەهیدی خەلق بەشێک لەم هێزانە بوونە.)

**هەلات هەلاتی گشتی**

سەرکەوتنی کوردەکان تەمەن کورت بوو. سەدام پێشتریش بۆ تێکشانی شۆڕش مەبەستی خۆی بە زەبرلێدانی تەلەفیاتی قورس بە خەڵکی ئاسایی نیشان دابوو. لە 13ی مارس چونکە هەڕەشەی کەرکووک لە لایان شۆڕشگێران لەزێدەیی دا 5000ژن و پیاو زارۆکیان بە بارمتەگرت. لەم بەشانەی کەلەشار لە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی بوو خەڵکیان گۆکردەوەو کوشتن. ئێستا کە شۆڕشی باکووری ئێراق لغاوکرابوو سەدام بە لەز و تالووکە باشترین هێزەکانی خۆی یانی گاردی سەرکۆماری بە داکۆکی فڕۆکەوکان و چەکەکانی قورس و تانگ بۆ باشوورنارد. شۆڕشگێران چەک و چۆلی ئەوهایان نەبوو لە گەڵ ئەم تکنۆلۆژیە بەربەرەکانی بکەن.

ئێستا وا بەنەزەردەگات کە(یەکگرتووەکان)ی دژ بەسەدام بە ڕیبەری ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا حەزلەمە ناکەن ولات لەدەست حکوومەتی بەغدا دەربێنن بەلکوو، هەربەمجۆرەی کە لە ڕاپۆرتەکانی چاپەمەنی (بێ ناوبردن لە سەرچاوەی خەبەری) وەدەر دەکەوێ، یەکگرتووەکان زۆرتر لە ڕوخانی ڕژیمی سەدام، حەزیان لە تێشکانی شۆڕشگێران دەکرد. هەروا ڕوون و ئاشکرابوو کە ئامریکا دەیەویست بە تورکیە و عارەبستانی سعودی متمانە بدات کە نە بە کوردەکان ونە بە شیعەکان یارمەتی ناکات. لە حاڵێکدا کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە قەراردای ئاگربڕ، فڕینی فڕۆکەکانی یاساخ کردبوو،فڕینی هێلیکۆپیەرەکانی کە کوژرانی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی لێدەکەوتەوە، ئازاد کردبوو.

ئەزموونێکی تاڵ بوو. تاڵەبانی و بارزانی پێکەوە سەرکۆمار بۆش یان بەمە تۆمەتبارکرد:( ئەتۆ بۆخۆت لە خەڵکی ئێراقت داواکرد کە دژی دیکتاتووری وەحشیانەی سەدام ڕاپەڕن.) ڕاستیان دەگوت: بووش بەرلە دەست پێکردنی عەمەلیاتی زەمینی ڕایگەیاندبوو کە(ڕێگایەکی دیکە بۆ پێشگیری لە خوینرێژی هەیە، وئەو ئەمەیە کە نیزامیان و خەڵکی ئیراق کارەکان بەدەست وەبگرن و سەدام حوسینی دیکتاتوور مەجبوربکەن لەدەسەلات وەلابچێت) ئەم داخۆیانە بە دوای دەنگی ئامریکا کە ڕووی قسەی لەگەڵ خەڵکی ئیراق بوو بلاو بۆوە. زێدە لەمە (دەنگی ئێراقی ئازاد) کەلە ژێرچاوەدێری

سعوودیەکان بەڕێوەدەچوو گەلێک داخۆیانی هاو وێنەی کە ڕووی ئاخافتنی لە خەڵکی ئێراق بوو بە زوانی کوردی وعەرەبی بڵاو دەکردەوە. لە حاڵێکدا کەبووش و هاوپەیمانانی خۆیان بێ تاوان دەزانی چەتوون بوو بەم ئاکامە نەگەیی کە(یەکگرتووەکان)لە ڕاستیدا تێکۆشابوون ئێراقیەکان ناڕازی بکەن،بەڵام جۆرێکی ڕەفتاردەکرد کە لەونێوەدا بتوانێت ئەم جەرەیانە حاشابکات!

لە 28ی مارس هێرشی بەرتەقاو بەرامبەری ئیراق کە دەویدا چەکەکانی قورس و هێزەکانی ئاسمانی کەلکیان لێ وەرگیرابوو شۆڕشگێڕانی وادار بە چۆلکردنی شاری کەرکووک کرد، و پاشان ئەوانیان لە شارەکانی شاخاوی هەولێرو دهۆک و زاخۆ، وەدەرنان. هێزەکانی دەوڵەتی لە چاخی بەرەوپێش چوون نزیکەی 100000کەس لە خەڵکی کوردو تورکمانی دەوروپشتی کەرکووک و دهۆک وتۆزخورماتویان گرتن. هاوهەنگاو لەگەڵ بڵاو بوونەوەی چێرۆک وگێڕانەوەی داستانەکان لە بێروحمی وزوڵم بێ بەزەیی، کەوەحشەت وترس و لەرز، وەک پەڵە هەورێکی ڕشی چڵکن بەسەرهەموو شوێنێک هەڵکشا، نزیکەی 20000کوردو تورکمان لە هێرشانەدا کوژران.

کارەساتێکی دڵتەزین و پڕلە خۆف و مەترسی گشتی سەرانسەری کوردستانی لە ناو لەپی دەستی خۆی گرت. زێدەتر لە 1/5میلیون کورد ماڵ و حاڵ و ژیانی خۆیان جێهێشت بەترس و لەرزەو پەریشانی وسەرلێشێواوی و لانەوازی بەدوای شوینێکێ ئەمین بۆ لێمانەوە عەوداڵ وسەرگەردان بوون و ڕوویان لە ئێران وتورکیە کرد،هەمووڕێگا و کوێرەڕێگاکان کە بە سنووردلکان لە ماوەیەکی زۆرکەمدا بە هۆی کەڵەکە و مرشتەی جەماوەر گریدران. لەسەر ڕێگای بەرەو تورکیە ڕۆژنامەنووسێک گوتی: کەبینیویە کە نزیکەی 500 هەتڵەو هەڵوەدا بە بۆمبەکانی (فسفریی)کە هیلیکۆپتیرەکان بەریاندەداوە کوژراون.( خەڵکیان لەناو ماشینەکانیان دەسووتاندن،کۆپتێرەکان بێ پسانەوە خەڵکی نانیزامی و ئاسایی یان بۆمباردوومان دەکرد.) ئەو ڕێگایانەی کە بەئێران دەلکان، ڕوداوی ئەوها ویکچوو قەومان. زوربەی هێزەکانی شۆڕشی لە بەریەک هەڵوەشان و بڵاوبوون،چونکە پێشمەرگەکان ڕویبوون کە ژن و منداڵەکانیان بۆ شوێنی ئەمین بەرن.

**متمانەو ئاسایش وحەسانەوە**

بە بڵاو بۆنەوەی دەنگ و باسی ئەم بێروحم و بێ بەزیی و مسیبەتانە لە چاپەمەنیەکانی دنیا،ڕەخنەی گشتی لە ڕیبەری(یەکگرتووەکان) کە بەرپسیارەتی ئەم ڕووداوی لە سەرشانی خۆی فرپیدابوو،بەرز بۆوە. لە نێوان ئامادە بوونی (یەکگرتوەکان) بۆ شەڕ بە هۆی نەوت و سەقامگیری دووبارەی ڕژیمەکی سەرڕۆ لە کەوەیت و حەزنەکردن لەداکۆکی لەکوردەکان و شێعەکان سەینەو بەینەی ئاشکرا دەهاتە بەرچاو. یەکێک لە ڕۆژنامەکان نووسی: ئاغای میجر(سەرۆک وەزیرانی ئینگلیز) شەرم و حیا لە خۆی ناکات و دەڵێت: وەبیری نایێتەوە لەکوردەکانی داواکردبێت(ڕاپەرێنێکی ئەوهاورێکخەن)وەکوو وەیە ئەم شۆڕشە ڕووداوێکی هەوسبازانە بێت کە چ پەیوەندی بەئێمەنییە...ئەو کابرایە(بووش) بەپیی ڕاپۆرتەکان بە(سازمانی سیایی)دەستوردا کە کوردەکان بۆ

شورش هەڵایسان وروژاوکات، و لەجەنگەی شەڕی کەنداو(خەلیج)خەڵکی بۆ شۆڕش دنەدەدا، هەنۆکە جۆرێکی دیکە دەجۆڵێتەوە دەڵێی کە تووشی نەساخی لەبیرچوونەوە بووە.

لە ماوەی تەواوی پشێوی و ئاڵۆزی دەوڵەتی ئامریکا لە عەینی حاڵ کە سەدامی بە شەڕورترین دیکتاتۆری مێژوو شباندبوو، و خەڵکی بۆ ڕووخانی ڕژیمی وی هاندابوو بە پەڵپ و نەهانەی( دەست تێوردان لە کاروباری ناوخۆیی ئێراق)! لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ گروپەکانی دژکاری سەدام خۆی بواردبوو. تەنیا لە 28ی مارس ئەوکات کە هێزەکانی سەدام دژکارانیان سەرکوت کردبوون، ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە ئاکامدا هاتەسەرئەو بێروڕایە کە لەگەڵ ڕێبەرانی موخالیفی سەدام وتووێژ بکات.

ئێستا مەترسی ئەمەی لێدەکرا، کەمتەرخەمی داکۆکی لەکوردەکان (کەڕامەت و ئابڕوی) سەرکەوتوانی شەڕی خەلیج(عەیبدار)کات. لە5ی ئاوریل ئەندامانی شوڕای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پێشگیری و ڕێگری لە زێدە بوونی توندو تیژی کردەوەی بەغدا بڕیارنامەی ژمارە 688ی پەسەندکرد. بڕیارنامەی ناو لێبردوو(سەرکوتی خەڵکی نانیزامی و ئاسایی لە زوربەی دەڤەرەکانی ئێڕاق، یەکێک لەوان ناوەندی جەماوەری کوردستان، ئیدانەو مەحکووم کرد، و لەئێڕاقی داواکرد(بۆ ئالێکاری و لەناوبردنی هەڕەشەی ئاشتی و ئاسایشی دنیا لە ناوچە، دەست بەجێ بەم سەرکوتکردنە دوایی بێنێت. و بە بنکەکانی بەشەر دۆستانەی دنیا فورسەتی دەست وێڕاگەیشتن بە سەرجەمی ئەوکەسانەی کەلە دەڤەرەکانی ئێڕاق ئاتاجیان بە یارمەتی هەیە،بدات.)ئەم بڕیارنامەیە لە دوو لایان بڕیارنامەیەکی مێژوویی بوو. لە کمیسیونی داوەری کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە 1926 بەم لاوە،ئەمە یەکەمین جاربوو کە لەکوردەکان بەناو بیر لێدەکرد، و بەمجۆرە بار و دۆخ و هەڵکەوتی ئەوانی لە مەڕ نێونەتەوەیی بەرزکرد. دووەمەن ئەمە هەوەڵین کەڕەت بوو کە سازمانی نەتەوەیە کگرتوەکان، لەمەڕ مافی دەست تێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئەندام لاقی دەقرساند. ئەم دوو بابەتە حیکایەتیان لەمە هەبوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان، وردە وردە لەم ڕەویش وشیوازەی گشتی دەست ناتێوەردان بیروڕای دەگۆڕیی ئەمە شتیک بوو کە بۆ دواڕۆژی کوردەکان و کەمایەتیەکانی قەومی دیکەش کە لەسێری مەترسی دابوون جێگای هیواداری بوو. بەڵام شوڕای ئەمنیەت لێی وردبۆوە کە بڕیارنامەی ناولێبردوو بەپێی پاژی 7ی سازمانی فەرمانی نێونەتەوەیی پشت ئەستوور بە دەستەبەریەکانی بەڕیوەبردن نەکات.

و بەڵام لە مەترسی عەمەلیاتی زەوینی کەم نەبوو، هەرچاخ بەغدا دەیزانی کە بەربەرەکانی لە بەرامبەر بەرەوپێشچوونی هێزەکانی چ ڕادە لاوازە، بێ گومان هەروا بەرەو پێشچۆونی بەردەوام دەکرد. بەڵام لە شۆسەی ڕەواندز هێزەکانی ئێراقی لە گەڵ بەربەرەکانێکی توند و تیژ و لێزانانە ڕووبەڕوو بوون،کە حیکایەتی لە بوونی هێزێکی گرینگ دەکرد،لە حالێکدا ئەم هێزە تەنیا 150 پێشمەرگە بوو کە مەسعودبارزانی لە سەلاح ئەدین لە بەردەستی دابوو. بەغدا بە بەسەرنجدان بەم بەربەرەکانی و خۆڕاگریە و ئاتاجی بە کۆکردنەوەی هێز،لەحاڵێکدا کە تێدەکۆشا پێشی هەڕەشەی کوردەکان و شێعەکان بگرێ،حەولیدەدا کارێکی نەکات کە(یەکگرتووەکان)سەرلەنوێ تەداخول بکەنی بەرەوپێشچوونی زورتری ڕاگرت.

هەتا کۆتایی هەوەڵین حەوتووی ئاوریل نزیکەی 250000کورد گەیبوونە سنووری تورکیە. لە حاڵێکدا ژمارەیەکی ئەوهاش، هێشتا لە رێگا بوون. خەڵکێکی زۆر بێ کەل و پەل وەرپێکەوتبوون و کەرەسەی بەربەرەکانی لەگەڵ بەفرو سەرمای وەرزی زستانیان پێ نەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە بەپێچەوانەی ساردوسەرمایەکی زۆر نیزامیانی تورکیەرێکریان لە ئاوابوون بۆ ناوخاکی کوردستانی تورکیە لێدەکردن.

ژنەکان کە مناڵی شیرەخۆرەیان لە باوش گرتبوو لەگەڵ سەربازانی تورکیە ڕووبەڕوو بوون... دەپاڕانەوە...ئیدیکە بابەگەورەو نەنکەپیرەکانیان لەکۆڵکردبوو یان لەسەر دارەباز، دریژکردبوو کە دە لێفەو پەتوویان وەرپێچابوون،بەشان دەیانبردن. بەڵام هەرکەس کە دەیەویست لە سنووربپەڕیتە، سەربازە تورکەکان بە قۆنداخی تفەنەنگ بەپشتەوەیاندا دەگێڕانەوە.

زوربەی ئەم خەڵکە بەهەرلەونێک بوو تێدەکۆشان لەم چیابەرزانەی بەرف گرتوو حاشارگەیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە.

ئێران بەپێچەوانەی تورکیە سنوورەکانی خۆی لەڕووی پەنابەران گاڵەنەدا وبەڵکووکردەوە، بەکوردەکانی خۆشی ئیجازەدا کە ماڵ و قوتابخانەو مزگەوتەکانی خۆیان بەڕووی ئەوپەنابەرانەدا بکەنەوە. بۆ نموونە،پیرانشار کە بۆخۆی /25000کەسی دانیشتوو هەبوو/75000کەسی دەخۆیدا پەنادا. بەڵام ژمارەی پەنابەران زۆر لەوە پتربوو کەبکرێ بەم شیوازە جێگایان ببێتەوە. بۆ نزیکەی یەک مێلیون پەنابەر ئۆردگای بە پەلە سازدرا،چ لە سنووری تورکیە و چ لە سنووری ئێران گەلێک لە پیرو پەک کەوتەو زارۆک و منداڵ لە بێ ئەنوایی و بێ جێوورێیی تووشی نەساخی چڵک هێنانی رێخۆڵە یان زک چوون بوون و مردن.

بەڵام قەیرانی کەوشەن و سنووری تورکیە سەرنجی زۆربەی ورووژاندو، وەرگێرا،و ئەم سەرنجە زۆری بەم هۆیەبوو کە تورکیە بە پەنابەرانی ئیجازەی پەڕینەو لە تخووب نەدەدا،و زۆریش بەم هۆکارە کە تورکیە بۆخۆی ئەندامی (یەکگرتووەکان)و دژی سەدام و هەروا ئەندامێکی ناتۆ بوو. ئۆزەل کە نیگەرانی بەرز بوونەوەی تەوژم و فشاری نێو نەتەوەیی بوو، وردە وردە ئیجازەی دا ژمارەیەک لە تخووب ئاوا بن، و خوازیاری (ناوچەیەکی ئەمین)لەولای سنووری ئێراق بوو. ئەمە هزرێک بوو کە سەرەتا لەندەن و پاشان واشنگتۆن ئەویان بە حەزلێکردن و مەیلەوە وەکوو وەسیلەیەک بۆ دوور بوون لە ڕووڕەشی و بێ ئابڕوویی لە ئۆلکەی دنیا بەردەوام کرد.

لە نێوەڕاستی ئاوریل(یەکگرتووەکان) وەدیهێنانی (ناوچەیەکی ئەمین) یان لە ناو خاکی ئێراق ڕاگەیاند، و فرۆکەکانی ئێراقی لە هەڵفڕین لە ئاسمانی باشوور بەمەداری 36 دەرەجە یاساخ کرد. ولە 28ی ئاوریل یەکەمین گروپ لەکوردەکانیان لەو ناوچانەی کە وەکۆچی بە زۆرەملی دەچوو،لە سنووربۆ ئەم ناوچە ڕاگوێستن. ئەم مەسەلە،عەمەلیاتی یارمەتی و ئالیکاری گەیاندنی کە سازمانەکانی دنیاو دەوڵەتەکانی تایبەتی دەستیان پێکردبوو کاملٚ کرد. ئەم جەرەیانە سەرەتا بە حالاتێکی یەک لایانە و پاشان بە پێی یادداشتە (ڕیککەوتنێک) پێکهات کە لەنێوان دەوڵەتەیەکگرتووەکان(سازمانی ملل متحد) ودەوڵتی ئێڕاق لە 18ی ئاوریلی 1991 ئیمزا کرا.وتووێژی دووبارە،پەیوەندار بە خودمووختاری

لەم نێوەدا، خۆتێهەڵقوناندنی(یەکگرتووەکان) لە پێشگیری تێشکانی هێزەکانی کورد، و هەڵاتنی بەکۆمەڵ وگشتی خەڵکی ئاسایی و نانیزامی،(بەرەی کوردستان)ی هەروەک بۆخۆی لە 1ی ئاوریل ڕایگەیاند بوو، مەجبوور وناعیلاج بە وتووێژ لەگەڵ سەدام کرد. حەوتوویێک بەر لەوە کاتێک هێزەکانی ئێراقی کەرکووک یان سەر لەنوێ داگیرکرد،(بەرە) پێشنیاری لە سەدام بۆ ڕێگای چارەی مەسەلە لەسەر بناخەی( فیدرالیسم) وەرگرتبوو.

هەر دوو لا تێدەکۆشان لەم هەڵ ومەرج و بارودۆخ و چەتوونی کەلەگەڵ وی دەست بەیەخە بوون فورسەتێک بۆ پشوو هەڵکێشانێکی تازە پەیدابکەن: کوردەکان دەیانەویست لە وەرزی زستان و سەرمای ژێرسفرکە لە شاخاویەکان هەتڵەو سەرگەردان ماونەوە ڕێگایەک بدۆزنەوە، و سەدام دەیەویست بەمە لەژێرتەوژمی سیاسی ونیزامی کە لەناوەخۆو لە دەرەوە تووشی ببوو و بەزەحمەت بۆی دەکرا خۆی لەبەرڕابگرێ، خۆی نەجات بدات. ڕێبەرانی (بەرەی کوردستان) یەک لەوان جەلال تاڵەبانی،کەلە مەڕ متمانەو باوەڕپێکردن و کافی بوونی ناوچەی ئەمین ڕەش بین بوون بە مەبەستی بەرفرەوانی وخودموختاری لەناو ئێراقی فیدراڵ، کە دێمووکڕاسی وژمارەیەک حیزب وحکوومەتی مەشرۆتە لەخوێدا جێ بکاتەوە،بۆ بەغداچوون. مەسعودبارزانی لاقی دادەگرت و قسەی خۆی بەمە پشت ئەستووردەکرد کە (بەرە) خوازیاری وازهێنانی سەدام یان سەربەخۆیی سیاسی نییە، بەڵکوو تەنیاو تەنیا(خوازیاری دێموکڕاسی بۆ ئێراق و خودمووختاری بۆ کوردستانە،)بەڵام باشە،دێموکڕاسی بەڕاستی لە ڕاستیدا بەرلە هەرشتێک بەمانای ڕووخانی سەدام بوو. لەم نێوەدا تاڵەبانی بە دەباوەش گرتنی سەدام لەبەرچاوی خەڵک، لەڕاستیدا خەڵکی سەرگۆی زەوی بەعەجایب و سەرسوڕمان ڕوو بەرووکرد: سەدام لەم دیدارە گوتی: ڕەزامەندی دەربڕیوە(شووڕای فەرماندەیی ئینقلاب) هەڵوەشێتەوە و لەماوای شەش مانگ دەنگدانی ئازادی چەند حیزبی پێکبێت. بەڵام خەڵکی خاوەن ئاوەز وئاقڵ دەیانزانی کە سەدام لە بیروبۆچوونی دانییە کە هەنگاوێکی ئەوها بەرەوپێش هەڵێنێت.

لەگەڵ ئەم هەمووە هەتا دوو سێ حەوتووان وا بەنەزەر دەگەیی کە (بەرەی کوردستان)وەکوو ئەوە، ئەوهەی کە دەیەویست، یانی: یەک لەوان دیاریکردنی کەرکووک بە ناوی پایتەختی ناوچەی خودموختار وەدەست هێناوە. لە 9ی مەی لێژنەی دووهەم، ئەمجار بەڕێبەرایەتی مەسعودبارزانی،لەبەغدا ڕایگەیاند کە دەوڵەت لەڕاستیدا کەرکووکی وەوان دەداتەوە. بەڵام لە خەون وخەیاڵێک زێدەتر نەبوو. مەسەلەی ڕەزامەندی دەربڕینی (دەوڵەتی)ش لە گەڵ دەستەبەریەکانی نێو نەتەوەیی کە بەرەی کوردستان خوازیاری ئەو بوو ئەوها بوو. لە17ی مەی بارزانی بە شەوق و زەوق و دڵخۆشی ڕەزامەندی هەرچەند نزیکتری لەم بارەوە ڕاگەیاند. بەڵام ڕوون وئاشکرابوو کە بەغدا حەزی لە وێدانەوەی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی کە(بەرە) داخوازی وی دەکرد،نییە. (بەرە) لەم بارەوە حازر بەمامەلەیەک بوو. ڕایگەیاند کە حازرە کۆنترۆڵی نەوت لە بەرانبەر ڕیوەبەری شاری کەرکووک بەدەستی کوردەکان وەدەوڵەت بدات. بەغدا لە کوردەکانی داواکرد کە سەرجەمی پەیوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ دەرەوە هەڵبڕن،و ئەمە ئاوێنەی باڵانوێنی ترسی بەغدا لە هاوکاری کوردەکان لەگەڵ دوژمنان و نەیارانی دەرەکی و ئیلاقەی وی بەمە بوو کەکوردەکان جگە لە بەغدا پەناگایەکیان نەبێت.

لەم نێوەدایەکگرتووکانی ئێراقی کوردەکان،لەوەی کە بۆخۆیان بە خەیانەتی کوردەکانیان بە بەرەی دژکاری(سەدام) لێکدەداوە لەمەترسی کەوتن:بەرە دژکار لە کوردەکان، چەپەکان، نەتەوەخوازەکانی عارەب و ئیسلامیەکان بوون،کە لەدەسامبەری 1990 لە دیمشق پێکهاتبوو. فەخری کەریم، لە ڕێبەرانی کموونیست،کە برایانی کموونیستی کوردی لەناو(بەرەی کوردستان) بوون، ئاقیدەی وابوو کە وتووێژ لەگەڵ سەدام تەنیا ئاکامەکەی ئەمەیە،کە دۆخ و هەڵکەوتی خۆی قایم کات. دێموکڕاسی یان خۆدموختاری کوردستان،بەهەرمانایەکی مجدو بەڕاستی و سادقانە، بۆ ڕژیم ژەهری هەلاهلە.

بەڵام جگە لە شیعەکان وکوردەکان کە بۆ بوون ومانەوەی خۆیان دەجەنگین، ( ئۆپوزیسیونی هاوبەش)لاواز بوو. لەهیچ کام لە بەشەکانی سوننە لێ دانیشتووی ئێراق جوڵانەوەیەک، دەستی پێ نەکرابوو. چەپەکان و نەتوەخوازەکان ئیدی چ پایەگایەکی دەسەڵاتیان لەناو ئێراق دا نەبوو. ئەم خەڵکە لەگەڵ وەزع و بارودۆخێکی ناهەموار وتەژی لە موسیبەت کە کوردەکان لەگەڵی دەست بەیەخەبوون ڕوو بەڕوو نەبوون. بەڵام بەشی کوردی حیزبی کموونیست-هەرچەند لە ڕەشبینی و گوماناوی و ناڕازی حیزبی کموونیستی ئێراق هاوبەش بوو بێ حەز لێکردن هاتە سەرئەم بڕیارە کە هەروا لە(بەرە) بمێنێتەوە.

لە نێوەڕاستی ژوئین ئیدی ڕوون وئاشکرا بوو کە وتووێژ بە بن بەست گەیوە. لەبەغدا سەدام حوسین کە مەسعودبارزانی لە وتووێژ لەگەڵ کردن سانایی و باشتر لە تاڵەبانی دیبوو لە باس وگفتووگۆ لە گۆڕانی قانوونی ئەساسی(دەستوور)هەتا وەدەست هێنانی ڕیککەوتن لەسەر خودموختاری خۆی بوارد.

لە کوردستان دژایەتی لەناخی دەزگای ڕێبەری ئاشکرابوو. تاڵەبانی، لە ڕەنگاوڕەنگ بوون کە یەکێک لەخۆو خەسڵەتی زکماکی وجبلی و سروشتی وییە، ئێستا زێدەتر لە بارزانی بە وەدەست هێنانی ڕیککەوتن بەدگومان و ڕەشبین بوو. ئەو کە لە 1984 لەگەڵ شێوەو شێوازی گنخاندن کە سەدام بۆ داودۆزی لە وتووێژکاندا هەلیدەبژارد بەباشی ئاگادارو ئاشنا بوو،زەنگی مەترسی هەژاندبوو کە مامەلە لەگەڵ سەدام بەبێ تخووب دیاریکردنی سنوورەکان ناوچەی خۆدمووختار و دەستەبەری نێونەتەوەیی بۆ قەبووڵ کردن نابێت، و ئەو بڕیارگرە، لەچاخی پێویست، دەست بەشەڕ بکاتەوە. دوکتۆر مەحموود عوسمان (ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی کوردستانی)ش بیروڕای وی پەسەندکرد. تاڵەبانی ئاقیدەی وابوو کە دەشێت (یەکگرتووەکان)ی زیدی سەدام ئیقناع بکات بەمە کە دەستەبەری و داکۆکیەکانی کە ئەو داوایکردبوون دابین بکەن،چونکە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و ئەندامانی(کۆمەڵگای ئۆڕوپا) بە بیروڕایەکی باش، لە ڕێووشوێنی پەیوەندار بە خودموختاری قسەیان کردبوو.

بەڵام بارزانی ئاقیدەو بۆچوونی ئەمە بوو کە لە جیاتی حازر بوون بۆ شەرێکی تەژی لە مەترسی،باشترە مامەلەیەک قەبووڵ کەن کە بە کوردەکان ئەم هەڵە بڕخسێنێت سەرلە نوێ لە نیشتمانی خۆیان نشتەجێ ببنەوە. ڕەشبینی بارزانی سەبارەت بە داکۆکی (یەکگرتووەکان)ی زێدی سەدام کاتێک وەڕاست گەڕا، کە هێزەکانی (یەکگرتوو) سەرەتا لە مەنگی ژوئین لە ئێراق و پاشان لە سەنگەرەکانی پشت شەڕگە،لە تورکیە، دەرچوون و داکۆکی (یەکگرتووانیان) بەرتەسک بەهێزەکانی

ئاسمانی کرد، کە لەپایەگای (ئەنجیرلیک)سەقامگیربوو و بەردەوامی ویش مەرج بە ڕەزامەندی هەرشەش مانگ جارێکی تورکیە بوو.

بەڵام ئاخۆ بارزانی ئەو جۆرەی کە مەحموود عوسمان دەیگوت: زوری نەرمی نیشاندەدا؟ بارزانی لەگەڵ واقعیەتێک کە دیبویوو لە ئەزموونی دابوو ئیکجارکارتێکەری بوو: لەناوچوونی ئەو هەموو بارزانیەی بینی بوو(1983) عەمەلیاتی ئەنفالی بینینی بوو، وێرانی وخاپووری ئەوهەموو گوندانەی کوردی بینی بوو. مردنی هەزاران کوردی لە دوایین دەورەی خەبات بینی بوو. لەدەست پێکردنەوەی شەڕ مەترسی هەبوو خۆفی دەکرد. ڕەنگە کەوتبێتەژێر کارتێکەری ئەوبابەتانەی کە ڕێبەرانی جاش-هی وەکوو حوسین سوورچی- لە شێکردنەوەی هاوکاری خۆی لەگەڵ سەدام دەیانگوت: حوسین سورچی بە ڕق وقینەوە بە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی گوتبوو:

گوندەکانی من هێشتا ساخ و لەسەرپێ ڕاوەستاون، وهێشتا بەسامان و زەنگینن، خەڵکەکەی هێشتا جل وبەرگی کوردی دەبەردەکەن، بە زوانی کوردی داخۆن و قسەدەکەن، وژیانێکی باشیان هەیە، دەبینن ئەو ناسیونالیسمـی ئێوە چ بۆتان کردوە،دێهاتەکانتان ویران وخاپورکراوە، پیاوەکانیان بە زۆری دەرکردوونە ولەشوێنەکانی دیکەیان نشتەجێ کردوون لە ئێوەیان دابڕاوین،بۆخۆتان لە دوورخراوەی بەسەردەبەن، شتێکی ئەوهایان لە ئێوە نەهێشتوونەوە. بۆچی بەمن دەڵێن: خائین؟

تێبینی: ئەگەرئێوەجاش نەبان ورەگەڵ شۆرش کەوتبان سەدام نەیدەتوانی ئەوهەموو بەڵایە بەسەرکوردی کوردستانی باشوور بێنێت، ئەمە پیلان وخۆفروشی جاشەکان بوو،حوسین سورچی وهەموو خۆفروش و خۆ دۆڕاوەکانی هەرچوارپاچە کوردستان، باتێبگەن جاشەتی جگە لێ بێ ئابڕووی بۆخۆیان وبنەماڵەکیان چ شتێک بەدیاری ناهێنت،منداڵەکانی خۆشیان هەتاهەتایە بەوناوە عەیبداردەکەن، ئەوەی بۆیان لەمێژوو دەمێنێتەوە تەنیا وشەی ڕوو ڕەشییەوبەس. وەرگێڕی کوردی)

کاتێک ڕێبەرانی (بەرە) لەنزیکی کۆتایی ژوئین سەردانی یەکتریان کرد،بەغدا داواکانی خۆی زێدەکردبوو: داخوازی تەسلیم کردنەوەی چەکەکانی قورس و هەڵبڕینی بەرنامەی ڕادیوەیەکانی(بەرە) و هەموو پەیوەندی و ڕابیتەی (بەرە) لەگەڵ دەرەکی ببوو. سەدام حوسین خوازیاری لکانی کورد بە دەوڵەتی وی بوو.

بارزانی بیروڕای زۆرایەتی (بەرەی) قەبووڵکرد، کە پێی وابوو دەبێت لە قەبووڵ کردنی ئەم داخوازیانە خۆ ببوێرن. مەحموود عوسمان گوتی: ( ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئاشتی موافیقەت بکەین، بەڵام نەک ئەمە کە شەریکایەتی لەگەڵ بەعس بکەین. سەدام دەیەوێ کوردەکان لە دۆستەکانیان هەڵبڕێ تەنیا بێڵێتەوەو لاتەریکیان بکات، وچاوەڕواوان بێ هەتا لاواز دەبن، و ئەوکات حیسابیان لەگەڵ بکات.) (بەرە)ی کوردستان لەداکۆکی تەواوی فەرماندەکانی جاش بەرهەم وەرگربوو،چونکە ئەم خەڵکە لە گرێدانی هەرجۆرە پەیمانێ خودمووختاری ترسیان هەبوو و خۆفیان دەکرد، دەیانزانی کە سەدام کەسێک نییە کە بەسانایی لە تاوانی کەسێک چاوپۆشی بکات. لەسەرەتای

ژوئیه(بەرە) بەفەرمی ڕایگەیاند کەچ ڕێککەوتنێک لە دەرەوە لە نارۆکی(دێموکراسی بۆ هەمووئێراق) بەڕیوەناچێت و ئەمە جیا بە بوونی بەرنامە و دەستووری کار لێک نابێتەوە دیاری ناکرێ و سەرناگرێت.

ناهومێدی و بێ کەلک مانی تێکۆشانەکان مەترسی شەڕیان نوێ دەکردوە. هێزەکانی دەوڵەتی هەرچەند(بەفەرمی)بەسەرشارەکان دا حاکم نەبوون بەڵام نەیاندەتوانی بوونی پێشمەرگەکان لە شارەکانی هەولێرو سولیمانیە وەبەرچاو نەگرن. لە سەرئەوەش را کە بەهێزەکانی چەکدار دەستوور درابوو ئەگەرلەلایان هەرکوردێکی ئاسایی یان چەکدار سووکایەتیان پێ بکرێ تەقەیان لێ بکەن) وەزعەکی ناهەموار هاتەپێش. لە 20ی ژوئیە چاخێک پێشمەرگەکان دەسەڵاتی ئەم دوو شارەیان بە دەست وەگرت، ئیدی پێکەوەحەوانەوە تیکچوو. بەپیی ڕیککەوتنامەی نوێ هێزەکانی نیزامی لە دەرەوەی شار سەنگەریان گرت،لەعەینی حاڵدا هێزەکانی چەکداری کوردو تورکەمانەکانیان لە دەڤەرەکانی ژێر حوکم ودەسەڵاتی دەوڵەت وەدەرنان و وەرزێران و شارنشێنانی عارەبیان لە جێگای ئەوان دانان و نشتەجێ کردن.

لەمانگەکانی سپتامبەر وئۆکتۆبە شەڕی گەلیک توند،سەرەتا لە دەورو پشتی کەرکووک وپاشان لە سەرەتای ئۆکتۆبە لە دەوروپشتی کفری کلار وسلیمانیە ڕوویدا- دوو لایان ڕادەی بەربەرەکانی وخۆڕاگری و سەنگەرەکانی بەرگری و ڕادەی دەستەبەری(یەکگرتوەکانیان) لەمەحەک دا. سەدام هیوادار بوو (یەکگرتووەکان)دەست لەسەر دەست دابنێت و تاڵەبانی چاوەڕوان بوو (یەکگرتووەکان)بۆ تەداخول دنە دات وڕۆژاوبکات. هێزەکانی زەوینی دەوڵەتی کفریان سەرلەنوێ داگیرکردەوە،و سلیمانیەیان گوللەباران کرد، و سەدان کوردیان بۆ لای سنوور ڕاونان. لەگەڵ ئەم هەمووە،ئەم سەرکەوتنە بە بایەکی هەرزان وەدەست نەهات: لە هەریەک لەم بابەتانە، لەمانگەکانی ژوئیە و ئۆکتۆبر،کرا، ئەرتەشی ئێراق 5000کەس یانی لەشکرێکی تەواوی تەلەفیاتی گیانی دا.

ئێستا ڕوون و ئاشکرابوو کە زۆر لە ئاقڵ بەدوورە ڕیککەوتن لەمەڕ خودموختاری وەدەست بێت. تەنیا بارزانی بوو کە بەئەنجامی مامەلە بە سەدام وەنووسابوو. ئەو ڕەنگە زێدەتر لە هاوکارانی لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانێک کە وابەستە بە (دەڤەرەکانی ئازادکراو) بوون ئاگاداربوو،و تێگەیبوو کە سەدام لەگەڵ ئەم خەڵکە و هەروا وەبیری کارگێڕانی دەوڵەتی هێنا بۆوە کە بۆ مووچەو کارەباو بێنزینی بە خۆڕایی بەوی وابەستەن و بێ وی کاریان سەرناگرێت. بەڵام ئەوانی دیکە لەگەڵ هەرجۆرە مامەلەیەکی کە داخوازی بنەڕەتی وانی نەدەهێنا دی، دژکاربوون.

سەدام لەکۆتایی ئۆکتۆبر،کوردستانی لەژێرگەمارۆی خست،هێزەهانی بۆ پشت خەتێکی بەرگری پاشەکشەپێکرد،مووچەی کارگێڕانی بڕی، هێورهێور گەمارۆی ئابووری لەسەرناوچەی کوردنشین بەڕێوە برد(هۆکاری لەسەرەخۆبوونی ئەم گەمارۆیە ئەمە بوو کە نەیدەویست دەست و جێ بە ڕووبەڕووی نیو نەتەوەیی بێتەوە). مەبەستی لەم هەنگاوە تەنیا وەدیهێنانی مووشکیلەو تەنگەژە بۆ

خەڵک نەبوو بەڵکوو دەیەویست بەخەڵکی ئاسایی نیشان دا وتێیان بگەیێنێ کە بەبێ(بەرەی کوردستان)ژیانی وان گەلێک باشتر و ئاسودەترو ڕاحەتتر دەبێت. دەیەویست خودمووختاری لەگەڵ هەل ومەرجێک کە خۆی دەیەویست بەسەر ئەواندا داسەپێنێت. لەمانگی نوامبەر شەڕی زۆرتر لە دەوروپشتی هەولێر ڕوویدا و ژمارەی خەڵکی هەتڵە و هەڵوەدا بۆ /200000کەس بەرزبۆوە.

هەروەک سەدام دەیەویست باشترین سەردەم بۆ بەڕێوەبردنی تەوژمی ئابووری وەرزی زستان بوو. لە ژانویە بۆ دورستکردنی خەتەکانی بەرگری قایم و موزەرەت نەهێناوخەرێک بوو کە سێ لەشکر لەویان بەرگری ودیفاع دەکرد. مەیدانەکانی (مین) کەنیشانی دەدا بۆ دایم دەبن سازدران. لەگەلێک شوێن دوو خەتی شەڕگە یەک دوو مایل نێوانیان لەگەڵ یەک هەبوو،بەڵام لەکلار 300 مێترزێدەترلێکدی مابەینیان نەبوو. خواردەمەنی و سوتەمەنی ئەوکەسانەی کە دەهاتناناوخاکی کوردستان وەردەگرتن،خواردەمەنی ناوچە بە1/4ڕادەی پێشوو کەمتربۆوە.

خواردەمەنی دایم و دەرهەم لە بەردەست دانەبوو./1200000خەڵکی دەڤەری سلیمانیە لە مانگی ئۆکتۆبەر تەنیا دەستیان بە1/10خواردەمەنی دیاریکراو ڕادەگەیی. ناوچە لەم بابەتە ئیکجار شپرزە بوو،چونکە لەڕێگای تەدارەکاتی تورکیە دوور بوون. و بەبێ خواردەمەنی بەربەرەکانی و خۆڕاگری لەگەڵ سەرما و سۆڵ لە شاخاویەکانی بێ حاشارگەو ئەنوا شۆڵێکی لەکردن نەهاتوو بوو. لەگەڵ ئەم هەمووە بە هۆی گەمارۆی ئابووری و خاپووركردنی ماڵەکان و ئاواییەکان هێچ کام لەم دووە لە بەر دەست نەبوو.

بێ گومان سەدام هەروا هیواداربوو کە(بەرە) دەرەقەتی ئەم تەنگەژەیەی نایە، وخێرا ڕیگای خۆی لەنێو خەڵکی برسی و سەرمابردوو کە ئارەزویان ئەمەیە چرکەیەک لەم عەزابە بحەسێنەوە، لەدەست دەدات. لە ڕاستیدا بە بەڕێوەبردنی خۆپێشاندان لەشارەکانی دهۆک و سلیمانیە و پێنجوین و هەڵەبجە لە دژکردەوە بە ناڵیهاتوویی ونازنی (بەرە) و دەرکردنی بازیک لە دەسەڵاتداران وکارگیڕانی وی، لە بازیک شوێن بەهۆی بێ لەیاقەتی و ناپسپۆری و گەندەڵی، بەشێک لەم هیوایە وەڕاست گیراو هاتەدی. خەڵک بە شەقامەکان وەربوون، لەحاڵێکدا کە دورشمیان دەدا (ئێمە نان وکەرەمان گەرەگە،نە سەدام و نە بەرەی کوردستان) مەسعودبارزانی دەمی پێداهێنا:( جەرەیانی ئیداری ئێمە ئیفلیجە...بەرەی کوردستان لەناوەخۆ لەگەڵ پشیووی و ئاڵۆزی ڕوو بەڕووبووە).

## دەوڵەتی هەڵبژاردەی کوردستان

لەڕاستیدا(بەرە) تووشی پشێویی و ئاڵۆزی بوو. (بەرە)مەبەست و نێیەتی سەدامی تێگەییوو کە دەیەویست ئەوان بە تەسلیم بە مەرجەکانی مەجبووربکات،بەڵام بەم ئاکامە گەیی کە گەمارۆی ئابووری کات ڕەخساندنێکە بۆ کوردەکان کە بۆخۆیان بە لەونێکی یەک لایانە دوارۆژی خۆیان گەڵاڵەبکەن و دابڕێژنەوە لەبەرئەمە هزرو فکری گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەنجامی هەرجۆرە مامەلەیەک لەگەڵ سەدامیان لەسەر دەرهاویشت. لەمەش کەسەدام-بوقەولی هوشیارزێباری،قسەکەری پارتی دێموکراتی کوردستان-(داوەکی لەسەرڕێگایان دانابوو ئاگاداربوو. کەسێک دەبوایە کوردستانی بەڕێوەبردبوایە، بەڵام (بەرە) لەنەبوونی دەم ودەزگای حکوومەتی ناوەندی،دەزگایەکی سەربەخۆی هەڵدەدا، ئەم جەرەیانە تورکیەو سووریییەو ئیران و ڕۆژئاوای زەندەق دەچواند.

دەبوایە بە سەرجەمی لایانەکان هاوبەش لە قازانج متمانەدرابوایە کە تەواوی حیزبەکانی کوردستان حەز لە مە دەکەن لە ناو ئێراق بمێننەوە. یانی ئێراق پتوون بمێنیتەوە. لە سەرەتای ژانویە نوێنەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە دێمشق بە نوێنەرانی گروپەکانی دیکەی (ئەپوزیسیون)ی ئیراق لکان، هەتا خم و بناخەیەک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراق لە دوورخراوەیی (تەبێعد) دابڕێژن.

(بەرەی کوردستان) ئێستا بەفەرمی خۆی لە وتووێژی خودمووختاری لاتەریک کرد،مەبەستی خۆی بە جێگیربوونی ئەنجوومەنی یاسادانانی پێشوو لە ناوچەی خودمووختار(کەهێشتا تەژی لە کەسینی دانراوی سەدام بوو) لەگەڵ پاڕلمانێک کە لەسەربناخەی هەڵبژاردنی ئازاد دامەزرابوو ڕاگەیاند. پێشنیار کرا دەنگدان لە 3ی ئاوریل بەرپا بکرێ. بەم هیوایە کە دەنگدانێکی ئەوها ڕێبەرێکی دیاری کراو، هەیکەلێک لە دەوڵەت لە سەربنچینەی هەڵبژاردن بەدەست بدات،و ئیفلیجیەک کە ئالوودە بەزورترین ناوچەکانی کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕین بەم لاوە بوو، دەرمان بکات. هەتا ئێستا شێوەکاری(بەرە) ئەمە بوو کەبە هەرحیزبێکی ئیمکانی دەدا و هەڵی دەرەخساند ڕاستەوخۆ کاربکات،بەڵام لەم نێوەدا خوازیاری ئەمە بووکە هەموو هەنگاوەکان و بڕیارەکانی بەرە، لەسەربناخەی یەکدەنگی ئەندامانی(بەرە) بێت. هەتائیستا هەتا تاقە حیزبێکی گچکەش دەیتوانی بەرەی(ڤتو)بکات. لە نەبوونی پەیوەندی تەلەیفونی،حکوومەت لەلایان بەرە پێویستی هاتووچۆی بێ لێبڕانەوەی ناردراوانی حیزبەکان بۆ قەرارگای(بەرە)لە(خەلیفان)و گەڕاندنەوەی بابەت و خاڵەکانی ناکۆکی،بە قاسید بۆ قەرارگای ئەحزابی ئەندام بوو. بەم ڕەوشت و شێوەیە نەدەکرا ناوچەی ئازادکراو بەڕیوەبەرن. ئەم هیواداریەش هەبوو کەحکوومەتێکی لێهاتوو بتوانێت هێزەکانی پێشمەرگە،کە نزیکەی 80000کەس بوو بەهێزەکی ڕاهێنراو حاملاو سازمان دێدە بگەیەنێتێ، و هێزی 20000کەسی پۆلیس جێگری نزیکەی 40000جەنگاوەربکات کەلە شەقامی دەشارەکان بڵاوببوونە.

ئەم دەنگدانەش وەکوو دەنگدانەنی شوێنەکانی دیکە کێ بەرکێی کەسینی بوو. جەرەیان نە پەیوەندی بەمەسەلەی(ئیدۆلۆژێک) بەڵکوو پەیوەندی بە وەفاداری سەبارەت بە ڕیبەرانی تایبەتی بوو. بارزانی کە نیگەرانی ترس و لەرزو وەحشی گەری جینارەکانی ئێراقی بوو بەپێویستی ڕیککەوتن لەگەڵ بەغدا لاقی دادەگرت،و ئەم دورشمەی زەمزەمەدەکرد: (خودمووختاری بۆ کوردستان،

دێموکراسی بۆ ئێراق) تاڵەبانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بۆ نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێراقی فیدراڵ بڵاودەکردوەو ئەمە دورشمێک بوو کە بە پێچەوانەی متمانەکانی کەسەبارەت بەیەک پارچە بوونی ئێراق دەدرا، لە سەر شتێکی نزیکترلەسەربەخۆیی ئاماژە هەبوو.

لەگەڵ ئەم هەموو خەڵک سەرنجیان بۆ ئەمجۆرەشتانە ڕەکێش نەبوو. زوربەی نزیک بە گشتی خەڵک بەپێی هەستی کەسینی خۆیان بە ڕێبەرانی ئاماژەپێکراو دەنگیان دەدا. زوربەی خەڵک،ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەڕێگای ڕابیتەکانیان کە دەستیان وە خواردەمانی و ئالیکاری بە یارمەتی وان ئیکمانی هەبوو سیبەرنشینی ئەم یان ئەو ڕێبەری سیاسی بوون ولە وان بەرهەم وەرگر بوون. هێندیکیش حەزیان لەوحیزبانە دەکرد کە زوربەی ئەندامانی بنەماڵەکویان ئەندامی ئەو بوون، ئەمە بۆخۆی هەیکەلێکی نوێ لە هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو. زوربەی جاشەکان کە دەیانتوانی خزمەتی خۆیان لە بازاری فروشتن دابنێن، بەدوای مشتری هەڵدەسووڕان‌ودیتبویاننەوە. دەستەیەک لەوانە بەپارە بۆ ناوحیزبەکان ڕەکێش کرابوون، بۆ نموونە، بەحیزبەکانی ئیسلامی کە پارەکەیان لەلایان ئێران و عەرەبستانی سعودی بۆ دابین دەکرا، یان بۆ مامەلەی باشتر بۆ ناو حیزبەکانی دیکە چووبوون. گروپێکی دیکە ناهومید ببوون. گەلێک لە سەرۆک جاشەکان کە بەحیزبی دێموکڕات یان یەکیەتی نێشتمانی یان حیزبی سوسیالیستی کوردستان لکابوون ئێستا خوازیاربوون لە تایفەوقەبیلەگەری – کە هەیکەلێک لە پێناسە و لەوانەیە بیست لەسەتی کوردەکان بەوی ئیلاقەمەندبن- لە بەرانبەر ئەوهەی بە گۆڕانکاری و سیاسی وکۆمەڵایەتی کوردستانیان دەزانی و جەرەیانێک بوو کە حیزبەکانی سیاسی هەڵسوڕینەری مەزن وگرینگی بوون، لێی دیفاع و بەرگری بکەن.

دەنگدان لەئاکامدا لە 19ی مەی لەسەربناخەی دەنگی وەک یەک دانرا. سەردەرانەی هەنگاونان لەئەنجوومەن و بەدەست هێنانی کورسی نوێنەرایەتی بۆ حیزبەکان 7لەسەتی سەرجەمی دەنگەکان دیاریکرا. حیزبەکانی بچکۆڵەش لەگەڵ ئەم جەرەیانە ڕەزامەندیان دەربڕی، چونکە دڵنیا بوون کە ئەم کەمایەتیە بەهاسانی وەدەست دێنن. (بەرە)لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕێبەریش ڕەزامەندی دەربڕی. (بەرە)لێی ورد دەبۆوە کە هەل ومەرج دەنگدان بەرانبەری لەگەڵ دەستووراتی ڕیککەوتننامەی خودمووختاری بێت کە لە 1970 لە بەغدا بەئیمزا گەیبوو. ژمارەیەک حیزبەکان زۆرتر بۆ متمانەی شانسی خۆیان لە دەنگداندا پێکەو پێکهاتن:(حیزبی ڕەنجبەران) لەبەرانبەر وەرگرتنی سێ کورسی نوێنەرایەتی، بە یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لکا، و (پاسووک) لە گەڵ حیزبی(سۆسیالیستی کوردستان) پێکهات. گروپەکانی جۆراوجۆری دیکەی ئیسلامی لە ژێرناوی (بزوتنەوەی ئیسلامی) بەڕیبەری مەلاعوسمان عەبدولعەزیزی هەڵەبجە، لەیەکدی یەکگرتوو بوون(بڕوانن لەمەتڵەبێک کە دێ)ئیدی، لە هەمووان گرینگتر(کۆمەڵگای عەشایەری کورد) و حیزبی بچووک و نیوە نادیارو نهێنی(ئازادی کوردستان) کە سەر وە(پەکەکە) بوو لە بەشداری دەنگدان خۆیان دوورە پەرێزکرد.

ژمارەیەکی نامەعلووم لەکورسیەکانی مەجلیس بۆ دوو کەمایەتی نەتەوەیی مەزن،یانی تورکمانەکان و ئاشۆڕیەکانی مەسیحی تەرخان کران. جەماوەری تورکمانەکانی ئێڕاق ڕەنگە نزیکەی 300000کەس بوو. ئەمانە ئەوهێندە کەلە سەدام زوڵم و ئازاریان بینی بوو لەلایان کوردەکانیش زوڵمیان لێکرابوو، ودوایی مانگێک هیوربوونەوە لەماوەی دەیەی 1980 لە قوڵکەی خەبات کەوتبوون. ئەمانە ئەمەیان پێخۆش بوو کە کەرکووک لە چوارچیوەی خودموختاری بمێنێتەوە،بەڵام دەیانەویست کە سەبارەت بەوزع و دۆخ و مەوقعیەتی وردی وی دوایی لەگەڵ کوردەکان وتووێژ بکەن. پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کوردەکان بریتی لە ڕەگەکانی ڕەش و سپی بوو، بەڵام دوایی ڕووخانی ڕژیمی قاسم باشتر ببوو. دەستەیەک بۆ نموونە،ژەنەڕاڵ کەماڵ مستەفا،بومەلامستەفا لکابوون،بەڵام لە دوای ئیمزای موافیقەتنامەی خودموختاری ساڵی 1970 نێوانیان ناخۆش بوو، وئەمە کاتێک بووکە دەوڵەت بەئەنقەست و بەپشتیوانی لەتورکەکان ئەم دووەی بەگژ یەکدا دەکرت. تەنیا گروپی سیاسی (حیزبی نەتەویەتی تورکمان) بوو کە ئەگەر چی هێزەکانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ(بەرەی کوردستانی) هاوکاری دەکرد بۆ خۆی ئەندامی (بەرە) نەبوو. ئەم حیزبە بەهۆی مەترسی کە لە تورکمانەکانی هەڕەشە دەکرد بڕیاری گرت لە دەنگدان بەشداری نەکات، چونکە زۆرایەتی تورکمانەکان هێشتا لەژێر حوکم و کارتێکەری دەوڵەت بوون، جگە لەوانەش پێیان خۆش نەبوو ئانکاڕا-ش کە لەگەڵ وان پەیوەندی زورنزیکی هەبوو لەخۆیی دڵ ئێش بکەن.

ئاشۆڕیەکان بەجیا لەکوردانیان دەنگ دا. ئاشۆڕیەکان لە دەیەی 1960 بەم لاوە لە ناو بزوتنەوەی نەتەویەتی کورد تێکۆشانیان هەبوو. یەکێک لە بەناوبانگترین پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی کورد، کێژێکی ئاشۆڕی بەناوی (مارگرت ژرژ مەلک بوو،)کەلە 1966کوژرا. ئاشۆڕیەکان لە سەریەک بە دووگروپ دابەش دەبوون: گروپێک کەلە دێهات دەژیان خۆیان بەکورد دەزانی وگروپەکەی دیکە کە دانیشتووی شاربوون دەیانەویست بە بەشێک لەعاڕەبیان حیساب بکەن. سەدام بەزانین لە دوای وەرگرتنی ئاشۆڕیان بوو،چونکە زوو قسەکاری تێدەکردن لەبەر ئەمە لە سەرکێشی و ئاڵەدین بوونەوە دوور بوون. دوو هەزار جاشی ئاشۆڕی هەبوو کەبازرگانانی زاخۆ پێکیان هێنابوون، و بنکەکەیان سەرسەنگ بوو. کاتێک بزوتنەوە دەستی پێکرد ئەم جاشانە بەڕاحەتی بۆ ماڵەکانی خۆیان گەڕانەوە. تەنیا حیزبی ئاشۆڕی لێهاتوو پڕبایەخ (بزوتنەوەی دێموکڕاتیکی ئاشۆڕیان) بوو کە لە 1979 پێکهاتبوو. تەنیا ئەوانەی ڕەخنەیان لەم حیزبە هەبوو،حیزبە وردیلەکانی سیبەرنشینی حیزبەکانی گەورەی کوردبوون.

دەنگدانی کوردستان لەسەرئەو هەموو پەلەوتاڵووکەیەی کە بۆ ئەنجامدانی وی کرا و لە سەربابەتی تراوبەڕا کەلە تەزویرو کردەوەی ناحەز لە وی ڕوویدا، ڕووداوێکی مێژووی بوو. جگەلە تورکیە و ئیسرائیل بەدنیای نیشاندا کەکۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵات دەتوانێت چەندحیزبی ئاشتی خوازی هەبێت. ئەم ڕووداوە نەک تەنیا هەڕەشەیەکی(سمبولیک)بۆ سەدام کە بۆ هەموو ڕژیمەکانی ناهەڵبژاردەی ناوچەبوو.

ئاکامی دەنگەکان نیشانیدا کەتەنیا پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە پشتیوانی زۆرایەتی خەڵکیان لەگەڵە. پارتی دێموکڕاتی کوردستان ویەکیەتی نێشتمانی کوردستان بە ڕێژ45و43/6ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا، چاوپۆشی لەهێندیک بێ سەروبەریزۆریش لێک نزیک بوون. حیزبەکانی دیکە هەتا 7 لەسەتیشیان بۆ هەنگاونان لەپاڕلەمان وەدەست نەهێنا.

تەنیا(بزوتنەوەی ئیسلامی) توانی 5لەسەتی دەنگەکان بەدەست نێنێت. حیزبی سوسیالیستی کوردستان بە ڕێز 2/6و2/لەسەتی دەنگەکانی بەدەست هێنا،لەحاڵێکدا دەنگەکانی حیزب(دێموکڕاتی کوردستان) زێدەتر کەیەک لەسەت نەبوو. ئەم جەرەیانە بۆ دۆکتۆر مەحموودعوسمان(کەلەدەرەوەی کوردستان ئەوی بە زێرک وپسپۆرترین سیاسەتمەداری کوردستان دەزانن) وهەروا سامی عەبدولرحمان ئەزموونێکی تاڵ بوو.(حیزبی دێموکراتی خەڵکی کوردستان) وحیزبی سوسیالیستی کوردستان و(پاسۆک) ون بوون، سەرەتالەمانگی ژوئین پێکەوە ڕیککەوتن وحیزبێکی( یەکگرتوویان) پیکهێنا،بەڵام لەهاوینی 1993 لێک بڵاوبوون-زوربەی ئەندامەکانیان بە پارتی دێموکڕاتی کوردستان لکان، بەلام پاشماوەی حیزبی سوسیالیستی کوردستان بە ڕێبەری ڕەسوڵ مامەند، چوونەپاڵ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان.

لە هەڵبژاردنی ڕێبەری،بارزانی 48لەسەت و تاڵەبانی 45لە سەتی دەنگەکانیان هێناوە. دکتۆر مەحموود عوسمان تەنیا 2دەنگی هێنابۆوە. بڕیار ئەوهاگیرا کەبێ لە بەرچاوگرتنی دەنگەکان،بارزانی وتاڵەبانی پێکەوە ڕێبەری بزوتنەوە،بکەن.

و بەڵام زۆر ڕوون نەبوو کە لەگەڵ ئاکامی دەنگدان چ دەکەن. لە دەرەوەی کوردستان ئەم دەنگدانە بۆ بەهۆی ناڕاحەتی لەناو هاوسایەکانی ئێڕاق. هیچ کام لەهاوسایەکانی ئیراق حازر بەناسینی مەجلیسێک کە لەچوارمی ژوئین بانگشتن بە دانیشتن کرابوو،یانی( دەوڵەتی ناوچەیی کورد) نەبوو- دەوڵەتێک کە مەجلیس مانگێک دوایی دەنگدان پێکیهێنا، بەم ناوە ناودێرکرا. لە ناوکوردستان دێمووکڕاسی(دووحیزبی) بە چەتوونی کاری دەکرد. مەجلیس بریتی لە 105کورسی بوو: یەکیەتی نێشتمانی و پارتی دێمووکڕاتی کوردستان هەریەکە50کورسی،و5کورسیش بۆ ئاشۆڕیەکان لەبەرچاوگیرابوو کە چوار کورسی وی بۆ(بزوتنەوەی دێموکڕاتیکی ئاشۆڕیان) وکورسی یەک، باشماوە بە(حیزبی وەحدەتی مەسیحیانی کوردستان) درا. لێژنەی دەوڵەت-یش وەکوو یەک لە نێوان دوو حیزبی گەورە دابەشکرا،بەڵام سەرۆکانی دوو حیزب لە دەوڵەت دا بەشداریان نەکرد.

شەڕی ئابووری

شەڕی ئابووری سەدام ڕۆژ بە ڕۆژ خەزێنەی کوردستانی زورتر بەتاڵ دەکرد. لە ئەوتی 1992 گەمارۆی ئابووری کە ئەو لەسەرکوردستانی دانابوو لەگەڵ ڕێگری سوتەمانی کە لەژوئیە بەڕیوەچوو بەکردەوە گەمارۆیەکی تەواو هەموو لایانە بوو. لە ئۆکتۆبر قیمەتی نەوت بە دوسەت بەرانبەر قیمەتی ژوئیەی ساڵی 1990 گەیی و بایی برنج هەشت قات بەرز ببوو،خەڵکی ئیدی وردە وردە کەل وپەلی ماڵیان دەفرۆشت.

سەدام هەرکات لە ژێرتەوژمی کۆمەڵگای دنیا قەراری دەگرت یادداشتێکی لێک تێگەیشتنی ئیمزادەکرد نەرمی نیشاندەدا،کامیونەکانی یارمەتیدەری، جارێکیتر بۆ کوردستان ڕێگادەدا. بەڵام ئەو ڕێگایەکی تازەی بۆ پێشگیری لە کاری ئارمەتی دۆزیبۆوە-بۆ نموونە، بەگنخاندنێک کەلە(ڕێ

بەستنەکان)بەوجودی دەهێنا. لە ژوئیەی 1992 هیرشی بۆ سەرکارگێرانی نیونەتەوەیی و بنکەکانی یارمەتی دەر تایبەتی دەست پێکرد: لەناوکامێونەکانی یارمەتی، بۆمب داناوە...ئەم حەولدانەی هەتاسالْی 1993 بەردەوام بوو. کوردەکانی برسی دایم و دەرهەم لە بەردەست بوون، ئەو دەیتوانی ئەوان بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە عەمەلیاتانە کەلک لێ وەرگرێ. لە ئەوتی 1992 سلیمانیە بیست لە سەت و هەولێر تەنیا16 لە سەتی جیرەی خواردەمەنی دیاریکراوی وەردەگرت- و ئەم ڕادە لە بەهاری 1994هێشتا زێدە نەببوو.

کوردەکان سروشییە لە کەمتەرخەمی و، وەپشت گوێدانی ڕوو بەزێدە بوونی کۆمەلْگای (نێو نەتەوەیی)ش زەبریان زور وێکەوت. سەرەتا ئەمە کە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دابین کردن و متمانەی کاروباری یارمەتی دەری بەپیی(یادداشتی لێک حالْیبوون)لەگەلْ بەغدا، ئیمکاناتێکی بەرفرەوانی بۆ تێکدەری لە عەمەلیاتی یارمەتی نێونەتەوەیی لە ئیختیاری سەدام نا. لەسەرئەم چەتوونیە تەنگەژەیەکی کەمبوونی بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوە و لەناوبردنی کەم وکووڕی سازمانەکانی دەست بەکاری (نیونەتەوەیی)ش زێدەبوو و ئەم مەسەلە سازمانەکانی یارمەتیدەری کوردی دەرەوەی ولاْت و سازمانەکانی دیکەی تایبەتی لە گەلْ تەنگەژە و موشکیلەیەکی زۆر ڕوو بەروو کرد. لە سەرەتای پێشوویی وئاژاوەو قەیران(ئاژانسی پەرەپیدان وئاوەدانکردنەوەی سازمانی نێونەتەوەیی)ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو کە ئیستڕاتێژی بەرئلاْقإنەی بۆ ئاوەدانکردنەوە درێژخایەن و مام ماوەندی کاتی کوردستان پێشنیاردەکرد،کە بەدابین ودابەزینی ئاسایش و خاوین کردنەوەی ئولکەکانی مین دەستی پێکرد وبە زیندووکردنەوەی ئابووری گوندەکانی بەردەوام کرد. دووسالْ دوایی( ئاژانس پەرەو ئاوەدانکردنەوەی نێونەتەوەیی) هێشتا پێشکەوتووەکی بەرچاوی لە مەڕ بەڕیوەبردنی پێشنیارەکانی ڕوون وئاشکرا نەکردبوو. لە ئامادەوحازرکردنی دەست مایە،یەک بۆ منالاْنی شێمیایی و کڕینی وەرزاو توو و کەلوو پەلی وەرزێری خەبەرێک نەبوو. بێجگەلەمە تەخمێنێک کە سازمانی نێونەتەوەیی بۆ خواردەمونی و سووتەمەنی کردبووی ئیکجارکەمتر لە ڕادەی ڕاستی بوو. ئەم بەراوەردە، بەپێچەوانەی بوونی شایەت،لەسەربنچینەی ئەم بۆچوون لێکدانەوەبوو کەسەدام دووسیوەمی ئەم ئاتاجیانە دابین دەکات.

لە دوایی دەنگدانی کوردستان،سازمانەکانی نێونەتەوەیی لە ترسی ئەمە کە مەبادا ئەم کارە بە ناسێنی فەرمی(دەولْەتی ناوچەیی کورد) ئازانتی وشی بکرێتەوە،لەکارکردن لە ڕێگای دەزگایەکان و بنکەکانی پەیوەندار بەوی، خۆیان بوارد. بەمجۆرە(دەولْەتی ناوچەی کورد)یان لە گرینترین تەنگ و چەلْەمەیک کەلەگەلْ وی ڕوو بەروو بوو-یانی لەئاوەدانکردنەوە و نوێسازی کوردستان- بە نەبینیو لەقەلْەمدا. دووری لێکردنی حوکم و چاوەدێری کوردەکان بە ئاتاجمەندیەکانی خۆدی ئەوان، موخالیف لەگەلْ شێوازو قاعیدەی یارمەتی و پەرە پێدان بوو- وەزیت بەسەرنج بە مەزنایەتی ئەرکی نوێسازی ئەوها بوو. زوربەی کشت وکالْ دیهات لە دەیەک پێش چاپووربببوو. لە زۆر شوێن گەڕانەوە بۆ گوند بەهۆی(عەمەلیاتی ئەنفال)چەتوونتر ببوو. سەرئەژمێری کەلە دەڤەرەی پێنجوین کرا، نیشانی دا کە هەتا 10لە سەتی سەرپەرستی بنەمالْەکان بێوەژنان پێکیان دەهێنا. نزیکەی

35000کەس سەرپەرشتی بنەماڵەکان کە (پیاو) پێکیان دەهێنا،لە عەمەلیاتی ئەنفال کوژرابوون-نیرینەکان لەولادانین-لە ناوچەی بارزان،سەرژمێری لە گوندەکان تەنیا ژن و منداڵ پێکیان دەهێنا. لە هەل و مەرجێکی ئەوهادا جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە پاییزی 1992 تەنیا 43لە سەتی زەویەکانی کشت وکاڵی کوردستان بەکردەوە داچیندرابوو.

بەڵام دەم و دەزگای ڕێبەری کورد-یش بۆخۆی بەرپسیاری هێندێک لە کەم وکووڕی و بێ قاعیدەیی بوو. حەول وتەقەلای دەوڵەتی ناوچەیی بۆ زێدەکردنی بەرهەم،لە سەریەک پشت ئەستوور بە وەرگرتنی باج و پێتاک لە(بازرگانەکان) یانی ئەو کەل و پەلە بوو کە بۆ کوردستان دەهات. ئەم تێکۆشانە، حیزبەکانی سیاسی و یان ئاغاکانی ناوچەیی بە تێشکان ڕوو بەڕوو دەکرد: ئەمانەش تێدەکۆشان بەرهەمی خۆیان لەم سەرچاوەیە دابین بکەن: هەموو بەگشتی دەیانەویست هەتا لە کەل و پەلی یارمەتیش باج وپێتاک وەربگرن! لەئاکامدا دەرئامەد ئەمە بوو کە بەشی موچەی، مووچەخۆران بکات،ئیدی بۆ بەڕیوەبردنی بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە نوێسازی شتێک نەدەماوە.

زێدە لەمانە ئاقیدە و بۆچوون ئەمە بوو کە حیزبەکانی سیاسی و کەسینی بەسامان و زەنگینی ناوچەیی تالانکردن ودابەزاندنی کەل وپەلی بناخەداڕیژی وڵات چاولێدەپۆشن. لە کاتی لە بەریەک هەڵوەشانی بزوتنەوە بەم لاوەگەلێک لە کوردەکان بۆ زێدەکردنی بەرهەمی کەسینی خۆیان کارخانەو کەل و پەلی قورسییان لە بەریەک هەڵوەشاند وفروشتیانن-لەسەریەک لە ئیران-بۆ نموونە، لە ئەوتی 1992 لە 700خودرەوی شارداری هەولێر تەنیا 92 دەزگا مابوونەوە. لەڕووداوی خەماوی ئەم شێوەیە یەکێک هەڵوەشانی (بەرەبەندی) بەخمە، هەڵکەوتوو لەنزیک ڕەواندز بوو. لە بەریەک هەڵوەشانی ئەم کەل وپەلە زورترکاری خاوەن ملکەکانی ناوچەیی و ئاغاکانی و(سەرۆک جاشە)کانی پێشوو بوو. ڕێبەرانی سیاسی لە بەرانبەر داکۆکی ئەم مرۆڤانە ئەم کارانەیان چاولێدەپۆشی. بەمجۆرە دەوڵەتی لاوازو هەرەشەلەسەر،هەرچەندکە خەڵکی بوو،خۆی لە وەزع و دۆخ و هەلکەوت و مەوقعیەتێکی دۆزیبۆوە کە پاڵپشتی ڕێژمی سیبەرنشینی بەرێ بوو.

لەو جێگایەوە کەلەم کارانە پێشگیری دەکرا، قاچاخ، یانی کاری دژی قانوونی دەهاتەگۆڕ کە پەیوەندی سیاسی و کۆمەلایەتی دەڤەری ئازادکراوی تێک وپێکدابوو. لەوانەیە بەزەرەرترین قاچاخ، قاچاخی دانەویڵە و فروشتنی وی بە دەوڵەتی بەغدا بوو، کە پارەی زێدەتر لەوەی (بەرەی کوردستان) توانایی هەبوو بەوی بدات،بەقاچاخچیانی دەدا. لە 1992 (ناوچەی ئازادکراو)نزیک بە 200000تون گەنمی بەرهەم هێنا. ئەم ڕادەیە کەمیک زێدەتر لە نیوە لەگەنمی جێگا ئاتاجی ناوچەبوو،بەلام ئەندازەیەکی بەرچاو لەوی بەقاچاخ ڕوویی. ئەم جەرەیانە لەساڵی 1993 دوو پات بۆوە،و ئەمە کاتێک بوو کە( دەوڵەتی مەڵبەندی کورد) بۆ کڕینی نزیکەی 400000تۆن دەخل ودان کە وێدەچوو لەکوردستان بەرهەم هاتبێت-و ئەمە بەرداشتێکی باش بوو-ئاتاجی بە 50میلیون دۆلارهەبوو. بەغدا قیمەتێکی زۆرتری پێشنیارکرد،و ڕاستایی تەکۆزی کۆمەلایەتی و دەستەبەری سیاسی حیزبەکان لەو ڕادەیە دانەبوو کە بتوانێ پێشی ئاغاکان بگرێ یان ڕێگری لەبازاری ڕەش بکات. خولاسە، سەدام باشی لێ حالی ببوو: وەدەرخستنی ئابووری لەئیختیاری(دەوڵەتی ناوچەیی کورد) لەئاکامدا بە وابەستە بوونی کوردەکانی بۆ بەغدا زێدە دەکرد.

### بیروڕای تورکیە

تاڵەبانی خیرا قۆزتیەوە کە ئاچەری دواڕۆژی کوردستانی ئێراق لەدەست تورکیە دایە. بەڵگەی وی لەسەر ئەم قسەیە سانایی و قایم بوو: پەیمانی خودمووختاری لەگەڵ سەدام بایی و نرخی ئەو لەتە قاقەزی ناهێنی کەلە سەری دەنووسرێ،چونکە چ سازمان و بنکەیەکی دەرەکی ئامادەنییە کە ئەوی دەستەبەربکات یان لە پەیوەندی لەگەڵ وی وەکوو داوەرکاربکات. کوردستانی ئێراق دەکرێ لەڕێگای تورکیەوە بپارێزرێ و داکۆکی لێ بکرێ(بەسەرنجدان بە پەیوەندی ئێران و ڕۆژئاوای سێرەهەڵگرکارێکی لەکردنهاتوو نەبووکە ئێران بشێت وەکوو رابیت یان وەسیلە بۆ یارمەتی و داکۆکی کاربکات)و ئاخیرەکەی کە سەرکۆمارئوزەل لە چەند پێشتر نیشانی دابووکە حەز دەکات میراتی کەمالیستەکان پەیوەندار بەکوردستان بەرەڵلا بکات و دەستی لێ هەڵبگرێ(لە پاژی 20 بڕوانن)

کارگێرانێک لەم قوماشە تاڵەبانیان هێناسەر ئەم بیروڕایە کە پەیوەندی خۆی لەگەل ئانکارا بەرفرەوان بکات. بارزانی لەپەیوەندی لەگەڵ دەرەکی پێشوێنی تاڵەبانی هەڵدەگرت،و هەر دوو حیزب خێرا نوسینگەیان لە ئانکارا کردەوە. تاڵەبانی، کە چونکە دایم ودەرهەم بەخەیاڵەوەبوو لەمەشی تێپەڕاند. لەگەڵ نەبوونی دەستەبەر بۆ بەرداوامی داکۆکی هەمیشەیی ئاسمانی لەلایان (یەکگرتووەکان)ی دژ بەسەدام، لە ژوئیەی 1992چاوی سەرۆک وەزیران دمیرل،کەوت،ومەسەلەی داواکاری تورکیەی لەسەرپارێزگای مووسڵ هێنابەرباس. ئەو پاشان ئاشکرای کرد:(ئاغای دمیرڵ تەنیا پێکەنی: ئەما لەم بارەو دەبێ باس وگفتوگۆبکرێ. ئێراق ئەودەستەبەرانەی کەلە 1926 و 1932 وەسوکرگرتبوو شکاندونی و لەبنیان دەرچووە. ئەمن تورکیەی بەوڵاتێکی ئارەزوی بەرز(ایدآڵ)نازانم. ئەمن ئەوی لەگەڵ ئێراق هەلدەسەنگێنم. لێرە(لەتورکیە) گەلێک ڕۆژنامە هەنە کەدەنووسن کە بەئاشکرا،لەپ.ک.ک. داکۆکی دەکەن. لیرە ئەتۆ دەتوانی قسەبکەی،هاواربکەی ... لێرە جەرەیانێکی دێموکراتێک بوونی هەیە) لەڕاستیدا ئەو لەتورکیەی بانگیشتن دەکرد کەکوردستانی ئیراق بەتورکیە هاوپیچ بکات.

ئەمە لە ئاقڵ بەدوورە کە تاڵەبانی لەلایان ڕێبەرانی هەلبژێردراوی حیزبەکان وەکالەتی هەبێت کەبوخچەی شتێکی ئەوها بکاتەوە. هەرچەند ئەگەر تورکیە وەڵامێکی پڕ بە پێستیشی داباوە ئەم مەسەلە سروشتییە گەلێک بابەتی گرینگی بۆ ناوچە لێ دەکەوتەوە. تورکیە دەڤەرەکانی نەوتی کەرکووک و چوارمیلیون کوردی وەدەست دەهێنا. بە سەرنجدان بە ناسیونالیسم-ی بەفرەوان بۆوەو پێشکەوتەی کوردستانی ئێراق،لە ئاقل بەدوورە کەلەوحاڵیشدا تەرکیە توانی بوایە ئەوی بەخاکی خۆی هاوپێچ بکات،بێ ئەمە کە خودموختاری کوردستان بەفەرمی بناسێت. ئەم جەرەیانە ناعیلاج بە مافی چارەنووسی کوردەکانی تورکیە دوایی دەهات و ئاکامی ئاقڵانەو بە بەڵگەی ئەم عەمرە وەدیهێنانی فیدڕالێک دەبوو(کۆماری تورک وکورد).

بەڵام مەترسیەکانی ئەم هەنگاوە-یانی بیانی کردنی ڕۆژئاوا،هەڵایسانی دووژمنداری لەگەڵ سووریيەوئێران وئێراق، وڕووداوی توندوتیژی وی لەناوخۆی وڵات-بەڵێ هەموو ئەم لەبەر چاوگرتنانە تورکیەیان لە هەنگاو هەڵێنان بۆ ئەم کارە گیڕایەوە. لەمانگی نوامبەر تورکیە لەگەڵ ئێران وسوورییە دەستەبەری خۆی بۆ پاراستنی تەواویەتی خاکی ئیراق ڕاگەیاند، و لە ئۆکتۆبر بەڕاشکاوی بە بوونی حکوومەتی کورد لەئێڕاقی فیدڕاڵ دژایەتی دەربڕی.

لەسەرئەمەش ڕا و بەپێچەوانەی هەل و مەرج، ئانکاڕا لە وابەستەیی بە ڕیبەرانی کورد بۆ بەشداریان لە عەمالیاتی بەرفرەوانی سنووری لە ماوەی مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نوامبەری 1992 کەلک وەرگرت(لەپاژی 20ی بڕوانن). چ پارتی دێموکڕاتی کوردستان و چ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لەگەڵ پ.ک.ک.،پەیوەندی لەمێژینەیان هەبوو،کەچی ئەم پەیوەندیە لە گەڵ یەکیەتی نێشتمانی وێرای تەنگەژەبوو. هەرچەند(بەرەی کوردستان)زۆرتر لەئەوانی کەبەدیل گرتبوو لەجیاتی ئەمەی کە بە تورکیەیان تەسلیم کات لەناوچەی ڕاگوێزتن،لەگەڵ ئەم هەمووە مەسەلەکە، هەراوهورایەکی توندی لە ناخی کۆمەڵگای کورد هەڵایساند. ئانکاڕا-ش لەگەل ئەمەکە دەوڵەتی کوردستانی بەلەوتێکی موستەحەق لە بەرامبەر دووفاکتوور بەفەرمی نەناسی لەگەڵ ئەمە ئیمانی بەکوردەکان بەمانای ناسینی(دووفاکتۆر) بەڕاستیەکان بوو. هەروەک سەرنووسەری ئازادی دەلێت(دەوڵەتی فیدڕاڵی کورد ڕۆژ بەڕۆژ لەبۆ ئانکاڕا قانوونیتر دەبوو.)لە ڕاستیدا دەوڵەتی تورکیە لە ئەوتی 1993 بە دەوڵەتی کوردستانی، لە هەولێر، 13/5میلیون دۆلاریارمەتی کرد- و ئەمە سروشتیەکردەوەی دەوڵەتێک نییە کە دەوڵەتی دیکەی بە فەرمی نەناسیوە.

### دێموکڕاسی یان تایفەگری نوێ

لەم نێوە لە ناوکوردستانی ئازادکراو، دەنگدانی مانگی مەی و پێکهێنانی (دەوڵەتی ناوچەیی کورد)نەیدەتوانی تەوفیرەکانی لە مێژینە،یان خەتەکانی مابین کە بەتازەیی سەریان هەڵدا بوو لە بیرو بۆچوونەکاندا بشاریتەوە. ئەنجامدانی دەنگدان شتێک و، دابین کردنی جەرەیانی دێموکڕاتیکی لێهاتوو کە پیویست بەوەدیهێنانی بنکەکانی خاوەن ئیحتووبارو جێگا قەبوول بێت شتێکی دیکەیە. مساوی بوونی دەنگەکانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان، لە سەریەک دیاریکەرو پێداگری دوژمنداری و کێ بەرکێ و ئینکابەریەک بوو کە لەنێوان ئەم دوو حیزب مەوجوود بوو: دوژمنداری دیاری کراو و مەعلووم نێوان دوو حیزب، تەوفیرەکانی جوغرافیایی نێوان بادینان و سۆران،تەوفیرەکانی زوانی نیوان کرمانجی و سۆرانی، و تەوفیرەکانی ئیدولۆژیک نێوان دوو فەرهەنگی(نەریت گرا)و(پێشکەوتوو). ئەم تەوفیرەی جوغرافیایی لەم دەنگدانەی کە درا خۆی نواند: زۆرایەتی نزیک بەکۆی دەنگەکان لە دهۆک بەقازانجی پارتی دێموکڕات، و هەروا وەپێشکەوتنی یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە پارێزگاکانی سلیمانیە و کەرکووک.

ئێستا کە(دەوڵەتی ناوچەیی کورد)یان هیچ کام لە سازمانی نەتەوەکانی یەکگرتوو بەفەرمی نەناسیبوو،بارزانی و تالەبانی ڕیککەوتن کە لەدەرەوەی دەوڵەت بمێننەوە، هەتا بتوانن دیپلۆماسی دنیای خۆیان بەردەوام بکەن. ئەم جەرەیانە کارەکەی خەرابترکرد،و ئەم دووە لە دەرەوە-ش وەکوو کوردستان لەگەڵ یەکدی نەک هاوکاری بەڵکوو ڕقبەرقەقە ئینکابەریان دەکرد، بە جیا بۆ

پایتەختەکانی دنیا دەڕۆیشتن. لە ئاکامدا واشنگتۆن مەجبووری بوو داوایان لێ بکات سەردانی یەکدی بکەن. بەقەولی یەکێک لەسیاسەتمەدارانی کۆنەکارو بەئەزموونی کورد:

ئەوان(بارزانی وتاڵەبانی)باوەڕو متمانەیان پێکدری نەبوو. ئەگەرئەتوو سەردانی یەکەکیان بکەی،فکریان دەکرد ئەوهەی باسی لێوەدەکەی بەگشتی سەبارەت بەلایانەکەی دیکەیە. ئەوانە فکرو،لێکدانەوەوکاروپێشەیان بەتیکڕایی ڕەقبەڕقەو کێ بەرکێی حیزبی یە...ئەمانە لە خەم و فکری ئیتراتیژی هاوبەش نین... یانی ئیستراتێژیەک بوونی نییە،جگە لە وەی کەهەر یەک دەیەوێ لەویدیکە وەپێش بکەوێ.

بەڵام لەم مەسەلە گەورەتری زەبرِ وە(دەوڵەتی ناوچەیی کورد) کەوت. بەکارهێنای دەسەڵات لەدەرەوە،لە سیستەمی دانگدان چەتوون دەتوانێت بۆ بەروپێشچوون و پەرەپێدانی بنکەکانی دێموکراتیک یارمەتی بدات. ئیشی( دەوڵەتی ناوچەیی) بۆ بەئەمە کەبەقەبووڵ کردنی بەرپسیارەتی، بڕیارەکانی ڕیبەران بەڕیوەبەرێ،لە حالێکدا کە ئیختیارلە دەست ئیدیکە دابوو. کەسێک سەبارەت بەمە بچوکترین شک وگومانی نەبوو کەکوردستان ئێستا نەک دەوڵەت یەکگرتوو،بەڵکوو قەرارگای ئەم دوو حیزبە هەڵدەسووڕاندو بەڕیوەیان دەبرد. فئواد مەعسووم کە ئەندامی ناوبەدەری یەکیەتی نێشتمانی بوو بە سەرۆک وەزیران دانرا، بەڵام ئەو لە ڕەخنەگرتن بەم مەسەلە لەمانگی مارس وازی لەپۆستەکەی هێنا.

ئەگەر ئەم دوو ڕێبەری یەکیەتی نێشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان واردی پاڕلەمان ببن،بەشێکی گەورە تەنگەژە لەناودەچن. ئێستا هەربڕیارێک ئاتاجی بە بڕیارێکی حیزبی هەیە. ئەگەر ڕێبەران بە دەوڵەت بلکێن ئەم بێ سەروبەریەو بێ تەکلیفیە دوایی پێدێت.

بۆ ئەمە کە بەرانبەری یەک سانی نێوان ئەم دوو حیزبە بەرقەراربێت، مقام شوڵی دەوڵەتی وەکوو یەک دابەشکران. بۆ نموونە، ئەگەر وەزیرێک لەم حیزبە بوو،جێگرەکەی لەحیزبی دیکەبوو. ئەم حکوومەتەی(هاوبەش و شەریک)لەگەڵ دەم ودەزگاکانی وەک یەک،هەتا پۆلیسی شەقام و مامۆستاکانی دەگرتەوە. لکان بەیەکێک لەم دوو حیزبە، بەمەرجی پێویست بۆ بەروپێشچوون گۆڕدرا. ڕوڵی داکۆکی ئەم دوو حیزبە، لەم دەم دەزگای ئیداری تازە وەسەرپێ کەوتووی وەگروگاڵ کەوتوو جێی خۆی کردەوە، و ئیمکان و بەخت و شانسی هەر جۆرە دێموکراسی لە سازمانەکان بەتەواوی لە ناو برد.

بەم ڕێووشوێنە لەدوای لەناوچوونی حکوومەتی تیرەیی و تایفەگەری و عەشیرەیی، لە مقامی هەیکەلی ئەوڵییەی سازمان،کۆمەڵایەتی-سیاسی، لە ساڵەکانی دەیەی 1970، و دەیەی 1990 بەچاولێکەری ورقبەڕقە و کێ بەرکێی نێوان ئەم دوو(یەکگرتووە گەورەوەیە)-یانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی- لە بەدەست هێنانی دەسەڵات،کوردستانی ئیراق شایەتی سەرهەڵدانی جەرەیانێکی ( تایفەگەری نوێ)یان نئوتریبالیسم) بوو. ناوەندی هەرحیزبێک، وەکوو بەرەی عەشیرەیی نەریتی مەنبەری ئەم ژمارەی کەمایەتی بوو کە بە ڕێبەری گشتی نزیک بوون.

لەدەرەوەی ئەمانە گروپی بەرفرەوانتر هەبووکەلەم یان لەو بەرەیە، بە وێنەیەک کە زۆرکەم ڕاستەوخۆبوو، داکۆکی دەکرد. بەمجۆرەسیستەمی داکۆکی و بەڕیوەبردی دەسەڵات لەڕێگای واسیتەکان کە بۆخۆیان دەست و پێیەکانیان لە دەوری خۆیان کۆدەکردنەوە بەکوچەوکۆڵان شەقام وەردەکرد. ئەم (ئاغایانەی تازەسەرهەڵداو) فەرماندەرانی پێشمەرگە یان جاشەکانن کە لایانگران و جامینخوازانی خۆیان بودوای خۆیاندا دەبینن.

گۆڕانکاری هەڵ ومەرج لەوانیە هۆکاربێ سەرۆکی دەئەوها وەکوو پێشوو لەم(سازمانە) بۆ ئەو(سازمان)بلکێن. لەدوایی لەبەریەک هەڵوەشان حیزبەکانی گچکە لە دەنگدانی 1992، ژمارەیەکی زۆر ئەوهایان کرد. یەکێک لە ناسراوترین ئەم (ماجەڕاخوازانە) محەمەدی حاجی مەحموود بوو، کەلە فەرەماندەکانی باناوبانگی حیزبی سوسیالیستی کوردستان و لەناوچەی سلیمانیە فەرماندەری بیست هەزار پیشمەرگە بوو و لەنیوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی و ئیران بەدوای بارودۆخ وهەڵکەوت و مەوقعیەت و شان وشەوکەتێک لە بۆ خۆی بوو.

لەمانگی مەی 1994 شەپۆلی مەوجود نێوان ئەم دوو(یەکگرتووە) سەری هەڵدا. ئاکامەکەی بە شەڕی خۆبەخۆیی گوڕا. ئاگری ئەم شەڕەیەکێک لە ئەندامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە قەڵادزێ هەڵیگیرساند. ئەم کابرایە داواکاری خاوەن ملْکایەتی پارچە زەویەکی دێهاتیەکانی دەکردکە لەلایان یەکیەتی نێشتمانی کوردستان داکۆکی لێدەکرا. ئەم کێشەیە شەپۆلەکانی لە مێژینەی لەکۆمەڵگای کوردی پەردە لە سەرلادا: شەپۆلی نێوان ئەو دوو عەشیرە،شەپۆل لە نێوان عەشیرەو ناعەشیرەیی، و نێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان. جێگای سەرسوڕمان ئەمە بوو کە هەردوو گروپ تۆمەتبار بوون بەمە کە دیلەکان لەیەکتر دەگرن دەیانکوژن. بارزانی و تاڵەبانی دەسەڵاتیان بەسەرهێزەکانی خۆیاندا نەدەشکا،شەڕ هەتا کۆتایی ئەوت بێ پسانەوە لەڕەواندز و شەقڵاوە و قەڵادزە وشوێنەکانی دیکە بەردەوام بوو، نزیکەی 1000 کەس کوژران و70000کەس لەمال وژیانی خۆیان هەتڵەو پەڕیوەو لانەوازو ئاوارە بوون. ئاگربڕێکی ناپایەدارکرا-کوردستان ئێستا لەمەڕ سیاسی ونیزامی دابەش کراوە.

ئەم کێشمە کێشمە بە تەداخولی(بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) کە بەرەیەکی پێکهاتوو لەگروپەکانی ئیسلامی یە، گرێپوچکەتربوو. دانگدانی ساڵی 1992 نیشانی دا کە هەستی ئیسلامی لە دەڤەرەکانی عەشیرەیی کارقایم (محافظەکار) وەکوو پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، لاوازو لە ناوچەکانی پێشکەوتوو وەکوو سلیمانیە و کەرکووک کە بزوتنەوە لەواندا بە ڕیژە 8و6 لە سەتی دەنگیان وەدەست هێنابوو بە هێزترە. ئەمە نیشانی دا کە تەریقەتەکانی قادری و نەخشبەندی لەو ناوچانە سەرکەوتوونە کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان کە بۆخۆی محافیزەکارترە،دەسەڵاتی نییە. ڕیبەری بزوتنەوەی ئیسلامی،مەلاعوسمان عەبدولعەزیزی هەڵەبجە کەلە دەنگدانی 1992 خۆی پاڵاوتراوەی سەرۆک کۆماری کردبوو چوارلە سەتی دەنگ هێناوە. ئەمە بەو ڕابردوییەی کەبەناوی جاش هەیبوو سەردۆخێکی بەرچاوبوو. بەقەولی یەکێک لە سیاسەت پیشەکانی کاتی(وەزیتی

کوردستان بۆ زیندوکردنەوەی مەزەب لەبارە). خەڵک هەڵەکان و گەندەڵی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان دەبینن، و ئێران بە پێشکیش کردن خواردەمەنی و چەک وتەقەمەنی لەم گروپانە داکۆکی دەکات.) لە ژوئیەی 1993 مەلاعەلی عەبدولعەزیز،برای مەلاعوسمان، لەگەڵ حاجی مەحموود بۆ سەردانی حجت الاسلام ڕەفسنجانی و ئاتووڵلا خامەنەیی بۆ تاران چوو- لەبەرامبەر تاڵەبانی و بارزانی بوو کەلە پێشوودا ئەم بەرەکەت و چاکتریە لێیان مووزایقەو دریغ کرابوو.

بەرەوپێش چوونی(بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) لەشاری هەڵەبجە، کە جێگای لە دایک بوونی مەلاعوسمانە،پێشتر لە دەسامبەری 1993 بە تەقەو لێکدانێکی توند لەگەڵ یەکیەتی نێشتمانی کرابوو. ئەم رووبەڕوو بوونەوانە زوربەی سەرهەلداو لە دوژمنداری نێوان(تاریک فکرو) و(خوانەناسان) بوو-لایانەکان یەکتریان بەم جۆرە ناوانە ناودێردەکرد-بەڵام زوربەی هۆکارەکە ئەمەبوو کە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەناوچەیەک بوونی خۆی ڕاگەیاندبوو کە یەکیەتی نێشتمانی ئەو دەڤەرەی بە هی خۆی دەزانی. لەم تەقەولێدانە سەرکەوتوویی بە یەکیەتی نێشتمانی بوو،بەڵام یەکیەتی  نێشتمانی کوردستان داوەری پارتی دێموکڕاتی کوردستانی، کە بزوتنەوە پەیوەندی و ئامووشۆی دۆستانەی لەگەڵ وی هەبوو قەبووڵ کرد.

بە دەست پێکردنی شەڕ نیوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لەمەی 1994 بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان شارەکانی هەڵەبجە و پێنجوین و خورماڵی داگیرکرد، سەنگەرو پایەگاکانی یەکیەتی نێشتمانی بەتوندی کەوتنە بەرهجووم و هێرشیان کرا سەر. لە پاییزی 1994 کە شەڕ دامرکا،بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان هێشتا بەشی زۆری دەوروپشتی ئەم شارەی لەبەردەست دابوو. ئەم خاڵە ڕوون بوو کەلەم شەڕانەدا بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و پارتی دێمووکڕاتی کوردستان بۆ تێشکانی یەکیەتی نێشتمانی لەگەڵ یەکتر هاوکاریان کردبوو، و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە ئێران یارمەتیەکی زۆرو زەوندو بەرچاوی وەردەگرت.

**مەترسی لەبەرچاو**

لە دەسامبەری 1994 پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان جارێکی دیکە تووشی شەڕێکی ئاشکرا بوون،کە 500کوژراوی لێ کەوتەوە و هەزاران کەس لە دانیشووی شارەکان ڕاونران: هەولێر لە دەست یەکیەتی نێشتمانی دابوو، ودەزگای ڕیبەری ئیفلیج بوو. هۆکاری ئەم شەڕەش جارێکی دیکە تێشکانی بارودۆخی نیشاندا: بەشێک لە عەشیرەی هەرکی بەپارتی دێموکراتی خزمەت کردبوو، و هیواداربوو کەپارتی دێموکڕاتی کوردستان ئەم خزمەتەی بە ڕێگاچارەی کێشمەکێشم-ی زەویەکان بەقازانجی وی تەواوکات. کاتێک پارتی دێموکڕاتی کوردستان ئەم داوایەی بۆ بەجێ نەهێنا،گروپی ناوبراو بەیەکیەتی نێشتمانی دەستەوداوین بوو، و یەکیەتی نێشتمانی لە داگیرکردنی ئەم پارچە زەویە کەگروپی ناوبراو داوای خاوەن مڵکایەتی دەکرد،ئەوانی ئالیکاری کرد. ئەم جەرەیانە،هۆکاری شەڕ لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستانی لێکەوتوەو،کە بەلەز پەرەی گرت و لەناوچە بڵاو بۆوە.

ئەمە شۆخیەکی تاڵ بوو کەکوردەکانی ئێراق کەبۆ ڕەزگاری لە بن نیری کویلەتی حکوومەتی عەرەب دەیان شەڕی توندیان لەڕابردوو کردبوو، ئێستا دەبوایە چاویان لە تێکۆشانی برپوانچیانی (کۆنگرەی نەتەوەیی ئێراق) بوایە، کە گروپێکە پێکهاتوو لە عارەبی دژبە حکوومەت. بەمجۆرە ساڵی 1995 لە حاڵێکدا وەرگەڕا کە کێشمەکیشم نیوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان چارە سەرنەکراو مابۆوە، و دەڤەر لەمەڕ سیاسی نیوان ئەم دوو(حیزبە) و(بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) دابەشکرابوو. لە 1995 دەبوایە دانگدانێکی تازە سەری گرتبوایە. ئەم جەرەیانە گەڕانەوە بۆ سەرئازموونی دێموکڕاسی چەند حیزبی، لەکردنهاتووی لاواز نیشاندەدا،بەڵام بە وێچوونی نزیک بەیەقین ئەمە بوو کە بەهیزترین حیزب،ڕەقیب و ناڕازیان بۆ قەراخ ڕاوبنێ و حکوومەتێکی تاک حیزبی لەسەربناخەی شەبکەکانی داکۆکی تایبەتی وەدی بێنێت. ئەگەر پارتی دێموکڕات سەرکەوتوو بوایە- کە فکری بۆ دەچوو- مەترسی لەمەدابوو کە یەکیەتی نێشتمانی لەگەڵ دەنگدانی نوێ دژایەتی بکات، یان لە ئاکامدا بە ناڕازی بوونی دەنگدانێکی ئەوها دژکاربێت و هەنگاوی نیزامی لەکارکات، چونکە دەیزانی ئەگەر ئەوها نەکات بەمەترسی بە لە بیرچوونەوەی سیاسی ڕوو بەڕوو بێت. جگە لە وێچوونی حکوومەتی تاکی حیزبی – لەلایان هەرکام لەم دوو حیزب- و یان شەڕو دابەشکردنی مەڵبەندەکان،لایانگری ئەم دوو حیزب،ئەم مەترسییەش لەگوڕیبوو کە حیزبی دۆڕاو لە دەنگدان لەوانەیە بێتە سەرئەم بیروڕایە کە لە گەڵ بەغدا پەیوەندی بگرێ و لەوی نزیک بێتەوە،چونکە ناسیونالیسم لەسەربناخەی قەومییەت، ڕێژمەکانی تەواو پشت ئەستور بە داکۆکی بەرتەسک ناکات. ئێشتا ئەم دەروازەیە هاوەڵا بوو کەئەم یان ئەو حیزبی کوردلەگەڵ بەغدا واردی مامەلە بێت، و بە شیوەی(پاڕیزگار)وی بۆ خەڵکی کورد هەیکەلیان بگۆڕێ. لەحالێکدا کە کۆمەڵگای کوردهەروا بەکاری خۆی لەسەربناخەی شەبکەکانی نیزامی پشتگیری لێکردن بەردەوام بوو چاوەنواڕی دێموکڕاسییەکی سەرکەوتووی پارلەمانی بە وێنەی قاقڕیکی ئێشکارۆ خیالێکی ڕزیو باقی ماوە -هەروا بۆ پاشماوەی ئیڕاقیەکان بوو.

مجدترین و بەلەزترین خۆفی دەرەکی، ترس لەم بابەتە بوو کە پاراستنی ئاسمانی (یەکگرتووان)ی دژی سەدام لە پشتیوانی کردنی خەڵکی کورد کۆتایی بێت. ئیمکانی ئەوەی لێدکرا کە داکۆکی چ بەم هۆکارە کە شەریکەکانی(یەکگرتوو)ئێستا هەستیان پێدەکرد کەدەتوانن لەبەرپسیارەتیەکانی بەشەردۆستانەی خۆیان دەربازکەن، یان بەم هۆیە لەتورکیە نایەوێ مافی کەلک وەرگرتن لەپایەگای ئەنجیرلک)ی بۆکاتێکی دیکە بگۆڕی،ئەگەرچی ئەم داکۆکیە نەک داکۆکییەکی سیاسی بەڵکوو داکۆکی ئیساندۆستانە بوو، لەئاقڵ بەدوور نەبوو کەئیلاقە و دەستەبەری شەریکەکانی(یەکگروو) بەهۆی ئالۆزیەکانی سیاسی ناوکوردستان ئاغزونەی پشتبیندی شل بێتەوە. بەهێزترین بەڵگە بۆ پاراستی هێزەکانی ئاسمانی نیگەرانی ڕیبەرانی ڕۆژئاوا و تورکیە لەم بابەتە بوو کە مەبادا جارەکی دیکە ژمارەیەکی زۆر لەم خەڵکە بۆلای سنووری تورکیە تێی تەقینن. تورکیە حەزی لەمە دەکرد هەودای پەیوەندیەکەی لەگەڵ بەغدا ڕاچێنێت،هەتا لە سنوور ئاسایشی زۆرتر هەبێت، و زەرەر هەبوونی سەرمەشقی پڕمەترسی خودمووختاری بەکوردەکانی خۆی نیشان بدات بەڵام نەک بە بایی هەڵپشکووتن وسیلاوی موهاجرەتێکی گەورەی دیکە.

ئاخۆ سەدام قەست ونییەت و ئیختیداری(یەکگرتووەکان)ی بە بەرگری لەکوردستان لەئەزموونداا بوو، وئەگەر ئەوهای کردبوایە ئاکامەکەی چ دەبوو؟ کاتێک دەستەبەرەکانی ڕێوەبەری کۆتایان پێدەهات جێگای شک وگومان بووکە (یەکگرتوو)بەم ڕادەیە هێزەی ئاسمانی لە بەردەست بوایە کە توانیبوایە پێشی هێرشی بڕیارگری، کە بۆکوردستان دەستی پێدەکرد،بگرێت.

هەتا ئەگەر سەدام لەدەسەڵات لاتەریک و،وەلانرابوایە خەڵکی کورد دیسان مەسەلە وتەنگەژی ڕابردوویان لەگەڵ بەغدا دەبوو. هیچ کام لە هاوسایەکانی ئێراق و، وڵاتەکانی ڕۆژئاوا-ش، حەزیان لە بینینی کوردستانێکی سەربەخۆ نەبوو. بەڵگەو هۆکارێک کە بۆچ ڕۆژئاوا سەرهەڵدانی کوردستانی سەربەخۆی لەئێراق پێخۆش نەبوو ڕوون و ئاشکرابوو. بە سەرنجدان بە دوژمنداری هەموو هاوسایەکانی ئێراق، یەک لەوان عەڕەبستانی سعودی، جەرەیانێکی ئەوهای نەک تەنیا بە ئاڵۆزی و پشیووی زورتر وادە دەدا کەلەجەرەیانی وی دوور نەبوو وڵاتانی هاوسایە پێکەوە تووشی شەڕو کێشمەکیش بکات،لەوانەبوو ماباقی ئیراق-ش لەبەریەک هەڵوەشێ یان بە هەڵچوونی توندی شێعەکان ڕوو بەڕوو بێت. جەرەیان وە- سندوقۆڵەی پاوەندڕا دەچوو-کەڕۆژئاوا بەهیچ لەونێک حەزی نەدەکرد ئاچەری بخاتە سەر قفڵەکە و بیکاتەوە. لە سێرەی بینینی بەغدا،ناسیونالیسم-ی کورد لەشەش دانگی وڵاتی هەڕەشە دەکرد. و ( هەسپی تڕوا)ی قودرەتمەند بۆ دوژمنانی ئێراق بوو. داواکاری کەرکووک- دەجا شەرعیەتی پێدانی ئەم داوایە، هەر ڕادەیە بوو- ئەگەر بەم مانایە بوو کە ئێراق لە چاوەدێری خۆی لە سەرچاوی بنەڕەتی نەوت چاوپۆشی بکات،قەبووڵ نەبوو. هەر دەوڵەتێک لە بەغدا بەوێچوونی زۆر بڕیارو سیاسەتی ئەمە بوو کە بەرلەدانی هەرجۆرە خودموختاریەک بەکوردەکان حوکم و چاوەدێری بێ ئەم لا ئەولای خۆی لەسەرکوردستان داسپێنێت. لەساڵی 1932 بەملاوە هەڵویستی هەموو دەوڵەتەکانی بەغدا جگە لەمە نەبووە.

بە لێڕوانین لە مەسەلەو تەنگ و چەڵەمەی دەرەکی-تێپەڕین لە ناکۆکی و نێواناخۆشی قوڵی ناو کۆمەڵگای کورد- خەباتی نەتەوەی خەڵکی کوردلە 1995 هێشتا ڕێگایەکی درێژی لە بەربوو کە دەبوایە بیپێوابوایە.

تێبینی:سندوقۆڵەی پاندورا-1-یەکەمین ژن کە ولکان ئافراند ومینروا فرشتەی ئاقل گیانی وەبەرنا، و ژوپیتر سندوقۆڵەیەکی بەویدا کەهەموو خەراپەکانی دونیای تێدابوو. مێردەکەی لەڕووی وردبینی سندوقۆڵەکەی کردەوە، خەراپەکان ئازاد بوون و لەدنیا بڵاو بۆنەوەو، ولە سندوقکەدا جگەلەئومید نەما(ئەساتیری یۆنان)

سەرچاوەکان:

منتشرشده :مایکل کونتر،کردهای عراق :تراژدی وامید (نیویورک 1992). دی کین، کوردهای عراق: منطقة امنشان اکنون چه اندازه امن است؟ (لندن،1993) مایکل میدو کرافت و مارتین لون(انتخاب کردستان برای انتخاب ملی کردها ورهبر جنبش ڕهایی بخش کرد) سه شنبه19 مه-گزارش مقدماتی(لندن،ژوئین 1992).دیده‌بان خاورمیانه،عذاب بێ پایان: خیزش 1991 له عراق وپیامدهای آن(نیویورک 1992)پاکس کریستی اینترنشنل،( انتخابات درکردستان عراق) (بروکسل 1992).

ڕۆژنامه‌کان وغیره: انستیتوی کرد،پاریس،بولتن ارتباطی وخبری،کریسچن ساینس مونتیور،فایننشل تایمز،گاردین، ایندپندنت،اینترنشنل هرالد تریبیون، لیبراسیون،میدل ایست ائینترنشنل،لوموند،نیویورک تایمز، آبزورد، اخبار ترکیه، وال استریت جرنل.

بڵاوبۆوه: جبهه‌ی کردستان(مشروع الکردستانیه العراقیه للحکم الذاتی للاقلیم کردستان)12ی مه‌ی 1991)، جان راگ( گزارشی دربارة اسکان مجدد مردم آواره و مهاجر کرد درمنطقة خودموختار کردستان در دراز مدت ومیان مدت) گزارش تهیه شده برای(توسعه و عمران سازمان ملل متحد،دانشگاه مانیتوبا، وینی پگ،ژوئیة 1991) منصور ساجدی (وضع اقتصادی کردستان(اس او اس،لندن،آوریل 1991) اتحادیة میهنی کردستان(بیانیه‌ای دربارة جریانات اخیر درکردستان عراق)(29ی مه‌ی 1994)، پارتی دێموکراتی کوردستان،(درکوردستان عراق چه روی داد؟( ژوئینی 1994).

مصاحبه‌ها: سامی عبدالرحمن(لندن، 21ژانویة 1991،ڕه‌واندز 12 اکتبر 1991) سیامند بنا(زاخو) 1-اکتبر 1991) ،سعودبارزانی(لندن،21 ژوئیة 1989،صلاح الدین،10 1کتبر1991)کریم خان برادوستی (لندن،18فوریة 1992) تام هاردی فورسایت(کرانلی، 10،اکتبر1992) فئوادمعصوم (شقلاوه،10-اکتبر1991)عدنان مفتی(شقلاوه-سلیمانیه3و 9 -اکتبر 1991)عادل مراد(لندن،26و29 ژوئیه و2اوت 1991،نوشیروان مسته‌فا امین(لندن،12 نوامبه‌ر1991) برهم صالح(لندن،4 آوریل 1991)سامی شورش(لندن،11 نوامبه‌ر 1993) حسین سورچی (لندن،18 فوریة 1992)،دکترمحمودعثمان(لندن،11نوامبه‌ر 992 ) هشیارزیباری (لندن،18 ژوئیه و 30 اوت 1990، 13ژوئیة 1993.

بیرنامه‌کان:

1-وتوویژله‌گه‌ڵ مه‌سعودبارزانی،لندن،21 ژوئیة 1989. 2-اینترنشنڵ هرالد تیبیون،25ی ژانویه‌ی 1991. 3-بریتانیا له‌ئینقلابی 1958ی ئیراق له‌م بابه‌ته تووشی دڵه‌خورپه ببوو-وه‌زاره‌تی دەره‌وه 371/ 134255،باڵویز بۆ وه‌زاره‌تی ده‌روه،ئستانبۆڵ، 18ی ژوئیه‌ی 1958. 4-تورکیه به‌رهه‌مێکی به‌رچاوی سه‌باره‌ت به‌بارزگانی تڕانزیت له‌ده‌ست دا(به‌رێکردنی نه‌وتی ئیراق بۆ ئاخری مه‌دیتڕانه، که‌ل وپه‌لی گویزتنه‌وه‌ی قورسی زه‌مینی) 5-کریسچن ساینس مونیتور،15ی مارسی 1991. 6-نێوان 27ی فوریه و 4ی مارس هێزه‌کانی

کورد 50جار بۆسەر پێگەکان وئامانجەکانی ئیڕاقی هیرشیان کرد، آژانس فرانس پرس،4ی مارسی 1991. 7-ایندپندنت،24ی ئاوریلی 1991. 8-ئاخافتنەکانی برهان جاف بەئاژانسی فرانس پرس،4ی مارسی 1991. 9-وتوویژ لەگەڵ حوسین سورچی وکەریم خان برادۆستی،لەندەن،18ی فوریەی 1992 وەبیرم دێ کەعەباس مامەند لەشۆڕشی 1961 بەشداری هەبوو. ئەو ئێستا مرۆڤێکی لەنیوکەوتوو بوو،بەڵام رەنگە ئەندامانی لاو لە کارە پێشقەدەم بوون. 10-ناسراوترین وان بریتین لە لاتو و ئەرشەد زێباری. لەوکەسانە بوون کە بۆ بەغدا هەڵاتن، یەکێک-یش قاسم ئاغای کوی-سنجاق بوو کە سەبەبی مردنی ژمارەیەکی زۆر لەپێشمەرگان ببوو ومتمانەی بەم عافوە نەبوو. 11-وال استریت جرنل، 14ی ،ارس.وفایننشل تایمز، 3ی ئاوریل 1991. 12-حینترنشنل هرالد ترینیون،30ی مارسی 1991. 13-ڕەفعەت بالی لەملێت،در ایندپندنت،3ی ئاوریل 1991. 14-ایندپندنت،7ئاوریل 1991. 15-ایندپندنت،11ئاوریل 1991. 16-هەتا 100000،ایندپندنت ئاریل 1991. 17-برهم صالح،ئابزرود،21ئاوریل. 18-بۆ ئاگاداری لە داواکانی (بەرەی کوردستان) بە (مشروع الجبهە لکردستان)بڕوانن...12ی مەی 1991. 19-زۆرتر یەکیەتی نێشتمانی کوردستان بوو کە لەسەر داوای کەرکووک وخانوقین لاقی دادەگرت،چونکە ئەم ناوچەیە لە مەڵبەندی سیاسی ئەو بوو. سنجارجێگا سەرنجدانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت(حیزبی یموکراتی خەلکی) سامی عبدالڕحمان بوو، کەبۆخۆی خەڵکی سنجاربوو. 20-چارەنووسی سنجار، عەقرە، شێخان و کەرکووک هەروا چارەنەکراو مابۆوە. 21-دالگس هەرد،وەزیری دەرەوە،(خوازیاری خودمووختاریکی باش ۆکوردەکان لەچوارچیوەی سنوورەکانی ئێڕاق دابوو) بەڵام حازرنەبوو یارمەتی بەم مەسەلە بکات،تایمز،3مەی 1991،بڕواننە ئەم یادداشتانەی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا سەبارەت بە( ناوچەدایمی ئەمن وئاسایش وخودموختاری کورد) لە ایندپندنت،4ی مەی 1991سەبارەت بە مەسەلەی کۆمەڵگای هاوبەشی ئۆرووپا،بڕواننە بەایندپندنت،30 ی ئاوریل، 11و20و24 ژوئین 1991ئابزرد،30ژوئین 1991. 22-لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەڕێژی کراو لە 9ی مەی کاتێک کە کوردەکان تازە واردی ناوچەی ئاسایش) دەبوون ژەنەڕاڵ کاشویلی ڕایگەیاند کە ئامریکا لەبیروڕای دایە دە سەرەتای ژوئین ناوچە چۆل کات. ئەم مەسەلە هۆی تێکەإوی وسەرسوڕمانی ئەفسەرانی ئینگلیزی بوو کە لەئاکامدا توانیان ئەم جەرەیانە سی حەوتوو دەدوابێخن هەتا لەماوەی وی تیمە پشتیوانێکی وەجۆإو پێکبێنن. وتوویژ لەگەڵ هاردی فورسایت، کرانلی، دەی ئۆکتۆبری 1993. 23-ایندپندنت،26ی ژوئین 1991. 24-وتوویژ لەگەڵ سیامەند بنا،زاخۆ، ئۆکتوبر 1991. 25-ایندپندنت،25یژوئین 1991. 26-دیدەبانی ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست،بوروکراسی سەرکوت،لاپەڕە 125. 27-ایندپندنت،13، 20و24 سپتامبەری 9ی ئۆکتۆبەر 1991 و 25ی ژانویەی 1991،ئابزرور،29 ئۆکتۆبر 1991. 28-1000تۆن ئارد لە هەلسەنگان لەگەڵ 9600تۆن جیرەی مانگانە بەرلە ئۆکبۆبەر-ایندپندنت،19و 25ی ژانویەی 1991. 29-وتوویژ لەگەڵ حوسین سورچی،لەندەن،18ی فۆریەی 1992. 30-الحیات،22ی دەسامبەری 1991بەنەقڵ لەگونتر لەکوردەکانی ئیراق،لاپەڕەی 89. 31- ایندپندنت،25ی ژانویەی 1992. 32-بۆنموونە،حوسین سورچی،کەریم خان برادۆستی،محەمەد ئەسعەد فەتاح ئاغا هەرکی و فەرعان حاجی ئاغای شەمدین

سولیوانی،کە لەگەڵ بارزانیەکان دوژمنداری لەمێژینەیان هەبوو.
33-بریتی حیزبواللەی کورد بەڕیبەری شێخ محەمەدخالد بارزانی(کوڕی شێخ ئەحمەد و کوڕەمامی مەسعود) و(یەکیەتی مەلاکانی ئائینی کوردستان) بەڕیبەری مەلاحەمدی سەرسەنگ.
34-(حیزبی نەتەویەتی تورکمان) داوادەکات کەلە ئیراق 2/5میلیون تورکمان لەئیراق دانیشتوون،کە 50000کەس لەمانە لەدوورخراوەیی دان. 35-(یەکیەتی مەسیحیانی کوردستان)(پارتی دێموکراتی کوردستان)(بزوتنەوەی دێموکراتیک مەسیحیان) (یەکیەتی نێشتمانی) حیزبی دێموکراتی کلدە-ئاشور(حیزبی کموونیستی ئیراق). 36-لەدوایی رەدیف کردنی دەنگەکان بۆ حیزبەکانی وردیلە کەکەمتر لە7لەسەتیان دەنگی پیویست بۆ واردبوون بەپارلەمان بەدەست هێنابوو،پارتی دێموکراتی کوردستان و 50/8لەسەت و یەکیەتی نێشتمانی 49/2لەسەتی وەدەست هێنا. لەلایان هەر دوو قاعیدەیەک دیترا، بەڵام دەگوترا ئەگەر هەموو دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک بەشداریان لەدەنگدان کردبوایە دەنگەکانی دوو حیزب مساوی دەبوو.
37-کین،کوردەکان لەئیراق،لاپەرەی 33وقسەکانی ئاغای ماکس وان لەاستول،راپۆرتدەری تایبەتی بەئیراق لەپەنجاهمین دانیشتنی کمیسیونی حقوقی بەشەر،28ی فوریەی 1994.
38-بڕوانن‌ەکوردەکانی ئیراق،نوسینی کین،لاپەرەکانی 34-52. 39-بەغدا بۆخۆی ئیکجار ئاتاجی بەم دەغل ودانە هەبوو وئەمە تەنیا بەم هۆیە نەبوو کەئیراق بۆخۆی لەلایان کۆمەڵگای دنیا لەژێرگەمارۆی ئابووری بوو بەڵکوو بەم هۆیەش کەکوردستان نزیکەی لەنێوی ئەم گەنمەی 1/3 جۆی بەرهەم دێنا. 40-بۆنموونە،هیزەکانی ئیراقی لەئاوریلی 1992 گوندەکان وشارەکانی هەڵکەوتوو لە قەرخ زاوی گەورەکان گوللەباران کرد کەبۆ بەهۆی هەڵاتنی 40000کەس لەخەڵکی ئەم ناوچانە. تورکیەنەیدەویست هێزەکانی(یەکگتروو)بەداکۆکی نیزامیانی کورد ئەم گوللەباران وەڵام بدەنەوە. 41-ایندپندنت،25ی ژوئیەی 1992. 42- بۆنموونە،سامی عبدالرحمان بەفکرولێکدانەوەی هاوپێچی پارێزگای مووسڵ بەتورکیە لە ئەوپەڕی پشێوی خەلیج ئیکجار دژایەتی دەکرد،وتوویژ لەگەڵ نووسەر،لەندەن،21ی ژانویەی 1991. 43- بە وەرگرتن لە ایندپندنت،16ی نوامبەری 1992. 44-حەزبی دێموکراتی کوردستان 86لەسەتی دەنگەکانی دهوک بەدەست هێنا،یەکیەتی نێشتمانی لەهەر دوو پارێزگای سلیمانیە وکەرکووک 60لەسەتی دەنگەکانی وەدەست هێنا،لەحاڵێکدا کەدەنگەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان 27لەسەت بوو. پارێزگای هەولێر بشێوەیەکی وەک یەک لەنیوان دوو حیزب دابەشکرابوو. حیزبی سوسیالیست زۆرترین دەنگی لەسلیمانیە بەدەست هێنا، لەجێگاکانی دیکە دەنگەکان زورکەم بوو.(حیزبی دێموکراتی خەلکی) سامی عبدالرحمان تەنیا لە دهۆک دەنگی بەدەست هێنا. حیزبی کموونیست توانی لەکەرکووک وهەولێر 3لەسەتی دەنگەکان بەدەست بێنێت بەڵام لەدەهۆک محافظەکار کەمتر لە یەک لەسەت یان بەدەست هێنا. 45-مەحموودعوسمان،وتوویژ،لندن،11ی نوامبەری 1992. 46-هاوکار،ژمارە1993،8.
47- شێخ محەمەد خالد ڕێبەری حیزاللەی کورد،مامی مەسعودبارزانی یە.

**کتێبی پێنجەم**

**ناسیونالیسم لەسەربنەمای نەتەوایەتی لەتورکیە.**

پاژی 18،

**زیندو کردنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەتورکیە**

لەساڵەکانی 1946- 1979.

**زیندوو بوونەوەی شێخەکان و ئاغاکان.**

هەرچەند کوردستانی تورکیە لە ساڵەکانی دەیەی سی بەتوندی سەرکوت کرابوو، دەوڵەتەکانی کەلە ئانکارا بەدوای یەکدا دەهاتن ئیکجار زۆرسەبارەت بە(مەسەلەی کورد) هەست پێکەر بوون. بە پەردەیەکی کپ و بێدنگی کە بە سەر کوردستان هەڵکشابوو بەچەتوونی دەکرا تێبگەیت کە لە وێ چ ڕوو دەداو،و لە تێک تەپان بە بۆڵدزێری کەمالیسم چ ڕادە بەرماوێک لە هەستی نەتەوەیی کورد ساخ ماوەتەوە. دەنگۆیەک سەبارەت بە بزوتنەوەکان کارتێکەر لە دنەدانی چینی پرۆلتاریا لە ئاناتولی ڕۆژهەڵات لەکۆتایی هاوینی 1940 بۆ دەرەوە کەلێنی تێببوو،بەڵام ئەگەرئەم ڕاپەڕینانە گرینگایەتیەکیان هەبوایە دەنگیان بێ گۆمان بەئێران و ئێڕاق دەگەیی. لە بەهاری ساڵی 1945 بەڕەواڵەت کۆبوونەوەیەک لە دیاربەکر وگیاور پێکهات بوو کە لە جەرەیانی ویدا، نیزامیەکان ژمارەیەکیان دەست بەسەرکردبوون و120کەس لەسەرۆکانی عەشایەر لەسیدارەدران. بەڵام ئەگەر ئەم ڕووداوە حیکایەتی لە بەردەوام و مانەوەی هەست پێکردنی کوردی بوو، زۆرتر لەسەر قایم بوون دەسەڵاتی حکوومەتیش شایەتی دەدا.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە ئانکارا نیگەران بوو، و ئەم دڵەڕاوکەیە لە گەڵ بانگێشتنی شووڕەویەکان لە نوامبەری 1941 لە ژمارەیەک لە ماقولان و گەورەپیاوانی کورد بۆ باکۆ،بەو پەڕی خۆی گەیشت. لە هاوینی 1946 دەوڵەت دیسان کوردەکانی بۆ ڕۆژئاوا، و هەتا بۆ باشوور،یانی قارس و اردهان،گواستنەوە. دەستووری ڕۆژ، دەرپەڕاندن و دوورخراوەیی و حاشا لێکردن بوو. وتاریک لە سوون پستا لە ڕیکەوتی 11ی ئاوریلی 1946 نەزەری دەستگای دەکردە ئاێنەی باإنوێن.(لە تورکیە کەمایەتی کوردی،چ دانیشتووی دایمی و چ خێڵەکی، لەگەڵ نائاگداری نەتەوەیی هیچ کات بوونی نەبووە.)

لەگەڵ ئەو هەمووە،دەوڵەتی تورکیە کە لەگەل قەیرانی ئابووری و سیاسی گەلێک زۆر، کەلە 1945 بەملاوە،ئەوی لەهەرلاوە لە پەرژین خستبوو، بۆخۆی هەل و مەرجێکی پێویستی بۆ بەروپێشچوونی دواڕۆژ، فکرو وهزرەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لەکوردستان پێکهێنا.

هەتاساڵی 1946 سیستەمی تاکە حیزبی کەلە مستەفا کەماڵ بەمیرات مابۆوە، وسیستەمی دەنگدان ناڕاستەوخۆ،کە بەپێی وی(کۆمەڵگایەک)لە هەڵبژاردراوەکان، نوێنەرانی مەجلیسی کوبڕای نەتەویی یان هەڵدەبژارد وبەحیزبی (کۆماریخوازی نەتەوییەتی یان)و هێندێک لەهەڵبژاردراوەکانی ناوچەیی هەل ڕەخساند هەتا دەسەڵات هەروا لەدستیان دابێت. بەڵام لە 1945 ئەم سیستەمی سەرەڕۆ ئیدی لەژێر تەوژم وزەجتی ڕوو بە زوربوونی دەرەوەو ناوەخۆی حیزب، تووشی ئاڵۆزی بوو.

لە ژانویەی 1946 گروپیک لە جیابۆوەکانی حیزبی کۆماریخواز ئیجازەیان وەرگرت حیزبێکی موخالیف پێکبێنن: ئەم حیزبە (حیزبی دێموکرات) بوو.

دێموکڕاتەکان لەحاڵێکدا بیروڕایان لەسەردەنگدانێک بوو کەدبوایە لە 1950 سەری بگرتبوایە و بۆ وەدست هێنانی دەنگەکان سەرنجی خۆیان لەمەڕ ئازادیەکانی مەدەنی زۆرتر کۆکردەوە کەڵەکە کرد. بەتایبەت دەیانزانی کە بێزاری گەمارۆدراو سەبارەت بە سەروسامانداتی مەزەبی کەماڵێستەکان سەرچاوەی دەسەڵاتێکی باش بۆ وەدەست هێنانی دەنگەکانە، و ئەم سەرچاوە دەڤەرەکانی دیهات بوو کە 80لەسەتی ئاپورەی وڵات لەوێ دەژیان. نەسلێک لەدوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت وسەرکوتی تەریقەتەکان( ئیسلامی فەرمی) بەڕەواڵەت لە حاڵی پاشەکشەبوو،بەڵام جەرەیان سەبارەت بە (ئیسلامی توودە) ئەوها نەبوو. بۆ نموونە، هەموو دەیانزانی کە تەریقەتەکانی دەروێشی بەنهێنی تێکۆشەرن، و ئەم خەبات وتێکۆشانە لەهیچ شوێن وەک کوردستان توندوتیژ نەبوو.

دێمووکڕاتەکان کە باشیان دەزانی چ ژمارەیەک دەنگ دەتوانن لە شێخەکان و مریدەکانیان وەدەست بێنن بەلەز لەم هەستە بەرهەمیان وەرگرتوو بە ڕاشکاوی لە ئازادی دین بەرگریان کرد. لە ژانویەی 1947 حیزبی کۆماریخوازی خەڵک،کە خۆفی لەمە دەکرد کە حیزبی دێموکرات پێشەبڕەی لێ ببرێتەوە، ڕاهێنان و فیرکردنی مەزەبی لە قوتابخانەکان ئیجازەدا، هەروائیجازی دا کە قوتابخانەکانی دینی لە ڕەخ قوتابخانەکانی دەوڵەتی پێکبین. بەڵام بە ناوبانگێک کە ئەوحیزبە لە هەڵوەشانەوەی وڵاتێکی سوننە مەزەب هەیبوو،ئەم چاوپۆشیانە یارمەتیەکی ئەوهایان بەوی نەکرد،وبەم شێوەیە شێخەکان بە لایانگرو جامینخوازانیان عەمرکرد. بۆ نموونە لە 1950 سەید نورسی لایانگرانی ڕاسپارد کە دەنگ بە دێموکڕاتەکان بدەن. و تەنیا ئەو نەبوو: بزوتنەوەی مەولانا خالد،دەوروپشتی بتلیس و خیزان-ش کەسەید نورسی بێ گومان لەگەڵ ئەوان ئامووشۆی نزیکەی هەبوو لە دێموکڕاتەکانیان داکۆکی کرد- قادریەکانیش ئەوهایان کرد. دێموکراتەکان دەستیان بە تۆڕێک ڕاگەیبوو کەسەرانسەری ئاناتولی تیک وەردەپێچا،و ئەم شەبەکەیە لەهیچ کوێ بە پەیوەندی وکەڵەکەی ڕۆژهەڵات نەبوو.

حیزبی دێموکڕات لە دوایی سەرکەوتن وردبین بوو هەڵویستێکی هەڵبژێرێ کەلە گەڵ بایەخەکانی وڵاتی کەمالیستی ڕیک بکەوێ،بەڵام ئازادیەکانی ئیجازەپیدا. ئەم حیزبە کە دەیتوانی خۆی بەبێچمی بەرگری لە ناسیونالیسم-ی تورکی هەڵبێخێت کە ڕیشەکانی مێژوویی ودینی وی لەسەرڕا بدۆزیوەتەوە. بەوهەنگاو هەڵێنانانە کە مەبەست لەوان هێنانی ئیسلام بۆناو دلێ پێناسی نەتەوەیی بوو، دەستخۆشانەی بە لایانگرانی (متمانە پێکراوی) خۆیدا. و دەست بەجێ لە دوایی

سەرکەوتن،برگەی 526ی یاسای سزای سەروسامان پێدا و بانگدەرەکان ئیجازەیان وەرگرت بە عەرەبی بانگ بدەن. چەندرۆژداوایی بەرنامەی دینی لە ڕادیو بڵاو بۆوە، وبۆ یەکەمین جار دەنگی قورئان لە ڕادیوی تورکیە بەگویی خەڵک گەیشت. لە ئۆکتۆبری 1950 فیرکردن و ڕاهێنانی دینی لە قوتابخانەکان بەتۆبزی پەسەندکرا،لە 1960 پارەی دورست کردنی بناخەی 500مزگەوت دابین بوو.

ناکری حاشالەمە بکەین کە حیزبی دێموکڕات بە دەمارگرژانی مەزەبی کە خوازیاری ڕابردوویی زێدەتر لەوانە بوو کە دەوڵەت پێشکیشی کردبوو،توندی کرد،ولە 1951 کاتێک خەڵک پەیکەرەکانی ئەتاتورکیان کەلەهەرشارو شارۆچکەیەک لەسەر شەقام و کۆڵانان دانرابوو لە هەیبەت وبەرچاوخستن، لە بەرانبەر ئەندامانی تەریقەتی تیجانی و نەخشبەندی و قادری زەبروزەنگی نیشاندا. حیزبێک بەناوی (حیزبی دێموکراتی موسڵمان)ی لە 1952 ناقانوونی ڕاگەیاند، و لەماوەی سەرانسەری دەیەی 1950 تێکۆشانی سەید نورسی بەرتەسک کرد.

لەگەڵ ئەم هەمووە، ستراتیژی ئەم حیزبە بێ شک وگومان بە نوێکردنەوەی گیانی بایەخەکانی نەریتی ئیسلام لەناو وڵات یارمەتی کرد. چاوپۆشی لە دەڤەرەکانی دەوروپشتی ئافیون-اسپارتە-ئەسکی شار،لەکوردستان بوو کە هەڵسووڕانی گێرەی نێوان هاوپەیوەندی مەزەبی و سیاسی بە قوتتر لە شوێنەکانی دیکە گیانی تازەی وەبەرهات. بەم شیوازە مەڵبەندەکانی دیهاتی کوردستان دیسان بە قەڵایچەی ئیسلام گوڕدڕان،وئەمە شوینێک بوو کەبۆ بناخە دانەرانی چەپ،نالەبارو نائەمین بوو و ئەوانی دەبوغزاند.تەنیا جیابوونەوەی ئەم شیوازە درسیم بوو کە خەڵکی عەلەڵلایی مەزەبی لە بزوتنەوەی مەزەبی سوننە خۆفیان دەکرد. ئەمەش سەیربوو کەلە حاڵێکدا کە ئیران و ئیڕاق بنکەکانی مەزەبی کوردستان لە دەیەی 1950 لاوازببوون و بەکردەوە دەوڵەت لەوانی پشتیوانی نەدەکرد لەتورکیەیەک کەدین لە سیاسەت جیابوو دەوڵەت بە نوێکردنەوەی گیانی سیاسی و مەزەبی ئەم بنکانەی ئالیکاری دەکرد و لە شێخەکانی داکۆکی ماددەی مەعنەوی بەعەمەل دێنا. زوربەی کوردەکانی سوننە مەزەب لەگەل تورکەکانی سوننە مەزەب زێدەتر لە عەلەویەکان هەستیان بە ئامووشۆو نزیکایەتی دەکرد-و ئەمە شتێک بوو کە هۆکاری متمانەو دڵنیایی زۆرلە کارگیڕانی حکوومەت بوو.

توویی دیکەی کە حیزبی دێموکراتی عەوداڵی دەسەڵات،لە ساڵەکانی نیوان 1946 و 1950 بەدوای ئەمە هەڵدەسووڕا کە دیسان لە دڵی ناوچەکانی دیهاتی بوو. ئەم حیزبە کە دەیەویست لە سکاڵاکان و ناڕازیەکانی هەبووی دژی حیزبی کۆماریخوازی خەڵکی مستەفاکەماڵ کەلک وەربگرێ،هاتەسەرئەم بیروڕایە کەچینی ئاغاوەتی پیشوو کەلە 1923 بەم لاوە کوێرەوەری زۆریان کێشابوو بۆ خزمەت وەربگرێ. هەتا ئەم ژمارە لە ئاغاکانی کەلە دوورخراوەیی دابوون هێشتا ملکیان لەکوردستان هەبوو،چونکە لە1926،کۆمار خاوەن ملکایەتی ئەم دەستەیەی لەسەرملکەکانیان کەلەسەردەمی عوسمانی بەمیراتیان پی گەیشتبوو پەسەندکرد و بەڵگەنامە ئەو پارچە زەویەیانەی کە ئاغاکان و گوندەیەکان کە بەفەرمی کەلکیان لەوان وەرگرتبوو بەئەوان دابۆوە.

ئاغا هێشتا کلکە کەوچکی نیوان گوندەیەکانی بێ سیوات و دنیای دەرەکی بوو. هەڵوەشانەوەی شیاوتری چینایەتی ئاغاکان و بەگەکان و شێخەکان، کارتیکەری لەم جەرەیانە نەکردبوو: ئاغاکان هەروا میوانخانەی گوندەکەیان کە ناوەندی ژیانی وەرزیر بوو لە بەردەست دابوو،هێشتا هەروا لەمەسەلە و تەنگ وچەڵەمەی کۆمەڵایەتی و کەسینی خەڵکی گوند لە لای کارگیڕانی دەوڵەت وەکوو کەوچکە قوڵەو بەرێوانچی هەڵدەسووڕان. لە نێوی سەدەی پێش کە (زیاء گوگالپ)ئەم لێکدانەوەی لەئاغا دابوو دەست، شتێکی ئەوها نەگۆڕابوو (لەپاژی 6 بڕوانن)

هەڵبەتە حیزبی کۆماریخوازی خەڵک-ش ئاغاکانی بە تەواوی لەبەرچاو دوور نکردبوو. ئەمە ڕاستە کە ژمارەیەکی زۆری دوورخستبوونەوە، بەڵام گروپی (ماقولانی) سەروەخۆی،هەروا لە بەردەست ڕاگرتبوو- یانی ئەوانەی کەلە بەرامبەر دوژمنان بەرژیم خزمەتیان دەکرد. ئەم بنەماڵانەی کە بەرژیم خزمەتیان دەکرد ئەم کارەیان نەک بۆ حوکم-ی ئیدولۆژی بەڵکوو بەمەبەستی وەدەست هێنانی چاکتری ماددی یان لەمەیدان دەرپەڕاندنی ڕەقیبەکانی ناوچەیان دەکرد. بۆ نموونە لە سەردەمی پشێوی و ئاڵۆزی ساڵەکانی 1920- 1922،بنەماڵەکانی پرینج ئۆغلوی دیاربەکر، بە تاڵووکە بەکەماڵیستەکانیان ئامادەبوون بەخزمەت کرد،هەتا بەم هۆیەوە بتوانن بنەماڵەکانی بەهێزتری جەمیل ئۆغلۆ-ی کە هەستی نەتەوەیی یان هەبوو بەم شێوەیە لە هاوکاری لەگەڵ مستەفا کەماڵ بیزی هەڵدەستا،لە مەیدان وەدەرخات. بە سەرهەڵدانی حیزبی دژکار لەساڵی 1046 حیزبی کۆماریخوازی خەڵک مەترسی لە خۆفی دوورخراوەیی چینی گەورەپیاوان قۆستەوە. لە ساڵی 1947 بە دوو هەزار بنەماڵەی ئاغاکانی دوورخراوە ئیجازەدرا بۆ سەرملک و ماڵی پێشوویان بگەڕێنەوە. هەربەمجۆرە کە حیزبی کۆماریخوازی خەڵکی پێش بینی کردبوو دێموکڕاتەکان لە بیرەوەری و هەستی تاڵی زوربەی ئەم خەڵکە کەلکیان وەرگرت، و بەتایبەت بەدوای ڕەکێش کردنی محیبەتی کەسانێک بوون کە لایانگران وجامینخوازانی دیهاتی و عەشیرەیی بەرچاویان هەبوو. ئەم حیزبە کاتێک لە1950 بەدەسەڵات گەیی بەشێکی زۆری لە دەنگەکانی کە بەدەست هێنابووهی ئەم خەڵکە بوو، و پاشان ئاغاکانی دوورخراوە لە (پاڕلەمانی کوبڕای نەتەویەتی) بە هەڵسوڕینەرو کارگێڕی گرینگ گوڕدران.

ئالیکاری چینی(ئاغاوەت)بیروڕایەکی دیکەشی هەبوو: ژمارەیەکی زۆری ئەم خەڵکە پەیوەنەی نزیکان لەگەڵ شێخەکان هەبوو،چونکە یان بۆخۆیان مریدی ئەم شێخانە بوون یان بەهۆی تێکەڵاوی ژن دان وژنخواستن لەگەڵ ئەم شێخانە کە بۆخۆشیان خاوەن مڵک بوون پەیوەندیان گریدرابوو. بۆ نموونە، کامران ئینان کەلە1964 لە لایان حیزبی دێموکڕات بەنوێنەری مەجلیس هەڵبژێردرا،کوڕی شێخ عەلائەدین خیزان بوو،کە لەدوای ڕاپەڕینی شێخ شەعید کرا. نموونەیەکی دیکە بێنینەوە: کینیاش کرتل،ئاغاو(سەرۆک عەشیرە)بووکەلە ساڵەکانی دوورخراویی مریدی سەیدنورسی بوو،ولە دەیەی 1960 لە (وان) بەنوینەری مەجلیس هەڵبژێردرا.

دێموکڕاتەکان بناخەی سیاسەتی خۆیان نەک تەنیا لەسەرئازادیەکانی مەدەنی زۆرتر بەڵکوو لە سەرلیبڕالیسم-ی ئابووری-ش داڕشت. ئەمە ناوچەیەک بوو کەڕاستەوخۆ(ئاتاتیسم-لەئیستلاحات(ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی)-کەمالیستەکانی بۆ خەبات بانگیشتن دەکرد. هەتاساڵی 1945 دەڤەرەکانی دیهاتی بەبەشێکی زۆر لە سیاسەتی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری دواکەوتوو مابوونەوە، وبەتایبەت لەساڵەکانی شەڕ گەلێک لە خاوەن مڵکەکان لە

مەلکەکانی پڕپیت و بەرەکەتی خۆیان سامان وسەروەتێکی زۆریان وەسەریاک نابوو. هەرلەوساڵیدا حیزبی کۆماریخوازی خەڵک سەرنجی خۆی بەمەسەلەی مڵکەکان وردبین کرد،ولایەحەی دابەشکردنی زەویووزاری بۆ مەجلیس نارد. ئامانج لەم لایحە کەلک وەرگرتنی تەواو لەو زویەکانی کاسبی، بەپێشکیش کردنی زەوی بەش بەحاڵیان بەو وەرزیرانەی کە زەویەکانیان بەشی خۆیان نەدەکرد یان هەرلەبنیات زوەیان نەبوو. لەراستیدا زوربەی ئەو زەویانەی کەبۆ دابەشکردن لەنێوان وەرزیران لەبیرورا دابوو زەویەکانی مەوقووفەی بەرێ یان مڵکێک بوون کە زێدەترلە50هیکتار بوون. بەڵام ژمارەی خاوەن مڵکان کەلە(باکووری ڕۆژهەلات) ئەم ڕادە زەویەیان هەبوو زۆربوون. ئەم لایحە لەمەجلیس،کە کە ژمارەیەکی زۆر لەنوینەران خاوەن زەوی وئاغا پێکیان دەهێنا بەڕادەیەک بە سەرنج بووکەتەنیا تەکۆزی حیزبی هۆکاری بوو لە پەسەندبکرێ،وحیزبی کۆماریخوازی خەڵک لەبەڕیوەبردنی وی خۆی بوارد، ولەساڵی 1950 لەژێرتەوژم وزەختی سیاسەتەکانی چەند حیزبی و بۆ پاراستن و داکۆکی لە خاوەن مڵکەکان کە دەنگی ناوچەکانی دیهاتیان لە ئیختیاردابوو ئەوی ئیسلاح کرد.

بەهەرحاڵ دابەشکردنی زەویووزار ڕۆڵیکی گرینگی لە لەبەریەک هەڵوەشانی (انشعاب)دێموکڕاتەکانی دواڕۆژ لەحیزبی کۆماریخوازی خەڵک، هەبوو. لە1946 بەم لاوە حیزبی دێموکڕات خۆی بەناوی حیزبی خاوەن مڵکی تایبەتی دەناساند،و کشت وکاڵی بەژێربیناو خم و بنچینەی جەلب کردنی دەنگدان قەراردا، وداواکاربووکە کشت وکاڵ لەسەربناخەی بەرفرەوانی بەڕیژەوترو بەقازانجتر دەبێت،ولەم بابەتەوە نەک تەنیا لەمەڕ قانوونی ئیسلاحات ئەرزی حیزبی کۆماریخوازانی خەڵک ئاماژە هەبوو بەڵکوو لاوازیەکانی ئەویشی نیشان دەدا. بۆ نموونە،بەڵگەی دێناوە کە زۆرتر هەردەکانی دەوڵەتی کەلەساڵەکانی 1945- 1950 بە وەرزیران دراوی بەیارو ناکۆو و هاوبەشی گوندەکان بوونە وئەو وەرزێرانی کە بەتازەیی خاوەن هەرد بوونە ئەوهەردانەیان وەرگرتوونە کە بۆ کشت وکاڵ لە بارنینە،لەحاڵیکدا کە ئیدیکە لەمافی کەلک وەرگرتن لە لەوەڕگەکان بێ بەش ماونەوە.

ڕاکێشانی خەڵک کارێکی جەتوون نەبوو. دێموکڕاتەکان سەبارەت بەحورمەتی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی لە ئیسلام لە شێخەکان فتوایان وەرگرت. باردۆخ ئاڵۆز بوو کە دێموکڕاتەکان لەویان بەرهەم وەرگرت،لە حالیکدا کە ئاغاکانیان بەوردبینی لەبیرورادابوو. ئەم دەستەیەیی بچووک بەڵام پێکەوەگرێدراو بوون. بۆ نموونە پارێزگای دیاربەکر لەمەڕ دەنگدانێک لەئیختیاری کەمتر لە20خاوەن مڵک دابوو. لەدەنگدانی 1953 دێموکڕاتەکان 34کورسی لەسەرجەمی 40کورسی کوردستانیان خاوەنەتی کرد.

ئەگەرکۆمەڵگایەکی وەرزێڕی باسیوات هەبوایە ڕووبەڕوو قسەکردنێکی گشتی دەیتوانی ناڕاستی بەڵگەی دێموکڕاتەکان بۆ حورمەت و ڕێزلێنانی خاوەن مڵکایەتی تاویەتی کە بە سانایی لە لایان مامۆسیایانی ئائینی موسڵمان سەرانسەری وڵات پەسەندکرابوو بە پێداگرتن لە سەرچاکتری و قازانجی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەرزێری لە هەڵسەنگانی بچووکتر،لە نموود بێخێت. بەڵام وەرزێرانی کوردستان ئیکجار پەیوەندار و ئالوودە بە خاوەن مڵکان بوون. لە ڕاستیدا سروشتی بوو کە وەرزێرانی کورد دابەشکردنی زەویووزار پیشنیاری حیزبی کموونیستەکانیان لە باشترین ڕێگای وی بەچاوی ڕەشبینی چاولێبکەن و لە خەراپترین حالات، ئەوی بە داودۆزی و فێڵێکی دیکە بۆ لە ناو

بردنی هاوپەیمانی لەمێژینەی کوردستان لە قەڵەم بدەن. لە بەرئەمە کاتێک حیزبی دێموکڕات وادەی داکۆکی لە خاوەن مڵکەکانی گەورە ڕاگەیاند،وەرزێرانی کورد کەلە ئیسلاحات ئەرزی بەرئاقڵانە قازانجێکی باشیان دەکرد بە عەمری ئاغاکان بە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتیان دەنگدا.

دەوڵەتی دێموکڕات چالاکانە لە پەرەپێدانی وەرزێری داکۆکی دەکرد،بەڵام ئەم پەرە پێدانە لە نەزەری وی بەمانای زیندوکردنەوەی زەویەکانی بەیاروچاڕو وەدیهێنانی مەزرای کاسبی فرت وفرەوان و قازانج تێدابوو، ماشینی کردنی کشت وکاڵی بوو. ماشینی کردنی کشت وکاڵ هەنگاوی دوایی لەجەرەیانێک بووکە شێوەی ئابووری وکۆمەڵایەتی پێویستی بۆ تەقینەوەی ناسیونالیسم-ی کورد پێکهێنا. یارمەتیەکانی مارشاڵ-1-ئاماژە بەجۆرج مارشاڵ،وەزیری دەرەوەی ئامریکایە کە بۆ ئالیکاری بەزیندوکردنەوەی ئابووری لەدوای شەڕی ئوروپا، گەڵاڵەیەکی تەنزیم کردو بۆ بەڕیوەبردنی دانا-ئیمکانی بەدەوڵەت دا کەبە سەرنج بە ڕوداوەکانی کۆمەڵایەتی عەمر،تراکتۆڕ واردی وڵات بکات. لە 1948 تەنیا 1750تراکتۆڕ لەسەرانسەری وڵات بوو. لە 1950 لەمپەرەکان شکان ودوازدەمانگ دوایی،ئەم ژمارەبە/10000گەیی،بانگی جیهانی کەپایەگای وی لەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکایە پێشبینی کرد کە واردبوونی تراکتۆڕ زۆرتر بە گوێزتنەوەی وەرزیران گچکە وئیجارەداران تەوابوو. بەڵام دیسان زۆرتر واردکران،بەڕادە کە ژمارەی تراکتۆڕەکان لە 1953 بە30000 ودوایی بە40000 دەزگاگەییشت.

لە هیچ شوێن بە قەرا کوردستان لە ماشین ئالاتی وەرزیری کەلک وەرنەگیرا. وەرزیران و ئیجارەدارانی گچکە کە بەرتەسکی و نابەرفرەوانی ملەکەکانیان بەوانی ئیجازەی کڕینی تراکتۆر نەدەدا خۆیان لە حاڵێکدا دۆزیەوە کەمەجبوور بوون لەبەرامبەر دانی هێندیک دانەویڵە، لە خاوەن مڵکەکانی گەورەی ناوچە تراکتوڕ ئیجارەبکەن. بە قەولی یارشار کەماڵ،ڕۆمان نووسی بەتوانای کورد، جەرەیان بەم بیچمەی لێهات:(وەرزێر،دەیسان ئەو زەویانەی کە دەوڵەت بەسەریدا داروبەش کردون، هەمان بەشی کاری ڕابردووە: زەوی هی وبیە،تراکتۆڕ هی ئاغا،ئەوانەی کە توانیان لە بەرامبەربەشی کار،دەست مایەی بەڕیچوون وەدەست بێنن و زەویەکانیشیان بپارێزن بەڕەواڵەت خۆشبەختتر بوون. کەگەلێک لە وەرزیرانی گچکە لە ئاکامدا زەویەکانیان بەئاغاکان خاوەن تراکتۆڕ فرۆشت،و لەشۆڵ کەوتن. ئەو دەستەیەی کە شانس و بەخت یاری کردن وەکوو کریکاری وەرزێری یان(ماشینچی) ئەم ماشینە جەهەنەمیە کە ئەوانی بە رەو هەژاری و بەلەنگاری پاڵ پیوەنابوو،باقی مانەوە.

بەڵام ئاغاکان کەلک وەرگرتن لە تراکتوریان پەرە پێ نەدا، وبراگەرتن و بەخێوکردنی غولام ونۆکەرانی لەڕادەبەدەر، ئالودەبوون-ئەم غولامانە وەرزیرانی بەشداری کاربوون. لە زۆربابەت بە کەسانێک کە پێشوو بێ زوەی ببوون پارچە زەویەکی کچکەیان دانێ،بەم ڕادە کە بتوانن ژیانی هەژارانەی خۆیان دابین بکەن و ڕێگری لەمە بکات کەبۆ شارەکان بگویزنەوە و لەبازاری کار بوخلێنەوە. هۆکاری ئەم شۆڵە سانایی بوو: ئاغاکان هیشتا کە گرینگایەتیەکیان بۆ حیزەکانی سیاسی هەبوو بەم هێزەی دەنگدەرە ئاتاجی وحەوجێ هەبوو: حیزبەکانی سیاسی دەیانتوانی پێشکیشی چاکتری ئیحتووبار کارسانایی بکەن،کارسانایی بۆ دەست وێڕاگەین بە تکنولۆژی و کودو

توویی پاک وخاوین، و دورستکردنی کوێرەڕێگاکان بۆیان پێکبێنن. بۆ ئەوان سانایی بوو ودەیانتوانی مەترسی لەنەدانی دەنگ لە ڕێنوێنی دەنگدان بەم خەڵکە حاڵی بکەن،بەڵام هەرجارناجار لە(دەم شیرین کردنێک)وەکوو وادەی دورست کردنی قوتابخانەو هاسانکاری ئاوگەیاندن و کارەبا-ش کەلکیان وەردەگرت. لەئاوریل دەیەی 1960 (سەرگەرمکردنی) گوندەیەکان لە ڕاستیدا بێکاری توندی وەرزی لە نەزەر دەشاردەوە،چونکە 80لە سەتی جەماوەر لە ماوەی کاتەکانی ئارامی ساڵ- بۆ نموونە مانگی ژانویە - هیچ جۆرە تێکۆشانێکیان نەبوو،لە حالیکدا کە بێکاری لە وەرزی گەرمەی کار(مانگی ژوئیە) لە دە لە سەت زۆرتر نەبوو.

بە لاواز بوونی ئابووری لە نێوەڕاستی دەیەی 1950 حیزبی کۆماریخوازی خەڵک و حیزبەکانی گچکەتر لە ناو لایانگرانی دەنگدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شوین تێکەر بوون، و ژمارەیەک لە ئاغاکان و دەوروپشتیان لە وی جیاکردنەوە. حیزبی دێموکرات لە نێوان ساڵەکانی 1961 و 1957 زێدەلە یەک چوارەم لە یەک مێلیون دەنگی لەکوردستان لەدەست دا. ڕەقیبەکانی حیزبی دێموکراتی لەم خەبات و تیکۆشانە هەربوم شێوەیە دەستەوداوین بوون کە حیزبی دێموکڕات دەستەوداوینی ببوو: وادەی دورست کردنی ڕێگا،هێنانی تراکتۆر،دابین کردنی کارەبا،دورست کردنی قوتابخانەکان،و لە پێوەند لەگەڵ مەزهەبیەکان و باڵی ڕاست(حیزبی کۆماریخوازی نەتەویەتی وەرزیران) دورست کردنی مزگەوتەکان.
سروشتیە کە حیزبەکانی کە پایەگایەکەیان لە ئانکاڕابوو لە هەڵچوونەکان کێ بەرکێی لەگۆڕێدابوو لەبەشەکانی جۆراوجۆر-یش کەلک وەربگرن. ئەگەر بنەماڵێک لە حیزبی دێموکرات داکۆکی کردبوایە هاوسەنگی وی ڕووی لەحیزبێکی دیکە دەکرد. لەڕاستیدا کێ بەرکێی حیزبی ئەوهێندە کارتێکەری تەفرەقە بووکە (کمیتەی وەحدەتی نەتەوەیی)لە دوای دەست تیوردان و تەداخولی نیزامی 27ی مەی 1960 سەرجەم بنکەی ناوچەیی حیزەکانی گاڵەدا،چونکە ئەم حیزبانە جۆرێک گوندەیەکانیان بۆ پاردەکانی بەرامبەر ڕاونابوون کە چایخانەکان و ناوندیەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی دێهاتەکان بەتیولی(عەشایەری سیاسی)تایبەتی گوڕدرابوون، کە حزورلە واندا بۆ لایانگرانی نەیارانیان عەمرێکی مەترسی دار بوو.(تیول بە ملّک و ئاو زەویەک دەلێن کەلەلایان پاشا لە قەدیم بەکەسێک دەدرا).

(کۆمیتەی وەحدەتی نەتەویەتی)لە دەسەڵاتی ئاغاکانی کورد لە سەر ملّک و ماشی بەرفرەوان و قودرەتی سیاسی، کە لەگەڵ ئەم عەمرە پەیوەندی هەبوو لە خۆف و مەترسی کەوت. لە 1960 پەنجاو پێنج ئاغای لەکوردستان بۆ دوورخراوەیی نارد(تبعیدکرد). ڕیگەیاند کە زەویەکانیان لەنێوان وەرزیرەکانیان داروبەش دەکرێ. ئەگەر(کۆمیتەی وەحدەتی نەتەویەتی) ملّکی ژمارەیەکی زۆرتری لەئاغاکان زەوت کردبوایە و بەرنامەی دابەشکردنی زەویووزاری بە تەواوی بەڕیوەبرد بوایە لەوانە بوو دەسەڵاتی سیاسی ئاغاکانی تێک بشکاند بوایە و ئابووری گوندەکانی کوردستانی زیندو کردباوە.
بەڵام ئاغاکان دەستەوداوین بەتاکتێکەکانی گنخاندن بوون و بۆ لەبارکردنی هەڵ و مەرجی دوورخرانەوە، وزەوت کردن، لە دۆستانی سیاسی خۆیان ئالیکاری ویست. هێندێک دوایی ئەمە

کە(کۆمیتەی وەحدەتی نەتەویەتی) لە1961 حکوومەتی بە دەوڵەتی پێکهاتووی نانیزامی تەسلیم کرد،ئەم ئاغایانە ئیجازەیان وەرگرت بۆ کوردستان بگەڕینەوە،و ملکەکانیان بەکردەوە سەربەمۆرو دەست وینەکەوتوو وێدانەوە. و ئەمە بابەتێک بووگویا لە یەکگرتوویی بەهێزی نێوان حیزبەکان سیاسی ئانکارا و ئاغاکانی کوردستان و ڕایەڵی یەکیەتی بەرانبەری ئەم دوو، پێکەوە بوو. لە ڕاستیدا ئاغاکان ئیدی لەدوو لایان بنچینەی کورد نەبوون: ئەمەنە هیورهێورە پەروەردە وببارهێنان و تۆرەمەی کوردایەتی خۆیان لەبیردەبردەوەو بەفرامۆشی دەسپارد و ڕایەڵی پەیوەندیان لەگەڵ وەرزێران نەک وەکوو کەرەسە بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەناوەندی، نەک بەڕوخسارو بیچمێک کە بەرێ ڕەوا وعادەت بوو بەڵکوو زۆرترلەم ڕاستایە کەلکیان وەردەکرت کە هەرچەند زۆرتر لەگەڵ دەم و دەزگای حوکمڕانی تورکیە تیکەڵاو بن و بتوێنەوە.

لە ماوەی دوو دەیەی دوایی ئاغاکان و شێخەکان هەروا بە بەڕیوەبردنی ڕۆڵی تێکۆشەرانە لەزیندو کردنەوەی سیاسی و ئابووری ناوچە بەردەوام بوون. لە دوایی گەرانەوە بۆ حکوومەتی نانیزامی ئەو دەستە کە پێشوو لە دێموکراتەکان داکۆکیان کردبوو ئیستا مایل بە پشتیوانی لە حیزبی عەدالەت بوون،ئەگەرچی چەندکەسێک وەدوای گروپەکانی ڕاستتر وەکووحیزبی( مللەتی تورک)کەوتن. حیزبەکان هەروا وەکوو ڕابردوو لە سەر بەدەست هێنانی پشتیوانی بنەماڵەکانی خاوەن زەوین و شوێن تێکەر،بەتوندی لەگەڵ یەکدی لە ڕقبەڕقە دابوون، و جارێکیتر ناوچەکانی شارو گوندەکان لەیەکترنێوانیان گرت. بۆ نموونە لە سیورک بنەماڵەی بۆجاک، لایانگری حیزبی عەدالەت بوو لە حاڵێکدا کە بنەماڵەی کاردار،پشتیوانی حیزبی کۆماریخوازی خەڵک بوو. لە حلوان(نزیک ئۆرفە) خانەدانی سلیمان، داکۆکی حیزبی عەدالەت بوو لە حالێکدا پایەدارەکان، لایانگری حیزبی کۆماریخوازی خڵک بوون.

وەزیتی وەرزێران ڕوو بەخەراپی ڕۆیی. دەرئامەدی سەرانە و لەسەتی باسیوات لەکوردستان تەقریبەن خوارروەتر لەهەرشوێن بوو. لەسەریەک خەڵکی ئاوایی لەگوندەکانی تەقریبەن گچکە دەژیان کە ئاوینەی باڵانوێنی نیهادو سروشتی ناکەڵەکەی جەماوەربوو. بەپێی سەرئەژمێریەک 36000(گوند)لەکوردستان هەبوو کەهەریەک کەمتر لە 2000کەس دانیشتووی هەبوو. لە1937 یەکێک لە هاواڵدەران وابەستە بەگاردین لەیەکیک لەم (گوندانەی) لەدەرەوەی سیواک سەردان کرد،وئەم وێنەی لە ناوچە وەدەست دا:

20لەسەتی دانیشتوانی ئانازو، بێ زەوین. ئەمانە ماڵی بەخۆڕایی و نێوەی لە بەرهەمیان لە بەرانبەر چاندنی پەمۆ وگەنم و دارستانی میوە و چاندنی سەوزیجات وەردەگرن. دەسەڵاتی بەڕاستی ناوچە لە دەست خاوەن ملکی گەورە دایە... ئەم خاوەن ملکانە لە جێگای قازی داوەر شاردار یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی ئەوگوندانەی کە چ کارگێری دەوڵەتی دیکەی لێنین کاردەکەن. ئەم خەڵکە تەنیا ئاڵقەی پەیوەندی نیوان گوندەکان و بنکەکانی دەوڵەتی مەوجود و شارەکانی نزیک و دەورو پشتن.

بنەماڵەی بۆجاک، خانەدانێکی عەشیرەیی و خاوەن ملک بوون وەک دەیانگوت: خاوەنی 60 پارچە گوند بوون. لە حاڵێکدا کە یوکسل ئەردن ئۆراڵ،بۆجاک ئاغای ئانازو، لە سیواک بە کاروباری بنەماڵەی ڕادەگەیی.

باوکی وەک سەناتۆڕ لەئانکارا لە قازانجی ناوچە و بنەماڵەکەی ئاگاداری دەکرد...خاوەن ملْکی وەکوو یوکسل ئاڵقەی بریوانچی نیوان حیزبی(عەدالەت) و گوندیەکانن،کە بێ بوونی وان ئەم گوندانە دەستیان وێرانەدەگەیی ...لەڕۆژی دەنگدان، کویخاکان و خاوەن ملْکەکان گوندەیەکانیان کۆدەکەنەوە وئەوان بۆ بن سندوقەکان دەبەن. بۆجاکەکان بەرلۆخەیان پڕ لەبادەکەن کە دەتوانن 8000دەنگدەر کۆکەنەوە. بە هەبوونی شوێن تێکەریەکی ئەوها، بنەماڵە بەکردەوە لە ئانکارا کارگیرانی ناوچە دەستەچن دەکەن.

لەکۆتایی دەیەی 1980 گەلێک لە( هاوبەشان)-لەڕاستیدا هاوبەشانی کەلە زەوی دەگەورەی پەمۆ دەشوغلێن-خۆیان لە هەل ومەرجێکدا دۆزیەوە کە بەرهەمی کەمتر لەنێوەی بەرهەمی دەیەکی پیش لە بەرانبەر دەکات ژمێری کاری ڕۆژانە وەدەست دێنن.

زوربەی ئاغاکان گوندەکانیان بەجێهێشت،ئەوانیان لە ئیختیاری دەست و پەیوەندی ناوچەیی دادەنان و بۆخۆیان لە شارەکانی دەڤەر یان ئانکارا خەریکی خۆش گوزەرانی بوون. زوربەیان بە پشت ئەستوور بە بەرهەمی باش، کە لە مکەکانیان پێدەگەیی ئەم ملْکانەیان بە حالی خۆ هێشتەوە. کوڕی دەئاغاکان حەزو زەوقیان بۆ عەیاشی لەئەستانبۆڵ یان ئانکاڕابوو. هێندێک جار کورێکیان لەگوند دەماوە بەملْکەکان ڕادەگەیی،لە حالێکدا کە براکانی دکتۆر یان ئەندازیار یان دەبوو بە معامی داد.

### موهاجیرەت و گۆڕانکاری کۆمەڵگا

لەدەیەی 1950 سەدان هەزارکورد لەئاکامی بەماشینی بوونی کشت وکاڵ بەرەجوتەکانیان بەرەڵلا کردن و بەو گروپە کەلە شۆرشەکانی دەیەی 1920و 1930 لە شوینەکانی دیکە دانیشتووکرابوون و هەروا بەم دەستە کەلەماوەی دەیەی 1930 ژیانی شوانەتییان دەوڵەت بەئەنقەست لێی تیکدابوون،لکان. زوربەی ئەم خەڵکە-بۆ نموونە،دوورخراوانی درسیم-بۆ پڕولتاریای پێشەگەری مەلاتیە، ئادرنە،سیواس،و قەیسەریە،ڕاکیشرابوون. گەلێک لە قازاخی خەزمەت تەوابوو-ش کە عادەتەن بۆ تێپەڕکردنی ئەرکی سەربازی بۆ ئاناتولی ڕۆژئاوا دەناردران لە دوایی تەواوبوونی ئەرکەکەیان بەختی خۆیان لێڕۆکە تاقی دەکردەوە. لە ڕاستیدا هەرچەند خزمەتی قازاخی شتێک نەبوو خەڵک بەسەرجەم خۆیان لێ دەبوارد گەلێک لەکوردەکان بەم مەبەستە بۆ سەربازی دەچوون کە زوانی تورکی (لەسەربازخانەکاندا) فیرببن و لەم ڕیگایە خۆیان بۆ خزمەت لە ڕۆژئاوا کەدەویدا، دۆزینەوەی شۆڵ سانایی بوو پۆشتەبکەن.

زوربەی کەسانێک کەلە دەیەی 1950 و لە دوایی وی مەڵبەندەکانی دیهاتیان بەجێهێشت لە یەکێک لە شارەکانی دەڤەر بە دوای دۆزینەوەی شۆڵ هەڵدەسووڕان، و پاشان وایلێهات کە لەکوردستان

وەدەرکەوتن. بەمجۆرە لە نێوەڕاستی دەیەی 1960 بەجۆرێکی گیرینگ ڕوویان لەم ناوچانە بوو: دیاربەکر(25 لەسەت)،الازیگ(16 لەسەت)سیرەت 15لەسەت) وئۆرفە 8لە سەت). ئاپورەی دیاربەکر لە ماوەی ئەم سالانە بە ڕادەیەکی بەرچاو زێدەی کرد: لە 30000کەس لە دەیەی 1930 بە65000لە 1956 و140000لە1970و400000لە1990. لەوگروپەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان کۆچیان کردوە نزیکەی بە41 لە سەت لەئەستانبۆڵ، 18لەسەت ئانکارا،15لە سەت ئادانە و4لە سەت بۆ ئەزمیرچوون. لە ماوەی ئەم سالانە سەرئەژمێری مهاجران زۆری لە زیدەیی دا، و ئەم مەسەلە کە ئەم خەڵکە خوازیاربوون و حەزیان لەمە دەکرد لە ڕەخ یەکدی بژین( دێوارێکی پۆلای بەهێزی) لە سەرانسەری تورکیە بەدەوریداکێشا، کە ناوەندی پێناسی کوردی بوون. بە تێپەڕ بوونی زەمان بوونی ئەم جەماوەرە مەسەلەی کوردی بەڕاستیکی بەرچاو، و ئاشکرا،هەتا بۆ شارنشینان ئەستانبۆڵ،گوڕی کە /800مایل لەگەڵ کوردستان مابینی هەیە.

ڕەنگ وای فکر لێبکرێتەوە کە دەست پێکردنی کۆچبارێکی مەزن لە کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیە،لەوانەیە بەکەم بوونەوەی زێدە بوونی هست پێکراوی جەماوەر لە خودی کوردستان تەوابێت. بەڵام نا، وانییە! سەر ئەژمێرەکانی مەوجود نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای کورد لە بایەخی زاوزو، زێدەتر لە کۆمەڵگای تورک کەلک وەرگرە. ئەمە هەوەڵین کەڕەت لە هەڵسەنگان دوو سەرئەژمێری ساڵەکانی 1927 و 1935 وڵات مەعلووم بوو. لە نێوان ساڵەکانی 1940 و 1965جەماوەری ئەم ژمارەیە لە پارێزگاکان کە لەواندا زۆرایەتی بەکوردەکانە دوو قات ببوو،لە حاڵیکدا کە زێدە بوونی کەمایەتی تورک ئەم پارێزگایانە لە 80لەسەت زۆرتر نەبوو. پیرستی دەوڵەتی بۆ ساڵی 1965 نیشان دەدەن کە لە حاڵێکدا کە 41لە سەتی جەماوەری وڵات کەسی لە ژێر 15ی ساڵ پێکدێنن لەکوردستان ئەم ژمارەیە 48لە سەت بووە.

و ئەم بابەتە لە وڵاتێک کە بڕیاردەرە کە پێناسی کوردی بەتەواوی بفەوتێنێ ولەبەین بەرێ بتوێنێتەوە، سروشتییە هۆکاری ڕاستی مەترسی لە دوارۆژی پێکهێنا. بەمجۆرە بەپێچەوانە تەنگ وچەڵەمەو تەنگەژە کە زێدە بوونی جەماوەری بۆ وڵاتی تورکیە لە باوش دایە،دەوڵەت جگە لە وێنەیەکی ئیکجار بەرتەسک لەگەڵ ڕیکووپێکی بەرنامەی خانەوادە دژایەتی دەکات، چونکە دەزانی لە حاڵێکدا کە بەرنامەیەکی ئەوها بێنێتەکایە، بە وێچوونی زۆر لە ڕۆژئاوای وڵات بەڕیوەدەچێت، لە بەر ئەمە ڕادەی هەڵسەنگان جەماوەر بەقازانجی کوردەکان لێکدەدا.

**زیندو کردنەوەی هەستی نەتەوەیی**

ئەمانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی-ئابووری بوون کە دارماڵ ڕۆڵی گرینگی لە پەیدابوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی ساڵەکانی 1980 بەڕیوەبرد. ئەم بزوتنەوە لە بێ بەشکردنی ئابووری و زوڵم وزۆری کۆمەڵایەتی و گوێزتنەوەی جەماوەری وهەروا لە هزرو لێکدانەوەی پێناسی قەومی ئاکام بوو. ئەم

هۆکارانە لەکۆتایی دەیەی 1970 دەستیان لەناو دەستی یەک ناو گۆڕەپانیان بۆ شۆڕش خوشکردو پێکهێنا.

بەڵام لە هەڵ و مەرجێکی ناهەموار و تاقەت پێنەشکاوی ساڵەکانی نیوەراستی دەیەی پەنجا،ئەوکات کە وەرزیران لە لەپی زوڵم و زۆری ئاغاکان پەڵەقاژەیان دەکرد،و جێگای سەرسورمانی نییە ئەگەر شوێنێکی هێندە لە هەستی نەتەوەیی وەبەرچاو نەکەوێ. ئانتونی پارسونز، دیپلوماتی لاوی ئینگلیزی،کە لە پاییزی 1965 سێ حەوتووی لەکوردستانی تورکیە ڕابوارد و لە ماوەی ئەم سەردەمە گەڵێک ناوچەی سەردان کرد و لەگەڵ زوربەی کوردان ڕوو بەروو بوو، دەنوسێ: (کەمترین شوێن پێم لە ناسیونالیسم-ی کورد نەدی، لە حاڵێکدا کە ئەمە شتیکە کەلە ئیراق لە بیروڕای هیچ خاوەن نەزەریکی بێ لایان دوور نەدەماوە).

بە هەرحاڵ،زیندەکردنەوەی هەست و پیناسی نەتەوەیی لە شارەکان دەستی پیکرا کە کوردەکان بۆ ئەویان کۆچ کرد. یەکەمین کەسانێک کە مەسەلەی (کوردیەتیان) هێناگۆڕو بوخچەیان کردەوە ئەوان بوون کە(توانەوەیان) لە بیروڕا دابوو. بۆ نموونە،موسا ئانتر-یان لە ماردین بۆ قوتابخانەیەکی شەوڕۆژ بۆ ئادنە ناردبوو. ئەو لە ئادانە بە ناوی تەنیا کوردی قوتابخانە لەڕێگای گەمە پێکردن بە پێناسی کوردینی خۆی ئاگادار بوو- و ئەمە ئەزموونێک بوو کە هەموو دوور خراوەکان کە بۆ قوتابخانەی ناوچەیی دەڕویشتن لەگەڵی دەست وپەنجەیان نەرم دەکرد. مەحموود ئاڵتون کار،لە حیزبی (ڕێگای حەقیقەت) ئەزموونێکی وەکوو وی وەبیردێناوە:

هەتا بۆ (کوتاهیە) نەچووم نەمدەزانی کە کوردم. لە ڕابردو لە دیاربەکر بەوکەسانەی کە ئێمەیان بەناوی کورد ناو دەهێنا، بەردمان تێدەگرتن. بۆ کۆتاهیە هاتین و ئێمەیان بەناوی کورد بانگ کرد: ئێمەیان ئەزیت دەکرد، گەمەیان پێدەکردین، فریان دەهاویژتێنێ،دەیانگوت:( ئەدی کوانێ کلکتان؟) ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە ئەشکەنجەو دردسەربوو. دوایی حاڵی بووین کە دێهاتیەکەنمان ڕاستیان دەگوت- کورد بوین.)

ئانتر،یان لە 1941 بۆ بەردەوامکردنی خویندن بۆ ئەستانبوڵ نارد. ئەو یەکێک لەو چەند قوتابی هەڵکەوتوو بوو کە(مفەتیشی هشتی ناوچە1)( کە بریتی لە زوربەی کوردستان بوو)دەستەچینی کردبوو هەتا بە هاوشاریەکی تورکی باش بگوڕدرێ. ئەو لە جێ خەوتنێک کە تایبەتی قوتابیانی ڕۆژهەڵات بوو جێیان بۆ کردبۆوە: لە وێ لەگەڵ پەنجا کەس لە قوتابیان کە سەرجەم لە ناوچەکانی کوردستان هاتبوون ناسیاوو ئاشنا بوو: یەک لە وان تارق زیاء اکینجی کە دوایەکان سکرتێری گشتی(حیزبی کرێکارانی تورکیە)بوو، و یوسف عەزیز ئۆغلو،نوێنەری دێموکرات و بنیاتنەری (حیزبی مللەتی تورک) و فایق بۆجاک، دامەزرێنەری (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی تورکیە) بەمجۆرە لە ئانکارا و ئەستانبوڵ، لە ڕەخ کرێکارانی کۆچەر گروپەکانی گچکەی خوێنکاری دەماوەر سەرایان هەڵدا کە پیشەنگی پێناسی کوردی بوون.

لە کۆتایی دەیەی 1950 ئەم گروپەگچکە خوینکارە،وردە وردە لە ڕووداوەکان و جەرەیانات دڵگەرم بوون. لە قاهیرە و ئێرەوان،بەرنامەکانی کوردی ناوچەیان دادەپۆشی: ئامانجی بەرنامەکان کوردی ڕادیوی قاهیرە نائارام وئاڵۆزکردنی وەزیەتی بەغدا بوو و ئامانجی ڕادیوی ئێرەوان،ناڕاحەت کردنی

تورکیه و ئێران بوو. بەڵام هێزێک کە هەست و ئیحساسی کوردی لە تورکیە وەتەکان خست ئینقلابی ژوئیەی ئێراق و گەڕانەوەی مەلامستەفا بارزانی لە دوورخراوەیی بوو. گەڵیک لەکوردان دەیانزانی کە ئەو وەکوو خودی وان بادینی و زوانی(کرمانجی یە).

سەرەتای ئەوساڵی،موسا ئانتر،و ئەوانی دیکە لە دیاربەکر دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاریک دا بەناوی(ایللری یورت)کرد. ئەم بڵاوکراوەیە خاڵی دەست پێکردنی تەقریبەن دەیەیەک بڵاوکراوەی کوردی ویەکەمین بڵاوکڕاوەیەک بوو کەلە شۆڕشی درسیم بەم لاوە لە تورکیە لە بابەت مەسەلەی کورد قسەی دەکرد. ئەم بڵاوکراوەیە سەرەتای دووگو جولوک (شەرق گەڕایی) بوو،و ئەمە خەباتێک بوو بۆ پەرەپێدان و بەرفرەوانی و ئاوەدانی پارێزگاکان کوردنشینی تورکیە،کە بەشێوەیەکی زەگ پێ سوتاو لە نەزەر دوور مابوونەوە. ئەم (ڕۆژهەڵاتیە)کە نوینەرانی پارلەمانیش لەوان بوون بەتەواوی حەولیان دەدا کەلە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەکوردەکان یان کوردستان خۆیان بپارێزن، بەڵام هەرکەس کەمترین ئاگاداری لەگەڵ وەزعی ناوچە هەبوایە لە بەری داپۆشتراو نەبوو کە ئامانج و داوایی مەبەستیان چییە؟.

ڕووداوی ئێراق وردە وردە لە سەر پەیوەندی تورک- وکورد کارتێکەر بوو. بە دوای کوشتاری تورکمانەکان لە کەرکووک بە دەستی کوردەکان لە مارسی 1959 ئارسیم ئەرین،نوێنەری نیگدە،بەڕاشکاوی خوازیاری تۆڵە وەرگرتنەوە بوو:( کوردەکان براکانی ئێمەیان کوشتن،ئێمەش دەبێ بە و ڕادەیەی کە ئەوان تورکمانیان کوشتن، کوردان بکوژین. ناتانهەوێ ئەم قەرزە لەگەڵ بەرهەم بدەنەوە؟)زێدەتر لە80خوینکاری کورد، کە مەدەد سەرحەد،حقوق دان، ڕیکووپیکی خستبوون لە ئیعتراز و ڕەخنەگرتن بەم ئاخافتنانە خۆ پێشاندانێکیان بەڕیوەبرد،و ئەم جەرەیانە بە نۆرەی خۆی بوو بەهۆکارو سەبەبی گرتن و زیندانی کردنی 49 خوێنکاری ناسراوی کورد. ایللری یورت،گاڵەدرا- ئانتر و هاڤاڵانی بەشێک لەگیراوەکان بوون. سەرکۆمار بایارو سەرۆک وەزیران مندرس،و بارەگای ئیستخبارات(سازمان ئەمنیەت) دەیانەویست کە هەر 49 کەس لەسێدارەبدەن، بەڵام وێچوونی دژکردەوەی دنیا لەمپەرو ڕێگری لەم مەسەلە بوو. ڕووداوی 49 کەسە ئیحساس و هەست و ئاگاداری نەتەوەیی لەنێو خوێنکارانی کورد توندکرد،بەتایبەت ئەوکات کە یەکیک لەم 49کەسە، بەناوی سەعیدایلچی، لە مەحکەمە لە مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد دیفاع و بەرگری کرد.

دەسەڵاتداران وکارگێرانی حکوومەتی لە شۆڕشی کوردەکان لە ئێراق و ڕەنگدانەوەی وی،کە دیداوە کوردەکانی تورکیە-شی دڵگەرم کردوە ئیکجار ناڕاحەت بوون. لە مەی 1960 هێندێک لە ئاغاکان وەرزێرەکانیان لە ئێعتراز لە گوێ لێ ئاخنینی دەوڵەت لە ویشکەساڵی کە ناوچە تووشی ببوو بە بەرپاکردنی خۆپێشاندانێک دەنەدا. چەتوونە بتوانێ بڵێی کە ئەم مەسەلە، هەتا چ ڕادەیەک ڕەنگی ناسیونالیستی هەبووە،بەڵام دەسەڵاتداران ترسیان ڕینیشت و ئەوانیان تۆمەتبار بە بەڕیوەبردنی دنەدان بۆ پێکهێنانی کوردستانی ئازد کردن. ئەوانەی کە فکری بۆ دەچوو ڕێبەرانی جەماوەرن و سەرجەم 284 کەس بوون بۆ ئۆردوگایەک لە سیواسیان بردن. زوربەی ئەم گروپە لە نوامبەربە پیی فەرمانی عافوو(کۆمیتەی وحدتی نەتەویەتی)ئازادبوون، جگەلەمەکە 55کەس لە ئاغاکان و شێخەکانی دەنگین وناسراو بۆ شارەکانی ئافیون و اسپارتە و ئەنطالیە دوورخرانەوە، و قانوونیکی تازە بۆ دوورخراوەیی لە مانگی ئۆکتۆبر پەسەندکرا. (کۆمیتەی وحدەتی نەتەویەتی)لە داخۆیانەکانی

فەرمی لە تێکشکانی سیستەمی فئودالّی قسەی دەکرد،لە حالّێکدا کەلەم دەستە تەنیا شەش کەس لە خاوەن ملّکەکانی گەورە بوون- و هۆکاری کارەکە هەروا لە شک وگماناویدا بوو.

تاوانی جلّەوی دەرچوونی کوردەکان لە ئیختیار،لە سوکری حیزبی دێموکرات هایشت. کۆماری تورکیە بە وێنەیەکی مەسخەرە داوای کردکە(دەولّەتی پیشوو بەکوری شێخ سەعیدی ئیجازەدا بەجیبی نیزامی رووی بۆ ڕۆژهالآت بڕوا و دەست بەپڕوپاگەندە بکات. ئامانج پێکهێنانی کوردستانی نوێ بوو)هەلّبەتە ئەمە شتێک بوو کە (کۆمێتەی وەحدەتی نەتەویەتی) لە وی دەترسا، و بە چ لەونیک نەیدەویست بزانیت کە چینی ئاغاوەت ڕۆژ بەڕۆژ زێدەتر بۆ قەراخ بزوتنەوە ڕاودەنرێ.

تورکیە لەژێر زەختی حکوومەت (کۆمیتەی وەحدەتی نەتەویەتی)هەروا بەسیاسەتی فەرمی(لەسەربناخەی حاشا لێکردن لە مللەتی کورد) بەردەوام بوو. چاخێک کێشمەکێشم لە نیوان قاسم و مەلامستەفا لە پاییزی سالّی 1960 ئولکەی شەڕی لە سنووری تورکیە نزیک کرد، سەرکۆمار گورسل(کەکودتای نیزامی ڕیبەری کردبوو) دژی هەرجۆرە پشێویی و ئالّۆزی زەنگی مەترسی لیدا: ئەڕتەش لە بۆمباردومانی شارەکان و گوندەکان شک وگومان بە خۆی نادا: حەمامەکێ ئەوها لە خوین وەڕیدەخات کە ئەوان (شۆرشگیڕان) لە خاکی خۆیاندا هەلّدەلووشن و قووت دەدەن.

وڕووژاوی ئیحساس لە هەردوو لا ڕووداوەکانیان بەگەورەترین خۆنواندنی پێناسی کوردی لە ماوەی نەسلێک گۆڕی. (کۆمیتەی وەحدەتی نەتەوەیی) بەرلەمە گوڕینی ناو،ئەو شوێنانەی کەناوی کوردیان هەبوو بە پیی یاسای ژمارە 1587 دەست پێکردبوو:(ناوەکانی کە بۆ خەلّک جیگای بیزارێن، و لەگەلّ فەرهەنگی نەتەوەیی و بایەخەکانی ئەخلاقی و ڕەسم وئاداب ونەریتەکانی ئێمە سەری سازگاریان نییە وناگونجین).لەژانویەی 1961 کۆمیتە قانوونێکی تازەی پەسەند کرد کەبەپێی وی قوتابخانەکانی 24ساعەتە لەکوردستان لەناوچەکانی کوردستان پێکدین،ومەقسود لە پێکهێنانێان وەکووسالّی 1935 رەکێشی خەلّکی کوردبوو. سەرکۆمار گورسل چەندپیش لەمە سەرەتایەکی بۆ چاپی دووەمی کتیبی شەریف فرات بەناوی(دووگوایللری وارتوتاریهی(ئانکاڕا 1948و 1962) نووسیبوو. لەم کتیبە داوادەکرا کەکوردەکان لە بنەچەکەوە تورکن،وشتێک بەناوی نەتەوەی کورد بوونی نییە. کتیبی فەرات(پەسندی گشتی)بوو چونکە جگەلەمە کە هەست وئیحساساتی نوسراو دەویدا موری پەسندکردنی سەرکۆماری پێوەبوو،فەڕات بۆخۆی کوردبوو. سەرکۆمارگورسل ئێستا ڕایدەگەیاند کەمللەتێک بەناوی کورد کە کەسیتی لەوی بەجێ مابێت بوونی نییە،و دەیگوت:کەکوردەکان نەک تەنیا هاوولاتی تورکەکانن بەلّکوو برای نیژادی وڕەچەلّەیی ئەوانن.

لە8ی مەی یانی چەند ڕۆژ دوایی حاشاکردن لە پێناسی کوردی(لەلایان سەرکۆمار) خۆپێشاندانیکی گەورە لە ئیعتراز وڕەخنە بەم ئاخافتن و قسەو وتارانە لە شارەکانی ماردین، دیاربەکر،سیوەرک،بتلیس، وان،دەستی پێکرا. لاوەکان بەیداخەکیان هەلّدابوو کەلە سەری ئەم دورشمانە نوسرابوو(ئێمەتورک نین،ئێمەکوردین...دەولّەتی تورکیە دەبێ مافی نەتەوەیی ئێمە بەفەرمی بناسێت) بەپیی سەرچاوەکی کورد لەم خۆ پیشاندانە 315کەس کوژران و 754کەس برینداربوون. تەنیا خاوەن نەزەرانی چاوبەند لەچاو دەیانتوانی لە ڕوانین و تەماشاکردنی ئەم ناهاودەنگی نێوان حاشاکردنی حکوومەت و داوای پێناسی نەتەوەیی ناتەوان بێ دەرەتان بمێننەوە.

لەگەڵ ئەم هەمووە(کۆمیتەی وەحدەتی نەتەویەتی) یەکدەنگ و بڕیار نەبوو: لەناوخۆیاندا خەبات لەنێوان توند ڕەوەکان و مام ناوەندیەکان لەجەرەیان دابوو. گورسل بەپێچەوانەی ڕووبەڕوو بوونی لەگەڵ کوردەکان لەگەڕانەوە بۆ حکوومەتی نانیزامی پشتیوانی دەکرد، و ئامادەیی خۆی لە ئالیکاری کردن بەم عەمرە کە بەتورکیە ئیمکان بدات بە وڵاتێکی لیبراڵ بگۆڕدرێ، ڕایگەیاند. ئەو ئەرکی ڕیک وپێکی قانوون ئەساسی نوێی بە گروپێک لە ڕووناکبیران ئەسپارد-کە شتێکی ئەوها بۆ هەر ژەنەڕاڵێک شۆڵێکی سەیر بوو. لە 27ی مەی 1961 تەنیا نۆزدە ڕۆژ لە دوایی ڕووداوی تێکەڵ بە خوێنڕێژی کوردستان(کۆمێتەی وەحدەتی نەتەوەیی) پێشکەوتووترین قانوون ئەساسی میژووی تورکیەی، کە ئازادی قسەکردن و فکرولێکدانەوەو بڵاوکردنەوەو پێکهێنانی کۆمەڵگاو مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیجازەدا،و پەسەندکرد. ئەم قانوونە مافی بەرتەسک کردنی مانگرتنی بۆ بنکەکانی کرێکاران بە فەرمی ناسی.

سروشتیە خوینکارانی کورد-یش عەیاری ئەم یاسایی نوێیان لە بەردی مەحەکی ئەزموون‌دا. بەڵام ئەم قانوونە ئەگەرچی پێشکەوتووتر لە قانوون ئەساسی بوو لەگەڵ ئەم هەمووە، لە جێ بەجێکردنی وادەکانی کە دابووی،گیری کرد.

لە ئەستانبۆڵ مووسا ئەنتەر،کە ئێستا ئازاد بوو، بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی دوو زوانە بەناوی دجلە-فرات، دەست پێکرد،کە لەماوەی ساڵەکانی 62-1963، بەرلە یاساخ کردن، هەشت ژمارەی وی بڵاو بۆوە. یەکی دیکە لە خوێنکاران بەناوی یاشارکایار،لەگەڵ مەدد سەرحەد،کە هەردوو وەکوو ئەنتەر لە گروپی 49 کەسی ناویان بردرابوو(دەنگ)ی بڵاوکردوە. سەرحەد لە دوایی بڵاو کردنەوەی ژمارەی دووهەمی گۆڤار تۆمەتبار بە(جوداخوازی)بوو،کەبۆ کەسانێک کە دەیانگوت کوردەکانیش لە تورکیە دەژین تۆمەتێکی دیاریکراو بوو. گۆڤارەکانی دیکەش تەمەن کورت بوون،و لە هاوینی 1963 سەرنووسەران و نوسەرەکانیان زیندانی کران،و مارکی جیاوازی خوازیان لێدرا.

1. بەڵام گرینگتر لەمە مەسەلەیەک بوو کە ئازادیخوازی تورک،ئەحمەد باشار،بە وەسیلەی گۆڤارەکەی بەناوی باریش دونیاسی(دنیای ئاشتی)جم و جۆڵی لە کۆڕی ڕۆشنبیران هەڵستاند. ئەم گۆڤارە لە دووەمین ژمارەی خۆی (مەی 1962) وتارەکی هەبوو کەدەیگوت هیچ پەرەئەستاندنێکی بەڕاستی لە ڕۆژهەڵات، لە حالێکدا کە بازیک لە مەوزوع یاساخ کراون،یان بەتەواوی لە گۆڕەپانێکی زوڵم وزۆری و مەمنوعدان، ئیمکانی قەومانیان نییە،هەستی خەڵک توندوتیژو تاڵە، پێویستە لەگەڵ مکانیسمەکانی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی تازەتر ڕێگای دەرچوون بۆ ئەم ئیحساسە هاوەڵا بکرێتەوە، هەتا بە وەدیهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی پێویست، بوونی ئاغاو شێخەکان تەحەمل بکرێن. دنیای ئاشتی، ژمارەکانی دوایی خۆی هاوەڵاو کراوە هێشتەوە، و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی و ڕۆناکبیرانی کوردی بە بەشداریکردن لە ئاخافتنی ڕوو لە ڕوو دا هاندا. بە هۆی ئەم بیروڕایی کە دەری بڕیبوو لە(ڕاست) و(چەپ) تۆمەتیان وەپاڵنا و پێوەلکاند. لە ئاکامدا پێ داگرتنی بۆ وڕووژاوکردنی وتووێژی ئازاد، بە مەرگی وی لە دوایی شانزدە ژمارەی گۆڤار لە سپتامبەری 1963دوایی هات. بەڵام ئێستا ئیدی کەسێک نەیدەشاردەوە کە (مەسەلەی کورد) بوونی نییە.

لە تورکیەش وەکوو ئێراق و ئێران ئەوکوردانەی کە تێگەینی سیاسی یان هەبوو لەگەڵ ئەم تەنگەژە ڕووو بەڕوو بوون کە دەبوایە لە(چوارچیوەی سیاسی)وڵات بشوغلن یان لەگەڵ وی بەدژایەتی ڕابن. لەناو وتارو ئاخافتنەکان سەرەتا،ئەو کوردانە دەدۆزرێنەوە کە لەناو لایانی سیاسی بوون. عیسمەت ئینونۆ،کەلە مردنی ئاتاتورک هەتا سەرکەوتنی دێموکراتەکان لە 1950 سەرکۆماری وڵات بوو،دەگوترێ کە کورد بووە. هەروا هەبوون دەریاسالار فەهمی کوروتورک کە بەدوایی کۆدتای نیزامیان لە 1971 بوو بەسەرکۆمار، وژەنەراڵ سمیع سنجر کە لە نێوەڕاستی دەیەی 1970 بەرپرسی ستادی ئەرتەش بوو. ئەوانی دیکە لەڕێوو شوینی کەمالیسم-یان لادەدا، وبۆ ڕاست یان چەپ بایاندەداوە: بۆ نموونە یوسف ئازیز ئۆغلۆ (دیاربەکر)کەیەکێک لە ئاغاکانی دوور خراوە بوو کە لە 1940 دێموکراتەکان ئەوانیان لە دوورخراوەی گەڕاندەوە، وئەکرەم عەلیخان( ئەرزنجان)و شێخ قاسم کفروی(لە قارس)کە هەموو لە دێموکراتەکانیان بڕیەوە وژمارەیەکی زۆریان کورد لەگەڵ خۆیان بردن وحیزبی(ئازادی)یان دامەزراند (1958-1955) لەمانە بوون.

لەدوایی هەڵوەشانەوەی حیزبی دێموکرات لە 1960، (ڕاست) هەتا ئەوتی 1960 بڵاو بوو. حازیزئۆغلۆ وعەلیخان،حیزبی (تورکیەی نوێ)یان ڕێبەری کرد،کەلەپاش کودتای 1960 پێکهات. ئازیز ئۆغلو هەتا چاخی مردن کە لە دوای دەنگدانی ساڵی 1963 قەوما،سەروە (ڕاست)بوو. بەڵام ئەویش وەکوو ڕێبەرانی حیزبی عەدالەت بۆ گەڕانەوەی ئەو55ئاغایانەی کەلە 1963 دوورخرابوونەوە،حەول وتەقەلای کرد،بەم هیوایە کە دەنگی وان بەدەست بێنیت. ئەو لەکوردستان لایانگرێکی زۆری هەبوو و وەکوو وەزیری لەش ساخێ وتەندورستی لە کابینەی یەکگرتووەکان(ئیتلاف)دووەمی ساڵی 61-1962 کە تەمەن کورت بوو،ئیلاقەی بە (پەرەدانی ڕۆژهەڵات) نیشاندا. ئەو لەماوەی وەزارەتی خۆیدا بە ڕادەی هەموو دەوڵەتەکانی ڕابردوو دەرمانگاو نەخۆشخانەی لەکوردستان دورست کرد. خێرا وبە پێچەوانەی پاشکەوتووی کوردستان تۆمەتبار بە(ناوچەپەرستی)بوو مەجبوور بە وازهێنان کرا. لە دەنگدانی ساڵی 1965 دەنگەکانی کە حیزبی نوێی تورکیە وەدەستی هێنا تەقریبەن هەموو لەکوردستان بوو.

چینی ئاغاوەت بەتەواوی سەروەحیزبی عەدالەت بوو،کە ڕەدای (دێموکراتە)کان بەمیرات بۆ مابۆوە. بەڵام لەسەرەتای دەیەی 1960 حیزبی کۆماریخوازی خەڵک بەپیچەوانەی وەرچەرخانی زۆری بە ناوەندی،لایانگرو جامینخوازی لەناو بنەماڵەکان دەنگین لە کوردستان لەسەرا بەدەست هێناوە.

یەکەمین حیزبی دیاریکراوی کوردی، یانی حیزبی(دێموکراتی کوردستانی تورکیە)لە بەستینێکی کۆنەپایز(محافظەکار) لەدایک بوو. ئەم حیزبە سروشتیە نهێنی بوو، چونکە هەرحیزبێکی کوردی بەپێی لێکدانەوە ناقانوونی بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیە،لەمەڕ ئیدولۆژی وەکوو(پارتی دێموکراتی کوردستان)مەلامستەفا بوو. حیزبێک بوو بەتەواوی نەتەوەیی، وهەڵچوونیکی جبلی وزاتی نێوان ناسیونالیسم لەسەربناخەی گەلایەتی ونەریتی و بەرفەروانی وپەرەپیدانی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی نەدەکرا. لەگەڵ ئەوهەمووە ئەم حیزبە بەپیچەوانەی پارتی دێموکراتی کورستانی ئێراق بەدەسەڵات بوو بێ ئەوەی چ شوێن پێ لەخۆی بەجێ بهێڵێت،لەبەرچاو ون بوو. بەڕەواڵەت هۆکاری ئەم عەمرە کوژرانی فایق بوجاک سکرتێری گشتی و بناخەدانەری وی بوو. فایق بۆچاک لە بنەماڵەیەکی ئاغاکانی گەورەی سیورەرک بوو. ئەو لە ژوئیەی 1966 هەشت مانگ لەدوایی

پێکهێنانی حیزب، کوژرا. هاوکاری نزیک و جێگری،سەعیدالچی،ش بەدەستی یەکیک لە (انشعابیون)ی چەپ لە 1971 کوژرا.

لەگەڵ ئەم هەمووە لە دوایی ئەم لەمپەرانەو ناسەرکەوتنانە ئەم ڕاستیە بوونی هەبوو کەلە ساڵی 1965هەتاساڵی 1971(حیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیە) نەیتوانی لەو شوێنانەی کە بنکەکانی حیزبی بوونیان هەیە ڕیشە دابوکتێ و ڕەگ ئاژۆ بکات. لەوانەیە هۆکاری مەسەلەکە لە کۆنەپەرپارێز(محافیزەکاری) ئیدۆلۆژی وی بوو. بوجاک والجی پیشترلە بایەخەکانی ڕاست گەرانەی تورکیە داکۆکیان کردبوو،لەبەرئەمەش کەلە ئانکارا بەدوای قازانجی خۆی هەڵدەسووڕا. لە کەش وهەوایەکی ئەوها(حیزبی دێموکراتی تورکیە)شتێکی ئەوهای بۆ پێشکیش کردن نەبوو.

قانوون ئەساسی(دەستوور)ساڵی 1961 بۆ هەوڵین کەرەت لە مێژووی کۆماری ئیجازەی پێکهێنانی حیزبێکی سوسیالیستی دا-ئەم حیزبە،(حیزبی کریکارانی تورکیە) بوو. حیزبی کریکارانی تورکیە لە ژیرڕیبەرایەتی محەمەدعەلی ئابیار بە حیزبێکی گرینگ گۆڕدرا، ولەساڵی 1965سێ لەسەتی دەنگەکانی بە دەست هێنا. هەروەک پیشبینی دەکرا حیزبی کریکارانی تورکیە کارشکێنی و بەربینگ پێگرتنی پۆلیسیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. حیزبی کریکارانی تورکیە لە پاناگۆڕایەک کە حەزلێکردنی مەیلەوڕاستی دەویدا توند دەبوو،بۆ گەلێک لەکوردان بۆلای خۆی کێشان و ڕاکێشانێکی زۆری هەبوو. ڕاگرتن و یاساخ کردنی یەک لەدوای یەکی گۆڤارەکانی کورد وچەپ نێشانەیەک بووکە لە سێرەی هەتەری خاوەن نەزەران و زایانی کورد دوور نە دەماوە. لەحاڵێکدا کە حکوومەت حاشای لەمە بوو کە کوردەکان شتێک جیا لە تورک بن،گەلێک لە تورکەکان هەتا ئەم چێرۆکەیان قەبووڵ نەبوو وکوردەکانیان قەبووڵ نەدەکرد. کورد بوون،وەکوو خودی تورک بوون لە سەدەیەک پێش،بەمانایی دیهاتی ولەمە خەراپتر بەمانای گیان لەبەرێکی بێچم مرۆڤ(ئینسان نما)بوو.-نامایشنامەی شکسپیر،بەناوی تۆفان- منداڵەکانی قۆناخی نێوەڕاستی قوتابخانەی کۆتاهیە لەساڵەکانی 1930 گەمەیان بەمحەمەد ئاڵتون کارکردبوو پێیان گوتبوو(ئەدی کوانێ کلکت؟)گوێ لێبوونی تەوس و توانج وپلارێکی ئەوها بۆ هەرکوردیکی دوورخراوە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە بوو. لەدەیەی 1960 یش (نیژادپەرستی)شتێکی ئاشکرا بوو و لە توندوتیژی وی کەم نەببۆوە. کۆڕی فەرمی کەلە ڕۆژهەڵاتی مەلاتیە (دەژیان بەچاوی بێگانە لێدەڕوانین) کۆڤارێک بەناوی اوتوکن دەیگوت(ڕوخساری کوردان وەکوو ڕوخساری ئینسان نییە) ولە کۆچەری ئەوانی بۆ ئافریقا داکۆکی دەکرد،کە بۆ وێ برۆن و بەنێوە ئینسانەکان و نێوە جانەوەرانێک لە لەوێ دەژینن،بلکێن. ئەم گۆڤارە لە قسەکانی بەردەوام بوو،زەنگی مەترسی لێدەدا(کەدەتوانن لە هاوڕەچەڵەیان-ئەرمەنیەکان-بپرسن هەتا بزانن کەتورکەکان ئیکجار لە سەرەخۆن، بەڵام ئەگەر وتووڕەبن هیچ شتیک پیشی پێ ناگیرین) ئیدی زۆر بەڕاشکاوی بە نەسل کوژی ئاماژەیان دەکرد:(ئێمە بۆ مەسەلەی کورد)بەڕێگا چارەیەکمان ئاتاجی هەیە تیژ وەک شمشیر. کۆچەرەکانی قزاق و قرقیزان لەگەڵ چەکەکانی خۆیان بێنن. ئەم کارە گیروگرفتە بۆ جارێک و بۆ هەمیشە چارە سەر دەکات.) تەنیا چەپەکان بوون کە هەستیان دەکردلەگەڵ ئەوان زۆروکەم وەک بەرابنەر دەجۆڵینەنەوە.

خولاسە حیزبی کریکارانی تورکیە لەم بارەوە بۆ کوردەکان دڵ ڕاکێش بوو کەلە ڕێگای ئیتحادیەکانی حیزبی و وابەستە سەبەبێکی بۆ سەروسامانداني خەڵکی ئاسایی وەدەست دەدا. حیزب بۆخۆی پێیخۆش نەبوو بەمە کەخۆی بە ئاشکرایی لەگەڵ مەسەلەی کورد تووش بکات،بەڵام لەگەڵ ئەم

هەمووەگەلێک لەکوردەکان بە وی لکان،لەم بابەتەوە کە زۆرتر لە هەریەک حیزبەکانی دیکە حازری گوێ لێبوون ئەومەسەلەیەی پەیوەندار بە مافەکانیان بوو. ژمارەیەک لە هاڤاڵانی سەردەمی خوینکاری ساڵەکانی 41-1942 ئانتر بە تێکۆشەرانی حیزبی کرێکارانی تورکیە گۆڕدران،یەکێک لەوان تارق زیاءاکنیجی بوو، ئەو لە 1965 یەکیک لەو چوار کوردانە بوو کە بەشێک لە 15 پاڵاوتراوەی حیزبی کرێکارانی تورکیە بە نوێنەرایەتی مجلیسی کۆبڕای نەتەوەیی هەڵبژێردران. ولە ماوەی ساڵەکانی کۆتایی دەیەی 1960 کوردەکانی عەلی ئەڵڵایی بە بڕبڕەی پشتی حیزبی کرێکارانی تورکیە گۆڕان. گەلێک بەهۆکاری مەسەلەی مڵکایەتی زەمین، و دەسەڵاتی چینی ئاغاوەت ڕەکێش حیزبی کریکارانی تورکیە بوون، ئیدیکە ڕەکێش وتێکەل و ئالودەی هزروفکری چەپی حیزبی ببوون.

ئەکینجی و هاڤاڵانی دیکەی کە لە خۆپارێزتن و کپ وبێدەنگییەک کە حیزب لە پەیوەند لەگەڵ مەسەلەی کورد دەیکرد،ناهومید بوون. لە 1966 بەملاوە بۆخۆیان (بنکەی دە سەربەخۆیان لەناو حیزب پێکهێنا. لەدوایی ئەمە کە ئەو-ئەکینجی-لە 1968 بە سکرتیری گشتی حیزب گەیی وکوردەکی دیکە بەناوی-محەمەد عەلی ئەسلان-بەرێبەرایەتی حیزب هەڵبژێردرا،حەول وتەقەلایەکی زۆریدا هەتاحیزبی ئیقناع بکات بەمە کە مەسەلەی کورد ڕاستەوخۆ و بە ڕاشکاوی شی کاتەوە. ئەسلان وەکوو (سردبیرینی آکیش) بەئاشکرا لە ناسینی مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد دیفاع کرد،ناوبانگێکی وەدەست هێنابوو. حیزب کرێکارانی تورکیە لەکۆنگرەی چوارمی خۆی لە ئۆکتۆبری 1970 رایگەیاند:

خەلکی کورد لە ڕۆژهەلاتی تورکیە بوونی هەیە... دەسەڵاتدارانی فاشیست کە نوێنەری چینەکانی حاکمن، خەڵکی کوردیان لە قەپانچەلەی سیاسەتی توانەوەو ترس و لەرز کردوە، کە زۆرکەڕەت سەرکوتەکەیان ڕەگەڵ خوێناوی هاوهەنگاو بووە.

حیزبی کرێکارانی تورکیە بەم کردەوە زەنگوڵەی مردنی خۆیان هەژاندو وەدەنگ هێنا. بەدوای تەداخۆلی نیزامیان لە ساڵی دوایی، حیزبی کریکارانی تورکیە ناقانوونی ڕاگەیاندرا. بەلام هەتا ئەو جێگایە کە جەرەیان بەکوردەکان پەیوەندی هەبوو ئەم حیزبە وەکوو کەرەسەی کارتێکەر لە ڕاچڵەکان و لە خەو ڕاپەڕینی گروپێکی زۆر لەخوێنکارانی کورد،بەتایبەت لەئانکارا و ئاستانبۆڵ، کارتێکەربوو: هەرئەم خوێنکارانە بوون کەدەبوایە لە دوارۆژ دا کادێری ڕێبەری بزوتنەوەی نەتەوەیی خۆیان دابین و پێکهێنابوایە.

بزوتنەوەی چەپ بەر لە هەڵوەشانی حیزبی کرێکارانی تورکیە بەربڵاوو بەرفرەوان بوو. لە 1967 گروپێک لە تێکۆشەرانی چەپ لە (کۆنگرە یەکیەتی کرێکاری) کەلە ژێر چاوەدێری دەوڵەت بەڕیوە دەچوو لە سازمانی ناوبرا جیا بوونەوە و(کنفدراسیونی یەکیەتی کرێکارانی ئیقلابیان) پێکهێنا. کلوبەکان ئەنجومەنەکان و کۆمەڵگای چەپ لە زانستگاکان بەرەوپێش چوون. زوربەی ئەم ئەنجومەنانە لەگەڵ(فیدڕاسیونی لاوانی ئینقلابی) کەلە 1969 دامەزرابوو لانکێک بوو کە زوربەی

بزوتنەوەکانی چەپی ساڵەکانی دەیەی 1970 لەوی تێدا پەروەردەو ڕاهینرابوو پەیوەندی هەبوو(خودی فیدڕاسیونی لاوانی ئینقلابی لە دوای کودتا، داخرا، بەڵام لایانگرانی لەسەرڕا لێکتر کۆ بوونەوە.)

لەساڵەکانی 1968 ژمارەیەک لەکوردەکان لە کنفدراسیون(یەکیەتی کرێکارانی ئینقلابی) و(حیزبی کریکارانی تورکیە) و( فدڕاسیون لاوانی ئینقلابی) یان ئەنجوومەنەکانی خوینکاران دەیان مێتینگیان سەبارەت بە ئیعتراز بە زوڵم و زۆری وسەرکوتی کوردەکان و داواکاری مافی دێموکراتیک یان بەرپاکرد: لە سیلوان و دیاربەکر بەڕیژە10000و25000کەس لەم مێتینگانە بەشداریان کرد. لە 1938 بەم لاوە ئەمە یەکەمین جار بووکە حکوومەت بەم جۆرە بۆ بەربەرەکانی بانگەواز لێدەکر، بەڵام لەمە گرینگتر ئەمە یەکەمین رووبەڕوو بوونی ئاپۆرەی شاری لەگەڵ کۆمارو نیشاندەری ئاڵەگۆڕیک بوو کەلەکۆکردنەوەی هێزەکانی کۆمەڵایەتی ڕوویدابوو: بزوتنەوە لە ئاغاکان و وەرزیرانی نیوە قەبیلەیی دوور ببوو وبە خوینکاران و پیشەیی ولاوان ڕوویکردبوو کە ناوەندیەکەیان لە شاربوو. یەکیک لەو لاوانە کوڕەکانی بنەماڵەی دەئاغاوەت بوون کە ئێستا ئەوبایەخانەی کە بەمیراتیان بردبوو بێزاراین لێدەردەبڕی. ئەم خەڵکە بناخەو پایەو بنچینە بۆ ڕێبەرێکی بۆرژاوای بزوتنەوەی کوردیان پێکهێنا کە بەرفرەوانی حەزلێکردنی چەپی بەرانبەر و مساوی هەبوو.

بەپێچەوانەی زەخت و تەوژمێک کەلە دەیەی 1960 هاتەگۆڕ، و دەویدا زوربەی سازمان و چاپەمەنیەکان تووشی هەڵوەشان و گاڵەدان بوون، کوردەکان هەروا بە زبانەنی کوردی وتورکی و لە بڵاوکردنەوەوی بابەت و مەتڵەبەکان پەیوەندار بەفەرهەنگی کوردی بەردەوام بوون: کوردەکانی ڕۆشنبیریش وەکوو حکوومەت تێگەیبوون کە بوونی ئەدەبیاتی کوردی بۆ پێکهێنانی نەتەوەیی عەمرێکی بنەڕەتیە. دەوڵەت لە دژکردەوە بە(شتومەکی) واردبوون لە ساڵی 1967 وای دانا( هێنانی هەربابەت ومەتڵەبێک بەزوانی کوردی لەدەرەوە بۆ ناو وڵات، و یان بڵاوکردنەوەی وی، بە هەر بێچم وشکڵیک، چ بەوێنەی نوسراوە یان زەپت کردن لەسەرنەوار،(کاسیت) یان بەڕێگای دیکەدا یاساخە. یەک دوو کەس لە ڕوناکبیران هەروا بە بەرهەم هێنانی ئەم بابەتانەیان هەنگاو هەڵگرت. موسا ئانتر،فەرهەنگی تورکی-کوردی- لەکۆتایی ئەوساڵیدا بڵاو کردەوە. لە ساڵی 1969 محەمەد ئەمین بوز ئەرسلان بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی کتێبێکی دەرسی دەورەی سەرەتایی و هەروا وەرگێڕانی حەماسەی گەورەی خانی مەم وزین، کە ئامادەی بڵاوکردنەوەبوو، زیندانی کرا.

بە پێچەوانەی ئەم نیشانانەی کە لە دانەسەکنین و حەجمین لێهەڵگرتنی ڕۆشنبیران وەبەرچاو دەکەوت، هێشتا بۆ دەستەیەک کە لەگەڵ (خۆرهەڵات) باش ئاگاداربوون ئیمکانی ئەمە هەبوو کە ئەم جەرەیاناتە وەکوو کردەوەیەکی کەمایەتی لەکۆڵەخۆیان بکەنەوە، کەلە هەڵسەنگان لەگەڵ ئەو هەستە مەزەبیەی کە سەرانسەری کوردستانی تەنیبۆوە، نوێنەری کۆمەڵگا نەبوو. لە کۆتایی ساڵی 1968 نوریالمانی نوسی:

دیسان بۆ تورکیە جێگای خۆشبەختییە،کە ئیلاقەو پەیوەندی مەزەبی هەروا گرینگتر لە پەیوەندی زبانین. ئەگەر پەیوەندیەکانی مەزەبی لاوازتر دەبوون بە وێچوونی زۆر ڕیگا بۆ ڕووبەڕووبوون و جیاخوازی زورتری کوردەکان و تورکەکان تەخت دەبوو. ئەم کەلێنانەی نادیار بەم وێنەیە کە هەیە بنکەی دە زۆرو زەوەند پڕدەکەنەوە کە پەیوەندیەکانی مەزەبی لە نێویاندا بەڕیوە دەبەن.

لەگەڵ ئەم هەمووە لە ماوەی ساڵەکانی 1969-1971 تورکیە هەنگاوی لە ناوخولێک ئالۆزی و نائارامی توندوتیژ نا. حاملاوڕاهینروانی کوردو تورک لە ئۆردوگاکانی ئەلفەتح لە لبنان بۆ وڵات گەڕانەوە، و ڕێبەری خەباتی چەپیان بە دەست وەگرت. کۆبوونەوەکانی کە چەپەکان لە ڕۆژهەڵاتی پێکیان دهێنان هەرکەڕەت زورتر ڕەنگ و ڕووی نەتەوەیی بەخۆوە دەگرت. 1969 شەبەکەیەک لە ئەنجوومەنەکانی فەرهەنگی لە سەرانسەری کوردستان، و هەروا لە ئانکارا و ئەستانبۆڵ، دامەزریندران. ئەمانە بە(کوچکاور یان خانەدانی فەرهەنگی و ئینقلابی ڕۆژهەڵات) ناسراو بوون. زۆرتر کەسانێک کەلەم (کوچکاورانە)دا تیکۆشانیان دەکرد یان لە ئەندامانی حیزبی کرێکار تورکیە بوون یان لەو حیزبە نیزیکایەتیان هەبوو، (کوچکاورەکان)لایانگری ئازادیەکانی مەدەنی و ئاگاداری نەتەوەی خەڵکییان لە بەرچاو دوورنەماوەی ڕۆژهەڵات بوو، و تێدەکۆشا و حەولیدەدا بەرنامەکانی پەروەردەوفیرکردن بۆ گوندەییەکان و ژنان پێک بێنێت کە پالنگدان و پاڵپشتیان لەمەڕ مافی سیاسی و مەدەنی و ئابووری بوو. ئەمە بۆخۆی بەمانای ئیسلاحات و سەروسامواندانی کۆمەڵایەتی بوو، بەتایبەت لە دەڤەرەکانی دێهاتی کە ئەم کۆمەڵە پیامی خۆی بۆ وان دەبرد. وگرینگتر لە هەرشت، هەروەک دوایی مەعلووم بوو،(اجاق) بەرگری لێکەری بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو، و خێرا ئامانجی ڕاستی دەرکەوت،کە بە چاوپۆشی حکوومەت کاردەکات.

لە ژانویەی ئەو ساڵیدا ئانکارا کەماندۆیەکانی بۆ ناوچە نارد. ئەم کەماندۆیانە لە گوندەکانی خەریکی دۆزینەوەی(جیاوازیخوازان) و دێتنەوەی نیشانەگەلێک لەتێکۆشانی جیاوازیخوازانە بوون. عەمەلیاتی ئاسایشی ئەم کەماندۆیانە لە زۆرملی ئەشکەنجەیەک کە لە تایبەتمەندیەکانی سەرکوتی کوردەکان لە چوار دەیەی پێش بوو،گرێدرا. یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی پەیوەندار بە عەمەلیاتی ئەم کۆماندۆیانە ئەوهای دەگوت:

لەکۆتایی ژانویە بەم لاوە هێزەکانی تایبەت،شەڕی هەردیان لە ناوچەکانی دیاربەکر و ماردین وسیرەت و حکاری بە پەڵپ و بەیانووی بەدواچوونی ڕیگران دەست پێکردوە. گوندەکان گەمارۆدەدەن،و گوندییەکان کۆ دەکەنەوە. ئەم هێزانە ژنان و پیاوان لە یەکتر هەڵداوێرن،لە پیاوەکان داوادەکەن چەکەکانیان تەسلیم بکەنەوە،ئەوانەی کە دەڵێن چەکیان نییە، لێیان دەدەن یان بە گوندەییەکان عەمر دەکەن لەگەڵ ئەوان دەست بەیەخە بن. پیاو ژنەکان ڕووت دەکەنەوە، دەست درێژی بەژنەکانیان دەکەن. گەلیک خەڵک لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە گیانیان لە دەست داوە،دەستەیەک خۆیان کوشتووە. ئاو بەلەشی ژن و پێاوی رووتکراوە دادەکەن دوایی شەلاقیان لیدەدەن. جار وایە ژنەکان مەجبور دەکەن بەمە کە کەندرێک لە کیری مێردەکانیان ببستن و ئەوان لەناو گوند دا بەدوای خۆیاندا بگێڕن. ژنەکان مەجبوور دەکەن خۆیان ڕووت کەنەوە لە دەورووپشتی گوندی بەڕێژە بڕۆن. ئەم هێزانە لە گوندەییەکان داوا دەکەن بۆ خۆش گوزەرانی ژنانیان بۆ بێنن، ئەگەر لە قسەکانیان دەرچن تەواوی خەڵکی ئاوەدانی دارکاری دەکەن.

ڕێککەوتنی مارسی 1970ی بارزانی و بەعس ترس و لەرزی ئانکاڕای لەمەڕ کوردەکانی خۆی ئیکجار زێدەکرد، هۆکاری شەپۆلی تووڕەبوون و زوڵم و ستەم زۆرتر ئەمە بوو. لەمەڕ زۆربە لە خەڵکی تورک،زوڵمی کۆماندۆکان هەنگاوێکی جێگا داخ بەڵام (پێویست) بوو. (ینی ئەستانبۆڵ) زنجیرەیەک وتاری لە مانگی ئۆکتۆبر و نوامبەر لە ژێر ناوی(لە پشت کێوەکان چ دەگوزەرێ) بڵاوکردەوە،کە لە ماوەی ئەوان خوازیاری باشبوونی وەزع وپەروەردەو فیرکردن و ئابووری(هەڵبەتە تەنیا لە پەیوەندی

لەگەڵ کۆنەپەرستی فەرهەنگی) و لەناو بردنی سیستەمی عەشایەری و نشتەجێکردنی جەماوەرێک لە تورکەکان لە ڕۆژهەڵات، بۆ ئاوەژوکردنەوەی سروشتی وی بوو.

لە ئۆکتۆبری 1970 ڕیبەرانی(اجاق) دەست بەسەرکران،و محاکماتێکی مەزن لە ئەستانبۆڵ و دیاربەکر دامەزرا. ئەوانەی کە زیندانی کران موسا ئانتر،تارق زیاء ئەکینجی،سەعید الجی و کۆمەڵناسی لاوی تورک،ئیسمایل بشیکچی بوو کە بەهۆی داکۆکی لە داواکاری کوردەکان دەیان جار لە زیندانی حکوومەت کەوت کە نەیدەتوانی باسی ئازاد سەبارەت بە کەمایەتی وڵاتەکەی قەبووڵ بکات. گیراوەکان بەرێبەری بێشکچی دیفاعیەیەکیان لە 150لاپەڕە سەبارەت بە پێناس و مافی خەڵکی کورد و میژوو زوانی کۆمەڵگای کورد ڕیک وپێک کرد کە لەجوری خۆیدا یەکەمین داخۆیانی مەزن لەم بارەو بوو. سروشتیە مەحکووم کران و چەندکەس لەوان بە زێندانی درێژخاین زێدەترلە دەساڵ مەحکووم بوون. (ئۆجاق) گالەدرا.

لە حاڵێکدا کە باردۆخ لە کوردستان هەروا ڕوو بە خەراپتر دەرۆیی دوو گروپی تازە سەرهەڵداو چەپ،یانی (ئەرتەشی ڕزگاری بەخشی خەڵکی تورکیە) و( جبهەی ئازادکەری خەڵک) لە ئاوایل ساڵی 1971 کارەکەیان بەڕوو بەڕوو بوونی کێشا. بەبانکەکانیان هیرش برد، و نیزامیەکانی ئامریکائیان بە بارمتەگرت. لە 12ی مارس ئەرتەش تەداخۆلی کرد و جڵەوی حکوومەتی وەدەست گرت. لە 12 پارێزگا لە 68پارێزگای کۆمار هەروا لە زانستگاکانی گەورە و شارەکانی پێشەسازی وەک دیاربەکر و سیرەت وەزعی نائاسایی ڕاگەیاندرا (حکوومەت نیزامی). لەکوردستان هەزاران گیران و لەبەندیخانەکانی دیاربەکرو شوێنەکانی دیکە زیندانی کران. سەرنج ڕاکیش ئەمە بوو کەلە 75لەسەتی گیراوەکان گوندەییەکان پێکیان دەهێنا،وئەمە بۆخۆی نیشانیدەدا کە بەبەرەکەتی کارتێکردنی حەول وتەقەلای (ئۆجاق) و بنکەکانی ناوچەیی حیزبی کرێکارانی تورکیە گوندەییەکان هەتا چ ڕادە بە سیاسەت ئالودە بوونە.

وەزیری ناوەخۆ،سێ هۆکاری بۆ تەداخۆلی نیزامی هێناگۆڕو قسەی لەسەرکرد: سەرهەڵدانی چەپەکانی زێدەڕۆ، و چریکەکانی شاری، دژکردەوە لە بەرامبەر ڕاستەکانی زێدەڕۆ، و(ئەوانەی کە خوازیاری دیکتاتۆری بوون) و لەئاکامدا، مەسەلەی جیاوازیخوازی(ڕۆژهەڵات) کە بە قسەی وی هێندێک چەک و چۆڵ کەلە وێ دۆزرابۆوە. ئەو مەڵا مستەفای تۆمەتبارکرد بەمە کە بەجیاوازیخوازان یارمەتی دەکات، و داوای کردکە گروپێک کەناوی بردرا(حیزبی سەربەخۆی کوردستان)ی پێکهێناوە.

لە 1973 لە حاڵێکدا کە ئارامییەک بۆ وڵات گەڕابۆوە بەڵام هیچ کام لە دەلیل و هۆکاری نائارامی لە ناو نەچوو بوو ئەرتەش دەنگدانی نوێی و گەڕانەوەی بۆ حکوومەتی نانیزامی ئیجازەدا. لەم دەنگدانەدا حیزبی کۆماریخوازی خەڵک بەرێبەری خاوەن شوێن تێکەرو مەیلەوچەپ، بولنت ئەجویت،زۆرترین دەنگی کوردستانی سیاسی کراوی بەدەست هێنا،بەتایبەت بەم هۆیە کە ڕەقیبەکەی- دەمیراڵ- هەڵویستی لە بەرامبەر کوردستان بە ڕوونی دەربڕیبوو:( هەرکەس کە پیی وایە تورک نییە، یان هەست پێدەکات کەلە وڵات باشی بۆ نەگوزەرێ و ڕاحەت نییە بۆ هەر شوێن کە حەز دەکات با بڕوات.)بەڵام ڕوخساری ئەجویت وەکوو چەپ ڕەوێک لە عەینی حاڵدا بوو بە سەبەب

که حیزبەکەی یەک سیومی دەنگەکانی گەورە پیاوانی کورد کە بەر لە 1969 هی حیزبی وی بوو، لە دەست بدات.

کوردستان نێوان شارو گوند دابەشکرا: لە شارەکان زۆرایەتی بە حیزبی کۆماریخوازی خەڵک بوو، و لە ئاوایی یەکان ئاغاکان و شێخەکان بە لایانگرو جامینخوازانیان دەستووردا بەحیزبی عەدالەت یان(حیزبی ڕفا) دەنگ بدەن. حیزبی ڕفا، بەڕاشکاوی حیزبێکی ئیسلامی نوێ بوو، و ڕیبەری وی – دکتۆر نەجم ئەدین ئەربکان- نەخشەندیەک بوو. ئەجویت سەرکەوتوو نەبوو زۆرایەتی کورسییەکانی مەجلیس بەدەست بێنێت، و بۆ پێکهێنانی دەولەت لە گەل حیزبی ڕفا،پێکهات. ئەمە یەکەمین کابینە لە دە کابینەی بەر لە تەداخول سەرلە نوێی نیزامیان لە 1980 بوو، ولەم دە کابینە تەنیا پێنج کابینە لە پاڕلەمان موستەحەق هەتا زۆرایەتی (پێکهاتن) بوون.

کودتای 1971 و بەکارهێنانی زوڵم وستەمی ئەڕتەش لەکوردستان، ترس و دلهورەیەکی توندی لەگروپەکانی چەپ و نەتەوەخوازانی کورد وەدیهێنابوو. هۆکاری عەمر بازیک ئەمە بوو کەئەم گروپانە مەجبوور بە حەول و تەقەلای نهێنی ببوون و بازیک بەم هۆکارە کە جەرەیانی گرینگی چەپ پارچە پارچە ببوو، وهەروا بەم هۆکارە کە یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتی ئەوانی نەدابوو. لەماوەی ساڵەکانی دەیەی 1970 دەست ودەیارەیەکی چەند سەبەبی بەروپێشچوون و بڵاو بونەوەیەکی بەلەزی جەرەیانی چەپ و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کورد بوو، کە پەیوەندی دەنزیکی لەگەڵ وی هەبوو.

لە ژوئیەی 1974 ئەجویت هەزاران کەس لە تێکۆشەران و خەباتکەرانی لاوی کەلە سەردەمی تەداخولی نیزامیان زیندانی ببوون عافووکرد. ئەوانەی تەبعیدیش لە دوورخراوەی بەزۆرەملی گەڕاندرانەوە. خیرا لە ناو فیدڕاسیونی لاوانی ئینقلابی دەیان گروپ سەریان وەدەرنا. ژمارەیەک لەم گروپانە مارکسیست-لێنێنیست بوون، بەڵام گەلێک لەوان تایبەتمەندی مائوئیستی یان هەبوو. دەستەیەکی دیکە وەکوو(کنفدڕاسیونی کرێکارانی ئینقلابی) گروپەکانی قانوونی بوون، و ژمارەیەکی دیکە سازمانەکانی ژێر عەبای حیزبەکانی ناقانوونی بوون.

ڕێزی ئەم بنکەو سازمانانە، بوو بە هۆکاری زێدە بوونی ژمارەی گەنجەکانی ناڕازی و گوویی هەڵدا. ژمارەی خوینکارانی زانستگا لە 100000بە 150000تەنیا لە مابەین و نێوان ساڵەکانی 1965 هەتا 1969 سەرچاوەی گەورەی لەبۆ ئالیکاری گروپەکانی چەپ لە ناولاوانی خاوەن ئارمان(یان ساویلکە)پێکهێنا. وخاڵی گرینگی ئەمەکە ژمارەیەک لەشوێنەکانی مەوجوود لە زانستگاکان بۆ دەخۆداجێکردنەوەو وەرگرتنی ساڵیانەی خوێنکارانی خوازکار چوون بۆ زانستگا بەهیچ لەونێک تەواو بەس نەبوو. بۆ نموونە لە 1977 بۆ 360000خوازیار چوون بۆ زانستگا تەنیا 60000جێگا هەبوو. لەپشت کۆنکۆڕ(کنکور)ماوەکان ناهومێد کە لەگەڵ دڵەڕاوکەی بێکاری یان کاروئیش و دەست مایە، ڕوو بەڕوو بوون ئێستا پاروەکی باش بۆ فکرو هزری ئینقلابی بوون و زوو قووت دەدران. بۆ گەڵێک لە لاوانەی کە لە شارەکانی گچکە و دواکەوتووی کوردستان هاتبوون، ژیان لە ئانکاڕا یان ئەستانبۆڵ سروشتییە بۆیان ئەزموونێکی سەرمەستانە بوو.(هەتا ساڵی 1979 ش لە شارەکانی وەک دیاربەکر، ژمارەی( گاریەکان)ی هەسپی هێشتا لە ژمارەی ماشینەکانی سواری پتر بوو) بە پێی ئامارەکانی فەرمی ژمارەی بێکاران لە 600000کەس لەساڵی 1967 بە 1/5میلیون کەس لە 1977گەیی. ژمارەی

نافەرمی لەمە زۆر زێدەتر بوو. خولاسە تەنیا 40لە سەت لەو بێکارانەی کە لە بازاری کار ئاوارە دەبوون کاریان دەدۆزیەوە. ئەم دەستەیە لە داواکارانی واردبوون بە زانستگا-ش کە سەرکەوتوو بوون و خیرا ئاگاداری چلۆنایەتی نا لەباری فیرکردن بوون کە بینی بوویان، و لەبەرئەمە لەبەرانبەر ئیدو ئۆلۆژی(خەیاڵی بێ کردەوە)کە بەوان پیشکیش دەکرا،ئیکجار حەساسییەتیان نیشاندەدا. ئەو دەستە لەو کوردانەی کە بەگروپەکانی چەپ لکان پەیوەندی ڕووگەی مەزەبیان نەبوو. بە بە بۆچوونی ئەوان ناسیونالیسم جیا لە دین جیگای بۆ پاشملە باسکردنی نێوان سوننەو عەلەوی(ئەوانەی باوەڕیان بەعەلی لە محەمەد پترە)نەبوو.

بەڵام سروشتییە هەموو بە چەپ نەلکان. دەستەیەکی بەرچاو لە ئەوان چوونەپاڵ گروپەکانی ڕاستی زێدەڕۆ،(افراطی) وەکوو (ایدەآلیستەکان) (اولکوجولار)یان بە دەستەواژەیەکی دیکە(گورگەکانی شین(بوزکورتولر)بون، کە وابەستە بە حیزبی(حەڕەکەتی نەتەویەتی)ئاڵپ ئەرسەلان تورک بوو. ئەم ئیدەئالیستانە دوژمنانی خوینی کوردەکان و کوونیستەکان بوون،وبە ئاخافتنی قسەکەرانیان،باوەڕیان بە (نهاڵ ئاتسز،بوو کەدەیگوت:(کەسێک کە خوینی تورک لە دەمارەکانیدا ناگەڕێ تورک نییە! هەتا ئەگەر بەچ زوانێک جگە لە تورکی قسەنەکات.)لەحاڵێکدا کە کموونیستەکان خەڵکانێک بوون(لە نەزەر نیژادو ڕەچەڵە ڕزیو،شەڕانی،کە چەقەرەیان مەعلووم نەبوو،و تورکیش نەبوون.)گورگەکانی شینکی) مەحووکردنەوەو لە ناوبردنی دوژمنانیان لەناو وڵات بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی.

زوربەی(ڕاستە)کان، نەریتی کەمالیستی جیایی دین لە سیاسەتیان قەبوول بوو،بەڵام هەموو ئەوها نەبوون. لە 1965هەتا 1969 ناو نووسی لە قوتابخانەی مەزەبی(ئیمام-خەتیب)لە 10000بە 50000کەس گەیشت. گەلێک لە خوێنکاران لە شوین خەوتنەکانیان دەژیان کە بەتایبەت بۆ کەسانێک دورست کرابوون کەلە ناوچەکانی دوور هاتبوون، و ئەم جێگا خەوتنانە بەکۆکردنەوەی ئاگاداری کۆمەلێک لەسوننەکانیان یارمەتی کرد. ژمارەیەک لەم خوینکارانە بە(حیزبی ڕفا)یان بنکە ولکەکانی ناوچەیی وی لکان. لەماوەی ساڵەکانی دەیەی 1970 کە حەزلێکردنی(ڕاستی) و ئیسلامی وردە وردە لەیەکدی نزیک بوون(گورگەکانی شینکی)گەلێک لە ئیسلامیە کانیان بەتایبەت لەکوردستان بۆلای خۆ کیشان.

گروپەکانی ڕاست لەسێ بابەتی گرینگ لەگەڵ گروپەکانی چەپ تەوفیریان هەبوو: یەکگرتووتر بە سەروبەرتر لەگروپەکانی چەپ بوون،ولەهەمووان گرینگتر ئەمە کە دژی کموونیست و دژی کورد بوون،دەجا حکوومەت بوونی ئەوانی بۆ خۆی بەقازانج دەزانی.

هێندەی نەکێشا کە کاری(ڕاست) و(چەپ) بە ڕوو بەڕوو بوون وەرگەڕا،شەڕلەناو چواردیواری زانستگاکان بۆ شوێنەکانی دیکەی سەرهەڵگرت و کێشمەکیشمەکان ئیدولۆژیک تورکیەی تەنیەوە. ئەم دوژمنداری و کێشمەکیشمانە لەزۆربابەت خۆنواندنی غەرزو بۆغزەکانی لەمێژینەی عەشایەری وتایفەیی و مەزەبەبی بوو کە خوینکاران خۆخۆیان لەگەڵ خۆیان بۆ زانستگا هێنابوو. بەمجۆرە ئیدولۆژی (چەپ –ڕاست) ئەگەرچ لەنەفسی خۆیدا مەترسیداربوو بۆ کێشمەکیشمەکانی دیکە،وەکوو

کەرەسەی گویزتنەوە وهەروا وەکوو پەردەیەک بۆ کەلکی لێوەرگیرا: تورک دژی کورد،سوننە دژی عەلەوی، سوننە دژی بێ دینی کریکار/سەوداگەر دژی کۆچەری دیهاتی و پرۆلتری شاری. نیوان پاییز وهاوینی 1977 چوارسەت وچل و حەوت خوینکار لە ڕوو بەروو بونەوەدا کوژران. لە ساڵی 1977 دوومانگ مابوو بۆ دەنگدانی ژوئین، 70کەسی دیکە کوژران.

لەکۆتایی ساڵی 1974 ئەجویت بەدوای هەڵەیەک یانی حیسابکردنێکی گەلیک سیاسی مەجبوو بە وازهێنان بوو،و سلیمان دەمیراڵ لە حیزبی عەدالەت لە جێی وی دانیشت و(جەبهەی نەتەویەتی) پێکهێنا،کە یەکگرتوویەک بوو بریتی لە حیزبی عەدالەت و حیزبی ڕفا و حیزبی حەرەکەتی نەتەویەتی،کە بەئاشکرا لە سەر(پێویستی تورک کردنی ئەم ناوچانە بەشێکی جیانەبۆوەمللەتی تورک(یانی کوردستان)لاق دادەگرت)

لە ماوەی نێوەی دووەم دەیەی 1970 ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی چەپ لە چلۆنایەتی ڕوو بەڕووبونی دەم و دەزگاکانی حاکم لەگەڵ تەنگەژەکانیان ناهومید بوون. چەپەکانی ناتوندڕۆ دەیان بینی کە حیزبی کۆماریخوازی خەڵک لەگەڵ ئەم هەمووە کە دەستەبەری کردوەکە(بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانی ڕۆژهەلات و قەرەبۆی پاشکەوتوویەکان کە ساڵیانی ساڵ، لەسەریەک مرشتە و کەڵەکە بوو هەنگاوێکی لێهاتوانە هەلێنێت)و چالاکانە لە هەرجۆرە ئاماژەیەک بەکوردەکان دووری دەکات. لە سەریەکتر هەتا گروپەکانی توندڕۆ تورک ئەگەرچ مەسەلەی کوردیان تەسدیق دەکرد بەلام ئەویان بە شیاوی گرینگایەتی نەدەبینی و ڕیگا چارەی ئەویان بۆ ئیبقلابی سوسیالیستی حەواڵە بەگەواڵە دەکرد.

لە ئاکامدا حیزبی دە گچکەی نهێنی کورد پێکهاتن. لکی چەپی حیزبی (دێموکڕاتیکی کوردستانی تورکیە) گرێخواردوو بە دکتۆرشوانی خوالێخۆشبوو، تێکۆشانی خۆی بەردەوام کرد، ئێستاکە کوردەکانی ئەندامی پێشووی(حیزبی کرێکارانی تورکیە) لە 1974 حیزبێکی نهێنی سوسیالیستی کوردستانی تورکیەیان پێکهێنا. حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە-ش ڕۆشنبیران و ئاپورەی خەڵکی کوردی کۆ کردەوە: چینی ڕووناکبیران بە هۆی گۆڤارێکی دوو زوانەی خۆی بەناوی ڕێگای ئازادی-(ئۆزگارلوک یولو،) کە کە حەولی دەدا پەیوەندی بەمەسەلەی کوردی لەناو ڕۆشنبیرانی تورک وکورد وڕووژاو کات، هۆکاری وەخەبەرهێنانی ئاپورەی خەڵکی کورد(ڕۆژا ولات) بوو،کە گۆڤارێک بوو پەسەندی خەلک،کە حیزب بە وەسیلەی وی لە سەردەمێکی کورت کەئەم گۆڤارە دەردەچوو(1977-1978)ناوبانگ و ئاوازەیەکی زۆری هەبوو. گروپی دکتۆر شوان و حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە وەکوو گەلیک لە سازمانەکانی تورک، لە ڕیگای بنکەی دە قانوونی گەنجەکانیان کاردەکرد کە ڕووگەو ڕوخسارو داپۆشەریان بوون، وەکوو (ئەنجومەنی فەرهەنگی دێموکڕاتیک و ئینقلابی) و(ئەنجومەنی فەرهەنگی خەڵکی و ئینقلابی). ئەم دوو سازمانانە بە بڵاوکردنەوەی هزروفکرەکانی چەپ و پێناسی کوردی لە دەڤەرەکانی دێهات و شارەکان دەستیان پێکرد، و لەم مەڵبەندانە سروشتییە لەگەڵ بایەخەکانی نەریتی عەشایەری وتایفەیی و ئیسلامی تووشی گێرەشێوێنی بوون.

لە ماوەی نێوەی دووەمی دەیەی 1970 لەگەڵ هێرشی گروپەکانی ڕاست،بەتایبەت گورگەکانی شینکی،بۆ سەر چەپەکان،توندو تیژی لە شارو گوندەکان بەرز بۆوە. چاوپۆشی لە بەستێنی زانستگاکان و تەنەکەئاوای ئەستانبۆڵ و ئانکارا،ناوندی ئەم وێککەوتنانە کوردستان و ناوچەکانی

تیکەڵاو جەماوەر، وەکوو سیواس و ئەرزەڕۆم و مەڕعەش و مەلاتیە و هەروا قولایی کوردستان بوو،کە دەویدا سوننەکان و ئاغاکان لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری کە چەپەکان لاقیان بۆ ناوچە دەکراوە،خۆفیان هەبوو.

هێزەکانی ئاسایشی حکوومەتیش عەمەلیاتی خۆیان لەکوردستان دەست پیکرد،بە ڕەواڵەت بەم مەبەستە کە پیشی توندوتیژی بگرن،بەڵام بەکردەوە تیکۆشانی(ڕاستە)کانیان چاوپۆشی لێدەکرد. ئەڕتەش بەدوای (چەپە)کان هەڵدەسووڕا. لەکۆتایی ساڵی 1978 هەموو ڕۆژێ لەنیوان 20 هەتا 30کەس لە(ڕۆژهەڵات) دەکوژران. بەم لێکدانەوە ئەم بەربەرەکانیە بە ناوی بەربەرەکانی نیوان (ڕاست) و(چەپ) و یا هەتا سانایی تر ئەم بەربەرەکانیە نیوان(کورد) و(تورک) بەبێ سەرنجدان بەم هەڵچوونانە دەبێت کە لەم نیوە،بەتایبەت لە دەوروپشتی کوردستان، تێکۆشانیان هەیە. لە ئاوریلی 1978 توندوتیژی لە مەلاتیە سەری هەڵدا، لە مانگی دەسامبەر،مەڕعەش تووشی ئاڵۆزی بوو. بە پیی ڕاپۆرتەکانی فەرمی لەم ئاڵۆزی و پشێویانە 109 کەس کوژران و 175 کەس بریندار بوون و 500 خانوو دووکان وێران وخاپور بوو. ئاژاوە هەڵایسەرانی ئەم مەسەلە گورگانی شینکی، و قوربانیەکانیش پتری کوردەکانی عەلەوی و خەڵکی گەڕەکەکانی هەژارنشین بوون. ئەم جەرەیانە لە ڕاستیدا هێرشی ڕاستەکان بۆ سەرچەپەکان،تورکەکان بۆ سەرکوردەکان، و سوننەکان( وێدەچوو بۆ سەر کوردو تورک تێکەڵ)بۆ سەرعەلەویەکان بوو. خولاسە هێرشێک بوو لەلایان شارەیەکان بۆ سەر کۆچەرەکانی ئابووری،کە لە ناوچەکانی شاخاوی درسیم و شوێنەکانی دیکە عەلەوی نشین هاتبوون، و ئێستا لەکەلاواندا دەژیان،و بۆ دۆزینەوەی کار لەم شارە گەورەی تورک نشین و سوننە مەزەب و دەمارگرژ،کە لەم بابەتە وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرابوو،لەگەڵ تورکەکان کێ بەرکێیان دەکرد. بەمجۆرە قوربانیانی مەرعەش لە ڕاستیدا پێشەنگ و پێناساندنی چینی ڕووبە زێدەبووی کرێکارانی کۆچەر بوون کە لە حەسیر ئاوای ناوەندی پێشەسازی تورکیە دەژیان.

ئەجویت کەلە ژانویەی 1978 سەرلەنوێ بۆ سەردەمێکی کورت بۆ بە سەرۆک وەزیران، لە بەرامبەر کوشتاری مەڕعەش بە ڕاگەیاندنی وەزعی نائاسایی (حکوومەت نیزامی)لەتەواوی کوردستان دژکردەوەی نیشاندا،بەڵام ئەم هەنگاوە ئاڵۆزی و پشێوەی لە شوێنەکانی دیکە بەرەبەست نەکرد. لە ئاوریلی 1979 ئەڕتەش 370 چەکی لە حاشارگایەک لە شاری وان،دۆزیەوە. ئەگەرچ مەعلووم بووکە مەبەست ئەمە چەکانە ئێران بوو لەگەڵ ئەم هەموو ئەم دۆزینەوە بە شەڕەیک کەلە ئێڕاق لە گۆڕیدابوو ئیکجار خۆفی ئەڕتەشی زێدەکرد. ئەجویت لە(دنەدانی دەرەکی بە مەبەستی وەدیهێنانی بزوتنەوەیەکی جیاوازیخوازانە)قسەی هەبوو.

هەرئەو وەزیری کورد-شەرف ئەدین ئەلجی-بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند بوو(کوردەکان لە تورکیە بوونیان هەیە-ئەمن بۆخۆم کوردم.)ئەم مەسەلە تۆفانێکی لەکابینە هەڵستاند کە تەنیا لە دوایی دانیشتنێکی 71ساعەتە دامرکا. لە مانگی ژوئیە لە ماوەی نوێژی هەینی بۆمبێک لە نزیک مزگەوتێک لە(جورەم)تەقیەوە. دەنگۆ لەسەرئەمە کە ئەم کارە بێگومان کموونیستەکان کردویانە بەلەز لە شار ئاوازەی داوە. ڕۆژئاوای ئەوڕۆژیماڵەکانی عەلەویان ولایانگران حیزبی کۆماریخوازی خەڵک

تووشی(تالان) بوو،و18کەس لەم مەسەلەدا کوژران. ئێستا گەلێک لەگەڕەکەکانی هەژارنشین چ کوردەکانی سوننە و چ عەلەویەکان گروپێکیان بۆ دیفاع وبەرگری لەخۆیان پێکهێنابوو.

لە ئاکامدا لە حەوتووی هەوەڵی سپتامبەر کۆ بۆنەوەیەکی گەورەی ئیسلامی لە قۆنیە (میرات)ی جیایی دین لە سیاسەتی ئاتاتورک و بەرەو ڕۆژئاوایی بەئاشکرا خستەبەر هێرش. لە 12ی سپتامبەر بەراورد دەکراکەلە ماوەی هەشت مانگ و نیوێک کەلە ڕووداوی مەرعەش تێپەڕیبوو زیدەلە 3856کەس کوژراون. لەو ڕۆژیدا هێندێک لە ژەنەڕاڵەکان بەڕیبەری ژەنەڕاڵ اورن بۆ سێومین جار تەداخۆلیان کرد و حکوومەتی نانیزامیان هەڵپەسارد. ئەم دەستەیە لە وەی کەبۆخۆیان لێکدانەو تێکۆشانی بایەخەکانی بنچینەی میراتی ئاتاتورکیان دەزانی ئیکجار توورە بوون: یەکیەتی نەتەوەیی،تورکیسم لە سەربناخەی قەومییەت، پوپولیسم، و جیایی دین لە سیاسەت- ئەمانە ئیستا هەموویان لە شەڕ نێوان گروپەکانی (ڕاست) و(چەپ) و هەروا ناسیونالیستەکانی کورد، مارکسیستەکان و لایانگران زیندوکردنەوەی ئیسلام ئامانج هیرش قەراریان گرتبوو.

نیزامیان لە ماوەی خولی حکوومەتی ڕاستەوخۆ بۆ گەڕاندنەوەی حوکم و ئیختیداری حکوومەت ئاخرین توندوتیژیان لەکارکرد. هەتا گەڕانەوەی حکوومەت بە نانیزامیان لە ئاوریلی 1983 ئەمجۆرەی کە بەفەرمی ڕاگەیاندرا تەنیا 592 کەس کوژرابوون. بەڵام لەڕاستیدا ئەم ئامارسازیە بە قیمەتێکی گران وەدەست هات. لە ماوەی دەورانی حوکمڕانی نیزامیان بەپیی ئەم ئامارانەی کە بۆخۆیان بڵاویان کردبوونەوە 60000کەس زیندانی کرابوون. لەم دەستەیە 54لەسەت چەپی، 14لەسەت ڕاست، وتەنیا 7لەسەت کوردەکانی جیاوازیخواز بوون.

لە حاڵێکدا کە ئەم ژماریە بۆخۆی شایەت لە سەرئەم داوایە بوون کە ژەنەراڵەکان-یش وەکوو هەموو دەوڵەتەکانی تورکیە لە چەپەکانیان پترلە ڕاستەکانی توندوتیژی دەکرد،چەتوون بوو ئەوژمارەیەی کە لەبابەت کوردەکان نیشانیاندەدا قەبووڵ بکرێ. بۆ ئانکارا گرینگ ئەمە بوو کە لەلایەک کە مەترسی جیاخوازانەی کوردەکان پەسەندکات و لەلایەکی دیکە بەرفرەوانی و ڕادەی بەڕاستی وی حاشالێبکات. ئیتحادیەکانی نێو نەتەوەیی مافی بەشەر لێکدانەوەیەکی تەواو لێک جیاوازیان لەم مەسەلە هەبوو: ئەو داواکاربوو کە نیوان سپتامبەری 1980 و سپتامبەری 1982 زێدەتر لە 1000کورد زیندانی بوونە. ئەمە نیشانی دەدا کە داوینی ناڕەزایەتی کوردەکان زۆر بەرفرەوانتر لە مەیە کە ژەنەڕاڵەکان حازر بە دەم پێداهێنان بەون. لەم ڕاستیەکە 2/3ئەرتەشی تورکیە بۆ سەقامگیر کردنی ئارامی لە کوردستان نشتەجێ بوو دەم داناپچڕێ و قسەیەک ناگوترێ.

چاخێک ژەنەڕاڵەکانی حکوومەتی نانیزامیان بۆ کۆمارگەڕاندنەوە ئەم کارەیان لەگەڵ قانوون ئەساسی یەکی دەگرتەوە کە لە هەموو ئازادیەکانی کە لەبەسەردا چوونەوەی ساڵی 1971 ڕزگاریان ببوو، بەتاڵ ببوون.

ڕووگەی نەزەری قانوونی ئەساسی 1961هێندیک حیزب وبەرفرەوان کردنەوەی ئازادیەکانی مەدەنی بوو،لەحاڵێکدا کەقانوون ئەساسی ساڵی 1982 یاسای(کۆنترڵ)بوو: لەسەر دەسەڵاتی بەرپرسی قووەی

بەڕیوەبردن زێدەکرابوو،مافی هەڵوەشانی مەجلیسی بەویدا وبەوی ئیختیاردابوو لەگەڵ(پەسەندنامە) حکوومەت بکات. سیستەمی دوومەجلیسی ساڵی 1961 ی بەسیستەمی تاکەحیزبی گۆڕاند و لەڕۆڵی حیزبەکانی سیاسی کەم کردبۆوە. لەهەمووان گرینگتر ماددەی (جیهان شموول)وی یانی ماددەی 14بوو کە ئازادیەکانی مرۆڤ وسازمانەکانی بەرتەسک دەکرد و تێکۆشانی سیاسی لەسەر بناخەی (چێنایەتی) و( دەستەوگروپ) و زبان ونیژاد وڕەچەڵەی یاساخ دەکرد. ئەمە وشیارکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ ئیسلامیەکان ومارکسیستەکان و نەتەوەخوازەکان بوو.

زۆرایەتی کەڵەمەی خەڵک یانی 87(لەمانا 92لەسەت لە95لەسەتی لە کە دەنگیان دابوو)ئەم هەنگاوەیان پەسەندکرد-ئەمە دیاردەی ئاشکرای ڕیککەوتنی دەنگەکانی خەڵکی تورک لەمەسەلەی ئیختیداری نەتەوەیی و نەزم ونیزام بوو. (ئوجاق) و گەلێک لە بنکەکانی کرێکاری گاڵە دران،حیزبەکانی پێشوو هەڵوەشانەوە و حیزبەکانی نوێی کە لە دەنگدانی 1983 بەشداریان کرد لە پێکهێنان و دامەزراندنی بنکەکانی لاوان و ژنان و سازمانەکانی وابەستەی وەکوو وی، و هەروا لک وپۆپی گوندەکان و قەزاکان پێشگیریان لێکرا. جگە لە مەنە حیزبەکان(بۆ ئەوەی ئیجازەی تێکۆشانیان هەبێت)دەبوایە لانی کەم لە 34پارێزگا،لە 68پارێزگای وڵات ڕیکخراوەیان هەبوایە. ئەمانە حەول و تەقەلای ڕوون و ئاشکرابوون کە بەمەبەستی پێشگیری لە کێشمەکێشمەکانی ناوچەیی یان بەشداری(گروپەکانی ناوچەیی) لەسیاسەتدا بەکار هێنرابوو.

بەڵام دەنگدان نوامبەری 1983 ڕادەی شوێن تێکەری و دەسەڵات وحوکمی ژەنەڕاڵەکانی نیشاندا: دەنگدەرەکان بێ روانین لە حەزلێکردنی ژەنەڕاڵ اورن بەحیزبی تازە پێکهاتوو(دایکی نشتیمان) بەڕیبەری تورگوت ئۆزەل،دەنگیان دا. ئۆزەل بەپێچەوانەی ڕابردووانی خۆی(تکنوکراتییێک)بووکەلە حکوومەتی ژەنەڕاڵەکان وەکوو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئابووری وڵاتی بەڕیوەدەبرد بوو. ئەو هێندێک خەسڵەتی لە وجودیدا هەبوو کە ژەنەڕاڵەکان لە وانیان خۆف دەکرد: ئەو ئاقیدەی بە(اتاتیسبم)(کە ئەسلی ئابووری کەمالیسم بوو) نەبوو و پەیوەندیەکی نیگەران کەری لەگەڵ ڕاستی ئیسلامی هەبوو: لە دەیەی 1970 ئەو بۆخۆی بۆ سەردەمێکی کورت یەکێک لە پالاوتراوەی ناسەر کەوتووی حیزبی ڕفا بوو و لەگەڵ نەخشبەندیەکان پەیوەندی نزیکی هەبوو.

بەمجۆرە تورکیە بەڕێبەری سەرۆک وەزیران کە بڕیارگربوو ئابووری وڵات گەشە پیبدا،لە ئاوەکانی بوار بۆ نەدۆزراوەی کەنداوی بەإو مسیبەت وەرێکەوت. بەڵام ئەوەی کەمترکەسانێک چاوەڕوانیان دەکرد سەرهەڵدانی مەسەلەی کورد لە ماوەی دەیەی دوایی وەکوو گەورەترین تەنگەژە و مەسەلەی ناوەخۆی وڵات بوو.

سەرچاوەکان؛

بریتانیای کبیر.منتشرمشده:ادارة بایگانی عمومی: وزارت خارجه258/295، 1405.سرهای وزارت خارجه 371شمارەهای 24560، 27245، 31388، 45503، 52369، 67299، 72540، 130176، 153093، 163861، 523369.

منابع دەرجه دوم،منشترشده،فروزاحمد،یجربةترکیه دردموکراسی (لندن،1977)،زولکوف آیدین،(تولیدخانوارو کاپیتالیسم): مطالعەای موردی درجنوبشرق تورکیه،درکاتی وپاندلی گلاوانیس،روستای خاورمیانه: زندگی دهقانی واشکال تولید(لندن،1990) اسماعیل بشیکچی،کردستان مستعمرەای دردرون کشور(متن استنسیل شده،انجمن کردهای استرالیا،1991)محەمەدعەلی بیرانوند،کەدتای ژنرالها درتورکیه(لندن، 1987)بوز ارسلان،بین امّه وناسیونالیسم،عاشیەنوید چاگلر،گرگان خاکستری درمقام یک استعماره) درچاپ اندروفینکل و نکهت سیرمان، کشورترکیه، جامعةترکیه،(لندن،1990) مایکل گونتر،کوردها درترکیه: دوراهی سیاسی (باولدر،سامفرانسیکوو آکسفورد، 1990) ویلیام هیل،توسعة سیاسی و اقتصادی ترکیة جدید(لندن، ونیورک 1981) دفتراطلاعات ترکیه،کتاب سیاەارتش،دموکراسی درترکیه(بروکسل 1986) مجید جعفر،زیرتوسعه نیافتگی: مطاڵعەای موردی و منطقەای درکردستان ترکیه هلسینکی،1976) کەمال لارپات،سیاستهای ترکیه؛ گذر بەنظام چند حزبی(پرینستن 1959)،کنداڵ،(کردستان درترکیه)درک کنیان،کردها وکردستان، بەشریف ماروین،(جوانان وخشونت درترکیه)آرشیو خامعەشناسی اروپاجلد 19-1978 و فرهنگ ودین: بەسوی سال 2000)(متن استنسیل شده،ژوئن 1987) دین وتحول اجتماعی و(طریقت نقشبندی درتاریخ ترکیه)چاپ ریچارد تاپر،اسلام درترکیه جدید(لندن،1991)، کریستیان مور،کردهای امروز،رابرتاولسن: (الفتح، درترکیه): تأثیر آن برکودتای 12مارس) مجلة مطالعات خاورمیانه،شماره9، 1973)لوسیل پوسز،بحران سیاسی ترکیه( نیویورک1984) سوسیالیزم و توپلومسال مجدد لرانسیکلوپدیسی(استانبول 990)عصمت شریف وانلی،بررسی مائل ملّی درترکیه(رم،1971) والتر وایکر،انقلاب ترکیه، 1960 – 61نوریالمان(دربارة منازعات ملی درشرق ترکیه) درچاپ جی. ال.تیکو،اسلام وتناقضات فرهنگی آن(آن آبر،1977) و( رفرم اسلام وسنت عرفانی درشرق ترکیه) آرشیو جامعەشناسی اروپا،جلد 10- 1969.

روزنامەها ایکی بینه دو گرو،فاینشل تایمز،گاردین،دیلی تلگراف،اینترنشنل هرالد تریبیون،نیویورک تایمز،سرویس خارجی آبزرور.

بیرنامەکان:

1-پێشقەدەم(ناسیونالیسمـی نوێ)لە 1946 بەم لاوە یەکێک لە (شاگردەکان)ی زیاءگوکالپ، بەناوی حەمدڵڵا سۆفی بانرری اووربوو کە لەسەرپیناسی ئیسلامی وعوسمانی ترکیەپێی دادەگرت.

2-فۆزی پڕینج ئۆغلو(پرینچی زادە)هێندە سەرکەوتوو نەبوو کەلە کابینەی فەتحی اوکیار لە 1924 بەوەزارەتی کاری کۆمەڵاتی دابنرێ. کێشمە کێشم نێوان دوو بنەماڵە هەتا ساڵەکانی دەیەی 1930 کێشا،هەرچەند جەمیل زادەکان مەجبوور بە نشتەجێ لە سووریيە بوون. ایکی بینە دووگروپ، جلدی

4، ژماره 19 ڕێکەوت 20ی مەی 1990. 3-گرینگتریان بریتی بوون لە دکتۆر یوسف ئازیز ئۆغلو کە دوایەکاندا بوو بەوەزیر. مستەفا اکینجی(لیجە)،ادیب آلتون کار(دیاربەکر)محەمەد تۆفیق بوجاک(سیوەرک) ونژاد جمیل ئۆغلۆ(دیاربەکر) بڕواننە ایکی بینە دووگرو،جلد 4 ژمارە 19-20ی مەی 1990. 4-ئینان)لە شەمەندەفەرێکی تایبەتی هەڵگری جانەوەری وەحشی لەجەرەیانی دوورخراوەیی لەدایک بوو. ئەو لەبنەماڵەیەکی ئائینی و خاوەن ملّک بوو. دواییەکان لە حیزبی عەدالەت بەنوێنەری مەجلیس هەلبژێردرا. ئەو سەناتۆری بتلیس بوو، وهەتا لەڕیبەری حیزب لە 1978 لە ڕەقیبەکانی گرینگی دەکیراڵ بوو، بەڵام کورد بوونی بەزەرەری تەواوبوو،هەروا هێنانی ژنی سویسی. لەدەیەی 1980 بۆ پاڵ حیزبی دایکی نیشتمان ڕۆیی،هەروا بوو بە وەزیری بەرپسیاری بەڕیوەبردنی بەرنامەی پەرەپێدانی باکووری ڕۆژهەڵات، ولەدوای مردنی ئۆزەل بۆ وەدەست هێنانی مقامی سەرکۆماری ناسەرکەوتووانە لەگەڵ دەمیراڵی ڕەقابەت کرد. 5-کرتل دوایی بوو بە بەرپرسی مەجلیسی کەبیر. 6-جەمهوریەت 23ی ژوئین 1955 بەنەقل لەئەحمەد، لەتجرەبەی ترکیە، لاپەڕەی 124.
7-لەم دەستەیە عەلیڕەزا کوڕی شێخ سەعید، و نەوەکەی وی(شێخ سەعید) بەناوی مەلێکی فەڕات بوو، زین ئەلعابیدین گیدلی، برای کامڕان ئینان،کینیاش کرتل،وچەند کەس لەبنەماڵەی بوجاک. 8-گاردین،12ی مارس 1973. 9-مەجید جەعفەر،زیرتوسعەنیافتگی(هلستنکی 1976) لاپەڕەی 88. 10-بڕوانن وەزارەتی دەرەوە 371/ 52369 ئیدارەی لێکۆڵینینەوەکان، (کوردەکانی تورکیە) 5ی مەی 1946 کە دەیگوت لەوجێگاکە ڕەقەمی فەڕمی ترکیە ژمارەی کوردەکانی کەمتر لە ڕاستی نیشان دەدا ناکۆکی مەوچودی کە رووبەزێدەیی بووزیاترلەمە بووکە لەلیستەنێشان دراوکە هەڵدەکرا.
11-وەزارەتی دەرەوە 371/ 130176-1.دی.پارسومز(ڕاپۆرت سیاحەت لەباکوری ڕۆژهەڵاتی تورکیە،29ی سپتامبەر- 19ی ئۆکتۆبەر.) 12-ایکی بینەدوگرو،جلد 4،ژمارە 20،19ی مەی 1990. 13-ئارسیم آرن،نوینەری نیکدە،سوسیالیزم و توپلومسال، لاپەڕە 2111،
14-یللری یورت زێدەترلە18مانگ دەوامی کرد. لەسپتامبەر1961 لەدوای ئیعترازاتیک کە لە چەپەمەنیەکان دژی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەک شێعری نەتەویەتی وەسیلەی مووسائانتر کرا گالەدرا. ناوی کۆمەلەشێعرەکە(کیمیل)بوو. 15-وەزیری دەرەوەی فتین روشتو زورلو،بەڕەوالەت بەوانی هوشداردا کە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی نە نسل کوژی ئەرمەنیەکان و نە تاڵانی ناوچەکانی یۆنانی لە 1956 لەبیر نەچووە، سوسیالیزم و توپلومسالملاپورە 2111، 16-جەمهوریت 31ی مەی بە نقل لەسوسیالیسم وتوپلومسال مجادلەلرآمسیکلوپدیسی( ئەستانبۆڵ 19909 لاپەڕە 2110.
17-بەنەقل لەعیسمەت شەریف وانلی لەمەسەلەی نەتەویەتی لەتورکیە،لاپەڕەی 41.
18-هەتا 1970حەفتا قوتابخانە لەمجۆرە دورست کرابوو،کە 60دەزگای وی لە کوردستان و ئەوانی دیکە لەو دەڤەرانە بوون کە جەماوەری کوردی دەرەوەی کوردستان دەواندا دەژیان.
19-شەریف فەڕات،لە قەبیلەی عەلەوی مەزەب هرمک،لەکەماڵیستەکانی پڕمەترسی بوو.وان بروئین سن، ئاغا،شێخ و دەوڵەت،لاپەڕەی 300، 20-کوردستان بە زبانی ڕەقەم وئامار،بەنەقڵ لەدرک کینان،کوردەکان و کوردستان(آکسفورد،1964)لاپەڕەی 23. 21-دیاریکردنی ڕاست ودرۆی ئەم ڕەقەمانە ئیکانی قەبووڵی نیە،چونکە زوربەی ناوچەکانی ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات هەتا 1966بەشێکی ناوچەکانی یاساخ کراوبوون و لاق دەواننان بێ لەدەست دابوونی

بەرگی ئیجازەنامەی تایبەت بۆ دەرەکی یاساخ بوو.
22،-بۆ نموونە،(ڕێگای نویێ) سردەبیری دوگان کلیلیج شیخ حسنانلی،گنل یایین،حەسەن کیلچکایا،یازی ایاشلری،(ڕێگای ڕاست)زیاءشەرافخان ئۆغلۆ ودەنگی سیلوان.
23- سەسیالێزم وتۆپلومسالْ،لاپەڕەی 2126. 24-لە 1962 پێکهات.
25-حیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیە)جێگایەکی گرینگی لە خەباتی کوردەکانی تورکیە نەبوو،لەگەڵ ئەم هەمووە جێگایی خۆیەتی کورتەیەک لە ڕابردوی وی نیشان بدریێ. فایق بوجاک ئەم حیزبەی لەدەسامبەری 1965 بنیات ناو پێکهێنا. ئەم حیزبە بەئاشکرا چاوازیخواز بوو. هێزەکانی ئاشایشی ئاگاداری بوونی وی بوون بوجاک لەژوئیەی 1966بەدەستی پۆلیس کوژرا. سەعیدالجی جێ نشینی وی بوو،کە ناسینالیستەکی محافیزەکاربوو پیشتر لە شاری لەدایک بوونی یانی بینگۆل،یەکێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات بوو. ئەو بە ماوەی دووسال لایانگرانی بۆ حیزب لە سیلوان و دیاربەکرو باتمان وسیورک ئامادەکرد. بەڵام لە 1968گیرا. لەزیندان لەگەڵ سەعید کرمزی توپراک کەلە کوردەکانی چەپی درسیم بوو دۆستایەتی پەیداکرد. کرمزی توپراک لەدوای ئازادی لەزیندان لە 1969 بۆ پشتیوانی لە پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێراق ڕۆیی. نازناوی دکتورشوان بوو. لەدوای ئاگربڕی مارسی 1970 حیزبی دێموکرات و بەعس، بنکەی چەپی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە زاخۆ پێکهێنا. الجی و شوان ئێستا دوو باڵی دژی حیزب بوون. کاتێک الجی لەمەی 1971 وارد کوردستانی ئیراق بوو شوان ئەوی گرت وئیعدام کرد. شوانیش بەنۆرەی خۆی بەعەمری مەلامستەفا بارزانی کوژرا. ئەم جەرەیانە بەتەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیەی کۆتایی هێنا. ولکی شوان بەناوی حیزبی پێشکەوتووی کرێکارانی کوردستان(پ ک ک)لەسەراهاتە ئولکە.

26-وەزارەتی دەروە371/قاقەزی ڕێکەوت 14ی دەسامبەر1962 بەرۆز ۆ هیوم ئانکارا.
27-اتوکن،ژمارەی 40 ی ئاوریلی 1967، بەنەقل لەوانلی لە لایانەکانی نەتەوەیی لاپەرەکانی 43-44 و سوسیالیزم وتوپلومسال،لاپەڕەی 2129. 28-ملی یول،ژمارە14و 20 ئاوریل 1967 بەنەقل لەسوسیالیزم وتوپلومسال، لاپەڕەی 2129. -29
کندال.(کوردستانی تورکیە)لاپەڕەی 97. 30-اُفشیل گازت(گۆڤاری فەرمی)ژمارە 12377 ڕیکەوت 14ی فۆریەی 1967.
31-یلمان،(گۆڕانکاری(رفرم) ئیسلامی وسونەتی عەڕفانی)لاپەڕەی 59. 32-دوریمجی دوگوکولتور اجاق لری. ئۆجاقەکانی ئەسلی لەدیاربەکر،ئۆرگانی (ڕغنە)سیلوان،کوزلوک، و باتمان بوون. 33-نقل بەمانا لە دوریم، ژمارەی 36، 23ژوئن 1970،بەنەقڵ لەسوسیالیزم وتوپلومسال لاپەرە 2131. -34
کنداڵ(کوردستانی تورکیە) لاپەرەی 93. 35-لە شوێنەواری نهال آتسز،بەنەقل لە عایشەنویە جاگلر لە(گورگەکانی شینکی وەکووبەکرێکرتن(استعارە)لەنوسینی اندرو فینکل ونکهت سیرمان بەناوی ولاتی تورکیە،کۆمەڵگای تورکیە(لندن ونیورک،1990) لاپەرەکانی 89، 93. 36-ئەو بەهۆی تەداخۆلی نیزامی لە(قبرێس)هەروەک لایانێکی وەدەست هێنا کە بڕیاری گرت کابینەی یەکگرتوو هەڵوەشێنیتەوە وبۆ پشتیوانی زۆرترڕووی لەخەڵک کرد. بەڵام بێ پەسەندکردنی مەجلیس،قانوون ئەساسی دەنگدانی زووتر لەکاتی خۆی ئیجازەنەدەدا، وزوربەی نوێنەرانی مەجلیس کە وابەستە بەحیزبەکانی دیکە بوون هاتنە سەر ئەمە کە ئەم بڕیاری تێکبشکین. ئەو مەجبوور بەوازهێنان بوو.

37-کندال،(کوردستانی تورکیه)لاپەرەی 96. 38-آک گونلر(ڕۆژەکانی خۆش)داخۆیانی کۆماریخوازانی خەڵک،بەنەقل لەکندال(کوردستانی تورکیه) لاپەرەی 95.
39-ئەم حیزبە لە 1977 ناوی خۆی بە حیزبی کرێکارانی کوردستان گۆڕی. لەدوایی ئەمەی کە(آپۆخوازەکان)ئەم ناوەیان هەڵبژارد حیزبی کرێکارانی کوردستان، لەناوی حیزب بێروڕای گۆڕی وئەوی بەحیزبی پێشەنگی کریکارانی کوردستان یان(پارتیاپێشەنگی کرێکارانی کوردستان(پ ک ک) گۆڕی،مور، کوردەکانی ئەمڕۆ،لاپەرەی 193. 40-ئەنجومەنی فەرهەنگی دێموکڕاتیک و ئیقلابی (دوریجی دێموکڕاتیک کولکتور درنگی) وئەنجومەنی فەرهەنگی ئیقلابی خەلک(دوریجی هلک کولتور ورنگی) مور، کوردەکانی ئەمڕۆ،لاپەڕەکانی 182-194.
41-شارداری مەلاتیە و بووکەکەی ولەگەڵ دوومندالّی بە بۆمبەی کە لەبەستەدا بە پۆست دابۆیان ناردبوو کوژران. کوردەکان بەشار وەربوون بە بناکانی حکوومەتیان هێرش برد. ڕاستە بەوان لکان وچەپەکان مەقەڕی حیزبی کۆماریخوازی خە ڵکی یان هێرش کردەسەر. لەم ڕوداوەدا 9کەس کوژران و500خانوو وێران بوون. هەڵچونەکانی نێوان کوردو تورک، ڕاست وچەپ و شێعەو سوننە هەموو لەم ڕووداوانەدا ڕۆڵیان گێڕا. 42-ئەم داوایە هەتا ڕادەیەک دورست بوو،چونکە کوردەکان لەئۆردۆگای ئەلفەتح و ئاسالا دەورەیان دەدیت. 43-ایلجی دوایی بەهۆی ئەم دەم پێداهێنانەی کە بەکورد بوونی خۆی کردبوو بە دووساڵ وچوار مانگ زیندان بەکار مەحکووم کرا. 44-بەنەقل لەپۆستر،گۆڕانکاری سیاسی تورکیە،لاپەڕەی 98.
45-برای تورگوت ئۆزەل ناسراو بە کورکوت لە مریدانی ناوبەدەری شێخ محەمەد زاهد کوتکو نەخشبەندی بووکە لە 1980 مرد. دوورنیە کەئەم مەسەلە لە وەدەست هێنانی دەنگەکان کوردستان کارتێکەر بووبێت.

پاژی 19،

**پ. ک. ک. و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی**

لە ساڵی 1983 بۆچوونی گشتی لە سەرئەمە کۆ ببۆوە کە بەربەرەکانی و خۆڕاگری و ئیعتراز تێک شکاندراوە،ژمارەی کوژراوەکانی سیاسی لە 1981 بە 456 و لە ساڵی دوای وی بە 124 کەم ببوو. بەڵام ئەمە ئارامیەکی بەفریو بردوو بوو. لە ئەوتی 1984 حیزبێک بە ناوی(حیزبی کرێکارانی کوردستانی تورکیە) کە هەتا ئێستا بەگشتی نەناسراو مابۆوە،لە کوردستان دژی هێزەکانی نیزامی تورکیە دەستی بە زنجیرە عەمەلیاتێکی نیزامی و بۆسەدانان کرد. لە ماوەی دەیەی دوایی تیکۆشانەکانی ئەم حیزبە، بوو بە هۆی کوژرانی نزیکەی 12000،کەس، و نیشانەیەکی لەمە کە لاوزببێت نیشان نەدا. لەم نیوەدا حکوومەتی تورکیە کە لەماوەیەکی کورت نیشانەگەڵیکی دەردەبڕی کە حیکایەتیان لەمە دەکردکەلە بیرو بۆچوونی دایە پێناسی کوردی لە ماوی ساڵەکانی 93-1990فەرمی لە ناوەخۆی کۆمارسەقامگیربکات، بە هەڵویستی (ئانکارا) کە بەڕەواڵەت ئیدی ڕزگاری لە وی نەبوو گەڕاوە.

سەرهەڵدانی پ.ک.ک. کارێکی ئارام و کپ و بێدەنگ و دوور لە هەراوهوریا بوو. ئەم مەسەلە تەنیا لە هزروفکری کەسیک،یانی عەولا ئۆجەلان کە بەگشتی بەنازناوی(ئاپۆ)ناسراوە، ئاکامی وەرگرت. ئۆجەلان لە کودتای 1970 لە ئانکارا خوینکاربوو، و لە فدراسیونی لاوانی ئینقلابی و گروپێکی چەپی دیکە بەناوی(ئەنجومەنی فیرکردنی بڵیندی ئانکارا)تیکۆشانی هەبوو. ئەو لە دوستی خۆی ماهیر جایان،(مام)کەلە ڕێبەرانی چەپی سەرەتای دەیەی 1970 بوو، ئیلهام وەرگرت. دەڤەری لەدایک بوونی وی حلوان-سیوەرک بوو،ئەویش وەکوو زوربە لە کوردەکانی دانیشتووی شار بەزوانی تورکی دەئاخافت. لەدوای عافووی ساڵی 1974 ئۆجەلان بۆ بنیات نان و پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز تەواو کوردی لەسەربنچینەی مارکسیسم-لێنینیسم، شەش کەس لە هاڤاڵانی پێکەوە کۆکردەوە. ئەم گروپە هاتنە سەرئەم بڕیارە کە هەموو پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ گروپەکانی چەپی تورکیە بپسێنن. لە 1975ئۆجەلان و هاڤاڵانی لەناو تورکیە بۆ قەراخ کوردستان هاتن،و تەواوی تێکۆشانی خۆیان بۆ  ئالیکاری لە ناوچەکانی کەلێی لە دایک بوونە تەرخان کرد: ئۆرفە،ئەلازنگ،تونجلی، گازی ئانتپ، مەرعەش.

لە سەرەتا ئەم گروپە گچکەیە، کە بە یارمەتی لە پارێزگاکانی کوردستان دەستی پێکرد ناسراو بە (لایانگرانی ئاپۆ) بوو.  ئەم لایانگران و جامینخوازانی ئاپۆ،لەگەڵ گروپەکانی دیکەی کوردی تورکیە لە شوینەکانی دیکە لەم بارەوە تەوفیریان هەبوو کەلایانگرانی خۆیان بەتەواوی لە ناو چینی کرێکار (پرولتاریا)ی ڕوو بە پێشکەوتوو وەردەگرت. بوونی ئەم لاوانە پڕاوپڕ و دارماڵ لە تووڕەیی  و بێزاری سەبارەت بە چەوسانەوە لە چینی کرێکارانی دێهاتی و شاری لەلایان ئاغاوەت و سەوداگەران و سازمانەکانی حاکم بوو. هەوادارانی ئاپۆ،تەقریبەن زێدەتر لە ئیتحادییەی یەکیەتی نیشتمانی ئێراق یان کۆمەڵەی ئێران، تێکەڵاو بە هەستی نەتەوەیی و هزری شەڕی چینایەتی بوو.

وێدەچوو ناسیونالیسمی،پ.ک.ک.لەم ڕووەوە توندو تیژترو جەنگاورتر بوو کە بناخە دانەرانی خەریک بوون پێناسێکی کە لە دەستیان دابوو سەرلەنوێ وەدەستی بێننەوە،و لەم بارەوە تەنیا نەبوون. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گروپەکانی قەومی و مەزەبی کە هەستیان بەمە دەکرد بەهۆی (پێشکەوتووخوازی) یان تێکۆشانی حکوومەت بۆ یەکدەست کردنی وڵات پێناسی خۆیان لە دەست داوە،حەولیان دەدا ئەم پیناسەی لە ڕێگای هوشیاری کە ڕابردوەکی خیالاوی بە مێشکی دا دەگەڕاندەوە،سەرلەنوێ بدۆزنەوە. بۆ پ.ک.ک.توندی و تاڵی هەستی نەتەوەیی ئەم عەمرە قایشی لێدەکێشا کە بنیات نەرانی لەگەڵ یەکدی بەزوانی تورکی قسەیان دەکرد!

لە 1977(لایانگرانی ئاپۆ)ئەم دەستەیان بەدوژمنانی کورد دەزانین: فاشیستەکان(گروپەکانی گورگانی شینکی) دەست وپێی حکوومەتی و ئەوانەی کەلەو خۆفرۆش و چڵکاوخۆرانیان پشتیوانیان دەکرد، چەپەکانی تورکیە،کە مەسەلەی کوردیان ملکەچی ئینقلابی چەپ هێنابوو حیساب، کەقەرار

بوو کە دوارۆژدا سەرهەڵدا،و لە ئاکام، چینی ئاغاوەت خاوەن مڵکی کورد کە خەڵکیان دەچەوساندەوە.

لە کردەوە،پ.ک.ک.(کەلە 1987بەم لاوە بەم ناوە ناودیر کرا)سەرنجی خۆی لەسەرگروپەکانی ناوبردو کەڵەکە کرد. لێکدانەوەیەکی کە ڕۆژنامەی لۆمۆند لە(لیسەکان) لەپارێزگای ماردین وەدەستی داوە دەتوانێ وێنەیەک لە ڕادەی چەوساوەیی لەمێشکی خوێنەرجێ بهاوێژێ: هەربنەماڵیک چەند مریشک و جوجەڵەو ڕەنگە پێنج شەش بزنی هەبێت.(ئاغا)هەرچەند جارکە بۆ ناوچەدێ هەتا خۆی بنوێنێت و (ئەرکێکی) فەرمان بدات. ئەم ئێشە یان ئەرکە بەشی زۆری لە مەزرای پەمۆ چاندنە کە دوو سەت مێترخوارەوەترلە گوند ولەپشت دوو چۆمان(بین النهرین) هەڵکەوتووە. هەموو بێجگە لە پیرەمێردەکان یان زارۆک بەرەوئەم دەشتەدەچن و ڕۆژانە 11ساعات کاردەکەن حەقدەستی کاری ڕۆژانە بەمجۆرەیە: مێرمنداڵیک دۆلارێک، ژن دۆلارونیو، پیاو دوو دۆلار. گوندەییەکان دەیانگوت: مەرگ ومیر لەناو منداڵان سی لە سەتە. ئەم جەرەیانە پەیوەندی بە ساڵی 1983 هەیە.

پ.ک.ک.لە جیاتی ئەمە کە بەگشتی چینی ئاغاوەت وەبەرهێرش بدات لەگەڵ حیسابێکی زەریف دەست بەکاربوو: لە دۆژمنانی خوێنی کەلکی وەرگرت، و لەو جێگایانەی کە دوژمنی خوینی نەبوایە بۆ وەدیهێنانی وی یارمەتیدەربوو لە سەرقەوڵی سەرچاویکی دەنگو باسی ڕۆژئاوا(بەپێشکیش کردنی ئالیکاری خۆی بەسیاسەت پێشە و بنەماڵەکانی شوێن تێکەر دەڤەر لەناوچەی ئۆرفە تووشی سیاسەتی ناوچەیی بوو.) یەکێک لە هاوکار و هاڤالانی نزیکی ئۆجەلان دوایەکان گوتی:( ئەوکات یانی ساڵی 1978) هەرچاخ یەکێک لە ئەندامی بنەماڵە، یان تیرەیەکمان بۆ لای خۆمان ڕادەکێشا،هەموو بنەماڵەکە، یان تایفەکە بۆ لای ئێمە دەهات) لایانگرانی ئاپۆ، گروپەکانی چەپیشیان،چاوپۆشی لە کورد یان تورک، هێرش دەکردەسەر و لە پارێزگای ئۆرفەیان ڕاودەنان. جامینخوازانی ئاپۆ، بەتایبەت گروپێکی قسەهەڵگر، بریتی لە مرۆڤی دە باوەر و ئاقیدە بەئاپۆ، و موخلیس بوون.

لەم خولی سەرەتایی،ئۆجەلان هەموو فکروزکری خۆی لەناوچەی لەدایک بووی بەکارهێنا،و ئاغاکان و فاشیستەکانی کردە ئامانجی سەرەکی خۆی. لەئەوتی 1979 جەنگاوەرەکانی حەولیاندا محەمەد بوجاک،مڵکداری بەهێزی ناوچە و نوێنەری حیزبی عەدالەت لە سیوەرک بکوژن،بەڵام لەم پلانە سەرکەوتوو نەبوون-ئەمە سەرەتای دەژمنایەتی وغەرزو بوغزی لەمێژینە لەگەڵ بنەماڵەی ئەم کەسینە بوو. بوجاک،20گوند و خودی سیوەرکی لەژێر حوکم و دەسەڵات و شوێن تێکەری دابوو. یەکێک لەگوندەییەکان دەیگوت:(ئەگەر لە قسەی سەرپیچی بکەێن،شەو غولامەکان دەنێرێ خەرمانەکانی ئێمەی ئاگر تێبەردەدا.)لە دوای گەیشتنی دەمیراڵ بە دەسەڵات لە 1979 سروشتی بوو کە دەوڵەتەکەی دژی ئەم گروپەی کەیەکێک لەگرینگترین (دەنگ هاوردەی) حیزبەکەی خستبوو ژێرهەڕەشە،هەنگاو بۆکردەوە هەڵبێنیت. ئەم کارە ئاکامەکی جیا لە قایش لێکێشانی هەڵچوون لە سیوەرک نەبوو، و ناوچە بە دەڤەرێک دابەشکراکەلە دەست ئەم یان ئەو بوو. وادێتەبەرچاو کە پ.ک.ک.لەگەڵ ئەم هەڵویستەی کە دژی ئاغاکانی ناپەسەندی گرتبوو خۆشەویست ببوو ورۆژ بەڕۆژ

ئەم خۆشەویستە لە زێدەیی دەدا: لەم هەڵویستە ڕووی قسەی بە زۆرایەتی لە گەڵ نەسلی نوێ بوو کەلە نۆکەرسیفەتی وکلک ڕاوەشاندن ئیکجار بێزار بوو.

لە دوای کۆدتای 1980،هەزارو حەوت سەتوو نەوەد کەس کە شک وگومانیان لێدەکرا کە ئەندامانی پ.ک.ک. بن،زیندانی کران-ژمارەی ئەم گروپە زێدەترلە گیراوەکانی هەریەک لەگروپەکانی دیکەی کورد بوو. لە ناو ئەم دەستەیە چەندکەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پ.ک.ک. دەدیترا. ڕێبەرانی گرینگی پ.ک.ک. لە سنوور ئاوا بوون و بۆ سوورییە ڕۆیشتن، و لە وێ بە پەسەندکردنی فەرمی ئامادەی گەڕانەوە بۆ ئولکەی بەربەرەکانی و خەبات بوون.

لە ماوەی دەورانی حکوومەت نیزامی ساڵەکانی 1980- 1983 پ.ک.ک. لە بۆسە دانیشت،تەنیا بە چەند عەمەلیات جارناجار وکوژتنی چەند سەرباز بەسی کرد. لەیەکەمین کۆنگرەکەی لە 1981 لە ڕوو بەڕوو بوونی لەگەڵ گروپەکانی کورد،بۆ نمونە،گروپی ک.یو.ک مەیلەوشووڕەوی، بۆی بەداخ بوو. لە نێوەدا هاتە سەرئەم بیروڕایە کە بەمەبەستی پێکهێنانی بنکە و پایەگاکانی جیگا متمانە لە باشووری ئێراق، لە وێ کە پەڕینەوە لە تخووب،زۆر سانایی تر لە ئاوا بوون لە کەوشەنی تورکیە یان سوورییە بوو، لەگەڵ کوردەکانی ئێراق پەیوەندی بەرقەراربکات. ئەم عەمرە بەپێچەوانەی کۆنەپارێزی و(تەسلیم خوازی)حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراق کەنەک خوازیاری سەربەخۆیی، بەڵکوو خوازیاری خودموختاری بوو پێویستی بە وەدەست هینان بە ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبی ناوبراو بوو. لەمانگی مەی 1986 هێزەکانی تورکیە بە تۆڵەی ئەو هێرشانەی کەلە ناوچەکانی سنوور ڕوویدابوو،هەنگاوی بۆ هێرشێکی گەورە بۆ باشووری ئێراق کرد، بەڵام قورسترین تەلەفیات هی کوردەکانی ئێراق بوو. لەوکاتی دا کە بەنەزەر دەگەیی ئانکارا و بەغدا دژی کوردەکان یەکگرتوو بوونە،بارزانی لە ئیمزای قەولنامەیەک لەگەڵ پ.ک.ک. لە مانگی ژوئیە،بێ شک وگومان بەوی ئیجازەدا لە خاکی کوردستان کەلک وەرگرێ- تەنیا بەم مەرجە کە هیچ کام لەم دوو حیزبە زەرەرێک لێکتری نەدەن و مزەڕەت پێک نەگەێنن. ئێستا باشووری ئێراق و ناوچەکانی سنووری کوردستانی تورکیە و تخووبی سوورییە و ئێران بە ئۆلکەی تێکۆشان و خەباتی پ.ک.ک. گۆڕدران. لە هەڵبژاردنی کات،شانس بە پ.ک.ک. بوو،چونکە لەجەنگەیەکدا بوو کەکوردەکان، ئێران و ئێراقیان بە کێ بەکێ بانگەواز دەکرد و تورکیە بەڕاشکاوی و ئاشکرا لایانی تارانی و بەغدای دەگرت.

پ.ک.ک. بۆ گەڕانەوە بۆ تورکیە ئامادە بوو. لە دوومین کۆنگرەی خۆی لە 1982 ستراتێژیەکی سی خۆلی گەلاڵەکرد:بەرگری، هەڵسەنگان، پەلامار. هیواداربوو بە بدواداچوونی ئەم مەسەلە کەلەگەڵ شەڕەکانی چریکی دەستی پێدەکرد و بەشەڕی ئاسایی دوایی دەهات،بتوانێ هێزەکانی تورکیەیی لەکوردستان دەرپەڕینێت و ڕاوبنێت. گەلاڵەیەکی ئەوها، لەوانەیە خاوو نەگەیوو بەنەزەربگات،بەڵام پ.ک.ک.خولی ئەولی وی ئەوها بە لێزانین و پسپۆری بەڕێوەبرد کە حکوومەتی بەپێچەوانەی ئەوهێزە زۆرانەی کە لەکوردستان هەیبوو مەجبوور بەهەڵویستی بەرگری لەخۆی کرد. شێوەی کارەکەی لەم خولە، دوورەپەرێز لە شەرو پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی دوڵەتی و نیشاندانی بەرتەسکی حوکم و شوێن تێکەری حکوومەت بوو.

ئەم بزوتنەوەی زیرەک وچالاکانە، و هاوهەنگاو لەگەڵ هەست و ئیحساس و ئەحواڵیک بوو کە لە سەرمەڵبەندەکانی دیهاتی دەسەڵات بەسەرداشکابوو: ساڵهای ساڵ بوو کە خەڵک،ڕۆژ بە ڕۆژ لەو ئاغایانەی کە بەسەر زوربە لەکارەکانیان و ژیانی دیهاتی دەسەڵاتداربوون، بیزاری و ناڕەزایەتی زۆرتری وەدەست دەهێنا. ئەم گروپە هەروا وەکوو بەڕیوانچی، واسیتە نێوان ناوچە و حکوومەت کاریان دەکرد. ئەم سیستەمەی کە دێموکراتەکان و حیزبی عەداڵەت چالاکانە پەروردەی کردبوون ئێستا لە سەروژێری لەناوچوون بوو. لەگەڵ ئەم هەمووە، چینی بەرتەنگ فکرو دەمارگرژی ئاغاوەت، هێشتا ئیکجار بەهیزو قودرەت و دەسەڵات بوو،کەمترلە سێ لە سەتی خەلکی دێهاتی،کە تەقریبەن هەموو خاوەنی ملّکی غایب لە دی بوون،33لە سەتی هەموو زەوەیەکانیان لە ئیختیاردابوو. لە پاریزگای حەکاری،بوونی ئەو خاوەن ملّکانەی کە سێ لەسەتی تەواوی دەنگەکانی پارێزگایان لە ئێختیاردابێت شتێکی نائاسایی نەبوو. لە دەنگدانی 1983 یەکێک لە خاوەن ملّکەکانی بە 500کەس لە رەعیەتەکانی فەرماندا کە بە حیزبی(دایکی نێشتمان)دەنگ بدەن، و بەو شوێن تێکردنانە توانی نزیکەی 5000دەنگی دیکە، یانی 9-لە سەتی تەواوی دەنگەکانی پارێزگا بۆ حیزب کۆکاتەوە. هەروەک خۆدی ئەم کەسینە دەیگوت: تەنیا 11کەس بەپیچەوانە نەزەری وی دەنگیان دا،چونکە ڕەنجبەران دەیانزانی،ئەوانەی کە هەڵدەبژێردرین قازانجی ناوچەی لەبەرچاو دەگرن: دورست کردنی ڕێگاکان، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان وهتد...

وەرزێر، ڕۆژ بە ڕۆژ ناڕازی دەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە دەترسان کەلەگەڵ ئاغا بکەونە بەریەک، بۆ نموونە،لە 1979 گروپێکی نەتەویەتی بەناوی(ئالای رزگاری) لە دەڤەری ژێر دەسەڵات و شوین تێکەری بوجاک،لەسیوەرک تێکۆشانی هەبوو. ئەم گروپە لە ئاکامدا توانی، لەگوندێک دەنگی ناڕازیبوونی بەکۆمەڵ وەرێبخات. ڕۆژێک،لە هاوین چەند سەت گوندەیی لە ملّکەکانی (ئاغا) دەستیان بەخۆ پیشاندان کرد. لەم چاخە دا،مرسدس بنزیک لە بەردەم خۆپێشاندەرەکان تورمزی لێدا،ئاغا لە ماشین دابەزی و پرسیاری کرد:(ڕیبەرانتان لەکوێن؟) چەنەکەس لە گوندەییەکان یەواش یەواش بەرەوپێش هاتن. بوجاکی فئوداڵ بە ئەنگوست بەیەکێک لە ماڵەنانی ئاماژەکرد وگوتی:(بۆچ لەم ماڵە بۆ نوسینگەی کارەکەتان کەلک وەرناگرن؟ سەلاجەو میزو کورسی لێدادەنێین لە وێ لەدەورەی یەکتری کۆ دەبنەوە، و دەستان و ئاوی فێنک ڕادەگات. خۆپێشاندان لە وێ بەڕیوەبەرەن،ئیدی پێویست ناکات کە بەخۆ پیشاندان ڕێ بەندان پێکبێنن-ئەویش لە ڕۆژێکی ئەوها گەرم لە بەر ئەم سوورەتاوە. لە وێ لەدەورەی یەکتر کۆببنەوە، ئەگەر شتێکی دیکەتان پیویست بێت ئاگادارم بکەن) ئەمەی گوت و ڕۆیی. خۆپێشاندەران سەبر سەبر،سەریان بەرداوە، وەکوو هەمێشە ئەم فەرمانەیان بەڕیوەبرد.

پ.ک.ک. بە کوشتنی خاوەن ملّکەکان،ئەم جەرەیانەی بەیەکچەلی و تەواوی گۆڕی، و بەمجۆرە نیشانیدا کەبۆ خەریک بوون بە دووژمنانی چینایەتی ڕێگای دیکەش هەیە، لاوازی و بێهێزی حکوومەتی لە داکۆکی کردن لە ئالیکارای خۆی بەشکلیکی زەریف نیشاندا. جگەلە مەش،بۆسەی دە دڵراکێشی بۆ هیزەکانی دەوڵەتی داناوە. لەئۆکتەبری 1984 یەکەمین هێرشی مانگی ئەوت دەست پێکرد- ئەوڵ بە کوشتنی سێ کەس لە ئەندامانی هێزیک کە بەرپسیارەتی پارایزگارد لە سەرکۆمار اورنی لە (یوشک ئاوا) وەسوکرگرتبوو، و پاشان بە بۆسە دانانەوە بۆ 8سەرباز لە (چوکورجە حەکاری.

لە 1985 دیسان لەگەڵ شەڕیکی توند کەلەسیوەرک ڕوودا ودەویدا 60 چریک وسەرباز و نانیزامی کوژران، سەرنجی خەڵکی وڵاتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هەتا ئەوتی 1985 نزیکەی 200کەس، لە 70ڕوو بەروو بوونی چەکدارانە کوژرابوون. ئەم جەرەیانە لە هەڵسەنگان لەگەڵ ئاڵۆزی پشێویەکانی کۆتایی دەیەی 1970 هێشتا شتیکی هێندە گرینگ نەبوو، و بەرپرسانی دەسەڵاتدارعەمەلیات وئیتلاعاتی ستاد گشتی ئەڕتەش دەیانتوانی داوابکەن کە جیاخوازان بەئیکجاری تێکشکاندراون. بەڵام ئەم دەسەڵاتدارانە لەسەرئەمەرا کە دەیانتوانی لەو ڕاپۆڕتانە ئەو ڕووبەڕوو بۆنەوانەی کەبە ئاگاداری گشتی دەگەیشت، داوای سەرکەوتن بکەن،دیسان کوژرانی هەرچەند جارەی خاوەن مڵکەکان و سەربازان جەنگ و جداڵیک بۆ حوکم و ئیختیداری حکوومەت بوو، کەم کەم لەنەزەر ڕەوانی لە سەر ناوچە کارتێکەری بەڕاستی دادەنا.

پ.ک.ک. بەستێنێکی لە ترس و لەرز بە وجوود هێنا. بە توندوتیژیەکی هەر چەند زۆرتر لە قەلبی(محافیزەکاران)ی کوردستان دەدا،و ئەمجۆری کە مەعلووم بوو بێ دێنی و کفرو ئینقلابی کۆمەڵایەتی مەوعیزە دەکرد و ڕادەگەیاند. لەناو خەڵکی ئاسایی سەرلێشیواوی سەیری ڕووحی و زەینی وەدیهێنابوو: زوربەی کوردەکان لە وی ترسیان هەبوو،دەستەیەک لە وی بێزار و جاڕز بوون،چونکە وەزیت و دۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەیەتی ئارامی و متمانەی وانی لە چوارچیوەیەکی چاوەنواڕی نەریتی خستبوو بەرهەڕەشە. بەڵام گروپێک بەنهێنی( هەرچەند نەهێندەش نهێنی) غێرەت وجوامیرو وچاونەترسی و بێ باکی وی پەسەند دەکرد. ئەم ئیحساساتە، یانی وەحشەت ونەفرەت وپێهەڵاگوتن- وردە وردە لەماوەی سالەکانی 1987-1988،ئەوچاخ کە پ.ک.ک.بەسەرکوتی ئەو دەستە لە گوندەیەیانی دەست پێکرد کە حکوومەت بۆ پێشگیری لە بەروەوپێشچوونی وی چەکداری کردبوو، شوێنەوارێکی بەڕاستی لەناوچە بەجێهێشت.

## گاردەکانی دێهاتی

لەو جێگایەوە کە پ.ک.ک. بە لایانگرانی ناوچەیی حکوومەت هێرش دەکرد،حکوومەت بڕیاری گرت بۆ ئەمە کە گوندییەکان بتوانن لە خۆیان بەرگری بکەن ئەوان چەکداربکات. لە ئاوریلی 1985 یاسای دێهات بە مەبەستی(ڕاگرتنی مووەقەتی گاردەکانی دێهات) بە خەرجی دەوڵەت، سەروساماندا. ئەمە چریکانی گوندی وەبیرهێنانەوەی سوارەی (حەمیدیە)بوون کە بنکەیەک بوو(جاش)کەلەڕۆژەکانی پێکهێنانی کۆمار،کەلکیان لێ وەرگیرا- جاشەکانی کە ئێراق هەتا ئەم دوایانە لەوانی کەلک وەردەگرت. یەکەمین عەشایەرێک کە بۆ دانی مرۆڤ بەحکومەت حازری خزمەت بوون هەرئەوانە بوون کە بە یەکیەتی حیزبەکانی ڕاست و ڕاستی زێدەڕۆ دەهاتنە حیساب یان ڕاستەوخۆ لەگەڵ پ.ک.ک. یان عەشایەرەکانی کەلەویان داکۆکی دەکرد شەڕوپێکدادانیان هەبوو. لە عەشایەری دەرگیرلەگەڵ پ.ک.ک.لەهەموان دەنگین وناسیاوتر تایفەی ژیرکی(پنینانیش)گویان وماموکوران بوون. لێرەش وەکوو جەرەیانی حەمیدیە دەوڵەت زۆرتر ئیلاقەمەند بەکەلک وەرگرتن لەتیرەو تایفەو وهۆزو عەشیرەی قانوون شکین بوو. لەمانە لەهەموان بەناوبانگتر ژیرکی لەحکاری بوو کە سەرکردەکەیان تاهیرئادمیان بە تۆمەتی کوشتنی شەش ژاندارم لە 1975 لەژێرشوین کفتن و فیراری بوو. ئادمیان لەگەڵ حکوومەت خەریکی مامەلە بوو بۆ چاونووساندنی خەڵک خۆی بەدادگەناساند، وپاشان

هێزێکی لە ژێرکێەکان بە ناوی گاردی دیهات(جاش) لە دەوروپشتی بیت الشباب کۆکردەوە. یەکی دیکە لەسەرۆکانی عەشایەری حکاری ئالیکاری خۆی بەمەرجی ئازاد بوونی کورەکەی لەزیندان ڕاگەیاند. جاش وەرگرتن برەوی بەست. گروپکی ئەم جاشانە لە 1990 نزیکەی 20000کەس بوو ولە 1993 بە 35000کەس گەیشت.

لە حاڵێکدا کەلە ئێراق (لەم دواییانەدا)جاشەکان زوربەی بۆ دووریکردنی لە خزمەتی سەربازی لە شەرگەی شەڕی ئیران و ئێڕاق دەچوونەپاڵ حکوومەت، لە تورکیەش هۆکاری ئەم ئیشە مەسەلەی ئابووری بوو. لە سەرئەو هەموو بێکارییە و کەم کارییە،و دەرئامەدێکی ئیکجارکەم، مام ناوەندی مووچەی مانگانەی جاشەکی دیهات دەرئامەدی سەرانەی دابین دەکرد کەچەند بەرانبەری دەرئامەدی سەرانەی ناوچەبوو. لە 1992 لە ناوچەی هەژارو بەلەنگازی کوردستان کە دەرئامەدی سەرانە هێندێک زیدەترلە 400دۆلار لە ساڵدابوو مووچەی مانگانەی چاشەکی دێهاتی نزیکەی 230 دۆلاڕ بوو. چاشەکانی دێهاتی هەموو مووچەکەیان پێنەدەگەیشت. لێرەش وەکووئیڕاق ئاغاکان پارەی کەسانیک کەلەلیستی مووچە وەرگرتندا بوو،وەردەگرت وەک عادەت بوو خەرجی تەخشان پەخشان و مێوانداری کەلەوان چاوانواردەکرا دەکرد. لە پاییزی 1992 سەعدون سیلان، سەرۆکی عەشیرەی ئالان، لە پارێزگای (وان)کە خاوەنی 26ئاوایی بوو 500چاشی کۆکرددوە،کە ئەگەرپێویست بوایە دەیتوانی بەشەش بەرانبەری ئەم ژمارەیە زێدەبکات. سەعدون بۆ ئەم 500 کەسە مانگانە 115000دۆلاری وەردەگرت.

ناوەرۆکی بۆگەن و قەرپووک وگەندەڵ ناو سیستەم،سروشتیە بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن بوو. لێرەش وەکوو ئێڕاق بازیک لە دەسەلاتداران لەگەڵ ئاغاکانی دەڤەر،دەسازن وڕیککدەکەوتن و لیستی مووچەی تەقلوب و مزەویریان سازدەکرد. ئەمە هەڵبەتە جگە لە ڕێوو شوێنی لەمێژینە وکۆن بوو کە قاچاغچی گەری و زۆر بواری تری تەژی لەقازانج بەلام ناقانوونی نیوان دەسەتداران وکارگیرانی حکوومەت و ئاغاکان لەگۆڕێبوو. دەستەیەک لە چاشەکانی دێهات بوونی خۆیان بە یارمەتی(شەڕی قولابی)شی دەکردەوە، وداوای زەرەرو زیانیان لە دەوڵەت دەکرد کەگویا وێانکەوتووە، دەرسەدەکیشیان لەم پارەیە بەناوی دەم هەڵنەبڕین بەپ.ک.ک.دەدا.

لێرەش وەکوو حەمیدیە،بازیک لە ئاغاکان لەم وەزیت و دۆخ وهەڵکەوتە کە هەیانبوو بۆ وەرگرتنی مڵک وماشی کەسانێک کە بەرچەسپیان پیوەدەنووسا کەلک وەردرگرت. دەستەیەک بە(دەلیل هێنانەوەی ئیسلام) ئاشۆڕیەکان و یەزیدیەکانیان لەنزیک ماردین لە سەرملک وزەویووزار دەردەپەڕاندن. بازێکی دیکە ئەم کردەوەیان لەگەڵ عەلەویەکانی نزیک مەڕعەش دەکرد. زوڵم لێکراوەکان دەیانزانی کە سکالا بە دادگە کەلکی نییە. ئاغاکان لەوچەکانەی کە دەوڵەت لە بەردەستی دانابوون، بۆ حیساب ڕوونکردنەوەی لەمیژینە کەلکیان وەردەگرت. بۆ نموونە،لە پاڕیزگای ماردین ژمارەیەک پێش بە مینی بۆسێک کە هەشت موسافیری تێدایە دەگرن و هەرهەشت کەسەکە، دەکوژن. هەموو پێیان وابوو ئەمە کاری پ.ک.ک.یە،هەتاکوو داوەری لێکۆڵینەوە کە مرۆڤێکی چالاک و هوشیار و ئەرکناس بوو وەڕاستی گەڕاند کە ئەوانەی ئەم جنایەتەیان کردوە (جاشەکانی دێهات) بوونە.

ئاغاکان لەم ئامووشۆو پەیوەندی لەگەڵ کارگێڕانی حکوومەت بۆ بەرەوپێش چوونی قازانج و بواری ئابووری خۆیان-بۆ وەرگرتنی پەیمانکاری خانووبەرە لەناوچە-کەلکیان وەردەگرت. تاهیرئادمیان،پەیمانکاری کۆمەڵێک بینا بۆ پۆلیس و قوتابخانەی دەستخۆشانە وەرگرت. دەجا ئەمە یەکێک بوو کە بەئاگاداری خەڵک گەیبوو. بەمجۆرە سیستەمی گاردی ئاوەدانی بەشتێکی بە منفەعەت و قازانج گۆڕدرا،و کەسانێک کە دەویدا بەشدارەو هاوبەش و شەریک بوون، هەمووجۆرە بەڵگە دیکومەندیکیان هەبوو هەتا ئەم فکرە ئەبەدی کەن کە بوونیان بۆ ئاسایشی وڵات پیویست و حاشاهەلنەگرەو دووری لێناکرێ. بەمجۆرە حکوومەتیش خۆی لە هەل و مەرجێکدا دۆزیەوە کە بە پیچەوانەی میراتی ئاتاتورکو بەپیچەوانە لەگەڵ پیویستیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی جێگا نیازو ئاتاجی ئاشتی و ئاسایشی وڵات، بەپارەی خۆی بۆ زیندوکردنەوەی شێوازی عەشیرەیی و بەرتیل و باج ئەستاندن یارمەتی ئەکرد.

ئەم دەستە لە عەشایەر کەلە بانگیشتن و بانگەوازی حکوومەت بۆ لکان بە گاردەکانی ئاوەدانی جواب جەنگیان دەکردلە تۆڵە لێکردنەوە خۆفیان دەکرد. دەستەیک لەمانە لە گوندەکانیان دەرپەڕاندران و گوندەکانیان وێران وجاپوورکران. بەڵام هێزەکانی ئاسایش (ئیستخبارات)سەرۆک عەشایەرەکی مەجبوورکرد بەمە کە بەکوشتنی براکەی لە بەرچاوی خەڵکی گوندەکە، (لە وەزیتی خۆیدا گۆڕانکاری وەدیبێنێ)! چەندین عەشیرەی بۆ دووری لە ژێر زەختنان چ لەلایان حکوومەت یان پ.ک.ک. لە ناوچە کۆچیان کرد.

### دژ کردەوەی پ.ک.ک.

هەتا 1985 دەوڵەت،پەرژینێکی لە سیمی بەدرک لە درێژایی سنوورلەگەڵ سووریيە وەدیهێنا بوو. لەگەڵ ئێراق شاخاوەیەکانی پڕ هەروازو نشیو بوو و پاردەی سیمی دەڕک لەوێ ئیمکانی نەبوو. چونکە بوونی پارێزگارد (جاشەکان)ی دێهاتی بۆ پێشگیری لە هاتنی پ.ک.ک. و چاوەدێری ڕێگاکانی تەدارەکاتی پێویست و زەروری بوو.

لە بەرئەمە پێشگیری لە وەڕاستگەڕانی ئەم مەسەلە بۆ پ.ک.ک. ئیکجار گرینگ بوو. لە سەرەتای ساڵی 1978پ.ک.ک. دژی ئەم(سیستم)دەستی بە عەمەلیاتێکی توندوتیژکرد. لە ماوەی دوو ساڵ دوایی لە پارێزگاکانی ماردین و سیرەت و حەکاری بنەماڵەی دەجاشەکان گوندەیی و ئاغاکان-بڕیتی لە ژن و پیاو و زارۆک-بەبێ وەبەرچاوگرتنی چ ڕوحم وبەزەیی لە ناوبرد. ئەم کوشت وکوشتارانە کارتێکەرێکی ئیکجارترسەنوکی هەبوو،بەڵام لەعەینی حاڵدا هۆکاری هێرش بردنەسەرگوندەکانی تەدارەکاتی پ.ک.ک.بوو،ولەماوەی ئەم عەمەلیاتەی تۆڵە ئەستێنەوە جاشەکانی دێهاتی نیشانیاندا کەلەتوندو تیژی و بێ بەزەیی چەپەکیان دەبەر پ.ک.ک.دانییە.

پ.ک.ک. توانی لاوازی ناخی (سیستەمی پارێزگاری دێهات)ئاشکرابکات: لە زوربەی شوێنەکان دەستەیەک لە ئەندامی (جاشەکانی دێ)لە پێنج شەش کەس زێدەتر نەبوو،و ئەم گروپانە چونکە تەلەفون یان ڕادیویان نەبوو بەسانایی هێرشی لە نەکاویان بۆسەردەکرا. لەئاکامدا ئەم کەرەت هێزەکانی ئاسایش دەبوایە لەو جاشانەیان داکۆکی وپشتیوانی پارێزگاری کردبوایە. لە ماوەی ساڵی 1987 ئەوهای دەنواند کە پ.ک.ک.بتوانێت ئەم نیزامەی بە تەواوی لەناو ببات، چونکە ئەژمارەی خۆبەخشان لە 20000بە 6000کەم ببووە. بەڵام حکوومەت عەشایەری زۆرتری بۆ لکان بەم نیزامە (ئیقناع)کرد. لە سپتامبەری 1989 پ.ک.ک.ناوی سێزدە عەشیرەو تیرەو هۆزی ڕاگەیاند، و هەڕەشەی لێکردن کە هێرشیان دەکاتەسەر. لە هێندێک بابەت،بنەماڵەی سەرۆک جاشەکانی لە ناو برد. لە پارێزگای (وان)کوڕەکوو دوو کوڕەمامی سەعدون سیلانی،سەرۆکی عەشیرەی ئالان-ی کوشت. بازێک لە جاشەکانی دێهات ترسیان ڕێنیشت،بەڵام تەسلیم کردنەوەی چەک بە دەوڵەت چ دەستەبەریی وگەرنتیەکی لە بەرانبەر تۆڵە ئەستاندنەوەی پ.ک.ک. نەبوو.لە هێندێک شوێن بۆ ئەوەی کە گوندەییەکان بتوانن لە بەرامبەر هێرشی 30یان زۆرتری جەنگاوەرانی پ.ک.ک. خۆ ڕاگەری دەست وەکەری بکات هەموو دانیشتوانی گوندیان چەکدار دەکرد.

پ.ک.ک. قیمەتی توندوتیژیەکەی داوە. مەسعودبارزانی هاتە سەرئەم بڕیارە هەتا ئەو ڕێککەوتنەی کەلەگەڵ وی کردبووی بەتاڵ و فەسخ بکات. ئەوگوتی: (پ.ک.ک. دەیەوێ تووڕەبوون بێزاری هەمووخەڵکی کورد وڕووژاو بکات) بەڵام تەنیا بەشێک لەم ئاخافتنە دورست بوو. شیوازو ڕەفتاروکردەوەی پ.ک.ک. هەرچ بوو خەڵک بە لەز تێگەیشتن وبینییان کە هێزەکانی ئاسایش دەستێکی کەمیان لە پ.ک.ک. نییە. ئەمانەی کەلەم کێشمەکیشمە،لەدوو لایان لەبەرسێرەی ئاگر دابوون وردە وردە ڕێگای شارەکانیان گرتەبەر.

پ.ک.ک.باجی(زێدە ڕۆیی لە کوشت وکوشتار)یش داوە. لە سەردەمێکدا کە بە نەزەر دەگەیی هەنگاوەکانی سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە تووشی هەڵەیەکی گەورەبوو: ناردراوەی تاهیرئادمیانی کە بۆ داوای لێبووردن بۆلای پ.ک.ک.ناردبوو کوشت،لە حاڵێکدا کە(ئێژەیەکان) لە ڕیزی جاشەکان (پارێزگاردی دێهات) وەدەرکەوتبوون. کردەوەیەکی ئەوها،مرۆڤی عەشیرەکەی بۆناو بازنەی(سیستەمی) چاشەتی گەڕاندەوە. کاتێک پ.ک.ک. لە ژانویەی 1991 رەفتارو شیوازی خۆ گۆڕی و عافووی ڕاگەیاند،کارلەکارترازابوو، کات سووتابوو. لەکەمایەتی دابوون ئەوکەسانەی کە بەم عافوو ڕاگەیاندراوە متمانەبکەن،و سیستەمی جاشەتی(پارێزگاری دێهات) هەروا لەژیانی خۆی بەردەوام بوو.

ڕێگایەکی دیکەی خەبات و بەربەرەکانی پ.ک.ک. دووپات کردنەوەو قایش لێکێشانی هەنگاوەکانی ئاسایشی لە درێژایی سنووربوو. لە 1985 پ.ک.ک.(جەبهەی ئازادی بەخشی خەڵکی کوردستان)ی پێکهێنا کە مەقسوود و مەبەست لەوی ئەمە بوو کە لەکوردستان بە شێوەی ناوەندی بۆ دامەزران وپێکهێنانی شەبەکەکانی تەدارەکاتی، پێگەو بنکەو شەڕی شارو کۆکردنەوەی هەواڵەکان کاربکات، و لە ئاکامدا ناوەندییەک بێت بۆ سەروساماندانی ئاپورەی(جەبهەی ئازدکردنی خەڵکی کوردستان)لەم وڵاتەی بەلەنگازو هەژارگرتوە، کە لە ژێر زوڵم و زۆری و سەرکوتی حکوومەت دابوو بە لەز گەشەی

کردو پەرەی ئەستاند، وئەم داکۆکی وپشتیوانیە زۆری خەڵک بوو، کەپ.ک.ک.ی بۆ دەزگای حکوومەت بە کەرەسەیەکی ناحەزو مەترسیدار گۆراند.

## هەنگاو هەڵێنانی بەرانبەری دەولەت

دەوڵەت حەولیدەدا ئەم ترس و لەرزەی کە پ.ک.ک. هۆکاری بوو لە ناو بەرێ،ترسی بەترس وەڵام بداتەوە. بە ڕەواڵەت بۆچوون و ئاقیدەی ئەوهابوو کە ئەگەرکوردەکان لەئانکارا لە پ.ک.ک. خۆف بکەن دەتوانێت هەڵچوون و تۆفان دامرکێنێت. لەکۆمەڵگایەکی ئاسایش وئارامیدا کەلەکێشمەکێشمەکانی مەدەنی شتانێکی زۆر لەدەست دەچوون،بەدواکەفتنی بەرنامەیەکی ئەوها وێدەچوو کە شوێن دانەروکارتێکەر بێت،بەڵام لە هەڵ و مەرج و باردۆخی بەلەنگازی کوردستان کە دانیشتوانی چ هیوا ئاواتێکیان لە بەر چاو نەبوو، و شیوازی ڕەکیش کردنی خەڵک لە ڕێگای خاوەن ملکەکان، لەحاڵی گەندەڵی رزیویی و لە سەراو ژێری نابوودی دا بوو، و شیوەو ڕێوشوێنی ئەوها لە راستیدا نەوت بە ئاگر داکردن بوو.

کودتای نیزامی ساڵی 1980 پێشتر ڕژیمێکی نیوچاوان گرژوو توڕوو تۆسن و توندوتیژی و پڕغەزەبی بۆ کوردستان هێنابوو. ئەڕتەش بە بەربەرەکانی نێوان(ڕاست) و(چەپ) لە چواردیواری زانستگاکان وگەرەک وکۆڵانەکانی هەژارنشین کارێکی ئەوهای نەبوو،و جیالە شەڕیی کورەی(1950-1952) و قبرس(1974) و ڕۆڵێک کە (ناتۆ)هەیبوو لە ماوەی نیو سەدە،ئەزموونی گەورەو و شیکردنەوەی هۆکاری بوونی سەرکوتی کوردستان بوو. لە بەرئەمە بۆ سوپا عەمرێکی سروشتی بوو کە فکروزکری خۆی لەمەڕ کوردستان کەڵەکە بکات. بەڵام بە ڕێووشوێنانەی کە هەڵی دەبژارد هەر دورست بەهێنانەدی ئەو شتی یارمەتی و ئالیکاری دەکرد کە بۆخۆی بەتەواو کەماڵ لەوی دەپرینگاوەو وەحشەتی هەبوو.

سەرەتا حەول و تەقەلای دەکرد فەرهەنگی کوردی لە ناو بەرێ. لە ئۆکتۆبری 1983 یاسای ژمارە 2932ی پەسەندکرد کە بەکارهێنانی زوانی کوردی یاساخ دەکرد. (کوردی) بەبیچم و هەیکەلێکی(خەیاڵاوی)ئەوها دەرهاتبوو کە ئەم قانوونە بۆ ئەوەی کەلە بەکارهێنانی ئەم لەفزی ناخوش دووری بکات و لەعەینی حاڵیشدا مەبەستەکە بگەێنێت، مەجبوور لە بەکارهێنای زنجیرەیەک وشە و پیتەکانی دیکەببوو. لەمپەرو قەدەخەو قۆرخێکی ئەوها لەسەرەتا، لە سەرچینی خوینکارورۆشبیرو تێکۆشەرانی سیاسی وکۆمەڵایەتی کارتێکەربوو، بەڵام دەزگای حکوومەت بۆ ئەمە کە وەبیر خەڵکی بێسیوادی وڵات بێنێتەوە کە گشت شوێنەواری پێناسی کوردی دەبێ یاساخ بکرێ لە مەش زێدەتر پێشەبرەی برپەوە. لە دەسامبەری 1982 وەزیری پەروەردەو فێرکردن دەگوێچکەی پارێزگاری سربواند کە(گۆرانکاری خەڵکی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی)لەوانەیە بە(ئامانج و مەبەستی قەومی گەلایەتی)یان جیاخوازی کەلکی لێ وەربگیرێ و دەبیت تەنیا و تەنیا بەزوانی تورکی بچرن. هەرچەند چ کەسێک گوێچکەی بەم ئاخافتنانەی شل نەدەکرد،جاروبار ئەوانەی سەرپیچیان لەم برپارە دەکرد برپاری دادگایان وەردەگرت. کەسانێک کە ناوی کوردیان لە منداڵەکانی خۆیان نابوو بینییان کە ئەو ناوانە کە لەگەڵ فەرهەنگ و ئەخلاق و نەریتە

نەتەویەتی‌یەکان ڕێکناکەون و سوکایەتی بەکۆمار لە قەڵەم دەدرێ و ناتوانن لە لاپەڕی پێناسەکاندا بنووسرێن (قانونی ژمارە 1587). بابەتێک هاتەپێش کە زارۆکەکانیان سەرلەنوێ ناولێنانەوە. گۆڕینی ناوی شوێنەکان سانایی تربوو. هەتا 1986 بە مەبەستی ڕەشکردنەوەو لە ناو بردنی پێناسی کوردی لە ئادمیان،گازی ئانت، ئۆرفە،ماردین،سیرەت، و دیاربەکر ناوی 2842 گوند لە تەواوی 3524 گوند گوڕابوو. هێچ کوردێک لە وەی لەوێ دەگوزەرا بێ خەبەرو نائاگا نەبوو. سروشتیە ئەرتەش-یش ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بۆ دابین کردنی ئاسایشی سروشتی ناوچە دەزانی. لە ماوەی ساڵەکانی دەیەی 1980 سەر ئەژمێری ئەندامی هێزەکانی کارگێڕی کۆنتڕۆڵی کوردستان پەێتا پەێتا زێدەی کرد و لە سەرەتای دەیەی 1990 بە 200000کەس گەیی.

لە 1978 فەرمانداری گشتی بۆ هەشت پارێزگای کوردستان کە دەواندا وەزعی نائاسایی (حکوومەت نیزامی) ڕاەیاندرابوو،دیاریکرا. دەسەڵات و ئیختیاری ئەم فەرماندارەی گشتی ئیکجاربەرین و بەرفرەوان بوو ئەوهێندە ئەگەر بەپێویست وزەروری زانێبوایە گوندەکان و بەیارو چیمەن وچڕگەنێشی عەمر بەبەتاڵ بوون وچۆڵکردن دەدا. ئەرکی ئەمە بووکە نیوان سازمانەکانی جۆراوجۆرکەلەگەڵ چریکەکان دەجەنگین-یانی نێوان ئەرتەش و ژاندارمەری و جاشەکانی دێهات و شەبەکەی ئیستخباراتی ئەم دەم ودەزگایانە- هاوهەنگاو هاو ئاهەنگی پێویست وەدیبێنێت.

سەرکوت و فشارو زەخت و تەوژمی حکوومەت،بەتایبەت ئەشکەنجەو جەزرەبە ودەستدرێژی بە ئابڕوو کەڕامەتی خەڵک، ئیکجار پان وبەری بوو. تەنیا گوندەییەکانی سەر وەحکوومەت بە کردەوەیەک کەلە جەرەیانی عەمەلیاتی ئەمنیەتی وئاسایشی و نێچرکردن و ڕاولێ دابەشینی دژکاران لە ناوچە ڕوویدەدا ودەویدا سەدان کەس لەخۆرا دەست بەسەر دەبوون و دەگیران و ئەشکەنجە دەکران هەتا بە یارمەتی بەپ.ک.ک.دەم پێدابێنن،نائاگا بوون. شک وگومان دەوەدانییە کە گەلێک لە خەڵک بە پ.ک.ک.یان یارمەتی کردبوو: دەستەیەک لە سەرئەم بۆچوون ئاقیدەیە،بە وانیان خواردەمەنی دابوو و یان حاشاریان دابوون،دەستەیەک لەکاتی بینینی ئەوان لە دەقەرخۆیان لە نەبینین دابوو. بەڵام شێوەی کردەوەی هێزەکانی ئیستخباراتی لە ئیعتراف وەرگرتن لە دەست بەسەرەکان جۆرێک بوو کە باشترینی ئیمکانی بۆ ڕەکێش کردنی خەڵک و یارمەتی لە ئیختیاری پ.ک.ک. دانابوو.

کەم کەس هەبووکە لە زەبرو زەنگی سەدەمەی عەمەلیاتی ئیستخباڕات دوورمابێتەوە. لە هێندێک بابەت عەمر ئەمە بوو کە هەرکەسیان کەدەگرت دەست وجێ دەکوشت. یەکێک لەوکەسانەی کە ئەوانی پەنادابوو دەیگوت:( کاتێک پۆلیس بۆ مالێ کەسێک دەچوو منداڵەکان ئەوها ترس دەیگرتن کە دەست بەجێ بەنیشانەی خۆ بەدەستەودان دەستەکانیان لەسەرسەریان دادەنا.) زێندانیەکانیان لە هەل ومرجێکی نائینسانی ڕادەگرت،زوربەی ئەوانیان (فەلاقە) دەکردن، یان (زەبری) کارەباییان لێدەدان،یاکوو دەستدرێژیان پێدەکردن. یەکێک لە گوندەییەکان دەیگوت:(حازربووم لەخۆرا دەم بەمە دابێنم کە سەت کەسم کوشتووە،بۆ ئەوەی کە خێزانم و خوشکمیان هێنا و ڕووتیان کردنەوە، وهەڕەشەیان کردکە هەرلە وێ (لەبەرچاوی من)لەگەڵیان بنوون)بەفەرمی ڕاگەیاندرا کەلە نیوان ساڵەکانی 1981- 1984 لە زێندانی دیاربەکر32کەس مردوون. سەرچاوەکانی نافەرمی ژمارەی

مردووەکانیان دووقاتی ئەم ڕەقەمە تەخمین و بەرئاوەرد دەکردن. لەناو ئەم گروپە چوارکەس بۆ ڕەزگاری لە دەست ئەشکەنجە دەرەکان، خۆیان کوشتبوو.

بەمجۆرە هەر گوندەبیەکی کوردی، تێگەیی(کە ئارامی و قانوون) چ مانایەکی هەیە. لە ساڵی 1987 لە یەکێک لە نوێنەرانی دەوڵەتخوازی کوردی مەجلیس،بێروڕاو بۆچوون وئاقیدەیان لێ پسیارکرد. ئەوگوتی: وا فکردەکات (چاخێک نیزامیان لە ساڵی 1980دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرت، کوردەکان خۆشحاڵ بوون. بەڵام دوایی نیزامییەکان وردە وردە خەراپتر لەترۆریستەکان بوون،و ئێستا جۆرێکە کە نزیکەی 40 لە سەتی گوندەیی دە دەڤەرەکانی سنووری لە تروریستەکان داکۆکی دەکەن.)

بەتوندوتیژ بوونی تەقەولێکدان هەڵ ومەرجی ژیان هەروا بە ناهەمواری زۆرتر بەدەست ئەنداز وەرگرا. لەسەرەتای سالی 1989 هێندێک ڕاپۆرت لەتورکیە بڵاو بۆوەکە لە غەزەب وقەهروی ئەرتەش و مانگرتنی ئاپوورەیی لە سیرەت وشوێنەکانی دیکەقسەی دەکردکە فکری بۆ دەچووزێندانیانەی کەلەهیچ و خۆرای بێ بەڵگەو هۆکارگیرابوون لەزێندانەکانی حکوومەت مردوون. لەژوئنی 1988 پەسەندنامەی ژمارە285ی لێژنەی دەوڵەت ڕادەی ئیختیاراتی فەرماندەری گشتی بەرفرەوانکردو ئیختیاری دایە کەنەک تەنیا لەبەریەک جیاکردنەوەو بەمەسڵەحەت زانین و خیرخوازیخۆی هەرگوندێک کەپیویست بێ چۆل وبەتاڵی بکات بەڵکوو دەتوانێ دانیشتوانی گوندکە لەناوچە دوورکاتەوە.ژمارەی گوندوکۆخەکانی کە لەدەڤەری سنوور چۆلکران لەکۆتایی 1989 نە400گەیی، ولەماوەی سێ سالی دوایی بە وێرانکردنی گوندەکان لەشوێنەکانی دیکەداوینی پان وبەرین بۆوە،ئەوهێندە کەلەکۆتایی ساڵی 1994 ژمارەی ئەم گوندانەی بەتاڵ وچۆلکراو وخاپووربووبە 2000ولانەوازو هەتڵەوهەڵوەداو بێ ماڵ وحاڵ ودەرکراوپەڕیوە خۆی لە 750000کەس دا.

**بیروڕای نیونەتەوەیی**

سنوورەکانی تورکیە، لایانەکانی هاوبەش و خاوەن مافانی مەجبووردەکرد کە بەدوای هاوکاری و یارمەتی یەکدی هەڵسووڕێن. تورکیە خەریکی بەدەست هێنانی هاوکاری جینارو هاوسایەکانی دابوو، بەڵام لەم بەستێنە سەرکەوتوو نەبوو؛ سووریيە بۆ داواکاری وی سێلەی چاوی موافیقەتی نیشاندەدا بەڵام لە بەڕیوەبردنی ئەم داوایانە بەعەمەل وکردەوە هەنگاوی هەڵنەدەهێنا. لە ئاوریلی 1988 پ.ک.ک. توانی کۆنفرانسێکی لە (لاتاکیە)ی ڕێکبخات کە بۆ دوو حەوتوو دەوامی هەبوو، و300کورد دەویدا بەشداریان کرد. ئێران بە ڕەواڵەت بیروبۆچونێکی ئەوهای نەبوو بەمەکە بە پ.ک.ک. ئازادی عەمەلێکی زۆر بدات، بەڵام بە تورکیە-شی گەرەنتی و دەستەبەر ومتمانەنەدا. لە هێرشێک کە

تورکیە بۆسەریەکگرتووانی وی،یانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق بردبووی و حاشارگەی بە دژکارانی کۆماری ئیسلامی دابوو ناڕاحەت بوو.

تورکیە لە سەرئەم بیرو باوەڕە بوو کەلە داکۆکی ئێراق هاڤل بەرە،چونکە ئێراق ئەو مافەی بەوی دەدا کەلە (گەرماگەرمی)بەدواکەفتن لە سنوورئاوایێ ولاق لە خاکی ئێراق بنێت. ڕەنگە ئاگادارنەبێت کە پ.ک.ک. هەوالەکان سەبارەت بە تێکۆشانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و ڕیکخستن و دنەدانی هێزەکانی تورکیە لە دەڤەرەکانی سنووری لە بەردەست بەغدا دادەنێت. جگەلەمەش،تورکیە دوو دەستەی گەورەی لەپەنابەرانی وەرگرتبوو: 60000کەس لە ئەوتی 1988 و نزیکەی نیومیلیون کەس لە 1991. ئەم دوو کاروانە هەست و ئیحسای کوردەکانی تورکیەیی ئیکجار وڕووژاوکرد، و ئانکاڕای مەجبوورکردکە لە سیاسەتی نەریتی خۆی گۆڕانکاری بکات و ئەوی هاوسەنگ و هاو وەزن و مساوی بکات.

پ.ک.ک.حەولیدەدا لە دەستدانی داکۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەیەکیەتی، لەگەڵ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە 1988 قەرەبۆبکاتەوە. بۆ یەکیەتی نێشتمانی کوردستان، یەکیەتی لەگەڵ پ.ک.ک.کارێکی سانایی بوو، چونکە بەستێنی ژێردەسەلاتی باکووری کوردستان و بەدوور لە هێرشی تۆڵە وەرگرتنەوەی هێزەکانی تورکیە بوو. داکۆکی یەکیەتی نێشتمانی بۆ پ.ک.ک. قازانجێکی ئەوتۆی نەبوو،چونکە نەیدەتوانی پێگەکانی لە بادێنان لە ئیختیاری وی دابنێت. کاتێک تورکیە هەنگاوەکانی ئاسایشی خۆی لە درێژایی سنوور لەگەڵ سووریيە قایش لێکێشا،پ.ک.ک.ش لە ئێران خوازیاری هاسانکاری زۆرتربوو ودەستی بەکڕینی چەک و چۆل لە پاسداران کرد. لە فۆرییەی 1988 سەرۆک وەزیران، تورگوت ئۆزەل، لە بابەت ئارامی سنوورەکان خەریکی ڕەکێش کردنی هاوکاری و ئالیکاری و یارمەتی ئێران بووئەمە بۆ خۆی ئاماژەیەکی ناوەخۆیی لە سەرئەمە بووکە پ.ک.ک.لە سنوورەکانی ڕۆژهەلاتیش کەلک وەردەگرێت.

**ئۆلکەی سیاسی**

چاوپۆشی لە شێووازەکانی کردەوە،هەڵس وکەوتی پ.ک.ک. وحکوومەت، کۆمەڵگای کوردی بە توندی بۆ سیاسەت ڕاکێشا. دەوڵەت هێشتا دەیتوانی بە پشتیوانی و داکۆکی زوربە لە بنەماڵەکانی ڕاست و مەزەبی هیواداربی، بەڵام ئەندامانی گەنجی ئەم بنەماڵانە بەردەوام لەوان دوور دەبوون. هۆکار مەسەلە ڕاوەستانی هەل ومەرجی ئابووری یان بێزاریەک بوو کەئەندامانی لاوی ئەم بنەمالانە لە مەسەلەکە، هەیان بوو. ئەمانە بەم ڕادە پەروەردەو ڕاهێنرابوون کە ملکەچی لە شێخەکان و حوکم و شوێن تێکەری ئاغاکان بخەنە بەرئاڵقەی پسیارو لێکۆڵینەو و ئازانتی بکەن. لەلایەکی دیکەش ئەم خەڵکە سەردەمیکی دوورودرێژ لە دەرەوەی گوندەکان ژیابوون و بینی بوویان کەکۆمەڵگای چلۆن

بەبێ ڕایەڵی ئەم پەیوەندیانە کە کۆمەڵگای دێهاتی بەرپای دەکەن، بەئەرکی خۆیان جلی کردەوە دادەپۆشن.

ئەم خول وسوڕو ئاڵەگۆڕو گۆڕانکاریانە لە سەریەک بە بایەخ پێ نەدان بەکۆمەڵگای خەڵکی تورکیە، گورا بوو-هەتاساڵی 1990، ئەوکات کە ئاڵەگوڕی چلۆنایەتی لە خەبات بۆ پاراستنی کوردستانی تورکیەیی ئیدی نەدەکرا لەبەرچاوان وەشێرن. لەمارسی ئەوساڵی خۆڕاگری ودەست وەکەری ڕوو بە پێشکەوتووی خەڵک لە بەرانبەر هێزەکانی نیزامی،دەستدرێژی پ.ک.ک.ی لەژێرڕۆناکایی قەراردابوو. بۆ هەوڵین کەڕەت بنەماڵەکانی کە قوربانی عەمەلیاتی پ.ک.ک.ببوون غیرەتیان وەبەرخۆنا، هەمووتەرمی کوژراوکانیان بۆ بەخاک ئەسپاردن لەکارگیڕانی پەیوەندار وەرگرتەوە، ورپیووڕەسمێکیان بەرپاکرد کە خیرا ڕەنگ و ڕووی بە ئیعترازیکی گەورەی ئاپوورەی خەڵکی گۆڕدرا. لە20ی مارس 10000کورد لە(جەزیرە) خۆپێشاندانێکیان سازدا، و هێزەکانی پاراستن لە 11شاری پارێزگاکانی ماردین و سیرەت وەزعی نائاسایی (حکوومەت نیزامیان) ڕاگەیاند. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی نانیزامی بەدەستی هێزەکانی ئەمنیەتی کوژران. ژمارەی کوژراوانی نانیزامیان لەمەنگی مارس بە100کەس گەیشت،لەحاڵێکدا کە ئەم ژمارەیە لە سێ مانگی هەوڵی ساڵی 1989 شازدەکەس بوو. شارداری (نسیبین) بە دەربڕینی ئەم مەتڵەبە، بە هاوڵدەری ڕۆیتێر کەنزیکەی 95لەسەتی خەڵکی شاری وی، بەئارەزوی خۆیان لە پ.ک.ک. پشتیوانی دەکەن خۆشحالێ ورووژانێکی هەستاند، و هەڵبەتە پۆستی خۆشی لەدەست دا. پ.ک.ک.-ش بەنۆرەی خۆی لەکۆتایی ساڵی 1990 لەهێرش بۆ سەرخەڵک ئاسایی دەست کێشاوە،هەتا نیشان بدات کە ئەمە بۆخۆی دەزگای حکوومەتە کە هۆکاری شکانی قانوونی حقووقی بەشەر پێکدێنێت. ئەولەحاڵێکدا بۆ هەموو(جاشەکانی دێهاتی)کەچەک وچۆڵی خۆیان تەسلیم بکەنەوە عافووی ڕاگەیاند،بەڵام بابەتێک دیترا کەدەویدا ئەوانەی کە بۆخۆی فەرمانی دابوو ڕێزی لێ نەگرت.

بۆ هەوڵین جار لە بابەت شۆڕش و ملکەچ نەکردنی کوردەکان باسێک لەکۆڕەکانی تورک کرا. بیروبۆچوونی گشتی لەسەرئەمە بوو کە تەنیا زبانێک کە کوردەکان دەتوانین تێبیگەن ولێی حاڵی بن زبانیکە کەهێزەکانی نیزامی قسەی پیدەکەن، و هەتا هەنگاوی توندوتیژتریش لەم بەستینەدا پێویستە. بەڵام لەناو سیاسەت پێشەکان ئەم مەیلە بەرز دەبۆوەکە لەبەرامبەر ئەودڵ و مێشکانەی کە هەرچرکەو دەم زۆرتر لە باکووری ڕۆژهەڵات لەدەست دەچن وەڵامێکیان نییە،ولەلایەکی دیکەش دەبوایە نیشانیان دابوایە کە دەشین ودەتوانن لەگەڵ ئەم گێژلووکەی شەروچەقەو تەنگەژانە لەحاڵی ڕوو بەڕوو بوونەوەی نیزامی-ش بەربەرەکانی بکەن.

لەبەرئەمە، حکوومەت شێوەی هەڵس وکەوتێکی هەڵبژارد کەهەردەم زێدەترحیکایەتی لە جیایی نێوان هزرو کردەوە هەبوو: لەلایەکیش بۆ پشتیوانی لە نیزامیان هەنگاوێکی هەڵەو توندی دەهێنا ئارا،هەروەک لەئاوریل لەدانیشتنێکی زەروری لارنامەی ژمارە413ی پەسەندکردکە بەفەرمانداری گشتی ئیختدارو ئیختیاربەرفرەوان دەدا: لەڕاستیدا بەوی ئیختیاردەدا کە(گاڵەدانی هەر بنکەیەکی چاپەمەنی- لە هەرشوێن وجێگای وڵات- کە ڕووداوەکان بە شیوەیەکی ناڕاست بکاتە ئاوێنەی باڵانوین،یان ڕاپۆرت یاکوو لێکدانەوە بە پیچەوانەی ڕاستی لە ڕووداوەکان نیشان بدا،رابسپێرێ ولە دەوڵەت بخوازێت)ئەمە سانسۆرێک بوو کەمەقسوود و مەبەست لەوی بێ خەبەرڕاگرتنی خەڵک لەڕووداوەکان وجەرەیانات بوو. وئەم مەسەلە بەتوندی چاپەمەنیەکانی دەهری کرد،ولە مەڕ ڕەوانی

بەمانای ئەمەبوو کە حکوومەت شەڕی ئیستخباراتی دۆڕاندووە،و هێزەکانی ئاسایش دەیانەوێ کە هەڵسوڕانیان لە بەرچاوان نهێنی و وەشارەوە بمینیتەوە. بڵاوکردن و دابەشکردنی چاپەمەنی نهێنی پ.ک.ک.بەناوی(لەسەرەخۆبوون) لەزێدەیی دا. هەموو دەیانەویست بزانن چ خەبەرە چ دەگوزەرێ.(کارنامەی)413 هەروا ئاشکری هەل ومەرج و باردۆخەکی توندوتیژتربووکە چاوەنواڕی کوردەکان بوو،چونکە بە فەرمانداری گشتی ئیختیاراتێکی بەرفرەوانتری لە بەستێنی دوورخراوەیی بەزۆرەملی دەدا:(دوورخراوەیی ئەوگروپ لەکەسانێک کە بەپێویستی دەزانی...و داسەکنینی وان لەو شوێنانەی کە وەزارەتی وڵات دیاری دەکرد.)لەماوەی چەندمانگی داوایی ژمارەی ئەوگوندانەی کە خاپوورکرابوون ئەوخەڵکانەی کە دوورخرابوونەوە بەجۆڕیکی بێ وێنە بەرزبۆوە. لەمانگی ئاوریل 19ئاوایی لەدرسیم ویران کرا،و81کۆخ لە شرناک چۆل کران ولەمانگەکانی ئەوت و سپتامبەر لەگەڵ هەرد ڕاست کرانەوە،وزێدەتر لە 30000کەس بێ ماڵ وحاڵ بوون. هەتامانگی نوامبەر تەنیا لەبۆتان 300گوند وکۆخ بەتاڵ کران و 50000کەس لەماڵی خۆیان لانەوازەو پەروازەو هەتەڵە وهەڵوەدا و ئاوارەبوون: هۆکار ئەمە بوو کە گەلیک لەم قوربانیانە ڕاستەوخۆ وبێ پیچ وپەناو کەلەشەق لەلکان بە پارێزگاردەکانی گوند(جاشەکانی دێهاتی) جواب جەنگیان کردبوو و ملکەچ نەببوون.

سەربردە (کارنامە)ی 314 بە وێچوونێکی زۆر ژەنەڕاڵەکانی ئەرتەش ڕیک وپێکیان خستبوو،بەڵام سەرکۆمار ئۆزەل بۆ ئەوەی نیشان بدات کە دەسەڵاتی بەسەر وەزیەتی وڵات دا دەشکێ ئەوی بەناوی خۆی نیشاندا. بەقەولێ یەکێک لە لێکۆڵینەرو توێژەر و شی وەکەران(چاخێک دەستەکان دەخوێندرێنەوە، دەبینی هیچ سیاسەتمەدارێکی تورک خوازیاری هەڵس وکەوتی نەرمترلەگەڵ کوردەکان نییە)ئیعتراژاتێک لە لایان کۆڕەکانی سیاسی هاتەکایە: کاتێک حیزبی سوسیال دێموکرات ویستی لە دادگەی قانوون ئەساسی، بە قانوون بوونی ئەم جەرەیانە ئیعتراز بکات،دەوڵەت ئەوی سەرلە نوێ ڕێک و پیک و لەگەڵ قانوونی دیکە تێکەڵ کرد بەناوی کارنامەی 424 بۆ مەجلیسی نارد. هەتا نوێنەرانی حیزبی (دایکی نێشتمان)یش بە بوونی زەبرێک کە ئەم جەرەیانە لە پەیوندەی لەگەل دەنگدەران لەوانی دەدا،بە ویان ئیعتراز کرد.

حیزبی سوسیالیست دێموکرات حەول و تەقەلای دابوو(هەمووان ڕازی بکات). لە ساڵی 1986 داوای کردبوو کە(باکووری ڕۆژهەڵات)ی وڵات، ئۆردۆگایەکی یەخسیرانی شەڕیە، و لە وێ لە هەمووکەس بەچاوی شک وگومان دەڕوانن، و سەرکوت و ئەشکەنجەو سووکایەتی پێکردن باڵی بەسەرهەموو کەلین وقوژبنێک دا کێشاوە وحوکم فەرمایە.)لە سەرئەمەش ڕا لە 1988 ژمارەیەک لەکوردەکانی ئەندامی حیزبی، بە هۆی هەست بەنیگەرانی لە بابەت سیاسەتی حکوومەت لە بەرانبەرکوردستان لە حیزبی دەرکردن و ئەندامەتی یەکێک لە نوێنەرانی بەم بۆنەوە کە مەسەلەی کوردی لە مەجلیس هێنابووگۆڕ، هەڵپەسارد. لە کۆتایی ساڵی 1989 حەوت کەسی دیکە بە هۆی بەشداری لە کونفرانسی نێو نەتەوەیی کەلە پاریس سەبارەت بەمەسەلەی کورد رێکخرابوو لە حیزب وەدەرنران. نوێنەرەکانی دیکەی کورد لە ڕەخنەگرتن بەم مەسەلە لە حیزب وەدەرکەوتن. و ئێستا بەم هەست و ئیحساسەی کە بەتێکڕایی خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی لە لەپی دەست گرتبوو، حیزبی سوسیال دێموکرات هەستی بەمەترسی دەکرد،کە دوورنییە دەنگەکانی لەکوردستان لە دەست بدات. ئەم

حیزبە بە وردی هەموو زەحت و تەوژم و ئالۆزی و پەریشانی و زەروریەتی ئەزموون دەکرد کە دەیەیەک پێش حیزبی کۆماریخوازی خەڵک ئەجویت لەئەزموونی دابوو، و هەستی پێکردبوو.

لە ژوئیەی 1990 حیزبی سوسیال یمۆکرات ڕاپۆرتێکی دوورو دریژی سەبارەت بە هەڵ ومەرج و وەزعی باکووری ڕۆژهەڵات بڵاوکردوە،و بۆ هێنانەخواری ئالۆزی و پشێوی ڕاسپاردەی دڵ ڕاچڵەکانی نیشاندا: ئازدی دەربڕینی پێناس و ئازادی ئاخافتن بەزبانی دایک، هەڵوەشانەوەی(جاشەکانی گوندەیی) وفەرمانداری گشتی و هەڵوەشانەوەی وەزعی نائاسایی(حکوومەت نیزامی) و بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی ئاوەدانی هەمووڵایانە. لەکوردستان ئەم ڕاپۆرتە بە ڕەشبینی و بۆ نموونە ڕێگاو ڕەویشک بۆ وەدەست هێنانی دەنگی خەڵکی کورد لەقەڵەم درا. هەمووەدیانزانی کە بۆ نموونە،بەرپرسی لکی حیزب لە(وان) بۆخۆی یەکێک لە فەرماندەرانی گرینگی جاشەکانی گوندییە. لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم ڕاپۆرتە نیشاندەری سەرەتای تەوژمەکان و هەڵچوونەکانی ئاشکرابوو کەلە ناوەندی سیاسەتەکانی حیزبی تورکیە هەستی پێدەکراو. بەشی زۆری ئەم ڕاپۆرتەی حیکمەت چیتن،نوێنەری دیاربەکر نووسیبوو کە هاواڵ وهاودەم هاوڕازی (دنیزبایکال)سکرتیری حیزب بوو. لەئاکامدا هەستی خەڵکی کورد وردە وردە هۆکاری ئاخافتنی دەهێنادی،و ئەم سەبەب ئاخافتن وئازانتی وەدەست دێنا،ئەم وەسیلە ئاخافتنە بەرتەسک بە(چەپ) یش نەبوو.

لەم زنجیرە ئاخافتنانەی کە پەیتاپەیتا لە کۆڕو دانیشتنەکانی تایبەتی و گشتی وەبەرگوێچکە دەکەوت(جێگای سەرسوڕمان) لەلایان ڕاست بوو. لەسەرەتای ساڵی 1991 مەسعود یلمازکەمێک زێدەترلە دانانی بە سەرۆک وەزیران گوتی: کە زبانی کوردی دەبێ زبانی فەرمی دووەمی وڵات بێت- و ئەمە ئاخافتنێک بوو کە گروپێکی لە هاوکارانی حیزبی تووشی سەکتەی ناقیس کرد. لەعەینی حاڵ سەرکۆمار ڕایگەیاند کە ناوچەی خودموختاری کوردی باشووری ئێراق قەبووڵ دەکات.

تەنیا حکوومەتی تورکیە نەبوو کە سێرەچاوی سیاسی دەپشکنیەوە. چەند ڕۆژبەرلە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ژمارە 413، ئۆجەلان خوێنڕێژی زۆرتری وادە دا و لە عەینی حاڵدا ڕایگەیاند بوو(مەسەلەی جیایی لە تورکیە لەگۆڕێ نییە، ئێمە بەلانی کەمەوە هەتاچل ساڵی دیکە ناتوانین لە تورکیە جیا ببینەوە.)ئەمە یەکەمین نیشانەو عەلامەت بوو کە حیکایەتی لەمە دەکردکە ئۆجەلان لە ڕێگاچارەی مەسەلە، بە پێچەوانە دەستەوداوین بە هەنگاوی نیزامی، لە ڕێگای سیاسی پێشوازی دەکات. بەڵام فەزای سیاسی ئانکارا ئەوها بوو کە هیچ سیاسەتمەدارێکی دەنگین و ناوبەدەر و ناسراو نەیدەتوانی لە بەرامبەر وی دژکردەوەی باش دەربڕێ و دوارۆژی سیاسی خۆی لە مەترسی ناوێ. پاشماوەی ساڵی 1990 بە ترس ولەرز و وحشەتی زۆرتر لەئولکەی شەڕ، و چاتری ڕەواڵەتی هێزەکانی دەوڵەتی لە مەڕ شۆڕشیگێران کۆتایی پێهات.

بەڵام ڕەواڵەتێکی ڕووکەش و بەفریو بردوو بوو،چونکە شەڕ لە شاخاوەیەکان بەڕادەیی جەرەیانێک کەلە کوردستان ڕوویدەدا و ئاپوورەی خەڵکی کوردی لەمەڕ ڕەوانی لە حکوومەت جیا دەکردەوە، لە دەرەجەی دووم گرێنگی دابوو. هیچ کەس سەبارەت بەمە شک وگومانی نەبوو کە مەسەلەی کورد مجدترین مەترسی بووکە کۆمار لە ناوەخۆیەوە لەگەڵی دەست بەیەخە و ڕوو بەروو بوو. تەنیا دووساڵ لە سەردەمێک تێدەپەڕی کە دەستەواژەی (مەسەلەی)کورد بۆ هەوڵین کەڕەت لە چاپەمەنیەکان خۆیان نواند. سەرکۆمارئۆزەل ئێستا لەنیو پێویستیەکانی نیزامی بەتێشکانی

پ.ک.ک. و ئاتاج بەئاشتی دانی دوازدە  میلیون خەڵکی کوردی ناڕازی لەگەڵ کۆمار گیری کردبوو. ڕاپۆرتی نهێنی بۆ ساڵی 1990 دەیگوت: کە پ.ک.ک. ئێستا لە زوربەی شاری دە پارێزگاکان بۆتان و دیاربەکر لە داکۆکی بەرفرەوانی خەلک بەرهەم وەرگرە، ئەم خۆشەویستییە لە شارەکانی(وان) و(ئاگری) کە ئەڕتەش لەواندا توندوتیژی کەمتری نیشاندابوو بەم ڕادەنەبوو.

بەهاری ساڵی 1991 شایەتی زنجیرە هەنگاویک بوو کەبۆخۆی هۆکاری ئاشکرای ئاڵۆزی وپشێوی بوون کە لە ناوە وی ئانکارا حەولی دەدا بەمەسەلەی کورد خەریک بێت. لەمانگی فۆریە ئۆزەل لایحەیەکی بۆ هەڵوەشانەوەی قانوونی ژمارە 2923 پێشکیش بەپەڕلەمان کرد،کە بەپیی ناوەرۆکی وی کەلک وەرگرتن لە زبانی کوردی جگەلەبەرنامەکانی رادیویی وچەپەمەنی وپەروەردەوفیرکردن ئازادبوو. ئەم لایحەیە لەڕاستیدا ئەوهەی لە شەقامەکانی ئەستابۆڵ ڕوویدەدا وینەی قانوونی پیدەدا،ئیدی لەوە گەرین لە خۆدی کوردستان کەلە وێ خەلک بەئازادی پێکەوە بەزوانی کوردی دەئاخافتن، و کاسیتەکانی گۆرانی کوردی لە هەموو شوێنێک لە بەردەست دابوو. لەگەڵ ئەم هەمووە،ئەو هەراو هوریایەی کە تورکەکان لەم بارەوە وەرپێیانخستبوو بۆ بەهۆکار کە ئۆزل ئەم جەرەیانە وەدوا بخات. و سەیرئەمە بوو کە حیزبی سوسیال دێموکرات، بە پیچەوانەی ڕاسپاردەکانی کە بۆخۆی حەوت مانگ پیشتر کردبووی یەک لە وان کۆڕێک بووکە ئۆزەل بە بۆنەی دەرچوون لە نەریتی ئاتاتورک مەحکووم کرد.

بەڵام هەنۆکە مەسەلەی کورد بەرفرەوانیەکی مجدی بەخۆوەگرتبوو. لەساڵی 1984 بەم لاوە نزیکەی 2500کەس گیانیان لەدەست دابوو. دەم پێداهێنانی ئۆزەل بەمە کەچەند ڕۆژ بەر لە وێ لەگەڵ ڕیبەرانی کوردی ئێراق چاوپێکەوتنی کردوە، بەمجۆرە بەیەکی دیکە لە نەریتەکانی ئاتاتورک شەق تێهەڵدابوو،تووڕەبوونێکی توندی لە کۆڕو ئەنجوومەنەکانی حکوومەت هەڵستاند. ئەم جەرەیانە هەڵبەتە هۆکاری دڵساردی هەزاران کورد نەبووکە لە(شرناک)و(ایدیل) و(جەزیرە)و(میدات)و(ئادانە)و(ئەزمیر)و(ئەستانبوڵ) بۆ بەرپاکردنی نەورۆز ڕژانە شەقامەکان. خولاسە پێویستی و زەروریەتی سیاسی وتووێژی لەگەڵ کوردەکانی ئێراق و هەراوهورایەکی کەئەم چاوپێکەوتنە لەئانکارا هەڵی ئەستاند،لەباشووری سنوور بە گەرمکردنی هەستی خەلک یارمەتی کرد. لە12ی ئاوریل ئۆزەل مەجلیسی ئیقناع کردبەمەکە یاسای ژمارە 2923 باتڵ بکات. ئەو هەر لەو ڕۆژیدا بۆ کەمکردن تالێ ئەم هەنگاوە لایحەی دژی تیرۆری تەسلیمی پاڕلەمان کرد. ئەم لایحە تیرۆریسم ی وەکوو(هەر جورە کردەوەکی...بەئامانجی گۆڕانکاری و تایبەتیەکانی کۆماری)لێکدەداوە. و ئەمە لیکدانەوەیەک بوو کەهەرجۆرە هەنگاوی دێموکراتیکی،بۆ نموونە بەبێچم ی خۆ پێشاندان،یان لەدەوری یەک کۆبوونەوە، یان چامەمەنی بەمەبەستی کم کردن لە توندوتیژی سروشتی حکوومەتی دەباوەش دەگرت.

پاشان لە دەسامبەری 1991 یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی (ڕۆژنامە) ئیجازەی بڵاوبوونەوەی درا. چاپەمەنیەکان دیکەش بۆ ئولکە هاتن،بەڵام بەردەوام لەسێرەی ئەنگاوتنی و ئازاری کارگێڕانی حکوومەت دابوون. بۆ نموونە(ینی اولکە) سەرنووسەری وی (سەرحد بوجاک)ماوەی نۆ مانگ لەرێکەوتی بڵاوبونەوەی بە گەلاڵەیەکی 44بابەت تۆمەتبارکرا، زوربەی ژمارەکانی ئەم گوڤارە پێشیان پێگیراو وزەوت کران.

بەڵام لەم نیوەدا نیو میلیون کوردی کە لەبەرهیزەکانی سەدام پەروازە ببوون لە سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە کۆ ببوونەوە، و دەوڵەت خۆی لە هەڵ ومەرجیک دادۆزیەوە، کە دوو سیاسەتی دژ بەیەک گرتبووبەر،بەدوایدا دەچوو: لە لایەک قانوونی دژی تێرۆرەکەی بۆ تەوژم و توندوتیژی زۆرتری نیزامیان لە سەرکوردان هەموارو جێ بەجێ کردبوو،لە لایەکی دیکە خۆی لە حالێکدا بینی کەلە وتووێژی ئاشکرا بە ڕاچاندنی هەودای پەیوەندی فەرمی لەگەڵ دوو حیزبی گرینگی کوردی باشووری ئێراق،یانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی کوردستان ڕەکێش کردبوو،کە هەر دووک نوسینگەیان لە ئانکارا کردەوە.

پ.ک.ک.ئێستا بە زبانێکی نەرم بە سولح وئاشتی سیاسی ئامازە دەکرد. لەمانگی مارس،لەو پەڕی بزوتنەوەی کوردەکانی ئێراق، قسەکەرێک گوتی: کەپ.ک.ک. ڕەنگە لەڕیگا چارەی فیدراڵی لەناو تورکیە پێشوازی بکات. شەش مانگ دوایی لە نوامبەری 1991،کە هەتا ئەو کات ژمارەی گوژراوان بە3000کەس گەیبوو،عیسمەت ئەمشەت،هاوالدەر ورۆژنامەوان لە ئۆجەلانی پرسیارکرد: ئاخۆ حازرە ڕیگاچارەی فیدراڵی قەبووڵ بکات؟ ئەو لەوەڵامدا گوتی:( بەڵێ ئەمە شتێکە کە ئێمە داوای دەکەین.)وەڵامێکی ئەوها لەلایان ڕیبەریک کەهەتا هێستا بە کەللەشەقی لەپێویستی وەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆ قسەی کردبوو نیشاندەری حەزلێکردن بە ئاشتی وی لە ڕێگای وتووێژ هەبوو.ئۆزەل بە ئەم ئاخافتنەکە ئەو ئامادەیە، وەلەو بۆ دژایەتی لەگەڵ وی، سەبارەت بە سیستەمی فیدراڵی وتووێژبکات،ئانکاڕای تووشی گیژو سەرسوڕمان کرد. مانگێک دوای وی، ئۆجەلان بە ئانکارای پێشنیاری ئاگربڕکرد،هەڵبەتە بەم مەرجە کە ئانکارا گیراوەکانی پ.ک.ک.ئازادبکات،بە (شەڕی نهێنی)لەکوردستان کۆتایی بێنێت،تیکۆشانی ئازدی سیاسی لەتورکیە ئیجازەبدات ولکانی خۆی بەئاگربڕ بەفەرمی ڕابگەێنێت. ئامازەی ئۆجەلان نەک تەنیا بە شەڕی نیزامیان لە ناوچەی دە گوندەکان بەڵکوو بە کەسانێکیش بوو کە ون دەکران، یان بەدوای گرتنیان لەلایان پۆلیس بێ ڕاگەیاندی هۆکاری مەرگ دەمردن- و سەیرئەمەیە کە قوربانیانی ئەم جەرەیانە بەگشتی تیکۆشەرانی کورد بوون. بۆ نموونە لەمانگی ژوئیە(دادئایدین) ڕیبەری حیزبی تازەبنیات نراوی (خەڵکی کرێکار)کە وەرچەرخانی کوردی هەبوو لە لایان پۆلیس دەست بەسەرکرا، چەند ڕۆژ دوایی تەرمەکەی لە زبڵدان لە (ئەلازیگ)دۆزیەوە.

ئەمانە داواکاریەک بوون کەهیچ ڕێبەری سیاسی تورکی نەیدەتوانی قەبووڵ بکات،بەتایبەت لەم بابەتە کە هەنۆکە بەنەزەردەگەیی پ.ک.ک. بەنهێنی لەناو نیزامی سیاسی تورکیە خزاوە. حیزبی (خەڵکی کرێکار) نوێنەرانی کوردی پێکیانهێنابوو کە دوو ساڵ بەری لە حیزبی سوسیال دێموکرات وەدەرنرابوون، مەبەست لە دامەزراندنی وی،بەئاشکرا تێکۆشان لەڕێگای بەرزکردنەوەی مافی سیاسی و فەرهەنگی وئینسانی خەلکی کوردبوو. تورکیە ئەوی بە باسکی سیاسی پ.ک.ک.دەزانی. لەدەنگدانی گشتی مانگی نوامبەر،(حیزبی ڕێگای حەقیقەت)زۆرترین کورسی مەجلیسی بەدەست هێنا ورێبەرەکەی-سلیمان دەمیراڵ-توانی کابینەیی بەرەیی لەگەڵ حیزبی سوسیال دێموکرات پێکبێنێت. بەڵام لەباکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە دەنگدانی گشتی، دەسەڵاتی پ.ک.ک.ی نیشاندا بوو. بۆ نموونە،لەپارێزگای شرناک بە دەستووری پ،ک.ک. 70لە سەتی دەنگەکانی نسیبی(حیزبی خەلکی کرێکار)ببوو. ڕێبەرانی حیزبی(ڕێگای حەقیقەت) وسوسیال دێموکرات-یانی دەمیراڵ وئەردل اینونو- دەست وجێ لەپاش دەنگدان بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات چوون، وادەیان دا کەلە مافی بەشەرداکۆکی

بکەن. وقانوونی دژی تیرۆڕ و وەزعی نائاسایی(حکوومەت نیزامی) وپارێزگارد(جاشەکانی دیهاتی)چاو پێدابخشێننەوە.

هەرجۆرە خوشبینی وگەشبینی بێ وەخت لە دوایی دەنگدانی 1991 بە ناهومیدی گۆڕدرا.لەباووری ڕۆژهەڵات حیزبی سوسیال دێموکرات لە دەنگدان لەگەل( حیزبی خەڵکی کرێکار)کە 22نوێنەری بۆ مەجلیس ناردبوو یەکگرتوو بوو. سروشتی بوو کە حیزبی سوسیال دێموکرات خوشحاڵ بوو لەمە کە (حیزبی خەڵکی کرێکار)ی بۆ ژێر بەیداخی خۆی بێنێت و بەسەرمەجلیس دا زاڵ بێت. بەڵام...دووکەس لەنوێنەرانی(حیزبی خەلکی کرێکار)سویندیان بەزوانی کوردی خوارد، وخوازیاری برایەتی کوردو تورک بوون. بەمجۆرەی لەحاڵێکدا کەڕەنگە کوردەکان لەم غێرەت وجەسارەتە لە هێنانەگورِی پێناسی کوردی لە قەلبی سیاسەتی کۆماری تورکیە خۆشحاڵ بوون، تورکەکان ئەم قەبۆ قەبۆیەیی جەسوورانەیان بە بێ حورمەتی لەقەڵەم دا. هەردوو نوێنەری حیزبی سوسیال دێموکرات یان دەرکردن، بەڵام ڕووداوێک کەنەدەبوایە ڕوویدابوایە ڕوویدابوو-و یەکیەتی لەگەڵ(حیزبی خەڵکی کرِیکار) تێکچوو. تورکەکانی ئازادیخوازتری مەجلیسێک کە یەکگرتووانی سروشتی کوردەکان بوون و هیواداربوون جەرەیانی ڕەخساو بێتەکایە تووشی وەحشەت بوون وخۆیان لەجەرەیان لاتەریک کرد.

لە حاڵێکدا کەکوردەکان چاویان لە لایانگرو پشتیوانیان لە مەجلیس بریبوو،گەلێک لە تورکەکان، نزیک بە زۆرایەتی ئەوان،وردە وردە(حیزبی خەڵکی کرێکار)یان بەچاوی دەست و پێی تیرۆرِیستەکان لێ دەڕوانی. لە بەر ئەمە جێگای سەرسوڕمان نەبوو ئەگەر دەوڵەتی پێیخۆش نەبوو کە هەتا لە مەجلیس باسێکی سەبارەت بەمە دەست پێبکات،ئیدی چ بگا بەئەمە کە بیهەوێ لە گەڵ ئۆجەلان و هاڤالانی دەست بەوتوویژ بکات.

لەگەڵ ئەم هەمووە هەنۆکە لە لێواری کاروباری مەجلیس، حزووری مەسەلەی کورد خاڵێکی دەردناک بوو کە وەبیرهێنانەوەی سەرنەکەوتنی ناسیونالیسم-ی تورک لە توانەوەی کەمایەتی ڕوو بەتەڕەقی بوو. لە ئولکەی خەبات و بەربەرەکانی ئێستا ڕوون و ئاشکرابوو کە هێزەکانی چەکدار بەلەزو تالووکە ئیختیارلە سەرخەڵک لە دەست دەدەن.

لە بەرچاوی کەسانێک کە بە ڕەشبینی لە مەسەلەی کوردیان دەڕوانی،ئەم ڕەش بینیە لە بابەت شتێک کە دەوڵەت بەدەستێک دەیداو بە دەستی دیکە وەریدەگرتەوە،کارێکی سروشتی بوو. لەگەڵ ئەمە لێڕوانیی سیاسی گۆرا بوو. لە مانگی مارسی 1987 هێشتا بۆ وەزیری ئەرشەدی دەوڵەت ئیمکانی ئەمەی هەبوو کە پرسیاربکات: ئاخۆ شتێک بەناوی کورد بوونی هەیە؟...تەنیا کەسانێک حازرن خۆیان بەکورد بزانن جەنگاوەرەکانن، کە کەرەسەی ئیدۆئۆلۆژی دەستی بیانین)لە 1992 ئۆزەل لە پێویستی گۆرانکاری هەڵس و کەوت ئاخافت: عافووی چریکەکان و قەبوولی پ.ک.ک.بەناوی حیزبێک کە بتوانێ لە سیستەمی سیاسی وڵات بەشداری بکات. ئۆزەل نوێنەری مەکتەبی فکری ڕادیکاڵ بوو. کۆنەپاریزان(محافیزەکاران) بە ڕێبەری دەمیرال مەبەستیان ئەمە نەبوو شتێکی ئەوها ئیجازەبدەن،ئەویش نەک بەم هۆکارە کەکوردەکان بوونیان نەبوو، بەڵکوو بەم دەلێل و هۆکارە کە ئەوەی ئۆزەل لە بیرو بۆچوونی دابوو(دژایەتی لەگەڵ قانوون ئەساسی) بوو. بەڵام دەمیراڵیش کاتێک

بوو بەسەرۆک وەزیران، ئەم وشە وەحشەتناکانەی بوخچەکردەوە کە(تورکیە واقعیەتی بوونی کوردان دەم پێدادێنێت.)کە ئەمەش گۆیا (دژی قانوون ئەساسی) بوو.

**بیروڕای مەزەب**

لە کۆتایی دەیەی 1980 نەتەوەخوازانی کورد خۆیان ڕوو بەڕوو لەگەڵ ئەو مەترسییانە بینی،کەلە لایان دەنگدەرەکان ڕووبەڕوویان ببۆوە،وەرچەرخانی ئەم خەڵکە بۆ(ڕاست) بوو. و هۆکاری مەزەبی دایم و دەرهەم شتێکی پێچراوە بوو،خاوەن نەزەرانی کوردی سوننە مەزەب هەستیان بەمە دەکردکەبە مەداری بەرفرەوانتری ئیسلامی سوننە مەزەبی تورکیە ڕەکێش کراون، و لە بەرامبەر ئازادی مەزەب کە حیزبەکانی ڕاستی تورکیە لە دەیەی 1950 هێنایانە کایە دژکردەوەیان دەربڕی. لە ماوەی زێدەتر لە 1980 ئیحساسی مەزەبی لە کوردستان بە ڕەواڵەت لە حاڵی هەڵاوسین و هەڵپەساردن و ئەرک نەناسین دابوو. کەسانێک کە ئالوودەی مەزەب بوون دەیانەویست بە(حیزبی دایکی نیشتمان) یان(ڕێگای حەقیقەت) دەنگ بدەن. لە حاڵێکدا کە دانیشتوانی شار لە حیزبی سوسیال دێموکڕاتیان داکۆکی دەکرد.

ئیحساساتی ئیسلامی لە دەیەی 1980 گوڵی کرد، و ئەم گوڵ کردنەی پەیوەندی بە کوردستان نەبوو، بەڵکوو بەتورکیە بوو. لە ماوەی ئەم دەیە ئیحتوباری دەوڵەتی، تایبەت مەبەستی مەزەبی لە زێدەیی دا، ولە 1990 بودجەی کاروباری مەزەبی بە زێدەتر لە دوو بەرابنەر گەیی. لە ڕاستایی حکوومەت، خزمایەتی و نزیکایەتی نێوان نەخشبەندیە- کە گەورەترین تەریقەتی کوردستان بوو- و حیزبی دایکی نێشتمان لەسەرەتای دەیەی 1980 بە لەز بەربەرین بۆوە،و ئەم عەمرە بازێک کارتێکەر لە خزمایەتی نەخشبەندی ئۆزەل بوو. ئیسلام بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو. مەزەبی حەنەفی کە مەزەبی فەرمی تورکیەیی عوسمانی بوو دایم ملکەچی خەڵک بۆ حکوومەت پەسەند کردبوو.

لەگەڵ ئەم هەمووە کەماڵیستەکان هەمێشە لە بزوتنەوی ئیسلامی خۆفیان هەبوو. ئەگەرچ بەرلە 1980 کەمترلە 200 بنکەی مەزەبی لە وڵات هەبوو پەرەو بەرفرەوانی دەم و دەزگاکان و شایەتی لەسەر ژمارەیەک شەبەکەکانی وی هەروا نیشاندەری بەرز بوونی گشتی هەستی مەزەبی بوو. ئەم دەم ودەزگایانەکەلە 1983-350بوو لە ساڵەکانی 1985-1987 بەڕێز بە 850و 1128 گەیشت. لە 1990 لایانگرانی جیایی دین لە سیاسەت، بەبینینی بیست هەزار نوێژکەر کەلە مەراسمی (نوورجولکا)ن یانی لایانگرانی –سەیدنورسی-لە ئانکارا بەشداریان کردبوو تەکانیان خوارد.

جەرەیانی زیندو کردنەوەی مەزەب بە یارمەتیەکانی عەرەبستانی سعوودی و ئێران بە سازدان و دورست کردنی دەیان مزگەوت و شوێنی خەوتنەیان بۆ فەقێ سوختەو، موستەعید و پەرەپێدان و ڕاهێنانی دینی و یارمەتی بە بازیک لە تەریقەتەکانی پڕتاوی گرتبوو. ڕاهێنانی دینی لە کوردستان هەتا بۆ کەماڵیستەکانی کە سێ کوچکەی حکوومەت بوون شیاوی بایەخ و گرینگی خۆی هەبوو،چونکە

لە بەرفرەوانی ناسیونالیسم جیا لە دین گەشەی دەستاند. بزوتنەوەی ئیسلامی هێورهێور لە بنچینەی حکوونەتیش شوین تێکەربوو بازێک لە شەبەکەکانی مەزەبی حەولیاندەدا لە دەم ودەزگا-کانی ئاچەری حکوومەت –وەکوو هێزەکانی چەکدار و پۆلیس و پەروردەو فێرکردن-شوێن دانەر بن. لەڕاستیدا لە1990 هیزەکانی چەکدار کە بەمتمانەترین پاێزگاردو پاسەوانی تاسەوئارەزووەکانی نامەزەبی کۆمارە،سەدان کەس لەنیزامیانی خۆی بەهۆکاری پەیوەندی لەگەڵ سازمان و مۆڵگەکانی ئیسلامی لە خزمەت دەرکرد. لە سەردەمی سەرۆک وەزیران ئۆزەل،وەزیری ناوەخۆ عەبدولقادر ئاکسو، کە هەردوویان بە هەبوونی فکروهزرو ئیحساساتی ئیسلامی دەنگین بوون،ڕێزەکانی پۆلیس و ژاندارمەری لە کوردستان لە ئەفسەرانێک مرشتەی بەست کە بیروباوەڕو ئاقیدەیەکی تازەیان هەبوو، وکردەوەوکانیان بەئەرکەکانی مەزەبی لە هێزەکانی پاراستن بێچمی کارێکی ئاسایی بەخۆوەگرت-ئەمە شتێک بووکە لە بیست ساڵ پێشتر ڕابردووی نەبوو.

لە نێوەڕاستی دەیەی 1980 بزوتنەوەی ئەسلامی کە بە ڕاشکاویی و ئاشکرا دژی قەومییەت و فەلسەفەی جیایی دین لە سیاسەت بوو،بەناوی(لۆچێک حیزب ڵلا)وردەوردە لەدیاربەکر لە ناخی ئەم جەرەیانە سەری هەڵدا و چەقەری کرد. سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە لە نێوەڕاستی ساڵی 1991 بە دانانی بەرپرسی پۆلیس،کە کەش وهوای ئیسلامی لەمێشکی دابوو گەشەی کرد. بازیک لەم حیزبوڵلایانە،بۆ بینینی دەورەی علوومی دینی وڕاهێنانی زۆرتر بەرەو ئیران تیکشان. ئەم گروپە ناکۆکی شێعەو سوننەیان لەخواروی ئامانجی گەورەتر، یانی شکانی کفرو کافرستانی و مرتەدی قەراردابوو. بەوێچوونی زۆر نزیک بە یەقین(لۆچێک حیزبوڵلا)لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئیسلامی یەکگرتوو بوو. ئەم گروپە ڕاستەوخۆ بە کۆمارێک کە دینی لە سیاسەت جیا کردبۆوە هێرش نەکردەسەر،بەڵام هیورهێور خەریکی ناسینی کەسانێک بوو کە بەلایانگری لەم سیاسەتە،دەنگین وناوبەدەر بوون،هەتائەوان بکوژێ.

ئەم گروپە سێرەی هزروفکری خۆی بۆ سەرکوردستان کەڵەکەو کۆکردەوە. ئەم دەستەیە بزوتنەوەی نەتەویەتی کوردستانی کە لایانگری جیایی دین لە سیاسەت بوو، بە چاوی دوژمنی ئەسلی خۆی لێدەڕوانی،یەکەم بەم هۆکارەکە لەگەڵ کمونیستی کافرو بێدین هەودای ڕایەڵی ڕابیتەو پەیوەندی ڕاچاندبوو دوومەن بەم دەلیل و بەڵگەو هۆکارە کە مەترسی بۆ(ڕاست)ی تورکیە بوو،کە بۆخۆی لەگەڵ وی پەیوەندی دەنزیکیان هەبوو. لە 1991 ئەم(لۆچێک حیزبوڵلا) یان(حیزن کنترا)لە دژکردەوە بە شەپۆلی سەرکەوتنەکانی پ.ک.ک. دەستی بە زنجیرەیەک تالان و کوشت وکوشتارو بۆمب دانانەوە کرد: هاواڵدەران و ڕۆژنامە نووسان و تێکۆشەرانی سەروە پ.ک.ک. و ئەندامانی ئیتحادییەی کرێکاری و پیشەوەران لە ڕەدیفی نەتەوەخوازانی مەیلەوچەپ چین بەندی کران و بوون بە ئامانجی هیرشی حیزاللە. هەتا ساڵی 1993 حیزب اللە 500 کەسی لە تیکۆشەران کوشت بوو،کە لە هەمووان ناسراو بەناوبانگتر موسا ئانتر، بوو کە لەماوەی چاوپێکەوتنی لە دیاربەکر لە دەسامبەری 1992 گوژرا. ئەورۆژنامەوانانەی کە بۆ (ایکی بینەدوو،)و(بینی اولکە)و(اوزگورگوندم)یان بڵاوکراوەکانی دیکە موافق لەگەڵ کوردەکان شتێکیان دەنووسی،هەموو لەحالێکی پڕمەترسییان بەسەردەبرد،چونکە دەیاندی کە هاوکارانیان دەدزن دەفڕێنن ودەیانکوژن. هەتا ئەوانەی ئەوگۆڤارانەشیان دەفروشتن ئامانجی هیرشی حیزب اللە ڕزگاریان نەدەبوو ولەئاکامدا بەدست حیزباللە دەکوژران.

لەگەڵ ئەم هەمووە هێزەکانی ئەمنیەتی(ئیستخبارات) نەیانتوانی سەرهەودای هیچ کام لە ڕایەکی ئەم جنایەت وخوینڕێژیانە بدۆزنەوە. بەپێچەوانە، سەرۆک وەزیران دەمیراڵ لە دوایی کوژرانی موسا ئانتر،گوتی:(ئەوانەی کە کوژراون هاوالدەرو ڕۆژنامەنووسی بەڕاستی نەبوون. ئەمانە شۆڕشی بوون...یەکدیان دەناسی. جگە لەو خۆدی دەوڵەتیش دەست بەکاربوو: هێندێک لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی گاڵەدان وکەوتە گیانی ڕۆژنامەوانان. ئەم کوشت وکوشتارو گاڵەدانی ڕۆژنامەکان ئەزیەت وئەشکەنجە وئازاری هەواڵدەرەکان دەستیان وە دەستی یەک دا، ورۆژنامەی(اوزگورگوندم)ی کەخوینەری زۆری هەبوو مەجبوور بەبەستن کرد. هەتا کۆتایی ساڵی 1963چ گومان لێکراویک نەگیرابوو،چ بگا بە محکەمە و سزا بەسەردابڕین. نەتەوەخوازانی کورد مەجبووربەم ئاکامە گەین کە حیزالله لەناوچە،ڕەنگە لە ناوەندیش،لە گەڵ حکوومەت هاودەستە. مەرگی بەکۆمەڵ فەزای ترس ولەرزو کوشت وکوشتار وەحشەتی لە کوردستان وەدیهێنا.

لەکۆتایی دەیەی 1980 پ.ک.ک. تێگەیی کە کەلک وەرگرتنی حکوومەت لە هەست و ئیحساساتی مەزەبی دژی وی لەگەڵ ئەم پڕوپاگەندەیە کە پ.ک.ک. لە بیروڕای دایە دین سەرکوت بکات،لە بەرەوپێشچوونی خۆی زەبر وەشاندووە. لە حاڵێکداکە زۆرایەتی جەماوەری سوننە مەزەب ڕوویان لە(ڕاست) بوو پ.ک.ک. و لایانگرانی وی هیوادار بوون کە بتوانن بە پاڵەپشت لە سەر لایانەکانی ناکۆکی لەگەڵ(راست)ی تورکیە ڕەگ ودەمار و تووێکانی دیکە لە(ئیسلامی کوردی) لەژێرکارتێکەردابنین. بۆنموونە، پ.ک.ک.مەسەلەی پێویستی ئازادی کۆمەڵایەتی لە ئیسلام پەسەندکردبوو، و مەلای ئەوهای دۆزیبوونەوە کە شێوەو شێوازی فکرکردنەوەیان وەکوو هزرو لێکدانەوەی شێخ عیزەدین حوسینی لە ئێران بوو، وگروپێکی گچکەی بە ڕێبەری مالاکانی ئائینی بەسەلاچووی بتلیسی بە وجوودهێنا. ئەم مەلایانە ئەم بیروبۆچوون و نەزەرەیان بوخچەکردەوە: کە ( دنیای ئیسلام)و پێناسی نەتەوەیی کوردی دژیەتیان پێکەو نییە. دەستەیەک دەیانتوانی لە ئایەیی قورئان داوای شایەتی بکەن،کە گروپایەتی ویەکیەتیەکانی قەومی پەسەند دەکات: (وجعلناکم قبائلا وشعوبالتعارفوا...)و بۆ نموونە بەرجەستەو چاکتری و چلۆنایەتی قەومی خۆیان بۆ لایانگرانیان شی بکەنەوە ئازانتی کەن،بۆ نموونە بڵێن: کە مەزەبی شافعی لەکوردستان ئەو حورمەتەی کە حەنەفیەکان بۆ حکوومەت هەیانە، قائیل نییە. و دەیانتوانی چاکتری و چلۆنایەتی فەرهەنگی ڕێگای کوردی لە زین و فکری واندا بگوڕینن کە دینیان پاراستبوو،لە حاڵیکدا کە ئیسلامیەکانی شاری بە بەرفرەوانی تەسلیمی کەماڵیستەکان ببوون-و ئەمە بۆخۆی لە بەرامبەر ناوەندیەکی سەرەڕۆ، هۆی سەرفیرازی وڵاتێک بوو کە پێی ڕانەگەیبوون و بێ بەزەیی لەگەڵ کرابوو. لە 1923 بەم لاوە،ئەم ناوەندییەی جیاکراوە لە دین لەگەڵ ئەوسازمانانەی کە سوننە لە وێ کەڵەکەی کردبوو بوغزاند بوو دوژمنایەتی کردبوو. کوردەکان داواکاربوون کە دەتوانن و دەبێ بە ڕاپەڕینی شێخ سەعید ئیفتیخاربکەن.

گروپەکانی(شک وگومان لێکراو) کەلەگەڵ پ.ک.ک.پەیوەندیان هەبوو هاتنەدی. بۆ نموونە(پارتیا ئیسلامی کوردستان)بەزنجیرەیەک بۆمب دانانەوە لە ئەستانبوڵ و ئانکارا و مەلاتیە لەمارسی 1990 ڕووی گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. (حیزبی ئیسلامی کوردستان) بڵاوکراوەی هزروفکری ئەم حیزبە هەتا ئەوجێگایە چوو پیش کە ڕووتێکردنی ئیسلامی بۆ دژایەتی قەومی کوردەکان لەگەڵ تورکەکان

هێناگۆڕ،و نیوان ناسیونالیسم وەکوو (ئائین) وپێناسی خوادادی،کە دەبوایە ڕیزی لێ بگێرێ حورمەتی بۆ دانرێت،قائل بە تەوفیرو جیاکردنەوە لە یەکدی بوو. پ.ک.ک.لە بەرئەمە بەڵگەو هۆکارانە خوازیاری حقوقی مەدەنی بۆ کوردەکان بوو. لە 1991 گروپێکی دیکەلە(وان) بە ناوی(حەرەکەتی ئیسلامی) سەری هەڵدا.

ئامانجی پ.ک.ک.لە بەیداخ هەڵدان و پەروەردەی ئەم گروپانە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ حەول و تەقەلاکانی حکوومەت بوو کە تێدەکۆشا پ.ک.ک.ی بەبیچم و ڕوخسارەکی شەیتانی ڕەسم بکات، و ئەگەر بۆی بلوێ جلەوی کردەوە لەکۆمەلگای دێهاتی و بێسوادی، لە سەرڕا بگرێتە دەست. لە بازیک دەڤەرەکان بەرئاوەرد دەکرا کە هەتا 50 لە سەتی دەنگەکان لە ژێرشوین تێکەری شێخەکان ناوچەیە، و ڕاکێشانی شێخەکان و مەلاکانی لاو گەنج بە داکۆکی مەبەستی پ.ک.ک. کارێکی ئیکجارگرینگ بوو.

بەڵام پ.ک.ک. لە عەینی حاڵ کارتێکەر لە بەرچاوگرتنی ئیستراتێژیک-یش بوو: دەیەویست لەگەڵ ئازادیەکی زۆرتر لەناو خاکی ئێران کار بکات. لە عەینی حاڵ کە دەیزانی ئێران بە دەلیل و لایانی مەسلەحەتی دەیەوێ ناراحەتیەکانی بیروڕای تورکیە پێکبێنێت،ئەمەشی دەزانی کە دەبوایە خۆی بە لانگری(مەیلەو) ئیسلام نیشان بدات. لە 1989 عوسمان،برای ئۆجەلان، نوسینگەی پەیوەندی لە ئێران کردەوە،و ساڵی داواترلە بابەت پێکهێنانی بیست پایەگای عەمەلیاتی کە لە وێ بتوانێ و بشێت ئامانجەکانی لە پاریزگاکانی وان و ئاگری و قارس هێرش بکاتەسەر، لەگەڵ دەسەڵادارانی ئێران وتووێژی کرد. ئۆجەلان لە قسەکانیدا کە بە بۆنەی وەرگەڕانی ساڵ و جەژنی نەورۆز کردی لایانەکانی باشی ئینقلابی ئیسلامی ئێرانی پەسەندکرد.

پڕۆژەی پەرەپێدان و ئاوەدانی ئاناتۆلی باکووری ڕۆژهەلات و نەبوونی ڕێگا چارەیەکی ئابووری بوو. ڕۆشنبیرانی تورکیە باش تێگەیبوون کە ئاچەری تەنگەژەی ڕوو بەڕوو بوونی نێوان لایانەکان، بازێک سیاسی و ڕەنگە بەجۆرێکی مەزن ئابوورییە. هەموو دەیانزانی کە بەرهەمی سەرانەی باکووری ڕۆژهەلاتی ولات تەنیا 42 لە سەتی مام ناوەندی دەرئامەدی سەرانەی نەتەویەتی و وێدەچێ کەمتر لەیەک چوارم بەسامان وزەنگین ترین دەڤەرەکانی ولات، وەکوو ناوچەکانی ئاژە و مەڕمەڕە،یە. ئەمەشیان دەزانی کە هیچ دەوڵەتێک هەتا هەنۆکە بۆ لە ناو بردنی ئەم نیوانەی ئابووری کە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ولات لە یەکتر جیا دەکاتەوە کەمترین هەنگاوی هەڵنەهێناوە. پارێزگاکانی کوردنشین کە بێ گومان، هەژارو بەلەنگازترین پارێزگاکانی ولات بوون تەنیا دە لە سەت لە بودجەی ئاوەدانکردنەوەی ولاتیان وەردەگرت.

لەبەر ئەمە، دەوڵەتی ئۆزەل بە بۆق وکەڕەنا گەلاڵەی پەرەپێدان و ئاوەدانی ئاناتۆلی باکووری ڕۆژهەلاتی بە ناوی(گاپ) ڕاگەیاند. لەبەرئەمە گەلاڵەیەکی مەزن لەبیروڕا دابوو کە ئاوی دەجلە و فڕات بۆ وەدیهێنانی کارەبایەک کە هێزی پێویست بۆ پەرەپێدانی پێشەسازی ولات لەساڵەکانی

سەرەتایی سەدەی بیست ویەکەم دابین دەکرێ وبە بەرەوپێش چوونی کشت وکاڵ زەویەکانی دەوروپشت و پیشەسازی کشت وکاڵی وابەستە ئالیکاری دەکات لغاو بکرین. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە دەگوترا کە دانیشتوانی ناوچە لەم جەرەیانە قازانجەی ئابووری زۆریان پێدەبرێ. بەرنامە دارێژەران دەیانگوت: کە بەبەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە،بەرهەمی سەرانەی ناوچە نە55 لە سەت مام ناوەندی دەرئامەدی نەتەویەتی دەبێت،یانی دەلەسەت زێدەدەبێت.

ئەم گەڵاڵەیە،لە ڕاستیدا نیشانی دا کەدەوڵەت یان لە بیروڕای سیاسی مەسەلەی کورد ئاگادارنییە و یان ئەگەر ئاگادارە، ئامانج و مەبەستەکەی لەم هەنگاو هەڵێنانە لەبنەڕەتدا ئەمەیە کە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات بچەوسێنیتەوە و ئەوەی کە هەیەتی لێی بستێنێتەوە بە ماباقی وڵاتی بدات، چونکە هەر وەک دارێژەرانی گەڵاڵە دەیانگوت: و دەمیان پێدا دەهێنا، لەم ناوچە 8لە سەتی بنەماڵەکانی وەرزێر،خاوەنی 50لە سەتی زەویەکان بوون لەحاڵێکدا کە 41لە سەت،10هەتا 50 دۆنمیان هەرد هەبوو، 38لە سەتی وەرزیرەکان هەر زەوی کاسبیان نەبوو،و حەزیان لەکشت وکاڵ نەدەکرد. بەشێکی زۆر لە خاوەن مڵکەکانی گەورە لە گوند نەدەژیان و بەمە خۆشحال بوون کە شتێکیان لەبەرهەمەکە،پێبگات ژیانی شاریان پی دابین بکەن. دەجا بە بێ بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی ڕێکووپێکی ئیسلاحات ئەرزی(دابەشکردنی زەویوو زار)،فکری بۆ نەدەچوو،کە زوربەی خەڵکی وەرزیر بتوانن لەم گەڵاڵەیە بەرهەمیان پێ ببرێ. دوایین بابەتی ئیسلاحات ئەرزی، ئیسلاحاتی 1978 بوو کە بە بەرەکەتی ترسی حیزبەکانی گەورەی ئانکارا لەم بارەوە کە بەڕیوەبردنی ئەو سیستەم، دابەشکردنی دەنگەکان تێک وپیکدەدا،نەزۆک ماوە. وەدیهێنانی بەرەمەزرایەکی بەرفرەوانی دەوڵەتی بەبەشداری خاوەن مڵکدارەکانی گچکە، لەوانەبوو ژمارەیەکی زۆری لە وەرزێرانی لە سەرزەویوزار دەردەپەڕاندبوایە.

بل لەمە تێگەین وحاڵی بوونی ئەم مانایە چەتوون بوو کە چلۆن کۆمەڵگایەکی بێ سیواد دەتوانێ لە کشت وکاڵی عیلمی کە ئاتاج بەسەرمایە و لێڕوانینی زۆرە کەلک وەربگرێ،چ بگا بە بەشەکانی فەرعی کە دەبێ بۆ خزمەت بە وی وەدی بێت. کوردەکان نە سەرمایە و دەستمایەی ئەم کارەیان هەبوو و نە فیربوون وڕاهێنانێک کە ئەو ئاتاج پێبوو. سەرمایە لە ڕۆژئاوای تورکیە یان ئەگەر وەزع باش بوایە لە دەرەوەی وڵات دەهات. بەڵام بارودۆخی نالەبارو ناهەموار، ڕاهێنان لەکوردستان، بە مەدرەسەی ئاڵۆزو پرئاپورە و مامۆستایانی تورک کە حەز لە کاراکانیان ناکەن و دڵیان پێ ناسووتێ...خولاسە ئەمە بۆخۆی شی کردنەوەی چیرۆکێکە کە لە ناوچە تێدەپەڕی. لە 1990 بایی سیواد لە پارێزگای ماردین کە بەهیچ ڕیگایەک لەم بارەوە خەراپترین پارێزگای وڵات نییە،لە هەڵسەنگان لەگەڵ 77لەسەت بایی مام ناوەندی نەتەویەتی، 48 لە سەت بوو. لێرە جێگای سەرسوڕمان نەبوو، چونکە فیرکردن و ڕاهێنان بەزوانێک بوو کە بۆ زۆڕایەتی خەڵکی ناوچە بێگانە بوو.بایی ونرخی ناونووسی قوتابیان لە قوتابخانە بۆخۆی قسەکەری بارودۆخ بوو. تەنیا 70لە سەت لەمندڵەکان شیاوی ڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا حزوریان بوو، و لەم ژمارەیەش تەنیا 18لە سەت بۆ خویندنی مام ناوەندی دەچوون، و لەم ژمارە دیسان تەنیا 9 لە سەتی دەورەی دووهەمی مام ناوەندیان کۆتایی پێدەهێنا.

بەمجۆرە دوو مەرجی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی ئابووری دەڤەر،یانی لەبێن هەڵگرتن ئاخرین چینی خاوەن مڵک و کەلک وەرگرتن لە زبانی کوردی بە ناوی کەرەسەی فیربوون وڕاهاتن بەڕیوە

نەدەچوون،چونکە هەر دووی ئەم هەنگاوە دژایەتی لەگەڵ سیاسەتێک بوو کە حکوومەت بۆ(بەڕیوەبردن)ی کوردستان گرتبوویەبەر. لە 1944 ئانکاڕا لە ڕایەڵ وپۆی دژی یەکتر کەبۆخۆی لەبۆخۆی چنی بوو پەلەقاژەی تێدادەکرد وکوردستان تووشی هەژاریەک بوو کە لەدایک بووی قسوورو، وەحشەتی حکوومەت بوو.

## ناسەرکەوتنی دۆزینەوەی ڕیگایەک بۆ پێکەوژیان

لەم نێوەدا،لەئولکەی سیاسی،بەهاری ساڵی 1992 بە لێڕوانینی نەحس-نزیکەی 100نانیزامی(خەڵکی ئاسایی) کە لەجەرەیانی نەورۆز بەدەستی ئیستخبارات کوژرابون- دەستی پیکرابوو: نەورۆز هەنۆکە بێ شک وگومان ناوەندی سەرنج ڕاکێشانی ساڵانەی( ئاخافتنی نەتەوەیی) مللەتی کوردبوو. بە هاواری بڵیندی ئاسمان پێکاوی(ڕاست) کە بە گوێچکە دەگەیی و داوای دەکرد کە ئەم شک وگومان و دوو دڵی دەبێ فڕیدێن و بۆ جارێک و بۆ هەمیشە بەکاری پ.ک.ک. کۆتایی بێنین،ئۆزەل ئێستا بەرپسیاری باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی بەتەواوی بە نیزامیان ئەسپاردبوو ئەو هەڵس وکەوتنە ئازادانەی کە لە سەرەتای ساڵ بڕیارگرتبوو بەدەستی لە بیرچوونەوە ئەسپارد. ئۆزەل لە ژێرتەوژم دابوو، زەختی لە سەربوو، نزیکەی یەک چوارەم/4000 کوژراوی لەکاتی شەڕلەگەڵ پ.ک.ک. بەم لاوە دابوو کە پەیوەندی بەم ساڵە وەبوو. حکوومەتی تورکیە بەهیچ لەونێک حازر بە ئەنجام و ڕیککەوتنی چ کارێک نەبوو کە لاوازی سوپای تورک بگرێتەوە.

لەمانگی ئەوتی 1992 بەدوای گوزارشتەکانی ڕاست ودورست کەلە تێکۆشانی پ.ک.ک.لە شڕناک گەیی،هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەوشارەیان هجووم کرد. سەرجەمی دانیشتوانی شاریان،کە 20000کەس بەرئاورد دەکرا،بەکۆ لەشارهەڵاین،وگەلیک لەخانووبەروبناکان بەجۆرێکی تەعمیرنەکراو سەدەمەیان وێکەوتبوو. ڕووداوێکی ئەوهاش لە شوێنەکانی دیکە-لە دارگیجت و چوکورجە- ڕوویدا. نزیکەی 2000کەس گوژران. پ.ک.ک.خێرا توانایی خۆی لە لە ناوبردنی حوکم وئیختیداری حکوومەت نیشاندا. لە کۆتایی سپتامبەر،40ئەندامی (بنەمەڵە) گاردی دێهاتی(جەشەکان)ی لەنزیک وان لەناوبرد. کە زوربەی وان ژنان و منداڵ بوون. ڕۆژێک دوایی وی 25نیزامی لە بۆسە،خست و هەمووی کوشتن. کوردەکانی ئێراقیشی لەمەترسی خست: لە کۆتایی ژوئیە، کوردستانی ئێراقی گەمارۆی ئابووری دا،ئەم کارە بە تۆڵەی پێکهێنانی ئەم تەنگەبەرەو تەنگەژەیە بوو کە لە سەر تێکۆشانەکانی مۆمڵ کرا بوو. ئەم کردەوەی ئیکجار بەسانایی ئەنجامدا: بە خاوەن کامیونەکانی لەبەرانبەر ئاوابوون لە سنوور هوشداردا،ئەمە بۆ وەدیهێنانی ترس لەکەسانێک کەبۆ کوردکانی ئێراق کەل وپەل وئازوقەیان دەبرد بەس بوو.

بە ڕوانین لە ڕق وتووڕە بوونی کوردەکانی ئێڕاق لەم کردەوە،وابەستەکی ژیانی وان بە ئانکاڕا، بۆ ستادی ئەڕتەشی تورکیە ئیقناع کردنی دەوڵەتی ناوچەیی کوردستان، بە هاوکاری و ئالیکاری لەگەڵ هێزەکانی تورکیە، لە هەنگاو هەڵێنان بۆ پەلامارو دەست درێژی دژی هێزەکانی پ.ک.ک. کە نزیکەی 5000کەس بەرئاوردەکران و لە دۆڵ و گەلیەکانی بادینان خۆیان حاشاردابوو،کارێکی هێندە دەژوار نەبوو. لە عەمەلیاتێک کەلە مانگەکانی ئۆکتۆبر و نوامبەر بەڕیوەچوو، هەزاران کەس لە

سەربازانی تورک دەویدا بەشداریان هەبوو، لەو ماوەیە دا  چیاکان و دۆڵ و دەرەکانی باشووری ئێراقیان بست بە بست خول و سوڕدا،سەدان کەس لە پێشمەرگەکانی پ.ک.ک. گوژران. زوربەی جەنگاوەران لە ئولکەی مەعرەکە، دەربازیان بوو یان خۆیان بەکوردەکانی ئێراق بە دەستەوەدا،یان واردی خاکی ئێران بوون.

لە دوایی ئەم جەرەیانە دەنگۆیەک کەوتەسەرزارو زوانان کە دەیگوت: لە بابەت ڕێبەرایەتی ئۆجەلان و ئیستراتێژی ئەو لە ناو پ.ک.ک. دژایەتی سەریان هەڵداوە،چونکە ڕوون و ئاشکرابوو کە کۆکردنەوەو گەڵەکەی 5000جەنگاوەر دژی ئامانجەکانی تورکیە گۆڕانکاریەکی پڕمسیبەت بوو کە لە ئیستراتێژی پ.ک.ک. ڕوویدابوو. ئەم کارە لادان لە بەرنامەی شەڕەکانی چریکی بوو کە دەوێدا گروپێکی گچکە لەچریکەکان،ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی دوژمن لەهەر بزمارکوت دەکەن. ئەم کارە ڕووکردن لەشەڕی ڕاستەوخۆو قەبووڵی شەڕی جەبهەیی بوو کە ئامانج لە وی دەرپەڕاندنی هێزەکانی تورکیە لە هێندێک بەش لەکوردستان بوو. ئەم ئیتراتێژیە لە دوو لاوە نادورست بوو. ئەوڵ ئەمە کە پ.ک.ک. هیچ کات ئەم شانسەی توانایی نەبوو کەهێزەکانی تورکیە لەشەڕێکی جەبهەیی تیک بشکێنێت،چونکە ئەڕتەشی تورکیە بە دەلیلی هەبوونی هلیکۆپترەکانی ڕاگویزتن وتۆپدار تۆپخانەو هێزەکانی زرێی لە قودڕەت ئاگربارانێکی زۆرتر کەلکی وەردەگرت. جگەلەمەش ئانکاڕا بە ویچوونی نزیک بەیەقین ئیتلاعاتی ماهوارەیی لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وەردەگرت. هەڵەی دووهەم ئەمە بوو کە نەم کردەوە ناوەندی کێشمەکێشم لە کۆ کردنەوەی خەڵکی ئاسایی نانیزامی دووردەبوو-لە حاڵێکدا کە وەدەرکەوتنی ئیختیاری ناوچە لەدەست حکوومەت لە ڕاستیدا لەگەڵ کۆکردنەوەی خەڵکی نانیزامی ئیمکانی هەبوو.

لە ماوەی زستان بێروبۆچوو وشک وگومان زۆربوو،لەم بارەوە کە بەڵێ پ.ک.ک.ئیدی پشتی شکاوە. هەتا بەرلە پەلاماری مانگی ئۆکتۆبری تورکیە پ.ک.ک.زەختی زۆری لەسەربوو: لە مانگی سپتامبەر سووریيە پایەگای ڕاهێنانی لە گەڵی (بەقاع) تێک وەرپێچا بوو،و ئۆجەلان بۆخۆی بۆ(لاتالیە)ی گویزتبووە. بەدوای تێشکانی بادینان ئۆجەلان بەتایبەت لەلایان براکەی،عوسمان بەتوندی ڕەخنەی لە سەربوو،ودەنگۆ دەیگوت: کە هێزەکانی پ.ک.ک. لەلای نەماون. دوایی وتارێک لە ژمارەی ڕێکەوت 13ی مارسی 1993 ی گۆڤاری سەباح بڵاوبۆوە کە دەویدا تاڵەبانی دەیگوت: لە دوایی چاوپێکەوتنێک کە ئەو لە فووریيە لە گەڵ ئۆجەلان هەیبووە، ئەو ئێستا ئامادەیە خەباتی چەکدارانە وەلا بنێت و پێشنیاری نەرمتر لە پێشنیارەکانی ڕابردوو یەک لە وان مەحکووم کردنی تێڕۆریسم و دەست هەڵگرتن لە دوژمنداری بوو. ئەم پیشنیارە هەروا گەرەنتی لایانگری لە گرێکردنەوەی  مەسەلە، لە ڕێگای وتوویژ،ڕەت و نەفی لە جیاییخوازی و دەستەبەری بە جەرەیانی دێموکڕاتیک و قانوونی وڵات بوو. پ.ک.ک. هەتا پیشنیاری دەکرد کە ئەم وتوویژە هەتا دەتوانێت نەک بە بەشداری ڕاستەوخۆ خۆدی پ.ک.ک. بەڵکوو لەگەڵ واسیتەی نوێنەرانی کوردی مجلیسی تورکیە بەڕێوەبچێت.

له‌17ی مارسی 1993 ئۆجه‌لان یه‌کلایانه ئاگربڕی له نه‌ورۆزی(21ی مارس) هه‌تا 15ی ئاوریل ڕاگه‌یاند،وقسه‌ی خۆی به‌مه پشت ئه‌ستوورکرد که‌ده‌ویدا هێزه‌کانی وی ته‌نیا له‌حاڵێکدا که هیرشیان بکرێته‌سه‌ر له‌خۆیان به‌رگری ده‌که‌ن. ئۆجه‌لان گوتی: ئه‌گه‌رده‌وڵه‌تی تورکیه نه‌زه‌رێکی موافق ده‌ربڕی(به‌ڵگه‌یه‌ک نییه که نه‌توانین ئه‌م ئاگربڕه درێژ که‌ینه‌وه... ئه‌م که‌سینی دڵم ده‌یه‌وێ(هه‌ل ومه‌رجێک بێته‌پێش)که‌بتوانم بی چه‌ک بۆباکووری رۆژهه‌ڵات بگه‌ڕێمه‌وه، وخه‌ریکی تێکۆشانی سیاسی بم)له‌تورکیه ئه‌م ئاخافتنه وا ئازانتی کرا که ئۆجه‌لان هه‌نۆکه له‌باری نیزامی تێشکاوه، وتێده‌کۆشێ به‌هه‌ر له‌ون و ڕاده‌یه‌ک که بۆی بلوێ پاروه‌کی سیاسی وه‌ده‌ست بێنیت. له 16ی ئاوریل ئۆجه‌لان ئاگربڕه‌که‌ی بۆ سه‌رده‌مێکی نادیاریکراو نوێ کردوه. خه‌ڵک پییان وابوو که ئیدی غیره‌ت ووره‌ی شه‌ڕکردنی نییه. داواکاریه‌کانی شتانێکی زۆرتر له‌وانه، نه‌بووکه‌له کۆڕوئه‌نجوومه‌نی سیاسی تورکیه سه‌ری کرابۆوه (ده‌بێ به ئێمه ئازادی فه‌رهه‌نگی و مافی بڵاوکردنه‌وه‌ی به‌رنامه‌کانی ڕادیویی به‌زوانی کوردی بده‌ن. گارده‌کانی دیهات(جاشه‌کان) ده‌بێ هه‌ڵوه‌شێندرێنه‌وه،به‌حاڵه‌تی نائاسایی(حکوومه‌ت نیزامی) له‌کوردستان کۆتایی بێت. کارگێرانی تورکیه ده‌بێ بۆ پێشگیری له کوشت وکوشتاره‌کانی(به‌دزی ونهێنی وسڕی)هه‌نگاوی پیویست هه‌ڵینن ومافی سیاسی سازمانه‌کانی کورد بناسێت و له‌به‌رچاوبگرێ)سه‌یرئه‌مه بووکه ئۆجه‌لان چ ناوێکی له‌(مافی دیاری کردنی چاره‌نووسی) ده‌م لێنه‌دابوو.

به‌ڵام قه‌زاو قه‌ده‌ر،ڕۆژی دوایی سه‌رکۆمار ئۆزه‌ل به‌هۆی حه‌مله‌ی قه‌لبی مرد. له‌مانگی فۆرییه ئۆزه‌ل قاقه‌زه‌کی شه‌ش لاپه‌ڕه‌ی سه‌باره‌ت به‌(بێگانه‌تی) ڕوو به به‌روپێشچوونی کۆمه‌ڵگای کورد له حکوومه‌ت و شوێن تێکه‌ری زۆری پ.ک.ک. و هه‌ڕه‌شه له ته‌واوه‌تی وڵاتی تورکیه له درێژخایه‌ن بۆ سه‌رۆک وه‌زیران ده‌میراڵ، نووسی بوو. ڕێگاچاره‌یه‌کی که پیشنیاری ده‌کرد ڕێکخسنێک له وتووێژ و ڕووبه‌ڕووئاخافتنی ئازاد و دوورخراوه‌یی نزیکه‌ی 200000کورد بۆ پێشگیری له ده‌ست وێڕاگه‌شتنی پ.ک.ک. به‌خه‌ڵک هاودڵ و هاوهه‌نگاو له ناوچه‌کانی عه‌مه‌لیاتی بوو. ژماره‌یه‌کی ئه‌وها پێشتر دوورخرابوونه‌وه، به‌ڵام ئاکامی ئاره‌زومه‌ندانه‌ی به ده‌ست نه‌هینا بووته‌نیا ئاکامی ئه‌م کاره بڵاوکردنه‌وه‌ی شه‌به‌که‌کانی لایانگرو جامینخوازانی پ.ک.ک. له شوێنه‌کانی دیکه‌ی وڵات بوو.

بیروبۆچوون له‌م باره‌وه که‌ئه‌گه‌ر ئۆزه‌ل نه‌مردبوایه مێژوو ڕه‌نگه شته‌کی دیکه بوایه که هه‌یه،کارێکی بێ به‌رهه‌مه. خولاسه، تورکیه و ئۆجه‌لان،ته‌نیا سیاسه‌تمه‌دارێکی نیشاندابوو ده‌یتوانی شتێکی تازه،هه‌رچه‌ند که‌م،له‌په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ مه‌سه‌له‌ی کوردو ڕووبه‌ڕوو بوون له‌گه‌ڵ کوردان بێنێته‌گۆڕ،له‌ده‌ستیان دابوو. سوله‌یمان ده‌مێراڵ وه‌کوو سه‌رکۆمار به‌جێنشینی ئۆزل دانرا، وڕه‌قیبی ئه‌سلی خۆی،کامڕان ئینانی که بۆخۆی کوردبوو به ڕێژه‌یه‌کی زۆرله‌پشت سه‌ربه‌جێهێشت. ده‌مێراڵ به‌پێچه‌وانه‌ی قسه‌نه‌رم وحه‌لیمه‌کانی که‌ئارام به‌خشی دل وده‌رون بوون که‌له‌سه‌رده‌می سه‌رۆک وه‌زیری له‌ساڵی 1991 وه‌به‌ربای ده‌دان هێنده‌ی حه‌زوخوازیاری به چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی کورد له‌ڕێگای سیاسی نیشان نه‌دابوو. هه‌نۆکه‌ش ده‌ستی له سه‌رده‌ست دانابوو وبه ئه‌ڕته‌شی هه‌ل ڕه‌خساندبوو هه‌تا ئاگری بڕی ئۆجه‌لانی به‌هۆکاری لاوازی وی ئازه‌نتی بکات. ئه‌ڕته‌ش له‌ناوچه تێکۆشا 7000جه‌نگاوه‌ری که ئۆجه‌لان ده‌یگوت له‌ده‌قه‌ربڵاو بۆته‌و بدۆزێته‌و وبیانگرێ.ماوه‌ی شه‌ش حه‌وتووی دوایی هێزه‌کانی نیزامی نزیکه‌ی 100پێشمه‌رگه وخه‌ڵکی ئاسایان کوشت،سه‌دان که‌سیان

زیندانی کرد،وخاپوورکردنی خانوەکانیان دەست پێکردەوە. دەمیراڵ وئەرتەش بۆ هەمووکەسیان ڕوون کردەوە کە وتوویژ یان چ جورە مافی وەپێشخران وشیاوتربوون (ئیمتیاز) لەکاردانییە-سەرەتا پ.ک.ک-ی بەئیکجاری لەناو دەبن،پاشان سیاسەتی دەوڵەت، سەبارەت بە کوردەکان سەرلەنوێ دەدەنە بەرلێکۆڵینەوە،چاوی پێدا دەخشێننەوە، و هەڵیدەسەنگێنن و ئاکامەکای وەدەست دێنن.

لە25ی مەی گروپێک لە پێشمەرگەکانی پ.ک.ک.پێشی ئوتوبوسێکیان لەنزیک بینگۆل گرت و 35نیزامی کە دەویدابوون و ئیزنیان وەرگرتبوو لەماڵ دەگەڕانەوە کوشتن. ڕەنگە ئەمەکاری یەکێک لەفەرماندەرەکانی نالێهاتووی پ.ک.ک.بوو کە دەیەویست ئاگربڕ تێکدەربێت. هەرچەند ئەم فەرماندە چ دەستووری وەرنەگرتبوو. بەڵام ئۆجەلان ئیدی چارەی جگە لەمە نەبوو کە ڕاگەێنێت کاتی ئاگربڕ تەواوبووە-ئەم کارەی لە ژوئین داکرد. پ.ک.ک.شەڕی دەست پێکردەوە،چونکە تورکیە لەم ماوەیەدا چ هەنگاوێکی وێچووی هەڵنەهێنابوو: نە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیویی و تەلەیفزیونی کوردی ئیجازەدابوو و نە عەمەلیاتی نیزامی هەڵپەساردبوو. ڕاستییەکە ئەمەیە،کە حکوومەت تێکۆشانی ئەمنیەتی هەڵپەساردبوو،ئەمە ڕەنگەبڵێیین زوربەی خەڵکی ئیقناع دەکرد بەمە کە حکوومەت ئامادەیە لە توندوتیژی نەریتی خۆی کەم کاتەوە.

دیسان کوردستانی تورکیە لە خوێناوی شەڕیدا نوقم بوو. سەرۆک وەزیران، تنسوچیللرکەبە بڕیاری ستادی ئەرتەش بە دەست پێکردنەوەی دەست درێژی کە دەستەبەری هێرش بۆ سەرشارەکانی کولپ و لیجە-ش بوو،دژایەتی نیشاندا. لە ڕۆژێکی مانگی ژوئین 75 خەڵکی ئاسایی و سەربازو چریک کوژران. ئەومانگ(لە 1984بەم لاوە)ژمارەی کوژراوان نزیکەی لە 6500کەس کرد.

هەنۆکە لایانەکانی دوژمن(دەوڵەت و پ.ک.ک.)تێدەکۆشان ڕادەی کیشمەکیشمەکان بەرفرەوان بکەن وپەرەی پێبدەن.وشەڕی بۆ شوێنەکانی دیکەی تورکیە ڕابکێشن. لە ئانکارا(حیزبی خەڵکی کرێکار)ی بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ هەستی نەتەوەیی خەڵکی کورد هەڵوەشاوەراگەیاندرا. دەستەیەک لە نوینەرانی حیزب بەرێ پێشتر گروپێکی تازەیان لەژێرناوی( حیزبی دێموکراتیکی ڕەنجبەران)پێکهێنابوو-مەبەست لەم کارە بێکەڵک کردنی و لە ناوبردنی هەنگاوی دەوڵەت بوو. بۆ دەربڕینی توندوتیژی زۆرتر سەبارەت بەکوردەکان،دادگەی قانوونی ئەساسی وڵات،پاریزراوی(مصونیت) ئەندامەتی پاڕلەمانی یەکێک لە میانەڕەوترین نوێنەرانی کوردی مجلیسی هەڵوەشاوەڕاگەیاندو باتڵ کرد.

پ.ک.ک.حەزی لەمە دەکرد خەبات بۆ ناو جەرگەی ناوچەکانی تورک نشین ڕابکێشێت،و چەک و چۆڵی تازەی لە جبەخانەی خۆی بۆ ئولکە هێنا. لە نیوەڕاستی ژوئین هەنگاوی بۆ زنجیرەیەک هێرش بۆ سەر ناوچەکانی گەڕیدە لە قەراخ باکووری تورکیە هەڵینا، و بە گەڕیدەکانی دەرەکی دژی سەردان، لە تورکیە هوشداردا. لەم نێوەدا هێندێک لە گەرێدەی ئۆروپایی لەکوردستان بە بارمتەگرت. لە24ی ژوئیە، بۆسەر باڵوێزخانەی تورکیەی لە(برن) هجووم کرد-ئەمە زنجیرە عەمەلیاتێکی هاوئاهەنگ بۆ سەرئامانجەکانی تورک لە شارەکانی ئۆڕوپا لە مانگی نوامبەر بوو. ئەم جەرەیانە بوو بە هۆکاری پێشگیری لە تێکۆشانی پ.ک.ک. و سازمانەکانی وابەستە بە وی لە ئاڵمانیە و گرتن و دەست بەسەرکردنی ژمارەیەک لە لایانگرانی وی، لە فڕانسە. و ئەم هەنگاوە

سەرچاوی ئابووری پ.ک.ک.ی بەتوندی هەڕەشە لێکرد،کە دەگوترا لە ڕێگای ترس و لەرز لە کۆچەرانی کورد دابین دەکرا.

پ.ک.ک. لەم نیوەدا دەسەلاتی بەسەرباکووری ڕۆژ هەلاتی ولات نیشاندا. ئەگەر(لۆچێک حیزب اللە) دەیتوانی چاپەمەنیەکان بترسێنیت،پ.ک.ک.ش دەشیا ئەم کارەبکات. لە 18ی ئۆکتۆبر هاتنی سەرجەمی هاوەڵدەرانی تورک و ئۆروپایی بۆ کوردستان یاساخ کرد، بە سەرکەوتن بە حزووری هەموو نوێنەرانی چاپەمەنی تورک لەکوردستان کۆتایی هێنا. ملکەچی لەم فەرمانە نیشاندەری گەمەی ئاشکرای پ.ک.ک. بەحوکم و شوین تێکەری حکوومەت لەناوچە بوو. هەتا کۆتایی ساڵی 1993 ژمارەی کوژراوان بە/10000کەس گەیشت،و حکوومەت لە پارێزگاکانی باکوور ڕۆژهەلات بەلێڕانێنیکی دەڵەڕاوکە ڕووبەڕوو بوو: دەیبینی کە دەڤەر وەکوو وەیە کە لە قەبانچەلەی حوکم وشوێن تێکەری وی دەردەچێت.

لە 1994 بارودۆخ بە جۆرێکی بەرچاو بەرەو تەنگەژە گلۆر بۆوە. دەوڵەت هێزێکی /300000کەسی لە مەڵبەند کۆکردەوە هەتا پ.ک.ک.ی جارێک وبۆ هەمێشە تیک بشکێنیت. حەولدان بۆ ئیدانەو مەحکووم کردنی چریکەکان لە دەست وێراگەین بە گوندەکان،جەرەیانی بەتاڵ کردن و، وێرانی ئاوایەکانی وەپەلە و پرتاوخست. ساڵ وەرنەگرابوو دەگوترا کەلە 1984 بەم لاوە نزیکەی 20000کەس گیانیان لەدەست دا، و لەم حەول وتەقەلای حکوومەت بۆ لە ڕێشە دەرهێنانی نەیاران زێدەتر لە /2000گوند چۆل و خاپوور بوونە. ئەشکەنجەکردن وکوشتنی دێهاتیەکانی ئاسایی بە ڕادەیەک بەرزبۆوە و، بەربلاو بوو کە گەلێک لە گوندەبیەکان ئیدی لە ترسی گیانی خۆیان ماڵ و حاڵی خۆیان بەرەڵلا کرد هەتلەو هەلوەداو لاوازو ئاوارەبوون. کارتێکەری ڕاستەوخۆی ئەم مەسەلە ئەمە بوو کە گەلیک خەلکی بێ ماڵ و هەلوەدای بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕەوانەکرد. شاری دیاربەکر لە کۆتایی ساڵی 1990 کە سەرئەژمێری فەرمی دانیشتوانی وی /350000 رادەگەیاند،لەوانەیە /500000کەس جەماوەری هەبوو، هەتا کۆتایی ساڵی 1994 نزیک بە یەک ملیون پەنابەرلەناوچەکانی دێهاتی، لەم شارەدا گیرسابوونەوە، و ئەمە جەرەیانێک بوو کە لە شارەکانی کوردستان یەک لە دوای یەک دووپات دەبۆوە. نزیکەی /20000کەس-ش لە سنوور ئاوابوون و بۆ (ناوچەی ئەمین)ی کوردستانی ئێراق پەنایان برد.

سیاسەتی دەوڵەت ناچار لە سەر فەزای سیاسی کارتێکەربوو. (حیزبی دێموکراتیکی ڕەنجبەرانی کوردستان) لە جەرەیانی خەباتی دەنگدانی ناوچەی ساڵی 1994 لە دوای ترۆر کردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی وی و بۆمب دانانەوە لە ناوەندی حیزب و لکەکانی وابەستە، وگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئانداماں،بەفەرمی لە بەشداری کردنی لە دەنگدان لاتەریک بوو. کەم بوون ئەندامانێک کە لەم بابەتە شک وگۆمانیان هەبێت کە ئەم جەرەیانە،خەباتێکی ڕیکخراوەیی و توندو تۆڵە کە دەوڵەت دژی حیزب بەکاری دێنیت. لە نیوەڕاستی مارس بۆمبەک کەپ.ک.ک. داینابۆوە 6کەس لە خوێنکارانی زانستگای ئەفسەری لە ئەستانبۆڵ کوشت. حکووومەت بەم (لێکدانەوەو بۆچوونە) کە حیزبی دێموکڕاتیکی کرێکارانی خەڵکی کورد )وەکوو باڵی سیاسی پ.ک.ک. کاردەکات،شەش نوینەری کوردی زیندانی کرد،و پاریزراوی پاڕلەمانی ئەوانیشی باتل کرد، و ئەوانی تۆمەتبار بەجێاییخوازی کرد. لە مانگی ژوئین(حیزبی دێموکڕاتێک) هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرا. هەرچەند حیزبێکی نوێ بەناوی(حیزبی دێموکراتی خەڵک)دامەزراندرا،ڕوون و ئاشکرابوو کە حکوومەت بڕیارگرە هەرجۆرە

باس و ئاخافتن سەبارەت بە مەسەلەی کورد بە دەستی خۆدی کوردەکان لە چەقەرەداندا خاشەبڕکات.

سیاسەتی حکوومەت لەبەرامبەر مەسەلەی کورد هێورهێور ئۆلکەی سیاسی لەکوردستان ئاوەژو کردبۆوە. دایم ودەرهەم ژمارەیەکی بەرچاو لەکوردەکان، یەک لەوان بەرگریکەران لە مافی خەڵکی کورد،کەسانێکی وەکوو شاردارەکانی جەزیرە،و وان،لە حیزبی ڕفای نەجمەدین ئەربکان، داکۆکیان کردبوو. بەڵام زۆرایەتی خەڵکی کورد،لەڕفایان بەچاوی شک وگومان لێدەڕوانیێ، وهۆکاری ئەم مەسەلە بازیک شیوازی مەزەبی وهێندیک یەکیەتی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبی ڕاستـی(حەڕەکەتی نەتەوەیی) بوو. لەبەرئەمە چاخێک ڕفا،لە 1992 لە (حەڕەکەتی نەتەوەیی)خۆی لاتەریک کرد وبەڕاشکاوی لەگەڵ قەزیایەکی نالەباری کوردەکان دلسۆزی نیشاندا بە لەز کوردەکانی کە پێشتر بە حیزەکانی(دایکی نیشتمان)و(ڕێگای حەقیقەت) وهەتا حیزبی سۆسیاڵ دێموکرات دەنگیان دابوو بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئەم حیزبە ڕۆڵێکی باشی هێناکایە: مەسەلەی حقوقی بەشەر لەباکووری ڕۆژهەڵات چەسپی وبە توندی لە ئەڕتەش و دەولەت ڕەخنەی گرت،و وەبیر خەڵکی هێنایەوە کە بەرلە حکوومەتی کۆماری جیایی لەدین،لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی کوردو تورک وەکوو دوو برا پێکەوە ژیاون. ئەو حەولی دەدا لەمەڕ ڕێگاچارەی ناسیونالیستی مەسەلەی کورد لاق دانەگریێ بەڵکوو هەیکەلی بەرگری حقووقی ئینسانی بەخۆیەوە بگریێ. لە کۆنفرانسێک کەلە مانگی نوامبەر بە بانگیشتنی(ڕفا)و(ئەنجومەنی مەزلووم لە حقووقی بەشەر)پێکهات و داخۆیانێکی گرینگی لێکەوتەوە:

لە جیاتی هەبوونی وڵاتەکی تاکە(نەتەوەیی) کە مافی(نەتەوەکانی) دیکە حاشا لی بکات،وڵاتێکی چەند(نەتەوەیی) دەبێ بو وجوود بێت.

لە دەنگدانی ناوچەیی مارسی 1994 حیزبی ڕفا،19لە سەتی دەنگی ناوچەکانی دێهاتی بەدەست هێنا و حیزبی سۆسیال دێموکراتی بۆ تەبەقەی چوارەم ڕاونا،لە حاڵیکدا کە بەشی لە دەنگەکانی کوردستان لەمە زۆرزێدەتر بوو. لەوجێگایەوە کە خیزبەکانی(دایکی نێشتمان) و(ڕێگای حەقیقەت) وەزعێکی سیاسی ئەوهایان هەبوو،حیزبی (ڕفا) هەنۆکە سروشتی ترین حیزبی(ئەپۆزیسون) بوو.

لە 1995 وای دەنواند کە دەتگوت ڕوو بەڕوو بوونی ڕاست وچەپ،مەزەبی و لایانگری جیایی دین لە سیاسەت، کە دیاریکراوی نەسلێکی تەواوی خەباتی سیاسی بوو هەنۆکە تووشی گۆڕانکاری بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکاریە بازیک لە زێدەبوونی دەنگدانێک بوو کە بە(ڕفا) دەدرا،کە ئێستا ئەو ڕەنگی توندی مەزەبی یەک دووساڵ پێشی نەبوو. لە عەینی حاڵدا پشیویی وئاڵۆزی کە لە ئیدۆئۆلۆژی کارتێکەر لە جەرەیاندا سەری هەڵدابوو لەسەر شێوەی هزری گشتی شوێنی دانا: کۆنیو دوورمانەوەی ئیکجار زۆری کەمالیسم شک وگومان و دوو دڵی سەبارەت بە هەلس وکەوت و ڕووبەڕوو بونەوەی دەمارگرژی لەگەڵ دین و جیایی دین لە سیاسەت وڕووژاوکرد بوو، لە حاڵێکدا لە ناوچوونی کمونیسم لە بلوکی شووڕەوی بناخەی ئەم بۆچوونەی کە ئازادی نەتەوایەتی بەخۆدی خۆد خەباتێکە چەپ و جیالە دین، بەتەواوی تێکدا. بە لێڕوانین وسەرنجدان بە ناسەرکەوتنەکانی کە پ.ک.ک. هەنۆکە لە مەیدانی شەڕ لە ئەزموونی داوەو ئەوتێشکانانەی کە چەپەکانی (حیزبی کرێکارانی خەڵکی کورد) و حیزبی دێموکراتیکی ڕەنجبەران) لە ئولکەی سیاسەت، کردبوویان ئێستا بۆ هەوەڵین کەڕەت لەدەیەی 1950 بەم لاوە ئیمکانی ئەم بۆچوونە لەگۆڕێ بوو کە دەست و

پەیوەندی مەزەبی و نامەزەبی بزوتنەوەی کورد، بتوانن بە لێک تێگەیشتنی زۆرتر لەگەڵ یەکدی کاربکەن و حکوومەت بە ناسینی مافی خۆیان واداربکەن. بەڵام ئەم ئەمرە لەوانەیە هۆکاربێت کە ئەندامانی عەلەوی مەزەبی کۆمەڵگای کورد خۆیان لە بزوتنەوەی نەتەوەیی کە دین و مەزەب ڕەنگی توندی ئیسلامی سوننە بەخۆوەبگرێ،هەڵاوێرن.

هەڵچوونێکی ئیکجارزۆر لەنیوان دوو کۆمەڵگا

سروشتی بوو کە بەردەوامی کێشمەکیشم،هەڵچوونەکانی ڕوو لە زێدەبوونی نیوان دوو کۆمەڵگای تورک و کوردی بۆ ڕاستایەک بێنێت و ئاشکرابکات. ڕابردوو، پێشینەی ئەم هەڵچوونانە بە قسووری(چەپ) لە داکۆکی لە کوردەکان لەدەیەی 1970 دەگەڕێتەوە. هەستی بێ بایەخ کردنی ڕەچەڵە(نیژادی) لە هێندیک کۆڕوکۆمەڵ و ئەنجومەن بوونی بوو. کە سەرانسەری درێژایی دەیەی 1980 بەگشتی خەڵکی تورک لە شێوەی فکرکردنەوەی ڕیبەرانیان داکۆکی دەکرد کە ئاقیدەیان وابوو(جیاخوازی کوردی)شتێکە(ئیلهام و تەڵقین کراو لەبیانیەکان). لەسەرەتای دەیەی 1980 ئەم لولو-ە ئیتحادی شووڕەوی بوو،پاشان سورییە جێی وی گرت، و دوایی ئێران وئێراق. لە 1990 بەم لاوە بە گۆڕانکارێەک باش کەلەکوردستان قەوما،و شوینی وی، بزوتنەوەیەکی ئاشکرای جەماوەری بوو، و بەو هەنگاوە دووڵانە کە ئانکارا لەمەڕ ناسینی بەڕاست ودورستی کەمایەتی کورد هەڵیگرت،زۆرایەتی خەڵکی تورک، کەمایەتی کوردیان بەچاوی هەڕەشەیەکی بەڕاستی لێدەڕوانی. بازێک لەتورکەکان لە(ڕێگاچارەی درسیمی)مەسەلەکە،بیرەوەری ئەم شیوازو شیوانەبوو کە لەدەیەی 1930 بۆ خەشەبڕکردن ورەگەزبڕینەوەی نەتەوەی کورد بەکاری هێنابوو قسەیان سازکرد وپیویستی زانینی دەرسی عیبرەتێکی باش بەکوردەکانی وەبیردەهێناوە. هەست و ئیحساسێکی ئەوها ڕەنگەکارتێکەر لە(پاک وپیس لێکردنەوە)کانی قەومی بوو کە لە دوو لای تورکیە تێدەپەڕی: لە یوگوسلاوی پیشوو ونیوان دوو کۆماری ئەرمەنستان و ئازەربایجان. بەڵام هەتا لێبراڵەکانی (تورکی)ش لەکوردەکانیان بەچاوی بێ ڕیزوحورمەت دەڕوانی. بۆ نموونە،لە 1990 لەباتمان،(پترولیوم یونیون)لەداواو چەقەوکیشەیەک، بەهۆی مەسەلەی قەومی لەداکۆکی لەکرێکارانی ناوچەیی خۆی جوابجەنگی کرد. ڕووبەڕووبونی ئەوهالە ئەنجوومەنی وکلاو ئەنجوومەنی ئەندازیاران و (دکتۆرانی)ش وەبەرچاودەکەوت(ئەنجومەنی حقووقی بەشەر)هەتا پیشگیری لەمە کرد کە نوێنەرەکەی لە (تونجلی) بە زبانی دایکی خۆی قسەبکات،(چونکە ئەم کارە دژی قانوون بوو.)

تێبینی:1سەرکوتی درسیم و خاپوورکردنی گوندەکان و دوورخراوەیی خەڵک، وسوتاندنی هەڵاتوان لە لێڕەوارەو جەنگەڵەکان و خفەوخنکاندنیان لە ئەشکەوتەکان بەهۆی دووکەڵ تێکردن وقانگدان.

ئەم جیاییە،نێوان کۆمەڵگای کۆچەری کوردو هاوسایەکانیان،بەتایبەت لە ناوەندییەکانی تەژی جەماوەر،شوێنەکانی وەکوو ئانکارا و ئەستانبۆڵ وئەزمیر،زێدەتربوو. سەرئەژمێریەک کە گۆڤاری سەباح کەبەهاری ساڵی 1992 هێندێک بەر لە ڕووداوی وەحشتناکی ساڵی 1993،لەم جەرەیانەی وەدەست هێنا نیشانی دەدا کەتەنیا 23لە سەت لە تورکەکان هەست پێدەکەن کە دەتوانن لە گەڵ

کوردەکان بوشێوەی(برایانە)پێکەوەبژین. ئەم سەرئەژمێریە حیکایەتی لەبێ باوەڕی ونامتمانەیەکی توند دەکرد کەسەبارەت بە ئارمان وتاسەو ئارەزوەکانی سیاسی خەڵکی کورد بوونی بوو.لەحاڵێکدا کە 70لەسەتی کوردەکان دەڕیاندەبڕی کە خوازیاری پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ نین،89 لەسەتی مللەتی تورک پێیان وابوو کە کوردەکان ئارەزو مەندی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆن. لەئاناتۆلی ڕۆژئاوا جینارەکان،هەڕەشەیان لەوەرزێران دەکرد کە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم،کرێکاری وەرزێری کورد بەپاڵەنەگرن. لە پاییزی 1992 لەشارەکانی فتحە،ئالانیە،بورسە،کوشئاداسی، وئەرزەڕۆم خۆپێشاندانیک دژی کوردەکان پێکهات،جەماوەر هێرشیان بۆسەرکوردەکان کرد. ڕووداوێکی ئەوها لەدوایی هێرشی پ.ک.ک.بۆسەرئامانجەکانی گەڕیدەلە 1993و 1994 بە بێچمی شتێکی ئاسایی هەمووڕۆژەی لێهات. هەرکات کە بنەمالەیەک کورەسەربازەکەی لەباکوور ڕۆژهەڵات لەدەست دەدا(دەکوژرا) ئاگری ئیحساساتی دژی کوردی دیسان هەڵدایسا. لەم نیوەدا جگە لە کارگێرانی حکوومەت و دەست وپەیوەندی ئیستخبارات، گەلێک لەتورکەکان خەرێکی ئەمە بوون کە کوردستان بەجێ بێڵن،وبەمجۆرە تێکۆشانی حکووەمتیان لە لێکدانی هاوسەنگی جەماوەر بەقازانجی تورکەکان وەک بڵقی سەرئاو پووچاندەوە.

جیایی لەش و گیانی ئەم دوو کۆمەڵگای ئەسلی، کۆماری نیگەرانی بەردەوامی کۆمەڵگای تورک، لە بەرز بوونەوەی جەماوەری کوردەکان کامڵ دەکرد. لە 1989 بە پێی پیرستی سەر ئەژمێریەکانی فەرمی بایەخی(ناخالیس)ی مام ناوەندی زاو زۆ،لەکوردستانی تورکیە2/75 لە سەت بوو،لە هەڵسەنگان لەگەڵ یەک سەتم لە ناوچەکانی تورک نشین و1/49لە سەت لە سەرانسەری وڵات. نزیکەی /50لە سەتی جەماوەری کوردستان لە ژێر15ساڵ بوو،لە هەڵسەنگان لەگەڵ کەمترلە 35لە سەت جەماوەری خەلکی ڕەچەڵەتورک. ماناو مەفهوومی بە تەواوی ڕوون و ئاشکرابوو: کە کەمایەتیەکی کە نزیکەی 20لە سەتی جەماوەری ئەمڕۆی وڵاتی پێکدێنێت لەگەڵ زێدەبوونی زیاترلە جەماوەری هەمووڵات زێدەدەبێت،مەگین ئەمەکە ڕادەی زاو زۆ بەتوندی بێتەخوار. لایانەکەی جەماوەری دیکەی کەبە داهاتوو پەیوەندی دەبێت کۆچکردنی جەماوەرێکی زۆرترە کە بەهۆی هەڵلا وکیشەی ناوچەیی بەرەو ڕۆژئاوا،یانی ئەستانبۆڵ وشارەکانی دیکە دەچن. لە حاڵیکدا کەلە دەیەی 1960 کۆچەرانی کورد لە هەموو شوێن وەبەرچاو دەکەوتن و بەڵام سەرهەڵدانی ئاشکرایی بەربڵاو بوون،لە نێوەڕاستی دەیەی 1990 دەڤەرەکانی یەکدەستی کوردنشین و ئەو(شارۆچکانەی)لە ناو شارەکانی گەورەی تورکیە بوونیان هەبوو.

لەناو کوردستانیش گۆڕانکاریەکی توندوتیژ ڕوویدابوو. هەتا لە ساڵی 1980هێشتا دەکرا لەئیدارەی کوردستان لەگەڵ واسیتەی یەکیەتی قازانجی نیزامیان ودەزگای ئیداری ناوچە و خاوەن مڵکەکان قسەبکرێ. لە 1990 چینێکی تازە وەسەرپێ کەوت،ئەم چینە(مروڤی پێشەیی) بوون،زوربەیان لەبنەماڵەی ئاغاوەت بوون،وئەم چینە لەگەڵ چینی حوکمڕانانی پیشوو پەیوەندیان هەڵبڕیبوو. ئەم خەڵکە(خاوەن پێشەیە)وژمارەیەکی ڕوو بەپێشکەوتووی خەڵکی نێوە دەرس خوین وڕۆشنبیر وبێکارو بەهەرشتێک کە ئانکارا پەروەردەی دەکرد و گیانی پێدەبەخشی،و لە هەموان زۆرترلە سەر فەلسەفەی کۆچ پێکردنی بەزۆری و دوورخراوەی کەمالیستی، بەچاوی شک وگومان و بیزاری بێ باوەڕی و نامتمانەیی لێدەڕوانی. دەزگای حکوومەتی ئانکارا لەگەڵ ئاناتۆلی لە ڕەکێش کردن و بەدەست هێنانی هەموو دەنگەکانی خەڵکی کورد،هەنۆکە بەبەڕیوەبردنی مللەتێک کەلە ناو

کۆمەڵگای کۆماری هەر ڕۆژ زێدەترلە بەرێ بە بیگانەتی زۆرتر گلۆر دەبوونەوە،تێمابوو،وگیری کردبوو.

تەنگ بوونەوەی ئاڵقەی دەنگدان

ئەم دەست وپەیوەندی کۆمەڵایەتی هەموو حیکایەتیان لەمە هەبوو کە عەمەلیاتی پ.ک.ک. لە شاخاویەکان ئەگەرلەگەڵ حەول وتەقەلاکانی یەکچەلی وژێربینایی بەهۆی ئاشتی کەمایەتی کورد،چ لە لەبەستینی نەتەوەیی وچ لە بەستینی ئابووری، هاوهەنگاو نەبێت،جگەلە کات لەدەست دان شتێکی دیکەی لی ناکەوێتەوە. لەسەردەمی دەسەڵاتداری تورگوت ئۆزەل لە سەر دەمێکی کورت وکەم خایەندا ڕوباری تورکیەی تەژی لەئاسایش،کە پێناسی ناڕازیانی کوردی دەم پێداهێناو ئەوانی بە هۆی زاوزۆ لەگەڵ کۆمەڵگای تورک دنەدا،بۆ خەڵک دیاریدا. بەڵام لە 1994 بەهاتنەسەرکاری تنسوچیللر بەسەرۆک وەزیران و پڕتاوگرتنی سەرکوتی ئەڕتەش لە کوردستان-ئەویش بایی 8میلیارد دوڵار لەساڵ-ودەرکردنی نوێنەرانی ناتوندڕەوی کورد لە مەجلیس ئەم ڕووبارە ویشکاویهات وون بوو. لەم نیوەدا ئاڵقەی دەنگدانی تورکیە تەنگتربوو. پەڕاندنی بەئاشکرای هەریمی حقووقی بەشەر، دوژمنی و بیزاری خەڵکی لەسەرگۆی زەوی وڕووژاند. بەسەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و بەرز بوونەوەی بەردەوامی هەستی ئیسلامی،کە هەنۆکە میراتگری کەمالیستی زیدەترلە سەربەخۆ خوازی کوردەکان هەڕەشە لێدەکرد،وڵاتی بە بارودۆخێکی گەلێک خەراپتر ڕوو بەڕوو کرد.لە ڕاستیدا بەکۆچکردنی کمالیسم،بێ ئەمە کە(هزروفکرەکی)دیکە شوێنی وی گرتبێتەوە، ئەو زەخت وتەوژمانەی کە سەبەبی (هەرد هەژێنی کۆمەڵایەتی) تورک ئۆزل بوو،هەروا دانەمرکاوە و بەردەوامن.

سەرچاوەکان:

رسمی ترکیە،سازمان برنامەریزی وابستە بەنخست وزیری، برنامة توسعە وعمران آناتولی جنوب شەقی(گاپ): گزارش مربوط بەطرح،جلد 1(آنکارا،1989) مؤسسة آمارکشور،1991،ساڵنامة آماری ترکیە(آنکارا ،19929،

منتشرشەە:

بوزارسلان،نین امت وناسینالیسم،دیدبان هلسنیکی،انهدام هویت قومی( واشنگتن،1988-1990) امری عادل: شکنجة کودکان درترکیە(نیوریورک و واشنگتن،1991)عصمت امشب،(پ.ک.ک.) فرینبدگی ترور،درخلاسەی گزارش (آنکارا،ژانویة 1987-مە 19889)و(پ.ک.ک.: گزارش دربارة خشوت جدایی خواهانە(1973-1992)(انکارا 1992) مور،کردهای امروز، فیلیپ رابینسن،ترکیە وخاورمیانە(لندن،1991)و(کشورفرمانروا سیاست ترکیە ومسالة کرد) اموربین النەتەویەتی،جلد69،شمارة 4اکتبر 1993،لالە یالچین هکمان،قبیلە وخویشاوندی درمیان

کردها(فرانکفورت،1991) و (سازمان قبیلەای کرد وجریانات سیاسی محلی) درنوشتة اندروفینکل ونکهت سیرمان بنام کشورترکیە، جامعة ترک(لندن ونیویورک،1990).

رۆژنامەها ومجلات:دیلی تلگراف،اجیپشن گازت(مجلة مصر) فایننشل تایمز،الحیات، ایندپندبتماینترنشنل هرالد تریبیون،اخبار وتفاسیر کردستان، گزارش کردستان،میدڵ ایست اینترنشنڵ،لۆموند،نیویورک تایمز،سرویس خبری آبزرور،تایمز،گزارشهای ترکیە،خبرهای روز ترکیە،بررسی مسائل ترکیە،صدای کردستان،گزارشها وبیانیەهای دیدبان هلسنیکی وسازمان عفو بین الْنەتەویەتی.

مصاحبەها

ازاین مصاحبەها بی نگرانی می توان لەمصاحبە باین عدە یاد کرد: موسی آنتر(استانبول، 18سپتامبر 1990)سدات آبیار(لندن،تابستان 1993) اسماعیل بسیکچی(آنکارا،24 سپتامبر 1990) سرحد بوجاک)استانبول،17 سپتامبر1990) خطیب دجلە (دیاربکر،12 اکتبر1990)جین هاوارد)آنکارا،26،سپتامبر1990)عصمت امشب(آنکارا،25 سپتامبر 1990) کامران اینان(آنکارا25 سپتامبر1990) مددسرحد(استانبول 20سپتامبر1990) پروفسورآیدین یالچین(آنکاڕا،24 سپتامبر 1990)،.

بیرنامەکان:

1-لۆموند،16ی ژوئین 1983. 2-بە گێرانەوە لە امشب لەپ.ک.ک. لاپەڕەی 24. 3-شاهین دونز،بەگێڕانەوە لە ئەمشب لەپ.ک.ک.لاپەڕەی 18. لەسەردنەدان وکێشمەکێشمەکانی نێوان قەبیلەیی باقی کارر،کە بۆخۆی لە(پۆجولر)ەکانی هەوڵ بوو وپاشان لەپ.ک.ک. لاتەریک بوو،دەم پێدادێنێت. 4-فایننشل تایمز،21ی ژانویە و 1 ئۆکتۆبری 1980 ئەمشب پ.ک.ک. لاپەڕەی 19،تایمز،12ی مەی 1980. 5-اینترنشنل هرالد تریبیون،25ی ژوئن 1980. 6-سوریيە لەگەڵ تورکیەیی ناکوکی لەمێژینەی هەبوو. لە 1921 فرانسویەکان بەشێکی گەورەیان لە سەرزەمێمێک کە سووریيەکان هیواداربوون بەوڵاتی وان بلکێندرێ بەتورکیەیان دا. لە1939 فرانسە (سنجاق) ئالکساندرتا(حتی)بەتورکیەدا،هەتا بەو وەسیلەی وی، لەیەکیەتی لەگەڵ ئاڵمانی نازی پژیوان کاتەوە. بندەر الکساندرتا،تاکەڕێگای گەورەی دەست وێڕاگەینی سووریە بە مەدیترانەبوو. 7-ک یوک(کوردستان اولوسال کورتولوس جولری)لە 1978 لەلکی مارکسیستی( حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی کورد) وەدیهات،ولەگەڵ پ یو ک بەتوندی دوژمنی هەبوو، ئەمشب،پ.ک.ک. لاپەڕەی 31. 8-لەمارسی 1984 فڕوکەکانی شەڕکەری تورکیە فزای ئاسمانی ئێرانیان پەڕاند ولەمەهاباد

وسەردەشت هیرشیاک کردەسەر کوردەکانی ئیران: لۆمۆند،13ی مارسی 1984.
9-(ئاإی ڕزگاری)لکەکی گچکە بوو لە(ڕزگاری) کە سەبارەت بەئاقیدە و هەڵکڕاندنی(ڕزگاری)لەمەڕیەمە کەتەنیا گروپێکی کموونیستی سەبەخۆ دەتوانێ سەربەخۆیی کوردستان وەربگرێ، ڕەشبین بوو و موافقبەهاوکاری لەگەڵ گروپەکانی دیکەی ئازادیخواز بوو.
10-بۆ نموونە لە23ی ژانویەی 1987 دەکەس لە(باشبورت افەلر) لە(ماردین) لە 20ی ژانویەی 1987 هەڤدەکەس لەپنارچنگ(ماردین) لە22ی ژوئیە11کەس لەتاش دلنی(حکاری) لە 28ی مارسی 1988 نۆکەس لەفندک یازیویاماک(سیرت) کوژران. 11-ئەمانە بریتی بوون لە(الف)پارێزگای وان: آرتوشی،میلا،مکری،شمسی خانی، هەتا کورانلی، و بوروکی(بەڕیبەری کینیاش کرتل)(ب) پاڕیزگای سیرت: بۆتان،تاتار،آکتوگ،(ج)پاڕیزگای حەکاری: کرکی،فویان،پینیانیش،و هەرکی-ئەمشب.پ.ک.ک. لاپەڕەی 113. 12-یاسای 2932ی ڕێکەوت 19ی ئۆکتۆبر بەم مەبەستە دادەنرێ: (هەتا لە یەکیەتی جیانەبوونەوەی وڵات،لەگەڵ خاک وخەڵکەکەی داکۆکی بکات. حاکمییەتی نەتەوەیی، ئەمنیەت وئاسایشی نەتەویەتی،نەزم وئارامی گشتی.)(بڕگەی 1)(بۆ ئاخافتن و بإوکردنەوەی هزروفکر،جگەلەزوانی فەرمی هەولی وڵات هیچ زبانێکی دیکە نابێ کەلکی لێ وەربگێرێ وبەکاربردرێ)(زاهیران نووسەرەانی ئەم قانوونە،ئەم بابەتەیان لە میشک وزەین دابووە کە زبانی کوردی زبانی دووەمی فەرمی وڵاتی ئیراقە)زبانی دایکی هاووڵاتیانی تورک،تورکیە(الف)هەرهەنگاوێک بەهەر بێچم وشکل،تێکۆشانێک کەدەویدا زبانێک جیالەزوانی تورکی بەهێنرێ و وەکوو زبانی دایک بإو بکرێتەوە،یاساخە(ب)لەکۆبوونەوو یان خۆپیشاندان، هەلگرتنی پۆستیر،یان شتەکانی دیکە کەلەسەرئەوان بەزبانێکی دیکە(دورشم) نوسرابێ وهەروا زەبت و یان بابەت لەسەرنەوار،لەسەرکاسیت ویدئۆ،یان کەل وپەلی دیکە پەیوەندی بەزبانیکی دیکە، بێ ئیجازە لە گەورەترین مقام یاساخ ومەممنوعە(ماددەی 3).
13-شایەتی ئاسایی( نەک بەسوێند)پەنابردن،بەگێڕانەوە لەمک داول: کوردەکان: مللەتێکن کە بوونیان حاشای لیدەکرێ،لاپەڕەی 61. 14-دیدەبان هلسینکی،مەحووکردنەوەی پێناسی قەومی(1988) لاپەرە 12، 15- دیدەبان هلسینکی مەحووکردنەوەی پیناسی قەومی(1899) لاپەرە21.
16- بروانە گزارشتەکانی ایندپندنت،ڕیکەوتی 24و31 ژانویە و6ی ژوئن 1989.
17-ئانکاڕا لەمارسی 1985 بەم لاوە حەول وتەقەلایەکی ئیکجار زۆری بۆ رەکیش کردنی سووریە دژی پ.ک.ک. کرد. سووریەئیستا لەبەرنامەی تورکیەیی بۆ لغاوکردنی پێشگرتنی ئاوی فڕات تووڕە بوو.
18-بەگێڕانەوە لەوەرگیراوەی تورتە ڕاۆرتێک پەیوەندار بەتورکیە(بریفینگ) جلد 4،ژمارە 3ی ژوئن 1990. بۆ ئاگاداری زۆرتر لەقانوون(کارنامەی) ژمارە413 چاولێیکەن بە لەناوبردنی پێناسی قەومی،لە دیدەبان هلسینکی،( 1990). 19-کن مکنزی،میدل ایست اینترنشنل،شمارە374-27ی ئاوریلی 1990. 20-لەدەسامبەری 1990 ژمارەی ئەم قانوونە بۆ متمانە وموافیقەتی دادگای قانوون ئەساسی کوڕا.
21-بۆ نموونە،نورەدین دیلک،نوینەر وشارداری پیشووی دیاربەکر،چەندجار مەترسی ئەم مەسەلەی وەبیر ئۆزەل هێنایەوە. 22-جەمهوریت،12ی فۆرییەی 1986، بەگێڕانەوە لە نووسینی مارتین وان بروئن سن، لەژێر ناوی (نیوان شەڕی چریکی و کوشتاری سیاسی): حیزبی کرێکارانی کوردستان، گۆڤار ڕاپۆرتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،ژمارە 153 ، ژوئیە- ئەوتی 1988،لاپەرەی 42. 23-ئەمانە

دەستەواژەیەک بوون لە محەمەدعەلی ئەرن،کەنعانسونمز،ئەحمەدتورک،سالح سومر،محەمەدعدنان اکمن،ئیسماعیل حەقی اونال، محەمەد آلیناک. 24-ئەم کەسینە عەبدولڕحمان یەربەک(سەرۆکی) عەشیرەی ئەزدینان بوو. 25-ایندپندنت،7ی یاوریلی 1990، 26-بۆ مەتنی کامڵ بڕونن لە نووسین لەژێرناوی(تورکیە: قانوونی دژی تیرۆڕ و (محدودی سازندة جدید)-لەدیدەبان هلسینکی-10ی ژوئینی 1991. 27-ئەمشب،پ.ک.ک. لاپەڕەی 342. 28-لەیلازانا وخەتیب دەجلە.
29-ایلدرم آک بلوث،وەزیری ناوەخۆ(لەحیزبی دایکی نێشتمان)ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست اینترنشنڵ،ژمارة 296، 20ی مارسی 1987. 30-میدل ایست اینترنشنل،ژمارەکانی 414، 415 ڕیکەوتی 6و 12ی دەسامبر. 31-گەلێک لە نهخشبەندیەکان وقادریەکان پشتیوانی حیزبی(دایکی نیشتمان) بوون. زۆرتر(نورجولکەکان)سەروە(حیزبی ڕێگای حەقیقەت) بوون، هەرچەند توندڕەوەکانیان لە(حیزبی حەڕەکەتی نەتەویەتی) ئالپ ئەرسەلان تورکش،داکۆکیان دەکرد.
32-هەوەڵینی ئەم گروپە ڕەنگە پرۆفسۆر محەمەد ئاکسوی،بەرپرسی بنیادی حقووقی تورکیە بوو کە سازمانێک بوو کەمالیستی، ولەژانوییەی 1960 گوژرا. 33-میدل ایست اینترنشنل ژمارە533، 11سپتامبەری 1992. 34-ئەم گروپە ناسراو بە(یورت سەوردینا دام لری بیرلگی(وڵاتی دۆستانی دیندار)بڕواننە ئەمشب،پ.ک.ک. لاپەڕە 141. 35-ئایەی 13ی سوورەی ئەنفال. 36-جودی،ژمارە 4،حەدیثی پێغەمبەری گێڕابۆوە: کەدەیگوت: لەئاخری زەمان(تورکەکان، کورانی توران،کە چاوی دەگچکەو ڕوخسارەکی پانیان هەیە، لە بۆ قەراخ دەجلە دین. دانیشتوانی ناوچە(کەبەقسەی جودی کوردەکانن) دەبن بەسێ گروپ. گروپێک تەنیا لەفکری تاإن دەبن ولەناودەچن(چونکە لەخەزا دەستیان کیشاوەتەوە)گروپی دووەم پەنا بۆ تورکان دەبن(یانی بەڕژیم) لەبەرئەمە بێ ئیمان دەبن. ئاخرین گروپ لەگەڵ ژن ومناڵیان بە خەزا(جەهاد)دەلکێن. ئەوانە (شەوهەدای مەزنن) بەنەقل لە حەمید بوزئەرسەلان لەبین ئۆمەت وناسیونالیسم،لاپەڕەی 1-هەروالاپەرەی 3- 37- نێوان ئەم ڕەقەمەی کەستادی ئەڕتەشی تورکیە ڕادەگەێنیت (1056کەس)وبەرئاوردێک کە سەرچاوەکانی کورد لەم تەلەفیاتە دەکەن ناکۆکی زۆرە(بەرئاوردی سەرچاوەی کورد:نیوان 50 هەتا 200کەس. 38-کورتەی ڕاپۆرت پەیوەند بەتورکیە(بریفینگ) جلد 7، ژمارە 1-ی ئوریل 1993. 39-کورتەڕاپۆرت پەیوند بە تورکیە(بریفینگ)چڵد 7،ژمارەی 2،هاوینی 1993. 40-ایندپندنت،13ی نوامبەری 1993. 41-ئەم مرۆڤە،فەهمی ایشیکلر بوو. 42-هێرش بەبۆمب لە27ی ژوئین و 17یژوئیە لە(انتالیە)لە 25ی ژوئیە لە ئەستانبۆڵ، ولە 30ی ژوئیە لە قوش آداسی. 43-لێکۆڵینەوەی ئەوزاعی تورکیە،جلد 1- ژمارە3، دەسامبری 1992. 44-میدل ایست اینترنشنل،ژمارە 423، 19ی ئاوریلی 1992.

**دوا وتە:**

**ڕوانینێک لە ڕابردوو، و چاوخشاندنێک لە داهاتوو:**

لە هەڵسەنگان لەگەڵ هەل ومەرج و چلۆنایەتییەک، کەلە ساڵی 1925لە سەر ناوچە حاکم بوو دەکرا بگوترێ کەلە نیوەڕاستی دەیەی 1990 خەڵکی کورد و هەموو دەڤەرەکانی کوردستان لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری بەرەوپێشچوونیان کردبوو.

لە ئێراق نەسلێک پیش،یانی لە 1970 بنچینەی خودموختاری بەناوی مافی بناخەی خەلکی کورد پەسەند کرا بوو. ئەم ئەسڵە چاخێک شایەتی لەسەردراو تەسدیق کرا ئیدی وەرگرتنەوەی دوورو لەکردن نەهاتوو بوو،بەڵام هێشتا ڕوون و ئاشکرا نەبوو کە بەڕیوەبردنی ئەم مافە چ کات لەلایان بەغدا دەمی پێدادێت. بەهەرحاڵ ئەم خودموختاریە کە لە ئێراق وەرگیرابوو لە 1991 بەم لاوە ڕاستەوخۆ لە موافیقەتی بەغدا ماوە،بەڵام نە لە دەم پێداهێنانی وڵاتانی هاوسایە و نەلە پەسەندی یەکگرتوانی ڕۆژئاوا،لە هیچ کامیان بەرهەم وەرگرنەبوو،لە بەرئەمە بەرهەمێکی ناپایەداربوو. سەرئەنجام کوردستان دەبوایە لەگەڵ بەغدا بەلێک حاڵیبوون و ڕێککەوتن گەیبوایە. کوردەکان سەدام حوسین یان لە هەر فەرمانڕوایەکی دیکەی بەغدا غەیری قابل قەبوڵ دەزانی، بەڵام حیزبی ویش لە ناڕازیبوون بە دانی خودموختاری بەکردەوە،ڕاستەوخۆ بەڕێگای ڕابردوانیدا دەئاژۆت. لە بەرئەمە کوردەکان هێشتا دەبوایە قەبووڵی خەباتیان کردبوایە و لە بابەت مەسەلەی دەچەتوون وەکوو بەرفرەوانی خودموختاری و چلۆنایەتی کەرکووک و ڕادەی دەسەڵات و ئیختیاراتی دەزگای خودموختار لەگەل بەغدا بۆ وتوویژ دادەنیشتبوانە وچەنەیان لێدابوایە هەتا دەگەینە خاڵی چارەسەری ڕیککەوتن. ئەم مەسەلە ئەوەندە کە پەیوەندی بە کۆی هەڵکڕاندن و وەرگرتنی هەڵپێچراوەیی حکوومەت بەهۆی چاوەدێری لە سەردەڤەری خودموختار هەبوو،وابەستە بەشیوەی قەبوولکردن ڕووبەڕووبونی عەڕەبەکان سەبارەت بەخەڵکی کورد نەبوو. مادام کە بەغدا لە سیستەمی داکۆکی ناوەندی دەستی نەدەکێشاوە و ڕووی لە لای حکوومەتێکی هاوەڵا نەدەکرد،بەویچوونی زۆر کوردەکان تەنیا دەیانتوانی دەزگایەکی بەرێوەبەری سیبەرنشین وەدیبێنن کە بەڕەوالەت بیچم و ناوی خۆدموختاری هەبوو بەڵام لە ڕاستیدا نۆکەری ڕژیمی بەغدابوو. لە هەل ومەرجێکی ئەوهادا بەغدا لەوانەبوو مۆری پەسەند لە(دەنگدانی ناوچە)بدات،و هەڵبژێردراوەی ناوچە وەکوو بەرپرسی دەڤەر قەبووڵ بکات،بەڵام بەم مەرجە کە ئەم بەرپرسە، هەل ومەرج و چلۆنایەتی و دۆخ و هەڵکەوتی بەغدا دەستەبەربکات. ڕیبەرێکی ئەوها تەقریبەن تەوفیرێکی هێندەی لەگەڵ سەرۆک عەشایەری پیشوو نەبوو، جگە لەمە کە وەزع ودۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەتی لاوازتر لە وەزع مەوقعیەتی ئەوان بوو.

لە ئێران لێڕوانینی دواڕۆژی ناسیونالیسمی کورد لەمەش دڵساردو تاسە خاوکەرتربوو. تەنیا تێکچوون و تفروتونابوونی حکوومەتی ناوەندی و کەلێنی پەیدابوو لەوی،یانی گەڕانەوە بە شتێکی وەکوو هەڵ ومەرجی سەدەی هەژدەهەم،ممکین بووشیوازێک بێنێتەگۆڕێ کە دەویدا خودموختاری کوردەکان وەڕاست بگەرێ. شتێکی ئەوها تەنیا لەحال و ئەحواڵێکدا ئیمکانی هاتنەدی مسوەگەردەبوو کە وەزعی ئابووری لەبەریەک هەڵوەشێ وپشیوویی وئاڵۆزی سیاسی سەرهەڵدا

کەلەوجەرەیانی دا جەماوەری وڵاتیش جڵەوی بەڕیوەبردنی کاروباری خۆیان بەدەست بگرن-ئەمە شتێک بوو کە لەدەیەی 1990 هێشتا ئیمکانی قەومانی زۆربوو.

لێروانینی نەتەوی کورد لە دەیەی 1990 لە تورکیە لە هەموو شوێن ڕووناکتربوو. بە پێچەوانەی هەنگاوی سەرکوتانەی دەووڵەت،مەسەلەی کورد لە گەلێک بوار بە ناو تورکیە ڕێگای کردبۆوە. ڕاشکاوترینی ئەم ڕێگایانە خەباتی پ.ک.ک. بوو. گرینگایەتی شەڕی چریکی ڕەنگە بڵێن کە کەم ببوو،بەڵام ئەرکی خۆی بەجێهێنابوو. ئەم خال و بابەتە لە ئانکارا بەرفرەوانتر پەروپۆی هاویشتبوو، و جێگای قەبوول بوو کە گرێپوچکەو تەنگەژەو تەنگ و چەڵەمە ناکرێ بەدەستەوداوین بە کەرەسەی تەواو نیزامی چارەسەربکرێ، هەرچەند هێشتا ئاقیدەو بیرو بۆچوون لە سەرئەمە کۆک بوو کە تێشکانی نیزامی (پ.ک.ک.) دەبێ لە پێشەوەی ڕێگاچارەی سیاسی مەسەلە بێت.

ڕێگای دووەمی بواری سیاسی بوو. دەرکردنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی وڵات مەسەلەی لە ناوەندی ئولکەی سیاسەت فرێ نەدەدا،بەڵکوو خۆی لە تەنگانەیەک داویشت کە دەرچوونی لە وی، بە وێچوونی زۆر جگە بە لە دەست دانی هێندێک ئابڕوو کەڕامەت ئیمکانی نەبوو.

سیومین ڕێگا، بواری ئابووری بوو. لەدەیەی 1990 ئابووری تورکیە بۆ ئەوەی کە بتوانێت سەرمایەکانی دەرەکی بۆ وڵات ڕەکێش بکات و بەمامەلە لەگەڵ دەرەوە گەشە پێبدا و لەم ڕیگایەوە بە ئابووری بازاڕی کە ڕێبەرانی بەدوای ئەمە بوون ئیمکانی تێکۆشان بدا، پەیوەندی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری بە دێموکراسیەکی نالەرزۆک و پایەدارهەبوو. دێموکراسی بەبێ دانی ئەم قانە بەکوردەکان کە دەنگ و قسەکەرو ویژەرەکیان لە ئانکارا هەبێت هەڵنەدەسووڕا. بڕیار بە دوور ڕاگرتنی کوردەکان لەم مەیدانە، وسەرکوتی پ.ک.ک. بۆ دەولەت دەستەبەری بایی ئابووریەکی قورس بوو: قورسی شەر، کە بەپیی هێندێک حیسابات 40لەسەتی بۆدجەی ساڵانەی وڵاتی وەک عەزیا هەڵدەلۆوشی. بەردەوام و زێدەبوونی هەژاری لەئاناتۆلی ڕۆژهەڵات، بێ مبالاتی دەولەتانی دەرەوە بۆ سەرمایە دانان. سەرکوتی حکوومەت تەنیا بە خەرجی هەزینەیەک کە بە ئابووری وڵات مزەڕەتێکی زۆری دەگەیاند لەکردن هاتووبوو.

دوورخستنەوەی چوارەم دوورخستنەوەی جەماوەرێک بوو. حکوومەت بە بەردەوام بوونی شەڕ هەزاران کەس لە ناڕازیانی گوندەکانی مەجبوور بەکۆچکردن بۆشارەکانی وڵات دەکرد،لە حالێکدا کە ڕازی ڕاگرتنی ئەم خەڵکە لە ناوچەیەکی بەرتەسک زۆر باشتر لە بڵاوکردنی وان بەسەرشارەکاندا و بڵاوبوونەوەی نارازیبوونیان لەسەرانسەری وڵات بوو. لەمە بوگزەریین،لە زێدەدانی جەماوەری کۆمەڵگای کورد سروشتیە بۆ دەست وێراگەین بەدەسەڵات، مەکۆی بەرهەمیان لێ وەردەگرتنی حیزەکان دەبوو،و ئەم حیزبانە کە بەدەسەڵات دەگەین بۆ پاراستنی ئەم دەنگانە مەجبوور دەبوایە بەکوردانیان دەستخۆشانەدابوایە.

هەتا دەیەی 1990 بزوتنەوەی کورد لە ئێڕاق و تورکیە لە سەر ئیدوئۆلۆژیەکانی حکوومەت کارتێکەری هەبوو، لە ئێڕاق ناسیونالیستەکانی عەڕەب شێوەی توندوتیژی ساڵەکانی نێوەڕاستی

سەدەیان لە قەراخ دانابوو و پێناسی نەتەوەیی کوردیان دەم پێداهێنابوو. تورکیە لە سەرەتای سەقامگیربوونی جەمهوری تێکۆشابوو ئیسلام کەهێزێکی گرێدەر بوو لەمەیدان وەدەربخات و(تورکێەتی) جێنشینی وی بکات،بەم هزروگومانە کە کوردەکانش ئەم ئاڵەگۆڕە قەبووڵ دەکەن. (سیاسەت دانەرانی)تورکیە هێزی پەیوەندی دارەکانی دینی کۆن و لەمێژینە و بەرز بوونەوەی پێناسی قەومی نوێیان زۆر کەمتر لە ڕاستی ئەرزیابی و بەرئاورد کردبوون. ئیسلام و ئاتاجی کوردەکان بەپێناسی نەتەوەیی، دوو هێزی سەرکی وئەسلین کە ایدئۆلۆژی کەمالیستی یان لەناو بردووە، هەرچەند زۆر کەمن ژمارەی ئەوتورکانەی کە جورئەت و جەسارەت بەخۆیان بدەن ئەوی بەمردوو بزانن. جەرەیاناتێکی ئەوها بۆ یەکەمین نەتەوەخوازانی کورد(یان تورک)ی کە تەخمینەن 90ساڵ پێشترلە ئاستانبۆڵ پێکەوە کۆ بوونەوە،چاوەڕوانکراوی پێش بینی نەبوو.

نەتەوەخوازانی کورد-یش لە ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدە تووشی ئەم هەڵەیە بوون کە ئیسلامی بە قازانجی ناسیونالیسم-ی جیا لە دین دەست لێ هەلگرت. لە ساڵەکانی دەیەی 1990 ئیدی ڕوون و ئاشکرابوو کە گەلێک لەکوردەکان ناسیونالیسم-ی جیا لە دینیان جێ نشینی بەس بۆ پێناسی ئیسلامی نازانن و لەبەرئەمە خەریکی دۆزینەوەو پەیداکردنی ایدئۆلۆژییێک بوون کە هەردوو کیان لە باوش بگرێ.

لە حاڵێکدا کە هەتا نیوەڕاستی دەیەی 1990 وەدەست هێنانی ناسینی پێناسی نەتەویەتی کورد لەلایان دەرەکی پێشکەوتوویەکی ئەوهێندەی نەکردوە، (هەیکەل و بیچم-ی) نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیش بەرەپێشچوونێکی نیشان نەدابوو. (خۆیبوون)یانی -سەربەخۆیی-ئەوپەڕی تێکۆشانەکانی(پان کوردی) بوو. پان کوردیسم ئاقیدەیەکی سیاسی بووکە تەنیالەنێو هێندیک لەکوردەکانی هەتلەوە هەڵوەداوە لانەواز ژیانی خۆی بەرەوام دەکرد. ئالیکاری و هاوکاری حیزبەکان دوو لای سنوورەکان،هەروا لاوازو تێکەل بە شک وگومان و دوو دڵی بوو،لە ئێراق تەنیا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بووکە مەیلی لەسەربوو بەمە کەبۆ داکۆکی لە چریکەکانی کوردی تورکیە و ئێران جریمەکانی بدات.

لە هەریەک لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە(ئێراق،ئێران،سووربیە،تورکیە) ناکۆکی و دستەبەندیەکانی سیاسی کە لەسەرەتای سەدە لەبەرچاو بوو لەکۆتایی سەدەش هەر وا بەردەوام بوو. بەپێچەوانەی لە بەرچوونی مەسەلەی (جاشەتی) لە ئێراق وتورکیە، هێشتا هەبوون کەلێک لەکوردەکان کە لەژێر هەڵ ومەرجی باش ئامادەبوون دژی نەتەوەخوازانی لەگەڵ حکوومەت هاوکاری بکەن. بۆ نموونە گەرەنتی ودەستەبەرێک نەبوو کە ناحەز لێکردوویی ئاغاکانی جاش لە یارمەتی بەسەدام حوسین کە جێگری ویشی دەگرتەوە. ناکۆکی و دوژمنداریەکانی ناوەخۆی کۆمەڵگای کورد و حەزلێکردنی سەرۆکان بەئەمە کە هێزەکانی دەرەکی حوکم و ئیختیداری ناوچەیی یان پەسەند بکات، و قۆڵ لەسەربکیشێ، هەروا لە سیاسەتەکانی کۆمەڵگای کورد کارتێکەرن. هەستی خزمایەتی و مەزەبی یان بەرزەفڕیەکانی دیکەی کەسینی هێشتا هەروا لەگەڵ هەستی هاوپەیوەندی نەتەوەیی لە کێ بەرکێی و کیشمەکیشم دایە.

لەئاخیرەکاندا ئیدی هزری سیاسی کۆمەڵگای کورد،لایانگران و جامینخوازان و هەوادارانی سەربەخۆیی کوردستان لە حاڵی پاشەکشە بوون. دایم ودەرهەم- چ لە تورکیە چ لەئێڕاق-ئەم شێوە

هزروفکره لایانگرانیان هەبوە. زۆرتری ئەم خەڵکە ئەم هەڵویستەیان وەکوو ئاکامی مەنتیقی بنچینەی خودموختاری، وهەروا وەکوو دژکردەوە لە بەرانبەرسەرکوتی حکوومەت بڕیاردەگرت. بەڵام پێویست وزەرورەیەتی عیلمی ،چ لە پاناگۆڕایی سیاسەت و چ لە ئۆلکەی ئابووری، لە ئاکامدا جیاییخوازانی توندوتیژ وەک ڕیبەری پ.ک.ک.ی ناچار بەهەڵویستی خودموختاری لەناو نیزامێکی حکوومەتی ناوچەیی پاشەکشە پێکرت. هەروەک بەڕادەی جەرەیاناتی دەیەی 1920 داوەری بکەین ئەم لە ڕاستیدا بەمانای سەرکەوتنی هزری مەکتەبی شێخ عەبدولقادر لە سەر شێوەی فکری گروپی لایانگرانی بەدرخانەکانە. ئەم جەرەیانە هێورهێور ڕوون بۆوە کە شتێکی ئەوها، یانی سەربەخۆی کوردستان، کە سەرزەمینێک کە ڕێگای بۆ دەریا نییە، کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ تەنگەژەی دەبەرفرەوان و نویٚ ڕووبەڕوو دەکات: بۆ نموون: ئەگەر کرێکارانی کورد مەجبوور بەکارلە شارەکانی وەکوو ئاستانبۆڵ وئانکارا و ئەزمیر و تاران یان بەغدا بن.

لە ڕەخ ئەم جۆرە ناکۆکیانەی سیاسی ناکۆکی دە لەمێژینەی ئیدیش هەبوو. شەڕێک کەلە 1994 لەکوردستانی ئیراق نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد نەک تەنیا حیکایەتی لە هەڵچوونەکانی سیاسی بەڵکوو بریتی لە هەڵچوونی فەرهەنگی-ش بوو. هەڵچوون نیوان کەرمانج زوانان وسورانی زوانان، و لە ئیران مەعلووم نەبوو کە ئاخۆ کوردەکانی کرمانشایی وکرمانج لە هەست و ئیحساسی پێناسێکی نەتەوایەتی هاوبەش پیکەوە بەشداران هەیە یان نا،هەنۆکە لە تورکیە هەڵچوونی نیوان عەلەویەکان و سوننەکانی دەمارگرژ،و نێوان سوننەکانی دەمارگرژ و چەپەکانی لایانگری جیایی دین لەسیاسەت هێشتا هەروا بەقوەتی ڕابردو مابۆوە، زیندوکردنەوەی هەستی مەزەبی لە ناو کوردەکانی تورکیە حیکایەتی لە مەدەکرد کە هێندێک لەو بایەخانەی کە شۆرشی شێخ سەعیدی لە1925 هەڵیگیرساند،هەروا لەداهاتووی کوردستان لە گرینگایەتێکی بە قودڕەت بەرهەم وەرگردەبێت. ئیسلامیەکان بە وێچوونێکی زۆر لە هەردوو لادەبن. یانی لەقەراخ ئیختیداری حکوومەت و لەناو ناسیونالیستەکانی کورد. ئەم جۆرە هەڵپێچڕاوەیی و پێچ خواردنانە( نیژادو ڕەچەڵەی) کوردی دوورو نەریتی(نەفی) ناکات،بەڵام بیٚ شک وەڕاست گەڕانی وی دەژوارو چەتوون دەکەن.

بەڵام لەمپەری دەرونی هەمان هەڵپێچراوەیی خودی کۆمەڵگای کوردە. تایفەگەری عەشیرەگەری لە دەیەی 1940 کە ناسیونالیسم-ی هەوڵیە لە سەر بنچینەی قەومییەت لەگەل وی بە دەژایەتی ڕاپەڕی لە حاڵی پاشەکشەدابوو. بەڵام ئەم جەرەیانە بە شێوازێکی ئێش و ئۆف بە هێوری دەگۆڕا. هەرئەم توانایی سەرۆکانی عەشایەری کوردستانەکانی تورکیە و ئێراق بە کۆکردنەوەی سەدان هەزارکەس نیشاندەری کەللەڕەقی ئیحساسی عەشیرەییە. و هەرئەمە بەڵگەی ئەم ڕاستییەیەکە تایفەگەری و عەشیرەگەری دەتوانیٚ خۆی بە داواکانی نەتەوەیی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوسەنگ و بەرانبەر بکات. لە تورکیە و لەئێراق ئەگەربێتوو لایانەکانی کە پێکەوە کیشەو ناکۆکیان هەیە،یانی حکوومەت و نەتەوەخوازان،ئەم خەڵکەیان بۆ مەبەست بە خزمەت نەگرتبوایە هاوپیوەندی تایفەیی یان (عەشیرەی نویٚ)بیٚ گومان زۆر لاوازترلەمە دەبوو. ئەم مەسەلە لە بابەت(حەمیدیە) و ئاغاکانی داکۆکی لێکەری ئینگلیستان لە ئیراق، وهەروا حەیاتی سیاسی تورکیە لە ساڵەکانی دوایی 1945 و جاشەکانی ئێڕاق و(پارێزگاڕدەکانی دێهات)ی تورکیە بە ئەندازەیەک ڕاست و دورست بوو.

هەتا لە ناوەخۆ ئەزموونیکی بە ڕەواڵەت دێموکڕاتێکی کە لەکوردستانی ئێڕاق لە جەرەیاندا،حیزەکانی گەورەی کورد و گەڵیک لە حیزبە وردیلەکان و گروپەکانی خۆ جۆش،لە ڕێگای شەبەکەکانی داکۆکیکەری نوێ عەشایەری لاینگرو و جامینخوازانیان بۆ خۆیان ئامادەکردون. قەفەزەی ئەوها لەگەڵ وەدیهێنانی سازمانەکانی کەلە ڕاستیدا نەتەوەیین، ناسازگارن،و پەیمان شکێنی ئیدولۆژیەکانی بەڕەواڵەت چەپین، کە بازێک لە حیزبەکان،بۆ نموونە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،بڕیارگرتوویانن. ئەم تۆڕە ناساندنی(ئەبەد کردنی) سیستەمی عەشایەرین: ئامادەکردنی شۆڵەکان و کەل وپەل و خدەمات لە بەرانبەر نیزامی و سیاسی لە لایان گروپێکی گچکەکە لە سەربناخەی خزمایەتی یان پەیوەندی ناوچەیی ڕاوەستاوە. لە ساڵەکانی دەیەی 1990 ئەم گروپانە لە بەستینی شارەکان بەهەمان شێوە کار دەکەن کە لە شاخاویەکان کاریان کردبوو،جگەلەمە کە لێرە لە بەرانبەر خزمەتی قەبیلەیی نە زەوی کێڵگە و بەیار بەڵکوو دابین کردنی ئیشەکان بوو. پەیوەندیەکی ئەوها لە سەربناخەی سیبەرنشینی و داکۆکی، بەڕەواڵەت تەنیا زەمانێک لە ناو دەچێت کە افراد یان ئەندامی بنەماڵەکان بتوانن لە مەڕ سیاسی و ئابووری ڕاستەوخۆ کاربکەن، و نیازو ئاتاجی بە دەڵڵالانی قودڕەت نەبێت. بۆ نموونە،هەرئەم کرێکارانەی ئاوارەی کورد-لە تورکیەو ئیران کە لە ستێنیکی ئابووری هەڵپێچڕاوە کاردەکەن،توانایی و ئەم هێزەیان هەبوو کە ئەم ئامۆشۆو پەیوەندی لە سەربناخەی داکۆکی و سیبەرنشینی لە ناو هەڵگرن. شتێکی ئەوها ناکرێ سەبارەت بە کوردستانی ئێراق،کە نەبوونی بیروڕای ئاوارە لە بەدواهەڵسوڕان کارە،بوخچەی بکەینەوە.

بەپێچەوانەی ئەم جەرەیاناتە، مەسەلەی کورد هەروا لە ئێڕاق و تورکیە بە وێنەو بیچمی مەسەلە و تەنگ و چەڵەمەیەکی توندوتیژی دوو وڵات باقی ماوە. خۆڕاگری بەخۆوەستان و پایەداری و بەردەوامی هزروفکری سیاسی و توانایی کارتێکەریان لەسەر ژمارەیەکی زۆرلە خەڵک،بە وێچوونی زۆر ڕێگری لە سەرکەوتنی حکوومەت لە ئولکەی شەڕ دەبێت. ناسیونالیسمی کورد،بە فەرزی تێشکانی نیزامی، ناچارهەودای ئاشکرا هەڵدویزنی و خەوی زستانی دەست پێدەکات-هەتا بەهاری (داهاتوو) بەڵام بەوێچوونی نزیک بەیەقین نامرێت.

دەبێ پرسیاربکەین بۆچ حکوومەت لولوەکی ئەوهای لە ناسیونالیسم-ی کورد دورست کردوە؟ داوای ئاسایی حکوومەت بە ئەمە، کە ئارەزوو ئامالْ و تاسەی خەڵکی کورد، لە تەواوییەتی سەرزەمینی وڵات هەڕەشە دەکات، لە باشترین ڕێگای وی تەنیا هەتا ڕادەیەک ئیقناع کەرە،چونکە ژمارەی خودموختاری خوازان لە کۆمەڵگای کوردی سێ وڵاتی هاوبەش، تەقریبەن زێدەتر لە جیایی خوازانە. هۆکاری قەبووڵتر ئەمەیە کە دەوڵەتێکی سەرەڕۆ ناتوانێ حکوومەتێک لەسەربنچینەیی نەبوونی ناوەندی قەبووڵ بکات،دەجا دەیەوێ هەمووی لە قالبێک بکات کە بە(پێناسی وڵات)وەفاداربن. حکوومەتی ئەوها لەمە خۆف دەکەن کە مەبادا لە بەرچاوی خەڵک لاواز بنوێنن،حوکم و ئیختیداریان دەبێ هەم(واقعی)بێت و هەم ڕەواڵەتی،هێزەکانی چەکداریان نابێ لە سەرکوتکردنی کوردەکان بێ هیزوپێز وەبەرچاو بکەون،هەرچەند کە تەنیا ئاکامی بەجێ و خاڵی ئەریتی(مثبت) لە هەنگاوەکانی سیاسی و ئابووری مزگینی هێنەربێت.
لەگەڵ ئەم هەمووە پێویستی ڕێگای چارەی نیزامی هەربۆخۆی زوربەی نیشانەی لاوازییە هەتا قودڕەت،چونکە حکوومەت کە ناتوانێ لە بەستین و پانەگۆڕایەکانی سیاسی وئابووری بەلێک تێگەین و یەکیەتی بگات،تێکشکاو مزەڕەت کارتێکەرە،و دایم و دەرهەم لە هەڵچوون نێوان قودڕەتی

هێزەکانی چەکدار و ئیحساساتی ڕازی نەبووی خەڵکەکەی پەلەقاژەدەکات. وڵاتانی تورکیە و ئێران و ئێراق بە ویچوونی زۆرئەگەر بەخەڵکەکەیان ئیجازە دابوایە کە بە لێک تێگەین، لە قسەگرتن و گوێچکەهەسخستن لێکتری ژیان بکەن، زۆربەهێز تر لە کاتێک دەبوون کە(یەکیەتی)خەڵکی بەکەلک وەرگرتن لەتوندوتیژی و بە زەبری چەک دابین کەن-و ئەمە بەم مانایەیە،کە بخشینی ئازادی فەرهەنگی و سیاسی بەخەڵکی کورد،ئەوان لەگەڵ بار و دۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەتی خۆیان ئاشتی دەدات. هەتا ئەوکات، مەسەلەی کورد وەکوو برینێکی ناسۆر لەسەرلەشی ئەم سێ وڵاتە دەمێنێتەوە. 2007/3/11()

---

هاوپێچ

پەیمانی سوور

**10ی ئەوتی 1920: بڕگەکانی پەیوەندار بەکوردستان:**

ماددەی 62،

کمیسیونێک کەلە قوستەنتەنیە دانیشتنی دەبێت و بە زنجیرە بریتی لە سێ ئەندام دانراوی دەوڵەتەکانی بریتانیا و فڕانسە و ئیتالیا دەبێت، ماوەی شەش مانگ لە(ڕێکەوتی) بەڕێوە چوونی پەیمانی حازر،گەلاڵەیەک بۆ خودموختاری دەڤەرەکانی کوردنشین هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەلاتی فرات،باکووری سنووری باکووری ئەرمەنستان،کە دوایی دیاری دەکرێ،و هەروا ئەو دەڤەرانەی، هەڵکەوتوو لە باشووری تخووبی تورکیە لەگەڵ سورییەو دووچۆمان(بين النهرين)، بەجۆرێک کەلە ماددەی 27-211)و 3)دیاری کراوە،ئامادەو ڕێک و پێک دەکرێت. لە هەر بابەتێکدا کە کۆی دەنگەکان وەدەست نەهێن،بابەتی ئامازەپێکراو بە دەستی ئەندامانی کمیسیون بۆ دەوڵەتانی پەیوەندار دەنێردرین. گەلاڵەی ئامازەپێکراو هەڵگری سەرجەم پێش بینییەکانی پێویست بە هۆی داکۆکی لە کەمایەتیەکانی ئاشۆری-کلدانی وکەمایەتیەکانی دیکەی مەزەبێ دانیشتووی ئەم دەڤەرانە دەبێت،بە سەرنج بەم مەبەستە کمیسیونێک بریتی لە نوێنەرانی بریتانیا و فڕانسەو ئیتالیا و ئێران و کوردەکان بو لیکۆڵینەوە و وەرگرتنی بڕیار سەبارەت بە سەروسامانداینێک کە هەرکات پێویست بی لەسنووری تورکیە- ئەو جێگا کەئەم سنوورە،بەپیی پەیمانی لە گۆڕێدابوو،لە گەڵ سنووری ئیران یەکسانی بەدەست دێنێت-کاربکەن،لە ناوچە سەردان دەکات.

ماددەی 63

دەوڵەتی تورکیە بە مەبەستی ئەم پەیمانە ڕەزامەندی دەردەبڕی کە بڕیاری هەردوو کمیسیون ڕۆن و ئاشکرا لە ماددەی 62ی، ماوەی سێ مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندن بە دەوڵەت نابراو، بەڕیوە بەڕێت.

بڕگەی 64

هەرچاخ ماوەی ساڵێک لە ڕێکەوتی بەڕیوەبردنی ئەم پەیمانە،خەڵکی کوردی دانیشتووی ئەو دەڤەرانەی کە لەماددەی 62 دیاریکراون، بە شووڕای کۆمەڵگای نیودەوڵەتی سەرهەڵێنن، و بە جۆرێک ئەمە وەڕاست وەگەڕینن کە زۆرایەتی جەماوەری ئەم ناوچانە دەیانەوە لە تورکیە جیا ببنەوە،و هەرکات شووڕا پاک وپیسی لێک جیاکردەوە وتیگەیی کەئەم خەڵکە لێهاتوویی ئەم سەربەخۆیییە،یان هەیە ڕابسپێرێ کە ئەم سەربەخۆیییە، بەئەوان بدرێ،تورکیە بە پێی ئەم پەیمانە موافیقەت دەکات بە ڕاسپاردەیەکی ئەوها عەمەل بکات و لە سەرجەم ماف و حقوق و زێدەپاروچاکتری شیاوتری خۆی لەم دەڤەرانە چاوپۆشی بکات و دەست هەلگرێت.

مەرجی دووروودرێژی ئەم دەست هەلگرتن لە ماف،مەوزوعی پەیمانێکی دیکەی جیاواز نیوان زلهیزەکان یەکگرتوو و دەوڵەتی تورکیە دەبێت.

لە حاڵیکدا ئەنجامدانی ئەم چاوپۆشی وتورک حقوق، زلهێزەکانی یەکگرتوو لەگەڵ لکانی خۆبەخشانەی کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشە لەکوردستان کە هەنۆکە بەشیک لە پارێزگای مووسڵ بووە بە وڵاتێکی ئەوها سەربەخۆی کوردی، دژایەتی ناکات.
تەواوبوو.2007/3/11ڕاینی.ئوستەڕالیا،شاری سیدنی. حامیدڕەشیدی زەرزا.